## ئاندرو هێیوود

# تیۆری سیاسی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

ئاندرو هێیوود

# تیۆری سیاسی

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

**گۆران سەباح**



ناوی کتێب: تیۆری سیاسی
نووسینی: ئاندرو هێیوود
وەرگێڕانی: گۆران سەباح
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٦٢٠
هەڵەبژێری: دەزگای ئاراس
چاپی یەکەم، هەولێر– ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٤٨٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

# ناوەڕۆک


سەرەتا ... 7
**بەشی یەکەم**: چەمک و تیۆرەکان لەنێو ... 9
پێشەکی ... 11
زمان و سیاسەت ... 12
تێگەیشتنی ئایدیا و چەمکەکان ... 15
زانستی سیاسی و تیۆری سیاسی ... 22
تیۆری سیاسی: گرفت و ئاستەنگەکان ... 25
**بەشی دووەم**: سروشتی مرۆڤ، تاک و ... 35
پێشەکی ... 37
سروشتی مرۆڤ ... 38
سروشت بەرامبەر مرۆڤ کرده ... 40
هزر بەرامبەر غەریزە ... 45
پێشبڕکێ بەرامبەر هاوکاری ... 50
تاک ... 54
تاکڕەوی ... 55
تاک و کۆمەڵگە ... 61
تاک لە نێو سیاسەتدا ... 69
کۆمەڵگە ... 73
کۆمەڵیەتی ... 75
تیۆرەکانی کۆمەڵگە ... 78
جوودابوونەوە کۆمەڵایەتییەکان ... 81
**بەشی سێیەم**: سیاسەت، حکومەت و دەوڵەت... 91
پێشەکی ... 93
سیاسەت ... 94
هونەری حکومەت ... 95
کاروبارە گشتییەکان ... 99
دەسەڵات و سەرچاوەکان ... 104
فێمنیزم ... 107
حکومەت ... 111
بۆچی حکومەت هەبێت؟ ... 113
فۆرمەکانی حکومەت ... 117
سیستەمە سیاسییەکان ... 124
دەوڵەت ... 127
حکومەت و دەوڵەت ... 128
تیۆرەکانی دەوڵەت ... 132
ڕۆڵی دەوڵەت ... 138
**بەشی چوارەم**: سەروەری، نەتەوە و... 149
پێشەکی ... 151
سەروەری ... 152
سەروەری یاسایی و سەروەری سیاسی ... 153
سەروەری ناوخۆ ... 156
سەروەری دەرەوە ... 160
نەتەوە ... 163
نەتەوە سیاسی و کولتوورییەکان ... 164
ناشنالیزم و کۆزمۆپۆلیتانیزم ... 169
ئایا نەتەوە-دەوڵەت داهاتووی هەیە؟ ... 176
سوپەرناشنالیزم ... 181
ئینتەر حکوومەتیزم ... 182
فیدراڵیزم و فیدراسیۆنەکان ... 188
دەرفەتەکانی دروستبوونی حکوومەتی جیهانی... 192
**بەشی پێنجەم**: هێز، دەسەڵات و شەرعیەت ... 199
پێشەکی ... 201
هێز ... 202
بڕیاردان ... 203
دانانی ئەگێندە ... 207
کۆنترۆڵکردنی هزر ... 210
دەسەڵات ... 213
هێز و دەسەڵات ... 215
جۆرەکانی دەسەڵات ... 219
بەرگریکەران و ڕەخنەگرە تێکشکێنەرەکان ... 224
شەرعیەت ... 231
دەستووریەت و ڕازی بوون ... 233
یەک ئایدیۆلۆژیا ... 236
تەنگژەکانی بە شەرعی بوون ... 240
**بەشی شەشەم**: یاسا، سیستەم و دادوەری ... 247
پێشەکی ... 249
یاسا ... 250
حوکمی یاسا ... 251
یاسای سروشتی و یاسای پۆزەتیڤ ... 255
یاسا و ئازادی ... 260
سیستەم ... 265
دیسپلین و کۆنترۆڵ ... 266
سازانی سروشتی ... 273
سەلماندنی سزا ... 279
دادوەری ... 284
دادوەری ئیجرائی ... 286
دادوەری جەوهەری ... 290
پاساوی شکاندنی یاسا؟ ... 293
مۆهانداس کەرامچاند گاندی (١٨٦٩-١٩٤٨)... 299
**بەشی حەوتەم**: مافەکان، ئەرکەکان و ... 303





پێشەکی ... 305
مافەکان ... 306
مافە یاسایی و مافە ئەخلاقییەکان ... 307
مافەکانی مرۆڤ ... 311
مافەکانی ئاژەڵ و مافەکانی دیکە ... 317
پابەندبوونەکان ... 324
پابەندبوونە گرێبەندییەکان ... 326
ئەرکی سروشتی ... 330
سنوورەکانی پابەندبوونی سیاسی ... 333
هاوڵاتیبوون ... 336
توخمەکانی هاوڵاتیبوون ... 340
هاوڵاتیبوونی کۆمەڵایەتی ... 344
هاوڵاتیبوونی چالاک ... 348
**بەشی هەشتەم**: دیموکراسی، نوێنەرایەتی و ... 355
پێشەکی ... 357
فۆرمەکانی دیموکراسی و فەیلەسووفەکانی ... 359
دیموکراسی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ... 363
دیموکراسی لیبرال ... 367
خاڵە چاک و خراپەکانی دیموکراسی ... 372
نوێنەرایەتی ... 377
نوێنەرەکان یاخۆ مەندوبەکان ... 378
هەڵبژاردنەکان و ئینتیدابەکان ... 382
نوێنەرایەتی خاسیەتدار ... 385
بەرژەوەندی گشتی ... 389
بەرژەوەندییە گشتی و تایبەتییەکان ... 390
ئایا بەرژەوەندی گشتی هەیە؟ ... 393
ڕاڕییەکانی دیموکراسی ... 400
**بەشی نۆیەم**: سەربەستی، لێبوردن و ئازادی ... 407
پێشەکی ... 409
سەربەستی ... 411
ئازادی و مۆڵەت ... 413
سەربەستی نێگەتیڤ ... 418
سەربەستی پۆزەتیڤ ... 422
لێبوردن ... 427
لێبوردن و ڕێگەپێدان ... 428
هەلومەرجی لێبووردن ... 432
سنوورەکانی لێبوردن ... 435
ئازادی ... 440
ئازادی نەتەوەیی ... 442
ئازادی سێکسی ... 445
سیاسەتی ئازادی ... 449
**بەشی دەیەم**: یەکسانی، دادوەری کۆمەڵایەتی... 457
پێشەکی ... 459
یەکسانی ... 461
یەکسانی فەرمی ... 462
یەکسانی هەل ... 467
یەکسانی دەرەنجام ... 471
دادوەری کۆمەڵایەتی ... 475
پێداویستییەکان ... 477
بەگوێرەی مافەکان ... 482
بەپێی شایەنیەتی (پاداشت و سزا) ... 485
خۆشگوزەرانی ... 489
خۆشگوزەرانی و هەژاری ... 490
لە ستایشی خۆشگوزەرانیدا ... 494
خۆشگوزەرانی لە ژێر هێرشدا ... 499
**بەشی یازدەیەم**: موڵک و پلاندانان و بازاڕ ... 509
پێشەکی ... 511
موڵک ... 512
موڵکی تایبەت ... 513
موڵکی گشتی ... 519
موڵکی دەوڵەت ... 521
پلاندانان ... 524
پرۆسەی پلاندانان ... 524
بەڵێنی پلاندانان ... 528
مەترسییەکانی پلاندانان ... 532
بازاڕ ... 536
میکانیزمی بازاڕ ... 537
موعجیزەی بازاڕ ... 540
خاڵە سەرنەکەوتووەکانی بازاڕ ... 547
**بەشی دوازدەیەم**: کاردانەوە و چاکسازی و ... 555
پێشەکی ... 557
کاردانەوە ... 558
بەرگریکردن لە گۆڕانکارییە هەنووکەییەکان ... 558
گەڕانەوە بۆ ڕابردوو ... 562
گۆڕان لە پێناو پاراستن ... 565
چاکسازی ... 568
پێشکەوتن و ئەقڵ ... 570
چاکسازی بەرامبەر شۆڕش ... 573
ئایا مارشی مێژوو وەستاوە؟ ... 580
شۆڕش ... 584
شۆڕشی سیاسی ... 588
شۆڕشی کۆمەڵایەتی ... 592
شۆڕشی کولتووری ... 596

## سەرەتا

* ڕەنگە هەموومان بەهەڵە لە هەموو چەمکەکان گەیشتبین. یان بەلایەنی کەم هەریەکەمان بۆچوونێکی جیامان هەیە لە سەر هەر چەمکێک، جاری وا هەیە بۆچوونە جیاوازەکانمان تۆزێ لە ڕاستییەوە نزیکن و جاری واش هەیە بۆچوونی سەیر و سەمەرەن. بەداخەوە، کتێبخانەی کوردی زۆر هەژارە لە ڕووی سەرچاوە لە سەر تێگەیشتن و درککردن بەچەمکگەلێکی وەک: سیاسەت، سروشتی مرۆڤ، حکوومەت، سیستەم، دەوڵەت، کۆمەڵە، کۆمەڵگە، سەروەری، نەتەوە، هێز، دەسەڵات، شەرعییەت و سەدان چەمکی تر. وەرن با پێکەوە گەشتێک بەنێو ئەم کتێبە نایابە بکەین و لەو چەمکانە بەباشی تێ بگەین.
* پێناسەکردنی سیاسەت وەها ئاسان نییە. هەر تیۆریستێکی سیاسی، بەپێی تیرِامانی خۆی، پێناسەیەکی هەیە بۆ سیاسەت. لەم ڕۆژگارە تێک قژقژاوەدا، شوێن نییە باسی سیاسەتی تیا نەکرێت، بەقەد هێندەی ژمارەی دانیشتوانی هەموو جیهان بەرنامە و لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ هەیە لە سەر سیاسەت. هیچ یەکێک نییە لە ئێمە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە خۆی نەپرسیبێت "سیاسەت چییە؟" ئەم کتێبە وەڵامێکە بۆ ئەم پێناسەیە و هەر شتێکی پەیوەست بەسیاسەت.
* زۆر کەس هەیە دەڵێ "سیاسەت هەمووی درۆیە". لەبەر هەندێش زۆر کەس هەیە خۆی لە سیاسەت نادات نەوەک بکەوێتە نێو تەونی درۆوە. هی تریش هەن دەڵێن " سیاسەت واتە بەرژەوەندی." ئایا گەر سەرکردەکان لە سیاسەت نەگەن، دەبێتە هۆی لەناوچوونیان؟ ئەی گەر هاوڵاتی لە سیاسەت گەیشت دەتوانێت سەرکردەکات لە ناو ببات؟
* کێ دەست دەگرێت بەسەر هەموو ئەو شتانەی کە هاوڵاتی بیری لێ دەکاتەوە، دەیڵێت و دەیەوێت؟ کێ قۆرخی پێداویستییەکانی هاوڵاتی دەکات و ئازادییەکان سنووردار دەکات؟ حکوومەت یان دەوڵەت، سەرکردە یان سیاسەت؟ ئەم کتێبە



بۆمان ڕوون دەکاتەوە.
* ئەم کتێبە، بەشێوەیەکی فەلسەفی، بەوردی وەڵامی پرسیارگەلێکی وەک ئەمانەی سەرەوە و سەدان پرسیاری ترمان دەداتەوە.

## بەشی یەکەم

# دەستپێک: چەمک و تیۆرەکان لەنێو سیاسەتدا

پێشەکی

زمان و سیاسەت

تێگەیشتنی ئادیاکان و چەمکەکان

زانستی سیاسی و تیۆری سیاسی

تیۆری سیاسی: گرفت و ئاستەنگەکان

## پێشەکی

گومڕاییە، لە ڕاستیدا ئاشکرایە کە بۆچوونێکی شێتانەیە گەر بڵێین ململانێی سیاسی هیچ ڕەنگدانەوەیەکی نییە جگە لە شێواندن لە بەکارهێنانی زماندا. بێگومان ڕاستە کە زۆرجار دوژمنان دەمەتەقێ دەکەن، بەشەڕ دێن، تەنانەت بۆ جەنگیش دەچن، هەردووکیان بانگەشەی ئەوە دەکەن گوایە بەرگری لە ئازادی دەکەن، پشتگیری دیموکراسی دەکەن یاخۆ داد لایەنگریانە. مەبەستی دەستێوەردانی هەندێ لەو فەرهەنگ دانەرانەی کە لە ئاسمان هاتوونەتە خوارەوە داوا کردنە لە لایەنەکانی مشتومڕەکە کە زاراوەکانیان پێناسە بکەن پێش ئەوەی کار بکەن. بەوردی ڕای بگەیەنن مەبەستی هەر یەکەیان چییە لە ئازادی و دیموکراسی و داد، ئەگینا هەرچی بکەن بێ هوودەیە. دەمەتەقێ، شەڕ یان بەگژیەکدا چوون هەر ڕوودەدات. بەواتایەکی تر، هەرگیز سیاسەت بچووک ناکرێتەوە تەنیا بۆ واتاسازی. لەگەڵ ئەوەشدا، مانایەکی تریش هەیە کە کەمتەرخەمی لە بەکارهێنانی زماندا یارمەتی پاراستنی پشتگوێ خستن و مانەوەی بەهەڵە تێگەیشتن دەدات. زمان هەم ئالییەتێکە کە بەهۆیەوە ئێمە بیر دەکەینەوە، هەمیش ناوەندێکە بەهۆیەوە ئێمە قسە و مامەڵە لەگەڵ یەکتر دەکەین. گەر ئەو زمانەی ئێمە بەکاری دەهێنین شێوێنەر بێت یاخۆ خراپ لێی تێ بگەین، نەک هەر تەنیا دەربڕینی ڕا و بۆچوونمان بەوردی زەحمەتە بگرە مەحاڵیشە ناوەڕۆکی مێشکی خۆمان بزانین. ئەم کتێبە قووڵ و فراوانتر دەبێتەوە بۆ ڕوونکردنەوە و تاقیکردنەوەی ئەو چەمک و تیۆرە گرینگانەی بەکارهاتوون لە شیکردنەوەی سیاسیدا، بەهەمان شێوە بۆ پێشکەشکردنی ئاشناییەک بەهەندێ لەو گفتوگۆیانەی بەم دواییە لە نێو هزری سیاسیدا پەیدا بوون. ئەم پێشەکییە هەوڵ دەدات ئەوە ڕوون بکاتەوە بۆچی ئەم ئەرکە زەحمەتە.



## زمان و سیاسەت

سیاسەت جگە لە هەر چییەکی تر چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە. بۆیە لە ڕێگەی زمانەوە پەیڕەو دەکرێت، ئیتر یان ئەوەتا نووسراوە لە نێو کتێب و نامیلکە و مانیفێستۆکان یانیش لەسەر لافیتە و دیوارەکاندا ڕەنگ دەداتەوە، یاخۆ لە نێو کۆبوونەوەکاندا بەقسە دەوترێت، لە خۆنیشاندان و ڕێپێوانەکاندا بەهاوار کردن دەردەبڕدرێت. لە تێرمانی یەکەمەوە، زمان شتێکی سادەیە: سیستەمێکی دەربڕینە سیمبول بەکار دەهێنێت بۆ نواندنی شتەکان کە دەکرێ ئەمانە بگرێتەوە: بەشەکانی جەستە، هەستەکان و ئایدیاکان و تا دوایی. ئەمە دەری ئەخات کە زمان لە جەوهەردا نەرێیە، ڕۆڵی ئەوەیە کە ڕەنگدانەوەی واقیع بێت بەوردی و بەپێی پێویست، نەک ئاوێنەیەک بێت تەنیا ئەو وێنەیەی لە بەردەمیەتی ڕەنگ بداتەوە. بەڵام، زمان هێزێکی ئەرێ و چالاکیشە، دەتوانێت خەیاڵەکان دەربخات و سۆزەکان بورووژێنێت. وشەکان تەنیا ڕەنگدانەوەی واقیعەکانی چواردەورمان نین، بگرە یارمەتیمان دەدەن شێوەیەک دروست بکەین بۆ ئەو شتەی دەیبینین و بۆچوونمان بەرامبەری دیاری بکەین. بەهەقیقەت، زمان یارمەتی دروستکردنی خودی جیهان دەدات.

ئەم گرفتە زۆر بەرچاوە لە نێو سیاسەتدا چونکە زمان زۆرجار بەکاردەهێنرێت لەلایەن ئەوانەی کە پاڵنەرێکیان هەیە بۆ قۆرخکردن و سەر لێشێواندنی کەسایەتییە سیاسییە لێهاتووەکان. لە ڕووی بایەخدان بەپاڵپشتی سیاسییەوە، کەسایەتییە سیاسییەکان کەمتر گرینگی دەدەن بەوردەکاری زمانی قسەکردنیان و زیاتر بایەخ بەبەهای پروپاگەندەی زمانەکە دەدەن. بۆیە زمان تەنیا ڕێگایەک نییە بۆ مامەڵە و قسەکردن، بگرە چەکێکی سیاسییە، کلک و گوێی بۆ دروست دەکرێت بۆ گەیاندنی مەرامی سیاسی. بۆ نموونە، خەرجی حکوومەت بەباشە باسی لێوە دەکرێت کاتێ دەخرێتە قالبی "وەگەڕخستنی گشتی public investment" بە خراپەش باسی لێوە دەکرێت کاتێ بەبیرمان دەهێنرێتەوە کە ئەوە پارەیە سەرف دەکرێت. بەهەمان شێوە، داگیرکردنی وڵاتێکی بێگانە دەکرێ وەک پێشێلکاری سەروەری وڵاتەکە وەسف بکرێت یاخۆ وەک ئازادکردنی گەلەکە وەسف بکرێت. لەوەش خراپتر ئەوەیە، کاتێ

قوربانییانی مەدەنی لە جەنگێکدا بە'زیادە زیان' "collateral damage" وەسف دەکرێت، جینۆسایدیش پاساوی بۆ دەهێنرێتەوە کاتێ وەک ' پاکتاوکردنی ڕەگەزی' " ethnic cleansing" ئاماژەی بۆ دەکرێت. هەندێ جار، ئەو زمانەی لە لایەن کەسایەتییە سیاسییەکانەوە بەکاردەهێنرێت قسە خۆشی "euphemism" دەگۆڕێت بۆ فۆرمێکی هونەری لەو کاتانەی دەچێتە نێو دنیای قسە سەیرو سەمەرەکان و قسەی نوێ "Newspeak"، وەک زمانی جۆرج ئۆروێل لە شاکارەکەی بەناوی (وەزارەتی ڕاستی) ١٩٨٤، ڕادەگەیەنێت کە شەڕ واتە ئاشتی، ئازادی واتە کۆیلایەتی و کەمتەرخەمیش واتە بەهێز بوون.

مشتومڕی تایبەتی لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا پەیدا بوو لە لایەن بزووتنەوەیەک بۆ سووربوون لە سەر 'ڕاستی سیاسی*" "political correctness" لە بەکارهێنانی زماندا، ئەمەش زۆرجار کورت دەکرێتەوە بۆ PC. لەژێر پاڵەپەستۆی بزووتنەوە فێمینیستییەکان و مافە مەدەنییەکاندا، هەوڵ دراوە بۆ پاککردنەوەی زمانی ڕەگەزپەرستی و گێندەری و بوارە هەستیارەکانی تر. بە پێی ئەم ڕایە، بە شێوەیەکی گشتی، زمان ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی دەسەڵاتە لە نێو کۆمەڵگەدا، هەروەها جیاکاری دەکات لە بەرژەوەندی گرووپی زاڵ و دژی گرووپە لاوەکییەکان. ڕوونترین نموونەش بۆ ئەمە ئەمانەن: بەکارهێنانی مرۆڤ یان مرۆڤایەتی وەک ئاماژەیەک بۆ ڕەچەڵەکی مرۆڤ، ئاماژە کردن بەڕەگەزە کەمینەکان بە وشەی زنجییەکان یاخۆ پێست ڕەشەکان، یاخۆ ناونانی وڵاتانی جیهانی سێیەم بە وڵاتە دواکەوتووەکان. ئامانجی " ڕاستی سیاسی" PC پێشخستنی زاراوەی ئازادە کە توانا دەبەخشێت بە دەمەتەقێی سیاسی تاوەکو ئەو دەمەتەقێیە بە زمانێکی خالی لە جیاکاری ئەنجام بدرێت، تەواو پێچەوانەی بۆچوون و زیانەکانی پێشوو ئەنجام بدرێت کە ڕەگیان بە باشی داکوتابوو. بەڵام، ئاستەنگ لە بەردەم ئەم هەڵوێستە ئەوەیە کە هیوای زمانێکی

* راستی سیاسی (PC): بۆ نموونە گەر بڵێین کوردستانی عێراق، ئەوا لە ڕووی سیاسییەوە ئەو زاراوەیە لە بەرژەوەندی کوردستاندایە، بەڵام گەر بڵێین باکووری عێراق ئەوا لە ڕووی سیاسییەوە ڕاست نییە چونکە لەم هەلومەرجەی ئێستادا لە بەرژەوەندی کورددا نییە. بۆیە کوردستانی عێراق لە ڕووی سیاسییەوە باشتر و ڕاستترە لە بەکارهێنانی باکوری عێراق. (وەرگێڕ)



بابەتی و سەربەخۆ لە نێو گفتوگۆی سیاسیدا ڕەنگە هیوایەکی فریودەر بێت.

بەگشتی، دەکرێ زاراوە و وێنە نێگەتیڤەکان بگۆڕێن بەزاراوە و وێنەی پۆزەتیڤ. بۆ نموونە، _کەم ئەندامان_ وەک " توانایەکی جیایان هەیە" ئاماژەی بۆ بکرێت، هەروەها دەکرێ وڵاتەکان وەک وڵاتانی پێشکەوتوو ئاماژەی بۆ بکرێت نەوەک دواکەوتوو. (هەرچەندە وڵاتانی دواکەوتووش بە مانایەکی تریش دێت، واتە لە دوای وڵاتە پێشکەوتووەکانن). ڕەخنەگرانی (ڕاستی سیاسی) زیاتر مشتومڕی ئەوە دەکەن کە ڕاستی سیاسی نەریتێکی ئایدیۆلۆژی بە سەر زماندا دەسەپێنێت کە دەسەڵاتی وەسفی زمان هەژار دەکات و جۆرێک لە فۆرمی سانسۆر ئاشنا دەکات بە هۆی ڕەتکردنەوەی دەربڕینی بۆچوونە ناڕاستەکان.

گەر هەوڵدان بۆ دانانی وشەی زانستی و سەربەخۆ بۆ سیاسەت بێ هوودە بێت، ئەوا دەبێ ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین: ئایا ئەمە لە کوێ جێمان دەهێڵێت؟ ئەوەی کە لە سەرمانە دەبێ زۆر بە باشی بیکەین ئەوەیە: دەبێ لەو وشانەی کە ئێمە بەکاریان دەهێنین زۆر ڕوون بین و ماناکانیشیان زۆر ڕوون و ئاشکرا بێت. ئامانج لەوەش ئەوەیە کە جۆرج ئۆروێل ئاماژەی بۆ کردووە لە وتارە بەهێزەکەی بە ناوی " سیاسەت و زمانی ئینگلیزی" (١٩٥٧): دەبێ زمان ئالییەتێک بێت بۆ دەربڕین نەک بۆ شاردنەوەی یان قەدەغەکردنی بۆچوونەکان. کاتێ قسەیەکی ناماقوڵ دەکرێت، دەبێ ناماقوڵی ئەو قسەیە ڕوون و ئاشکرا بێت، تەنانەت بۆ خودی قسەکەرەکەش. کەواتە، ئەمە پێویستی بە زیاتر لە زنجیرەیەک پێناسە هەیە. پێناسە هەیە وشەیەک بۆ مانایەکی ورد تەسک دەکاتەوە، بۆ نموونە، شتێک زۆر زەحمەتە ئەنجامی بدەی بە زاراوە سیاسییەکان چونکە زاراوە سیاسییەکان مانای ئایدیا و چەمک و بەهاکان دەگەیەنن کە خودی خۆشیان زۆر ئاڵۆزن و زۆر جاریش بە تەواوی هاودژی یەکترن. وێڕای ئەمەش، زۆربەی زاراوە سیاسییەکان جانتایەکی ئایدیۆلۆژی قورس و کۆمەڵێک بۆچوون و باوەڕ هەڵدەگرن کە ئاماژە بە کاریگەری ئەوە دەکەن چۆن ئەو وشانە بەکاردەهێنرێن و چ مانایەکیان دەدرێتە پاڵ. لە کۆتاییدا، ترسێک هەیە لە لەبیر کردنی ئەوەی ساموێل جۆنسن زەنگی ئاگادار کردنەوەی بۆ لێداوە: وشەکان کچی زەوین، هەروەها شتەکانیش کوڕی ئاسمانن. بە واتایەکی تر، زمان هەمیشە

بەهایەکی سنوورداری هەیە. هەرچەندە وشەکان بە هەشیاری بەکاردەهێنرێن و ماناکەشیان زۆر بە لێڵی دەخرێتە پاڵ، مەبەستی زمان سادە کردن و خراپ نواندنی ئاڵۆزی بێ کۆتای جیهانی واقیعیە. گەر وشەیەک بە هەڵە بۆ شتێک بەکاربهێنین، ئەوا هەروەک وتەکانی (زێن) دەڵێن: حاڵەتمان لە مەترسیدایە کاتێ بە پەنجە ئاماژە بۆ مانگ دەکەین و هەروەها مانگیش ئاماژە بۆ مانگ دەکات.

## تێگەیشتنی ئایدیا و چەمکەکان

هەر ئایدیایەک لە سادەترین فۆرمیدا وێنەیەکی فیکرییە، شتێکە مێشک درکی پێ دەکات. هەرشتێک لە فیکرەیەکەوە بەرەو باوەڕێکی پێشکەوتوو یا بۆچوون یان تیۆرێک چوو دەکرێ وەک " ئایدیا"یەک ناوی ببەین. چەندین سەدە، فەیلەسووفەکان مشتومڕیان بووە لە سەر سروشتی ئایدیاکان، لەوەش قووڵتر، مشتومڕیان بووە لە سەر پێوەندی نێوان ئایدیاکان و جیهانی هەست، واتە ئەو شتەی کە دەبینرێت و دەبیسرێت و دەستی لێ دەدرێت و بۆن دەکرێت و تا دوایی. نەریتی میسالی لە نێو فەلسەفەدا، هەمیشە دەگەڕێتەوە بۆ ئەفلاتون کە دەڵێت مێشک یاخۆ ڕوح گرینگترین توخمە لە نێو واقیعدا و هەروەها جیهانی مادی بە هەندێ ڕێگەوە لێیەوە وەرگیراوە. بۆ نموونە، بە ڕای ئەفلاتون جیهانی مادی لە هیچ شتێک سەرچاوەی نەگرتووە جگە لە زنجیرەیەک کۆپیکردنی کۆمەڵێک ئایدیا و فۆرمی ئەبەدی. ئەو جۆرە ئایدیالیزمە فەلسەفییە لە لایەن هیگڵەوە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە زۆر بە وردی پەرەی پێ درا . هیگڵ تەواوی پرۆسەی مێژووی مرۆڤ و تەنانەت خودی گەردوونیشی شرۆڤە کردووە لە ڕووی پێشکەوتنی ئەقڵ بەرەو خۆناسین self-realization، ئەم خاڵە دەسەلمێنرێت کاتێ ئەقڵ، کە لە نێو مرۆڤدایە و بە نێو مرۆڤدا کار دەکات، دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە جیهان شتێک نییە زیاتر لە ڕەنگدانەوەی خۆی و زاڵ بێت بە سەر ململانێی نێوان خود و بابەت.

بەڵام قوتابخانەی مادی بۆ پێشبڕکێی فەلسەفە بە توندی ڕەتی ئەو جۆرە تیۆرانە دەکاتەوە. مادییەت Materialism باوەڕێکە پێی وایە دەتوانرێت لە ڕێگەی هۆکارە مادییەکان جیهان شی بکرێتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئایدیاکان لە هەندێ



جیهانی دەرەوە و ڕەهادا سەر هەڵنادەن، بگرە لە درک پێکردن بە شتە هەستیارەکانەوە سەر هەڵدەدەن. لە سەدەکانی حەڤدەیەم و هەژدەیەمدا، فەیلەسوفانی وەک جۆن لۆک John Locke و دەیڤید هەم David Hume پەرەیان بە باوەڕی ئەزموونگەریدا کە مەعریفەی مرۆڤ لە ڕێگای ئەزموونی جیهانی مادییەوە بەرەوپێشەوە دەچێت، ئایدیاکان کەمتر نەبوون لە هەستی ئینتیباعی و وێنەی هزری و شتە مادییەکان. لە ڕوانگەیەکی ترەوە، کارل مارکس لە سەدەی نۆزدەیەم هەوڵی دا " کار بەئەقڵی هیگڵ بکات"، پەرەی بەو ڕەوتە دا کە پێی دەوترێت "چەمکی مادی مێژوو" . مارکس ئەو بۆچوونەی ڕەت کردەوە کە دەڵێت ئایدیاکان لە ئاسمانەوە وەک باران دەبارنە سەر زەوی، لە بری ئەو ئایدیایە دووپاتی کردەوە کە هۆشمەندی بەهۆی بنەڕەتترین ئەرکی مرۆڤ پەیدادەبێت ئەویش: کۆششە لە پێناو وجوودی مادی. بە ڕای کارل مارکس، ئایدیا و باوەڕ و تیۆرەکان دروست دەبن لە ڕێگەی کارلێکی نێوان مرۆڤ و جیهانی مادی، کارل مارکس دەڵێت: ئایدیاکان خۆیان کاریگەری ڕەوشی مادی و ئابووری هەڵدەگرن و هەر لەوانیشەوە پەیدا دەبن.

بۆ ئەوەی ئەو ئایدیانەی کە لە جیهانی دەرەوەی روح پەیدابوونە یان لە ئەزموونی هەستەوە سەریان هەڵداوە لە پرۆسەی بیرکردنەوەدا جێبەجێ بکرێت، دەبێ یەکەم جار بکرێن بە چەمکی تەواو ڕوون و سادە بۆ تێگەیشتن. چەمک ئایدیایەکی گشتییە دەربارەی شتێک، هەمیشە بە یەک وشە یان دەستەواژەیەکی کورت دەوترێت. چەمک زیاتر ناوێکی ناسراوە یان ناوی شتێکە. بۆ نموونە، جیاوازییەک هەیە لە نێوان قسەکردن دەربارەی کورسییەکی ئاسایی و کورسییەکی تایبەت و بێ وێنە، هەروەها خستنە ڕووی چەمکی کورسی و ئایدیای کورسییەکەش جیاوازە. چەمکی کورسییەک هزرێکی دەرهەستە Abstract، لە چەندین سیفەتی هەمەجۆر پێکهاتووە کە دواجار سیفەتێکی دیار دەبەخشن بە کورسییەکە، لەم حاڵەتەدا، بۆ نموونە، کورسییەکە توانای ئەوەی هەیە یەکێک لە سەری دابنیشێت. بە هەمان ڕێگا، چەمکی " سەرۆکایەتی" ئاماژەیەک نییە تەنیا یەک یەک سەرۆکی تایبەت بگرە ئاماژەیە بە کۆمەڵێک ئایدیا دەربارەی دەزگای دەسەلاتی جێبەجێ کردن. کەواتە چەمکەکان گشتین بەو مانایەی کە چەمک دەتوانێت ئاماژە بە ژمارەیەک شت بکات، دەتوانین بڵێین بۆ هەر شتێک کە دەگونجێت لەگەڵ سیفەتەکانی خودی ئایدیا گشتییەکە.

هەموو ئەو زاراوانەی کە لەم کتێبەدا باس دەکرێن لەم ڕووەوە بە چەمک ناوزەند کراون.

پێکهاتەی چەمک هەنگاوێکی سەرەکییە لە پرۆسەی بیرکردنەوەدا، لە ڕێگای ئەو چەمکانەی کە وەک ئالییەتێک وان ئێمە بەهۆیانەوە دەتوانین بیر دەکەینەوە، ڕەخنە دەگرین و مشتومڕ بکەین و شی بکەینەوە و شرۆڤە بکەین. تەنانەت بۆ درککردن بە جیهانی دەرەوەش چونکە جیهانی دەرەوە خۆی مەعریفە لە بارەی خۆیەوە بە ئێمە نابەخشێت. بۆ ئەوەی مانایەک بۆ جیهان دروست بکەین، ئێمە دەبێ بە ڕێگایەک مانای بەسەردا بسەپێنین، ئەم کارەش لە ڕێگەی پێکهاتەی چەمکەوە دەکەین. زۆر بە ئاسانی، بۆ بەکارهێنانی کورسی وەک کورسی، ئێمە دەبێ چەمکێکمان هەبێت بۆ ئەوەی پێمان بڵێت ئەو کورسییە چییە و چۆنیش بەکاردێت. ئەمە بە وردی بۆ پرۆسەی بیرکردنەوەی سیاسی جێبەجێ دەبێت: ئێمە لە جیهانی سیاسیدا مەعریفەی خۆمان بونیات دەنێین نەک تەنیا بە سەیر کردنی سیاسەت، بگرە لە ڕێگەی پێشخستن و پاککردنەوەی چەمکەکان کە یارمەتیمان دەدەن بۆ دروستکردنی مانایەک بۆ سیاسەت. بە واتایەکی تر، چەمکەکان بناغەی بونیاتنانی مەعریفەی مرۆڤن.

بۆ ئەوەی هەنگاوێک زیاتر بچینە پێشەوە و دەست بکەین بە بیرکردنەوە یان پێشخستنی مشتومڕەکان، دووبارە زۆر پێویستە سوود لە چەمکەکان وەربگرین. پرۆسەی بیرکردنەوە دابەش دەکرێت بە سەر مشتومڕی بە سوود (بەرهەم هێنەر) و بێ سوود (بێ بەرهەم). بیرکردنەوەی بەسوود هەوڵ دەدات چەند ئەنجامێک لە کۆمەڵێک لێکدانەوە و گریمانە وەرگرێت، بۆیە پەیوەستە بە گەشەی مەنتقی و سازانی ناوەوەی هێڵی بیرکردنەوە. نموونەیەکی سادە لە سەر مشتومڕی بەسوود: (گریمان) ئاژەڵەکەی من سەگێکە، هەموو سەگێکیش کلکی هەیە، کەواتە (ئەنجام) ئاژەڵەکەی من کلکی هەیە. لە لایەکی ترەوە، بیرکردنەوەی بێ سوود هەڵدەستێت بە تاقیکردنەوەی قسەکان یان گریمانەکان لە ژێر ڕۆشنایی ئەزموون یان بەڵگەی ڕوون و ئاشکرا. بۆ نموونە، دەبێت بەڵگە ئامادە بووبێت گەر ئاژەڵەکەی من سەگ بێت، هەروەها گەر هەموو سەگەکانیش کلکیان هەبێت. هەر کامە فۆرمی مشتومڕ ئەنجام بدرێت، چەمکەکان زۆر پێویستن بۆ پرۆسەی بیرکردنەوە لە بەرئەوەی هەموو





تیۆرەکان و تەنانەت کەمترین تێگەیشتنیش بە هۆی چەمکەکانەوە دروست دەبن.

لەم حاڵەتەدا هەردوو پرۆسەی بەسوود و بێ سوود دەوەستێتە سەر چەمکەکانی سەگ و کلک، تاوەکو بە ڕوونی تێ نەگەین مەبەست لە "سەگ" چییە و مەبەستیش لە "کلک" چییە، هەر هەوڵێک بۆ دروستکردنی هەر مشتومڕێک بێ هوودە دەبێت. ئا لەبەرئەوەیە یەکەم هەنگاو بەرەو فێربوونی تێگەیشتن ڕوونکردنەوەی مانای ئەو چەمکەیە کە دەردەکەوێت.

بەڵام، لە نێو سیاسەتدا، ڕوونکردنەوەی چەمکەکان ئەرکێکی ئێجگار زەحمەتە. جارێ پێش هەموو شتێک، خودی ئەو واقیعە سیاسییەی کە ئێمە لێی دەگەڕێین بۆ سەپاندنی مانا بە بەردەوامی دەگۆڕێت و زۆر ئاڵۆزە. چەمکەکانی وەک "دیموکراسی" و سەرمایەداری capitalism و سۆشیالیزم هەمیشە لە مەترسی ئەوەدان تەسکتر و سنووردارتر بن لە چاو ئەو واقیعە بێ سەروبەرەی کە ئێمە وێڵین بەدوای وەسفکردنی. تیۆر و کردە هەمیشە لەگەڵ یەک نایەنەوە، هەرچەند چەمکەکان زۆر بە هەشیاری دابنرێن و پاک بکرێنەوە. بۆ نموونە، ئەم گرفتە لە لایەن سۆشیالیستەکان دانی پیا نرا وەک ئاماژەیەک بۆ فۆرمی سۆشیالیزم کە کاتی خۆی وجودی هەبوو لە یەکیەتیی سۆڤیەت و ئەوروپای ڕۆژهەڵات وەک وجوودێکی ڕاستەقینەی سۆشیالیزم، بۆ جیاکردنەوەی لەو بنەما و بەهایانەی کە ڕەنجیان بۆی بە با دا. کۆمەڵناسی ئەڵمانی ماکس وێبەر Max Weber 1846-1920 هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەیدا بەهۆی درککردن بە چەمکێکی تایبەتی وەک " جۆرە میسالییەکان ideal types. وێبەر دانی بەوە نا کە دیاردەی کۆمەڵایەتی ژمارەیەکی ئێجگار زۆر توخمی پێکەوە بەستراو دەگرێتە خۆ، وەک بڵێی ئاڵۆزییەکەی بێ سنوورە. کەواتە، تەجریدی وێنەیی Conceptual Abstraction دەتوانرێت دروست بکرێت تەنیا بەهۆی جودا کردنەوەی سیفەتی سەرەکی و بنەڕەتی دیاردەکان لە پرسیار، واتە سیفەتەکانی تر بە نرخ نین یاخۆ بە تەواوی پشت گوێ دەخرێن. سوودی ئەو جۆرە میسالییە ئەوەیە کە بە هۆی سەپاندنی پێکهاتەیەک بە سەر واقیعێکی ئاڵۆز، ئەو جۆرە میسالییە دەتوانێت وامان لێ بکات واتای بخەینە پاڵ، بەڵام مەعریفەی ئێمە هەمیشە بە ناتەواوی دەمێنێتەوە چونکە جۆرە میسالییەکان ڕێژەی نزیکەیی واقیعە. بۆ نموونە، هەرچەندە زۆر پێویستە چەمکێک بۆ " شۆڕش" دابنرێت بۆ ئەوەی مانایەکی هەبێت کاتێ دەڵێین

شۆڕشی فەرەنسی ساڵی ١٧٨٩ و شۆڕشەکانی ئەوروپای رۆژهەڵات لە ساڵانی ١٩٨٩ و ١٩٩١، خودی چەمکەکە دەتوانێت هەموو بەشێکی واقیع لێک بترازێنێت بە قەد ئەوەی دەتوانێت واقیعەکە ئاشکرا بکات. لەم حاڵەتەدا، چەمکی "شۆڕش" دەتوانێت وێکچوونی زۆر گرینگ دیاری بکات لە نێوان ئەو دوو ڕووداوە بەڵام لەوانەشە جیاوازی گرینگیش بشارێتەوە. کارێکی هەڵەیە گەر بیر لە جۆرە میسالییەکان وەک ڕاست یان چەوت بکەینەوە، بەڵام هیچ هەڵەیەک ناکەین گەر بە ڕێژەی نزیکەیی سوودەکەی دیاری بکەین.

گرفتی گەورەتر ئەوەیە کە خودی چەمکەکان لە نێو سیاسەتدا دەبن بە بابەتی مشتومڕی ئایدیۆلۆژی و ڕۆشنبیری. هەروەک پێشتر باس کراوە، شتێکی ئاسایی نییە مشتومڕێکی سیاسی ڕووبدات لە نێوان ئەو کەسانەی کە هەمان بنەما و ئایدیا و بۆچوونیان هەیە. کەواتە ناکۆکی چەمکەکان یەکێکە لە مەیدانی جەنگی خودی سیاسەت. ئەمە ڕەنگ دەداتەوە لە نێو هەوڵەکانی دانانی چەمکێک وەک شتێکی ڕاست، وەک ئەوەی لە حاڵەتی دیموکراسی ڕاستەقینە و ئازادی ڕاستەقینە و داد ڕاستەقینە و تادوایی. هەر تێگەیشتنێکی ناتەواو لە چەمکە سیاسییەکان ئەوە دەردەخات کە چەمکەکان فرە مانا و چەندین ڕوویان هەیە. دەبلیو بی گالی W. B. Gallie 1955. پێشنیازی کرد کە لە حاڵەتی چەمکەکانی وەک " دەسەڵات" و "داد" و "ئازادی"، مشتومڕ و گفتوگۆ زۆر بە قووڵی دەکرێت و هیچ پێناسەیەکی بێ لایەن و دامەزراو دانانرێت. گالی دەڵێت، ئەو چەمکانە دەبێ وەک چەمکی ڕکابەر بناسرێن. بە هەقیقەت، هەر زاراوەیەک ژمارەیەک چەمکی پێشبڕکێکار لە خۆ دەگرێت، هیچ کامیان پەسن ناکرێن وەک مانای ڕاستی خۆیان. بەڵام، دان پیانان بەوەی کە هەر چەمکێک چەندین مانا هەڵدەگرێت ئەو هەوڵە لە بار نابات بۆ تێگەیشتن لە چەمکەکە بگرە درک بە پێشبڕکێی لایەنەکانی چەمکەکە بە یەکسانی دەکات.

دوا گرفت ئەوەیە کە زەحمەتە لە نێو سیاسەتدا جیاوازی بکەین لە نێوان چەمکی وەسفکردن و پێوەری. چەمکە پێوەرییەکان زۆرجار وەک " بەهاکان" وەسف دەکرێن، ئاماژەن بۆ بنەما ئەخلاقییەکان یان میسالییەکان، کە دەبێ یان پێویستە دروست بن. بواری فراوانی چەمکە سیاسییەکان " بەها هەڵگرن" وەک ئازادی و مافەکان و



داد و یەکسانی و لێبوردن و تادوایی. کەواتە بەهاکان یاخۆ چەمکە پێوەرییەکان چەند فۆرمێکی هەڵسوکەوت بەرەوپێش دەبەن نەک وەسفی ڕووداوەکان یان هەقیقەتەکان بکەن. لە ئەنجامدا، هەندێ جار زەحمەتە بەها سیاسییەکان جودا بکرێنەوە لە باوەڕە ئەخلاقی و فەلسەفی و ئایدیۆلۆژییەکانی ئەو کەسانەی کە بەرەو پێشیان دەبەن. بە پێچەوانەوە، چەمکە وەسفکەرەکان یان پۆزەتیڤەکان ئاماژەن بۆ " هەقیقەتەکان" کە وجوودێکی مەبەستدار یان نیشاندەریان هەیە، ئاماژەن بۆ ئەو دەستەواژەی دەڵێت شتەکە چییە. چەمکەکانی وەک دەسەڵات و هێز و فەرمان و یاسا لێرەدا چەمکی وەسفکەرن نەک پێوەری. ئاساییە گەر بپرسین ئایا هەن یان نین.

جیاوازی نێوان هەقیقەت و بەها زۆرجار وەک پێشە مەرجێکی گرینگ دادەنرێت بۆ بیرکردنەوەی ڕوون و ئاشکرا. لە کاتێکدا، ڕەنگە بەهاکان وەک بۆچوون سەیر بکرێن، هەقیقەتیش دەتوانرێت بسەلمێنرێت یان ئەوەتا ڕاستە یانیش چەوت. لە ئەنجامدا، چەمکە وەسفکەرەکان بە بێ لایەن و یان بەهای سەربەخۆ ناوزەند دەکرێن: لە سەر پێ دەوەستن بۆ گرینگیدان بە تاقیکردنەوەی زانستی. بەڵام، گرفت لە چەمکە سیاسییەکان ئەوەیە کە هەقیقەت و بەها تەواو بەندن بەیەکەوە، تەنانەت چەمکە وەسفکەرەکان کۆمەڵێک ڕوانگەی ئەخلاقی و ئایدیۆلۆژی دەگرنە خۆ. بۆ نموونە، ئەمە دەکرێ وەربگیرێت وەک لە حاڵەتی دەسەڵاتدا. گەر دەسەڵات پێناسە بکرێت وەک " مافێک بۆ کارکردن لە هەڵسوکەوتی ئەوانی تر"، بێ شک شتێکی ئاساییە چەمکەکە بە وەسفکەرەکان بەکار بێنی بۆ وتنی ئەوەی کێ دەسەڵاتی هەیە و کێش نییەتی، هەروەها بۆ تاقیکردنەوەی ئەو بنەمایانەی کە لە سەریدا ئەو دەسەڵاتە پیادە دەکرێت. بەڵام، مەحاڵە چەمک لە حوکمەکانی بەها جودا بکرێتەوە دەربارەی ئەوەی کەی و چۆن و بۆچی دەبێ دەسەڵات پیادە بکرێت. بە کورتی، کەس بێ لایەن نییە دەربارەی چەمکی دەسەڵات. بۆ نموونە، لە کاتێکدا پارێزکاران کە تاکید لەو پێویستییە دەکەنەوە بۆ سەپاندنی فەرمان لە سەرەوە، بە نیازی ئەوە بن کە دەسەڵات شتێکی ڕاستە و تەندروستە، گێرەشوێنەکان، ئەوانەی کە باوەڕیان وایە کە حکوومەت و یاسا دەبێ شەڕانگێز بن، دەسەڵات وەک ستەمێکی ڕووت دەبینن. کەواتە هەموو چەمکە سیاسییەکان، پێوەری و وەسفکەرەکان، دەبێ بە باشی

دركیان پێ بكرێت لە ژێر ڕۆشنایی ئایدیۆلۆژیا و ڕوانگەكانی ئەوانەی كە بەكاریان دەهێنن. لە ڕاستیدا، هەندێ زیاتر دەرۆن و گومان لە وجوودی هەموو هەقیقەتێک دەکەن. زانستناسە مۆدێرنەكان، ئەو ئایدیەیان پشت گوێ خستووە گوایە دەتوانن ئەگەرەكان دووپات بكەنەوە، هەروەها ئێستا پەسنی ئەوە دەكەن كە ئەوان تەنیا توانای بە هەڵە كردنی ئەگەرە ناڕاستەكانیان هەیە. بە هەقیقەت، ئەوەی ئێمە بە هەقیقەتی دەزانین ڕەنگە زۆر بە سادەیی پێكهاتە كۆمەڵایەتییەكان بن، هەمیشە خاوەنی سیفەتێكی ئایدیۆلۆژی بن.

## جۆرج ویلهێلم فرێدریک هیگڵ (١٧٧٠-١٨٣١)

فەیلەسووفێكی ئەڵمانییە. هیگڵ دامەزرێنەری ئایدیالیزمی مۆدێرنە و پەرەی بە هزرێكدا كە هۆشمەندی و شتە مادییەكان لە واقیعدا یەک شتن. لە كتێبەكەی بە ناوی Phenomenology of Spirit كە لە ساڵی ١٨٠٧ چاپ و بڵاو كراوەتەوە، هەوڵی دانانی سیستەمێكی ئەقڵانی دەدات كە ببێتە یەدەگ بۆ مەسیحییەتی تەقلیدی بەهۆی شرۆڤە كردنی تەواوی پرۆسەی مێژووی مرۆڤ و تەنانەت خودی گەردوونیش، لە ڕووی پێشخستنی هزری ڕەها بەرەو خود ناسینەوە. بە ڕای ئەو، لە بنەڕەتدا، مارشێكی رۆحی مرۆڤە بەرەو خاڵی كۆتایی دیاریكراو.

شاكاری سیاسی هیگڵ ناوی فەلسەفەی مافە Philosophy of Right 1821، پەرەی بە تیۆرێكی ئۆرگانی دەوڵەتدا كە وەسفی كرد وەک بەرزترین دەربڕینی ئازادی مرۆڤ. سێ " سات"ی وجوودی كۆمەڵایەتی باس دەكات: خێزان و كۆمەڵگەی مەدەنی و دەوڵەت. باس لەوە دەكات كە لە نێو خێزاندا خۆنەویستی altruism كار دەكات، هانی خەڵک دەدات بەرژەوەندی خۆیان بەلا وەنێن و بۆ بەرژەوەنی خزمەكانیان. سەیری كۆمەڵگەی مەدەنی دەكات وەک بازنەیەكی خودپەرستی گەردوونی Universal Egoismكە تیایدا تاک بەرژەوەندی خۆی لە پێش هەموو كەسێكەوە دادەنێت. هەروەها، باسی ئەوە دەكات كە دەوڵەت كۆمەڵگەیەكی ئەخلاقییە لە لایەن سۆزی هاوبەشەوە بەكار دەهێنرێت، بۆیە ناسراوە بە خۆنەویستی گەردوونی universal altruism. ئەم هەڵوێستە لە سەرسام بوونی هیگڵدا ڕەنگی داوەتەوە بۆ دەوڵەتی برۆسی سەردەمی خۆی، یارمەتی گواستنەوەی بیرمەندە لیبراڵەكانیدا بۆ هۆی تەداخولاتی دەوڵەت. فەلسەفەی هیگڵ كاریگەرییەكی بەرچاویشی هەبوو لە سەر ماركس و سەر گەنجە هیگڵییەكان (ئەو گەنجانەی لە سەر ڕێبازی هیگڵ بوون).



# زانستی سیاسی و تیۆری سیاسی

ئەم كتێبە دانراوە بۆ پێشكەش كردنی ڕێبەرێک بۆ چەمک و تیۆرە سەرەكییەكان لە بواری دیراسەی ئەكادیمی سیاسەت. چەمكە سیاسییەكان بە ڕێگای جیاواز مامەڵەیان لەگەڵ دەكرێت لە لایەن شرۆڤەكارانی جیاجیای سیاسییەوە. بە هەقیقەت، پرسیارەكان دەربارەی زمانی مشتومڕی سیاسی دەچێتە نێو ناخی بەشەكانی نێو خودی دیسپلینی ئەكادیمی. سیاسەت دوو، هەندێ دەڵێن، سێ لقی جیا جیا دەگرێتە خۆ. لە لایەک، شتێک هەیە پێی دەوترێت زانستی سیاسی، لە لایەكی ترەوە، تیۆری سیاسی و تیۆری فەلسەفی هەن، ئەو زاراوانە زۆرجار تێكەڵ بە یەكتری و بە گۆڕانكارییەوە بەكاردێن بەڵام هەندێ جار لە نێوانیاندا ئەو جیاوازییانە هەر باس دەكرێن.

هەرچەندە زانستی سیاسی منداڵێكی سەدەی بیستەمە، ڕەگەكەی دەگەڕێتەوە سەر پرۆسەی ئەزموونگەری سەدەی حەڤدەیەم. زانست دەگەڕێتەوە سەر ماناكانی فێربوونی زانیاری لە ڕێگەی سەرنجدان و تاقیكردنەوە و پێوانەكان. خاسییەتی سەرەكی میتۆدی زانستی هەڵدەستێت بە ڕاست یان چەوت كردنی ئەگەرەكان بەهۆی تاقیكردنەوەیان دژی ئەو بارودۆخە بێ پرسیارانەی كە زانست هاتووە بۆ پێوەندی كردن بە جیهانی مۆدێرن، ئەم میتۆدە زانستییە دەوەستێتە سەر چۆنیەتی بانگەشەكەی بۆ ئەوەی ببێتە میتۆدێكی خودی و بەهای ئازاد، هەروەها ببێتە ناوەندێكی باوەڕپێكراو بۆ سەرهەڵدانەوەی ڕاستی. كەواتە زانستی سیاسی بە شێوەیەكی سەرەكی تەجریبییە، هەوڵی باسكردن و شیكردنەوە و لێكدانەوەی حكوومەت و دامەزراوە سیاسییەكانی تر دەدات بە شێوەیەكی یەكسان و ورد. گەرمترین پەرۆشی و ئارەزوو بۆ زانستی سیاسی لە ساڵانی پەنجاكان و شەتەكانەوە سەری هەڵدا، زیاترو بەهێزتر لە ویلایەتە یەكگرتووەكان، بە فۆرمێكی شرۆڤەی سیاسی كە لە سەر (ڕەوشتیی) BEHAVIORISM پەیدا بوو. هەڵسوكەوتگەری وەک قوتابخانەیەكی دەروونزانی پێشكەوت كە لە ناوەكەی ڕادیارە دیراسەی تەنیا هەڵسوكەوتی پێوەری و سەرنجی مرۆڤ دەكات. ئەمە هانی

شرۆڤەکارە سیاسییەکانیدا وەک دەیڤد ئیستن DAVID EASTON باوەڕ بەوە بکات کە زانستی سیاسی دەتوانێت میتۆدۆلۆژی زانستە سروشتییەکان بەکار ببات، ئەمەش بووە هۆی زۆربوونی دیراسەکان لە بوارەکانی وەک دەنگدان بۆ هەڵسوکەوت لە ڕێگەی زانیاری سیستەماتیکی و بەهێز و ئامادە دیراسەکان ئەنجام دەدران.

ڕەنگە تیۆری سیاسی و تیۆری فەلسەفی بەسەریەکدا بکەون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی لە دڵنیا کردنەوە دەتوانرێت دیاری بکرێت. هەرشتێک لە پلانێکەوە بۆ بڕە زانیارییەکی ئەبستراکت دەکرێ وەک تیۆر ناو زەند بکرێت.بەڵام، لە گفتوگۆی ئەکادیمیدا ، تیۆر پێشنیازێکی شیکراوەیە، ئایدیایەک یان کۆمەڵێک ئایدیا کە لە هەندێ ڕێگادا دەگەڕێت بۆ سەپاندنی فەرمان یان واتا بە سەر دیاردەکەوە. بەم شێوەیە، تەواوی لێکۆڵینەوەکە کار دەکات لە ڕێگەی پێکهاتەی تیۆرەکانەوە،هەندێ جار وەک ئەگەرێک دادەنرێت، پێشنیازی شیکراوە چاوەڕێی تاقیکردنەوەیە. کەواتە زانستی سیاسی کەمتر نییە لە زانستی سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان، ناوەڕۆکێکی تیۆری زۆر گرینگی هەیە. بۆ نموونە، تیۆرەکانی وەک چینی کۆمەڵایەتی کە بنەڕەتی دەنگدانی هەڵسوکەوتی شۆڕشە ڕوودەدات لە کاتی زۆربوونی پێشبینییەکان، زۆر پێویستن گەر ماناکە بە بەڵگەی ئەزموونگەری دابنرێت. ئەمەیە پێی دەوترێت تیۆری سیاسی ئەزموونگەری EPIRICAL POLITCAL THEORY.

بەڵام تیۆری سیاسی وەک هەوڵێکی جیا بۆ بابەتەکە حیسابی بۆ دەکرێت، هەرچەندە، بە تایبەتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، وەک لقێکی زانستی سیاسی سەیر دەکرێت. تیۆری سیاسی دیراسەی شیکاری ئایدیا و ڕێچکەکان دەکات کە زۆر گرینگن بۆ هزری سیاسی. لە ڕووی تەقلیدییەوە، ئەمە فۆرمێکی مێژوویی هزری سیاسی وەرگرتووە، جەخت لە سەر کۆمەڵێک هزرمەندی سەرەکی دەکاتەوە بۆ نموونە لە ئەفلاتوونەوە بۆ مارکس، هەروەها لە سەر شەریعەتی دەقی کلاسیکی کار دەکات. مادام دیراسەی کۆتاییەکان و ماناکانی کردەی سیاسی دەکات، تیۆری سیاسی بە ئاشکرا بەندە بە پرسیارە پێوەری و ئەخلاقییەکان، وەک " بۆچی دەبێ من گوێڕایەڵی دەوڵەت بم؟" "چۆن دەبێ پاداشت دابەش بکرێت؟" هەروەها " دەبێ سنوورەکانی ئازادی تاک چی بن؟". ئەم هەوڵە تەقلیدییە نزیکەی خاسیەتی



شیکردنەوەیەکی ئەدەبی وەرگرتووە: بە شێوەیەکی سەرەکی حەزی لە تاقیکردنەوەی ئەو وتانەیە کە هزرمەندەکان وتوویانە، چۆن پێشکەوتوون، چۆن بۆچوونەکانیان سەلماندووە، هەروەها ئەو دەقە ڕۆشنبیرییانەی کە کاریان لێ کردووە. هەوڵێکی بەدیل پێی دەوترێت تیۆری ڕەسمی سیاسیTHE FORMAL POLITICAL THEORY . ئەمە لە نموونەی تیۆری سیاسی وەرگیراوە لە کاتی دروستکردنی شێوازەکان لە سەر بنچینەی حوکمی ڕێنماییەکان، هەمیشە دەربارەی هەڵسوکەوتی ڕا لە خۆبوونی تاک دەدوێت. زیاتر لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دامەزرا و بە تایبەتی لەگەڵ قوتابخانەی ئەزموونگەری تێکەڵ بوو، تیۆری ڕەسمی سیاسی هەوڵی داوە باشتر لە هەڵسوکەوتی ئەکتەرەکان بگات وەک دەنگدەر و کەسایەتییە سیاسییەکان و بەرگری کەران و بیرۆکراتەکان، هەروەها ئختیارێکی ئەقلانی و گشتی و کۆمەڵایەتییان پرژاندووە نێو قوتابخانەکانی هزر. هەرچەندە لایەنگرانی ئەو تیۆرە باوەڕیان پێیەتی ببێتە تیۆرێکی تەواو بێ لایەن، تاکەکانی و گریمانی ئیگۆییەکان وای لە هەندێ کردووە پێشنیاز بکەن کە ئەم تیۆرە بەهایەکی پارێزکاری دروستکراوی هەیە.

زاراوەی فەلسەفەی سیاسی دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ داپۆشینی هەر هزرێکی ئەبستراکت دەربارەی سیاسەت و یاسا و کۆمەڵگە، بوونی فەلسەفە، بە شێوەیەکی گشتی گەڕانە بە دوای بۆ ژیری و تێگەیشتن. بەڵام، فەلسەفەش وەک دووەم دیسپلینی فەرمان سەیر کراوە، پێچەوانەی دیسپلینی فەرمانی یەکەم کە مامەڵە لەگەڵ بابەتە تەجریبییەکان دەکات. بە واتای تر، فەلسەفە زۆر بەند نییە بە ئاشکرا کردنی ڕاستی بە شێوازی زانستی، هەروەک لەگەڵ پرسیارە لاوەکییەکان دەربارەی چۆن زانیاری دەستە بەر دەکرێت، یان چۆن تێگەیشتن دەردەبڕدرێت. بۆ نموونە، لە کاتێکدا زانستناسێکی سیاسی ڕەنگە پرۆسەی دیموکراتی تاقی بکاتەوە لە کاردا بە سیستەمێکی تایبەت، فەیلەسوفێکی سیاسی حەز دەکات ئەوە ڕوون بکرێتەوە مەبەست لە دیموکراسی چییە. کەواتە، فەیلەسوفی سیاسی خۆی لە دوو ئەرکی سەرەکی دەبینێتەوە. یەکەم، هەڵدەستێت بە هەڵسەنگاندنی ڕەخنەیی باوەڕە سیاسییەکان و بایەخدان بە هەردوو فۆرمی بەسوود و بێ سوودی بیرکردنەوە. دووەمیان، هەوڵ دەدات بۆ ڕوونکردنەوە و پاککردنەوەی ئەو چەمکانەی لە نێو

گفتوگۆی سیاسیدا بەکاردەهێنرێن. ئەمەش واتە، سەرەڕای باشترین هەوڵەکانی فەیلەسوفی سیاسی بۆ هێشتنەوەی خود و یەکسانی، ئەو فەیلەسوفانە بەستراونەتەوە بە سەلماندنی چەند بۆچوونێکی سیاسی لە سەر حیسابی ئەوانی تر و هەروەها لەگەڵ پشتگیری کردنی تێگەیشتنێکی تایبەت لە چەمکێک کە خۆیان پێیان ڕاستە نەک تێگەیشتنەکانی تر. لەم ڕوانگەوە، ئەم کتێبە دەکرێ وەک کارێکی تیۆری سیاسی سەیر بکرێت نەک فەلسەفەی سیاسی. هەرچەندە گەلێک لە نووسینەکانی فەیلەسوفە سیاسییەکان لەم کتێبەدا لێک دراوەتەوە، کەچی ئامانجی کتێبەکە لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئایدیا و چەمکە سیاسییەکانە نەک پەرەپێدان بە باوەڕ و شرۆڤە تایبەتەکان.

## تیۆری سیاسی: گرفت و ئاستەنگەکان

لە زۆربەی کاتەکانی سەدەی بیستەمدا، تیۆری سیاسی دووچاری ڕەخنە و ئاستەنگێکی ئێجگار زۆر بووەتەوە. بە هەقیقەت، پیتەر لاسلێت PETER LASLETT لە کتێبەکەی بە ناوی " پێشەکییەک بۆ فەلسەفە و سیاسەت و کۆمەڵگە" بوێرانە ڕایگەیاندووە کە ' فەلسەفەی سیاسی مردووە. مردنەکەی بە شێوەیەکی گشتی ئەنجامی گۆڕانە گرینگەکانی نێو فەلسەفە بوو، واتە لە ئەنجامی سەرهەڵدانی پۆزەتیڤیزمی مەنتقی بوو. پۆزەتیڤیزمی مەنتقی (لە بنەڕەتدا لە لایەن گرووپێک فەیلەسوفەوە ناسراو بە بازنەی ڤیەننا پەرەی سەند) باوەڕێکی قووڵی لە تێگەیشتنی زانستی پەیدا کرد و پێشنیازی کرد کە ئەو بۆچوونانەی کە بە تاقیکردنەوە نەسەلمێنراون هیچ مانایەکیان نییە. کەواتە، چەمکە پێوانەییەکان وەک ئازادی و یەکسانی و داد و مافەکان بە چەمکی بێ کەڵک لە قەڵەم دران، لە ئەنجامیشدا فەیلەسوفەکان ئارەزووی پرسە ئەخلاقی و سیاسییەکانیان لە دەست دا. سەبارەت بە زانستناسە سیاسییەکانیش (کە کاریگەری شۆڕشی ڕەوشتی)یان BEHAVIOURAL REVOLUTION لە سەر بوو، ئەمەش دەرهاوێشتەی سەرەکی پۆزەتیڤیزم بوو) پشتیان لە تەواوی ڕێچکەی هزری پێوانەیی سیاسی کرد. ئەمەش مانای ئەوە بوو کە وشەکانی وەک "دیموکراسی" دووبارە پێناسە کرانەوە لە ڕووی



هەڵسوکەوتی پێوانەیی سیاسییەوە.

بەڵام دوای شەستەکان، تیۆری سیاسی بە ڕوحێکی نوێ سەری هەڵدایەوە، هەروەها جیاوازی بەهێزی پێشووی نێوان زانستی سیاسی و تیۆری سیاسی ڕوو لە کاڵبوونەوە بوو. ئەمە لە بەر ژمارەیەک هۆ ڕووی دا. لەو هۆیانەش کەمی قەناعەت بوو بە ڕەوشتیی BEHAVIORISM کە پشت ئەستوور بوو بە ئارەزووەکەی بۆ زاڵبوون بە سەر بواری شیکردنەوەی سیاسی بەهۆی ڕێگە گرتن لە چوونی بەرەو ئەو دیو ئەو شتەی کە ڕاستەوخۆ سەرنج ڕاکێشە. وێڕای ئەمەش، باوەڕ لە توانای زانستەوە بۆ پەردە هەڵدانەوە لە سەر ڕاستییەکان لە بار برا بەهۆی پێشکەوتنەکانی فەلسەفەی زانست کە ڕەگی داکوتاوە لە کارەکەی تۆماس کۆهن ١٩٦٢ "THOMAS KUHN"، کارەکەشی جەخت لەوە دەکاتەوە کە زانیاری زانستی موتڵەق نییە بگرە پشت دەبەستێت بە بنەما و ڕێچکە و تیۆرەکان کە پرۆسەی لێکۆڵینەوە پێک دەهێنن. دواجار، سەرهەڵدانی بزووتنەوە نوێیە کۆمەڵایەتییەکان لە شەستەکان و کۆتایی ڕای گشتی، سیاسەت پرسیارە ئایدیۆلۆژی و پێوانەییەکانی گەڕاندەوە بۆ پێشەوەی شیکردنەوە سیاسییەکان، هەروەک لە کاری جیلی نوێی تیۆریستە سیاسییەکان ڕەنگی داوەتەوە وەک جۆن ڕاولز و ڕۆبێرت نۆزیک JOHM RAWLS AND ROBERTNOZICK.

بەڵام، تیۆری سیاسی نوێ لە گەلێ ڕووەوە جیایە لە ڕوونکراوەکانی پێشتری. پێشتر لە ماوەی چەند سەدەدا ڕێچکەی فەلسەفی لە دیراسەی سیاسەتدا وەک شیکردنەوەی ژمارەیەک گرفت سەیر دەکرا، ڕوونترینیان ئەمانەن: سروشتی داد و بناغەکانی ئەرکی سیاسی و هاوسەنگی دیاری نێوان ئازادی و یەکسانی و تا دوایی. کەواتە فەلسەفەی سیاسی ڕەچاوی بەشداری هزرمەندە سەرەکییەکانی کرد بۆ تێگەیشتنمان لەم جۆرە گرفتانە و ئەوەی شی کردەوە چۆن ئەم تێگەیشتنە گەشەی سەند لە سەردەمی کۆن و ناوەڕاستدا، لە سەرەتای سەردەمی مۆدێرن (١٥٠٠–١٨٠٠) بۆ سەردەمی مۆدێرن (لە ١٨٠٠ ەوە). یەکێک لە خاسیەتەکانی تیۆری سیاسی مۆدێرن ئەوەیە کە زیاتر تاکید لە سەر ڕۆڵی مێژوو و کولتوور دەکاتەوە لە دەرخستنی تێگەیشتنی سیاسی. ئەوەی کە ئەفلاتون و ڕۆسۆ و مارکس نووسیویانە شتی زیاترمان پێ دەڵێن لە بارەی کۆمەڵگەکان و دۆخە مێژووییەکان

که تیایدا ژیان تا له بارەی پرسە سیاسی و ئەخلاقییەکان کە کاتیان دیار نییە. کەواتە ئەو ڕادەیەی کە تێگەیشتنی هاوچەرخ پەرەی پێ دەدرێت لە ڕێگەی دیراسەیەکی بیرمەندە سیاسەکانی ڕابردوو ڕەنگە تا سەر ئێسقان سنووردار بێت. چەند کەسێک دەتوانن لەمە بگەن کە دیراسەی بیرمەندە گەورەکان و دەقی کلاسیک بێ سوودە، بەڵام زۆربەی خەڵک ئێستا پەسنی ئەوە دەکەن کە هەر لێکدانەوەیەکی ئەم جۆرە بیرمەند و دەقانە دەبێ حیسابی دەقەکان بکرێت، هەروەها تا ڕادەیەک بگاتە ئەو قەناعەتەی کە هەموو لێکدانەوەیەک بەستراوەتەوە بە بەها و تێگەیشتنی ئێمە.

دووەم پێشکەوتن ئەوەیە کە تیۆری سیاسی زۆر جیاوازتر و بڵاوتر بووە. بە تایبەتی لە سەردەمی مۆدیرندا، دیارترین ڕێچکە لە هزری سیاسی ڕۆژئاواییدا لیبرالیزم بووە. کەواتە تیۆری سیاسی لە ڕێگەی مشتومڕێکی بەردەوام پێشکەوت لە نێوان لیبرالیزم و ڕکابەرە سەرەکییەکانی وەک سۆشیالیزمە مارکسییەکان و پارێزکاری CONSERVATIISM بەڵام، لە کاتی سەدەی بیستەهەمدا، تیۆری لیبراڵ بە چەندین قۆناغی جیا جیای گۆڕاندا تێ پەڕیوە، بۆ نموونە، ڕووبەڕووی تۆتالیتاریانیزم بووەوە، بە دوای ئاسوودەگی و دابەشکردنەوە گەڕا و خۆی کێشایەوە لە دەستتێوەردانی دەوڵەت. لە ئەنجامدا، تیۆری سیاسی مۆدێرن مشتومڕێک لەگەڵ سامانی لیبرال دروست دەکات. زنجیرەی ڕێچکە سیاسەکانی تر وەک ڕەخنە یان بەدیل بۆ تیۆری لیبرال سەریان هەڵداوە. ڕێچکەکانیش ئەمانە دەگرێتەوە: فێمیزنیزم FEMINISM و کۆمیونیتاریانیزم COMUNITARIANISM و ئیکۆلۆجیزم ECOLOGISM. بەڵام، گرینگە بگەیتە ئەو قەناعەتەی کە هیچ کام لەم ڕێچکانە سیستەمی هزر نین و پەیوەست نین بە مەنتقی جێگیر و نەگۆڕ. ڕێچکە سیاسەکان کۆمەڵێک ئایدیان کە هەندێ جار زنجیرەیەک باوەڕ لە خۆ دەگرن کە ململانێ و دژایەتی ڕێچکەکانی تر دەکەن.

لە کۆتاییدا، هزری سیاسی مۆدێرن متمانە بەخۆبوونە بەهێزەکەی لە سەردەمەکانی زوودا لە دەست داوە، لەم ڕووەوە بە شێوەیەکی کاریگەر دەستی لە گەڕانە تەقلیدییەکە بە دوای بەها گەردوونییەکان کە لە لایەن هەموو کەسێکەوە پەسنە هەڵگرتووە. ئەمەش ڕووی دا بە هۆی زۆر بوونی بە هەند وەرگرتنی ڕۆڵی



کۆمەڵگە و شوناسی مەحەلی لە ڕێکخستنی بەهاکان، هەروەها بەهۆی ئەوەش بوو کاتێ شەرعیەتی ڕێچکە سیاسییە غەیرە ڕۆژئاواییەکان بە قەد شەرعیەتی ڕێچکە سیاسییە ڕۆژئاواییەکان دانی پیا نرا. بەڵام، ئەمە هەڵوێستێکە بە تەواوی لە لایەن تیۆریستە پۆست مۆدێرنەکان شی کراوەتەوە. پۆست مۆدێرنیزم دژی تیۆری ' FOUNDATIONIST ' وەستایەوە (واتە ئەوانەی لە بناغەوە دەست پێ دەکەنەوە) لە سەر بنچینەی ئەوەی کە خاڵێکی بەرزی ئەخلاقی و ئەقڵی هەیە کە بەهۆیەوە دەتوانرێت حوکم لە سەر هەموو بەها و بانگەشەکان بۆ زانیاری بدرێت. ئەو واقیعەی کە تیایدا ناکۆکی بنەڕەتی بەردەوامە دەربارەی شوێنی ئەو خاڵە بەرزە پێشنیازی ئەوە دەکات کە کۆمەڵێک هەڵوێستی سیاسی و ئەخلاقی شەرعی هەیە، هەروەها زمان و چەمکە سیاسییەکانمان تەنیا لە ڕووی دەقەوە باوەڕ پێکراوە و هەر لە ڕێگای دەقەکەشەوە دێنە بەرهەم و بەکاردەهێنرێن. ئەنجامی ئەم ڕێچکەیەی هزر ئەوەیە کە تیۆری سیاسی ماڵێک نییە پڕ لە زانیاری کە گەورە هزرمەند و ڕێچکە سەرەکییەکان هامشۆی ئەم ماڵە بکەن، بگرە جۆرێکە لە دیالۆگ یان گفتوگۆ کە تیایدا مرۆڤەکان ڕا و بۆچوون و تێگەیشتنی جیا جیای خۆیان لەگەڵ یەکتر ئاڵوێر دەکەن.

## پۆست مۆدێرنیزم

پۆست مۆدێرنیزم زاراوەیەکی مشتومڕ هەڵگر و سەرئاڵۆزە کە یەکەم جار بە شێوەیەکی گشتی بەکار هێنرا بۆ باسکردنی بزووتنەوە تەجریبییەکان لە پێشکەوتنی کولتووری و زانستی بیناسازی ڕۆژئاوا. ئەسڵی هزری پۆست مۆدێرن دەگەڕێتەوە بۆ کیشوەری ئەوروپا، بە تایبەتی فەڕەنسا، هەروەها ئاستەنگێک دروست دەکات بۆ جۆری تیۆری سیاسی ئەکادیمی کە بوو بە پێوەرێک بۆ جیهانی ئەمریکی _ ئینگلیزی Anglo American World. بەڵام، لەوەتەی حەوتاکانەوە، تیۆرە سیاسییە پۆست مۆدێرن و پۆست سترەکتۆرەکان بە شێوەیەکی بەرچاو نوێ گەریان پێوە دیارە. بنەماکانیان دەکەوێتە سەر گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی درک پێکراو لە مۆدێرنیتەوە بۆ پۆست مۆدێرنیتە، هەروەها دەکەوێتە سەر گۆڕانێکی کولتووری و ڕۆشنبیری لە مۆدێرنیزمەوە بۆ پۆست مۆدێرنیزم. کۆمەڵگە مۆدێرنەکان وەها سەیر دەکران کە لە سەر هاوکاری چینەکان و پیشەسازییەوە پێک هاتوون، شوناسی کۆمەڵایەتی بە هۆی هەڵوێستی یەکێکەوە لە سیستەمێکی بەرهەمدار پەیدا دەبێت. لە لایەکی ترەوە، کۆمەڵگە پۆست مۆدێرنەکان کۆمەڵگەی

لێکترازا و فرە زانیارین کە تیایاندا تاک لە بەرهەم هێنەرەوە بگۆڕێت بۆ کڕیار، هەروەها تاک گەرایی شوێنی چین و باوەڕە ئاینی و ئەخلاقییەکان دەگرێتەوە. پۆست مۆدێرنیتی بەندە بە دوای پیشەسازی postindustrailism، پێشکەوتنی کۆمەڵگە هیچی تر پشت نابەستێت بە کارگەی پیشەسازی بگرە دەوەستێتە سەر مەعریفە و پێوەندی نێوان تاکەکان.

مۆدێرنیزم، فۆرمی کولتووری مۆدێرنیتەیە، سەرچاوەی گرتووە لە تیۆر و ئایدیا پڕشنگدارەکان و لە ڕووی سیاسیشەوە بە نەریتی ئایدیۆلۆژی دەردەبڕدرێت کە چەمکی زۆر چاکی پێشکەش بە ژیانێکی باش کرد. لیبرالیزم و مارکسیزم ڕوونترین نموونەی مۆدێرنیزمن. هزری مۆدێرنیست بە foundationalism ناسراوە، واتە: ئەو باوەڕەی کە دەکرێ ڕاستی خود و بەها گەردوونییەکان دابمەزرێت، هەمیشە بەستراوەتەوە بە باوەڕێکی بەهێز و پێشکەوتوو. بە پێچەوانەوە، بابەتی سەرەکی پۆست مۆدێرنیزم ئەوەیە کە شتێک نییە بە ناوی هەقیقەت: ئایدیای ڕاستی ڕەها و گەردوون وەک خۆ نواندنێکی لووت زل وازی لێ بهێنرێت. هەرچەندە پۆست مۆدێرنیزم بە هۆی سروشتەکەیەوە دەستەیەکی یەکگرتووی هزر پێک ناهێنێت، بۆچوونە ڕەخنەییەکەی بەرامبەر بە هەقیقەت لەو تێڕامانانە سەرچاوەی گرتووە کە هەموو مەعریفە بەشی و مەحەلییە، بۆچوونێکە لەگەڵ هزرمەندە کۆمیونیتارییەکان ئالووێری دەکات. پۆست سترەکتورالیزم post structuralism زاراوەیەکە هەندێ لە بری پۆست مۆدێرنیزم بەکار دەهێنرێت، جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەموو چەمک و ئایدیاکان بە زمانێک دەردەبڕدرێن کە خودی زمانەکە کەوتووەتە داوی پێوەندییەکی ئاڵۆزی هێزەوە. دواجار، تیۆری سیاسی لە سەرووی پێوەندییەکانی هێزەوە ناوەستێت و ڕێگە لە تێگەیشتنی لە سەرخۆ ناگرێت، بگرە بەشێکی جەوهەرییە لە پێوەندییەکانی هێز و شییان دەکاتەوە.

هزری پۆست مۆدێرنیستی لە دوو گۆشەوە ڕەخنەی لێ گیراوە. لە گۆشەی یەکەمدا، تۆمەتبار کراوە بە ڕێژەیی relativism، لەمەشیان ئەوە لە خۆ دەگرێت کە شێوازە جیاوازەکانی زانین بە یەکسانی باوەڕیان پێ دەکرێت و بۆیە ئەو ئایدیایە ڕەت دەکاتەوە گوایە تەنانەت زانستیش دەتوانێت جیاوازی بکات لە نێوان ڕاست و چەوتدا. دووەمیان، تۆمەتبار کراوە بە پارێزکاری conservativism، لە سەر بنچینەی ئەوەی کە هەڵوێستێکی سیاسی غەیرە فاوندەناشنالیست هیچ ڕوانگەیەکی نییە لێیەوە ڕەخنە لە ڕێکخستن بگیرێت و هیچ بنەمایەک نییە بۆ پێکهێنانی ڕێکخستنێکی ئەڵتەرناتیڤی کۆمەڵایەتی. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرنج ڕاکێشییەکەی تیۆری پۆست مۆدێرن لە پرسیارێکی نەکردە پەشیماندایە



دەربارەی هەقیقەتە ڕەقەکان و باوەڕە پەسن کراوەکان. جەختە گشتییەکەی لە سەر گفتوگۆ و مشتومڕ و دیموکراسی ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعەیە کە پەرت و بڵاوی ئایدیاکان و هەر بەربڵاوییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕەت دەکاتەوە.

## فەیلەسوفە سەرەکییەکان

### فرێدریک نیچە (١٨٤٤-١٩٠٠)

فەیلەوسوفێکی ئەڵمانییە. نیچە بە یەکێک لە هەرە گرینگترین پێشەنگی پۆست مۆدێرنیزم دادەنرێت. کارە ئاڵۆز و بەرزخوازییەکەی جەخت لە سەر گرینگی ویست will دەکاتەوە بە تایبەتی ویستی دەسەڵات، هەروەها تاکید لەوە دەکاتەوە کە خەڵک خۆیان جیهانی تایبەت بە خۆیان و بەهای تایبەت بە خۆیان دروست دەکەن. ئەمەش بە لای نیچە ئەوە دەگەیەنێت کە، نکۆڵی nihilism ی نیچە واتە: ڕەتکردنەوەی هەموو بنەما سیاسی و ئەخلاقییەکانە، کە هانی تیۆریستەکانی دواتری پۆست مۆدێرنیدا کە هەقیقەت بە خەیاڵ دابنێن و باوەڕ و بەهاکان بە سەروەری دەسەڵاتەوە ببەستنەوە. نووسینە هەرە بەناوبانگەکانی ئەمانەن: Thus Spoke Zarathustra 1883-4، لەو دیو باش و خراپ (١٨٨٦) و (لە سەر زانستی جیناتی ئەخلاقەوە) (١٨٨٧).

### مارتین هایدگەر (١٨٨٩- ١٩٧٦)

فەیلەسوفێکی ئەڵمانییە. هایدگەریش یەکێکە لە پێشەنگەکانی پۆست مۆدێرنیزم. کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبوو لە سەر پێشکەوتنی زانستی دیاردەگەری phenomenology و وجوودییەت existentialism. بناغەی سیستەمە فەلسەفییەکەی پرسیارێک بوو دەربارەی مانای " بوون" Being، کە مەبەستی ئەوەبوو خود ئاگایی self-conscious وجوودی هەیە. هەموو فەلسەفە سیاسییەکانی پێشوو ئەو هەڵەیان کردووە کە بە سروشتی مرۆڤ دەستیان پێ کردووە نەک بە سەلماندنی جەوهەری مرۆڤ وەک جیهانی دۆزینەوە. ئەمەش بووە هۆی زاڵبوونی تەکنەلۆژیا بە سەر وجوودی مرۆڤ کە هایدگەر پێی وابوو مرۆڤ دەتوانێت لێی ڕا بکات بە هۆی دروستکردنی پێوەندییەکی پێشکەوتووتر و پتەوتر بە " بوون". گرینگترین کتێبی هایدگەر " بوون و کات" (Being and Time (1927.

## جین فرانکۆیس لیوتارد (١٩٢٤- ) :

فەیلەسوفێکی فەرەنسییە. لیوتارد بەرپرسیار بوو لە بڵاو کردنەوە و دەرخستنی زاراوەی پۆست مۆدێرنیزم و دانانی پێناسەیەکی کورت و چڕ و پڕی بۆ دابنێت: " گومانێکە بەرەو گێڕانەوەی ڕاستییەکان". مەبەستی لەمە گومانێک بوو دەربارەی هەموو باوەڕ و ئایدیۆلۆژییەکان کە پشت دەبەستن بە تیۆرە گەردوونییەکانی مێژوو کە کۆمەڵگە بە کۆمەڵێکی دەستەبەر کراو دادەنێت. ئەمەش سەرچاوەی گرتووە لە لەدەستدانی دەسەڵاتی زانست کاتێ زانست لێک ترازا بۆ ژمارەیەک فۆرمی گفتوگۆکردن، هەروەها کاتێ " نواندن" یان " لێهاتوویی" ڕاستی وەک پێوەری بەهای خۆی بەلا وەنا. پۆست مارکسیزمی لیوتارد ڕەنگدانەوەی ئەو باوەڕەیەتی کە کۆمیونیزم وەک بەدیلێک بۆ سەرمایەداری لیبرال لە ناو برا. گرینگترین کاری

.the postmodern condition 1979

## مایکڵ فۆکۆڵت (١٩٢٦- ١٩٨٤)

فەیلەسوفێکی فەرەنسییە. فۆکۆڵت بایەخی بە فۆرمەکانی مەعریفە و دروستبوونی بابەتی مرۆڤ دەدا. کارە بەراییەکەی لقە جیا جیاکانی مەعریفە وەک " زانستی شوێنەوار ناسی" شی دەکاتەوە، جەخت لە سەر گفتوگۆ و پێکهاتەی بەربڵاو دەکاتەوە. سەرچاوەی کارەکەی ئەو باوەڕەیەتی کە مەعریفە زۆر بە قووڵی بەستراوەتەوە بە دەسەڵات، هەقیقەت هەمیشە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی بووە، هەروەها دەسەڵات هەمبەرهەم هێنەر و هەمیش قەدەغەکەرە. گرینگترین کارەکانی فۆکۆڵت ئەمانەن: شێتی و شارستانیەتی (١٩٦١)، شوێنەوار ناسی مەعریفە (١٩٦٩)، دسپلین و سزا (١٩٧٥) و مێژووی سێکس (١٩٧٦–٨٤).

## جاک دریدا (١٩٣٠- )

فەیلەسوفێکی فەرەنسییە. دریدا یەکێکە لە لایەنگرە سەرەکییەکانی تیۆری de-construction (واتە ئەو ئەرکەیە بۆ بەرزکردنەوەی چەند پرسیارێک دەربارەی ئەو دەقانەی کە ژیانی کولتووری پێک دەهێنن، چەندین هاودژی و ڕەخنە لە نووسەرەکانی ئەو دەقانە دەگرێت بەوەی کە تەواو ئاگادار نین بە بابەتەکە و تەواو بەرپرسیار نین لە دەقەکە)، هەرچەندە خۆیشی حەزی بە خودی زاراوەکە نەدەهات لە بەکارهێنانی. هەندێ جار پۆست سترەتورالیزمی لە بری دیکئنسرەکشن بەکار دەهێنا. هزری دریدا بۆ " جیاوازی" ڕەتی ئەو ئایدیایە دەکاتەوە کە جیاوازی



جێگیر هەیە لە زمان و تێکەڵییەکی بەردەوام لە نێوان ماناکاندا هەیە و هیچ دژێکیش لەمەدا نییە. کارە سەرەکییەکانی ئەمانەن: نووسین و جیاوازی (١٩٦٧)، پەراوێزەکانی فەلسەفە (١٩٧٢) و خەیاڵەکانی مارکس (١٩٩٣).

## ریچارد ڕۆرتی (١٩٣١- )

فەیلەسوفێکی ئەمریکییە. ڕۆرتی زۆر جەخت لە سەر پرسە سیاسییەکان دەکاتەوە، بەناوبانگە لە شیکردنەوەی و زمان و ئەقڵ. کارە بەراییەکەی ئەو ئایدیایە ڕەت دەکاتەوە کە هیچ خاڵێکی ئەوتۆ نییە حوکم لە سەر باوەڕەکان بکات، دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە خودی فەلسەفە دەبێ سەیر بکرێت وەک ئەوەی شتێک زیاتر نییە لە گفتوگۆ. لەگەڵ ئەوەشدا. پشتگیری ئەو بەشەی لیبرالیزم دەکات کە یەک دەکاتەوە لەگەڵ دیموکراسی کۆمەڵایەتی، کە بەو هۆیەوە هەندێ ڕەخنەی هەیە لە سەر ڕەهەندەکانی پۆست مۆدێرنیزم. ناسراوترین و باشترین کارەکانی ئەمانەن: فەلسەفە و ئاوێنەی سروشت (١٩٧٩)، pragmatism consequences of

1982 و contingency، Irony and Solidarity 1989 .

## کورتەی بەشی یەکەم

١- سیاسەت، بەشێکی، مشتومڕێکە لە سەر مانای ڕەوای زاراوەکان و چەمکەکان. زۆرجار زمان وەک چەکێکی سیاسی بەکاردەهێنرێت، وشەکان زۆر بە دەگمەن بێ لایەنن بگرە بوخچەیەکی ئایدیۆلۆژی و سیاسی هەڵدەگرن. گەر بەدەست هێنانی وشەیەکی زانستی بۆ سیاسەت زەحمەت بێت، ئەوا بە لایەنی کەم دەتوانین ئەو کارە بکەین کە وشەکان زۆر بە ڕوونی بەکار بێنین و ئەو مانایانەشی دەخەینە پاڵیان ڕوون بن.

٢- چەمکەکان بەردی بناغەی مەعریفەن. چەمکەکان هەندێ جار شێوازی دەرهەستن یانیش جۆرە میسالییەکانن، کە تەنیا نزیک دەبنەوە لەو واقیعەی کە هەوڵی تێگەیشتنی دەدەن. یان ئەوەتا وەسفکەرن واتە " ئەو شتە چییە" یانیش ئەوەتا پێوانەیین واتە دەربڕینی بۆچوون دەربارەی " ئەو شتە دەبێ چۆن بێت". مانای چەمکە سیاسییەکان زۆرجار هاودژن، هەندێکیان هەمیشە چەمکی هاودژن، واتە هەرگیز بێ لایەن نین یان پێناسەیەکی تەواویان بۆ نادۆزرێتەوە.

٣- کاتێ شیکردنەوەی سیاسی میتۆدە زانستییەکانی لێکۆڵینەوە بەکاردەهێنێت جیاوازییەکی ڕوون دەکێشێت لە نێوان هەقیقەت و بەهاکان، هەوڵ دەدات پەردە لە سەر مەعریفەی خودی و باوەڕپێکراو لا ببات، دوور دەکەوێتەوە لە تیۆری

پێوانەیی. لە کاتێکدا تیۆری سیاسی هەڵدەستێت بە دیراسەی شیکاری ئایدیا و چەمکەکان، هەردووکیان وەسفی و پێوانەیی، فەلسەفەی سیاسی هەوڵ بۆ پاک کردنەوەی تێگەیشتنی ئێمە دەدات بۆ ئەو جۆرە ئایدیا و چەمکانە بە هیوای پێشخستنی ژیری سیاسی.

٤- تیۆری سیاسی ڕووبەڕووی ژمارەیەک گرفت و ئاستەنگ بووەتەوە لە سەدەی بیستەم. جدیترینیان، پۆزەتیڤیزمە کە پێشنیازی کرد تەواوی ڕێچکەی هزری پێوانەیی سیاسی هیچ مانایەکی نییە. ژیانەوەی تیۆری سیاسی لەوەتەی شەستەکانەوە هۆشیارییەکی گرینگی مێژوویی و کولتووری و ئامادەیی زمانی سیاسی و چەمکە سیاسییەکانی بە دوادا هات شان بە شانی لێکترازانێکی گەورەتر لە نێو دسپلیندا.

## بەشی دووەم

# سروشتی مرۆڤ، تاک و کۆمەڵگە

پێشەکی

سروشتی مرۆڤ

تاک

کۆمەڵگا

کورتە

## پێشەکی

لە میانی ئەم کتێبە و بە هەقیقەت لە میانی تیۆری سیاسیشدا بابەتێک هەیە زۆر جار دووبارە دەبێتەوە، ئەویش: پێوەندی نێوان تاک و کۆمەڵگەیە. ئەم پێوەندییەش بەندە بە زۆربەی هەرە زۆری گفتوگۆ و مشتومڕە سیاسییەکان وەک: سروشتی داد، جیهانی دیاری ئازادی، ئارەزووی یەکسانی و بەها سیاسییەکان و تا دوایی. لە جەرگەی ئەم بابەتەشدا ئایدیای سروشتی مرۆڤ هەیە کە بوونەوەری مرۆڤ پێک دەهێنێت. زۆربەی ڕێچکە و باوەڕەکان دەوەستنە سەر جۆرێک لە تیۆری سروشتی مرۆڤ، هەندێ جار زۆر بە ڕوونی دادەڕێژرێت بەڵام لە گەلێ حاڵەتدا زۆر بە سادەیی دەردەکەوێت. گەر کارەکە پێچەوانە بکەینەوە ئەوا دەبێ توخمە مرۆییە ئاڵۆز و نە بەربینەکان لە نێو سیاسەتدا دەربهێنین.

بەڵام، چەمکی سروشتی مرۆڤیش یەکێکە لە سەرچاوە پڕ ئاستەنگەکان بۆ تیۆریستە سیاسییەکان. ڕێچەکەکانی سروشتی مرۆڤ بە شێوەیەکی بەرچاو هەمەجۆرن، هەروەها هەر ڕێچکەیەک بە شێوازێکی ڕادیکالی چەند ڕێنماییەکی هەیە بۆ ئەوەی چۆن ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕێک بخرێت. بۆ نموونە، ئایا مرۆڤ خۆپەرستە یان کۆمەڵایەتییە، ئەقلانییە یان نا ئەقلانییە، لە ڕووی جەوهەرەوە ئەخلاقییە یان لە بنەڕەتدا گەندەڵە؟ ئایا لە ناخەوە ئاژەڵێکی سیاسییە یان بوونەوەرێکی تایبەتە؟ وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە تا سەر ئێسقان بەستراوەتەوە بە پێوەندی نێوان تاک و کۆمەڵگە. بە تایبەتی ئەم پرسیارە: تا چەند هەڵسوکەوتی مرۆڤ بە هۆی هێزە سروشتییەکان یان هێزە بۆهێڵییەکان (القوات الفطريه)

Innate Forces پێک هاتووە و تا چەندیش بە هۆی ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە دروست دەبن؟ ئایا مرۆڤ " تاکەکان" سەربەخۆن لە یەکتر و خاوەنی سیفەتی بێ وێنە و جیا جیان، یان ئایا کاهینی کۆمەڵایەتین، کە شوناس و هەڵسوکەوتیان پێکهاتووە بە هۆی ئەو گرووپانەی کە سەر بەوانن؟ ئەم جۆرە پرسیارانە نەک هەر تەنیا بابەتەکانی مشتومڕی فەلسەفیان تێوەگلاندووە، وەک هەڵبژاردنی نێوان (مرۆڤ کردە و سروشت) Nature and Nurture، بگرە بوونەتە بەردی بناغەی یەکێک لە قووڵترین بەشە ئایدیۆلۆژییەکان، ئەویش: ململانێی نێوان تاک و کۆمەڵ.



## سروشتی مرۆڤ

زۆربەی جار ئایدیای سروشتی مرۆڤ لە شێوەیەکی گشتی و سادەدا بەکار دەهێنرێت، وەک بڵێی جۆرێکە لە کورتکراوە بۆ " خەڵک بەڕاستی وەک چی وان". بەڵام، لە کردەدا، گەر قسە لە سەر "سروشتی مرۆڤ" بکەین ئەوا دەبێ ژمارەیەک ئەگەری زۆر گرینگ دروست بکەین دەربارەی مرۆڤ و ئەو کۆمەڵگەیانەی تیایدا دەژین. هەرچەندە ڕەنگە بۆچوونەکان جیاواز بن دەربارەی ناوەڕۆکی سروشتی مرۆڤ، بەڵام خودی چەمکەکە مانایەکی ڕوون و ئاشکرای هەیە. سروشتی مرۆڤ ئاماژەیەکە بە سیفەتی جەوهەری و جێگیری هەموو مرۆڤەکان. جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە چی بۆهێڵی و سروشتییە دەربارەی ژیانی مرۆڤ، هاوکات پێوەندی بەوە نییە کە مرۆڤ چی لە پەروەردە و ئەزموونی کۆمەڵایەتییەوە بە دەست هێناوە. بەڵام، ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەوانەی، لەو باوەڕەدان هەڵسوکەوتی مرۆڤ زیاتر بە هۆی کۆمەڵگەوە پێکهاتووە نەک بە هۆی سیفەتە نەگۆڕ و غەریزییەکان، بە تەواوی ئایدیای سروشتی مرۆڤ دەخەنە پەراوێزەوە. بە هەقیقەت، دووپاتکردنەوەی ئەمەش دەوەستێتە سەر لێکدانەوە ڕوونەکان دەربارەی سیفەتە غەریزییەکانی مرۆڤ، لەم حاڵەتەدا، دەوەستێتە سەر توانای پێکهاتن یان وەرگرتنی قالبێک پڕ بە پێستی خۆی بە هۆی هۆکارە دەرەکییەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، ژمارەیەکی سنووردار لە هزرمەندە سیاسییەکان بە کراوەیی ئایدیای سروشتی مرۆڤ ڕەت دەکەنەوە. بۆ نموونە، فەیلەسووفی فەڕەنسی لە بواری وجوودییەت، جان پۆل سارتەر Jean Paul Sartre 1905-80 مشتومڕی ئەوە دەکات کە هیچ شتێک نییە بە ناوی " سروشتی مرۆڤ" سوور بێت لە سەر ئەوەی چۆن خەڵک کار دەکات و هەڵسوکەوت دەکات. بە ڕای سارتەر، وجوود پێشی جەوهەر دێت، واتە مرۆڤ چێژ لە ئازادی وەردەگرێت بۆ پێناسەکردنی خۆی لە ڕێگەی کاروبارەکانی، لە هەر حاڵەتێکدا دووپاتکردنەوەی هەر چەمکێکی سروشتی مرۆڤ هەڕەشەیەکە بۆ ئەو ئازادییە.

بەڵام بەکارهێنانی چەمکێکی سروشتی مرۆڤ بۆ بچووک کردنەوەی ژیانی مرۆڤ نییە بۆ یەک کاریکاتێری تاک ڕەهەند. زۆربەی هزرمەندە سیاسییەکان بە تەواوی ئاگادارن لەوەی کە مرۆڤ مەخلوقێکی ئاڵۆز و فرە ڕووە، لە توخمی بایۆلۆژی و

جەستەیی و دەروونزانی و کۆمەڵایەتی و ڕوحی دروست کراوە. چەمکی سروشتی مرۆڤ ئەم ئاڵۆزییە ناشارێتەوە یان چاودێری ناکات وەک هەوڵێک بۆ سەپاندنی فەرمان بە سەریدا بە هۆی دیارکردنی چەند سیفەتێکی وەک " سروشتی" یان " جەوهەری". وێڕای ئەمە، کارێکی زۆر ماقووڵە گەر هەر جۆرە شتێک وەک ناوەڕۆکی مرۆڤ وجوودی هەبێت دەبێ لە هەڵسوکەوتی مرۆڤدا ڕەنگ بداتەوە. کەواتە سروشتی مرۆڤ دەبێ لە شێوازەکانی ئەو هەڵسوکەتانەی مرۆڤ ڕەنگ بداتەوە کە هەڵسوکەوتی ڕێک پێک و غەریزی مرۆڤن. بۆ نموونە، سەرەڕای هەبوونی بەڵگە لە سەر هەڵسوکەوتی خۆپەرستی و چڵێسی، کۆمەڵناسەکان هێشتا لە سەر ئەو باوەڕەن کە مرۆڤەکان کۆمەڵایەتین و ڕوحی هەرەوزیان تێدایە، کۆمەڵناسەکان مشتومڕی ئەوە دەکەن کە ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانە لە نێو کۆمەڵگەوە دروست بووینە و هەڵسوکەوتی سروشتی مرۆڤ نین. لەم ڕووەوە، گرینگە ئەوەمان لە بیر بێت کە سروشتی مرۆڤ بە هیچ شێوەیەک چەمکێکی وەسفی یان زانستی نییە. هەرچەندە تیۆرەکانی سروشتی مرۆڤ ڕەنگە بانگەشەی بنەمای زانستی و تاقیکردنەوەیی بکەن، بەڵام هیچ تاقی کردنەوەیەک یان لێکۆڵینەوەیەکی پزیشکی ناتوانێت جەوهەری مرۆڤ بە دەر بخات. کەواتە هەموو شێوازەکانی سروشتی مرۆڤ پێوانەیین: پێکهاتوون لە بۆچوونە ئەخلاقی و فەلسەفییەکان، کەواتە سروشتی مرۆڤ لە بنەڕەتەوە تاقی ناکرێتەوە و تاقی نەکراوەیە.

گفتوگۆی بێ شوومار دەربارەی سروشتی مرۆڤ ساز دراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، چەند مشتومڕێک تایبەتن بە تیۆری سیاسی. لە سەرووی هەموو ئەو مشتومڕانە، مشتومڕی "سروشت/مرۆڤ کردە"یە. ئایا بوونەوەری مرۆڤ بەرهەمی هۆکارە فترییەکان یان بایۆلۆژییەکانە، یاخۆ ئایا لە پەروەردە و ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکان پێکهاتووە؟ ڕوونە، ئەم جۆرە پرسیارە بە قووڵی بەندە بە پێوەندی نێوان تاک و کۆمەڵگە. پرسیاری گرینگیش دەربارەی ئەو پلەیە کراوە کە هەڵسوکەوتی مرۆڤ بە ئەقڵ دووپات دەکرێتەوە، پرسیار گەلێکن کە دەوەستنە سەر پرسەکانی وەک ئازادی تاک و ئۆتۆنۆمی کەسی (شەخسی). ئایا مرۆڤ دروستکراوی ئەقلانین و ئەقڵ و گفتوگۆ و حیسابات ڕێبەریان دەکات، یان ئایا بە ڕێگایەک دیلی ژێر دەستی سۆز و ڕێگاکانی نا ئەقلانین؟ لە کۆتاییدا، چەند پرسیارێک هەن دەربارەی هێزەکانی کار



یاخۆ پاڵنەرەکان کە زاڵن بە سەر هەڵسوکەوتی مرۆڤ. بە تایبەتی ئەم پرسیارە، ئایا مرۆڤ سروشتی خۆ ویست و خود پەرستە، یان ئایا جەوهەرییەن بوونەوەری خۆ نەویست و کۆمەڵایەتین و ڕۆحی هەرەوزییان تیادا هەیە؟ ئەم جۆرە ڕەچاو کردنانە ئێجگار گرینگن لە دیاریکردنی ڕێکخستنی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دابەشکردنی سامان و سەرچاوەکانی تر.

## سروشت بەرامبەر مرۆڤ کردە Nature versus Nurture

بنەڕەتترین و گرینگترین مشتومڕ دەربارەی سروشتی مرۆڤ پەیوەستە بەو هۆکار یان هێزانەی کە سروشتەکە پێک دەهێنن. ئایا جەوهەری سروشتی مرۆڤ جا چ جێگیر یان بەخشراو بێت بە هۆی " سروشت"ەوە دروست دەبێت، یان ئەوەتا بە هۆی کاریگەری ئەزموونی کۆمەڵایەتی یان بە هۆی " مرۆڤ کردە" دەستی مرۆڤەوە دروست دەبێت. لەم حاڵەتەدا، "سروشت" واتە هۆکاری بایۆلۆژی و جینی، ئەمەش پێشنیازی ئەوە دەکات کە جەوهەرێکی پتەو و نەگۆڕی مرۆڤ لە ئارادا هەیە. گرینگی سیاسی ئەو جۆرە باوەڕەیە کە لێرەدا ڕەوچاو دەکرێت. یەکەم، ئەم گرینگییە ئەوە دەگەیەنێت کە دەبێ تیۆرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە سەر بنەمای چەمکی سروشتی مرۆڤ پێک بهێنرێن کە ئەو چەمکە پێشتر وجوودی هەبێت. زۆر بە سادەیی دیارە کە مرۆڤ ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگە نییە بگرە کۆمەڵگە ڕەنگدانەوەی سروشتی مرۆڤە. دووەمیان، ئەو گرینگییە سیاسییە پێشنیازی ئەوە دەکات کە ڕەگەکانی تێگەیشتنی سیاسی بە شێوەیەکی گشتی دەکەوێتە نێو زانستە سروشتییەکان، بە تایبەتیش نێو بایۆلۆژی. کەواتە مشتومڕە سیاسییەکان دەبێ لە سەر بنەمای تیۆرە بایۆلۆژییەکان ساز بدرێن، بۆ ئەوەی سیفەتێکی زانستی ببەخشن بە مشتومڕەکان. ئەمەش یارمەتیمان دەدات لە شیکردنەوەی ئەوەی بۆچی تیۆرە بایۆلۆژییەکانی سیاسەت لە سەدەی بیستەمدا بۆ نێو ڕەهەندێکی جەماوەری گەشەی سەندووە.

بێگومان، ئەو تیۆرە بایۆلۆژییەی کە کاریگەری گەورەتری هەبووە لە سەر هزرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان تیۆری هەڵبژاردنی سروشت بووە، کە لە لایەن چارڵس

داروین Charles Darwin 1809-82 لە کتێبەکەی بە ناوی "لە سەر ئەسڵی جۆرەکان" On the Origin of Species 1859-1986 گەشەی پێ دراوە. ئامانجی داروین بۆ شیکردنەوەی شێوەی بێ سنووری "ڕەگەز"ە Species کە لە سەر زەوی وجوودی هەبووە. داروین پێشنیازی ئەوە دەکات کە هەر ڕەگەزێک گەشە دەکات لە ڕێگای زنجیرەیەک گۆڕانی هەڕەمەکی جینی، کە هەندێک لەو گۆڕانانە گونجاون بۆ ڕەگەزەکان بۆ مانەوە و گەشە کردن، بەڵام جۆرە بێ بەختەکانیش بەرەو نەمان دەبەن. هەرچەندە وا دەردەکەوێت کە داروین هەستی بەوە کردووە تیۆرەکانی خۆی ڕەگ و ڕیشەیەکی سیاسییان هەیە، بۆیە ئەو ڕێگایەی هەڵبژارد کە خۆی گەشە بە تیۆرەکانی نەدات. یەکەم هەوڵ بۆ پێشخستنی تیۆرێکی داروینیزمی کۆمەلایەتی لە لایەن هێربەرت سپێنسەرەوە درا (١٨٢٠–١٩٠٣) لە کتێبەکەی بە ناوی (مرۆڤ بەرامبەر دەوڵەت) (1884-1940) The Man versus the State. سپێنسەر زاراوەکەی داتاشی بۆ "مانەوەی گونجاوترین the survival of the fittest واتە ئەوەی زۆرترین گونجانی هەبێت، ئەو دەمێنێتەوە بۆ باسکردنی ئەوەی باوەڕی پێ هەبوو ببێتە کۆششێکی بێ کۆتا لە نێو مرۆڤدا، واتە ئەوەی بە باشترین شێوە دەگونجێت لە نێو سروشت لە پێشەنگدا دەبێت و دەمێنێتەوە، هەروەها ئەوەشی کە کەمتر دەگونجێت یان هەر ناگونجێت لە نێو سروشت لە خوارەوەدا نقووم دەبێت. لەم حاڵەتەدا، سەرکەوتن و ژێرکەوتن، دەوڵەمەندی و هەژاری لە ڕووی بایۆلۆژییەوە بڕیاریان لە سەر دەدرێت، دەست خستنە نێو ئەم پرۆسەیەی هەڵبژاردنی سروشتە، خزمەتێکە تەنیا بۆ بێهێز کردنی ڕەگەزەکانە. ئەو جۆرە ئایدیانە کاریگەرییەکی قووڵیان لە سەر لیبرالیزم هەیە کە بنچینەی بایۆلۆژی پێ دەبەخشن بۆ وەستانەوە لە دژی دەستتێوەردانی دەوڵەت لە ڕووی ژیانی ئابووری و کۆمەلایەتییەوە. داروینیزمی کۆمەلایەتی یارمەتی دروست بوونی باوەڕی (فاشیستی)یش دەدات لە کۆششێکی بێ کۆتای نێو نەتەوە هەمەجۆرەکان یان ڕەگەزەکان لە جیهاندا.

لە سەدەی بیستەهەمدا، تیۆرە سیاسییەکان کاریگەرییەکی زۆری ئایدیا بایۆلۆژییەکانیان لە سەر بوو. بۆ نموونە، هەندێ زانا لە بواری هەڵسوکەوتی ئاژەڵاندا ethologists وەک "کۆنراد لۆرێنز و نیکۆ تیمبێرگن" پەرەیان بە چەند تیۆرێک



دا دەربارەی هەڵسوکەوتی مرۆڤ بە پشت بەستن بەو دیراسە چڕوپڕانەی کە لە بارەی هەڵسوکەوتی ئاژەڵانەوە ئەنجامیان دابوو. لە کتێبەکەی بە ناوی " لە سەر دوژمنکاری On Aggression 1966، لۆرێنز پێشنیازی ئەوەی کرد کە دوژمنکاری هەڵسوکەوتێکی سروشتییە لە نێو هەموو ڕەگەزەکاندا دۆزراوەتەوە، تەنانەت ڕەگەزی مرۆڤیش. هەندێ نووسەری وەک ڕۆبێرت ئاردری کاریان لە سەر ئەو جۆرە ئایدیانە کردووە کە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان هەیە لە سەر شیکردنەوەی جەنگ و توندوتیژی کۆمەلایەتی لە ڕێگەی ناوزەند کردنی ئەو هەڵسوکەوتانە بە هەڵسوکەوتی غەریزی و ناوچەیی. ساڵانی حەوتاکان سەرهەڵدانی سۆشیۆبایۆلۆژی Sociobiology بە خۆوە بینی، واتە هەوڵدان بۆ پەردە لادان لە سەر بنەما بایۆلۆژییەکانی هەموو هەڵسوکەوتە کۆمەلایەتییەکان. یەکێک لە هەرە کاریگەرترین شاکار لە بواری سۆشیۆبایۆلۆژی، کارەکەی ڕیچارد دۆکینس بە ناوی " جینی خۆویست" The Selfish Gene 1989، کە باسی ئەوە دەکات پیاو وەک "ئامێرێکی جینی" وایە. دۆکینس پێشنیازی ئەوە دەکات کە ڕەگی خۆویستی Selfishness و خۆنەویستی Altruism لە نێو بایۆلۆژیدایە. هەرچەندە سۆشیۆلۆجیستەکان پەسنی ئەوە دەکەن کە پەروەردە و گونجانیش دەتوانن کار لە هەڵسوکەوتی مرۆڤ بکەن، بۆیە جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە کە هۆکارە بایۆلۆژییەکان پێویستن لە شیکردنەوەی ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی.

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، ئەو تیۆرە بایۆلۆژییانە گەردوونگەرایی Universalism لە خۆ دەگرن، پێیان وایە مرۆڤ سیفەتی گشتی یان گەردوونی هاوبەشیان هەیە لە سەر بنچینەی جیناتی بۆماوەییان genetic inheritance. بەڵام، تیۆرەکانی تر پێیان وایە کە جیاوازی بنەڕەتی بایۆلۆژی هەیە لە نێو مرۆڤەکاندا، کە ئەمانەش دەگەڕێنەوە سەر گرینگی سیاسی. ئەمە لە حاڵەتی تیۆری ڕەگەزپەرستەکان جێبەجێ دەبێت کە مامەڵە لەگەڵ چەند ڕەگەزێکی هەمەجۆر دەکەن وەک بڵێی ئەوان ڕەگەزی جیا و بێ وێنەن. ڕەگەز پەرستەکان پێیان وایە کە جیاوازی بنچینەیی جیناتی لە نێو ڕەگەزەکانی مرۆڤی سەر ئەم جیهانەدا هەن، ئەم جیاوازییەش ڕەنگدانەوەی بۆماوەی بێ وێنەی جەستەیی و دەروونزانی و ڕۆشنبیرییە. ڕەگەز پەرستی لەوپەڕی شێوە تایبەتییەکەی لە مەزهەبی نازی ئاریانیزمەوە دەربڕاوە، ئەو باوەڕەیە کە خەڵکی

ئەڵمانی ڕەگەزی سەرەکییە، واتە سەرۆکی هەموو ڕەگەزەکانی ترن. یەکێک لە قوتابخانەکانی فێمینیزمی ڕادیکاڵی، کە هەندێ جار پێی دەوترێت فێمینیزمی جوداخوازی، پێی وایە کە جیاوازی بایۆلۆژی و نەگۆڕ لە نێو مرۆڤەکاندا هەن، لەم حاڵەتە واتە لە نێوان ئافرەت و پیاودا . ئەم تیۆرە پێی دەوترێت جەوهەرییەت essential-ism چونکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە جیاوازی نێوان ئافرەت و پیاو لە نێو جەوهەرییەتی سروشتەکەیان ڕەگی داکوتاوە. کەواتە، نایەکسانی سێکسی ناوەستێتە سەر سازانی کۆمەڵایەتی بگرە دەوەستێتە سەر ڕێکخستنی بایۆلۆژی سێکسی نێر بۆ زاڵبوون و هەڵقۆزینەوە و چەوساندنەوەی سێکسی مێ. بۆ نموونە، سوزان براونمیلەر لە کتێبەکەی بە ناوی (لە دژی "ویست"مان) In against our Will 1975، پێشنیازی ئەوە دەکات کە هەموو پیاوێک لە ڕووی بایۆلۆژییەوە بەرنامە داڕێژ کراوە بۆ زاڵبوون بە سەر هەموو ئافرەتێک، ئەم کارەش ئەنجام دەدەن لە ڕێگەی دەستدرێژی سێکسییان ترسی دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر ئافرەت.

بە پێچەوانەوە، تیۆرەکانی تری سروشتی مرۆڤ زیاتر تیشک دەخەنە سەر "مرۆڤ کردە" Nurture، واتە کاریگەری ژینگەی کۆمەڵایەتی یاخۆ ئەزموون لە سەر سیفەتی مرۆڤ. ڕوون و ئاشکرایە، ئەم جۆرە بۆچوونانە گرینگی هۆکارە بایۆلۆژییە نەگۆڕ و جێگیرەکان کەم دەکەنەوە، لە بری ئەوە جەخت لە سەر جۆرایەتی گۆڕاوی سروشتی مرۆڤ دەکەنەوە، یان جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە کە پێی دەوترێت پلاستیکی plas-ticity واتە بە ئاسانی بە چەندین شێوە خۆی دەگۆڕێت. گرینگی ئەم جۆرە تیۆرانە بۆ گۆڕینی تێگەیشتنی سیاسی لە بایۆلۆژییەوە بۆ کۆمەڵایەتی. هەڵسوکەوتی سیاسی شتێکی کەمترمان دەربارەی جەوهەری جێگیری مرۆڤ پێ دەڵێ تا دەربارەی پێکهاتەی کۆمەڵگە. وێڕای ئەمە، بە هۆی ئازاد کردنی مرۆڤ لە زنجیرە بایۆلۆژیەکەی، ئەم جۆرە تیۆرانە زۆر جار، گەر بە کراوەیی یوتۆپیا نەبێت، ئەنجامی زۆر گەشبینییان لێ دەکەوێتەوە. کاتێ سروشتی مرۆڤ دەبەخشرێت، ئەگەری پێشکەوتن و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی ئاشکرا سنووردار دەکرێت، بەڵام، گەر سروشتی مرۆڤ وەک پلاستیک بێت (بە ئاسانی بە هەر شێوەیەک بیەوێت بیگۆڕێت)، ئەوا ئەو دەرفەتانەی ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبنەوە ڕاستەوخۆ فراوان و



تەواو بێ سنوور دەبن. بۆیە دەتوانین بە وردی زاڵ بین بە سەر نەهامەتییەکانی وەک هەژاری و ململانێی کۆمەڵایەتی و چەوساندنەوەی سیاسی و نایەکسانی گێندەری چونکە بنەڕەتەکانییان کۆمەڵایەتین نەک بایۆلۆژی.

ئەو ئایدیایەی کە دەڵێت سروشتی مرۆڤ وەک پلاستیکە، بە هۆی هێزە دەرەکییەکانەوە دروست بووە، سەرچاوەی گەلێ تیۆرە کۆمەڵایەتییەکانە. کۆمەڵناسی بەریتانی (ڕۆبێرت ئۆوین) لە کتێبەکەی بە ناوی (بۆچوونێکی نوێی کۆمەڵگە) ("١٨١٦" _ ١٩٧٢) پەرەی بە بنەمایەکی سادەدا کە " ڕەنگە هەر سیفەتێکی گشتی لە باشترینەوە بۆ خراپترین، لە کەمتەرخەمترینیان بۆ پڕ بایەخترینیان، بدرێت بە هەر کۆمەڵگەیەک". لە نووسینەکانی کارل مارکسدا، ئەم ئایدیایە پەرەی پێ درا لە ڕێگەی هەوڵێک بۆ دەرخستنی ئەو ئەنجامەی بۆچی و چۆن ژینگە کۆمەڵایەتییەکان هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەگونجێنن. مارکس دەڵێت: هۆشمەندی دووپاتی بوونی مرۆڤ ناکاتەوە، بگرە بە پێچەوانەوە، بوونی کۆمەڵایەتی مرۆڤ دووپاتی هۆشمەندییان دەکاتەوە". مارکس و شاگردە مارکسییەکان پێیان وایە کە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری کاریگەرییان لە سەرە بە هۆی شێوازی بەرهەمهێنانی ژیانی مادی، واتە وجوودی سیستەمی ئابووری. بەڵام، مارکس باوەڕی بەوە نەبوو کە سروشتی مرۆڤ ڕەنگدانەوەیەکی ناچالاکی ژینگە مادییەکەی بێت. بگرە، مرۆڤەکان کرێکارن، بەردەوام پەیوەستن بە هێنانە کایە و دووبارە دروستکردنەوەی ئەو جیهانەن کە تیایدا دەژین. بۆیە، بە بۆچوونی مارکس، سروشتی مرۆڤ پێک دێت لە ڕێگەی پێوەندییەکی پتەو نێوان مرۆڤ و جیهانی مادی. زۆرینەی فێمینیستەکان بەشداری ئەو بۆچوونە دەکەن کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا هەڵسوکەوتی مرۆڤ بە هۆی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانەوە دروست نابێت. بۆ نموونە، سیمۆن دیبوڤوار لە شاکارەکەی بە ناوی (سێکسی دووەم) دەڵێت " کەس بە ئافرەتی لە دایک نابێت: هەر ئەو کەسە دەکرێتە ئافرەت". لە ڕەتکردنەوەی فیکرەی جیاوازییە جەوهەرییەکان لە نێوان ئافرەت و پیاودا، فێمینیستەکان لە بنەڕەتدا وێنەی نێرەموکییان بێ سێکسی سروشتی مرۆڤیان پەسەند کردووە. لە بەرئەوەی سێکسیزم لە ڕێگەی گونجانی کۆمەڵایەتییەوە بۆ پەیدا کردنی مناڵ بووە بۆ مانەوەی بوونەوەری مرۆڤ، بە تایبەتی

له نێو خێزاندا، بۆیه دهتوانرێت ڕووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ بکرێت و لە کۆتاییدا زاڵ بین بە سەریدا.

وێنەی سروشتی مرۆڤ وەک جەوهەرێکی گۆڕاو، دروست بوو بە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان، لە لایەن دەروونزانەکانی بواری هەڵسوکەوتی مرۆڤ پشتگیری لێ کراوە وەک أ. ڤ. پاڤلۆڤ و جۆن واتسن و ب.ف. سکینەر. ئەم دەروونزانانە باسی ئەوە دەکەن کە هەڵسوکەوتی مرۆڤ بە سادەیی لێک دەدرێتەوە لە ڕووی ڕەنگدانەوە یاخۆ بەرسڤی ئەوتۆ کە بە هۆیەوە سروشتی مرۆڤ ئاسەواری ژینگەی خۆی لە ئامێز دەگرێت. بۆ نموونە، پاڤلۆڤ ئەوەی خستە ڕوو چۆن ئاژەڵ دەتوانێت لە ڕێگەی پرۆسەیەکی سنووورداری خۆ گونجانەوە فێر بێت، لە ڕێگەی پاداشتکردنی کاتێ هەڵسوکەوتێکی ڕاست دەکات. ئەو جۆرە ئایدیانە بوونە بنەماکانی دەروونزانی لە یەکیەتیی سۆڤیەت کە تیایدا هەڵسوکەوتی سادە بە سەرچاوەی بەخشینی بەڵگەی زانستی دادەنرا بۆ تیۆرە کۆمەڵایەتییەکانی مارکس. ب.ف. سکینەر دەروونزانی ئەمریکی پرۆسە ناوەکییەکان بە تەواوی ڕەت کردەوە، وەسفی ئۆرگانیزمی مرۆڤ دەکات وەک (سندوقێکی ڕەش). لە کتێبەکەی بە ناوی (لەو دیو ئازادی و شکۆمەندییەوە) (١٩٧١)، سکینەر وێنەیەکی شیاو و بەرچاوی سروشتی مرۆڤ دەخاتە بەردەست، نکۆڵی لە هەر فۆرمێکی ویستی ئازاد free will دەکاتەوە و پێشنیازی ئەوە دەکات: هیچ شکۆمەندیەک و شانازی بە خۆکردنێک زیاتر نییە لە سەگەکەی پاڤلۆڤ. ئەو جۆرە ئایدیانە بە فراوانی بەکارهێنران بۆ پاڵپشتی ئایدیەی ئەندازیاری کۆمەڵایەتی، ئایدیای ئەندازیاری کۆمەڵایەتی: ئێمە دەتوانین مرۆڤێک (لە ڕووی هەڵسوکەوتەوە) دروست بکەین بە هۆی پێکهێنانی ژینگەیەکی گونجاوی کۆمەڵایەتی.

## هزر بەرامبەر غەریزە

مشتومڕی دووەم جەخت دەکاتە سەر ڕۆڵی ئەقڵانییەت لە ژیانی مرۆڤدا. بەڵام، ئەمە مانای هەڵبژاردنی نێوان ئەقڵانییەت و نائەقڵانییەت نییە. پرسی سەرەکی ئەو خاڵەیە کە لێیەوە ئەقڵێکی ژێر کار لە هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەکات، جیاوازییەک



پێشنیاز دەکات لە نێوان ئەوانەی جەخت دەکەنە سەر بیرکردنەوە و شرۆڤە کردن و لێکدانەوەی ئەقڵانی، هەروەها ئەوانەی کە پەنجە دەخەنە سەر ڕۆڵی پەرۆشیەکی لە ناکاو و غەریزەکان و لایەنە غەیرە ئەقلانییەکانی تر. دووپات کردنەوەی گرینگی لایەنی غەیرە ئەقڵانی مانای ئەوە ناگەیەنێت کار لە کەس بکات بە تەواوی ئەقڵ ڕەت بکاتەوە. بە هەقیقەت، گەلێ لەو جۆرە تیۆرانە لە نێو بوارە پێشکەوتووەکانی ئەقڵانییەت و زانستییەوە گەشەیان سەندووە.

باوەڕ لە ئەقڵی مرۆڤ گەیشتە ئەوپەڕی لە کاتی سەردەمی ڕووناک بوونەوەدا واتە سەردەمی ئەقڵ Age of Reason لە سەدەی حەڤدەیەم و هەژدەیەمدا. لەو سەردەمەدا، فەیلەسووف و هزرمەندە سیاسییەکان ڕوویان وەرگێڕا لە باوەڕ و دۆگما ئاینییەکان، لە بری ئەمانەشدا ئایدیاکانیان پشت ئەستوور کرد بە ئەقڵانییەت، باوەڕێک کە کارەکانی جیهانی جەستەیی و کۆمەڵایەتی دەتوانرێت بە هۆی پیادە کردنی ئەقڵ بە تەنیا شی بکرێتەوە. لەم بۆچوونەدا، مرۆڤ لە جەوهەردا مەخلوقێکی ئەقلانییە، ڕێبەری دەکرێت لە لایەن هزر و پرۆسەی گفتوگۆ کردن و شرۆڤە کردن و مشتومڕ. ئەم جۆرە ئایدیایە زۆر بە ڕوونی لە لایەن فەیلەسووفی فەرەنسی باس کراوە ڕێنۆ دیکارت (١٥٩٦–١٦٥٠). کاتێ دیکارت ڕایگەیاند " من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم"، مرۆڤی وەک ئامێرێکی بیر کردنەوە پێناسە کرد، واتە ئەقڵ تەواو جودایە لە لاشە. ئەقلانییەت ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤ ئەو توانایەی هەیە بۆ ڕێکخستنی ژیان و جیهانی خۆی. گەر مرۆڤەکان مەخلوقی ئەقڵانی بن ئەوا زۆر چێژ لە ویستی ئازاد و چارەی خۆ نووسینی خۆیان دەکەن: خەڵک خۆیان بۆ خۆیان سەرپشکن لە هەڵبژاردن. کەواتە، تیۆرە ئەقلانییەکانی سروشتی مرۆڤ جەخت دەکەنە سەر گرینگی ئازادی و ئۆتۆنۆمی تاک. سەرەڕای ئەوەش، ئەقڵانییەت زۆرجار پشتگیری ڕێچکە سیاسییە شۆڕشگێڕییان ڕادیکاڵییەکان دەکات. تا ئەو ڕادەیەی کە مرۆڤ توانای تێگەیشتنی جیهانی خۆی هەیە، توانای چاککردن و بەرەو پێش بردنیشی هەیە.

ئایدیا ئەقڵانییەکانی پێشوو لە لایەن فەیلەسوفەکانی یۆنانی کۆن پەرەیان پێ دراوە. بۆ نموونە، ئەفلاتوون مشتومڕی ئەوەی دەکات کە باشترین فۆرمی گونجاوی

حکوومەت حوکمێکی پڕشنگدارە، کە لە لایەن دەستەیەکی تایبەتی ڕۆشنبیر بەڕێوە بچێت، بە واتایەکی تر لە لایە شایە فەیلەسووفەکان Philosopher-Kings بەڕێوە بچێت. ئایدیا ئەقڵانییەکان لە سەدەی نۆزدەدا لە کاتی سەرهەڵدانی ڕێچکە کۆمەڵایەتی و لیبرالییەکانیش زەق و دیار بوون. هزرمەندە لیبراڵییەکان، وەک ج. س. میڵ، تیۆرەکانیان لە سەر ئەو ئایدیایە بونیات نا کە مرۆڤ بونەوەرێکی ئەقڵانییە. ئەمەش ئەوە شی دەکاتەوە بۆچی میڵ خۆی زۆر باوەڕی بە لیبرالی تاک هەبوو: پشت ڕاست بە ئەقڵ، تاک دەتوانێت بگەڕێت بە دوای خۆشی و خۆناسینەوەدا. بە هەمان شێوە، مشتومڕی لە بەرژەوەندی ئازارەکانی مێ کرد، لە سەر بنچینەی ئەوەی کە، ئافرت وەک پیاو ئەقڵانییە و بۆی هەیە بەشداری لە کاریگەری سیاسیدا بکات و شوێن پەنجەی دیار بێت. وێڕای ئەمەش، تیۆرە سۆشیالیستەکانیش لە سەر بناغە ئەقڵانییەکان دامەزراون. ئەمەش زۆر بە زەقی دیارە لە نووسینەکانی مارکس و ئێنگڵز، کە هەردووکیان پەرەیان بە سۆشیالیزمی زانستیدا. جگە لە شیکردنەوە ئەخلاقییەکان و باسی سۆشیالیزمی یۆتۆپیایی، مارکس و ئێنگڵز هەوڵێکی بێ وچانیان دا بۆ پەردە لادان لە سەر هێزەکانی مێژوو و کۆمەڵگە لە ڕێگەی پرۆسەیەکی شیکردنەوەی زانستی. بۆ نموونە، کاتێ هەردووکیان پێشبینی گەڕانەوەی کۆتایی سەرمایەداریان کرد، لە بەر ئەوە نەبوو کە پێیان وابێت سەرمایەدار لە ڕووی ئەخلاقەوە خراپە، بگرە بەو مانایەی کە ئەوە چارەنووسە هەر ڕوودەدات، ئەمە ئاڕاستەیەکە کە مێژوی پیایدا تیپەڕ دەبێت.

ئەو ڕوانگەیەی مرۆڤ وەک ئامێرێکی بیرکردنەوە سەیر دەکات لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمەوە کەوتووەتە بەر ڕەخنە. ئەو خەونە درەوشاوەی دروست بوونی جیهانێکی ڕێک و ئەقڵانی و پڕ لە لێبوردەیی زۆر بە خراپی لە بار چوو بە هۆی بەردەوامی ململانێ و بێ بەشی کۆمەڵایەتی و پەیدابوونی هێزە نائەقڵانییەکانی وەک ناشنالیزم و ڕەگەزپەرستی. ئەمەش بووە هۆی زۆربوونی کاریگەری سیاسەت لە سەر سۆز و غەریزە و لایەنە دەروونزانییەکانی تر. بەڵام لە هەندێ ڕووەوە، ئەم پێشکەوتنە لە سەر نەریتێکی تۆکمە دامەزرا، بە شێوەیەکی سەرەکی لە نێو هزرمەندە پارێزکارەکان دۆزرایەوە، کە هەمیشە پەرۆشی بۆ ئەقڵانییەت کاڵ کردووەتەوە. بۆ



نموونە، ئیدمۆند بێرک جەخت لە سەر ناتەواوی ڕووناکبیری مرۆڤ دەکاتەوە، بە تایبەتی کاتێ ژیانێکی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی بێ سنوور ڕووبەڕووی دەبێتەوە. بە کورتی، جیهان زۆر ئاڵۆز و چڕ و تێک قژقژاوە بە ڕادەیەک کە ئەقڵی مرۆڤ ناتوانێت درکی پێ بکات و بیدۆزێتەوە. ئەمە بۆچوونێکی پارێزکاری و زۆر قووڵە. گەر تیۆرە ئەقڵانییەکان خەون بەوە ببینن، مرۆڤ ژیرن لە باوەڕ هێنان بە داوونەریت، لیبرال و سۆشیالیستەکان قەناعەت بە زانین نەهێنن. ئەوا شۆڕش و تەنانەت چاکسازیش گەشتێکن بەرەو نەزانین، ئەو نەخشانەی پێمان بەخشراون پشتیان پێ نابەسترێت.

لە هەمان کاتدا، تیۆرە پارێزکارییەکان پێش هەموو تیۆرێکی تر درکیان بە هێزی نائەقڵانی کردووە. بۆ نموونە، تۆماس هۆبز باوەڕی بە هێزی ئەقڵی مرۆڤ هەیە، بەڵام تەنیا وەک ئالیەتێک بەرەو کۆتاییەک. بە ڕای ئەو، مرۆڤ بە هۆی ئارەزووە نا ئەقڵانییەکان دەچن بەڕێوە، وەک: ڕق و ترس و هیوا و ئارەزوو، کە بەهێزترینیان ئارەزووی پەیڕەو کردنی دەسەڵاتە بە سەر ئەوانی تردا. ئەمە لە ڕووی جەوهەرەوە بۆچوونێکی ڕەشبینانەی سروشتی مرۆڤە و قەناعەتی بە هۆبز هێنا کە تەنیا حکوومەتی بەهێز و ئۆتۆکراتی دەتوانێت نەهێڵێت ئاژاوە و ناڕێکی بکەوێتە نێو کۆمەڵگە. "بێرک"یش جەخت لەو خاڵە دەکاتەوە کە هەستە نائەقڵانییەکان و تەنانەت ئازارەکانیش ڕۆڵێک لە پێکهێنانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەگێڕن. لە کاتێکدا ئەوەی بێرک ناوی لێ دەنێت " ئەقڵی ڕووت"ە کە ڕێبەری و ئازاری کەمی لێ دەکەوێتەوە و لەگەڵ غەریزە سروشتییەکان لە دایک دەبێت، ئاسایش و هەستێکی شوناسی کۆمەڵایەتی دەبەخشێت بە خەڵک. هەندێ لە بایۆلۆجیستە مۆدێرنەکان لێکدانەوەیەکی زانستییان بۆ ئەم جۆرە باوەڕانە پێشکەش کردووە. بە تایبەتی، کۆنراد لۆرێنز مشتومڕی ئەوە دەکات کە دوژمنکاری فۆرمێکی هەڵسوکەوتە لە ڕووی بایۆلۆژییەوە کاری خۆی دەکات کە لە ڕێگەی پرۆسەی گەشە سەندنەوە پێ دەگات. کەواتە: دوژمنکاری و ڕقی مرۆڤ وەک بۆهێڵی یان "سروشتی" سەیر دەکرێن، یەکێک لە باسەکان ڕەشبینانە دەڕوانێتە هەر هەوڵێک بۆ نەهێشتنی توندوتیژی ناو ماڵ و خێزان، بۆ دامرکانەوەی ئاژاوەی کۆمەڵایەتی یان قەدەغەکردنی جەنگ.

یەکێک لە هەرە کاریگەرترین تیۆر بۆ جەختکردنە سەر کاریگەری لایەنە

نائەقڵانییەکان لە سەر هەڵسوکەوتی مرۆڤ دەروونزانی "فرۆیدی" یە کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمەدا بەرەو پێش چوو. سیگمۆن فرۆید (١٨٥٦–١٩٣٩) سەرنجی دایە جیاوازی نێوان ئەقڵی بە ئاگا (کە حوکم و لێکدانەوەی ئەقڵانی دەکات) و ئەقڵی بێ ئاگا (کە کۆمەڵێک یادگاری مردوو و زنجیرەیەک لایەنی دەروونزانی بەهێز لە خۆ دەگرێت). فرۆید زۆر بە تایبەتی جەخت دەکاتە سەر گرینگی سێکسی مرۆڤ کە بە " id" وەسف دەکرێت، واتە: سەرەتاییترین غەریزە لە نێو بێ ئاگاییدا، هەروەها "libido"، واتە: وزە جەستەیییەکان کە لە "id" وە هاتووە و زۆرجار تێکەڵ بە ئارەزووە سێکسییەکان یان وزە دەبێت. لە کاتێکدا فرۆید خۆی جەخت دەکاتە سەر لایەنی چارەسەری ئەو ئایدیانە، زنجیرەیەک تەکنیک پێش دەخات، کە ناسراوە بە " دەروون شیکاری" Psychoanalysis، ئەوانی تر جەخت دەکەنە سەر گرینگی سیاسی. یولهێلم ریچ (١٨٩٧–١٩٥٧)، یەکێکە لە شاگردەکانی فرۆید، کاری لە سەر لێکدانەوەیەکی فاشیزم کرد بە پشت بەستن بە ئایدیەی سێکسی کپکراو. هەروەک لە بەشی دەیەمی ئەم کتێبە بە وردتر باس کراوە، هزرمەندە نوێیە چەپەکان وەک هێربێرت مارکیز و فێمینیستەکانی وەک گێرمانی گریر (١٩٨٥) سەرنجیان داوەتە دەروونزانی فرۆیدی لە ڕووی پێشخستنی سیاسەتی ئازادی سێکسی.

### ئەفلاتوون (٣٤٧-٤٢٧پ.ز)

فەیلەسووفێکی یۆنانییە. ئەفلاتوون لە خێزانێکی ئەریستوقراتی لە دایک بووە. یەکێک لە یاوەرانی سوقرات بووە کە کەسایەتییەکی سەرەکییە لە دیالۆگە فەلسەفی و ئەخلاقییەکانیدا. پاش مردنی سوقرات لە ساڵی ٣٩٩ پ.ز.، ئەفلاتوون ئەکادیمیای خۆی دامەزراند بۆ برەودان بەپۆلی نوێی حوکمی ئەسینایی، کە بە یەکەم زانکۆ دادەنرێت.

ئەفلاتوون پێی وابوو کە جیهانی مادی لە کۆپی ناتەواوی دەرهەست و ئایدیا ئەبەدییەکاندا پێک هاتووە. فەلسەفە سیاسییەکەی، هەروەک لە " کۆمار"دا هاتووە، هەوڵێکە بۆ وەسفکردنی دەوڵەتی میسالی لە ڕووی تیۆری دادوەریەوە. دەوڵەتی یەکسان، بە ڕای ئەفلاتوون، بێ لایەنە و لە سەر سنووری کرێکار بونیات نراوە کە ڕەنگدانەوەی سیفەت و بۆچوونە جیاوازەکانی مرۆڤن. مشتومڕی ئەوە دەکات کە حکوومەت دەبێ بەڕێوە بچێت لە لایەن تەنیا چەند شایەکی فەیلەسووف بە پشت بەستن بە پاسەوانەکانیان. پەروەردە و ڕێگای ژیان و ئاستی





ڕۆشنبیرییان بۆ هەمیشە وایان لێ دەکەن لە سەر بنەمای ژێری حوکمی میللەتەکەیان بکەن. بە بۆچوونی ئەو. مەعریفە و چاکە یەک شتن. لە کتێبەکەی بە ناوی " یاساکان"، پشتگیری سیستەمی حکوومەتی تێکەڵ دەکات، بەڵام هەر جەختیش دەکاتەوە کە تاک دەبێ بۆ دەوڵەت و یاسا بێت. بە گشتی، کاری ئەفلاتوون کارگەرییەکی ئەوتۆی لە سەر مەسیحییەت و کولتووری ئەوڕوپی بەجێ هێشتووە.

## پێشبڕکێ بەرامبەر هاوکاری

بواری سێیەمی ناکۆکی جەخت دەکاتە سەر ئەوەی ئایا مرۆڤ لە ڕووی جەوهەرەوە هەوڵ تەنیا بۆ خۆی دەدات و خۆپەرستە، یان سروشتی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و هاوکارە. ئەم مشتومڕە، مشتومڕێکی بنەڕەتی گرینگی سیاسییە چونکە ئەم تیۆرە هاودژانەی سروشتی مرۆڤ بە شێوەیەکی ڕادیکالی پشتگیری فۆرمە جیا جیاکانی ڕێکخستنی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەکەن. گەر مرۆڤ سروشتی تەنیا بەرژەوەندی خۆی بوێت، ئەوا پێشبڕکێ لە نێوان مرۆڤەکاندا خاسیەتێکی بەڵگە نەویستی ژیانی کۆمەڵایەتییە، هەروەها لە گەڵێ ڕووەوە، خاسیەتێکی تەندروستیشە. وێڕای ئەمە، ئەم جۆرە تیۆرەی سروشتی مرۆڤ لە نزیکەوە بەندە بە ئایدیای تاک وەک مافە سروشتییەکان و موڵکی تایبەتی، هەروەها زۆرجاریش بەکارهێنراوە وەک بەڵگەیەک بۆ بازاڕ یان ڕێکخستنی ئابووری سەرمایەداری، کە تیایدا تاک باشترین دەرفەتی هەیە بۆ بەدوا داچوونی بەرژەوەندییەکانی.

ئەو تیۆرانەی کە وەسفی سروشتی مرۆڤ دەکەن وەک خۆ ویست و خۆپەرست دەکرێ لە نێو یۆنانە کۆنەکاندا بدۆزرێنەوە، بە تایبەتی باس کراون لە هەندێ کاری سۆفیستەکاندا The Sophists. بەڵام، لە سەرەتای سەردەمی مۆدێرندا بە شێوەیەکی ڕێک و تێروتەسەل پەرەیان پێ درا. لە هزری سیاسیدا، ئەمە ڕەنگدانەوەی تیۆرەکانی گەشەی مافە سروشتییەکانە، کە پێشنیازی ئەوە دەکات: هەر تاکێک لە لایەن خوداوە بەرهەم هێنراوە بە کۆمەڵێک مافی جێگیرەوە. ئەو مافانە دەگەڕێنەوە بۆ تاک و تەنیا بۆ تاکیشە. یوتیلیتاریانیزم Utilitarianism، لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمدا و سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا پەرەی پێ دار، هەوڵی دابینکردنی

ئامانجێکی زانستی و لێکدانەوەی خۆویستی مرۆڤ دەدات. جێریمی بێنتام وێنەی مرۆڤی کێشاوە وەک ئەوەی لە جەوهەردا بوونەوەرێکی چێژ وەرگرە و هەمیشە بە دوای خۆشیدا دەگەڕێت. بە بۆچوونی بێنتام، خۆشی یان شادی بۆ خود شتی زۆر باشن، هەروەها ئازار و ناخۆشی بۆ خود زۆر خراپن. کەواتە، تاک هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی زۆرترین خۆشی و کەمترین ناخۆشی هەبێت، هەر یەکەیان لە ڕووی " سوود وەرگرتنەوە" لێک دەداتەوە، یان لە سادەترین مانادا وەسفیان دەکات واتە، بەهای بەکارهێنان. ئەم بۆچوونەی سروشتی مرۆڤ کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبوو لە سەر تیۆرە ئابووری و سیاسییەکان. ئابووری بە شێوەیەکی فراوان دەوەستێتە سەر شێوازی " مرۆڤی ئابووری"، لە ڕووی مادیەوە شتێکە تاک بۆ خۆی دەیەوێت و هەوڵیش دەدات باشترین ئابووری هەبێت. بۆ نموونە، ئەم جۆرە لێکدانەوە فەلسەفییانە بەکاردەهێنرێن بۆ شیکردنەوەی پەرۆشی و توانستی سەرمایەداری بازاڕ. هەروەها پشتگیری ئەو تیۆرە سیاسیانەش دەکات کە لە تیۆرە کۆمەڵایەتییەکانی سەدەی حەڤدەیەمەوە دەست پێ دەکەن بۆ " هەڵبژاردنی ئەقڵانی" و "هەڵبژاردنی گشتی" و لەوێشەوە بۆ قوتابخانەکانی زانستی سیاسی مۆدێرن.

پتشگیری زانستی بۆ بەرژەوەندی خودی مرۆڤ لە سەر بنچینەی داروین و ئایدیای هەندێ جۆری کۆشش و ڕەنج بووە لە پێناو مانەوە. بەڵام، ئایدییەکانی داروین دەکرێ بە گەلێ ڕێگای جیاجیاوە لێک بدرێنەوە. نووسەرانی وەک لۆرێنز و ئاردری لە سەر ئەوە کۆکن کە هەر ئەندامێکی تاکی ڕەگەزێک لە ڕووی بایۆلۆژییەوە بەرنامە داڕێژ کراوە بۆ دڵنیا کردنەوەی مانەوەی خودی ڕەگەزەکە. ئەم جۆرە بۆچوونەش پێشنیازی ئەوە دەکات کە ئاژەڵەکان، تەنانەت مرۆڤیش، کار دەکات لە پێناو باشی ڕەگەزەکە، ئەم ئایدیەش ڕەنگدانەوەی ئامادەیی دایکێکە بۆ قوربانیدان بە خودی خۆی بە هیوای پاراستنی نەوەکەی. بە واتایەکی تر، تاکەکان هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و هاوکاری بە دەر دەخەن تا ئەو ڕادەیەی کە ڕەگەزەکە لە پێش خۆیاندا دادەنێن. لە لایەکی ترەوە، نووسەرە مۆدێرنەکانی وەک ڕیچارد دۆکینس (١٩٨٩) مشتومڕی ئەوە دەکات کە هەموو جینێک (هەروەها ئەو جینانەی کە بێ وێنەن بۆ چەند تاکێکی جودا) مەرجێکی خۆویستی هەڵگرتووە و وێڵە بە دوای مانەوەی. ئەم



جۆرە تیۆرەش پێشنیازی ئەوە دەکات کە خۆویستی و پێشبڕکێ لە نێو تاکەکاندا جەوهەرییەن فۆرمێکە لە ڕووی بایەلۆژییەوە بەرنامە داڕێژ کراوە بۆ هەڵسوکەوت. بەڵام، ئەمە مانای ئەوە نییە کە مرۆڤەکان کوێرانە خۆویستن. هەرچەندە دۆکینس پەسنی ئەوە دەکات کە تاکەکان بە خۆویستی لە دایک بوونە، جەختیش دەکاتە سەر ئەوەی کە ئەو جۆرە هەڵسوکەوتە گۆڕانکاری بە سەردا دێت گەر ئێمە بتوانین بگەین بە هەڵسوکەوتی دڵ نەرمی و خۆنەویستی.

بەڵام، لە نێو جیهانی سەرەکی ئاینەکاندا وێنەیەکی جیاوازی سروشتی مرۆڤ باس دەکرێت. ئاینە یەکتاپەرستییەکان وەک مەسیحییەت و ئیسلام و یەهودیەت، باس لەوە دەکەن کە مرۆڤ بەرهەمێکی دروستکراوی ئیلاهییە. کەواتە جەوهەری مرۆڤ بە جەوهەرێکی ڕۆحی دادەنرێت نەک ئەقڵانی یان جەستەیی، هەروەها لە نێو ئاینی مەسیحییەتدا وەک "ڕوح" باسی لێوە کراوە. ئەو هزرەی کە مرۆڤەکان بوونەوەری ئەخلاقین زۆر پەیوەستە بە ئاینەکانەوە، کاریگەری ئەوتۆشی هەبووە لە سەر ڕێچکە سۆشیالیستەکان کە جەخت دەکەنە سەر گرینگی سۆز و هەستی سروشتی مرۆڤایەتی گشتی. ئاینە ڕۆژهەڵاتییەکان وەک هیندۆیزم و بوزییەکان زۆر جەخت دەکەنە سەر یەکتایی oneness هەموو فۆرمەکانی ژیان، دووبارە دەچنەوە سەر ئایدیای مرۆڤایەتی گشتی و فەلسەفەی دوور لە توندوتیژی. کەواتە زۆر کارێکی حەپەساو نییە کە ڕێچکە ئاینییەکان زۆرجار پشتگیری تیۆرەکانی سۆشیالیزمی ئەخلاقی دەکەن. بەڵام، هەڵەیەک دەکەین گەر وا دابنێین کە هەموو تیۆرە ئاینییەکان لایەنی سۆشیالیستییان تێدایە. بۆ نموونە، باوەڕی پرۆتستانت لە ڕزگاری تاک و پاڵپەستۆیەکەی لە سەر بەهای ئەخلاقی کۆشش و ڕەنجی کەسی (شخصی)، زۆرجار پێی دەوترێت " ئەخلاقی پرۆتستانت"، زۆر بە ڕوونی بە ئایدییەکانی " تەنیا یارمەتی خۆدان" و بازاڕی ئازاد پەیوەستترە لە سۆزی سۆشیالیستی. لەگەڵ ئەوەشدا، مەزهەبی مەسیحی لە سەر تاوانی بنەڕەتی بۆچوونێکی ڕەشبینانەی لە سەر مرۆڤایەتی هێناوەتە کایەوە کە کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەیە لە سەر هزری کۆمەڵایەتی و سیاسی. ئەمە لە نووسینەکانی ئۆگەستاین و مارتن لوسەر دەردەکەوێت.

تیۆرە عەلمانییەکانیش هەوڵی ئەوەیان داوە " جەوهەری کۆمەڵایەتی" ی سروشتی مرۆڤ گۆش بکەن. ئەمانەش جەخت دەکەنە سەر گرینگی بوونی کۆمەڵگە، بایەخ بەو هەقیقەتە دەدەن کە تاکەکان وەک ئەندامانی کۆمەڵگە پێکەوە دەژین و پێکەوەش کار دەکەن. خۆویستی و پێشبڕکێ بە هیچ شێوەیەک سروشتی نین، بگرە بە هۆی کۆمەڵگەیەکی سەرمایەدارییەوە پەیدابوون کە پاداشت و هانی خۆ ماندوو کردن دەدەن. جەوهەری مرۆڤ، جەوهەرێکی کۆمەڵایەتی و پێکەوە ژیانی و هاوکارییە، تیۆرێکە کە بە ڕوونی یان ئەوەتا دەچێتە ژێر باڵی ئامانجێکی کۆمەنیستی خاوەنیەتی بە کۆمەڵ، یانیش ئەوەتا دەچێتە ژێر باڵی شۆسیالیستێکی شیاوتر و میسالی تر لە نێو دەوڵەتێکی ئاسوودە و خۆش گوزەر. یەکێک لە هەوڵە دەگمەنەکان بۆ پێشخستنی تیۆرێکی زانستی سروشتی مرۆڤ شان بە شانی هێڵەکانی کۆمەڵایەتی و هاوکاری یەکتر کردن لە لایەن پیتەر کرۆپۆتکینەوە دراوە. کرۆپۆتکین پەسنی ئایدیا شۆڕشگێڕییەکانی کرد کە، لەوەتەی کاری داروینەوە، زاڵ بووە بە سەر بایۆلۆژی، بەڵام هیچ سۆزێکی نەبووە بۆ ئایدیەی " ئەوەی زۆرتر بگونجێت، زۆرتر دەمێنێتەوە". لە کتێبەکەی بە ناوی " هاوکاری هاوبەش" کە لە ساڵانی (١٨٩٧، ١٩٠٢، ١٩٨٨) چاپ و بڵاو کراوەتەوە، کرۆپۆتکین باس لە تیۆرێکی شۆڕشگێڕی دەکات کە لە بنەڕەتەوە ڕووبەڕووی داروینیزم دەبێتەوە. لە بری پەسنکردنی ئەوەی کە مانەوە ئەنجامی کۆشش و پێشبڕکێیە، کرۆپۆتکین دەڵێت: ئەوەی ڕەگەزی مرۆڤ لە ڕەگەزێکی کەمتر سەرکەوتوو جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ڕەگەز توانایەکی بەرزی هەیە بۆ هاوکاری کردن یان هاوکاری هاوبەش. کەواتە هاوکاری تەنیا میسالییەکی ئاینی یاخۆ ئەخلاقی نییە، بگرە پێویستییەکی پراکتیکییە کە پرۆسەی شۆڕشگێڕی بەشێکی جەوهەری سروشتی مرۆڤی پێکهێناوە. بە پشت بەستن بەم بنەمایانەوە، کرۆپۆتکین مشتومڕ دەکات لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەی کۆمەنیستی کە تیایدا هەموو کەسێک لە ساماندا هاوبەشە، هەروەها لە بەرژەوەندی فۆرمێکی گێرەشێوێنی کە تیایدا مرۆڤەکان دەتوانن کاروباری خۆیان هەڵبسووڕێنن بە شێوەیەکی هاوکاری و ئاشتییانەوە.



# تاک

زاراوەی تاک " individual" زۆر بە فراوانی لە زمانی ڕۆژانەدا بەکار دەهێنرێت لە کاتێکدا دەرەنجامەکانی و گرینگییە ساسییەکەی زۆرجار پشت گوێ دەخرێن. لە ڕوونترین مانایدا، تاکێک واتە یەک مرۆڤ. وێڕای ئەمە، چەمکەکە زیاتر لەوە دەگەیەنێت. یەکەم، ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤێکی تاک کیانێکی واتابەخش و سەربەخۆیە، لە نێو خۆیدا خاوەنی ناسنامەیەکە. بە واتایەکی تر، کاتێ باسی خەڵک دەکرێت وەک تاکەکان، مەبەست ئەوەیە کە دروستکراوی ئۆتۆنۆمین، کار دەکەن بە گوێرەی ئیختیاری کەسییان نەک وەک ئەندامانی گرووپێکی کۆمەڵایەتی یان دەستەیەکی بە کۆمەڵ. دووەمیان، تاکەکان هەر تەنیا سەربەخۆ نین بگرە بوونەوەری جودا و تایبەت و بێ وێنەن. بۆ نموونە، کاتێ زاراوەی تاکڕەوی individuality بەکار دەهێنرێت، ئەوا تایبەتمەندیەتی و ئەسڵی هەر مرۆڤێک دەگەیەنێت. کەواتە سەیر کردنی کۆمەڵگە وەک کۆمەڵێک تاک بۆ تێگەیشتنە لە زاراوە کەسییەکان و تێگەیشتنە لە حوکم کردنیان بە گوێرەی خاسییەتە تایبەتییەکانیان، وەک کەسایەتی و سیفەت و بەهرە و لێهاتوویی و تا دوایی. هەر تاکێک ناسنامەیەکی کەسی هەیە. سێیەمیان، تێگەیشتن لە مرۆڤ وەک تاک باوەڕ کردنە بە گەردوونییەت، پەسنکردنی ئەوەیە کە مرۆڤەکان لە هەر شوێنێک بن سیفەتی بنەڕەتی هاوبەشیان هەیە. بە پێی ئەم مانایەش، تاکەکان بە هۆی باکگراوندی کۆمەڵایەتی و ڕەگەز و ئاین و گێندەر و یان هەر " لە دایک بوونێک" پێناسە ناکرێن بگرە بەو شتانە پێناسە دەکرێن کە لە هەموو شوێنێک خەڵکی لێی هاوبەشن، واتە: بە هۆی بەهای ئەخلاقی و بێ وێنەیی و ناسنامە کەسییەکانیان پێناسە دەکرێن.

چەمکی تاک یەکێکە لە بەردەکانی بناغەی کولتووری سیاسی ڕۆژئاوایی. هەرچەندە خودی زاراوەکە لەوەتەی سەدەی حەڤدەیەمەوە بەکار دەهێنرێت، کەچی ئێستا لە هەموو شوێنێک ئاشنایە و وەردەگیرێت. هەروەها ئێستا، چەمکی تاک برەو بە مشتومڕی فەلسەفی و لایەنە قووڵە ئایدیۆلۆژییەکانیش دەدات. بۆ نموونە، باوەڕ کردن بە تاک، مانای چییە، پابەند بوون بە تاکڕەوی individualism مانای چییە؟

ئایا تاکڕەوی شێوازێکی جودا و ڕوونی هزری سیاسی دەگەیەنێت، یاخۆ دەکرێ بەکاربهێنرێت بۆ پشتگیری زنجیرەیەکی فراوانتری هەڵوێست و سیاسەتەکان؟ وێڕای ئەمە، هیچ هزرمەندێکی سیاسی پێی وا نییە تاک بە تەواوی پشتی بە خۆی قایم بێت، هەموو کۆکن لە سەر ئەوەی کە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان تا ڕادەیەک کار لە تاک دەکەن و دەست لە پشتی دەدەن. بەڵام هاوسەنگی نێوان تاک و کۆمەڵگە دەکەوێتە کوێ، دەبێ بکەوێتە کوێ؟ لە کۆتاییدا، تاکەکان چەند گرینگن لە ژیانی سیاسیدا؟ ئایا بە هەقیقەت سیاسەت لە بڕیار و کارەکانی تاکە جیا جیاکانەوە دروست بووە، یاخۆ ئایا تەنیا گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخراوەکان و دەزگاکان گرینگن؟ بە کورتی، ئایا تاک دەتوانێت جیاوازییەک دروست بکات؟

## تاکڕەوی Individualism

تاکڕەوی بە سادەیی ئەو باوەڕە ناگەیەنێت کە تاک وجوودی هەیە. بگرە، ئەو باوەڕەی لە نێو پێشینەی تاک لە نێو هەر گرووپێکی کۆمەڵایەتی یاخۆ دەستەیەکی بە کۆمەڵ دەگەیەنێت، باسی ئەوە دەکات کە تاک ڕەهەندێکی سەرەکییە بۆ هەر تیۆرێکی سیاسی یان لێکدانەوەیەکی کۆمەڵایەتی. بەڵام، تاکڕەوی سیفەتێکی سیاسی ڕوونی هەیە. هەرچەندە زۆرجار بە نەریتی لیبرالی کلاسیکی و ئایدیاکانی وەک حکوومەتی سنووردار و بازاڕی ئازاد دەلکێنرێت، کەچی بەکاریش دەهێنرێت بۆ پینە کردنی دەست تێوەردانی دەوڵەت، هەروەها هەندێ جاریش لە لایەن سۆشیالیستەکانەوە لە ئامێز دەکرێت. بۆ نموونە، هەندێ هزرمەند پێیان وایە کە تاکڕەوی و کۆمەڵ دوو ڕکابەری جەمسەرین، هێڵەکانی شەڕی نێوان سۆشیالیزم و سەرمایەداری دەکێشێت. بەڵام، ئەوانی تر پێیان وایە کە هەردووکیان هەرچەند جودان تەواوکەری یەکتریشن: ئامانج و مەرامەکانی تاک تەنیا لە ڕێگەی کاری بە کۆمەڵەوە بەدەست دەهێنرێن. گرفتەکە ئەوەیە کە هیچ ڕێکەوتنێک نییە دەربارەی سروشتی تاک. کەواتە ئەو فۆرمە هەمەجۆرانەی کە تاکڕەوی لە بەری کردوون ڕەنگدانەوەی زنجیرەیەک بۆچوونە لە بارەی ناوەڕۆکی سروشتی مرۆڤەوە.

هەموو ڕێچکە تاکییەکان ستایشی بەهای خودی تاک دەکەن، جەخت دەکەنە سەر



شکۆمەندی و شایەنی کەسی و تەنانەت پیرۆزی هەموو مرۆڤێک. بەڵام، ناکۆکن دەربارەی چۆن ئەو سیفەتانە بناسرێنەوە. لیبراڵە سەرەتاییەکان تاکڕەوی خۆیان دەربڕییەوە لە میانی ڕێچکەی مافە سروشتییەکان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە مەبەستی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی بۆ پاراستنی مافە جێگیرەکانی تاک بووە. بۆ نموونە، تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی دەتوانرێت وەک فۆرمێکی تاکڕەوی سیاسی سەیر بکرێت. حکوومەت چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکرێت هاوڵاتییە تاکەکانی ڕازی بکات، هەروەها ڕۆڵەکەی دیاری کراوە بۆ پاراستنی مافەکانی هاوڵاتیان. بەڵام، گەر ئەم فۆرمەی تاکیەتییە بۆ ئەوپەڕی مەنتق گۆش بکرێت، ئەوا دەتوانرێت ئامانجی ئازادی و گێرەشێوێنی لێ بکەوێتەوە. بۆ نموونە، تاکناسە ئەمریکییەکانی سەدەی نۆزدەیەم وەک دەیڤد هێنری تۆرۆ ١٨١٧–٦٢ و بێنجامین تەکەر ١٨٥٤–١٩٣٩ پێیان وایە کە پێویست ناکات هیچ تاکێک ویژدانی خۆی بکاتە قوربانی بۆ حوکمی سیاسەتزانەکان، جا هەڵبژێردراو بێت یان نا، ئەمەش هەڵوێستێکە نکۆڵی لەوە دەکات کە حکوومەت هەرگیز دەسەڵاتی بە سەر تاکدا پەیڕەو ناکات.

نەریتی دژە تاکیش لکێنراوە بە بەرگریی بازاڕی سەرمایەداری. ئەم جۆرە تاکیەتییە هەمیشە پشتی بەستووە بەو لێکدانەوەیەی کە تاکەکانی مرۆڤ تەنیا پشت بە خۆیان دەبەستن و بۆ بەرژەوەندیی خۆیان هەوڵ دەدەن. س.ب. ماکفێرسن ١٩٧٣ زاراوەی " تاکڕەوی خاوەندار"possessive individualism"، بەکار دێنێت کە خۆی بەم شێوەیە پێناسەی کردووە: (چەمکێکی تاکە بە واتای ئەوەی کە تاک لە جەوهەردا خاوەنی کەسایەتی و تواناکانی خۆیەتی، خاوەنی هیچ شتێکی کۆمەڵگە نییە). گەر تاکەکان لە جەوهەردا خۆپەرست بن و بەرژەوەندی خۆیان پێش هەموو کەسێکیتر یان کۆمەڵگە بوێت، ئەوا تاکڕەوی ئابووری بە ڕوونی بەند دەبێت بە مافی موڵکداریەتی تایبەت و ئازادیی فێربوون و بەکارهێنان و نەمانی موڵک بە هەر شێوازێک تاک خۆی بیەوێت یان هەڵی بژێرێت. بەم شێوەیە، تاکڕەوی لە بەریتانیا و بە تایبەتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە "بەندێکی باوەڕ" بۆ هەموو ئەوانەی کە ڕێز لەو جۆرە سەرمایەدارییە دەگرن کە حکوومەت تیایدا نابێت کۆنترۆڵی تەواوی کاروباری ئابووری بکات. ئەو یاسایانەی کە ژیانی کۆمەڵایەتی و

ئابووری باش دەکەن بە هۆی ڕێکخستنی ئاستی مووچە و درێژی ڕۆژی کارکردن و دەست خستنە نێو مەرجەکانی کارکردن یان ناساندنی سوودەکان و مووچەی خانەنشینی، بە پێی ئەم بۆچوونە، ئەو یاسایانە هەڕەشەیەکن بۆ سەر تاکڕەوی.

بەڵام ئەنجامی زۆر جیاواز هەندێ جار لە ڕێچکەی تاکڕەوی هەڵێنجراون. بۆ نموونە، لیبرالە مۆدیرنەکانی وەک، ت. هـ. گرین و لأ. ت. هۆبهاوس (١٨٦٤–١٩٢٩)، تاکیەتییان بەکار هێنا بۆ سازدانی مشتومڕ لە ڕووی ئاسوودەگی کۆمەڵایەتی و دەست تێوەردانی دەوڵەت. هەر ئەوەیان بەدی نەکرد کە تاک زۆر بەرژەوەندی خۆی ناوێت بگرە، هەروەک لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەرپرسن، توانای یارمەتیدانی ئەو مرۆڤانەشی هەیە کە لە دەوربەریدان. ئامانجی سەرەکییان ئەوە بوو کە ج. س. میڵ پێی دەڵێت تاکڕەوی، توانای هەر تاکێک بۆ بەدەست هێنانی جێبەجێ کردن و بەوە بزانێت کە دەتوانێت ببێتە خاوەنی هەر شتێک کە هەیەتی. کەواتە تاکڕەوی لە ڕێچکەیەکی چلێسی تاکەوە گوێزرایەوە بۆ فەلسەفەیەکی خۆ گەشەپێدان لە لای تاک. لە ئەنجامدا، لیبرالە مۆدێرنەکان ئامادە کراون بۆ پشتگیری ئەو کارەی حکوومەت کە ڕێک خراوە بۆ پەرە پێدانی یەکسانی دەرفەتەکان و پاراستنی تاکەکان لە گرفتە کۆمەڵایەتییەکان کە ژیانیان لێ تاڵ دەکەن وەک بێ کاری و هەژاری و پشت گوێ خستن. هەندێ لە هزرمەندە کۆمەڵایەتییەکان، هەر لە بەر هەمان هۆ، کار لە سەر هەمان ئەو بیرۆکەی تاکیەتییە دەکەن. هەروەک کۆمەڵناسەکان پێیان وایە، گەر تاکەکان سروشتی کۆمەڵایەتی و خۆنەویست بن، ئەوا تاکڕەوی مانای موڵکداریەتی و پاراستنی بەرژەوەندی خود نییە بگرە بوونەوەری کۆمەڵایەتی و حەز بە پێکەوە ژیان دەکەن. لە بەر هەندێ کۆمەڵناسی فەڕەنسی (جان جورێ، ١٨٩٥–١٩١٤) دەڵێت: سۆشیالیزم تەواوکەرێکی مەنتقی تاکیەتییە.

بەڵام، تاکڕەوی نەک هەر تەنیا وەک بنەمایەکی پێوانەیی گرینگە، بگرە زۆر بە فراوانتریش بەکار هێنراوە وەک ناوەندێکی میتۆدۆلۆژی. بە واتایەکی تر، تیۆرە کۆمەڵایەتی یان سیاسییەکان دروست کراون لە سەر بنەمای شێوازی دامەزراندنی پێشینەی تاکی مرۆڤ، بە رەچاو کردنی هەرشتێک کە پێویست بێت و بەڕێوە بچێت و ئارەزووی لە سەر بێت کە تاک پێی وایە ببێتە خاوەنیان. ئەم جۆرە تاکیەتییە



میتۆدۆلۆژییە لە سەدەی حەڤدەیەمەوە بەکار هێنرا بۆ پێکهێنانی تیۆرەکانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی و لە سەدەی بیستەمیشدا بووە بنەما بۆ شێوازەکانی ئیختیاری ئەقڵانی زانستی سیاسی. میتۆدی تاک پشتگیری تیۆرە ئابوورییە کلاسیکی و نیو کلاسیکەکان دەکات، هەروەها لە سەردەمی مۆدێرن باسی لێوە کراوە لە لایەن نووسەرانەوە وەک (هەیک). لە هەر حاڵەتێکدا، ئەنجامەکان هەڵێنجراون لە ئەگەرەکانی دەربارەی سروشتی مرۆڤی بەخشراو یان جێگیر، هەمیشە جەخت دەکاتە سەر توانای هەڵسوکەوتی ئەقڵانی و بەرژەوەندی خود. بەڵام، خەوشی هەر فۆرمێکی تاکڕەوی میتۆدۆلۆژی ئەوەیە کە کۆمەڵایەتی و مێژوویی نییە. بە هۆی بونیاتنانی تیۆرە سیاسییەکان لە سەر بنچینەی ئەوەی کە سروشتی مرۆڤ پێشتر دامەزراوە، تاکناسەکان ئەو واقیعە پشت گوێ دەخەن کە هەڵسوکەوتی مرۆڤ لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر و هەروەها لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاوازە. گەر هۆکارە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان سروشتی مرۆڤ دروست بکەن، هەروەک پاڵپشتانی تیۆرەکانی مرۆڤ کردە پێشنیاز دەکەن، مرۆڤی تاک دەبێ وەک بەرهەمێکی کۆمەڵگە سەیر بکرێت، نەک بەرهەمی هەر شتێکی تر.

## لیبرالیزم Liberalism

ئایدیا لیبرالییەکان لە ئەنجامی لە ناوچوونی ڕێژیمی دەرەبەگایەتی لە ئەوڕوپا و گەشە سەندنی کۆمەڵگەی سەرمایەداری بازاڕ سەری هەڵداوە. لە فۆرمە سەرەتاییەکانیدا، لیبرالیزم ڕێچکەیەکی سیاسی بوو، هێرشی کردە سەر دەسەڵاتی ڕەها و سوودی دەرەبەگی، لە بری ئەمانە پاڵپشتی حکوومەتی دەستووری و نوێنەرایەتی کرد. لە سەدەی نۆزدەیەمدا، ڕێبازێکی جیای لیبرالی سیاسی بە شێوەیەک گشەی سەند کە ستایشی کارە باشەکانی سەرمایەداری کرد کە تیایدا حکوومەت دەسەڵاتی ڕەهای نابێت بە سەر ئابووریدا، هەروەها سەرکۆنەی هەموو جۆرە دەست تێخستنێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری کرد. ئەمە بووە شاکاری لیبرالیزمی سەدەی نۆزدەیەم یان لیبرالیزمی کلاسیکی. بەڵام، لە سەدەی نۆزدەیەم بەو لاوە فۆرمێکی لیبرالیزمی کۆمەڵایەتی سەری هەڵدا کە زیاتر سەیری بەرژەوەندی ئاسوودەگی چاکسازی و بەڕێوە بردنی ئابووری دەکرد. ئەمەش بووە بابەتێکی سەرەکی لیبرالیزمی مۆدێرن یان لیبرالیزمی سەدەی بیستەم.

هزری لیبرال لە ڕووی پابەند بوون بە ناسینەوەی تاکڕەوی، باوەڕێکە گرینگییەکی ئەوتۆ بە مرۆڤی تاک دەدات، ئەمەش پشتگیرییەکی بەهێز بۆ ئازادی تاک دەگەیەنێت. لە ڕوانگەی لیبرالەوە، تاکەکان بوونەوەری ئەقڵانین کە پەیوەستن بە ئازادیەکی بەردەوام وەک ئازادی بۆ هاوڵاتییەکان. لیبرالیزمی کلاسیکی بە باوەڕی " کەمینە"ی دەوڵەت، ئەرکەکەی سنووردار کراوە بۆ بەردەوامی ڕێک خستنی ناوەوە و ئاسایشی کەسی. لیبرالە کلاسیکییەکان جەخت دەکەنە سەر ئەوەی کە مرۆڤەکان لە جەوهەردا تەنیا بەرژەوەندی خۆیان دەوێت و لە خۆ باین، بە پێی پێویست خەڵک دەبێ بەرپرسیار بن لە ژیان و گوزەرانی خۆیان. لە ئەنجامدا، لیبرالەکان دەڕواننە دروست بوونی کۆمەڵگەیەک کە لە سەر بنچینەی " کامە شیاوتر و بەرهەمدار بێت ئەو دەچێتە پێشەوە" meritocratic society بونیات بنرێت، کە تیایدا پاداشت بە پێی ڕەنج و ماندوو بوون و بەهرەی تاکەوە دابەش بکرێت. لیبرالیزمی کلاسیکی وەک ڕێچکەیەکی ئابووری ستایشی سوودەکانی خۆ یەکستنەوەی بازاڕ دەکات کە تیایدا دەست تێوەردانی حکوومەت پێویست نییە و وێرانکەرە. ئایدیا لیبرالیە کلاسیکییەکان لە هەندێ تیۆری مافە سروشتییەکان و یوتیلیتاریانیزم باس دەکرێن، هەروەها بەردی بناغەی نەریتی ئازادی سیاسی پێک دەهێنن.

بەڵام، لیبرالیزمی مۆدێرن، بۆچوونێکی سۆزدارتر بۆ دەوڵەت نیشان دەدات. ئەم گۆڕانەش لە دایک بوو لە سەرەنجامی ئەو پێزانینەی کە سەرمایەداری پیشەسازی فۆرمی نوێی دادوەریان پێک هێنا و بابەتی ژمارەی دانیشتوانیان جێهێشت بۆ لایەنەکانی بازاڕ. ئەم بۆچوونە بنەماکانی لیبرالیزمی ئاسوودەگی و کۆمەڵایەتی پێک هێنا، بە هۆی ئەو پێزانینەوە دەزانرێت کە دەست تێوەردانی دەوڵەت دەتوانێت ئازادی فراوان بکات بە هۆی پاراستنی تاک لە شەڕەنگێزە کۆمەڵایەتییەکان کە دەوڵەت خۆی داد و بێ دادە لە دەست ئەو شەڕانگێزییانە. بنەما تیۆرەکان بۆ گواستنەوە لە لیبرالیزمی کلاسیکەوە بۆ لیبرالیزمی مۆدێرن لە لایەن گەشەی بۆچوونی پۆزەتیڤی ئازادیەوە دابین کرا. لە کاتێکدا، لیبرالە کلاسیکییەکان ئازادی بە زاراوەیەکی نێگەتیڤیان سەیر دەکرد، وەک نەبوونی کۆنترۆڵە دەرەکییەکان بە سەر تاک، لیبرالە مۆدێرنەکان ئازادییان بەستاوە بە گەشەی کەسی و خۆ ناسینەوە. ئەمەش بەریەک کەوتنێکی لە نێوان لیبرالیزمی مۆدێرن و دیموکراسی کۆمەڵایەتی دروست کرد.

لیبرالیزم،بە بێ گومان، گرینگترین توخم بوو لە نەریتی سیاسی ڕۆژئاوایی. بە هەقیقەت، هەندێ بە شێوەیەکی گشتی لیبرالیزم بە شارستانییەتی ڕۆژئاوا



دادەنێن. یەکێک لە ئەنجامەکانی ئەمەش ئەوەیە کە لیبرالیزم کار دەکات نەک بۆ وەسفکردنی هەموو چەمکێکی تایبەتی ژیانی باش، بگرە بۆ دامەزراندنی ئەو مەرجانەی کە تیایدا تاک و گرووپەکان دەتوانن دوای ئەو ژیانە باشە بکەون کە خۆیان دەیانەوێت. لایەنی هەرە باشی لیبرالیزم پابەند بوونە توندەکەیەتی بۆ ئازادی تاک و مشتومڕی ئەقڵانی و لێبوردن. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەخنەکان لە لیبرالیزم لە گەلێ ئاڕاستەی جۆر بە جۆرەوە سەرچاوەیان گرتووە. مارکسییەکان ڕەخنەیان لە پابەندبوونی لیبرال گرتووە لە ڕووی مافە مەدەنییەکان و یەکسانی سیاسییەوە چونکە واقیعی نایەکسانی چینی دەسەڵات پشت گوێ دەخات، هەروەها فێمینیستەکان مشتومڕی ئەوە دەکەن کە تاکڕەوی لە سەر بنەمای شێوازێکی نێرینەی لە خۆبایی لێک دەدرێتەوە کە ئەو واقیعە پشت گوێ دەخات کە مرۆڤ پشت بە یەکتر دەبەستن. هەروەها کۆمیونیتارییەکان سەرکۆنەی لیبرالیزم دەکەن لەبەرئەوەی سەرکەوتوو نییە لە دابینکردنی بنەمای ئەخلاقی بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و هەوڵدانی بە کۆمەڵ.

## فەیلەسووفە سەرەکییەکانی لیبرالیزم

### جۆن ستوارت میڵ

گرینگی میڵ بۆ لیبرالیزم بە شێوەیەکی گشتی دەوەستێتە سەر پێکهاتەی تیۆرە لیبرالییەکەی کە پشت دەبەستێت بە لایەنە باشەکانی ئازادی، هەروەها دژی ئایدیا سەرەتاییەکان دەوەستێتەوە وەک مافە سروشتییەکان و یوتیلیتاریانیزم. تێگەیشتنی میڵ لە بارەی " مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی پێشکەوتوو" وای لێ کرد دەربچێت لەو پرۆسەیەی کە کاری لە سەر دەکرد "دەستێوەردان"، بەڵام هانی دا بۆ پێشخستنی ئەو هزرەی تاکڕەوی کە جەخت دەکاتە سەر ڕوانگەکانی گەشەی مرۆڤ و دانانی بناغەیەک بۆ هزری لیبراڵی مۆدێرن.

### تۆماس هیڵ گرین (١٨٣٦-٨٢)

فەیلەسووف و تیۆریستێکی کۆمەڵایەتی بەریتانییە. گرین جەخت دەکاتە سەر سنوورەکانی ڕێچکە لیبرالییەکانی پێشوو، بە تایبەتیش ڕێچکەی " حکوومەت نابێت کۆنترۆڵی ئابووری بکات بە تەواوی". بە پشت بەستن بە کانت و هیگڵ، گرین جەخت دەکاتە سەر سنوورەکانی ڕێچکەی ئازادی نێگەتیڤ، هەروەها زۆر کاری کرد لە سەر ئازادی پۆزەتیڤ کە یارمەتی لیبرالیزمی دا بۆ گەیشتن بە ئاسوودەگی و دادی کۆمەڵایەتی. گرین کاریگەرییەکی گرینگ بوو بە سەر گەشە

شەندنی لیبرالیزمی نوێ لە بەریتانیا. کارە سەرەکییەکانی ئەمانەن: وتارەکان لە سەر بنەماکانی ئەرکە سیاسییەکان (١٨٧٩–٨٠) و prolegomena to Ethics1883.

### ئیسایا بەرلین (١٩٠٩-٩٧)

فەیلەسووفێکی بەریتانییە لە ڕیغا لە دایک بووە. مێژوو نووسی ئایدیاکانە. بەرلین کاری دەکرد لە سەر فۆرمێکی فرە لیبرالیزمی کە دەوەستێتە سەر باوەڕی دژە ناکامڵ بوون، واتە بەهای ململانێکان جێگیر و توخمی نەگۆڕن لە ژیانی مرۆڤدا. مادام هیچ پێوەرێک نییە دژی ئەوەی کامە بەها بەرز بکرێت و حوکمی لە سەر بدرێت، ڕێکخستنە سیاسییەکان دەبێ هەوڵ بدەن بۆ فەراهەمکردنی گەورەترین بوار بۆ ڕێگەدان بە خەڵکی کە دوای کۆتاییە جیاوازییەکانیان بکەون. لە شیکردنەوە کاریگەرەکەی لە سەر ئازادی، بەرلین پشتگیری ئازادی نێگەتیڤ دەکات نەک ئازادی پۆزەتیڤ. باشترین کارەکانی بەرلین: چوار وتار لە سەر ئازادی (١٩٦٩)، دژی ئێستا (١٩٧٩)، the Crooked Timber of Humani 1990.

### جۆن ڕاوڵز

ڕاوڵ یەکێکە لە هەرە گرینگترین فەیلەسووفە لیبرالییەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەهەم. تیۆرەکەی بە ناوی " داد وەک یەکسانی" نەک هەر تەنیا سەرکۆنەی جیاکاریە ئاینییە سێکسی و ڕەگەزییەکان دەکات، بگرە چەندین فۆرمی نایەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابووری دەکاتەوە. فۆرمی یەکسانی ڕاوڵز دەربارەی لیبرالیزم کاریگەرییەکی قووڵی لە سەر فەلسەفەی سیاسی هەبوو بە گشتی، هەروەها بەشدارییەکی بەرچاویشی هەبوو لە نەریتە لیبرالیە مۆدێرنەکان و نەریتە سیاسییە، کۆمەڵایەتییە دیموکراسییەکان.

## تاک و کۆمەڵگە

پشتگیری بۆ تاکڕەوی لە سەر ئاستێکی جیهانیدا نەبووە. هزری سیاسی بە قووڵی دابەش بووە دەربارەی پێوەندی نێوان تاک و کۆمەڵگە: ئایا دەبێ تاک هان بدرێت بۆ ئەوەی سەربەخۆ بێت و پشت بە خۆی ببەستێت، یان ئایا ئەمە هاوکاری کۆمەڵایەتی مەحاڵ دەکات و ئاسایشی تاک تێک دەدات و دەیخاتە پەراوێزەوە؟ پاڵپشتانی هەڵوێستی پێشوو ئاسایی بەشداری نەریتێکی تایبەتی تاکڕەوی ئینگلیزی ئەمریکییان کردووە، کە لە لایەن سەرۆکی ئەمریکا هێربەرت هوڤەر وەک "



تاکڕەوی وشک و برک" rugged individualism باس کراوە. ئەم نەریتەش دەتوانرێت بە فۆرمێکی تاکڕەوی ڕەها دابنرێت، ڕەگەکانی لە نێو لیبرالیزمی کلاسیکی دۆزراوەتەوە. ئەم بۆچوونە پێی وایە کە تاک بە تەواوی لە کۆمەڵگە جودا بووەتەوە، واتە تاک لە گرینگی کۆمەڵگە دێنێتە خوارەوە و کەم دەکاتەوە. پشت دەبەستێت بەو باوەڕەی کە تاک نەک هەر تەنیا خاوەنی توانای پشت بەخۆ بەستنە بگرە ڕەنج و کۆششیش دەدات، لە کاتێکدا کە کۆششی تاک سەرچاوەی گەشەی شەخسی و ئەخلاقیە. کاتێ تاک بایەخ بە خۆی دەدات و خەمی خۆی دەخوات، کارێک نییە هەروا لە خۆوە بیکات ئەرکێکە دەبێ هەر بیکات.

سەرچاوەی ئەم نەریتە تاکیەتییە کتێبەکەی (یارمەتی خۆ دان)ی سامویێل سمایڵسە (١٨٥٩–١٩٨)، کە دەڵێت: " ڕوحی یارمەتی خۆدان ڕەگی هەموو گەشە ڕاستەقینەکانی نێو تاکە". سمایڵس (١٨١٢–١٩٠٤) ستایشی لایەنە سەرکەوتووەکانی شاکارەکە و جێبەجێ کردنی و بەردەوامی دەکات، بە پاڵپشتی ئەو باوەڕەی کە " وزە زیاتر لە زانایی بە دەست دێنێت". لە کاتێکدا یارمەتی خۆدان پەرە بە گەشەی ئەخلاقی و ئەقڵانی تاک دەدات، هەروەها لە ڕێگەی پەرەپێدانی ڕوحی بازرگانی سوود بە هزری " بە بێ کەس یارمەتی خۆت بدەیت" دەگەیەنێت کە سمایلس مەبەستی ئاسوودەگی کۆمەڵایەتییە، ئەمەش تاک لاواز دەکات بە هۆی لابردنی ئارەزوو بۆ کارکردن. ئەم جۆرە ئایدیانەش زۆر باس دەکرێن و زۆرترین گرینگییان پێدراوە لە داروینیزمی کۆمەڵایەتی هێربەرت سپێنسەر و یاوەرانی. بۆ سپێنسەر و یاوەرانی، تاکڕەوی بنەمایەکی بایۆلۆژی هەیە لە چوارچێوەی کۆشش و ڕەنج بۆ مانەوەی تاکەکان. ئەوانەی کە لە سروشتدا دەگونجێن بۆ مانەوە دەبێ سەرکەوتوو بن، با لاواز و تەمبەڵەکانیش بچن لە ناو.

ئەم جۆرە ئایدیانە کاریگەری ئەوتۆیان هەبووە لە سەر بیرکردنەوەی نوێی ڕاست. بە تایبەتی، ئەو ئایادیانە یارمەتی پێکهێنانی ئەو سیاسەتە کۆمەڵایەتییانە دەدەن کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بە کار دەهێنرێن لە ژێر سەرۆکایەتی ڕێگان و بوش، هەروەها لە بەریتانیا لە ژێر ئیدارەی تاچەر و مەیجەر.

لە هەردوو حاڵەتدا، دوژمنەکە بە (کولتووری پشت بەستن بە کەسانی تر) دادەنرا

کە پشتگیری ئاسوودەگی و ئارامی بەدی دەکرد. هەژار و پەککەوتە و بێکارەکان بوونە گیرۆدەی دەستی ئاسوودەگی، ئارەزووی کاریان لێ سەندرایەوە و نکۆڵییان کرد لە شکۆمەندی و ڕێز لە خۆ گرتن. ئایدیۆلۆژیای پێشەنگی "ڕێگان" زۆر بە ڕوونی لە سەر سوودەکانی ڕەنج و ماندوو بوون و پرۆژەی تاک وەستا بوو. فیدراڵیزمە نوێیەکەی ڕەنگدانەوەی ئارەزووی کەمکردنەوەی بەرنامەکانی ئاسوودەگی بوو و پشت بەستن بەوانی تری کەم کردەوە بە هۆی گۆڕینی بەرپرسیاریەتییە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەستۆی حکوومەتی فیدرال بۆ ئەستۆی حکوومەتی دەوڵەتێکی کەمتر ئاسوودە. بەرپرسیاریەتی تاک بەردی بناغەی سیاسەتەکانی تاچەریزمە Thatcherism لە بەریتانیا. لە کاتی ساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکان، ئاستەکانی پاداشتی خێزان و بێکاری و سوودەکانی تر سەرنەکەوت لە پێڕاگەیشتن بە بەرز بوونەوەی نرخ، هەروەها سیستەمی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بە تەواوی خرایە کار بۆ هەوڵی گفتوگۆی پشت بەستن بەوانی تر و بەرزکردنەوەی حەزی کارکردن. بەڵام، ڕەخنەگرانی ئەم جۆرە سیاسەتانە ئاماژە بەوە دەکەن کە تا نایەکسانی کۆمەڵایەتی و بێبەشبوون بەردەوام بێت، زۆر زەحمەتە وا لە تاک بکرێت بە تەواوی بەرپرسیار بێت لە کاروبارەکانی خۆی. ئەم هێڵەی مشتومڕە بایەخ لە تاکەوە بەرەو کۆمەڵگە ڕاپێچ دەکا.

زنجیرەیەکی فراوانی نیشتیمان پەروەر و پارێزکار و کۆمەڵناس و هزرمەندە سیاسییەکان، لە سەرووی هەمووشیانەوە فاشیستەکان، لە کاتی جیا جیادا خۆیان وەک دژە تاک دەردەخەن. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، دژە تاکڕەوی دەوەستێتە سەر پابەندوونێک بە گرینگی کۆمەڵگە و ئەو باوەڕەی کە یارمەتی خۆدان و بەرپرسیاریەتی تاک هەڕەشەیەکن بۆ هاوکاری کۆمەڵایەتی. ڕەنگە "کۆمەڵگە" ئاماژەیەک بێت بۆ کۆمەڵە خەڵکێک لە ناوچەیەکی دیاریکراودا، بۆ نموونە کاتێ دانیشتوانی شارۆچکە یان شار یان نەتەوەیەک وەک کۆمەڵگە وەسف دەکرێت. بەڵام، لە هزری سیاسی کۆمەڵایەتیدا، زاراوەکە ئامانجێکی قووڵتری هەیە، واتە: گرووپێکی کۆمەڵایەتی شارێک، شارۆچکەیەک، هەرێمێک یان کۆمەڵە کرێکارێک، یان هەر کۆمەڵەیەکی تر کە تیایدا پێوەندییەکی بەهێز و ناسنامەیەکی کۆمەڵی هەیە. کەواتە،



کۆمەڵگەیەکی ڕاستەقینە ناسراوە بە سنوورەکانی هاوڕێیەتی و پشتیوانی و ئەرک. لەم مانایەشدا، کۆمەڵگە ئاماژەیە بە ڕەگە کۆمەڵایەتییەکانی ناسنامەی تاک.

لە نێو ڕەخنە هاوچەرخەکانی تاکڕەوی لیبرال، تیۆریستە کۆمیونیتارییەکانن کە جەخت دەکەنە سەر گرینگی بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی و گشتی. بە پێی ئەم بۆچوونە، شتێک نییە جگە لە خودێکی سووک unencumbered self، خود هەمیشە لە ڕێگەی کۆمەڵگەوە دروست دەبێت. شتێکی حەپەساو نییە، کۆمەڵناسەکان هەمیشە هۆکاری کۆمەڵگە ڕەچاو دەکەن، وەک ناوەندێک سەیری کۆمەڵگە دەکەن بۆ بەهێز کردنی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی و سوود وەرگرتن لە وزە بە کۆمەڵەکان. لە بەر هەندێ، کۆمەڵناسەکان زۆرجار تاکڕەوی ڕەت دەکەنەوە، بە تایبەتی کاتێ بەند دەبێت بە پشت بە خۆ بەستن و بەرژەوەندی خود. هەرچەندە دیموکراتە کۆمەڵایەتییە مۆدێرنەکان دان بە گرینگی پرۆژەی تاک و پێشبڕکێی بازاڕ دادەنێت، لەگەڵ ئەوەشدا، وێڵن بە دوای هاوسەنگ کردنی ئەمانە دژی هاوکاری و بەرژەوەندی ئەوانی تر لە سەر بنچینەی ئەوەی کە لە نێو کۆمەڵگە مرۆڤ دەتوانێت خۆی خۆی پێ بگەیەنێت. تاکڕەوی لە لایەن گەلێ تیۆریستە پارێزکارییەکان گومانی لێ دەکرێت. بە بۆچوونی ئەوان، تاکڕەوی بێ سنوور تێکشکێنەری سازانە کۆمەڵایەتییەکانە. تاکەکان مەخلوقی خەجاڵەت و ئاسایشیان ڕوو لە کاڵبوونەوەیە، کە هەمیشە دەگەڕێت بە دوای سەقامگیری و ئۆقرەیی کە تەنیا ناسنامەیی کۆمەڵگە دەتوانێت دابینی بکات. گەر تاکڕەوی هانی فەلسەفەی " هەر کەسە و بۆ خۆی" بدات ئەوا دەبێتە هۆی دروست بوونی پەرتەوازەیی atomism و بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەیەک پڕ بێت لە تاکی دوورەپەرێز و بوودەڵە. بۆ نموونە، هانی نیوپارێزکاری دا neo– conservatives، وەک ئیرڤینگ کریستۆل لە ویلایەتە یەککگرتووەکان و ڕۆجەر سکروتەن لە بەریتانیا، بۆ خۆ بە دوور گرتنیان لە پەرۆشییەکانی بازاڕی ئازادی ڕاستی نوێی لیبرال.

چەمکە پارێزکاری و سۆشیالیستەکانی کۆمەڵگە، لە چەندین خاڵدا، کاریگەری سۆشیۆلۆژیای ئەکادیمی لە سەرە. سۆشیۆلۆجیستەکان فۆرمەکانی ژیانی کۆمەڵگەیان لێک جیا کردەوە کە پەرە بە کۆمەڵگە نەریتییەکان یان کۆمەڵگە

لادێییەکان دەدەن، هەروەها ئەو فۆرمانەی کە لە نێو کۆمەڵگە مۆدێرن و شارستانییەکانیشدا لێک جیا کرانەوە. کاریگەرترین تیۆریش لەم بارەیەوە لە لایەن کۆمەڵناسی ئەڵمانی (فێردیناند تۆنیس) ەوە دانرا، کە جیاوازی لە نێوان کۆمەڵگە و کۆمەڵە دەکات. تۆنیس پێشنیازی ئەوە دەکات کە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کە زیاتر لە نێو کۆمەڵگە لادێییەکانەوە دۆزرانەوە، دەوەستێتە سەر سۆزی سروشتی بەهێز و ڕێزگرتن لە یەکتری. بەڵام، ئەم مانا نەریتییەی کۆمەڵگە بە هۆی بڵاوبوونەوەی شارستانییەت و پیشەسازی هەڕەشەی لێ کرا، کە هەردووکیان هانی گەشەی خۆپەرستی و پێشبڕکی دا. بە پێچەوانەوە، پێوەندی نێو کۆمەڵەکان کە لە نێو کۆمەڵگە شارستانییەکاندا پەیدا بوو، پێوەندییەکی دەستکرد و گرێبەستانەیە: ڕەنگدانەوەی ئارەزووی دەسکەوتە کەسییەکانن نەک ڕەنگدانەوەی پشتگیرییەکی کۆمەلایەتی واتا بەخش. کۆمەڵناسی فەڕەنسی، ئیمیل دورخێم (١٨٥٨–١٩١٧)، پەنجە دەخاتە سەر تێگەیشتنی کۆمەڵگە بە هۆی پێشخستنی چەمکی "پەرتەوازەیی" بۆ تەرخانکردنی مەرجێک کە تیایدا چوارچێوەی کۆد و نۆرمە کۆمەلایەتییەکان بە تەواوی تێک و پێک دەشکێنرێن. لە کتێبەکەی بە ناوی "خۆ کوشتن" کە لە سالانی ١٨٩٧ و ١٩٥١ چاپ و بڵاو کراوەتەوە، دورخێم باسی ئەوە دەکات کە لەبەرئەوەی ئارەزووەکانی مرۆڤ بێ سنوورن، وەستانی کۆمەڵگە و بێ هێز کردنی نۆرمە کۆمەلایەتی و ئەخلاقییەکان کە لە دەربارەی فۆرمەکانی هەڵسوکەوتن پەسەند کراون، ئەوانەشی کە پەسن نین دەبنە هۆی ناخۆشی گەورەتر و دواجاریش خۆ کوشتن زیاتر دەبێت. جارێکی تر، کۆمەڵگە نەک تاک وەک بنەمای سەقامگیری کۆمەلایەتی و خۆشی تاک سەیر دەکرێت.

لە لایەکی ترەوە. شتێکی ڕوونە کە جەختکردنە سەر کۆمەڵگە نەک تاک ڕەنگە زۆر مەترسی بنێتەوە. بە تایبەتی، دەتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی ماف و ئازادییەکانی تاک پێشێل بکات بە ناوی کۆمەڵگە یان دەستەی بە کۆمەڵ. ئەمە لە ئەزموونی فاشیستییەوە زیاتر بە دیار دەکەوێت. لە گەلێ ڕێگادا، فاشیزم دژی ئایدیاکانی تاکیەتییە: لە فۆرمە ئەڵمانییەکەیدا ئاماژەی ببە گرینگی بالای کۆمەڵگەی نەتەوەیی دا، هەروەها مەبەستی لێکترازانی تاکڕەوی و وجوودی کەسی لە نێو تەواوی





کۆمەڵگەدا. ئەم ئامانجە، تایبەت بە فاشیزم، لە دروشمی نازییەکاندا هەڵێنجراوە "بەهێزی لە ڕێگای یەکیەتییەوەیە". ئەو ڕێبازەی کە کۆتایی بە نازییەکانی ئەڵمانیا و فاشیستەکانی ئیتالیا هێنا تیرۆری تۆتالیتاریەن بوو، واتە: دەوڵەتێکی پۆلیسی چەوساندنەوەی بەکار دەهێنا، دڕندایەتی و سەرکوتکردنێکی بەربلاوی بەکاردەهێنا. هەرچەندە تێگەیشتنی فاشیستەکان لە کۆمەڵگە ڕەنگە کەمێک زیاتر بێت لە خراپ پەیڕەو کردنی ئایدیا سۆشیالیستەکانی هاوکاری ئارەزوومەندانە، کەچی تاکناسە توندڕەوەکان هەندێ جار هۆشداری ئەوەیان داوە کە هەر جەختێک لە سەر کۆمەڵ ئامانجی چەوسێنەری هەیە چونکە هەڕەشە دەکات گرینگی تاک کەم بکاتەوە.

## کۆمیونیتاریانیزم Communitarianism

ئەسڵی نەریتی کۆمیونیتاری دەگەڕێتەوە بۆ چەند هزرمەندێکی بواری یوتۆپیانیزمی سۆشیالیستی سەدەی نۆزدەیەم وەک ڕۆبێرت ئۆون و قیتەر کرۆپۆتکین. بە هەقیقەت، یەکێک لە بابەتە گەرم و گوڕەکانی هزری سیاسی مۆدێرن بایەخدانە بە کۆمەڵگە، سۆشیالیستەکان بە شێوازی جۆراو جۆر باسی لێوە دەکەن کاتێ جەخت دەکەنە سەر برایەتی و هاوکاری. باوەڕی مارکسی بە کۆمەڵگەیەکی کۆمەنیستی بێ چین (یەک ئاست) و بۆچوونی پارێزگارەکان بۆ کۆمەڵگە وەک ئۆرگانێک بە گشتی بە هۆی ئەرکە هاوبەشەکانەوە پێکەوە بەستراونەتەوە، تەنانەت لە پابەندبوونێکی فاشیستییەوە بۆکۆمەڵگەیەکی نەتەوەیی دابەش نەکراو. بەڵام، کۆمیونیتاریانیزم وەک قوتابخانەیەکی هزری دروستکردنی فەلسەفەیەکی سیاسی تایبەت تەنیا لە سالانی هەشتاکان و نەوەدەکان سەری هەڵدا. وەک ڕەخنەیەکی لیبرالیزم گەشەی سەند، جەختی کردەوە لە سەر ئەو زیانانەی بۆ کولتووری گشتی کۆمەڵگە لیبرالییەکان پێش دەهاتن بە هۆی سەپاندنی ماف و ئازادییەکانی تاک بە سەر پێداویستییەکانی کۆمەڵگە. فۆڕمە بەرز و نزمەکانی کۆمیونیتاریانیزم هەندێ جار پێناس کراون: فۆڕمی بەرز دەچێتە نێو مشتومڕە سەرەکییەکان، فۆرمی نزمیش زیاتر پەیوەستە بە پرسەکانی سیاسەتی گشتی، ناودارترین کەس لەم وبوارە "ئامیتای ئیزیۆنی" یە.

لە ڕوانگەی کۆمیونیتاریانییەوە، کەم و کوڕی سەرەکی لیبرالیزم بۆچوونەکەیەتی کە تاک وەک بوونەوەرێکی سووک و ناکۆمەلایەتی و زیان بەخشە. ئەم جۆرە بۆچوونە ئاشکرایە لە لێکدانەوەی یوتیلیتاریانی کە مرۆڤەکان مەخلوقی ئەقلانی و بە دوای خۆیاندا دەگەڕێن. بە پێچەوانەوە، کۆمیونیتارییەکان جەخت دەکەنە سەر

ئەوەی کە خود بە توندی بە نێو جەرگەی کۆمەڵگەوە بەستراوەتەوە، بەو مانایەی کە هەر تاکێک جۆرێکە لە پێکهاتەی کۆمەڵگە کە ئارەزوو و بەها و مەبەستەکانی خۆی دروست کردووە. ئەمە نەک هەر تەنیا سەرنجمان کێش دەکات بۆ لای پرۆسەی سۆشیالیزم بگرە بۆ مەحاڵ بوونی جودا بوونەوەی ئەزموون و باوەڕەکانی تاکێک لە ناوەڕۆکی کۆمەڵگەدا کە کۆمەڵگە مانایەکیان پێ دەبەخشێت. هەڵوێستی کۆمیونیتاریانی ئەنجامی تایبەتی هەیە بۆ تیگەیشتنمان لە دادپەروەری. تیۆرە لیبرالییەکانی دادپەروەری دەوەستنە سەر ئەو لێکدانەوانەی دەربارەی ئیختیاری کەسی و هەڵسوکەوتی تاک کە کۆمیونیتارییەکان مشتومڕی لە سەر دەکەن کە هیچ مانایەک نابەخشێت چونکە دەچنە نێو قالبێکی بێ بابەتییەوە. کەواتە دەبێ تیۆرە گەردوونییەکانی دادپەروەری ڕێگە بە تەواوی بە مەحەلی و تایبەتییەکان بدەن، هەڵوێستێک وەک ئەو هەڵوێستەی کە لە لایەن تیۆرە پۆست مۆدێرنەکانەوە پەرەی پێ دار.

کۆمیونیتارییەکان دەڵێن مەبەستی ئێمە ڕاست کردنەوەی ناهاوسەنگییەکە لە نێو کۆمەڵگەی مۆدێرن و هزری سیاسی کە تیایاندا تاک، پابەند نییە بە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان و بەرپرسیاریەتییە ئەخلاقییەکان، ڕێگەی پێ دراوە یاخۆ هان دراوە تەنیا بەرژەوەندی و مافەکانی خۆی ڕەوچاو بکات و بوێت. لەم بۆشاییییە ئەخلاقییەشدا، کۆمەڵگە بە تەواوی لێک دەترازێت و پەرتەوازە دەبێت. بۆیە پرۆژەی کۆمیونیتاری هەوڵ دەدات بۆ گێڕانەوەی کۆمەڵگە بۆ دەنگە ئەخلاقییەکانی پێشووی خۆی، هەروەها لە نەریتێک کە ڕەنگە بچێتەوە سەردەمی ئەرستۆ، سیاسەتێک پێک بهێنێت کە بۆ باشی و چاکەی گشتی بێت. بەڵام، ڕەخنە گرانی کۆمیونیتاریانیزم ئەوە ڕادەگەیەنن کە کۆمیونیتاریانیزم ئامانجی پارێزکاری و بێ لایەنی لە خۆ گرتووە. ڕێچکەیەکی پارێزکاری هەیە، لەو ڕێچکەیەش بەرگری لە وجوودی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و کۆدە ئەخلاقییەکان دەکات. بۆ نموونە، فێمینیستەکان ڕەخنە لە کۆمیونیتاریانیزم دەگرن و دەڵێن: هەولێ بەهێز کردن و پشتیگری کردنی ڕۆڵە سێکسییەکان دەدات لە ژێر دەمامکی بەرگری کردن لە خێزان. خاسیەتە بێ لایەنەکانی کۆمیونیتاریانیزم لەو ئارەزووە سەرچاوەی گرتووە کە جەخت دەکاتە سەر ئەرک و بەرپرسیاریەتییەکانی تاک لە سەر ماف و سوودەکانی.



# فەیلەسووفە سەرەکییەکانی کۆمیونیتاریانیزم

## ئەلاسدێر ماکینتیر (١٩٢٩---)

فەیلەسووفێکی سکۆتلەندی بواری ئەخلاقیە. پەرەی بە فەلسەفەی نیوکلاسیکی و دژە لیبرالی کۆمیونیتاری دا. بە ڕای ئەو، لیبرالیزم زیادەڕۆیی لە ڕێژەی ئەخلاق دەکات، هەر بۆیەشە ناتوانێت بنەمایەکی ئەخلاقی دابین بکات بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی. ماکینتیر دەڵێت کە فیکرەی دادپەروەری و کاری چاک بە چەند نەریتێکی ڕۆشنبیریەوە تایبەتە، هەروەها پەرەی بە شێوازی ژیانێکی باش دا کە پشت ئەستوور بوو بە ئەرستۆ و نەرتیی مەسیحی ئۆگستاین و ئاکوینس. کارە سەرەکییەکانی ماکینتیر: After Virture (1981)، Whose Justice? Which Rationality? 1988، هەروەها Three Rival Versions of Moral Enquiry (1990).

## چارلس تەیلەر (١٩٣١ ----)

فەیلەسووفێکی کەنەدی سیاسییە و پابەندە بە کاسۆلیکی ڕۆم. تەیلەر زۆر لە پێکهاتەی خود دەکۆڵێتەوە. وەسفی خەڵک دەکات وە " تاکی embodied" کە ناسنامەکەی بە مێژوو و دەقی زمانەوانی و کۆمەڵایەتی دروست بووە کە تیایدا دەژین، کەواتە ئازادی ڕاستەقینە دەبێ بچەسپێت. بەڵام، بە پێچەوانەی هەندێ کۆمیونیتارییەکانی تر، تەیلەر مامەڵە لەگەڵ تاک دەکات، نەک کۆمەڵگە، وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی کاری ئەخلاقی. بەناوبانگترین نووسینەکانی تەیلەر ئەمانەن: philosophical papers (1985) ، سەرچاوەکانی خود (١٩٨٩)، هەروەها مشتومڕە فەلسەفییەکان (١٩٩٥).

## مایکڵ والزەر (١٩٣٥ ----)

تیۆریستێکی ئەمریکییە لە بواری سیاسەتدا. پەنجە دەخاتە سەر کۆمیونالیستی و پلورالیستی لیبرالیزمە. تیۆری گەردوونی دادپەروەری ڕەت دەکاتەوە چونکە بە هەڵە لێکدراوەتەوە، لە بری ئەوە جەخت دەکاتە سەر بنەمای " یەکسانی ئاڵۆز"، کە بە پێی ئەمە یاساکان دەبێ لە سەر دابەشکردنی سوودە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان جێ بەجێ بکرێت، بە هۆیەوە بازنەی جودا جودای دادپەروەری دامەرزێن. لەگەڵ ئەوەشدا، کار لە سەر سۆزێک دەکات بۆ فۆرمێکی دیموکراسی سۆشیالیزم. کارە گرینگەکانی والزەر ئەمانەن: بازنەکانی دادپەروەری (١٩٨٣) و لێکدانەوە و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی (١٩٨٧).

**مایکل ساندل (١٩٥٣ ----)**

تیۆریستێکی ئەمریکییە لە بواری سیاسەتدا. زۆر بە توندی ڕەخنە لە تاکڕەوی و فیکرەی خودی سووک دەگرێت. باس لە تێگەیشتنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی دەکات کە بە تەواوی لە کۆمەڵگە جیا جیاکان هەڵێنجراون. هەروەها جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کە ئیختیار و ناسنامەی تاک بە هۆی پێوەندییە ئەخلاقییەکانی نێو کۆمەڵگە دروست دەبێت. هەروەها هۆشداری ئەوەشی داوە کە هەر کەم و کوڕیەک لە قووڵبوونەوەدا هەبێت مانای ئەوەیە کە ڕەنگە دیموکراسی ماوەیەکی درێژ نەخایەنێت، هەروەها پشتگیری کۆماری مەدەنی دەکات، کە دەیبەستێتەوە بە نەریتی سیاسی ئەمریکی. لە هەرە کاریگەرترین کارەکانی ئەمانەن: لیبرالیزم و سنوورەکانی دادپەروەری (١٩٨٢) و Democracy_s Dis-content (1996.

# تاک لە نێو سیاسەتدا

پرسیارەکانی دەربارەی ڕۆڵی تاک لە مێژوودا چینی فەیلەسووفان و هزرمەندانی سەرقاڵ کردووە. گرینگی ئەو جۆرە پرسیارانەش هیچیان کەمتر نییە لە گرینگی دیراسە کردنی سیاسەت. ئایا دەبێ شرۆڤە سیاسییەکان جەخت بکەنە سەر ئارەزوو و قەناعەت و کردارەکانی تاک، یاخۆ دەبێ ئەو هێزە ناکەسییانە (غیر شخصی) تاقی بکاتەوە کە هەڵسوکەوتی تاک پێک دەهێنن؟ لە سەرەتادا، دەتوانین دوو هەوڵی زۆر لە یەک جیا بۆ ئەم پرسە وەدەرنێین. هەوڵی یەکەمیان سیاسەت بە تەواوی لە ڕووی کەسییەوە سەیر دەکات. باسی ئەوە دەکات کە مێژوو لە لایەن تاکەکانەوە دروست بووە و ئیرادەی خۆیان بە سەر پرۆسە سیاسییەکاندا دەسەپێنن. ئەم جۆرە هەوڵە ئاشکرایە لە ڕووی جەختکردنە سەر پیاوە گەورەکان و کارەکانیان. بە پێی ئەم بۆچوونە، سیاسەتی ئەمریکی بە بەشداریی کەسایەتییە مەزنەکان دەچێت بەڕێوە وەک سەرۆک ڕۆزڤێلت و کەنەدی یان ڕێگان و کلینتۆن، لە کاتێکدا درک بە سیاسەتی بەریتانی دەکرێت لە ڕێگەی کاری سەرۆک وەزیرەکانەوە، وەک چێرچل و ویلسن و تاچەر و بلێر و تا دوایی. ئەم هەوڵە بۆ سیاسەت لە تووندترین فۆرمیدا بووەتە هۆی هێنانە کایەی ڕێژیمی فاشیستی یان سەرکردەی باڵا دەست.



فاشیستەکان سەرکردەی وەک مۆسۆلۆنی و هیتلەر بە تاکی بەهرەدار و بێ وێنە دەزانن، واتە هەموو دەسەڵاتێکیان هەیە و هەموو شتێک دەزانن. بەڵام، گەر بتەوێ سیاسەت لە دیدی سەرکردایەتی و کەسایەتییەوە سەیر بکەیت، ئەوا دەبێ سامانی هۆکارە کولتووری و ئابووری و کۆمەلایەتی و مێژووییەکان پشت گوێ بخەیت کە بێگومان یارمەتی گەشەی سیاسی دەدەن. وێڕای ئەمە، ئەو بۆچوونە وا دەگەیەنێت کە تاک دێتە سەر حازرەکی جیهان، خاوەنی هیچ نییە لە کۆمەڵگەکەی بۆ برەودان بە بەهرە و سیفەت و بەشدارییەکانی.

هەوڵی دووەم لە بەهای تاک دێنێتەوە خوارەوە. مێژوو بە هۆی هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئابووری و هۆکارەکانی تر دروست بووە، واتە ئەکتەرە تاکەکان یان ئەوەتا بە دەرن لێی یان ئەوەتا دەوری تەنیا زۆرنا ژەنێک دەگێڕن. نموونەیەک بۆ ئەمە، ئەو تیۆرانەیە کە لە یەکیەتیی سۆڤیەت و دەوڵەتە کۆمەنیستەکانی تر پەرەیان پێ دراوە. ئەمە بووە هۆی باوەڕی سووربوونی ئابووری: پێیان وابوو کە ژیانی سیاسی و یاسایی و ڕۆشنبیری و کولتووری لە سەر سووربوونی شێوازی بەرهەمهێنانی ئابووری وەستاون. کەواتە هەموو مێژوو و هەموو سیفەتێکی هەڵسوکەوتی تاک لە ڕووی پێشکەوتنی ململانێی چینەکانەوە لێکدراوەتەوە. بەڵام ئەم جۆرە تیۆرانە بونیات نراون لە سەر بۆچوونی پاڤلۆڤ لە بارەی سروشتی مرۆڤ کە بواری وجوودی ناسنامەی شەخسی نادات، یاخۆ بواری پیادەی هەر جۆرە ویستێکی ئازاد نادات.

وێڕای ئەمە، ئەو تیۆرانە باوەڕیان بە مێژوویێکی حەتمی هەیە کە تیایدا هەر مەعریفەیەکی سیاسی گومانی لە سەرە. بەڵام ئایا ئەمە لە کوێمان بە جێ دێڵێت؟ گەر تاک نە مامۆستای مێژوو بێت و نە ئەو زورنا ژەنانەش بێت لە لایەن مێژووەوە کۆنترۆڵ کرابێت، ئەی باشە چ بوارێک بۆ کارەکانی تاک بە جێ ماوە؟ لە هەموو بارودۆخەکاندا دەبێ هاوسەنگییەک هەبێت لە نێوان هۆکارە کەسی و ناکەسییەکاندا.

گەر تاک سیاسەت دروست بکات، ئەوا بە حوکمی چەند مەرجێکی ڕۆشنبیری و دامەزراوەیی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی تایبەت دروستی دەکات. یەکەم: پێوەندییەک هەیە لە نێوان تاک و بۆماوەی کولتوورییەکەی. سەرکردەی سیاسی هزرمەند و

گەورە ڕووناک بیر دەگمەنن، بۆ نموونە، ڤ. أ. لینین سەرکردەیەکی سیاسی تاک و بێ وێنەیە. کەواتە کەسایەتییە سیاسییە پراکتیکییەکان بە هۆی هەڵسوکەوت و بڕیاردانەکەیان ڕێبەری دەکرێن، زۆرجار بێ ئەوەی ئاگادار بن، بە پێی ڕای ئابووری ناس " کینس"، نووسەر و ڕۆژنامەنووسە ئەکادیمییەکان دەبنە ڕێبەری کەسایەتییە سیاسییەکان. مارگرێت تاچەر ڕێبازی تاچەریزمی دانەهێنا، نە ڕۆناڵد ڕێگانیش بەرپرسیار بوو لە ڕێبازی ڕێگانۆمیکس. لە هەردوو حاڵەتدا، ئایدیاکانیان پشت ڕاست بوو بە ئابووری ناسانی کلاسیکی وەک ئادەم سمیس و دەیڤد ڕیکاردۆ (١٧٧٢–١٨٢٣)، هەروەها لە سەدەی بیستەمیش پشت ڕاست بوون بە ئابووری ناسانی وەک هەیک و فریدمان. گرینگی ئایدیا و فەلسەفە و ئایدیۆلۆژییەکان لە نێو ژیانی سیاسیدا هیچیان کەمتر نییە لە گرینگی دەسەڵات و سەرکردایەتی و کەسایەتی. بەڵام، ئەمەش مانای ئەوە نییە بڵێین کە سیاسەت دروست دەبێت لە لایەن ئەو تاکانەی کە لە خەونەکانیاندا چەند ئایدیایەک دەبینن. هیچ گومانی تیا نییە، ئایدیاکانی هزرمەندانی وەک ڕۆسۆ و مارکس و کینس و هەیک مێژوویان گۆڕیوە بە هۆی سروش و کاری ڕێبەری سیاسی. لەگەڵ ئەوەشدا، لە هەمان کاتدا، ئەو هزرمەندە تاکانە خۆشیان کاریگەری نەریتە ڕۆشنبیرییەکانی سەردەمی خۆیانیان لە سەر بووە، سەرەڕای بارودۆخی حوکمی مێژوویی و کۆمەڵایەتی. بۆ نموونە، کارل مارکس، کە ڕێبازە ڕۆشنبیرییەکەی زاڵ بووە بە سەر هەموو سیاسەتی سەدەی بیستەمدا، لە سەر بنەمای وجوودی ئایدیاکانەوە تیۆرەکانی پێک هێناوە. بە تایبەتی فەلسەفەی هیگڵ، ئابووری سیاسی سمیس و ڕیکاردۆ، هەروەها ئایدیاکانی کۆمەڵناسە فەڕەنسییەکان وەک سینت سایمۆن و فوغێغ.

دووەم، پێوەندییەک هەیە لە نێوان تاک و دامەزراوەکان. زۆرجار زەحمەتە جیاوازی بکەیت لە نێوان کاریگەری کەسی سەرکردەیەکی سیاسی و ئەو دەسەڵاتەی کە لە ئۆفیسەکەی کاری پێ دەکات. بۆ نموونە، دەسەڵاتی سەرۆکە ئەمریکییەکان و سەرۆک وەزیرەکانی بەریتانیا لە ئۆفیسەکەیانەوە هاتووە نەک لە کەسایەتییەکەیان. لە کاتێکدا، دەبینین کەسایەتی سەرکردەکانی سۆڤیەت کاریگەری کەمیان لە سەر سیاسەتی سۆڤیەتی هەبووە، لە کاتێکدا کاریگەرییان لە سەر دەسەڵاتی قۆرخکاری



حیزبی کۆمەنیست زۆر بووە. پاش هەموو شتێک، حیزب سەرچاوەی دەسەڵاتی فراوانی سەرکردە بووە. ئا لێرەدا مەبەستی کۆمەڵناسی ئەڵمانی " ماکس وێبەر" (١٨٦٤–١٩٢٠) بە دیار دەکەوێت کاتێ پێشنیازی ئەوەی کرد کە لە کۆمەڵگە پیشەسازییە مۆدێرنەکان دەسەڵاتی ئەقڵانی یاسایی فۆرمە نەریتی و کاریزماکانی لە بار برد. بە پێی ئەم پێشنیازەی ماکس، گرینگی سەرکردەی سیاسی زۆر کەمترە لە گرینگی ئەو حیزبەی کە بەڕێوەی دەبات، زۆر کەمترە لە گرینگی ئەو دامەزراوە حکومییانەی کۆنترۆڵی دەکات و کاری تیا دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرکردەی تاک دەتوانێت جیاوازییەک دروست بکات.

بۆ نموونە، هیچ گومان لەوە نییە کە دەسەڵاتە دامەزراوەییەکان تا ڕادەیەک لاستیکین، ئەو سەرکردانەی کە دەسەڵات و وزەیەکی تایبەتییان هەیە دەتوانن ئەو دەسەڵاتە بە ئارەزووی خۆیان درێژ و باریک و پان و بەرین بکەن. ئا لێرەدا مەبەستی (هـ. هـ. ئاسکویت) بە دیار دەکەوێت کاتێ ڕایگەیاند کە ئۆفیسی سەرۆک وەزیرانی بەریتانی، هەر کەسێک بووبێت، کارتۆنی هەڵبژێردرا بوو. سەرۆک وەزیرە مکوڕ و کاریزماییەکان بێ هیچ گومانێک بە ئارەزووی خۆیان گەمەیان بە دەسەڵاتی ئۆفیسەکەیان دەکرد، وەک تاچەر لە ساڵانی نێوان ١٩٧٩ و ١٩٩٠ نیشانی هەموو جیهانی دا. سەرۆکە ئەمریکییەکان، وەک ف. د. ڕۆزڤێڵت و لیندن جۆنسن، بێ هیچ گومانێک دەیانتوانی دەسەڵاتی ئۆفیسەکەیان بە هۆی سیفەت و بەهرە کەسییەکانیان درێژ و کورت بکەنەوە. بێگومان، لە حاڵەتەکانی تردا، سەرکردەکان هەوڵیان داوە بۆ دامەزراندن یان دووبارە دروستکردنەوەی ئەو دامەزراوانەی کە خۆیان بەڕێوەیان دەبردن. بۆ نموونە، لینین حیزبی بۆلشەڤیکی دامەزراند لە ساڵی ١٩٠٣، هەروەها لە نێوان ساڵانی ١٩١٧ و مردنی لە ١٩٢٤، بەرپرسیار بوو لە دروستکردنی دامەزراوەکانی حکومەتی سۆڤیەت و کارتێکردن لە سەرچاوە دەستوورییەکی. لە حاڵەتی دیکتاتۆرەکاندا، وەک هیتلەر لە ئەڵمانیا، پیرۆن لە ئەرژەنتین و سەدام حوسێن لە عێراق، سەرکردەکان هەمیشە هەوڵی هەبوونی دەسەڵاتی ڕەهایان داوە بە هۆی خۆدزینەوە و خۆ ڕزگار کردنیان لە هەر فیکرەیەکی سەرکردایەتی دەستووری، هەوڵیان داوە حوکم بکەن تەنیا لە سەر بنەمای

دەسەڵاتێکی کاریزمایی.

سێیەمیان، تاک پێوەندییەکی هەیە لەگەڵ کۆمەڵگە. قسەیەک هەیە دەڵێت " هیچ تاکێکی بە تەنیا و دوورە پەرێز ناتوانێت لە ژینگەی کۆمەڵایەتی خۆی بگات": واتە، هیچ کەس هەروا لە حازرەکی نەهاتووەتە جیهانەوە. ئەو کۆمەڵناسانەی کە جەخت دەکەنە سەر گرینگی جەوهەری کۆمەڵایەتی زۆر پەرۆشی بینینی هەڵسوکەتی تاکن وەک نوێنەری بەرژەوەندی و هێزە کۆمەڵایەتییەکان. هەرچەندە مارکس زۆر بەشداری لە (سنووری ویست) "determinism" نەدەکرد، بەڵام زۆر باوەڕی بەوە هەبوو کە مەودای کاری تاک سنووردارە، هۆشداری ئەوەی دا کە " نەریتی هەموو جیلە مردووەکان وەک مۆتەکەیەک "کابوس" بە مێشکی زیندووەکان وەنووساوە". بەڵام، سیاسەت توانایەکی بێ سنووری هەیە بۆ حەپەسان و شێواندنی هەموو پێشبینییەکان چونکە چالاکییەکی کەسییە. لە کۆتاییدا، سیاسەت لە لایەن تاکەوە دروست دەکرێت، ئەو تاکانەی کە بە ڕوونی بەشێکن لە پرۆسەی مێژوویی، سەرەڕای ئەوەی، جۆرە توانایەکیان هەیە بۆ دروستکردنی ڕووداوەکان بە گوێرەی خەون و ئارەزووەکانیان. بۆ نموونە، مەحاڵە باوەڕ بەوە بکەین کە هیچ کاریگەرییەک نەدەبوو لە سەر مێژووی ڕووسی گەر لینین لە دایک نەبوایە. بە هەمان شێوە، گەر ڕۆزڤێڵت لە نەخۆشی شەلەل لە ساڵی ١٩٢٠ بمردبا، ئایا ئەمریکا هەمان ئەو بەرسڤەی دەبوو کە لە کاتی گرانییە گەورەکە و دەرەنجامی جەنگی جیهانی دووەم هەیبوو؟ ئایا شێوەی سیاسەتی بەریتانیا لە ساڵانی هەشتاکان هەر وەک خۆی دەبوو گەر مارگرێت تاچەر بڕیاری دابا لە بری ئەوەی بچێتە نێو سیاسەت ببایە پارێزەر؟ ئایا مۆدێرنیەتی حیزبی کرێکاران بەرەو پێش نەدەچوو و لە کار دەکەوت گەر جۆن سمیس لە ١٩٩٤ نەمردبا و تۆنی بلێر شوێنەکەی نەگرتباوە؟

## کۆمەڵگە

هەرچەند تاک سەربەخۆ و بەرگەی سەرسامی و نەهامەتییەکان بگرێت، ناتوانرێت وجوودی مرۆڤ لە دەرەوەی کۆمەڵگە گۆش بکرێت. مرۆڤ بوونەوەرێکی دوورەپەرێز و تەنیا و گۆشەگیر نییە. ڕاستە ڕۆبنسن کرۆسۆ توانی لە تەنیاییەکی تەواو و



بەردەوامدا بژیت، بەڵام ئەو بەهرە و مەعریفانەی کە وای لە ڕۆبنسن کرۆسۆ کرد بە زیندوویی بمێنێتەوە، پێش ئەوەی کەشتییەکەی سەرگەردان و گوم بێت، لە ڕێگەی پەروەردە و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان فێری بووە. بەڵام، زۆرجار چەمکی کۆمەڵگە تۆزێک باشتر لە تاک درکی پێ کراوە. لە گشتیترین واتایدا، "کۆمەڵگە" واتە کۆمەڵێک خەڵک لە یەک ناوچەدا پێکەوە دەژین. بەڵام مانای ئەوە نییە هەموو جۆرە گرووپێکی خەڵک دەتوانن کۆمەڵگە پێک بهێنن. کۆمەڵگەکان بە شێوازی کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان دەناسرێنەوە، واتە هەبوونی جۆرێک لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی. وێڕای ئەمە، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئاگاداری یەکتر و هاوبەش یا بە لایەنی کەم جۆرێک لە پێوەری هاوکاری دەگەیەنێت. بۆ نموونە، هۆزە شەڕخوازەکان کۆمەڵگە پێک ناهێنن، هەرچەندە نزیکی یەکتر و پێکەوە دەژین و بە بەردەوامی هامشۆی یەکتر دەکەن. لە لایەکی ترەوە، بە نێودەوڵەتی بوونی گەشت و گوزار و ژیانی ئابووری، هەروەها بڵاوبوونەوەی ئاڵووێری کولتووری و ڕۆشنبیری ئایدیای پێکهێنانی " کۆمەڵگەیەکی جیهانی" یان دروست کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو کارلێکە هەرەوەزییەی کە پێناسەی هەڵسوکەوتی کۆمەڵگە دەکات مەرج نییە پێوست بکات بە هۆی ناسنامەیەکی گشتی یاخۆ هەستێکی پشتگیری بەهێز بکرێت. ئەوەیە کۆمەڵگە "society" لە بیرۆکە بەهێزترەکەی "کۆمەڵگە" Community جیا دەکاتەوە، کە بە لایەنی کەم پێویستی بە پێوەرێکی هاوکاری کۆمەڵایەتی و ناساندنی لەگەڵ کۆمەڵگە community پێویستە.

بەڵام، لە تیۆری سیاسیدا، زۆرجار کۆمەڵگە بە واتایەکی سنووردارتر سەیر دەکرێت کە پێی دەوترێت " کۆمەڵگەی مەدەنی". لە فۆرمە بنەڕەتییەکەیدا، کۆمەڵگەی مەدەنی ئاماژەیەکە بۆ کۆمەڵگەیەکی سیاسی، کۆمەڵگەیەک لە نێو چوارچێوەیەکی یاسا و نیشاندانی دڵسۆزی و پابەند بوون بە دەوڵەتەوە دەژیت. هزرمەندە سیاسییەکانی پێشوو ئەم جۆرە کۆمەڵگەیەیان بە کۆمەڵگەیەکی ڕێک دادەنا وەک بنەمای ژیانێکی شارستانی. بەڵام، تیۆریستە مۆدێرنەکان سەرقاڵی جیاکردنەوەی کۆمەڵگە بوون لە دەوڵەت بە شێوەیەکی ڕوونتر. لە ڕێبازی هیگڵ و مارکسدا، کۆمەڵگەی مەدەنی لە دەرەوەی دەوڵەت ڕوو دەدات و ئاماژەیەکە بە جیهانێکی

ئۆتۆنۆمی کۆمەڵە و گرووپەکان، پێکهاتووە لە توانای تاکەکان وەک هاوڵاتی تایبەت. هەرچەندە هیگڵ مامەڵەی لەگەڵ کۆمەڵگە دەکرد وەک شتێکی جیا لە خێزان، کاتێ زاراوەی کۆمەڵگەی بەکار دەهێنا، هەموو دامەزراوە ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری و مەحەلییەکانی دەگرتە خۆ. بەڵام، سروشت و گرینگی ئەم جۆرە دامەزراوانە بابەتی نێو دەمەتەقێکانن. ئەمە زۆرجار خول دەخوات لە دەوری پێوەندی نێوان دەستە یان کیانە تاک و بە کۆمەڵەکان. بۆ نموونە، ئایا تاکرەوی individualism و کۆمەڵیەتی collectivism دەتوانن ئاشت ببنەوە، یاخۆ دەبێ تاک و کۆمەڵگە هەمیشە دژی یەکتر بوەستنەوە؟ وێڕای ئەمەش، خودی کۆمەڵگە بە چەندین ڕێگای جۆراوجۆر لێک دەدرێتەوە، کە هەر ڕێگایە و چەند ئەنجامێکی گرینگی سیاسی لێ دەکەوێتەوە. بۆ نموونە، ئایا کۆمەڵگە دەستکردی مرۆڤە یان کییانێکی ئۆرگانییە؟ ئایا دەوەستێتە سەر ڕای گشتی یان ململانێ؟ ئایا کۆمەڵگە عادیلانەیە یان سروشتی هەڕەمەکییە؟ لە کۆتاییدا، زۆرجار سەرنج دەدرێتە گرینگی سیاسی دابەش بوونە کۆمەڵایەتییەکان یان جودابوونە کۆمەڵایەتییەکان، چینە کۆمەڵایەتییەکان و گێندەر و ڕەگەز و ئاین و نەتەوە و زمان. لە هەندێ حاڵەتدا، ئەمانە وا سەیر دەکرێن کە کلیلی تێگەیشتنن لە سیاسەت. بۆچی جودابوونە کۆمەڵایەتییەکان گرینگن، هەروەها کامەیان گەورەترین کاریگەری هەیە لە سەر سیاسەت؟

## کۆمەڵیەتی Collectivism

چەند زاراوەیەکی سیاسی هەن بە قەد زاراوەی کۆمەڵیەتی collectivism سەر لە خەڵکی دەشێوێنن، یاخۆ فرە واتایەکی فراوان لە خۆ دەگرن. بە ڕای هەندێکیان، کۆمەڵیەتی ئاماژەیە بە کارەکانی دەوڵەت و گەیشتووەتە بەرزترین فۆرمی پێشکەوتنی لەڕووی پلانەکانی ئابووری دەوڵەتە کۆمەنیستە ئۆرتۆدۆکسییەکان، کە پێی دەوترێت (کۆمەڵیەتی دەوڵەت). بەڵام هەندێکی تر، کۆمەڵیەتی بەکاردەهێنن بە واتای کۆمیونیتاریانیزم، پاشخانێک بۆ کاری کۆمەڵگە نەک کۆششی خود، ئایدیایەک کە ئەنجامی ئازادی و تەنانەت گێرەشێوێنیشی لێ دەکەوێتەوە، هەروەک لە " گێرەشێوێنی کۆمەڵیەتی" مایکل باکونین (١٨١٤–١٨٧٦)دا باس کراوە.



سەرەڕای ئەوەش، هەندێ کۆمەڵیەتی وەک هاوتایەک بۆ سۆشیالیزم دادەنێن، هەرچەندە زیاتر پرسەکان ئاڵۆزتر دەکات، ئەمە لە لایەن ڕەخنەگرانی سۆشیالیزمەوە ئەنجام دراوە بۆ جەختکردنە سەر ئەوەی وەک ڕێچکەیەکی تایبەت بەدی دەکەن، لە کاتێکدا سۆشیالیستەکان خۆیان زاراوەکە بەکاردەهێنن بۆ جەختکردنە سەر پابەندبوونیان بە بەرژەوەندییە گشتییەکان یان بە کۆمەڵەکانی مرۆڤ. لەگەڵ ئەوەشدا، ئاساییە ئاماژە بە ئایادیا کۆمەڵییەکان بکەین، سەرەڕای ناساندنی ژمارەیەک نەریت و لێکدانەوەی پێشبڕکێکار.

کۆمەڵیەتی جەخت دەکاتە سەر توانای مرۆڤ بۆ کاری بە کۆمەڵ، پاڵ بە ئامادەیی و توانایان دەدات بۆ بەدواکەوتنی ئامانجەکانیان بە هۆی کارکردن بە یەکەوە نەک ڕەنج و کۆششی تاکە کەسی. کەواتە، هەموو فۆرمەکانی کۆمەڵیەتی لەو بیرۆکەیە یەک دەگرنەوە کە مرۆڤ ئاژەڵێکی کۆمەڵایەتییە، ناسراون بەو مرۆڤانەی کە لە چواردەوریان هەن و ناسنامەیەکی بە کۆمەڵیان هەیە. گرووپی کۆمەڵایەتی، هەرچییەک بێت، واتا بەخش و تەنانەن جەوهەرییە بۆ وجوودی مرۆڤ. ئەم فۆرمەی کۆمەڵیەتی لە نێو مەودایەکی فراوانی ئایدیۆلۆژییە سیاسییەکاندا دۆزراوەتەوە. زۆر بە ڕوونی، بنەڕەتی سۆشیالیزمە. جەخت لە سەر ناسنامەی کۆمەڵایەتی و گرینگی کاری بە کۆمەڵ ئاشکرایە لە بەکارهێنانی زاراوەی " هەڤاڵ" comrade بۆ ئاماژە کردن بە ناسنامەی گشتی ئەو کەسانەی کە پێکەوە کار بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەکەن، ئاشکرایە لە بیرۆکەی هاوکاری نێوان چینەکان بۆ جەختکردنە سەر بەرژەوەندییە گشتییەکانی هەموو ئەو خەڵکانەی کار دەکەن، هەروەها بێگومان ئاشکرایە لە ئایدیای مرۆڤایەتی گشتیش. فیێمینیزمیش ئایدیای کۆمەڵیەتی لە خۆ دەگرێت لە ڕووی جەختکردنە سەر گرینگی گێندەر و خوشکایەتی، درک بە ناسنامەی گشتی دەکات کە هەموو ئافرەتەکان توانای خۆیان پێکەوە دەخەنە گەڕ بۆ بەشداریکردن لە کاری سیاسی بە کۆمەڵ. بە هەمان شێوە، ڕێبازە نەتەوەیی و ڕەگەزپەرستییەکان دەگەڕێنەوە سەر جۆرێک لە کۆمەڵیەتی کاتێ مرۆڤایەتی لە ڕووی نەتەوە و ڕەگەزەکاندا لێک دەدەنەوە. کەواتە هەموو فۆرمەکانی کۆمەڵیەتی زۆر بە توندی دژی تاکیەتییە کە پێی وایە مرۆڤ بوونەوەرێکی سەربەخۆ و تەنیا خۆی بە تەنیا ڕەنج

دەدات. بەڵام، گەر خەڵک سروشتی بە بوونەوەری کۆمەڵایەتی و هەرەوەزی سەیر بکرێن، ئەوا ڕەنگە کۆمەڵیەتی سەرچاوەیەکی جێبەجێکردنی کەسی بێت نەک ڕەتکردنەوەی تاکڕەوی.

پردی نێوان کۆمەڵیەتی و دەوڵەت هەروا لە خۆوە و بە ڕێکەوت دروست نەبووە. زۆر جار دەوڵەت وەک دەزگایەک سەیر دەکرێت تیایدا کاری بە کۆمەڵ ئەنجام دەدرێت، کەواتە دەوڵەت بەرژەوەندی بە کۆمەڵی کۆمەڵگە لە پێش بەرژەوەندی تاکدا دەنێت. لە بەر هەندێ، تیۆریستەکانی ڕێبازی " بیرکردنەوەی دروست" وەسفی دەستێوەردانی دەوڵەت لە فۆرمە هەمەجۆرەکانیەوە دەکەن وەک بەڵگەیەکی کۆمەڵیەتی. گەشەی ئاسوودەگی کۆمەڵایەتی و بەکاربردنی تەکنیکەکانی کینیسی لە بارەی هەڵسووڕاندنی ئابووری و بواری بە نەتەوەیی بوون وەک " سەرهەڵدانی کۆمەڵیەتی" لێکدراونەتەوە. لەم ڕوانگەیەوە، ئابووری باڵا کە لە سەردەمی یەکیەتیی سۆڤیەتدا پەرەی پێ درا نیشانەی بەرزترین فۆرمی کۆمەڵیەتییە. کۆمەڵیەتی، بەو مانایەش، بە ئایدیای دژی تاکڕەوی دادەنرێت. مادام دەوڵەت دەسەڵاتێکی سەروەر و پابەند دەنوێنێت، کەواتە دەوڵەت هەمیشە دوژمنی ئازادی تاکە. لە هەر شوێنێک دەوڵەت فەرمان بکات دەست پێشخەری تاک و ئازادی ئیختیار کردن سنووری هەیە. بەڵام، ئەمە لێکدانەوەی دەوڵەتێکی ئەوپەڕی نێگەتیڤە. لە لایەکی ترەوە، گەر دەوڵەت برەو بە پێشکەوتنی خودی تاک بدات بە هۆی دابینکردنی پەروەردە و ئاسوودەگی کۆمەڵایەتی، ئەوا کۆمەڵیەتی ئاسایی دانووی دەکوڵێت لەگەڵ تاکڕەوی و پێکەوە هەڵدەکەن.

هەر ڕێبازێکی کۆمەڵیەتی کە بە تایبەتی بەندە بە دەوڵەتەوە، ئەوا ڕێبازێکی گومڕاکەرە. دەوڵەت تەنیا دەزگایەکە بە هۆیەوە کاری بە کۆمەڵ ڕێک دەخرێت. ترسی دەوڵەت ئەوەیە کە خۆی وەک کۆمەڵ بنوێنێت و بڕیار و بەرپرسیاریەتییەکان لە هاوڵاتی ئاسایی وەرگرێتەوە. بەو مانایەش، کۆمەڵیەتی زەمینەیەکە بۆ کاری بە کۆمەڵ کە لە لایەن تاکە ئازادەکانەوە ئەنجام دەدرێن کاتێ تاکەکان باوەڕیان بەوەیە کە خاوەنی بەرژەوەندیە گشتییەکان یان ناسنامەی بە کۆمەڵن. ئەم فۆرمە فراوانترەی کۆمەڵیەتی زیاتر بەستراوەتەوە بە ئایدیای خۆبەڕێوەبردن نەک بە



کۆنترۆڵی دەوڵەت. کۆمەڵیەتی خۆبەڕێوەبردن زۆر سەرنجی گێرەشێوان و سۆشیالیستە ئازادەکانی ڕاکێشاوە. بۆ نموونە، باکونین، سەیری دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی بێ دەوڵەت دەکات کە تیایدا ئابووری ڕێک بخرێت بە پێی بنەماکانی خۆبەڕێوەبردنی کرێکاران، هەروەها بە ڕوونی ئەم ڕوانگە کۆمەڵیەتییەی جیا کردووەتەوە لە دەسەڵاتداریەتی لە سۆشیالیزمی مارکسیدا. هەروەها فۆرمی کۆمەڵیەتی لە سیستەمی "کیبوتز" لە ئیسرائیل دۆزراوەتەوە. ئەو ئایدیا کۆمەڵیانە هیچ وێکچوونێکیان نییە لەگەڵ تاکڕەوی کە جەخت دەکاتە سەر پشت بە خۆ بەستن و بەرژەوەندی تاک. بەڵام، بە هۆی پابەندبوونمان بە ئایدیاکانی خۆبەڕێوەبردن و کاری ئارەزوومەندانە، ئەم فۆرمەی کۆمەڵیەتییە پێویستی بە دەرەنجامی دژە تاکڕەوی نییە.

## تیۆرەکانی کۆمەڵگە

گرینگی هەر تیۆرێکی کۆمەڵگە، بە قەد شیکردنەوە سیاسییەکان، هیچی کەمتر نییە لە گرینگی تێگەیشتنی سروشتی مرۆڤ. ژیانی سیاسی، بە هەر جۆرێک بێت، پەیوەستە بە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە. سیاسەت ڕەنگدانەوەی ئەو گرژی و ململانێیانەیە کە لە نێو کۆمەڵگە پەیدا دەبن. بەڵام، کارلێکی نێوان سیاسەت و کۆمەڵگە و تاک بابەتێکە پڕە لە ناکۆکی توند و مشتومڕی ئایدیۆلۆژی قووڵ. چ ململانێیەک لە نێو کۆمەڵگەدا هەیە؟ ئەو ململانێیانە لە نێوان "کێ"ن؟ ئایا ئەو ململانێیانە چارەسەر دەبن، یاخۆ خاسیەتی بەردەوامی سیاسەتن؟

یەکەم زنجیرە تیۆر دەوەستێتە سەر تێگەیشتنی تاک لە کۆمەڵگە. ئەم تیۆرانە پێیان وایە کە کۆمەڵگە دەستکردی مرۆڤە، لە تاک دروست بووە بۆ خزمەت کردنی بەرژەوەندییەکانی یان مەرامەکانی تاک. لەوپەڕی فۆرمیدا، ئەمە دەبێتە هۆی باوەڕێک، کە مارگرێت تاچەر باسی لێوە دەکات، کە " شتێک نییە بە ناوی کۆمەڵگە". بە واتایەکی تر، هەموو هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لە ڕووی ئەو ئیختیارانەوە سەیر دەکرێت کە لە لایەن ئەو تاکانەوە هەڵدەبژێردرێن کە تەنیا بەرژەوەندی خۆیان دەوێت، بێ هیچ پاشخانێک بۆ کیانە بە کۆمەڵەکانی وەک "

کۆمەڵگە". ڕوونترین نموونەی ئەم جۆرە تیۆرە لە نێو لیبرالیزمی کلاسیکی دۆزراوەتەوە، کە پابەندە بە ئامانجی بە دەستهێنانی گەورەترین ئازادی تاک. هەرچەندە دەوڵەتێک پێویستە بۆ مسۆگەر کردنی چوارچێوەیەکی ڕێکخستن، بەڵام تاک دەبێ، بە پێی پێویست، بتوانێت بە دوای بەرژەوەندییەکانیان بکەون بە ڕێگای تایبەتی خۆیان. ئەمەش زۆر جارا پێی دەوترێت تیۆری "پەرتەوازە بوونی" کۆمەڵگە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کۆمەڵگە شتێک زیاتر نییە لە کۆمەڵێک یەکەی تاک، گرێدراو بە یەکەوە.

بەڵام، ئەم بۆچوونە ئەو هەقیقەتەش پشت گوێ ناخات کە تاک بە دوای بەرژەوەندی خۆی دەکەوێت لە ڕێگەی پێکهاتەی گرووپ و کۆمەڵەکان و کارەکان و یەکە بازرگانییەکان یانەکان و تا دوایی. هەرچەندە ئەو چیمەنتۆیەی ئەم کۆمەڵگەیە بە یەکەوە دەبەستێتەوە بەرژەوەندی خودە، دان پیانان بەوەی کە بەرژەوەندییە تایبەتییەکان بەر یەک دەکەون، دەبنە هۆی دروست بوونی گرێبەست یان ڕێکەوتنی ئارەزوومەندانە. ئەم فیکرەیەی کۆمەڵگە دامەزراوە لە سەر باوەڕی بەهێزی ڕای گشتی، باوەڕێک کە هاوسەنگییەک یان گونجانێکی سروشتی هەیە لە نێو تاک و گرووپە پێشبڕکێکارەکان لە نێو کۆمەڵگە. ئەمە لە ئایدیای " دەستی نادیار" ی ئادەم سمیس لە سەدەی هەژدەمەوە باس کراوە، دواتر لە سەدەی بیستەم هەیک کاری زیاتر لە سەر کردو کردی بە " ڕێکخستنێکی لە خۆوە" ژیانی ئابووری. هەرچەندە کرێکار و بەڕێوەبەران وێڵن بە دوای ئامانجی گەورەتر، کرێکار مووچەی زیاتری دەوێت، بەڕێوەبەر نرخی کەمتری دەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەردووکیان بە هۆی ئەو هەقیقەتە پێکەوە گرێدراون کە کرێکاران پێویستییان بە کارە و بەڕێوەبەرانیش پێویستییان بە کرێکارە. ئەم جۆرە بۆچوونەی کۆمەڵگە دەرەنجامی ڕوونی سیاسی لێ دەکەوێتەوە. بە تایبەتی، گەر کۆمەڵگە دەرفەت بۆ تاک بڕەخسێنێت بۆ بەدواکەوتنی بەرژەوەندییەکانی بە بێ دروستکردنی ململانێی سەرەکی، بە دڵنیاییەوە تۆماس جیفرسن ڕاست دەکات کاتێ دەڵێت " ئەو حکوومەتە باشترینە کە حوکمی کەمترین دەکات".

تیۆرێکی جیاوازی کۆمەڵگە دەوەستێتە سەر وێکچوونێکی ئۆرگانی. لە بری ئەوەی



لە تاکی ئەقڵانی پێک بێت بۆ ئەوەی قایل بن بە بەرژەوەندییە کەسییەکانیان، کۆمەڵگە ڕەنگە وەک " هەموو ئەندامەکان" کار بکات، بۆ نموونە هەموو ئەندامەکانی مرۆڤێک یان ڕووەکێک. ئەمە هەو ڵێکی گشتگیر بۆ کۆمەڵگە پێشنیاز دەکات، جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کە کۆمەڵگە تۆڕێکی ئاڵۆزی پێوەندییەکانە کە دواجار وجوودی هەیە بۆ درێژەپێدان بە " هەموان"، (هەموو) زۆر گرینگترە لە بەشەکانی (تاکەکانی). وێکچوونی ئۆرگانی، یەکەم جار، لە لایەن هزرمەندانی یۆنانی کۆنەوە بەکار هێنراوە بۆ ئاماژە کردن بە " کۆمەڵگە". هەندێ مرۆڤناس و کۆمەڵناسەکانیش ئایدیای هاوشێوەی ئەمەیان بەکار هێناوە لە پێشخستنی بۆچوونی کۆمەڵگەیەکی کردەیی. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە هەموو چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان هەندێ ڕۆڵیان هەیە لە درێژپێدان بە پێکهاتەی بنەڕەتی کۆمەڵگە، کەواتە دەتوانرێت وەک زاراوەی " کار" سەیری بکرێت. بۆچوونی ئۆرگانی کۆمەڵگە لە لایەن ژمارەیەکی زۆری هزرمەندە سیاسییەکان پەسن کرا، بە تایبەتی پارێزکار و فاشیستە نەریتییەکان، بە تایبەتی ئەوانەی کە پشتگیری corporatism یان دەکرا، واتە (کۆنترۆڵی دەوڵەت لە لایەن گرووپێکی گەورەوە). بە هەقیقەت، ڕێگایەک هەیە کە تیایدا ئۆرگانیزم دەرەنجامی پارێزکاری لێ دەکەوێتەوە. بۆ نموونە، نیازی شەرعیەتی وجوودی ڕێکخستنی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی هەیە، واتە پێک هاتووە لە هێزەکانی پێداویستییە سروشتییەکان. کەواتە، دامەزراوەی وەک خێزان و کەنیسە و ئەرستۆکراسی و کولتوور و بەها نەریتییەکان هەموو پێکەوە لە خزمەتی سەقامگیری کۆمەڵگەدان. وێڕای ئەمە، ئەم بۆچوونە ئەوە دەگەیەنێت کە کۆمەڵگە سروشتی هەرەمەکییە. توخمە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە، چینە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەگەزەکان و دەستە ئابوورییەکان و دامەزاروە سیاسییەکان، هەر یەکێک لەمانە ڕۆڵێکی تایبەتی هەیە لە وێستگەیەکی تایبەتی ژیان. یەکسانی لە نێویاندا بە قەد ئەو ئایدیە عەبەسیە کە دڵ و جگەر و گەدە و مێشک و سییەکان یەکسانن لە نێو لەشدا، ڕەنگە هەموو بە یەکسانی گرینگ بن بەڵام بە تەواوی هەر کەسە و ئەرک و مەرامی جیا جیای هەیە.

لە کاتێکدا تیۆرە ئۆرگانی و تاکییەکانی کۆمەڵگە پێشنیاز دەکەن کە وجوودی ڕای گشتی کۆمەڵایەتی و تیۆرە ڕکابەرەکان جەخت دەکەنە سەر ڕۆڵی ململانێ. بۆ

نموونە، ئەمە دەکرێ لە تیۆری فرەیی کۆمەڵگە سەیر بکرێت کە جەخت دەکات سەر ململانێی نێوان گرووپ و بەرژەوەندییە جۆربەجۆرەکان لە کۆمەڵگەدا. بەڵام، فرەیییەکان ئەم جۆرە ململانێیە بە شتێکی بنەڕەتی نازانن چونکە، لە دوا شیکردنەوەدا، باوەڕیان بەوەیە کە سیستەمێکی سیاسی کراوە و پێشبڕکێکار دەتوانێت هاوسەنگی کۆمەڵایەتی دووپات بکاتەوە و نەهێڵێت ئاژاوە و توندوتیژی بکەوێتە نێو کۆمەڵگە. تیۆرەکانی نوخبەی کۆمەڵگە، لە لایەکی ترەوە، تیشک دەخەنە سەر دەسەڵات لە دەستی کەمینە بچووکەکان، بۆیە جەخت دەکەنە سەر وجوودی ململانێی نێوان نوخبە و زۆروبۆر. کەواتە، تیۆریستە نوخبەکان زیاتر ئامادەن ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لێک بدەنەوە لە ڕووی سوودی ڕێکخراوەیی و قۆرخکاری و زۆری لێ کردن نەک ڕای گشتی. لەگەڵ ئەوەشدا، هزرمەندە فاشیستەکان هەوڵی دامەزراندنی نوخبەچیاتی elitism، واتە سازانی ئۆرگانی دەدەن، چونکە پێیان وایە کە زۆری و بۆری پەسنی لقەکانیان دەکەن. بەڵام، کاریگەرترین تیۆری ململانێی کۆمەڵگە مارکسیزم بووە. مارکس پێی وابوو کە ڕەگەکانی ململانێ کۆمەڵایەتییەکان دەکەوێتە سەر هەبوونی موڵکی تایبەت، ئەمەش دەبێتە هۆی ململانێی بنەڕەتی و بێ ئاشت بوونەوە. ئەوانەی کە سامان زۆر بە دەست دێنن لە هەر کۆمەڵگەیەک بێت، کرێکاران بە شێوەیەکی بەرنامە داڕێژراو دەچەوسێنرێنەوە لە لایەن خاوەن موڵکەکانەوە. مارکس مشتومڕی ئەوە دەکات کە کرێکاران بە قەد ئەوەی کە کار دەکەن پارەیان پێ نادرێت، بەهای ئەوان هەمیشە هەڵدەقۆزرێنەوە. بە بۆچوونی مارکسیستە ئۆرتۆدۆکسییەکان، ململانێی بنەڕەتی چینەکان کار دەکاتە سەر هەموو لایەنەکانی وجوودی کۆمەڵایەتی. بۆ نموونە، سیاسەت پرۆسەیەکی وا نییە کە لەڕێگەیەوە بەرژەوەندییە ڕکابەرییەکان هاوسەنگ دەکرێن دژی یەکتر، وەک مانایەک بۆ بەردەوام بوونی هەڵقۆزینەوەی چینەکان.

## جوودابوونەوە کۆمەڵایەتییەکان Social Cleavages

جگە لە تاکناسە توندڕەوەکان، هەموو هزرمەندە سیاسییەکان دان بە گرینگی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و کیانە کۆمەڵییەکان دادەنێن. هەمیشە سەرقاڵی دروست





بوونی کۆمەڵگە بوونە. ئەمەش ڕەنگی داوەتەوە لە هەوڵێک بۆ شیکردنەوەی ئەوەی چۆن جوودابوونە تایبەتییە کۆمەڵایەتییەکان یارمەتی پێکهێنانی ژیانی سیاسی دەدەن. جوودابوونەوەی کۆمەڵایەتی واتە پارچە بوونی یان دابەش بوونی کۆمەڵگە، ڕەنگدانەوەی فرەیی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانە لە نێو کۆمەڵگە. هەندێ لەو جوودابوونەوانە لە دایک دەبن لە ئەنجامی دابەشبوونی نایەکسانی کاریگەری سیاسی و دەسەڵاتی ئابووری و باری کۆمەڵایەتی. بۆ لێکدانەوەی سیاسەت لە ڕووی جوودابوونە کۆمەڵایەتییەکان، دەبێ دان بەوە بنرێت ئەم دیاردەیە کار دەکاتە سەر لایەنە ئابووری و ڕەگەزی و ئاینی و کەلتووری و ڕەگەزییەکانی ژیان، هەروەها بە قەد سیاسەتیش گرینگن، هەروەها بۆ مامەڵەکردنی ئەو گرووپەی بە ئەکتەرێکی سەرەکی سیاسی دادەنرێت. بەڵام، ئەو جودابوونەوانە دەکرێ بە چەندین ڕێگە لێک بدرێنەوە، بە ڕای هەندێکان، دابەشبوونی بنەڕەتی و بەردەوامن، ڕەگەکەی یان ئەوەتا لە سروشتی مرۆڤدایە یانیش لە پێکهاتەی ئۆرگانی کۆمەڵگەدایە. بە ڕای ئەوانی تر، بە پێچەوانەوە، مشتومڕی ئەوە دەکەن کە ئەو جودابوونەوانە کاتینە و زوو نامێنن، بە هەمان شێوە، ئەو دابەش بوونانە وەک تەندروستی و ویستراو، یان وەک بەڵگەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و چەوساندنەوە سەیر بکرێن. بەڵام، سەرچاوەی سەرەکی ناکۆکی، ئەوەیە کە کامە جوودابوونە کۆمەڵایەتییەکان گرینگی مەزنی سیاسییان هەیە.

گومانێکی کەم هەیە کە ئەو جوودابوونەی زۆر بە فراوانی لە نێو سیاسەتدا گفتوگۆ کراوە چینی کۆمەڵایەتییە. چین ڕەنگدانەوەی دابەشبوونە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانە، بە پشت بە ستن بە دابەشوبوونی نایەکسانی سامان و داهات و بارە کۆمەڵایەتییەکان. کەواتە، چینێکی کۆمەڵایەتی گرووپێک خەڵکە کە هەمان باری ئابووری و کۆمەڵایەتی هاوبەشیان هەیە، هەروەها ئەوانەن کە یەککگرتوون بە هۆی بەرژەوەندی ئابووری گشتی. بەڵام، تیۆریستە سیاسییەکان هەمیشە کۆک نین دەربارەی گرینگی چینی کۆمەڵایەتی، یان دەربارەی ئەوەی چۆن چین پێناسە دەکرێت. بۆ نموونە، مارکسییەکان چین بە بنەڕەتترین جوودابوونەوەی کۆمەڵایەتی دەزانن، لە ڕووی سیاسیشەوە گرینگترین. مارکسییەکان چین بە دەسەڵاتی ئابووری

و خاوەنی ناوەندی بەرهەمهێنان تێ دەگەن. بۆرژوازی چینێکی سەرمایەدارییە، خاوەنی سەرمایەن یان سامانی بەرهەمهێنانن، لە کاتێکدا، پرۆلیتارییەکان، کە خاوەنی هیچ سامانێک نین، ناچار دەکرێن بۆ فرۆشتنی دەسەڵاتی کرێکاری لە پێناو مانەوە، ئەندامانی بە هۆی بەندی مووچەوە کەم دەکرێنەوە. بە بۆچوونی مارکس، چینەکان ئەکتەری سەرەکی سیاسین، توانای گۆڕینی مێژووییان هەیە. چارەنووسی پرۆلیتاریەت لەوە دایە پرۆلیتارییەکان ببنە " گۆڕهەڵکەنی سەرمایەداری"، چارەنووسێک هەر کە جێبەجێ بێت "هۆشمەندی چینەکان" بە دەست دێنێت. کاتێ پرۆلیتارییەت بەو واقیعە دەزانێت کە تا ئێستا هەڵقۆزراونەتەوە، ئەوا هیچی تر خۆی لە " چین" نابینێتەوە، کە وەک چینێک لە ڕووی ئابوورییەوە پێناسە کراوە بێ ئەوەی ئاگاشی لێ بێت، لە بری ئەوە دەبێتە " چینێک" بۆ خودی خۆی، واتە هێزێکی شۆڕشگێڕانە. لە لایەکی ترەوە، مارکس باوەڕی بە دابەشبوونی چینەکان نەبوو کە ببنە دابەشبوونی سروشتی یان ئەمری واقیع. هەرکە هەموو کەسێک بووە خاوەن سامان، کۆمەڵگەیەکی کۆمەنیستی بێ چین دێتە ئاراوە.

تیۆرە مارکسییەکان لەبارەی چین، تا ڕادەیەکی زۆر، لە باربراون بە هۆی ژێرکەوتنی پێشبینییەکانی مارکس و کەم بوونەوەی بەڵگە لە سەر ململانێی نێو چینەکان، بە لایەنی کەم لە کۆمەڵگە سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکاندا. بەڵگەی ئەزموونگەری لە لایەن کۆمەڵناس و زانستناسە سیاسییەکان پێشنیازی ئەوە دەکەن کە پێکهاتەی چینی کۆمەڵگەی مۆدێرن زۆر ئاڵۆز بوونە، بە ڕادەیەک کە، لە سیستەمێکەوە بۆ سیستەمێکی تر و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تریش جیاوازە. ماکس وێبەر هەوڵی گۆڕینی تێگەیشتنی چینی کۆمەڵایەتی دا و دووری خستەوە لەو بیرۆکە تەسکەی کە پرۆلیتار دەبێ، سەرەڕای هەلە جیاوازەکانی ژیانیان، خاوەنی موڵک بێت تاوەکو لە لایەن گرووپە تایبەتییەکانەوە پەسن بکرێت. ئەمە بە گشتی لە لایەن زانستناسە کۆمەڵایەتییەکان و توێژەرەکانی بواری ڕاو و ڕێکلامچییەکان بووە هۆی ئایدیای مۆدێرنی چینی دەست پڕ (واتە کاری هەبێت). جیاوازییەکی زەق و دیار هەیە لە نێوان ئەوەی پێی دەوترێت چینی کرێکاری "یاخە شین"، کە هەموو کارێکی دەستی دەکەن، هەروەها چینی کرێکاری "یاخە سپی" کە چینی ناوەڕاستن و کاری



دەستی ناکەن و هەمووی فەرمانبەر و کرێکاری و پڕۆفێشناڵن. کۆمەڵناسەکان خۆیان ئامادەکراون بۆ هەستکردن بە کەمبوونەوەی گرینگی کاری "زۆری و بۆری"، وەک ئەندرێس گۆرز لە کارەکەی بە نێوی " ماڵئاوا چینی کرێکار" (١٩٨٢) باسی لێوە دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، بێگومان دابەشبوونە کۆمەڵایەتییەکان لە نێو کۆمەڵگە مۆدێرنەکان هەر بەردەوام دەبن، هەرچەندە ئەو دابەشبوونانە زۆر جار پێی دەوترێت " ژێر چین"، واتە کۆمەڵە خەڵکێکن بە هۆی بێ سوودی و بێ بەشبوون فرێدراونەتە نێو پەراوێزەکانی کۆمەڵگەیەکی مردووەوە، کۆمەڵگە ڕۆژئاواییە هاوچەرخەکان وەک کۆمەڵگەی " یەک لە سەر سێیان دوو لە سەر سێ" وەسف دەکرێن. ئەمە یەکێک بوو لە ئەنجامەکانی ج. ک. گالبرێس لە کتێبەکەی بە ناوی "the culture of contentment" 1992، کە ئاماژە دەکات بە گەشەی کاریگەری سیاسی " ڕازیی بوونی زۆرینە". بەڵام، ئەم جۆرە شیکردنەوانە تیشک دەخەنە سەر هەر هەڕەشەیەک بۆ سەر سەقامگیری کۆمەڵایەتی، بە هۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی بێ سوودی و بە تایبەتی وەک پرۆسەی دیوکراسی کە دان بەو هەڕەشانە نانێت.

بە پێچەوانەی چینی کۆمەڵایەتی، گرینگی دابەشبوونی گێندەر لە نێو سیاسەتدا، لە ڕووی نەریتەوە پشت گوێ خراوە. بەڵام، لەوەتەی سەرهەڵدانی " دووەم شەپۆلی" فێمینیزم لە شەستەکان، هۆشمەندی زیادی کردووە لەبارەی گرینگی سیاسی گێندەر. " گێندەر" ئاماژەیە بە جیاوازییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان لە نێوان نێر و مێ دا، بە پێچەوانەی " ڕەگەز" کە تیشک دەخاتە سەر جیاوازییە بایەلۆژییەکان لە نێوان پیاو و ئافرەتدا. فێمنیستەکان بایەخ دەدەن بە دابەشبوونی ڕەگەزی کرێکار کە لە ڕێگەیەوە ئافرەت یان ئەوەتا بۆ ناوماڵە و چاودێری منالان دەکات، یان مووچەیەکی کەمی پێ بدرێت و پۆستێکی نزمی هەبێت. لە لایەکی ترەوە، پیاو دەبێ مەنسەبە دەسەڵاتدارییەکان بگرێتە دەست و کار لە کۆمەڵگە بکات. فێمینیستە ڕادیکاڵییەکان، وەک کەیت میلێت و ماری دالی، پێیان وایە جوودابوونە گێندەرییەکان قووڵترین و گرینگترین دابەشبوونی کۆمەڵایەتین لە ڕووی سیاسییەوە، کەواتە ئەو جوودابوونەوانە پراکتیکی سیاسەتێکی ڕەگەزییە. بە بۆچوونی ئەوان، هەموو کۆمەڵگە مێژوویی و هاوچەرخەکان بە پیاوسالاری ناسراون، زاڵبوونی پیاو و

چەوسانەوەی ئافرەت، ئەمەش ڕەگی داکوتاوە لە یاسای باوک و مێرد سالاری لە نێو خێزاندا. لە هەندێ ڕووەوە، فکری فێمنیستە ڕادیکالییەکان لە بارەی پیاوسالاری چەوسێنەر بە ئایدیای مارکس دەچێت لە سەر هەڵقۆزینەوەی چین. تەنیا شۆڕشێکی ڕەگەزی دەتوانێت زاڵ بێت بە سەر پیاوسالاری، کە لە بنەڕەتەوە پێوەندەییە کەسی و کولتوورییەکان و ژیانی ئابووری و سیاسیش دەگۆڕێت.

فێمنیستە لیبرال یان چاکخوازەکان، بە پێچەوانەوە، تیشک دەخەنە سەر نەهێشتنی نایەکسانی لە ژیانی گشتیدا، وەک کەمی ئافرەت لە پۆستە ئیداری و سیاسی و پڕۆفێشنالەکان، هەروەها وەک شوێنی چاودێری منداڵ و هاوکاری ئاسوودەگی بۆ ئافرەت. پێیان وایە کە ئەو ئامانجانە لە ڕێگەی پرۆسەیەکی چاکسازی دەستەبەر دەکرێت، هەروەها ڕەت کردنەوەی هەر ئایدیایەکی "جەنگی ڕەگەز" لە نێوان ئافرەت و پیاودا. لە هەشتاکان، ئاسایی ڕاگەیەنرا کە نایەکسانی گێندەری نەما لە ئەنجامی سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی " پۆست فێمنیستی". بەڵام، زەحمەتە بینینی ئەوەی چۆن گێندەر گرینگی سیاسی خۆی لە دەست دەدات تاوەکو کۆمەڵگەیەکی پۆست ڕەگەزی دروست نەبێت، هەروەها هیچ کۆمەڵگەیەک تا ئێستا سەری هەڵنەداوە کە تیایدا جیاکاری گرینگ نەبێت لە کاتی مامەڵە کردن لەگەڵ پیاو و ئافرەتدا.

جوودابوونە تایفی و ڕادیکاڵییەکان گرینگ بوون لە نێو سیاسەتدا. ڕەگەز ئاماژەیە بە جیاوازییە جینییەکان لە نێو مرۆڤدا کە خەڵک لە یەکتر جیا دەکاتەوە لە سەر بنچینەی بایۆلۆژی وەک پێست یان ڕەنگی پرچ و جەستە و فسیۆلۆژی و شتی تری لەو جۆرە. لە کردەدا، پۆلە ڕەگەزییەکان زیاتر دەوەستنە سەر ئایدیا کولتوورییەکان و بناغەیەکی جینی. بۆیە زۆر کەس زاراوەی تایفی پەسن کرد چونکە ئاماژەیە بە جیاوازییە کولتووری و زمانەوانی و کولتوورییەکان و لە نێو بایۆلۆژیدا ڕەگی دانەکوتاوە. جوودابوونە ڕادیکاڵی و تایفییەکان کاریان کردە سەر هزری سیاسی لە دوو ڕێگای ڕادیکاڵی جیادا. یەکەمیان، دەوەستێتە سەر ئەو تیۆرە سیاسییانەی لە سەدەی نۆزدەیەم سەریان هەڵدا، دژی باکگراوندی ئیمپریالیزمی ئەوروپی. کارەکانی وەک (وتارەکانی گۆبینسۆ لە سەر نایەکسانی ڕەگەزەکانی مرۆڤ (١٨٥٥)



و هـ. س. چامبەرلەین لە کتێبی (بناغەکانی سەدەی نۆزدە ١٨٩٩) بەڵگەیەکی زانستی دا بە دەستەوە بۆ زاڵبوون بە سەر ڕەگەزە سپییە ئەوروپییەکان بە سەر ڕەش و قاوەیی و زەردی خەڵکانی ئەفریقیا و ئاسیا. پیسترین بەڵگەی سەدەی بیستەم لە سەر ئەم جۆرە ڕگەز پەرستییە، بێگومان، لە تیۆرە ڕەگەزییەکانی نازییەکان بەدی دەکرێت، کە تەمای " دوا چارەسەر"ی هەبوو، هەوڵێک بۆ ڕەشەکوژی جوولەکەی ئەوروپی. ڕێباز و بزووتنەوە ڕەگەزییەکان لە گەلێ بەشی جیا جیای ئەوروپادا سەری هەڵدا لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم، یەکێک لە هۆییەکانی سەرهەڵدانیشی خراپی ئاسایش و ناسەقامگیری سیاسی بوو کە " کۆمیونیزمی ڕووخاو" سەری هەڵدایەوە.

بەڵام، فۆرمی زۆر جیاوازی سیاسەتی تایفی و ڕەگەزی پێش کەوت، بە تایبەتی، لە سەرەنجامی شۆڕش لە دژی نیزامی داگیرکاری و، بە گشتی، لە سەرەنجامی شۆڕش لە دژی جیاکاری ڕەگەزی. تایفە کەمینەکان لە گەلێ کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا لە کاریگەری سیاسی بێ بەرین و دەناڵێنن لە دەستی سوود وەرنەگرتن لە شوێنی کار و ژیانی گشتی. ئەمە ستایلی نوێی چالاکی سیاسی وەبەر دێنێت. بۆ نموونە، سالانی شەستەکان سەرهەڵدانی گەشەی ڕێکخراوە سەربازییەکانی بەخۆوە بینی وەک بزووتنەوەی دەسەلاتی ڕەش Black Power Movement و موسلمانە ڕەشەکان Black Muslims لە ژێر سایەی (مالکۆلم) (١٩٢٦–٦٥). لە گەلێ ئەو حاڵەتانەدا، دابەشبوونە ڕەگەزییەکان دەکرێ نەهێڵرێن، ئەو ئەرکەی ڕووبەڕووی دژە ڕەگەزناسەکان دەبێتەوە یەکێکە لە چاکسازی: پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی یەکسانتر و لێبوردەتر. کە تیایدا وەک بنەڕەتی سەیر دەکرێن، وەک لە حاڵەتی موسڵمانە ڕەشەکان (ئێستا ناوەکەیان گۆڕیوە بۆ نەتەوەی ئیسلام)، ئەمە چەند ڕێبازێکی جوودابوونەوەی ڕەگەزی بەرهەم هێنا.

ئاینیش گرینگی زۆر دەدات بە ژیانی سیاسی، سەرەڕای پێشکەوتنی عەلمانییەت لە تەواوی ڕۆژئاوادا. ئەم گرینگی دانەش زۆر بە ئاشکرا بە دیار دەکەوێت لەو کۆمەڵگەیانەی کە بە قووڵی دابەشبوونە بە سەر هێڵە ئاینییەکان، وەک ئێرلەندای باکوور و سریلانکا و هیندستان. هەرچەندە ئەسڵی پێشبڕکێی گشتی ئاڵۆزە و

هۆکاری مێژوویی و ئابووری و سیاسی لە خۆ دەگرێت، جیاوازییە ئاینییەکان وەک هێڵی چەوت بە ئاشکرا لەو کۆمەڵگەیانە دەمێننەوە. لە ئێرلەندای باکووردا، کۆمارییە کاسۆلیکییەکان ڕووبەڕووی یەکیەتی پرۆتێستانتەکان بوونەوە. لە سریلانکا، تامیلە مەسیحییەکان بە شەڕ دێن لەگەڵ زۆرینەی سەنهالیسە بوزاییەکان. هەروەها لە هیندستان، موسڵمانەکانی کشمیر و سخیسییەکان لە پونجاب هەڵمەت دەگێڕن لە پێناو جوودا بوونەوەی خاکەکەیان لە وڵاتێکی هیندوییی دا. بە هەقیقەت، لە سەدەی بیستەمدا، گرینگی ئاین گەشەی کرد، وەک بزووتنەوەیەک دژی مادیەت، مادیەت واش سەیر کرا کە کارێکی نائەخلاقی کۆمەڵگەی عەلمانییە. لە چەندین بەشی ئەم جیهانەدا، بزووتنەوە ئوسوڵییەکان سەریان هەڵداوە، هەوڵ دەدەن دووبارە مۆمی روحانی بە هۆی ئەسڵی یان بنەما سەرەکییەکانی ئاینی داگیرسێننەوە. ئوسوڵییە ئیسلامییەکان، بۆ نموونە، سیاسەتی چەندین بەشی ئەفریقیای باکوور و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەڕاستیان گۆڕیوە، لەوەتەی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ ئوسوڵیەتی مەسیحی دژێکی دیاری مافی سیاسی بووە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان لەوەتەی حەوتاکان، هەروەها فۆرمەکانی ئوسوڵیەتی هیندۆیی هێزیان لە هیندستان لە نەوەدەکان کۆ کردەوە.

لە کۆتاییدا، زمان یەکێک بووە لە سەرچاوە بەهێزەکانی ململانێی سیاسیی، بە تایبەتی کاتێ زۆر جار بنەمایەکی بنەڕەتییە بۆ دامەزراندنی ناسنامەیەکی نەتەوەیی. زمان چەندین ڕا و بەها و فۆرمەکانی دەربڕین لە خۆ دەگرێت، یارمەتی دروستکردنی هەستێکی ئاشنایەتی و پەیوەست بوون دەدات. هەرچەندە ئەو کۆمەڵگەیانەی کە ژمارەیەک زمان لە خۆ دەگرن سەقامگیر و سەرکەوتوو بوون، بۆ نموونە، لە سویسرا کە زمانی فەڕەنسی و ئەڵمانی و ئیتاڵی قسەی پێ دەکرێت، دابەش بوونە زمانەوانییەکان زۆر جار زۆر زەحمەتە زاڵ بێت بە سەریاندا، یاخۆ زاڵ بوون بە سەریان هەر مەحاڵە. نموونەی ئەوەی کیبیکەکان بە زمانی فەڕەنسی قسە دەکەن لە کەنەدا حاڵەتێکی ڕوونی ئەم باسەیە. لە بەلجیکا، دابەش بوونە زمانەوانییەکان وڵاتی گۆڕیوە بۆ فیدراسیۆنێکی شلۆق، بە جەدی هەستی



یەکگرتوویی ناسنامەی نەتەوایەتی بێ هێز دەکات. ئەوانەی بە "فلیمینکی" قسە دەکەن لە باکوور، لە ڕووی نەریتییەوە دەستیان بە سەر ئابووری بەلجیکا و ژیانی سیاسی بەلجیکادا گرتووە. لە کاتێکدا " والۆنسییەکان" بە زمانی فەڕەنسی قسە دەکەن لە باشوور کۆشش و ڕەنجیان داوە بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمییەکی گەورەتر. تەنانەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش، زمانی ئینگلیزی وەک زمانێکی گشتی ژیانی گشتی زاڵ بووە بە سەر دابەشبوونە تایفی و ئاینی و کولتوورییەکان، هەروەها زۆربوونی ژمارەی کۆچبەرەکان لە ئەمریکای لاتینەوە بۆ نێو ئەمریکا، بە زمانی ئیسپانی قسە دەکەن، بووەتە هۆی دروستبوونی گرژی. ئەمەش وای لە "هیسپانییەکان" کردووە کە داوا بکەن زمانیان ببێتە زمانێکی ڕەسمی شان بە شانی زمانی ئینگلیزی لە ژیانی گشتیدا، هەروەها پارێزکارەکانیش لەولاوە هەڵمەت دەگێڕن بۆ پاراستنی تایبەتمەندیەتی زمانی ئینگلیزی. ئەوەش ڕوونە کە هەر هەوڵێک بۆ پێکهێنانی دامەزراوەی نەتەوەیی واتابەخش شان بە شانی هێڵەکانی یەکیەتی ئەوروپا کە دەبێ باسی ئەو کێشەیە بکات چۆن پشتگیری سیاسی بەهێز بکات کە دابەشبوونە زمانەوانییەکان و هەستە نیشتیمانییەکان تێ پەڕێنێت.

### کورتەی بەشی دووەم

١- سروشتی مرۆڤ ئاماژەیەکە بۆ سیفەتی جەوهەری و جێگیری هەموو مرۆڤەکان. بەڵام، ناکۆکییە سەرەکییەکان لە سەر ئەوەن کە ئایا مرۆڤ کاریگەری بایۆلۆژی یان کۆمەڵگەی لە سەرە بۆ هەڵسوکەوت کردن، کاریگەری ئەقڵی لە سەرە یان ڕێچکە نائەقڵانییەکان، یان ئەوەتا سروشتی بوونەوەرێکی هەرەوەزییە یان پێشبڕکێکار.

٢- تاکڕەوی individualism باوەڕێکە لە سەرووی تاکی مرۆڤ بە سەر هەر گرووپێکی کۆمەڵایەتی یان دەستەیەکی کۆمەڵی. زۆرجار بە بۆچوونی خۆپەرست یان خۆویستی سروشتی مرۆڤ دەبەسترێتەوە. تاکڕەوی دەڵێت " کۆمەڵگە پەرتەوازەیە و هەر ئەسڵی کۆمەڵگە نییە". بەڵام، گەر مرۆڤ بوونەوەرێکی جەوهەری و کۆمەڵایەتی بێت، تاکەکان لە ڕێگەی کۆمەڵگەوە مەرامەکانیان بەدەست دێنن.

٣- کۆمەڵیەتی collectivism ئاماژەیە بە باوەڕێک لە نێو کۆمەڵگە، گرووپ یان کۆمەڵ، جەخت دەکاتە سەر گرینگی ناسنامەیەکی گشتی و توانای کاری بە کۆمەڵ. بە گشتی دەبەسترێتەوە بە کۆمەڵیەتی دەوڵەت و پلانی ناوەندی، بەڵام ئاماژەشە بە

خۆبەڕێوەبردن، بە شێوەیەکی گشتیتر، بە هاوکاری کۆمەڵایەتی.

٤- جوودابوونە کۆمەڵایەتییەکان ئەو دابەشبوونانەن یان پارچە بوونانەن کە سیفەتی کۆمەڵگەیەکی تایبەتە و ژیانی سیاسی پێک دەهێنێت. هەرچەندە ئەمانە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاوازن. گرینگترین جوودابوونە کۆمەڵایەتییەکان جوودابوونەوەی چینە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەگەزییەکان یان تایفی و گێندەری و ئاینی و نەتەوەیین.

# بەشی سێیەم

## سیاسەت، حکوومەت و دەوڵەت

پێشەکی

سیاسەت

حکومەت

دەوڵەت

کورتە

## پێشەکی

لە قۆناغە سەرەتاییەکانی دیراسەی ئەکادیمی قوتابیان بە هەموو شێوەیەک هان دەدران بۆ ئەوەی باش بزانن بابەتەکەیان لەسەر چییە و ڕەنگدانەوەی چییە، زۆرجار لە ڕێگەی چەند پرسیارێک وەک " فیزیا چییە؟"، مێژوو چییە؟ یان ئابووری چییە؟ دەستیان پێ دەکرد. ئەو ڕەنگدانەوانەش چەن لایەنێکی باشی هەیە لەوانە: وا لە قوتابیان دەکات کە بزانن چی دەخوێنن و لە بارەی چییەوە خۆیان ماندوو دەکەن، هەروەها لە چ بابەت و پرسێک دەکۆڵنەوە. بە داخەوە، قوتابیانی بواری سیاسەت، کاتێ پرسیاریان لێ دەکرێت لە بارەی " سیاسەت چییە؟"، ئەوا ئەم پرسیارە زیاتر سەریان لێ تێک دەدات و لە بری ئەوەی دڵنیایان بکاتەوە یان دڵخۆشیان بکات. گرفتی سیاسەت ئەو مشتومڕ و دەمەتەقێ و ناکۆکییانەیە کە لە نێو خودی بابەتەکەدایە، هەر پێناسەی سیاسەت وەها ئاسان و سادە و کورت نییە.

مشتومڕ لە بارەی " سیاسیەت چییە؟" هەندێ لە قووڵترین و کەللە ڕەقترین ململانێ لە نێو هزری سیاسیدا دەخاتە ڕوو. بۆ نموونە، ئایا سیاسەت چالاکییەکی سنووردارە، تەواو بەستراوەتەوە بە سنوورەکانی حکوومەت و دەوڵەت، یاخۆ لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا ڕوودەدات؟ بە واتایەکی تر، ئایا سیاسەت لە نێو خێزان و قوتابخانە و کۆلێژەکان و شوێنی کارکردنیشدا ڕوودەدات؟ بە هەمان شێوە، هەروەک زۆرێک پێیان وایە، ئایا سیاسەت چالاکییەکی گەندەڵ و پڕە لە درۆ، یان ئەوەتا چالاکییەکی تەندروست و بەرهەم هێنەرە؟ مشتومڕی زیاتر و قووڵتر لە سەر سیاسەت گرێدراوە بە دامەزراوەکانی حکوومەت. ئایا حکوومەت یاخۆ بڵێین کۆمەڵگەکان بە بێ بوونی حکوومەت دەتوانن سەقامگیر و سەرکەوتوو بن؟ حکوومەتێک دەبێ فۆرمێکی هەبێت، چۆن حکوومەت بەندە بە پرۆسە سیاسییە فراوانەکان، عادەتەن پێی دەوترێت سیستەمە سیاسییەکان؟ لە کۆتاییدا، مشتومڕی قووڵ لە بارەی سروشت و ڕۆڵی دەوڵەت ساز دەکرێت. بۆ نموونە، لە بەرئەوەی زۆرجار زاراوەی حکوومەت و دەوڵەت لە شوێنی یەکتر بەکاردەهێنرێن، ئایا دەکرێت جیاوازییەکی ڕوون لە نێوانیاندا هەبێت؟ ئایا دەسەڵاتی دەوڵەت خزمەتکارە یان چەوسێنەر: ئایا لە بەرژەوەندی هەموو هاوڵاتیان دایە یاخۆ تەنیا لە بەرژەوەندی چەند کەسێکی دیاریکراو یاخۆ چینی دەسەڵاتداران دایە؟ وێڕای ئەمە، ئایا پێویستە دەوڵەت چی بکات؟ ئێمە دەبێ چ بەرپرسیاریەتییەک بخەینە ئەستۆی دەوڵەت بۆ ئەوەی جێبەجێیان بکات و کامە بەرپرسیاریەتیش بەجێ بهێڵرێت بۆ ژێر دەستی تاکە تایبەتییەکان بۆ جێبەجێ کردن؟



## سیاسەت Politics

ژمارەی پێناسەکان بە قەد ژمارەی ئەو دەسەڵاتانەیە کە دەیانەوێت ڕای خۆیان سەبارەت بەم بابەتە پێشکەش بکەن. سیاسەت بە پیادە کردنی هێز یان دەسەڵات وەسف دەکرێت، وەک پرۆسەیەکی بڕیاری بە کۆمەڵ، وەک تەرخان کردنی سەرچاوەی نایاب، وەک ناوەندێکی فریودان یان قۆرخکردن، تا دوایی وەسف دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ژمارەیەک بابەتی سەرەکی هەن لەو پێناسانە دەردەکەون. یەکەم، سیاسەت بریتییە لە چالاکی. هەرچەندە سیاسەت بابەتێکی ئەکادیمیشە، کەچی هەندێ جار وەک دیراسەی چالاکییەکانی سیاسەت بەکار دەهێنرێت. دووەمیان، سیاسەت چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە، لە کارلێکی نێوان خەڵک ڕوودەدات، بۆ نموونە، لە دوورگەکەی ڕۆبنسن کرۆسۆ ڕوونادات، هەرچەندە جارێک مان فرایدەی بەدیار کەوت. سێیەمیان، سیاسەت لە سەرەنجامی فرەییەوە پێش دەکەوێت، بە هەبوونی زنجیرەیەک ڕا و بۆچوون و ویست و پێویستی و بەرژەوەندی جیا جیا پێش دەکەوێت. چوارەمیان، فرەیی گرێدراوە بە وجوودی ململانێ: سیاسەت واتە دەربڕینی ڕاو بۆچوونی جیاواز، واتە پێشبڕکێی نێوان ئامانجە کێبڕکێییەکان و ململانێی نێوان بەرژەوەندییە نائاشتەوە بووەکان. لە کاتێکدا لە نێو سیاسەتدا ڕێکەوتن و سازانی سروشتی ڕوودەدات، سیاسەت ناتوانرێت بدۆزرێتەوە. لە کۆتاییدا، سیاسەت دەربارەی بڕیارەکانە، بڕیاری بە کۆمەڵ کە لە هەندێ ڕێگادا وا بەدی دەکرێت کە لە ئەستۆی گرووپێکدایە. لە ڕێگەی ئەو بڕیارانەیە چەند ململانێیەک چارەسەر دەکرێن. بەڵام، سیاسەت وەک گەڕان بە دوای چارەسەری ململانێکان نەک وەک دەسکەوتەکانی بیری لێ بکەینەوە باشترە یان پیادەی بکەین، هەرچەندە هەموو ململانێییەکانیش ناتوانرێت چارەسەر بکرێت.

بەڵام، ئەمە ئەو شوێنەیە کە ڕێکەوتنەکان لەوێ کۆتاییان دێت. جیاوازی زۆر قووڵ هەن دەربارەی ئەوەی کەی، چۆن، لە کوێ، لەگەڵ کێ سیاسەت ڕوودەدات. بۆ نموونە، کامە ململانێ دەکرێ ناوی لێ بنرێت ململانێیەکی سیاسی؟ کامە فۆڕمی چارەسەری ململانێ دەکرێ پێی بووترێت چارەسەرێکی سیاسی ململانێ؟ سێ

تێگەیشتنی جیاواز هەیە لە سەر سیاسەت: یەکەم، سیاسەت دەمێکە گرێدراوە بە دامەزراوەکانی حکوومەت و ئەو چالاکییانەی کە لە نێو حکوومەتدا ڕوودەدەن. دووەم، سیاسەت بە شێوەیەکی گشتی بەستراوەتەوە بە ژیانی گشتی و چالاکییە گشتییەکان، بە پێچەوانەی ئەوەی پێی دەوترێت تایبەت یان کەسی. سێیەم، سیاسەت بەندە بە دابەشکردنی دەسەڵات و سامان و سەرچاوەکان، شتێک کە لە نێو دامەزراوەکان و هەموو ئاستەکانی وجودی کۆمەڵایەتیدا ڕوودەدات.

## هونەری حکوومەت

(بیسمارک) "Bismarck" دەڵێت: "سیاسەت زانستێک نییە...... بگرە هونەرێکە". ئەو هونەرەی لە مێشکی بیسمارکدا بوو هونەری حکوومەتە، پیادە کردنی کۆنترۆڵە لە نێو کۆمەڵگە لە ڕێگەی دروستکردن و بەهێزکردنی بڕیاری بە کۆمەڵ. ئەمە پێناسەیەکی کلاسیکی سیاسەتە، کە پەرەی سەندووە لە واتای ئەسڵی زاراوەکە لە یۆنانی کۆندا. وشەی " سیاسەت" لە polis هاتووە، واتە دەوڵەت شار. کۆمەڵگەی یۆنانی کۆن دابەشکرابوو بە سەر کۆمەڵێک دەوڵەت شاردا، هەریەکەیان خاوەنی سیستەمێکی حکوومەتی تایبەت بە خۆی بوو. گەورەترین و کاریگەرترینی ئەو دەوڵەت شارانە ئەسینا بوو، زۆرجار وەک ڕێبازێکی کلاسیکی دیموکراسی وەسف دەکرێت. هەموو هاوڵاتییە پیاوەکان بەشداری کۆبوونەوەیان دەکرد، کە زۆر بە کۆبوونەوەی شار دەچێت، کە ساڵێ دە جاران کۆدەبوونەوە، هەروەها زۆربەی نووسینگە حکومییەکانی تر پڕ بوون لە هاوڵاتی کە بە تاک یان بە کۆمەڵ هەڵدەبژێردران. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمەڵگەی ئەسینا لە سەر سیستەمێکی توند و هەڕەمەکی بونیات نرا بوو کە تیایدا زۆرینەی وەک ئافرەت و کۆیلە و دانیشتوانە بێگانەکان لە ژیانی سیاسیدا بەدەر بوون.

لەم ڕووەوە، سیاسەت واتە هەموو ئەو شتانەی کە بە لای سیاسەتەوە گرینگن. پێناسە مۆدێرنەکەی بەرامبەر ئەمە دەڵێت " سیاسەت واتە هەموو ئەو شتانەی کە بە لای دەوڵەتەوە گرینگن".ئەمە پێناسەیەکە کە زانستی سیاسی ئەکادیمی بێ هیچ گومانێک یارمەتی بەردەوامبوونی دا لە ڕێگەی جەختکردنە سەر حکوومەتی کەسی



یان ڕێکخراوەیی لە ڕووی نەریتەوە. وێڕای ئەمەش، دەبینین چۆن زاراوەی " سیاسەت" بە گشتی لە زمانی ڕۆژانەدا بەکاردەهێنرێت. بۆ نموونە، کاتێ دەڵێن کەسێک لە نێو سیاسەتە واتە ئەو کەسە بەرپرسێکە، بەڵام کاتێ کە دەڵێن کابرا دەیەوێ بچێتە نێو سیاسەت، واتە ئەو کابرایە دەیەوێ مەنسەبێک وەرگرێت و ببێتە بەرپرس. ئەم پێناسەیەی لینکە سیاسییەکان زۆر نزیکە لە پیادە کردنی دەسەڵات، مافی کەسێک یان دامەزراوێک بۆ بڕیار دان بە ناوی کۆمەڵگە. ئەمە لە نووسینەکانی زانستناسە ئەمریکییەکان لە بواری سیاسەت وەک دەیڤد ئیستۆن ڕوونتر کراوەتەوە، کە پێناسەی سیاسەتی کرد بەم شێوەیە " سیاسەت بریتییە لە دابینکردنی بەهاکان لە ڕێگەی دەسەڵاتەوە". کەواتە سیاسەت politics نزیک دەبێتەوە لە " میتۆدی کارکردن" policy، واتە بڕیارە ڕەسمییەکان یان دەسەڵاتییەکان کە پلانێکی کارکردن دادەنێت بۆ کۆمەڵگە. وێڕای ئەمەش، لە نێو یەکەیەکی سیاسی polity ڕوو دەدات، واتە سیستەمێکی ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی جەخت دەکاتە سەر پێکهاتەکانی حکوومەت. بەڵام دەبێ سەرنجی ئەوەش بدرێت کە ئەم پێناسەیە زۆر سنووردارە. بەو مانایە، سیاسەت بەستراوەتەوە بە دامەزراوەکانی حکوومەت: سیاسەت ڕوودەدات لە نێو بەشەکانی کابینە و ژوورەکانی دەسەڵاتی یاسادانان و بەشەکانی حکوومەت و تادوایی، هەروەها چەند گرووپێکی تایبەت بەشداری تیا دەکەن کە زیاتر سیاسەتمەدار و فەرمانبەر و بەرگریکەرانن. زۆربەی خەڵک و زۆربەی دامەزراوەکان و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانرێت بە سیاسەتی "دەرەوە" دابنرێتن.

بەڵام، بە ڕای هەندێ هزرمەند سیاسەت تەنیا ئاماژە نییە بە بڕیاردان بە هۆی دەسەڵات لە لایەن حکوومەتەوە بگرە ئاماژەیە بە ناوەندی تایبەت کە بە هۆیەوە ئەو بڕیارانە دەردەچن. سیاسەت زۆرجار وەک " هونەری خۆ گونجان" وەسف دەکرێت، وەک ناوەندێک بۆ چارەسەرکردنی ململانێکان لە ڕێگەی چارەسەری مام ناوەند و دانووسان و ئاشتبوونەوە. ئەم بۆچوونە لە لایەن "بێرنارد کریگ" لە کتێبەکەی بە ناوی (لە بەرگری سیاسەتدا ١٩٨٣) پەرەی پێ دراوە. کە تیایدا سیاسەت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە " سیاسەت چارەسەرێکە بۆ ئەو گرفتەی کە ئاشتبوونەوە هەڵدەبژێرێت نەک توندوتیژی و ڕق و کینە" ئاشتبوونەوەی گرووپە بەرژەوەندییەکان

پێویستی بە دەسەڵاتێک هەیە کە لە نێو تەواوی کۆمەڵگەدا کاری پێ دەکرێت و ڕێزی لێ دەگیرێت لە پێناو مانەوەی تەواوی کۆمەڵگە. دواجار، سیاسەت چارەسەرێکی یوتۆپیایی نییە، بگرە تەنیا ئەو قەناعەتەیە کە گەر مرۆڤ گرفتەکان چارەسەر نەکات لەڕێگەی چارەسەری ناوەند و مشتومڕەوە ئەوا پەنا دەباتە بەر دڕندەیی. مادام جەوهەری سیاسەت گفتوگۆ کردنە، کریک ئەوەی دووپات کردەوە کە دوژمنی سیاسەت ئەو " ئارەزووەیە بۆ یەقین جا بە هەر نرخێک بێت"، ئایا ئەمە لە فۆرمی ئایدیۆلۆژیایەکی داخراوەوە، باوەڕێکی کوێرانە بە دیموکراسی و ناشنالیزمی توندڕەو هاتووە یان لە بەڵێنی زانستەوە بۆ دۆزینەوەی مەعریفەی بابەتی.

جارێکی تر، ئەم جۆرە پێناسەیەی سیاسەت دەکرێ لە سەرەنجامی بەکارهێنانی گشتی زاراوەکەوە بێت. بۆ نموونە، چارەسەرێکی سیاسی بۆ گرفتێک دانووسان و مشتومڕی ئەقڵانی دەگەیەنێت بە پێچەوانەی چارەسەرێکی سەربازی. لەم ڕووەوە، بەکارهێنانی توندوتیژی و هێز یان هەڕەشە بە دەرن لە هەوڵی سیاسی، بە هەقیقەت ئەوانە دەبنە هۆی دارمانی سیاسەتیش. پێناسەی سیاسەت وەک چارەسەری گونجاو ئاشتبوونەوە سیفەتێکی جەوهەری لیبرالی هەیە. یەکەم، ڕەنگدانەوەی باوەڕی قووڵی ئەقڵی مرۆڤە، ڕەنگدانەوەی توانستی مشتومڕ و گفتوگۆیە. دووەمیان، دەوەستێتە سەر باوەڕێکی پتەو بە ڕای گشتی نەک ململانێ، دوور لەو باوەڕەی کە ناکۆکی چارەسەر دەکرێت بە بێ پەنا بردنە بەر دەسەڵاتێکی بێ لایەن. بە هەقیقەت، هیچ ململانێیەک نییە چارەسەری نەبێت و ئاشت نەکرێتەوە.

بەڵام، لینکی نێوان سیاسەت و کاروبارەکانی دەوڵەت بووەتە هۆی تێگەیشتنی زۆر نیگەتیڤانە دەربارەی ئەوەی سیاسەت چییە. بە ڕای گەلێ سیاسەتزانەوە سیاسەت وشەیەکی زۆر " پیس"ە. سیاسەت فریودان و درۆ و تەنانەت گەندەڵیش دەگەیەنێت. ئەم جۆرە وێنەیەی سیاسەت سەرچاوەی لە کۆمەڵێ نێوان سیاسەت و هەڵسوکەوتی سیاسەتمەداران گرتووە، هەندێ جاران دەڵێن ڕەگی داکوتاوە لە نووسینەکانی نیکۆلۆ ماکیاڤێللی. لە (شازادە)دا لە ساڵانی ١٥٣١ و ١٩٦١ چاپ کراوە، ماکیاڤێللی هەوڵی دا بۆ دانانی بەرپرسیاریەتییەکی واقیعی سنووردار بۆ سیاسەت لە ڕووی گەڕان بە دوای دەسەڵات و پیادە کردنی، لەم هەوڵەشیدا جەختی دەکردە





سەر سەرنجەکانی لە سەر سیزەر بۆرگیا. لەبەرئەوەی جەختی دەکرە سەر ئەو سەرکردە سیاسییانەی کە دڕندایەتی و قۆرخکردن و فریودان بەکار دەهێنن، ئاوەڵناوی ماکیاڤێللیەن Machiavellian هەموو جار لە نێو باس و فەرهەنگدا وەک ئاماژە بۆ هەڵسوکەوتی فریودەر و ترسناک و شاراوە بەکار دەهێنرێت.

خودی سیاسەتمەداران زۆر جار بە بوونەوەرێکی کەم و چڵێس سەیر دەکرێن چونکە هەمیشە بە دوای دەسەڵاتێکی دووڕوو دەگەڕێن کە بەرزەفڕی و لووتبەرزی کەسی خۆیان تیایدا لە پشت قەناعەتی ئایدیۆلۆژی و خزمەتی گشتیدا دەشارنەوە. یەکێک لە تێگەیشتنەکان لە سیاسەت لەوە ڕەگی داکوتاوە کە هەڵسوکەوتێکی دوو ڕوو و بێ بنەما و خۆپەرستە، ئەمە زۆر ڕوونە لە بەکارهێنانی دەستەواژەی هەڕەشە ئامێزی وەک "سیاسەتی نووسینگە" یاخۆ " پیادە کردنی سیاسەت" politicizing. ئەم جۆرە وێنەیەی سیاسەت سیفەتێکی لیبرالیشی هەیە. لیبرالەکان دەمێکە هۆشداری ئەوەیان داوە کە، لەبەرئەوەی تاکەکان تەنیا بەرژەوەندی خۆیان دەپەرستن، هەبوونی دەسەڵاتی سیاسی خۆی لە نێو خۆیدا گەندەڵ دەبێت، هانی ئەو کەسانە دەدات کە جڵەوی دەسەڵاتیان لە دەستە مەنسەبەکەیان هەڵقۆزنەوە و سوودی کەسی لە سەر حیسابی ئەوانی تر وەربگرن. ئەمە زۆر بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە لە وتە بەناوبانگەکەی مێژوو نووسی بەریتانی (لۆرد ئاکتن) (١٨٣٤–١٩٠٢) کە دەڵێت: " دەسەڵات نیازی گەندەڵی هەیە، بەڵام دەسەڵاتی ڕەها سەد دەر سەد گەندەڵی دەکات".

## نیکۆلۆ ماکیاڤێللی (١٤٦٩-١٥٢٧)

سیاسەتزان و نووسەرێکی ئیتاڵییە. کوڕی پارێزەرێکی مەدەنی بوو. مەعریفەی ماکیاڤیللی لە سەر ژیانی گشتی و ئەو ناسەقامگیرییە سیاسییەی فلورینس سەرچاوەی گرتووە. وەک ڕاوێژکاری دووەم خزمەتی کردووە (١٤٩٨–١٥١٢) هەروەها بە ئەرک دەنێردرایە فەڕەنسا و ئەڵمانیا و ناوەوەی ئیتاڵیاش. پاش ماوەیەکی کەمی بەند کردن و گەڕانەوەی حوکمی "مێدیسی"، ماکیاڤیللی بە پیشەی ئەدەبی دەستی پێ کردەوە.

کاری سەرەکی ماکیاڤیللی (شازادە) "The Prince" لە ساڵی ١٥١٣ نووسیویەتی و لە ساڵی ١٥٣١ بڵاوکراوەتەوە. لەو کتێبەدا هەوڵ دەدات ڕێنوێنی حاکمی

داهاتووی ئیتاڵیای یەکگرتوو بکات، تیشک دەخاتە سەر سەرنجە بەراییەکانی لە سەر شێوازی حوکمی "سیزەر بۆرگیا" و ئەو دەسەڵاتە سیاسییەی کە زاڵ بوو لە سەردەمی خۆیدا. لە ڕێگەی میتۆدە زانستییەکەی بە زاراوەی واقیعی وەسفی سیاسەتی دەکرد و جەختی دەکردە سەر ئەو فڕوفێڵ و فریودان و قۆرخکردن و دڕندایەتییەی سەرکردە سیاسییەکان بەکاریان دەهێنا. ئەمە وای کرد ناوی بڕوا بە هێرشبەر بۆ سەر سەرکردە سیاسییەکان، دواتر زاراوەی ماکیاڤیللی بێتە نێو فەرهەنگەوە. "گفتوگۆکان" ی لە ساڵانی ١٥١٣–١٧ نووسراون و لە ساڵی ١٥٣١ بڵاوی کردووەتەوە، باسی کۆماریەتی ماکیاڤیللی دەکات، بەڵام توێژەران ناکۆکن لە سەر ئەوەی ئایا ئەمە بە تەواو کەری شیکردنەوەی "شازادە" دابنێین یانیش بە کارێکی تری دابنێین.

## کاروبارە گشتییەکان

لە تێگەیشتنی یەکەمدا، سیاسەت بە چالاکییەکی زۆر بەرتەسک دەزانرێت، دەچێتە پاڵ پیادە کردنی فەرمی دەسەڵات لە نێو پێکهاتەی حکوومەتدا. لە تێگەیشتنی دووەم و فراوانتردا، سیاسەت دەچێتە پاڵ جیهانی تەسکی حکوومەت بۆ ئەو شتەی پێی دەوترێت "ژیانی گشتی" یان "کاروباری گشتی". بە واتایەکی تر، جیاوازی نێوان سیاسی و ناسیاسی یەک دەگرێتەوە لەگەڵ جیاوازی نێوان بازنەیەکی جەوهەری گشتی ژیان و ئەوەی پێی دەوترێت بازنەی تایبەت. ئەم بۆچوونە ڕەگی داکوتاوە لە کاری فەیلەسوفی نێوداری یۆنانی "ئەرستۆ". لە کتێبەکەی بە ناوی (لە سیاسەتدا) In Politics، ئەرستۆ ڕایدەگەیەنێت " مرۆڤ بە هۆی سروشتەوە ئاژەڵێکی سیاسییە"، مەبەستی ئەرستۆ ئەوەیە کە مرۆڤ تەنیا لە نێو کۆمەڵگەیەکی سیاسیدا دەتوانێت "ژیانێکی باش" بژیت. کەواتە سیاسەت زانستێکی سەرەکییە، چالاکییەکی ئەخلاقییە و بایەخ بە دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر دەدات. بە پێی ئەم بۆچوونە، سیاسەت لە نێو دامەزراوە گشتییەکاندا بەردەوام دەبێت وەک خودی حکوومەت و حیزبە سیاسییەکان و یەکیەتییە بازرگانییەکان و گرووپەکانی کۆمەڵگە و تا دوایی، بەڵام سیاسەت ڕوو نادات لە نێو زاڵبوونی تایبەتی ماڵ و خێزان و پێوەندییە کەسییەکاندا. بۆیە، هەندێ جار زەحمەتە لە کردەدا هێڵێک بکێشی لە نێوان ژیانی گشتی و ژیانی تایبەتی و زەحمەتە ئەوە شی



بکرێتەوە بۆچی ئەو هێڵە بەردەوام بێت.

جیاوازی نەریتی نێوان جیهانی گشتی و جیهانی تایبەت دابەشبوونی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە دووپات دەکاتەوە. سیفەتەکانی دەوڵەت بە تێر و تەسەلی و درێژی لە کۆتایی ئەم بەشەدا باسیان لێوە کراوە، بەڵام ئێستا دەتوانین دەوڵەت پێناسە بکەین وەک " بریتییە لە پێکهاتەیەکی سیاسی کە پیادەی دەسەڵاتی سەروەری دەکات لە نێو هەرێمێکی دیاریکراودا" لە زمانی ڕۆژانەدا، دەوڵەت واتە دامەزراوەکانی وەک دادگە و دەزگای پۆلیس و سوپا و کارگە نەتەوەییەکان و سیستەمی ئاسایشی کۆمەڵگە و تا دوایی. دەکرێ ئەم دامەزراوانە بە " دامەزراوەی گشتی" ناو زەند بکرێن بەو مانایەی کە بەرپرسیارن لە ژیانی کۆمەڵایەتی و لە سەر حیسابی خەڵکی گشتیدا فەند دەکرێن، لە ڕێگەی باجەکانەوە. بە پێچەوانەوە، کۆمەڵگە پێک دێت لە کۆمەڵێک گرووپی ئۆتۆنۆمی و کۆمەڵە و خێزان و گرووپە خزمێنییەکان و کاری تایبەت و یەکیەتییە بازرگانییەکان و یانە و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و تا دوایی. ئەو دامەزراوانە " تایبەتین" بەو مانایەی کە دامەزراون و لە لایەن هاوڵاتی تاکەوە پارەیان لێ سەرف دەکرێت بە مەبەستی قەناعەت پێکردنی بەرژەوەندیە تایبەتییەکانیان نەک ئەوانەی سەر ئاستی فراوانتری کۆمەڵگە. لە سەر بنچینەی ئەو دابەشبوونە بۆ سەر گشتی و تایبەتی، سیاسەت بەندە بە چالاکییەکانی دەوڵەت و ئەو بەرپرسیاریەتییانەی کە بە ئاشکرا لە لایەن دەزگە حکومییەکانەوە پیادە دەکرێن. کەواتە ئەو بوارانەی ژیان کە تیایدا تاک دەتوانێت کاری ئابووری و کۆمەڵایەتی و نێو ماڵ و کەسی و کولتووری و هونەری و تا دوایی ئەنجام بدات بە ڕوونی بواری ناسیاسین.

بەڵام، تەوەری گشتی/تایبەتی هەندێ جار بەکار دەهێنرێت بۆ دەربڕینی جیاوازی ڕوونتر و زیاتر لە نێوان سیاسی و کەسیدا. هەرچەندە کۆمەڵگە بتوانرێت لە دەوڵەت جیا بکرێتەوە، کەچی کۆمەڵێک دامەزراوەشی تیایە کە ڕەنگە بچنە پاڵ خانەی گشتییەوە بەو مانایەی کە دامەزراوەی کراوەن و بە گشتی و بە ئاشکرا کار دەکەن و خەڵکی گشتیش پێوەندی پێیانەوە هەیە. ئەمە پاڵی بە هیگڵ نا، بۆ نموونە، زاراوەیەکی تایبەتر بەکاربهێنێت ئەویش " کۆمەڵگەی مەدەنی"یە، کە ئاماژەیە بە

جیهانێکی کۆمەڵایەتی و ئابووری، لە لایەک جیا لە دەوڵەتە و لە لایەکی تریشەوە جیا لە خێزانە. بە بەراورد لەگەڵ ژیانی ناو ماڵ، کەواتە کاری تایبەتی و یەکییەتییە بازرگانییەکان وا دەردەکەون سیفەتێکی گشتییان هەبێت. لەم ڕوانگەیەوە، سیاسەت وەک چالاکییەکی گشتی دەوەستێت تەنیا کاتێ مافی یاسایی کاروبارە کەسی و دامەزراوەییەکان سنووردار دەکات. لە بەر هەندێ، کاتێ گەلێ خەڵک ئامادەن پەسنی ئەوە بکەن کە فۆرمێکی سیاسەت لە شوێنی کاردا ڕوودەدات، ڕەنگە بێزار بن و لەو ئایدییە بترسێن کە سیاسەت دزە دەکاتە نێو خێزان و ژیانی ناو ماڵ و کەسی.

گرینگی جیاوازی نێوان ژیانی سیاسی و تایبەتی لە لایەن هزرمەندە پارێزکار و لیبرالییەکانەوە بایەخی پێ داروە. پارێزکارەکان وەک مایکڵ ئۆکشۆت سوور بوو لە سەر ئەوەی کە سیاسەت چالاکییەکی بەرتەسک و سنووردارە. ڕەنگە سیاسەت پێویست بێت بۆ بەردەوام بوونی ڕێکخستنی گشتی و تا دوایی، بەڵام دەبێ سنووری هەبێت لە کارە دیارەکانیدا: نیزامی ژیانی گشتی. لە کتێبەکەی بە ناوی " ئەقڵانییەت لە سیاسەتدا" کە لە ساڵانی ١٩٦٢ و ١٩٩٢ چاپ کراوە، پەرەی بە بۆچوونێکی جەوهەری ناسیاسی سروشتی مرۆڤ دا، دوور لە بۆچوونەکەی ئەرستۆ کە دەڵێ مرۆڤ ئاژەڵێکی سیاسییە، جەخت دەکات سەر ئەوەی کە زۆربەی خەڵک بە دوای ئاسایشدا دەگەڕێن و بوونەوەری ئاگادار و پشت بەوانی تر دەبەستن. لەم تێڕامانەوە، ناوەوەی وجوودی مرۆڤ جیهانێکی تایبەتی خێزان و نێو ماڵ و پێوەندییە کەسییەکانە. کەواتە ئۆکشۆت ژیانی پێشبڕکێ و دوژمنکارانەی سیاسەتی وەک ژیانێکی توند و پڕ لە هەڕەشە ناوزەند دەکات.

لە تێڕوانینێکی لیبرالییانەوە، جیاوازی نێوان (گشتی/تایبەتی) زۆر گرینگی پێ دەدرێت لە پێناو پاراستن و بەردەوامبوونی ئازادی تاک، لیبرالییەکان بە فۆرمێکی تایبەتی دادەنێن و دەڵێن " گەر ئەو جیاوازییە هەبێت لە نێوان گشتی و تایبەتیدا، ئەوا کەس ناتوانێت و بۆی نییە دەست لە کاروباری تاک وەربدات"، گەر سیاسەت بە چالاکییەکی "گشتی" دابنرێت" لە سەر ئاستی دەوڵەتدا، ئەوا هەمیشە سیفەتێکی توندی دەبێت: دەوڵەت دەسەڵاتی ئەوەی دەبێت هاوڵاتیانی ناچار بکات گوێڕایەڵی



بن. لە لایەکی ترەوە، ژیانی " تایبەت" جیهانێکی هەڵبژاردن (الأختيار) و ئازادی و بەرپرسیاریەتی تاکە. کەواتە لیبرالەکان زیاتر پەسنی کۆمەڵگە دەکەن نەک دەوڵەت، زیاتر پەسنی "تایبەتی" دەکەن نەک "گشتی"، بۆیە هەمیشە لەوە دەترسن سیاسەت دەست بخاتە نێو ماف و ئازادییەکانی تاک. ئەو بۆچوونە زیاتر لەو داوایە خۆی دەبینێتەوە کە سیاسەت دوور بخرێتەوە لە چالاکی یان دامەزراوە تایبەتییەکان، هەروەها بە دەر بێت لەو پرسانەی کە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە تاک هەیە. بۆ نموونە، دەکرێ بڵێین سیاسەت دەبێ بە دوور بێت لە وەرزش، چونکە وەرزش بە تەواوی چالاکییەکی تایبەتییە و دەوڵەت و سیاسەت هیچ پێوەندییان پێوە نییە و لێی بەرپرسیار نین. بە هەقیقەت، ئەو قسە و باسانە سیاسەت لە بوارێکی سنووردار و بێ بەرژەوەندی وەسف دەکات. لەم حاڵەتەدا، بۆ نموونە، سیاسەت بۆی نییە بە هیچ شێوەیەک دەست بخاتە نێو کاروباری پێشبڕکێی عادیلانە و گەشەی تاک و هەوڵدانی تاک بۆ باشترین.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو هزرمەندە سیاسییەکان کۆمەڵگە فەرز ناکەن بە سەر دەوڵەتدا، یان هەموویان پێیان خۆش نییە سیاسەت دوور بخرێتەوە. بۆ نموونە، نەریتێک هەیە سیاسەت بە باشی و ورد وەسف دەکات لە بەرئەوەی چالاکییەکی "گشتی" یە. گەر بگەڕێینەوە سەردەمی ئەرستۆ، دەبینین ئەم نەریتە لە سەدەی بیستەمدا لە لایەن چەند نووسەرێکی وەک " هەنا ئارێند (ئافرەتە)" هەر بە زیندوویی ماوەتەوە. لە کتێبە فەلسەفییە گرینگەکەی بە ناوی The Human Condition 1958، ئارێند " کردار" لە سەرەوەی " کرێکار" و "کار"دا دەنێت بە پێی ئەو جیهانە هەڕەمەکییە پڕ لە چالاکییەی ئەو تێی دەڕوانێت. ئارێند دەڵێت سیاسەت گرینگترین فۆرمی چالاکی مرۆڤە چونکە دەچێتە نێو کارلێکەکانی نێوان هاوڵاتییە ئازاد و یەکسانەکان، بەم شێوەیە واتا بە ژیان دەبەخشێت و بێ وێنەیی هەر تاکێک دووپات دەکاتەوە. پشتیوانانی دیموکراسی سیاسەت بە چالاکییەکی ئەخلاقی و تەندروست و تەنانەت سەرفرازیش وەسف دەکەن. بە بۆچوونی بیرمەندی گەورەی فەڕەنسی لە سەدەی هەژدە، ژان ژاک ڕۆسۆ، بەشداربوون لە سیاسەت چالاکییەکی زۆر گرینگی خودی ئازادییە. تەنیا لە ڕێگەی بەشداربوونێکی ڕاستەوخۆ و بەردەوامی هاوڵاتییەکان لە

نێو ژیانی سیاسیدا دەتوانرێت دەوڵەت بە بەرژەوەندی گشتی ببەسترێتەوە. یاخۆ ئەوەی ڕۆسۆ ناوی لێ دەنێت " ویستی گشتی". جۆن ستوارت میل هۆکاری بەشداربوونی سیاسی لە سەدەی نۆزدەدا باسی ئەوە دەکات کە تێکەڵ بوون بە کاروباری " گشتی" چالاکییەکی پەروەردەییە و پەرە بە گەشەی کەسی و ئەخلاقی و ڕۆشنبیری تاک دەدات. پێی وانییە سیاسەت چالاکییەکی گەندەڵ و ناڕاست و درۆ بێت، ئەم بۆچوونە سیاسەت بە فۆرمێکی خزمەتی گشتی ناوزەند دەکات کە تەنیا سوود بە کەسایەتییە سیاسی و دارو دەستەکەی دادەنێت.

تێگەیشتنێکی گەشبینتری سیاسەت ڕەگی داکوتاوە لەوەی کە سیاسەت دەوڵەت پەسن دەکات زیاتر لە کۆمەڵگەی مەدەنی. لە کاتێکدا لیبرالییەکان ژیانی " تایبەتی" بە جیهانێکی گونجاو و ئازاد دادەنێن، زۆرجاریش سۆشیالیستەکان بە سیستەمێکی دادپەروەری و نایەکسانی سەیری دەکەن. دواجار سۆشیالیستەکان باس لە بەرپرسیارێتییەکانی دەوڵەت دەکەن بۆ ڕاستکردنەوەی کەموکوڕییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، سیاسەت بە چارەسەرێک سەیر دەکەن بۆ نادادپەروەری ئابووری. لە تێڕوانینێکی جیاوازەوە، هیگڵ وەسفی دەوڵەت دەکات وەک ئایدیایەکی ئەخلاقی، لە ڕووی ئەخلاقەوە لە پێشەوەی کۆمەڵگەی مەدەنییە. لە کتێبەکەی بە ناوی (فەلسەفەی ماف) لە ساڵانی ١٨٢١ و ١٩٤٢ چاپ کراوەتەوە، دەوڵەت بە ڕێزێکی حەتمی دادەنێت وەک جیهانێکی خۆنەویست و ئاڵوێر کردنی سۆز، لە کاتێکدا بەرژەوەندی خود و تەسک بێن دەست بە سەر کۆمەڵگەی مەدەنیدا دەگرێت. توندترین فۆرمی ئەم مشتومڕە لە نێو ڕێبازی فاشیستەکاندا دەدۆزرێتەوە لە وڵاتێکی تۆتالیتار کە بەم شێوەیە باسی لێوە دەکرێت " هەموو شتێک دەبێ بۆ بەرژەوەندی دەوڵەت بێت و نابێ هیچ شتێک دژی دەوڵەت بێت و هیچ شتێکیش نابێت لە دەرەوەی دەوڵەت بێت". ئایدیای میسالی فاشیستەکان لە مەڕ تاک بۆ نێو کۆمەڵگە ئەوەیە کە ئاسەواری تاک لە نێو ناسنامەکەیەتی، ئەو ناسنامەیە تەنیا لەڕێگەی بەشداریکردن لە سیاسەت و هەموو بوارە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە بە دەست دێت، واتە ئەمەش هەڵوەشاندنەوەی " تایبەت"ە.



## دەسەڵات و سەرچاوەکان

هەریەک لەو دوو تێگەیشتنانەی پێشوو لە سەر سیاسەت وا دەردەخەن کە سیاسەت تەواو پەیوەستە بە کۆمەڵێک دامەزراوەی تایبەت وەک پێکهاتەی حکوومەت یان بازنەی کۆمەڵایەتی، وەک ژیانی گشتی. بە پێچەوانەوە، سێیەم و ڕادیکاڵیترین پێناسەی سیاسەت، سیاسەت بە فۆرمێکی جیاکراوەی چالاکی کۆمەڵایەتی دادەنێت، چالاکییەک دزە دەکاتە نێو هەموو گۆشەکانی وجوودی مرۆڤ. (ئەدریان لێفتویچ) لە کتێبەکەی بەناوی (سیاسەت چییە؟ ١٩٨٤) دەڵێت: " سیاسەت لە نێو جەرگەی چالاکی کۆمەڵایەتی بە کۆمەڵ دایە، فەرمی و نافەرمییە، گشتی و تایبەتییە، لە هەموو گرووپەکانی مرۆڤ و دامەزراوە و کۆمەڵگەییەکان دایە" ئەم بۆچوونەی مەڕ سیاسەت دەبەسترێتەوە بە بەرهەمهێنان و دابەشکردن و بەکارهێنانی سەرچاوەکان لە نێو وجوودی کۆمەڵایەتیدا. سیاسەت لە وجوودی کەمینە سەر هەڵدەدات، لە واقیعێکی سادە کاتێ مرۆڤ پێویست و ئارەزووەکانی سنووردارە سەر هەڵدەدات، ئەو سەرچاوانەی هەن بۆ ڕازی کردنیان هەمیشە سنووردارن. کەواتە سیاسەت لەو چالاکییە سەر هەڵدەدات کە تیایدا ململانێ لە سەر تەرخانکردنی سەرچاوەکان ڕوودەدات. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە سیاسەت، هەروەک کریک باسی لێوە دەکات، هیچی تر نابەسترێتەوە بە مشتومڕێکی ئەقڵانی و پێک هاتنەوە بە ئاشتی، بگرە هەڕەشە و ترس و بە گژیەکاچوون و توندوتیژی تیایە. ئەمانە لە وتە بە نرخەکەی "کلۆزویتز" کورت دەکرێنەوە کە دەڵێت " جەنگ شتێک زیاتر نییە لە بەردەوامبوونی سیاسەت بە هۆی ناوەندی ترەوە"، لە بنەڕەتدا، سیاسەت واتە دەسەڵات، واتە توانای بەدەستهێنانی ئەنجامێکی ویستراو جا بە هەر ڕێگایەک بێت. "هارۆلد لاسوێل" ئەم سیفەتەی سیاسەت لە ناونیشانی کتێبەکەی کورت دەکاتەوە بە ناوی " سیاسەت: کێ چی وەردەگرێت لە چ کاتێک و چۆن؟ (١٩٣٦). ئەم جۆرە تێگەیشتنە لە سیاسەت لە لایەن چەند تیۆریستێکەوە پەرەی پێ دراوە، کاریگەرترینیان فێمینیستە مۆدێرنەکان و مارکسییەکان بوون.

بۆچوونی مارکس لەمەڕ سیاسەت لە سەر دوو ئاستدا کار دەکات: یەکەم، مارکس زاراوەی " سیاسەت" ی لە مانایەکی گفتوگۆهەڵگر بەکارهێنا وەک ئاماژەیەک بۆ

پێکهاتەکانی دەوڵەت. مەبەستەکەی ئەوەبوو کاتێ لە کتێبەکەی بە ناوی "the communist manifesto ١٨٤٨و ١٩٧٦" ئاماژە بە دەسەڵاتی سیاسی دەکات وەک " دەســـەڵاتێکی ڕێکخـــراوی یەک چین بۆ چەوســـانەوەی ئەوانی تر". بە ڕای ئەو، سیاسەت لەگەڵ یاسا و کولتوور بەشێک بوو لە " پێکهاتەی سەروو"، جیا لە بنەمای ئابووری، کە بناغەی ڕاستەقینەی ژیانی کۆمەڵایەتی بوو. بەڵام، وەک قەوارەی جیا لە یەکتر سەیری بنەمای ئابووری و پێکهاتەی سەرووی سیاسی و یاسایی نەدەکرد، بگرە پێی وابوو کە پێکهاتەی سەروو ڕەنگی داوەتەوە و سەری هەڵداوە لە بنەمای ئابووری. لە ئاستێکی قووڵتردا، بە واتایەکی تر، دەسەڵاتی سیاسی لە سیستەمی چینەکاندا ڕەگی گرتووە، هەروەک لینین دەڵێت " سیاسەت کاریگەرترین و گرینگترین دەربڕینی ئابوورییە"، دوور لەو باوەڕەی کە دەکرێ سیاسەت ببەسترێتەوە بە دەوڵەت و بازنەیەکی گشتی تەسک، مارکسییەکان دەڵێن " ئابووری بریتییە لە سیاسەت". بە هەقیقەت، کۆمەڵگەی مەدەنی (کە پشت دەبەستێت بە سیستەمی چینی ڕکابەر) دڵی سیاسەتە. بەڵام، مارکس پێی وانەبوو سیاسەت خاسیەتێکی حەتمی وجوودی کۆمەڵایەتی بێت، هەروەها هەمیشە لەو شتەی دەڕوانی کە ببێتە کۆتایی سیاسەت. پێشبینی ئەوەی دەکرد، ئەمە ڕوودەدات کاتێک کۆمەڵگەیەکی کۆمەنیستی بێ چینایەتی لە دایک بێت، هیچ شوێنێک جێ نەهێڵێت بۆ ململانێی چینەکان و سیاسەت. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆچوونی مارکسییەکان لە سەر سیاسەت هاودژە (متناقض). لە لایەک، سیاسەت بریتییە لە دەسەڵاتی ڕووت، دڕندەیی و چەوسانەوە، هەروەها کۆتاییەکەی شتێکە دەبێ خۆزگەی بۆ بخوازیت. لە لایەکی ترەوە، سیاسەت وەک دەنگۆیەکی ڕەنجی چینەکان ناوەندێکە لە ڕێگەیەوە ئەم کۆمەڵگە ناسیاسییە بەم شێوەیە سەیر دەکرێت: شۆڕشی پرۆلیتاری.

بەرژەوەندی زۆر و تایبەت لە سروشتی سیاسەتدا لە لایەن هزرمەندە فێمنیستیەکانەوە قسە و باسی لێوە دەکرێت. لە کاتێکدا فێمنیستەکانی سەدەی نۆزدەیەم لێکدانەوەیەکی لیبرالییان لە مەڕ سیاسەت وەک کاروبارە " گشتییەکان" پەسن کرد، هەروەها جەختیان کردە سەر هەڵمەت گێڕان بۆ ڕەنجی مێ، فێمنیستە ڕادیکالییەکان هەمیشە لە خەمی ئەوەدا بوون سنوورە سیاسییەکان فراوانتر بکەن. مشتومڕی ئەوە دەکەن کە پێناسە نەریتییەکانی سیاسەت، ئافرەت وەدەر دەنێت.



ئافرەت لە ڕووی نەریتییەوە بەستراونەتەوە بە وجوودێکی " تایبەت"، جەخت بکاتە سەر خێزان و بەرپرسیاریەتییەکانی ناو ماڵ، بە پێچەوانەوە پیاو هەمیشە زاڵ بووە بە سەر سیاسەتی نەریتی و بوارەکانی تری ژیانی " گشتی". کەواتە فێمنیزمی ڕادیکال هێرشی کردە سەر ڕێبازی "گشتی/تایبەتی"، لە بری ئەوە ئەم دروشمە ڕادەگەیەنێت " چالاکی کەسی بریتییە لە چالاکی سیاسی". هەرچەندە ئەم دروشمە مشتومڕی زۆری لێ کەوتووەتەوە و چەندین لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، بەڵام پەردە دادەماڵێت لە سەر ئەو باوەڕەی کەچی دەقەومێ لە نێو ماڵ و خێزان و هەروەها ژیانی کەسی بە تەواوی سیاسییە. بەڵام، لە پاڵ ئەوەش بۆچوونێکی ڕادیکالی هەیە لە سەر سیاسەت، کە لە لایەن کەیت میلێت لە کتێبەکەی بە ناوی (سیاسەتی سێکس)(١٩٧٠،١٩٩٠) بەم شێوەیە باس کراوە " لە پێوەندی و ڕێکخستنەکانی پۆست سترەکتەردا گرووپێک کۆنترۆڵی گرووپێکی تر دەکات". کەواتە سیاسەت ڕوو دەدات لە هەر کات و لە هەر شوێنێک دەسەڵات و سەرچاوەکانی تر دابەش بکرێن. لەم تێڕوانینەوە، شتێکی ئاساییە باس لە " سیاسەتی ژیانی ڕۆژانە" بکرێت، ئەم بۆچوونە ئەوە دەگەیەنێت کە پێوەندییەکانی نێوان خێزان و پێوەندییەکانی نێوان ژن و مێرد یان باوان و منداڵەکانیان پێوەندییەکی سیاسییە وەک پێوەندی نێوان بەرێوەبەر و فەرمانبەر یاخۆ پێوەندی نێوان حکوومەت و هاوڵاتییەکانی وایە. ئەم جۆرە گشتاندنەی جیهانی سیاسەت، لە لایەکی ترەوە، بە قووڵی تیۆریستە لیبرالییەکانی تۆقاندووە، کە دەترسن لەوەی ئەم سیاسەتە هانی دەسەڵاتی گشتی بدات بۆ دزە کردنە نێو تایبەتمەندیەتی و ئازادییەکانی تاک.

سەرەڕای ئەوەش، گەر سیاسەت بە تەرخانکردنی سەرچاوە دەگمەنەکان دابنرێت، ئەوا لە نێو دامەزراوەکاندا زۆر ڕوو نادات جگە لە ژمارەیەک ئاستدا نەبێت. نزمترین ئاستی چالاکی سیاسی ژیانی کەسی و خێزانی و نێو ماڵە، کە بە بەردەوامی ڕووبەڕوو ئەنجام دەدرێت. بۆ نموونە، سیاسەت ڕوودەدات کاتێ دوو برادەر بڕیار دەدەن ئێوارێ بچنە دەرەوە بەڵام ڕێک ناکەون لە سەر ئەوەی بچنە چ شوێنێک، یان ناکۆک دەبن لە سەر ئەوەی چی بکەن. دووەم ئاستی سیاسەت ئاستی کۆمەڵگەیە، واتە سیاسەت لە پرسە مەحەلییەکان و مشتومڕەکان لە نێو کۆمەڵگە بەڵام لە سەر

کارلێکێکی ڕووبەڕووی سیاسەتی کەسیدا ئەنجام نادرێت. ئەمەش بێگومان چالاکییەکانی کۆمەڵگە و حکوومەتی مەحەلی یان هەرێمی دەگرێتەوە، کە ڕەنگە لە هەندێ وڵاتی وەک ئەمریکادا چەندین ئاستی جیاجیای حکوومەت هەیە، جیاواز بێت. هەروەها شوێنی کار و دامەزراوە گشتییەکان و دەستە بازرگانییەکان دەگرێتەوە کە لە نێویاندا تەنیا چەند بڕیارێکی سنووردار و چەند گفتوگۆیەکی ڕووبەڕوو ئەنجام دەدرێت. ئاستی سێیەمی سیاسەت ئاستی نەتەوەییە، جەخت دەکاتە سەر دامەزراوە نەتەوەییەکان و دەوڵەت و هەروەها چالاکییەکانی حیزبە سەرەکییەکان و گرووپەکانی پاڵەپەستۆ. ئەمەش زۆر پەیوەستە بە پێوەندییە کولتووری و ئابووری و دیپلۆماسییەکان لە نێوان نەتەوە و دەوڵەتەکان، هەروەها چالاکییەکانی دەستە نێودەوڵەتییەکانیش دەگرێتەوە، وەک نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکیەتی ئەوروپا و کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان و تەنانەت تیرۆریستە نێودەوڵەتییەکانیش دەگرێتەوە. یەکێک لە مەترسییەکانی فراوان بوونی سیاسەت بۆ نێو هەموو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانیش ئەوەیە کە هەموو شتێک وەک سیاسەت پێناس دەکرێت و حیسابی بۆ دەکرێت، بۆیە وا لە خودی زاراوەی سیاسە دەکات دواجار هیچ مانایەکی نەمێنێت.

## فێمنیزم Feminism

فێمنیزم بە هەڵوێستە سیاسییەکەی ناسراوە ئەویش: بریتییە لەو هەوڵەی بۆ پێشخستنی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ئافرەتان. فێمنیستەکان جەخت دەکەنە سەر پێوەندییەکی سیاسی نێوان ڕەگەزەکان و باڵادەستی پیاو و ژێردەستەیی ئافرەت لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا. باڵی یەکەمی فێمنیزم وەک " بزووتنەوەی مافی دەنگدانی ئافرەتان لە نێو سیاسەتدا" دەستی پێ کرد، کە لە ساڵانی ١٨٤٠ و ١٨٥٠ کانەوە سەری هەڵدا. بەدەستهێنانی مافی دەنگدان بۆ مێ لە زۆربەی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا مانای ئەوە بوو کە هەڵمەت گێڕان بۆ مافە یاسایی و مەدەنییەکان باسی لێوە نەدەکرا و بزووتنەوەی ئافرەتانی بێ بەش کرد بوو لە یەکگرتن. باڵی دووەمی فێمنیزم لە ساڵانی ١٩٦٠ کانەوە سەری هەڵدا، سەرەڕای



بایەخدان بە مافی یەکسان، جەختی کردە سەر داوای ڕادیکاڵی تر و شۆڕشگێڕانەتر دواجار بووە " بزووتنەوەی ئازادی ئافرەت". لەگەڵ ئەوەشدا، سیاسەتی فێمنیستی وەک قوتابخانەیەکی تیۆری سیاسی جیا لەوانی تر سەری هەڵدا.

هزری سیاسی فێمنیست زۆر بایەخی بە دوو پرس دەدا: یەکەم، شیکردنەوەی ئەو دامەزراو و پرۆسە و پراکتیزانەی وا لە ئافرەت دەکەن بچێتە ژێر دەستی پیاو، دووەمیان، بە دوای گونجاوترین و کاریگەرترین ڕێگە دەگەڕێت بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو ژێر دەستییە. هزری فێمنیستی بۆچوونە نەریتییەکانی ڕەت کردەوە کە دەڵێن سیاسەت بەستراوەتەوە بە چالاکی گشتی و دامەزراوەییەکان، بەناوبانگترین دروشمی باڵی دووەمی فێمنیزم ئەمەیە " چالاکییە کەسییەکان بریتین لە چالاکییە سیاسییەکان". چەمکی سەرەکی لە تیۆری فێمنیستی سیاسەتی ڕەگەزی زاراوەیەکە کە باسی چەوسانەوە و هەڵقۆزینەوەی ئافرەت دەکاتە. ئەمەش جەخت دەکات سەر گرینگی سیاسی گێندەر، کەوا زەند ئەبرێت ئاماژە بێت بە سەپاندنێکی کۆمەڵایەتی نەک جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان پیاوو ئافرەتدا. زۆربەی فێمنیستەکان سەیری گێندەر دەکەن وەک پێکهاتەیەکی سیاسی، گێندەر دەوەستێتە سەر ئایدیای هەڵسوکەوتی مێینە و نێرینە و ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان.

وێڕای ئەمەش، تیۆر و پراکتیزەی فێمنیستی هەمەجۆرن. ئایدیا سەرەتاییەکانی فێمنیست لە لیبرالیزمەوە هاتوون، هەروەها ڕەنگدانەوەی پابەند بوونە بە تاکڕەوی و یەکسانی فەرمی. بە پێچەوانەوە، فێمنیزمی سۆشیالیستی، لە مارکسیزمەوە هاتووە، کە جەخت دەکاتە سەر لینکەکانی نێوان ژێردەستەیی مێینە و شێوازی سەرمایەداری بەرهەمهێنان، سەرنج دەداتە گرینگی ئابووری ئافرەت کاتێ بەستراوەتەوە بە خێزان و ژیانی ناو ماڵ. لە لایەکی ترەوە، فێمنیستە ڕادیکاڵییەکان چوونە ئەودیو درک پێکردن بە وجوودی نەریتە سیاسییەکان. دابەش بوونی گێندەری وەک بنەڕەتترین و گرینگترین جوودابوونەوە لە ڕووی سیاسییەوە وەسف دەکەن لە نێو کۆمەڵگەدا. بەڵام، پارچە بوونی فێمینیزم بۆ سەر بەش: هزری لیبرال و سۆشیالیست و ڕادیکاڵ لەوەتەی ساڵانی حەفتاکان بوونە زیادەڕۆیی کاتێ هزری

فێمنیستی جۆراوجۆر و گرینگتر پەیدا بوون. گرینگترینیان بەم دواییە پەیدا بوون بە ناوی فێمنیزمی ڕەش و فێمنیزمی دەروونشیکاری و ئیکۆفێمنیزم و فێمنیزمی پۆستمۆدێرن.

تەوەری سەرەکی تیۆری سیاسی فێمنیست تێڕامانە لە تێگەیشتنی سیاسی کە بە لای پشتیوانانی گێندەرەوە هەموو هزری نەریتی دەگرێتەوە. فێمنیزم هەر تەنیا سەرنجی تیۆریستەکانی ڕانەکێشاوە بۆ چەمکەکانی وەک دەسەلات و زاڵبوون و یەکسانی بگرە تیشکێکی نوێ دەخاتە سەر ئاشنا کردنی هەست و زمانێکی نوێ بە تیۆری سیاسی پەیوەست بە ئایدییەکانی وەک پێک گەیاندن و دەنگ و جیاوازییەکان. وێڕای ئەمەش، ڕەخنەی لێ گیراوە لە سەر بنچینەی ئەوەی کە دابەشبوونەکانی ناوخۆی ئەوەندە کاریگەرن کە تیۆری فێمنیستی پابەند بوون و یەکیەتی لە دەست داوە. بۆ نموونە، فێمنیستە پۆستمۆدێرنەکان تەنانەت پرسیاریان لەو بارەیەوەش کردووە کە ئایا ئافرەت پۆلێکی واتا بەخشە یان نا. ئەوانی تر پێشنیازی ئەوە دەکەن کە تیۆری فێمنیستی لەو کۆمەڵگەیە جیا دەبێتەوە کە تیایدا پۆست فێمنیستی زۆرە. بە لایەنی کەم لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا، زۆر سوپاسی فێمنیزم و کاری ناوماڵ و ڕۆڵە پرۆفێشناڵ و گشتییەکانی ئافرەت دەکرێت چونکە گۆڕانێکی سەرەکی دروست دەکەن.

## فەیلەسووفە سەرەکییەکانی فێمنیزم

### ماری ولستۆنکرافت

کتێبەکەی بە ناوی (سەپاندنی مافەکانی ئافرەت،١٧٨٢) بە یەکەم کاری فێمنیزمی ئەدەبی دادەنرێت و لە دژی پێشینەی شۆڕشی فەرەنسی نووسراوە، چەندین ساڵ پێش پەیدا بوونی بزووتنەوەی مافی دەنگدانی ئافرەتان لە نێو سیاسەتدا نووسراوە. ئەم کتێبە باس لەوە دەکات کە ئافرەت دەبێ ماف و ئیمتیازاتی بە قەد پیاو بێت لە سەر بنچینەی ئەوەی کە هەردوو لا مرۆڤن. ولستۆنکرافت بەردی بناغەی بنەمای فیمنیزمی لیبرالی دانا.



### سیمۆن دی بوڤوار (١٩٠٦-٨٦)

ڕۆماننووس و ڕەخنەگری کۆمەڵایەتی و شانۆنووسێکی فەرەنسییە. بوڤوار هەوڵی دووبارە باسکردنی پرسی سیاسەتی گێندەری دا و چەندین بابەتی سەرەکی باس کرد کە دواجار لە فێمنیزمی ڕادیکالی زیاتر پەرەیان پێ درا. جەختی لە سەر ئەوە دەکردەوە بۆچی نێرینە بە بوونەوەر یان پێوەرێکی پۆزەتیڤ وەسف بکرێت و مێینەش وەک " شتی تر" وەسف بکرێت. ئەم " شتی تر"ە لە بنەڕەتدا ئازادی ئافرەت سنووردار دەکات و ڕێگەیان لێ دەگرێت لە دەربڕینی مرۆڤایەتی خۆیان بە تەواوی. بوڤوار پەنجەی خستە سەر شیکردنەوە ڕەخنەیی و ئەقڵانییەکان وەک ناوەندێک بۆ دەرخستنی ئەم پرۆسەیە و بەخشینی بەرپرسیاریەتی بە ژیانی تایبەتی خۆیان. کارە فێمنیستییە سەرەکییەکەی بە ناونیشانی" ڕەگەزی دووەم"ە کە لە ساڵی ١٩٤٩ بڵاوکراوەتەوە.

### کەیت میلێت (١٩٣٤- )

پەیکەرتاش و نووسەرێکی ئەمریکییە. پەرەی بە فێمنیزمی ڕادیکالی دا بۆ نێو تیۆرێکی سیستەماتیکی کە بە دوور بوو لە نەریتە لیبرال و کۆمەڵایەتییەکان. وەسفی پیاوسالاری دەکات وەک " کارێکی چەقیوی نێو کۆمەڵگە" کە لە نێو پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا هەیە، بە شێوەیەکی گشتی سەرچاوەی گرتووە لە نێو خێزان، پێی دەوترێت " سەنتەری سەرەکیی پیاوسالاری". هەوڵی بڵاوکردنەوەی زیاتر هۆشیاری لە نێو ئافرەتان دا بۆ ئەوەی بتوانن ڕووبەڕووی چەوسانەوەی پیاوسالاری ببنەوە، هەروەها پشتگیریی هەڵوەشانەوەی خێزانی نەریتی دەدات و بە دوای بەدیلێک دەگەڕێت. کارە سەرەکییەکەی میلێت (سیاسەتی سێکس) لە ساڵی ١٩٧٠ بڵاوکراوەتەوە.

### جۆلییێت میشێل (١٩٤٠- )

نووسەرێکی نیوزلەندییە، لە بەریتانیا لە دایک بووە، یەکێکە لە هەرە کاریگەرترین تیۆریستی بواری فێمنیزمی کۆمەڵایەتی. کاری کردووە لە سەر ڕوانگەی مۆدێرنی مارکسی کە لەڕێگەیەوە تیشک دەخاتە سەر هێزە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییەکان لە نێو کۆمەڵگە، هەروەها هۆشداری ئەوەشی داوە کە لەبەر ئەوەی پیاوسالاری ڕەگی کولتووری و ئایدیۆلۆژیی هەیە، ناتوانرێت هەروەها بە ئاسانی لە بەین ببرێت بە جێگرتنەوەی سەرمایەداری و سۆشیالیزم. هەروەها یەکێک بووە لە فێمنیستە پێشەنگەکان کە دەروونشیکاریی بەکارهێناوە وەک

ناوەندێک بۆ شیکردنەوەی جیاوازییە ڕەگەزییەکان. کارە سەرەکییەکانی ئەمانەن: women_s estate 1971، دەروونشیکاری و فێمنیزم ١٩٧٧٤، هەروەها ڕەگەزی مێینە ١٩٨٥.

## سولامیس فایرستۆن (١٩٤٥- )

نووسەرێکی کەنەدییە و چالاکێکی سیاسییە. کار دەکات لە سەر تیۆری فێمنیزمی ڕادیکالی، بە سوود وەرگرتن لە مارکسیزم، بۆ شیکردنەوەی ڕۆڵی ئافرەت. باسی ئەوە دەکات کە جیاوازییە ڕەگەزییەکان سەرچاوەی گرتووە لە دابەشبوونی سروشتی کرێکار لە نێو خێزانێکی بایۆلۆژی. لە بەر هەندێ کۆمەڵگە پێک نەهاتووە لە پرۆسەی بەرهەمهێنان، بگرە لە پرۆسەی دووبارە بەرهەمهێنانەوە پێک هاتووە. دواجار ئافرەت دەتوانێت تەنیا ڕزگاری خۆی بەدەست بێنێت گەر تەجاوزیان کرد لە سروشتە بایۆلۆژییەکەیان و ڕا بکەن لە " حەوا" بە هۆی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای مۆدێرن وەک پیتاندنی کۆرپە و منداڵدانی دەستکرد. باشترین کاری " زاری ڕەگەز"ە ١٩٧٠.

## کاسرین ک. ماکنون (١٩٤٦ )

چالاکێکی سیاسی ئەکادیمی ئەمریکیە. کار لە سەر تیۆری یاسایی فێمنیست دەکات. بە ڕای ئەو، یاسا لە دەوڵەتێکی لیبرالدا یەکێک لە ناوەندە سەرەکییەکانە کە لە ڕێگەیەوە بێ دەنگی و ژێردەستەیی ئافرەت درێژەی پێ دەدرێت. لە نەبوونی یەکسانی گێندەری، باری ئاسایی ئافرەت بە شێوەیەکی حەتمی لە ژێر دەستی بەها و پرکتیزەکانی نێرە. هەروەها باسی ئەوە دەکات کە چەوسانەوەی مێ دەوەستێتە سەر سێکس و ئەو ڕووتییەی ئافرەت هۆکاری سەرەکی ئەو چەوسانەوەیە. کارە سەرەکییەکانی ماکنون: دەست درێژی سێکسی و کارکردن بە ئافرەت ١٩٧٩، بەرەو تیۆرێکی فێمنیستی دەوڵەت ١٩٨٩، هەروەها تەنیا وشەکان ١٩٩٣,

# حکوومەت

سیاسەت بە هەر شێوەیەک پێناسە بکرێت، حکوومەت بەشێکی سەرەکییە لە نێو پێناسەکە. کاتێ دەڵێین " حوکم کردن"، بە مانا فراوانترەکەی، واتە حوکم کردنی یان کۆنترۆڵکردنی ئەوانی تر. کەواتە چالاکی حکوومەت ئەو توانایە لە خۆ دەگرێت بۆ



بڕیاردان و دڵنیا کردنەوەی جێبەجێ بوونی ئەو بڕیارانە. بەو مانایەش، فۆرمێکی حکوومەت دەتوانرێت لە چوارچێوەی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان پێناسە بکرێت. بۆ نموونە، ئاشکرایە لە نێو خێزان باوان کۆنترۆڵی منداڵەکانیان دەکەن: لە نێو قوتابخانە کۆنترۆڵ دەکرێن بە گوێرەی یاسا و ڕێساکانی تایبەت بە بەڕێوەبەر و قوتابخانە. کەواتە حکوومەت لە هەموو کات و شوێنێک وجوودی هەیە کە حوکمدانی تیا بێت. بەڵام، زاراوەی " حکوومەت"، بە واتایەکی تەسکتر لێک دەدرێتەوە، وەک ئاماژەیەک بۆ پرۆسە دامەزراوەیی و فەرمییەکان کە بە هۆیانەوە حوکم لە سەر ئاستی کۆمەڵگە و نەتەوە و نێودەوڵەتییەوە پیادە دەکرێت. بەم شێوەیە، دەکرێ حکوومەت پێناسە بکرێت وەک " کۆمەڵێک دەزگای دامەزراو و بەردەوام کە ئەرکیان پەیڕەو کردنی فەرمانی گشتی و کاری بە کۆمەڵە.

کاری دامەزراوەکانی حکوومەت لێکدانەوە و جێبەجێ کردنی یاسایە، یاسا کۆمەڵێک حوکمە بە سەر کۆمەڵگەدا دەسەپێنرێت. کەواتە هەموو سیستەمەکانی حکوومەت سێ ئەرک لە ئەستۆ دەگرن: یەکەم، یاسادانان، دووەم، جێ بەجێ کردنی یاسا، سێیەمیان، لێکدانەوەی یاسا و شیکردنەوەی ماناکانی. لە هەندێ سیستەمی حکوومەتدا، ئەو ئەرکانە لە لایەن دەزگای جیاوازەوە جێبەجێ دەکرێت، وەک دەزگای دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێ کردن و قەزائی، بەڵام لە هەندێ سیستەمی تردا ڕەنگە ئەرکەکان لە ژێر یەک دەستە جێبەجێ بکرێت وەک حیزبێکی باڵا دەست یان یەک کەس وەک سەرۆکێکی دیکتاتۆر. بەڵام، لە هەندێ حاڵەتدا، دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی حکوومەت تەنیا ئاماژەیە بە " حکوومەت"، واتە حکوومەت دەبێتە هاو واتای حاکمەکان یان پارێزگارەکان. بۆیە حکوومەت بە گرووپێک وەزیر پێناسە دەکرێت، لە ژێر چاودێری سەرۆکی جێبەجێ کردن بەڕێوە دەچن، واتە سەرۆک وەزیران یان سەرۆک. ئەمە عادەتەن لە سیستەمێکی پەرلەمانی ڕوودەدا، بۆ نموونە، وەک حکوومەتەکەی تۆنی بلێر، یان شرۆدەر یان هاوارد.

وێڕای ئەمەش، ژمارەیەک پرسی گفتوگۆهەڵگر دەوری چەمکی حکوومەتیان داوە. یەکەم، هەرچەندە پێویستی هەندێ جۆری حکوومەت بەستراوەتەوە بە پەسەندکردنی جیهانی، کەچی هەندێ هەن مشتومڕی ئەوە دەکەن کە حکوومەت ئەوەندە جۆری

هەیە ناتوانرێت وەها بە ئاسانی فۆرمەکانی جیا بکرێتەوە و پۆلێن بکرێن. بۆ نموونە، حکوومەتی دیموکراسی، حکوومەتی یەک دەسەڵاتی باڵا هەیە، یان حکوومەتی دەستووری یان دیکتاتۆری هەیە، حکوومەتی ناوەندی یان پارچە پارچە هەیە تا دوایی. دووەم، ناکرێ حکوومەت گۆشەگیر بێت و جودا بێتەوە لەو کۆمەڵگەیەی حوکمی دەکات. حکوومەتەکان لە نێو سیستەمێکی سیاسی و تۆڕی پێوەندییەکان کار دەکەن کە حیزبەکان و هەڵبژاردنەکان و گرووپەکانی پاڵەپەستۆ و تەنانەت میدیاکانیش تێوە دەگلێن، حکوومەت وەڵامی پاڵەپەستۆی گشتی دەداتەوە و پیادەی کۆنترۆڵی سیاسی دەکات.

## بۆچی حکوومەت هەبێت؟

خەڵکی لە هەموو بەشێکی جیهاندا چەمکی حکوومەت دەناسنەوە، لە زۆربەی حاڵەتە ئاڵۆزەکانیشدا، دەتوانن ئەو دامەزراوانەی کە حکوومەت لە نێو کۆمەڵگەکەیان پێک دەهێنێت پێناسە بکەن. وێڕای ئەمەش، زۆربەی خەڵک بە بێ پرسیار بوونی حکوومەت بە پێویست دەزانن، پێیان وایە بە بێ حکوومەت ڕێکی و وجوودی شارستانییەت مەحاڵە. هەرچەندە لەوانەیە ڕازی نەبن بە پێکهاتەی حکوومەت و ئەو ڕۆڵەی کە پێویستە بیگێڕێت، کەچی هەر قەناعەتیان بەوە هەیە حکوومەتێک هەبێت. بەڵام، هەبوونی حکوومەتێکی پەسەند و بێ ڕەخنە مانای ئەوە نییە کۆمەڵگەیەکی یەکسان و ڕێک وجوودی هەیە لە ڕێگەی ئاژانسەکانی حکوومەتەوە. بە هەقیقەت، قوتابخانەیەکی تایبەتی هزری سیاسی تەرخان کراوە بۆ دامەزراندنی ئەو جۆرە حکوومەتە پێویستە، لە هەمان کاتیشدا دەتوانێت چەند هۆیەک بدۆزێتەوە بۆ ڕووخانی. ئەمەش گێرەشێوێنییە anarchism، گێرەشێوێنی واتە وڵاتێکی بێ یاسا و حوکم.

مشتومڕی کلاسیکی لە بەرژەوەندی حکوومەت لە نێو تیۆری گرێبەندی کۆمەڵایەتی دەدۆزرێتەوە، یەکەم جار لە لایەن فەیلەسووفانی سەدەی حەڤدەیەم پێشنیاز کرا وەک "تۆماس هۆبز" و "جۆن لۆک". تیۆری گرێبەندی کۆمەڵایەتی، بە هەقیقەت، بنەماکانی هزری مۆدێرنی سیاسی پێک دەهێنێت. لە کتێبەکەی بە ناوی "In Leviathan 1951





و1968"، هۆبز پەرەی بەو بۆچوونە دا کە مرۆڤی ئەقڵانی دەبێ ڕێز لە حکوومەتەکەی بگرێت و گوێڕایەڵی بێت چونکە کۆمەڵگە بە بێ حکوومەت شەڕی ناوخۆی تیادا دروست دەبێت " هەموو لە دژی یەکتر دەجەنگن". تیۆریستەکانی گرێبەندی کۆمەڵایەتی پەرە بە باسەکانیان دەدەن بە پشت بەستن بە کۆمەڵگەیەکی گریمانەیی بێ حکوومەت، ئەوەی پێی دەڵێن " دەوڵەتی سروشت". هۆبز ژیان لە نێو دەوڵەتی سروشت بەم شێوەیە پێناسە دەکات " ژیان لە نێو دەوڵەتی سروشتی تەنیا و هەژار و خراپ و شەڕانگێز و کورتە". بە ڕای ئەو، بوونەوەری مرۆڤ لە جەوهەردا بوونەوەرێکی خۆپەرستە و هەمیشە بە دوای دەسەڵاتدا دەگەڕێت، مرۆڤ گەر یاسایەک شک نەبات، ئەوا بەرژەوەندییەکانی لە سەر حیسابی ئەوانی تر دابین دەکات. تەنانەت بەهێزترین مرۆڤ ناتوانێت هەمیشە بەهێز بمێنێتەوە و ژیانێکی ئاسایش و بە بێ ترس بژیت: بێ هێزەکان، پێش ئەوەی تەواو بشکێن،دژی بەهێزەکان یەک دەگرن. کۆنترۆڵکردنی خۆپەرستی و فەرمان و سەقامگیری بە بێ حکوومەت مەحاڵە. هۆبز پێشنیازی ئەوە دەکات کە دان پیانان بەمە، تاکە ئەقڵانییەکان لە نێو خۆیان بە مەبەستی نانەوەی ئاژاوە و گێرەشێوینی ڕێک دەکەون، گرێبەندێکی کۆمەڵایەتی ساز دەکەن کە لە ڕێگەیەوە سیستەمێکی حکوومەت دەتوانرێت دامەزرێت.

تیۆریستەکانی گرێبەندی کۆمەڵایەتی حکوومەت بە بەرگریەکی پێویست دەزانن دژی بەربەریەت و شەڕانگێزی، پشت دەبەستن بە بۆچوونێکی گەشبینی سروشتی مرۆڤ. بەڵام، نەریتێکی بەدیل هەیە حکوومەت بە ناوەندێک دەزانێت بۆ پێشخستنی باشە نەک هەر تەنیا نەهێشتنی ئازار. ئەمە لە نووسینەکانی ئەرستۆ بەدی دەکرێت، کە فەلسەفەکەی کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبوو لە سەر ئاژەڵناسانی چەرخی ناوەڕاست. وەک تۆماس ئەکویناس، لە کتێبەکەی بە ناوی The treatise of law، لە بەشێکیدا، لاپەڕە ١٢٦٥، ئەکویناس وەسفی دەوڵەت وەک " کۆمەڵگەیەکی کامل" دەکات باسی ئەوە دەکات کە کاریگەری دیاری یاسا بۆ باش کردنی بابەتەکانییەتی. بۆ نموونە، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە حکوومەت و یاسا زۆر پێویستن بۆ مرۆڤ تەنانەت گەر هیچ تاوانێکی بنەڕەتیش نەبێت. ئەم بۆچوونەی حکوومەت وەک ئالیەتیکە وا لە

خەڵک دەکات لە پێناو بەرژەوەندی یەکتر هاوکاری یەکتر بکەن، ئەم بۆچوونە بە زیندوویی ماوەتەوە لە سیاسەتی مۆدێرن لە لایەن نەریتە دیموکراتییە کۆمەڵایەتییەکاندا.

بەڵام، بە بۆچوونێکی گێرەشێوێنی حکوومەت و هەموو فۆرمەکانی دەسەڵاتی سیاسی تەنیا شەڕانگێز نین بگرە پێویستیش نین. گێرەشێوێناسەکان پەرە بەو باسە دەدەن بە هۆی بەکارهێنانی تیۆری گرێبەندی کۆمەڵایەتی و باسی وێنەیەکی جیاوازی دەوڵەتی سروشت دەکەن. تیۆریستەکانی گرێبەندی کۆمەڵایەتی پێیان وایە کە گەر مرۆڤ بۆ ناوەندەکانی پێشبڕکێکاری بەجێ بهێڵرێن، ئەوا پێشبڕکێ و ململانێی کراوە ئەنجامێکی حەتمی دەبێت. گێرەشێوێناسەکان، لە لایەکی ترەوە، گەشبینانەتر دەڕواننە سروشتی مرۆڤ، جەخت دەکەنە سەر توانای تێگەیشتن و سۆز و هاوکاری ئەقڵانی. هەروەک ویلیەم گۆدوین لە کتێبەکەی بە ناوی " لێکۆڵینەوەیەک لە دادپەروەری سیاسی" (١٧٩٣ و ١٩٧٦) زۆر بە ڕوونی بنەماکانی گێرەشێوێنی خستە بەردەست و ڕای گەیاند: "مرۆڤ قابیلی کامل بوونە، یاخۆ بە واتایەکی تر مرۆڤ زۆر بە خێرایی گۆڕانگاری بە سەر خۆیدا دەهێنێت." کەواتە، لە دەوڵەتی سروشتدا فەرمانی سروشتی سەردەکەوێت، فەرمانی سیاسی تەواو پێویست دەکات. سازانی کۆمەڵایەتی بە خێرایی دێتە ئاراوە کاتێ تاکەکان بەوە دەزانن کە بەرژەوەندییە گشتییەکان، کە پێکەوەیان گرێ دەدات، بەهێزترن لە خۆپەرستی کە لێکیان دەکاتەوە، هەروەها هەرکاتێکیش ناکۆکی لە نێوانیاندا ڕوویدا ئەوا بە ڕێگایەکی ئاشتییانە و گفتوگۆ و مشتومڕی ئەقڵانی چارەسەری دەکەن. بە هەقیقەت، گێرەشێوێناسەکان حکوومەت وەک پاسەوانێک لە دژی ئاژاوە سەیر ناکەن بگرە بە هۆکارێکی ململانێ و ئاژاوە و توندوتیژی دەزانن. بە هۆی سەپاندنی یاسا لە سەرەوە، حکوومەت ئازادی کپ دەکات و هەستەکان و دەورووژێنێت و نایەکسانی بڵاو دەکاتەوە.

گێرەشێوێناسەکان هەمیشە قسەکانیان پشت ڕاست دەکەنەوە بە هۆی بەکار هێنانی نموونە مێژووییەکان وەک دەوڵەت شاری چاخی ناوەڕاست کە لە لایەن پیتەر کرۆپۆتکین باسی لێو کراوە یاخۆ کۆمیونی جووتیارانی ڕووسی کە لیۆ



تۆلستۆی پێی سەرسام بووە، کە تیایدا، فەرمانی کۆمەڵایەتی پشت ڕاست بووە بە سۆزی هاوبەش و گفت وگۆی ئەقڵانی. هەروەها سەیری کۆمەڵگە نەریتییەکانیش دەکەن کە تیایدا فەرمان و سەقامگیری هەر دەبێت بە بێ بوونی حکوومەتێک. شتێکی ڕوونە کە مەحاڵە سروشتی کۆمەڵگە نەریتییەکان بگشتێنی، هەندێکیان هەمەڕەکی و چەوسێنەرن و لە لایەن فەوزەوییەکانەوە داوای ناکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمەڵناسەکان جەخت دەکەنە سەر کۆمەڵگە عادیلانەکان، وەک ئەوەی بوشمێن و کالاهاری، کە تیایدا جیاوازییەکان لە ڕێگەی پرسە نافەرمییەکان و پێوەندی کەسییەوە چارەسەر دەکرا، بە بێ پێویستی هەر پێکهاتەیەکی فەرمی حکوومەت. گرینگی ئەم جۆرە نموونەیە ئەوەیە کە زۆر بە وردی جەخت دەکەن سەر ئەوەی بۆچی کۆمەڵگە مۆدێرنەکان زۆر پشت بە حکوومەت دەبەستن، دوور لە گرینگی پێویستی یاسای ڕێکخراو.

جیاوازی نێوان کۆمەڵگە نەریتییەکان (وەک ئەوەی کالاهاری و بوشمین) و کۆمەڵگە شارستانی و پیشەسازییەکان (کە زۆربەی دانیشتوانی جیهان تیایاندا دەژین) ناتوانرێت زۆر دەستنیشان بکرێت. کۆمەڵگە نەریتییەکان گرفتی پاراستنی فەرمان چارەسەر دەکەن لە ڕێگەی پاراستنی داوونەریتەکان، ئەو جۆرە کۆمەڵگەیەش زۆرجار لە نێو باوەڕی ئاینیدا ڕەگی داکوتاوە. بۆ نموونە، بۆنە کۆمەڵایەتییەکان یارمەتی دروست بوونی کۆمەڵێک بەهای گشتییان داوە، هەروەها یاساکانی هەڵسوکەوتیان لە جیلێکەوە بۆ جیلێکی تر گواستووەتەوە. کەواتە نەریت خزمەتی بەردەوام بوون و پاراستنی هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکان دەکات و درێژە بە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی پێناس کراو دەدات. وێڕای ئەمە، ئەو کۆمەڵگەیانە ڕێژەیی بچووکن، وا لە گفتوگۆ کۆمەڵایەتییەکان دەکەن لە سەر ئاستێکی کەسی و ڕوو بە ڕوو ئەنجام بدرێن. بە پێچەوانەوە، کۆمەڵگە مۆدێرنەکان گەورە و ئاڵۆز و زۆر جیاوازن. کۆمەڵگە پیشەسازییەکان پێک هاتوون لە چەندین کۆمەڵەی شارستانی بە هەزاران خەڵک لە خۆ دەگرن و هەندێ جاریش بە ملیۆن خەڵک دەگرنە خۆ. لە سەرەنجامی کەم بوونەوەی ئارەزووی ئاینەکان و بۆنە و نەریت، کۆمەڵگە مۆدێرنەکان کەم وکوڕییانس هەیە لە کۆمەڵێکی یەکگرتووی بەها و کولتوور و باوەڕی گشتی.

پیشەسازی گەری ژیانی ئابووری زۆر ئاڵۆز کردووە و پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی پارچە پارچەی بەرهەم هێناوە. بە کورتی، ئەو میکانیزمە نافەرمیانەی کە پشتگیری فەرمانی کۆمەڵایەتی دەکەن، وەک کالاهاری و بوشمین، یان ئەوەتا وجوودیان نییە یاخۆ لەگەڵ کۆمەڵگەی مۆدێرن یەک ناگرنەوە. کەواتە سەرسامی نییە خەونی گێرەشێوێنی کە هەڵوەشاندنەوەی حکوومەتە نائومێدی بە خۆیەوە بینیوە. ئارەزووی روونی زۆربەی کاتەکانی سەدەی بیستەم بە هەقیقەت دژی ئاراستەی حکوومەت بوون: حکوومەت زۆر زۆر پێویستە. هەرچەندە پسپۆرانی گێرەشێوێنی و سەرمایەداری وەک، موریی رۆتبارد، هەوڵی پێچەوانەی گەشەی حکوومەتی داوە بە هۆی خستنە رووی ئەوەی کە ئابووری ئاڵۆز دەتوانرێت لە رێگەی میکانیزمی بازارەوە رێک بخرێت، چەند کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن بەوە نەناسراون کە زۆر دەست بخەنە نێو ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

## فۆرمەکانی حکوومەت

هەرچەندە هەموو حکوومەتەکان ئامانجی دڵنیا کردنەوەی یاسایان هەیە، کەچی بە چەندین رێگای جیاواز ئەم ئامانجە دێننە دی و چەنیدن فۆرمی سیاسی و دامەزراوەیی هەمەجۆریان هەیە. بۆ نموونە، پاشایەتی رەهای سەردەمی کۆن زۆرجار جیا دەکرێتەوە لە فۆرمە مۆدێرنەکانی حکوومەتی دەستووری و دیموکراسی. بە هەمان شێوە، لە سەردەمی جەنگی سارددا شتێکی ئاسایی بوو رژێمەکان پۆلێن بکرێن بە سەر جیهانی یەکەم و جیهانی دووەم و جیهانی سێیەم. هزرمەندە سیاسییەکان هەوڵی ئەنجامدانی ئەو پۆلێنەیان داوە بۆ دوو مەبەست. لە حاڵەتی فەیلەسووفە سیاسییەکاندا، زۆر بە پرۆش بوون بۆ هەڵسەنگاندنی فۆرمەکانی حکوومەت لە سەر بنچینەی پێوەری بە هیوای ناساندنی دەستوورێکی میسالی. بەڵام، زانستناسە سیاسییە مۆدێرنەکان هەوڵی پێشخستنی زانستی حکوومەتیان داوە بۆ ئەوەی دیراسەی چالاکییەکانی حکوومەت لە وڵاتی جیا جیاوە بکەن بە بێ ئەوەی حوکمیان بە سەردا بدەن. سەرەرای ئەوەش، بواری ئایدیۆلۆژی دەست دەخاتە نێو پرسەکە. نموونەیەک بۆ ئەمەش بەکارهێنانی زاراوەی " دیموکراسییە" بۆ



وەسفکردنی سیستەمێکی تایبەتی حکوومەت، زاراوەیەک کە رازی بوونی گشتی دیار دەخات چونکە دەڵێت: حکوومەتی دیموکراسی لەو کۆمەڵگەیانە جێبەجێ دەکرێت لە لایەن خەڵک و لە پێناو خەڵک.

یەکێک لە هەوڵەکانی پێشتر بۆ روونکردنەوەی فۆرمەکانی حکوومەت لە لایەن ئەرستۆوە دراوە. بە بۆچوونی ئەو، دەتوانرێت حکوومەت لەسەر ئەم پرسیارانە پۆلێن بکرێت : کێ حوکم دەکات؟ و کێ سوود لە حوکم وەردەگرێت؟ دەتوانرێت لە ژێر دەستی یەک کەسدا بێت، یاخۆ لە ژێر دەستی گرووپێکی بچووک یان گەورە. بەڵام، لە هەر حاڵەتێکدا حکوومەت بەرێوە دەچێت لە ژێر دەستی سەرۆکێکی خۆپەرست و بەرژەوەندچی یاخۆ لە ژێر دەستی یەکێک بێت کە سوود بە تەواوی کۆمەڵگە بگەیەنێت. لە ئەنجامدا، ئەرستۆ شەش فۆرمی حکوومەت دەست نیشان دەکات. زۆرداری و ئۆلیگارشی (واتە، چەند کەسێک دەسەڵاتیان بەدەستە لە نێو حکوومەتدا) و دیموکراسی، ئەرستۆ دەڵێت، ئەمانە هەمووی لە ژێر دەستی کەسێک یان گرووپێکی بچووک و یان گرووپێکی گەورەدا بەرێوە دەچن کە تەنیا خزمەتی بەرژەوەندی خۆیان دەکەن لە سەر حیسابی ئەوانی تر. بە پێچەوانەوە، پاشایەتی و ئەرستۆکراتی و polity واتە سیستەمێکی رێکخراوی کۆمەڵایەتی جەخت دەکاتە سەر پێکهاتەکانی حکوومەت، ئەمانە تەواو پەسنن چونکە چ لە ژێر دەستی تاکێک یان گرووپێکی بچووک یان گەورەدا بن هەر بۆ بەرژەوەندی هەموو کەسێکە.

### ئەرستۆ (٣٨٤-٣٢٢پ.ز)

فەیلەسووفێکی یۆنانییە.قوتابی ئەفلاتوون بوو. مامۆستای تایبەتی ئەلیکسەندەری گەورە بوو. قوتابخانەی فەلسەفی خۆی دامەزراند لە ئەسینا لە ساڵی ٣٣٥ پ.ز. پێی دەوترا "قوتابخانەی گەرۆک" چونکە کاتێ قسەی دەکرد دەرۆیشت و هەڵدەستا و دادەنیشت.

٢٢ شاکاری ماوەتەوە کە لە سەرنجەکانی ئەو وانانە کۆکراونەتەوە کە لە سەر مەنتق و فیزیا و میتافیزیک و ئەستێرەناسی و زانستی کەشناسی و بایۆلۆژی و ئەخلاق و سیاسەتدا پێشکەشی کردوون. باشترین کاری سیاسی "Politicsە، دیراسەیەکی چرو پرە لە سەر سروشتی ژیانی سیاسی و ئەو فۆرمانەی کە سیاسەت دروست دەکەن. لە وەسفکردنی سیاسەت بە " زانستی سەرەکی"،

جەخت لەوە دەکاتەوە کە مرۆڤ هەر بە کۆمەڵ، نەک بە تاک. هەوڵ بۆ دادپەروەری و ژیانی باش دەدات. ئەرستۆ پەسنی ئەو فۆرمەی حکوومەتی کردووە کە خزمەت بە هەموو کەس بگەیەنێت نەک تەنیا بۆ بەرژەوەندی چەند کەسێکی سنووردار، هەروەها زیاتر پەسنی فۆرمێکی حکوومەتی دەکرد کە تێکەڵەی دیموکراسی و ئۆلیگارشی بوو، کە ئەو پێی دەووت "Polity". لە کۆمیونیتاریانزیمی سیاسەتدا، هاوڵاتی وەک بەشێک لە کۆمەڵگەی سیاسی وەسف دەکرێت، یەکێکە لەو کارانەی کە دەناسرێتەوە بە هەڵبژاردن (ئیختیار) و ئۆتۆنۆمی لە کارەکانی وەک Nic-omachean Ethics. لە چاخی ناوەڕاستدا، کاری ئەرستۆ بووە بناغەی فەلسەفەی ئیسلامی، دواتریش لە زانستی باوەڕەکانی مەسیحی سوودی لێ وەرگیراوە.

ئەرستۆ دەڵێت: زۆرداری یەکێکە لە هەرە خراپترین دەستوور چونکە لە بەهای هاوڵاتی کەم دەکاتەوە تا ئاستی کۆیلایەتی.لە لایەکی ترەوە، پاشایەتی و ئەرستۆکراسی عەمەلی نین چونکە لە سەر بنچینەی ویستی خواوەند پێک هاتوون، واتە باشی کۆمەڵگە لە پێش بەرژەوەندی یەکێکی تایبەت دادەنێت. ئەرستۆ ئەو سیستەمەی پەسن کرد کە لە لایەن گەلێ کەسەوە حوکم بەڕێوە بچێت لە پێناو هەموو کۆمەڵگە، ئەم سیستەمە زۆر عەمەلییە، بەڵام لەوەش دەترسا کە ئەوانەی لەو جۆرە سیستەمە حوکم دەکەن بە ئاسانی هەموو سامانی دەوڵەت بۆ خۆیان قۆرخ بکەن لە سەر حیسابی ئەوانی تر. بۆیە پشتگیری سیستەمێکی حکومی تێکەڵی کرد کە حکوومەت لە ژێر دەستی چینە ناوەندییەکان جێ بهێڵێت، ئەوانەی کە نە دەوڵەمەند و نە هەژارن.

حکوومەتی مۆدێرن زۆر ئاڵۆز و زەحمەتە لە سەر ڕێچکەی ئەرستۆیی پۆلێن بکرێت. وێڕای ئەمەش، پۆلێنکردنی ڕێژیمەکان وەک جیهانی یەکەم و جیهانی دووەم و جیهانی سێیەم مەحاڵە سەر بگرێت لە ڕووی گۆڕانە سیاسی و ئابوورییەکان کە لە کەرتی کۆمەنیستی پێشوودا ڕووی دا لەوەتەی شۆڕشەکانی ١٩٨٩ و ١٩٩١، ئەوانەی پێیان دەوترا ڕێژیمەکانی جیهانی یەکەم، ناویان گۆڕا بۆ " دیموکراسییە لیبراڵییەکان". لە ڕۆژئاوای پیشەسازی و ئەمریکای باکوور و ئەوروپا و ئوستوڕالیادا هەبوون، هەروەها لە چەند بەشێکی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و هەندێ وڵاتی پێشکەوتوودا پەیدا بوون، بۆ نموونە، گەورەترین وڵاتی دیموکراسی لیبراڵ لە



جیهان، هیندستانە.

ئەو جۆرە سیستەمانەی حکوومەت لیبراڵن بەو مانایەی کە ڕێز لە بنەمای دیاریکراوی حکوومەت دەگرن، ڕێز لە مافەکانی تاک و ئەو ئازادییانە دەگرێت کە پێوەندی بە هەندێ فۆرمی پاراستن هەیە لە حکوومەتەوە. حکوومەتی بە سێ ڕێگە سنووردار دەکرێت. یەکەم، حکوومەتی دیموکراسی لیبراڵ حکوومەتێکی دەستوورییە. دەستوورێک کە پێناسەی ئەرک و بەرپرسیاریەتی و کارەکانی دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی حکوومەت دەکات، هەروەها پێوەندی نێوان حکوومەت و تاک دادەمەزرێنێت. ئاسانتر بڵێین، ئەوە یاساکانە حکوومەت بەڕێوە دەبات. لە وڵاتە هەرە دیموکرات– لیبراڵەکانەوە، وەک ئیسرائیل و بەریتانیا، حوکمە دەستوورییەکان لە یەک دۆکیومێنتی دەسەڵاتی دانراون، واتە دەستوورێکی نووسراو کە بەرزترین یاسای و خاکەکە پێک دەهێنێت. دووەم، حکوومەت سنووردار دەکرێت بەو هەقیقەتەی کە دەسەڵات بەش بەش دەکرێت و لە نێو تەواوی دامەزراوەکاندا پەرت و بڵاو دەبێتەوە، هەموو گرژییەکانی ناوەوە دروست دەکات یانیش ئەوەتا هاوسەنگیان دەکات. سێیەم، حکوومەت سنووردار دەکرێت بە هۆی وجوودی کۆمەڵگەیەکی سەربەخۆ و چالاک، کە پێک هاتووە لە گرووپی ئۆتۆنۆمی وەک گرووپی کارەکان و یەکیەتی بازرگانی و گرووپەکانی پاڵەپەستۆ و تا دوایی، واتە لە کردەدا پێوەندییەکی بەهێز هەیە لە نێوان پێکهاتە سیاسییە دیموکراسییە لیبراڵییەکان و پێکهاتە ئابوورییە سەرمایەدارییەکان.

وڵاتە دیموکراتە لیبراڵەکان دیموکراسین بەو مانایەی کە حکوومەت دەوەستێتە سەر ڕازی بوونی ئەوانەی حوکم دەکرێن (گەل). ئەمەش فۆرمێکی دیموکراسی نوێنەری دەگەیەنێت کە تیایدا پیادە کردنی دەسەڵاتی حکوومەت بەدەست دەهێنرێت لە سەرکەوتن لە هەڵبژاردنە پێشبڕکێ کارییەکان و بێ فروفێڵەکان. ئەو جۆرە سیستەمانە مافی دەنگدان بۆ هەمووان دەپارێزێت، سندوقی نهێنی دەنگدان هەیە و ڕێز لە مافە دیموکراسییەکان دەگرێت وەک ئازادی دەربڕین و ئازادی کۆبوونەوە و ئازادی بزووتنەوە. بەردی بناغەی حکوومەتە دیموکرات– لیبراڵەکان فرە لایەنی سیاسییە، وجوودی چەند ڕێبازێکی هەمەجۆری سیاسییە، چەند ئایدیۆلۆژیا و

فەلسەفەی سیاسە و پێشبڕکێی کراوە هەیە بۆ دەسەڵات لە نێو ژمارەیەک حیزب. متمانەی دیموکراسی ئەو سیستەمە لە بەشی هەشتەم بە وردتر باسی لێوە دەکەین.

بەڵام، ژمارەیەک جیاوازی هەیە لە نێوان سیستەمە دیموکرات _ لیبراڵەکانی حکوومەت. هەندێکیان، وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و فەڕەنسا، کۆمارین، سەرۆکی دەوڵەت هەڵدەبژێردرێت. لە کاتێکدا وڵاتانی وەک بەریتانیا و هۆڵەندا پاشایەتی دەستوورین. زۆربەی وڵاتە دیموکرات _ لیبراڵەکان سیستەمێکی پەرلەمانتاری حکوومەتیان هەیە کە تیایدا دەسەڵاتی یاسا دانان و جێبەجێکردن لێک دەدرێن. لە وڵاتەکانی وەک بەریتانیا و ئەڵمانیا و کەنەدا و ئوستوڕالیادا، حکوومەت لە دەسەڵاتی یاسادانان پێک هاتووە و لێی بەرپرسیارە، بەو مانایەی کە دەتوانرێت بە دەنگی زۆرینە لاببرێت. لە لایەکی ترەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە نموونەی کلاسیکی سیستەمی سەرۆکایەتی حکوومەت، لە سەر ئەوە بونیات نراوە کە دەسەڵاتی یاسا دانان و جێبەجێکردن لێک جیا کراونەتەوە. سەرۆک و کۆنگرێس بە جیا هەڵدەبژێردرێن، هەریەکە و دەسەڵاتی دەستووری خۆی هەیە، دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە لە یەکتر بپرسنەوە. بەڵام، فەڕەنسا سیستەمێکی جیاوازی هەیە کە سەرۆکی هەڵبژێردراو دەسەڵاتی هەیە بە سەر سەرۆک وەزیران و حکوومەت، کە لە دەسەڵاتێکی یاسادانانەوە سەرچاوەی گرتووە.

بەڵام، هەندێ وڵاتی دیموکرات– لیبرال هەیە خاوەنی حکوومەتی زۆرینەن. ئەمانە ڕوودەدەن کاتێ تاکە حیزبێک یان ئەوەتا لە بەر لایەنگرە دەنگدەرەکانی یان سروشتی سیستەمی هەڵبژێردراوەکە دەتوانێت حکوومەتی تایبەت بە خۆی دامەزرێنێت. دیموکراسییە زۆرینەکان خاوەنی سیستەمێکن پێکهاتووە لە دوو حیزبی باڵا دەستە کە تیایدا دەسەڵات لە نێو ئەو دوو حیزبەدا ئاڵوویر دەکرێت، هەروەک لە ڕووی نەریتییەوە لە بەریتانیا و نیوزلەندا هەیە. سیستەمە سەرۆکایەتییەکانی حکوومەت هەندێ جار بەرگری و پاراستنێکە دژی bulwark زۆرینەیی، لەوەشیادا گرژی دامەزراوەیی زیاد دەکەن لە نێوان دەسەڵاتی یاسا دانان و جێبەجێ کردن، کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەندێ جار دەبێتە هۆی " زۆری و بۆری و ناکۆکی حکوومەت" gridlock) government . لە لایەکی ترەوە، لە



ئەوڕوپا، حکوومەتی هاوپەیمان نەریتێکە، خاڵی سەرەکی مامەڵەی بەردەمی نێوان حیزبەکانە کە هاوبەشن لە دەسەڵات و بەرژەوەندییەکان. لە وڵاتانی وەک ئوستورالیا و بەلجیکا و هۆڵەندا، کە جیاوازی زمانەوانی و ئاینی زۆرن، فۆرمە دیموکراسییەکان لە سەر بنچینەی فۆرمی بەردەوامی ئاڵوویر کردنی دەسەڵات لە نێو کۆمەڵگەیەکی دابەش کراودا پەرەی پێ دەدرێت.

لە پاشماوەی ڕووخانی کۆمیونیزمدا، هەروەها لەگەڵ سەرهەڵدانی پێشبڕکێ کاری و پرۆسەی هەڵبژاردن بە لایەنی کەم لە دەوڵەتە پیشەسازییەکانی جیهانی پێشکەوتوودا، تیۆریستەکانی " کۆتایی ئایدیۆلۆژیا" وەک، فرانکیس فوکویاما ڕاگەیاند کە حکوومەت لە سەرانسەری جیهاندا لە سەر هێڵەکانی دیموکرات– لیبرالەکانەوە بونیات نرایەوە. بەڵام، سەرەڕای پێشکەوتنی بە دیموکراسی بوون لە ساڵانی هەشتا و نەوەدەکاندا، ژمارەیەک ئەلتەرناتیڤ بۆ شێوازی حکوومەتی لیبرالی ڕۆژئاوایی بەرچاو دەکەوێت. ئەو ئەلتەرناتیڤانەش ئەمانەن: حکوومەتی پۆستکۆمەنیست، حکوومەتی ئاسیایی، حکوومەتی ئیسلامی و حکوومەتی سەربازی. حکوومەتی پۆستکۆمەنیست بە شێوەیەکی گشتی لە فۆرمی دیموکرات– لیبرال سەرچاوەی گرتووە، لەو حکوومەتەشدا هەڵبژاردن لە نێو فرە حیزبەکان ئەنجام دەدرێت و چاکسازی لە بواری ئابووری بازاڕدا هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، حکوومەت لە دەوڵەتی پۆستکۆمەنیستدا بە سێ فاکتەر ناسراوە: یەکەم، پێویستی مامەڵە کردن لەگەڵ سەرەنجامە کولتووری و سیاسییەکانی حوکمی کۆمەنیست، بە تایبەتی لەگەڵ نەبوونی یان بێهێزی کولتووری مەدەنی کە جەخت دەکاتە سەر بەشداری کردن و مامەڵە کردن و ڕای گشتی. دووەم، ئەو ناسەقامگیرییانەی سەر هەڵدەدەن لە قۆناغی ئاستەمی گواستنەوە لە پلانی ناوەندی بۆ هەندێ فۆرمی سەرمایەداری بازاڕ. سێیەم، بێهێزی گشتی دەسەڵاتی دەوڵەت، بە تایبەتی کاتێ دەوڵەت ڕووبەڕووی سەرهەڵدانی گرژی نەتەوەیی و تایفی یان سەرهەڵدانی تاوانی ڕێکخراو دەبێتەوە.

فۆرمەکانی حکوومەت لە ئاسیای ڕۆژهەڵاتدا، بە تایبەتی لە ژاپۆن کۆریای باشوور (کە پێی دەوترێت پڵنگی ئابووری) و تایوان و هۆنگ کۆنگ و سەنغافورا و

ماليزيا، بەوە ناسراون کە بايەخێکی بێ وێنە بە گەشە و دابينکردنی ئاسوودەگی دەدەن، بە ڕەچاو کردنی ئازادييەکانی تاک لە سۆنگەی ئازادی مەدەنی ڕۆئاواييیەوە. زۆرجار زۆر پشتگيری خۆيان بۆ حکوومەتی بەهێز نيشان دەدەن، هەندێ جار لە ڕێگای سەرکردە دەسەڵاتدارەکان يان حيزبە باڵادەستەکانەوە پيادە دەکرێت، کە پشتڕاستە بە بنەماکانی کۆنفۆشی وەک پشتيوانی و ديسپلين و ئەرک. بەڵام، داهاتووی ئەم جۆرە ڕێژيمانە وەستايە سەر ئەوەی چۆن وەڵامی دابەزينی ئاستی ئابووريیان داوە لە نەوەدەکان. حکوومەتی ئيسلامی فۆرمی فرە لايەن و ئوسوڵی دەگرێتەوە. سۆنگەی ئوسوڵی ئيسلامی سياسی زۆر لە ئێران ڕەگی داکوتاوە و دواجار لە وڵاتانی وەک سودان و پاکستان و ئەفغانستان کە، بە ڕێگای جياواز، بە دوای ڕێبازی ئێرانی کەوتوون. ئيسلامی سياسی سەربازی، کە لە سەر دەستی ئايەتوڵا خومەينی سەری هەڵدا، حکوومەتێکی ئاينی theocracy هەيە کە تيايدا کاروبارە سياسييەکان و کاروبارەکانی ديکەش بە پێی بنەما ئاينييەکان ڕێک دەخرێن و نووسينگەی سياسی گرێدراوە بە بارودۆخی ئاينييەوە. بە پێچەوانەوە، لە وڵاتێکی وەک ماليزيادا، ئيسلام بنچينەی ئاينی ڕەسمی دەوڵەتە بەڵام شان بە شانی ديموکراسييەکی ڕێبەری کراو کاری خۆی دەکات کە بە لايەنی کەمەوە ڕێگە بە پێشبڕکێی سياسی دەدات. سەرەڕای ئارەزووی حکوومەتێکی مەدەنی و هەندێ فۆرمی ديموکراسی هەڵبژێراو، گرينگی حکوومەتی سەربازی هەر هەيە لە وڵاتانی ئەفريقيا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەشەکانی ڕۆژهەڵاتی باشووری ئاسيا و ئەمريکای لاتين. فۆرمی کلاسيکی حکوومەتی سەربازی فۆرمێکی " جەنتا"يە Junta واتە، چەند گەورە ئەفسەرێک لە ڕێگەی شۆڕشێکەوە يان کودەتايەک دەسەڵات دەگرنە دەست. فۆرمەکانی تری حکوومەتی سەربازی ئەمانەن: ديکتاتۆری سەربازی کەسی، ئەو ڕێژيمانەی کە سەرکردە سەربازييەکان قەناعەت بە خۆيان دێنن بە ئەنجامدانی هەر کارێک بيانەوێت لە پشتی پەردەوە ئەنجامی دەدەن، هاوکات دەمامکێکی حوکمی مەدەنی و دەستووری ڕوويانی داپۆشيوە.



## سيستەمە سياسييەکان

پۆلێنکردنی حکوومەت بەستراوەتەوە بەو شتەی کە پێی دەوترێت " سيستەمە سياسييەکان". بەڵام، ئەو فيکرەيەی کە سياسەت بريتييە لە "سيستەم"ێک، فيکرەيەکی نوێيە، لە ساڵانی پەنجاکانەوە سەری هەڵدا، دواتر کاريگەری پێشکەوتنی سيستەمەکانی تيۆری لە سەر بوو، هەروەها پاش ئەوەی لە کتێبی "سيستەمی کۆمەڵايەت" ی تالکۆت پارسن،کە لە ساڵی ١٩٥١ بڵاوکرايەوە، بەکارهێنرا. لەگەڵ ئەوەشدا، گۆڕانێکی گەورەی دروست کرد لە مەڕ تێگەيشتنی پرۆسە حکومييەکان. هەوڵە نەريتييەکان بۆ حکوومەت جەخت دەکەن سەر پێکهاتەی ئەو دەوڵەتەی حوکمی دەستووری هەيە، هەروەها جەخت دەکەنە سەر پێکهاتەی دامەزراوەيی سيستەمێکی تايبەتی حکوومەت. بەڵام، شرۆڤەی سيستەمەکان مەودای تێگەيشتنی لە حکوومەت فراوانتر کردووە بە هۆی جەختکردنە سەر کارلێکی ئاڵۆزی نێوان حکوومەت و کۆمەڵگەيەکی فراوانتر. "سيستەم" بريتييە لە دەستەيەکی ڕێکخراو يان ئاڵۆز، کۆمەڵێک بەشی پێکەوە بەسترا و تەواو کەری يەکتری لە خۆ گرتووە کە کيانێکی بە کۆمەڵ پێک دەهێنێت. کەواتە شرۆڤەی سيستەمەکان تێڕوانينی بە پلە بۆ سياسە ڕەت دەکاتەوە لە پێناوی تێڕوانينێکی جدی تر: "هەموو" گرينگترە لە تاکەکانی. وێڕای ئەمەش، جەخت دەکاتە سەر گرينگی پێوەندييەکان و ئەوە دەگەيەنێت کە هەر بەشێک بە پێی ئەرکەکەی لە نێو هەمووان واتای خۆی هەيە. کەواتە سيستەمێکی سياسی زۆر فراوانترە لە دامەزراوەکانی حکوومەت، سيستەمی سياسی هەموو پرۆسە و پێوەندی و دامەزراوەکان لە خۆ دەگرێت کە بە هۆيەوە حکوومەت بە گەل گرێ دەدرێت.

کاری هەرە گرينگ و کاريگەر کتێبەکەی دەيڤد ئيستنە بە ناوی " سيستەمی سياسی" کە لە ساڵانی ١٩٥٣ و ١٩٨١ بڵاو کراوەتەوە. لە پێناسە کردنی سياسەت وەک " تەرخان کردنی دەسەڵاتی بەهاکان"، ئيستن جەخت دەکاتە سەر هەموو ئەو پرۆسانەی کە دەتوانن بڕيار دەدەن. سيستەمێکی سياسی لە پردێک پێک هاتووە لە نێوان دوو شت کە ئيستن ناويان لێ دەنێت " بەشداری کردن و ئەنجام". بەشداری کردن لە نێو سيستەمێکی سياسی بريتييە لە داوا کردن و پشتگيری کردن.

داواکارییەکان وەک ئارەزوو وان، وەک داوا کردنی ژیانێکی باشتر، چاکردنی مەرجی دەمەزراندن یان سوودەکانی ئاسوودەگی، بەشداری کردنی زیاتر لە سیاسەت، پاراستنی کەمینەکان و مافەکانی تاک و تا دوایی. پشتگیرییەکانیش، لە لایەکی ترەوە، ئەو ڕێگایانەن کە بە هۆیانەوە بەشداری گشتی لە سیستەمی سیاسیدا دەکرێت لە ڕێگەی دانی باجەکان و پێشکەش کردنی یارمەتی و ئامادەبوون لە بەشداری کردن لە ژیانی گشتی. "ئەنجام" یش بریتییە لە بڕیارەکان و کارەکانی حکوومەت و ئەنجامەکانیان و دەرکردنی یاساکان و گۆڕانی هەل و مەرجی باج و تەرخان کردنی فەندی گشتی. ڕوونە، ئەو ئەنجامانە بەرسڤ دروست دەکەن و دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی داواکاری و پشتگیری زیاتر. بە پێی تێڕوانینی ئیستن، سیستەمی سیاسی بریتییە لە پرۆسەیەکی دینامیکی، کە تیایدا سەقامگیری بە دەست دێت تەنیا ئەگەر ئەنجامەکان ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە بەشداری کردنەوە هەبێت. بە واتایەکی دیکە، گەر ئەنجامەکان قەناعەت بە داواکارییە میللییەکان نەهێنن، ئەوا داواکارییەکان هەر زیاد دەکەن تا وەستانێکی سیستەماتیکی لە داواکارییەکان ڕوو نەدات. توانای بەدەست هێنانی ئەو جۆرە سەقامگیرییە دەوەستێتە سەر ئەوەی چۆن لێشاوی بەشداری کردنەکان لە نێو سیستەمی سیاسیدا ڕێک دەخرێت لە ڕێگەی " پاسەوانی دەرگاکانەوە" وەک کۆمپانیاکان و حیزبە سیاسییەکان، هەروەها دەوەستێتە سەر سەرکەوتنی خودی حکوومەت لە گۆڕینی بەشداری کردنەکان بۆ ئەنجامان و چۆن حکوومەت دەتوانێت سود لەو بەشداری کردنە وەربگرێت و ئەنجامی باشی لێوە دەست بکەوێت.

هەندێ سیستەمی سیاسی زۆر سەرکەوتووترن لە هەندێکی تر لە ڕووی بەدەست هێنانی سەقامگیری. هەندێ جار باس لەوە دەکرێت کە ئەمە شرۆڤەی مانەوە و بڵاوبوونەوەی فۆرمەکانی حکوومەتی دیموکرات- لیبراڵە. وڵاتە دیموکراسییە لیبرالییەکان ژمارەیەک میکانیزمی دامەزراوەییان هەیە حکوومەت ناچار دەکەن بایەخ بە داکاری جەماوەر بدات، وا لە حکوومەت دەکەن کەناڵەکانی پێوەندی کردن دروست بکات لە نێوان حکوومەت و گەل. بۆ نموونە، وجوودی سیستەمەکانی حیزبی پێشبڕکێکار مانای ئەوەیە کە دەسەڵاتی حکوومەت بە دەست دەهێنرێت بە هۆی ئەو کۆمەڵە سیاسەتمەدارەی کە سیاسەتەکەیان وەڵامی مەرامەکانی خەڵکی گشتی



دەداتەوە. هەتا گەر سیاسەتمەدارەکان پیشەگەری خۆپەرست بن، دەبێ وەڵامی پاڵپەستۆیەکانی دەنگدەر بدەنەوە بۆ ئەوەی هەلی بردنەوەیان هەبێت لە هەڵبژاردنەکاندا . ئەو داواکارییانەی کە لە لایەن حیزبەکانەوە باس ناکرێن یاخۆ لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا باس ناکرێن دەکرێ بوروژێنرێت لە لایەن گرووپە بەرژەوەندییەکان و بەرگری کەرەکانی تر.

لە لایەکی ترەوە، پاڵەپەستۆ لە نێو سیستەمە دیموکرات- لیبرالەکانیشدا هەیە. بۆ نموونە، دیموکراسی هەڵبژێردراو ڕەنگە خراپتر بێت و ببێتە زۆردارییەکی زۆرینە و هەموو کەمینە ئابووری و تایفی و ئاینییەکان لە دەنگێکی کاریگەر بێ بەش بکات. بە هەمان شێوە، ڕەنگە حیزب و گرووپە بەرژەوەندییەکان زۆر سەرکەوتووتر بن لە پێشخستنی داواکارییەکانی خەڵکی دەوڵەمەند و ڕۆشنبیر و بەرهەم هێنەر لە چاو نوێنەرایەتی کردنی هەژار و نەدارەکان. لەگەڵ ئەوەشدا ، بە بەراورد لەگەڵ وڵاتە دیموکراسییە لیبرالەکان، ڕێژیمەکانی جیهانی دووەم لە نێو ئەو سیستەمە سیاسییانە کار دەکەن کە کەمتر سەقامگیرن. لە ئەنجامی نەبوونی پێشبڕکێی حیزبەکان و گرووپەکانی پاڵەپەستۆ، دام و دەزگاکانی حیزبی باڵا دەستی وڵات کەم و کوڕی ئەو میکانیزمانەی هەیە کە لە ڕێگەیەوە داواکارییەکان دروست دەبن، بۆیە ڕێگە لە ئەنجامەکان دەگرێت بێنە ڕیزی بەشداری کردنەکان. ئەو گرژییانەی لە نێو ئەو سیستەمە سیاسییانە دروست دەبن، یەکەم جار بە نهێنی سەریان هەڵدا دواتر لە شێوەی نارەزاییەکی ئاشکرا دەرکەوتن کە پشت ڕاست بوون بە پەیدابوونی خەڵکی ڕۆشنبیرتر و دانیشتوانی شارستانی تر، هەروەها پشت ڕاست بوون بە کاریگەری مادی و ئەو ئازادیە سیاسییەی لە نێو وڵاتە دیموکرات- لیبرالەکانی ڕۆژئاوادا هەیە.

شرۆڤەی حکوومەت وەک پرۆسەیەکی سیستەماتیکی بە بێ ڕخنە نییە. هەرچەندە شرۆڤە کردنی سیستەمەکان بە هەوڵی بێ لایەن و زانستی بۆ حکوومەت وەسف دەکرێن، کەچی بنەمای پێوانەیی و ئایدیۆلۆژی لەگەڵی هەر تێکەڵ دەکرێن. بۆ نموونە، کارەکەی ئیستن ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنێکی لیبرالی سیاسەتە. پێش هەموو شتێ، دەوەستێتە سەر شێوازێکی ڕای گشتی کۆمەڵگە کە پێشنیازی ئەوە دەکات

هەر ململانێیەک یان گرژییەک ڕوو بدات، دەکرێ لە ڕێگەی پرۆسەیەکی سیاسیەوە ئاشت بکرێنەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سازانێکی کۆمەڵایەتی وجوودی هەیە لە نێو کۆمەڵگە سەرمایەداریە لیبرالەکان. وێڕای ئەمەش، شێوازی ئیستن پێی وایە کە بێ لایەنییەکی ئوسوڵی هەیە لە نێو سیستەمی سیاسیدا لە پێناو سەقامگیری و هاوسەنگیدا. سیستەمەکان میکانیزمی خۆ ڕێک خەرن کە خۆیان بە دوای وجوودی خۆیاندا دەگەڕێن، سیستەمی سیاسیش هیچی کەمتر نییە لەو سیستەمانە. جارێکی تر، ئەمە ڕەنگدانەوەی ئەو تیۆرە لیبرالەیە کە دامەزراوەکانی حکوومەت بێ لایەنن بەو مانایەی کە ئامادەن و دەتوانن وەڵامی هەموو لایەن و گرووپەکان بدەنەوە لە نێو کۆمەڵگە. ئەو جۆرە باوەڕانەش نەک تەنیا بەستراونەتەوە بە تێگەیشتنێکی تایبەتی کۆمەڵگە بگرە تا ڕادەیەک بە سروشتی دەسەڵاتی دەوڵەتیش گرێدراون.

## دەوڵەت

زاراوەی " دەوڵەت" دەکرێ بەکاربهێنرێت بۆ ئاماژە کردن بە کۆمەڵێک شتی لێڵ و شاراوە: کۆمەڵێک دام و دەزگا، یەکەیەکی هەرێمی، کیانێکی مێژوویی، ئایدیایەکی فەلسەفی و تا دوایی. لە زمانی ڕۆژانەدا، دەوڵەت زۆرجار لەگەڵ حکوومەت تێکەڵ دەکرێت، هەردوو زاراوە لە بری یەکتر بەکاردەهێنرێن. بەڵام، هەرچەندە هەندێ فۆرمی حکوومەت هەمیشە وجوودیان هەیە، بە لایەنی کەم کۆمەڵگە گەورە هەر هەبووە، دەوڵەت لە فۆرمە مۆدێرنەکەیدا تا سەدەی پانزەش پەیدا نەبوو بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، پێوەندی نێوان دەوڵەت و حکوومەت زۆر ئاڵۆزە. حکوومەت بەشێکە لە دەوڵەت، هەروەها لە هەندێ ڕووەوە گرینگترین بەشی دەوڵەتە، بەڵام تەنیا توخمێکە لە نێو کییانێکی گەورەتر و بەهێز تر. دەوڵەتی بەهێز و فراوان، دەوڵەتی مۆدێرنە کە سروشتەکەی بووەتە بەشێکی سەرەکی مشتومڕی سیاسی و دەمەتەقێی ئایدیۆلۆی، یەکەم، ئەمە ڕەنگدانەوەی ئەو ناکۆکیە بوو دەربارەی سروشتی دەسەڵاتی دەوڵەت و ئەو بەرژەوەندییانەی دەوڵەت لێیان بەرپرسیارە، واتە، پێشبڕکێی تیۆرەکانی دەوڵەت. دووەم، جیاوازی قووڵ هەیە دەربارەی ئەرکی دیار یان ڕۆڵی دەوڵەت: چی لە سەر دەوڵەتە بیکات و چی لە سەر تاکی تایبەت بەجێ بهێڵێرێت.



## حکوومەت و دەوڵەت

زۆرجار دەوڵەت پێناسە دەکرێت وەک دامەزراوێکی جودا یان کۆمەڵە دامەزراوێکی جودا.. بۆ نموونە، لویسی xiv ڕایگەیاند کە وەک پاشایەک دەسەڵاتی ڕەهای هەیە. کەواتە دەوڵەت ئاماژەیە بە پێکهاتەی حکوومەت لەو دامەزراوانەی کە گشتین، واتە بەرپرسیارە لە ڕێکخستنی ژیانی گەل چونکە لە سەر حیسابی گەلەوە فەند دەکرێت. بەم شێوەیە دەوڵەت لە کۆمەڵگەی مەدەنی جیا دەکرێتەوە. دەوڵەت چەندین دامەزراوەی جیا جیا لە خۆ دەگرێت وەک حکوومەت و بیرۆکراسییەت و سەربازی و پۆلیس و دادگاکان و سیستەمی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و تا دوایی. دەکرێ وەک دەستەیەکی گشتی پێناس بکرێت. لەم سۆنگەیەوە، ئاساییە باس لە چوونە پێش و هاتنە دواوەی دەوڵەت بکرێت، واتە فراوان کردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت، باس لە پرۆسەی فراوان کردن و کەمکردنەوەی پێکهاتەی دەوڵەت بکرێت. بەڵام، ئەم پێناسە دامەزراوەییە لە ڕووێکەوە سەرکەوتوو نییە چونکە باس لەو واقیعە ناکات کە تاکەکانیش وەک هاوڵاتییەک بەشێکن لە کۆمەڵگەی سیاسی، ئەندامانی دەوڵەتن. وێڕای ئەمەش، دەوڵەت پێکهاتەیەکی ناوچەیی هەیە، دەسەڵاتەکەی بەستراوەتەوە بە ناوچەیەکی جوگرافی. هەر لە بەر هەندێ دەوڵەت باشترین هزرە نەک تەنیا لە ڕووی کۆمەڵێک دامەزراوە بگرە لە ڕووی جۆرێکی تایبەتی کۆمەڵەی سیاسی، بە تایبەتی ئەو کۆمەڵەیەی کە دەسەڵاتێکی سەروەری دادەمەزرێنێت لە چوارچێوەی سنوورێکی ناوچەیی دیاریکراو. لەو سۆنگەوەش، پێکهاتە دامەزراوەییەکەی دەسەڵات بە دەوڵەت دەبەخشێت.

یەکێک لە خاسیەتەکانی دەوڵەت بریتییە لە سەروەری، دەسەڵاتە ڕەهاو بێ سنوورەکەیەتی، کە بە وردتر باسی لێوە کراوە لە بەشی چوارەم. دەوڵەت دەسەڵاتی باڵای بە دەستە، بۆیەش لە سەرووی هەموو کۆمەڵە و گرووپەکانی تری کۆمەڵگەوە دەوەستێت، یاساکانی داوای پابەند بوون دەکات لە هەموو ئەوانەی کە لەو ناوچەیەدا دەژین. تۆماس هۆبز ئەم وێنەیەی دەوڵەت بە دەسەڵاتی باڵا دەزانێت و وەک " دێوەزمەیەکی زەبەلاح" وەسفی دەکات، هەمیشە وەک مەخلوقێکی دەریایی باسی لێوە دەکات. گەر زیاتر ورد بینەوە، دەبینین ئەوە سەروەریە دەتوانێت دەوڵەتی

مۆدێرن لە فۆرمەکانی پێشتری کۆمەڵەی سیاسی جیا بکاتەوە. بۆ نموونە، لە چەرخی ناوەڕاستدا، حوکمڕانەکان شان بە شانی چەند دامەزراوێکی تر دەسەڵاتیان پراکتیک دەکرد وەک کەنیسە و دەستەی پیاو ماقولان و دەستە دەرەبەگایەتییەکان. بە هەقیقەت، کارێکی ئاسایی و پەسەند بوو کە دەسەڵاتێکی ئاینی، وەک دەسەڵاتی پاپا، لە سەرووی هەموو دەسەڵاتە کاتییەکانی حوکمڕانەکانی سەر زەوی بێت. بەڵام، دەوڵەتە مۆدێرنەکان، کە لە سەدەی پانزە و شانزەهەم لە ئەوروپا پەیدا بوون، شێوەی سیستەمێکی حوکمڕانی ناوەندییان وەرگرتووە کە شوێنی هەموو گرووپ و دامەزراوە لاوەکییەکانی گرتەوە بە دامەزراوە کاتی و هەمیشەییەکانیشەوە. هەرچەندە ئەم جۆرە دەوڵەتە ئێستا یەکێکە لە فۆرمە هەرە دیارەکانی کۆمەڵگەی سیاسی لە سەرانسەری جیهاندا، هەمیشە فۆرمی دەوڵەتی نەتەوەیی وەرگرتووە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت نموونەی کۆمەڵگەی بێ دەوڵەت هەر هەیە. بۆ نموونە، کۆمەڵگە نەریتییەکان، کە لە نێویاندا خەڵکی هاوشێوەی بەدەوییەکان هەیە و هەندێ جار هۆزی سەقامگیریش هەیە، دەکرێ بڵێین ئەوانە کۆمەڵگەی بێ دەوڵەتن بەو مانایەی کە دەسەڵاتێکی ناوەندی و سەروەرییان نییە، هەرچەندە ڕەنگە میکانیزمی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتییان هەبێت بە حکوومەت دابنرێت. وێڕای ئەمەش، دەوڵەتێک دەتوانێت بوەستێت کاتێ گرووپێکی تر یان دەستەیەکی تر بەرەنگاری دەبێتەوە لە کاتی بانگەشەی پیادە کردنی دەسەڵاتی سەروەری، کە هەندێ جار لە کاتی شەڕی ناوخۆدا ڕوودەدات. بەم شێوەیە، لوبنان لە ساڵانی هەشتاکان، وێران کرا بە هۆی جەنگی نێوان میلیشیاکان و داگیر کرا لە لایەن سوپاکانی ئیسرائیل و سوریا، هەروەها یوغسلافیای پێشوو لە ساڵانی نەوەدەکان، دەتوانین هەردووکیان بە کۆمەڵگەی بێ دەوڵەت وەسف بکەین.

سەرەڕای سەروەری، دەوڵەتەکان جیادەکرێنەوە بە هۆی فۆرمێکی تایبەتی ئەو دەسەڵاتەی کە ئەوان پیادەی دەکەن. یەکەم، دەسەڵاتی دەوڵەت لە ڕووی ناوچەییەوە سنووردارە: دەوڵەت دەتوانێت سەرەوەری خۆی ڕابگەیەنێت لە نێو چوارچێوەی سنووری خۆی و دەتوانێت هەموو ئەو کەس و شتانەی لەو سنوورەن ڕێک بخات. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەمانە سنووری خاکن، بەڵام ڕەنگە چەندین میل درێژ ببنەوە بۆ





نێو دەریاش. دووەم، یاسای دەوڵەت لە نێو چوارچێوەی سنوورەکەی یاسایەکی گەردوونییە، واتە، هەر یەکێک کە لە نێو دەوڵەتی خۆی دەژیت دەسەڵاتەکەی بە سەردا دەسەپێت. ئەمە عادەتەن لە ڕێگەی هاوڵاتیبوونەوە دەردەبڕدرێت، واتە ئەندامیەتی دەوڵەت، کە ماف و ئەرکەکان پێکەوە دەبەستێتەوە. دانیشتووی غەیرە هاوڵاتی لە دەوڵەتێک ڕەنگە چەند مافێکی سنوورداری هەبێت، وەک مافی دەنگدان یان وەرگرتنی نووسینگەی گشتی، هەروەها ڕەنگە هەندێ ئەرک و پابەند بوون نەیگرێتەوە، وەک خزمەتی قەزائی یان خزمەتی سەربازی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەبێ گوێ ڕایەلی یاسای دەوڵەتەکە بن.

سێیەم، دەوڵەت دەسەڵاتێکی قەزائی پابەندی پیادە دەکات. ئەوانەی لە نێو دەوڵەت دەژین بە دەگمەن ئارەزوومەندانە بڕیار دەدەن دەربارەی ئەوەی ئایا پەسنی دەسەڵاتی دەوڵەت بکەن یان نا. زۆربەی خەڵک پابەند دەبن بە دەسەڵاتی دەوڵەت بە هۆی ئەوەی لە نێو سنوورەکەی لە دایک بووە، لە حاڵەتەکانی تردا ڕەنگە ئەمە ئەنجامی داواکردنێک بێت. کۆچبەران و هاوڵاتی سروشتی لێرەدا بێ وێنەن چونکە ئەوان بە تەنیا بە ئارەزووی خۆیان دەسەڵاتی دەوڵەت پەسن دەکەن. چوارەم، دەسەڵاتی دەوڵەت بە (توندی)یەوە پشتڕاستە: دەوڵەت دەبێ بتوانێت ئاگادار بێت بەوەی کە یاساکەی گوێی لێ دەگیرێت یان نا، کە لە کردەدە مانای ئەوەیە، دەوڵەت دەبێ خاوەنی ئەو توانایە بێت لادەران و سەرپێچی کەرانی یاسا سزا بدات. ماکس وێبەر (١٨٦٤–١٩٢٠) لە کتێبەکەی بە ناوی (سیاسەت وەک پیشە) "١٩٤٨" پێشنیازی ئەوە دەکات کە " دەوڵەت کۆمەڵگەیەکی مرۆڤییە و بە سەرکەوتوویی ئەوە ڕادەگەیەنێت کە بەکارهێنانی ڕەوای هێزێکی جەستەیی لە چوارچێوەی ناوچەکەدا قۆرخ دەکات" مەبەستی لەم قسەیە ئەوەیە کە نەک هەر تەنیا دەوڵەت توانای هەیە لە دڵنیا کردنەوەی ئەوەی هاوڵاتیانی گوێ ڕایەڵن بگرە مافێکی دەوڵەتە ئەو کارە بکات. کەواتە قۆرخکردنی " توندوتیژی ڕەوا" دەربڕینێکی پراکتیکی سەروەری دەوڵەتە.

لەگەڵ ئەوەشدا، پێوەندی نێوان دەوڵەت و حکوومەت هەر بە ئاڵۆزی دەمێنێتەوە. دەوڵەت کۆمەڵەیەکی گشتگیرە، واتە تەواوی کۆمەڵگە لە خۆدەگرێت و هەموو ئەو دامەزراوانە دەگرێتەوە کە بازنەی گشتی پێک دەهێنن. بۆیە حکوومەت وەک بەشێک

لە دەوڵەت دادەنرێت. وێڕای ئەمەش، دەوڵەت کیانێکی بەردەوام و تا هەتایە. بە پێچەوانەوە، حکوومەت کاتییە: حکوومەت پێک دێت و تێک دەچێت و شێوازی سیستەمەکانی حکوومەت دەگۆڕدرێن. لە لایەکی ترەوە، هەرچەندە ڕەنگە حکوومەت بە بێ دەوڵەت بشێت، بەڵام دەوڵەت بە بێ حکوومەت باوەڕی پێ ناکرێت. وەک میکانیزمێک کە لە ڕێگەیەوە بڕیاری بە کۆمەڵ دەدرێت، حکوومەت بەرپرسیارە لە دروستکردن و جێبەجێکردنی سیاسەتی دەوڵەت. کەواتە حکوومەت بریتییە لە مێشکی دەوڵەت، دەربڕینێکی دەسەڵاتدار بە دەوڵەت دەبەخشێت. بەم شێوەیە، عادەتەن حکوومەت دەستە و پێکهاتەکانی تری دەوڵەت کۆنترۆڵ دەکات و لێیان دەپێچێتەوە وەک پۆلیس و سەربازی و پەروەردە و سیستەمەکانی ئاسوودەگی و تا دوایی. بە هۆی جێ بەجێ کردنی ئەرکە هەمەجۆرەکانی دەوڵەت، حکوومەت خزمەتی مانەوە و بەردەوام بوونی وجوودی دەوڵەت دەکات.

بەڵام، جیاوازی نێوان دەوڵەت و حکوومەت وا بە سادەیی پاڵاوتەیەکی ئەکادیمی نییە، بگرە بەندە بە ناخی حوکمی دەستوورییەوە. تەنیا لە یەک کاتدا لە دەسەڵاتی حکوومەت دەپێچرێتەوە کاتێ حکوومەتی ڕۆژانە بێ بەشە لە دەسەڵاتی ڕەها و بێ سنووری دەوڵەت. ئەمەش زۆر گرینگە چونکە دەرفەت بە لایەنە ململانێدارەکان دەدات کە نوێنەرایەتی حکوومەت یان دەوڵەت بکەن. دەوڵەت ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەی بەرژەوەندییە بەردەوامەکانە، درێژەپێدانە بە فەرمانی گشتی، سەقامگیری کۆمەڵایەتی و ئاسوودەگی درێژ خایەن و ئاسایی نەتەوەیی، لە کاتێکدا حکوومەت زۆر کاریگەری سۆزە پارتیزانەکانی لە سەرە و سەرسامە بە ئایدیۆلۆژیە پەسنەکانی ئەو سیاسەتمەدارانەی کە بە هەوەنتە جڵەوی دەسەڵاتیان لە دەست گرتووە. گەر حکوومەت سەرکەوتوو بێت لە کۆنترۆڵ کردن و بەکارهێنانی دەسەڵاتی سەروەری دەوڵەت لە پێناو ئامانجە پارتیزانەکانی، ئەوا ڕەنگە ئاکامەکەی دیکتاتۆریەت بێت. ڕژێمە دیموکرات- لیبرالەکان خەریکی دژایەتی ئەو ئەگەرە بوون لە ڕێگەی دروستکردنی دابەش بوونێکی ڕوون لە نێوان فەرمانبەران و پێکهاتەی حکوومەت لە لایەک و نێوان دامەزراوەکانی دەوڵەت لە لایەکی ترەوە وەک خزمەتگوزاری مەدەنی و دادگاکان و سەربازی کە بە شێوازێکی بیرۆکراتی کۆدەکرێنەوە و ڕادەهێنرێن،



هەروەها چاوەڕێی ئەوەیان لێ دەکرێت بێ لایەنی سیاسی ڕەچاو بکەن، وایان لێ بکرێت بەرگەی پەرۆشیە ئایدیۆلۆژییەکانی حکوومەتی ڕۆژێ بگرن. بەڵام، ئەم جۆرانە دەسەڵاتی چاودێرین لە لایەن سەرۆکی مۆدێرنی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن هەیانە وەک سەرۆکی ئەمریکا و سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا، ئەم دابەش بوونە هەمیشە لە کاتی کردەدا دەشاردرێتەوە.

## تیۆرەکانی دەوڵەت

لە زۆربەی وڵاتە پیشەسازییەکانی ڕۆژئاوا، دەوڵەت خاسیەتی ڕوونی دیموکرات لیبراڵی هەیە. بۆ نموونە، دەوڵەت دیموکرات- لیبرالیەکان بە حکوومەتێکی دەستووری و سیستەمێکی هاوسەنگی و لێپێچینەوە لە دامەزراوەکانی ناسراون، بە هەڵبژاردنی یەکسان و بێ فروفێڵ و دەنگدانی بە دیموکراسی و سیستەمی پێشبڕکێی حیزبەکان ناسراون، بە پاراستنی مافەکانی تاک و ئازادیە مەدەنییەکان ناسراون. هەرچەندە ڕێکەوتنێکی گشتی هەیە دەربارەی خاسیەتەکانی دەوڵەتی دیموکرات- لیبرال، کەچی ڕێکەوتنێکی کەم هەیە دەربارەی سروشتی دەسەڵاتی دەوڵەت و ئەو بەرژەوەندییانەی نوێنەرایەتی دەکات. مشتومڕ دەربارەی سروشتی دەوڵەت زاڵ بووە بە سەر شرۆڤەی سیاسی مۆدێرن و دەچێتە نێو ناخی ناکۆکییە ئایدیۆلۆژی و تیۆرییەکان. لەو سۆنگەیەوەش، دەوڵەت چەمکێکی تا ڕادەیەک هاودژە: ژمارەیەک تیۆر هەن دەربارەی دەوڵەت، هەریەکەیان بە شێوەی جیا جیا باس لە ئەسڵ و پێشکەوتن و کاریگەری دەوڵەت دەکەن.

تیۆرە لیبرالییەکانی دەوڵەت زاڵن بە سەر شرۆڤە سیاسییە سەرەکییەکاندا. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی تیۆری سیاسی مۆدێرن لە نووسینەکانی تیۆریستەکانی گرێبەندی کۆمەڵایەتی وەک هۆبز و لۆک. ئەو هزرمەندانە باسی ئەوە دەکەن کە دەوڵەت لە ڕێکەوتنێکی ئارەزوومەندانە سەری هەڵداوە، یاخۆ لە گرێبەندێکی کۆمەڵایەتییەوە لە لایەن ئەو تاکانەوە دروست بووە کە دان بەوە دادەنێن کە دەسەڵاتی سەروەری دەتوانێت بیانپارێزێت لە نائاسایشی و ئاژاوە و دڕندەیی سروشتی دەوڵەت. لە تیۆری لیبرالدا، دەوڵەت نێوانێکی بێ لایەنە لە نێو گرووپە

پێشبڕێکارەکان و تاکەکانی کۆمەڵگە، دەوڵەت وەک نابژیوانێک وایە، دەتوانێت هەر هاوڵاتییەک بپارێزێت لە هێرشی هاوشارەکەی. کەواتە دەوڵەت کیانێکی بێ لایەنە، لە پێناو بەرژەوەندی هەمووان کار دەکات بۆ ئەو شتەی کە پێی دەوترێت " باشی گشتی" یاخۆ "بەرژەوەندی گشتی".

ئەم تیۆرە مۆدێرنە لە لایەن نووسەرە مۆدێرنەکانەوە شی کراوەتەوە بۆ نێو تیۆرێکی فرە لایەنی دەوڵەت. فرە لایەنی تیۆرێکە واتە، دەسەڵاتی سیاسی بڵاو دەبێتەوە لە نێو گرووپە هەمەجۆرەکانی کۆمەڵگە نەک نوخبەیەک یان چینێکی حوکمڕان. ڕۆبێرت داهل باسی ئەوە دەکات وەک " فرە حوکمڕانی" polyarchy واتە چەند کەسێک حوکم بکەن. هەرچەندە جیاوازی تێگەیشتنی کلاسیکی دیموکراسی وەک خۆ-حوکم کردن دروست دەکات، ئەمەش پەسنی ئەوە دەکات کە پرۆسە دیموکراسییەکان لە کار دان لەگەڵ دەوڵەتی مۆدێرن: ئیختیاری ئارەزوومەندانە ئەوە دڵنیا دەکاتەوە کە حکوومەت دەبێ وەڵامی ڕای گشتی بداتەوە، هەروەها بەرژەوەندییە ڕێکخراوەکان دەنگێک لە ژیانی سیاسیدا دەبەخشن بە هەموو هاوڵاتیان. لە سەرووی هەمووشیانەوە، فرە لا ناسەکان pluralists پێیان وایە کە یەکسانییەکی ڕەق وجوودی هەیە لە نێوان گرووپە ڕێکخراو و بەرژەوەندییەکان، لەوەشیاندا، هەر یەکەو پێوەندی بە هەندێ پێوەری گەیشتن بە حکوومەت هەبێت و حکوومەتیش ئامادە بکرێت بۆ گوێ گرتن لە هەموویان. لە لووتکەی دەوڵەتە دیموکرات _ لیبراڵەکان و سیاسەتمەدارە هەڵبژێردراوەکان کە بە شێوەیەکی گشتی بەرپرسیارن چونکە کار دەکەن بە سیستەمێکی کراوە و پێشبڕکێ کار. دەستە هەڵنەبژێردراوەکانی دەوڵەت وەک خزمەتگوزاری مەدەنی و قەزائی و پۆلیس و سوپا و تا دوایی، بەرپرسیاریەتی خۆیان جێبەجێ دەکەن و بە جۆرێک پەیوەستن بە سەرۆکە سیاسییە هەڵبژێردراوەکەی.

بە پێچەوانەوەش، تیۆری نا فرەلایەنی دەوڵەت پەرەی پێ دراوە لە لایەن نووسەرانی وەک ج.ک. گالبرێس و چارلس لیندبلۆم. باسی ئەوە دەکەن کە تاکە مۆدێرنەکانی دەوڵەت ئاڵۆز و کەم بەرسڤترن بەرامبەر پاڵەپەستۆیە میللییەکان لە چاو ئەوەی شێوازی فرە لایەنی کلاسیکی پێشنیازی دەکات. لە کاتێکدا هەموو پێکەوە بڵاو



نابنەوە لەگەڵ فیکرەی دەوڵەت وەک ناوبژیوانێک لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی کار دەکەن، سوورن لە سەر ئەوەی کە ئەم وێنەیە پێویستی بە خاسیەتە. بۆ نموونە، تیۆریستە نافرە لایەنەکان باسی ئەوە دەکەن کە مەحاڵە هەموو بەرژەوەندیە ڕێکخراوەکان وەک یەک بەهێز وەسف بکرێن چونکە کاری ئابووری سەرمایەداری پەیوەستە بەو سوودانەی کە گرووپەکانی تر ناتوانن پێشبڕکێی تیا بکەن. لە کتێبەکەی بە ناوی " کۆمەڵگەی زەنگین" (١٩٦٢ و ١٩٨٥)، گالبرێس جەخت دەکاتە سەر توانای کار بۆ شێوە کردنی چێژ و داوا گشتییەکان لە ڕێگەی دەسەڵاتی ڕێکلام کردن، هەروەها سەرنج دەداتە زاڵبوونی دەستە زۆرینەکان بە سەر کۆمپانیا بچووکەکان، و لە هەندێ حاڵەتدا، دەستەکانی حکوومەت. لیندبلۆم، لە کتێبەکەی بە ناوی (سیاسەت و بازاڕ) (١٩٧٧)، ئاماژە بەوە دەکات کە وەک وەگەڕخەری سەرەکی و گەورەترین بەڕێوەبەر لە نێو کۆمەڵگە، کار بەستراوەتەوە بە هەر فێربوونێکی ئایدیۆلۆژی حکوومەت و مانیفێستۆکان. هەرچەندە، فرە لایەن ناسەکان وەسفی کار ناکەن وەک گرووپی نوخبە، توانای لێپێچینەوەی حکوومەتی هەبێت لە هەموو بوارێکدا، بگرە کەمتر لە " چینێکی حوکمڕان"، لەگەڵ ئەوەشدا پەسنی ئەوە دەکەن کە وڵاتە دیموکراسییە لیبراڵییەکان " فۆرمی حوکمڕانی فرە لایەنییان لێ سەنراوە" کە تیایدا کار هەمیشە کاریگەرییەکانی گەورەی هەیە لە سەر ئەگێندەی ئابووری.

ئایدیاکانی "مافی دروست" و تیۆرەکان لە ساڵانی حەوتاکانەوە زۆر کاریگەر بوونە. وەک نافرەلایەنی، جەخت دەکەنە سەر دەزگە لیبراڵە نەریتییەکان بەڵام ئێستا پێشبڕکێیەکی سەرەکی بۆ فرەلایەنی کلاسیکی پێک دەهێنن. مافی دروست، بە لایەنی کەم باڵی نیو لیبرالییەکان، جیادەکرێتەوە بەوەی کە ڕقێکی هەیە لە دەستێوەردانی حکوومەت لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، ئەمەش ئەو باوەڕە دروست دەکات کە گەشەی دەوڵەت تەواو نییە گەر هەڕەش بێت بە سەر ئازادی تاک و ئاسایشی ئابووری.

دەوڵەت هیچی تر ناوبژیوانێکی بێ لایەن نییە، بگرە بووەتە دێوێکی خۆ خزمەتکار، دەوڵەتێک کە دەست لە هەموو بوارێکی ژیان وەردەدات. هزرمەندانی (مافی دروست) هەوڵێکی تایبەتییان داوە بۆ جەختکردنە سەر ئەو هێزەی کە بووەتە هۆی گەشەی

دەست تێوەردانی دەوڵەت، کە بە بۆچوونی ئەوان، دەبێ دژایەتی ئەو هێزە بکرێتەوە. بۆ نموونە، ڕەخنە جەخت دەکاتە سەر پرۆسەی حیزبی پێشبڕکێ کار، یانە ئەوەی (سامویل بریتن، ١٩٧٧) ناوی لێ دەنێت، " ئاکامە ئابوورییەکانی دیموکراسی". تیۆریستەکانی مافی دروست پێیان وایە کە پرۆسەی دیموکراسی هانی سیاسەتمەداران دەدات بۆ ئەوەی پێشبڕکێ لەگەڵ یەکتر بکەن بە مەبەستی بردنەوەی دەنگ لە سەر بنچینەی جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی دەنگدەر، هەروەها هانی دەنگدەرانیش دەدات دەنگ بدەن بە گوێرەی بەرژەوەندی خودی کورت خایەن نەک ئاسوودەگی درێژ خایەن. بە هەمان شێوە، یەکیەتییەکانی بازرگانی پاڵەپەستۆێکی تایبەتی زۆری دروست کردووە بۆ بەشداربووان و بەخشین و وەگەڕخستنی گشتی و مووچەی زیاتر و سوودەکانی ئاسوودەگی و تا دوایی. واتە ئەوەی ئەنتۆنی کینگ ناو لە گرفتی حکوومەت دەنێت " گرفتی بە لێشاو". تیۆریستەکانی ئیختیاری گشتی وەک ویلیەم نیسکانێن (١٩٧١) پێشنیازیان کردووە کە حکوومەتی گەورە پێک هاتووە لە سەرەنجامی پێکاتەی دەوڵەتەکەی بە هۆی گرفتی بیرۆکراتییەکی چڕ و پڕ. پاڵەپەستۆ بۆ فراوان بوونی دەوڵەت لە فەرمانبەرە مەدەنییەکان و فەرمانبەرە حکومییەکانی ترەوە دێت،،کە بەوە دەزانن، ئەمە ئاسایشی کاریان بۆ دابین دەکات و مووچەی باشتر و قۆناغی پلە بەرزبوونەوەیان باشتر دەکات.

فرە لایەنی زیاتر بە شێوەیەکی ڕادیکاڵییانە لە لایەن هزرمەندە نوخبییەکان ڕەت دەکرێتەوە، ئەوانەی پێیان وایە لە پشتەوەی ڕووی دیموکراسی لیبراڵ دەسەڵاتێکی بەردەوامی " نوخبەی حوکمڕان" هەیە. نوخبە ناسە کلاسیکییەکان وەک گێتانۆ مۆسکا (١٨٥٧–١٩٤١) و ڤیلفرێدۆ پاریتۆ (١٨٤٨–١٩٢٣) و ڕۆبێرت مایکل (١٨٧٦–١٩٣٦) هەوڵی نیشاندانی ئەوەیان دەدا کە دەسەڵاتی سیاسی هەمیشە لە ژێر دەستی نوخبەیەکی بچووکدایە و ئەو ئایدیە یەکسانییە، وەک سۆشیالیزم و دیموکراسی، ئەفسانەن. بە پێچەوانەوە، نوخبەناسە مۆدێرنەکان تیۆری ئەزموونگەرییان پەرە پێداوە دەربارەی دابەشکردنی دەسەڵات لە چەند کۆمەڵگەیەک، بەڵام سەرەڕای ئەوەش گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە دەسەڵاتی سیاسی لە ژێر دەستی چەند کەسێکدا جەختی لە سەر دەکرێتەوە. نموونەیەک لە سەر ئەمە جۆزێف



سەمپیتەر بوو کە لە کتێبەکەی بە ناوی (سەرمایەداری و سۆشیالیزم و دیموراسی) (١٩٤٤ و ١٩٧٦)، پێشنیازی تیۆرێکی نوخبەی دیموکراسی کردووە. سەمپیتەر دیموکراسی وەسف دەکات وەک " ڕێکخستنێکی دامەزراوەیی بۆ گەیشتن بە بڕیارە سیاسییەکان کە تیایدا تاک فێرە دەسەڵات دەبێت بۆ بڕیار دان بە هۆی کۆششی پێشبڕکێکار بۆ دەنگی خەڵک. دەنگدەر دەتوانێت بڕیار بدات کامە نوخمە حوکم بکات، بەڵام ناتوانێت ئەو واقیعە بگۆڕێت کە دەسەڵات هەمیشە لە لای نوخبەیەک پیادە دەکرێت. تیۆریستە نوخبە ڕادیکاڵییەکان زیاتر ڕۆچوونە و لە گرینگی و بەهای هەڵبژاردنەکانیان کەم کردووەتەوە. لە کتێبەکەی بەناوی " شۆڕشی ئیداری" (١٩٤١)، جێمس بێرنهام باسی ئەوە دەکات کە چینێکی ئیداری زاڵ بووە بە سەر کۆمەڵگە پیشەسازییەکاندا، بە سەر هەردووکیان کۆمەڵگە کۆمەنیستی و سەرمایەدارییەکاندا، بە هۆی مەعریفەی تەکنیکی و زانستی و بەهرە ئیدارییەکانی. لەگەڵ ئەوەشدا، هەرە کاریگەرترین تیۆریستی نوخبەی مۆدێرن، س. ڕایت میڵس، لە کتێبەکەی بە ناوی (دەسەڵاتی نوخبە) (١٩٥٦) باسی ئەوە دەکات کە سیاسەتی ئەمریکا لە لایەن بازرگانی گەورە و سەربازیەوە دەستی بە سەردا گیراوە، هەمیشە بەم شێوەیە ئاماژەی بۆ دەکات " ئاڵۆزی پیشەسازی سەربازی"، کە سیاسەتی حکوومەت دەخاتە پەراوێزەوە، بە شێوەیەکی فراروان نەگۆڕە بە هۆی کارتێنەکردنی پاڵەپەستۆی دەنگدەر.

مارکسیزم شیکردنەوەیەک لە سەر دەسەڵاتی دەوڵەت پێشکەش دەکات کە لە بنەڕەتەوە بەرەنگاری وێنەی لیبرالی دەوڵەت دەبێتەوە وەک بێ لایەنێک یان ناوبژیوانێک. مارکسییەکان باسی ئەوە دەکەن کە ناکرێ دەوڵەت لە پێکهاتەی ئابووری کۆمەڵگە جودا بکرێتەوە: دەوڵەت لە سەرەنجامی سیستەمی چینایەتییەوە پێک دێت، ئەرکەکەشی پاراستن و بەرگری کردنە لە زاڵ بوون بە سەر چین و هەڵقۆزینەوەی. بۆچوونی مارکسی کلاسیک زۆر جار لە وتەکەی مارکس باسی لێوە کراوە لە کتێبەکەی بە ناوی (مانیفێستۆی کۆمەنست) (١٨٤٨–١٩٧٦): "دەسەڵاتی جێبەجێکردنی دەوڵەتی مۆدێرن لیژنەیەک نییە بۆ هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی تەواوی بۆرژوازییەکان". ئەم بۆچوونە لە لایەن لینینیش دووبارە بووەوە لە کتێبەی بە ناوی

(دەوڵەت و شۆڕش) (١٩١٧ و ١٩٧٣)، کە ئاماژە بە دەوڵەت دەکات وەک " دەوڵەت بریتییە لە ئالیەتێک بۆ چەوسانەوەی چینی هەڵقۆزراو". لە کاتێکدا، مارکسییە کلاسییەکەکان جەخت دەکەنە سەر ڕۆڵی کاریگەری دەوڵەت، مارکسیە مۆدێرنەکان ناچار کراون ڕەچاوی شەرعیەتی دەوڵەتی بۆرژوازی بکەن، بە تایبەتی لە سۆنگەی بەدەستهێنانی مافی دەنگدانی گەردوونی و پێشخستنی دەوڵەتێکی ئاسوودە. بۆ نموونە، ئەنتۆنیۆ گرامسی، جەخت دەکاتە سەر ئەو پلەیەی کە زاڵ بوون بەسەر حوکم کردندا بە دەست دەهێنرێت نەک هەر تەنیا بە هۆی زۆرداری و توندی بگرە بە ڕازی بوونەوە هەڵژدەبژێردرێت. گرامسی پێی وایە کە بۆرژوازییەت دەوڵەتێکی دامەزراندووە یەک دەسەڵاتی باڵای تیایە، سەرکردایەتییەکی ئایدیۆلۆژی یان زاڵ بوون بە سەر پرۆلیتارییەت، سووره لە سەر ئەوەی کە دەوڵەت ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێرێت لەم پرۆسەیە. مارکسییەکانی تر فیکرەیەکی فراوانتریان لە خودی مارکسەوە دۆزیوەتەوە کە دەوڵەت پێوەندی دەکات بە " ئۆتۆنۆمییەکی ڕێژەیی" لە چینی حوکمڕان تاوەکو بتوانێت وەڵامی بەرژەوەندییەکانی چینەکانی تر بداتەوە. لە کتێبەکەی بە ناوی (دەسەڵاتی سیاسی و چینی کۆمەڵایەتی) " ١٩٧٣"، نیکۆس پۆلانتاس وەسفی دەوڵەت دەکات وەک " پێکهاتەیەکی یەکگرتووی کۆمەڵایەتی"، دەتوانێت گرژییەکانی چینایەتی کەم بکاتەوە لەڕێگەی، بۆ نموونە، بڵاوبوونەوەی مافە سیاسییەکان و سوودەکانی ئاسوودەگی. بەڵام، هەرچەندە ئەم تیۆره نیومارکسیە دەنگدانەوەی لیبرالیزمە لە بینینی دەوڵەت وەک ناوبژیوانێک، کەچی جەختیش دەکاتە سەر خاسیەتی چینی دەوڵەتی مۆدێرن بە هۆی دەستنیشان کردنی ئەوەی کە کار دەکات لە پێناو بەرژەوەندییەکی درێژخایەن و سەرمایەداری، کەواتە سیستەمێکی نایەکسانی دەسەڵاتی چین پێک دێنێت.

ڕادیکاڵیترین ئیدانەی دەسەڵاتی دەوڵەت، لە نووسینەکانی گێرەشێوێن ناسەکان بەدی دەکرێت. گێرەشێوێن ناسەکان پێیان وایە کە دەوڵەت و هەموو فۆرمەکانی دەسەڵاتی سیاسی هەم شەڕانگێز و هەمیش هەر پێویست نین. سەیری دەوڵەت دەکەن وەک فۆرمێک تەنیا بۆ چەوسانەوە: ڕەنگدانەوەی شتێک زیاتر نییە لە ئارەزووی ئەوانەی لە سەر دەسەڵاتن، زۆرجارا ئاماژە بە" چینی حوکمڕان" دەکەن بۆ



ئەوانی تر بخەنە ژێر دەستی خۆیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان. لە قسەکانی گێرەشێوێن ناسی ڕووسی سەدەی نۆزدەیەم، مایکڵ باکۆنین (١٩١٤–٧٦)، دەوڵەت " قێزەوەنترین و نێگەتیڤترین و فریودەرترین خاسیەتی مرۆڤایەتییە". تەنانەت کاپیتالیستە گێرەشێوێن ناسە مۆدێرنەکان وەک موریێ ڕۆتبارد بە ئاسانی دەوڵەت وەسف دەکات وەک " باندێکی تاوانبار" یان " ڕاکیەتی پاراستن"، کە هیچ شەرعیەتێکی نییە پیادەی دەسەڵات بکات بە سەر تاکدا. بەڵام، گێرەشێوێن ناسە مۆدێرنەکان کەمتر ئامادەن لە چاو هزرمەندانی گێرەشێوێنی کلاسیک بۆ زاڵبوون بە سەر دەوڵەت وەک ئەوەی شتێک زیاتر نییە لە ئالیەتێکی ڕێکخراوی توندوتیژی. بۆ نموونە، لە کتێبەکەی بە ناوی (ئیکۆلۆجی ئازادی) (١٩٨٢)، موریێ بوکین، وەسفی دەوڵەت دەکات وەک " دەوڵەت بریتییە لە ئەقڵیەتێکی ڕەها بۆ ڕێکخستنی واقیع"، جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کە سەرەڕای دامەزراوە توند و بیرۆکراتەکانی، دەوڵەت، دەوڵەتی ئەقڵیشە.

## ڕۆڵی دەوڵەت

جگە لە گێرەشێوێن ناسەکان، هەموو هزرمەندە سیاسییەکان دەوڵەتیان لە هەندێ ڕووەوە وەک " دەزگایەکی شایستە و پێویست" داناوە. تەنانەت کۆمەڵناسە شۆڕشگێڕەکانیش پەسنی دەوڵەتێکی پرۆلیتارییان کردووە بۆ ئەوەی سەرمایەداری بگوازنەوە بۆ کۆمیونیزم، لە فۆرمی " دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریەت"دا دەری بهێنن. بەڵام، هزرمەندان زۆر ناکۆکن لە سەر ڕۆڵی تەواوی ئەوەی کە دەوڵەت دەیگێرێت لە نێو کۆمەڵگەدا. ئەمە زۆرجار وەک هاوسەنگی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی وەسف کراوە. وەک پێشتر باس کراوە، دەوڵەت ڕەنگدانەوەی سەروەری و دەسەڵاتێکی توند و پابەندە. لە لایەکی ترەوە، کۆمەڵگەی مەدەنی هەموو ئەو بوارانەی ژیان لە خۆ دەگرێت کە تیایدا تاکەکان ئازادن لە ئیختیار کردن و بڕیارەکانیان، بە واتایەکی تر، جیهانێکی دەزگای ئارەزوومەندانە و ئۆتۆنۆمییە.

لە ڕووێکی توندڕەوانەی ئەم مشتومڕەدا، لیبراڵە کلاسیکییەکان گفتوگۆی ئەوە دەکەن کە تاکەکان دەبێ پێوەندی بکەن بە فراوانترین ئازادی، کەواتە سوورە لە سەر ئەوەی کە دەوڵەت دەبێ کەمترین ڕۆڵی هەبێت. ئەم ڕۆڵە کەمە دابینکردنی

چوارچێوەیەکی ئاشتی و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییە کە لە نێویدا هاوڵاتییە تایبەتەکان ژیانی خۆیان پیادە بکەن بە باشترین شێوە کە خۆیان دەیانەوێت. کەواتە، دەوڵەت کار دەکات وەک پاسەوانێکی شەوانە، کە خزمەت گوزارییەکەی پێویستە کاتێ وجوودی دەوڵەت هەڕەشەی لە سەرە. ئەمەش دەوڵەت بۆ سێ ئەرکی گرینگ جێ دەهێڵێت. یەکەم، ئەرکی سەرەکی دەوڵەتی پاسەوانی شەوێ پاراستنی ڕێکخستنی ناوەوەیە، پاراستنی هاوڵاتییە تاکەکان لە یەکتر. کەواتە هەموو دەوڵەتەکان جۆرێک لە پێکهاتەیان هەیە بۆ بەرپرسیاریەتی یاسا و ڕێکخستن. دووەم، پێویستە ئەوە دڵنیا بکاتەوە کە ڕێکەوتن و گرێبەندە ئارەزوومەندانەکان کە ئەو تاکە تایبەتییانەی دەچنە نێویەوە ڕێزیان لێ دەگیرێت، داوای ئەوە دەکەن کە دەتوانرێن بەهێز بکرێن لە ڕێگەی سیستەمێکی دادگاوە. سێیەم، دەوڵەت دەبێ پاراستن دابین بکات دژی هەر هێرشێکی دەرەکی، پێویستی بە هەندێ فۆرمی خزمەتی چەکداری هەیە. ئەو دەوڵەتە بچووکانە، کە پێکهاتە دامەزراوەییەکانیان شتێک زیاترە لە هێزی پۆلیس و سیستەمی دادگە و سوپا، لە سەدەی نۆزدەدا وجودیان هەبوو. لە سەدەی بیستەمدا، زۆر بە دەگمەن دەبینران. وڵاتە پیشەسازییە نوێییەکان وەک هۆنگ کۆنگ و کۆریای باشوور و تایوان باشترین نموونەن، هەرچەندە لەو حاڵەتانەدا دەوڵەت ڕۆڵێکی کاریگەری ئابووری گێڕاوە. لەگەڵ ئەوەشدا، دەوڵەتی بچووک میسالی مافی دروستی لیبراڵە، کە باسی ئەوە دەکات کە پرسە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان دەبێ بە تەواوی لە ژێر دەستی تاک یان بازرگانی تایبەت بە جێ بهێڵرێن. بە بۆچوونی ئەوان، ئابوورییەکی ئازاد لە دەستی دەستێوەردانی دەوڵەت ئابوورییەکی پێشبڕکێکار و لێهاتوو و بەرهەمدار دەبێت، هەروەها تاکی ئازادیش لە دەستی مردووی حکوومەت دەتوانێت هەڵکشێت و داکشێت بە گوێرەی بەهرە و حەزەکانیان بۆ کار.

سەرەڕای هەوڵەکانی ساڵانی حەوتاکان بۆ پشتگیری سنوورەکانی دەوڵەت، سۆنگەی هەرە زاڵی سەدەی بیستەم ڕۆڵی دەوڵەت بووە لە فراوانکردنی خودی دەوڵەتەکە. ئەمەش ڕووی دا لە وەڵامی پاڵەپەستۆیەکانی دەنگدەر بۆ ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئابووری، پشتگیری لێ کرا لە لایەن هاوپەیمانێکی ئایدیۆلۆژی وەک دیموکراتە کۆمەڵایەتییەکان و لیبراڵە مۆدێرنەکان و پارێزکارەکان. بواری سەرەکی



چالاکی حکوومەت سەرچاوەی گرتووە لە دابینکردنی ئاسوودەگی بۆ کەمکردنەوەی هەژاری و نایەکسانی کۆمەڵایەتی. ئەو فۆرمەی کە ئاسوودەگی کۆمەڵایەتی وەری گرتووە لە هەندێ حاڵەتدا، هەمەجۆرە، سیستەمی ئاسایشی کۆمەڵایەتی کار دەکات وەک شتێک زیاتر لە " تۆڕی سەلامەتی" بە مەبەستی کەمکردنەوەی خراپترین ڕووداوەکانی بە گژیەکاچوون. بۆ نموونە، لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، دابینکردنی ئاسوودەگی دەوەستێتە سەر پشت بە خۆ بەستن، هەروەها سوود بەوانە دەگەیەنێت کە زۆر بە ئاشکرا پێویستیانە. لە لایەکی ترەوە، دەوڵەتە پێشکەوتووە ئاسوودەکان لە گەلێ وڵاتی ئەوروپای ڕۆژئاوادا دامەزراون. ئەمانە هەوڵی دابەشکردنی سامانیان داوە لە ڕێگەی سیستەمێکی ڕوونی خزمەتگوزرای گشتی و سوودەکانی دەوڵەت، هەرچەند بە هۆی باجەوە پشتگیری داراییان لێ دەکرێت. ڕاپۆرتی Beveridge لە ساڵی ١٩٤٢، ئاماژەی بەوە کرد کە ڕەفاهیەتی بەریتانیا لە ساڵانی چلەکانەوە دروست بووە، سیستەمێکی ئاسایشی کۆمەڵایەتی دانا کە لە " لانکەوە تا گۆڕ" کار بکات. چەمکی ڕەفاهیەت و مشتومڕەکان دەربارەی ئەمە لە بەشی دەیەم بە وردتر باسی لێوە دەکرێت.

دووەم گەورەترین فۆرمی دەستێوەردان کە دەوڵەت بە خۆیەوە بینیوە هەڵسوڕاندنی ئابوورییە. هەرکە ئابوورییە پیشسازییەکان پێش دەکەون پێوستییان بە جۆرێک لە هەڵسووڕاندن دەبێت لە لایەن دەسەڵاتی مەرکەزییەوە. لە زۆربەی کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا ئەمە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی سەرمایەداری هەڵسووڕێنراو. بە بۆچوونی مافی دروستەوە، بەرپرسیاریەتی ئابووری حکوومەت دەبێ پابەند بێت بە دروستکردنی ئەو مەرجانەی کە هێزەکانی بازاڕ دەتوانن زۆر کاریگەر کار بکەن. لە کردەدا، واتە دەبێ دەوڵەت تەنیا پێشبڕکێ پێش بخات و نرخی جێگیر دابنێت بە هۆی ڕێکخستنی پاشەکەوتی پارە. بەڵام، ئەوانی تر پەسنی ئەو پێویستییەیان کردووە بۆ هەڵسووڕاندنی ئابووری. سیاسەتی ئابووری کینیسی لە لایەن سۆشیال دیموکراتەکان و مۆدێرن لیبراڵەکان پشت ڕاست بوونە بە هیوای ئەوەی کە ئەوان بێکاری کەم دەکەنەوە و گەشە پێش دەخەن. لە ژێر کاریگەرییاندا، خەرجی گشتی گەشەی کرد و دەوڵەت بووە یەکێک لە هەرە کاریگەرترین ئەکتەری ئابووری.

ناشنەلایزەیشن بە فراوانی، لە ماوەی دوای جەنگدا، بووە هۆی ئابووری تێکەڵ، ڕێگەی بە دەوڵەت دا هەندێ پیشەسازی ڕاستەوخۆ کۆنترۆڵ بکات و کاریگەری ناڕاستەوخۆی هەبێت بە سەر کیانی ئابووریدا. هەرچەندە ئێستا پێزانینێکی فراوان هەیە لە سەر پێویستی هاوسەنگییەک لە نێوان دەوڵەت و بازاڕ لە ژیانی ئابووریدا، سیاسەتی حیزب لە زۆربەی پیشەسازی ڕۆژئاوا دەبێتە هۆی مشتومڕێک دەربارەی لە کوێ ئەو هاوسەنگیە بوەستێت. شەڕە ئایدیۆلۆژییەکان زۆرجار بە وردی جەخت دەکەنە سەر ئەوەی تا چ ڕادەیەک دەوڵەت دەست لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی وەردات کاتێ دژی جێهێشتنی پرسەکان دەوەستێت بۆ پاڵەپەستۆی ناکەسی بازاڕ. ئەو پرسانە لە بەشی یازدەیەم زیاتر باسیان لێوە کراوە.

بەڵام، فۆرمێکی چڕتری دەست تێوەردانی دەوڵەت لە وڵاتە کۆمەنیستە ئۆرتۆدۆکسییەکان سەری هەڵدا وەک یەکیەتیی سۆڤیەت. ئەمانەش نیازی هەڵوەشاندنەوەی پرۆژەی تایبەتییان هەبوو و دروستکردنی پلانە ئابوورییەکان، لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی تۆڕێک لە وەزیرانی ئابووری و لیژنەی پلان دانان. بۆیە ئابووری بە تەواوی لە کۆمەڵگەی مەدەنییەوە گوێزرایەوە بۆ نێو دەوڵەت. یاسای کۆمەڵی ژیانی ئابووری لە باوەڕی مارکسی دایە کە سەرمایەداری سیستەمێکە بۆ چەوسانەوەی چینەکان، پێشنیازی ئەوە دەکات کە پلانی سەرەکی لە ڕووی ئەخلاقییەوە لە پێش هەموو شتێکدایە و لە ڕووی ئابووریشەوە پێویستە. ئەزموونی ڕێژیمە کۆمەنیستەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، پێشنیازی ئەوە دەکات کە دەوڵەت ڕەنج دەدات بۆ بەرهەمهێنانی ئاستەکانی گەشەی ئابووری و ڕەفاهیەتی گشتی کە لە وڵاتانی سەرمایەداری ڕۆژاوا بە دەست هێنرا. بێ گومان، ژێرکەوتنی پلانی سەرەکی بووە هۆی ڕووخانی کۆمەنیزمی ئۆرتۆدۆکسی لە شۆڕشەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا لە ساڵانی ١٩٨٩ و ١٩٩١.

توندترین فۆرمی کۆنترۆڵی دەوڵەت لە دەوڵەتە تۆتالیتارییەکان دۆزراونەتەوە. جەوهەری تۆتالیتاریانیزم دروست بوونی دەوڵەتێکە، کە کاریگەرییەکەی دزە دەکاتە نێو هەموو بوارەکانی وجوودی مرۆڤ وەک ئابووری و پەروەردە و کولتوور و ئاین و ژیانی خێزان و تا دوایی. دەوڵەتە تۆتالیتارییەکان بە سیستەمی گشتگیری قۆرخکردنی ئایدیۆلۆژی دەناسرێنەوە، هەروەها بە پرۆسەی چاودێری و سیاسەتی



تێرۆریستی دەناسرێنەوە. ڕوونە، هەموو ئەو میکانیزمانەی لە ڕێگەیەوە موعارەزە دەردەبڕدرێت، هەڵبژاردنە پێشبڕکێکارییەکان و حیزبە سیاسییەکان و گرووپەکانی پاڵەپەستۆ و میدیای ئازاد دەبێ لاواز یان لاببرێن. باشترین نموونەی ئەم جۆرە ڕێژیمەش نازی ئەڵمانی و یەکیەتیی سۆڤیەت لە ژێر دەستی ستالین بوو. تۆتالیتاریانیزم دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی، هەڵوەشاندنەوەی تایبەت، کە ئەمەش ئامانجێکە تەنیا فاشیستەکان هەیانە کە هەمیشە بە دوای تاواندنەوەی ناسنامەی تاکن لە نێو تەواوی کۆمەڵگەدا. لە ڕوانگەیەکەوە، تۆتالیتاریانیزم هەوڵی بە سیاسی کردنی هەموو بوارەکانی وجوودی مرۆڤ دەدات، هەوڵی دامەزراندنی سیستەمی کۆنترۆڵی دەوڵەت دەدات. بەڵام، لە ڕوانگەیەکی ترەوە، دەکرێ وەک مەرگی سیاسەت دابنرێت، چونکە ئامانجەکەی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکە کە تیایدا تاک و فرە لایەنی و ململانێکان دەبێ هەڵبوەشێنرێنەوە.

## مارکسیزم

مارکسیزم سیستەمێکی تیۆرییە لە نووسینەکانی کارل مارکس سەری هەڵداوە و پەرەی پێ دراوە، بەڵام مارکسیزم وەک ڕێبازێک پاش مردنی مارکس زیاتر بە دیار کەوت. بەرهەمی هەوڵی مارکسییەکانی دواتر بوو بۆ چڕ و پڕکردنی ئایدیاکانی مارکس و تیۆرەکانی بۆ نێو جیهانێکی ڕوون و سیستەماتیک کە بگونجێت لەگەڵ پێداویستییەکانی گەشەی بزووتنەوەی سۆشیالیست. بەڵام، ڕێبازە جۆر بە جۆرەکانی مارکس ئەمانەن: " مارکسیزمی کلاسیکی" (مارکسیزمی مارکس)، مارکسیزمی ئۆرتۆکس یان مادییەتی دیالێکتیکی، فۆرمی میکانیستکی مارکسیزم کە وەک بنەماکانی کۆمیونیزمی سۆڤیەت خزمەتی کرد، هەروەها نیو مارکسیزمی مۆدێرن کە سەیری مارکسیزم دەکات وەک فەلسەفەی مرۆڤایەتی و بە گومانیشە لە بارەی بوارە زانستی و سووربوونەکانی.

بەردی بناغەی فەلسەفەی مارکسی ئەوەیە کە ئیگڵز ناوی لێنا (تێگەیشتنی مادیانەی مێژوو). ئەمەش جەخت دەکاتە سەر گرینگی ژیانی ئابووری و ئەو مەرجانەی کە خەڵک ناوەندی مادییەکانیان بەرهەم دێننەوە، ڕەنگدانەوەی ئەو باوەڕەیە کە بنەمای ئابووری پێک دێت لە شێوازی بەرهەمهێنان یان سیستەمی ئابووری کە پەنجە دەخاتە سەر پێکهاتەی سەرووی سیاسی و ئایدیۆلۆژی. کەواتە تیۆری مارکسی گەشە کولتووری و مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان شی دەکاتەوە لە

ڕووی هۆکاره مادی و چینایەتییەکان. بنەماکانی ڕێبازی مارکسی بریتییە لە تیۆری مارکسی ڕوودانی مێژوو، کە پێشنیازی ئەوە دەکات مێژوو لە ئەنجامی پرۆسەیەکی دیالیکتیکی هاتووە کە تیایدا هاودژە ناوەکییەکان لە نێو هەر شێوازێکی بەرهەمهێناندا لە نێو ڕکابەری چینی ڕەنگ دەداتەوە. دواجار، سەرمایەداری پێشکەوتووترین کۆمەڵگەی چینییە لە ڕووی تەکنەلۆژیاوە، چارەنووسەکەشی بە کۆتا دێت بە هۆی شۆڕشی پرۆلیتاری کە لە کۆمەڵگەیەکی کۆمەنیست و بێ چیندا سەر هەڵدەدات.

مارکسیزم لە سەردەمی مۆدێرندا وەک بەدیلێکی سەرەکی بۆ لیبرالیزم و وەک بنەمایەکی هزری سیاسی دروست بوو. ڕەخنە لە لیبرالیزم دەگرێت بەوەی کە هێرشێکە بۆ سەر تاکڕەوی و تەسک کردنەوەی بایەخ بە مافە سیاسی و مەدەنییەکانی، لە سەر بنچینەی ئەوەی کە گەشەی فراوانتر و مێژوویی کۆمەڵگە پشت گوێ دەخات، بۆیەش واقیعی نایەکسانی چینی دەسەڵات دەشارێتەوە. بۆیە لیبرالیزم نموونەیەکی کلاسیکی ئایدیۆلۆژی بۆرژوازییە، کە خزمەت بە شەرعیەتی پێوەندییەکانی چینی سەرمایەدار دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، مارکسییە مۆدێرنەکان لە لایەن شێوازی بۆڵشەڤیکی کۆمەنیزمی ئۆرتۆدۆکس ناسراوە، هەندێ جار نیازی تێکەڵکردنی مارکسیزمی هەبوو لەگەڵ بوارەکانی دیموکراسییە لیبرالەکان، بە تایبەتی فرە لایەنی سیاسی و دیموکراسی هەڵبژێردراو. تیۆرە مارکسییەکان کاریگەرییان هەبووە لە سەر فێمنیزم و بنەماکانی فێمنیزمی کۆمەڵایەتی دابین دەکات، کە جەخت دەکاتە سەر پردەکانی نێوان سەرمایەداری و پیاوسالاری. مارکسیزم بنەماکانی تیۆری ڕەخنەیی دابین دەکات کە هەوڵی تێکەڵ کردنی ئابوری سیاسی مارکسی دەدات لەگەڵ فەلسەفەی هیگڵی و دەروونزانی فرۆیدی. هەوڵ دراوە بۆ تێکەڵ کردنی مارکسیزم بە تیۆرەکانی ئختیاری ئەقڵانی، بە تایبەتی لە فۆرمی شیکاری مارکسیزم.

لایەنی ڕۆشنبیری مارکسیزم ئەوە بووە کە سۆنگەیەکی فراوان و دیار لە خۆ دەگرێت، جەخت دەکاتە سەر تێگەیشتن و شیکردنەوەی هەموو بوارەکانی وجوودی کۆمەڵایەتی و سیاسی و پەردە داماڵین لە سەر گرینگی ئەو پرۆسانەی کە تیۆری تەقلیدی پشت گوێی دەخات. لە ڕووی سیاسییەوە، هێرش دەکاتە سەر هەڵقۆزینەوە و چەوسانەوە و دژیان دەوەستێتەوە، هەروەها زۆر خەمی گرووپ و خەڵکە سوودمەند نەبووەکان دەخوات. بەڵام ئەستێرەی مارکسیزم لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم ڕووی لە کز بوون کرد. تا ڕادەیەک. هۆکاری ئەمەش، خاسیەتی دیکتاتۆری و زۆردرای و ڕێژیمە کۆمەنیستەکان خۆیان بوون



کە لە سەر ئایدیا و گریمانەکانی مارکس ڕەگیان داکوتا بوو. تیۆرە مارکسییەکان لە سیستەمی باوەڕی پێشبڕکێدا وەک تیۆری ئلیدیۆلۆژی ناسرا بوون. بەڵام، تەنگژەی مارکسیزم بەهێز بوو لە سەرەنجامی ڕووخانی کۆمیونیزم لە شۆڕشەکانی ١٩٨٩-,٩١ ئەمەش پێشنیازی ئەوە دەکات کە گەر ئەو فۆرمە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی مارکسیزم پەیدای کردن هیچی تر وجوودیان نەبێت، ئەوا مارکسیزم وەک هێزێکی مێژوویی جیهانی مردووە.

## فەیلەسووفە سەرەکییەکان

### کارل مارکس

فراوانی و ئاڵۆزی نووسینەکانی خودی مارکس دامەزراندنی ڕێبازی مارکسیزمی مارکسیان زەحمەت کردووە. هەندێ جار جیاوازییەک دەکرێت لە نێوان مارکسە گەنجەکان و مارکسە پێگەیشتووەکان. نووسینە سەرەتاییەکانی مارکس وای دەخەنە ڕوو کە مارکس کۆمەڵناسێکی مرۆڤایەتییە، بایەخی بە نامۆ بوون داوە، بایەخ بە نەحەواندنەوە و کەمکردنەوەی کەسایەتی کرێکار دەدات لە ژێر دەستی سیستەمی سەرمایەداریدا، هەروەها بایەخی بە خۆناسینەوەی مرۆڤ داوە لە ژێر کۆمیونیزم. بەڵام، لە نووسینەکانی دواتری، مارکس هەڵساوە بە تاقیکردنەوەی مەرجەکانی ئابووری سەرمایەداری، وای لە هەندێک کردووە بە سووربوونی ئابووری وەسفی بکەن و بە باوکی مارکسیزمی ئۆرتۆۆکسی وەسفی بکەن.

### فرێدریک ئینگلز (١٨٢٨-٩٥)

پیشەسازناسێکی ئەڵمانییە و هاوڕێی لەمێژینە و شیکەرەوەری مارکسە. ئینگلز تیۆر و ئایدیاکانی مارکسی شی کردووەتەوە لە پێناو سوودی گەشەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لە سەدەی نۆزدەدا. جەخت دەکاتە سەر ڕۆڵی دیالێکتیکی وەک هێزێکی کار لە سروشتی و ژیانی کۆمەڵایەتیدا، یارمەتی پەیدابوونی مادیەتی دیالێکتیکی داوە وەک لقێکی جیا لە مارکسیزم، هەروەها وەسفی مارکسیزم دەکات لە ڕووی کۆمەڵێک یاسای سنوورداری مێژوویی. ئینگلز شیکردنەوەی مادەی خزاندە نێو خێزان و دەڵێت کە زەواج تەنیا لەگەڵ یەک کەس بابەتی ئافرەت لە لایەن پیاوەوە دەکات و ئەسڵی هەیە لە نێو دەزگای تایبەتی هەژاریدا. کارە سەرەکییەکانی ئەمانەن: anti-dubring 1877-8، ئەسڵەکانی خێزان و هەژاری تایبەتی و دەوڵەت ١٨٨٤٠) و دیالێکتیکەکانی سروشت (١٩٢٥).

## ڤلادیمیر ئیلیچ لینین (١٨٧٠-١٩٢٤)

شۆڕشگێڕێکی ڕووسییە و سەرکردەی یەکیەتیی سۆڤیەت بوو (١٩١٧ تا ١٩٢٤). لینین یەکێکە لە تیۆریستە کاریگەرەکانی مارکسی سەدەی بیستەم. زۆر بایەخی بە پرسەکانی ڕێکخستن و شۆڕش دەدا، جەختی دەکردە سەر گرینگی مەرکەزی حیزبی توند و ڕێکخراوی سەرکردەکان دەدا بۆ ڕێبەری کردن و سەرکردایەتی کردنی چینی پرۆلیتاری. لینین کۆلۆنیالیزم شی دەکاتەوە وەک دیاردەیەکی ئابووری و جەخت دەکاتە سەر ئەگەری گۆڕینی جەنگی جیهانی بۆ جەنگی چینایەتی. زۆریش پابەند بوو بە " ڕێگای یاخی بوون" بەرەو سۆشیالیزم، هەروەها دیموکراسی هەڵبژێردراوی ڕەت کردەوە وەک سیستەمێکی پەرلەمانتاری. کارە بەناوبانگەکانی : چی بکرێت؟ (١٩٠٢)، ئیمپریالیزم، بەرزترین قۆناغی سەرمایەداری ١٩١٦ و دەوڵەت و شۆڕش ,١٩١٧

## ڕۆزە لەکسمبۆرگ (١٨٧١-١٩١٩)

کۆمەنیستێکی ئەڵمانی لە پۆڵەندا لە دایک بووە. ناسراوە بە تیۆریستی مارکسی و ڕەخنەی توندی لە ئایدیا سەرەکییەکانی سیاسەت دەگرت. باوەڕە بەهێزەکەی بە شۆڕشگێری لە ناکاو وای لێ کردن ڕەخنە لە هاوڕێیەکەی بگرێت، لینین، بۆ جەختکردنە سەر ڕێکخستنی هەمەڕەکی و سەرکردایەتی حیزبی ڤانگارد. ئیمپریالیزمی وەک کۆششێکی پێشبڕکێکار وەسف کرد لە نێوان نەتەوە سەرمایەدارییەکان کە دەبێتە هۆی شکاندن و لە بەینچوونی سەرمایەداری. کارە سەرەکییەکانی: چاکسازی کۆمەڵایەتی یان شۆڕش (١٨٩٩)، مانگرتن، حیزب و یەکیەتی بازرگانی (١٩٠٦) هەروەها کەڵەکە بوونی سەرمایە (١٩١٣).

## لیۆن ترۆتسکی (١٨٧٩-١٩٤٠)

شۆڕشگێڕێکی ڕووسی و هزرمەندێکی سیاسییە. ڕەخنەگرە لە تیۆری حیزبی لینین، بەڵام هاتە ڕیزی بۆڵشەڤیکەکان لە ساڵی ,١٩١٧ بەشداری تیۆری بۆ مارکسیزم جەخت دەکاتە سەر تیۆری شۆڕشی بەردەوام، پێشنیازی ئەوە دەکات کە دەکرێ سۆشیالیزم لە ڕووسیا دامەزرێت بە بێ پێویستی گەشەی قۆناغی بۆرژوازییەت. ترۆتسکیزم هەمیشە دەبەسترێتەوە بە پابەند بوون بە ئینتەرناشنالیزم، کە ئیدانەی ستالینیزم دەکات، وەسفی دەکات وەک فۆرمێکی بیرۆکراتی. کارە گرینگەکانی: 1906 prospects and results، مێژووی شۆڕشی ڕووسی (١٩٣١، هەروەها شۆڕش خیانەتی کرد ١٩٣٦)



## ئەنتۆنیۆ گرامسی (١٨٩١ _ ١٩٣٧)

مارکسێکی ئیتاڵی و تیۆریستێکی کۆمەڵایەتییە. هەوڵی تیشک خستنە سەر مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس و هۆکارە ئابووری و مادییەکان دا. هەموو فۆرمێکی سووربوونی زانستی ڕەت کردەوە بە هۆی جەختکردنە سەر گرینگی کۆششی سیاسی و ڕۆشنبیری. گرامسی جەخت دەکاتە سەر ئەو پلەیەی کە ئایدیۆلۆژیا لە هەموو ئاستێکی کۆمەڵگەدا هەیە و بانگەشەی دامەزراندنی یەکیەتی پرۆلیتاریەتی کرد، لە سەر بنچینەی بنەما و بەها و تیۆرە سۆشیالیستەکان. کارە سەرەکییەکەی : دەفتەری تێبینییەکانی بەندیخانە (١٩٢٩–٣٥).

## ماو زیدۆنگ (١٨٩٣-١٩٧٦)

تیۆریستێکی مارکسی چینییە و سەرکردەی کۆماری گەلی چین بوو (١٩٤٩۰ تا ٧٦)، ماو مارکسیزم _ لینینیزمی بەکار برد بۆ پێداویستییە زۆرەکانی کشتوکاڵی و کۆمەڵگەیەکی نەریتی. میراتە ئایدیلۆژییەکەی زۆرجار بە شۆڕشی کولتووری گرێ دەدرێت (١٩٦٦۰٧٠)، بزووتنەوەیەکی ڕادیکای یەکسانی بوو کە ڕەتی نوخبەیی و ڕێگاکانی سەرمایەداری دەکردەوە. ماویزم جەخت دەکاتە سەر گرینگی سیاسەت لە فۆرمی پەرۆشی بە کۆمەڵی ڕادیکاڵی، دان بە پێوستی ململانێ و موعارەزە دادەنێت، کارە سەرەکییەکانی: لە سەر دیکتاتۆریەتی دیموکراسی خەڵک ١٩٤٩، لە سەر ١٠ پێوەندییە سەرەکییەکە ١٩٥٦، لە سەر ڕاست کردنەوەی هاودژەکان لە نێو خەڵکدا ,١٩٥٧

### کورتەی بەشی سێیەم

١- سیاسەت فرە لایەنی و ململانێ تێوە دەگلێنێت و هەوڵی چارەسەرکردنی ململانێکە دەدات. لە کاتێکدا، هەندێ سیاسەت وا سەیر دەکرێن کە تا ڕادەیەکی کەم پێوەندی بە کاروبارەکانی حکوومەت یان بە بازنەی گشتی ژیانەوە هەیە، ئەوانی ترش پێیان وایە کە سیاسەت ڕەنگدانەوەی دابەشکردنی دەسەڵات یان سەرچاوەکانە، بۆیە دەکرێ لە هەموو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکاندا بەدی بکرێت.

٢- حکوومەت ئاماژەیە بە حوکمڕانی، خاسیەتێکی هەموو کۆمەڵگە ڕێکخراوەکانە. فۆرمەکانی حکوومەت دیموکرات لیبراڵەکانی جیهانی یەکەم دەکرێ لە دەوڵەتی سۆشیالیستی جیهانی دووەم و چەندین فۆرمی جۆراوجۆری حکوومەتی جیهانی سێهەم جیا بکرێتەوە، هەرچەندە ئەو جۆرە جیاوازییانە بە هۆی هەندێ پێشکەوتنەوە لە بار براون. بۆ نموونە: ڕووخانی کۆمیونیزم.

٣- دەوڵەت دەزگایەکی سەروەری سیاسییە و لە ناوچەیەکی دیاریکراودا کار دەکات. بە بۆچوونی فرەلاناسەکان، دەوڵەتی دیموکرات لیبرالەکان بە بێ لایەنی کار دەکەن و وەڵامی پاڵەپەستۆیە گشتییەکان دەدەنەوە. بەڵام، ئەوانی تر پێیان وایە کە دەوڵەت بە لایەنگری یەکێک لەمانە دەناسرێتەوە، یان ئەوەتا بە شێوەیەکی سیستەماتیکی لایەنگری بیرۆکراسیەتە، یاخۆ دەوڵەتی نوخبەیەک یانیش سوودەکانی بەرژەوەندیە سەرەکییەکانی ئابوورییە.

٤- رۆڵی دەوڵەت بابەتێکی زاڵی ناکۆکی حیزبی سیاسییە، ڕەنگدانەوەی بۆچوونی جیا جیایە دەربارەی پێوەندی دیاری نێوان دەوڵەت و تاک. لە کاتێکدا هەندێ ئارەزووی ئەوە دەکەن بچنەوە نێو دەوڵەت و پرسەکان لە ژێر دەستی تاکەکان و بازاڕدا بەجێ بهێڵن، ئەوانی تر دەیانەوێت بەرەو پێشەوە بچن و لە بەر هۆکاری دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بڵاوبوونەوەی ڕەفاهیەت.

# بەشی چوارەم

## سەروەری، نەتەوە و سوپەرناشنالیزم

پێشەکی

سەروەری

نەتەوە

سوپەرناشنالیزم

کورتە

# پێشەکی

لە هەموو کۆمەڵگەکاندا، حوکمی سیاسی لە ڕێگەی دامەزراوەکانی حکوومەت یان دەوڵەت پیادە دەکرێت. بەڵام، زۆر ڕوون و ئاشکرا نییە چ یەکەیەکی حوکمی سیاسی دەبێت. بە واتایەکی دیکە، دەبێ دەسەڵاتی دەوڵەت لە سەر چ گرووپێکی دانیشتوان یاخۆ لە سنووری کام هەرێمدا کاری پێ بکرێت؟ لە ماوەی دوو سەد ساڵی ڕابردوودا، وەڵامێکی ماقوڵ بۆ ئەم پرسیارە "نەتەوە" Nation بووە. هەمیشە وا باو بووە کە نەتەوە تاکە کۆمەڵگەیەکی سیاسی ڕەوایە، کەواتە نەتەوەی دەوڵەت state –nation بەرزترین فۆرمی ڕێکخستنی سیاسییە. بە هەقیقەت، سەروەری نەتەوەیی بە بەردی باغەی یاسای نێودەوڵەتی دادەنرێت، چونکە هەر ئەم سەروەرییەیە مافی بەرگری لە خۆ کردن و دیاری کردنی چارەنووسی خۆیان دەبەخشێت بە هەر نەتەوەیەک. لەگەڵ ئەوەشدا، سەدەی بیستەم بە پەیدابوونی نێونەتەوەیی ناسراوە Internationalism، کە ڕەنگدانەوەی سەربەخۆیی ئابووری بوو هەروەک چۆن ئابووری نەتەوەیی گۆڕا و بوو بە ئابوورییەکی نێودەوڵەتی، هەروەها لە ئەنجامی سەرهەڵدانی چەند دەستەیەکی نێودەوڵەتیش بوو وەک کۆمەڵەی نەتەوەکان League of Nations و نەتەوە یەکگرتووەکان "United Nations "UN و یەکیەتی ئەوروپا "European Union "EU.

هەندێ بە شێوەیەکی تر بیر دەکەنەوە و دەڵێن کە فیدراسیۆنە نێودەوڵەتییەکان و تەنانەت حکوومەتی جیهانی ئێستا تاکە یەکەی حوکمی سیاسی ڕەوا پێک دەهێنن، لە کاتێکدا، هەندێکی تر بە توندی نارەزایی دەردەبڕن لەمەڕ لەدەستچوونی سەربەخۆیی نەتەوەیی و مافی چارەی خۆ نووسین. ئەم مشتومڕەش هەمیشە جەخت دەکاتە سەر پرسیارێک دەربارەی سەروەری Sovereignty و بە تایبەتیش سوودەکانی سەروەری نەتەوەیی. ئایا پیادەکردنی دەسەڵاتی سەروەری پێویستە بۆ وجوودی کۆمەڵگەیەکی سیاسی سەقامگیر، هەروەها دەبێ ئەو سەروەرییە لە کوێوە سەرچاوە بگرێت؟ وێڕای ئەمەش، چەندین گفتوگۆ و دەمەتەقێ دەربارەی ئایدیای (نەتەوە) لە گۆڕێدان: کامە هۆکارەن نەتەوە پێناس دەکەن، چی لە نەتەوە دەکات وجوودی هەبێت، یاخۆ چی وا دەکات تاکە یەکەیەکی حوکمی سیاسی هەبێت؟ دواجار، لە هەر کۆمەڵگەیەکی جیهانیدا، فۆرمە نێو نەتەوەیی و نێودەوڵەتییەکان ئێجگار زۆر بوونە. ئایا حکوومەتە نێودەوڵەتییەکان چ فۆرمێکیان وەرگرتووە، هەروەها ئایا دەستە نێودەوڵەتییەکان دواجار توانای ئەوەیان هەیە شوێنی نەتەوەی دەوڵەت بگرنەوە؟



## سەروەری Sovereignty

چەمکی سەروەری لە سەدەی حەڤدەیەم لە دایک بووە، لە سەرەنجامی سەرهەڵدانی دەوڵەتی مۆدێرن لە ئەورووپا. لە چەرخی ناوەڕاستدا، میر و پاشا و ئیمپڕاتۆرەکان، لە فۆرمی خوادا، دەسەڵاتێکی بەرز (پاشای پاشاکان) و باوکایەتییان Papacy بە خۆ بەخشی بوو. وێڕای ئەمەش، دەسەڵات دابەش کرا بوو، بە تایبەتی لە نێوان سەرچاوە کاتی و هەمیشەییەکانی دەسەڵات. بەڵام، هەرکە دەرەبەگایەتی feudalism لە سەدەی پانزە و شانزەدا لە بەین چوو، دەسەڵاتی دامەزراوە ئینتیقالییەکان، وەک کەنیسەی کاسۆلیکی و ئیمپڕاتۆریەتی پیرۆزی ڕۆم، شوێنیان گیراوە بە هۆی پاشایەتی مەرکەزی. ئەمە لە ئینگلتەڕا لە ژێر بنەماڵەی تیۆدۆر بە دەست هێنرا، لە فەڕەنسا لە لایەن بۆربۆنسەکان و لە ئیسپانیاش لە لایەن هابسبێرگسەکانەوە تا دوایی. بۆ یەکەمین جار، حوکمڕانە عەلمانییەکان توانییان ڕایبگەیەنن پیادەی دەسەڵاتی باڵا بکەن، ئەمەشیان بە زمانێکی نوێی سەروەری ئەنجام دا.

سەروەری واتە دەسەڵاتی ڕەها و بێ سنوور. بەڵام، ئەم قسە سادە و ساکارە چەندین ناکۆکی و بە هەڵە تێگەیشتن و سەرلێتێکدان دەشارێتەوە. پێش هەموو شتێ، ڕوون نییە ئەم دەسەڵاتە ڕەهایە لە چی پێک دێت. سەروەری یان ئەوەتا ئاماژەیە بە دەسەڵاتی یاسای باڵا یانیش واتە دەسەڵاتێکی سیاسی بێ ڕووبەڕوو بوونەوە. ئەم دەمەتەقێیە پەیوەستە بە جیاوازی نێوان دوو جۆری سەروەری، ئەوانیش: سەروەری یاسایی و سەروەری سیاسی. ئەم دوو زاراوەیەش لە لایەن تیۆریستی دەستووری سەدەی نۆزدەوە بەکارهێنرا کە ناوی أ. ڤ. دایسی بوو. چەمکی سەروەری بە دوو ڕێگای هاودژی یەکتر بە کارهێنراون. لە فۆرمی سەروەری ناوخۆ ئاماژەیە بە دابەشکردنی دەسەڵات لە نێو دەوڵەتدا، هەروەها دەبێتە هۆی قووت بوونەوەی چەند پرسیارێک دەربارەی پێویستی دەسەڵاتی باڵا و شوێنەکەی لە نێو سیستەمی سیاسیدا. لە فۆرمی سەروەری دەرەوە واتە ڕۆڵی دەوڵەت لە نێو ڕیزبەندی نێودەوڵەتی، واتە دەوڵەت دەتوانێت وەک ئەکتەرێکی ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆ کار بکات یان نا.

## سەروەری یاسایی و سەروەری سیاسی

جیاوازی نێوان سەروەری یاسایی و سەروەری سیاسی زۆرجار دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیاوازییەی لە نێو نووسینەکانی جین بۆدین و تۆماس هۆبزدا باس کراوە. لە کتێبەکەی بە ناوی the six books of the commonweal (١٥٧٦) و (١٩٦٢) بڵاو کراوەتەوە، بۆدین باسی ئەو سەرەوەرییە دەکات کە یاسای دروست کرد بەڵام خۆی پابەند نەبوو بەو یاسایانەی دروستی کردبوون. بە پێی ئەم بۆچوونە، یاسا شتێک زیاتر نییە لە فەرمانی سەروەر، هەروەها دەبوایە هەموو لایەنێکیش گوێڕایەڵی بێت. بەڵام، بۆدین پاڵپشتی ئەو حوکمەی نەکرد و نەیسەلماند، وتی پاشای سەرەوەر پێک هاتووە لە یاسایەکی بەرزتر، لە فۆرمی ویستی خواوەند و یاسای سروشتی. کەواتە، سەروەری حوکمڕانە کاتییەکان پشت ڕاست بوو بە دەسەڵاتی ئیلاهییەوە. لە لایەکی ترەوە، هۆبز لە ڕووی هێزەوە باسی سەروەری دەکات نەک دەسەڵات. هۆبز دەچێتەوە سەردەمی ئۆگستاین کە ئەو پێویستییە شی دەکاتەوە بۆ سەروەرێک لە ڕووی شەڕانگێزییەکی ئەخلاقی کە لە نێو سروشتی مرۆڤەوە هەڵقوڵاوە. لە کتێبەکەی بە ناوی Leviathan (١٦٥١) و (١٩٦٨) بڵاو کراوەتەوە، هۆبز بەم شێوەیە پێناسەی سەروەری دەکات: " سەروەری بریتییە لە هێزێکی توندی قۆرخکەر و لە ژێر دەستی یەک حوکمڕان دایە". هەرچەندە هۆبز پەسنی سیستەمی پاشایەتی دەکات لە ڕووی فۆرمی حکوومەتەوە، کەچی ئەمەشی پەسن کرد، چونکە پێی وابوو ئەمەش شتێکە بەرەنگاری ناکرێتەوە، سەروەر ڕەنگە گرووپێکی ئۆلیگارشی تەنانەت ئەنجومەنێکی دیموکراتی بێت.

کەواتە ئەم جیاوازییە ڕەنگدانەوەی جیاوازی نێوان دەسەڵات و هێزە. سەروەری یاسایی دەوەستێتە سەر ئەو باوەڕەی کە دوا دەسەڵات لە نێو یاسای دەوڵەتدایە. ئەمە سەروەرییەکە کە دەسەڵاتی باڵا لە ڕووی دەسەڵاتی یاساییەوە پێناس دەکرێت. بە واتایەکی دیکە، دەوەستێتە سەر مافی داواکردنی کەسێک بۆ نوێنەری کردن، هەروەک بە پێی یاسا وایە. بە پێچەوانەوە، سەروەری سیاسی بە هیچ شێوەیەک ناوەستێتە سەر ئەو یانگەشەیە بۆ دەسەڵاتی یاسایی بگرە باس لە دابەشکردنی دەسەڵات دەکات، واتە سەروەری ئەمری واقیع. کەواتە سەروەری سیاسی ئاماژەیە



بە وجوودی دەسەڵاتی سیاسی باڵا، ئەو توانایەشی هەیە فەرمان بە گوێڕایەڵبوون بدات چونکە هێزێکی توند قۆرخ دەکات. بەڵام، هەرچەندە ئەو دوو چەمکە لە ڕووی شیکردنەوەدا جیا دەکرێنەوە، کەچی لە کردەدا زۆر پێکەوە بەندن. چەند هۆیەک هەیە بۆ باوەڕ کردن بە پێکهاتەی فۆرمێکی سەروەری خۆیان.

لە سۆنگەیەکەوە، سەروەری هەمیشە پیادەی دەسەڵاتی یاسایی دەکات، پیادەی ئەو دەسەڵاتە دەکات لە ڕێگەی ئەو مافەی کە پێی بەخشراوە نەک بە هۆی هێزەوە. کەواتە هەموو بانگەشەکانی سەروەری ڕەهەندێکی گرینگی یاسایی هەیە. بۆ نموونە، سەروەری دەوڵەتە مۆدێرنەکان ڕەنگدانەوەی باڵایەتی یاسایە: خێزان، یانە، یەکیەتی بازرگانی و کار تا دوایی، دەتوانن یاسای تایبەت بە خۆیان هەبێت کە بە هۆی دەسەڵاتەوە دەکرێت بەڵام هەر هەموویان بە پێی ئەو سنوورانەی یاسا بۆیان دیاری دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، خودی یاسا مسۆگەری پابەند بوون ناکات. هیچ کۆمەڵگەیەک نییە تا ئێستا هەموو سەرنشینەکانی گوێڕایەڵی یاسا بن و کەس گوێی لە تاوان نەبوو بێت. ئەمە ڕوونە لەو واقیعە سادەیەی کە سیستەمەکانی یاسا لە هەموو شوێنێک دان و پشت ڕاستن بە سیستەمی سزادان لە ڕێگای پۆلیس و دادگە و بەندیخانە و تەنانەت سزای لە سێدارەدانیش. بە واتایەکی دیکە، دەسەڵاتی یاسایی پشتڕاستە بە پیادەکردنی هێزەوە. نەبوونی توانا بۆ بەهێزکردنی فەرمان، بانگەشەیەک بۆ سەروەری یاسایی تەنیا کێشە ئەخلاقییەکان جێبەجێ دەکات، وەک گەلانی وڵاتانی باڵتیک ـ لاتڤیا و ئیستۆنیا و لیسوانیا ئەو جیاوازیانەییان بۆ بەدیارکەوتووە لە نێوان کاتی داگیرکردنیان لە لایەن یەکیەتیی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٤٠ و کاتی سەربەخۆییان لە ساڵی ١٩٩١ و دەسکەوتەکانیان.

هەمان وانە جێبەجێ دەبێت لە سەر تێگەیشتنی سەروەری سیاسی. هەرچەندە هەموو دەوڵەتێک هەوڵی ئەوە دەدات قۆرخی دەسەڵاتێکی توند بکات، یان بە لایەنی کەم، پێوەندی نێوان دەسەڵاتەکە و هاوڵاتییان سنووردار بکات، هەوڵی ئەوە دەدەن تەنیا لە ڕێگەی هێزەوە حوکمڕانی بکەن. حکوومەتی دەستووری و دیموکراسی دروست دەبن لە سەرەنجامی هەوڵی قەناعەت پێکردنی هاوڵاتییان بەوەی کە دەوڵەت مافی حوکمڕانی هەیە، مافی پیادە کردنی دەسەڵاتی هەیە نەک هێز. بێگومان

ئەوانەی کە تەواو پێچەوانەی ئەم بۆچوونەن دەوڵەتە چەوسێنەر و دڕندەکانن، وەک ئەوەی نازی ئەڵمانیا، ڕووسیای ستالین یان پۆل پۆتی کەمبۆدیا، کە زۆر نزیک بوون لە دامەزراندنی فۆرمێکی سیاسی سەروەری چونکە بە حوکمی تواناکەیان خەڵکیان دەچەوساندەوە و زۆردار بوون و قۆرخکەر بوون. تەنانەت لەو حاڵەتانەشدا، گومان هەیە لەوەی کە ئەو دەوڵەتانە سەروەرییان بەزاند بوو لەو سۆنگەیەی کە دەسەڵاتی باڵا بوون و بەرەنگاریان نەبوو، بەڵام هیچ یەکێکیان سەرکەوتوو نەبوون، بەکارهێنانی ترس و تۆقینەکەیان بووە هۆی مانەوەی موعارەزەکانیان و بەرگەگرتنیان. وێڕای ئەمەش، لە بونیاتنانی پێکهاتەی قەبەی ئایدیۆلۆژی، سەرکردە تۆتالیتارییەکان وەک هیتلەر و ستالین و پۆل پۆت درکیان بەوە کردبوو کە دەبێ جۆرێک لە دەسەڵاتی یاسایی ببەخشن بە ڕێژیمەکانیان.

### ئۆگستاین ئۆڤ هیپۆ (٣٥٤-٤٣٠)

فەیلەسووفێکی سیاسییە. لە ئەفریقیای باکوور لە دایک بووە، دواتر چووە ڕۆما، لەوێ بوو بە پرۆفیسۆری ڕەوانبێژی. بووە مەسیحی لە ساڵی ٣٨٦ و گەڕاوە ئەفریقیای باکوور وەک گەورە قەشەی هیپۆ. نووسینەکانی لە دژی دەرکردنی ڕۆمەکان بوو لە لایەن گوتییەکانەوە لە ساڵی , ٤١٠

بەرگری ئۆگستاین پشتڕاستە بە فەلسەفەی نیو ئەفلاتوونی و مەزهەبی مەسیحی و مێژووی ئینجیل. لە کارە سەرەکییەکەی بە ناوی (شاری خوا) (City of God 413)، باسی پێوەندی نێوان کەنیسە و دەوڵەت دەکات و خاسیەتە سیمبولییەکانی دوو شار شی دەکاتەوە، شاری سەر زەوی و شاری بەهەشت (قودس و بابل). شاری بەهەشتی دەوەستێتە سەر بەخشندەیەکی روحانی و بەر خۆشەویستی خوا دەکەوێت، حوکمڕان و بابەتەکان دەبەستێتەوە بە باشی گشتی. ئەندامانی دەپارێزرێن و دوای مردن دەچنە بەهەشت. بە پێچەوانەوە، تەواوی شارەکە بە خودی خۆشەویستی شارەکە پێکهاتووە و بە دەسەڵاتی یان سەروەری ڕەها ناسراوە. ئەندامانی تاوانبارن و بۆ هەمیشە لە ژێر ڕیسوایی نەمر دەناڵێنن. ئۆگستاین پێی وابوو کە مرۆڤایەتی خراپ سەرچاوەی گرتووە لە تاوانێکی بنەڕەتی، کەواتە گەر هیچ تاوانێک نەبێت ئەوا هیچ جۆرە حکوومەتێک پێویست ناکات هەبێت. حکوومەت دەتوانێت چارەسەری تاوانەکان بکات لە ڕێگەی هەڕەشە یان سزادان، بەڵام ناتوانێت تاوانی بنەڕەتی لە ڕەگ و ڕیشەوە چاک بکاتەوە.



هەرچەندە ئۆگستاین سوور بوو لە سەر ئەوەی کە کەنیسە دەبێ گوێڕایەڵی یاساکانی دەوڵەت بێت، کەچی جەختکردنەکەی لە سەر ئەخلاقیاتی بنەما مەسیحییەکان بە سەر کۆمەڵگەی سیاسی، هەروەها باوەڕەکەی بەوەی کە کەنیسە دەبێ کۆمەڵگە پڕ بکات بەو بنەما بەهێزە مەسیحییانە، وا لێک دراونەتەوە کە زۆر پاڵپشتی حکوومەتێکی ئاینی کردووە.

## سەروەری ناوخۆ

سەروەری ناوخۆ ئاماژەیە بە کاروبارەکانی ناوخۆی دەوڵەت و شوێنی دەسەڵاتی باڵا لە نێو دەوڵەت. کەواتە سەروەرێکی ناوخۆ دەستەیەکی سیاسییە کە خاوەنی دەسەڵاتێکی ڕەها و کۆتایی و سەربەخۆی هەیە، یەکێک کە بڕیارەکانی پەیوەستە بە هەموو هاوڵاتی و گرووپ و دامەزراوەکان لە نێو کۆمەڵگە. زۆربەی تیۆری سیاسی هەوڵێک بوونە بۆ بڕیاردان بە وردی لە سەر ئەوەی شوێنی سەروەری لە کوێ بێت. هزرمەندانی پێشوو، پابەند بوون بەو باوەڕەی کە سەروەری دەبێ لە ژێر دەستی تاکە کەسێک دابێت، واتە پاشایەک. پاشا ڕەهاکان وەک "سەروەر" وەسفی خۆیان دەکەن، هەروەها دەتوانن مشتومڕی ئەوە بکەن، هەروەک لویسی vix فەڕەنسی سەدەی هەژدە کردی، ئەوان دەوڵەتن. گرینگی سەروەری لە دەستی تاکە کەسێکدا بێت ئەوەیە کە سەروەری ناتوانرێت دابەش بکرێت: واتە سەروەری تەنیا لە یەک دەنگدا دەردەبڕدرێت و دەتوانێت دەسەڵاتی کۆتایی ڕابگەیەنێت. ڕادیکاڵیترین دوورکەوتنەوە لەو بۆچوونە ڕەهاییەی سەروەری لە سەدەی هەژدەمەوە هات لە لایەن ژان ژاک ڕۆسۆ. ڕۆسۆ حوکمی پاشایەتی ڕەت کردەوە لە پێناو سەروەری میللی: واتە دەسەڵاتی ڕەها دەبێ لە ژێر دەستی خەڵک خۆیاندا بێت، ئەمەش لە ئایدیای " ویستی گشتی" یەوە باس کراوە. مەزهەبی سەروەری میللی زۆرجار بنەماکانی تیۆری دیموکراتی مۆدێرن دادەنرێت. بەڵام، سەروەری دەکەوێتە نێو دەستەکانی دەسەڵاتی یاسادانانیش. بۆ نموونە، جۆن ئۆستین (١٧٩٠–١٨٥٩) باسی ئەوە دەکات کە سەروەری بەریتانیا نە لە ژێر دەستی پاشا بوو نە خەڵکیش بگرە لە ژێر دەستی " پاشای نێو پەرلەمان" دابوو. ئەمە ئەسڵی سەروەری پەرلەمانتارییە، هەمیشە وەک بنەمای بنەڕەتی دەستووری بەریتانی دادەنرێت.

ئەوەی کە هەموو ئەو هزرمەندانە کۆک بوون لە سەری ئەوەیە کە پێیان وابوو سەروەری دەبێ بکەوێتە نێو دەستەیەکی بڕیاردراو. باوەڕیان بەوە بوو کە حوکمی سیاسی پێویستی بە هەبوونی دەسەڵاتێکی حەتمییە، هەروەها ناکۆک بوون دەربارەی ئەوەی ئەو دەسەڵاتە حەتمییە لە چی پێک هاتبێت و کێ خاوەنی بێت. ئەمەش ناسرا بە مەزهەبی نەریتی سەروەری. لە سەردەمی حکوومەتی دیموکراسی و فرە لایەنیدا، ڕەخنەیەکی زۆر لە مەزهەبی نەریتی دەگیرا. ڕکابەرانی مشتومڕی ئەوەیانە کە مەزهەبی نەریتی بەستراوەتەوە بە ڕابردووە حەتمییەکەی و بۆیە شتێکی نەویستراوە، یانیش ئەوەتا هیچی بە عەمەل نایەت بۆ سیستەمی مۆدێرنی حکوومەت کە بە پێی تۆڕێکی پشکنین و هاوسەنگی کار دەکات. بۆ نموونە، باسی ئەوە کراوە کە بنەما دیموکرات لیبرالییەکان زۆر دژی سەروەری دەوەستنەوە، لەوەشیاندا، باسی ئەوە دەکەن کە دەبێ دەسەڵات لە نێو ژمارەیەک دەزگە دابەش بکرێت، هیچ یەکێکیان ئامادە نین بە تەواوی مانای سەروەری، سەروەری خۆیان ڕابگەیەنن. ئەمە لە حاڵەتی سەروەری میللییش جێبەجێ دەبێت. هەرچەندە ڕۆسۆ هەرگیز نکۆڵی لەو باوەڕە نەکردووە کە سەروەری لە نێو خەڵکدایە، دانی بەوە داناوە کە " ویستی گشتی" ناتوانرێت دابەش بکرێت کە ڕەنگە لە لایەن تاکێکەوە دروست بێت، ڕۆسۆ ناو لەو تاکە دەنێت " یاسادانەر". ئەمە پاڵی بە توێژەرانەوە ناوە، وەک ج. ل. تالمۆن، ڕایبگەیەنێت کە رۆسۆ یەکێکە لە پێشەنگە هەرە ڕۆشنبیرەکانی تۆتالیتاریانیزمی سەدەی بیستەم. قسەی لەم شێوەیە کراوە لە سەر بنەمای بەریتانی لە سەروەری پەرلەمانی. ئەو حکوومەتانەی کە کۆنترۆڵی زۆرینەی ئەنجوومەنی گشتی House of Common بەریتانیا دەکەن، دەسەڵاتێکی دەستووری بێ سنووریان هەیە، لەم سۆنگەیەوە شتێک دروست دەکەن پێی دەوترێت " دیکتاتۆریەتی هەڵبژێردراو" یان " ئۆتۆکراسی مۆدێرن".

ئەرکی دیاریکردنی شوێنی سەروەری ناوەوە لە نێو حکوومەتی مۆدێرن زۆر زەحمەتە. ئەمە زۆر ڕوونە لە دەوڵەتە فیدڕاڵییەکان وەک ویلایەتە یەکگرتووەکان و کەنەدا و ئوستوڕالیا و هیندستان، کە حکوومەت لەو دەوڵەتانەدا بە سەر دوو ئاستدا دابەش کراوە، کە هەر یەکەیان دەسەڵاتێکی ئۆتۆنۆمی پیادە دەکەن. زۆرجار



دەوترێت فیدڕالیزم واتە هاوبەش بوونی سەروەری لە نێوان هەردوو ئاستدا، واتە لە نێوان مەرکەز و دەوروبەری مەرکەز. بەڵام، لە پێشخستنی فیکرەی سەروەری هاوبەش یان دابەشکراو، فیدڕالیزم چەمکەکە لە باوەڕی کلاسیکی دوور دەخاتەوە لە دەسەڵاتێکی سەروەری تاک و دابەش نەکراو. وێڕای ئەمەش، ڕەنگە پێشنیازی ئەوە بکات کە هیچ ئاستێکی حکوومەت دواجار بە سەروەری وەسف ناکرێت چونکە سەروەری لەگەڵ ئەو بەڵگەنامەیە کە دەسەڵات بە هەر ئاستێک دابەش دەکات: ئەویش دەستوورە. حکوومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان نموونەیەکی باشی ئەو هێن و منهێنەیە.

بێگومان مشتومڕی ئەوە دەکرێت کە سەروەری یاسایی لە نێو ویلایەتە یەکگرتووەکاندا لە نێو دەستووردایە چونکە دەستوور پێناسەی دەسەڵاتی فیدڕاڵی حکوومەت دەکات بە هۆی تەرخانکردنی ئەرکەکان و دەسەڵات و کارەکان بۆ کۆنگرێس و سەرۆکایەتی و دادگای باڵا، هەروەها پێناسەی سروشتی سیستەمی فیدڕاڵیش دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، گەر لە ڕێگەی دەسەڵاتەوە دەستوور لێک بدرێتەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین کە سەروەری لە نێو دادگای باڵا دایە. لە کردەدا، دەستوور ماناکەی دەوەستێتە سەر زۆرینەی نۆ دادگە باڵاکەی دادپەروەری. بەڵام، دادگای باڵا ناتوانرێت وا بە ئاسانی وەک ناوبژیوانێکی دەستووری باڵا وەسف بکرێت چونکە لێکدانەوەکەی بۆ دەستوور دەکرێ بە هۆی هەموارکردنی دەقە ئەسڵییەکە ئەنجام بدرێت. بەو پێیەش، دەکرێ بوترێت سەروەری لە نێو دەزگایەکە دەتوانێت دەستوور هەموار بکات: دوو لە سەر سێی زۆرینەی هەردوو کۆشکی کۆنگرێس و سێ چارەگی دەسەڵاتی یاسادانانی ویلایەتەکانی ئەمریکا، یاخۆ لە ڕێکەوتنێکدا کە تایبەت بێت بەو مەبەستە. لە لایەکی ترەوە، یەکێک لە بەندەکانی دەستوور، کە نوێنەرایەتی ویلایەت بۆ ئەنجوومەنی پیرانە، هەموار کردن دەخاتە پەراوێزەوە. بۆ ئاڵۆزتر کردنی پرسەکان، دەکرێ بوترێت کە سەروەری لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا سەرچاوەی گرتووە لە خەڵکی ئەمریکا خۆیان. ئەمە لە دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا باس کراوە (١٧٨٧) کە بەمە دەست پێ دەکات " ئێمەی خەڵکی........ هەروەها لە هەموار کردنی دەیەمدا دەڵێت کە دەسەڵاتەکان هی

کەس نین جگە لە ویلایەتەکان یاخۆ خەڵکی ئەمریکا". لە سۆنگەی ئەو ئاڵۆزییەشەوە، چەمکێکی سەروەری ڕەگی داکوتاوە لە نێو ویلایەتە یەکگرتووەکان کە تەواو جیاوازە لە سەروەری لە ئەوروپا.

بە پێچەوانەوە، زۆر باسی ئەوە کراوە کە لە بەریتانیا دەسەڵاتێکی یاسایی و بەرەنگاری نەکراو وجوودی هەیە لە فۆرمی پەرلەمانی وێستمنیستەر. بە پێی قسەکانی جۆن ستوارت میڵ کە دەڵێت " پەرلەمان دەتوانێت هەموو شتێک بکات، تەنیا ناتوانێت پیاو بگۆڕێت بۆ ئافرەت". پەرلەمانی بەریتانی دەسەڵاتێکی یاسایی بێ سنووری هەیە، ئەو دەسەڵاتە دەتوانێت هەر یاسایەکی بوێت دروستی بکات و هەمواری بکات و هەڵی بوەشێنێتەوە. پەرلەمان خاوەنی ئەم دەسەڵاتەیە چونکە بەریتانیا، بە پێچەوانەی زۆرینەی دەوڵەتەکانی تر، خاوەنی دەستوورێکی نووسراو نییە کە پێناسەی دەسەڵاتەکانی دامەزراوەکانی حکوومەت بکات بە پەرلەمانیشەوە. وێڕای ئەمەش، لە بەرئەوەی بەریتانیا سیستەمێکی یەکگرتوویی هەیە زیاتر لە سیستەمێکی فیدڕاڵی حکوومەت، هیچ یاسادانەرێکی ڕکابەر لە ئارادا نییە بۆ بەرنگار بوونەوەی دەسەڵاتی پەرلەمان، هەموو دەسەڵاتی یاسادانان لە یەک سەرچاوە هاتوون. پەرلەمان یاسا دروست دەکات و دەردەکات، ئەو یاسایە بەرزترین یاسا دەبێت لە وڵاتەکە، کەواتە پەرلەمان بە سەر جۆرەکانی تری یاسا زاڵ دەبێت وەک یاسای گشتی و یاسای کەیس و ئەو یاسایەی دادوەر دەری دەکات تا دوایی. دواجار، هیچ پەرلەمانێک ناتوانێت جێگرەوەکانی خۆی پێکەوە ببەستێتەوە، چونکە گەروا بکات ئەوا دەبێ ئەو یاسایانە پێودانگ بکات کە هەر پەرلەمانێکی داهاتوو بتوانێت دەسەڵاتی سەروەری خۆی ڕابگەیەنێت.

بەڵام، ئەوەش دەوترێت کە لە واقیعدا پەرلەمانی بەریتانی نە پێوەندی بە سەروەری یاسایی هەیە نە بە سەروەری سیاسیش. سەروەری یاسایی لە لایەن ئەندامیەتی یەکیەتی ئەوروپاوە دادەڕێژرێت. وەک هەر ئەندامێکی یەکیەتی ئەوروپا، بەریتانیا لە سەرەتای پابەند بێت بە یاسای ئەوروپی و بابەت بێت بۆ یاسای دادگای ئەوروپی دادپەروەر لە لۆکسمبۆرگ. ئەمە لە حاڵەتی فاکتۆرتەیم Factortame هات لە ساڵی ١٩٩١ کاتێ بۆ یەکەم جار دادگای دادپەروەری ئەوروپا دەسەڵاتی یاسا دانانی



بەریتانی بە نایاسایی وەسف کرد، لەم حاڵەتەی یاسای بازرگانی گواستنەوە و هێنان (١٩٨٨) چونکە ئەمە یاسای ئەوروپی بە لاوەنا بوو و بزووتنەوەیەکی ئازادی مسۆگەر کرد بۆ کاڵا و خەڵک لە نێو کۆمەڵگەی ئەوروپی. گەر پەرلەمان هیچی تر وەسف بکرێت بە سەوەری یاسایی، تەنیا ئەو واقیعە هەیە کە مافی یاسایی بە دەست دێنێت بۆ پاشەکشەکردن لە یەکیەتی ئەوروپا. لە ڕووی سیاسییەوە، پەرلەمان هەرگیز پێوەندی بە سەروەرییەوە نییە، ناتوانێت هەرچی پێی خۆشە بیکات. لە کردەدا، زنجیرەیەکی فراوانی دەمەزراوەکان هەڵسوکەوتی خۆیان زاڵ دەکەن، لەگەڵ دەنگدەر و بەرژەوەندی ڕێکخراو و بەتایبەتی ئەوانەی کە هێزی ئابووری و داراییان هەیە، شەریکی سەرەکی بازرگانین و ڕێکخراوی سوپەر ناشناڵن، هاوپەیمانی نێودەوڵەتین و تا دوایی. مافی پەرلەمان لە پاشەکشەکردنی لە یەکیەتی ئەوروپا تەنیا مافێکی نەتەوەییە. مادام زۆربەی بازرگانی بەریتانی لەگەڵ وڵاتەکانی تری یەکیەتی ئەوروپایە، هەڵوەشاندنەوەی ئەندامیەتی بەریتانیا کولفەی ئابووری زۆری تێ دەچێت، کە بۆ هەر مەبەستێکی کردەیی بێت کارێکە هەرگیز بیری لێ ناکرێتەوە.

## سەروەری دەرەوە

سەروەری دەرەوەر ئاماژەیە بە شوێنی دەوڵەت لە نێو ڕیزبەندی نێودەوڵەتی، واتە پێوەندی سەروەری سەربەخۆیی دەوڵەت بە وڵاتانی ترەوە. دەکرێ دەوڵەتێک سەروەر بێت بە سەر خەڵکەکەی و هەرێمەکەی سەرەڕای ئەو واقیعەی کە هیچ کەسێکی سەروەر لە نێو پێکهاتەی حکوومەتی ناوەوەدا نییە. سەروەری دەرەوە هەر ڕێزی لێ دەگیرێت، هەرچەند سەروەری ناوەوە مشتومڕی لە سەر بێت و بە گرفت بێت. وێڕای ئەمەش، لە کاتێکدا پرسیارەکانی لەمەڕ سەروەری ناوەوە لە سەردەمێکی مۆدێرندا بە کۆن دەردەکەون، پرسی سەروەری دەرەوە بە تەواوی درەنگ کەوتووە، بە هەقیقەت، هەندێ لە دابەشبوونە قووڵەکانی لە سیاسەتی مۆدێرندا بانگەشەی بە مشتومڕ هەڵدەگرن بۆ ئەم جۆرە سەروەرییە. بۆ نموونە، ڕیشەی ململانێی عەرەب و ئیسرائیل دەچێتەوە سەر پرسی سەروەری. فەلەستینییەکان لەوەتەی هەن وێڵن بە دوای دامەزراندنی نیشتمانێک و سەروەری بێ سنووری دەوڵەت لەو ناوچەیەی کە

ئێستا بە دەستی ئیسرائیلییەکانە، لە بەرابەر ئەوەشدا، ئیسرائیلییەکان ئەم داوایە بە مەترسییەک دەزانن بۆ سەر سەروەری خۆیان. بایەخی سەروەری دەرەوە لە لایەن لێک ترازانی دەوڵەتە فرە نەتەوەکانیش هەر هەبوو وەک یەکیەتیی سۆڤیەت و یوغسلاڤیا. دوا بە دوای ڕووخانی کودەتای سەربازی سۆڤیەت لە مانگی هەشتی ساڵی ١٩٩١، هەریەک لە پانزە ویلایەتەکەی یەکیەتیی سۆڤیەت پێی داگرت لە سەر سەربەخۆیی خۆی بە هۆی ڕاگەیاندنی دەوڵەتێکی سەروەر، بە هەمان شێوە، کۆمارییەکانی یوغسلاڤیا، بە سەر کردایەتی و کرواتیا و سلۆڤینیا و بۆسنیا لە یەکیەتییەکە جیا بوونەوە بە هۆی ڕاگەیاندنی سەروەری خۆیان. بەڵام، ئەمە زۆر بە توندی بە لایەنی کەمەوە لە لایەن سربیاوە بەرەنگاری کرایەوە، دواتر خۆی وەک بەرگریکەری سەروەری یوغسلاڤیا نیشان دا.

لە ڕووی مێژووەوە، ئەم بیرۆکەیەی سەروەری بەند بووە بەو ڕەنجەی دراوە بۆ حکوومەتی میللی، هەردوو ئایدیا بەند بوون بە یەکەوە بۆ دروستکردنی بیرۆکەی مۆدێرنی " سەروەری نەتەوەیی". سەروەری دەرەوە لەو کاتەوە بنەماکانی سەربەخۆیی نەتەوەیی و خۆ حوکمکردنی گرتووەتە خۆ. تەنیا گەر نەتەوەیەک سەروەر بێت، ئەوا خەڵکەکەی دەتوانێت چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن بە پێی پێداویستی و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان. کاتێ داوا لە نەتەوەیەک دەکرێت دەستبەرداری سەروەرییەکەی بێت، ئەوا وەک ئەوەیە داوا لە خەڵکەکەی بکەیت دەستبەرداری ئازادییەکەیان بن. لە بەر هەندێ سەروەری دەرەوە یان نەتەوەیی زۆر بە قووڵی هەستی پێ دەکرێت کاتێ هەڕەشەی لێ دەکرێت، بۆیەشە زۆر بە توندی بەرگری لێ دەکرێت. ئەم هێزە کاریگەرەی ناشنالیزمی سیاسی باشترین بەڵگەی ئەمەیە.

هەرچەندە بنەمای سەروەری دەرەوە بە فراوانی هەستی پێ کراوە، بە هەقیقەت وەک بنەمایەکی بنەڕەتی یاسای نێودەوڵەتی ڕێزی لێ دەنرێت، کەچی ڕەخنەی هەر لێ دەگیرێت. بۆ نموونە، هەندێ ئاماژە بەوە دەکەن کە لە ئاکامی ئەم سەروەرییەدا یاسایەکی تایبەت و بێ سنوور دەبەخشرێت بەو دەوڵەتە و دەتوانێت بە هەر شێوەیەک بیەوێت مامەڵە لەگەڵ هاوڵاتیانی بکات. بە داخەوە، سەدەی بیستەم بەڵگەی داوەتە دەست لە سەر توانای دەوڵەتان بۆ تۆقاندن و تیرۆرکردن و تەنانەت لە





هاوڵاتیانی خۆیان. لە ئاکامدا، ئێستا بە شێوەیەکی بەرفراوان پەسنی ئەوە دەکرێت کە دەوڵەتان دەبێ پابەند بن بە بنەما بەرزە ئەخلاقییەکان، کە هەمیشە لە نێو مافەکانی مرۆڤ باسیان لێوە دەکرێت. هەوڵ دراوە بۆ دانانی ئەو بنەمایانە لە نێو یاسای نێودەوڵەتی، بە تایبەتی لە جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە (١٩٤٨). وێڕای ئەمەش، هەندێ جار دەوترێت کە مشتومڕە کلاسیکییەکەی لە مەڕ سەروەری دەچێتە ئەودیو سەروەری نەتەوەیی. هزرمەندانی وەک بۆدین و هۆبز جەخت دەکەنە سەر ئەو سەروەرییەی کە تاکە بەدیلە بۆ ئاژاوە و گێرەشێوێنی و ناسەقامگیری. تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، جێبەجێکردنی بنەماکانی سەروەری نەتەوەیی بە خراپی لە نێو سیاسەتە نێودەوڵەتییەکان ڕەنگی داوەتەوە. لە بەر نەبوونی دەسەڵاتێکی باڵای نێودەوڵەتی، دەمەتەقێکانی نێوان دەوڵەتە ڕکابەرەکان بەرەو ململانێی چەکداری و شەڕیان دەبات، هەروەک چۆن بە بێ سەروەرییەکی ناوخۆ ململانێ لە نێو تاکەکان بەرەو دڕندەیی و نادادپەروەرییان دەبات. بەم شێوەیە، مەزهەبی کلاسیکی سەروەری دەکرێ بگۆڕێت بە مشتومڕێک لە پێناو حکوومەتی جیهانی.

دواجار، زۆرێک پرسیاریان کردووە ئایا بیرۆکەی سەربەخۆیی یاخۆ دەوڵەتی سەروەر هیچی تر مانا ئەبەخشێت لە نێو ئەم جیهانە فراوانەی کە تا دێ سەربەخۆتر دەبێت. بۆ نموونە، ژیانی ئابووری مۆدێرن کەوتووەتە ژێر دەستی چەند کۆمپانیایەکی جیهانی و بازرگانی نێودەوڵەتی، بە جۆرێک وای لێ هاتووە گەر هەر نەتەوە دەوڵەتێک ناو لە خۆی بنێت سەروەر ئەوا وەهمێکی کەللە ڕەقانە و بێ هوودەیە. سەرەڕای ئەوەش، گەر سەروەری لە ڕووی سیاسەتدا لێک بدرێتەوە، ئەوا زەحمەتە بڵێیت چەند دەوڵەت یان کام دەوڵەت خاوەنی سەروەری دەرەوەیە. دەسەڵاتی توند ڕوون و ئاشکرا بە نایەکسانی لە نێو وڵاتانی جیهاندا دابەش کراوە. لە زۆربەی کاتەکانی دوای جەنگی جیهانی دووەم جیهان کەوتە ژێر دەستی دوو زلهێزی گەورە و کاریگەر: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکیەتیی سۆڤیەت، کە نەک هەر تەنیا زۆربەی چەکی ناوکی جیهانیان بە دەست بوو بگرە تۆڕێکی هاوپەیمانیەتییان پێک هێنا بۆ بەرگ پۆشکردن و بەهێز کردنی هێز و

دەسەڵاتەکانیان. بۆیە باسی ئەوە دەکرێت کە تەنیا ئەو دوو دەوڵەتە ئەو کاتە سەروەر بوون، واتە تەنیا ئەوان خاوەنی هێزی ئابووری و سەربازی بوون کە بتوانن سەربەخۆیییەکی ڕاستەقینەیان هەبێت. لە لایەکی ترەوە، وجوودی هەردوو زلهێز سەروەری یەکتریان ڕەت دەکردەوە. ئەمەش، بۆ نموونە، ویلایەتە یەکگرتووەکان و یەکیەتیی سۆڤیەتی ناچار کرد پارەی زیاتر سەرف بکەن و هەنگاوی زیاتر بهاوێن بۆ بەرنامەی سەربازی تاوەکو هەریەکە سەروەری خۆی بسەلمێنێت. مشتومڕی ئەوەش لە گۆڕێ دایە کە ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت دواجار واقیعێکی سەروەری سیاسی دروست کرد بە هۆی دروستکردنی جیهانێک لە ژێر دەستی یەک تاکە زلهێزی دونیا، ئەویش: ویلایەتە یەکگرتووەکانە. ئەم هەقیقەتە لە جەنگی کەنداوی ساڵی ١٩٩١ خرایە ڕوو. سەرەڕای جەنگەکە بەهێزی و کاریگەری هێزی سەربازی ئەمریکای سەلماند، سەربەخۆیی ویلایەتە یەکگرتووەکانیشی دووپات کردەوە، لەم حاڵەتەدا بە هۆی هاوپەیمانی دەوڵەتە عەرەبییەکان و هێزە ڕۆژئاواییەکان کە کردەی سەربازییان هەبوو لە ڕووی دیپلۆماسییەوە پەسن بوو. بوودەڵەیی ئەم هاوپەیمانیەتییەی دژی عێراق یەکێک لەو هۆکارانەی کە قەناعەتی بە ئیدارەی بوشی باوک هێنا کۆتایی بە جەنگەکە بهێنێت کاتێ عێراق لە کوێت پاشەکشەی پێ دەکرێت نەک پێش لابردنی سەدام حوسێن.

## نەتەوە

بۆ ماوەی دوو سەد ساڵ زیاتر، نەتەوە بە حوکمێکی سیاسی یەکگرتوو و ڕەوا دادەنرا. ئەم باوەڕە ڕەنگی دایەوە لە خواستی بەرچاوی ناشنالیزم. بێ شک، ناشنالیزم کاریگەرترین ڕێبازە سیاسییەکانی جیهانە لە زۆربەی کاتەکانی سەدەی نۆزدە و سەدەی بیستەم. ناشنالیزم ئەو مەزهەبەیە کە تیایدا هەر نەتەوە و مافی چارەی خۆنووسینی هەیە، ڕەنگدانەوەی ئەو باوەڕەیە کە، بە پێی پێویست، سنوورەکانی نەتەوە و سنوورەکانی دەوڵەت دەبێ یەک بن. بۆیە، ئایدیای " نەتەوە" بەکارهێنراوە وەک ڕێگایەک بۆ دامەزراندنی بنەمای ڕێکوپێک بۆ سنوورەکانی دەوڵەت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەرزترین فۆرمی ڕێکخراوی سیاسی نەتەوە–



دەوڵەتە، واتە هەر نەتەوەیەک بریتییە لە کیانێکی سەروەر. ناشنالیزم نەخشەی جیهانی دووبارە کێشایەوە و بەردەوامیش دەبێت لە ئەنجامدانی ئەم کارە، لە پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە ئەوروپییەکان لە سەدەی نۆزدەمەوە، بۆ کۆششەکانی ئازادی نەتەوەکانی سەردەمی دوای جەنگی دووەمی جیهان، بۆ ڕووخانی دوا دەوڵەتە سەرەکییە فرە نەتەوەکانی وەک یەکیەتیی سۆڤیەت و یوغسلاڤیا لە کۆتای سەدەی بیستەم. بەڵام، زۆر جار ڕوون نییە چی " نەتەوە" پێک دەهێنێت، یاخۆ بۆچی نەتەوەکان دەبێ بە تاکە حوکمی سیاسی یەکگرتوو و ڕەوا دابنرێن. ئیستاشی لەگەڵدا بێت زۆر زەحمەتە خاسیەتی سیاسی ناشنالیزم دەستنیشان بکەیت، ناشنالیزمێک کە هەندێ جار گرێ دەدرێت بە ڕەگەزپەرستی و دوژمنایەتی، بەڵام جاری واش هەیە بەندە بە سازان و سەقامگیری نێودەوڵەتی. دواجار، پێشنیاز کراوە کە ڕۆژەکانی نەتەوە–دەوڵەت هەژمار دەکرێت، کە بیرۆکەی نەتەوە بیرۆکەیەکی هەڵواسراوە لە لێکترازانی ئیمپراتۆرەکانی سەدەی نۆزدەمەوە و هیچ شوێنێکی نەبوو لە جیهانی هاوکاری نێودەوڵەتی.

## نەتەوە سیاسی و کولتوورییەکان

زۆربەی جار، زاراوەی "نەتەوە" لەگەڵ زاراوەی " وڵات" یان " دەوڵەت" تێکەڵ و پێکەڵ دەکرێت. بۆ نموونە، ڕوونە کاتێ زاراوەی " نەتەوایەتی" بەکاردەهێنرێت بۆ ئەندامبوون لە دەوڵەتێکی دیاریکراو، ڕوونتر پێی دەوترێت " هاوڵاتیبوون". ئەو تێکەڵییە لە ناونیشانی " نەتەوە یەکگرتووەکان" یش بەدی دەکرێت، ڕێکخراوێکە کە بە ڕوونی واتە چەند دەوڵەتێک نەک گەل یا نەتەوە. " نەتەوە" یەک واتە کیانێکی کولتووری، چەند خەڵکێک پێکەوە دەژین و کەلەپووری کولتووری هاوبەشیان هەیە. کەواتە، کۆمەڵەیەکی سیاسی نییە، نەشبەستراوەتەوە بە ناوچەیەکی هەرێمی تایبەت. ڕەنگە نەتەوەکان دەوڵەتیان نەبێت چونکە، وەک هەموو نەتەوە ئەفریقییەکان و گەلێ نەتەوەی ئاسیاییەکان لە سەرەتای سالانی سەدەی بیستەم، بابەت بوون بۆ دەسەڵاتی ئیمپراتۆری بێگانە، یاخۆ چونکە دەخرانە پاڵ دەوڵەتە فرە نەتەوەکان وەک شانشینی یەکگرتوو و یەکیەتیی سۆڤیەتی کۆن. ڕەنگە نەتەوەکان بێ خاکیش بن،

هەروەکو جووەکان بێ خاک بوون تا دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٤٨، هەروەکو فەلەستینییەکان کە لەو کاتەوە هەر بێ خاکن.

ئەو هۆکارە کولتوورییانەی کە پێناسەی نەتەوەیەک دەکەن عادەتەن زمان و ئاین و نەریتە هابەشەکان و ئاگا مێژووییەکان و تا دوایین. ئەمانە خاسیەتی خودین بەڵام بە هیچ شێوەیەک ناگەنە ئەو ئاستەی بڕیاری ئەوە بدەن کەی نەتەوە وجوودی هەیە و کەیش وجوودی نییە. بە واتایەکی دیکە، ئەمانە چەند نموونەیەکن بۆ نەتەوەی سەرکەوتوو کە زیاتر لە یەک ئاینییان تیایە وەک سویسرا کە چەندین زمانی تیایە، هەروەها وەک ئەندەنووسیا چەندین ئاینی تیایە، یاخۆ لە حاڵەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە بریتییە لە زنجیرەیەکی فرە نەریتی مێژوویی و فرە باکگراوندی تایفی. دواجار، نەتەوەکان دەکرێ بابەتییانە پێناس بکرێن، واتە بە هۆی هۆشیاری نەتەوایەتی گەل یاخۆ ئەوەی پێی دەوترێت هۆشمەندی نەتەوەی گەل. ئەو هۆشمەندییەش واتای کۆمەڵگەیەکی تایبەت یان دڵسۆزییەک ئەبەخشێت، کە هەمیشە وەک " نیشتمان پەروەری" باسی لێوە دەکرێت، واتە خۆشەویستی بۆ وڵات. توێژەرانی وەک ئیرنەست گێلنەر لە کتێبەکەی بە ناوی " نەتەوەکان و ناشنالیزم (١٩٨٣)"،پەنجەی خستووەتە سەر ئەوەی کە خاسیەتی پێناسکراوی هۆشمەندی نەتەوەیی هەر تەنیا هەستێکی دڵسۆزانە نییە یان سۆزێک نییە بەرامبەر نەتەوەکەت بگرە هەستێکی سەربەخۆیی و خۆ حوکم کردنیشە. نەتەوە خۆی پێناسە دەکات لە ڕێگەی داواکارییەکەی بۆ دەوڵەتێکی سەربەخۆ. گەر نەتەوەیەک بکەوێتە نێو یاخۆ بەشێک بێت لە هەر دەوڵەتێک هەوڵی جیابوونەوە دەدات و سنوورەکانی خۆی سەرلەنوێ دەکێشێتەوە. تێڕوانینێکی تر هەیە کە دەڵێت داواکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ یەکێکە لە هەستە نەتەوەییەکان، خاسیەتی پێناسە کراوی ناشنالیزم بریتییە لە تواناکەی لە نواندنی بەرژەوەندییە ئابووری یان مادییەکانی گرووپێکی نەتەوەیی. بۆ نموونە، ئەم بۆچوونە پەسنی ئەوە دەکات کە ئارەزووی "باسکوێزە" فەرەنسییەکان بۆ پاراستنی زمان و کولتووری خۆیان یەکێکە لە هەوڵە نەتەوەییەکان هەروەک چۆن خەباتی باسکوێزەکان بۆ جیابوونەوە لە ئیسپانیا بەرپا بوو.



لە بەرئەوەی دووپاتکردنەوەی بە دەوڵەت بوون چەند داواکارییەکی گرینگی سیاسی لەگەڵدایە، بۆیە پێناسەی " نەتەوە" جۆرێک لە هاودژی دەکەوێتەوە. زۆربەی ململانێ سیاسییەکان لە سەر نەتەوە، لە سەر ئەوەیە کە ئایا گرووپێکی تایبەت دەکرێ بە " نەتەوە" دابنرێت. ئەمە زۆر ڕوون و ئاشکرایە لە خەباتی " سیخییەکان" لە پێناو نیشتمانێکی سەربەخۆ بە ناوی "خالیستان" لە پونجاب و، هیندستان، هەروەها لە هەڵمەتەکەی کویبیکییەکان لە پێناو جیا بوونەوەیان لە کەنەدا، هەروەها لە داواکارییەکانی حیزبی نەتەوەی سکۆتلەندا SNP بۆ سەربەخۆیی لە نێو ئەوڕوپا. ناسنامە نەتەوەییەکان، جار جار، بە سەریەکدا دەکەون و زۆر زەحمەتە لە یەکتر جیا ببنەوە. ئەمەش زۆر ڕوون و ئاشکرایە لە شانشینی یەکگرتوو، کە یان ئەوەتا بە یەک نەتەوەی بەریتانی دادەنرێت، یانیش ئەوەتا بە چوار نەتەوەی جیا دادەنرێت ئەوانیش " ئینگلیزەکان، سکۆتلەندییەکان، وێلزییەکان و ئێرلەندای باکوور"، یاخۆ پێنج نەتەوە گەر ڕەچاوی دابەشبوونی کاسۆلیکی و پرۆتێستانتەکان بکرێت لە ئێرلەندی باکوور. ئەم جۆرە سەین و بەینە ڕوودەدات چونکە هاوسەنگی نێوان باڵی کولتووری و سیاسی هەر دەوڵەتێک بێ سنوور و جیاوازە. مێژوو نووسی ئەڵمانی " فرێدریک مینێکی" لە کتێبەکەی بە ناوی " کۆزمۆپۆلیتانیزم و نەتەوەی دەوڵەت (١٩٠٧ و ١٩٧٠)" هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو پرسەی داوە بە هۆی جیاکردنەوەیەک لە نێوان " نەتەوە کولتوورییەکان" و "نەتەوە سیاسییەکان"، بەڵام کاتێ لایەنە سیاسی و کولتوورییەکان زۆر بە توندی پێکەوە گرێدراون ئەوا ئەو ئەرکە زۆر زەحمەت دەبێت.

چەند هۆیەکی بەهێز هەیە لە پاڵ باوەڕکردن بەوەی کە تا ڕادەیەک هەموو نەتەوەکان بە هۆکاری کولتووری و مێژوویی و ڕەگەزییەوە دروست بوونە. لە کتێبەکەی بە ناوی " ئەسڵی ڕەگەزی نەتەوەکان (١٩٨٦)"، ئەنتۆنی سمیس باس لەوە دەکات کە نەتەوە مۆدێرنەکان دروست بوون بە هۆی وەرگرتنی سیمبۆلیزم و ئەفسانەی کۆمەڵگە ڕەگەزییە مۆدێرنەکانی پێش خۆیان، کە پێی دەڵێت " ڕەگەزەکان". کەواتە " نەتەوە" لە مێژووەوە دروست دەبێت: ڕەگی داکوتاوە لە نێو زمان و کەلەپووری کولتووری گشتی کە ڕەنگە بۆ ماوەیەکی درێژ هەوڵی بە دەستهێنانی دەوڵەتی دابێت یاخۆ داوای سەربەخۆیی نەتەوەیی کردبێت. نەتەوە

مۆدێرنەکان دێنە ئاراوە کاتێ ئەو ڕەگەزە دامەزراوانە پێکەوە دەبەسترێنەوە بۆ ڕێچکەیەکی سەروەری میللی و گرێ بدرێن بە نیشتمانێکی مێژوویی. ئەمەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە بۆچی زۆرجار ناسنامەی نەتەوەیی لە نێو داوونەریتەکانی جیلی ڕابردووەوە باس دەکرێت، هەروەک زۆر ڕوون و ئاشکرایە لە حاڵەتی یۆنانییەکان و ئەڵمانییەکان و ڕووسییەکان و ئینگلیز و ئێرلەندییەکان و تا دوایی. بە پێی ئەم ڕوانگەیەش، دەکرێ نەتەوەکان بە " ئۆرگانیگ" دابنرێن، واتە بە هۆی هێزە سروشتی و مێژووییەکانەوە دروست بوونە نەک هێزە سیاسییەکان. ئەمەش ڕەنگە وا لێکبدرێتەوە کە " نەتەوە کولتوورییەکان" سەقامگیر و ئارام بن و بە یەکەوە گرێ بدرێن بە هۆی هەستێکی بەهێز و مێژوویی یەکگرتوویی نەتەوەیی.

هەندێ فۆرمی ناشنالیزم زۆر بە ڕوونی کولتوورین نەک سیاسی لە ڕووی خاسیەتەوە. بۆ نموونە، سەرەڕای داواکاری " پلێد سیمرو"وەکان بۆ جیابوونەوە لە دەوڵەتی وێڵز، ناشنالیزم لە وێڵز زیاتر لەو ئارەزووە پێک هاتووە بۆ بەرگریکردن لە کولتووری وێڵزییەکان، بە تایبەتیش پاراستنی زمانی وێڵزی. بە هەمان شێوە، شانازی نەتەوەیی بەریتانییەکان سەرچاوەی لە بزووتنەوەیەکی کولتووری گرتووە نەک لە هەوڵی جیابوونەوە لە فەڕەنسا. ناشنالیزمی کولتووری زۆر جار بە " یەک کولتووری" ethnocentrism باسی لێوە دەکرێت، واتە پەیوەست بوون بە کولتوورێکی تایبەت وەک سەرچاوەیەک بۆ ناسنامە و سەرچاوەی ڕوونکردنەوەی ئەم کولتوورە. هەروەک نەتەوەکان، گرووپە ڕەگەزییەکان وەک کۆمەڵگە ئەفرۆ کاریبییەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا کولتوورێکی جیاواز و پێشکەوتوویان هەیە. بەڵام، بە پێچەوانەی نەتەوەکان، گرووپە ڕەگەزییەکان هەمیشە هەوڵی پاراستنی ناسنامەی کولتوورییان دەدەن بێ ئەوەی داوای سەربەخۆیی سیاسیی بکەن. لە کردەدا، جیاوازی نێوان " ڕەگەزێکی کەمینە" و نەتەوەیەکی گەورە ڕەنگە جیاوازییەکی لێڵ بێت، ناشنالیزمی کولتووری ڕەنگە لە زۆر ڕووەوە خاسیەتی ناشنالیزمی سیاسی لە خۆ بگرێت. هەرچەندە ناشنالیزمی ڕەش لە ویلایەتە یەکگرتووەکان زۆر پەنجە دادەگرێت لە سەر ڕەگەزایەتی، بۆ نموونە، لە ئارەزووی ڕاگەیاندنی ناسنامە و نەریتە کولتوورییە ئەفریقییەکان، لە بزووتنەوەی دەسەڵاتی ڕەش لە ساڵانی



شەستەکان فۆرمێکی سیاسی و شۆڕشگێڕانەی وەرگرت، سەرکردەکان داوایان کرد وەک مالکۆڵم (١٩٢٦–٦٥) بۆ جیابوونەوەیەکی حەتمی ڕەگەزەکان. بە هەقیقەت، بەردەوامی ناسنامەی ڕەگەزی، هانی هێزە ناوەندییەکانی داوە لە نێو دەوڵەتە مۆدێرنەکان، داواکاری دروست کردووە بۆ دەسەڵاتی هەرێمی یان مەحەلی وەک دژێک بۆ یەکڕیزی نێودەوڵەتی.

لە حاڵەتەکانی تر، ناسنامەی نەتەوەیی بە چەند بارودۆخێکەوە ساختە کراوە کە فۆرمی سیاسی دراوەتە پاڵ.بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و فەڕەنسا زۆربەی جار بە نموونەیەکی کلاسیکی ئەمە دادەنرێن. لە حاڵەتی بەریتانیادا، نەتەوە یاخۆ شانشینی یەکگرتوو لە سەر بنچینەی یەکیەتی چوار نەتەوەی کولتووری دامەزراوە: ئیگلتەڕا و سکۆتلەندا و وێڵز و ئێرلەندای باکوور. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە " خاکی کۆچبەران" دادەنرێت چونکە هەموو جۆرە خەڵکێکی جیهانی تیایە. لەم جۆرە بارودۆخانەشدا، دەوڵەتی ئەمریکا زیاتر پەرەی سەند لە ئەنجامی پابەند بوونێکی گشتی بۆ بنەماکانی دیموکرات _ لیبرالەکان کە لە نێو بەیاننامەی سەربەخۆیی و دەستووری ئەمریکادا هاتووە کە بە دەرە لە دانپیانانی پێوەندییە کولتووری و مێژووییەکان. ناسنامەی نەتەوەیی فەڕەنسی دەوەستێتە سەر ئەو نەریتانەی کە بەستراونەتەوە بە شۆڕشی ١٧٨٩ و بنەماکانی ئازادی و یەکسانی و برایەتی. لە ڕووی تیۆرییەوە، ئەم جۆرە نەتەوانە دامەزراون لە سەر بنچینەی پەسنکردنی ئارەزوومەندانەی کۆمەڵێک بنەما یان ئامانجی گشتی وەک دژێک بۆ ئەو ناسنامە کولتوورییەی پێشتر هەبووە. هەندێ مشتومڕی ئەوە دەکرێت کە ستایلی ناشنالیزم لە نێو ئەم جۆرە کۆمەڵگەیانە پەرە دەسێنێت ستایلێکی تا بڵێی دیموکرات و لێبوردەیە. بۆ نموونە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تا ڕادەیەکی زۆر پاڵپشتی سازانی کۆمەڵایەتی و یەکڕیزی سیاسی دەکات لە دژی باکگراوندی قووڵی فرە ئاین و زمان و کولتوور و ڕەگەز. لە لایەکی ترەوە، نەتەوە سیاسییەکان هەندێ جار ناتوانن سەربکەون لە ڕووی پێکهێنانی هاوکاری کۆمەڵایەتی و هەستی یەکڕیزی مێژوویی کە لە نێو نەتەوە کەلتورییەکاندا هەیە. ئەمە، لە ساڵانی شەستەکان، لە گەشەی ناشنالیزمی سکۆتلەندی و وێڵزییەکان

بەدی دەکرێت لە بەریتانیا.

چەند گرفتێکی تایبەتی سەریان هەڵداوە لە ئاکامی پێشکەوتنی وڵاتانی جیهان لە خەباتی بەدەستهێنانی ناسنامەیەکی نەتەوەیی. لە دوو ڕوودا، پێشکەوتنی نەتەوەکانی جیهان لایەنێکی سیاسی لە پاڵدایە. ڕووی یەکەم، لە گەلێ حاڵەتدا، دەوڵەتیان بە دەست هێناوە تەنیا پاش خەباتیان دژی حوکمڕانی داگیرکەر، بۆیە ناسنامەی نەتەوەییان کاریگەری داوای ئازادی نەتەوەیی لە سەربووە. کەواتە ناشنالیزم لە جیهانی پێشکەوتوودا، فۆرمی ئەنتی کۆلۆنیالیزمی وەرگرتووە

anticolonialism واتە دژی حوکمڕانی داگیرکەر، هەروەها لەوەتەی ئازادی

خاسیەتێکی پۆستکۆلۆنیالی وەرگرتووە postcolonial واتە: (پاش داگیرکاری). دووەم ڕوو، ئەو نەتەوانە دروست بوونە بە هۆی ئەو سنووورە ناوچەییانەی کە لە حوکمڕانە داگیرکارییەکانی پێشوو بۆیان ماوەتەوە. ئەمە زۆر ڕوون و ئاشکرایە لە ئەفریقیا، کە نەتەوەکانی زنجیرەیەکی فراوان لە گرووپی ڕەگەزی و ئاینی و هەرێمی دەگرنە خۆ، هەموویان پێکەوە بەندن بە هۆی مێژوویێکی داگیرکراوی گشتییەوە. لە ئەنجامدا، وڵاتانی ئەفریقی، ئەزموونی دابەشبوون و ئاژاوەی ناوخۆیان بینیوە. بۆ نموونە، نێجیریا، کە زیاتر لە ٢٥٠ گرووپی تایفی تیایە، سێ ساڵ شەڕی ناوخۆی دیوە لە ساڵانی شەستەکان کاتێ "ئیبۆییەکان" لە ڕۆژهەڵاتی وڵات هەوڵی جیابوونەوەیان دا و دەوڵەتی سەربەخۆی "بایافرا" یان دامەزراند. لە ئەفریقیای ڕۆژهەڵاتدا، سودان بە هۆی شەڕە درێژەکەی ناوخۆ لە لای باشوور توایەوە، کە تیایدا سودانییە مەسیحییەکان دژی موسڵمانانی باکوور وەستانەوە، ئەو ململانێیەش سەری هەڵدا لەبەرئەوەی هەوڵ درا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی لە سودان.

## ناشنالیزم و کۆزمۆپۆلیتانیزم

لە نێو ناخی ناشنالیزمدا مەفهومێکی سروشتی مرۆڤ هەیە. گەر نەتەوە تەنیا بە کۆمەڵگەیەکی سیاسی ڕەوا دابنرێت، ئەوا لەبەرئەوەیە کە سروشتی مرۆڤ حەز بەوە دەکات بەرەو مرۆڤی تر بچێت و لەگەڵ کێ وێکچوونە کولتوورییەکانیان هاوبەش بکەن. لەم ڕووەوەش، نەتەوەکان کۆمەڵگەی ئۆرگانیکین کە لە یەک کاتدا پەرە



دەسێنن. هزرمەندە پارێزکارەکان هەمیشە ئامادەیی خۆیان وەرگرتووە بۆ برەودان بەم مشتومڕە بەو باوەڕەی کە مرۆڤ بوونەوەری ناسەربەخۆن و پشت بە ئەوانی تر دەبەستن، بە بێ ویستی خۆیان دەچنە پاڵ یەکتر چونکە دەوڵەت ناسنامەی کۆمەڵایەتی و ئاسایشیان بۆ دابین دەکات، پسپۆرانی بواری بایۆلۆژی وەک "ڕۆناڵد دۆکینس (١٩٨٩)" پێشنیازی ئەوەیان کردووە کە هەوڵی دروستکردنی گرووپی خزمایەتی ڕەگی داکوتاوە لە نێو چینەکانی مرۆڤ، بیرۆکەیەک کە دەتوانرێت سەرهەڵدانی ڕەگەزی و نەتەوەیی و گرووپەکان شی بکاتەوە. لە لایەکی ترەوە، بە جۆرێک بیر دەکرایەوە کە نەتەوەکان دروست بوونە لە هێزە ئایدیۆلۆژی و سیاسییەکان. لە کتێبەکەی بە ناوی Imagined Communities، بێندیکەت ئاندەرسۆن جەخت دەکاتە سەر ئەو خاڵەی کە نەتەوەکان وجوودیان هەیە وەک وێنەی ئەقڵانی نەک کۆمەڵگەی ڕاستەقینە. تەنانەت لە نێو بچووکترین نەتەوەش نەبووە یەکێک بگات بە ناسنامەیەکی کولتووری ئەو کەسەی کە لەگەڵی دەژیت. باوەڕی بە نەتەوە گەیشتووەتە ئەوپەڕی گرینگی سیاسی، جا ئەو باوەڕە چ سروشتی بێت چ کیانی ئایدیۆلۆژی بێت. سروشتی نەتەوە مشتومڕی زۆر لە سەرە. بە تایبەتی، ئایا نەتەوەکان گرووپی تایبەتین، ئایا گرووپی کەمینەی پێشوازی نەکەر و بێ لێبوردەن، ئایا گرووپی بە گومانن، ئایا گرووپی دوژمنکارین دژی نەتەوەکانی تر؟ یاخۆ، ئایا نەتەوەکان دەتوانن پێکەوە بە ئاشتی و سازانەوە بژین، هەروەها پەسنی فرە کولتوور و ڕەگەزی لە نێو سنوورەکانیان دەکەن؟

چەند فۆرمێکی ناشنالیزمی بێ گومان نا لیبرال و بێ لێبوردەن. ئەمەش جێبەجێ دەبێت کاتێ نەتەوە پێناس دەکرێت بە زاراوەی تایبەت و تەسکبین، جودابوونەوەیەکی توند دروست دەکات لە نێوان ئەوانەی کە ئەندامی نەتەوەیەکن و ئەوانەی کە نامۆن بەو نەتەوەیە. ناشنالیزمی تایبەت وەڵامێکە بۆ ئەو تێگەیشتنەی کە نەتەوە لە ژێر مەترسیدایە لەگەڵ یان بەبێ ئەو تێگەیشتنەی کە هەستێکی بەرزی یەکگرتن دەورووژێنێت، هەروەها زۆر جار لە چوارچێوەی دوژمنایەتی یان تۆڵە سەندنەوە دەردەبڕدرێت. یەکڕیزی نەتەوە دەکرێ ڕووبەڕووی چەندین هۆکاری جیا جیا بێتەوە، لەوانەش: گۆڕانێکی خێرای ئابووری کۆمەڵایەتی و ناسەقامگری سیاسی و

پێشبڕکێی کۆمەڵگە و ڕاپەڕین لە سەر پرسی کۆچکردن و گەشەی دەسەڵاتی وڵاتانی دراوسێ. لەم جۆرە حاڵەتانەشدا، ناشنالیزم ڕوانگەیەکی ڕێک و سەقامگیر و پتەوی کۆمەڵگە پێشکەش دەکات. بەڵام، ئەم فۆرمەی ناشنالیزم بنەماکانی دیموکرات لیبرالەکان ڕەت دەکاتەوە و هەروەها زیاتر پەیوەستە بە ڕێچکە دەسەڵاتییەکان. ئەمەش لە حاڵەتی فاشیزمدا دەبینرێت، کە هانی فۆرمێکی سەربازی ناشنالیزم دەدات و پێی دەوترێت " ناشنالیزمی پتەو". چارلس موراس کە سەرکردەی باڵی ڕاستی کردەی فرانچایسە، بەم جۆرە ناشنالیزمە دەڵێت " ناشنالیزمی تەواوکاری"، ئەمەش داوای دوورخستنەوەیەکی ڕەهای تاک دەکات لە نەتەوە. ناشنالیزمی تەواوکاری جیاوازییەکی تەواو دروست دەکات لە نێوان " ئێمە" و " ئەوان"، لە نێوان گرووپی ناوەوە و گرووپی دەرەوە. دیارترین ڕوونکردنەوەی لە مەزهەبە زانستییەکانی ئارییەکان و دژە سامییەکان دۆزراوەتەوە کە لە لایەن نازیە ئەڵمانەکانەوە ڕاسپێردرا بوو.

ناشنالیزمی تایبەت ئاکامی ڕوونی لێ دەکەوێتەوە بۆ پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان. گەر کۆچبەران و کەمینەکان لە نێو نەتەوەیەکدا بە " نامۆ" دابنرێن، ئەوا خەڵکی بێگانەی دەرەوەی ئەو نەتەوەیە دەبێ بە دوژمن و بێ متمانە دابنرێن. تایبەتمەندیەتی نەتەوەیی زۆرجار ڕەنگدانەوەی فۆرمێکی خینۆفۆبیایە (واتە: ترس یان ڕق لە بێگانان). لەم جۆرە حاڵەتانەشدا، ناشنالیزم دەبێتە شۆفێنیزمی و دوژمنکارانە و چەوسێنەر. بۆ نموونە، گومانێکی کەم هەیە لە سەر ئەوەی کە جەنگ و داگیرکاری هەندێ جار ئەسڵیان دەگەڕێتەوە نێو ناشنالیزم. جەنگی جیهانی یەکەم بەندە بە جۆرێک لە ناشنالیزمی میللی کە کار دەکاتە سەر زۆربەی هێزە ئەوروپییەکان، کە خۆیان لە فراوانی دەسەڵاتی داگیرکاری دواجاریش جەنگدا دەدۆزییەوە. جەنگی جیهانی دووەم، لە ئەنجامی بەرنامەیەکی داگیرکردن و فراوان بوونی دەسەڵاتی سەربازی لە لایەن نازییە ئەڵمانەکان ڕووی دا، کە بە هەستێکی بەرزی نەتەوە پەرستی کاریان دەکرد و شەرعیەت بە جەنگەکە بەخشرا لە لایەن مەزهەبە نازییە ڕەگەز پەرستەکان.

بەڵام، فۆرمەکانی ناشنالیزم زۆر زەحمەتن لەوانەی لە لایەن تیۆریستە دیموکرات–



لیبرالەکانەوە ڕاگەینراون. لیبرالەکان لە ڕووی نەریتەوە مشتومڕی ئەوە دەکەن کە ناشنالیزم ڕێچکەیەکی بە لێبوردە و دیموکراتییە کە یەک دەگرێتەوە لەگەڵ بنەمای ئاشتی نێودەوڵەتی و کۆزمۆپۆلیتانیزم. لە ئەسڵدا، کۆزمۆپۆلیتانیزم پێشنیازی دەزگایەکی " دەوڵەتی جیهانی" دەکات کە هەموو مرۆڤایەتی لە خۆ بگرێت. بەڵام، هزرمەندە لیبرالەکان زۆر بە دەگمەن ئاوا دوور چوونە، بە هەقیقەت لە ڕووی نەریتییەوە نەتەوەیان پەسن کردووە وەک تاکە کۆمەڵگەی سیاسی ڕەوا. کەواتە، کۆزمۆپۆلیتانیزم دێن دەوەستن لە بەردەم ئاشتی و سازان لە نێو نەتەوەکان، دامەزراوە لە سەر بنچینەی تێگەیشتن و لێبوردەیی و پشت بە یەکتری بەستن. لەوەتەی سەدەی نۆزدەوە، هزرمەندانی وەک مانچێستەر و ڕیچارد کۆبدن و جۆن بڕایت پاڵپشتی بازرگانی ئازادیان کرد لە سەر بنچینەی ئەوەی کە پشتیوانی تێگەیشتن و ئابووری نێودەوڵەتی بەرەو پێش دەبات، دواجار جەنگ مەحاڵ دەکات. هیوایەکەش ئەوەیە کە جیهانێکی سەقامگیر و بە ئاشتی سەرهەڵدەدات کاتێ نەتەوەکان هاوکاری یەکتری دەکەن بۆ سوودی هاوبەش. بە هەقیقەت، لیبرالەکان پێیان وایە کە گەر ئامانجی سەرەکی ناشنالیزم بە دەست هێنرا، ئەوا هەر نەتەوەیەک دەبێتە خاوەن کیانێکی سەربەخۆ و خۆی حوکمی خۆی دەکات. هۆی سەرەکی ململانێی نێودەوڵەتی لادەبرێت: نەتەوەکان هیچ پاڵنەرێکیان نابێت بچن بۆ جەنگ و لە دژی یەکتر بجەنگن. هەرکە لیبرالەکان ئەو ئایدیایە ڕەت دەکەنەوە کە ناشنالیزم دەبێتە هۆی جەنگ، نکۆڵی لەوەش دەکەن کە ناشنالیزم نابێتە هۆی لێک نەبوردن و هەستی ڕەگەز پەرستی. دوور لە هەڕەشە کردنی پتەوی نەتەوەیی، فرە ڕەگەزی و کەلتوری، کۆمەڵگە دەوڵەمەند دەکات و تێگەیشتنی مرۆڤ بەرەو پێشتر دەبات.

بەڵام، ئەم جۆرە ئایدیانە، دەڕواننە ئەودیوی نەتەوە و ناشنالیزم. هەروەک لە لایەن تیۆریستە لیبرال و سۆشیالیستەکاندا لە ئامێز گیرا، کۆزمۆپۆلیتانیزم بەرەنگاری ئەو ئایدیە دەبێتەوە کە نەتەوەکان ئۆرگانیکین یان کیانی سروشتین. لیبرال و سۆشیالیستەکان بەشداری دەکەن لە فۆرمەکانی ئینتەرناشنالیزم کە باسی ئەوە دەکات چالاکی سیاسی دەبێ بە گوێرەی بەرژەوەندی مرۆڤ ڕێک بخرێت نەک بۆ سوودی نەتەوەیەکی تایبەت. ئەم جۆرە باوەڕەش دەوەستێتە سەر بیرۆکەی

سروشتێکی گەردوونی مرۆڤ، کە تەجاوزی سنووره فەرهەنگی و کولتووری و ئاینی ناوچەیی و ڕەگەزی و نەتەوەییەکان دەکات. بەڵام، هەڵەیە گەر وا بیر بکەینەوە کە ئینتەرناشنالیزم دوژمنێکە بۆ نەتەوە. بۆ نموونە، ڕەنگە نەتەوە هەر خۆی بەڕێوە ببات و هەستێکی ناسنامەی کولتووری تیا بێت و هەستی ئاستی کۆمەڵایەتی لە خۆ بگرێت، بە جۆرێک کە دەوڵەتێکی جیهانی بێ ئەمانە ناتوانێت کار بکات. سەرەڕای ئەمەش، گەر مرۆڤ پێویست بێت لە سەری بتوانێت ناسنامەی خۆی بناسێنێت لەگەڵ تەواوی مرۆڤایەتیدا، نەک تەنیا لەگەڵ نەتەوەکەی خۆی، ئەمە پێشنیازی ئەوە دەکات کە فۆرمە سوپەرناشناڵەکانی کۆمەڵە سیاسییەکان ڕۆڵێکی واتا بەخش و گرینگ دەگێڕن. بە واتایەکی دیکە، ڕۆژەکانی نەتەوە–دەوڵەتێک ڕەنگە هەژمار بکرێت، واتە سنووردار بێت.

## ئەنتی کۆلۆنیالیزم (دژە داگیرکاری) / پۆستکۆلۆنیالیزم (پاش داگیرکاری) Postcolonialism /Anticolonialism

ئەنتی کۆلۆنیالیزم فۆرمێکی ناشنالیزمە کە وەک ئەزموونی حوکمی داگیرکاری پەیدا بووە، بە تایبەتی لە ئەفریقیا و ئاسیادا، یارمەتی دروستبوونی دەوڵەت و ئارەزووی ئازادی نەتەوەیی دا. ئەسڵەکەی دەگەڕێتەوە سەردەمەکانی جەنگ، بەڵام گەیشتە بەرزترین ئاستی لە سەردەمی دوای جەنگی جیهانی دووەمدا، کاتێ کە بەریتانیا و فەڕەنسا و هۆڵەندییەکان و ئیپڕاتۆرەکانی تری ئەوڕوپا چۆکیان دادا و ڕووخان لە بەردەم بەهێزبوونی بزووتنەوەکانی سەربەخۆیی. داگیرکەرە ئەوڕوپییەکان تۆوی ڕووخانیان لە نێوە خۆدا چاند، لە بری ئەوە ڕێبازی ناشنالیزم ڕوا. ئەنتی کۆلۆنیالیزم دامەزرا لە سەر بنچینەی هەمان بنەمای مافی چارەنووسی نەتەوەیی کە هانی دامەزارڕندنی نەتەوە ئەوڕوپییەکانی دا لە سەدەی نۆزدە، بەردی بناغەی دانپیانان بە ئەوڕوپای دانا پاش جەنگی جیهانی یەکەم. بەڵام، ئەنتی کۆلۆنیالیزم وا بە ئاسانی ناشنالیزمی کلاسیکی ئەورووپی کۆپی نەکردووە بگرە بە هۆی بارودۆخی سیاسی و کولتووری و ئابوورییەوە دروست بووە کە سەرکەوتنی بە دەست هێنا لە جیهانی پێشکەوتوودا. لەگەلێ ڕێگادا، ئارەزووی بەردەوامبوونی کۆرسی سیاسی جیهانی پێشکەوتوو بەهێز کرا کاتێ سەربەخۆیی بە دەست هێنرا. پۆستکۆلۆنیالیزم خرایە پاڵ فەلسەفە سیاسییە غەیرە ڕۆژئاواییەکان، هەندێ جار، دژە ڕژئاواییەکانیشەوە.



زۆربەی بزووتنەوە ئەنتی کۆلۆنیاڵەکانی ئاسیا و ئەفریقیا جۆرێک لە فۆرمی سۆشیالیزمیان بە خۆوە بینیبوو. ئەمەش لە بەر دوو هۆ ڕووی دا: یەکەمیان، داوای سەربەخۆیی سیاسی کە پەیوەست بوو بە هۆشمەندی ئابووری و دەوڵەتە پیشەسازییەکانی ئەوڕوپا و ئەمریکای باکوور. سۆشیالیزم سەرنجڕاکێش بوو چونکە فەلسەفەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ڕزگاری ئابووری دانا. دووەمیان، سۆشیالیزم نایەکسانی و هەڵقۆزینەوەی شی کردەوە کە بە هۆیانەوە زیاتر لە ئەزموونی داگیرکاری دەگەین و حوکمی داگیرکاریش بەرەنگاری دەکرێتەوە. مارکسیزمیش، لە دوو ڕووەوە، بایەخێکی تایبەتی داوە بەم مەسەلەیە. یەکەمیان، بەهێزی تیۆری چینی خەباتگێڕ بە ڕوونی داگیرکاری شی کردەوە لە ڕووی داوای سەرمایەدارەکان بۆ قازانج. دووەمیان پابەندییەکەی بە شۆڕش ناوەندی ڕزگاریخوازی بەخشی بە گەلە داگیرکراوەکان لە فۆرمی خەباتی چەکدارانە. بەڵام، لەوەتەی حەوتاکان، کاریگەری مارکسیزم کەم بووەتەوە، شوێنەکەی گیراوەتەوە بە فەندەمێنتاڵە ئاینییەکان، بە تایبەتیش فەندەمێنتاڵی ئیسلامی. کاریگەری فەندەمێنتاڵی لە نێو ئایندا هەندێ جار دەوەستێتە سەر باوەڕ بە ڕاستی دەقە پیرۆزەکان، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە بە مەبەستی دووپاتکردنەوەی ئەوە بەکاردەهێنرێت کە ئاین بنەماکانی ڕیزبەندی کۆمەڵایەتی و هەڵسوکەوتی سیاسی و ئەخلاقیات دادەنێت. بۆ نموونە، فەندەمێنتاڵە ئیسلامییەکان بانگەشەی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی دەکەن، حکوومەتێکی ئاینی کە بۆ تا هەتایە حوکم بکات نەک دەسەڵاتێکی کاتی حکوم بگێرێت.

تیۆری سیاسی ئەنتی کۆلۆنیال و پۆستکۆلۆنیال بەرەنگاری بۆچوونی جیهانی ئەوڕوپییەکان دەبێتەوە. چ لە مارکسیزمی شۆڕشگێری باس کرابێت چ لە ئاین یاخۆ فەلسەفە غەیرە ڕۆژئاواییەکانەوە باس کرابێت، هەوڵ دەدات دەنگێکی سیاسی جودا ببەخشێت بە جیهانی پێشکەوتوو جیا لە بنەماکانی ئازادی. ئەمەش هانی هەڵسەنگاندنی فراوانی هزری سیاسی دا، واتە ئایدیا لیبراڵەکان بە ڕەوا دەبینرێن لە دروستکردنی نەریت و بەهاکانی کۆمەڵگەی خۆیان. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەخنەگران، وەسفی پۆستکۆلۆنیالیزم دەکەن وەک کۆتاییەکی سیاسی و هۆشداری دژی ئارەزووەکانی بۆ دەسەڵات دەدەن. لەم ڕوانگەیەشەوە، فەندەمێنتالیزمی ئاینی پرۆژەیەکی سیاسی دروست نییە، بگرە بریتییە لە چەند دانپیانانێکی زەحمەت کە پرۆسەی بە مۆدێرن کردن دروستی کردووە. مەترسییەکەی زیاتر لەوە دایە کە بە تەواوی تۆتالیتاریانییە، ئەو بنەما سیاسییانە دابین دەکات کە ڕەهان و کەس بۆی نییە پرسیاریان لە بارەیەوە بکات.

## موهانداس کارەمچاند غاندی

غاندی پەرەی بە فەلسەفەیەکی سیاسی دا لە سەر بنچینەی ئەخلاقێکی ئاینی دوور لە توند و تیژی و بنەمای قوربانی بەخۆدان، دواجار ڕەگی داکوتا لە هیندۆیزم. بە بۆچوونی غاندی، توندوتیژی (مەزهەبی شمشێر) سەپاندنی ڕۆژئاواییەکان بوو بە سەر هیندستان. بیرۆکەکەی لە سەر بێ توندوتیژی و هەرەوەزی مەبەستی دروستکردنی هێزێکی نەتەوەییە بۆ بەردەوامبوونی فۆرمێکی نوێی ئازادی ڕوحانی.

## مارکوس گارڤێ (١٨٨٧-١٩٤٠)

هزرمەند و چالاکێکی سیاسی جامایکییە. گارڤێ پێشەنگی ناشنالیزمی ڕەشە. پەیامە سیاسییەکەی بۆ شانازی ڕەشەکان بوو لەگەڵ سووربوون لە سەر توانستی ئابووری. سەرکردەی بزووتنەوەی " گەڕانەوە بۆ ئەفریقیا" بوو. برەوی بە فەلسەفەیەک دا لە سەر بنچینەی جودابوونەوە و پەرتبوونی ڕەگەزی و هەروەها دامەزراندنەوەی هۆشمەندی "ڕەشەکان" لە ڕێگای جەختکردنە سەر ناسنامەی کولتووری ئەفریقی. ئایدییەکانی گارڤێ یارمەتی دامەزراندنی بزووتنەوەی دەسەڵاتی ڕەشی ساڵانی شەستەکان و کاریگەری هەبوو لە سەر چەند گرووپێک لەوانەش گرووپی نەتەوەی ئیسلام.

## ئایەتوڵا ڕوحوڵا خومەینی (١٩٠٠-١٩٨٩)

پیاوێکی ئاینی و سەرکردەی ئێران بوو. خومەینی یەکێکە لە پاڵپشتە پێشەنگەکانی ئیسلامی سیاسی چەکدار. جیهانی بۆچوونەکەی ڕەگی داکوتاوە لە دابەشبوونەکەی لە نێوان چەوساوەکان، کە زۆربەی هەژاران و ئەوانەی بە دەرن لە جیهانی پێشکەوتوو، دەگرێتەوە، هەروەها چەوسێنەرەکان کە بە شەیتانە جمکەکە ناویان دەبات ئەوانیش: ویلایەتە یەکگرتووەکان و یەکیەتیی سۆڤیەتن. بانگەشەی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی کرد وەک سیستەمێکی حوکمڕانی دامەزراوەیی، بەوەی زانی کە ئەمە دەوەستێتە سەر لێکدانەوەیەکی نوێی مەزهەبی ئیسلامی. لە ژێر کاریگەری خومەینیدا، ئیسلام بووە پرۆژەیەکی سیاسی ئاینی بە مەبەستی دووبارە دارشتنەوەی جیهانی ئیسلامی بە هۆی ڕزگارکردنی ئەو جیهانە لە داگیرکردن و گەندەڵی دەرەوە.



## فرانس فانون (١٩٢٦-١٩٦١)

تیۆرستێکی شۆڕشگێڕی فەرەنسییە. فانون زۆر ناسراوە بەوەی کە جەخت دەکاتە سەر توندوتیژی وەک خاسیەتێکی خەباتی دژە داگیرکاری. تیۆرەکەی لە سەر داگیرکاری جەختی دەکردە سەر ڕەهەندێکی سایکۆلۆژی داگیرکاری. کەواتە دژە داگیرکاری نەک هەر تەنیا پرۆسەیەکی سیاسییە، بگرە پرۆسەیەکە لە ڕێگەیەوە ڕەگەزی نوێی مرۆڤ دروست دەبێت. فانون مشتومڕی ئەوە دەکات کە ئەزموونی سەرەتایی توندوتیژی زۆر بەهێزە بۆ بەدیهێنانی بونیاتنانەوەی دەروونسیاسی. کارە سەرەکییەکانی ئەمانەن: پێستی ڕەش، دەمامکی سپی (١٩٥٢)، the wretched of the Earth (1961، بەرەو شۆڕشی ئەفریقی (١٩٦٤).

## ئێرنێستۆ شی گیڤارا (١٩٢٨-١٩٦٧)

شۆڕشگێڕێکی ئەرژەنتینییە. گیڤارا یەکێکە لە پێشەنگە پاڵپشتەکانی ڕوانگەی مارکسی لە سەر ئازادی نەتەوەیی. ئایدیای بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی نوێی گرێ دا بە بنەمای ئابووری کۆمەڵناسی بۆ بیرۆکەی " مرۆڤی نوێ"، مرۆڤی نوێ لە ڕووی ئەخلاقەوە. مارکسیزمی گیڤارا بایەخی بە مرۆڤایەتی دەدا و جەختی دەکردەوە سەر جەنگی دژی پەراوێزی و ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندی سۆشیالیزمی ئابووری وشک. وەک تیۆریستێکی جەنگی گاریلاکان، بانگەشەی وروژاندنی جوتیارانی دەدا لە ڕێگەی چالاکییەکانی ناخی شۆڕشگێڕی.

# ئایا نەتەوە-دەوڵەت داهاتووی هەیە؟

ناشنالیستەکان دەڵێن: نەتەوە–دەوڵەت بەرزترین فۆرمی ڕێکخستنی سیاسییە، ڕەنگدانەوەی ئەو قسەیەیە کە دەڵێت نەتەوە تاکە یەکەی ڕەوای حوکمی سیاسییە. لەوەتەی ساڵی ١٧٨٩وە، جیهان دارێژراوەتەوە لە سەر بنچینەی بنەما. بۆ نموونە، لە ساڵی ١٨١٠، تەنیا ١٥ دەوڵەت بوونیان وەک دەوڵەت هەبوو لە کۆی ١٥٩ دەوڵەت کە لە ساڵی ١٩٨٩ دانیان پیا نرا وەک ئەندامی تەواوی نەتەوە یەکگرتووەکان. لە سەدەی بیستەمدا، زۆربەی دانیشتوانی جیهان نێچیر بوون بۆ داگیرکاری یەکێک لە ئیمپراتۆرەکانی ئەورووپا. تەنیا سێ دەوڵەت لە کۆی ٦٥ دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا هەبوون پێش ساڵی ١٩١٠، هەروەها کەمتر لە ٧٤ دەوڵەت لە دایک بوونە لەوەتەی ساڵی ١٩٥٩ وە. ئەو گۆڕانانە ڕوویان دا بە هۆی داواکردنی

سەربەخۆیی نەتەوەیی، واتە ئارەزووی هەبوونی نەتەوە–دەوڵەت. بەڵام، لە کردەدا، نەتەوە–دەوڵەت جۆرێکی میسالییە و هەرگیز لە فۆرمێکی تەواودا نییە لە هیچ شوێنێک لە جیهاندا. هیچ دەوڵەتێک لە ڕووی کولتوورەوە، یەک کولتووری نییە، هەموو دەوڵەتێک جۆرێک لە تێکەڵەی ڕەگەزی و کولتووری تیایە. تەنیا قەدەغەی کۆچکردن و وەدەرنان و لەناوبردنی نامۆ و کەمینەکان دەتوانێت نەتەوە–دەوڵەتێکی ڕاستەقینە پێک بهێنێت. هەروەک هیتلەر و نازییەکان ئەم کارەیان ئەنجامدا. بەڵام وەک بنەمایەک بۆ چوونە پێشەوە، نەتەوە دەوڵەت سەربەخۆیی و خۆ حوکمکردن دەنوێنێت. پشتگیری لە لایەن هەموو گەلانی جیهانەوە هەیە، بەڵام ئەم پشتگیرییە دوورە لە ڕێبازی سیاسی کە ئەوان ڕەنگە پیادەشی بکەن.

گرینگی نەتەوە–دەوڵەت ئەوەیە کە لایەنی یەکگرتنی سیاسی و سازانی کولتووری لە خۆ دەگرێت. کاتێ گرووپێک خەڵک کە هاوبەشن لە ناسنامەیەکی کولتووری مافی خۆ حوکمکردن بە دەست دێنن، ئەوا لەو کاتەدا کۆمەڵگە و هاوڵاتیبوون پێک دەگەن. لە بەر هەندێ، ناشنالیستەکان پێیان وایە ئەو هێزانەی کە جیهانێکی سەربەخۆی نەتەوە–دەوڵەتەکانیان پێک هێناوە سروشتین و سەربەخۆن: هیچ گرووپێکی دیکەی کۆمەڵایەتی ناتوانێت کۆمەڵگەیەکی واتابەخشی سیاسی پێک بهێنێت. هەر لە بەر هەندێشە کە ناشنالیستەکان ئامادەن بۆ پەسنکردنی مافە نەتەوەییەکان، هاوشێوەی ئەو مافانەی کە بۆ تاک بە ڕەوای دەزانن، مامەڵە لەگەڵ مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی دەکەن بە هەمان شێوازی ئازادی تاک. سەرەڕای ئەوەش، هەرچەندە بنەمای نەتەوە–دەوڵەت گەورەترین پشتگیری خۆی بە دەست هێنا لە سەدەی بیستەم، زلهێزەکانی تر هەڕەشەی ئەوەیان دەکرد کە ئەو پشتگیرییە لە ناوبەرن. لە سەرووی هەمووشیانەوە پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا بوو لە بواری کاروباری جەنگدا، هەروەها پێشکەوتنی ژیانی ئابووری ئینتەرناشنالیزم و زۆربوونی پێزانینی ئەوەی کە مانەوەی مرۆڤ پێویستی بە پاراستنی هاوسەنگی ژینگەی جیهانییە.

یەکەم و گرینگترین هۆکار بۆ پێشنیازکردنی ئەوەی کە ژیانی سیاسی دەبێ لە سەر ئاستێکی نێودەوڵەتی ڕێک بخرێت بریتییە لەو وێرانکارییانەی بە هۆی جەنگی



مۆدێرنەوە ڕوودەدەن. جێبەجێکردنی سنوورداری سەروەری نەتەوەیی واتە هەر نەتەوەیەک دەبێ بە تەواوی سەربەخۆ بێت، کە لە هەر حاڵەتێکدا ڕێکخستنی نێودەوڵەتی لە کاتی گێرەشێوێنی هەستی پێ دەکرێت. تیۆریستە کلاسیکەکانی سەروەری کەمێک نیگەرانییان نیشان دا دەربارەی مەترسییەکانی گێرەشێوێنی نێودەوڵەتی، ئەمەش لە بەرئەوەی کە جەنگ لەو کاتەدا بۆ چەند مەبەستێک سنووردار بوو، هەروەها بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆش کاریگەری لە سەر دانیشتوانی مەدەنی نەبوو. کوشتاری جەنگی جیهانی یەکەم، چەند هەوڵێکی بە دوادا هات بۆ دامەزراندنی ڕێکخستنێکی نوێی نێودەوڵەتی، کە لەگەڵیدا سەربەخۆیی دەوڵەتە تاکەکان و توانای تایبەتییان بۆ بەرپا کردنی جەنگ سنووردار بوو.

بەشی سەرەکی ئەو ڕێکخستنە نوێیەش چارەنووسە خراپەکەی کۆمەڵەی نەتەوەکان League of Nations بوو، کە بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی بڵاو بوونەوەی چەک و قەدەغەکردنی جەنگ بوو بە هۆی دابینکردنی کۆڕگەیەک بۆ دامرکاندنەوەی ململانێ نێودەوڵەتییەکان لە ڕێگەی دانووسان و گەمارۆی ئابووری و سەربازی. چەند دەستپێشخەرییەکی تری بەدوادا هات، لەوانە مۆرکردنی پەیمانی Kellogg-Briand Pact لە ساڵی ١٩٢٨ لە لایەن ٦٥ نەتەوە بۆ قەدەغەکردنی جەنگ جگە لە کاتی بەرگری لە خۆ کردن. جەنگی جیهانی دووەم ئەم پەیامەی دووپات کردەوە، بە تایبەتی کاتێ لە ساڵی ١٩٤٥ جەنگ کۆتایی هات بە هۆی بەکارهێنانی چەکی ناووکی بۆ یەکەم جار لە دژی هەردوو شاری ژاپۆنی هیرۆشیما و ناگاساکی. ئەو پلانانەی ڕێک خران بۆ دروستکردنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کاتی جەنگدا سەری هەڵدا و لە لایەن ٥٠ نەتەوە بە ڕەسمی پەسن کرا لە کۆنفرانسی سانفرانسیسکۆ لە مانگی شەشی ساڵی ١٩٤٥ هەرچەندە نەتەوە یەکگرتووەکان دان بە هەر نەتەوەیەک دادەنێت وەک کیانێکی یاسایی سەروەر و ڕێز لە مافی چارەی خۆنووسینیان دەگرێت، ئەو پێوەرانەی لە لایەن ئەنجوومەنی ئاسایشەوە یان بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشەوە پەسن کران لە کۆبوونەوە گشتییەکەوە هات کە سەرچاوە دەسەڵاتییەکانی یاسای نێودەوڵەتی لە نێو جیهانی مۆدێرن پێک هێنا. لە سەردەمی چەکی ناووکیدا، کە ژمارەیەکی زۆر لە نەتەوەکان خاوەنی ئالییەتەکانی ڕەشە

کوژین، گێرشێوێنی سەروەری و نەتەوەی سەربەخۆ ڕەنگە هیچی تر پەسن نەکرێن. گەر ئارەزوو بۆ سەروەری زیاد بکات، پێش هەموو شتێ، لە سەرەنجامی مەترسی ململانێکانی تاک ڕوودەدات، ڕوانگەی ململانێی نێوان نەتەوە–دەوڵەتەکان لە سەردەمی " جەنگی یەکجارەکی" پێداویستی بۆ دەستەیەکی سەرەوەر دووپات دەکاتەوە لە بواری کاروباری نێودەوڵەتیدا.

ڕەنگە نەتەوە–دەوڵەت داهاتووێکی کەمی هەبێت لە بواری ئابووریدا گەر لە ژێر دەستی کۆمپانیا نێودەوڵەتی و شەریکە نێودەوڵەتییەکانی بازرگانی بێت. هەروەک لە سەدەی نۆزدەدا، داوای نەتەوایەتی کاریگەری ئارەزووی زۆرتر و بازاڕی نەتەوەیی لە سەر بوو، کەچی سەدەی بیستەم سوودێکی ئابووری بەردەوامی بەخۆوە بینی بە هۆی پێشکەوتنی بازرگانی ئینتەرناشنالیزم. بازرگانی نێودەوڵەتی دەرفەتێکی سوودی هاوبەش پێشکەش دەکات چونکە ڕێگە بە نەتەوەکان دەدات تایبەتمەندیەتی بکەن لە کارگەی ئەو کاڵایانەی کە گونجاوترین بۆ بەرهەمهێنان، لە بەر هەندێش بەرهەمی زۆر باش دەهێن. لەوەتەی جەنگی جیهانی دووەمەوە، چەندین هەوڵی جدی دراوە بۆ پێشخستنی بازرگانی نێودەوڵەتی لە ڕێگەی کاریگەری دەستە سوپەرناشناڵەکان وەک فەندی پارەی نێودەوڵەتی IMF، بانکی جیهانی و ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی. پرۆسەی یەکڕیزی ئابووری زۆر بەرەو پێش براوە لە ئەوروپا لە ڕێگەی دروستکردنی خەڵوزی ئەوروپی و پۆڵا ی کۆمەڵگە لە ساڵی ١٩٥٢، هەروەها دواتر کۆمەڵگەی ئابووری ئەوروپی و کۆمەڵگەی ئەوروپی کە هاتە ئاراوە لە ساڵانی ١٩٥٨ و ,١٩٦٧ مێژووی یەکیەتی ئەوروپا EU، لە ١٩٩٣ وە هاتووە لە ژێر پەیمانی (ماستریتچت)، ئەوە دیاری دەکات کە یەکڕیزی ئابووری چەندە بەند بووە بە گۆڕانی سیاسی. ئامانجی پێشکەوتنی ئابووری هاتە پێشێ بە هۆی بزووتنەوەی ئازادی سەرچاوە ئابوورییەکان لەگەڵ بازاڕێکی گشتی ڕاستەقینە زنجیرەیەک ڕووداوی دانا کە بووە هۆی پەیدا بوونی سەروەری نەتەوەیی. هەرکە بارودۆخی ئابووری لە یەکیەتی ئەوروپا پێشکەوت، بە تایبەتی لەگەڵ دەرکردنی یەک دراوی یەکگرتوو، کۆنترۆڵی ژیانی ئابووری لە حکوومەتی نەتەوەییەوە چووە نێو دامەزراوەکانی یەکیەتی ئەوروپا. گەر سیاسەت بە دوای ئابووری بکەوێت، نەتەوە–دەوڵەتی



سەربەخۆ ڕەنگە خێرا باوی نەمێنێت.

دواجار، ڕەنگە نەتەوە–دەوڵەت ببێتە دوژمنێکی ژینگەی سروشتی و ڕەنگە بتوانێت هەڕەشەیەک بخاتە ڕوو بۆ سەر مانەوەی ڕەگەزەکانی مرۆڤ. لەوەتەی ساڵانی شەستەکان ژینگە ناسی ئەوەی دووپات کردووەتەوە کە چەندە مرۆڤ دەستی هەیە لە دروستکردنی کارەساتی ژینگەیی. بنەمای سەرەکی ژینگەناسی ئەوەیە کە هەموو فۆرمەکانی ژیان پشت بە یەکتر دەبەستن. هەر ڕەگەزێک، بە مرۆڤیشەوە بەردەوام دەبێت بە هۆی تۆڕێکی بەردەوامی پێوەندییەکان، کە پێی دەوترێت "سیستەمی ژینگەیی" ecosystem. سیستەمی ژینگەیی مرۆڤ چەندین ڕەگەزی تر دەگرێتە خۆ، لەوانەش: سەرچاوە سروشتییەکان و هەلومەرجەکانی کەش و هەوا و تا دوایی. بەڵام، ئەم سیستەمە ناسکە ژینگەییە مەترسی زۆری لێ کەوتووەتەوە لە ئەنجامی زۆربوونی قەبارەی دانیشتوانی مرۆڤ و زۆری پەستانی سووتەمەنی وەک گاز و نەوت و ڕێژەیەکی زۆری پیس بوون و زبڵ. هەرچەندە گەمژەییە گەر باسی ئەوە بکەین کە نەتەوە–دەوڵەت هۆی دروستبوونی ئەم تەنگژانەیە، کەچی ڕەنگە ئەوەش ڕاست بێت کە سەرەوەری نەتەوەیی دژی بنەما سەرەکییەکانی زانستی ژینگەیە.

سەرەوەری نەتەوەیی وا لە دەوڵەتەکان دەکات بتوانن بڕیاری خۆیان بدەن لە سەر بەرژەوەندییە ماوە کورتەکانی گەلانی خۆیان بە بێ ئەوەی ڕەچاوی دەرەنجامە ژینگەیییەکان بکەن لە کاتی بڕیاردانەدا. ئەمە بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێت لە کاتی ترشە باراندا: لە وڵاتێکدا دارستانەکان وێران دەبن و دەریاچەکان سیفەتی ژیانیان نامێنێت لە ئەنجامی بڵاوکردنەوەی گازی نیترات و گۆگردی لە وێستەگەکانی کارەباوە لە وڵاتێکی تری سەدان میل دووری لێی. ڕووداوی ناووکی Chernobyl لە ئۆکرانیا لە ساڵی ١٩٨٦ شەپۆلێکی تیشکی بەرەو ئەوروپای باکوور ڕەوان کرد، کە ڕەنگە پاش ٥٠ ساڵی تر دوو هەزار کەس بە هۆی شێرپەنجەوە بمرن. گەر نەتەوەکان یەکتری بپارێزن لە ڕووی ژینگەوە، هەروەها گەر سیستەمی ژینگەی جیهانی بپارێزرێت، ئەوا سەروەری نەتەوەیی دەبێ بە هۆی دەستە نێودەوڵەتییەکان بپارێزرێت کە بتوانن بەرژەوەندی درێژخایەتی مرۆڤایەتی دروست بکەن نەک تەنیا

بەرژەوەندی چەند نەتەوەیەکی تایبەت. بەڵام، پێشکەوتن لەم ڕووەوە، پێویستی بەوە هەیە کە دامەزراوە نێودەوڵەتی و سوپەرناشناڵەکان بە شێوەیەک دروست بکرێن بتوانن دڵسۆز بن و دەسەڵات پیادە بکەن.

## سوپەرناشنالیزم

کاتێ ناشنالیزم ئەرکی خۆی تەواو کرد لە دروستکردنی جیهانێکی سەربەخۆی نەتەوە–دەوڵەتەکان، دەستە سوپەرناشناڵەکان لە ئەنجامی زۆربوونی بەرەنگار بوونەوەی دەسەڵاتیان سەریان هەڵدا. دەستەیەکی سوپەرناشناڵ بریتییە لەو دەستەیەی کە پیادەی دەسەڵاتی قەزائی دەکات نەک بە سەر تاکە دەوڵەتێک بگرە لە چوارچێوەیەکی نێودەوڵەتی و بە سەر چەندین دەوڵەت. لە کاتێکدا سەدەی بیستەم ئەوەی بەخۆ بینیوە کە سەروەری نەتەوەیی وەک بنەمایەکی پیرۆز مامەڵەی لەگەڵ کراوە، سەرەڕای ئەوەی کە ژیانی سیاسی دەبێ لە پێناو نەتەوەکانەوە ڕێک بخرێت، سەدەی بیست و یەک ڕەنگە وا بڕوانێتە حکوومەت کە کار بکات لە سەر ئاستێکی سوپەرناشناڵی. بەڵام، هیچ شتێکی نوێ نییە دەربارەی سیستەمە سیاسیە سوپەرناشناڵەکان، بە هەقیقەت ئەمە ماوەیەکی درێژ پێش نەتەوە–دەوڵەت هەبووە و دەکرێ لە ڕووی مێژووییەوە وەک نەریتێکی فۆرمی ڕێکخستنی سیاسی دابنرێت.

گشتیترین دەستە سوپەرناشناڵەکان ئیمپڕتۆرەکان بوونە، لە ئیمپڕاتۆرە میسیرییە کۆنەکان و چین و فارس و ئیمپڕاتۆری ڕۆمەوە بگرە تا دەگاتە ئیمپڕاتۆرە مۆدێرنە ئەوروپییەکانی بەریتانیا و فەرەنسا و پورتوگال و هۆڵەندا. ئیمپڕاتۆرەکان پێکهاتەی زاڵبوونی سیاسین، لە کۆمەڵێک فرە کولتووری جیاجیا و نەتەوە و گرووپی ڕەگەزی جۆراوجۆر پێک هاتوون، هێزێک یان مەترسی هێزێک پێکیانی بەستاونەتەوە. هەرچەندە داگیرکەر هەر بەردەوام وجوودی هەیە، بۆ نموونە، دوورخستنەوەی تەبت لە چین و ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩١ کۆتایی هێنا بە دواهەمین ئیمپڕاتۆری جیهان ئەویش ئیمپڕاتۆری ڕووسی بوو. دەستە سوپەرناشناڵە مۆدێرنەکان، بە پێچەوانەوە، خاسیەتێکی زۆر جیاوازیان هەیە. لە ئەنجامی ڕێکەوتنی ئارەزوومەندانە دروست بوونە لە نێو چەند دەوڵەتێک، یان ئەوەتا



لە ئەنجامی سوودە گشتییەکان کە دەبێتە هۆی دروستبوونی هاوکاری نێودەڵەتی یانیش ئەوەتا بە هیوای بەدەستهێنانی ئاسایش لە هەمبەر مەترسی یان هەڕەشەیەکی گشتی دروست بوونە. لەو سۆنگەوەش، پێشکەوتنی سوپەرناشنالیزم ڕەنگدانەوەی کاریگەری بەهێزی جیهانگیرییە Globalization. ئەمەش مانای ئەوە نییە کە سنوورە نەتەوەییەکان باویان نەماوە بگرە مانای ئەوەیە کە ژیانی ئێمە کاریگەری ئەو بڕیارانەی لە سەرە کە لە شوێنانی دووری ئێمەوە دەدرێن، زۆرجار ئەو بڕیارانە لە وڵاتێک دەدەرێن کە زۆر زۆر دوورن لە ئێمەوە. ئەم پشت بە یەکتر بەستنە جیهانییە لە ئەنجامی پرسی ئابووری و ستراتیژییەوە سەرچاوەی گرتووە و بڵاو بووەتەوە بۆ نێو بازنەی ژیانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، لە ئەنجامدا جیهانێکی زۆر بچووکی دروست کردووە. ئەو دەستە سوپەرناشناڵانەی کە ئەم پرۆسەیان هێناوەتە کایەوە زۆر جیاوازن. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، خزمەتی دروست بوونی هاوکاری و هەرەوەزی دەکەن لە نێو حکوومەتەکان، ڕێگە بە دەوڵەتەکان دەدات کار بە یەکەوە بکەن و پێکەوە جەخت لە سەر کارەکان بکەنەوە بەڵام بە بێ قوربانی سەربەخۆیی نەتەوەیی. بەڵام لە زۆربوونی حاڵەتەکاندا، دامەزراوەی دەستە جەمعیان پێک هێناوە و میکانیزمی بیرۆکراتییان دروست کردووە، هەروەها ئەو توانایەیان بە دەست هێناوە کە ئیرادەی خۆیان بە سەر وڵاتانی تردا بسەپێنن. دەتوانین باشترین ناو لەو دەستانە بنێین ئەویش فیدراسیۆنە نێودەوڵەتییەکانە. سەرهەڵدانی زیاتری دامەزراوە بەهێزە نێودەوڵەتییەکان و زیاتر پێشکەوتنی جیهانگیری ژیانی مۆدێرن وای لە هەندێ کردووە بگەنە ئەو قەناعەتەی کە ئێستا ئێمە لە لێواری ئەوەین بگەین بە بەرزترین فۆرمی سوپەرناشنالیزم: واتە، دەوڵەتێکی جیهانی یان جۆرێک لە حکوومەتێکی جیهانی.

## ئینتەر حکوومەتیزم Intergovernmentalism

ئینتەرحکوومەتیزم لاوازترین فۆرمی هاوکاری سوپەرناشناڵیە. هەموو کارلێکێکی دەوڵەت دەگرێتە خۆ کە سەربەخۆیی و سەروەری هەر نەتەوەیەک دەپارێزێت. گشتیترین فۆرمی ئینتەرحکوومەتیزم پەیمانەکانە یانیش هاوپەیمانیەتییەکانە، سادەترینی ئەمانەش دەستی هەیە لە ڕێکەوتنی دوو لایەنە لە نێو دوو وڵاتدا. لە

هەندێ حاڵەتدا، ئەمە لە ئەنجامی ئارەزووێکە بۆ پێشکەوتنی ئابووری، وەک لە زنجیرە پەیمانەکان لە ئەورووپای ناوەڕاستی سەدەی بیستەم کە لە ڕێگەیەوە بازرگانی ئازاد بڵاوبووەوە بەهۆی داشکاندن لە ئاستەکانی باج وەرگرتن. لەوەتەی ساڵی ١٩٤٨، GATT بەرنامەیەکی داناوە بۆ کەمکردنەوەی باج و فۆرمەکانی پاراستن یان بۆ نەهێڵانیان لە ڕێگەی دانووسان لە نێوان دەوڵەتە واژۆکەرەکان. ئامانجی دامەزراندنی بازرگانی بێ باج سەرچاوەی گرتبوو لە ئامانجی دامەزراندنی کۆمەڵگەی ئابووری ئەورووپی و دروستکردنی دەزگای بازرگانی ئازادی ئەمریکای باکوور NAFTA، کە گەورەترین کەرتی بازرگانییە لە جیهان، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کەنەدا و مەکسیکیش دەگرێتە خۆ. بەڵام، هاوپەیمانییەتییەکان بە گشتی دامەزراون بۆ پشکنینی ئاسایشی هاوبەش لە دژی دوژمنکارێکی دیار. بۆ نموونە، سالانی بەرەو ١٩١٤ ئەورووپا بە سەر دوو هاوپەیمانی ڕکابەر دابەش بوو: هاوپەیمانی سێ کوچکەی ئەڵمانیا و فەڕەنسا و ئیتاڵیا، ڕووبەڕووی بەرەی سێ کوچکەی بەریتانیا و فەڕەنسا و ڕووسیا بووەوە. لە سەردەمی جەنگی ناوخۆدا، نازی ئەڵمانیا و فاشیستی ئیتاڵی چووە نێو بەرەی ڕۆم–بەرلین (١٩٣٦) کە فراوان بوو بۆ دوورخستنەوەی ژاپۆن لە نێو پەیمانی دژی کۆمنتێرن لە ساڵی ١٩٣٧ Anti-Comintern Pact. لە پاشماوەی کارەساتی جەنگی جیهانی دووەم، سیستەمی هاوپەیمانە ڕکابەرەکان لە فۆرمێکدا ناوی لێ نرا NATO (ڕێکخراوی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی) هەروەها پەیمانی وارشۆ، دامەزرا لە ساڵی ١٩٤٩ و ١٩٥٥، هەروەها لە هاوپەیمانییە بەرگریە ناوچەییەکانی تر وەک SEATO (ڕێکخراوی پەیمانی ئاسیای ڕۆژهەلاتی باشوور) کە باڵی بە سەر ئاسیای ڕۆژهەلاتی باشووردا پۆشیبوو. بێگومان زاراوەی ئەو هاوپەیمانیەتیانە لە یەکتر جیا بوون. جاری یەکەم لە دەربڕینی بنەما گشتییەکان دەستیان پێ کرد وەک ئەو بەرەی لە نێوان ئەڵمانیا و ئیتاڵیا دامەزرا، دواتر بۆ ڕێکەوتنێک لە بارودۆخی دیاری کراو و سنوورداردا بۆ لەخۆگرتنی کردەی سەربازی و هەماهەنگی یەکتر، کە دابین کرا لە لایەن فەرمانی ڕێکخراوی NATO.

ئەو پەیمان و هاوپەیمانیەتیانە زۆر سنووردارن: لە سەر لایەنێکی تایبەتی



سیاسەتدا ڕێک دەکەون، جا چ ئابووری یا سەربازی بێت، هەروەها زۆر بە دەگمەن باسی پرسە گشتی و فراوانەکان دەکەن. وێڕای ئەمەش، لە مۆرکردنی ئەم جۆرە پەیمانانەدا، دەوڵەتان بە شێوەیەکی ڕەسمی ملکەچی سەروەری نەتەوەیی نابن. پەیمانەکان مۆردەکرێن و هاوپەیمانیەتییەکان دروست دەکرێن بە پێی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکان. کەواتە دەوڵەتەکان تەنیا هەڵدەست بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان گەر بەوە بزانن کە پەیمانەکان بەرژەوەندییەکانی تیادا ڕەنگ دەداتەوە، هیچ ناوەندێکی دامەزراوەیی سەپاندنی پەیمان لە گۆڕێدا نییە. ئەمە زۆر ڕوونە لە حاڵەتی ئیتاڵیا لە ساڵی ١٩١٤، کە سەرەڕای ئەوەی ئەندامێکی هاوپەیمانیەتییە سێ کوچکەکە بوو، شان بە شانی ئەڵمانیا و نەمسا نەچووە شەڕ، بەڵام لە بری ئەوە بەشداری کرد لە جەنگی ساڵی ١٩١٥ و پشتی دەسەلاتە سێ کوچکەییەکەی گرت. بە هەمان شێوە، لە ساڵی ١٩٥٨، فەڕەنسا سەربازەکانی کشاندنەوە لە ناتۆ، نەیویست سەربازەکانی ببنە نێچیری پێکهاتەی فەرمانێکی هاوبەش.

لاوازی ناوەندی ئەم فۆرمەی سوپەرناشنالیزم ئەوەیە کە پێشکەوتن بەرەو هاوکاری نێودەوڵەتی سنووردارە لەو ناوچانەی کە متمانەی هاوبەش هەیە و بەرژەوەندیە نەتەوەییەکان بە ڕوونی بە یەک دەگەن. ئەمە زۆر بە ڕوونی بەدیار دەکەوێت لەو پێشکەوتنەی هاتە کایەوە بە هۆی کۆنترۆڵکردنی چەک لە چوار دەیەی پاش جەنگی جیهانی دووەمدا. لەو ماوەیەشدا، ویلایەتە یەکگرتووەکان و یەکیەتیی سۆڤیەت پەرەیان بە چەکی ناوکی دا و دەیانتوانی جیهان بە چەندین شێوە وێران بکەن. لە سالانی حەوتاکان، پەیمانی SALT یەکەم و دووەم (گفتوگۆی ستراتیژی سنووردار کردنی چەک) مۆرکران بۆ کەمکردنەوەی دروستکردنی چەکی ناووکی، هەروەها START (گفتوگۆی ستراتیژی بۆ کەمکردنەوەی چەک) گفتوگۆیەکی زۆر ئەنجامدرا لە ساڵی ١٩٨٢ بە مەبەستی کەمکردنەوەی چەکی ناووکی. بەڵام، نەبوونی متمانەی ئایدیۆلۆژی و ڕکابەری لە نێو جیهان، هەروەها ڕەنگدانەوەی جەنگی سارد، چارەسەرییەکانی ئینتەرحکوومەتی گۆڕی بە ئیفلیج بوون و ڕێگەی بە پێشبڕکێی چەکدا بۆ ئەوەی بگەن بە بەرزترین ئاست لە سالانی هەشتاکان. لە کاتی مۆرکردنی پەیمانی INF (هێزە مامناوەندییەکانی چەکی نووکی) لە ساڵی ١٩٨٧، یەکەم پەیمان

بوو بۆ کەمکردنەوەی جبەخانەی چەکی ناووکی نەک کۆنترۆڵکردنی پێگەی خۆیان، هەروەها پێوەندییەکان لە نێوان ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا و یەکیەتیی سۆڤیەت بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕا، بە تایبەتی لە ژێر ڕۆشنایی هەوڵی گۆرباتشۆف بۆ چاکسازی باری ئابووری سۆڤیەت بە هۆی بڕینی خەرجییەکانی بواری سەربازی. هەرچەندە بڕینی زیاتر هەبوو لە دانووسانەکان لە نێوان ئەمریکا و وڵاتانی دوای سۆڤیەت، ئینتەرحکوومەتیزم سەرکەوتنی بە دەست نەهێنا لە وەستاندنی بڵاوبوونەوەی چەکی ناووکی لە جیهان، کە لە ساڵی ١٩٩٨ چەکی ناووکی لە ژێر دەستی نۆ زلهێزەکەی جیهاندا بوو.

فۆرمەکانی تری ئینتەرحکوومەتیزم نەک هەر تەنیا دەستی خستە نێو پەیمان و هاوپەیمانیەتییە دوانەییەکان بگرە ڕێکەوتنی فروانتر لە نێوان ژمارەیەک دەوڵەت بۆ پێکهێنانی کۆمەڵە و کۆنفیدراسیۆن. کۆمەڵەکان لە سەردەمی کۆندا وجوودیان هەبوو، بۆ نموونە، کۆمەڵەی ئاچیان و ئاتۆلین لە یۆنان، لە سەردەمی مۆدێرنیشدا گرینگترین کۆمەڵە، کۆمەڵەی نەتەوەکان بوو League of Nations (عصبە الامم) کە لە ساڵی ١٩١٩دا دامەزرا. لە ساڵی ١٩٩١، لە سەروبەندی لێکترازانی یەکیەتیی سۆڤیەت، دوانزە وڵاتی کۆماری پێشوو هەڵسان بە دامەزراندنی کۆنفیدراسیۆنی وڵاتە سەربەخۆکان CSI. کۆمەڵەکان یاخۆ کۆنفیدراسیۆنەکان کۆمەڵێک دەوڵەت لە خۆ دەگرن کە ڕێک دەکەون پابەند بن بە مۆرکردنی پەیمانێک یان پەیماننامەیەک بە مەبەستی بە دەستهێنانی سوودی ستراتیژی و ئابووری. کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبە الامم) یەکەمین و گەورەترین ئەزموون بوو لە حکوومەتی سوپەرناشناڵی لە سەدەی بیستەم. بە مەبەستی سەرکردەی دەستپێشخەری ئەم کۆمەڵەیە (کە سەرۆکی ئەمریکا بوو بە ناوی ودرۆ ویڵسن) کۆمەڵەکە دەبێ شوێنی دەسەڵاتە سیاسییەکانی ڕکابەرانی نێودەوڵەتی بگرێتەوە، شوێنی دوژمنکاری و فراوان کردن بگرێتەوە، بە هۆی پرۆسەی دانووسان و ناوبژی کردن ململانێ نێودەوڵەتییەکان بە ڕێگایەکی ئاشتی دادەمرکێنرێنەوە. وێڕای ئەمەش، کۆمەڵەی نەتەوەکان سەلماندی کە توانای پشکنینی ناشنالیزمی دوژمنکارانەی ئەم سەردەمەی نەبوو.

پێش هەموو شتێ، کۆمەڵەکە لاواز بوو لە ڕووی ئەو واقیعەی کە هەرگیز بە



ڕاستگۆیی " کۆمەڵەی نەتەوەکان" نەبوو. وێڕای هەوڵەکانی ویڵسن، ئەمریکا نەبوو بە ئەندامێک لەو کۆمەڵەیە. هەروەها ئەڵمانیا لە جەنگی جیهانی یەکەم دۆڕا و ملکەچی کۆمەڵەکە کرا تەنیا لە ساڵی ١٩٢٦ و دواتر دەستی لە کار کێشایەوە کاتێ هیتلەر هاتە سەر دەسەڵات لە ساڵی ١٩٣٣ ژاپۆن لە کۆمەڵەکە چووە دەرەوە لە ساڵی ١٩٣٢ پاش ئەوەی ڕەخنەی لێ گیرا لە سەر ئەوەی مانچوریای داگیر کرد. لە لایەکی ترەوە، یەکیەتیی سۆڤیەت، نەبووە ئەندام تا ساڵی ١٩٣٤، پاش ئەوەی ئەڵمانیا و ژاپۆن لێک بوونەوە. وێڕای ئەمەش، کۆمەڵەکە زۆر بە زەحمەتی یان بڵێین نەیدەتوانی بڕیاری یەکلاکەرەوە بدات: تا بڕیارێک دەردەچوو دەبوایە زۆرینەی دەنگی ئەنجوومەنەکەی بە دەست هێنا با، بە بێ هێزێکی سەربازی تایبەت بە خۆی کە ئەو بڕیارە بسەپێنێت. کۆمەڵەکە ناچار کرا پشت ببەستێت بە گەمارۆی ئابووری، کە بە شێوەیەکی فروان سەرزەنشت کرا. سەرکەوتنی کۆمەڵەی نەتەوەکان تەنیا لەوەدابوو کە چارەسەری ململانێ بچووکەکانی دەکرد لە نێوان دەوڵەتە بچووکەکان: کۆمەڵەکە شتێک زیاتر نەبوو لە بینەرێکی بێ دەسەڵات کاتێ ژاپۆن و ئیتاڵیا و ئەڵمانیا دووبارە دەستیان کردەوە بە چەک دروستکردن و فراوانکردنی هێزی سەربازیان کە دواجار بووە هۆی جەنگ لە ساڵی ١٩٣٩.

کۆنفیدراسیۆنە نێودەوڵەتییەکان لە قەوارەیەکی گشتی تر و فراوانتردا شوێنی خۆیان کردەوە. ئەو کۆنفیدراسیۆنانە ڕێکخراوی ناوچەیین، دامەزراون بۆ پێشخستنی بواری ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسی. بۆ نموونە، ڕێکخراوی یەکیەتی ئەفریقیا، ڕێکخراوی ویلایەتەکانی ئەمریکا و ئۆپێک OPEC (ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردنی پێترۆڵ). لەو حاڵەتانەدا، ئەو جۆرە ڕێکخراوانە بە هیچ شێوەیەک خاسیەتی جودای جوگرافیان نەبوو، وەک لە حاڵەتی OECD (ڕێکخراوی گەشەپێدان و هاوکاری ئابووری)، کە نوێنەرایەتی وڵاتە هەرە پێشکەوتووە پیشەسازییەکان دەکات. ڕێکخراوی کۆمۆنوێلسی نەتەوەکان Commonwealth Nations، ڕێکخراوێکە سەر بە داگیرکەرەکانی پێشووی بەریتانیا و جێگرەوەی ئیمپراتۆری بەریتانی، کە لە ڕووی جوگرافیەوە پەرت و بڵاو بوو. باڵی کێشا بوو بە سەر ئەفریقیا و ئەوروپا و ئاسیا و ئوستورالیا و کاریبیەن. کۆنفیدراسیۆنەکان کۆمەڵە یان ڕێکخراوی

ئارەزوومەندانەن کە ئەندامەکانی بە بەردەوامی دەسەڵاتی سەروەری پیادە دەکەن. هەرچەندە کۆنفیدراسیۆنەکان ڕەنگە مەڵبەندی سەرکردایەتی و ستافی بیرۆکراسی بەردەوامیان هەیە، کەچی زۆر بە دەگمەن خاوەنی دەسەڵاتێکی کاریگەری جێبەجێکردنە. لە کردەدا، کۆنفیدراسیۆنەکان شتێک زیاتر نەبوون لە کۆڕگەیەک بۆ ڕاوێژکاری و دانووسان. گرینگییەکەیان ئەوەبوو کە وا لە وڵاتان دەکەن لە کاتی کارکردندا هەماهەنگی پێکەوە بکەن، زۆر بە ڕوونی بە دیار کەوت لە لایەن توانای ئۆپێک لەوەتەی حەوتاکان بۆ ڕێکخستنی نرخی نەوت.

هەرچەندە، کاتێ وڵاتە ئەندامەکان سەربەخۆیی خۆیان دەپارێزن، بەردەوام دەبن لە کۆنترۆڵکردنی بەرگریکردن و دیپلۆماسییەت، هەروەها زۆر حەز بەوە دەکەن لە نێو زۆربەی بڕیارەکاندا سەرپشک بن، کەچی کۆنفیدراسیۆنەکان زۆر بە دەگمەن توانیویانە کارێکی یەکگرتوو و کاریگەر بکەن. ئەمە ڕوون و ئاشکرایە لە ئیفلیج بوونی ڕێکخراوی یەکیەتی ئەفریقیا و کۆمۆنوێڵسی نەتەوەکان لە پاڵەپەستۆ خستنە سەر ئەفریقیای باشوور بۆ نەهێشتنی جودابوونەوەی ڕەگەزی، کەواتە هیچی بۆ نەکرا جگە لە ئیدانە کردنێکی دیپلۆماتی کارەکە و پەنا بردنە بەر گەمارۆی ئابووری. ئەم خاڵە لاوازانەش هانی هەندێ لە کۆنفیدراسیۆنەکانی داوە بۆ گۆڕینی خۆیان بە وڵاتی فیدراڵی کە خاوەنی دەسەڵاتێکی ناوەندی بەهێزترە. ئەمە بە تەواوی ڕووی دا لە حاڵەتی سیازدە داگیرکراوەکان لە لایەن بەریتانیا لە ئەمریکای باکوور، کە سەربەخۆیی ڕاگەیاند لە ساڵی ١٧٧٦ و خۆیان پێکەوە بەستاوە لە کۆمۆنوێلسێک بە پێی بەندی کۆنفیدراسیۆنەکە کە هەموار کرا لە ساڵی ١٧٧٧ بەڵام، ویلایەتە نوێیە سەربەخۆکان هەر زوو هەستیان بە پێویستی گرێدانی هەوڵە دیپلۆماتییەکان کرد و درکیان بەوە کرد کە پێوەندی ئابووری بەهێزتر سوودیان پێ دەگەیەنێت. لە ئەنجامدا، کۆمارێکی فیدراڵیان دامەزراند کە پێ وترا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە چوارچێوەی دەستووری ئەمریکی ساڵی ١٧٨٧ بە هەمان شێوە، ئەو ویلایەتە فیدراڵیانەی کە لە ئەڵمانیا و سویسرا پێشکەوتن وەک کۆنفیدراسیۆنی ویلایەتە سەربەخۆکان دەستیان بە ژیان کرد. لە حاڵەتی CIS، ململانێکان لە نێوان ویلایەتە نوێیە سەربەخۆکان و هەروەها ئارەزوویێکی گشتی بۆ نەهێشتنی دروستکردنی جێگرەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت، خێرا دامرکایەوە.



## فیدراڵیزم و فیدراسیۆنەکان

فیدراڵیزم واتە دابەشکردنی دەسەڵاتی یاسادانان لە نێوان حکوومەتی مەرکەزی و ژمارەیەک هەرێمی دیکە. هەر ئاستێکی حکوومەت کۆمەڵێک ئەرک و کار و دەسەڵاتی هەیە بە پێی جۆرێک لە دۆکیومێنتێکی دەستووری. سەروەریش دابەش دەکرێت لە نێوان حکوومەتی مەرکەزی و بەشەکانی تر، بە لایەنی کەم لە تیۆردا، هیچ حکوومەتێک دەست ناخاتە نێو دەسەڵاتی ئەوەکەی تر. لە ڕووی نەریتەوە، فیدراڵیزم لە سەر ڕێکخراوی دەسەڵاتی دەوڵەت جێبەجێ دەبێت: حکوومەتی مەرکەزی یان فیدراڵی حکوومەتێکی نەتەوەییە. نموونەش لە سەر ئەم جۆرە ئەمانەن: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کەنەدا و ئوستوراڵیا و ئەڵمانیا و سویسرا و هیندستان، کەواتە حکوومەتەکانی تری سەر بە حکوومەتی مەرکەزی جۆرێک لە فۆرمی حکوومەتی هەرێمی یان ویلایەتی یان پارێزگە وەردەگرێت. لە ئەنجامدا، ویلایەتە فیدراڵییەکان ڕەنگە بە کیانی سەربەخۆ و سەروەر سەیر بکرێن لە نێو کاروباری نێودەوڵەتیدا، هەرچەندە دەسەڵاتی سەروەر دابەش دەکرێت لە نێو سنوورەکاندا، بەڵام خاوەنی سەرەوەری دەرەوەن سەرەڕای ئەوەی سەروەری ناوەوەیان یان سەرەوەری ئاستی حکوومەتی مەرکەزییان نییە. بەڵام، فیدراڵیزمی سەدەی بیستەم وەک بنەمایەک پێشکەوت بە تایبەت جێبەجێ کرا لە سەر ڕێکخستنی ناوەوەی دەوڵەت بۆ یەک ئامانج ئەویش دروستکردنی دەستەیەکی سوپەرناسناڵ بوو.

پێشکەوتووترین نموونەی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی یەکیەتی ئەوروپایە، کە جەوهەرەکەی کۆمەڵگەی ئەوروپیە EC، لە ساڵی ١٩٦٧ دامەزرا، لە تێکەڵ کردنی سێ ڕێکخراوی ئەوروپی پێک هاتووە: کۆمەڵگەی ئەوروپی خەڵووز و پۆڵا کە لە ساڵی ١٩٥٢ دامەزراوە، هەروەها کۆمەڵگەی وزەی ئەتۆمی و کۆمەڵگەی ئابووری ئەوروپی کە لە پەیمانی ڕۆم دامەزران لە ساڵی ١٩٥٧ لە پاشماوەی کارەساتی جەنگی جیهانی دووەمدا، هەموو تێڕامانی دەسەڵاتە سیاسییەکان و ئابووری و ستراتیژیەتەکان ڕوویان کردە ئاڕاستەی یەکڕیزی ئەوروپا، ئەم ئامانجەش لە ڕووی فیدراڵییەوە هەستی پێ کرا، وینستۆن چێرچل هەر لە ساڵی ١٩٤٦ وە بیری لە دامەزراندنی شتێک دەکردەوە بە ناوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەوروپا. لە ڕووی

سیاسییەوە، وڵاتە ئەوڕوپییەکان نیازی دڵنیاکردنەوەی ئەوەیان هەبوو کە هەرگیز ساڵی ١٩١٤ و ١٩٣٩ دووبارە نەبێتەوە، چونکە ململانێ ئەوڕوپییەکان کیشوەری ئەوڕوپای وێران کرد و جەنگی جیهانی لێ کەوتەوە. لە ڕووی ئابوورییەوە، ئارەزووێکی بەهێز هەبوو بۆ هاوکاری و بازرگانی نێودەوڵەتی بۆ بونیاتنانەوەی ئەوڕوپا کە بە هۆی جەنگەوە وێران و کاول ببوو. لە ڕووی ستراتیژییەوە، زۆربەی ئەوڕوپییەکان هەستیان بە مەترسی فراوانبوونی قەوارەی دەسەڵاتی سۆڤیەت کرد بۆ نێو ئەوڕوپای ڕۆژهەڵات لە ساڵانی چلەکان، هەروەها لەو سۆنگەیەی کە ئەوڕوپا بەدەر دەبێت لە سیستەمی دوو جەمسەری جیهانی.

بەڵام، خەونە زووەکانی فیدراڵیستەکان هەرگیز نەهاتە دی و نەبووە ڕاستی. بۆ نموونە، ئەو پلانانەی لە ساڵی ١٩٤٦ بۆ پەرلەمانێکی ئەوڕوپی داڕێژران تەنیا دروستبوونی ئەنجوومەنی ئەوڕوپای لێ کەوتەوە، کە شتێک زیاتر نەبوو لە کۆمەڵگەیەکی بە قارە قاڕ بێ هیچ دەسەڵاتێک بۆ برەودان بە دەسەڵاتی یاسادانان، هەروەها ئەندامەکانی بە تەواوی هەڵبژێردراو نەبوون بگرە لە لایەن حکوومەتە نەتەوەییەکانەوە دەستنیشان کرابوون. لە بری ئەوە ڕێگای " فەنکشنالیست" بەرەو یەکگرتنی بە دوادا هات کە ڕێگەی بە هەنگاوە نێودەوڵەتییەکان دا بەرەو یەکڕیزی ئەوڕوپا، بەڵام تەنیا لە نێو ناوچە سنووردارەکانی سەر بە دەسەڵاتی یاسادانان، هەروەها لە ڕووی ئابووری و لەو بوارانەی لە لایەن وڵاتە ئەندامەکانەوە کۆنترۆڵ کرابوون بەرەو یەکڕیزی ئەوروپا چوون. هەرچەندە هەوڵی فەنکشنالیست سست و هەنگاو بە هەنگاو بوو، کەچی ئەنجامی باشی لێ کەوتەوە: هەوڵی پێشکەوتوو بەرەو یەکڕیزی ئابووری هەرگیز ڕەتکردنەوەی نەبوو.

ئەمە زۆر ڕوون بووەوە پاش مۆرکردنی یاسای ئەوڕوپی لە ساڵی ١٩٨٦، کە لێشاوێک لە کاڵا و خزمەتگوزاری و خەڵکی لە سەرانسەری ئەوڕوپا بۆ لای خۆی کێش کرد، وەک بڵێی بازاڕێکی گشتی بۆ هەمووان لە ساڵی ١٩٩٣ هاتە کایەوە. گەر کۆمەڵگەی ئەوڕوپی EC ببایە تاکە کیانێکی ئابووری و تاکە بازاڕێک، ئەوا نمایشی ئابووری لە نێو کۆمەڵگەکە و سیاسەتی وڵاتە ئەندامەکان دەبوایە لە خاڵێکدا یەک بگرن. تا ڕادەیەکی زۆر، بڕیارەکانی EC بە هۆی دەنگی زۆرینەوە دەردەچوون،



ئەمەش پراکتیکێک بوو کە بە شێوەیەکی باش درێژکرایەوە. یەکسەر کۆمەڵگەکە لە نێو پەیمانی یەکیەتی ئەوڕوپا (پەیمانی ماستریخت) ی ساڵی ١٩٩٣ ڕازی بوو بە کارکردن لەگەڵ یەکیەتی پارەی ئەوڕوپی European Monetary Union "EMU. پەسنکردنی دەنگی زۆرینە، تەنانەت لە سەر چەند پرسێکی تایبەتیش، ئەوەی گەیاند کە وڵاتە ئەندامەکان دەکرێ پێک ببەسترێنەوە دژی ئیرادەیان بە هۆی بڕیارەکانی کۆمەڵگەکەوە. لە ساڵانی نەوەدەکان EC خەریک بوو ببێتە کۆنفیدراسیۆنێکی ویلایەتە سەربەخۆکان بەڵام بووە دەستەیەکی فیدراڵی سوپەرناشناڵ، بە پێی بەندەکانی پەیمانی ماستریچت، ئەو دەستەیە واتە یەکیەتی ئەوڕوپا EU. لە نێو یەکیەتی ئەوڕوپاش هێشتا چەند دەسەڵاتێک پیادە دەکران لە لایەن حکوومەتە نەتەوەییەکانەوە، بەڵام ئەوانی تر کەوتنە ژێر دەستی دامەزراوە ئەوڕوپییەکان. بەڵام، ئەم هاوسەنگیە حەتمی کاریگەری گرینگترین دەستپێشخەری یەکیەتی ئەوڕوپای لە سەر دەبێت، واتە کاریگەری ناسینی یەک دراوی ئەوڕوپی. بە بەشداری یازدە وڵات لە کۆی پانزە وڵاتی ئەندام، EMU دەستی پێ کرد لە ساڵی ١٩٩٩، بەڵام پارەی یۆرۆ تا ساڵی ٢٠٠٢ وجوودی نەبوو.

بەڵام، هەوڵەکان بۆ یەکڕیزی ئەوڕوپا بووە هۆی دابەش بوونی قووڵ و مشتومڕێکی فراوان. لە لایەکی ترەوە، هەندێک زۆر بە توندی وەک پاڵپشت مانەوە بۆ بنەمای سەروەری نەتەوەیی، پێیان وابوو کە باشترین هەل دەرەخسێنێت بۆ بەدەستهێنانی خۆحوکم کردنێکی دیموکراسی. ئەمەش بە باشترین شێوە ڕەنگی دایەوە لە ساڵانی شەستەکان لە سۆنگەی تێڕوانینی سەرۆکی فەڕەنسی چارلس دوگاول، کە بانگەشەی ئەوڕوپایەکی دەکرد کە وڵاتانی ئەندام بەردەوام مافی بڕیارەکانی ڤیتۆیان دەبێت گەر هەڕەشە و مەترسییان بەدی کرد لە سەر بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان. لە ساڵانی هەشتاکان، مارگەرێت تاچەر هەمان بیرۆکەی دووبارە کردەوە، لە وتارەکەی بڕوگش لە ساڵی ١٩٨٨ چەند هەوڵێکی دووپات کردەوە بۆ دامەزراندنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەوڕوپا. تێڕوانینی دوگاول و تاچەر لە مەڕ ئەوڕوپا یەکێکە لە تێڕوانینەکانی لە مەڕ نەتەوە–دەوڵەتە سەربەخۆکان، واتە ئەوڕوپایەکی کۆنفیدراڵ نەک فیدراڵ. لەم ڕوانگەوەش، وڵاتێکی ئەوڕوپی مەرکەزی هەرگیز بەشداری

پشتگیرییەکی گشتی ناکات، هەروەها هەوڵی دامەزراندنی ئەوەی تاچەر پێی دەوت "ناسنامەی ئەورووپی" تەنیا خزمەتی ئیفلیج کردنی ناسنامە و کولتووری نەتەوەیی دەکات.

لە لایەکی ترەوە، ئامانجی ئەورووپایەکی فیدراڵ لەلایەن گەلێ سیاسەتزانەوە لە ئامێز گیرا لە نێو یەکیەتی ئەورووپا لە سەر بنچینەی ئابووری سیاسی. سوودە ئابوورییەکانی یەکرێزی و زۆربوونی بازرگانی هاتنە کایەوە بە هۆی زۆربوونی ڕێژەی ئەندامەکانی یەکیەتی ئەورووپا. وێڕای ئەمەش، پلانی یەک بازاڕی ئەورووپی سەرتاسەری هەلی بواری فراوانتری بازرگانی دروست دەکات لە چاو ئەوەی ژاپۆن یان ویلایەتە یەکگرتووەکان. لە ڕووی سیاسییەوە، یەکرێزی ئەورووپا دەبێتە سوودی کۆزمۆپۆلیتانیزم، یان ئەوەتا ڕەنگدانەوەی زۆربوونی تێگەیشتن و لێبوردنە لە نێو ئەو گەلانەی ئەورووپا کە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بە دەست دێنن، یانیش ڕەنگدانەوەی سەرهەڵدانی کولتووری سیاسی ئەورووپی و سوپەرناشناڵە کە بە جۆرێک نەریتە جۆراوجۆرە نەتەوەییەکان کەم بایەخ دەکات. بەڵام، ئەوەی کە تا ئێستا ڕوونە ئەوەیە کە یاداشتنامەی یەکیەتی ئەورووپا دەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت تەنیا گەر ئەورووپا یان بە لایەنی کەم یەکیەتی ئەورووپا بە کیانێکی سیاسی واتابەخش دابنرێت لە لایەن گەلەکانی.

ڕاستی نەتەوە–دەوڵەت ئەوە بوو کە حوکمی سیاسی پتەو بوو بە هۆی یەکرێزی کۆمەڵایەتی: حکوومەت ڕەوا بوو چونکە لە نێو کۆمەڵگەیەکەی ئۆرگانی و سروشتی کاری خۆی دەکات. نەتەوەکان ژمارەیەک سوودی ئاشکرای هەیە، لەم ڕووەوە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بە هۆی کولتوور زمان و نەریتە گشتییەکانەوە پێکەوە دەبەسترێنەوە. کیانە سوپەرناشناڵەکان، وەک هەرێم و کیشوەرەکان، دەبێ وێڵ بن بە دوای پێشخستنی هاوکاری سیاسی لە نێو ئەو گەلانەی کە بە زمانی جیا جیا قسە دەکەن، لە سەر ئاینی جیا جیا دەڕۆن، هەروەها بە هۆی گەلێ نەریت و کولتووری جیاجیاوە پێکەوە گرێدراون. بە کورتی، ناشنالیزم دەبێ ڕێگایەک ببەخشێت بە هەندێ فۆرمی سوپەرناشنالیزم یان ئینتەرناشنالیزم. زەحمەتی بەدەستهێنانی ئەمە دووپات کرایەوە لە لایەن پرۆسەی پەسنکردنی پەیمانی



ماستریچت. ئەمە تەنیا لە فەڕەنسا بەدەست هێنرا، پێشتر، بە هۆی ئەنجامی هەر ڕیفراندۆمێک یەکێک بوو لە هەرە بەهێزترین پاڵپشتانی یەکیەتی ئەورووپا. هەروەها لە دانمارک ڕیفراندۆمی دووەمی بەخۆوە بینی بۆ نیشاندنی پشتگیری گشتی بۆ پەیمانەکە. لە بەریتانیا کە هیچ ڕیفراندۆمێک نەکرا، بەشێک لە بەر ئەوەبوو کە خەریک بوو ئەنجامی خراپی لێ بکەوێتەوە، پەرلەمان تەنیا پەسنی ماستریچتی کرد پاش ئەوەی حکوومەت ڕایگەیاند کە مەسەلەکە تەنیا متمانەیە و مەترسی ئەوەی هەبوو کە گەر بانگەشەی هەڵبژاردنی گشتی بکات ڕەنگە بیدۆڕێنێت. ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە یەکرێزی زیاتر ڕوویدات بە بێ پاڵپشتی میللی ئەمە دەبێتە هۆی وروژاندنی هەستی نەتەوە پەرستی دژی ئەو دامەزراوانەی کە پیادەی دەسەڵاتی ڕەوا دەکەن، هەروەها ئەم فۆرمەی ناشنالیزم دەبێتە فۆرمێکی تۆڵەسەندنەوە و دوورەپەرێز و دوژمنکار.

## دەرفەتەکانی دروستبوونی حکوومەتی جیهانی

حکوومەتی جیهانی بەرزترین فۆرمی ڕێکخستنی سوپەرناشناڵە. دەڕوانێتە پێکهاتەی دەوڵەتی جیهانی کە لە سەرووی هەموو وڵات و نەتەوە و سوپەرناشناڵەکان دەوەستێت. بە هەقیقەت، گەر لە چوارچێوەیەکی سنوودار قسە بکەین، مانای نەتەوە–دەوڵەت و مانای دەوڵەتی سوپرناشناڵ ناهێڵێت، لە مەشیاندا، هیچ کامیان بەشداری لە دەسەڵاتی سەروەر ناکەن. هەردووکیان زۆر بە توندی هاودژی یەکترن، شێوازی لەم جۆرە دەستانە پێشبینی کراون. یەکەمیان (نەتەوە–دەوڵەت) دەچێتە پاڵ بیرۆکەی ئەوەی یەک وڵاتی باڵادەست دەست بە سەر جیهاندا بگرێت. لە هەندێ ڕووەوە، ئیمپڕاتۆڕی ڕۆمەکان ئەم جۆرە شێوازەیان دامەزراند لە سەردەمی کۆندا، بە لایەنی کەمەوە ئەو جیهانەی بۆ سەردەمی ئەوان ئاشنا بوو. لە سەدەی بیستەمدا، ئەڵمانیا لە ژێر حوکمی ئەدۆڵف هیتلەردا بەرنامەیەکی هەبوو بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتەکەی بۆ هەموو کونجێکی جیهان، گەر نووسینەکانی هیتلەر بە جدی بیری لێ بکرێتەوە ئەوا ئەوە بەدی دەکەین کە فیکرەی دامەزراندنی جیهانێکی ئارییەکانی هەبوو لە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی خۆی بە تەنیا. ئەم جیهانە ئیمپڕاتۆرییەش، وەک

ئیمپڕاتۆرەکانی پێشوو، تەنیا دێتە دی بە هۆی زاڵبوونی دەسەڵاتی سەربازی، هەروەها لەو ڕوانگەیەی کە ناسراوە بە کاریگەری نەتەوەپەرستی، گومان هەیە کە ئەم فۆرمەی حکوومەتی جیهانی هەرگیز نەتوانێت جیهانێکی سەقامگیر و ئارام و بەختەوەر پێک بهێنێت.

دووەم شێوازی حکوومەتی جیهان بریتییە لە " دەوڵەتی ویلایەتەکان". ئیمانوێل کانت پەرەی بەو تێڕوانینە دا کە پێی دەوترێت حکوومەتی جیهانی لە پرۆپۆزەلەکەی لە سەر " کۆمەڵەی نەتەوەکان". پێک هات لە ڕێگەی ڕێکەوتنێکی ئارەزوومەندانە، بە پێی هەندێ فۆرمی گرێبەندی کۆمەڵایەتی نێودەوڵەتی، ئەم جۆرە وڵاتە جیهانییە دەتوانێت جۆرە پێکهاتەیەک دامەزرێنێت کە ویلایەتە یەککگرتووەکان و یەکیەتی ئەوڕوپا پێشتر هەیان بووە. ئەو نەتەوە–دەوڵەتانەی ئێستا وجوودیان هەیە بوونەتە دامەزراوەیی لاوەکی، وا لە نەتەوەکان دەکات ناسنامەی وجودی خۆیان هەبێت و کۆنترۆڵی کاروبارەکانی ناوخۆی خۆیان بکەن. بەڵام، حکوومەتی مەرکەزی لە فۆرمی دەوڵەتی جیهانیدا، بەرپرس دەبن لە کاروبارە نێودەوڵەتییەکان و هەماهەنگی کارلێکی ئابووری و ناوبژی کردن لە حاڵەتی ململانێکانی نێوان نەتەوەکان و دابینکردنی ئاسایشی گشتی بۆ هەموو گەلانی جیهان. بۆ دروستبوونی دەوڵەتێکی جیهانی لەم جۆرەش، پێویستە، هەروەک هەموو وڵاتان وادەکەن، ناوەندەکانی توندوتیژی دەسەڵاتی یاسادانان قۆرخ بکەن لە نێو دەسەڵاتی قەزائی ناوچەیی، یان بە لانی کەم زیاتر پێوەندییان هەبێت بە دەسەڵاتی سەربازی نەک ئەو دەسەڵاتانەی کە وڵات خاوەنیانە. ئەم تێڕوانینەی حوکمکردنە بە نێو هەموو جیهاندا بڵاو دەبێتەوە لە ڕێگەی هەوڵەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان و نەتەوە یەککگرتووەکان.

مشتومڕ لە سەر هەبوونی حکوومەتێکی جیهانی ئاشنا و ڕوونە. لە سەدەی حەڤدە و هەژدەدا، هزرمەندە سیاسییەکان گفتوگۆی ئەم پرسەیان کرد بۆ حکوومەتێک وەک " دەوڵەتێکی سروشتی" واتە کۆمەڵگەیەکی بێ دەوڵەت. پێشنیازی ئەوەیان کرد کە گەر دەستی یاسای سەپێنراو بە سەر تاکەکانەوە نەبێت، ئەوا بەخێرایی ئاژاوە و گێرشێوێنی و دوا جار جەنگی ناوخۆ دەکەوێتە نێو ژیانی کۆمەڵایەتی. بۆیە گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە تاکە ئەقڵانییەکان بە حەزەوە بە پیل گرێبەندێکی کۆمەڵایەتییەوە



دەچن بۆ دامەزراندنی سیستەمێک بۆ یاسا و حکوومەت کە بە تەنیا دەتوانێت ئارامی و سەقامگیری مسۆگەر بکات. لەم ماوەیەشدا، کۆمەڵگەکانی مرۆڤ ڕێژەیی بچووک بوون و وەگەڕخستنی دەسەڵاتیش لە ژێر دەستی حکوومەتە نەتەوەییەکان کارێکی واتابەخش بوو. بەڵام، لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا، کۆمەڵگەیەکی نێودەوڵەتی ڕاستەقینە پەیدا بوو بە هۆی زۆربوونی گەشت و گوزار و بە نێودەوڵەتی بوونی ژیانی ئابووری و ئاسانکاری تەکنەلۆژیای مۆدێرن و میدیای زۆر و زەوەند و ئاڵوگۆڕکردنی کولتووری و ڕۆشنبیری لە نێوان نەتەوەکاندا. لەم جۆرە بارودۆخانەشدا، تیۆری گرێبەندی کۆمەڵایەتی دەکرێ دووبارە دابڕێژرێتەوە. بە بێ هەندێ فۆرمی دەوڵەتی جیهانی، ڕێکخستن و سەقامگیری جیهانی دەبێتە ئەو کارەساتەی کە لە ئەنجامی جەنگی جیهانی یەکەم گ. ل. دیکنس ناوی لێ نا " شڵەژانی نێودەوڵەتی"، هەر دەوڵەتێک کار بۆ خۆی دەکات و تەواو بووەتە خۆپەرست. نەبوونی دەسەڵاتێکی سەروەری نێودەوڵەتی سەدایەکە بۆ ئاژاوە و شڵەژان، هەروەک چۆن سەدەی بیستەم دوو جاران جەنگی جیهانی بەخۆوە بینی. کەواتە هەر دەوڵەتێک بەوە دەزانێت، هەروەک تاک لە نێو دەوڵەتێکی سروشتی دەیکات، کە بە هۆی دامەزراندنی دەسەڵاتێکی باڵا باشترین خزمەت بە بەرژەوەندییەکانیان دەگات، کە لەم حاڵەتەدا فۆرمی دەوڵەتێکی جیهانی وەردەگرێت.

ڕوون و ئاشکرایە کە بەربەستی سەرەکی هەر هەیە لە بەردەم ئەم جۆرە پێشکەوتنە. بێگومان سەرەکیترین بەربەست ئەو هاودژیەیە کە دەسەڵاتی سیاسی، هەرچەندە هەندێ فۆرمی حکوومەتی جیهانی دروست دەکات، کەچی خۆی دەبێتە گەورەترین بەربەست لە بەدەستهێنانی ئەو جۆرە حکوومەتە. لە ڕووی ئابوورییەوە، ئەو وڵاتانەی کە لە ڕووی سەربازییەوە بەهێز و باڵا دەستن سوود لە شڵەژان و ئاژاوەی نێودەوڵەتی دەبینن و ڕەنگە ئامادە بن هێز و دەسەڵاتی بەرزتر و سوپەرناشناڵیان بووێت. ئەمە دەکرێ لە حاڵەتی نەتەوە یەککگرتووەکاندا بە دی بکرێت، کە یەکێکە لە هەرە پێشکەوتووترین ئەزموون لە سەر حکوومەتی جیهانی تا ئێستا هەوڵی بۆ درابێت. شیکردنەوەی UN نەتەوە یەککگرتووەکان وەک ڕێکخراوێک زۆر زەحمەتە. هەروەک کۆمەڵەی نەتەوەکان کە شوێنی یو ئێنی گرتەوە، یو ئێن

تەرخان کرا بۆ پاراستنی ئاسایش و ئاشتی نێودەوڵەتی، هەروەها بۆ برەودان بە هەرەوەزی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی گرفتە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکان. تا ئێستا زۆر سەرکەوتووترە لە کۆمەڵەی نەتەوەکان وەک ڕێکخراوێکی ڕاستەقینەی نێودەوڵەتی، کە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتە سەربەخۆکان دەگرێتە ئامێز. یو ئێن، بێ گومان، ژمارەیەک سەرکەوتنی بەدەست هێناوە. بۆ نموونە، ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە دانووسانی ئاگربەستی نێوان هیندستان و پاکستان لە ساڵی ١٩٥٩، هەروەها وەک ناوبژیوانێکی کارا خۆی نواند لە نێوان هۆڵەندییەکان و ئەندەنوسییەکان لە سەر مەسەلەی ڕۆژئاوای ئاریان (غینیای نوێ) لە ساڵی ١٨٦٢ وێڕای ئەو سەرکەوتنانەش، لە زۆربەی مێژووی ئەو ڕێکخراوەدا لە بەردەم زۆر مەسەلە ئیفلیج و دەستەوسان وەستاوە لە بەردەم ڕکابەرەکانی نێوان زلهێزەکانی جیهان.

ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان UN Security Council، کە بەرپرسیاریەتی سەرەکی هەیە لە پاراستنی ئاسایش و ئاشتی، پێکهاتووە لە پێنج ئەندامی بەردەوام، ئەوانیش: ئەمریکا و ڕووسیا و بەریتانیا و فەڕەنسا و چین. هەریەک لەو دەوڵەتانە مافی بەکارهێنانی ڤیتۆی هەیە، هەروەها دە ئەندامی دیکەشی هەیە بەڵام بەردەوام نین، بگرە لە لایەن ئەنجوومەنی گشتییەوە هەر دوو ساڵ جارێک هەڵدەبژێردرێن. جەنگی سارد ئەوەی دووپات کردەوە کە ئەمریکا و ڕووسیا دوو باڵی دژ بە یەک بوون لە سەر زۆربەی پرسەکان و ڕێگەیان نەدا بە ئەنجوومەنی ئاسایش هیچ بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدات. لە ئەنجامدا، یو ئێن دەستەوسان و بێ دەسەڵات دوور وەستا کاتێ جیهان نزیک بووەوە لە جەنگی ناووکی لە کاتی تەنگژەکانی مووشەکی کوبی لە ساڵی ١٩٦٢ یو ئێن نەیتوانی یەکیەتیی سۆڤیەت بوەستێنێت لە داگیرکردنی هەنگاریا لە ساڵی ١٩٥٦ و چیکۆسلۆفاکیا لە ساڵی ١٩٦٨ و ئەفغانستان لە ساڵی ١٩٧٩ هەروەها، یو ئێن کاریگەرییەکی زۆر کەم و سنوورداری هەبوو لە سەر جەنگەکانی نێوان عەرەب و ئیسرائیل لە ساڵەکانی ١٩٤٨ و ١٩٥٦ و ١٩٦٧ و ١٩٧٣دا. کۆتایی جەنگی سارد لە کۆتایی ساڵی هەشتاکان، پەڕێکی نوێی هەڵدایەوە لە مێژووی یو ئێندا. هەلێکی بە یو ئێن بەخشی بۆ جێبەجێکردنی



ئەرکەکەی لە پاراستن و سەپاندنی ئاشتی و نەهێشتنی دوژمنکاری بە هۆی بەکارهێنانی کردەی سەربازی یەکلاکەرەوە، هەروەک لە جەنگی کەنداوی ساڵی ١٩٩١ ئەنجامی دا، هەرچەندە سەربازانی ئەمریکی زیاتر بوون لە هی یو ئێن. بەڵام، هەوڵە یەکلاکەرەوەکانی یو ئێن لە نێو پرسە نێودەوڵەتییەکان بە تەواوی لەبار چوو کاتێ یو ئێن ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەبینی لە دانووسانی ئاگربەستەکانی ساڵانی نەوەدەکان و گەمارۆی یو ئێن دژی سربیا و هەروەها سەرنەکەوتنی یو ئێن لە هەڵوێست وەرگرتن لە سەر جینۆسایدی کوشتار و سەربڕین لە ڕواندا.

ئەو ئەگەرەی کە یو ئێن دەتوانێت ببێتە جۆرێک لە فۆرمی دەوڵەتێکی جیهانی دەوەستێتە سەر توند بوونی ئاستی بەرزی هاوکاری و متمانەی نێودەوڵەتی. وێڕای ئەمەش، ئەمە دەبێ نەک هەر تەنیا لە سەر ئاستی دەوڵەت و سیاسەتزانە نەتەوەییەکان جێبەجێ بێت بگرە دەبێ لە سەر ئاستی فیدراسیۆنە نێودەوڵەتییەکانیش جێبەجێ بێت، دواجار پێویستی بەوەیە کە بە کۆمەڵەی سیاسی ڕەوا ناوزەند بکرێت، کەواتە حکوومەتی جیهانی مەحاڵە دروست بێت تاوەکو هاوڵاتیبوونی جیهانی سەرنج ڕاکێش و واتا بەخش نەبێت. ئەمەش تێڕوانینێکە کە پاڵپشتانی ڕێچکە جیهانییەکان وەک لیبرالیزم و سۆشیالیزم دەخرێتە بەرچاو چونکە لە ڕووی نەریتییەوە لەو دیوی نەتەوە دەڕوانن و گرینگی مافەکانی مرۆڤ یاخۆ مرۆڤایەتییەکی سەرتاسەری دووپات دەکەنەوە. بەڵام، مادام ناشنالیزم بەردەوام بێت لە بانگەشە بەهێزەکەی، هەلی دروستبوونی دەوڵەتێکی جیهانی، پشت ڕاست بە ئایدیەی هاوڵاتیبوونی جیهانی، وەک خەونێکی یوتۆپیایی دەمێنێتەوە.

## ئیمانوێل کانت (١٧٢٤-١٨٠٤)

فەیلەسووفێکی ئەڵمانییە. هەموو ژیانی لە کۆنیسبێرگ بە سەر برد (کە دواتر بووە پروسیای ڕۆژهەڵات)، لە زانکۆی کۆنیسبێرگ پرۆفیسۆری لۆژیک و میتافیزیک بوو. بە دەر لە کارە فەلسەفییەکەی، ژیانی کانت بەوە ناسراوە کە ژیانێکی بێ گرفت و ڕووداو بووە.

فەلسەفە ڕەخنەییەکەی کانت باسی ئەوە دەکات کە مەعریفە کۆی ئینتیباعەکانی هەست نییە، بگرە پشت ڕاستە بە پێکهاتەی تێگەیشتنی مرۆڤ. هزرە سیاسییەکەی پشت ڕاستە بە گرینگی سەرەکی ئەخلاق. کانت پێی وابوو کە "

یاسای ئەقڵ" لە چەندین پۆلی نەرێ دەکۆڵێتەوە، کە گرینگترینیان ئەو زۆری لێکردنەیە کە مامەڵە لەگەڵ ئەوانی تر وەک " کۆتاکان" بکرێت، نەک وەک ناوەندێک. بە ڕای کانت، ئازادی زۆر لەوە زیاترە کە بە سەر تاکدا ماوەتەوە و پێیەوە بەندە. ئازادی بریتییە لە ئازادی ئەخلاقی و ئەقڵانی، بریتییە لە توانای دروستکردنی ئیختیارە ئەخلاقییەکان. تاکرەوی ئەخلاقی کانت کاریگەری ئەوتۆی هەبوو لە سەر هزری لیبرال. هەروەها یارمەتی ئەوەشی دا بۆ دانانی نەریتێکی میسالی لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، بە پێشنیاز کردنی ئەوەش ئەقڵ و ئەخلاق پێکەوە ئەوە دەگەیەنن کە نابێ هیچ جەنگ هەبێت، هەروەها داهاتووی مرۆڤ دەبێ پشت ڕاست بێت بە ئاشتییەکی تا هەتایە و جیهانی. کارە سەرەکییەکانی کانت ئەمانەن: ڕەخنەی ئەقڵی بێگەرد (١٧٨١)، ڕەخنەی ئەقڵی پراکتیکی (١٧٨٨)، هەروەها ڕەخنەی دادوەری (١٧٩٠).

## کورتەی بەشی چوارەم

١- سەروەری واتە دەسەڵاتێکی ڕەها و بێ سنوور. بەڵام ئەمەش ڕەنگە فۆرمی سەروەری یاسایی وەرگرێت. واتە: دەسەڵاتی یاسایی ڕەها یاخۆ فۆرمی سەروەری سیاسی وەرگرێت، واتە: دەسەڵاتێکی توند و بێ بەرەنگاربوونەوە. سەروەری ناوەوە ئاماژەیە بە شوێنی دوا دەسەڵات لە نێو دەوڵەتدا. هەرچەندە تا ڕادەیەکی زۆر تیۆری سیاسی سەرگەرمی مشتومڕێکە لە بارەی ئەوەی دەبێ شوێنی ئەو جۆرە سەروەرییە لە کوێ بێت، ئەم ئایدیایەش لەوانەیە دەست نەدات و جێبەجێ نەبێت لە نێو کۆمەڵگە مۆدێرنە ناسک و فرەییییەکان.

٢- سەروەری دەرەوە ئاماژەیەکە بە ئۆتۆنۆمی دەوڵەت لە کاروباری ناوخۆدا. بە تێکەڵکردنی لەگەڵ ئایدیای حکوومەتی دیموکراسی، سەروەری دەرەوە دەچێتە پاڵ بنەمای سەروەری نەتەوەیی کە سەربەخۆیی و خۆحوکمکردن دەگرێتە خۆ. سەرەڕای ئەوەش، ڕەخنە گران مشتومڕی ئەوەیانە کە لە سۆنگەی ئینتەرناشنالیزمی ژیانی مۆدێرندا، ئەم ئایدیایە ڕەنگە ئێستا کەڵکی نەما بێت یاخۆ لە بەرئەوەی دەسەڵاتێکی قەزائی تایبەت دەبەخشێت بە دەوڵەت بە سەر هاوڵاتیاندا، ڕەنگە مەترسیدار بێت.

٣- نەتەوە بریتییە لە قەوارەیەکی کولتووری، ڕەنگدانەوەی هەستی زمانەوانی و ئاینی و ڕەگەزییە. یاخۆ بریتییە لە قەوارەیەکی مێژوویی: کەواتە نەتەوە-دەوڵەت هەلی پێکەوە سازانی کولتووریە و قەوارەیەکی سیاسی دێنێتە کایەوە. هەرچەندە لە ڕووی نەریتییەوە، نەتەوە بە تاکە یەکەی حوکمی سیاسی ڕەوا دادەنرێت، کەچی



سەقامگیری و ئاسایش و جۆرێک لە ناسنامە بۆ هاوڵاتییان بەدی دەکات. لەوانەشە ببێتە دوژمنی کۆزمۆپۆلیتانیزم و خۆراکی دەمارگیری و ململانێ.

٤- فۆرمە سوپەرناشناڵەکانی حوکمڕانی وا لە دەوڵەت دەکەن کاری ڕێکوپێک بکات و هاوکاری یەکتر بکەن بۆ بەدەستهێنانی سوودی هاوبەش. لە فۆرمی ئینتەرحکوومەتیزم (پەیمان و هاوپەیمانیەتی و کۆنفیدراسیۆنەکان) دەکرێ ئاسایشی نەتەوەیی بپارێزرێت، بەڵام لە ئەنجامی سەرهەڵدانی دەستە فیدراڵییەکاندا سەروەری دابەش دەکرێت لە نێوان دامەزراوە سوپەرناشناڵەکان و وڵاتانی ئەندام. سەرکەوتنی ئەم جۆرە دەستانەش دەوەستێتە سەر توانایان لە پەیداکردنی شەرعیەت و فەرمانکردن بە دڵسۆزی میللی، دواجاریش دەوەستێتە سەر توانایان لە شکاندنی کۆتی ناشنالیزمی سیاسی.

# بەشی پێنجەم

## هێز، دەسەڵات و شەرعیەت

پێشەکی

هێز

دەسەڵات

شەرعیەت

کورتە

## پێشەکی

سیاسەت هەمووی لە سەر دەسەڵاتە. مومارەسەکردنی سیاسەت زۆر جار هیچی کەمتر نییە لە مومارەسەکردنی هێز، هەروەها هیچیشی کەمتر نییە لە دیراسەکردنی هێز. بێ گومان، قوتابیانی سیاسەت واتە قوتابیانی هێز: ئەو قوتابیانە بە دوای ئەوەدا دەگەڕێن کێ خاوەن هێزە، چۆن ئەو هێزە بەکاردەهێنرێت و لە سەر چ بنەمایەک مومارەسە دەکرێت. ئەو بابەتانەش بە ڕوونی بەدیار دەکەوێت لە ناکۆکییە قووڵەکانی ئەم سەردەمە دەربارەی دابەشکردنی هێز لە نێو کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا. ئایا دەسەڵات بە فراوانی دابەش دەکرێت و بە ڕێکی بڵاو دەبێتەوە، یان ئەوەتا تەنیا لە ژێر دەستی چەند کەسێکە وەک نوخبەیەکی خاوەن هێز یان چینی حوکمڕان؟ ئایا هێز لە جەوهەردا بێ زەرە، ئایا هێز وا لە خەڵک دەکات ئامانجە گشتییەکانیان بە دەست بێنن، یانیش ئەوەتا فۆرمێکە لە زاڵبوون و چەوساندنەوە؟ زۆر زەحمەتە خۆمان لەم جۆرە پرسیارانە بدەین چونکە ئەرکی پێناسەکردنی هێز زەحمەتە. لە بەرئەوەی هێز یەکێکە لە کۆڵەگەکانی تێگەیشتن لە سیاسەت، چەندین گفتوگۆ و مشتومڕی زۆر توند دەوری ماناکەیان گرتووە. هەندێ لەو گفتگۆ و مشتومڕانە باویان نەماوە چونکە دەڵێن هیچ چەمکێکی هێز نییە لە سەری ڕێک بکەوین بگرە ژمارەیەک چەمک و یان تیۆری ڕکابەر لە ئارادایە.

وێڕای ئەمەش، ئەو بیرۆکەیەی کە هێز بریتییە لە فۆرمێکی زاڵبوون یان کۆنترۆڵکردنی هێز لە لایەن یەکێک و ئەوانی تریش گوێڕایەڵی بن، دەمانباتە نێو ئەو گرفتەی گوایە لە نێو ژیانی سیاسیدا هێز بە هۆی پەسنکردن و گوێڕایەڵی خەڵک بە گشتی مومارەسە دەکرێت. ئەوانەی هێزیان هەیە خاوەنی ئەو توانایە نین بە سەر ئەوانی تری بسەپێنن، بەڵام هەمیشە ئەو مافەیان هەیە بەو کارە هەڵبستن. ئەمەش تیشک دەخاتە سەر جیاوازی نێوان هێز و دەسەڵات. دەبێ ئەو شتە چی بێت کە هێز دەگۆڕێت بۆ دەسەڵات، هەروەها لە سەر چ بنەمایەک دەسەڵات بە شێوەیەکی یاسایی مومارەسە بکرێت؟ دواجار، ئەمە دەمانباتەوە سەر پرسیارێک لە بارەی شەرعیەت، واتە ئەو تێگەیشتنەی کە هێز مومارەسە دەکرێت بە جۆرێک کە یاسایی و دروست و پەسنکراو بێت. شەرعیەت وەک بنەمای حکوومەتێکی سەقامگیر سەیر دەکرێت، گرێ دراوە بە توانای هەر ڕێژیمێک کە فەرمان بە پابەند بوون دەکات و هاوکاری هاوڵاتیانی دەکات. هەموو حکوومەتێک وێڵە بە دوای شەرعیبوونی، بەڵام لە سەر چ بنەمایەک بەدەستی دەهێنن، ئایا چی ڕوودەدات کاتێ لێپێچینەوە و پرسیار لە بارەی شەرعیبوونەکەیان بکرێت؟



## هێز Power

چەمکەکانی هێز ئێجگار زۆرن. لە زانستە سروسشتییەکاندا، هێز بە مانای وزە یان توانا بەکاردەهێنرێت. لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، باوترین چەمکی هێز واتە توانا بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامێکی ویستراو، هەندێ جار ئاماژەیە بە " هێز بۆ ئەنجامدانی کارێک". ئەمەش واتە بەدەستهێنانی هەر کارێکی سادە و ساکار وەک چوونە نێو ژوورێک یان کڕینی ڕۆژنامەیەک. بەڵام، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، هێز بە "پێوەندی" دادەنرێت، بە کۆنترۆڵکردنی یەکێک بە سەر یەکێکی ترەوە دێت یاخۆ سەپاندن هێز بە سەر ئەوانی تردا. وێڕای ئەمەش، هەندێ جیاوازی دەکرێت لە نێوان فۆرمەکانی ئەم جۆرە کۆنترۆڵە، لە نێوان ئەوەی پێی دەوترێت " هێز" و ئەوەشی پێی دەوترێت "کاریگەر". لێرەدا، هێز بەو توانایە دەوترێت بۆ دەرکردنی بڕیاڕی ڕەسمی کە لە هەندێ ڕووەوە لە سەر ئەوانی تردا جێبەجێ دەبێت، ئیتر ئەو بڕیارانە لە لایەن مامۆستاکانەوە لە نێو پۆلدا بدرێن، باوان لە ناو خێزان یاخۆ وەزیرەکانی حکوومەت پەیوەست بە تەواوی کۆمەڵگە. بە پێچەوانەوە، کاریگەری، بریتییە لە توانایەک بۆ کارتێکردن لە ناوەڕۆکی ئەو بڕیارانە لە ڕێگەی چەند فۆرمێکی پاڵەپەستۆی دەرەکی، جەخت دەکاتە سەر ئەو هەقیقەتەی کە بڕیارە حەتمی و ڕەسمییەکان و هەروەها لە بۆشایی و لەخۆوە نادرێن. کەواتە، کاریگەری ڕەنگە هەر شتێک بگرێتەوە کە سەرچاوەی گرتووە لە پاڵپشتی و قەناعەتی ئەقڵانی، لە ڕێگەی کردنەوەی دەرگای تۆقین و گوڕەشە. لەوەش زیاتر. ئەمە چەند پرسیارێک قووت دەکاتەوە لە سەر ئەوەی ئایا مومارەسەی هێز دەبێ هەمیشە بە ئەنقەست یان بە نائەنقەست بکرێت. دەکرێ ئەو دیعایەیە بوترێت بۆ بەکارهێنانی هێز بە هۆی پێشخستنی بەها مادییەکان، هەرچەندە دیعایەچییەکان خۆشیان تەنیا خەمی فرۆشتنی بەرهەمەکانیان بێت؟ بە هەمان شێوە، مشتومڕێک هەیە لە نێوان تێگەشتنی بە ئەنقەست و تێگەیشتنی پێکهاتەیی هێز. ئەوەی پێشتر (تێگەیشتنی بە ئەنقەست) ئەوە دەپێکێت کە هێز هەمیشە تایبەتمەندیەکی بریکارێکی ناسراوە، با بڵێین ئەو بریکارە بریتییە لە گرووپێکی بەرژەوەندی، حیزبێکی سیاسی یان

دەستەیەکی سەرەکی یان هەر چییەکی تر. بەڵام ئەوەی دواتر (تێگەیشتنی پێکهاتەیی) وەک خاسیەتێکی سیستەمی کۆمەڵایەتی دەڕوانێتە هێز، ئەمەش بۆچوونێکە کۆمەڵناسە پارێزکارەکان وەک تالکۆت پارسنس و نیوماکسییەکان وەک لویس ئەلسوسەر پاڵپشتی دەکەن.

یەکێک لە هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەو مشتومڕانە بریتییە لە پەسنکردنی ئەوەی کە هێز چەمکێکە لە جەوهەردا هاودژە، هەروەها جەخت لە سەر چەمک یان تێڕوانینە جۆراوجۆرەکانی بکرێتەوە، دان بەوە دابنێین کە هیچ پێناسەیەک نییە هەموو لە سەری کۆک بن و پەسن بکرێت. ئەمە یەکێکە لە هەوڵەکانی ستیڤت لوکس لە کتێبەکەی بە ناوی {هێز: بۆچوونێکی ڕادیکاڵیانە (١٩٧٤)}. ستیڤن لەو کتێبەیدا جیاوازی لە نێوان سێ ڕوو یان سێ ڕەهەندی هێز دەکات. لە کردەدا، پەسنترین پێناسەی هێز ئەوەیە کە دەتوانێت هەموو ڕوانگە جۆراوجۆرەکانی لە ئامێز بگرێت: گەر (أ) ملی (ب) بگرێت بۆ ئەنجامدانی کارێک، (أ) ئەو کارەی دەوێت کە (ب) مەرج نییە ئەنجامی بدات، ئا لەو کاتەدا هێز بەکار دەهێنرێت. بە واتایەکی دیکە، هێز بریتییە لەو توانایەی ملی یەکێک بگریت و ئەوەی گەرەکتە بۆت بکات کە بە خۆشی ئەو کارە ناکات. لەگەڵ ئەوەشدا، جیاوازییەکانی لووکس مایەی سەرنج و باسن لە بایەخدان بەوەی کە چۆن هێز بەکاردەهێنرێت لە جیهانێکی ڕاستەقینەدا، لە گەلێ ڕوودا (أ) دەتوانێت کار لە هەڵسوکەوتی (ب) بکات. لەم سۆنگەیەشدا، دەکرێ بڵێین هێز سێ ڕووی هەیە: یەکەم، دەتوانێت کار لە بڕیاردان بکات، ڕەنگە ڕەنگ بداتەوە لە توانای دروستکردنی ئەگێندەی سیاسی، لە بەر هەندێ لێ ناگەڕێت بڕیارەکان بدرێن، سێیەمیان، هێز ڕەنگە فۆرمی کۆنترۆڵکردنی هزری خەڵک بکات بە هۆی قۆرخکردنی حەز و پێداویستییەکانیان.

## بڕیاردان

یەکەم ڕووی هێز دەگەڕێتەوە سەردەمی پێشنیازەکەی تۆماس هۆبز کە پێی وابوو هێز بریتییە لە توانای بریکارێک بۆ کارتێکردن لە هەڵسوکەوتی "نەخۆشێک". ئەم بیرۆکەیە، لە ڕاستیدا، لە ئایدیای هێزی جەستەیی یان میکانیکی بکات، لێرەدا ئەوە



دەگەیەنێت کە هێز واتە پاڵ بە یەکێکەوە بنرێت لە دژی ویستی یەکێکی تر. ئەم جۆرە بیرۆکەیەی هێز سەرەکیترین بیرۆکەی زانستە سیاسییە کۆنەکان بوو، وتە کلاسیکەکەی دۆزراوەتەوە لە کتێبەکەی ڕۆبێرت داهل بە ناوی{ ڕەخنەیەک لە شێوازی حوکمڕانی نوخبە (١٩٥٨). داهل زۆر بە توندی ڕەخنەی لەو قسانە دەگرت کە گوایە لە ویلایە یەککگرتووەکان هێز لە ژێر دەستی نوخبەیەکی حوکمڕان بووە، باسی ئەوە دەکات کە ئەم جۆرە تیۆرانە تا ڕادەیەکی زۆر لە سەر بنچینەی ناوبانگ دامەزراون: پرسیاری ئەوە دەکات هێز لە کوێ باوەڕی پێ دەکرێت و لە کوێوەش دەبێت. لە بری ئەوە، نیازی ئەوەبوو باسی تێگەیشتنی هێز بکات لە سەر بنچینەی شیکردنەوە سیستەماتیکی و ئەزموونگەرییەکان. بۆ کۆتایی هێنان بەم هەرایە، داهل پێشنیازی سێ پێوەری کرد کە دەبوایە جێبەجێ بکرێت لە پێش ئەوەی باسەکانی نوخبەی حوکمڕان باوەڕی پێ بکرێت. یەکەم، نوخبەی حوکمڕان، گەر وجوودی هەبێت، دەبێ گرووپێکی باش ناسراو بن. دووەمیان، ژمارەیەک لە بڕیارە سیاسییە گرینگەکان دەبێ دیاری بکرێن کە حەزەکانی نوخبەی حوکمڕان دژی هەر گرووپێکی دیکەیە. سێیەمیان، دەبێ بەڵگە هەبێت کە حەزەکانی نوخبە بە سەر حەزەکانی گرووپەکانی تر بکەوێت. لە کردەدا، داهل مامەڵەی لەگەڵ هێز کرد وەک توانایەک بۆ کارتێکردن لە پرۆسەی بڕیاردان، پێی وابوو کە ئەم هەوڵە خودییە و مایەی پێوانەکردنە.

بە پێی ئەم بۆچوونە، هێز پرسیارێکە دەربارەی ئەوەی کێن ئەوانەی دەگەن بە مەرامی خۆیان، چەند جار بە مەرامی خۆیان دەگەن، هەروەها لە سەر حیسابی چی دەگەن بە مەرامی خۆیان. سەرنجی ئەم جۆرە مامەڵەیەی هێز ئەوەیە کە زیاتر لە باوەڕێکی گشتی نزیک دەبێتەوە کە هێز بریتییە لە ئەنجامدانی کارەکان، کەواتە هێز ڕەنگدانەوەی بڕیارەکانە و چۆنیەتی دەرکردنی ئەو بڕیارانەیە. هەروەک داهل ئاماژەی بۆ دەکات، ئەو مامەڵەیە سوودێکی تریشی هەیە: شیاو کردنی دیراسەی ئەزموونی و زانستی لە سەر دابەشکردنی هێز لە نێو هەر گرووپ و کۆمەڵە و کۆمەڵگەیەکدا. میتۆدی دیراسەکە ڕوونە: ژمارەیەک ناوچە هەڵدەبژێرێت کە بڕیاری لێوە دەردەچێت، دواتر دیاریکردنی ئەو ئەکتەرانەی کە پەیوەستن و حەزەکانی خۆیان

دیاری دەکەن، دواجاریش شرۆڤە کردنی ئەو بڕیارانەی کە دراون و بەراورد کردنیان لەگەڵ حەزەکانی ئەو ئەکتەرانە. ئەم شێوازەش زۆر بە پەرۆشەوە بەکارهێنرا لە لایەن زانستناسە سیاسییەکان و کۆمەڵناسەکان، بە تایبەتی لە ئەمریکا لە کۆتایی سالانی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکان، ژمارەیەکی ئێجگار زۆر دیراسە لە سەر هێز ئەنجامدرا. چاکترین و بەناوبانگترینی ئەو دیراسانەش شرۆڤەکەی داهل بوو لە سەر دابەشکردنی هێز لە دیراسەکەی بە ناوی CONNECTICUT،NEW HAVEN کە لە ساڵی ١٩٦٣ چاپ و بڵاو کراوەتەوە. ئەو دیراسانە جەخت دەکەنە سەر کۆمەڵگە ناوخۆییەکان، بە تایبەتی شارەکان، لە سەر بنچینەی ئەوەی کە یەکەی ئیداری زیاتریان هەیە بۆ دیراسەی ئەزموونی لە چاو یەکەی سیاسەتە نەتەوەییەکان، بەڵام پشت بەستن بەو لێکدانەوەیەش کە ئەنجامەکان، لە بارەی دابەشکردنی هێز لە سەر ئاستی نەتەوەیی، دەکرێ ژیرانە لە زانیاری دابەشکردنی هێز لە سەر ئاستی ناوخۆ هەڵبهێنجرێت.

لە NEW Haven دا، داهل سێ تەوەری سەرەکی دەستنیشان دەکات بۆ لێکۆڵینەوە: نوێکردنەوەی شارستانی، پەروەردەی گشتی و دەستنیشانکردنی کاندیدە سیاسییەکان. لە هەر تەوەرێکدا، داهل ئەوەی بۆ ڕوون دەبێتەوە کە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە ڕووی خاسیەت و باشی لە نێوان کاریگەری ئیمتیازی سیاسی و ئابووری بەهێز و کاریگەری هاوڵاتی ئاسایی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، داهل ڕایدەگەیەنێت کە بەڵگە دەدۆزێتەوە لە سەر ئەوەی کە گرووپی نوخبەی جیا جیا لە سەر پرسی جیاجیا، هەر ئایدیایەک ڕەت دەکەنەوە لە سەر حوکمڕانی یان نوخبەی حوکمڕان بۆ تا هەتایە. داهل لە ئەنجامدا گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە نیوهێڤن نموونەیەکە لە سیستەمی دیموکراسی و هێز بە فراوانی بە نێو هەموو کۆمەڵگەدا دابەش بووە. هەروەها گەیشتە ئەو قەناعەتەش کە ڕووی هێز وەک توانایەک بۆ کارتێکردن لە بڕیاردان دەگەڕێتەوە سەر بۆچوونێکی فرەیی هێز، واتە پێشنیازی بوونی فرە سەنتەری هێز دەکات. بەڵام ئەمەش گومڕامان دەکات: ئەنجامە فرەییەکان دروست نەبوونە بۆ ئەوەی نە بچنە پاڵ ئەو تێگەیشتنە لە هێز، نە بچنە نێو میتۆلۆژیای ناساندنی هێز. بۆ نموونە، هیچ هۆیەک نییە بیسەلمێنێت بۆچی



ئەنجامە نوخبەییەکان هەرگیز بە دیار ناکەون گەر حەز و ئارەزووەکانی گرووپە نوخبەکان دیاری نەکرێت بە سەر گرووپەکانی تردا لە سەر بنچینەیەکی ڕێک. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەخنەیەکی توندتر ئەوەیە کە بە هۆی جەختکردنە سەر بڕیارە تایبەتەکان، ئەم هەوڵە تەنیا یەک ڕووی هێز دەناسێتەوە، ئەو هەل و مەرجانەش پشت گوێ دەخات کە تیایاندا بڕیارەکان قەدەغە دەکرێن و دەبن بە تەوەرێکی بێ بڕیار.

## تۆماس هۆبز (١٥٨٨-١٦٧٩)

فەیلەسووفێکی سیاسی ئینگلیزییە. کوڕی یەکێک لە پیاوە ئاینییەکان بوو کە وازی لە خێزانی خۆی هێنا. دواتر، هۆبز بووە مامۆستای تایبەتی میری دوورخراوەی وێڵز کە ناوی " چارڵس ستوارت" بوو، لە ژێر چاودێری خێزانی کاڤێندیش ژیا. لە سەردەمێکی ململانێی ناوخۆ و ڕاڕایی دەینووسی، بە شۆڕشی ئینگلیزی ناودەبرێت، هۆبز، پاش ئەرستۆ، یەکەم تیۆری لە سەر سروشت و هەڵسوکەوتی مرۆڤ دانا.

کارە سەرەکییەکەی هۆبز ناوی " لێڤیسیان بوو" (١٦٥١)، کە بەرگری لە حکوومەتە ڕەهاییەکان دەکات وەک تاکە بەدیلی ئاژاوە و گێرەشێوێنی. باسی ژیان لە کۆمەڵگەیەکی بێ دەوڵەت دەکات، باسی ژیان دەکات وەک دەوڵەتێکی سروشتی، دەڵێ ژیان (تەنیاییە، نەگبەتییە، بێدارییە، نەهامەتییە و کورتە)، لە سەر ئەو باوەڕەی کە سروشتی مرۆڤ هەمیشە بە دوای هێزەوەیە و بوونەوەری خۆپەرستن. باسی ئەوە دەکات کە هاوڵاتییان پابەندییەکی بێ هاوتایان هەیە بەرامبەر بە دەوڵەت، لە سەر بنچینەی ئەوەی کە سنووردارکردنی هێزی حکوومەت واتە خستنە مەترسی جیلێک بۆ نێو دەوڵەتێکی سروشتی. هەر سیستەمێکی حکومی سیاسی هەرچەند ستەمکاری بێت باشترە لە نەبوون. هۆبز بەرگرییەکی ئەقڵانی لە ڕەهابوون دەکرد، چونکە دەسەڵاتی لەسەر بنچینەی ڕازی بوون و ڕێگەپێداندا بەدی دەکرد کە دەسەڵاتی سەروەر ڕەنگە فۆرمێگ وەرگرێت خراپتر لە مەلیکایەتی، پشتیوانانی مافی ئیلاهی شاییەکان نارەحەت و جاڕس دەکات. بۆچوونە ڕەشبینییەکەی هۆبز لە سەر سروشتی مرۆڤ و جەختکردنەکەی لە سەر گرینگی دەسەڵات کاریگەری بەرچاوی هەبوو لە سەر هزری پارێزکاری، بەڵام میتۆدە تاکڕەوییەکەی و بەکارهێنانی تیۆری گرێبەندی کۆمەڵایەتی پێش لیبرالیزم کەوتن.

## دانانی ئەگێندە

پێناسەکردنی هێز بەو پێیەی بریتییە لە توانای کارتێکردنی ناوەڕۆکی بڕیارەکان، ژمارەیەک گیروگرفت دروست دەکات. یەکەمیان، ڕوون و ئاشکرایە کە چەند گرفتێک هەیە سەبارەت بەوەی چۆن ئەگەرەکان لە سەر دابەشکردنی هێز تاقی دەکرێنەوە. بۆ نموونە، لە سەر چ بنەمایەک بڕیارە سەرەکییەکان کە دیراسە کراون لە بڕیارە ڕووتینەکان جیا دەکرێنەوە کە پشتگوێ خراون، هەروەها ئایا دەشێ بڵێین دابەشکردنی هێز لە سەر ئاستی نەتەوەیی ڕەنگدانەوەی دەبێت لە سەر ئاستی کۆمەڵگە؟ وێڕای ئەمەش، ئەم بۆچوونە لەمەڕ هێز بە شێوەیەکی تایبەت جەخت دەکاتە سەر هەڵسوکەوت و بەکارهێنانی هێز لە لایەن (أ) بە سەر (ب)دا. بە ئەنجامدانی ئەم کارەش، ئەم بۆچوونە ئەو هەقیقەتە پشتگوێ دەخات کە هێز موڵکێکە لە نێو سامان و مەنسەبی سیاسی و باری کۆمەڵایەتی و تا دوایی ڕەنگ دەداتەوە، ڕەنگ هێز هەبێت بەڵام بەکارنەهێنرێت. بۆ نموونە، ئەو گرووپانەی کە ئەو هێزەیان هەیە کار لە بڕیاردان بکەن بەڵام لە بەر یەک هۆی سادە ئەو کارە ناکەن چونکە پێشبینی ئەوە ناکەن ئەو بڕیارانەی دەردەچێت لە دژی ئەواندا بێت. بەم شێوەیە، کۆمپانیای تایبەت ڕەنگە زۆر خۆی لە پرسی تەندروستی و نیشتەجێ بوون و پەروەردە نەدات، تاوەکو، بێگومان، ڕەفاهیەت زیاتر هەڕەشە نەکاتە سەر زیادبوونی باج. بە هەمان شێوە، چەند هەل و مەرجێک هەن تیایدا خەڵک خۆی نزیک دەکاتەوە لە سەرۆکەکەی چونکە پێشبینی حەزەکانی دەکات بە بێ پێویستی ڕێنمایی ڕوون و ئاشکرا، ئەمەش پێی دەوترێت " یاسای بەرسڤی پێشبینی کراو" Law of anticipated reactions. گرفتێکی تر ئەوەیە کە ئەم هەوڵەی یەکەم بە هیچ شێوەیەک حیساب بۆ ڕووێکی جیاوازی هێز نەکات.

لە هەردوو وتارە کاریگەرەکەیاندا بە ناوی (دوو ڕووەکەی هێز) (١٩٦٢ و ١٩٨١)، پ. باچراچ و م. باراتز بڕیارنەدان بە ڕووی دووەمی هێز دادەنێن. هەرچەندە باچراچ و باراتز پەسنی ئەوەیان کرد کە هێز ڕەنگدانەوەی پرۆسەی بڕیار دانە، کەچی پێیان داگرت لە سەر ئەوەی کە " تا ڕادەیەک کە یەکێک یان گرووپێک، بە ئاگا یان بێ ئاگا، بەربەست دروست دەکات لە بەردەم گفتوگۆی گشتی لە سەر ململانێ



سیاسییەکان، ئەوا ئەو کەسە یان گرووپە هێزی هەیە". هەروەک ی. ی. شاتشنایدەر بە کورتی و پوختی دەڵێت " هەندێ پرس هەن ڕێک دەخرێن بۆ نێو سیاسەت، لە هەمان کاتدا، هەندێ پرسی تر بە بەرنامە لە نێو سیاسەت دەهێنرێتە دەرەوە، هێز، زۆر بە سادەیی، بریتییە لەو توانایەی بۆ دانانی ئەگێندەیەکی سیاسی". ئەم فۆرمەی هێز ڕەنگە زەحمەتتر بێت بەڵام مەحاڵیش نییە بۆ ناساندن، تەنیا پێویستی تێگەیشتنێکی داینامیکی بڕیارنەدانەوە هەیە. لە کاتێکدا، هەوڵی بڕیاردان بۆ هێز هانی ئەوە دەدات جەخت بکرێتە سەر بەشداری چالاکی گرووپەکان لە پرۆسەکەدا، بڕیارنەدان تیشک دەخاتە سەر گرینگی ڕێکخستنی سیاسی لە ڕێگەنەدان بە بەشداری چەند گرووپێک و دەربڕینی چەند ڕایەکی تایبەت. شاتشنایدەر لە باسە بەنێوبانگەکەی ئەمە کورت کردووەتەوە " ڕێکخستن بریتییە لە جووڵاندنی پشتگیری بێ لایەن". بە ڕای باچراچ و باراتز، هەر تێگەیشتنێک و تیڕوانینێک لە سەر هێز دەبێ بە تەواوی ڕەچاوی زاڵبوونی بەهاکان و ئەفسانە سیاسییەکان و بۆنە و دامەزراوەکان بکات کە مەیلی بەرژەوەندی کەسی یان گرووپیان هەیە، پەیوەست بەوانی تر.

پرۆسەی بڕیارنەدان دەکرێ، لە گەلێ ڕووەوە، لە سیستەمە دیموکڕات- لیبراڵەکان بەدی بکرێت. بۆ نموونە، هەرچەندە حیزبە سیاسییەکان بە شێوەیەکی ئاسایی بە (سەیارە) دادەنرێن کە بە هۆیەوە بەرژەوەندییەکان دەردەبڕدرێت یان داواکارییەکان دەکرێن، کەچی دەتوانن زۆر بە ئاسانی دەرگە لە سەر ڕا و بۆچوونەکان دابخەن. ئەگەری ئەم ڕوودانەش دوو لایەنەیە: کاتێ هەموو حیزبە سەرەکییەکان پرسێک یان ئەنجامی ڕایەک بەلاوە دەنێن، یانیش ئەوەتا کاتێ حیزبەکان لە بنەڕەتەوە کۆک دەبن لە سەر ئەوەی کە پرسەکە هەرگیز بەرز نەکراوەتەوە. ئەمە جێبەجێ دەبێت لە سەر چەند گرفتێکی وەک قەرز لە جیهانی پێشکەوتوودا، جیابوونەوەکان لە نێوان باشوور و باکوور و هەروەها تەنگژە ژینگەییەکاندا، کە زۆر بەدەگمەن بە خەمی سەرەکی حیزبە سیاسییەکان دادەنرێن. پرۆسەی بڕیارنەدان یارمەتی درێژە کێشانی پێشبڕکێی چەکیدا لە کاتی جەنگی ساردا. لە زۆربەی کاتەکانی ئەم سەردەمەدا، حیزبە سیاسییە ڕۆژئاواییەکان کۆک بوون لە سەر قەدەغەکردنی کردەی سەربازی

لە دژی یەکیەتیی سۆڤیەتی بەهێز، لە بەر هەندێ زۆر بە دەگمەن چەند هەنگاوێک نران و جێبەجێ کران وەک جێبەجێکردنی چەکداماڵینی یەکلایەنە. هەمان پاڵپشتی بێ لایەنە لە نێو سیاسەتی کۆمپانیاکاندا کار دەکات، هەندێک زۆر مکومن لە سەر سەپاندنی ڕا و بەرژەوەندی خۆیان لە سەر هەندێکی دیکە. بۆ نموونە، هەندێ گرووپ هەنە دەیانەوێ تەنیا گرینگی بە بەرژەوەندی خۆیان بدەن و خۆیان پێش بخەن، بەلام ناتوانن یان ئەوەتا لە بەرئەوەی کە لە ڕووی جوگرافییەوە پەرت و بلاون و وەها بە ئاسانی ڕێک ناکەون، یانیش لە بەرئەوەی کە چەند سەرچاوەیەکی زۆر گرینگیان نییە وەک پەروەردە و مەعریفە و دارایی و هێزی ئابووری. ئەو گرووپە بەرژەوەندییانەی کە وێنەیەکی چاک و پێشکەوتوو دەخەنە ڕوو هەلی باشتریان هەیە بۆ دروستکردنی ئەگێندەی سیاسی لە چاو ئەو گرووپانەی کە بێ ماڵ و بێ کار و پیر و هەژارن.

شرۆڤەی هێز وەک بڕیارنەدان بە شێوەیەکی گشتی ئەنجامی نوخبەوی لێ دەکەوێتەوە نەک فرەیی. بۆ نموونە، باچراچ و باراتز ئاماژەیان بەوە کرد کە جوولاندنی پاڵپشتی بێ لایەن لە نێو سیاسەتی کۆندا کار دەکات بە شێوەیەک پێی دەتوترێت " بەرگریکردن لە یەکتر بۆ بەرژەوەندی هەردوو لا". بە هەقیقەت، نوخبەوییەکان هەندێ جار سیاسەتی دیموکرات- لیبرالەکان بە زنجیرەیەک فلتەر دادەنێن کە لە ڕێگەیانەوە پرۆپۆزەلە ڕادیکاڵییەکان وشک دەکرێن و دەخرێنە دەرەوەی ئەگێندەی سیاسی. بەلام، جارێکی دیکەش هەڵەیە گەر باوەڕ بکەین بەوەی کە هەوڵێکی تایبەت بۆ دیراسەی هێز لە پێشدا پێ دادەگرێت لە سەر ئەنجامی ئەزموونی. هەتا گەر " جولاندنی پاڵپشتی بێ لایەن" بەدی بکرێت لە کارکردن لە نێو سیستەمێکی سیاسی، جاری وا هەیە پاڵەپەستۆیە میللییەکان بە سەر بەرژەوەندیە کەسییەکان دەکەون، هەروەک ئەو پاڵەپەستۆانە دەخرێنە ڕوو بە هۆی سەرکەوتنی هەڵمەتەکان لە پێناو مافەکانی ڕەفاهیەت و باشتر کردنی باری بەکارهێنەران و پاراستنی مافە ژینگەییەکان. سەرەڕای ئەوەش، گرفتێکی تر هەیە. هەرچەندە دانانی ئەگێندە ڕەنگە لە نێو بڕیارداندا وەک ڕووێکی گرینگی هێز دانی پیا بنرێت، ئەو هەقیقەتە لە بەرچاو ناگرێت کە هێز دەتوانرێت بەکار بهێنرێت لە ڕێگەی قۆرخکردنی هەرچییەکی خەڵک بیری لێ دەکاتەوە.



# کۆنترۆڵکردنی هزر

هەردوو هەوڵی پێشوو لە سەر هێز، بڕیاردان و بڕیارنەدان، لە خاڵێکدا هاوبەشن کە ئەوەی تاک و گرووپەکان دەیانەوێ ئەوەیە کە دەیڵێن و دەیانەوێت (واتە هەرچییەکی بڵێن ئەوەیان دەوێت). هەرچەند توانایان نەبێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان، ئەمە هەر ڕوودەدات، یان هەر دەیڵێن و دەیڵێنەوە تا مەرامەکانیان دەچێتە نێو ئەگێندەی سیاسی. بە هەقیقەت، هەردوو ڕوانگە کۆکن لە سەر ئەوەی کە تەنیا ئەو کاتە بە دیار دەکەوێت کێ هێزی هەیە و کێش نییەتی کە حەز و ئارەزووی گرووپەکان دەستنیشان دەکرێت. بەلام، گرفتەکە لەگەڵ ئەم جۆرە مەنسەبە ئەوەیە کە مامەڵە لەگەڵ تاک و گرووپەکان دەکات وەک ئەکتەری ئەقلانی و ئۆتۆنۆمی. واتە توانای زانینی بەرژەوەندنی خۆیان هەیە دەشتوانن ڕێکی بخەن بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا. لە واقیعدا، هیچ مرۆڤێک نییە ئەقڵێکی تەواو سەربەخۆی هەبێت، ئایدیا و ڕا و حەزەکانی هەموو مرۆڤێک لە ڕێگەی ئەزموونی کۆمەلایەتییەوە هەڵقولاوە و دروست دەبن، لە ڕێگەی کاریگەری خێزان، گرووپەکانی تێڕامان و قوتابخانە و شوێنی کار و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و حیزبە سیاسییەکان و تا دوایی دروست دەبن. بۆ نموونە، ڤانس پاکارد (١٩١٤-٩٦)، لە کتێبەکەی بە ناوی {قەناعەت پێکەرە شاراوەکان، (١٩٦٠)} the hidden persuaders، باسی ئەم توانایە دەکات وەک قۆرخکردنی هەڵسوکەوتی مرۆڤ بە هۆی دروستکردنی پێداویستییەکان بە پێی دیراسە کلاسیکییەکەی بۆ هێزی دیعایە کردن.

ئەمەش پێشنیازی سێیەم ڕووی هێز دەکات کە بە کاریگەرترین ڕوو دادەنرێت، ئەمەش ڕووەکەیە: (أ) توانا بەکاردەهێنێت بە سەر (ب)، بەلام ب سەرپشک نییە لەوەی کە کارەکە بکات یان نەیکات بگرە (هەروەک ستیڤن لووک دەڵێت) (أ) بە زۆری و پێداگرتن و کارتێکردن وا لە (ب) دەکات کە کارەکەی هەر بۆ بکات. هێربەرت مارکۆز کە تیۆریستێکی نوێی چەپڕەوەکانە، لە کتێبەکەی بە ناوی {مرۆڤی یەک ڕەهەند "One Dimensional Man"، (١٩٦٤)دا زیاتر لەو شرۆڤەیە قوول دەبێتەوە و پێشنیازی ئەوە دەکات کە کۆمەڵگە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان دەتوانرێت بە "تۆتالیتاری" دابنرێن. بە پێچەوانەی کۆمەڵگە تۆتالیتارییەکانی پێشوو وەک



گۆران سەباح (١٤)

نازییەکانی ئەڵمانیا و ستالینەکانی ڕووسیا کە هاوڵاتییان دەچەوساندەوە بە تیرۆر و دڕندایەتی بە ئاشکرا، کۆمەڵگە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان کۆنترۆڵی هاوڵاتییانیان دەکەن لە ڕێگەی قۆرخکردنی هەموو پیداویستییەکانیان، کە بە هۆی تەکنەلۆژیای مۆدێرنەوە دروست بوونە. ئەمەش کۆمەڵگەیەک دروست دەکات، کە مارکۆز ناوی لێ دەنێت " ئەقلانی و یموکراسی و خۆش بەڵام نائازاد". لەم جۆرە بارودۆخانەشدا، نەبوونی ململانێ لە نێو کۆمەڵگە ڕەنگە وا لە هێزدار بکات باوەڕ بە ڕازی بوونی گشتی نەکات و ڕازی نەبێت بە پەرت و بڵاوبوونەوەی هێز بە نێو کۆمەڵگەدا. هاوکات، کۆمەڵگەیەک بە بێ موعارەزە دەست دەگرێت بە سەر هەموو کۆمەڵگە و ڕێچکە و تەنانەت دەروونی تاکەکانیش. لوکس ناوی لەم بۆچوونە نا " بۆچوونی ڕادیکاڵییانەی" هێز.

مەبەستی سەرەکی بۆچوونی ڕادیکاڵی هێز بریتییە لە جیاوازی نێوان داواکاری و پێداویستییەکان، لە نێوان بەرژەوەندییە بابەتییەکان (هەست پێکراوەکان) و بەرژەوەندییە خودییەکان (واقیعییەکان). زۆرجاری وا هەیە خەڵک ئەقڵی خۆی نازانێت و ناخوێنێتەوە. ئەمەش تێڕوانینێکی (هێز)ە کە زۆر بە تایبەتی سەرنجڕاکێش بوو بۆمارکسییەکان، کە بە لایەنی ئەوانەوە جیاوازی نێوان داواکارییەکان و پێداویستییەکان گرینگ و واتابەخشە. مارکسییەکان مشتومڕی ئەوە دەکەن کە سەرمایەگوزاری Capitalism سیستەمێکە دەربارەی چەوساندنەوە و هەڵقۆزینەوەی چینەکان، کە بە هۆیەوە هێز لە ژێر دەستی چینێکی حوکمڕان دایە، واتە لە ژێر دەستی بۆرژوازییەکاندایە. هێزی بۆرژوازی ئابووری و سیاسی و ئایدیۆلۆژییە. ڕەگ و ڕیشەی زاڵبوونی بۆرژوازی لە نێو هێزی ئابووری و خاوەنیەتی سامانە بەرهەمدارەکەی یان ناوەندەکانی بەرهەمهێناندایە، کە جڵەوی کۆنترۆڵی دەکەوێتە دەست بە سەر کرێکار و بەرهەمی کرێکار. هێزی سیاسی لە ڕێگەی ئاژانسی دەوڵەتەوە مومارەسە دەکرێت، کە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی موڵکی تایبەت و مانەوەی درێژخایەنی سیستەمی سەرمایەگوزاری دەکات. بەڵام، مارکس پێی وا نەبوو سیستەمی چینایەتی تەنیا دەوەستێتە سەر هەڵقۆزینەوە و چەوساندنەوە. مارکس، باسی ئەوە دەکات کە ئایدیا و بەها و باوەڕە زاڵەکانی هەر کۆمەڵگەیەک



بریتین لە ئایدیاکانی چینی حوکمڕان. بۆیە چینی هەڵقۆزراو واتە چینی پرۆلیتاری هەڵێنجراوە لە پاڵەپەستۆی ئایدیا و تیۆرەکانی بۆرژوازیەت و هەروەها چینی پرۆلیتاری دەناڵێنێت لە دەستی ئەو شتەی ئینگلز پێی دەڵێت " هۆشمەندی چەوت".

لە کردەدا، چینی پرۆلیتار لە نێوە خۆیدا قەدەغە کراوە هەقیقەتی هەڵقۆستنەوەکەی بزانێت. بەم شێوەیە، بەژەوەندییە خودییەکان (واقیعییەکان)ی پرۆلیتار، کە سوودی پێ دەگات تەنیا بە هەڵوەشانەوەی سەرمایەگوزاری، جیاوازە لە بەرژەوەندییە بابەتییەکان (هەست پێ کراوەکان). لینین باسی ئەوە دەکات کە هێزی ئایدیۆلۆژی بۆرژوازی بۆ ناوەندەکانی بەجێ هێڵراوە، بە جۆرێک کە چینی پرۆلیتار تەنیا دەتوانێت "هۆشمەندی یەکیەتی بازرگانی" بە دەست بێنێت، ئارەزووی چاککردنی بارە مادییەکان بەڵام لە نێو سیستەمێکی سەرمایەگوزاری. ئەم جۆرە تیۆرانە بە شێوەیەکی درێژتر گفتوگۆ دەکرێت پەیوەست بە شەرعیەت لە کۆتایی ئەم بەشەدا.

بەڵام، ئەم بۆچوونەی هێز بە دەر نییە لە ڕەخنە. ڕوونە، مەحاڵە مشتومڕی ئەوە بکرێت کە ئەوەی یەکێک دەیڵێت یان دەیەوێت تەنیا وەهمێک بێت تاوەکو نەزانین پێداویستییە واقیعییەکانی چییە، یان چی بە ڕاستی سوودی پێ دەگەیەنێت. هزرمەندە لیبرالەکان، کە مرۆڤ بە بوونەوەری خۆ ویست دادەنێن، هەمیشە جەخت دەکەنە سەر تەنیا تاک و هیچی دیکە، هەروەها دەشتوانن بەرژەوەندییەکانی ناخی تاک دیاری بکەن. لە کردەدا، حەزە دەربڕاوەکانی هەر یەکێک تاکە ڕێبەری پشت پێ بەستراوە بۆ بەرژوەندییە ڕاستەقینەکان. بەرژەوەندییە هەست پێکراوەکان واتە بەرژەوەندییە واقیعییەکان. بۆ سەپاندنی هەر مەفهومێکی بەرژەوەندی واقیعی، هەوڵی نوخبەوییە و دەسەڵاتدارییە، چونکە ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە خەڵکی ئاسایی دەزانن چی شتێک باشترین شتە بۆ خۆیان. وێڕای ئەمەش، ڕەخنەگران دەڵێن کە بۆچوونی ڕادیکاڵی ڕێگە بەو تیۆرانە دەدات دەربارەی دابەشکردنی هێز لە نێو کۆمەڵگە بە شێوەیەکی ئەزموونگەری تاقی بکرێنەوە یان بەرەنگاری بکرێنەوە. گەر دەربڕینی حەزەکانی خەڵک پشتی پێ نەبەسترێت، ئەوا چۆن دەشێ ئەوە بسەلمێنی کە بەرژەوەندیە واقیعییەکانیان چین؟ بۆ نموونە، گەر ڕکابەرانی چینایەتی پێکەوە ببەسترێن لە ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژی بۆرژوازی، چۆن بیرۆکەی مارکسییەکان لە

سەر چینی حوکمڕان تاقی دەکرێتەوە؟ چارەسەری لووکس بۆ ئەم گرفتە پێشنیاز کردنی ئەوەیە کە بەرژەوەندییە واقیعییەکانی خەڵک بریتین لەو شتانەی کە دەیانەوێت و ئەو حەزانەی کە هەڵی دەبژێرن. بە واتایەکی دیکە، تەنیا تاکە ئەقڵانی و ئۆتۆنۆمییەکان دەتوانن بەرژەوەندییە واقیعییەکانی خۆیان دیاری بکەن. بەڵام، گرفتی ئەم جۆرە هەڵوەستەش ئەوەیە کە ئەم پرسیارە قووت دەکاتەوە: ئێمە چۆن بڕیار بدەین کاتێ تاکەکان بتوانن حوکمی ئۆتۆنۆمی و ئەقڵانی بدەن؟

## دەسەڵات Authority

هەرچەندە سیاسەت لە ڕووی نەریتەوە پەیوەستە بە مومارەسەکردنی هێز، کەچی زۆجار چڕتر لە سەر دیاردەیەک دەوەستێت پێی دەوترێت " دەسەڵات"، بە تایبەتیش "دەسەڵاتی سیاسی". لە فراوانترین مانایدا، دەسەڵات بریتییە لە فۆرمێکی هێز. بەڵام، زۆرجار هێز و دەسەڵات لە یەکتر جیا دەکرێنەوە وەک دوو ناوەندی دژ بە یەک کە لە ڕێگەیەوە پابەندبوون یان گوێڕایەڵی بەدەست دەهێنرێت. لە کاتێکدا هێز دەکرێ پێناسە بکرێت وەک توانایەک بۆ کارتێکردن لە هەڵسوکەوتی یەکتر، دەسەڵات دەکرێ بەو مافە پێناس بکرێت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە. هێز دەبێتە هۆی پابەندبوون لە ڕێگەی قەناعەت پێ کردن و پاڵەپەستۆ و هەڕەشە و زۆری لێکردن و توندوتیژی. لە لایەکی ترەوە، دەسەڵات واتە مافی حوکمکردن و دەبێتە هۆی دروستکردنی پابەندبوون لە ڕێگەی پابەندبوونێکی ئەخلاقی لە لایەنی گوێگرتنی ئەوانەی حوکم دەکرێن. هەرچەندە فەیلەسووفە سیاسییەکان مشتومڕی ئەو بنەمایانەیان کردووە کە دەسەڵات لە سەری دەوەستێت، لەگەڵ ئەوەشدا کۆکبوون لە سەر ئەوەی کە دەسەڵات هەمیشە خاسیەتێکی ئەخلاقی هەیە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە (دەسەڵات دەبێ گوێی لێ بگیرێت) گرینگترە لەوەی کە "دەسەڵات گوێی لێ دەگیرێت"، لەم سۆنگەیەوە، شاکانی ستوارتی ئینگلتەڕا بەردەوام بوون لە گرتنە دەستی جڵەوی دەسەڵات بۆ حوکمکردن پاش دەرکردنیان لەساڵی ١٦٨٨، هەرچەندە زۆرینەی دانیشتوان درکیان بەو ڕاستییە نەکرد. بە هەمان شێوە، دەکرێ بڵێین مامۆستایەک لە نێو پۆلدا دەسەڵاتی هەیە داوا لە قوتابیان بکات بۆ جێ



بەجێکردنی ئەرکی ماڵەوەیان هەتا گەر بە شێوەیەکی بەردەوامیش گوێڕایەڵی مامۆستاکە نەبن.

بەڵام، بیرۆکەیەکی جیاوازی دەسەڵات لە لایەن کۆمەڵناسە مۆدێرنەکان هاتە کایەوە. ئەمەش لە نووسینەکانی کۆمەڵناسی ئەڵمانی ماکس وێبەر (١٨٦٤–١٩٢٠) داڕێژرا. وێبەر ئەوەی شی دەکردەوە بۆچی خەڵک ئامادەیە بەپەسنکردنی مومارەسەی هێز و بە یاسایی و شەرعی دابنێن. بە واتایەکی دیکە، دەسەڵات پێناسە دەکات وەک پرسی باوەڕی خەڵک دەربارەی یاسایی بوونی دەسەڵات، بێ گوێ دانە ئەوەی لە کوێ ئەو باوەڕە هاتووە، هەروەها ئایا لە ڕووی ئەخلاقەوە سەلمێنراوە یان نا. هەوڵی وێبەر مامەڵە لەگەڵ دەسەڵات دەکات وەک فۆرمێکی هێز، دەسەڵات بریتییە لە "هێزێکی شەرعی"، هێزیش بەو شەرعیەتە داپۆشراوە. بە پێی ئەم بۆچوونەش، حکوومەت کە گوێی لێ ڕادەگیرێت، دەکرێ بڵێین ئەو حکوومەتە مومارەسەی دەسەڵات دەکات، هەرچەندە کە ڕەنگە گوێڕایەڵی پەیدا بووبێت بە هۆی پروپاگەندە و تەلقینی indoctrination سیستەماتیکی.

پێوەندی نێوان دەسەڵات و مافێکی دانپیانراوی حوکمکردن ئەوە شی دەکاتەوە بۆچی چەمکەکە زۆر سەرەکییە بۆ پراکتیکی حکوومەت: بە نەبوونی پابەند بوون، حکوومەتەکان تەنیا دەتوانن درێژە بە سەقامگیری بدەن بە هۆی بەکارهێنانی ترس و گوڕەشە و توندوتیژی. لەگەڵ ئەوەشدا، چەمکی دەسەڵات هەم ئاڵۆز و هەمیش گفتوگۆی زۆر هەڵدەگرێت. بۆ نموونە، هەرچەندە هێز و دەسەڵات دەکرێ لە ڕووی شیکارییەوە جیا بکرێنەوە، لە پراکتیکدا هەردووکیان هێز و دەسەڵات تێکەڵ بە یەکتر دەکرێن. وێڕای ئەمەش، لە بەرئەوەی دەسەڵات لە بەر چەند هۆیەک گوێی لێ دەگیرێت و هەروەها لە چەند بارودۆخێکی دژ بە یەکدا، گرینگە بۆ جیاکردنەوەی نێوان ئەو فۆرمە جیاوازانەی کە وەری دەگرێت. دواجار، دەسەڵات بە هیچ شێوەیەک بابەتی ڕەزامەندی گەردوونی نییە. لە کاتێکدا گەلێک دەسەڵات وەک مسۆگەرێکی جەوهەری ئارامی و سەقامگیری، دەربڕینی ئەوەی وەک دابەزینی دەسەڵات دەبینن لە نێو کۆمەڵگەی مۆدێرندا، ئەوانی تر هۆشداری ئەوە دەکەن کە دەسەڵات گرێ دەدرێت بە دەسەڵاتگەری و زۆر بە ئاسانی دەبێتە دوژمنی ئازادی و دیموکراسی.

# هێز و دەسەڵات

هێز و دەسەڵات دوو فیکرەی هاودژن، بەڵام زۆرجار لێککردنەوەیان لە پراکتیکدا ئاستەمە. دەسەڵات لە ڕوونترین مانایدا بریتییە لە ئالییەتێک بۆ بەدەستهێنانی پابەندبوون (الإلتزام) کە، لە لایەک، قەناعەت پێکردن و مشتومڕی ئەقڵانی ناهێڵێت، هەروەها هەر فۆرمێکی پاڵەپەستۆ و زۆری لێ کردن لە لایەکی ترەوە. قەناعەت پێهێنان یەکێکە لە ئالییەتە کاریگەر و فراوانەکان بۆ کارتێکردن لە هەڵسوکەوتی یەکێکی دیکە، بەڵام گەر وردتر قسە بکەین، قەناعەت پێهێنان مومارەسەکردنی دەسەڵات نییە. زۆربەی سیاسەتی هەڵبژێردراو هەوڵی قەناعەت پێهێنانی ئەوانی تر دەدەن، لە ڕێگەی: هەڵمەتەکانی حیزبە سیاسییەکان، دیعاییەکان، ڕێکخستنی کۆبوونەوە و دانیشتن، هەموو ئەم هەوڵانەش بە مەبەستی کارتێکردنە لە دەنگدەران بۆ ڕۆژی هەڵبژاردن. قەناعەت پێهێنان یەکێک لە دوو فۆرمەکەی کارتێکردن وەردەگرێت: یان ئەوەتا فۆرمی مشتومڕی ئەقڵانی وەردەگرێت و هەوڵی نیشاندانی ئەوە دەدات کە کۆمەڵێک ئەنجامی سیاسی تایبەت "ماقوڵ و واتابەخشە"، یانیش دەچێتە پاڵ بەرژەوەندی خود و هەوڵی خستنەڕووی ئەوە دەدات کە دەنگدەران voters لە ژێر سایەی یەک حیزبدا حاڵیان باشتر دەبێت لەوەی لە ژێر حیزبێکی تردا. لە هەردوو حاڵەتدا، بڕیاری هەڵبژێرەر elector دەربارەی چۆنیەتی دەنگدانی دەوەستێتە سەر ئەو خەم و پرسانەی حیزبە ڕکابەرەکان هەوڵی چارەسەرکردنی دەدەن، چۆن حیزبە ڕکابەرەکان قسە لە سەر خەمی دەنگدەر دەکەن و بە چ شێوەیەکی کاریگەر و دروست و ڕاستگۆیانە خۆیان بە قوربانی خەمی هاوڵاتی دەکەن. زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە حیزبەکان لە کاتی هەڵبژاردندا مومارەسەی دەسەڵات ناکەن لە بەرئەوەی هەوڵی قەناعەت پێهێنانی دەنگدەر لە ئارادایە. لە بەرئەوەی دەچێتە قاڵبی " ئەرک بەرامبەر گوێڕایەڵی"، مومارەسەی دەسەڵات دەبێ ڕەنگدانەوەی گوێڕایەڵییەکی بێ پرسیار و تۆماتیکی بێت. لەم هەلو مەرجەشدا، حیزبە سیاسییەکان دەتوانن دەسەڵات بەکاربهێنن تەنیا لە سەر ئەو کەسانەی کە زۆر دڵسۆزن و پێشەنگی لایەنگران و گوێڕایەڵان بن، واتە ئەوانەی کە پێویست ناکات قەناعەتیان پێ بهێنرێت.



بە هەمان شێوە، بە مانا (وێبەر)یەکەی، دەکرێ دەسەڵات لە چەندین ڕووەوە لە هێز جیا بکرێتەوە. گەر مافی ئەوەی هەبێت کار لەوانی تر بکات، لە کاتێکدا هێز بەو توانایە دێت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، ئەوا مومارەسەی هێز هەمیشە دەوەستێتە سەر هەندێ جۆری سەرچاوەکان. بە واتایەکی دیکە، هێز بریتییە لەو توانایەی یان ئەوەتا پاداشت یان سزای یەکێکی تر دەدات. لەم سۆنگەوەش، دەکرێ بپرسین ئایا هێز فۆرمی پاڵەپەستۆ و ترساندن و زۆری لێکردن و توندوتیژی وەردەگرێت؟. بە پێچەوانەی مشتومڕی ئەقڵانی یان قەناعەت پێهێنان، پاڵەپەستۆ ڕەنگ دەداتەوە لە بەکارهێنانی پاداشت و سزا، بەڵام ئەو پاداشت و سزایانەی کورت دەوەستن لە بەردەم زۆری لێکردنی کراوە. بۆ نموونە، ئەمە بەدی دەکرێت لە چالاکییەکانی گرووپەکانە پاڵەپەستۆ. هەرچەندە ڕەنگە گرووپەکانی پاڵەپەستۆ هەوڵی کارتێکردن بدەن لە پرۆسەی سیاسی لە ڕێگەی گفتوگۆ و قەناعەت پێ هێنان، کەچی مومارەسەی هێزیش دەکەن بە هۆی بەشداریکردنێکی کاریگەر لە ڕووی دارایی بۆ حیزبە سیاسییەکان یان کاندیدەکان، بە هۆی هەڕەشەی کردەی لێدان، ڕێپێوان و خۆپیشاندان بکەن و تا دوایی. ترساندن intimidation و زۆری لێکردن coercion و توندوتیژی violence هێشتا هاودژن لەگەڵ دەسەڵات. لە بەرئەوەی دەوەستێتە سەر هەڕەشە یان مومارەسەی هێز، زۆری لێکردن بە یەکێک لە دژەکانی دەسەڵات دادەنرێت. کاتێ حکوومەت مومارەسەی دەسەڵات دەکات، هاوڵاتییەکانی بە ئاشتی و پەرۆشەوە گوێڕایەڵی یاسا دەبن، هەر کاتێکیش هاوڵاتییان بە خۆشی گوێڕایەڵ نەبن، حکوومەت ناچارە زۆریان لێ بکات. لەگەڵ ئەوەشدا، هەرچەندە چەمکەکانی هێز و دەسەڵات لە ڕووی شیکارییەوە دەتوانرێت لێک بکرێنەوە، مومارەسەکردنی هێز و مومارەسەکردنی دەسەڵات زۆرجار تێکەڵ بە یەکتری دەکرێن. بۆ نموونە، سەرکردایەتی سیاسی زۆربەی جار هێز و دەسەڵات تێکەڵ بە یەکتری دەکەن. بۆ نموونە، سەرۆکێک یان سەرۆک وەزیرانێک لە لایەن هاوەڵەکانی نێو کابینەکەی پاڵپشتی دەکرێت بە دەر لە هەستی دڵسۆزی حیزبی، ئەمەش لە بەر ڕێزگرتن لە حورمەتی پۆستەکە یاخۆ پێزانین بە سیفەت و دەستکەوتە کەسییەکانی سەرکردەکە. لەم جۆرە حاڵەتانەدا، سەرۆک وەزیران یان سەرۆک زیاتر پەیوەست دەبێت بە

مومارەسەکردنی دەسەڵات نەک هێز. بەڵام، سەرکردایەتی سیاسی هەرگیز پشتی خۆی تەنیا بە دەسەڵات نابەستێت. ئەو پشتگیرییەی کە سەرۆک وەزیرانێک یان سەرۆکێک وەری دەگرێت ڕەنگدانەوەی ئەو هێزەیە ئەوان فەرمانی پێ دەدەن و پیادەی دەکەن، بۆ نموونە، توانای ئەوەیان هەیە یەکێک لە یاوەرانی پاداش بکات بە هۆی بەرزکردنەوەی پلەی، یان سزادانی یەکێکیان بە هۆی دەرکردنی لە سەر کارەکەی. بە هەمان شێوە، هەروەک لە بەشی شەشەمدا باس کراوە، بەشێکی دەسەڵاتی یاسا دەوەستێتە سەر ئەو هێزەی بۆ سەپاندنی یاسا بەکار دێت. ناچارکردن obligation بۆ ئەوەی بژی بە ئاشتی لە چوارچێوەی یاسادا هیچ مانایەکی نییە گەر یاسا پشتی ڕاست نەبێت بە زۆری لێ کردن و هێزی پۆلیس و سیستەمی دادگە و بوونی بەندیخانە و تا دوایی.

شتێکی ڕوونە کە دەسەڵات زۆر بە دەگمەن مومارەسە دەکرێت گەر هێز وجوودی نەبێت. سیستەمی پاشایەتی بەریتانیا هەندێ جار بە نموونەیەکی دەسەڵات بە بێ هێز دادەنرێت. پاشایەتی لە بەریتانیا ئەو هێزانەی بۆ مابووەوە، یان ئەوەتا توانای ڤیتۆی دەسەڵاتی یاسادانانە کە هەرگیز بەکارنەهێنرا، یاخۆ لە لایەن ئەوانی ترەوە ئەو هێزانە مومارەسە دەکران، وەک لە حاڵەتی دامەزراندنی وەزیرەکان و واژۆ کردنی پەیمانەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێ ڕا هەیە پاشایەتی بەریتانیا بە باشترین نموونە دانانێن وەک دەسەڵاتێکی بێ هێز، بگرە وەک دامەزراوێک کە هیچی تر خاوەنی هیچ دەسەڵاتێکی ئەوتۆ نەبوو. ئیمتیازی شاهانە و مافی پاشا بۆ حوکمڕانی گوێزرایەوە بۆ ئەو وەزیرانەی بەرپرسیار بوون لە بەردەم پەرلەمان. لە نەبوونی هێز و دەسەڵاتێکی ئەوتۆ، پاشایەتی تەنیا وەک هێمایەک دەمێنێتەوە، شتێک زیاتر لە سیمبۆلی دەسەڵاتی دەستووری. ئەو نموونانەی کە هێز مومارەسە دەکرێت بە بێ دەسەڵات هیچی تر وەها ئاسان نییە پێناس بکرێن. هێز بە بێ دەسەڵات پێشنیازی درێژەپێدانی حوکمی سیاسی دەکات لە ڕێگەی سیستەمی ترساندن و زۆری لێکردن و توندوتیژی. تەنانەت لە حاڵەتی دیکتاتۆرە تۆتالیتارییەکانیش وەک هیتلەر و پۆل پۆت یان سەدام حوسێن، هەندێ پێوەری دەسەڵات خرایە گەڕ، بە لانی کەم بە سەر ئەو هاوڵاتییانەی کە لە ڕووی



ئایدیۆلۆژییەوە پابەندن بە ڕێژیمەکە یان لە ژێر سایەی سەرکردە کاریزمایەکەدان. ڕوونترین حاڵەت لە سەر بوونی هێز بە بێ دەسەڵات بریتییە لە کودەتای سەربازی، هەرچەندە لێرەش مومارەسەی هێز بە شێوەیەکی سەرکەوتوو پشتڕاستە بە پێکهاتەی ئەو دەسەڵاتەی وجوودی هەیە لە نێوان خودی سەربازیدا.

دوا ئاستەنگ لە بەردەم ڕوونکردنەوەی مانای دەسەڵات بریتییە لە بەکارهێنانە هاودژەکانی زاراوەکە. بۆ نموونە، خەڵک یان ئەوەتا لە نێو دەسەڵاتە in authority یانیش دەسەڵاتە an authority. وەسفکردنی کەسێک وەک ئەوەی لە نێو دەسەڵاتدا بێت ئاماژەکردنە بە پۆستەکەی لە نێو پێکهاتەیەکی دامەزراوەیی. لەم سۆنگەوەش، مامۆستایەک، پۆلیسێک، فەرمانبەرێک و حاکمێک یان وەزیرێک دەسەڵات مومارەسە دەکات، واتە لە نێو دەسەڵاتدایە. ئەوان پۆستی ئۆفیسەکەیان وەرگرتووە کە دەسەڵاتیان دەوەستێتە سەر " هێزە" فەرمییەکانی ئەو پۆست و مەنسەبە. بە پێچەوانەوە، کاتێ دەڵێین یەکێک " دەسەڵاتە" واتە ئەو کەسە زانیاری زیاتری هەیە یان پسپۆرە لەم بوارە، یان ئەوەتا ڕا و بۆچوونی بە ڕێزەوە وەردەگیرێت. خەڵکی جۆراوجۆری وەک زانستناسەکان و پزیشکان و مامۆستایان و پارێزەران و ئەکادیمییەکان وەک " دەسەڵاتێک دابنرێن"، ڕەنگە وتە و لێدوانەکانیشیان بە "دەسەڵاتێک" دادەنرێن. ئەمەش پێی دەوترێت " دەسەڵاتی زانا" expert authority.

هەندێ لە بیرمەندان باسی ئەوە دەکەن کە ئەم جیاوازییە تیشک دەخاتە سەر دوو جۆری هاودژی دەسەڵات. لە نێو دەسەڵات بوون ئەو مافە دەگەیەنێت بۆ فەرمان کردن بە گوێڕایەڵی بەو مانایەی کە ئەفسەرێکی پۆلیسی هاتووچۆ دەتوانێت و بۆشی هەیە داوا لە شۆفێران بکات گوێڕایەڵی ڕێنماییەکانی هاتوچۆ بن. بوون بە دەسەڵاتێک، لە لایەکی ترەوە، بێ شک ئەوە دەگەیەنێت کە بۆچوونەکانی کەسێک ڕێزی لێ دەگیرێت و و مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵدا دەکرێت، بەڵام پێشنیازی ئەوەش دەکات کە بە شێوەیەکی ئۆماتیکی خەڵک گوێڕایەڵیان دەبن. بەم شێوەیە، سەرنجی مێژوونووسێک لە سەر بنەڕەتییەکانی جەنگی جیهانی دووەم زۆر گرینگە بۆ وەلامێکی جیای هاوەڵە ئەکادیمییەکانی، دواجاریش ئەو سەرنجە وەک ڕێنمایی قوتابیان گرینگە و بەکاری دەهێنن لە نێو وتارەکانیاندا. لە جاری یەکەمدا،

مێژوونووسەکە وەک دەسەڵاتێک ڕێزی لێ گیرا، دووەم جار گوێی لێ گیرا چونکە لە نێو دەسەڵاتە. بە هەمان شێوە، یەکێک کە وەک دەسەڵاتێک ڕێزی لێ دەگیرێت بە گەورەتر لەوانی تردا دەنرێت، لە کاتێکدا ئەوانەی لە نێو دەسەڵاتن گەورەتر نین لەوانەی کە فەرمانیان بە سەردا دەکەن، تەنیا ئۆفیسەکەیان یان پۆستەکەیان لە سەرووی خۆیانیان جیا دەکاتەوە.

## جۆرەکانی دەسەڵات

بێ شک، کاریگەرترین هەوڵ بۆ پۆلێنکردنی جۆرەکانی دەسەڵات لە لایەن ماکس ویبەر دراوە. ویبەر بایەخی بە پۆلێنکردنی " سیستەمەکانی زاڵبوونی" دەدا، لە تیشک خستنە سەر هەر حاڵەتێک، گوێڕایەڵی لە سەر ئەو بنچینەیە دروست دەبوو. ئەم کارەی ئەنجام دا بە هۆی دروستکردنی سێ " جۆری میسالی"، کە پەسنی ئەوەی کرد ئەو سێ جۆرە میسالییانە تاکە شێوازی ڕوونکردنەوە دەبن و یارمەتیمان دەدەن لە مانای ئاڵۆزی سروشتی حوکمی سیاسی بگەین. ئەم جۆرە میسالییانە ئەمانە بوون: دەسەڵاتی نەریتی، دەسەڵاتی کاریزمایی، دەسەڵاتی ئەقڵانی یاسایی. هەر یەکەیان مومارەسەی هێز دەکەن بە شێوەیەکی شەرعی بەڵام لە سەر بنەمای جیاواز. لە دیاریکردنی ئەو فۆرمە جیاوازانەی کە دەسەڵاتی سیاسی دەتوانێت وەریان بگرێت، ویبەر هەوڵی تێگەیشتنی دا لە گواستنەوەی خودی کۆمەڵگە، لە هاودژی سیستەمی زاڵبوون، لە کۆمەڵگە نەریتییەکان لەگەڵ کۆمەڵگە پیشەسازی و بیرۆکراتییە مۆدێرنەکان.

ویبەر پێشنیازی ئەوە دەکات کە لە نێو کۆمەڵگە نەریتییەکاندا، دەسەڵات پشتڕاستە بە ڕێزگرتن لە داوونەریتە کۆنەکان. لە ڕاستیدا، دەسەڵاتی نەریتی بە دەسەڵاتێکی ڕەوا دادەنرێت چونکە هەمیشە وجوودی هەبووە و لە لایەن نەوەکانی پێشووەوە پەسن کراوە. کەواتە، ئەم فۆرمەی دەسەڵات بە هۆی مێژوو پیرۆز کراوە و دەوەستێتە سەر داوونەریتێکی ڕیشە درێژ. لە پراکتیکدا، ئەم دەسەڵاتە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک کار دەکات چونکە بۆ هەر کەسێک لە نێو کۆمەڵگە حاڵێکی تایبەت تەرخان دەکات. بەڵام، "حاڵی" کەسێک، بە پێچەوانەی مەنسەب و نووسینگە



مۆدێرنەکان، بە وردی پێناس نەکراوە و بازنەی" شکۆیەکی ئازاد" دەبەخشێت بەوانەی لە نێو دەسەڵاتن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم جۆرە دەسەڵاتە لە لایەن گرووپێکەوە دەستی بە سەردادەگیرێت کە حوکمی ڕەهای هەیە، داوونەریتی جێگیر و بێ پرسیاریان هەیە، کە پێویست ناکات پاساویان بۆ بهێنرێتەوە چونکە ڕەنگدانەوەی ئەو ڕێگایانەن کە هەمیشە هەر هەبوونە. ڕوونترین نموونە لە سەر دەسەڵاتی نەریتی لە نێو گرووپە بچووکەکان یان هۆزەکاندا لە فۆرمی باوک سالاریدا Patriarchalism بەدی دەکرێت، واتە: زاڵبوونی باوک لە نێو خێزان یان سەرۆکی کرێکاران، هەروەها لە فۆرمی حوکمی پیران gerontocracy، بۆ نموونە، ڕیش سپییەکان لە نێو گوندەکان. بۆیە دەسەڵاتی نەریتی زۆر پەیوەستە بە سیستەمی ویراسیی هێز و ئیمتیازەکان. چەند نموونەیەکی دەسەڵاتی نەریتی ماونەتەوە لە نێو کۆمەڵگە پیشەسازییە مۆدێرنەکان. دوو هۆ هەیە ئەوە ڕوون دەکاتەوە بۆچی دەسەڵاتی نەریتی کەم بووەتەوە: یەکەم لە بەر کاریگەری نەریت کە ڕوو لە کەمبوونە بە هۆی ئێجگار زۆربوونی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، هەروەها لەبەرئەوەی گونجانی ئایدیای ویراسی لەگەڵ بنەما مۆدێرنەکان زەحمەتە وەک حکوومەتی دیموکراسی و هەلی یەکسان بۆ هەمووان. لەگەڵ ئەوەشدا، ئاسەواری دەسەڵاتی نەریتی بە دی دەکرێت لە نێو ئەو دام و دەزگە پاشایاتییانەی ماونەتەوە، تەنانەت لە نێو کۆمەڵگە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان وەک بەریتانیا و بەلجیکا و هۆڵەندا و ئیسپانیا، هەروەها لە نێو چەند دامەزراوەیەکیش ماوە وەک ئەنجوومەنی پیرانی بەریتانی British House of Lords، کە ئێستاش ڕێز لە بنەمای میراسی دەگرن.

دووەم فۆرمی ویبەر لە سەر زاڵبوونی شەرعی بریتییە لە دەسەڵاتی کاریزمایی. ئەم فۆرمەی دەسەڵات بە تەواوی پشتڕاستە بە هێزی کەسایەتی تاک و کاریزمای تاک. خودی وشەکە لە ئاینی مەسیحییەتەوە هاتووە و ئاماژەیە بە هێزی ئیلاهی، یان " دیاری شکۆ"، لەو هێزە ڕەنگی دایەوە کە حەزرەتی مەسیح لەگەڵ هاوەڵانی هەیبووە. دەسەڵاتی کاریزمایی هیچ قەرزباری حاڵی کەس و نووسینگە یان پۆستی کۆمەڵایەتی نییە، بگرە هەموو شتێک دەوەستێتە سەر سیفەتە کەسییەکان، بە تایبەتی، توانای کارتێکردنی ڕاستەوخۆ لەوانی تر. ئەم فۆرمەی دەسەڵات دەبێ

هەمیشە لە ژیانی سیاسیدا کار بکات چونکە هەموو فۆرمەکانی سەرکردایەتی پێویستی بە توانای قسەکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانی تر و توانای دروستکردنی پشتگیری هەیە. لە هەندێ حاڵەتدا، سەرکردایەتی سیاسی پێک دەهێنرێت لە سەر بنچینەی دەسەڵاتی کاریزمایی، هەروەک لە حاڵەتی سەرکردە فاشیستەکانی وەک مۆسۆلینی و هیتلەر، کە وەسفی خۆیان بە "سەرکردە" دەکەن، بە ئەنقەست چاویان لە هێزێکی بێ سنوور بوو لە ڕێگەی چوونە دەرەوەیان لە بیرۆکەی ڕاستەقینەی سەرکردایەتی. لەگەڵ ئەوەشدا، هەڵەیە گەر وا بیر بکەینەوە کە دەسەڵاتی کاریزمایی بریتییە لە بەهرەیەک یان دەسکەوتێکی سروشتی. زۆرجار سەرکردە سیاسییەکان هەوڵی دروستکردنی کاریزما دەدەن، یان ئەوەتا لە ڕێگەی ڕشتنی هزری خۆیان لە سەر میدیاکان و پەرەدان و برەودان بە بەهرەی قسە کردنیان، یانیش ئەوەتا لە حاڵەتەکانی وەک مۆسۆلینی و ستالین و هیتلەر و ماو زیدۆنگ بە هۆی کەسایەتییەکی پڕ لە ساختە و فڕوفێڵ لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی ئالییەتەکانی پروپاگەندە کردن.

دەسەڵاتی کاریزمایی، جا چ سروشتی یان دەستکرد بێت، زۆرجار بە گومانەوە سەیر دەکرێت. ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو باوەڕەیە کە لە گەلێ ڕووەوە گرێ دراوە بە دەسەڵاتگەری و داوای گوێ ڕایەڵبوون بە بێ پرسیار و پرسینەوە، سەپاندنی دەسەڵات بێ گوێدانە ڕازی بوون. لە بەرئەوەی دەسەڵاتی کاریزمایی دەوەستێتە سەر کەسایەتی نەک نووسینگە یان بارودۆخ، پەیوەست نییە بە هیچ حوکم و ڕێنماییەک و لەوانەشە خەیاڵی " هێزی ڕەها" دروست بکات. وێڕای ئەمەش، دەسەڵاتی کاریزمایی داوا لە یاوەرانی دەکات نەک هەر تەنیا گوێڕایەڵ بن بگرە دەبێ ببن بە شاگردی و خۆیان بۆ ئەو تەرخان بکەن. دواجار، خەڵک گوێڕایەڵی سەرکردەی کاریزما دەبێت چونکە پێی وایە لەگەڵ پیاوێکی ئاوادا ژیانی بەرەو گۆڕان دەچێت. دەسەڵاتی کاریزمایی سیفەتێکی چڕ و پڕ و مەسیحی ئاسا تیایە. سەرکردەکانی وەک ناپلیۆن و هیتلەر و ستالین، هەریەک لەمانە خۆی بە مەسیح دادەنا و هاتووە بۆ ڕزگاری و ئازادی سەرتاسەری یان تەواو وڵاتەکەی بگۆڕێت. ئەم فۆرمەی دەسەڵات لە نێو ڕێژیمە دیموکرات لیبراڵەکان زۆر مایەی سەرنج نییە چونکە لە نێو ئەو



ڕێژیمانەدا سەرکردایەتی بە پێی دەستوور پێناس کراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گرینگی خۆی هەر هەیە. وێڕای ئەمەش، گرینگە ئەوەمان بیر نەچێت کە سیفەتە کاریزماییەکان هەر تەنیا ئاشکرا نین لە سەرکردایەتی بە پەرۆش وەک مارگرێت تاچەر یان چارلس دو گاول، بگرە لە هەرە تازەترین سەرکردە ف. د. ڕۆزڤێڵتیش بە دیار دەکەوێت، هەروەها لە بەهرە تەلەفیزۆنەکانی زۆربەی هەرە زۆری سەرکردە مۆدێرنەکان.

سێیەم فۆرمی زاڵبوونی وێبەر پێی دەوترێت دەسەڵاتی ئەقڵانی یاسایی. بە ڕای وێبەر، ئەمەیان گرینگترین جۆری دەسەڵاتە لە بەرئەوەی بە تەواوی شوێنی دەسەڵاتی نەریتی گرتووەتەوە و بووەتە مۆدەیەکی زاڵی ڕێکخستن لە نێو کۆمەڵگە مۆدێرنە پیشەسازییەکان. بە تایبەتی، وێبەر پێشنیازی ئەوە دەکات کە دەسەڵاتی ئەقڵانی یاسایی مەودایەکی یەکجار فراوان و ڕێکخراوی بیرۆکراتی زۆر هەیە کە زاڵ بووە بە سەر کۆمەڵگەی مۆدێرن. دەسەڵاتی ئەقڵانی یاسایی کار دەکات لە ڕێگەی وجوودی دەستەیەکی دیاری حوکمکردن، لە ڕاستیدا، دەسەڵاتی ئەقڵانی یاسایی بە تەواوی پەیوەستە بە ئۆفیس و هێزە فەرمییەکانی نەک سەرۆکی ئۆفیسەکە. دەسەڵاتی ئەقڵانی یاسایی بە ڕوونی جیایە لە هەر فۆرمێکی دەسەڵاتی کاریزمایی، بەڵام زۆر جیاوازە لە دەسەڵاتی نەریتی، چونکە دەوەستێتە سەر ڕۆڵێکی بیرۆکراتی نەک بیرۆکەی فراوانی بارودۆخەکان.

دەسەڵاتی ئەقڵانی یاسایی سەرچاوەی گرتووە لە ڕێز دانان بۆ " حوکمی یاسا"، واتە هێز هەمیشە بە ڕوونی و بە شێوەیەکی یاسایی پێناس دەکرێت، دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە ئەوانەی هێز پیادە دەکەن لە چوارچێوەی یاسادا ئەم کارە دەکەن. بۆ نموونە، دەکرێ بڵێین حکوومەتی مۆدێرن لە مەوداریەکی فراوانتر کار دەکات لە سەر بنچینەی دەسەڵاتی ئەقڵانی یاسایی. ئەو هێزەی کە سەرۆکێک یان سەرۆک وەزیرانێک یان هەر بەرپرسێکی حکومی بەکاری دەهێنێت پشتڕاستە لە زۆربەی بارودۆخەکاندا بە حوکمێکی فەرمی و دەستووری، کە سنوورێک بۆ سەرۆکی ئۆفیس دادەنێت. لە دیدی وێبەرەوە، ئەم فۆرمەی دەسەڵات، بێ شک، بۆ دەسەڵاتی نەریتی یان کاریزمایی دەشێت. لە شوێنی یەکەمدا، دەسەڵاتی بیرۆکراتی زۆر بە کەمی

دەشێوێنرێت یان نایەکسانی دەکات. سەرەڕای ئەوەش، وێبەری پێی وابوو کە ڕێکخستنی بیرۆکراتی بە هۆی ئەو پێداویستییە دروست دەبێت بۆ لێهاتوویی و دابەشبوونی ئەقڵانی کرێکار بە کاردێت. بە ڕای ئەو، ڕێکخستنی بیرۆکراتی کە دەست دەگرێت بە سەر کۆمەڵگەی مۆدێرن زۆر لە شوێنی خۆیەتی. لەگەڵ ئەوەشدا، درکی بە دیوێکی ڕەشتری پێشڤەچوونی دەسەڵاتی بیرۆکراتی کردووە. ئەو ترسا لەوەی کە نرخی لێهاتوویی باشتر زیاتر بێ کەسایەتی و ژینگەی نامرۆڤانەی کۆمەڵایەتی بە دواوە بێت، بە هۆی بڵاوبوونەوەی فۆرمەکانی ڕێکخستنی بیرۆکراتی کۆنترۆڵ کرا.

ئالیەتێکی بەدیلی جۆرەکانی دەسەڵات بریتییە لە جیاوازی نێوان (دەسەڵات لە نێو یاسا) و (دەسەڵات لە پراکتیکدا) لە ئەمری واقیعدا. دەسەڵات لە نێو یاسا کار دەکات بە پێی کۆمەڵێک ڕێنمایی یان حوکم کە ئەوە دەخاتە ڕوو کێ خاوەنی دەسەڵاتە و لە سەر چ پرسێک دەسەڵاتی هەیە. بۆ نموونە، هەریەکێک بەوە دابنرێت کە لە نێو دەسەڵاتە دەکرێ بڵێین ئەو کەسە خاوەن دەسەڵاتێکی یاساییە: هێزەکانی دەچێتەوە سەر ئۆفیسێکی تایبەت. لەم سۆنگەیەوەش، دەسەڵاتی نەریتی و دەسەڵاتی ئەقڵانی یاسایی، هەروەک وێبەر پێناسیان دەکات، بریتین لە فۆرمی دەسەڵاتی نێو یاسا. بەڵام، جاری وا هەیە کاتێ دەسەڵات بە بێ گومان مومارەسە دەکرێت بەڵام ناتوانرێت بگەڕێنرێتەوە سەر کۆمەڵێک حوکم، ئەم جۆرەی دەسەڵاتە پێی دەوترێت دەسەڵات لە پراکتیکدا. بۆ نموونە، بوون بە دەسەڵات، ڕەنگە بوەستێتە سەر پیادە کردنی لە ناوچەیەکی دیاریکراودا بەڵام ناکرێت ئەوە بڵێین کە دەوەستێتە سەر کۆمەڵێک حوکمی دەسەڵاتدار. بۆ نموونە، ئەمە جێبەجێ دەبێت لە حاڵەتێک کە یەکێک بە ڕێگایەکدا دەڕوات، بەرپرسە لەو ڕووداوەی لەو ڕێگایەدا ڕوو دەدات، ڕێنمایی کردنی هاتوچۆ یان دەرکردنی ڕێنماییەکان، بەڵام بێ ئەوەی هیچ دەسەڵاتێکی ڕەسمی هەبێت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە. ئەو کەسەی تووشی ئەو حاڵەتە واقیعیە بووە دەبێتە دەسەڵات لە پراکتیکدا، لە ئەمری واقیعدا بێ ئەوەی خاوەنی هەر مافێکی یاسایی یان دەسەڵاتێکی نێو یاسا بێت. هەموو فۆرمەکانی دەسەڵاتی کاریزمایی لەم جۆرەن. دەچنە پاڵ دەسەڵاتی ئەمری واقیع و نێو پراکتیک،



بە تەواوی پشت ڕاستن بە کەسایەتی تاک، بە هیچ شێوەیەکیش ئاماژە نین بە کۆمەڵێک حوکمی دەرەکی.

## بەرگریکەران و ڕەخنەگرە تێکشکێنەرەکان Defenders and Detractors

چەمکی دەسەڵات نەک هەر تەنیا زۆر ئاڵۆزە، بگرە زۆر گفتوگۆش هەڵدەگرێت. پرسیارەکان دەربارەی پێویستی دەسەڵات و ئایا دەبێ دەسەڵات بە نیعمەتێکی بێ سنوور دابنرێت، بچێتە نێو جەرگەی تیۆری سیاسی و لە نزیکەوە وەڵامی ئەو مشتومڕە دەداتەوە دەربارەی پێویستی حکوومەت کە لە بەشی سێیەمدا تاوتوێ کراوە. بەڵام، لە کۆتایی سەدەی بیستەم، پرسی دەسەڵات تا دەهات ئاڵۆزتر دەبوو. لە لایەک، فراوانبوونی پێشکەوتووی ماف و ئازادییەکانی تاک لە نێو کۆمەڵگەی مۆدێرن، هەروەها پێشکەوتنی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی بە لێبوردە یان پەسن کراو، پاڵی بە هەندێک ناوە زۆر بە نێگەتیڤانە بڕواننە دەسەڵات، وای دەبینن کە دەسەڵات شتێکی کۆن و هیچی تر پێویست نییە یان زۆر بە ئاشکرا چەوسێنەرە. لە لایەکی دیکەوە، ئەم پرۆسەیە پاڵی بە بەرگریلێکەرانی دەسەڵات ناوە پێ داگرن لە سەر گرینگییەکەی. بە بۆچوونی ئەوان، داماڵینی دەسەڵات لە ماڵەوە و شوێنی کارکردن و قوتابخانە و کۆلێژ و زانکۆکان، مەترسی ئاژاوە و ناڕێکی و ناسەقامگیری و لەبارچوونی کۆمەڵگەی لێ دەکەوێتەوە.

تیۆرەکانی گرێبەندی کۆمەڵایەتی سەدەی حەڤدە و هەژدە بە شێوەیەکی کلاسیکی دەسەڵات دەسەلمێنن. ئەمانەش پشت ڕاستن بە هۆی دروستکردنی وێنەی کۆمەڵگەیەک بە بێ هەبوونی سیستەمێکی حکومی دەسەڵات، کە پێی دەوترێت " دەوڵەتی سروشتی"، جەختیش دەکەنەوە کە ئەنجامی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە دروستبوونی بەربەریەت و نادادپەروەری دەبێت کاتێ تاکەکان ململانێی یەکتر دەکەن بۆ بەدەستهێنانی چەند کۆتاییەکی جۆراوجۆری خۆیان. بەڵام، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە بۆچوونێکی هاودژ لە سەر دەسەڵات هەیە، هاودژییەک کە لە لایەن گەلێ تیۆریستە لیبراڵەکان هاتووەتە کایەوە. پێش هەموو شتێ پێشنیازی ئەوە دەکات کە پێویستی دەسەڵات درکی پێ دەکرێت لە لایەن هەموو تاکێکی ئەقڵانی، کە ڕێز لە

دەسەڵات دەگرن لە بەرئەوەی دەسەڵات ڕێکوپێکی و سەقاگیری دێنێتە کایەوە و هەروەها بەرگری لە ئازادی تاک دەکات و ناهێڵێت کەس ماف و موڵکی کەسی تر زەوت بکات. لەو سۆنگەیەوەش، لیبرالەکان هەمیشە جەخت لەوە دەکەنەوە کە دەسەڵات لە خوارەوە ڕا سەرهەڵدەدات، دەسەڵات دەوەستێتە سەر ڕازی بوونی حکوومەت. بەڵام، لە هەمان کاتیشدا، دەسەڵات بە پێی پێویست زاڵ دەبێت بە سەر ئازادی و توانای ئەوەی هەیە ببێتە زۆرداریێک لە دژی تاک. لە ئەنجامدا، لیبرالەکان سوورن کە دەبێ سنووریێک بۆ دەسەڵات هەبێت، پەسنی فۆرمەکانی دەسەڵاتی ئەقڵانی یاسایی دەکەن کە بە ڕوونی کار دەکات لە نێو سنوورە یاسایی و دەستوورییەکان.

هزرمەندە پارێزکارەکان لە ڕووی نەریتەوە بۆچوونێکی کەمێک جیاوازیان هەیە لە سەر دەسەڵات. بە بۆچوونی ئەوان، دەسەڵات زۆر بە دەگمەن دەوەستێتە سەر ڕەزامەندی، بەڵام دێتە کایەوە بە هۆی ئەوەی کە ڕۆجەر سکرۆتن (١٩٨٤) ناوی لێ دەنێت (پێویستی سروشتی). بۆیە دەسەڵات بە خاسیەتێکی سەرەکی و پێویستی هەموو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێت، دەسەڵات ڕەنگدانەوەی پێویستی بنەڕەتی سەرکردایەتی و ڕێبەریکردن و هاوکارییە. بۆ نموونە، پارێزکاران ئاماژە بەوە دەکەن کە دەسەڵاتی باوان لە نێو خێزان بە هیچ شێوەیەکی ڕەوا ناوەستێتە سەر ڕازی بوونی منداڵەکان. دەسەڵاتی باوانیەتی (دایک و باوک) لە ئارەزووی باوان بۆ پاراستن و چاودێری کردن و خۆشەویستی منداڵەکانیان هەڵقوڵاوە. ئەو دەسەڵاتە لە سەروو ڕا مومارەسە دەکرێت بۆ سوودی ئەوانەی لە خوار خۆیانن (منداڵەکانیان). لە تێڕوانینی پارێزکارانەوە، دەسەڵات برەو بە سازانی کۆمەڵایەتی دەدات و خزمەتی بە هێز کردنی پێکهاتەی کۆمەڵگە دەکات، دەسەڵات بریتییە لە بناغەی کۆمەڵگەیەکی ڕاستەقینە. لە بەر هەندێ پارێزکارەکان زۆر بە توندی ڕەخنە لەوانە دەگرن کە هیچ شتێک ناگێڕنەوە، پێیان وایە کە بە هۆی لە بارچوونی دەسەڵاتی، با بڵێین، باوان و مامۆستاکان و پۆلیس، " بیابانێکی بێ ڕێگا" دروست دەبێت و دەبێتە هۆی زیاتر سەرهەڵدانی تاوان و نەهامەتی و هۆسەیەکی سەرتاسەری.

زیاتر لەوەش پێشنیاز کراوە کە داماڵینی دەسەڵات دەتوانێت زەمینە خۆش بکات بۆ حوکمێکی تۆتالیتاری. هەنا ئارێندت، کە خۆی یەکێک بووە لەو ئافرەتانەی ناچار





کراوە ئەڵمانیا جێ بهێڵێت بە هۆی سەرهەڵدانی نازیەت، باسی ئەوە دەکات کە کۆمەڵگە، لە ڕاستیدا، بەستراوەتەوە بە ڕێز گرتن لە دەسەڵاتی نەریتی. نۆرمە نەریتییە بەهێزەکان، کە لە پێوەرەکانی هەڵسوکەوتی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی ڕەنگ دەدەنەوە، وەک چیمەنتۆ وەهان کۆمەڵگە بە یەکتری دەبەستێتەوە. چاکی کۆمەڵگە لەوەدایە کە ناسنامەیەکی کۆمەڵایەتی و سەقامگیری و دڵنیایی بۆ تاک دابین دەکات، "ڕووخانی کۆمەڵگە" تاکەکان بە تەنیا جێ دەهێڵێت و ئاژاوە دەکەوێتە نێوانیان، هەریەکە ڕاوی ئەوەکەی تر دەکات، وەک نیچێرێک سەیری یەکتر دەکەن، هەریەکە و لە ڕاستە خۆی دەبێتە دیکتاتۆرێک. لە کتێبەکەی بە ناوی (ئەسڵەکانی تۆتالیتاریانیزم، ١٩٥١)دا، ئارێندت پێشنیازی ئەوە دەکات کە کەمبوونەوە لە بەها نەریتییەکان و پێکهاتەکان یەکێک بوو لەو هۆکارانەی کە بوونە سەرهەڵدانی نازییەت و ستالینیزم. بە بۆچوونی ئەو، جیاوازییەکی ڕوون هەیە لە نێوان کۆمەڵگە دەسەڵاتییەکان و تۆتالیتارییەکان. لە پێشدا، موعارەزەی سیاسی و ئازادی مەدەنی بە شێوەیەکی ڕووتینی سەرکوت دەکران، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تا ڕادەیەک ئازادی تاک ڕێگەی پێ دەدرا، بە لایەنی کەم لە ڕووی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری. گەر بەراوردێک بکەین، ئەوە بەدی دەکەین کە ڕێژیمە تۆتالیتارییەکان ئازادی تاک بە یەکجاری لە بار دەبەن بە هۆی کۆنترۆڵکردنی هەوو لایەنەکانی وجوودی مرۆڤ، هێزێکی کۆتا دروست دەکات بۆ خۆی.

بەڵام، دەسەڵات بە گومانێک، هەندێ جار، بە دوژمنیش دادەنرێت. مەبەستی سەرەکی ئەم مشومڕە ئەوەیە کە دەسەڵات دوژمنی ئازادیە. هەموو فۆرمەکانی دەسەڵات بە هەڕەشەیەک بۆ سەر تاک دادەنرێت، لەم ڕووەوەش، دەسەڵات بانگەشەی ئەوە دەکات کە دەبێ هەموو گوێڕایەڵی بن و بێ ئەوەی کەس پرسیار بکات. لەو سۆنگەیەوەش، هەمیشە ئاڵووێرێک هەیە لە نێوان ئازادی و دەسەڵاتدا: هەرکە بازنەی دەسەڵات فراوان دەبێت، ئازادی بە ئاسانی دەستی بە سەردا دەگیرێت. بۆیە هەموو هۆیەک ڕوونە بۆ دابەزین و کەمکردنەوەی دەسەڵات. گەر باوان و مامۆستاکان و دەوڵەتیش هیچی تر دەسەڵاتی بێ پرسیار پیادە نەکەن، ئەوا، ئەمە ڕەنگدانەوەی زۆربوونی بەرپرسیاریەتی و ئازادییەکانی منداڵان و قوتابیان و هاوڵاتیانە. بە پێی ئەم تێڕوانینە، هۆیەکی تایبەت هەیە بۆ ترساندنی فۆرمەکانی

دەسەڵات کە خاسیەتێکی بێ سنووری هەیە. دەسەڵاتی کاریزمایی، بە هەقیقەت هەر بیرۆکەیەک کە دەسەڵات لە سەروو ڕا پیادە بکرێت، بارودۆخێک دروست دەکات کە هیچ کاتێک لە هێز ناپێچرێتەوە. بۆ نموونە، چی دەسەڵات سنووردار دەکات کاتێ باوان دەتوانن بە شێوەیەکی ڕاست و دروست دەسەڵات بە سەر منداڵەکانیان بەکار بهێنن، مەگەر ئەو دەسەڵاتە ناوەستێتە سەر ڕازی بوون؟

وێڕای ئەمەش، دەسەڵات بەدی دەکرێت وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ئەقڵ و تێگەیشتنی ڕەخنەیی. دەسەڵات داوای گوێڕایەڵییەکی بێ پرسیار و بێ مەرج دەکات، هەروەها داوای متمانەیەکی بێ ڕەخنە لە حوکمکردنی ئەوانی تر دەکات. ئەم ڕوانگانەش لە نێو دیراسە دەروونزانییەکانەوە باس کراون کە مومارەسەی دەسەڵاتیان بەستاوەتەوە بە پێشکەوتنی خاسیەتی دیاری دەسەڵاتگەری، ئەویش: ئارەزووی زاڵبوون یانیش سەرکوتکردن. لە کتێبەکەی بە ناوی the mass of psychology fascism، ١٩٣٣ و ١٩٧٥}، ویلّ ڕێیچ (١٨٩٧–١٩٥٧) باسی بنەڕەتی سەرهەڵدانی فاشیزم دەکات، کە سەرنج دەداتە ئەو سەرکوتکردنەی بە هۆی زاڵبوونی باوکەکانەوە دروست کرا لە نێو خێزانە نەریتییەکان. تیۆدۆر ئادۆرنۆ و چەند کەسێکی تر زیاتر گرینگییان بەم شرۆڤەیە دا لە the authoritarian personality، 1950 . بانگەشەی ئەوەیان کرد کە بەڵگە دەدۆزنەوە لە سەر ئەوەی ئەو تاکانەی لە پلەیەکی بەرز دانراون، بیرۆکەی فاشیستی دەنوێنن، ئەو کەسانە دەسەڵات تەنیا بە هی خۆیان دەزانن. دەروونزان (ستانلی میلگرام، ١٩٧٤) ڕایگەیاند کە بەڵگەی ئەزموونگەری دەدۆزێتەوە بۆ پاڵپشت کردنی ئەم تیۆرە. ئەمەش ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئەو خەڵکانەی ئارەزووی بەهێزیان هەیە گوێ لە دەسەڵات ڕابگرن زۆر بە ئاسانی دەتوانرێن دەستخەڕۆ بکرێن و بە شێوەیەکی وەحشییانە و بەربەریانە هەڵسوکەوت بکەن. بۆ نموونە، لە سەر حیسابی ئازاری ئەوانی تر ئەوان خۆیان پێ دەگەیەنن. میلگرام مشتومڕی ئەوە دەکات کە بەڵگەکەی یارمەتی شیکردنەوەی هەڵسوکەوتی نامرۆڤانەی پاسەوانەکان دەدات لە نێو سەربازگەی مردوونی نازی، هەروەها یارمەتی شیکردنەوەی ئەو کارە دڕندانەی کە تەنیا لە لایەن سەربازانی ئەمریکییەوە لە کاتی جەنگی ڤێتنامدا ئەنجام دران، دەدات.



**پارێزکاریزم** Conservatism

بیرۆکە و ڕێچکە پارێزکارییەکان، یەکەم جار، لە کۆتایی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدە سەریان هەڵدا وەک بەرسڤێک reaction لە دژی زۆربوونی گۆڕانکاری لە ژیان ئابووری و سیاسی، کە لەگەڵێ ڕووەوە لە ئەنجامی شۆڕشی فەڕەنسییەوە دروست بوون. بەڵام، هەر لە سەرەتاوە، جودابوونەوە لە هزری پارێزکاریدا لە گۆڕێ بوو. لە کیشوەری ئەوروپا، فۆرمێکی دەسەڵاتگەری و بەرسڤی هاتە کایەوە کە ڕەتی هەموو ئایدیایەکی چاکسازیان دەکردەوە. سەرکەوتووترین و هۆشمەنترین و چاکترین فۆرمی پارێزکاری لە بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکان سەری هەڵدا کە زۆر ئاسایی پەسنی گۆڕانی "سروشتی" کرد، یان پەسنی " گۆڕان لە پێناو مانەوە" ی کرد. ئەم هەڵوێستە وای لە پارێزکارەکان کرد لە سەدەی نۆزدە بە دواوە چاکسازی کۆمەڵایەتی لە ئامێز بگرن لە ژێر دروشمی باوانیەتی Paternalism و ئەرکی کۆمەڵایەتی. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم جۆرە ئایدیانە لە ژێر زۆربوونی پاڵەپەستۆ لە ساڵانی حەوتاکان بە دواوە وەک ئەنجامێکی پێشکەوتنی مافی نوێ New Right هاتنە کایەوە.

پارێزکارەکان هیچ متمانەیەکیان بەو تیۆر و بنەما دەرهەستانە نییە کە نەریتە سیاسییەکانی تر پێناس دەکەن، بگرە لە بری ئەمانە متمانەیان بە خودی داوونەریت و مێژوو و ئەزموون هەیە. یەکێک لە مەبەستە سەرەکییەکانی هزری پارێزکاری بریتییە لە تێگەیشتنی کۆمەڵگە وەک کۆمەڵگەیەکی ئەخلاقی، کە بە بەهاو و باوەڕەکان بونیات نراوە، کار دەکات وەک پێکهاتەیەکی ئۆرگانیکی. ئەمەش وا لە پارێزکاران دەکات پشتگیری حکوومەتی بەهێز بکەن و سەپاندنی یاسا و فەرمان سنووردار بکەن، بەڵام بە ڕەچاو کردنی مەترسی زۆرداری، پارێزکارەکان پێ دادەگرن لە سەر دەستوورێکی هاوسەنگ. هەرچەندە پارێزکارە نەریتییەکان پشتیوانی توندی موڵکی تایبەتیان دەکرد، کەچی پاڵپشتی بۆچوونێکی نائایدیۆلۆژی و پراگماتیکیان دەکرد بۆ پێوەندی نێوان دەوڵەت و تاک. لە کاتێکدا، پارێزکاریزم لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بیرۆکەی حکوومەتێکی سنووردار و نەریتی باوانیەتی لە خۆ دەگرێت، بە واتای (یەک نەتەوەی پارێزکاریزم) لە بەریتانیا و دیموکراسی مەسیحی لە کیشوەری ئەوروپا، یەک دەگرێتەوە لەگەڵ ڕەفاهیەتچییەکان و باوەڕەکانی دەستێوەردەران کە دۆزرانەوە لە نێو لیبرالیزمی مۆدێرن و دیموکراسی کۆمەڵایەتی.

New Right دوو نەریتی ململانێی جیاواز لە خۆ دەگرێت: لیبرالیزمی ئابووری و

پارێزکاری کۆمەڵایەتی. لیبرالیزمی ئابووری و نیو لیبرالیزم، زۆرجار وەک بابەتێکی زاڵ بەدی دەکرێن لە نێو New Right، بە توندی دەوەستێتە سەر لیبرالیزمی کلاسیکی پاڵپشتی سنوورەکانی دەوڵەت دەکات بە ناوی پرۆژەی تایبەت و بازاڕی ئازاد و بەرپرسیاریەتی تاک. وەک بەرسڤێک لە دژی گەشەی بەردەوامی هێزی دەوڵەت لە زۆربەی کاتەکانی سەدەی بیستەم بە هۆی حکوومەتە لیبرال و کۆمەڵناسی و پارێزکارییەکان، نیولیبرالیزم وەک ڕوونکردنەوەیەکی نەریتی ئازادی خوازەکان بەدی دەکرێت. پارێزکارە کۆمەڵایەتییەکان، یان نیوپارێزکارەکان، جەخت دەکەنە سەر ئەو ئاژاوە و تێکچوونی سەقامگیری کۆمەڵایەتییەی کە لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی بەها لیبرالە ڕێگە پێ دراوەکان دروست بووە. پێ دادەگرن لە سەر مەترسییە شاراوەکان لە نێو فرە ئەخلاق و کولتوور، پێشنیازی ئەوە دەکەن کە بەها نەریتییەکان بەهێز بکرێت، مشتومڕی گەڕانەوەی دەسەڵات و دیسپلینی کۆمەڵایەتی دەکەن.

هزری سیاسی پارێزکاری هەمیشە کراوەیە بۆ ئەو بەرپرسیاریەتییەی کە لە ئەستۆی ئایدیۆلۆژیای چینی حوکمڕانە. لە ڕاگەیاندنی پێویست بۆ سووربوون لە سەر گۆڕان، شەرعیەت بە بارودۆخی هەستیار دەدات و بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی گرووپی زاڵ یان نوخبە دەکات. ڕەخنە گرانی تر دەڵێن کە جودابوونەوەکان لە نێوان پارێزکارە نەریتییەکان و New Right ئەوەندە قووڵ ڕۆچووە کە نەریتی پارێزکاری بە تەواوی لێکترازاندووە. بەڵام، لە بەرگری ئەواندا، پارێزکارەکان مشتومڕی ئەوە دەکەن کە ئەوان چەند ڕاستییەک بەرەو پێش دەبەن دەربارەی سروشتی مرۆڤ و ئەو کۆمەڵگەیانەی تیایدا دەژین. مرۆڤ لە ڕووی ئەخلاق و ڕووناکبیرییەوە ناتەواوە، بە دوای ئاسایش دەگەڕێت کە تەنیا نەریت و دەسەڵات و کولتوورێکی هاوبەش دابینی دەکات و جەخت دەکاتەوە سەر ڕووناکی گەشت کردن لە ڕووی تیۆرییەوە. ئەزموون و مێژوو هەمیشە بناغە بۆ تیۆری سیاسی دابین دەکەن نەک بنەما دەرهەستەکان وەک ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری.

## فەیلەسووفە سەرەکییەکان

### ئیدمۆند بێرک (۱۷۲۹-۹۷)

تیۆریستێکی سیاسی بەریتانییە و لە دوبلین لە دایک بووە. بێرک باوکی نەریتی سیاسی پارێزکاری ئینگلیزی–ئەمریکییە. یەکێک بووە لە پشتگیری کارانی



شۆڕشی ئەمریکی ساڵی ١٧٧٦، زۆر بە توندی دژی شۆڕشی فەرەنسی وەستایەوە لە سەر بنچینەی ئەوەی کە (ژیری) بە بنەمای دەرهەست کار ناکات بگرە بە ئەزموون و نەریت و مێژوو کار دەکات. بە بۆچوونی بێرک، کۆمەڵگە بریتییە لە شەراکەتی نێوان ئەوانەی دەژین، ئەوانەی کە دەمرن و لە دایک دەبن. بێرک بۆچوونێکی نامۆی هەبوو لە سەر حکوومەت، گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی کە، هەرچەندە حکوومەت شەڕانگێزی ناهێڵێت، بە دەگمەن برەو بە باشە دەدات. هەروەها پشتگیری ئابووری کلاسیکی ئادەم سمیسی کردووە و هێزەکانی بازاڕی بە یاسای سروشتی ناو زەند دەکرد. کارە سەرەکییەکانی بێرک ئەمانەن: ڕەنگدانەوەکان لە سەر شۆڕش لە فەرەنسا Appeal for the new to the Old wings، (١٧٩٠) (١٧٩١).

### مایکڵ ئۆکشۆت (۱۹۰۱-۹۰)

فەیلەسووفێکی سیاسی بەریتانییە. بەشدارییەکی بەرچاوی هەبووە لە نەریتگەری پارێزکاری. بە هۆی جەختکردنە سەر گرینگی کۆمەڵەی مەدەنی و سوور بوون لە سەر سنووری سیاسەت، هەندێ بابەتی سەرەکی دانا کە نزیک بوون لە هزری لیبرال. ئۆکشۆت گەیشتە قەناعەتی بەرگرییەکی بەهێز لە شێوازی نائایدیۆلۆژی سیاسەت، قسەی لە بەرژەوەندی بەها نەریتییەکان و دابەکان دەکردەوە لە سەر بنچینەی ئەوەی کە سەپاندنی پارێزکاری بریتییە لە " پەسنکردنی ئاشنا بە نائاشناو، هەوڵدراو بە هەوڵنەدراو، هەقیقەت بە نەهامەتی و ڕاستی بە ئەگەر". گرینگترین کارەکانی ئۆکشۆت ئەمانەن: rationalism in politics and other essays (196)،(1975) on human conduct .

### ئێرڤینگ کریستۆڵ (۱۹۲۰ ---)

ڕۆژنامەنووس و ڕەخنەگرێکی ئەمریکییە. کریستۆل یەکێکە لە پێشەنگەکانی نیوپاریزکاریزمی ئەمریکی. ئەندامی گرووپی ڕووناکبیران و ئەکادیمییەکانە. لە ساڵانی حەوتاکان بە توندی ڕەخنەی لە بڵاوبوونەوەی ڕەفاهیەت و دژەکولتووری دەگرت. بەڵام پەسنی پێویستی بازاڕێکی ئابووری دەکات و بە توندی سۆشیالیزم ڕەت دەکاتەوە. کریستۆل ڕەخنە لە ئازادی نێو بازاڕ دەگرێت. بە تایبەتی، بەرگری لە خێزان و ئاین دەکات بە دوو کۆڵەگەی زۆر پێویستی کۆمەڵگەیەکی شایستەیان دەزانێت. باشترین کارەکانی ئەمانەن: Two cheers for capitalism، reflections of Neo-conservatism (١٩٧٨).

## شەرعیەت Legitimacy

شەرعیەت بە شێوەیەکی سادە بە " دروست، یاسایی" پێناسە دەکرێت. بەم شێوەیە، شەرعیەت زۆر گرینگە بۆ جیاوازی نێوان هێز و دەسەلات. شەرعیەت ئەو خاسیەتەیە کە هێزی ڕووت naked power دەگۆڕێت بە دەسەلاتێکی دروست و یاسایی. پشتڕاستە بە ڕێکوپێکی یان فەرمانکردن بە خاسیەتێکی دەسەلاتدار، جەخت دەکاتەوە لە سەر ئەوەی کە گوێڕایەڵی شەرعیەت بێ وەک ئەرکێک نەوەک وەک ترسێک. ڕوونە، پێوەندییەکی نزیک هەیە لە نێوان شەرعیەت و دەسەلات، هەردوو زاراوە هەندێ جار بە هاو واتای (مرادف) یەکتر بەکار دەهێنرێن. بەلام، هەروەک بە شێوەیەکی گشتی بەکاردەهێنرێن، بە خەڵک دەوترێت دەسەلاتی هەیە و لە کاتێکدا لە نێو سیستەمی سیاسی ئەو دەسەلاتە بە شەرعیەت وەسف دەکرێت. بە هەقیقەت، زۆربەی تیۆرە سیاسییەکان باسی ئەوە دەکەن کەی و لە سەر چ بنچینەیەک، حکوومەت دەتوانێت فەرمان بە شەرعیەت بکات. ئەم پرسیارە ئێجگار گرینگە، هەروەک پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە، چونکە لە نەبوونی شەرعیەتدا، حکوومەت تەنیا لە ڕێگەی ترس و تۆقاندن و توندوتیژییەوە پاڵپشتی دەکرێت. هەروەک ڕۆسۆ لە کتێبەکەی بە ناوی {the social contract، ١٧٦٢، ١٩٦٩ دا دەڵێت: بە هێزترین هەرگیز ئەوەندە بەهێز نابێت هەمیشە وەک سەرۆک بمێنێتەوە، تاوەکو هێزەکەی نەکاتە هێزێکی یاسایی و دروست و گوێڕایەڵیش نەکاتە ئەرکێک".

لەگەڵ ئەوەشدا، ناکۆکییەکی قووڵ هەیە لە سەر چەمکی شەرعیەت. باوترین مانای زاراوەکە کە بە فراوانی بەکاردەهێنرێت هەمدیس لە لایەن (وێبەر)ەوە هاتووەتە کایەوە. وێبەر دەڵێت " شەرعیەت شتێک زیاتر یان کەمتر نییە لە مافی حوکمڕانی". بە واتایەکی دیکە، سیستەمێکی حوکمڕانی دەکرێ بە شەرعیەت وەسف بکرێت. ئەمەش بە شێوەیەکی توند پێچەوانەی تێڕوانینی زۆربەی فەیلەسووفە سیاسییەکانە، کە هەوڵی پێناسکردنی بنەما ئەخلاقی و ئەقلانییەکان دەکەن بۆ شەرعیەت، پێشنیازی جیاوازییەکی ڕوون دەکەن لە نێوان فۆرمە شەرعی و ناشەرعییەکانی حوکمڕانی. بۆ نموونە، ئەرستۆ مشتومڕی ئەوە دەکات کە حوکمڕانی دەبێتە کایەکی



شەرعی تەنیا کاتێ سوود بە هەموو کۆمەڵگە بگەیەنێت نەک تەنیا بە بەرژەوەندییە خۆویستەکانی خودی حوکمڕانەکە. لە کاتێکدا، ڕۆسۆش مشتومڕی ئەوە دەکات کە حکوومەت شەرعییە گەر بوەستێتە سەر " ویستی گشتی". لە کتێبەکەی بە ناوی the legitimation of power، 1991، دەیڤد بیتهام هەوڵی دانانی چەمکێکی کۆمەلایەتی و زانستی دا بۆ شەرعیەت، بەلام ئەمە بە تەواوی لەوەی وێبەر جیاوازە. بە بۆچوونی بیتهام، بۆ پێناسەکردنی شەرعیەت وەک شتێک زیاتر نییە لە (باوەڕ بە شەرعیەت) دەبێ چۆنیەتی پەیدابوونی پشتگوێ بخەیت. ئەمەش پرسەکە لە ژێر دەستی بەهێزەکان جێ دەهێڵێت، کە ڕەنگە بتوانن "دروست و یاسایی" دروست بکەن لە ڕێگەی هەڵمەتەکانی پێوەندییە گشتییەکان و شتی لەم جۆرە. بۆیە پێشنیازی ئەوەی کرد کە دەکرێ بڵێین هێز شەرعی دەبێت گەر سێ مەرج جێبەجێ بکرێن. یەکەم، هێز دەبێ مومارەسە بکرێت بە گوێرەی حوکمی دامەزراوەوە، جا چ لە نێو کۆدە یاساییە فەرمییەکان دابێت یاخۆ لە نێو ڕێکەوتە نافەرمییەکان دابێت. دووەمیان، ئەو حوکمانە دەبێ لە ڕووی ئاڵووێری باوەڕەکانی حکوومەت و گەل بسەلمێنرێن. سێیەمیان، شەرعیەت دەبێ بخرێتە ڕوو لە ڕێگەی دەربڕینی ڕازی بوون لە لایەنی حوکم کراو (گەل)ەوە.

سەرەڕای ناکۆکی لە بارەی مانای زاراوەکە، مشتومڕێک هەیە سەبارەت بەو ئالیەتانەی کە " هێز" بە شەرعی دەکەن، یان ئەوەی کە پێی دەوترێت " پرۆسەی بە شەرعی کردن". هەر لە سەر بۆچوونی بیتهام، دەکرێ باسی ئەوە بکەین کە شەرعیەت تەنیا ئاماژەیە بە ڕێژیمەکان کە مومارەسەی هێز دەکەن بە پێی بنەما دامەزراو و پەسن کراوەکان، بە تایبەتی ئەو ڕێژیمانەی کە لە سەر بنچینەی ڕازی بوونی گەل حوکم دەکەن. بەلام، ئەوانی تر پێشنیازی ئەوە دەکەن کە زۆربەی هەرە زۆری ڕێژیمەکان هەوڵی دروستکردنی شەرعیەت دەدەن لە ڕێگەی قۆرخکردنی ئەوەی هاولاتیان دەیزانن و بیری لێ دەکەنەوە و باوەڕیان پێیە. لە ڕاستیدا، ڕەنگە شەرعیەت بریتی بێت لە فۆرمێکی یەک دەستی زاڵبوون یان ئایدیۆلۆژیایەک. وێڕای ئەمەش، چەند پرسیارێک هەیە لە سەر ئەوەی کەی و چۆن و بۆچی سیستەمە سیاسییەکان شەرعیەتی خۆیان لە دەست دەدەن و دەناڵێنن لە ژێر دەستی ئەو

کێشەیەی پێی دەوترێت " تەنگژەی بە شەرعی بوون"legitimation crisis. تەنگژەی بە شەرعی بوون زۆر مەترسیدارە چونکە گومان دروست دەکات لە سەر مانەوەی هەر ڕێژیمێک یان سیستەمێکی سیاسی: هیچ ڕێژیمێک نییە تا ئێستا تەنیا لە ڕێگەی زۆرداری و زۆری لێکردنەوە بە بەردەوامی مابێتەوە.

## دەستووریەت و ڕازی بوون

دیموکراسی لیبرال زۆرجار وەک تاکە فۆرمی سەقامگیری و سەرکەوتووی حکوومەت وەسف دەکرێت. باشیەکەی و مشتومڕی لایەنگرەکانی لەوەدایە کە چەند ئالیەتێکی لە نێو خۆیدا هەیە دەیپارێزێت: ئەو فۆرمە دەتوانێت شەرعیەتێکی بەردەوام مسۆگەر بکات بە هۆی ئەوەی کە هێزی حکوومەت چێک ناکرێت یان هەرەمەکییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە پێی حەز و ئارەزوو و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی گشتی پیادە دەکرێت. ئەمەش لە ڕێگەی دوو ئالیەتی سەرەکی بە دەست دەهێنرێت. یەکەمیان، ئەم جۆرە ڕێژیمانە (دیموکراسی لیبرال) لە چوارچێوەی چەند " حوکمێکی هێز" ەوە کار دەکەن، جۆرێک لە فۆرمی دەستوور وەردەگرن. ئەو ڕێژیمانە دڵنیایی دەکەنەوە کە ئازادی تاک دەپارێزرێت و هێزی حکوومەتیش سنووردارە. دووەمیان، دیموکراسە لیبرالییەکان بناغەیەک دابین دەکەن بۆ ڕازی کردنی جەماوەر لە فۆرمێکی ڕێک و کراوە و پێشبڕکێکاری هەڵبژاردنەکاندا. لەو سۆنگەیەوەش، شەرعیەت لە سەر ویست و گوێڕایەڵی ئەقڵانی گەلەوە دروست دەبێت، حکوومەت تەنیا ئەو کاتە دروستە کە وەڵامی پاڵەپەستۆی جەماوەر دەداتەوە.

لە سادەترین مانایدا، دەستوور بریتییە لەو حوکمانەی کە حکوومەت حوکم دەکەن. کەواتە، دەستوور بریتییە لە کۆمەڵێک حوکم کە ئەرک و هێز و کار دەبەخشێت بە دامەزراوە جۆر بە جۆرەکانی حکوومەت، هەروەها پێناسەی پێوەندی نێوان تاک و دەوڵەت دەکات. بە ئەنجامدانی ئەو کارەش، دەستوور هێزی حکوومەت پێناس و سنووردار دەکات، ناهێڵێت حکوومەت بە ویست و گوپی خۆی کار بکات. بەڵام، دەستوور دەتوانێت چەندین فۆرمی جۆراوجۆر وەرگرێت. لە زۆربەی وڵاتاندا، بە تایبەتیش هەموو وڵاتە دیموکراسییە لیبرالەکان، دەستووری نووسراو هەیە. ئەمەش



واتە هەموو حوکمە دەستوورییەکان لە نێو یەک دۆکیومێنت کۆدەکرێتەوە و پێی دەوترێت "دەستوور" Constituion. یەکەم نموونەی لەم جۆرە دۆکیومێنتە بریتییە لە دەستووری ئەمریکی، لە ڕێکەوتننامەی فلادلفیا لە ساڵی ١٧٨٧دا نووسراوە. خودی دەستووری نووسراو واتە فۆرمێکی بەرزتری یان باڵای یاسا، کە لە سەرووی ئەو یاسایانەوە دێت لە لایەن دەسەڵاتی یاسادانان دەردەچن. بەم شێوەیە، دەستووری نووسراو حوکمە دەستوورییەکان بەهێزتر دەکات و دەسەڵاتێکی قەزائی دەدات بە دادگە بۆ پێداچوونەوە، دادگاکان دەکات بە پاسەوانی دەستوور. لە ژمارەیەکی کەمی وڵاتە دیموکراسییە لیبرالییەکان، بەریتانیا و ئیسرائیل ئێستا تاکە نموونەن، هیچ دەستوورێکی پۆلێنکراوی لەم جۆرە لە ئارادا نییە. لەو دەستوورە "نەنووسراوانەشدا"، دەسەڵاتی باڵای دەستووری، لە ڕاستیدا، دەوەستێتە سەر دەسەڵاتی یاسادانان، وەک حاڵەتی پەرلەمانی بەریتانیا. ڕەنگە حوکمە دەستوورییەکانی تر وەک سەرچاوەی ڕێکەوتنەکان بەدی بکرێن، وەک یاسای گشتی و کارەکانی دەسەڵاتی دەستووری بە دیار بکەون.

دەستوور شەرعیەت بە ڕێژیم دەبەخشێت بە هۆی دروستکردنی حکوومەتێک چالاکییەکانی لە سنووری حوکمدا دەرنەچن. کەواتە حکوومەتە دەستوورییەکان دەسەڵاتی ئەقڵانی یاسایی پیادە دەکەن، هێزەکانیان بە هۆی یاسایەکی دەستوورییەوە دەسەڵاتیان پێ بەخشراوە. گەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو دەبینین کە داواکاری بۆ حکوومەتی دەستووری سەری هەڵدا کاتێ ئەو بانگەشە شەرعیەی کە دەوەستایە سەر ویستی خوا (مافی ئیلاهییانەی پادشاکان) کەوتە بەر پرسیارەوە. بەڵام، وجوودی دەستوورێک، خۆی لە خۆیدا، ئەوە دوویات دەکاتەوە کە هێزی حکوومەت بە ڕاست و دروستی پیادە دەکرێت. بە واتایەکی دیکە، خودی دەستوور شەرعیەت نابەخشێت، دەستوورەکان خۆیان دەستەی ئەو حوکمانەن کە پرسیار لە بارەی شەرعیەتەوە دەکەن. لە واقیعدا، هەروەک بیتهام پێ دادەگرێت، دەستوور دەتوانێت تەنیا ئەو کاتە شەرعیەت ببەخشێت کاتێ بنەماکانی دەستوور ڕەنگدانەوەی ئەو بەها و باوەڕانە بێت کە بە شێوەیەکی فراوان لە نێو کۆمەڵگەدا وەردەگیرێن. کەواتە هێزی حکوومەت شەرعیە گەر پیادە بکرێت بە گوێرەی ئەو

حوکمانەی کە ماقوڵ و پەسن کراون لە لایەن گەلەوە. بۆ نموونە، سەرەڕای بە کارهێنانی چوار فۆرمی سەرکەوتووی دەستوور لە ساڵانی ١٩١٨،١٩٢٤،١٩٣٦ و ١٩٧٧، یەکیەتیی سۆڤیەت دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆر کەمێک شەرعیەتی بە دەست هێنا. ئەمەش لە بەر دوو هۆ ڕووی دا، لەبەر ئەوەی گەلێ لە بەندەکانی دەستوورەکە، بە تایبەتی ئەوانەی لە سەر مافەکانی تاک، هەرگیز ڕێزیان لێ نەگیرا، هەروەها لەبەرئەوەی کە بنەما سەرەکییەکانی وەک هێزی قۆرخکردنی حیزبی کۆمەنیست نەیتوانی تۆزقاڵێک بە پیر حەز و ئارەزووەکانی گەلەوە بچێت.

پابەند بوون بە حوکمە پەسنکراوەکان ڕەنگە مەرجێکی گرینگ بێت بۆ شەرعیەت، بەڵام تاکە مەرجیش نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەنگە حکوومەتە دەستوورییەکان سەرنەکەون لە بە دەستهێنانی شەرعیەت گەر لە هەندێ ڕووەوە ئەوە دڵنیا نەکەنەوە کە حکوومەت پشتڕاستە بە ڕازی بوون یان قایلکردنی خەڵک. ئایدیای ڕازی بوون لە تیۆری گرێبەندی کۆمەڵایەتی و ئەو باوەڕە سەر هەڵدەدات کە حکوومەت پێک هاتووە لە سەر بنچینەی ڕێکەوتنێکی ئارەزوومەندانە لە لایەن تاکە ئازادەکانەوە. بۆ نموونە، جۆن لۆک، بە تەواوی ئەوەی بۆ ڕوون بووەوە کە حکوومەت بە شێوەیەکی پراکتیکی لە ئەنجامی گرێبەندی کۆمەڵایەتییەوە دروست نەبووە، بەڵام هاوڵاتییەکان بە شێوەیەک ڕەفتار دەکەن، کە ئەو دروست بوونە وەها دێتە بەرچاو. بۆیە لۆک هەڵسا بە دانانی بیرۆکەی (ڕازی بوونی ناڕاوستەوخۆ)، ئەنجامی ڕێکەوتنێکە لە نێو هاوڵاتیان بۆ گوێڕایەڵی یاسا و ڕێز گرتن لە حکوومەت. بەڵام، بۆ ئەوەی ڕازی بوون شەرعیەت بە هەر ڕێژیمێک ببەخشێت، ئەوا نابێ فۆرمی ڕێکەوتن وەرگرێت بگرە دەبێ فۆرمێکی ئارەزوومەندانە و بەشدارییەکی چالاک وەرگرێت لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگەدا. بۆیە بەشداری سیاسی دەربڕینێکی چالاکی ڕازی بوونە.

گەلێ فۆرمی حوکمی سیاسی شەرعیەت بەدی دەکەن لە ڕێگەی هاندانی جەماوەر بۆ ئەوەی ڕازی بوونی خۆیان دەربڕن. ئەمە لە حاڵەتی دیکتاتۆریەتە فاشیستەکانەوە جێبەجێ دەبێت وەک مۆسۆلینی ئیتاڵیا و هیتلەری ئەڵمانیا، کە چەندین هەوڵ و کۆشش لە گۆڕێ بوون بۆ کۆکردنەوەی پاڵپشت بۆ ڕێژیمەکە لە ڕێگەی ڕاپرسی گشتی و ڕێپێوان و کۆبوونەوە و خۆپیشاندان و تا دوایی. باوترین ڕێگە کە ڕازی



بوونی جەماوەری دەکرێ لێیەوە بخرێتە ڕوو بریتییە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەکان. تەنانەت وڵاتە تاک حیزبییەکانیش، وەک ڕێژیمە کۆمەنیستە ئۆرتۆدۆکسییەکان، ژیرانە ڕێ و شوێنی هەڵبژاردنەکانیان دەگرتە بەر لە پێناو بەدەستهێنانی شەرعیەت. هەرچەندە ئەوانە حیزبی باڵا دەستن و هەڵبژاردن تەنیا بۆ یەک کاندید ئەنجام دەدرا، کەچی گرینگییەکەیان سنووردار بوو بۆ ئەو بەهایانەی پروپاگەندەیان بۆ دەکردن. هەموو کاتێک، دەنگدەران زۆر بە دەگمەن هەڵبژاردنی بێ پێشبڕکێ بە فۆرمێکی واتابەخشی بەشداری سیاسی دانانێن یان وەک هەلێک بۆ دەربڕینی ڕازی بوونیان. بە پێچەوانەوە، سیستەمە هەڵبژاردنە کراوە و پێشبڕکێکارەکان، لە نێو وڵاتە دیموکراسییە لیبراڵەکاندا بەدی دەکرێت، ئیختیارێکی ماقووڵ دەخەنە بەردەم هاوڵاتییان، هەروەها هێزیان پێ دەبەخشن بۆ لابردنی ئەو سیاسەتزان و حیزبانەی کە سەرنەکەوتوون. لەم جۆرە بارودۆخانەشدا، کاری دەنگدان بریتییە لە دەربڕینێکی ڕاستەقینەی ڕازی بوونی چالاک. لەو دیدەوەش، ڕێژیمە دیموکرات– لیبراڵەکان، دەکرێ بڵێین، شەرعیەت دەپارێزن لە ڕێگەی ویستی خۆیان بۆ ئاڵوێر کردنی هێز لەگەڵ خەڵکی گشتی.

## یەک ئایدیۆلۆژیا

وێنەی کۆنی وڵاتە دیموکراسییە لیبراڵەکان ئەوەیە کە چێژ لە شەرعیەت وەردەگرن لە بەرئەوەی، لە لایەک، ڕێز لە ئازادی تاک دەگرن و، لە لایەکی دیکەشەوە، وەڵامی ڕای گشتی دەدەنەوە. بەڵام، ڕەخنەگران پێشنیازی ئەوە دەکەن کە دەستووریەت و دیموکراسی شتێک پترن لەو نەوایەی زاڵبوونی نوخبەی هێز یان چینی حوکمڕان دەشارێتەوە. نیومارکسییەکانی وەک ڕالف میلیهاند (١٩٨٢)،دیموکراسی لیبرالی بە دیموکراسییەکی سەرمایەگوزاری وەسف کرد، پێشنیازی ئەوە دەکات کە لە نێو ئەو سیستەمەدا چەند لایەنێکی سەربەخۆ هەن لە خزمەتی موڵکی تایبەت دان و دووپاتی سەقامگیرییەکی درێژخایەنی سەرمایەگوزاری capitalism دەکەنەوە. لە بەرئەوەی سیستەمی سەرمایەگوزاری دەوەستێتە سەر هێزی چینی نایەکسان، مارکسییەکان هەرگیز ئامادە نەبوون پەسنی ئەوە بکەن کە شەرعیەتی ئەم جۆرە

ڕێژیمانە بەڕاستی پشتڕاستە بە ویستی گوێڕایەڵی و ڕازی بوونی ئەقڵانی. لە ئەنجامدا، ڕادیکاڵییەکان و مارکسییەکان هەوڵێکی هەستیارتریان گرتە بەر بۆ پرۆسەی بە شەرعی بوون، هەوڵێک کە جەخت دەکاتە سەر ئەو پلەیەی کە شەرعیەت بە هۆی تەلقین و قۆرخکردنی ئایدیۆلۆژییەوە پەیدا دەبێت.

بە شێوەیەکی فراوان ئەوە پەسن دەکرێت کە کۆنترۆڵی ئایدیۆلۆژی دەکرێ بە کاربهێنرێت بۆ پاراستنی سەقامگیری و دروستکردنی شەرعیەت. بۆ نموونە، ئەمە ڕەنگی داتەوە لە بۆچوونی ڕادیکاڵیانە لە سەر هێز. هەروەک پێشتر تاوتوێ کراوە، ئەو بۆچوونە جەخت دەکاتە سەر توانای قۆرخکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤ. ڕوونترین نموونە لە سەر قۆرخکردنی ئایدیۆلۆژی لە ڕێژیمە تۆتالیتارییەکان بەدی دەکرێت کە ئایدیۆلۆژیایەکی ڕەسمی بڵاو دەکاتەوە و بێ ڕەحمانە هەموو باوەڕ و ڕێچکە و مەزهەبەکان سەرکوت دەکات. ئەو ئالیەتانەی ئەمەی پێ بە دەست دەهێنرێت ڕوونن: پەروەردە کەم دەکرێتەوە بۆ پرۆسەیەکی تەلقینی ئایدیۆلۆژی، ماسمیدیا دەگۆڕێت بە ئامێرێکی پروپاگەندە، هەروەها باوەڕە پشت پێ نەبەستووەکان زۆر سانسۆریان دەخرێتە سەر، موعارەزەی سیاسی زۆر بە دڕاندانە لە گۆڕ دەنرێت، تا دوایی. بەم شێوەیە، سۆشیالیزمی نەتەوەیی بوو بە دەوڵەتێکی ئاینی لە نازی ئەڵمانیا، هەروەک مارکسیزم و لینینیزم لە یەکیەتیی سۆڤیەت وایان کرد.

بەڵام، مارکسییەکان بانگەشەی ناساندنی پرۆسەیەکی هاوشێوە دەکەن لە کاردا لە نێو دیموکراسییە لیبرالییەکاندا. سەرەڕای وجوودی سیستەمی ململانێی حیزبی، گرووپی پاڵەپەستۆی ئۆتۆنۆمی و ڕۆژنامەوانی ئازاد و ئازادی مەدەنی مسۆگەرکراو لە نێو دەستوور، مارکسییەکان مشتومڕی ئەوە دەکەن کە دیموکراسییە لیبراڵەکان لە لایەن " ئایدیۆلۆژی بۆرژوازی " دەستیان بە سەردا گیراوە. چەمکی " ئایدیۆلۆژیا" مێژوویێکی پڕ لە سەرکەوتن و ژێرکەوتنی هەیە، لە بەرئەوەی بە چەندین مانای جیا جیا لێک دراوەتەوە. خودی زاراوەکە لە لایەن (دێستوت و دی تراسی) لە ساڵی ١٧٩٦ داتاشراوە بە واتای " زانستێکی نوێی ئایدیاکان". بەڵام، ئەم مانایە زۆری نەخایاند تا شۆڕشی فەڕەنسی، هەروەها زاراوەکە لە نووسینەکانی کارل مارکس لە



سەدەی نۆزدە هاتە کایەوە. بە ڕای مارکس، "ئایدیۆلۆژی" بریتییە لە کۆمەڵێک ئایدیا بە مەبەستی شاردنەوەی ئەو هاودژانەی کە هەموو چینەکانی کۆمەڵگە لە سەری بونیات دەنرێن. کەواتە، ئایدیۆلۆژیاکان دەبنە بڵاوبوونەوەی چەوتی و وەهم و سەرلێ تێکدان. لەگەڵ ئەوەشدا، ئایدیۆلۆژیاکان خزمەت بە ئەرکێکی بەهێزی کۆمەڵایەتی دەکەن: هاوکاری سیستەمی چینایەتی دەکەن و سەقامگیری دەکەن بە هۆی ئاشت کردنەوەی ئەوانەی کە هەڵقۆزراونەتەوە بەوانەی کە ئەم کاری هەڵقۆزینەوە دەکەن. بۆیە ئایدیۆلۆژی لە بەرژەوەندی چینی حوکمڕان کار دەکات، کە کۆنترۆڵی پرۆسەی بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیری دەکات بە تەواوی بە قەد ئەوەی کۆنترۆڵی بەرهەمهێنانی شتە مادییەکان دەکات. بۆ نموونە، لە کۆمەڵگەیەکی سەرمایەگوزاریدا، بۆرژوازییەکان دەست دەگرن بە سەر ژیانی کولتووری و هونەری و ڕۆشنبیری و پەروەردەیی. هەروەک مارکس لە کتێبەکەی بە ناوی (ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانەکان، ١٨٤٤ و ١٩٧٠) دەڵێت " ئایدیاکانی چینی حوکمڕان لە هەموو پەیمانێکی ئایدیا حوکمڕانییەکاندان".

بەڵام، ئەوەش پێشنیازی ئەوە ناکات کە ئەو ئایدیا حوکمڕانییانە ژیانی ڕۆشنبیری قۆرخ دەکەن و هەموو بۆچوونەکانی تر دەپلیشێننەوە. بە هەقیقەت، مارکسە مۆدێرنەکان بە ڕوونی دانیان بەوە داناوە کە پێشبڕکێی کولتووری و سیاسی و ئایدیۆلۆژی بێگومان لە ئارادایە، بەڵام جەخت دەکەنەوە لە سەر ئەوەی کە ئەو پێشبڕکێیە یەکسان نییە. لەو ڕوانگەوەش، ئەو ئایدیا و بۆچوونانەی کە پشتگیری ڕەوتی سەرمایەداری دەکەن چێژ لە سەرنەکەوتنی ئەو هەوڵ و ئایدیا و تیۆرانە وەردەگرن کە پرسیار لە سەرمایەگوزاری دەکەن یان بەرەنگاری دەبنەوە. لە ڕاستیدا، ڕەنگە ئەم جۆرە تەلقینە سەرکەوتووتر بێت چونکە لە پاڵ وەهمی ئازادی بیروڕا و پێشبڕکێ ی کراوە و فرەیی سیاسی کار دەکەن. کاریگەرترین پشتیوانی ئەم جۆرە بۆچوونە لە سەدەی بیستەم (ئەنتۆنیۆ گرامسی) بوو، کە جەختی دەرکردە سەر ئەو خاڵەی کە سیستەمی چینایەتی بە هۆی هێزی سیاسی و ئابووری نایەکسان پاڵپشتی لێ نەکرا بگرە بە هۆی ئەو شتەی کە ئەو ناوێ لێ دەنێت " یەک بۆرژوازی"، واتە زاڵبوونی دەستی یەک بۆرژوازی بە سەر هەموو بوارەکانی ژیاندا.

ئەنجامەکانی زاڵبوونی ئایدیۆلۆژی ڕوون بوون: بە ڕای تیۆر و فەلسەفە بۆرژوازییەکان، چینی پرۆلیتار (ڕەش و ڕووت) ناتوانێت بگاتە ئاستی چینی هۆشمەند و هەرگیز درک بە هێزی شۆڕشگێڕی خۆی ناکات. بۆ هەمیشە وەک چینێک لە خودی خۆیدا دەمێنێتەوە، هەرگیز نابێت بەوەی کە مارکس ناوی لێ دەنێت " چینێک بۆ خودی خۆی". ئایدیاکانی گرامسی زۆر کاریگەر بوون لە نێو مارکسە مۆدێرنەکان چونکە ئەوان ئەوە شی دەکەنەوە بۆچی، سەرەڕای چەوساندنەوەی چین، سیستەمی سەرمایەداری هەر ماوەتەوە: بۆرژوازییەکان سەرکەوتوو بوون لە دروستکردنی شەرعیەت. لەگەڵ ئەوەشدا، تیۆرەکەش ئەنجامی ڕادیکاڵی هەیە بۆ سیاسەتی مارکسییەکان. بە تایبەتی گرامسی پێشنیازی ئەوە دەکات کە یەک بۆرژوازی تەنیا لە لایەن یەک چینی پرۆلیتاری دەتوانرێت بەرەنگاری بکرێتەوە. بە واتایەکی دیکە، دامەزراندنی داواکارییکانی سۆشیالیزم، شۆڕشێکی کولتووری دروست دەکات لە ڕێگەیەوە تیۆر و بەها و بنەما سۆشیالیتەکان شوێنی ئەوانەی سەرمایەداری بگرنەوە یان بە لانی کەم بەرەنگاریان بکەنەوە. ئەم خەمە گشتییەش لەگەڵ ڕۆڵی ئایدیۆلۆژی لە لایەن ئەو هزرمەندانەوە دەربڕاوە کە بەشدارن لە تیۆری ڕەخنەیی.

هێڵێکی هاوشێوەی ئەم هزرە بە دوادا هات کە پێی دەوترێت " مەعریفەی سۆشیۆلۆژی". ئەمە هەندێ جار بووەتە بەدیلێک بۆ باوەڕی مارکسی لە ئایدیۆلۆژی زاڵ یان حوکمڕان. یەکێک لە باوکەکانی دامەزراندنی ئەم قوتابخانە سۆشیۆلۆژیە (کارل مانهێم) بوو (١٨٩٣-١٩٤٧)، ئامانجی خۆی وەسف کرد وەک " ڕەگە دانەپۆشراوە کۆمەڵایەتییەکانی مەعریفەکان". مانهێم پاڵپشتی ئەوەی کرد کە " چۆن بەڕاستی پیاوان بیر دەکەنەوە"، دەکرێ ئەمە بچێتەوە سەر پێگەیان لە نێو کۆمەڵگە و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان کە بۆی دەگەڕێنەوە، هەریەکەیان ڕێگای جیاوازی خۆی هەیە بۆ تێڕوانین لە جیهان. کەواتە، ئایدیۆلۆژییەکان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دیاری دەکرێن و ڕەنگدانەوەی بارودۆخە کۆمەڵایەتی و ئارەزووەکانی ئەو گرووپانەن کە دایاندەڕێژن. لە کتێبە کاریگەرەکەیان بە ناوی the social construction of reality، 1971، بێرگەر و لەکمان پەرەیان بەو شرۆڤەیە دا لە ڕێگەی پێشنیازی کردنی ئەوەی کە



نەک هەر تەنیا ڕێچکە ڕێکخراوەکان و ئایدیۆلۆژییەکان بگرە هەر شتێک بۆ مەعریفە بێت لە نێو کۆمەڵگە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دروست کراوە. گرینگی سیاسی ئەم جۆرە شرۆڤەیە جەختکردنە سەر ئەو ڕادەیەی کە مرۆڤ جیهان وەک خۆی نابینێت، بگرە وەک ئەوەی خۆیان بیری لێ دەکەنەوە دەبینن، یان وەک ئەوەی کۆمەڵگە پێیان دەڵێت جیهان چییە. سۆشیۆلۆژی مەعریفی ئەنجامی ڕادیکاڵی هەیە بۆ هەر بیرۆکەیەکی شەرعیەت چونکە ئەوە دەگەیەنێت کە تاکەکان ناتوانن بە ئەکتەری سەربەخۆ و ئەقڵانی دابنرێن، توانای ناسینەوەی فۆرمەکانی حوکمی شەرعیەتیان نییە لە فۆرمە ناشەرعییەکان. بە کورتی، شەرعیەت هەمیشە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتییە.

## تەنگژەکانی بە شەرعی بوون

شەرعیەت لە سەر ڕازی بوون وەستابێت یانیش لە ڕێگەی تەلقینی ئایدیۆلۆژی دروست بکرێت، هەروەک پێشتر دووپات کرایەوە، زۆر پێویستە بۆ پاراستن و درێژەپێدانی هەر سیستەمێکی حوکمی سیاسی. هەر بۆیەشە سەرنجەکان هەر ئەو پێکهاتەیە دووپات ناکەنەوە کە لە ڕێگەیەوە شەرعیەت دەپارێزرێت بگرە جەخت دەکەنە سەر ئەو بارودۆخانەش کە شەرعیەتی ڕژێمێک لێی دەپێچرێتەوە و دەکەوێتە بەر پرسیاران، دواجار، ئەو شەرعیەتە دەڕووخێت. لە کتێبەکەی بە ناوی (تەنگژەی بە شەرعی بوون، ١٩٧٣)، جێرگن هابەرماس کە نیومارکسییە، مشتومڕی ئەوە دەکات کە لە نێو وڵاتە دیموکراسییە لیبرالەکاندا "تەنگژەی کوتلەکاری" هەبوو کە لە ڕێگەی لە باربردنی شەرعیەت، بەرەنگاری سەقامگیری ئەو جۆرە ڕژێمانە دەبووەوە. ناوەڕۆکی ئەو گفتوگۆیەش ئەو گرژیە بوو لە نێوان، لە لایەک، پرۆژەی تایبەت یان ئابووری سەرمایەدار، سیستەمێکی سیاسی دیموکراسی لە لایەکی ترەوە. لە ڕاستیدا، سیستەمی دیموکراسی سەرمایەدار ڕەنگە تا ڕادەیەکی زۆر ناسەقامگیر بێت.

پرۆسەی دیموکراسی، حکوومەت ناچار دەکات وەڵامی پاڵەپەستۆیە جەماوەرییەکان بداتەوە، یان ئەوەتا لە بەرئەوەی حیزبە سیاسییەکان یەکتری

دەکرِنەوە بە مەبەستی ئەوەی بگەن بە هێز یانیش لە بەرئەوەی کە گرووپەکانی پاڵەپەستۆ داوای توند دەکەن لەو سیاسەتزانانەی جڵەوی دەسەڵاتیان لە ژێر دەستە. ئەمە رِەنگی دایەوە لە سەرهەڵدانی زۆربوونی خەرجی گشتی و فراوان بوونی بەرپرسیاریەتییەکانی دەوڵەت، بە تایبەتی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری. ئەنتۆنی کینگ لەساڵی ١٩٧٥دا، وەسفی ئەم گرفتەی کرد وەک حکوومەتێک کە لە سەری رِژاوەتەوە. حکوومەت لە سەری رِژاوەتەوە لەبەرئەوەی لە هەوڵی جێبەجێکردنی داخوازییەکانی هاوڵاتی، بەرپرسە سیاسییەکان دوای ئەو سیاسەتانە کەوتن کە هەرِەشە بوو بۆ سەر تەندروستی و مانەوەی رِەوتی ئابووری سەرمایەدار بۆ ماوەیەکی زۆر. بۆ نموونە، زۆربوونی خەرجی گشتی تەنگژەیەکی دارایی دروست کرد کە تیایدا بەرز بوونەوەی باج بووە رِێگر لە بەردەم پرِۆژەکان و حکوومەتیش دەستەوسان وەستا لە بەردەم ئەو گرانییەی لە بەرزبوونەوەی نرخەکان دووچاری بووەوە. شرِۆڤەکەی هابەرماس پێشنیازی ئەوە دەکات کە دیموکراسە لیبرالییەکان ناتوانن بە شێوەیەکی بەردەوام داخوازییەکانی جەماوەر جێبەجێ بکەن لە پێناو ئاسایش و مافەکانی رِەفاهیەت و داواکارییەکانی ئابووری بازارِ کە دەوەستێتە سەر سوودی تایبەت. بۆیە ناچار بوو بەرگەی قشارە دیموکراتییەکان یاخۆ مەترسی رِووخانی ئابووری بگرێت، دیموکراسییە سەرمایەدارییەکان، بە بۆچوونی ئەو، زۆر بە زەحمەتی دەزانن شەرعیەت بپارێزن و درێژەی پێ بدەن.

تا رِادەیەک، ترسەکان لە تەنگژەیەکی بە شەرعی بوون وێنەیەکی زۆر رِەشی سیاسەتی دیموکرات- لیبرالەکانی کێشا لە ساڵانی حەوتاکان. هابەرماس "تەنگژەی کوتلەکاری" رِاگەیاند کە لەودیو توانای دیموکرات- لیبرالەکانە بۆ کۆنترِۆڵکردن. بەڵام، لە پراکتیکدا، میکانیزمی هەڵبژاردن رِێگە بە وڵاتە دیموکراسییە لیبرِاکان دەدات سیاسەتێک بەکار ببەن وەڵامی داخوازییەکان بدەنەوە، بۆیە وا لەو سیستەمە دەکات بە گشتی پلەیەکی بەرزی شەرعیەت بە دەست بێنێت، هەرچەندە سیاسەتە تایبەتەکان رِەنگە رِخنە بۆ لای خۆیان کێش بکەن و تێکدانی کاری جەماوەری بورووژێنن. کەواتە زۆربەی سیاسەتی دیموکرات- لیبرالەکان لە سیاسەتەکانی دەست تێوەردانەوە دەگۆرِێت بۆ سیاسەتەکانی بازارِی ئازاد و پاشان دووبارە





دەگەرِێتەوە، هەرکاتێ هێز ئاڵوویر دەکرێت لە نێوان باڵی رِاست و باڵی چەپی حکوومەت. بەڵام، سەرهەڵدانی NEW RIGHT لە ساڵانی حەوتا و هەشتاکان وەک وەڵامێک بەدی دەکرێت بۆ تەنگژەیەکی بە شەرعی بوون. پێش هەموو شتێ، NEW RIGHT درکی بەوە کرد کە بەشێکی گرفتی " لە سەر رِژان" لەو باوەرِە سەری هەڵدا کە حکوومەت دەتوانێت هەموو گرفتەکان چارەسەر بکات وەک گرفتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی. لە ئەنجامدا، بەرپرسە سیاسییەکانی NEW RIGHT وەک رِێگان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و تاچەر لە بەریتانیا هەوڵی کەمکردنەوەی پێشبینی خەڵکیان کرد لە سەر حکوومەت، هەوڵی ئەوەیان دا لە خەڵکی بگەیەنن کە حکوومەت ناتوانێت هەموو کارێک بکات و هەموو گرفتەکان چارەسەر بکات. ئەم کارەشیان ئەنجام دا لە رِێگەی گۆرِینی بەرپرسیاریەتی لە دەوڵەتەوە بۆ سەر تاک. بۆیە، رِەفاهیەت تا رِادەیەکی زۆر بەرپرسیاریەتی تاک بوو، تاکەکان هان دران لە رِێگەی رِەنجی زۆر و کاری زۆر و پارە کۆکردنەوە و زەمانەتی پزیشکی و مووچەی تایبەتی و تا دوایی، ژیانێکی خۆش بۆ خۆی دابین بکات. وێرِای ئەمەش، بێکاری هیچی تر نەکەوتە سەر شانی حکوومەت: رِێژەیەکی زۆری بێکار هەبوو کە تەنیا کرێکاران خۆیان بە دوای نرخ و کارێکدا دەگەرِان، بەم شێوەیەش ئەو رِێژە زۆرە کەم بووەوە.

لە رِووی رِادیکاڵییەوە، NEW RIGHT هەوڵی بەرەنگاری ئەو تیۆرو بەهایانە بێتەوە کە پێشتر شەرعەتیان بەخشیبوو بە فراوان بوونی بەرپرسیاریەتی دەوڵەت و دواجار شوێنیشیان بگرێتەوە. لەو دیدەوەش، NEW RIGHT نیازی تەنیا یەک پرِۆژەی هەبوو کە دروستکردنی کاریگەری کۆمەڵێک تیۆر و بەها بوو بۆ بازارِ. ئەمەش چووە سەر فەلسەفەی گشتی کە زۆر بە سەر تاکرِەوی هەڵگووت و لە بەهای دەوڵەتی "نانی" nan-ny state هێنایە خوارەوە، (دەوڵەتی نانی واتە دەوڵەت یان حکوومەت زۆر پەرۆشی هاوڵاتییانە و هەموو شتێکیان بۆ دەکات و دەیانپارێزێت بەڵام ئازادییان سنووردار دەکات). ئەم پرِۆژەیە دوو مەبەستی هەبوو، مەبەستی نیو لیبرال و نیوپارێزکار. تیۆرە نیو لیبرالەکان هەوڵی دووپات کردنەوەی ئۆتۆنۆمی بازارِ دەدات لە رِێگەی رِاگەیاندنی ئەوەی کە " باری ئابووری لە باشترین حاڵەت دەبێت گەر تەنیا حکوومەت پێی هەڵسێت". بەم شێوەیە، ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بە بازنەیەکی

تایبەت وەسف دەکرێت و دەوڵەت هیچ کاریگەرییەکی یاسایی لە سەر نییە. لە لایەکی ترەوە، نیوپارێزکارەکان بانگەشەی گێڕانەوەی دەسەڵات و نیزام و دیسپلین دەکەن. ئەمە، بە تایبەتی، ڕەنگدانەوەی ئەو ئارەزووەیە بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی حکوومەت، بە لایەنی کەم پەیوەست بە ڕۆڵە دیارەکەی NEW RIGHT: یاسا و نیزام و بنەما گشتییەکانی ئەخلاق و بەرگری.

لە کاتێکدا ڕێژیمە دیموکرات- لیبرالەکان لە جیهانی پیشەسازی ڕۆژئاوادا هێشتا لە تەنگژەی بە شەرعی بوون دەرباز نەبوونە، ناتوانین هەمان شت بڵێین دەربارەی حکوومەتە دیموکرات- لیبرالەکانی جیهانی پێشکەوتوو. چەند وڵاتێکی پێشکەوتوو توانیویانە پشتگیری سیستەمی سیاسی بکەن لە سەر بنچینەی خەباتێکی کراوە و پێشبڕکێکار لە پێناو هێز و ڕێز گرتن لە ئازادییەکانی تاک. هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر پەرەیان بە خاسیەتەکانی دیموکرات- لیبرال داوە، کەچی دیموکرات لیبرالی سەرکەوتوو وەک ئەوەی لە هیندستان و ڤەنزوێلا هێشتا دەگمەنە. ئەزموونە دیموکرات- لیبرالەکان زۆر جار لە ئەنجامی کودەتایەکی سەربازی یان سەرهەڵدانی یەک حیزبی باڵا دەست دروست دەبێت. ئەو جۆرە پێشکەوتنانە هەندێ خاسیەتی هاوشێوەی تەنگژەی بە شەرعی بوونیان هەیە. بۆ نموونە، گرفتە پێکهاتەییەکان، وەک نەبوونی پێشکەوتن بۆ ماوەیەکی زۆر، پشت بەستنێکی یەکجار زۆر بە قازانجی نەقدی، قەرزداری بانکە ڕۆژئاواییەکان و تا دوایی، وا لە ڕێژیمەکانی جیهانی سێهەم دەکەن کە نەتوانن بە هیچ شێوەیەک ئەو قەناعەتە لای هاوڵاتی دروست بکەن وەک ئەوەی حکوومەتە دیموکراتییەکان دروستی دەکەن. وێڕای ئەمەش، دیموکراسی فرە حیزبی زۆرجار نەشیاوە، ڕەنگە بە بەربەستێکیش دابنرێت، کاتێ کۆمەڵگە ڕووبەڕووی تاکە ئامانجێک دەبێتەوە، ئەویش: پێویستی بۆ پێشکەوتنی باری کۆمەڵایەتی. لە دیدێکی دیکەوە، پرسیار دەکرێت کە ئایا ئەو جۆرە ڕێژیمانە تا ئێستا چێژیان لە شەرعیەت بینیوە، سەرنەکەوتنیان لە هەر بارودۆخێکدا بریتییە لە تەنگژەی بە شەرعی بوون. زۆرجار ڕێژیمە دیموکرات- لیبرالەکان بە دەوڵەتی سەربەخۆ دادەنران لە لایەن حوکمڕانە داگیرکەرەکانی پێشوو، هەروەها ڕەنگدانەوەی تاکڕەوی و پێشبڕکێن کە بە لایەنی گەلێ بەشی جیهانی سێهەمەوە شتێکی نامۆیە.



ڕووخانی ڕێژیمە کۆمەنیستە ئۆرتۆدۆکسییەکان لە ئەوڕوپای ڕۆژهەڵات و یەکیەتیی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٨٩-١٩٩١، باشترین نموونەی زنجیرەیەک تەنگژەی بە شەرعی بوونە. ئەو تەنگژانە ڕەهەندی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییان هەبوو. لە ڕووی سیاسییەوە، ڕێژیمە کۆمەنیستە ئۆرتۆدۆکسییەکان بریتی بوون لە دەوڵەتی یەک حیزبی کە تاکە حیزبێکی کۆمەنیست حوکمی دەکرد و کاریگەری بە سەر هەموو گرووپەکان هەبوو لە نێو کۆمەڵگە. لە ڕووی ئابوورییەوە، ئەو پلانەی بۆ ئابووری داڕێژرابوو و لە نێو ئەو جۆرە ڕێژیمانە کاری پێ دەکرا، هەرگیز نەیتوانی بە شێوەیەکی یەکسان خۆشی و ڕەفاهیەت بۆ هەمووان دابین بکات وەک ئەوەی لە ڕۆژئاوای سەرمایەدار هەبوو. لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، ڕێژیمە کۆمەنیستە ئۆرتۆدۆکسییەکان بە هۆی دەستکەوتەکانیانەوە دەسخەڕۆ و بوودەڵە ببوون: پیشەسازی و فراوانبوونی ڕەوشی پەروەردە و بزاڤی ڕۆشنبیری وایان لە هاوڵاتیان کرد داخوازییەکانیان بۆ ئازادیە مەدەنییەکان و کڕینی کاڵا بە جۆرێک بەرز بکەنەوە کە ئەو جۆرە ڕێژیمانە نەتوانن وەڵام بدەنەوە. ئەو هۆکارانە یاسایی بوونی یان شەرعیەتی کۆمەنیزمی ئۆرتۆدۆکسی لە بار برد، لە ئەنجامدا بووە هۆی خۆپیشاندان و خەڵک پێکڕا ڕژانە نێو شەقامەکان لە ساڵی ١٩٨٩ لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات و لە یەکیەتیی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩١.

دەتوانین بە شێوەیەکی تر باسی ڕووخانی کۆمیونیزم بکەین و شرۆڤەی بکەین، ئەو ڕێژیمانە هەرگیز شەرعیەتیان بە دەست نەهێنا بگرە بۆ ماوەیەکی درێژ توانییان بمێننەوە لە ڕێگەی چەوساندنەوەی سیستەماتیکی و نەریتی پشت گوێ خستن و هەستی نەگۆڕان کە هەرگیز بەشداری سیاسی ئەمانەی بە خۆوە نەبینی. بێگومان، زەحمەتە ئەوە بڵێین کە بنەماکانی مارکس-لینین، کە ئەو ڕێژیمانە لە سەری بونیات نران، هەرگیز پاڵپشتییەکی ئەوتۆیان لێ نەکرا لە لایەن خەڵکی گشتییەوە. ئەمەش زۆر بە ڕوونی لە ئەوڕوپای ڕۆژهەڵات بەدی دەکرێت، جگە لە یوغسلاڤیا، حوکمی کۆمەنیست کە کاری پێ کرا لە پاش ١٩٤٥ لە لایەن سوپای سووری سۆڤیەت سەپێنرا. گەر بەراوردێک بکەین، ئەوە بەدی دەکەین کە کۆمیونیزم بە لایەنی کەم پێوەرێکی شەرعیەتی بە دەست هێنا لەو شوێنانەی کە شۆڕشی ئەهلی ڕوویان دا

وەک ئەوەی لە یەکیەتیی سۆڤیەت و چین و کوبا . لە نێو ئەو جۆرە ڕێژیمانەدا، شەرعیەت دروست کرا لە سەر بنچینەی بنەمای نەریتی و دەسەڵاتی کاریزمایی. "مافی حوکمڕانی" پشت ڕاست بوو بەکەلەپووری شۆڕشگێڕی، هەر لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا زیندوو دەکرایەوە، هەروەها پشت ڕاست بوو بە بیرۆکە کەسییەکانی وەک ستالین و ماو و تیتۆ و کاسترۆ.

## کورتەی بەشی پێنجەم

١- هێز بنچینەی تێگەیشتن و پراکتیزە کردنی سیاسەتە. هێز دەتوانرێت لەسەر سێ ئاستدا پیادە بکرێت: لە ڕێگەی توانای دروستکردنی بڕیار یان کارتێکردن لە بڕیار، لە ڕێگەی توانای دانانی کۆمەڵێک ئەگێندە و نەهێڵی هیچ بڕیارێک دەربچێت، هەروەها لە ڕێگەی توانای قۆرخکردنی ئەوەی خەڵک بیری لێ دەکاتەوە و دەیەوێت.

٢- هێز بریتییە لە توانای کارتێکردنی ڕەفتاری ئەوانی دیکە، پشتڕاستە بە توانای سزادان و پاداشتکردن. بە پێچەوانەوە، دەسەڵات بریتییە لە مافی کارتێکردنی ئەوانی تر، پشتڕاستە بە پێزانینی ئەرکی گوێڕایەڵی. وێبەر جیاوازی دەکات لە نێوان سێ جۆری دەسەڵات: دەسەڵاتی نەریتی کە دەوەستێتە سەر داوونەریت و مێژوو، دەسەڵاتی کاریزمایی واتە هێزی کەسایەتی، هەروەها دەسەڵاتی ئەقڵانی یاسایی کە لە هێزە فەرمییەکانی ئۆفیس یان مەنسەب دێتە کایەوە.

٣- دەسەڵات دەبێتە هۆی ناکۆکی قووڵی سیاسی و ئایدیۆلۆژی. هەندێ دەسەڵات بە شتێکی سەرەکی دادەنێن بۆ پاراستنی کۆمەڵگەیەکی ڕێک و سەقامگیر و تەندروست، ڕێبەری و پشتگیری تاک دەکات. ئەوانی تر دەڵێن دەسەڵات دوژمنی ئازادییە و ئەقڵ و بەرپرسیاریەتییە ئەخلاقییەکان لە بار دەبات، دەسەڵات دەبێتە هۆی سەپاندنی دەسەڵاتگەری.

٤- شەرعیەت ئاماژەیە بە"دروستی و یاسایی" سیستەمێکی سیاسی. زۆر گرینگە بۆ سەقامگیری و مانەوەی درێژخایەنی سیستەمێکی حوکمڕانی چونکە شەرعیەت داوای پابەند بوون دەکات بە حوکمە دەستوورییە پەسنکراوەکان و پشتگیری گشتی، بەڵام ڕەنگە دروستیش بکرێت لە ڕێگەی پرۆسەی قۆرخکردنی ئایدیۆلۆژی و کۆنترۆڵکردن لە پێناو سوودی نوخبەی سیاسی یان کۆمەڵایەتی.

# بەشی شەشەم

## یاسا، سیستەم و دادوەری

پێشەکی

یاسا

سیستەم

دادوەری

کورتە

## پێشەکی

یاسا لە نێو هەموو کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا بەدی دەکرێت، هەروەها بە بەردی بناغەی بوونی شارستانی دادەنرێت. یاسا فەرمان بە هاوڵاتییان دەکات، پێیان دەڵێت کە ئەوان دەبێ چی بکەن. یاسا ئەوە دەخاتە ڕوو کە دەبێ هاوڵاتییان چی نەکەن. هەروەها ئەوەش بە هاوڵاتییان دەڵێت کە ئەوان مافی چیان هەیە ئەنجامی بدەن. هەرچەندە زۆر کەس ئەوەی لا پەسندە کە یاسا خاسیەتێکی پێویستی هەر کۆمەڵگەیەکی تەندروست و سەقامگیرە، کەچی دەمەتەقێی ئەوتۆ لە گۆڕێدا هەن سەبارەت بە سروشت و ڕۆڵی یاسا. بۆ نموونە، بۆچوونەکان ناکۆکن سەبارەت بە ئەسڵ و مەبەستەکانی یاسا. ئایا یاسا خەڵک ئازاد دەکات یان دەچەوسێنێتەوە؟ ئایا یاساکان بۆ ئەوە دروست بوون هەموو تاکەکان بپارێزن و برەو بە بەرژەوەندی گشتی بدەن، یاخۆ ئایا یاساکان بە ڕاستی خزمەتی بەرژەوەندییەکانی موڵکداران و ئەوانەی ئیمتیازی تایبەتیان هەیە دەکات؟ وێڕای ئەمەش، ئایا یاسا پێوەرە ئەخلاقییەکان دەسەپێنێت، ئایا دەبێ یاسا هەوڵی ئەو کارە بدات؟ ئایا دەبێ یاسا تا چەند ئازادی بدات بە تاک و لە سەر کامە پرسیش ئازادی پێ بدات؟

ئەم جۆرە پرسیارانە پەیوەستە بە پێویستی ئاسایشی کەسی و سیستەمی کۆمەڵایەتی. بە هەقیقەت، لە دەمی بەرپرسە سیاسییەکاندا، چەمکەکانی سیستەم و یاسا زۆرجار تێکەڵ بە یەکتری دەکرێن و بیرۆکەی " یاسا و سیستەم" ی لێ دەردەچێت. بە گرێدانی ئەم دوو ئایدیایە، یاسا وەک ئالیەتێکی سەرەکی دەردەکەوێت لە پێناو پاراستنی سیستەم، بەڵام زنجیرە گرفتێکی زیاتر بەرز دەکاتەوە. بە تایبەتیش، ئایا سیستەم تەنیا لە ڕێگەی کاریگەری هاوکاری کۆمەڵایەتی و هەستی باشی ئەقڵانی مسۆگەر دەکرێت؟ دواجار، گرفتێکی ئاڵۆز هەیە لە نێوان یاسا و دادوەریدا. ئایا مەبەستی یاسا بۆ چاودێری کردنی ئەوەیە کە دادوەری جێبەجێ دەکرێت، بە هەر حاڵ، ئەمە چی لێ دەکەوێتەوە؟ سەرەڕای ئەوەش، چۆن دەشێ جیاوازی بکرێت لە نێوان یاسای یەکسان و نایەکسان، بە تایبەتی، ئایا ئەو جیاکردنەوەیە پێشنیازی ئەوە دەکات کە لە هەندێ بارودۆخدا یاساکان بشکێنرێن؟



## یاسا Law

زاراوەی "یاسا" بە چەندین شێوەی فراوان و جۆراوجۆر بەکارهێنراوە. پێش هەموو شتێ، یاسای زانستی هەیە لەگەڵ ئەوەی پێی دەوترێت یاسا وەسفییەکان descriptive laws. ئەم یاسایانە باسی چەند شێوازێکی پێویستی هەڵسوکەوت دەکەن کە لە نێو ژیانی سروشتی یان کۆمەڵایەتیدا بەدی دەکرێن. ڕوونترین نموونە لە زانستە سروشتییەکانەوە بەدی دەکرێت. بۆ نموونە، لە یاساکانی "جووڵە" و گەرمی داینامیکی کە لە لایەن زانستە فیزیاوییەکان پەرەی پێ دراوە. بەڵام ئەم بیرۆکەیەی یاسا لە لایەن تیۆریستە کۆمەڵایەتییەکانیش پەرەی پێ دراوە، لە هەوڵێک بۆ دووپاتکردنەوەی شێوازە پێشبینی کراو و حەتمییەکانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی. ئەمە لە باسە چڕوپڕەکەی (ئێنگڵز) بەدی دەکرێت کە دەڵێت مارکس پەردەی لە سەر یاسا مێژووییەکان و پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان هەڵماڵی، سەرەڕای یاساکانی خواست و کاڵا demand and supply کە بناغەی تیۆری ئابوورین. بەڵام، بەکارهێنانی بەدیلێک بە گشتی مامەڵە لەگەڵ یاسا دەکات وەک ئالیەتێک بۆ سەپاندنی نۆرم و پێوانەکانی ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان. کۆمەڵناسەکان فۆرمی یاسایان لە کاردا بینیوە لە هەموو کۆمەڵگە ڕێکخراوەکان، لە پرۆسە نافەرمییەکانەوە بگرە، کە لە نێو کۆمەڵگە نەریتییەکان بەدی دەکرێن، تا دەگاتە سیستەمە یاساییە فەرمییەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرن. بە پێچەوانەوە، تیۆریستە سیاسییەکان بە شێوەیەکی تایبەتتر هەوڵی تێگەیشتنی یاسایان دا، وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی سەیری دەکەن جیا لە حوکم یان نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی تر و تەنیا لە نێو کۆمەڵگە مۆدێرنەکان بەدی دەکرێن.

لە واتا گشتییەکەیدا، یاسا کۆمەڵێک حوکم دروست دەکات، هەروەک پێشتر باس کراوە، فەرمان و قەدەغەکردن و مافە رەسمییەکان دەگرێتەوە. بەڵام، ئایا ئەم شتە چییە یاسا لە حوکمە کۆمەڵایەتییەکانی تر جیا دەکاتەوە؟ یەکەم، یاسا لە لایەن حکوومەتانەوە دروست دەکرێت و لە نێو کۆمەڵگە جێبەجێی دەکات. بەو شێوەیەش، یاسا لە " ویستی دەوڵەت" ڕەنگ دەداتەوە و لە سەرووی هەموو نۆرم و حوکمە کۆمەڵایەتییەکانی ترەوە دێت. بۆ نموونە، پابەند بوون بە حوکمەکانی وەرزشەکانی

یانەیەک، حوکمەکانی کەنیسەیەک یان یەکیەتی بازرگانی حەسانە نابەخشێت بە هاوڵاتییان گەر "یاسای خاکەکە" بشکێنن. دووەمیان، یاسا شتێکی ئیجبارییە، هاوڵاتییان سەر پشک نین لەوەی گوێڕایەڵی کامە یاسا بن و کامەشیان پشت گوێ بخەن، چونکە یاسا پشتڕاستە بە سیستەمێکی ناچارکردن و سزا دان. سێیەمیان، یاسا سیفەتێکی گشتی هەیە، لەوەشیان، یاسا پێ دادەگرێت لە سەر حوکمە بڵاوکراوەکان و دانپیانراوەکان. ئەمە بە دەست دەهێنرێت بە هۆی سەپاندنی یاسا لە ڕێگەی پرۆسەی فەرمی و گشتی و یاسادانانەوە. وێڕای ئەمەش، سزاکان بۆ ئەوانەن یاسا دەشکێنن، ئەمەش شتێکی پێشبینی کراو و چاوەڕوانکراوە، لە کاتێکدا گرتنی هەڕەمەکی و بەند کردنی لە خۆڕا خاسیەتێکی هەڕەمەکی و دیکتاتۆری هەیە. چوارەمیان، یاسا لە لایەن ئەوانەوە دانی پیا نراوە کە جێبەجێ ی دەکەن، بەڵام نەک ئەو یاسایەی کە ناعادیلانە و نایەکسان بێت. کەواتە یاسا شتێک پترە لە کۆمەڵێک فەرمانی سەپێنراو، هەروەها بانگەشە ئەخلاقییەکانیش لە خۆ دەگرێت، ئەوە دەگەیەنێت کە حوکمە یاساییەکان دەبێ گوێی لێ بگیرێت.

## حوکمی یاسا The rule of law

حوکمی یاسا بنەمایەکی دەستوورییە لە نێو وڵاتە لیبراڵەکان ڕێزی لێ دەگیرێت. بریتییە لەو بنەمایەی کە یاسا دەبێ حوکم بکات، واتە دەبێ یاسا چوارچێوەیەک دروست بکات تیایدا هەموو هاوڵاتیان کاری تیا بکەن، بە دەر لەو چوارچێوەیە نە هاوڵاتی تایبەت و نە بەرپرسی حکومی بۆیان نییە هەنگاو بنێن. بنەمای حوکمی یاسا لە ئەنجامی تیۆری لیبرالی یاسا پەرەی پێ درا. لە جۆن لۆکەوە بە دواوە، لیبراڵەکان یاسا بە کۆنترۆڵێک نازانن بە سەر تاکدا بگرە وەک ئالیەتێکی دەبینن کە ئازادی مسۆگەر دەکات. بە بێ پاراستنی یاسا، ئەم جۆرە کەسە بە بەردەوامی لە ژێر هەڕەشەدایە لە لایەن هەموو ئەندامانی تری کۆمەڵگە. مەترسی ڕەفتاری بێ سنووری تاک بە بەربەریزمی (سروشتی دەوڵەت) دادەنرێت. مەبەستی بنەڕەتی یاسا پاراستنی مافەکانی تاکە، کە بە بۆچوونی لۆک مەبەستی یاسا مسۆگەر کردنی مافی ژیان و ئازادی و ڕەفاهیەتە.



کاری هەرە چاکی حوکمی یاسا ئەوەیە کە هاوڵاتیانی تاک دەپارێزێت لە دەوڵەت، دووپاتی "حکوومەتی یاساکان دەکاتەوە نەک حکوومەتی مرۆڤان". ئەو جۆرە ئایدیایە لە چەمکی ئەڵمانی Rechtsstaat هاتووە، واتە دەوڵەتی پشت ڕاست بە یاسا، کە دواتر لە تەواوی کیشوەری ئەوڕوپا بڵاو بووەوە و هانی پێشکەوتنی سیستەمە یاساییە پرۆفێشناڵەکانی دا. بەڵام، حوکمی یاسا سیفەتێکی ئینگلیزی ئەمریکی جیاوازی هەیە. لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، باڵایی یاسا دووپات دەکرێتەوە لە لایەن دەستووری ئەمریکییەوە، لە لایەن پشکنین و هاوسەنگی کە یاسا دایدەمەزرێنێت هەروەها مافەکانی تاک کە لە سەرچاوەی بەندی مافەکانەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەمە لە هەمواركردنی چوارەم و پێنجەمی دەستوور زۆر ڕوون کراوەتەوە، کە ناهێڵێت حکوومەتی فیدراڵ یان حکوومەتی ویلایەت ژیانی کەسی و ئازادی و ڕەفاهیەت ڕەت بکاتەوە بە بێ " پرۆسەی شایەنی یاسا" due process of law. ڕێچکەی پرۆسەی شایان نەک هەر تەنیا هێزی دەسەڵاتداری مافی گشتی سنووردار دەکات، بگرە ژمارەیەک مافی تاک لە خۆ دەگرێت، بە تایبەتی مافی دادگایەکی یەکسان و مامەڵەی یەکسان لە ژێر یاسادا. لەگەڵ ئەوەشدا، هەروەها دەسەڵاتێکی ئەوتۆ دەبەخشێت بەو دادوەرانەی کە، بە هۆی لێکدانەوەی یاسا، بە شێوەیەکی کاریگەر پێ دادەگرن لە سەر جیهانی ڕوونی کاری حکوومەت.

بە پێچەوانەوە، تێڕوانینی بەریتانییەکان بۆ حوکمی یاسا بریتییە لە سیستەمی دەستووری، کە لەگەڵیدا ماف و ئەرکەکان لە نێو یاسای گشتی ڕەگیان داکوتاوە، ئەو یاسایانەی لە داوونەریتی ڕەگ داکوتاو سەرچاوەیان گرتبوو. بەرپرسیاریەتی کلاسیکی ئەم جۆرە بۆچوونە بەدی دەکرێت لە کتێبەکەی أ.ڤ. دایسی بە ناوی (پێشەکییەک بۆ دیراسەی یاسای دەستوور) (١٨٨٥ و ١٩٣٩). بە بۆچوونی دایسی حوکمی یاسا چوار خاسیەتی جودا لە خۆ دەگرێت. یەکەم، نابێ کەس سزا بدرێت جگە لەوانەی سەرپێچی یاسا دەکەن. ئەمە بنەڕەتیترین خاسیەتی حوکمی یاسایە چونکە جیاوازی دەکات لە نێوان حکوومەتی پشت ڕاست بە حوکم و حکوومەتی هەڕەمەکی، پێشنیازی ئەوە دەکات کە لە کوێ حوکمی یاسا هەیە ناتوانێت بە کەیفی خۆی کار بکات. بۆ نموونە، ناتوانێت سزای هاوڵاتیان بدات بەس لە بەرئەوەی

بۆچوون و هەڵسوکەوتی هاوڵاتیانی بە دڵ نییە. دووەمیان، حوکمی یاسا داوای مامەڵەی یەکسان دەکات لە یاسا، کە بە شێوەیەکی گشتی پێی دەوترێت یەکسانی لە بەردەم یاسا. یاسا نابێ ڕێز لە کەس بگرێت (بگرە دەبێ خەڵک ڕێز لە یاسا بگرن)، نابێ جیاکاری بکات لە دژی خەڵک لە سەر بنچینەی ڕەگەز و گێندەر و باوەڕی ئاینی و باکگراوندی کۆمەڵایەتی و تا دوایی. هەروەها دەبێ بە یەکسانی جێبەجێ بکرێت بە سەر خەڵکی ئاسایی و بەرپرسە حکومییەکان (نەک بۆ بەرپرسان گاڵتە و بۆ هەژارانیش یاسا بێت). سێیەمیان، هەر کاتێک یاسا سەرپێچی لێ بکرێت، بە دڵنیایی سزایەک بۆ ئەو سەرپێچییە هەبێت. یاسا دەتوانێت تەنیا "حوکم" بکات گەر لە هەموو کاتێک و لە نێو هەموو بارودۆخێکدا جێبەجێ بکرێت. یاسا تەنیا لەو کاتەدا حوکم دەکات کە سەرپێچی کارانی یاسا حوکم یان سزا دەدرێن، لە کاتەکانی تردا حوکم ناکات. چوارەمیان، حوکمی یاسا داوای ئەوە دەکات کە ماف و ئازادییەکانی تاک لە نێو یاسای ئاسایی خاک و نیشتماندا بەدی بکرێت. ئەمەش ئەو هیوایەی دایسی دووپات دەکاتەوە کە کاتێ مافەکانی تاک پێشێل دەکرێت ئەوا هاوڵاتیان دەتوانن لە ڕێگەی دادگاکانەوە قەرەبوو بکرێنەوە.

هەرچەندە دایسی پێی وابوو کە حوکمی یاسای حکوومەتی سیستەمی بەریتانی شتێکی نموونەیی بووە و هەروەها ئەوانەشی کە لە سەر هەمان ئەو سیستەمە یاسایان دارِشتووە سەرکەوتوون، بەڵام لە گەلێ ڕووەوە، بەریتانیا نموونەیەکی خراپی حوکمی یاسایە. بۆ نموونە، هەرچەندە دایسی هەوڵی ئاشتکردنەوەی هەردووکیانی دا، دەکرێ باسی ئەوە بکرێت کە سەروەری پەرلەمانی و بنەمای سەرەکی دەستووری نەنووسراوی بەریتانی خودی ئایدیای حوکمی یاسا پێشێل دەکات. کارێکی زەحمەتە گەر بڵێین یاسا حوکم دەکات گەر بێت و خودی یاسادانان پەیوەست نەبێت بە زاڵبوونە دەرەکییەکان. ئەم گرفتە خراپتر و گەورەتر بووە بە هۆی گەشەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و کاریگەری ئەو کۆنترۆڵەی کە حکوومەت ڕۆژانە بە سەر پەرلەمانی پیادە دەکات، بە هۆی دیسپلینی حیزبیشەوە شیاو کراوە. ئەمە پاڵی بە (لۆرد هیلێیشمان) نا لە ساڵی ١٩٧٦ ناو لە حکوومەتی سیستەمی بەریتانی بنێت "دیکتاتۆریەتێکی هەڵبژێردراو" elective dictatorship. وێڕای ئەمەش، لە ئەنجامی



نەبوونی بەیاننامەی مافەکان، زۆرجار ئازادی و مافەکانی تاک کەمێک دەپارێزرێن، واتە سکاڵاکان لە نێو دادگادا قەرەبوو ناکرێنەوە. دامەزراندنی حوکمێکی واتابەخشی یاسا لە بەریتانیا ڕەنگە زۆر پێویستی بەمانە هەبێت: چاکسازی دەستووری و پۆلێنکردنی دەستوور، ئاشناکردنی بەیاننامەی مافەکان و دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن بە ڕوونی لە یەکتر جودا بکرێنەوە.

لە مانا گشتییەکەیدا، حوکمی یاسا بریتییە لە بنەمایەکی سەرەکی دیموکرات–لیبراڵەکان، ئایدیای وەک دەستووریەت و حکوومەتی سنووردار دەگرێتە خۆ کە زۆربەی دەوڵەتە مۆدێرنەکان هەوڵی بۆ دەدەن. بە تایبەتی، حوکمی یاسا پێ دادەگرێت لە سەر ئەوەی چۆن یاسا دەردەچێت و چۆنیش حوکم دەکات. بۆ نموونە، حوکمی یاسا پێشنیازی ئەوە دەکات کە دەبێ هەموو یاساکان گشتی بن بەو مانایەی کە بە سەر هەموو هاوڵاتییەک جێبەجێ دەکرێن و تاک و گرووپی تایبەت هەڵنابژێرێت بۆ ئەوەی مامەڵەیەکی تایبەتییان لەگەڵ بکات لە ڕووی یاساوە، یاسا بۆ هەمووان، باش و خراپ، وەک یەکە. لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە هاوڵاتیان بزانن " لە کوێ وەستاون؟"، هەروەها یاساکانیش دەبێ بە وردی چێوە بکرێن و بەند بن بە هەموو خەڵک. بۆ نموونە، دەسەڵاتی یاسادانانی پشت بەستوو بە بەرواری کۆن ret-rospective legislation ڕوونە کە لەم جۆرە هەلومەرجانەدا پەسن نەکراوە، چونکە ڕێ بە هاوڵاتیان دەدات سزا بدرێن لە سەر ئەو کارانەی کە یاساین لەو کاتەی کە ڕوویان داوە. بە هەمان شێوە، هەمیشە وا زانراوە کە حوکمی یاسا دوورە لە ئاشتبوونەوە و فۆرمی دڕندانە و نامرۆڤانەی سزادانی لە خۆ گرتووە. بەڵام لە سەرووی هەموو ئەو قسانەوە، ئەو بنەمایە ئەوە دەگەیەنێت کە دادگە دەبێ بێ لایەن و بۆ هەمووان وەک یەک بێت. ئەمەش تەنیا لە یەک کاتدا ڕوودەدات کە دەسەڵاتی قەزائی سەربەخۆ بێت لە حکوومەت چونکە ڕۆڵی ئەو دەسەڵاتە بریتییە لە شیکردنەوەی یاسا و حوکم پێکردنی لە نێوان دوو لایەن لە سەر پرسێک. سەربەخۆیی دەسەڵاتی قەزائی بۆ دڵنیا کردنەوەی ئەوەیە کە دادوەرەکان لە سەرووی یان لە دەرەوەی پێکهاتەی حکوومەتن. بە واتایەکی دیکە، یاسا دەبێ بە تەواوی جودا بکرێتەوە لە سیاسەت.

لەگەڵ ئەوەشدا، حوکمی یاسا ڕەخنەی هەر لێ دەگیرێت. بۆ نموونە هەندێک

دەڵێن: حوکمی یاسا هەرچییەک بێت ڕاستە، ئەمەش واتە کاتێ یاسا حوکم دەکات هاوڵاتیان ناچارن هەر دەبێ گوێڕایەڵی بن. لەو تێڕوانینە تەسکەوەش، حوکمی یاسا کەم کراوەتەوە بۆ ئەم وتەیە " هەموو کەسێک دەبێ گوێڕایەڵی یاسا بێت". هەندێکی دیکەش مشتومڕی ئەوەیانە کە بنەمای حوکمی یاسا بایەخێکی کەم دەدات بە ناوەڕۆکی یاسا. لە بەر هەندێشە، هەندێکی تر دەمەتەقێی ئەوە دەکەن کە حوکمی یاسا لە سەردەمی "ڕایخی سێهەم" و یەکیەتیی سۆڤیەتیش بەدی دەکرا چونکە چەوسانەوە بە پاڵتۆی یاسایی داپۆشرا بوو. تەنانەت سوورترین بەرگریکارانی حوکمی یاسا دان بەوە دادەنێن کە هەرچەندە حوکمی یاسا ڕەنگە مەرجێکی پێویست بێت بۆ حکوومەتی دادپەروەر، کەچی خۆی لە خۆیدا هەر تەنیا حوکمی یاسا بەس نییە. بەڵام، ڕەخنەگرە مارکسییەکان دوورتر دەڕوانن. لە ڕووی نەریتییەوە، مارکسییەکان سەیری یاسا ناکەن وەک ئالیەتێک بۆ پاراستنی ئازادی تاک بگرە وەک ئالیەتێک بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانی موڵکداریەتی و پاراستنی سیستەمی سەرمایەداری تێی دەڕوانن. بە بۆچوونی مارکس، یاسا وەک سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا بەشێک بوو لە سوپەرستراکتۆر بە هۆی بنەمای ئابوورییەوە دروست بووە، لەم حاڵەتەشدا، بە هۆی بەرهەمی سەرمایەدارییەوە دروست بووە. بۆیە یاسا موڵکی تایبەت و نایەکسانی کۆمەڵایەتی و زاڵبوونی چینایەتی دەپارێزێت. مارکس دەڵێت: ئەو یەکسانییە فەرمییەی کە حوکمی یاسا دەهۆڵی بۆ لێدەدات تەناقوزە لەگەڵ نایەکسانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە پەیوەست نین بە یاسا و ڕاوێژی یاسایی کاریگەر. وێڕای ئەمەش، چینە بێ لایەنەکان لە نێو دەسەڵاتێکی قەزائی کار دەکەن کە بە شێوەیەکی نەگونجاو سەرچاوەی گرتووە لەوانەی کە موڵک و ئیمتیازاتیان هەیە، کە یاسا شی دەکەنەوە بە گوێرەی ئەسڵی چینایەتی خۆیان.

## یاسای سروشتی و یاسای پۆزەتیڤ

پێوەندی نێوان یاسا و ئەخلاق یەکێکە لە هەرە گرفتە ئاڵۆزەکانی نێو تیۆری سیاسی. فەیلەسووفەکان بۆ ماوەیەکی درێژە گیریان خواردووە بە دەست ئەو پرسیارانەی پابەندن بە سروشتی یاسا و ئەسڵەکان و ئامانجەکانی. بۆ نموونە، ئایا یاسا بریتییە لە کۆمەڵێک بنەمای بەرزی ئەخلاقی، یان ئایا جیاوازییەکی ڕوون هەیە



لە نێوان یاسا و ئەخلاق؟ ئایا تا چ ڕادەیەک، یاسای کۆمەڵگەیەک دەبێ پێوانەکانی ڕەفتاری ئەخلاقی بەهێز بکات؟ ئەم پرسیارانەش دەچنە نێو جەرگەی جیاوازی نێوان دوو تیۆری هاودژی یاساوە، ئەوانیش: یاسای سروشتی و یاسای پۆزەتیڤ.

لە ڕووکەشدا، یاسا و ئەخلاق دوو شتی زۆر لە یەکتر جیان. یاسا ئاماژەیە بە فۆرمێکی جیاکراوەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی پشتڕاستە بە ئالیەتی سەپاندن، واتە چی دەکرێ ئەنجام بدرێت و چیش ناکرێ ئەنجام بدرێت. لە لایەکی ترەوە، ئەخلاق پەیوەستە بە پرسیاری ئەخلاقی و جیاوازی نێوان "ڕاست" و "چەوت"، واتە ئەخلاق دەڵێت: ئەو شتە نابێ بکرێت و ئەمەشیان دەبێ بکرێت. بەڵام، لە یەک ڕووی زۆر گرینگەوە یاسا چەمکێکی ئاسانترە لە ئەخلاق، ئەویش لە ڕووی تێگەیشتنەوە. دەکرێ یاسا بە واقیعێکی کۆمەڵایەتی ناو زەند بکرێت، سیفەتێکی بابەتی objective هەیە کە دەکرێ شی بکرێتەوە و دیراسەی لە سەر بکرێت. بە پێچەوانەوە، ئەخلاق بریتییە لە کیانێکی خودی subjective، واتە دەوەستێتە سەر ڕا و حوکمی شەخسی. لە بەر هەندێ، زۆرجار ڕوون و ئاشکرا نییە کە زاراوەی "ئەخلاق" ئاماژە بە چی دەکات. ئایا ئەخلاقەکان بە شێوەیەکی سادە ئەو داوونەریتانەن کە لە نێو کۆمەڵگەدا حوکم دەکەن؟ ئایا پێویستە ئەخلاق بوەستێتە سەر بنەمای چاک و باش پێناس کراو، ئایا ئەخلاق ئەقڵانییە یان ئاینییە، کە دەوری چەند فۆرمێکی ڕەفتار دەدات و ئەوانی تریش ڕیسوا دەکات؟ ئایا ئایدیالە ئەخلاقییەکان، ئەوانەی کە هەر تاکێک دەبێ خۆی بسەپێنێت بریتین لە ئەخلاق، بە کورتی ئایا ئەخلاق تەنیا بۆ تاکە؟

ئەو هزرمەندانەی پێ دادەگرن لە سەر ئەوەی کە یاسا دەبێ ڕەگ دابکوتێت لە نێو سیستەمی ئەخلاقی، دەچنە پاڵ جۆرێک لە تیۆری "یاسای سروشتی"یەوە. تیۆرەکانی یاسای سروشتی دەگەڕێنەوە سەردەمی ئەفلاتوون Plato و ئەرستۆ Aris-totle. ئەفلاتوون پێی وایە کە لە پاڵ فۆرمەکانی گۆڕانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی، چەند فۆرم و ئایدیایەکی نەگۆڕ هەن کە تەنیا نوخبەیەک و فەیلەسووفەکانی پادشاکان دەیانزانی. کەواتە، کۆمەڵگەیەکی دادوەرانە ئەو کۆمەڵگەیەیە کە یاسا مرۆییەکان کۆکن لەگەڵ ئەو ژیرایەتییە بێ سنوورە. ئەم هێڵەی تێڕوانینە درێژ کرایەوە لە لایەن ئەرستۆ، کە پێی وابوو کە مەبەستی یاسا و ژیانی کۆمەڵایەتی

ڕێکخراو بۆ هاندانی مرۆڤ بووە بۆ ئەوەی پێکەوە بە ئاشتی و بە چاکی بژین. بە بۆچوونی ئەو، یاسایەکی تەواو هەبوو، بۆ هەموو کاتێک دەشیا، کە بنەماکانی هاوڵاتیبوون و فۆرمەکانی تری ڕەفتاری کۆمەڵایەتی دابین دەکرد. هزرمەندانی چەرخی ناوەڕاست وەک (تۆماس ئەکویناس) دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە یاسا مرۆییەکان بنچینەیەکی ئەخلاقییان هەبووە. ئەکویناس مشتومڕی ئەوەی دەکرد کە یاسای سروشتی دروست بووە لە ڕێگەی ئەو ئەقڵە سروشتییەی کە خوا بە مرۆڤی بەخشیوە و ڕێبەریمان بکات بەرەو ژیانێکی ئاسوودە و خۆش لە سەر زەوی.

داخوازییەکانی یاسای سروشتی لە ڕێگەی ئایدیای مافە سروشتییەکانەوە باسیان لێوە کرا. وا دەزانرا کە مافە سروشتییەکان لە نێو مرۆڤدا چەسپیوە یان ئەوەتا لە لایەن خواوە یانیش لە لایەن سروشتەوە. هزرمەندانی وەک لۆک و تۆماس جێفەرسۆن پێشنیازی ئەوەیان کرد کە مەبەستی یاسای دەستکردی مرۆڤ بۆ پاراستنی ئەو مافانە بووە کە خوا بە مرۆڤی بەخشیون. بەڵام، سەرهەڵدانی ئەقڵانییەت و هزری زانستی لە سەدەی نۆزدە، وایان لە تیۆرەکانی یاسای سروشت کرد کە تازەگەری بە خۆیانەوە نەبینن. لەگەڵ ئەوەشدا، سەدەی بیستەم بووژانەوەی ئەو جۆرە ئایدیانەی بە خۆوە بینی، بەشێکیان بە هۆی ئەو پاڵتۆ یاساییە بوو کە تیرۆری نازی و ستالینییەکان بە سەر خۆیاندا هێنا بوو. ویستی دامەزراندنی کۆمەڵێک بەهای بەرزتری ئەخلاقی، کە یاسای نەتەوەیی حوکمی پێ دەکرێت لە دژی ئەو بەهایانە، یەکێکە لەو گرفتانەی کە دادگای نورمبێرگ لە ساڵی ١٩٤٥–١٩٤٦ ڕایگەیاند. لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان کە تازە دامەزرا بوو، کەسایەتییە سەرەکییەکانی نازی بە تۆمەتی جەنگ لە سێدارە دران، هەرچەندە بە تێڕوانینی ڕێژیمی نازی لە هەندێ حاڵەتدا کارەکانیان یاسایی بووە. ئەمە شیاو کرا بەهۆی ئاماژە کردن بە بیرۆکەی یاسای سروشتی، هەرچەندە بە زمانی مۆدێرنی مافە مرۆییەکان ڕاگەیەنرا. بە هەقیقەت، ئێستا بە شێوەیەکی فراوان پەسنی ئەوە دەکرێت کە یاسای نەتەوەیی و نێودەوڵەتی دەبێ کۆک بن لە سەر بنەما بەرزە ئەخلاقییەکان کە لە نێو ڕێچکەی مافە مرۆییەکان دانراون. ئەم جۆرە ئایدیانە بە درێژی تاوتوێ دەکرێن لە بەشی حەوتەمدا.





مەبەستی سەرەکی تێڕوانینەکانی یاسای سروشتی ئەو ئایدیایە کە یاسا دەبێ پابەند بێت بە هەندێ پێوەرە ئەخلاقییەکانی پێشوو، واتە مەبەستی یاسا بریتییە لە سەپاندنی ئەخلاق. بەڵام، ئەم بیرۆکەیە کەوتە بەر هێرشان لە سەدەی نۆزدە لەوەی کە (جۆن ئۆسبێرن) ناوی لێنا "زانستی یاسای پۆزەتیڤ". ئایدیای یاسای پۆزەتیڤ هەوڵی ئازاد کردنی تێگەیشتنی یاسا بوو لە گریمانە ئەخلاقی و ئاینی و ئەفسانەییەکان. زۆرێک ڕەگ و ڕیشەی ئەمەیان لە تیۆری باڵای یاسا ی تۆماس هۆبز بەدی کردووە، کە دەڵێت: یاسا وشەی ئەوە کە بە هۆی ڕاستییەوە مافی هەیە فەرمان بە سەر ئەوانی ترەوە بکات". لە واقیعدا، یاسا شتێک زیاتر نییە لە ویستی سەروەری. لە سەدەی نۆزدەدا، جۆن ئۆستن (١٧٩٠–١٨٥٩) پەرەی بەمە دا بۆ نێو تیۆری " پۆزەتیڤیزمی یاسایی legal positivism کە خاسیەتی پێناسکراوی یاسایە کە بە پابەندبوونەکەی بۆ بنەما بەرزترەکانی ئاین یان ئەخلاق سەیر نەدەکرد، بگرە لەو واقیعەی کە یاسا لە لایەن پێشەنگێکی سیاسی یاخۆ "کەسێک یان دەستەیەکی سەروەر" دروست دەکرێت. ئەمە کۆتایی بەو باوەڕە دەهێنێت کە یاسا یاسایە چونکە گوێڕایەڵی دەکرێت. بۆ نموونە، یەکێک لە تێڕوانینەکانی ئەوەیە کە بیرۆکەی یاسای نێودەوڵەتی زۆر پرسیاری لە سەرە. گەر پەیماننامەکان و بڕیارەکانی یو ئێن UN ئەوەیان پێک هێنابێت کە پێی دەوترێت "یاسای نێودەوڵەتی" نەتوانرێت بسەپێنرێت، ئەوا دەبێ بە کۆمەڵێک بنەمای ئەخلاقی و ئایدیا دابنرێن نەک بە یاسا ناو زەند بکرێن. هەوڵێکی مۆدێرنانە درا لە لایەن (هـ.لأ.أ. هارت) لە کتێبەکەی بە ناوی "چەمکی یاسا،١٩٦١" بۆ پاککردنەوەی پۆزەتیڤیزمی یاسایی. هارت بایەخی بە شیکردنەوەی یاسا دەدا لە ڕووی بنەماکانی ئەخلاقییەوە نا بگرە لە ڕێگەی ئاماژە کردن بە مەبەستی یاسا لە نێو کۆمەڵگەی مرۆییدا. هارت پێی وایە کە یاسا ڕەگی داکوتاوە لە (یەکیەتی یاسا سەرەکی و لاوەکییەکان)، کە هەر یەکەیان کارێکی تایبەت دەکات. ڕۆڵی یاسا سەرەکییەکان ڕێکخستنی ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانە، دەتوانین پێیان بڵێین "ناوەڕۆکی" سیستەمی یاسایی یان یاسای تاوانکاری criminal law. لە لایەکی ترەوە، یاسا لاوەکییەکان ئەو یاسایانەن کە هێز لە دامەزراوەکانی حکوومەت دەسەننەوە، پشت دەبەستن بەوەی چۆن یاسا سەرەکییەکان دروست دەبن

و هەموار دەکرێن و دەسەپێنرێن، هەروەها ڕەوا بوونی خۆیان بسەلمێنن.

لە کاتێکدا تیۆرەکانی یاسای سروشتی ڕەخنەیان لێ دەگیرێت گوایا زۆر فەلسەفین و هیچ سوودێکیشیان نییە، کەچی تیۆرەکانی یاسای پۆزەتیڤ هەڕەشەی ئەوە دەکەن کە بە تەواوی یاسا لە ئەخلاق جودا بکەنەوە. توندترین حاڵەتیش لە سەر ئەمە هۆبزە، کە پێیداگرت لە سەر ئەوەی کە هاوڵاتیان بە سەرێک ناچارن گوێڕایەڵی هەموو یاساکان بن، بەڵام ئەمە کارێکی چەوسێنەرانەیە، چونکە گەر هاوڵاتی وا بکات ئەوا تەواوی مرۆڤ دەخاتە نێو مەترسی فەوزای سروشت. بەڵام، پۆزەتیڤناسە یاساییەکانی تر legal positivists ڕێگە بەوە دەدەن کە یاسا دەبێ ڕەچاوی بنەما ئەخلاقییەکان بکات، هەروەها هەر یاسایەک گەر لە ڕووی ئەخلاقەوە تەواو نەبێت دەبێ بگۆڕدرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، هەڵوێستی ئەوان بە سادەیی ئەوەیە کە پرسیارە ئەخلاقییەکان کار لەوە ناکەن کە یاسا یاسایە. بە واتایەکی دیکە، کاتێک تیۆریستەکانی یاسای سروشتی هەوڵی یەکلایی کردنەوەی ئەو پرسانە دەدەن "یاسا چییە؟" یاخۆ یاسا دەبێ چۆن بێت"، پۆزەتیڤناسە یاساییەکان بە شێوەیەکی زۆر جیا مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسانە دەکەن. بەڵام، بۆچوونێکی بەدیلی یاسا لە سەرەتای سەدەدا سەری هەڵدا، لەگەڵ ئایدیاکانی پسپۆری بە ناوبانگی ئەمریکی لە ڕووی یاساوە یەک دەگرێتەوە (ئۆلیڤەر وێندڵ و هۆڵمز) (١٨٠٩–٩٤). ئەمە ڕیالیزمی یاساییە، تیۆرێک کە بە ڕاستی حوکم دەکات کێ یاسا دەردەکات چونکە هەر ئەوانن کە بڕیار دەدەن چۆن کەیسەکان چارەسەر دەکرێن. لەم ڕوانگەیەوەش، دەکرێ بڵێین هەموو یاساکان دادوەر دەریان دەکات. بەڵام، لە بەرئەوەی دادوەرەکان هەڵنەبژێردراون، ئەم بۆچوونە تێڕوانینەکانی ڕێچکەی حکوومەتی دیموکراسی هەراسان دەکات.

### تۆماس ئەکویناس (١٢٢٤-٧٤)

فەیلەسووف و ڕاهیبێکی دۆمەنیکی ئیتاڵییە. لە نزیک ناپۆلی لە دایک بووە. کوڕی خێزانێکی ماقوڵ بووە. ئەکویناس پێوەندی بە سیستەمی دۆمەنیکی کرد لە دژی حەزەکانی خێزانەکەی. لە ساڵی ١٣٢٤ پیرۆز کراوە. لە سەدەی نۆزدەدا، پاپا لیۆی سێیەم نووسینەکانی ئەکویناسی بە بنەمای ڕێبازی ئاینی کاسۆلیکی دانا.



ئەکویناس بەشداری دەکرد لە دەمەتەقێکانی ڕۆژانە لە بواری ڕێبازی ئاینی، باسی ئەوەی دەکرد کە ئەقڵ و باوەڕ تەواوکەری یەکترن، هەروەها بەرگری لە دانپیانانی ئەرستۆ دەکرد بۆ نێو مەنهەجی زانکۆ. شاکارە مەزنەکەی بەڵام هەرگیز تەواو نەبوو بە ناوی Summa theologiae لە ساڵی ١٢٦٥ دەستی پێکرد. ئەو کتێبە باس لە سروشتی خوا، ئەخلاق و یاسای ئەبەدی و ئیلاهی و سروشتی و مرۆیی دەکات. یاسای سروشتی بە بنچینەی یاسا ئەخلاقییەکان دادەنا کە کۆمەڵگەی سیاسی پشتی پێ دەبەستێت. پێی وابوو کە ئەمانە دەتوانرێت شی بکرێنەوە لە ڕێگەی ڕەنگدانەوەی ئەقڵانی لە سەر سروشتی مرۆڤ. بە بۆچوونی ئەکویناس، یاسای مرۆیی دەبێ چێوە بکرێت بە گوێرەی یاسای سروشتی، دواجار مەبەستەکەی بردنی مرۆڤە بەرەو چاکە. بە پێی بۆچوونی ئەو، یاسا و حکوومەت و دەوڵەت خاسیەتی سروشتی مەرجی مرۆڤن نەک ئەوەی ئۆگستاین) ناوی لێناوە دەرەنجامەکانی تاوانی بنەڕەتی. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەکویناس درکی بەوە کرد کە یاسای مرۆیی ئالیەتێکی ناتەواوە، لەوەشیاندا هەندێ هەڵەی ئەخلاقی ناکرێت لە ڕووی یاساییەوە قەدەغە بکرێت، هەروەها هەر هەوڵێکیش بۆ قەدەغەکردنی ئەوانی تر ڕەنگە زیانی زۆرتر بێت تا سوود. ئەو نەریتە سیاسییەی کە ئەکویناس دۆزییەوە دواتر ناسرا بە Thomism، لە سەدەی نۆزدەوە پێی دەوترێت neo Thomism، هەوڵێک بۆ زیندوو کردنەوەی ڕۆحی پزیشکی فریشتەیی angelic doctor.

## یاسا و ئازادی

کاتێک فەیلەسووفە سیاسییەکان بایەخ دەدەن بە چەند پرسێکی وەک خودی یاسای سروشتی، دەمەتەقێکانی ڕۆژانە دەربارەی پێوەندی نێوان یاسا و ئەخلاق جەخت دەکەنە سەر ناوەڕۆکی ئەخلاقی یاسا دیاریکراوەکان. کامە یاسا لە ڕووی ئەخلاقەوە سەلمێنراوە، کامەشیان نەسەلمێنراوە" تا چ ڕادەیەک یاسا دەبێ ئەخلاق فێرە خەڵکی بکات؟ ئەم جۆرە پرسیارانە زۆرجار دروست دەبن لە ئەنجامی مشتومڕەکانی ڕۆژانە، هەروەها هەوڵی زانینی ئەوە دەدەن کە ئایا یاسا دەبێ ڕێگە بە هەندێ مومارەسە بدات یان قەدەغەی بکات وەک لە بارچوون و سۆزانییەتی و کاری ڕووت و توندوتیژی تەلەفیزیۆنی و بەدیلکردنی دایکایەتی و ئەندازیاری جینی و تا دوایی. لە نێو جەرگەی ئەو پرسیارانەدا پرسی ئازادی تاک و هاوسەنگییەک

قووت دەبێتەوە لە نێوان ئەو ئیختیارە ئەخلاقییانەی کە دەبێ بە ئاشکرا بکرێن لە ڕێگەی تاک و ئەوانەشی کە دەبێ لە لایەن کۆمەڵگەوە بکرێن و هەروەها لە ڕێگەی یاساشەوە بسەپێنرێن.

بە چەندین ڕێگەی پسپۆران بەشداریان کردووە لەو مشتومڕە لە سەدەی نۆزدەدا، بۆ نموونە، جۆن ستوارت میڵ کە لە کتێبەکەی بە ناوی (لە سەر ئازادی ١٨٥٩ و ١٩٧٢) دووپاتی دەکاتەوە و دەڵێت " تاکە مەبەست، لە پیادە کردنی هێز بە شێوەیەکی یاسایی بە سەر هەر کۆمەڵگەیەکی شارستانی دژی ویستەکەی، بریتییە لە قەدەغەکردنی زیان گەیاندن بەوانی تر". هەڵوێستی میڵ لە سەر یاسا (ئازادی) بوو: میڵ دەیویست تاک چێژ لە فراوانترین جیهانی ئازادی وەربگرێت. میڵ ڕایگەیاند " تاک دەبێ ئازادی بە سەر خۆیدا هەبێت، واتە تاک سەروەرە بە سەر جەستە و ئەقڵیدا". لەگەڵ ئەوەشدا، زۆرجار ئەو جۆرە بنەمایە بە "بنەمای زیان" ناو زەند دەکرێت، جیاوازییەکی زۆر ڕوون دەستنیشان دەکات لە نێوان ئەو کردارانەی کە پەیوەستن بە "خود" و کاریگەری تەنیا لە سەر خودی کەسەکە دەبێت، هەروەها ئەو کردارانەش کە پەیوەستن بە "ئەوانی تر" و کاریگەری لە سەر ئەوانی تر دەبێت. بە بۆچوونی میڵ، یاسا هیچ مافێکی نییە دەست لە کاروباری "خود" یاخۆ کەسی وەربدات. لەو ڕوانگەوەش، تاک بۆی هەیە ئازادییەکی بێ سنوور و بەربەست پیادە بکات. کەواتە یاسا دەبێ تەنیا دەست لە کاروباری ئەوانی تر وەربدات نەک کەسی، لەمەشیاندا، یاسا ئەو کاتە دەتوانێت تەداخول بکات کە کارێک کراوە و زیان بەوانی تر دەگەیەنێت. ئەم جۆرە لێکدانەوەیەش بە تەواوی بەرەنگاری ئەو یاسایانە دەبنەوە کە ئێستا وجوودیان هەیە، بە تایبەتی ئەو یاسایانەی کە لە لایەن باوکەوە دەردەچن paternalistic. بۆ نموونە، ئەو یاسایانەی کە قەدەغەی خۆکوشتن و سۆزانییەتی دەکەن بە ئاشکرا پەسن نەکراون، دیارە کە نیازی سەرەکی ئەو یاسایانە دوور خستنەوەی خەڵکە لە وێران بوون و ڕووخان و زیان پێ گەیشتن. بە هەمان شێوە، هەمان قسە لە سەر ئەو یاسایانە جێبەجێ دەبێت کە لە سەر تلیاک خواردن و قایش بەستانی نێو ماشێنەکان و کڵاوی خۆ پارێزی ئاسنین، تا ڕادەیەک ئەمانە ڕەنگدانەوەی خەمێکە دەربارەی ئەو تاکانەی کە بە دژی ئەو زیانانە دادەنرێن کە بە سەر کۆمەڵگەدا دەسەپێنرێت.



گەر سەیری ئایدیاکانی میڵ بکەین، پابەندبوونێکی توند بە ئازادی تاکەوە بەدی دەکەین. ئەو ئایدیانەش لە دایک بوونە بە هۆی باوەڕ بوون بە ئەقڵ و ئەو قەناعەتەی گوایە تەنیا لە ڕێگەی پیادەکردنی ئیختیاری کەسی مرۆڤ پێش دەکەوێت و تاکە کەسی بەدەست دێنێت. بەڵام، ئایدیاکانی چەند ئاستەنگێک دروست دەکەن. یەکەم: مەبەست چییە لە (زیان)؟ میڵ ئەمەی بۆ زیانی جەستەیی دەگەڕاندەوە، بەڵام چەند بۆچوونێکی تر هەیە کە پێیان وایە زیانی دەروونی و ئەقڵی و ئەخلاقی و تەنانە ڕوحیش هەن. بۆ نموونە، کوفر blasphemy هیچ زیانێکی لێ ناکەوێتەوە بەڵام ڕەنگە ببێتە هۆی ئازاردانی هەستەکان. کوفر ڕەنگە بەرەنگاری بنەما هەرە پیرۆزەکانی ئاین ببێتەوە و هەڕەشە لە یاساکانی ئاین بکات. بۆ نموونە ئەم قسەو باسە بەکار هێنرا لە لایەن موسڵمانە توندڕەوەکان لە هەڵمەتەکەنیان دژی بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی (سەلمان ڕوشدی) بە ناوی "ئایەتە شەیتانییەکان" satanic verses. بە هەمان شێوە، دەکرێ مشتومڕی ئەوە بکرێت کە لە ژیانی ئابووریدا ڕێکەوتن لە سەر نرخ لە نێوان کۆمپانیاکان کارێکی نایاساییە چونکە زیان بە بەرژەوەندی موشتەری دەگەیەنن لە بەرئەوەی موشتەرییەکان هەمان ئەو نرخە بەرزە دەدەن لە کاتی شت کڕیندا کە کۆمپانیایەکی ڕکابەر دەیدات. دووەم: کێ "ئەوانی تر" بەوە دادەنێت کە نابێت زیانیان پێ بگەیەنرێت؟ ئەم پرسیارە زیاتر لە سەر مەسەلەی لەبارچوون abor-tion و توێژینەوەکان لە سەر جینی مرۆڤ قووت بووەوە چونکە ئەم مەسەلانە لە سەر ئەوەیە کە هێشتا کەسەکە لە دایک نەبووە پرسیاری لە بارەیەوە دەکرێت. هەروەک لە بەشی حەوتەم بە درێژی باسی لێوە دەکرێت، گەر کۆپییەکی مرۆڤ وەک " یەکێکی دیکە" مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، ئەوا دەست تێوەردانی یانیش زیان پێ گەیاندنی بە هەر ڕێگایەک بێت لە ڕووی ئەخلاقەوە چەوتە و شایەنی ڕەخنەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، گەر کۆپییەکە وەک بەشێک لە دایکەکە بمێنێتەوە تاوەکو لە دایک دەبێت ئەوا دایکەکە مافی تەواوی هەیە هەر چییەکی پێی خۆشە لەگەڵی بکات.

ئاستەنگی سێیەم پەیوەستە بە ئۆتۆنۆمی تاک. میڵ بێ هیچ گومانێک دەیویست خەڵک تا ئەوپەڕی توانا کۆنترۆڵی چارەنووسی خۆیان بکەن، بەڵام دانی بەوەش ناوە کە ئەمەش هەموو کاتێک دەستەبەر ناکرێت، بۆ نموونە، لە حاڵەتی منداڵاندا

دەستەبەر ناکرێت. میڵ پەسنی ئەوەی کرد کە منداڵان نە ئەزموونیان هەیە و نە تێگەیشتن تا بتوانن بڕیاری ژیرانە بدەن بۆ بەرژەوەندی خۆیان. لە ئەنجامدا، میڵ دەڵێت: پیادەکردنی دەسەڵاتی باوکایەتی بە تەواوی پەسن دەکرێت. بەڵام، ئەم بنەمایە دەکرێ جێبەجێ بکرێت لە سەر بنچینەی تری وەک تەمەن، بۆ نموونە، لە کاتی دەرەنجامەکانی ئەلکهول و تلیاک. ئەمانە لە ڕواڵەتدا کاروباری کەسانی دیکەن تاوەکو بنەمای "زیان" فراوانتر نەکرێت بۆ گرتنە خۆی هۆکاری ئەو خێزانەی تێوەگلاوە یاخۆ تێچووەکانی چاودێری تەندروستی کە لە لایەن کۆمەڵگەوە دەدرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، بەکارهێنانی مادە بێهۆشکەرەکان و خوو پێوەگرتووەکان ئاستەنگی زیاتر دروست دەکات بە کلۆجێک ویستی ئازاد لە بەکارهێنەر دەسەننەوە و ناهێڵن بەکارهێنەر بە هیچ شێوەیەک بڕیارێکی ژیرانە بدات. دەسەڵاتی باوک ڕەنگە زۆر بە سوود و سەلمێنراو بێت بۆ ئەم جۆرە گرفتانە. بە هەقیقەت، ئەو بنەمایە دەکرێت بۆ مەودایەکی بێ سنوور و فراوانتر درێژ بکرێتەوە. بۆ نموونە، دەکرێ ئەوە بڵێین کە جگەرە کێشان دەبێ قەدەغە بکرێت لە سەر بنچینەی ئەوەی کە مادەی نیکۆتین وا لە جەستە و دەروون دەکات خووی پێوە بگرن، بۆیە ئەوانەی کە تەندروستی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە لە ڕێگەی جگەرە کێشانەوە یان ئەوەتا بە باشی هۆشیار نەکراونەتەوە لە زیانەکەی یانیش ئەوەتا ناتوانن حوکمێکی ژیرانە بدەن بە سەر خۆیاندا. بە کورتی، ئەمانە دەبێ لە خودی خۆیان ڕزگار بکرێن.

بنەمایەکی بەدیل بۆ دامەزراندنی پێوەندی نێوان یاسا و ئەخلاق بە ڕەچاوکردنی بانگەشەی ئازادی تاکەوە بەند نییە بگرە بەندە بەو ڕووخانەی کە ئازادی بێ سنوور دووچاری پێکهاتەی کۆمەڵگەی دەکات. لێدوانێکی کلاسیک لەمەڕ ئەم هەڵوێستە لە لایەن (پاتریک دێڤلین) هوە پەرەی پێ درا لە کتێبەکەی بە ناوی "سەپاندنی ئەخلاقەکان". لەم کتێبەدا، دێڤلین باسی ئەوە دەکات کە " ئەخلاقێکی گشتی " لە گۆڕێدا هەیە کە کۆمەڵگە مافی هەیە بیسەپێنێت لە ڕێگەی ئالیەتێک ئەویش یاسایە. بایەخی دێڤلین بەم باسە سەرچاوەی گرت لە بە یاسایی کردنی "نێربازی" homo sex-uality، هەروەها بەشەکانی تری کە پێی دەوترێت یاسای ڕێپێ دراو لە ساڵانی شەستەکان. هەڵوێستی دێڤلین ئەو باوەڕەیە کە کۆمەڵگە پێکەوە نراوە بە هۆی



ئەخلاقێکی هاوبەشەوە، بە هۆی ڕێکەوتنێکی بنەڕەتی لە سەر ئەوەی چی باش و چیش خراپ. کەواتە یاسا مافی ئەوەی هەیە ئەخلاقەکان بسەپێنێت کاتێ گۆڕانکارییەکان لە شێوازی ژیان و ڕەفتارە ئەخلاقییەکان هەڕەشە لە پێکهاتەی کۆمەڵگە و ئاسایشی هەموو ئەو هاوڵاتییانە دەکات کە لە نێو ئەو کۆمەڵگەیە دەژین. بەڵام، ئەم جۆرە بۆچوونە جیایە لە باوکایەتی، لەمەشیاندا، ئەوەی دواتر زۆر تەسکە و بایەخ بەوە دەدات کە خەڵکی چی بکەن بۆ بەرژەوەندی خۆیان، هەرچەندە لە حاڵەتی وەک قەدەغەکردنی کارە ڕووتەمەنییەکاندا دەکرێ بڵێین کە باوکایەتی و سەپاندنی ئەخلاقەکان یەک دەگرنەوە. دەکرێ ئەوەش بڵێین کە دێڤلین درێژەی بە بیرۆکەی میڵ دا سەبارەت بە فراوان کردنی زیان بۆ ئەوەی "ئازار"یش بگرێتە خۆی، بە لایەنی کەم کاتێ کردارەکان ئەو هەستانە دەوروژێنن کە دێڤلین پێی دەڵێت " هەستە ڕاستەقینەکانی بێزاری و ترس". ئەم جۆرە هەڵوێستە لە لایەن NEW Right پارێزکاریش بەکارهێنراون لەوەتەی ساڵانی حەوتاکان پەیوەست بەوەی کە بە " پیسبوونی ئەخلاق" دادەنرێت. ئەمە ڕەنگدانەوەی ئەو پەرۆشییەیە سەبارەت بە وەسفکردنی سێکس و توندتیژی لە سەر تەلەفیزیۆن و بڵاوبوونەوەی مافی قووندان و نێربازی gay و سێکسی ئافرەت لەگەڵ ئافرەت lesbian بە خێرایی. هزرمەندانی پارێزکار ستایشی چاکەکانی ئەخلاقە نەریتییەکان و بەها خێزانییەکان دەکەن لە دژی هەڕەشە دووانەکەی فرە کولتووری multi culturalism و ڕێپێدان و حەڵاڵکردن.

مەبەستی سەرەکی ئەم جۆرە مشتومڕانە ئەوەیە کە زۆر گرینگە ئەخلاق بۆ تاک جێ بهێڵرێت. کاتێک بەرژەوەندییەکانی "کۆمەڵگە" و بەرژەوەندییەکانی "تاک" ناکۆک دەبن، دەبێ هەمیشە یاسا لای کۆمەڵگە بگرێت. بەڵام، ئەم هەڵوێستە چەند پرسیارێکی گرینگ قووت دەکاتەوە. یەکەم، ئایا هیچ شتێک هەیە بە ناوی "ئەخلاقی گشتی"؟ ئایا کۆمەڵێک بەهای "زۆرینە" هەیە کە لە بەها "کەمینەکان" جیا بکرێتەوە؟ جگە لە چەند کارێکی وەک کوشتن و توندوتیژی جەستەیی و دەستدرێژی سێکسی و دزی کردن، بۆچوونە ئەخلاقییەکان، بە هەقیقەت، لە جیلێکەوە بۆ جیلێکی تر، لە گرووپێکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ گرووپێکی کۆمەڵایەتی تر و لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر جیاوازە. ئەم فرە لایەنییە ئەخلاقییە زۆر ڕوون و ئاشکرایە لە مەسەلە کەسییەکان و ئەخلاقی سێکسی (وەک: نێربازی و قووندان و لەبارچوون و توندوتیژی لە سەر

تەلەفیزیۆنەکان و تا دوایی) کە لەم حاڵەتەدا بنەمای ئەخلاقی NEW RIGHT بایەخی پێ دەدرێت. دووەم، مەترسییەک لە ژێر دروشم و ئاڵای ئەخلاقییە نەریتییەکان لە ئارا دایە، کە یاسا نایەکسانی کۆمەڵایەتی بچەسپێنێت. گەر کردارەکان قەدەغە بکرێن لەبەرئەوەی کە دەبنە هۆی ئازار گەیاندن بە زۆرینەی خەڵک، ئەوا نزیک دەبینەوە لەوەی بڵێین کە ئەخلاق دێتە خوار تا ئاستی نیشاندانی دەستەکان. بە دڵنیاییەوە، حوکمە ئەخلاقییەکان دەبێ هەمیشە گرینگ و هەستیار بن، بە لایەنی کەم لەو تێڕوانینەی کە پشتڕاستە بە بنەمای ئەقڵانی و ئاشکرا نەک هەر تەنیا بە باوەڕی و فراوان و بێ بنەما. بۆ نموونە، ئایا یاساکان ئەو جوولەکانە دەچەوسێننەوە کە لە ڕووی ئەخلاقەوە پەسن کراون چونکە ئایدیاکانی دژە سامی بە فراوانی لە نێو کۆمەڵگە پەیڕەو دەکرێت؟ لە کۆتاییدا، بێ هیچ پێچ و پەنایەک ڕوون و ئاشکرایە کە کۆمەڵگەیەکی سەقامگیر و تەندروست تەنیا لەو شوێنە وجوودی هەیە کە ئەخلاقێکی هاوبەش تیایدا سەردەکەوێت. بۆ نموونە، ئەم باوەڕە ئایدیای کۆمەڵگەی فرە کولتوور و فرە باوەڕی دەخاتە ژێر پرسیارەوە. بەڵام، ئەم مەسەلەیە بە باشترین شێوە بە دواداچوونی بۆ کراوە لە لایەن شرۆڤەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئەو مەرجانەی کە درێژەی پێ دەدەن.

## سیستەم

ترسی نەبوونی سیستەم و ناسەقامگیری کۆمەڵایەتی بووەتە یەکێک لە بایەخە هەرە هەستیار و بنەڕەتییەکانی فەلسەفەی سیاسی ڕۆژئاوا. گەر بگەڕێینەوە بۆ تیۆرەکانی گرێبەندی کۆمەڵایەتی سەدەی حەڤدەیەم، دەبینین کە هزرمەندە سیاسییەکان زۆر بایەخیان بە گرفتی سیستەم داوە و گەڕاون بە دوای ڕێگە چارە بۆ ئەوەی نەهێڵن مرۆڤ بکەوێتە نێو ئاژاوە و سەرلێشێوان. بە ڕای هۆبز، ژیانی مرۆڤ بە بێ سیستەم و سەقامگیری "تەنیایی و خراپ و نەهامەتی و مەینەتی و کورت" دەبێت. ئەم جۆرە ترسانەش زۆر ڕوون و ئاشکرایە لە کاتی ڕۆژانە بەکارهێنانی وشەی "ئاژاوە" بە مەبەستی نەبوونی سیستەم و هۆسە و توندوتیژی. لە بەر ئەو هۆیانەشە، سیستەم بووەتە مایەی سەرنجی ئەو تیۆریستە سیاسییانەی ژیرانە بیر ناکەنەوە، بە لایەنی کەم تا ئێستا هیچ یەکێکیان ئامادە نین بەرگری لە



"نەبوونی سیستەم" بکەن. بە هەمان شێوە، زاراوەی سیستەم زۆر وێنەی جیاجیای لای هزرمەندە سیاسییە جۆراوجۆرەکان دروست کردووە. بە سەرێک، باڵی پارێزکارە نەریتییەکان پێیان وایە کە سیستەم شتێکی جیانەکراوەیە لە چەند بیرۆکەیەکی وەک کۆنترۆڵ و دیسپلین و گوێڕایەڵی، بە سەرێکی تر، ئاژاوەچییەکان پێشنیازی ئەوە دەکەن کە سیستەم بەندە بە سازان و کۆک بوون و هاوسەنگی سروشتی. ئەم جۆرە دابەشبوونە ئایدیۆلۆژییانە ناکۆکییەکی قووڵی لێ دەکەوێتەوە نەک هەر تەنیا لەسەر چەمکی سیستەم بگرە لە سەر چۆنیەتی دامەزراندنی و چۆنیەتی پاراستن و درێژەپێدانی.

هاوکات ڕەنگە تێگەیشتنی یەکتربڕ لە ئارادا بن سەبارەت بە سیستەم، لەگەڵ ئەوەشدا چەند سیفەتێکی گشتی دەکرێ دەستنیشان بکرێت. لە زمانی ڕۆژانەدا، سیستەم ئاماژەیە بە نیزام و ڕێچکەی ڕێکوپێک، هەروەک کاتێ بە سەربازەکان دەوترێت "ڕێک بوەستن" یان زۆر جار دەوترێت گەردوون ڕێک خراوە "ordered". لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، سیستەم وەسفی شێوازە نیزامی و سەقامگیر و بەربینکراوەکانی ڕەفتار دەکات، جا بە هەر هۆیەک بێت، سیستەمی کۆمەڵایەتی پێشنیازی کۆمەڵگەیەکی سەقامگیر دەکات. بە پێچەوانەوە ڕووخانی سیستەمی کۆمەڵایەتی ڕەفتاری ئاژاوەگێڕی و هەڕەمەکی و توند دەگەیەنێت، ئەمەش واتە گۆڕانی ناجێگیر و بێ کەڵک. لە سەرووی هەمووشیانەوە، ئەو چاکەیەی کە بەندە بە سیستەم ئاسایشی کەسی و ئاسایشی جەستەیی و ئازادیی بەدەر بوونە لە تۆقاندن و توندوتیژی و ترس، هەروەها ئاسایشی دەروونی و ئاسوودەیی و سەقامگیرییە کە تەنیا لە بارودۆخی ڕێک و ئاشنادا دێتە وجوود.

## دیسپلین و کۆنترۆڵ

زۆرجار سیستەم گرێ دەدرێت بە چەند ئایدیایەکی وەک دیسپلین و نیزام و دەسەڵات. لەم سۆنگەوەش، سیستەم فۆرمێکی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێت، کە لە هەندێ ڕووەوە، لە سەرەوە ڕا دەسەپێنرێت. سیستەمی کۆمەڵایەتی دەبێ بسەپێنرێت چونکە بە شێوەیەکی سروشتی ڕوونادات. هەموو بیرۆکەکانی سیستەم

دەوەستنە سەر تێگەیشتن لە ڕووخانی سیستەم و ئەو هێزانەی کە دەبنە هۆی ڕووخانی. چییە دەبێتە هۆی گێرەشێوێنی و چەواشەکاری و تاوان و ئاژاوەی کۆمەڵایەتی؟ ئەوانەی پێیان وایە کە سیستەم مەحاڵە هەبێت بە بێ پیادە کردنی کۆنترۆڵ یا دیسپلین، عادەتەن ڕەگی نەبوونی سیستەم دەگەڕێننەوە نێو تاکە کەس. بە واتایەکی دیکە، مرۆڤ لە سروشتی خۆیدا گەندەڵە، گەر کۆنترۆڵ نەکرێن و گورزێک شک نەبینن ئەوا بە شێوەیەکی زۆر ناشارستانی و دژە کۆمەڵایەتی ڕەفتار دەکەن. هەندێ جار ئەو جۆرە بیرکردنەوانە لە ئەسڵدا ئاینین، وەک ئەوەی لە حاڵەتی مەزهەبی مەسیحیدا بە "تاوانی بنەڕەت" دادەنرێت. لە حاڵەتەکانی تردا، بە پشت بەستن بەو باوەڕە شی دەکرێنەوە کە مرۆڤ لە جەوهەردا خۆپەرستە و تەنیا بەرژەوەندی خۆی دەوێت. گەر لە سەر پێگەکانی خۆیان لێیان گەڕێی، تاکەکان بۆ زیاتر بەرژەوەندی خۆیان یان کۆتایی خۆیان کار دەکەن، ئەم کارەش دەکەن لە سەر حیسابی هاوەڵەکانیان. یەکێک لە هەرە تێڕوانینە ڕەشبینەکان لە سەر سروشتی مرۆڤ لە نووسینەکانی هزرمەندە ڕەهاییەکان بەدی کراوە وەک تۆماس هۆبز، کە لە کتێبەکەی بە ناوی leviathan (لە ساڵانی ١٦٥٥ و ١٩٦٨ چاپ و بڵاو کراوەتەوە) وەسفی مەرامی سەرەکی مرۆڤ دەکات وەک " مەرامێکی بەردەوام و بێ سنوورە بۆ هێز دوای هێز کە تەنیا بە مردن کۆتایی پێ دێت". ئەمە ئەوە شی دەکاتەوە بۆچی وەسفەکەی لە مەڕ حاڵەتی سروشتی زۆر بە وردەیە و پلانی بۆ داڕشتووە. بۆ بۆچوونی ئەو، سیفەتە زاڵەکەی شەڕ دەبێت، شەڕێکی بەربەری و بێ کۆتایی "هەموو مرۆڤ بەرامبەر بە یەکتری".

ئەم بۆچوونە ڕەشبینەی لەمەڕ سروشتی مرۆڤ بە قووڵی کاری کردووەتە سەر تێگەیشتنی پارێزکاری نەریتی سیستەم. بۆ نموونە، پارێزکارەکان بە شێوەیەکی تایبەت کەمە ئارامییەکیان نیشان داوە لە پێناو چەند هەوڵێک بۆ شیکردنەوەی تاوان بە هۆی ئاماژە کردن بە هەژاری یان بێ بەشی کۆمەڵایەتی. تاوان (زۆربەی فۆرمەکانی تری ڕفتاری دژە کۆمەڵایەتی) و ئاژاوەچیاتی و گێرەشێوێنی و کەتن و تەنانەت توندڕەوی، شتێک زیاتر نین لە دیاردەیەکی تاکە کەسی، ڕەنگدانەوەی گەندەڵییەکی ئەخلاقییە کە لە نێو ناخی هەموو مرۆڤێکدایە. کەواتە تاوانبار کەسێکە



لە ڕووی ئەخلاقەوە خراپە، هەروەها شایەنی ئەوەیە بەم جۆرە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. لە بەر هەندێ پارێزکارەکان حەز دەکەن لینکێک بەدی بکەن لە نێوان بیرۆکەکانی سیستەم و یاسا، هەروەها بە پەرۆشن بۆ ئاماژە کردن بە چەمکێک تێکەڵەی یاسا و سیستەم بێت. لە واقیعدا، سیستەمی گشتی شتێکی خەیاڵیە گەر سەپاندنی یاسا لە گۆڕێدا نەبێت. کەواتە پارێزکارەکان زۆرجار لە پێشەوەی ئەو هەڵمەتانەن بۆ بەهێز کردنی هێزەکانی پۆلیس و داوای سزای توندتر دەکەن بۆ تاوانباران و سەرپێچیکەران. ئەمە ڕوون و ئاشکرا بوو لە حاڵەتی حیزبی پارێزکاری بەریتانی British Conservative Party، بە تایبەتی لە سەردەمی تاچەردا. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، هاتنە سەر حوکمی سەرۆکە کۆمارییەکان (نیکسن و ڕێگان و بوش) جەختێکی توندی کردە سەر پێویستی ڕووبەڕوو بوونەوەی تاوان بە هۆی سەپاندنی سزای توندتر، بە تایبەتی بە هۆی دووبارە ئاشناکردنەوەی سزای مردن. لەگەڵ ئەوەشدا، لینکی نێوان سیستەم و یاسا یەکێکە لەو لینکانەی کە گەلێ لە لیبرال و هەندێ لە سۆشیاڵ دیموکراتەکان بەشداری تیادا دەکەن. هەرچەندە لیبرالەکان زیاتر جەخت دەکەنە سەر ئەقڵانییەتی مرۆڤ، هەروەها بایەخی زیاتر دەدەن بە شیکردنەوە کۆمەڵایەتییەکانی تاوان و نەبوونی سیستەم، بە پشت بەستن بە باوەڕ کردنی ئەوەی کە مرۆڤ لە جەوهەردا تەنیا بەرژەوەندی خۆی گەرەکە و پەسنی ئەوە دەکەن کە ئەوان لە هەموو ڕووێکەوە کاملن و یەکتری بتۆقێنن و هەڵقۆزنەوە. سەرنج دراوەتە ئەوەی کە سیاسەتمەدارە (ناوەند–چەپەکان) ی وەک کلینتۆن لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و بلێر لە بەریتانیا ئەو هەڵوێستەیان بەکاربردووە کە دەبێ ئەوان توند بن لە سەر تاوان، نەک هەر تەنیا لە سەر هۆکارەکانی ئەنجامدانی تاوان.

لەگەڵ ئەوەشدا، شرۆڤە پارێزکارییەکان قووڵتر دەبنەوە. پارێزکارەکان نەک هەر باوەڕیان بەوەیە کە مرۆڤ لە ڕووی ئەخلاقەوە گەندەڵە بگرە جەخت دەکەنە سەر ئەو پلەیەش کە سیستەمی کۆمەڵایەتی و شارستانییەتی مرۆڤ ناسکن. بە گوێرەی نووسینەکانی ئیدمەند بێرک لە سەدەی هەژدەدا، پارێزکارەکان لە ڕووی نەریتییەوە کۆمەڵگە بە "ئۆرگانیک" وەسف دەکەن، وەک کیانێکی زیندوو کە لە نێویدا هەر

تۆخمێک بە هاوسەنگییەکی ناسک بەستراوەتەوە بە هەموو تۆخمەکانی تر. کەواتە "گشتایەتی کۆمەڵایەتی" زیاترە لە کۆمەڵێک بەشی تاک، هەروەها گەر هەر بەشێک وێران بێت، ئەوا هەموو بەشەکانی تر دەکەونە ژێر مەترسییەوە. بە تایبەتی، پارێزکارەکان دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە کۆمەڵگە بە هۆی پاراستنی دامەزراوە نەریتییەکان پێکەوە بەستراوەتەوە وەک خێزان و بە هۆی ڕێز گرتن لە کولتوور و ئاین و داوونەریت. بەرگری لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بووەتە یەکێک لە مەبەستە سەرەکییەکانی نیوپارێزکاری، لە ویلایەتە یەکگرتووەکان پەرەی پێ درا لە لایەن چەند تیۆریستێکی کۆمەڵایەتی وەک ئێرڤینگ کریستۆل، دانیال بێڵ کە هۆشداری دا لە دژی وێران بوونی بەها ڕوحانییەکان کە لە لایەن پاڵپەستۆیەکانی بازاڕ و ئەخلاقی ڕێگە پێ دراوەوە دروست بوونە. لەم دیدەوەش، یاسا دەکرێ نەک هەر تەنیا بە ڕێگایەک بۆ پاراستنی سیستەم سەیر بکرێت بە هۆی هەڕەشە کردن لە خراپەکاران لەگەڵ سزادان بگرە دەبێ وەک ئالیەتێکیش سەیر بکرێت بۆ پشتگیری کردنی بەها نەریتییەکان و باوەڕە دامەزراوەکان. هەر لە بەر هەندێش، پارێزکارەکان کۆکن لەگەڵ پاتریک دێڤلین لە باوەڕ بوون بەوەی کە ئەرکی دیاری یاسا بریتییە لە "فێرکردنی ئەخلاق".

لە کۆتاییدا، سیستەم لە سەر بنچینەی دەروونییەوە بەرگری لێ دەکرێت. ئەم بۆچوونە جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کە هەموو مرۆڤەکان سنوودار دەکرێن و لە ڕووی دەروونییەوەش بوونەوەری ناسەقامگیرن. لە سەرووی هەمووشیانەوە، خەڵک بە دوای سەلامەتی و ئاسایشدا دەگەڕێن. خەڵک سروشتی بەندە بە ئاشنا بوون و ناسین و نەریتەوە. بۆیە سیستەم شتێکی زۆر پێویستە، نەک هەر ئەمەش، بگرە یەکێکە لە هەرە پێداویستییە گرینگەکانی مرۆڤ. ئەمەش وا دەگەیەنێت کە مرۆڤ بوونەوەرێکە بەند نییە بە نائاشنابوون و نوێ و سەیرو سەمەرە. بەم شێوەیە، بۆ نموونە، ئیدمۆند بێرک ڕقی بێ هۆکار لە خەڵکی جیاواز لە خۆمان بە سروشتی و بە سوود وەسف کرد، دەڵێت ئەمە هەستی ئاسایش و ئارامی و ناسنامەی کۆمەڵایەتی بە تاک دەبەخشێت. بەڵام، ئەم بۆچوونە ئەنجامی زۆر ڕادیکاڵی لێ دەکەوێتەوە بۆ پاراستنی سیستەم. بۆ نموونە، ڕەنگە بە تەواوی یەک نەگرێتەوە لەگەڵ کۆمەڵگە هاوچەرخە فرە



کولتوور و فرە باوەڕەکاندا، پێشنیازی ئەوە دەکات کە نەسەقامگیری و نەبوونی سیستەم دەبێ هەمیشە لە نزیک ئەو جۆرە کۆمەڵگەیانەدا بن هەر بۆ نموونە، هەندێ لە پارێزکارەکان ڕازی نەبوون بە دیاردەی کۆچکردن بە بێ لێپرسینەوە، یاخۆ داوای ئەوەیان کرد کە کۆچبەران نابێ هان بدرێن بۆ ئەوەی بچنە نێو کولتووری ئەو وڵاتانەی کە لە کولتووری وڵاتی خۆیانەوە نزیکە. باشترین نموونەش لە ساڵانی شەستەکان لە بەریتانیا لە پێشبینییەکانی ئینۆچ پاوڵدا بە دیار کەوت کە بواری بە کۆچبەرانی ئاسیا و ئەفریقیا دا بۆ نێو وڵاتەکەی کە ئەو کۆچە بووە هۆی مەترسی توندوتیژی ڕەگەزی و تێکچوونی ئارامی کۆمەڵایەتی. هەر لە بەر هەندێش، حیزبی نەتەوەیی بەریتانیا British National Party، بەرەی نەتەوەیی فەڕەنسا و حیزبی نوێی دیموکراتی لە ئەڵمانیا هەموو پاڵپشتی ئەوەیان کرد کە کۆچبەران بگەڕێنرێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان.

## حوکمی ڕەها
Absolutism

حوکمی ڕەها بریتییە لە تیۆری یان پیادەکردنی حکوومەتی ڕەها. حکوومەت "ڕەهایە" لەو سۆنگەی کە خاوەن هێزێکی بێ سنوورە: حکوومەت ناتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت لە لایەن گرووپێک لە دەرەوەی خۆی. حکوومەتی ڕەها عادەتەن بەندە بەو فۆرمە سیاسییانەی کە لە سەدەی حەڤدە و هەژدەدا دەستیان بە سەر ئەوڕوپادا گرت، دیارترین مانیفێستۆی حکوومەت بریتی بوو لە حوکمی ڕەهای پاشایەتی

absolute monarchy. بەڵام، هیچ پێک بەستنێکی پێویست نییە لە نێوان پاشایەتی وحکوومەتی ڕەها. هەرچەندە دەتوانرێت هێزی بێ سنوور لە ژێر دەستی پاشایەک بێت، کەچی دەشتوانرێت لە ژێر دەستی گرووپێکدا بێت وەک دەسەڵاتی باڵای یاسادانان. لەگەڵ ئەوەشدا، حوکمی ڕەها جیاوازە لەگەڵ شێوازە مۆدێرنەکانی دیکتاتۆریەت، بە تایبەتیش لەگەڵ تۆتالیتاریانیزم. کاتێک ڕێژیمە ڕەهاکان هێزی سیاسی بۆ خۆیان پاوان دەکەن (کە هەمیشە گرووپە سیاسییەکانی تر وەدەر دەنێن) تۆتالیتاریانیزم هەڵدەستێت بە دانانی "هێزی تۆتاڵ/گشتی" total power لە ڕێگەی بە سیاسەتکردنی هەموو بوارێکی کۆمەڵایەتی و کاروباری کەسی. تیۆری ڕەها زۆر جیاوازە لە ڕێبازە فاشیستەکان.

بەڵام، حکوومەتی ڕەها و هێزی ڕەها یەک شت نین. بنەمای ڕەها پشتڕاستە بە

مافی بێ سنوور بۆ حوکمکردن، پشت ڕاست نییە بە پیادەکردنی هێزێکی بێ بەرەنگاری. لە بەر هەندێ تیۆرە ڕەهاکان لە نزیکەوە بەندن بە چەمکی سەروەری، سەرچاوەیەکی نادیار و بێ بەرەنگاری دەسەڵاتی یاسایی دەنوێنن. ئەمە شێوازی ئەقڵانی و حوکمی ئاینی تیۆری ڕەهایە. تیۆرە ئەقڵانییەکانی حوکمی ڕەها بە شێوەیەکی گشتی پەرە بەو باوەڕە دەدەن کە تەنیا حکوومەتی ڕەها دەتوانێت سیستەم و سەقامگیری کۆمەڵایەتی مسۆگەر بکات. کەواتە سەروەری دابەشبوو یان هێزێک کە بەرەنگاری بکرێتەوە بریتییە لە میتۆدێک بۆ ڕووخانی سیستەم و نانەوەی ئاژاوە. تیۆرەکانی ڕێبازی ئاینی حوکمی ڕەها پشت ڕاستن بە مەزهەبی مافی ئیلاهی، کە بە گوێرەی ئەمە حوکمی ڕەها مومارەسە پاشایەتییەکان کۆنترۆڵ دەکەن بە سەر بابەتەکانی، وەک هێزی خودا بە سەر مەخلوقەکانی. کەواتە هێزی پاشایەتی بەرەنگاری ناکرێت چونکە دەربرینێکی کاتی دەسەڵاتی خوایە.

لایەنێکی باشی تیۆرەکانی حوکمی ڕەها ئەوەیە کە هەندێ ڕاستی سیاسی دەردەخەن. بە تایبەتی، جەخت دەکەنە سەر گرینگی سیاسەتی سیستەم، هەروەها بە بیرمان دەهێنێتەوە کە ئامانجی سەرەکی کۆمەڵگەی سیاسی بریتییە لە پاراستنی سەقامگیری و ئاسایش. لەگەڵ ئەوەشدا، تیۆرەکانی حوکمی ڕەها ڕەخنەیان لێ دەگیرێت بەوەی کە لە ڕووی سیاسییەوە زیادەڕەوین و لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوەش خوازراو نین. حکوومەتی ڕەها ڕووخا لە بەر پێشکەوتنی نوێنەرایەتی و دەستووریەت، بەڵام دیکتاتۆریەت ژیاندیەوە بە سیفەتێکی جیای سیاسی. بە هەقیقەت، لەو کاتەی کە زاراوەی حوکمی ڕەها داتاشرا لە سەدەی نۆزدە، خودی دیاردەکە لە ناو چوو. خاسیەتی نەخوازراوی حوکمی ڕەها ئەوەیە کە ئێستا وەک پاڵتۆیەک بە سەر ڕووی ستەمکاری و حکوومەتی هەڕەمەکی بەدی دەکرێت. هزری سیاسی مۆدێرن، پەیوەستە بە چەند ئایدیایەکی وەک مافەکانی تاک و بەرپرسیاریەتی دیموکراسی، هەوڵێکی فراوانە بۆ پاراستنی دژی مەترسییەکانی حوکمی ڕەها.



## فەیلەسووفە سەرەکییەکان

### جین بۆدین (١٥٣٠-٩٦)

فەیلەسووفێکی سیاسی فەڕەنسییە. بۆدین یەکێک بوو لە هەرە گرینگترین تیۆریستی سەروەری، کە وەک "هێزی ڕەها و بەردەوامی کۆمۆنوێلس" پێناسەی کرد. بە بۆچوونی ئەو، تاکە گرێنتی سیاسی و سەقامگیری کۆمەڵایەتی بریتییە لە وجوودی سەروەرییەک لەگەڵ دوا هێزی یاسا دەرکردن، لەو سۆنگەوەش، یاسا ڕەنگدانەوەی ویستی سەروەرە. هەرچەندە سەروەر لە سەرووی یاسایە، لەوەشیاندا، ناتوانێت بەند بێت بە دەربڕینی ویستەکەی. بۆدین درکی کردووە بەو سنوورەی بە هۆی یاسای سروشتییەوە سەپێنراوە بۆ ئەوەی هێزی هەڕەمەکی بگەیەنێت. گرینگترین کاری بۆدین ئەمەیە: شەش کتێبی کۆمۆنوێڵ (١٥٧٦).

### تۆماس هۆبز

هۆبز شاگردی بۆدینە لە ڕووی ئەو فیکرەی کە پاراستنی سیستەم ئامانجی سەرەکی سیاسەتە، هەروەها لە ڕووی پەسنکردنی ئەوەی کە ئەمە بەدەست دەهێنرێت تەنیا بە هۆی دامەزراندنی سەروەرییەکی ڕەها. بەڵام، تێڕامانە ئەقڵانییەکەی لەمەڕ حوکمی ڕەها پێشکەوت لە فۆرمی تیۆری گرێبەندی کۆمەڵایەتی، پشت ڕاست نییە بە بیرۆکەی تەقلیدی یاسای سروشتی، هەروەها ڕێگەی بە کردارە سەروەرییەکاندا هەڕەمەکی و ڕەها بن.

### جۆزێف دو مێستە (١٧٥٣-١٨٢١)

هزرمەند و ئەریستۆکراتێکی فەڕەنسییە. مێستە یەکێک بوو لە ڕەخنەگرە توندەڕەوەکان لە سەر شۆڕشی فەڕەنسی و پشتیوانی پاشایەتی پشتاوپشتە. فەلسەفە سیاسییەکەی پشتڕاستە بە ئارەزوو و پابەند بوونی تەواو بە "سەرۆک". مێستە پێی وابوو کە کۆمەڵگە ئۆرگانییە، هەروەها کۆمەڵگە ناسکە و دەڕووخێت گەر هەمووی پێکەوە گرێ نەدرێت بە هۆی بنەما دوانەییەکەی (العرش والمذبح). بە بۆچوونی ئەو، پاشایەتی لە سەر زەوی دواجار دەچنە ژێر باڵی هێزی باڵای ڕوحانی پاپا. شاکارە سیاسییەکانی ئەمانەن: Considerations sur la France (1796)، Due pape (1817).

# سازانی سروشتی

Natural Harmony

تێگەیشتنێکی زۆر جیاواز لە سەر سیستەم لە نووسینەکانی سۆشیالیستەکان و فەوزەوییەکاندا (anarchists) بەدی دەکرێت. فەوزەوییەکان پاڵپشتی هەڵوەشانەوەی دەوڵەت و هەموو فۆرمەکانی دەسەڵاتی سیاسی دەکەن، بێ گومان، بە پێکهاتەی یاسا و سیستەمیشەوە. سۆشیالیستە مارکسییەکان پشتگیری ئەم دیدە یوتۆپیاییە دەکەن. مارکس خۆی پێی وابوو کە دەوڵەت، بە یاسا و فۆرمەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتییەوە، وردە وردە وشک دەبێت هەر کاتێک نایەکسانی کۆمەڵایەتی نەمێنێت. سۆشیالیستە پەرلەمانتارییەکان و لیبراڵە مۆدێرنەکان پێشنیازی زۆر تازەتریان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەخنە لەو باوەڕە دەگرن کە سیستەم دەتوانرێت تەنیا لە ڕێگەی یاسای سنووردار و سزای توندەوە دەپارێزرێت. هەرچەندە ئەم بۆچوونانە ڕەخنەن لە بیرۆکەی نەریتی "یاسا و سیستەم"، کەچی بە تەواوی خودی سیستەم ڕەت ناکەنەوە. بگرە پشت ڕاستن بە باوەڕێکی بەدیل کە سیستەمی کۆمەڵایەتی دەتوانێت فۆرمی سازانێکی تلقائی وەرگرێت، تەنیا بە هۆی هەستی باشی سروشتی خودی تاکەکان ڕێک بخرێت.

ئەم چەمکی سیستەمە پشت دەبەستێت بەو لێکدانەوەیەی کە نەبوونی سیستەم لە نێو خودی تاک ڕەگی دانەکوتاوە بگرە لە نێو پێکهاتەی کۆمەڵگەدا ڕەگی داکوتاوە. مرۆڤ بە سیفەتی گەندەڵییەوە لە دایک نەبووە، کە هەمیشە بە "تاوانی بنەڕەتی" سەرکۆنە دەکرێن، بگرە مرۆڤ بە هۆی کۆمەڵگەوە گەندەڵ دەبێت. وەسفی ئەم وێنەیە کراوە لە وتە بەناوبانگەکەی ڕۆسۆ کە لە کاتی کردنەوەی گرێبەندی کۆمەڵایەتی لە ساڵانی ١٧٦٢ و ١٩٦٩ پێشکەش کراوە و دەڵێت "مرۆڤ بە ئازادی لە دایک بووە، بەڵام لە هەموو شوێنێک بە زنجیر بەستراوەتەوە". ئەمە بنەڕەتیترین لێکدانەوەی هزری سیاسی یوتۆپیاییە. کۆمەڵگە بە چەندین ڕێگە دەتوانێت تاکەکان گەندەڵ بکات. سۆشیالیستەکان و لیبراڵەکان ئاماژە بە لینکێک دەکەن لە نێوان تاوان و بێ بەشبوونی کۆمەڵایەتی و دەڵێن "ئەو یاسایانەی کە موڵک دەپارێزێت دەشکێنرێن بۆ



ئەوەی هەژاری و نایەکسانی کۆمەڵایەتی هەر بەردەوام بێت". ئەم بۆچوونەش پێشنیازی ئەوە دەکات کە سیستەم بە باشترین شێوە دەکرێ پێش بخرێت نەک بە هۆی ترس لە سزادان بگرە لە ڕێگەی بەرنامەیەک بۆ چاکسازی کۆمەڵایەتی. بۆ نموونەیە، ئەو بەرنامەیە بتوانێت پرسی نیشتەجێ بوون و ئاستەنگەکانی شارستانییەت و بێکاری و تا دوایی چارەسەر بکات. مارکسییەکان و فەوزەوییە کلاسیکەکان ئەم مشتومڕەیان دوورتر بردووە و بانگەشەی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی دەکەن. بە بۆچوونی ئەوان، تاوان و نەبوونی سیستەم و ناڕێکی ڕەگیان داکوتاوە لە نێو دامەزراوەکانی موڵکی تایبەت و نایەکسانی ئابووری.

سەرەڕای ئەوەش، سۆشیالیستەکان پێشنیازی ئەوەیان کردووە کە ڕەفتاری خۆویست و ئیقتینائی زۆر جار دەخرێتە ئەستۆی نەبوونی سیستەمی کۆمەڵایەتی، بەڵام لە واقیعدا ئەمە لە ئەستۆی خودی کۆمەڵگەدایە. سەرمایەداری پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت بۆ ئەوەی تەنیا بەرژەوەندی خۆی بوێت و هەمیشە لە پێشبڕکێی ئەوانی تردا بێت، هەروەها پاداشتیان دەکات بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە پێش هەموو کەسێکەوە دابنێن. کەواتە، سۆشیالیستەکان مشتومڕی ئەوەیانە کە سیستەم دەتوانرێت بە ئاسانی بپارێزرێت و وجوودی هەبێت لە نێو کۆمەڵگەیەک کە ڕەفتاری هەرەوەزی و هاوکاری کۆمەڵایەتی هان بدات و پاداشت بکات، کۆمەڵگەیەک کە پشت ببەستێت بە بنەمای دەستە جەمعی نەوەک خۆپەرستی. فەوزەوییەکان، بە لای خۆیانەوە، پەنجە بۆ سەر خودی یاسا دەبەن، یاسا تۆمەتبار دەکەن بە هۆکاری سەرەکی تاوان و ناسەقامگیری. فەوزەوی ڕووسی پیتەر کرۆپۆتکین لە کتێبەکەی بە ناوی "یاسا و دەسەڵات،١٨٨٦ و ١٩٧٧" دەڵێت " بێکاری و یاسا و دەسەڵات ئاگری تاوان خۆشتر دەکەن". بە ڕای فەوزەوییەکان، یاسا هەر تەنیا ئالیەتێک نییە بۆ پاراستنی موڵک لە بەرامبەری ئەوانەی کە موڵکیان نییە بگرە بریتییە لە فۆرمی، هەروەک تۆلستۆی ئاماژەی بۆ کردووە "توندوتیژییەکی ڕێکخراو و بەرنامە بۆ داڕێژراو". یاسا بریتییە لە پیادەکردنی هێز بە سەر ئەوانی ترەوە بە ئاشکرا: هەموو یاساکان چەوسێنەرن. هەر لە بەر هەندێش یاسا دەتوانرێت بپارێزرێت تەنیا لە ڕێگەی سیستەمێکی سزادان و زۆری لێکردن. بە بۆچوونی تۆلستۆی "یاسا

دەپارێزرێت بە هۆی بێ بەش بوون لە ئازادی و بە هۆی کـــوشـتن". ڕێگەچارە بۆ گرفتی نەبوونی سیستەمی کۆمەڵایەتی زۆر سادەیە: هەڵوەشاندنەوەی هەموو یاساکان و ڕێگە بە خەڵک بدرێت بە ئازادی کار بکەن.

ئەم جۆرە باوەڕانە ڕیشەی دەچێتەوە نێو ئەو لێکدانەوانەی کە لە بارەی ڕەفتاری مرۆڤەوە کراون. کە ئەسڵەن پێویستییان بە دیسپلین و کۆنترۆڵکردن نییە، وا دەزانرا خەڵک دەتوانن پێکەوە بە ئاشتی و سازانێکی سروشتی بژین. بۆیە سیستەم شتێکی سروشتییە بەو مانایەی کە سەر هەڵدەدات لە ئەنجامی کردارەکانی تاکە ئازادەکان. باوەڕ بوون بە "سیستەمی سروشتی" دەوەستێتە سەر یەک دوو تیۆری سروشتی مرۆڤ. یەکەم، مرۆڤ وەک بوونەوەری ئەقڵانی وەسف کراون، دەتوانن ناکۆکییەکانی نێوان خۆیان لە ڕێگەی گفتوگۆ و دانووسان و ڕێگەی مام ناوەند چارەسەر بکەن نەک بە هۆی توندوتیژی. بۆ نموونە، ئەمە باوەڕە قووڵەکەی بوو بە ئەقڵ کە پاڵی بە ج. س. میل وەنا بۆ پاڵپشتکردنی ئەوەی کە یاسا دەبێ لەو چوارچێوەیە بەدی بکرێت کە ئەرکی تەنیا نەهێڵانی ئەوەیە کە مرۆڤ یەکتری ئازار نەدەن. هزرمەندە فەوزەوییەکانی وەک ویلیەم گۆدوین دوورتر و قووڵتر بووەتەوە. ڕادەگەیەنێت کە "ئەقڵ و ڕاستی" لە هەموو بارودۆخێکدا ناهێڵن ململانێ ببێتە هۆی ڕووخانی سیستەم و نانەوەی ئاژاوە. تیۆری بەدیلی سروشتی مرۆڤ ئەو باوەڕە سۆشیالیستەیە کە خەڵک سروشتی ڕوحێکی کۆمەڵایەتی و هاوکاریان تیادا هەیە. هیچ زاڵبوونێکی کولتووری یاخۆ ئەخلاقێکی نەریتی، هیچ فۆرمێکی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی پێویست ناکات بۆ مسۆگەر کردنی سیستەم و سەقامگیری. بگرە سیستەم و سەقامگیری بە شێوەیەکی سروشتی و لە ئەنجامی سۆز و هەستەوە پەیدا دەبێت. ئەو سیستەم و سەقامگیرییە دێتە کایەوە کاتێ هەرکەسەو لای خۆی خەمی ئەوەکەی تری بێت و بیر لە هاوکاری یەکتر بکەنەوە. بە کورتی، سازان و سیستەمی کۆمەڵایەتی مرۆڤایەتی گشتی ئێمە دەسەلمێنن.



## یوتۆپیانیزم

Utopianism

یوتۆپیا (لە وشەی یۆنانی utopia) واتە "هیچ شوێنێک"، یاخۆ (لە وشەی یۆنانی utopia)واتە "شوێنێکی باش". یوتۆپیا واتە کۆمەڵگەیەکی نموونەیی و کامل.
زاراوەکە لە لایەن مرۆڤناس و نووسەری ئینگلیزی تۆماس مۆر (١٤٧٨–١٥٣٥) داتاشراوە، هەروەها یەکەم جار لە کتێبەکەی بە ناوی (یوتۆپیا، ١٥١٦)دا بەکارهێنراوە. مەبەستی کاری (مۆر) وەسفکردنی کۆمەڵگەیەکی کاملە کە گوایە لە سەر دوورگەی باشووری زەریای هێمن دروست بێت، بەڵام، لێدوانچییەکان کۆک نین لە سەر ئەوەی ئایا مەبەستی مۆر پاڵپشتکردن یان هەجوو satire بووە.

یوتۆپیانیزم بریتییە لە ستایلێکی تیۆری کۆمەڵایەتی کە برەو بە ڕەخنەی وجوودی سیستەم دەدات لە ڕێگەی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی میسالی و کامل. بەم جۆرە، عادەتەن سێ خاسیەت دەخاتە ڕوو. یەکەم: بارودۆخی نالەبار ڕەت دەکاتەوە بە شێوەیەکی ڕیشەیی و ڕادیکاڵی، گۆڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەخاتە ڕوو. دووەم: هزری یوتۆپیایی جەخت دەکاتە سەر هێزی مرۆڤ بۆ پێشخستنی خۆی، یان ئەوەتا پشت دەبەستێت بە لێکدانەوەی گەشبین دەربارەی سروشتی مرۆڤ یانیش ئەوەتا لێکدانەوەی گەشبین سەبارەت بە توانای دامەزراوە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان. سێیەم: یوتۆپیانیزم سنووری دابەشبوونی گشتی و تایبەتی دەبەزێنێت، لەمەشیاندا، پێشنیازی ئەگەری تەواوبوونی یان نزیک تەواوبوونی ئەرکی شەخسی دەکات. بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیە بەدیلەکە ببێتە کۆمەڵگەیەکی میسالی، ئەوا یوتۆپیانیزم دەبێ باسی ڕزگاریخوازی بکات لە دیدێکی شەخسی و هەروەها لە دیدێکی گشتی و سیاسیدا.

بەڵام، یوتۆپیانیزم فەلسەفەیەکی سیاسی نییە و نەریتێکی ئایدیۆلۆژیش نییە. یوتۆپیا بەرجەستەکان لە یەکتر جیاوازن، هەروەها هزرمەندە یوتۆپیاییەکان هەوڵی تێگەیشتنێکی گشتییان نەداوە بۆ ژیانێکی باش. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆربەی یوتۆپیاییەکان بە هەڵوەشانەوەی ویستن ناسراون، بە نەبوونی ململانێ و نەهێشتنی توندوتیژی و چەوساندنەوە و ستەمکاری ناسراون. سۆشیالیزم بە گشتی و فەوزەوییەت و مارکسیزم بە تایبەتی، هەڵوێستێکی دیاریان هەیە لە سەر یوتۆپیانیزم، باوەڕەکەیان ڕەنگدانەوەی هێزی مرۆڤە کە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی هەبێت و هاوکاری یەکتر بکەن. لە ئەنجامدا، یوتۆپیا سۆشیالیستەکان بە شێوەیەکی گشتی داوای دابەشکردنی موڵک دەکەن بە یەکسانی و نەهێشتنی

دەسەڵاتی سیاسی دەکەن. فێمنیزم و ئیکۆلۆگیزم چوونەتە نێو تیۆرە یوتۆپیاییەکان. توانای لیبرالیزمیش لە سەر تیۆرە یوتۆپیاییەکان سنووردارە بە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ تەنیا بەرژەوەندی خۆی دەوێت و حەزی لە ململانێیە. بەڵام، باوەڕێکی توند لە نێو بازاڕی ئازادی سەرمایەداریدا بە فۆرمێکی بازاڕی یوتۆپیانیزم ناوزەند دەکرێت. یوتۆپیاکانی تر پشت ڕاستن بە باوەڕی کاریگەر و بێ زەڕی حکوومەت و دەسەڵاتی سیاسی. ڕەخنە لە سەر هزری یوتۆپیایی دەبێتە دوو بەش. یەکەم، (لە ڕووی زاراوەی یوتۆپیا کە لە زمانی ڕۆژانەدا بەکاردەهێنرێت) دەڵێت کە یوتۆپیانیزم بیرۆکەیەکی خەیاڵییە، باوەڕێکە واقیعی نییە و بە هیچ شێوەیەک ئەم خەونە نابێتە ڕاستی. بۆ نموونە، مارکس ناڕەزایی دەربڕی لە سەر "سۆشیالیزمی یوتۆپیایی" لە سەر بنچینەی ئەوەی کە پەرە بە دیدی ئەخلاقی دەدات کە بە هیچ شێوەیەک لە نێو واقیعی کۆمەڵایەتی و مێژوویی جێگای نابێتەوە. بە پێچەوانەوە، "سۆشیالیزمی زانستی" هەوڵی شیکردنەوەی ئەوەی دا کە چۆن و بۆچی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیست پەیدا دەبێت. (سیفەتی یوتۆپیای مارکسیزم لە سروشتی دوا ئامانجەکەیدا ڕوون و ئاشکرایە، ئەویش: دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی بێ چینایەتی و کۆمەنیست). دووەم پۆلی ڕەخنەکان ئەوە دەخەنە ڕوو کە یوتۆپیانیزم بە شێوەیەکی شاراوە تۆتالیتارییانە، لەمەشیاندا، پەرە بە کۆمەڵێک بەها دەدات کە هیچ گفتوگۆی لە سەر ناکات، بۆیە دەمەتەقێ و گفتوگۆی ئازاد و فرە لایەنی پەسن ناکات. هێز و تۆکمەیی یوتۆپیانیزم ئەوەیە کە وا لە تیۆری سیاسی دەکات لەو دیو کاتی ئێستادا بیر بکاتەوە و بەرەنگاری "سنووری ئەگەرەکان" ببێتەوە. دامەزراندنی یوتۆپیای کۆنکریت ڕێگایەکە بۆ پەردە داماڵین لە سەر گەشە و پێشکەوتن بە پێی بوونی بارودۆخەکان. بە بێ تێڕوانینێک لە سەر ئەوەی کە چی ڕوو دەدات، ڕەنگە تیۆری سیاسی لە نێو خۆیدا بە سەریەکدا بڕووخێت، هەروەها گرینگییەکەی خۆی لە دەست بدات.

## فەیلەسووفە سەرەکییەکان

### ڕۆبێرت ئۆون (١٧٧١-١٨٥٨)

سۆشیالیستێکی بەریتانییە. پسپۆرە لە بواری تاکە کەسی و پێشەنگی بزووتنەوەی هەرەوەزییە. بیرکردنەوەی ئۆون پشت ڕاست بوو بەو باوەڕەی کە سیفەتی مرۆڤ بە هۆی ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە دروست دەبێت، هەر بۆیەش دووپاتی کردەوە کە پێشکەوتن پێویستی بە دروستکردنی "کۆمەڵگەیەکە لە سەر



بنچینەی سیستەمی ئەقڵانی". ئۆون زۆر تایبەتییانە دژی ئاین بوو، دژی زەواجی تەقلیدی و موڵکی تایبەت بوو. ئۆون پاڵپشتی بیرۆکەی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی هەرەوەزی دەکرد کە تیایدا موڵک بە شێوەیەکی یەکسان بۆ هەمووان بێت و کاڵا پێویستییەکانیش بە ئازادی دابەش بکرێت بە سەر هەمووواندا. شاکارەکەی ئۆون ئەمەیە: تێڕوانینێکی نوێی کۆمەڵگە (١٨١٦).

### پیەر جۆزف پڕوادهۆن (١٨٠٩-٦٥)

فەوزا ناسێکی فەڕەنسییە. پڕاودهۆن هێرشی کردە سەر مافەکانی موڵکی نەریتی و کۆمیونیزم. لە بری ئەمانە باسی هاوبەش بوونی دەکرد، باسی سیستەمێکی هەرەوەزی بەرهەم هێنەری دەکرد کە تەنیا خزمەت بە پێداویستییەکانی هاوڵاتی بکات نەک هەر بۆ سوود وەرگرتنی شەخسی، هەروەها لە نێو کۆمەڵگەیەکی خۆحوکمکەر دامەزرێت. وتە بەناوبانگەکەی ئەمەیە "موڵک واتە دزی"، کەڵەکە بوونی سامانی بە سەر یەکەوە ڕەت کردەوە بەڵام پەسنی موڵکێکی بچووکی کرد لە چوارچێوەی خاوەنیەتی، وەک سەرچاوەیەکی گرینگ بۆ سەربەخۆیی و پێداویستییەکی سادە. کارە سەرەکییەکانی پڕاودهۆن ئەمانەن: موڵک چییە؟ (١٨٤٠)، فەلسەفەی هەژاری (هێرشێک بۆ سەر مارکس)(١٨٤٦)، ئایدیای شۆڕش لە سەدەی نۆزدەدا (١٨٥١) و بنەمای فیدڕاڵ (١٨٦٣).

### پیتەر کرۆپۆتکین (١٨٤٢-١٩٢١)

جوگرافی ناس و فەوزا ناسێکی ڕووسییە. کارەکانی پشت ڕاست بوون بە لایەنی زانستی و پشت ئەستوور بوو بە تیۆری گەشە سەندن کە بەدیلێکی بۆ تیۆرەکەی داروین دانا. بە هۆی تێڕوانینی "هاوکاری هاوبەش" وەک ئالیەتێکی گرینگ بۆ پێشکەوتنی مرۆڤ و ئاژەڵ، کرۆپۆتکین ڕایگەیاند کە بنەمایەکی ئەزموونی دابین دەکات بۆ فەوزاوییەت و کۆمیونیزم. چاوی بڕیبووە دروستکردنی کۆمەڵگەیەک خۆی خۆی حوکم بکات و ژیان تیایدا بە هۆی ئازادی و چاودێری برایەتییەوە بەڕێوە بچێت. باشترین کارەکانی ئەمانەن: هاوکاری هاوبەش (١٨٩)، کێڵگە و کارگە و دوکانەکان (١٩٠١) و داگیر کردنی نان (١٩٠٦).

### پاوڵ گودمان (١٩١١-٧٢)

نووسەر و ڕەخنەگرێکی کۆمەڵایەتی ئەمریکییە. ئایدیا فەوزەوی و دژە دەسەڵاتگەری گودمان کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبوو لە سەر چەپە نوێییەکانی

سالانی شەستەکان. بەشێک لە بایەخەکەی بە گەشەی شەخسی و دەوڵەمەندی ڕەنگی دایەوە لە بایەخپێدانی بە (therapy Gestalt). ئەمە وای لێ کرد پاڵپشتی لقێکی کۆمیونیتاریانی فەوزەوی و پەروەردەی پێشکەوتوو و هێمنایەتی و ئازادی سێکسی و ئەخلاقی بکات، هەروەها پاڵپشتی بووژاندنەوەی کۆمەڵگەکان بۆ ڕێگە خۆشکردن بۆ ئۆتۆنۆمی مەحەلی و کارلێکی ڕووبەڕوو بکات. کارە سەرەکییەکانی ئەمـــــــانەن: (growing up absurd1960 و (1960) communitas و وتارە یوتۆپیاییەکان و پرۆپۆزەلە کردەییەکان (١٩٦٢).

## سەلماندنی سزا

گفتوگۆکان دەربارەی سیستەم پرسی سزادان قووت دەکەنەوە. بۆ نموونە، ئەو سیاسەتمەدارانەی کە زۆرجار دەستەواژەی "یاسا و سیستەم" بەکاردەهێنن، مەبەستیان سزایەکی توندە. بە هەمان شێوە، کاتێ سیاسەتمەدارەکان بە "توند" وەسف دەکرێن لە سەر یاسا و سیستەم، ئەمە مانای ئەوەیە کە پاڵپشتی سزای سەرەکی دەکەن، ئامانجیان حوکمی زیاتر و ڕێژیمی توندی بەندیخانە و تا دواییە. بەڵام، زۆرجار، پاڵپشتی سزادان دەکرێت بە بێ ئەوەی بیر لە مەبەستەکەی یان ئامانجەکەی بکرێتەوە. تەنیا سزایەکی کوێرانە دەسەپێنرێت.

"سزا" بریتییە لەو سزایەی کە بە سەر کەسێکدا دەدرێت کە تاوانێکی کردبێت یانیش ئازاری یەکێکی دابێت. بە پێچەوانەی تۆڵە، کە هەڕەمەکی و دانەبەرێیە، سزا کارێکی فەرمییە بەو مانایەی کە هەر جۆرێکی ئازار یان تاوان جۆرە سزایەکی خۆی هەیە. وێڕای ئەمەش، سزادان سیفەتێکی ئەخلاقی هەیە کە ئەو سیفەتە جیای دەکاتەوە لە کاری تۆقاندن و لێدان لە هیچ و خۆڕایی. ئامانج لە سزادان هەوەسی ئازاردان و نارەحەتی و سەرکۆنە کردن نییە، بگرە بۆ ئەو کەسەیە کە کارێکی خراپی کردووە، دەبێ بای هەندێ ناخۆشی ببینێت، بۆیە زۆرجار سزای مردن قەدەغە دەکرێت. بەڵام، گەر سزادان سیفەتێکی ئەخلاقی هەبێت ئەوا دەبێ بە ڕێگەی ئەخلاقی بسەلمێنرێت. سێ جۆرە سەلماندن پێشنیاز کراوە لە سەر بنچینەی چەند ئایدیەکی وەک تۆڵە و قەدەغەکردن و چاکردنەوەی سیفەتی تاوانبار. هەریەک لەمانە لە سەر بنەمای زۆر جیاوازی فەلسەفی داڕێژراون، هەریەکەیان بە جیا لە خزمەتی



فۆرمەکانی سزادانن. لە هاودژیەکەی نێوانیان ڕا دیارە کە لە کردەدا دەتوانرێت فەلسەفەیەکی سزادان پێش بخرێت کە لە دوو یان زیاتریان پێک هاتبێت.

لە چەندین ڕێگەوە، کۆنترین سەلماندن بۆ سزادان دەوەستێتە سەر ئایدیای تۆڵە سەندنەوە (retribution). تۆڵە سەندنەوە واتە تۆڵە لە تاوانبارێک بکرێتەوە. ڕیشەی ئەم بیرۆکەیەش دەگەڕێتەوە سەر بیرۆکە ئاینییەکەی لە مەڕ گوناه، باوەڕەکە ئەوەیە کە ڕەچاوی جۆری "خراپە" دەکرێت بە پێی هەر کردارێک و هەر بیرکردنەوەیەک. لەم حاڵەتەدا، سزادان بۆ تاوانبارێک حوکمێکی ئەخلاقییە، بە شێوەیەکی دروست "باشە" لە "خراپە" جیا دەکاتەوە. تاوانباران شایەنی سزادانن، هەروەها سزادانیش کارێکی یەکسان و شایەنە بۆ ئەوان. سەرەڕای ئەوەش، هەوڵە مۆدێرنەکان بۆ تیشک خستنە سەر تۆڵە سەندنەوە زۆرجار ئەوە دەخەنە ڕوو کە سوودەکانی تۆڵە سەندنەوە بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵگە دەری دەبڕێت. سزادانی تاوانبارێک هەر مانای ئەوە نییە کە ئەو تاوانبارە شایەنی ئەوەیە بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بگرە دەربڕینی هەستی تووڕەیی کۆمەڵگەیە بەرامبەر تاوانەکەی. بە ئەنجامدانی ئەم کارەش، سزادان دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پێکهاتەی ئەخلاقی کۆمەڵگە بە هۆی جیاکردنەوەی ڕاست لە چەوت.

تیۆری تۆڵە سەندنەوە پێشنیازی هەندێ فۆرمی تایبەتی سزادان دەکات. ئەمەش بە تایبەتی لەبەرئەوەیە کە سزادان بریتییە لە تۆڵە سەندنەوە و دەبێ ڕێژەیی بێت بە پێی تاوانەکە. بە کورتی، "سزایەکە دەبێ گونجاو بێت بۆ تاوانەکە". بەناوبانگترین ڕا لە سەر ئەم بنەمایە لە نێو ئینجیلی کۆن بەدی دەکرێت کە دەڵێت " چاو بە چاو، ددان بە ددان". کەواتە تیۆری تۆڵە سەندنەوە زۆر بە ڕوونی ئەوە دەسەلمێنێت کە گەر تاوانبارێک یەکێک بکوژێت دەبێ سزای مردنی بۆ دەربچێت. یەکێک کە لە هیچ و خۆڕایی ژیانی یەکێکی تر بە کۆتا دێنێت، سزا عادیلانەکەی کۆتایی هێنان بە ژیانی تاوانبارەکەیە. بە هەقیقەت تۆڵە سەندنەوە پێشنیازی ئەوە دەکات کە کۆمەڵگە مافێکی ئەخلاقی هەیە بۆ کوشتنی بکوژێک، هەوڵێک بۆ ئەوەی ماف بە کۆمەڵگە ببەخشرێت ڕقی خۆی بەرامبەر تاوانەکە دەربڕێت. بەڵام، ئەم جۆرە بنەمایانە پشت دەبەستن بە چوارچێوەیەکی مکومی ئەخلاقی کە لە نێویدا "ڕاست" بە ڕوونی جیا

دەکرێتەوە لە "چەوت". کەواتە، تیۆری تۆڵە سەندنەوە زۆر گرینگە لەو کۆمەڵگەیانەی کە بنەما ئەخلاقییە نەریتییەکان پشت ڕاستن بە باوەڕی ئاینی، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت زۆر ڕێزی لێ دەگیرێت، بەڵام لە کۆمەڵگە عەلمانی و فرەییەکانی ڕۆژئاوای پیشەسازی عەمەلی نییە. وێڕای ئەمەش، بۆ ئەوەی بەرپرسیاریەتی تاوانبار بە تەواوی دیاری بکەین لە نێو تاکی مرۆڤدا، بە هەقیقەت لە دیاردەی "خراپەی شەخسی"، تیۆری تۆڵە سەندنەوە ناتوانێت بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی و کاریگەرییە دەرەکییەکانی تر بگرێتە سەر ئەستۆی تاک، هەربۆیەشە ناتوانێت لە ئاڵۆزی تاوان لە جیهانی مۆدێرن بگات.

دووەم تیۆری سەرەکی سزادان بریتییە لە تیۆری قەدەغە کردن deterrence theory. ئەمەیان کەمتر پابەندە بە سزادان وەک پاداشتێکی عادیلانە بۆ تاوانباران تا بەکارهێنانی سزادان بۆ دروستکردنی ڕەفتاری داهاتووی ئەوانی تر. هەروەکو جێریمی بێنسام دەڵێت " قەدەغەکردنی گشتی پێویستە ببێتە کۆتاییەکی سەرەکی سزادان چونکە ئەم قەدەغەکردنە سەلماندنی سزادانە". کەواتە سزادان ئالیەتێکە بۆ قەدەغەکردنی خەڵک لە تاوان و ڕەفتاری دژە کۆمەڵایەتی بە هۆی هەشیارکردنەوەیان لە ئاکامەکانی کردەوەکانیان. کەواتە ترسان لە سزا کلیلە بۆ سیستەم و سەقامگیری کۆمەڵایەتی. لە کاتێکدا تۆڵە سەندنەوە پشت دەبەستێت بە بنەمای ئەخلاقی ڕوون و جێگیر، قەدەغەکردن ڕەنگە بە فۆرمێکی ئەندازەی کۆمەڵایەتی دابنرێت. بە واتایەکی دیکە، ڕەنگە تاوان دەربڕینێکی خراپەی شەخسی نەبێت کە شایەنی سزادانە، بریتییە لە ڕەفتارێکی دژە کۆمەڵایەتی کە هان نەدانی و قەدەغەکردنی کارێکی هەستیارە.

بە پێچەوانەی تیۆری تۆڵەسەندنەوە، تیۆری قەدەغەکردن ئاماژە بە فۆرمی تایبەتی سزادان ناکات. لە کردەدا، قەدەغەکردن پێشنیازی ئەوە دەکات ئەو سزایەی کە هەڵدەبژێردرێت دەبێ توانای هەبێت بۆ قەدەغەکردنی تاوانبارەکانی تر لە ئەنجامدانی تاوان. لە بەر هەندێ، تیۆری قەدەغەکردن ڕەنگە بتوانێت سزای توندتر و سنووردارتر بسەلمێنێت کە تۆڵە سەندنەوە هەر بە لاشیاندا نەچێت. سزادانی تاوانبارێک واتە نیشاندانی نموونەیەک بۆ ئەوانی تر، هەرچەندە ئەو نموونەیە



کاریگەر و ترسناک بێت ئەوەندە کاریگەری بەهای قەدەغەکردنی تاوان زیاتر دەبێت. بۆ نموونە، سزای دەست بڕین بۆ دزێک، هەروەکو لە یاسای شەریعەتی ئیسلامیدا هاتووە، بە هیوای چاوترساندن و قەدەغەکردنی کاری دزی لە داهاتوودا. توندی سزای سەپێنراو بە سەر تاک دەبێ هاوسەنگ بێت دژی سوودی قەدەغەکردنی هەمان تاوان کە لە داهاتوودا ڕوودەدات. بەڵام، گرفتەکە ئەوەیە کە ئایدیای قەدەغەکردن مەترسی ئەوەی هەیە کە کەسی تاوانبار بە دەر بێت لەو تاوانەی کە بە سەریدا سەپێنراوە، ئەمە وای لێ بکات ببێتە سەرەتایەک بۆ تاوان لە داهاتوو. بە هەقیقەت، تیۆری قەدەغەکردن هیچ سنوورێک ناهێڵێتەوە بۆ ئەو فۆرمەی سزادانە کە ڕەنگە جێبەجێ بکرێت، تەنانەت بۆ ناشایستەترین ئازاریش.

ئاستەنگی گەورەتر ئەوەیە کە قەدەغەکردن دەوەستێتە سەر ئەو لێکدانەوەیەی کە تاوانباران بە شێوەیەکی ئەقڵانی کار دەکەن، بە لایەنی کەم کاتێ ئەنجامی کردەوەکانیان زۆر زیاتر دەکەن. گەر ئەوەش کەیسەکە نەبێت ئەوا تیۆری قەدەغە کردن دەڕووخێت. بۆ نموونە، هۆیەک هەیە بەوە باوەڕ بکەین کە گەلێ بکوژ لە ڕێگەی هەڕەشە و ترسی سزادانەوە لە ئەنجامدانی تاوان ناوەستن، تەنانەت لە ڕێگەی سزای گەورەش. ئەمە لە بەرئەوەی کە کوشتن هەمیشە پرسێکی ناوخۆیە، بەو مانایەی کە لە نێو خێزاندا ڕوودەدات، هەمیشە ئەوانەی کە ئەنجامی دەدەن لە ژێر پاڵەپەستۆی بارودۆخێکی نالەباری دەروونی و سۆزداریدان. لەم بارودۆخانەشدا، لایەنی بەرپرس ناتوانن بگەن بە حوکمێکی هاوسەنگ، هەرچەندە دەرفەتیان کەمترە لە ئاکامی کردەوەکانیان بکۆڵنەوە. گەر ئەو جۆرە کەسانە بە شێوەیەکی ئەقڵانی و ڕێک کار بکەن، ئەوا تاوانەکانی سۆز وەک ئەمانە هەرگیز ڕوونادات.

دوا سەلماندنی سزادان پشتڕاستە بە ئایدیای چاکسازی یانیش گێڕانەوەی بۆ ڕەفتاری ئاسایی. ئەم تیۆرە بەرپرسیاریەتی کاری خراپ لە ئەستۆی تاک لا دەبات و دەیخاتە ئەستۆی کۆمەڵگە. بە پێی ئەم تیۆرە: نابێ تاوانبار بە کەسێکی خراپ لە ڕووی ئەخلاقەوە دابنرێت، یاخۆ بکرێتە نموونەیەکی خراپە، بگرە دەبێ یارمەتی بدرێت و هاوکاری بکرێت، بە هەقیقەت، پەروەردەش بکرێت. ئەم جۆرە ئایدیایە بە توندی هاودژە لەگەڵ تیۆری تۆڵە سەندنەوە چونکە دەوەستێتە سەر تێگەیشتنی

گەشبینانەی سروشتی مرۆڤ کە هیچ شوێنێک ناهێڵێتەوە بۆ "خراپەی شەخسی". گێرەشێوێنی و تێکدان و تاوان ژێرکەوتنی کۆمەڵگە دەسەلمێنن و هیچ پێوەندییان بە خەوشەکانی تاکەوە نییە. لە واقیعدا، تاوان و نەبوونی سیستەم و ئاژاوە لە لایەن گرفتەکانی کۆمەڵگەوە لە دایک دەبن وەک بێکاری و هەژاری و تەنگژەی نیشتەجێ بوون و نایەکسانی.

چاککردنەوە پێشنیازی چەند فۆرمێکی جیاوازی سزادان دەکات، کە بە تەواوی جیان لە فۆرمەکانی تیۆری تۆڵە سەندنەوە و قەدەغەکردن. لە ڕاستیدا، گەر ئامانجەکە چاککردنەوەی تاوانبارەکە بێت، ئەوا سزادان لە وێنە میللییەکە دەردەچێت وەک سزای بە ئازار و بێ بەشکردن و تەنانەت جاڕس کردنیش. بێگومان، بە هیچ شێوەیەک و لە هیچ بارودۆخێکیشدا سزای گەورە لە نێو تیۆری چاککردنەوەدا بەدی ناکرێت و ناسەلمێنرێت. وێڕای ئەمەش، گەر مەبەستی سزادان پەروەردەکردن بێت نەک ئیفلیج کردن، ئەوا حوکمی بێ چاودێری باشترە بکرێتە حوکمێکی بە چاودێری. لە بەر بەرژەوەندی کۆمەڵگە باشترە بخرێتە نێو بەندیخانە، هەروەها ڕێژیمەکانی بەندیخانە دەبێ وا دروست بکرێن تیایدا شکۆمەندی و هەستی شانازی کەسی پێش بخرێت، هەروەها دەرفەت بە تاوانباران بدرێت فێرە بەهرە و کاری چاک ببن تاوەکو بتوانن بچنەوە نێو کۆمەڵگە دوای ئازاد بوونیان. شێوازێکی مۆدێرن و زۆر باشی تیۆری چاککردنەوە دەکرێ لە نێو بیرۆکەی دادوەریدا بەدی بکرێت. ئەمەش وا لە تاوانباران دەکات سەیری ناخ و سروشتی خۆیان بکەن و سەیری کاریگەری تاوانەکەیان بکەن بە هۆی ناچار کردنیان بۆ کاری باش و نەکردنی کاری خراپ و یاخۆ ببنە هۆی هۆکاری ئازاردانی ئەوانی تر، هەروەها چاویان بە قوربانیانی تاوانەکەیان بکەوێت.

بەڵام، یەکێک لە گرفتەکانی تیۆری چاککردنەوە ئەوەیە کە سەیری فۆرمی سزادان دەکات وەک ئەندازەیەکی شەخسی، دروست کراوە بۆ بەرهەمهێنانی خەڵکێکی باشتر لە ڕێگەی پرۆسەی دووبارە پەروەردە کردنەوە. بە ئەنجامدانی ئەم کارەش، هەوڵی کارتێکردنی خودی سروشتی مرۆڤ دەدات. سەرەڕای ئەمەش، لە ڕێگەی نەهێشتنی بیرۆکەی خراپەی شەخسی، تیۆرەکانی چاککردنەوە دەبنە هۆی



لێخۆشبوون لە تاک لە هەر جۆرە بەرپرسیاریەتییەک بێت. گەر بڵێین " ڕقت لە تاوان بێت و تاوانبارت خۆش بوێت"، ئەوا ئەمە مەترسی لۆمەکردنی کۆمەڵگەی لێ دەکەوێتەوە لە بەرامبەر هەموو فۆرمەکانی تاوان. ئەمەش دەبێتە هۆی شێواندنی شیکردنەوە و سەلماندن. بۆ نموونە، گومانێک هەیە کە مرۆڤ لە ژێر پاڵەپەستۆێکی بەهێزی کۆمەڵگەدا کار دەکات. مرۆڤ هەرچییەک بکات، کۆمەڵگە بەرپرسیارە. ئەو گومانە پێمان دەڵێت مرۆڤەکان شتێک زیاتر نین لە ڕۆبۆتەکان چونکە ناتوانن هیچ فۆرمێکی ویستی ئازاد پیادە بکەن. ئا لەم ناوەدا، ڕەنگە ئەم پرسیارە قووت ببێتەوە: ئاخۆ دەبێ کەی بڕیاری ئەوە بدرێت تاک وەک تاکێکی سەربەخۆ کار بکات، لە ڕووی ئەخلاقیشەوە بەرپرسیار بێت لە کردەوەکانی؟ ئەمە یەکێکە لە هەرە زەحمەترین پرسیارەکان نەک هەر تەنیا پەیوەست بە سزادان بگرە پەیوەست بە خودی تیۆری سیاسیش.

## دادوەری

Justice

بۆ ماوەی زیاتر لە دوو هەزار ساڵە، دادوەری گرینگییەکی ئێجگار زۆری هەبووە بۆ فەلسەفەی سیاسی. بەپێی تێپەڕبوونی سەدەکان، هزرمەندە سیاسییەکان کۆمەڵگەی باش بە کۆمەڵگەیەکی عادیلانە وەسف دەکەن. بەڵام، ناکۆکییەکی زۆر هەیە سەبارەت بەوەی دادوەری چی دەگەیەنێت. لە ڕاستیدا، لە زمانی ڕۆژانەدا، دادپەروەری بە شێوەیەکی ئاسایی بە مانای "یەکسانی" و "ڕاستی" بەکاردەهێنرێت، یاخۆ ئەوەتا بە شتێک دەوترێت کە ئەخلاقییەن ڕاست بێت. بێ گومان، دادوەری چەمکێکی ئەخلاقی یاخۆ پێوانەییە: واتە ئەو شتەی کە عادیلانە بێت، لە لایەنی ئەخلاقەوە شتێکی "باشە"، هەروەها کاتێک بە شتێک دەوترێت ناعادیلانە، واتە ئیدانەی ئەو شتە دەکرێت وەک شتێکی خراپ لە ڕووی ئەخلاقەوە. بەڵام دادوەری هەر مانای "ئەخلاق " ناگەیەنێت. بگرە جۆرێکی تایبەتی حوکمێکی ئەخلاقییە. بە کورتی، دادوەری واتە بەخشینی مافی هەموو کەسێک بە دروستی و بە یەکسانی. بەڵام، لەوەش زەحمەتتر بریتییە لە پێناسەی ئەو مافە، دەبێ ئەو مافانە چی بن. بۆیە دادوەری نموونەی چەمکێکە لە جەوهەردا قسە و باسی زۆر هەڵدەگرێت.

وێڕای ئەمەش، هەرچەندە دادوەری چەمکێکی دابەشییە (واتە دابەش دەکرێت)، ئەوەی کە کەمتر ڕوونە بە لای ئێمە ئەوەیە کە دادوەری هەوڵی دابەشکردنی چی دەدات. ئایا چەمکی دادوەری باس لە چ جۆرە پاداشت و سزایەک دەکات؟ دادوەری دەتوانێت خۆی ببەستێتەوە بە دابەشکردنی نزیکەی هەموو شتێک، وەک: سامان، داهات، ئاسوودەیی، ئازادی، هاوڕێیەتی، خۆشەویستی سێکسی و تا دوایی. دەتوانرێت چەمکی دادوەری جێبەجێ بێت لە سەر دابەشکردنی هەر شتێکی باش، بەڵام هیچ هۆیەک لە ئارادا نییە پێمان بڵێت بۆچی هەمان بنەمای دابەشکردن دەبێ لە هەر حاڵەتێکدا بە عادیلانە ناوببرێت. بۆ نموونە، ئەوانەی کە پاڵپشتی دابەشبوونی سامانی مادی دەکەن بە یەکسانی، ئەوا ڕەنگە ئایدیای دابەشکردنی خۆشەویستی سێکسی بە یەکسانی بە شتێکی پڕوپووچ بزانن، گەر ڕاشکاوانە بە کارێکی ناعادیلانەشی نەزانن. لەو دیدگایەوەش، دانانی بنەمایەکی دادپەروەری کە بۆ هەموو بوار و لایەنەکانی ژیان بشێت و جێبەجێ بێت، کارێکی مەحاڵە. هەروەکو والزەر باسی لێوە دەکات، ڕەنگە بنەمای جیا جیای دادوەری گونجاو بێت بۆ لایەنی جیا جیای ژیان. بۆ نموونە، لە سەدەی بیستەمدا، هەمیشە گفتوگۆ لە سەر دادپەوەری کراوە بە پێوەندی لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی گشتی، هەروەها پەیوەست بە دابەشکردنی پاداشتی مادی بە تایبەتی. ئەمەیە پێی دەوترێت "دادوەری کۆمەڵایەتی social justice، بە فراوانتر و وردتر لە بەشی دەیەم باسی لێوە دەکەین.

بەڵام لەم بەشەدا، باس لە دادوەری کراوە بە پێوەندی لەگەڵ یاسا دەکرێت لە ڕێگەی چەمکی "دادوەری یاسایی". دادوەری یاسایی بایەخ بەو ڕێگایە دەدات کە یاسا سزاییەکان بۆ تاوانەکان دابەش دەکات، یاخۆ قەرەبوو کردنەوە دابین دەکات لە حاڵەتی بریندار بوون یان زیان لێکەوتن. لەم حاڵەتەشدا دادوەری پێوەندی بە دروستکردن و سەپاندنی کۆمەڵێک یاسای گشتی هەیە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو یاسایانە عادیلانە بن دەبێ پشتیوانێکی ئەخلاقییان هەبێت. دەتوانرێت دوو فۆرمی دادوەری لە کاری نێو پرۆسەی یاساییدا دیاری بکرێت. یەکەم، دادوەری ئیجرائی procedural justice هەیە، کە پەیوەستە بەوەی چۆن یاساکان دروست دەکرێن و جێبەجێ دەکرێن.



دووەمیان، دادوەری جەوهەری substantive justice، کە پەیوەستە بە خودی یاساکان و پێوەندی بەوە هەیە کە ئایا ئەو یاسایانە عادیلانەن یان ناعادیلانەن. پرسیارەکان دەربارەی دادوەری لە هەر یەک لەو دوو حاڵەتەدا زۆر گرینگە چونکە دەچنە نێو مەسەلەی شەرعیەتەوە. خەڵک یاسا بە داپۆشەر و پارێزەر دەزانن، لە بەر هەندێ ناچارن گوێڕایەڵی یاسا بن، بە تایبەتی لە بەرئەوەی کە باوەڕیان بەوە هەیە کە یاساکان عادیلانەن. بەڵام، گەر یاسا بە پێی دادوەری بەڕێوەنەبرێت، یاخۆ یاسا خۆی ناعادیل بێت، ئەوا ڕەنگە هاوڵاتیان پاساوێکی ئەخلاقیان هەبێت بۆ شکاندن و سەرپێچی کردنی یاسا.

## دادوەری ئیجرائی

دادوەری ئیجرائی یاخۆ فەرمی ئاماژەکردنە بەو شێوازەی کە بڕیارەکان یاخۆ دەرەنجامەکان بەدەست دەهێنرێت، چونکە دژی ناوەڕۆکی خودی بڕیارەکان دەوەستنەوە. بۆ نموونە، ئەوانەی کە پێشنیازی ئەوە دەکەن کە دادوەری یاسایی زۆر پەیوەست نییە بە دەرەنجامەکانی یاسا و حوکم و بڕیارەکان و حوکمدانی بەندییەکان و تا دوایی. هیچ گومان لەوەدا نییە کە لە چەند بارودۆخێکدا دادوەری بە تەواوی مەسەلەیەکی ئیجرائییە: ئەنجامێکی عادیلانە و پەسنکراو مسۆگەر دەکرێت بە هۆی جێبەجێکردنی یاسا ئیجرائییەکان. بۆ نموونە، ئەمە بە ڕوونی لە حاڵەتی پێشبڕکێی وەرزشیدا جێبەجێ دەبێت. ئامانجی پێشبڕکێی ڕاکردن دیاری کردنی ئەو کەسەیە کە خێراترین ڕاکەرە. لەم تێڕوانینەوە دادوەری بە دەست دەهێنرێت گەر یاسا ئیجرائییەکان جێبەجێ بکرێن و دڵنیای ئەوە بکاتەوە کە هیچ شتێک ناخوات بۆ یەکەم بوون لەو پێشبڕکێیەدا تەنیا ئەو کەسە دەیباتەوە کە خێراترین کەسە و بەهرەی ڕاکردنی خێرای هەیە. بۆیە دادوەری داوای ئەوە دەکات کە هەموو ڕکابەرێک بۆ یەک شوێن ڕادەکەن، لە هەمان کاتیشدا دەست پێ دەکەن، هیچ یەکێکیشیان سوودی ناعادیلانە وەرناگرێت، یان ئەوەتا مادەی بەهێزکەر بخوات بۆ ئەوەی بیباتەوە، هەروەها دادوەری دەڵێت ئەو نابژیوانەی پێشبڕکێیەکە بەڕێوە دەبات دەبێ بێ لایەن بێت.

سیستەمە یاساییەکان دەتوانن بڵێن بە هەمان ڕێگە ئەوانیش عادیلانەن: کار دەکەن بە پێی کۆمەڵێک یاسای دامەزراو بۆ دڵنیا کردنەوەی ئەنجامێکی عادیلانە. بە کورتی، دادوەری وا بەدی دەکرێت کە ئەنجام دراوە. بەڵام، ئەم یاسا ئیجرائییانە یەکێک لەو دوو فۆرمە وەردەگرن. لە حاڵەتی ئەوەی "جۆن ڕاوڵز" پێی دەڵێت "دادوەری ئیجرائی بێ خەوش"، پرسیاری دادپەروەری بە تەواوی دیاری دەکرێت بە هۆی جێبەجێکردنی ڕێنماییە عادیلانەکان، هەروەک لە نموونەی پێشبڕکێی ڕاکردن یاخۆ لە حاڵەتی تیروپشکدا، لە لایەکی ترەوە لە نێو دادگایەکی یاساییدا زانیاری پێشتر هەیە لە سەر ئەوەی کە ئەنجامە عادیلانەکە چی دەبێت، لە هەر حاڵەتێکدا دادوەری ڕێنماییەکان پێکهاتوون لە تێڕوانینەکانیان بۆ بەرهەمهێنانی ئەو ئەنجامە. بۆ نموونە، لە دادگایەکی تاوانیدا (ئیجرامی) یاسا ئیجرائییەکان دروست کراون بۆ دڵنیا کردنەوەی ئەوەی کە تاوانبار بگات بە سزای خۆی، هەروەها ئەو سزایەش گونجاو بێت بۆ تاوانەکە.

بەڵام، گەلێ لەو یاسا ئیجرائییانە تایبەت نین بە سیستەمی یاسایی بگرە لە لایەنەکانی تری ژیاندا جێبەجێ دەبن. ئەو یاسا ئیجرائییانە مشتومڕ و گفتوگۆی فەرمی لە نێو لیژنە و ژوورە یاساییەکاندا دەگرێتەوە تا دەگاتە گفتوگۆ نافەرمییەکان لە نێو برادەران و خێزاندا. بە هەقیقەت، زۆرجار پێشنیازی ئەوە دەکرێت کە ئەو یاسایانە ڕەنگدانەوەی بەرپرسیاریەتییەکی فراوانن، هەروەها ئەو هەستەیان هەیە چی یەکسان و ماقوڵە، یان ئەوەی پێی دەوترێت دادوەری سروشتی. بۆ نموونە، ئەمە لەو باوەڕە فراوانەدا بەدی دەکرێت کە یەکسانە لە مشتومڕی هەموو حیزبەکان بۆ ئەوەی دەرفەتیان هەبێت بۆ دەربڕینی ڕاو بۆچوونەکانیان، یاخۆ کاتێ بڕیارەکان دەدرێن بۆ ئەوانەی کە کاریگەرییان لە سەر هەیە بۆ ئەوەی پێشتر پرسیان پێ بکرێت. لەبەرئەوەی یەکسانی ئەو جۆرە یاسایانە لە لایەن گەلێکەوە بە بەڵگەی خود دادەنرێت، زۆرجار ڕێکەوتنی بەرچاو هەیە سەبارەت بەوەی چی ئیدارەی یاسا دروست دەکات، ئیدارەیەک لە ڕووی ئیجرائییەوە عادیلانە بێت.

لە نێو جەرگەی دادوەری ئیجرائیدا بنەمای یەکسانی فەرمی هەیە. یاسا دەبێ بە شێوەیەک جێبەجێ بکرێت کە جیاکاری نەکات لە نێوان تاکەکان لە سەر بنچینەی



گێندەر و ڕەگەز و ئاین و باکگراوندی کۆمەڵایەتی. ئەمە لە بەرابەردا داوای ئەوە دەکات کە یاسا دەبێ بە بێ لایەنی جێبەجێ بکرێت، کە دەتوانرێت بە دەست بهێنرێت تەنیا گەر حاکمەکان بە تەواوی بێ لایەن بن و تەنیا یاسا بسەپێنن. هەندێ جار چەند شتێک هەن دەبنە هۆی نادادوەری وەک ئەوەی کاتێ حاکمەکان لە نێو دادگای باڵای ئەمریکیدا، لە ڕەگەزی نێرن و ڕەنگیان سپییە و لە چینی دەوڵەمەندانن. بەکارهێنانی سیستەمی دەستەی سوێندخۆران بە شێوەیەکی فراوان، بە لایەنی کەم لە کەیسەکانی تاوان، ڕەنگە لە ڕووی دادوەری ئیجرائییەوە بسەلمێنرێن. لایەنی باشەی دادگایی کردن لە لایەن دەستەی سوێندخۆرانەوە ئەوەیە کە ئەندامەکان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردراون و بێ لایەنن و دەشتوانن پێوانەی دادوەری بە گشتی جێبەجێ بکەن لە نێو کۆمەڵگەدا. تاوانبار حوکم دەکرێت لە ڕێگەی کردەوەکانی.

وێڕای ئەمەش، سیستەمی یاسایی دەبێ ئاگاداری ئەو ئەگەرە بێت کە هەڵە هەر دەکرێت، بۆیە دەبێ هەڵسێت بە دانانی بەرنامەیەک بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانە. ئەمە لە کردەدا بە دەست دەهێنرێت لە ڕێگەی دادگە باڵاکان کە دەتوانن داوا لە دادگاکانی خوار خۆیان بکەن ئەرکێک جێبەجێ بکەن. بەڵام، ڕەنگە لە بارچوونی دادوەری زەحمەتتر بێت بۆ ڕاستکردنەوە کاتێ پرۆسەی داواکردن بە تەواوی لە ژێر دەستی حاکمەکانە و ڕەنگە لەوەش بترسن کە سومعەی سیستەمی دادگە بە تەواوی لەکەدار بێت. ئەمە لە بەریتانیا زۆر جەختی لە سەر کرایەوە لە کەیسەکانی.

Guildfors four and the Brimingham six کە گرتنەکانی تیرۆریزم لە ساڵانی ١٩٨٩ و ١٩٩١ گۆڕا، بەڵام تەنیا پاش ئەوەی ١٤ تا ١٦ ساڵ بە ڕێزەوە خزمەتیان کردووە. هەروەها ئەوەش دەوترێت کە دادوەری ئیجرائی پشتی ئەو ئەگەرە دەگرێت کە "تۆمەتبار بێ تاوانە تا ئەو کاتەی تاوانەکەی دەسەلمێنرێت". ئەمە وەسف کراوە وەک "داوی زێڕین" golden thread کە لە نێو سیستەمی یاسایی ئینگلیزی و ئەوانەشی لەو پێکهاتوون کار دەکات. ئەگەری بێ تاوانی جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کە تەنیا ڕاستی تۆمەتبار کردن نابێتە هۆی سەلماندنی تاوانەکە. بەرپرسیاریەتییەکە لە سەر پارێزەرە داوای بەڵگە بکات کە دەتوانن بێ هیچ گومانێک تاوانەکە بسەلمێنن. ئەمە لە

بەر هەندێیە کە هەندێ بەڵگە هەن دەربارەی تۆماری تاوانی پێشتری تۆمەتبار ڕەنگە لە نێو دادگادا دانی پیانەنرێت، چونکە ڕەنگە سەر لە دەستەی سوێند خۆران تێک بدات و نەتوانن بگەنە بڕیاری ڕاست لە سەر ڕاستییەکانی کەیسەکە. بە هەمان شێوە، کەسێکی تۆمەتبار لە ڕووی نەریتییەوە مافی بێ دەنگبوونی پێ بەخشراوە، لە سەر بنچینەی ئەوەی کە ئەمە کاری پارێزەرە مامەڵە لەگەڵ تاوانەکە بکات. بۆ نموونە، لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، ئەمە لە هەموار کردنی پێنجەهەمی دەستووردا سەپێنرا کە تۆمەتبار ئەو مافەی هەیە خۆی بە تاوانبار نەزانێت و بێ دەنگ نەبێت.

بنەمای مامەڵەکردنی یەکسان شوێن پێی خۆی هەیە لە هەموو خاڵێکی نێو پرۆسەی یاساییدا. بۆ نموونە، پێشنیازی ئەوە دەکات کە هاوڵاتی ئاسایی نابێ بێ بەش بن لە سوود بە هۆی بایەخ نەدانیان کاتێ مامەڵە لەگەڵ پۆلیس و پارێزەر یان دەسەڵاتی قەزائی دەکەن. کەواتە ئاسایی ئەوە پەسن دەکرێت کە کەسێکی تۆمەتبار دەبێ زۆر بە ڕوونی پێی بوترێت لە سەر چی تۆمەتبار کراوە، هەروەها دەبێ هەر لە سەرەتاوە ئەو تۆمەتبارە مافەکانی خۆی پێ بوترێت، بە تایبەتی مافەکانی بەرامبەر ڕاوێژکردنی یاسایی. ئەم جۆرە یاسایانەی دادوەری ئیجرائی زۆر بە ڕوونی لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا پێناس کراوە و شوێنی گرتووە. بۆ نموونە، لە کەیسی میراندا بەرمبەر ئەریزۆنا (١٩٦٦)، دادگای باڵا چەند ڕێنماییەکی سنووورداری دانا کە پۆلیس دەبوایە پەیڕەویان بکات لە کاتی پرسیارکردن لە گومان لێکراوەکان. هەروەها لە گیدیۆن بەرامبەر وەینڕایت (١٩٦٣)، مافی تۆمەتبارەکان مسۆگەر کرا لە بەکرێگرتنی پارێزەرێک، بێ گوێدانە باری داراییەکانیان. بەڵام، لە کەیسەکانی تردا، حکوومەت ئەم جۆرە بنەمایانەیان پشت گوێ خستووە بە باوەڕی ئەوەی کە پێویست ناکات هیچ هەمپەریان هەبێت لە کاتی لێکۆڵینەوە لە تاوانباردا. لە بەریتانیا، یاسای نەهێشتنی تیرۆریزم (١٩٧٦) دەسەڵاتی بەخشی بە پۆلیس گومان لێکراوان بگرێت و پرسیاریان لێ بکات بە بێ نوێنەرایەتی یاسایی و بۆشیان هەبوو بۆ ماوەی حەفت ڕۆژ دەستبەسەریان بکەن و بێ ئەوەی تۆمەتباریان بکەن و بیاندەنە دەست دادگا. بەڵام، یاسایەکە لە لایەن دادگای ئەوروپی مافەکانی مرۆڤ ئیدانە کرا لە بەرئەوەی مافەکانی تۆمەتبارانی پێشێل دەکرد و بنەماکانی دادوەری ئیجرائی بەزاندبوو.



## دادوەری جەوهەری

هەروەک پێشتر باس کرا، مەرجەکانی دادوەری یاسایی بە تەواوی جێبەجێ ناکرێن لە ڕێگەی جێبەجێکردنی یاسا ئیجرائییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە ئەو یاسایانە یەکسان بن بەڵام بە باشی جێبەجێ ناکرێن. ئەمە دیدێکە تیایدا یاسا جیاوازە لە وەرزشی پێشبڕکێکار و ئەنجامەکانی، هەروەها مەرج نییە ڕێنماییەکانی عادیلانە بن. ڕەنگە پرۆسەی یاسایی نایەکسانی دروست بکات نەک لە بەرئەوەی کە یاسا بە نایەکسانی جێبەجێ دەکرێت بگرە لە بەرئەوەی کە یاسا خۆی نایەکسانە. بۆ نموونە، ئەو یاسایانەی کە ئافرەت لە دەنگدان قەدەغە دەکات، یاخۆ ڕەگەزە کەمینەکان لە خاوەنداریەتی موڵک قەدەغە دەکات، نەکراون بە یاسای عادیلانە بە هۆی ئەو واقیعەی کە جێبەجێ دەکرێن لە لایەن ئەو دادگایانەی کە ڕێنماییەکانی یەکسان و بێ لایەنن. ناوەڕۆکی یاسا دەبێ لە ژێر ڕۆشنایی بنەمای دادپەروەرییەکی جەوهەری یان کۆنکریت حوکم بکرێت.

کاتێک کە ڕێکەوتنی ئەوتۆ هەیە دەربارەی یاساکانی دادوەری ئیجرائی، هەمان شت ناکرێ بۆ دادوەری جەوهەری بوترێت. لە ڕووی نەریتییەوە دادوەری یاسایی بەستراوەتەوە بەو ئایدیەی کە یاسا مەبەستی مامەڵە کردنە لەگەڵ خەڵک بە گوێرەی مافەکانیان، یان بە واتایەکی دیکە، بە پێی قسەکانی جوستنیان ئیمپڕاتۆری ڕۆم، دادوەری واتە "هەر کەسە و مافی خۆی پێ بدرێت". زەحمەتی ئەنجامدانی ئەم کارە لە ڕێگەی گفتوگۆی تیۆرەکانی سزادان خراوەتە ڕوو. پشتیوانانی تۆڵە سەندنەوە باسی ئەوە دەکەن کە لە ڕووی بنەماوە دادپەروەری داوای ئەوە دەکات کە ژیانی بکوژ دەبێ کۆتایی پێ بێت لە بەر ئەو تاوانەی کە ئەنجامی داوە. ئەوانەی کە پاڵپشتی قەدەغەکردن دەکەن پەسنی سزای لە سێدارەدان دەکەن بەڵام تەنیا لەو کاتەی کە ڕوون بێت بە ئەنجامدانی ئەم سزایە ژمارەی بکوژەکان کەم بێتەوە. تیۆریستەکانی چاککردنەوە سزای لە سێدارەکان ڕەت دەکەنەوە لە هەموو هەلو مەرجێکدا، چونکە پێیان وایە کە ئەم سزایە تاوانێکی کوشتنی یاساییە. هیچ مشتومڕێک و شرۆڤەیەک نییە بتوانێت هیچ یەکێک لەو هەڵوێستانە بگۆڕێت چونکە لە بنەڕەتەوە پشت ڕاستن بە بنەمای ئەخلاقی جیاواز. هەمان شت جێبەجێ دەبێت بۆ هەوڵی

دابەشکردنی پاداشتە مادییەکان بە یەکسانی. لە کاتێکدا هەندێ دەڵێن کە دادوەری کۆمەڵایەتی داوای ئاستێکی بەرزی یەکسانی مادی دەکات لە سەر بنچینەی ئەوەی کە سامان دەبێ دابەش بکرێت بە گوێرەی پێداویستی تاکەکان، ئەوانی تریش بە دڵخۆشییەوە پەسنی ئاستێکی بەرزی نایەکسانی دەکەن لەبەرئەوەی پشتڕاستە بە بەهرەی نایەکسانی ئەو خەڵکانەی تێوە گلاون.

وەک هەموو بنەما پێوانەیییەکان، ئایدیای دادوەری جەوهەری ئایدیایەکی خودییە subjective، لە ڕاستیدا، ئەم مەسەلەیە دەکەوێتە سەر ڕاوبۆچوون. کەواتە بیرۆکەکانی دادوەری لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر جیاوازە، لە گرووپێکەوە بۆ گرووپێکی تر و لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر و هەروەها لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاوازە. بە هەقیقەت، ڕووخانی بەها ئاینی و نەریتییەکان، هەروەها گەشەی کۆمەڵایەتی و جووڵەی جوگرافی هانی گەشەی فرەیی ئەخلاقی moral pluralism دا. فرەیی ئەخلاقی و کولتووری هەموو حوکمێکی بە دەسەڵات یاخۆ توند مەحاڵ دەکات دەربارەی ناوەڕۆکی ئەخلاقی یاسا، یاخۆ کاری دامەزراندنی پێوەرێکی باوەڕپێکراو بۆ جیاکردنەوەی یاسای عادیلانە و ناعادیلانە مەحاڵ دەکات. لەو دیدگایەوەش، دادوەری چەمکێکی ڕێژەییە relative concept. واتە مانای هەیە تەنیا بۆ گرووپ یان تاکی تایبەتی، هەروەها ناتوانرێت لە سەر تەواوی کۆمەڵگەدا جێبەجێ بکرێت.

یەکێک لە ڕێگاییەکان لە دەوری ئەم گرفتە هەوڵدانە بۆ بەستانەوەی دادوەری بە کۆمەڵێک بەهای گشتی بەرپرسیاریەتی لە نێو کۆمەڵگە. ئەمە بوو مەبەستی پاتریک دێڤلین کاتێ لە ساڵی ١٩٦٥ پێشنیازی ئەوەی کرد کە یاسا دەبێ "ئەخلاق بسەپێنێت". بە بۆچوونی دێڤلین، یاسا پشتڕاستە بە بەها ئەخلاقییەکانی هاوڵاتی ئاسایی یان وەک ئەوەی دێڤلین دەڵێت " مرۆڤ لە سەر زنجیرەی ئەڵقەکانی کلافام". بۆیە پێشنیازی جیاوازییەکی کرد لە نێوان "یاسا کۆمەڵییەکان" و "یاسا ناکۆمەڵییەکان" consensus laws and non-consensus laws. یاسا کۆمەڵییەکان ئەو یاسایانەن کە پابەندن بە ستاندەردەکانی یەکسانی و دادوەری. بە بۆچوونی دێڤلین، ئەو یاسایانەن کە " خەڵک ئامادەن لەگەڵی بڕۆن". لە لایەکی ترەوە، یاسا ناکۆمەڵییەکان ئەو یاسایانەن کە بە شێوەیەکی گشتی پەسن نەکراو و ناعادیلانەن،



بە شێوەیەکی پێوانەیی ڕەنگدانەوەی واقیعی بڵاوبوونەوەی گوێڕایەڵی نەبوونە. دێڤلین ئەوەندە دوور نەڕۆیشت پێشنیازی ئەوە بکات کە شکاندنی یاسا ناکۆمەڵییەکان پاساوی خۆی هەیە، بگرە لەگەڵ ئەوەشدا هۆشداری ئەوەی دا کە سەپاندنی ئەو یاسایانە تەنیا سومعەی دەسەڵاتی قەزائی و پرۆسەی یاسایی لەکەدار دەکات. نموونەیەکی یاسا ناکۆمەڵایەتییەکان ڕەنگە poll tax بێت لە بەریتانیا،کە، کاتێ لە ئینگلتەڕا و وێلز لە ساڵی ١٩٩٠ ئاشنا کرا، بووە هۆی هەڵمەتێکی فراوانی نارەزایی و پارە نەدان، لە سەر بنچینەی ئەو باوەڕەی کە باج بە شێوەیەکی گشتی بۆچوونە وەرگیراوەکانی دادوەری کۆمەڵایەتی پێشێل دەکات.

دێڤلین پێی وایە کە، ئەو دادوەرانەی کە بە تەواوی بێ لایەنن و بە دوورن لە پرۆسەی سیاسی، باشترین کەسن بۆ جێبەجێکردنی جیاوازی نێوان یاسا کۆمەڵییەکان و ناکۆمەڵییەکان. سەرەڕای ئەوەش، دادوەرەکان چەندین ساڵ ئەزموونیان هەیە و گفتوگۆ و ناوبژی سەدان کەیسیان کردووە کە شەو ورۆ لێکدانەوەیان بۆ یاساکان کردووە لە سەر ململانێیی هەمەجۆر. بەڵام، ئەم فۆرمەی چالاکی قەزائی سەلمێنراوە کە گفتوگۆ زۆر هەڵدەگرێت، ڕێگە دان بە حاکمە هەڵنەبژێردراوەکان بۆ ئەوەی بڕیاری وا بدەن کە ناوەڕۆکێکی سیاسی ڕوون و ئەخلاقییان هەبێت. ئەم مەسەلەیە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان تا ڕادەیەکی زۆر ڕاستەوخۆ بەندە بە دادگای باڵا لە دروستکردنی ئەو جۆرە شێوازە. بۆ نموونە، لە سەردەمی "ڕێکەوتنی نوێ" NEW DEAL لە ساڵانی سییەکان، دادگە جەختی کردە سەر بەرنامە گرینگەکانی ئاسوودەیی و ڕەفاهیەتی کۆمەڵایەتی. بەڵام، لە ساڵانی پەنجا و شەستەکاندا، دادگای (وارن) Warren Court بەرپرسیار بوو لە پێشخستنی مافە مەدەنییەکان لە سەر چەند بەرەیەک. بەڵام، مەترسی ئەو جۆرە چالاکییە ئەوەیە کە هیچ ڕێگایەک نییە لێیەوە بزانین کە ئایا لێکدانەوەی دادوەرەکان لە مەڕ یاسا ڕەنگدانەوەی بۆچوونە گشتییەکان دەبێت بە شێوەیەکی گشتی دەربارەی ئەوەی چی ڕاستە و چیش پەسن کراوە، یان باوەڕە تایبەتییەکانی خۆیان. شتێکی ئاشکرایە کە، لەبەرئەوەی ئەو دادوەرانە هەڵنەبژێردراون، پێناسەیان بۆ ئەخلاقی کۆمەڵ هیچ حەز بە مەندوبی هەڵبژێردراو ناکات. وێڕای ئەمەش، لە ڕووی سروشتی قەزائی لە ڕووی نوێنەرایەتی نەکردنی کۆمەڵایەتی، شتێکە پرسیاری لە سەر کە حاکمەکان زۆر

شت دەزانن لە بارەی ئەوەی کە دێڤلین ناوی لێنا "مرۆڤ لە سەر زنجیرەی ئەڵقەکانی کلافام".

بێ گوێدانە ئەوەی کێ توانای ئەوەی پێ دەدرێت پێناسەی ئەخلاقی کۆمەڵ بکات، چەند هۆیەک هەیە بۆ بڕواکردن بەوەی کە خودی ئایدیاکە ڕەنگ نییە بەرگەی پشکنینی جدی بگرێت. پێش هەموو شتێ، ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوازییەکی باوەڕپێکراو دەتوانرێت بکرێت لە نێوان یاسا کۆمەڵی و ناکۆمەڵییەکان. لە کردەدا، چەند پرسێکی کەم، گەر هەبن، ڕێکەوتنی گشتی دەورووژێنن، کەچی هەر بە تێکڕایی نییە. هەموو حکوومەتێک یاسا دەردەکات کە لە ڕووی سیاسییەوە زۆر قسە و باس هەڵدەگرێت، لەمەشیاندا، نارەزایی دەورووژێنێت یان بە لایەنی کەمەوە پێوەرێکی ئەوتۆی ڕەخنە گرتن دەورووژێنێت. دەکرێ ئەمە جێبەجێ بکرێت لە زۆربەی بوارەکانی سیاسەتی حکوومەت وەک: ئیدارەی ئابووری، باج، پێوەندییە پیشەسازییەکان، پەروەردە، تەندروستی، نیشتەجێ بوون، یاسا و سیستەم، پێوەندییە ڕەگەزییەکان و تا دوایی. مەترسی باسەکەی دێڤلین ئەوەیە کە زۆربەی یاساکان پۆلێن بکرێت بۆ سەر ناکۆمەڵی لە سەر بنچینەی ئەوەی کە کەسێک یان ئەوانی تر ڕەنگە لەگەڵی هەڵنەکەن و لەگەڵی نەڕۆن. ئەمەش بەرەو پرسیاری قورسترمان دەبات دەربارەی ئەوەی چەند خەڵک پێویستە نارەزایی دەربڕێت، هەروەها نارەزاییەکانیان دەبێ چ جۆرە فۆرمێک وەرگرن، پێش ئەوەی یاسایەک بە ناکۆمەڵی دابنرێت. بەڵام، ئەم ئاستەنگانەش ڕەنگدانەوەی گرفتێکی قووڵترن. لە گەلێ ڕووەوە، ئایدیای ئەخلاقی کۆمەڵ پاشماوەی سەردەمەکانی کۆمەڵگە نەریتی و داخراوەکان بوو. لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا، کە ناسراون بە فرەیی ڕەگەزی و ئاینی و تایفی و کولتووری و ئەخلاقی، هەر هەوڵێک بۆ ناساندنی باوەڕە کۆمەڵەکان لەوە دەچێت سەرنەکەوێت.

## پاساوی شکاندنی یاسا؟

پرسیاری "بۆچی دەبێ من گوێڕایەڵی یاسا بم؟" بە لای گەلێ خەڵکەوە وەڵامێکی سادەی هەیە، ئەویش: " لە بەرئەوەی یاسا یاسایە". بە واتایەکی دیکە، هەمیشە وا سەیری یاسا کراوە کە شەرعییە، لەو سۆنگەیەی کە زۆربەی هاوڵاتییان پەسنی ئەوە



دەکەن کە بە زۆری گوێڕایەڵی بن و پێیەوە پابەند بن. کەواتە یاسا پابەندە بەو کەسانەی کە لە سەریان جێبەجێ دەبێت. لە سۆنگەیەکی فەرمیدا، یاسا یاسایە تەنیا لەبەرئەوەی بە لایەنی کەمەوە زۆربەی دانیشتوان گوێڕایەڵی دەبن. وێڕای ئەمە، ڕایەک هەیە دەڵێت یاسا هەر لە سەر کتێب دەمێنێتەوە و هیچی تر گوێی پێ نادرێت یان بە زۆری ناسەپێنرێت و لە قاڵبی یاسا بوونی خۆی دەرچووە. ئەمە لە حاڵەتی مافی لە بەرگرتنەوەی یاسا جێبەجێ دەبێت کە تۆمارکردنی دەنگ یان کاسیەتی ڤیدیۆ قەدەغە دەکات، هەروەها لە هەندێ وڵاتدا، ئەو یاسایانەی کە بەکارهێنانی مادەی شلەی بەهێزکەر وەک حەشیش قەدەغە دەکات. بە هەقیقەت، لە وڵاتێکی وەک هۆڵەندە هەوڵێک دراوە بۆ فۆرمەلەکردنی ئەو بارە بێ وێنەیە بە هۆی بە ناتاوان کردنی بەکارهێنانی مادە شلە بەهێزکەرەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرەڕای دانپیانانی گشتی کە یاسا شەرعییە، شتێکی ئاشکرایە کە یاسا تا ڕادەیەک دەشکێنرێت، ئەگینا پێکهاتەی سەپاندنی یاسا شتێکی زیادەڕەوی دەبێت. بەڵام گرینگە دان بەوەش دابنرێت کە ڕووداوەکانی شکاندنی یاسا دابەش دەبێتە سەر دوو پۆلی جیاواز.

لە زۆربەی کەیسەکاندا، یاسا لە لایەن ئەو کەسانەوە دەشکێنرێن کە پێیان دەوترێت "تاوانبارە گشتییەکان". تاوانبارە گشتییەکان زۆر بە دەگمەن پاساوێکی ئەخلاقی دەهێننەوە بۆ کردەوەکانیان، هەروەها بە دەگمەن وەسفی ڕەفتاری خۆیان دەکەن بە شتێک بە دەر لە ڕەفتاری خۆویستی. بێگومان ئەم جۆرە ڕەفتارە تاوانییە چەند پرسیارێکی گرینگ قووت دەکاتەوە، بۆ نموونە، پرسیار دەربارەی هۆکارە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان کە یارمەتی شیکردنەوەی شکاندنی یاسا دەدەن، هەروەها ناوەندە گونجاوەکان کە لە ڕێگەیانەوە ئەوانی تر قەدەغە دەکرێن بە هەمان ڕێگای چەوتدا بڕۆن. بەڵام، ئەمانە پرسیاری وەسفین دەربارەی ئەوەی بۆچی یاسا گوێڕایەڵی بکرێت، یاخۆ بۆچی گوێڕایەڵی ناکرێت. بەڵام ئەو جۆرە تاوانبارانە نارازین لە دەستگیرکردنیان یان حوکم کردنیان، هەمیشە دەڵێن دەبوایە ئێمە پابەند بواین بە یاسا، تەنیا ئەو کاتە وەک پابەند بوونێک درک بە یاسا دەکەن. لە لایەکی ترەوە، هەندێ ڕووداوی شکاندنی یاسا هەیە کە مەبدەئین و ڕەنگە پاساویشیان

هەبێت لە ڕووی سیاسی و ئەخلاقییەوە. بە هەقیقەت، هەندێ سیستەمی یاسایی هەن دان بەو هەقیقەتە دادەنێن لە ڕێگەی ناونانی چەند یاسا شکێنەرێک بە "پێشەنگە سیاسییەکان" و بە جیا مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن لە چاو تاوانباری ڕۆژانە. جیاوازی نێوان ئەم دوو جۆرە تاوانبارە، زۆر نادیارە و لە ڕووی سیاسیشەوە زۆر گفتوگۆ هەڵدەگرێت. ئەمە زۆر بە ڕوونی ئاشکرایە لە حاڵەتی گرووپە تیرۆریستییەکانی وەک IRA لە بەریتانیا و ETA و بزووتنەوەی سیپەراتیستی باسک لە ئیسپانیا، کە لە گەلێ ڕووی جیا جیاوە بارێکی سیاسییان دەخرێتە پاڵ لە سەر بنچینەی ئەوەی کە تاوانبار نین بگرە "جەنگاوەری سەربەستن". هەندێ دوورتریش دەڕۆن و بیرۆکەی تاوانە سیاسییەکان فراوانتر دەکەن بۆ ئەوەی ئەو کردەوە تاوانییانەش بگرێتەوە کە لە بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرهەڵدەدەن وەک بێ بەشی و هەژاری و نایەکسانی، هەرچەندە ڕەنگە تاوانبارەکان هیچ پاڵنەرێکی سیاسی ڕانەگەیەنن. فەوزەوییەکان، لە ڕاستیدا، ئامادە نین هیچ جیاوازییەک بکەن لە نێوان جاڕسکەرە سیاسی و تاوانییەکان، لەوەشیاندا، هەموو یاساکان بە نائەخلاقی دەزانن و بۆیەشە پاساوی ئەخلاقی لە هەر حاڵەتێکی یاسا شکاندن دەبینن.

پاساوی ئەخلاقی بۆ شکاندنی یاسا دەکرێ بە دوو ڕێگادا تاقی بکرێتەوە. یەکێکیان ئەم پرسیارەیە: "بۆچی دەبێ من گوێڕایەڵی یاسا بم؟". ئەمە پرسی ناچاری سیاسی دەهێنێتە گۆڕێ و بە درێژی لە بەشی حەوتەمدا باس دەکرێت. بەدیلی ئەمەش وەستانە لە سەر پرسیارەکە و قووڵتر بپرسین: "ئایا چ پاساوێک هەیە بۆ شکاندنی یاسا؟". ئەمەش ئەو پرسە دەهێنێتە گۆڕێ کە پێی دەوترێت گوێڕایەڵ نەبوونی مەدەنی، شکاندنی یاسا کە پاساوی بۆ دەهێنرێتەوە لە ڕێگەی بنەما ئاینی و ئەخلاقی و سیاسییەکانەوە. گوێڕایەڵ نەبوونی مەدەنی کەلەپوورێکی درێژ و بەڕێزی هەیە، لە سەر دەستی چەند نووسەرێکی وەک دەیڤد تۆرۆو (١٨١٧–٦٢) پەرەی پێ دراوە و نموونەشی سەرکردە سیاسییەکانن وەک مەهاتما غاندی و مارتن لوسەر (١٩٢٩–٦٨). لە ژێر کاریگەری گاندیدا، گوێڕیەڵ نەبوونی مەدەنی بێ توندوتیژی ببووە چەکێکی بەهێز لە هەڵمەتی سەربەخۆیی هیندستان، کە دواجار لە



ساڵی ١٩٤٧ بە دەست هێنرا. لە سەرەتای ساڵانی شەستەکان، مارتن لوسەر کینگ هەمان تاکتیکە سیاسییەکانی بە کار هێنا لە خەباتەکەی بۆ مافە مەدەنییەکان لە ئەمریکای باشوور.

یاخیبوونی مەدەنی civil disobedience کارێکی گشتی و ئاشکرایە: مەبەستی شکاندنی یاسایەکە بۆ ئەوەی شتێک دروست بکات نەک لەگەڵی بە بکەوێتە ڕێ. بۆیە یاخیبوونی مەدەنی جیا دەکرێتەوە لە کردەوە تاوانییەکان بە هۆی ئەو پاڵنەرانەی کە مەبدەئین و بە ئەنقەست دەکرێن، گوایە دەتوانن جۆرە گۆڕانێکی یاسایی یان سیاسی دروست بکەن، مەرج نییە ئەو کردەوە تاوانییە خزمەت بە یاسا شکێنەرەکەی خۆی بگەیەنێت. لە ڕاستیدا، لە گەلێ کەیسدا ئەمە بە تەواوی بریتییە لە ویستی پەسنکردنی سزاکان کە یاسا شکاندن خۆی لەوە هەڵدەقورتێنێت کە دەسەڵاتی ئەخلاقی و هێزی سۆزداری دەبەخشێت بە یاخیبوونی مەدەنی. لە کۆتاییدا، بە لایەنی کەم لە نەریتی تۆرۆ و گاندی و کینگدا، یاخیبوونی مەدەنی کارێکی بێ توندوتیژییە، واقیعێک کە یارمەتی ئەوە دەدات سیفەتی ئەخلاقی خودی کردەوەکە بخاتە پەراوێزەوە. گاندی بە شێوەیەکی تایبەتی سوور بوو لە سەر ئەمە، ناوی لە شێوازی خەباتەکەی نابوو بێ توندوتیژی و بێ هاوکاری، واتە تەنیا بەرگری لە ڕاستی و بە هۆی ڕاستییەوە. بۆیە یاخیبوونی مەدەنی جیا دەکرێتەوە لە نەریتی یاسا شکاندنی سیاسی، کە فۆرمێکی گێرەشێوێنی میللی و تیرۆریزم و شۆڕش وەردەگرێت.

لە هەندێ کەیسدا، یاخیبوونی مەدەنی ڕەنگە خۆی لە شکاندنی ئەو یاسایانە بدات کە خۆیان ناعادیلانە و خراپن، مەبەستی یاخیبوونی مەدەنی دەربڕینی نارەزاییە لە دژی یاسا و دواجار لابردنی یاسا دەستەبەر دەکات. بەڵام، لە کەیسەکانی تردا، خۆی لە شکاندنی یاسا دەدات بۆ ئەوەی نارەزایی دژی نادادپەروەرییەکی فراوانتر دەربڕێت، هەرچەندە خودی شکاندنی یاسا ڕەنگە نارەزایی لە سەر بێت. نموونەیەکی ئەوەی دواتر ئەوەیە کە کارتە ڕەشنووسەکان بسووتێنی یاخۆ ڕەتکردنەوەی باج کە تەرخان دەکرێت بۆ مەبەستە سەربازییەکان، فۆرمە بەکاربراوەکان بۆ نارەزایی لە لایەن نەیارانی جەنگی ڤێتنام لە ویلایەتە

یەکگرتووەکان. بە هەمان شێوە، سیخ Sikhs لە بەریتانیا سووکایەتی بەو یاسایە کرد کە ماتۆڕسوارەکانی ناچار دەکرد کلاوئاسنی لە سەر بکەن چونکە لە بەر کردنی شەپقەی سیخەکان هەڕەشەیەک بوو بۆ سەر ئەرکە ئایینییەکەیان. لە لایەکی ترەوە، تۆڕۆ ئەو کەسەی کە هەموو جۆرە باجێکی ڕەت کردەوە لە یاسایەکی ناڕەزایی دەربڕین دژی جەنگی ئەمریکی و مەکسیکییەکان لە سالانی ١٨٤٠ ەکان، کۆیلایەتی لە لای باشوور ڕەت کردەوە. لە بەر هەندێ هەلومەرجدا، گاندی هەردوو ئامانجی تێکەڵ دەکرد. بۆ نموونە، لە کتێبە بە ناوبانگەکەی بە ناوی " ڕێپێوان بەرەو دەریا" (١٩٣٠)، نیازی ناڕەزایی بوو لە دژی ئەو یاسایەی کە هیندییەکانی قەدەغە دەکرد لە دروستکردنی خوێ بە هۆی دروستکردنی بڕێکی خوێ وەک سیمبول لە ئاوی دەریا، بەڵام ئەمەشیان بەشێک بوو لە هەڵمەتە گەورەکەی لە پێناو سەربەخۆیی نەتەوەیی.

هێرشکردن بۆ سەر یاسایەکی تایبەت یاخۆ پێشخستنی هۆکارێکی فراوانتر دروستکراو بێت یان نا، هەموو کردەوەکانی یاخیبوونی مەدەنی بە هۆی دووپات کردنەوەی جیاوازی نێوان یاسا و دادوەری دەسەلمێنرێت. لە نێو جەرگەی نەبوونی گوێڕایەڵی مەدەنیدا لە سەر ئەو باوەڕە پێ دادەگرێت کە تاک نەک حکوومەت دوا دەسەلاتی ئەخلاقییە. باوەڕکردن بە پێچەوانەی ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە هەموو یاساکان عادیلانەن و دادوەری بۆ چوارچێوەیەکی یاسایی کەم دەکەنەوە. لە سەدەی نۆزدەیەمدا، جیاوازی لە نێوان یاسا و دادوەری هەمیشە وەستاوەتە سەر مەزهەبی مافەکانی مرۆڤ، دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە کۆمەڵێک بنەمای بەرزتر هەن کە لە دژیان یاسای مرۆیی دەکرێ حوکم بکرێت و هەروەها دەشبێت مرۆڤ پێیەوە پابەند بێت. کەواتە تاکەکان پاساویان هەیە لە شکاندنی یاسا بۆ ئەوەی سەرپێچییەکانی مافەکانی مرۆڤ دیاری بکەن، یاخۆ بەرەنگاری ئەو یاسایانە ببنەوە کە خۆیان هەڕەشە لە مافەکانی مرۆڤ دەکەن. مشتومڕەکان لە بارەی وجوودی ئەم جۆرە مافانە، هەروەها لە بارەی چۆنییەتی پێناسکردنیان، لە بەشی داهاتوودا باسی لێوە دەکرێت.

پاساوەکانی تر بۆ یاخیبوونی مەدەنی جەخت دەکەنە سەر سروشتی پرۆسەی سیاسی و نەبوونی دەرفەتی یاسایی وە بەدیلێک بۆ دەربڕینی بۆچوونەکان و



بەکارهێنانی پاڵەپەستۆ. بۆ نموونە، کەمێک لەوانە ژێردەکەوتن کە بەزەییان بە کردەوەی ئەو کەسانە دەهاتەوە لە کاتی نازیی ئەڵمانی یاسایان شکاند و هاوکاری جوولەکەکانیان کرد یاخۆ هاوکارییان کردن لە دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ دەرەوەی وڵات. ئەمە هەر تەنیا جێبەجێ نابێت لە بەر سروشتی ئەخلاقی یاساکان بگرە لەبەرئەوەش کە لە دیکتاتۆریەتی فاشیستەکاندا هیچ فۆرمێکی یاسایی یاخۆ ناڕەزاییەکی دەستووری لە ئارادا نەبوو. بە هەمان شێوە، بەکارهێنانی یاخیبوونی مەدەنی بۆ بەدەستهێنانی دەنگ بۆ ئافرەتان لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم دەکرێ بە ڕاستییەکی سادە بسەلمێنرێت کە، بێ بەشی لە مافی دەنگدان، ئافرەتان هیچ چارەیەکی دیکەیان نەبوو تا دەنگیان بگاتە خەڵکی. هەڵمەتەکانی یاخیبوونی مەدەنیش بەکارهێنران بۆ بەدەستهێنانی دەنگدانی ڕەش لە ئەمریکای باشوور و ئەفریقیای باشوور. تەنانەت کاتێ دەنگدانی جیهانی وجوودی دەبێت، دەکرێ گفتوگۆی لە سەر بکرێت کە سندوقی دەنگدان بە تەنیا ئەوە دڵنیا ناکاتەوە کە مافەکانی کەمینە و تاکە کەسی ڕێزیان لێ دەگیرێت. کەمینەیەکی بەردەوام، وەک کۆمەڵگەی کاسۆلیکی لە ئێرلەندای باکوور، ڕەنگە ببێتە یاخیبوونی مەدەنی، هەروەها هەندێ جاریش ببێتە توندوتیژی سیاسی، هەرچەندە ڕەنگە مافی سیاسی فەرمیان هەبێت. دواجار، هەندێ گفتوگۆ دەکرێت لە سەر ئەوەی کە سیاسەتی دیموکراسی و هەڵبژێردراو ڕەنگە زۆر هێواش بێت یاخۆ کاتێکی زۆر بە فیڕۆ بدات بۆ دابینکردنی ناوەندی پێویست بۆ بەکارهێنانی پاڵەپەستۆی سیاسی کاتێ خودی ژیانی مرۆڤ لە ژێر هەڕەشەیەکی گەورەدا بێت. بۆ نموونە، ئەمە کەیسێکە دروست کراوە لە لایەن هەڵمەتگێڕانی دژی چەکی ناووکی و لە لایەن چالاکەکانی بواری ژینگە، کە هەردووکیان پێیان وایە ئەوەی ئەوان دەیڵێن و دوپاتی دەکەنەوە زۆر گرینگتر و هەستیارترە لەوەی کە بیری لێ دەکرێتەوە یانیش لەو بیرەی گوایە پابەند بوون بە یاسا شتێکی زۆر گرینگ نییە.

لەوەتەی سالانی شەستەکانەوە، یاخیبوونی مەدەنی زیاتر بڵاو بووەتەوە و لە ڕووی سیاسیشەوە زیاتر پەسن کراوە. لە هەندێ ڕووەوە، یاخیبوونی مەدەنی ئێستا بە کارێکی دەستووری دادەنرێت کە مەبەستی ڕاستکردنەوەی چەوتێکی دیاری کراوە، هەروەها ئامادەش دەکرێت پابەند بێت بە کۆمەڵێک یاسا، بە تایبەتی ئەو یاسایانەی

دەربارەی ئاشتی و ناتوندوتیژین. بۆ نموونە، ئێستا یاخیبوونی مەدەنی لە لایەن زۆرێکەوە وەک چەکێکی شەرعی پەسن کراوە و لە ئارا دایە بۆ گرووپەکانی هۆکار و گرووپە بەرژەوەندییەکان. نارەزاییە بە دانیشتنەکان Sit-ins protest (واتە دەربڕینی نارەزایی بە هێمنی و بە ئاشتی (وەرگێڕ)، یارمەتی سەرنج ڕاکێشانی خەڵکی گشتی دەدەن و هێزی قەناعەتی خۆپیشاندەران بەهێزتر دەکەن، هەروەها لەوانەشە لە بەرابەردا یارمەتی پێشخستنی سۆزی خەڵکی گشتی بدات. بێگومان، ئەم جۆرە کردارانە ڕەنگە ببنە هۆی نەزۆککردنی بەرهەمیش، ڕەنگە وا لە تاک یاخۆ گرووپەکان بکەن ببن بە کۆمەڵێکی بێ بەرپرسیار یاخۆ توندڕەو. لەو حاڵەتانەدا، پرسیاری یاخیبوونی مەدەنی دەبێتە پرسێکی تاکتیکی نەک پرسێکی ئەخلاقی. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەخنەگران مشتومڕی ئەوەیانە کە یاخیبوونی مەدەنی ژمارەیەک مەترسی دێنێتە کایەوە. یەکەم مەترسی ئەوەیە کە هەرکە یاخیبوونی مەدەنی دەبێتە مۆدێل هەڕەشە لە بەدیلەکەی دەکات و ڕێزی ناگرێت، دەبێتە مەترسی بە سەر ناوەندە دیموکراسی و یاساییەکان بۆ کارتێکردن. بەڵام، قووڵتر بڕوانین، ڕەنگە دواجار بڵاوبوونەوەی یاخیبوونی مەدەنی هەڕەشە بێت بۆ سەر سیستەمی کۆمەڵایەتی و سەقامگیری سیاسی بە هۆی ترسی نایاسایی. کاتێ خەڵک تۆماتیکی پابەند نابێت بە یاسا و تەنیا مەگەر ئیختیارێکی کەسی بێت، خودی دەسەڵاتی یاسا دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. لە ئەنجامدا، ڕەنگە کردارەکانی یاخیبوونی مەدەنی پەیتا پەیتا ئەو بنەمایانە بێهێز بکەن کە ڕێژیمێک لە سەریان بونیات نراوە و ئیتر دەبێتە هۆی یاخیبوون و دواجاریش بەرپابوونی شۆڕش. ئەمە زۆر ئاشکرا بوو لە ساڵی ١٩٨٩ کاتێ شەپۆلێکی بەهێزی خۆپیشاندەرانی نایاسایی لە وڵاتانی وەک ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و چیکۆسلۆفاکیا بوونە هۆی ڕووخانی ڕێژیمە سیاسییەکانیان.

## مۆهانداس کەرامچاند گاندی (١٨٦٩-١٩٤٨)

سەرکردەیەکی سیاسی و ڕوحانی هیندستان بوو. ناسراو بوو بە مەهاتما (واتە: رۆحێکی مەزن). پارێزەرێک بوو لە بەریتانیا خوێندبووی. کاتێ لە ئەفریقیای باشوور کاری دەکرد پەرەی بە فەلسەفە سیاسییەکەی دا و لە پشتی نارەزاییەکان بوو دژی جیاکاری. پاش



ئەوە لە ساڵی ١٩١٥ گەڕاوە هیندستان، بووە سەرکردەی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی، بێ وچان داوای سەربەخۆیی کرد، لە کۆتاییدا بە دەستی هێنا لە ساڵی ١٩٤٧، گاندی تیرۆر کرا لە ساڵی ١٩٤٨ لە لایەن هیندییەکی موتەعەسیب، بووە قوربانی توندوتیژی موسڵمان و هیندییەکان کە دواتر سەربەخۆیی بە دوادا هات.

ئەخلاق و سووربوونی گاندی بۆ نەهێشتنی توندوتیژی پشت ڕاست و بە هێز بوو بە ژیانە سادە و ساکارەکەی، دەسەڵاتێکی ئەخلاقی زۆر مەزنی بەخشی بە بزووتنەوە بۆ سەربەخۆیی هیندستان، هەروەها شێوازێکی نوێی لە پاش خۆی جێ هێشت بۆ چالاکەکانی بواری مافە مەدەنییەکان. یەکەم جار لە (یاسای دەوڵەت) لە ساڵی ١٩٠٩ هاتە کایەوە، پشت ڕاست بە فەلسەفەیەک کە دواجار لە هیندۆیزم هاتبوو کە گەردوون لە لایەن ڕاستی سەرەکی ڕێک خراوە. لەبەرئەوەی مرۆڤ هەمووی یەکە، خۆشەویستی و چاودێری یەکتر دەکەن، بۆیە ئەمەیە بنەما سروشتییەکانی پێوەندییەکانی مرۆڤ_ بە هەقیقەت، وەسفی خۆشەویستی دەکات وەک "یاسای بوونمان". بە ڕای گاندی نەبوونی توندوتیژی هەر تەنیا پێوەندییەکی ئەخلاقی باش دەرنابڕێت لە نێو خەڵک، بگرە، کاتێ بە قوربانی بە خۆدان دەبەسترێتەوە، بەرنامەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتی و سیاسی دروست کرد. گاندی ئیدانەی شارستانییەتی ڕۆژئاوای لە بەر مادیاتەکەی و بێ هێزییە ئەخلاقییەکەی، هەروەها بە سەرچاوەی توندوتیژی و نادادوەری دانا. گاندی پەسنی کۆمەڵگەیەکی شارستانی و بچووک و خۆی حوکمکار دەکات، هەروەها هاوکاری دابەشکردنەوەی خاکی دەکرد و پشتگیری پەرەپێدانی دادپەروەی کۆمەڵایەتی دەکرد.

## کورتەی بەشی شەشەم

١- یاسا پێکهاتووە لە کۆمەڵێک نیزامی گشتی و ئاشکرا و سەپێنراو. هەمیشە بە بەرپرسیارەتێک دادەنرێت لەو کۆمەڵگەیانەی کە تیایدا جێبەجێ دەبێت. یاسا وەک ناوەندێکی سەرەکی دادەنرێت کە لە ڕێگەیەوە ئازادی و سیستەم دەپارێزرێن و بەردەوام دەبن. ئەمەش هەمیشە لە ڕێگەی حوکمی یاساوە بە دەست دەهێنرێت، باوەڕێک کە هەموو ڕەفتارێک دەبێت پابەند بێت بە یاسا، مەزهەبێک گرێدراوە بە دەستووریەت و حکوومەتی سنووردار.

٢- لە کاتێکدا یاسا فۆرمێکی دیاریکراوی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتییە، ئەخلاق پرسیاری ئەخلاقی یاخۆ پێوانەیی دەخاتە ڕوو: دەبێ چی بێت. هەرچەندە یاسا و ئەخلاق لە ڕووی شرۆڤەوە لە یەکتری جودان، هەندێ پێیان وایە کە یاسا و ئەخلاق یەک دەگرنەوە و هەر دەشبێ یەک بگرنەوە. ئەمە لە لایەن تیۆریستەکانی یاسای سروشتییەوە پەرەی پێ دراوە کە پێیان وایە یاسای مرۆیی ڕەنگدانەوەی بنەما ئەخلاقییە بەرزترەکانە. ئایدیای بەدیلی یاسای پۆزەتیڤ پێشنیازی ئەوە دەکات کە خاسیەتی دیاریکراوی یاسا ئەوەیە کە هەمیشە گوێڕایەڵی دەکرێت، پرسیارە ئەخلاقییەکان بەلاوە نراون.

٣- ڕەنگە سیستەم بە شتێکی باش دابنرێت، ببێتە هۆی سەقامگیری و ئەمنییەتی شەخسی، بەڵام ڕای جیا هەیە لە سەر چۆنیەتی زامنکردنی بە باشترین شێوە. هەندێ پێیان وایە کە مادام مرۆڤ بوونەوەرێکی ناتەواوە، دەبێ سیستەم بسەپێنرێت. سیستەم بە دەست دەهێنرێت تەنیا لە ڕێگەی دیسپلین و کۆنترۆڵ. ئەوانی تر باوەڕیان بە ئەقڵ و هاوکاری کۆمەڵایەتییە، پێیان وایە کە پێوەندی سروشتی لە نێو خەڵکی پێوەندییەکی سازاوە.

٤- دادوەری دەربارەی ئەوەیە کە هەر کەسە و مافی خۆی پێ بدرێت. لە دیدێکی ئیجرائییەوە، دادوەری واتە چەند یاسایەک بۆ ڕێبەریکردنی پرۆسەیەکی یاسایی، هەروەها لە دیدێکی ئیسمییەوە واتە ئەنجامەکانی یاخۆ ناوەڕۆکی یاسا. پرسی دادوەری دەکەویتە نێو جەرگەی ئەو پرسیارانەی کە لە بارەی شەرعیەت و وجوودن، پێ لە سەر ئەوە دادەگرن کە ئایا هاوڵاتییان بە خۆشحاڵییەوە پەسنی یاسا دەکەن و لە ئەستۆی خۆیانی دەگرن یان نا.

# بەشی حەوتەم

## مافەکان، ئەرکەکان و هاوڵاتیبوون

پێشەکی

مافەکان

ئەرکەکان

هاوڵاتی بوون

کورتە

## پێشەکی

لە دێر زەمانەوە، هزرمەندە سیاسییەکان پێوەندی نێوان تاک و دەوڵەتیان تاوتوێ کردووە. لە یۆنانی کۆندا، ئەم پێوەندییە لە بیرۆکەی "هاوڵاتی"دا بەرجەستە دەکرا، واتە ئەندامێکی دەوڵەت. لە ویلایەتە یۆنانییەکاندا، هاوڵاتیبوون ڕەنگدانەوەی مافی بەشداریکردن بوو لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگە و هەروەها، گەر هەڵبژێردرابا، ئەرکی سەرشانی مەنسەبەکەی دەکەوتە سەر. بەڵام، ئەمە تەنیا بۆ چەند کەسێک بوو کە لەو ویلایەتانەدا دەژیان، لە ڕاستیدا، واتە پیاوی ئازاد و موڵکدار. بە پێچەوانەوە، چەمکی مۆدێرنی هاوڵاتیبوون -cit izenship لە سەر بنەمای ماف و ئەرکە جیهانییەکاندا بەدی کرا. ڕەگ و ڕیشەی دەکەوێتە نێو ئایدیاکانی سەدەی حەڤدەیەم کە لە بارەی مافە سروشتییەکاندا بوون، ئەمانە لە سەدەی بیستەمدا گۆڕان و بوون بە ڕێچکەی مافەکانی مرۆڤ. هەرچەندە ئێستا ئەو ئایدیانە پەرتوبڵاو بوونەتەوە و بە قەد مشتومڕە سیاسییەکان ڕۆژانە تاوتوێ دەکرێن. تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت زاراوەی "مافەکان" زۆر ڕوون و ئاشکرا نییە و درک بەوە نەکراوە چۆن بەکار بهێنرێت. بۆ نموونە، مانای چییە کاتێ کە دەڵێین یەکێک مافێکی هەیە؟ دەکرێ لە سەر چ بنەمایەک بوترێت بۆ ئەوەی چێژی لێ وەرگرێت؟ ئایا تا چەند ڕێچکەی مافەکان درێژ دەبێتەوە: ئێمە سەر بە چ مافێکین؟

بەڵام، هاوڵاتیان هەر تەنیا مافیان نییە، هەر بتوانن نارەزایی دەربڕن دژی دەوڵەتەکەیان. بگرە ئەرکیشیان هەیە بەرامبەر ئەو دەوڵەتەی کە دەیانپارێزێت و چاودێرییان دەکات. ئەو ئەرکانە خزمەتی ئیجباری سەربازی دەگرێتەوە، ئەرکی سەر شانی هاوڵاتییانە بجەنگن و بەرگری بکەن و بمرن لە پێناو پاراستنی وڵاتەکەیان. جارێکی دیکە، ئەمە چەند پرسیارێکی زەحمەت قووت دەکاتەوە. بە تایبەتیش پرسیار گەلێکی وەک: ئایا بنەڕەتی ئەو ئەرکانە چین، هەروەها چ جۆرە بەرپرسیارەتێک دەخەنە سەر هاوڵاتی؟ وێڕای ئەمە، ئایا ئەو بەرپرسیارێتانە ڕەهان، یاخۆ ئایا هاوڵاتیان لە چەند بارودۆخێکدا دەتوانن خۆ بە دوور بگرن لەو ئەرکانە؟ هەموو ئەو پرسیارانە بەستراونەتەوە بە ئایدیای هاوڵاتیبوون، بیرۆکەی هاوسەنگی نێوان مافەکان و ئەرکەکانی هاوڵاتی. بەڵام، لە کاتێکدا سیاسەتزانان و تیۆریستە سیاسییەکان بە سەر لایەنە چاکەکانی هاوڵاتیبووندا هەڵدەدەن، خودی چەمکەکە کۆڵێکی قورسی ئایدیۆلۆژی هەڵدەگرێت. بۆ نموونە، ئایا _هاوڵاتی باش_ کەسێکە پشت بە خۆی دەبەستێت و تاکێکە خۆی ماندوو دەکات لە کاردا و داواکاری کەم دەکات لە کۆمەڵگەکەی، یاخۆ کەسێکە دەتوانێت بەشدار بێت لە ژیانی گشتی و سیاسیدا؟ لە هەمووی گرینگتر، ئایا هاوڵاتیبوون داوای چی لە تاک دەکات، چیش لە دەوڵەت داوا دەکات؟





## مافەکان

مشتومڕی سیاسی هەمیشە ئاماژە بە مافەکان دەکات: مافی کارکردن، مافی خوێندن، مافی لەبارچوون، مافی ژیان، مافی ڕای ئازاد، مافی موڵکی تایبەت و تا دوایی. گرینگی ئایدیاکە کەم نییە لە زمانی ڕۆژانەدا: ڕەنگە مناڵ بڵێت من مافم هەیە درەنگ لە خەو هەڵسم یاخۆ جلەکان هەڵبژێرم، هەروەها باوانیش بە لای خۆیانەوە ڕەنگە سوور بن لە سەر مافەکانیان بۆ کۆنتڕۆڵکردنی مناڵەکانیان لە خواردن و سەیرکردنی تەلەفیزیۆن. لە واتا بنەڕەتییەکەیدا، زاراوەی "ماف" ئاماژەیە بە هێزێک یان ئیمتیازێک وەک ئەوەی لە مافی پیاوماقوڵان، مافی پیاوانی ئاینی، هەروەها بێگومان مافی ئیلاهییانەی پاشاییەکاندا بە دیار دەکەوێت. بەڵام، لە واتا مۆدێرنەکەیدا، ئاماژەیە بە دەسەڵات یاخۆ بە شێوەیەکی تایبەت مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. هەرچەندە کارێکی هەڵەیە پێشنیازی ئەوە بکەین کە ڕێچکەی مافەکان لە تەواوی جیهاندا پەسن کراوە، کەچی زۆربەی هزرمەندە مۆدێرنە سیاسییەکان ئامادە بوونە ڕای خۆیان دەربڕن لە سەر مافەکان. لەو دیدگایەوە، چەمکی _ماف_ لە ڕووی سیاسییەوە کەمتر ئاڵۆزترە لە چاو یەکسانی دادوەری کۆمەڵایەتی. بەڵام، ڕێکەوتنی کەم هەیە لە سەر ئەو بنچینەیەی کە ئەو مافانەی لە سەر بنیات نراوە، بۆ نموونە لە سەر ئەوەی دەبێ کێ خاوەنی ئەو مافانە بێت و دەشبێت کامە مافیان هەبێت؟

پێش هەموو شتێ، جیاوازییەک هەیە لە نێوان مافە یاسایی و مافە ئەخلاقییەکاندا. هەندێ ماف هەیە بەندە بە یاساوە یاخۆ بە سیستەمی یاسا فەرمییەکانەوە، بۆیە دەسەپێنرێن. بەڵام، ئەوانی تر وەک بەرپرسیاریەتی ئەخلاقی یان فەلسەفی وجوودیان هەیە. بۆ نموونە، کێ بە مرۆڤ دادەنرێت؟ ئایا ئەمە مناڵ و گەورەش دەگرێتەوە؟ ئایا گرووپی تایبەتی خەڵکی، وەک ئافرەت و تایفە کەمینەکان، مافی تایبەتیان هەیە بە پێی پێداویستییە بایۆلۆژییەکانیان یاخۆ بە پێی هەڵوێستی کۆمەڵایەتییان؟ دواجار، تێگەیشتنی نەریتی لە مافەکان بەرەنگاری کراوەتەوە بە هۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی ئاژەڵ و ژینگە، کە پرسیاریان دەربارەی مافەکانی نامرۆڤ و ئاژەڵان و ڕەگەزەکانی تر دروست کردووە. ئایا هۆی

ماقوولّ هەیە بۆ ڕەتکردنەوەی فراوانکردنی مافەکان بۆ هەموو ڕەگەزەکان، یاخۆ ئەمە تەنیا شتێکە بۆ ڕەگەز گەرایی و ڕەچەڵەکیەتی.؟

## مافە یاسایی و مافە ئەخلاقییەکان

مافە یاساییەکان ئەو مافانەن کە لە نێو یاسا دان و لە ڕێگەی دادگاوە دەسەپێنرێن. بە مافی پۆزەتیڤ وەسف دەکرێن، واتە بە بێ ناوەڕۆکی ئەخلاقی پێیان دەبەخشرێت، ئایدیای یاسای پۆزەتیڤ لە دواهەمینی بەشی ئەم کتێبەدا باس کراوە. بە هەقیقەت، هەندێ مافی یاسایی بۆ چەندین ساڵ کاریگەر دەمێننەوە هەرچەندە بە شێوەیەکی فراوان بە نائەخلاقی حیساب دەکرێت. بۆ نموونە، ئەمە دەتوانرێت دەربارەی ئەو مافە یاساییە بووترێت کە لە سەر مێردە بەریتانییەکان بەکار هێنراوە تا ساڵی ١٩٩٢ بۆ دەستدرێژیکردنە سەر ژنەکانیان. مافە یاساییەکان فراوان دەکرێتەوە بۆ زنجیرەیەک پێوەندی یاسایی. هەوڵێکی کلاسیک بۆ پۆلێنکردنی ئەو جۆرە مافانە لە لایەن وێسلی هۆهفێڵد دراوە لە کتێبەکەی بە ناوی fundamental legal conception، 1923. هۆهفێڵد چوار جۆرە مافی یاسایی دیاری کرد. یەکەم: ئیمتیاز یاخۆ مافەکانی–ئازادی. ئەم مافانە ڕێگە بە کەسێک دەدات کارێک بکات، هیچ ئەرکێکی لە سەر نییە کە ئەو کارە نەکات، واتە ئازادە بیکات یان نەیکات، بۆ نموونە بەکارهێنانی هێڵی خێرای گشتی. دووەمیان، مافە داواکراوەکان: واتە یەکێک ئەرکی بەرامبەر یەکێکی تر هەیە و قەرزداریەتی. بۆ نموونە، هەموو کەسێک مافی هەیە کە یەکێکی تر دەستدرێژی نەکاتە سەری. سێیەمیان، هێزە یاساییەکان. هەندێک جار پێیان دەوترێت توانا یاساییەکان، واتە توانا ببەخشی بە یەکێک بۆ ئەنجامدانی کارێک. بۆ نموونە، مافی زەواج یاخۆ مافی دەنگدان. چوارەمیان، حەسانەکان، واتە کەسێک دەتوانێت نەهێڵێت ببێتە نێچیری هێزی یەکێکی تر. بۆ نموونە، مافی گەنجان و پیر و کەم ئەندامان نەچنە ڕیزی سوپاوە.

ئەو بارودۆخەی تیایدا مافە یاساییەکان لە نێو سیستمێکی سیاسیدا بەکار دێن لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە. لە بەریتانیا، ناوەڕۆکی مافە یاساییەکان لە ڕووی نەریتییەوە لێڵ و نادیارە و هەروەها هەلو مەرجەکەیان کۆمەڵێک پرسیار



هەڵدەگرێت. تا هاوکاری پەیمانی ئەوروپی مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٨٨، زۆربەی مافە تاکە کەسییەکانی وەک مافی ڕای ئازاد و مافی ئازادی بزووتنەوە و ئازادی ئاینی لە نێو یاسادا بەرجەستە نەکرابوون. لە ڕاستیدا، یاسای بەریتانی بە شێوەیەکی گشی پێک هاتبوو لە قەدەغەکردن، ئەمەش ئەوەی تاک دەیتوانی بیلێت و بیکات کۆنترۆڵ دەکرد. بۆ نموونە، هەرچەندە هیچ مافێکی یاسایی نەبوو بۆ ڕای ئازاد لە بەریتانیا، کەچی چەند یاسایەک هەبوو کە ئەوەی هاوڵاتیانی بەریتانی دەیانتوانی بیلێن سنووردار دەکرد لە ڕووی بە درۆخستن و ناو زڕاندن و کوفر و فریودان و هاندان بۆ دەمارگیری و دروستبوونی ڕق و کینەی ڕەگەزی، تا دوایی. بۆیە زۆرجار مافە یاساییەکان لە بەریتانیا بە "پاشە گرفت" residual وەسف دەکرێن، مافە یاساییەکان پشت ڕاست بوون بە گریمانەیەکی یاسای گشتی کە دەڵێت " هەموو شتێک گەر قەدەغە نەکرێت ڕێگەی پێ دەدرێت". مەترسی ئەم حاڵەتەش ئەوەیە کە پێناسەیەکی یاسایی ڕوونی نییە، ڕەنگە ئەستەم بێت یاخۆ مەحاڵ بێت مافە تاکە کەسییەکان لە نێو دادگادا پاڵپشتی لێ بکرێت. ئەم حاڵەتە زۆر ڕوون و ئاشکرایە لەو ڕووداوەی کاتێ لە ساڵانی هەشتاکان حکوومەتی بەریتانی فەرمانەکانی دادگای بەکار هێنا و ڕۆژنامەکانی قەدەغە کرد لە بڵاوکردنەوەی وتار لە سەر spy catcher کە لە لایەن پیتەر ڕایت نووسرابوو. ئەم کتێبە کۆمەڵێک ئیدیعای کرد بوو، لەوانەش: لە ساڵانی حەوتاکان خزمەتگوزارییە ئەمنییەکان هەوڵیان دابوو حکوومەتی کرێکای ویلْسن بشێوێنن.

بە پێچەوانەوە، لە نیۆرک تایمز بەرامبەر ویلایەتە یەکگرتووەکان (١٩٧١)، دادگای باڵای ئەمریکی پشتگیری بڵاوکردنەوەوەی فایلەکانی پنتاگۆنی کرد، کە بریتی بوون لە دۆکیومێنتی هەستیار و زۆر گرینگ دەربارەی تێوەگلانی ئەمریکا لە جەنگی ڤێتنام. کەیسی ئەمریکی پشت ڕاست بوو بە وجوودی بەڵگەنامەی مافەکان و بە تایبەتیش لە سەر هەموارکردنی یەکەمی دەستووری ئەمریکی کە جگە لە شتەکانی تر ڕای ئازاد و ئازادی ڕۆژنامەوانی مسۆگەر کرد. بەڵگەنامەی مافەکان بریتییە لە کۆمەڵێک ماف و ئازادی تاکە کەسی، کە لە نێو یاسای دەستووری یاخۆ یاسای باڵادا بەرجەستە کراوە. زۆرجار دەوترێت با مافە تاکە کەسییەکان دامەزرێت چونکە

ئەم جۆرە دۆکیومێنتانە ئاڵۆز دەکرێن یاخۆ هەموارکردنیان زەحمەتە. بەم شێوەیە، بەڵگەنامەی مافەکان ژمارەیەک سوودی هەیە.

پێش هەموو شتێ بە پێچەوانەی مافە _پاشە گرفتەکان_ کە لە بەریتانیادا هەن، بەڵگەنامەی مافەکان پێناسەیەکی یاسایی ڕوون دابین دەکات بۆ مافە تاکە کەسییەکان. وێڕای ئەمە، دەکرێ بوترێت، دەبێ بەهایەکی پەروەردەیی هەبێت: لە ڕێگەی زیاتر هۆشیارکردنەوەی خەڵک لەو مافانەی کە هەیانە، دەکرێ لە نێو حکوومەت پەرەی پێ بدرێت، لە نێو دادگاکان و لە نێو خەڵکی گشتی و ئەوەی پێی دەوترێت "کولتووری مافەکانی مرۆڤ" ئاشنا بکرێت بە خەڵکی. بەڵام لە هەمووی گرینگتر، بەڵگەنامەی مافەکان میکانیزمێک دادەنێت کە لە ڕێگەیەوە بە شێوەیەکی یاسایی مافەکان بەرگرییان لێ دەکرێت و تاکەکان لە حکوومەتی بالادەست دەپارێزێت. ئەمەش لە ڕێگەی بە گەڕخستنی هێزی "پێداچوونەوەی قەزائی" لە نێو دادگادا دەستەبەر دەکرێت، ئەم هێزە وایان لێ دەکات هێزی دەستە گشتییەکانی تر بپشکنێت گەر پێویست بکات پشت ڕاست بن بە مافە تاکە کەسییەکان.

لەگەڵ ئەوەشدا، بەڵگەنامەی مافەکان ڕەنگە چەند زیانێکیشی هەبێت. بۆ نموونە، پارێزکارە بەریتانییەکان لە ڕووی نەریتییەوە مشتومڕی ئەوە دەکەن کە مافە تاکە کەسییەکان بە باشترین شێوە دەپارێزرێن لە لایەن یاسای گشتییەوە چونکە مافەکان ڕەگیان دادەکوتن لە نێو ئەو داوونەریتانەی کە دەکەونە نێو جەرگەی سیستەمی یاساییەوە. گەر بەراوردێک بکەین، ڕەنگە بەڵگەنامەی مافەکان بە شێوەیەکی توند و دەستکرد بێنە پێش چاو. لە لایەکی ترەوە، زۆرجار کۆمەڵناسەکان ناڕەزایی دەردەبڕن لە دژی بەڵگەنامەی مافەکان لە سەر بنچینەی ئەوەی کە لە خزمەتی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی چینایەتی دان و نایەکسانی کۆمەڵایەتی دەپارێزن. ئەمە دەتوانێت ڕوویدات لە ڕێگەی دانانی مافەکانی موڵکداریەتی و مەحاڵکردنی ناشنەلایزەیشن و داخستنی چاکسازی کۆمەڵایەتی ڕادیکاڵی. یەکێک لە خەوشە هەرە جدییەکانی بەڵگەنامەی مافەکان ئەوەیە کە ئێجگار زۆر دەسەڵاتی قەزائی فراوان دەکات. بەخشینی هاوکێشەیەکی گشتی و نادیاری مافەکان، دادوەرەکان بڕیاری کۆتایی و یەکلاکەرەوە دەدەن، واتە بڕیارە سیاسییەکان لە لایەن



دادوەرانەوە دەردەچن نەک لە لایەن ئەو سیاسەتمەدارانەی کە بە شێوەیەکی دیموکراتی هەڵبژێردراون. لە کۆتاییدا، شتێکی ئاشکرایە کە تەنیا وجوودی بەڵگەنامەی مافەکان مسۆگەری ئەوە ناکات کە ئازادی تاک ڕێزی لێ دەگیرێت. بۆ نموونە دەستووری سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٣٦ و ١٩٧٧، مافە تاکە کەسییەکانی بەڕاستی دامەزراند، بەڵام پابەندبوونی دەسەڵاتی قەزائی بە حیزبی کۆمەنیستەوە دووپاتی کردەوە کە تەنیا چەند مافێک لە واقیعدا ممارەسە دەکران ئەگینا زۆربەیان تەنیا وشە بوون. بە هەمان شێوە، سەرەڕای خستنە کاری هەمواری پێنجەمی دەستووری ئەمریکی، مافی دەنگدان مسۆگەر کرا بە بێ ڕەچاوکردنی ڕەگەز و ڕەنگ یاخۆ مەرجی پێشوو، ڕەشەکان لە گەلێ لە ویلایەتەکانی باشووردا تا ساڵانی شەستەکانیش نەیاندەتوانی دەنگ بدەن.

بەڵام چەند مافێکی تر هەیە کە هیچ پێوەندییان بە کاروباری یاساییەوە نییە و تەنیا وەک بانگەشەی ئەخلاقی وجوودیان هەیە. سادەترین نموونەش لە سەر ئەمە بریتییە لە بەڵێن promise. بەڵێن، کە بە شێوەیەکی نەریتی و بە ئازادی دروست کراوە، ئەرکێکی ئەخلاقی دەخاتە ئەستۆی کەسێک بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێت، ئەو مافەش دەدات بە ئەوەکەی تر کە دەبێ ئەو بەڵێنە جێبەجێ بکرێت. بەڵێنەکە هەر بە هۆی ئەرکێکی ئەخلاقییەوە بەندە تاوەکو نەبێتە فۆرمێکی یاسایی و نەکەوێتە سەر کاغەز. ئەمە بریتییە لەو واقیعەی کە بەڵێن بە ئازادی دروست کراوە و ئەو تەوەقوعەی دروست کردووە کە ئەو بەڵێنە جێبەجێ دەبێت و هەر دەشبێ جێبەجێ بکرێت. بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا مافە ئەخلاقییەکان پشت ڕاستن بە ناوەڕۆکەکەیان. بە واتایەکی دیکە، مافە ئەخلاقییەکان بریتین لە مافە میسالییەکان، کە سوود بە کەسێک دەگەیەنێت کە پێویستی پێی هەیە یانیش شایەنییەتی. کەواتە بە پێی تێڕوانینی سیستەمێکی تایبەتی ئەخلاقی یاخۆ ئاینی. مافە ئەخلاقییەکان ڕەنگدانەوەی ئەوەیە کە خەڵک دەبێ چی هەبێت.

بەڵام، مەترسی مافە ئەخلاقییەکان ئەوەیە کە ڕەنگە تا ڕادەی مەحاڵبوون شاراوە و لێڵ بن و بچووک بکرێنەوە تەنیا بۆ ئەو قسەیەی کە چی لە ڕووی ئەخلاقەوە خوازراوە. ئەم ڕایە زۆر بە وردی لە لایەن جێرێمی بێنتام باسی لێوە کراوە، کە

فەیلەسووفێکی یوتیلیتاریانی بەریتانییە، ئەو کەسە بوو کە ئایدیای مافە ئەخلاقییەکانی ڕەت کردەوە، پێی وابوو کە مافە ئەخلاقییەکان شتێک زیاتر نییە لە ڕێگایەکی هەڵە بۆ وەسفکردنی ئەو مافانە کە دەبێ وجوودیان هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرەڕای گومانی بێنتام، زۆربەی سیستەمەکانی مافە یاساییەکان بە هۆی هەندێ تێڕوانینی ئەخلاقی، بە لایەنی کەم لە تیۆردا، پشتگیری دەکرێن. بۆ نموونە، دۆکیومێنتە یاساییەکانی وەک بەڵگەنامەی مافەکانی ویلایەتە یەککگرتووەکان، جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤی یو ئێن (١٩٤٨) و پەیمانی ئەوروپی بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان (١٩٥٣)، هەمووی لە ئەنجامی هەوڵی فەیلەسووفەکانەوە پەرەیان پێ دراوە بۆ پێناسکردنی "مافەکانی مرۆڤ". بۆ ئەوەی زیاتر لە مافە ئەخلاقییەکان بکۆڵینەوە، پێویستە کاریگەرترین فۆرمی مافە ئەخلاقییەکان تاقی بکەینەوە کە ئەویش بریتییە لە مافەکانی مرۆڤ.

## مافەکانی مرۆڤ Human Rights

ئایدیای مافەکانی مرۆڤ لە سەرەنجامی تیۆرەکانی " مافە سروشتییەکان" ی سەرەتای سەردەمی مۆدێرن پەرەی سەندووە. لە سەرەتادا، ئەو تیۆرانە لە سەرەنجامی ئارەزووی دامەزراندنی هەندێ سنوورەوە سەری هەڵداوە لە سەر ئەوەی چۆن ئەوانی تر مامەڵە لەگەڵ تاک دەکەن، بە تایبەتی ئەوانەی کە هێزی سیاسییان تەنیا بۆ خۆیان پاوان کردووە. بەڵام، گەر مافەکان وەک ئالیەتێکی پشکنین بە سەر دەسەڵاتی سیاسییەوە کار بکەن، ئەوا دەبێ "پیشە یاسایی " بن، یاسا دەبێ لە دروستکردنی دەسەڵاتی سیاسییەوە خۆی ببینێتەوە. لە سەدەی حەڤدەدا، جۆن لۆک مافە سروشتییەکانی بەم شێوەیە دیاری کرد کە بریتین لە مافی "ژیان و ئازادی و موڵک"، سەدەیەک دواتر، تۆماس جێفرسۆن بەم شێوەیە پێناسەی کرد کە بریتین لە مافی " ژیان و ئازادی و وێڵبوون بە دوای خۆشیدا". ئەم مافانە بە مافە سروشتییەکان وەسف دەکران گوایە لە لایەن خواوە بەخشراوەتە مرۆڤ، بۆیە دەبێ بەشێک بن لە ناوەڕۆکی سروشتی هەر مرۆڤێک. مافە سروشتییەکان وەها بە ئاسانی وەک بانگەشە ئەخلاقییەکان وجوودیان نەبوو بگرە وا سەیر دەکران کە



ڕەنگدانەوەی بنەڕەتی ناخی مرۆڤن. ئەو مافانە بریتی بوون لە مەرجە بنەڕەتییەکان بۆ ڕێبەری کردنی وجوودی ڕاستەقینەی مرۆڤ. کەواتە مافە سروشتییەکان شێوازی دەروونی بوون و سەرەڕای ئەوەی سیستەمی ئەخلاقیش بوون.

لە سەدەی بیستەمدا، کزبوونی باوەڕە ئاینییەکان بووە هۆی عەلمانییەتی تیۆرەکانی مافە سروشتییەکان، کە دووبارە لە فۆرمی مافەکانی مرۆڤ لە دایک بوونەتەوە. مافەکانی مرۆڤ ئەو مافانەن کە بە هۆیەوە مرۆڤ مافی خۆی پێ دەدرێت و وەک خۆی دەژیت. کەواتە مافەکانی مرۆڤ بریتین لە مافە گەردوونییەکان لەو سۆنگەوەی کە بەندن بە هەموو مرۆڤێک نەک تەنیا ئەندامانی نەتەوەیەکی تایبەت یاخۆ ڕەگەز، ئاین، گێندەر یان چینێکی کۆمەڵایەتی تایبەت یان هەر شتێکی دیکە. مافەکانی مرۆڤ مافی بنەڕەتیشن لە سەر بنچینەی ئەوەی کە هی مرۆڤن و لە بوونەوەرێکی نامۆوە نەهاتوون، ئەو مافانە ناتوانرێن هەڵبوەشێنرێنەوە یان لە ناو ببرێن. ئەمە زۆر بە ڕوونی باس کراوە لە نێو جاڕنامەی سەربەخۆیی ئەمریکی کە لە ساڵی ١٧٧٦ لە لایەن جێفرسۆنەوە نووسراوە، کە دەڵێ " ئێمە پێ دادەگرین لە سەر ئەم ڕاستییانە کە ڕوون و ئاشکران، کە مرۆڤ هەمووی بە یەکسانی دروست کراون، هەروەها لە لایەن خالقەکەیانەوە چەند مافێکیان پێ بەخشراوە. زۆر کەس هەن پێشنیازیان کردووە کە مافەکانی مرۆڤ مافی ڕەهان، واتە لە هەموو کات و ساتێک و بارودۆخێکدا دەبێ پشتگیری بکرێن. بەڵام، پاڵپشتی کردن لەم بۆچوونە زۆر زەحمەتە چونکە لە کردەدا مافەکان زۆرجار دژی یەکتر هاوسەنگ دەکرێن. بۆ نموونە، ئایا دووپاتکردنەوەی مافێک بۆ ژیان، لە هەر بارودۆخێکدا بێت، سزای لە سێدارەدان و هەموو فۆرمەکانی جەنگ ڕەت دەکاتەوە؟ ناکرێ مافی ژیان ڕەها بێت گەر مافی بەرگری لەخۆ کردن دانی پیا بنرێت.

چەمکی مافەکانی مرۆڤ ژمارەیەک پرسیاری جۆراوجۆر قووت دەکاتەوە دەربارەی ئەوەی دەکرێ کێ بە "مرۆڤ" دابنرێت و ئەو مافانەی کە مرۆڤ پێیەوە بەندە. بۆ نموونە، مشتومڕی توند دەربارەی ئەو خاڵەی کە ژیانی مرۆڤ دەست پێ دەکات، هەروەها ئەو خاڵەی کە تاکەکان فێری ئەرک و مافەکان دەبن. بە تایبەتی، ئایا ژیانی مرۆڤ لە ساتی تێگەیشتنەوە دەست پێ دەکات یاخۆ لە کاتی لە

دایکبوونەوە دەست پێ دەکات؟ ئەوانەی پشتگیری بۆچوونی پێشترن، پشتگیری لەوە دەکەن کە دەیبینن وەک مافەکانی لەدایک نەبوون و مومارەسە ڕەهاکان ڕەت دەکەنەوە وەک لەبارچوون و توێژینەوەی کۆپیکردن. لە لایەکی ترەوە، گەر ژیانی مرۆڤ لە کاتی لە دایک بوونەوە دەست پێ بکات، لە بارچوون بە تەواوی کارێکی پەسن کراوە چونکە ڕەنگدانەوەی مافی ئافرەتە بۆ کۆنترۆڵکردنی جەستەی خۆی. ئەو هەڵوێستە هاودژە تەنیا ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنە جیاوازەکانی ژیان نین بگرە مافەکانیش تەرخان دەکات بۆ مرۆڤ لە سەر چەند بنچینەیەکی جۆراوجۆر.

گرفتی زیاتر لەو واقیعە سەر هەڵدەدات کە کاتێ مافەکانی مرۆڤ دەبنە مافی گەردوونی، مرۆڤەکان وەک یەک نین: ئەمە زۆر بە ڕوونی بەدی دەکرێت لە بیرۆکەی ئەوەی کە ئافرەت لە هەندێ ڕووەوە وابەستەیە بە هەندێ مافەوە کە جیاوازن لە ماقەکانی پیاو. بۆ پێشخستنی مافەکانی ئافرەتان دەبێ مشتومڕی ئەوە بکرێت کە مافەکانی مرۆڤ دەبێ بە یەکسانی، هەروەک چۆن بۆ پیاوانیشە، بۆ ئافرەتانیش بێت. ئەمەش جێبەجێ دەبێت لە سەر مافەکانی ئافرەتان وەک مافی پەروەردە و خوێندن و بەشداریکردن لە کەرتی تایبەت و مافی مووچەی یەکسان و تا دوایی. بەڵام، ڕەنگە مافەکانی ئافرەتان بوەستێتە سەر ئەو واقیعەی کە ئافرەتان چەند پێداویستی و توانایەکی تایبەتیان هەیە کە گەر لەگەڵ پیاودا بەراورد بکرێت ئەوا هیچ مانایەکی نییە و پیاو هەر پێویستییان پێی نییە. ئەو مافانەش بریتین لە منداڵ بوون و چاودێری منداڵ، هەروەها مافی مۆڵەتی منداڵ بوون perinatal maternity leave، بەڵام ئەوەی کە گفتوگۆی زیاتر هەڵدەگرێت ئەو بیرۆکەیە کە جگە لە مافەکانی پیاوان، ئافرەتان وابەستەن بە چەند مافێکی تایبەتییەوە لە هەوڵێک بۆ قەرەبوو کردنەوەیان بۆ ئەو مامەڵە نایەکسانەی هەیە لە لایەن کۆمەڵگەوە بەرامبەر بە ئافرەتان. بۆ نموونە، نەریتە کۆمەڵایەتییەکان منداڵ هەڵگرتن و پەروەردە کردنی منداڵ بە یەکەوە گرێ دەدات، ئیتر ئەمە ئافرەت دەخاتە نێو جیهانێکی دایکایەتی لە ژوورەوە، وای لێ دەکات ببێتە ژنی ماڵ و لەباربردنی تواناکانیان لە دەستەبەر کردنی پەروەردە و گەڕان بە دوای پیشەیەکدا. لەم جۆرە بارودۆخەدا، مافەکانی ئافرەت دەکرێ ببێتە فۆرمێک بۆ پێچەوانە کردنەوەی جیاکاری کە هەوڵی



چاکردنەوەی ئەو نادادپەروەرییە دەدات لە ڕێگەی دانانی پشک بۆ ژمارەیەک ئافرەت لە خوێندنی باڵا و چەند پیشەیەکی دیکە. مادام ئەو جۆرە مافانە دەوەستنە سەر پابەند بوون بە مامەڵەی یەکسان، دەکرێ مشتومڕی ئەوە بکرێت کە ئەو مافانە دەوەستنە سەر بیرۆکەی مافەکانی مرۆڤ. بەڵام، زەحمەتە ڕەچاوی مافەکانی ئافرەتان بکرێت وەک مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ لەبەرئەوەی تەرخان نەکراون بۆ هەموو مرۆڤێک. ئەو مافانەی کە لە ئەنجامی مامەڵەی نایەکسان و نادادپەروەرەکان پەیدا دەبن تەنیا ئەو کاتە مانادار دەبن کە ئەو نایەکسانی و نادادپەروەرییانە بەردەوامی وجوودیان دەسەلمێنێت.

تەنانەت کاتێ ئەو مشتومڕانە بە لاوە دەنرێن، چەند دابەشبوونێکی قووڵ هەیە دەربارەی ئەوەی چ مافێک باشە مرۆڤ مومارەسەی بکات. ئەو ئایدیایەی کە مافەکان پشت ڕاستن بە تیۆرەکان لە هەندێ ڕێگاوە دەوەستنە سەر جیاوازییە ئایدیۆلۆژی و سیاسییەکان، ئەمە بە تەواوی خراپ ڕێبەری کراوە. هەر لە سەرەتاوە، ئایدیای مافە سروشتییەکان بە تەواوی گرێ درابوو بە بیرۆکەی لیبرالی حکوومەتی سنووردار. ئەو هاوکێشە نەریتییەی کە مرۆڤ وابەستەن بە مافی ژیان و ئازادی و موڵک، یاخۆ وێڵبوون بە دوای خۆشی، ئەم مافانە بە بازنەی تایبەت دادەنرێن کە لەگەڵیاندا تاک سەربەخۆیی وەردەگرێت لە دەستتێوەردانی تاکەکانی تر، بە تایبەتیش لە دەستتێوەردانی دەوڵەت. کەواتە ئەو مافانە مافی نێگەتیڤن یاخۆ مافی "دەست لێ هەڵگیراون" forbearance. تەنیا لەو کاتەدا مومارەسە دەکرێن گەر کۆنترۆڵ لە سەر ئەوانی تردا هەبێت. بۆ نموونە، مافی موڵکداریەتی پێویستی بەو سنوورەیە کە دەبێ لە سەر توانای حکوومەت هەبێت بۆ باج، ئایدیایەک بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە لە سەر ئەو بنەمایەی کە "بە بێ نوێنەرایەتیکردن هیچ باجێک لە ئارادا نییە".

بەڵام لە کاتی سەدەی بیستەمدا، چەند مافێکی تر زیاد کران بۆ مافە لیبرال نەریتییەکان، کە ئەمەش دان پیانانێک بوو بە گەشەی بەرپرسیاریەتییەکانی حکوومەت لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا. ئەمانە مافەکانی ئاسوودەگی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بوون، ئەو مافانە پۆزەتیڤن لەبەرئەوەی هی ئەوە نین دەستیان لێ

هەڵبگیرێت و داوای ئەوەش دەکەن کە حکومەت دەستیان تێ وەرنەدات. بۆ نموونە مافی چاودێری تەندروستی پێویستی بە هەندێ فۆرمی دڵنیایی insurance هەیە، گەر سیستەمێکی گشتی فەندکراوی چاودێری تەندروستی نەبێت. جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ سەر بە نەتەوە یەکگرتووکان نەک هەر تەنیا مافە نێگەتیڤە کلاسیکەکان دەگرێتەوە وەک مافی"ئازادی بیر و ڕا و هۆشمەندی و ئاین"، بگرە مافە پۆزەتیڤەکانیش دەگرێتەوە وەک مافی کارکردن و مافی پەروەردە. ئەم جۆرە مافە ئاسوودەگیانە ناکۆکی توندی دروست کردووە لە نێوان سۆشیالیستەکان و پارێزکارەکان، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی دوو شێوازی پێشکەوتووی بە هاوڵاتیبوون. ئەم دەمەتەقێیە لە کۆتایی ئەم بەشەدا پەیوەست بە هاوڵاتیبوونی کۆمەڵایەتی باس کراوە.

لە کۆتاییدا، ئایدیای مافە سروشتییەکان یاخۆ مافەکانی مرۆڤ هێرشیان کرایە سەر، بە تایبەتی لە لایەن یوتیلیتارییەکان و مارکسە کلاسیکەکان. هەروەک پێشتر باس کراوە، جێریمی بێنتام تەنیا دانی بە وجوودی مافە یاساییە پۆزەتیڤەکان داناوە. مافە سروشتییەکان مافی کەسێن یاخۆ کیانی میتافیزیکین، کە بێنتام وەک " مافی دەست نەکردە" وەسفی کردوون. لە لایەکی ترەوە، مارکس ڕێبازی "مافەکانی مرۆڤ"ی وەک ئالیەتێک سەیر کرد بۆ پێشخستنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی موڵک. بە بۆچوونی ئەو، هەموو مافێک بریتی بووە لە "مافی نایەکسانی" چونکە ستاندەردێکی یەکسان بۆ تاکە نایەکسانەکان جێبەجێ دەکات. بۆ نموونە، مافی موڵکدارییەتی دەکرێ وەک مافە بۆرژوازییەکان ڕەچاو بکرێت چونکە مەبەستی زۆر جیاوازی هەیە بۆ هەژار و دەوڵەمەند. تیۆری پابەندبوونی جیهانی چینی بەرژەوەندی بەهێز بەرجەستە دەکات. بۆیە مارکسە مۆدێرنەکان بۆچوونی خۆیان گۆڕیوە لە سەر مافەکانی مرۆڤ. تا ڕادەیەک، ئەم ڕاگۆڕینە لە ئەنجامی فراوانکردنی چەمکەکە بوو کە مافە ئاسوودەگی و کۆمەڵایەتییەکانی گرتە خۆ، ئەو دیدەی دروست کرد کە ئەم مافە دەتوانێت بەرژەوەندی زۆربوونی کار پێش بخات. لە حاڵەتەکانی تردا، مارکسییەکان دانیان بە بەشداریکردن لە مافەکانی مرۆڤ لە پێناو پێشخستنی سنوورە سیاسییەکانی ئازادی. بۆ نموونە، لە خەباتەکەی بۆ چاکسازی یەکیەتیی



سۆڤیەت، میخایل گۆرباتتشۆف پێشنیازی ئەوەی کرد کە مافەکانی مرۆڤ دەبێ بە یەکسانی جێبەجێ بکرێت لە وڵاتە کۆمەنیستی و سەرمایەگوزارییەکاندا، هەروەها پێشنیازی ئەوەشی کرد کە مەزهەبەکە لە کەرتی ئایدیۆلۆژی چەپ و ڕاستی نەریتیدا تێ دەپەڕێنێت.

### تۆماس جێفرسۆن (۱۷٤۳-۱۸۲٦)

فەیلەسووفێکی ئەمریکییە. جووتیارێکی دەوڵەمەند و حاکمی ویلایەتی ڤێرجینیا بوو (۱۷۷۹–۱۷۸۱)، جێفرسۆن یەکەم وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بوو لە ساڵانی ۱۷۸۹ تا ۱۷۹٤، سێیەم سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو لە ساڵی ۱۸۰۱ تا ۱۸۰۹، نووسەرێکی سەرەکی جاڕنامەی سەربەخۆیی ئەمریکا بوو کە لە ساڵی ۱۷۷٦ نووسیویەتی، هەروەها چەندین وتار و نامەی نووسیوە.

جێفرسۆن ئیمانێکی بەهێزی پڕشنگداری دروست کرد لە سەر تەواوەی مرۆڤ و توانای چارەسەرکردنی گرفتە سیاسییەکان لە ڕێگەی جێبەجێکردنی میتۆدە زانستییەکاندا. جێفرسۆن ئایدیاکانی مافە سروشتییەکانی لۆکی بەکارهێنا بۆ دانانی بەرگرییەکی کلاسیک بۆ سەربەخۆیی نەتەوەیی و حکوومەت لە ڕێگەی ڕازی بوونەوە. ڕێبازی جێفرسۆن وەک فۆرمێکی دیموکراتی کشتوکاڵی سەیر دەکرێت کە بۆ دروستکردنی باوەڕێکە لە نێو یاسادا بۆ ئەریستۆکراسیەتێکی سروشتی لەگەڵ پابەندبوون بە حکوومەتی سنووردار و دەرچوونی سەربەخۆیی، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو باوەڕەیە کە " ئەو حکوومەتە باشترین حکوومەتە کە کەمترین حوکم دەکات". لەگەڵ ئەوەشدا، سۆزی خۆی نیشان داوە بۆ چاکسازی کۆمەڵایەتی، بە نیازی فراوان کردنی پەروەردەی گشتی و هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی و یەکسانی ئابووری گەورەتر، هەرچەندە جێفرسۆن بە یەکێک لە دۆزەرەوەکانی هاوپەیمانی دیموکراسی دادەنرێت، کەچی زۆر بە توندی ڕەخنەی لە حیزب و لایەنەکان دەگرت، پێی وایە کە پەرە بە ململانێ و تێکشکاندنی یەکیەتی کۆمەڵگە دەدەن. ئەوانەی کە کۆپیکراوەکان بە قەد گەورەکان بە مرۆڤ دادەنێن، جەخت دەکەنە سەر ئەو باوەڕەی کە ژیان پیرۆزە. بە پێی ئەم بۆچوونە، هەموو شتە زیندووەکان پابەندن بە مافەکان بە بێ ڕەچاوکردنی فۆرم یاخۆ جۆری ئەو ژیانەی کە ڕەنگە لە نێویدا خێر ببینن، بەڵام، گەر خودی ژیان بە بنەمای مافەکان دابنرێن، ئەوا زەحمەتە لەوە بگەیت بۆچی مافەکان دەبێ سنووردار بکرێن تەنیا بۆ مرۆڤەکان، ئاژەڵان و فۆرمەکانی تری ژیان نەگرێتەوە. بە پێچەوانەوە، مشتومڕکردن لە سەر ئەوەی کە ژیانی مرۆڤ تەنیا لە کاتی لە دایکبووندا دەست

پێ دەکات ئەوا ئەمە دانانی بنەمای تەسکترە بۆ تەرخانکردنی مافەکانە، وەک توانای ژیان بە سەربەخۆیی، چێژ وەرگرتن لە پێوەرەکانی بە ئاگابوون، یاخۆ توانای دروستکردنی ئیختیاری ئەقلانی و ئەخلاقی. گەر ئەو جۆرە پێوەرە سەر بگرێت، ئەوا زەحمەتە لەوە بگەین کە چۆن مافەکانی مرۆڤ دەبەخشرێت بەو گرووپانەی کە خۆیان ئەو جۆرە داواکارییانە جێبەجێ ناکەن، بۆ نموونە، منداڵ و ئەو خەڵکانەی کە لە ڕووی ئەقڵی و دەروونییەوە پەکیان کەوتووە.

## مافەکانی ئاژەڵ و مافەکانی دیکە

کۆتایی سەدەی بیستەم سەرهەڵدانی ئاسوودەگی ئاژەڵ و بزووتنەوەکانی ڕزگاری خوازی ئاژەڵانی بە خۆوە بینی وەک بەشێک لە فراوانبوونی مەودای زانستی ژینگە ecologism. بۆ نموونە، ئەمانە هەڵمەتێک بوون بۆ بەرژەوەندی ڕووەکزانی و چاکردنی مامەڵە لەگەڵ ئاژەڵەکانی نێو کێڵگەکان، هەروەها هەڵمەتێک بوو دژی بازرگانی خوری و ئەنجامدانی ئەزموون لە سەر ئاژەڵان. ئەم هەڵمەتانە جێبەجێ کران لە ژێر دروشمی "مافی ئاژەڵان". ئەمەش ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئاژەڵانیش وەک مرۆڤ مافی خۆیان هەیە. لە ڕاستیدا، ئەمە ئەوە دەخاتە ڕوو کە مادام مرۆڤ لە ژیانیدا مافی دراوەتێ، ئەوا هەر دەبێ ئاژەڵانیش مافی خۆیان پێ بدرێت. بە هەقیقەت، مەزهەبی مافەکانی مرۆڤ بە شێوەیەکی خۆنەویستانە بە ئاراستەی مافی ئاژەڵانیش هەنگاو دەنێت. بەڵام، لە سەر چ بنەمایەک دەکرێ بڵێین ئاژەڵانیش دەبێ مافیان هەبێت، هەروەها ئایا بیرۆکەی مافی ئاژەڵان واتابەخشە یان بڵێین مەنتقییە؟

مافی ئاژەڵان لەوەتەی سالانی شەستەکان گەشەی سەندووە لە ئەنجامی گەشەی تیۆرەکانی بواری ژینگە کە هەوڵیان داوە دووبارە پێناسەی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و جیهانی سروشتی بکەن. بە گشتی بۆچوونە نەریتییەکان دەربارەی ئاژەڵان و سروشت لە ڕۆژئاوادا بە هۆی باوەڕی مەسیحییەوە دروست بووە کە خودا دەسەڵاتی بە مرۆڤ بەخشیوە زاڵ بێت بە سەر هەموو جیهاندا، ئەمە ڕەنگی دایەوە لە بەڕێوەبردنیان بە سەر هەموو ڕەگەزەکانی دیکەدا. لە ئەوروپای چاخی ناوەڕاستدا، ئاسایی نەبوو بۆ ئاژەڵان لە نێو دادگادا دادگایی بکرێن لە سەر ئەنجامدانی کارێکی



هەڵە، لە سەر بنچینەی ئەوەی کە وەک دروستکراوی خودا، ئاژەڵان، وەک مرۆڤ، موعەرەز بوون بۆ یاسای سروشت. لە هەمان کاتدا، ئاینی مەسیحی ئەو وانەیەی وتەوە کە مرۆڤ بریتییە لە چەقی دروستکردن و ئاژەڵانیش لە سەر زەوی دروست کراون بۆ خزمەتی پێداویستییەکانی مرۆڤ. بەڵام، لەبەرئەوەی مرۆڤ خاوەنی ڕوحی نەمر نین، بە هەر شێوەیەک بێت ئاژەڵان دەبێ یەکسان بن لەگەڵ مرۆڤ. تیۆرەکانی بواری ژینگە، بە پێچەوانەوە، جەخت دەکەنە سەر ئەوەی کە مرۆڤ نە لە سەر نە لەودیو جیهانی سروشتییەوەن، بگرە مرۆڤ بەشێکی جیانەکراوەن لە جیهانی سروشتیدا. ئەم باوەڕە زۆر نزیکە لە بیرۆکەی پێش مەسیحییەت، هەروەها نزیکە لەو دووپاتکرنەوەی کە لە نێو ئاینی ڕۆژهەڵاتیدا دۆزرایەوە وەک هیندۆیزم و بوزییەکان لە سەر بنچینەی هەموو فۆرمەکانی ژیان. لە پرۆسەکەدا، ئەو جیاوازییە ڕوونەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان وجوودی هەبوو لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ کەوتە ژێر فشارێکی یەکجار زۆرەوە.

بەڵام، جیاکردنەوەی نێوان بیرۆکەی ئاسوودەگیی ئاژەڵان و ئایدیا ڕادیکاڵییەکەی مافی ئاژەڵان گرینگە. ئاسوودەگیی ئاژەڵان ڕەنگدانەوەیەکی خۆنەویستانەیە بۆ خۆشگوزەرانیی ڕەگەزەکانی دیکە، بەڵام نەک ئەوەی کە بە تەواوی لە هەمان ئاستی مرۆڤییان دادەنێت. بۆ نموونە، ئەم جۆرە مشتومڕە لە لایەن فەیلەسووف پیتە سینگە پەرەی پێ دراوە لە کتێبەکەی بە ناوی "ئازادی ئاژەڵ" کە لە ساڵی ١٩٧٥دا چاپ و بڵاوکراوەتەوە. سینگە مشتومڕی ئەوە دەکات کە خەم خواردن لە ئاسوودەگیی ئاژەڵ دەوەستێتە سەر ئەو ڕاستییەی کە وەک بوونەوەرێکی بە سۆز دەتوانن ناخۆشی ببینن. وەک مرۆڤ، ئاژەڵ بەڕوونی حەز دەکات هیچ ئازارێکی جەستەیی نەبێت. بە ڕای سینگە، بەرژەوەندییەکانی ئاژەڵ و مرۆڤ لەم ڕووەوە یەکسانن (واتە هەردووکیان حەز ناکەن جەستەیان ئازاری هەبێت)، هەروەها ئیدانەی هەر هەوڵێک دەکات بۆ دانانی بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ لە سەر ئاژەڵ وەک ڕەگەزێک، کە شوڤێنییەکی هەڕەمکی و نائەقلانییە نەک بە پێچەوانەی سێکسیزم و ڕەچەڵەک. باسی ئاسوودەگیی ئاژەڵ جەخت دەکاتە سەر پێویستیی مامەڵەکردن لەگەڵ ئاژەڵان بەڕێزەوە، هەروەها هەوڵیش بدرێت هەر کاتێک بشێت ئازارەکانیان کەم بکەنەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەنگە دان بەوەدا بنێت کە شتێکی سروشتییە یاخۆ دەشێ بۆ مرۆڤ، وەک هەر ڕەگەزێکی تر، کەیفیان لە جۆری خۆیان بێت و بەرژەوەندیی خۆیان لە پێش هەموو ڕەگەزێکی تر دابنێن. بزووتنەوەی ئاسوودەگیی ئاژەڵ ڕەنگە دژی کارگەی جووتیاران بێت چونکە دڕندەیە بۆ ئاژەڵان، بەڵام ئەوەندەش جەخت ناکاتەوە کە تەنیا پەرە بە ڕووەکی بدرێت. پرسی خۆنەویستانە مامەڵەی یەکسان ناگەیەنێت. باسی مافەکانی ئاژەڵ، لە لایەکی دیکەوە، مانای ڕادیکاڵی تری هەیە بە تایبەتی لەبەرئەوەی ڕاستەوخۆ لە تیۆرەکانی مافی مرۆڤەوە داڕێژراوە.

تیۆرەکانی مافی ئاژەڵان لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی ئەو بنەمایانەی کە چ مافێک تەرخان کراوە بۆ مرۆڤ دروستبوونە. یەکێک لە ئەگەرەکان ئەوەیە کە مافەکان لە نێو وجوودی خودی ژیاندا هەن: مرۆڤ مافی هەیە چونکە بە تاک دەژین. بەڵام، گەر ئەمە ڕاست بێت، ئەوا دەبێ هەمان ماف هەبێت بۆ مەخلووقاتە زیندووەکانی تریش. بۆ نموونە، فەیلەسووفی ئەمریکی تۆم ڕیگان لە کتێبەکەی بە ناوی the case for animal rights (١٩٨٣) باسی ئەوە دەکات کە هەموو ئەو مەخلوقاتانەی کە موعەرەزن بۆ ژیان دەشێن خاوەنی مافی خۆیان بن. بۆیە هەر لە کتێبەکەیدا پێشنیازی ئەوە دەکات کە لەبەرئەوەی مافی ژیان بنچینەی هەموو مافەکانی ترە، کوشتنی ئاژەڵێک هەرچەند بێ ئازاریش بێت هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ کوشتنی مرۆڤێک. بەڵام، ڕیگان دان بەوە دادەنێت کە لە هەندێ ڕووەوە مافەکان بەخشراون بە مرۆڤ لە سەر چەند بنەمایەکی جیاواز، بە تایبەتی ئەوانەی کە بە پێچەوانەی ئاژەڵان توانای بیری ئەقڵانی و ئۆتۆنۆمی ئەخلاقییان هەیە. مافی ڕای ئازاد، ئازادی پەرستن و هەروەها ئازادی دەستبەرکردنی خوێندن ڕەنگە هیچ مانایەکی نەبێت گەر ئەو بدرێن بە ئاژەڵان. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕیگان ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم جۆرە مشتومڕانە سەرکەوتوو نین لە ڕووی کێشانی جیاوازییەکی ڕوون لە نێوان جیهانی ئاژەڵان و مرۆڤدا. بۆ نموونە، چەند حاڵەتێک هەیە کە ڕیگان ناویان لێ دەنێت "حاڵەتە پەراوێزخراوەکان" marginal cases، مرۆڤ لە بەر دەستەوسانی ئەقڵی توانایەکی سنووردارییان هەیە بۆ مومارەسەکردنی ئەقڵ یاخۆ ئۆتۆنۆمی. گەر مافەکان ببەخشرێن لە سەر بنچینەی توانای ئەقڵی و ئەخلاقی نەک خودی ژیان، بێگومان



مرۆڤ وەک ئاژەڵ لە ڕووی نەریتییەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت: واتە مرۆڤیش بۆ خۆراک و جلوبەرگ و ئەزموونی زانستی و دەیان شتی تر بەکار دەهێنرێن. لە هەمان کاتیشدا، هەندێ ئاژەڵ هەن توانای ئەقڵییان هەیە کە زۆر سروشتی پەیوەستن بە مرۆڤەوە، بۆ نموونە، توێژینەوەکان ئەوەیان خستووەتە ڕوو کە سیستەمی پێوەندی کردنی دۆلفینەکان زۆر نزیک و پەیوەستە بە زمانی مرۆڤەوە. بۆیە لە ڕووی مەنتقییەوە، ئەم مشتومڕە ڕەنگە بەخشینی هەندێ ماف بە ئاژەڵان بسەلمێنێت کە هەمان ئەو مافانە بۆ مرۆڤە ڕەت بکرێنەوە.

بەڵام، تێگەیشتن لەوەی چۆن ئەو ئایدیانە تەنیا بە ئاژەڵانەوە دەبەسترێنەوە زەحمەتە. گەر جیاوازی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ کەوتە ژێر پرسیارەوە، ئەی جیاوازی نێوان شیردەرەکان و ماسی چی، یاخۆ جیاوازی نێوان ئاژەڵ و ڕووەک چی؟ بەڵگەکان لە لایەن بایۆلۆژناسەکان وەک لیۆل واتسن (١٩٧٣) پێشنیازی ئەوە دەکات کە، بە پێچەوانەی لێکدانەوە نەریتییەکان، ڕەنگە ژیانی ڕووەک خاوەنی ئەو توانایە بێت هەست بە ئازارە جەستەییەکان بکەن. ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە گەر مافەکان سەر بە ئاژەڵان و مرۆڤ بن ئەوا شتێکی گەمژانەیە ئەو مافانە بۆ ماسی ڕەت بکرێنەوە لە سەر بنچینەی ئەوەی کە ئەوان لە ناو ئاودا دەژین، یاخۆ ئەو مافانە بۆ ڕووەکەکان ڕەت بکرێنەوە تەنیا لەبەرئەوەی ڕا ناکەن لە سەر دوو یان چوار قاچ. هەرچەندە ڕەنگە ئەم جۆرە ئایدیانە بەلای دیدە نەریتییە ڕۆژئاواییەکانەوە قسەی قۆڕ و ناماقووڵ بن، بەڵام باوەڕی پێکەوە بەسترانی هەمو فۆرمەکانی ژیان دووپات دەکاتەوە کە لە نێو ئاینە ڕۆژهەڵاتییەکان باس کراوە و لە لایەن باوەڕەکانی پێش مەسیحیش دانی پیا نراوە. لە لایەکی ترەوە، دەبێ ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە ئەو پێشکەوتنە مادی و کۆمەڵایەتییانەی کە ڕەگەزەکانی مرۆڤ کردوویانە بە دەست هێنراون، بەشێکی، لە بەر حەزی مرۆڤە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەگەزەکانی تردا، هەروەها مامەڵەکردن لەگەڵ جیهانی سروشتی، وەک سەرچاوەیەکی بەردەست بۆ بەکارهێنانەکانی مرۆڤ. بۆ گۆڕینی ئەم پێوەندییە بە هۆی داننان بە مافی ڕەگەزەکانی تر لێکدانەوەی قووڵی گەرەکە نەک تەنیا بۆ ڕەفتاری ئەخلاقی بگرە بۆ ڕێکخستنی مادی و کۆمەڵایەتی ژیانی مرۆڤ.

## ئیکۆلۆجیزم ECOLOGISM

زاراوەی ئیکۆلۆجی لە لایەن ئاژەڵناسی ئەڵمانی ئێرنست هیگڵ لەساڵی ١٨٦٦ داتاشرا بە واتای " لێکۆڵینەوەی تەواوی پێوەندییەکانی ئاژەڵ لە ڕووی ژینگە ئۆرگانی و نائۆرگانییەکەی. ئایدیا ئیکۆلۆجییەکان یاخۆ ئایدیا سیاسیە سەوزەکان دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی نۆزدە، کە هەڵمەتێک بوون دژی پیشەسازی و شارستانییەت. ئیکۆلۆجیزمی مۆدێرن لە ساڵانی شەستەکان سەری هەڵدا لەگەڵ نوێبوونەوەی چەند پرسێک دەربارەی وێرانبوونی ژینگە بە هۆی پیسبوون و ڕووخانی سەرچاوەکان و زۆری ژمارەی دانیشتوان و تا دوایی. ئەم پرسانە لە ڕووی سیاسییەوە بە هۆی زۆری ژمارەی حیزبە سەوزەکان دروست بوون کە ئێستا لە زۆربەی کۆمەڵگە هەرە پێشکەوتووەکاندا کار دەکەن، بە لایەنی کەم لە حاڵەتی سەوزە ئەڵمانییەکاندا، کە پشکن لە دەسەڵاتی حکوومەت، هەروەها لە ڕێگەی کاریگەری ئەو وتە ژینگەیییەی بە هێزەی کە دەڵێت " لە سەر ئاستی جیهاندا بیر بکەرەوە، بەڵام لە سەر ئاستی ناوخۆدا کار بکە" شوێنی خۆیان لە هەموو جیهاندا کردەوە.

خاسیەتی سەرەکی ئیکۆلۆجیزم ئەوەیە کە سروشت بە بەشێکی پێکەوە بەستراو دادەنێت، کە هەموو مرۆڤ و بوونەوەرەکانی تر و جیهانی بێ گیان و بێ جووڵەش دەگرێتە خۆ. ئەم بۆچوونە لە دیدێکی ئیکۆسێنتریک یاخۆ بایۆسێنتریکەوە ئاماژەی پێ کراوە کە پێش هەموو شتێک کۆکە لەگەڵ سروشت یاخۆ هەسارەکە و بۆیە جیاوازە لە ئەنترۆپۆسێنتریک یاخۆ تێڕوانینی هزری نەریتی سیاسی مرۆڤ. لەگەڵ ئەوەشدا، بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆرە ئیکۆلۆجیزم دیاری کراوە. " ئیکۆلۆجی قووڵ" deep ecology بە تەواوی هەموو ئەو باوەڕە هەڵپەسێدراوانە ڕەت دەکاتەوە کە گوایە ڕەگەزی مرۆڤ لە هەندێ ڕووەوە لە پێش هەموو ڕەگەزێکی ترەو لە هەمووشیان گرینگترە، یاخۆ لە ڕاستیدا، لە خودی سروشتیش گرینگترە. ئیکۆلۆجی "تەنک" shallow ecology، بە پێچەوانەوە، وانەکانی ئیکۆلۆجی پەسەند دەکات بەڵام بە توندی بە کۆتایی و پێداویستییەکانی مرۆڤ دەیانبەستێتەوە. بە واتایەکی دیکە، هەوڵی ڕوونکردنەوەی ئەوە دەدات کە گەر ئێمە بتوانین خزمەتی جیهانی سروشتی بکەین، لە بەرابەردا، جیهانی سروشت بە بەردەوامی ژیانی مرۆڤ دەپارێزێت.

ئیکۆلۆجیزمی تەنک یاخۆ مرۆیی یەک دەگرێتەوە لەگەڵ چەند باوەڕ و دیدێکی دیکە، کە نەریتی سیاسی لێ دەکەوێتەوە. ئیکۆسۆشیالیزم، کە هەمیشە لە لایەن مارکسە مۆدێرنەکان پەرەی پێ دراوە، وێرانبوونی ژینگەیی شرۆڤە دەکات لە



ڕووی داوای توندی سەرمایەگوزاری تەنیا بۆ سوود و قازانج. لە هەمان کاتدا، ئیکۆ ئانەکیزم، هێڵێکی هاوتەریب دەکێشێت لە نێوان هاوسەنگی سروشتی لە نێو کۆمەڵگە مرۆیی و سروشتییەکانەوە، کە ئایدیای ئیکۆلۆجی کۆمەلایەتی بەکار دەهێنێت، هەروەها ئیکۆفێمنیزمیش پیاوسالاری وەک سەرچاوەی تەنگژەە ژینگەیییەکان وەسف دەکات. لە لایەکی ترەوە، ئیکۆلۆجی قووڵ، دەچێتە ئەودیو تێڕوانینە سیاسییە نەریتییەکان. سەرمایەگوزاری و سۆشیالیزم بە نموونەی سوپەر ئایدیۆلۆژی پیشەسازی دادەنێت، کە بە زۆری بەرهەمهێنان دەناسرێتەوە و هەروەها بە کەڵەکەبوونی سەرمایە و گەشەسەندنەوە ناسراوە. ئیکۆلۆجی قووڵ پشتگیری یەکسانی بایۆسنتریک دەکات، جەخت لە سەر ئەوە دەکات کە مافی ئاژەڵان هەمان بەهای ئەخلاقی مرۆڤیان هەیە، هەروەها وەسفی سروشت دەکات وەک کۆمەڵگەیەکی ئەخلاقی کە لە نێویدا مرۆڤ هەمووی بە تەواوی هاوڵاتی یەکسان و سادەن.

بەڵام، ژمارەیەک هۆکار بوونەتە هەمپەر لە بەر دەم بڵاوبوونەوەی هزری ئیکۆلۆجی. لەو هۆکارانەش سەرنج ڕاکێشانی سنوورداری دژی گەشەکردنە، یاخۆ بە لایەنی کەم گەشەی پاڵپشتکراو و شێوازی ئابووری و هەروەها ڕەخنەی کۆمەڵگەی پیشەسازیە کە هەندێ جار پێش دەکەوێت لە ئەنجامی دیدێکی لادێیانە و دژە تەکنەلۆژی ئەمەش تەواو پێچەوانەی هەنگاوەکانی جیهانی مۆدێرنە، ئەمەش فۆرمێکی ڕۆمانتیسیزمی دوای سەردەمی پیشەسازییە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئیکۆلۆجیزم بە لایەنی کەم دوو هێزی سەرەکی هەیە. یەکەم، سەرنج دەداتە ناهاوسەنگی لە پێوەندی نێوان مرۆڤ و جیهانی سروشتی کە واقیعێکە بووەتە هەڕەشە بۆ سەر هەردووکیان (مرۆڤ و جیهانی سروشتی). دووەم، ئیکۆلۆجیزم لە هەر نەریتێکی تر زیاتر قووڵ بووەتەوە لە پرسیارکردن و سنووری بەزاندووە لە هزری سیاسی ڕۆژئاواییدا. ئیکۆلۆجیزم پەیوەست بە جیهانگیری نزیکترین شتە کە تیۆری سیاسی هەیەتی بۆ جیهانی فەلسەفی و ڕێگەشی بە هزری سیاسی داوە بەرەو پێشەوە بچێت لە ڕێگەی کولتووره ئاینی و نەتەوەیییەکانەوە، هەروەها لە ڕێگەی ئاینە ڕۆژهەڵاتییەکان وەک بوزیەت و هیندیزم و تاویزم.

## فەیلەسووفە سەرەکییەکان

### ئێرنەست فرێدریک شوماخەر (١٩١١-٧٧)

ئابووریناس و تیۆریستی بواری ژینگەیە، بەریتانییە بەڵام لە ئەڵمانیا لە دایک بووە. شوماخەر جەختی کردووەتە سەر هۆکاری بەرهەمی مرۆڤ و ڕۆڵی بینیوە لە پێشخستنی فەلسەفەی ئیکۆلۆجی. بیرۆکەکەی لە سەر ئابووری بووزی (واتە، ئابووری پەیوەست بە خەڵک) جەخت دەکاتە سەر گرینگی ئەخلاق و مافی ژیان، هەروەها هۆشدارییە دژی ڕووخانی سەرچاوەکانی وزە. هەرچەندە ڕکابەرێکی پیشەسازییە، شوماخەر باوەڕی بە بەرهەمی شیاو و گونجاوە، هەروەها زۆر پاڵپشتی تەکنەلۆژی مام ناوەندی دەکرد، نەک هەموو شتێک ببێتە تەکنەلۆژیا. کارە بە بەناوبانگەکەی: بچووک جوانە کە لە ساڵی ١٩٧٣ چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

### جەیمس لەڤلۆک (١٩١٩- )

کیمیاگەرێکی کەنەدییە، داهێنەر و تیۆریستێکی بواری ژینگەیە. ناسراوە بە شرۆڤەی "گایا". ئەم شرۆڤەیە وەسفی گۆییەتی زەوی دەکات وەک بوونێکی ئاڵۆز و خۆ ڕێکخەر و زیندوو، ناوی لەم شرۆڤەیە ناوە گایا پاش خواوەندە یۆنانییەکانی زەوی. هەرچەندە شرۆڤەی گایا ئایدیا ئیکۆلۆجی فراوانتر دەکات بە هۆی جێبەجێکردنی لە هەسارەکە وەک ئیکۆسستەمێک و هەروەها هەوڵێک دەدات بۆ سروشت، لەڤلۆک پشتگیری تەکنەلۆژیا و پیشەسازی دەکات و یەکێکە لە دژەکانی بیرۆکەی گەڕانەوە بۆ سروشت هەروەها چەند ئایدیەکی وەک پەرستنی زەوی. نووسینە گرینگەکانی ئەمانەن: گایا GAIA (1979، هەروەها THE AGES OF GAIA (1989.

### موری بوکین (١٩٢١- )

فەیلەسووفێکی فەوزەوی کۆمەڵایەتی و ژینگە ناسێکی ئەمریکییە. یەکێکە لە دژە سەرەکییەکانی ئیکۆلۆجی کۆمەڵایەتی. وەک فەوزەوییەک، جەخت دەکاتە سەر هەرەوزی هەرەمەکی و لامەرکەزیەت و کۆمەڵگەی مۆدێرن. بنەماکەی بۆ ئیکۆلۆجی کۆمەڵایەتی ئەو بۆچوونە فراوانتر دەکات کە بنەما ئیکۆلۆجییەکان لە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان پێ جێبەجێ دەبێت، هەروەها باسی ئەوە دەکات کە تەنگژە ژینگەییەکان ئەنجامێکی لێک جیابوونەوەی ئۆرگانی کۆمەڵگە و سروشتە. کارە سەرەکییەکانی ئەمانەن: SCARCITY ANARCHISM (1971) POST، ئیکۆللۆجی ئازادی (١٩٨٢)، دروستکردنەوەی کۆمەڵگە (١٩٨٩).



### ڕودۆڵف باهرۆ (١٩٣٦-١٩٩٨)

نووسەرێکی ئەڵمانییە و چالاکێکی سەوزە. باهرۆ هەوڵی ئاشتکردنەوەی سۆشیالیزم و تیۆرە ئیکۆلۆجییەکانی دا. قسەی لە سەر ئەوەیە کە سەرمایەگوزاری بریتییە لە ڕەگی کێشە ژینگەییەکان، ئەم بۆچوونە پاڵی پێوەنا ئەوە دووپات بکاتەوە کە ئەوانەی بەندن بە مانەوەی مرۆڤ دەبێ بگۆڕێن بۆ سۆشیالیزم، هەروەها ئەو خەڵکەی کە پشتگیری دادوەری کۆمەڵایەتی دەکەن دەبێ پشتگیری ئیکۆلۆجی بکەن و بیپارێزن. کارە سەرەکییەکانی باهرۆ ئەمانەن: سۆشیالیزم و مانەوە (١٩٨٢)، لە سوورەوە بۆ سەوز (١٩٨٤)، هەروەها بونیاتنانی بزووتنەوەی سەوز (١٩٨٦).

### کاڕۆلین مێرچنت (١٩٣٦- )

فێمنیست و ئەکادیمییەکی ئەمریکییە. کارەکانی مێرچنت جەخت دەکەنە سەر لکاندنی نێوان چەوسانەوەی گێندەر و مردنی سروشت. پەرەی بە ڕەخنەی فێمنیستی سۆشیالیستی دا لە سەر شۆڕشی زانستی کە دواجار وێرانبوونی ژینگەی شی کردەوە لە ڕووی بۆچوونی سروشتەوە کە لە لایەن مرۆڤەوە جێبەجێ دەکرێت. بە پێی ئەم بۆچوونە، شۆڕشێکی ئیکۆلۆجی جیهانی دەبێتە هۆی دروستکردنەوەی پێوەندییە گێندەرییەکان سەرەڕای پێوەندی نێوان مرۆڤ و سروشت. ئایدیاکانی کاریگەرییەکی بەرچاویان هەبوو لە سەر مێژووی ژینگە و فەلسەفە و ئیکۆفێمنیزم. کارە سەرەکییەکان: مردنی سروشت (١٩٨٠)، ئیکۆلۆجی ڕادیکاڵی (١٩٩١).

## پابەندبوونەکان OBLIGATIONS

پابەندبوون بریتییە لە داواکارییەک یاخۆ ئەرکێک بۆ ئەنجامدانی کارێک بە ڕێگایەکی تایبەتی. A.H. هارت (١٩٦١) جیاوازی کردووە لە نێوان " پابەند بکرێیت" BEING OBLIGED بۆ کردنی شتێک کە جۆرێک لە ناچار کردن و زۆری لێ کردن دەگەیەنێت، هەروەها " هەبوونی پابەندبوونێک HAVING AN OBLIGATION بۆ ئەنجامدانی شتێک کە تەنیا ئەرکێکی ئەخلاقی دەگەیەنێت. هەرچەندە ژمێریارێکی بانک بە زۆری و بە ناچاری پارە دەدات بە چەکدارێک، لەو کاتەدا هیچ پابەندبوونێکی نییە پارەی نێو بانکەکە بدات بە چەکدارەکە، بەڵام چەکدارەکە وای

لێ دەکات بە زۆری پارەکەی پێ بدات. ئەمەش لە جیاوازی نێوان پابەندبوونی یاسایی و ئەخلاقیدا بەدی دەکرێت. پابەندبوونە یاساییەکان، وەک دانی باج و سەرنجدان بە یاساکانی تر، لە ڕێگەی دادگاوە دەسەپێنرێت و پشت ڕاستن بە سیستەمێکی سزادان. ڕەنگە ئەم پابەندبوونانە پشتگیری بکرێن لە سەر بنچینەی هۆشیارکردنەوە: ئایا یاساکان ڕاستن یان چەوتن، گوێڕایەڵی دەکرێن لە بەر ترسی سزادان. پابەندبوونە ئەخلاقییەکان، کە باسی ئەم بەشەیە، جێبەجێ دەکرێن نەک لەبەرئەوەی ئەنجامدانیان کارێکی هەستیارە بگرە لەبەرئەوەی ئەم جۆرە ڕەفتارە لە ڕووی ئەخلاقییەوە بە کارێکی ڕاست دادەنرێت. بۆ نموونە، دانی بەڵێنێک واتە تۆ دەکەویتە ژێر پابەنبوونێکی ئەخلاقی و دەبێ جێبەجێی بکەیت، بە دەر لەو سەرەنجامانەی کە لە شکاندنی بەڵێنەکە دەکەوێتەوە.

لە دیدێکەوە، ماف و پابەندبوونەکان دوو ڕووی یەک دراون. گەر یەکێک مافێکی هەبێت دەبێ یەکێکی تر پابەند بکات بەوەی کە دەبێ پشتگیری یاخۆ ڕێز لەو مافە بگرێت. لەو دیدەوە، مافە تاکە کەسییەکان، کە لە پێشدا باس کراون، پابەندبوونی زەحمەت دەخاتە سەر شانی دەوڵەت. بۆ نموونە، گەر مافی ژیان مافێکی واتابەخش بێت، ئەوا حکوومەت پابەندە بە پاراستنی سیستەمی گشتی و مسۆگەر کردنی ئەمنییەتی شەخسی. مافە نێگەتیڤەکان دەوڵەت پابەند دەکات بەوەی کە هێزی خۆی سنووردار بکات، مافە پۆزەتیڤەکان دەوڵەت پابەند دەکات ژیانی ئابووری ڕێک بخات، خزمەتگوزاری و ژیانێکی ئاسوودە دابین بکات، تا دوایی. بەڵام، گەر تەنیا هاوڵاتیان هەڵگری مافەکان بن و هەموو پابەندبوونەکانیش لە سەر دەوڵەت بێ، ئەوا ژیانی ڕێکوپێک و شارستانی مەحاڵ دەبێت: ئەو تاکانەی خاوەن مافن بەڵام دان نانێن بە هیچ پابەندبوونێک ئەوا بێ یاسا و بێ کۆنترۆڵ دەبن. کەواتە، هاوڵاتیبوون ماف و پابەندبوونەکان دەگرێتە خۆ، بنەڕەتترینیان کە لە ڕووی نەریتییەوە پێی دەوترێت "پابەندبوونە سیاسییەکان"، ئەرکی هاوڵاتی بۆ دانان بە دەسەڵاتی دەوڵەت و گوێڕایەڵ بوونی یاساکانی دەوڵەتە.

تەنیا فەوزەویە فەلسەفییەکانی وەک ڕۆبێرت پوڵ وۆڵف کە وەک هزرمەندێکی سیاسی پابەندبوونە سیاسییەکان ڕەت دەکاتەوە، هەروەها سوورە لە سەر ڕێزی



ڕەها بۆ ئۆتۆنۆمی تاک. بەڵام، هزرمەندە سیاسییەکانی تر مشتومڕی ئەوە ناکەن کە ئایا پابەندبوونە سیاسییەکان وجوودیان هەیە یان نا بگرە قسە لە سەر ئەوە دەکەن کە لە سەر چ بنەمایەک پابەندبوونی سیاسی پێش دەکەوێت. لێکدانەوەی کلاسیکی پابەندبوونی سیاسی لە نێو ئایدیای "گرێبەندی کۆمەڵایەتی"دا بەدی دەکرێت، ئەو باوەڕەی کە بنچینەی ئەخلاقی و ئەقڵی ڕوون هەن بۆ ڕێزگرتن لە دەسەڵاتی دەوڵەت. بەڵام، هزرمەندەکانی دیکە، دوورتر ڕۆیشتوون و پێشنیازی ئەوە دەکەن کە پابەندبوونەکان و بەرپرسیارییەتییەکان و ئەرکەکان بە تەواوی گرێبەندی نین بگرە لەبری ئەوە خاسیەتی سەرەکی هەر کۆمەڵگەیەکی سەقامگیرن. لەگەڵ ئەوەشدا، چەند تیۆرستێک پابەندە سیاسییەکان بە ڕەها ناو زەند دەکەن. بەڵام، ئەوەی کە ئەوان لە سەری ناکۆکن ئەوەیە کە دەکرێ سنووری پابەندە سیاسییەکان بکێشرێت. باشە لە چ ئاستێکدا هاوڵاتی ئەرکدار ئازاد دەکرێت لەو پابەندبوونەی کە دەبێ گوێڕایەڵی دەوڵەت بێت، بە پێچەوانەوە ئایا ئەمە مافێکی یاخیبوون نییە؟

## پابەندبوونە گرێبەندییەکان Contractual Obligations

تیۆری گرێبەندی کۆمەڵایەتی Social contract theory بە قەد خودی فەلسەفەی سیاسی کۆنە. هەندێ فۆرمی گرێبەندی کۆمەڵایەتی لە نووسینەکانی ئەفلاتوون دۆزراوەتەوە، ئەمە بەردی بناغەی هزرمەندانی سەدەی حەڤدە و هەژدە بوو وەک هۆبز و لۆک و ڕۆسۆ، هەروەها لە سەردەمی مۆدێرندا لە نووسینەکانی تیۆریستەکانی وەک جۆن ڕاوڵسدا نوێ کراوەتەوە. "گرێبەندێک" بریتییە لە ڕێکەوتنێکی فەرمی لە نێوان دوو لایەن یان زیاتر. بەڵام، گرێبەندەکان بریتین لە جۆرێکی تایبەت لە ڕێکەوتن، دەوەستنە سەر ئارەزوو و ڕێکەوتنی دوو لا بە هاوبەشی لە سەر چەند خاڵێک. لە ڕاستیدا، چوونە نێو گرێبەندێک واتە دانی بەڵێنێک و پابەند بوون بە خاڵەکانییەوە. کەواتە ئەم گرێبەندە دەچێتە قاڵبێکی ئەخلاقی و هەندێ کات دەچێتە قاڵبی پابەندبوونێکی یاسایی. "گرێبەندێکی کۆمەڵایەتی" بریتییە لە ڕێکەوتنێک لە نێو چەند هاوڵاتییەک، یاخۆ لە نێوان هاوڵاتی و دەوڵەت، کە لە ڕێگەیەوە هاوڵاتی دەسەڵاتی دەوڵەت لە بەرابەر سوودەکان پەسەند

دەکات کە تەنیا هێزێکی سەروەر دەتوانێت ئەو سوودانە دابین بکات. بەڵام، بنەماکانی ئەم گرێبەندە و پابەندبوونەکانی کە پەیوەستە پێیەوە بوونەتە سەرچاوەی ناکۆکیەکی قووڵ.

فۆرمی پێشتری تیۆری گرێبەندی کۆمەڵایەتی بە وردی لە "CRITO" ئەفلاتوون باسی لێوە کراوە. پاش دادگاییکردنەکەی لە سەر تێکدانی مێشکی گەنجانی ئەسینا و دواجاریش مردنی، سوقرات بۆ کریتۆی هاوڕێی ئەوە ڕوون دەکاتەوە بۆچی ڕاناکات لە بەندیخانە. سوقرات ئاماژە بەوە دەکات کە بە هۆی هەڵبژاردنی ژیانی لە ئەسینا و چێژ وەرگرتن لە ئیمتیازەکانی ژیانی وەک هاوڵاتییەکی ئەسینایی هەمیشە بەڵێنی دابوو کە ڕێز لە یاسای ئەسینا بگرێت، بۆیە بەڵێنەکەی بردە سەر تەنانەت گەر ژیانی خۆیشی لە سەر دابنێت. لەو تێڕوانینەشەوە، پابەندبوونە سیاسییەکان لە ئەنجامی ئەو سوودانەوە سەر هەڵدەدات کە لە ژیانی نێو کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو دەستەبەر دەکرێت. پابەندبوون بەگوێڕایەڵبوونی دەوڵەت دەوەستێتە سەر بەڵێنێکی شاراوە کە لە لایەن ڕاستییەکی سادەوە دراوە کە هاوڵاتیان ئەوە هەڵدەبژێرن لە نێو سنوورەکەیدا بمێننەوە. بەڵام، ئەم مشتومڕەش زۆر ئاستەنگی دێتە پێش. پێش هەموو شتێک، کارێکی وەها ئاسان نییە ئەوە بخەیتە ڕوو کە هاوڵاتییەکان بەڵێنیان داوە یاخۆ گەیشتوونەتە ڕێکەوتنێک، ئەمەش زۆر ڕوون و ئاشکرا نییە. ئەو هاوڵاتییانەی کە بەڵێنیان داوە و چوونەتە نێو گرێبەندی هاوڵاتیبوون بریتین لە هاوڵاتییە سروشتییەکان، ڕەنگە سوێندێکی فەرمیشیان ئیمزا کردبێت کە هیچ سوودێکیان لێ وەرنەگرتووە و بۆیەشە هیچ پابەندبوونێکیان نییە، یاخۆ بڵێین کاریگەری دەوڵەت لە سەریان بێ بەزەییانە و دوژمنکارانەیە. بیرۆکەی پابەندبوونی سیاسی سوقرات بێ مەرجە، واتە ڕەچاوی ئەوە ناکات کە چۆن دەوڵەت دروست بووە یاخۆ چۆن ڕەفتار دەکات. دواجار، سوقرات وای بۆ دەچێت کە ئەو هاوڵاتییانەی قەناعەتیان بە دەوڵەتێک نییە زۆر بە ئاسانی دەبنە سەرنشینی دەوڵەتێکی تر. لە کردەدا، ڕەنگە ئەمە زەحمەت یان مەحاڵ بێت: کۆچ بە بەکارهێنانی هێز سنووردار دەکرێت. وەک ئەوەی لە حاڵەتی جوولەکەکانی سۆڤیەت، لە ڕێگەی بارودۆخە ئابوورییەکانەوە، ڕێساکانی کۆچکردن لە لایەن وڵاتانی ترەوە دەسەپێنرێت.



تیۆرەکانی گرێبەندی کۆمەڵایەتی سەدەی حەڤدە و هەژدە، لە بەشی سێیەمدا بە قووڵی باس کراوە، پەرە بە بنەمای مەرجدار دەدەن بۆ پابەندبوونە سیاسییەکان. هزرمەندانی وەک هۆبز و لۆک جەختیان کردووەتە سەر شیکردنەوەی ئەوەی چۆن دەسەڵاتی سیاسی لە نێو مرۆڤەکاندا سەر هەڵدەدات کە لە ڕووی ئەخلاقییەوە ئازاد و یەکسانن. بە بۆچوونی هۆبز و لۆک، مافی حوکمکردن دەبوایە بوەستێتە سەر ڕازیبوونی گەل. هۆبز و لۆک ئەمەیان شی کردەوە لە ڕێگەی شیکردنەوەی سروشتی کۆمەڵگەیەک بە بێ حکوومەت، کە پێی دەوترێت "دەوڵەتی سروشت". وەسفی ئەوان بۆ دەوڵەتی سروشت زۆر سەرنج ڕاکێش نەبوو: شەڕێکی بەربەری ناوخۆ لە لایەن هەمووان و دژی هەمووان، کە ئەم شەڕە بە هۆی کۆنترۆڵ نەکردنی هێز و سامانەوە ڕووی دا. بۆیە پێشنیازی ئەوەیان کرد کە تاکە ئەقڵانییەکان دەبێ بگەنە ڕێکەوتنێک، یاخۆ گرێبەندێکی کۆمەڵایەتی، کە بە هۆیەوە دەسەڵاتێکی گشتی دەبێ دامەزرێت و سەقامگیری و سیستەم مسۆگەر بکات. ئەم گرێبەندە بووە بنەمای پابەندبوونە سیاسییەکان، واتە ئەرکی ڕێزگرتن لە یاسا و دەوڵەت. بەڵام، لە چەند حاڵەتێکدا، تیۆریستە گرێبەندەکان باوەڕیان بەوە هەبوو کە گرێبەندی کۆمەڵایەتی بریتی بوو لە واقیعێکی مێژوویی، حاڵەکانی ئەم گرێبەندە دەکرێ بخرێنە نێو یاسا و تاقی بکرێنەوە. هەروەها وەک ڕێبازێکی فەلسەفیش بەکارهێنرا کە لە ڕێگەیەوە تیۆریستەکان توانییان گفتوگۆ بکەن لە سەر بنچینەی ئەوەی کە هاوڵاتیان دەبێ گوێڕایەڵی دەوڵەتی خۆیان بن. بەڵام، ئەو ئەنجامانەی کە ئەوان پێی گەیشتوون زۆر لە یەکتر جیاوازن.

تۆماس هۆبز لە کتێبەکەی بە ناوی "لێڤیسیان" leviathan کە لە ساڵی ١٦٥١ نووسراوە و لە ساڵی ١٩٦٨ بۆ جاری دووەم چاپ کراوەتەوە، باسی ئەوە دەکات کە هاوڵاتیان پابەندبوونێکی ڕەهایان هەیە بۆ گوێڕایەڵی دەسەڵاتی سیاسی، بێ گوێ دانە ئەوەی حکوومەت چ ڕەفتارێک دەکات. لە ڕاستیدا، هۆبز پێی وابوو کە وجوودی هەر دەوڵەتێک، هەرچەند چەوسێنەر بێت، باشترە لەوەی کە دەوڵەت هەر نەبێت، چونکە گەر دەوڵەت نەبێت دەبێتە هۆی تێکچوونی سەقامگیری و باربەریزم. بۆچوونەکانی هۆبز هەمووی لە سەر مەترسییەکانی سەقامیگری و تێکچوونی

ئارامییە، ئەم بۆچوونانەشی لە بەر ئەوە بووە کە خۆی نالاندویەتی لە شەڕی ناوخۆی ئینگلیزی. بەڵام، زەحمەتە باوەڕەکەی قبوڵ بکەیت کە هەر فۆرمێکی ناڕەزایی و هەر سنوورێک لە سەر پابەند بوونی سیاسی دەبێتە هۆی ڕووخانی هەموو دەسەڵات و دەبێتە هۆی دووبارە دامەزراندنەوەی دەوڵەتی سروشت. بە ڕای هۆبز، هاوڵاتیان لە بەردەم ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی گەورەدان لە هەڵبژاردنی نێوان ڕەهابوون و فەوزەوییەت.

بۆچوونێکی بەدیل و هاوسەنگتر لە سەر پابەندبوونە سیاسییەکان لە نووسینەکانی جۆن لۆکدا بەدی دەکرێت. نووسینەکانی لۆک لە سەر ئەسڵی پابەندبوونی سیاسی بۆ دامەزراندنی دوو گرێبەند. یەکەمیان، گرێبەندی کۆمەڵایەتی کە لە لایەن تاکەکانەوە وەردەگیرێت کە کۆمەڵگە پێک دێنن. لە ڕاستیدا، تاکەکان قوربانییان بە بەشێک لە ئازادی خۆیان دا بۆ ئەوەی سیستەمی سەقامگیری مسۆگەر بکەن کە تەنیا کۆمەڵگەیەکی سیاسی دەتوانێت پێشکەشی بکات. دووەم گرێبەند، یاخۆ"متمانە"، بەسترا لە نێوان کۆمەڵگە و حکوومەت، لە ڕێگەیەوە دووەمیان دەسەڵاتی پێ بەخشرابوو مافە سروشتییەکانی هاوڵاتیانی بپارێزێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گوێڕایەڵی حکوومەت بە مەرجە لە سەر دەوڵەت کە لایەنی گرێبەندی خۆی جێبەجێ دەکات. گەر دەوڵەت بووە ستەمکار دژی تاک، تاک مافی ئەوەی هەیە یاخی بێت، کە ئەمەش تەواو ئەو خاڵەیە کە لۆک پێی وابوو ڕووی داوە لە شۆڕشی مەزنی ساڵی ١٦٨٨، کە بووە هۆی لادانی بنەماڵەی ستوارت. بەڵام، بە ڕای لۆک، یاخی بوون پێک دێت لە لابردنی حکوومەت لە لایەن کۆمەڵگەوە نەک لێکترازان و تواندنەوەی گرێبەندی کۆمەڵایەتی و گەڕانەوە بۆ دەوڵەتی سروشت.

فۆرمێکی جیاوازی تیۆری گرێبەندی کۆمەڵایەتی لە لایەن ژان ژاک ڕۆسۆوە لە کتێبەکەی بە ناوی گرێبەندی کۆمەڵایەتی (١٧٦٢ و ١٩٦٩ چاپ کراوەتەوە) پەرەی پێ دراوە. لە کاتێکدا هۆبز و لۆک پێیان وابوو مرۆڤ بوونەوەرێکە هەمیشە بە دوای دەسەڵاتدا دەگەڕێت و لە مەودایەکی تەسکدا دەڕوانێتە تەنیا بەرژەوەندییەکانی خۆی، ڕۆسۆ بۆچوونێکی گەشبینتری هەیە لە سەر سروشی مرۆڤ. ڕۆسۆ سەرسام بوو بە بیرۆکەی "noble savage" و پێی وابوو کە ڕەگی نادادوەری لە نێو خودی تاکی



مرۆڤدا نییە بگرە دەکەوێتە نێو کۆمەڵگە خۆی. بە بۆچوونی ڕۆسۆ، حکوومەت دەبێ بوەستێتە سەر "ویستی گشتی" general will، ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگە لە دژی ویستی تایبەتی، یاخۆ هەستی خۆویستی لە هەر ئەندامێکدا. لە ڕووێکەوە، ڕۆسۆ بە لای تیۆری گرێبەندی کۆمەڵایەتی ئۆرتۆدۆکسیدا دەچوو، ڕۆسۆ لەم بۆچوونەی دەیوت کە تاک بەستراوەتەوە بە یاساکانی کۆمەڵگە، بە ویستە گشتییەکەشیەوە، مەگەر تەنیا خۆی ڕازی بێت ببێت بە ئەندامێکی ئەو کۆمەڵگەیە. بەڵام لە هەمان کاتدا، دەکرێ ویستی گشتی بە تەنیا وەک بنەمایەک بەدی بکرێت بۆ پابەندبوونی سیاسی. بە هۆی دروستکردنی ویستی گشتی دەوڵەت کار دەکات لە پێناو بەرژەوەندی هەر تاکێکی خۆی. بەم شێوەیە، پابەندبوونی سیاسی وەک ناوەندێک سەیر دەکرێت بۆ گوێڕایەڵبوونی یەکێک لە خودی ڕاستەقینەی خۆی. بەڵام، ئەم جۆرە تیۆرەی پابەندبوونە لا دەدات لە ئایدیای ئەوەی کە حکوومەت لە ئەنجامی ڕازی بوونەوە بێت. لە بەر کوێربوون بەکەمتەرخەمی و خۆویستی، ڕەنگە هاوڵایتان بەوە نەزانن کە ویستی گشتی بەرژەوەندی ڕاستەقینە بەرجەستە دەکات. لەم جۆرە بارودۆخەشدا، ڕۆسۆ دانی بەوە ناوە کە دەبێ هاوڵاتیان بە زۆری ئازاد بکرێن، بە واتایەکی تر هاوڵاتیان دەبێ ناچار بکرێن گوێڕایەڵی خودی ڕاستەقینەی خۆیان بن.

## ئەرکی سروشتی Natural duty

تیۆرەکانی گرێبەندی کۆمەڵایەتی، هەر جۆرێکیان بێت، هاوبەشن لەو باوەڕە گشتییەی کە بنەمای ئەقڵانی و ئەخلاقی هەیە بۆ گۆێڕایەڵبوونی دەسەڵاتی دەوڵەت. بۆیە پێ لە سەر ئەوە دادەگرن کە پابەندبوونی سیاسی دەوەستێتە سەر ئیختیار و بڕیاری تاک، دەوەستێتە سەر کاری تایبەتی پابەندبوونی ئارەزوومەندانە. بەڵام، ئەو تیۆرە ئارەزوومەندانە بێ سێ و دوو لە هەموو جیهاندا پەسەند کراون. هەندێ ئاماژە بەوە دەکەن کە گەلێ لەو پابەندبوونانەی تاک پێیەوە بەندە، ناتوانن لە ڕێکەوتنی گرێبەندییەوە سەر هەڵبدەن. نەک هەر تەنیا ئەمە لە زۆربەی حاڵەتەکانی پابەندبوونی سیاسی دروستە، بگرە تەنانەت ڕوونە لە پێوەندی بە ئەرکە

کۆمەڵایەتییەکانیشەوە، وەک ئەرکەکانی مناڵ بەرامبەر بە دایک و باوکیان، کە پێش ئەوەی مناڵ هیچ توانایەکی هەبێت بۆ چوونە نێو گرێبەندەوە وجوودیان هەیە. وێڕای ئەمەش، تیۆرەکانی گرێبەندی کۆمەڵایەتی دەوەستنە سەر لێکدانەوەی تاکە کەسی، ئەوە دەگەیەنن کە کۆمەڵگە دروستکراوی مرۆڤە یاخۆ دەستکردە، لە لایەن تاکە سەربەخۆیە ئاقڵەکانەوە پێک هاتووە. ئەمە ڕەنگە لە بنەڕەتدا سروشتی کۆمەڵگە بشێوێنێت و سەرنەکەوێت لە ناسینەوەی ئەو پلەیەی کە کۆمەڵگە یارمەتی دروستکردنی ئەندامانی دەدات و ئەرک و بەرپرسیاریەتیان پێ دەسپێرێت.

دوو بەدیلی سەرەکی هەن بۆ گرێبەندی کۆمەڵایەتی وەک بنەمایەک بۆ پابەندبوونی سیاسی. یەکەمیان ئەو تیۆرانە دەگرێتەوە کە ئاسایی بە مەبەستدار teleological وەسف دەکرێن، لە وشەی telos یۆنانییەوە هاتووە، واتە مەبەستێک یاخۆ ئامانجێک. ئەو تیۆرانە پێشنیازی ئەوە دەکەن کە ئەرکی هاوڵاتیان ڕێزگرتنە لە دەوڵەت، هەروەها گوێ ڕایەڵبوونی کۆماندەکانی دەوەستێتە سەر ئەو سوود و باشییانە کە دەوڵەت دابینیان دەکات. ئەمە لە هەر پێشنیازێکی تر بەدی دەکرێت کە پابەندبوونی سیاسی لەو ڕاستییە سەر هەڵدەدات کاتێ دەوڵەت کار بۆ بەرژەوەندی و باشی گشتی دەکات، ئەمە لە زاراوەی ویستی گشتی ڕۆسۆ باس کراوە. کاریگەرترین تیۆری مەبەستدار بریتی بووە لە یوتیلیتاریانیزم، بە زاراوەی سادە، ئەوە دەگەیەنێت کە هاوڵاتیان دەبێ گوێڕایەڵی حکوومەت بن چونکە حکوومەت هەوڵ دەدات بۆ دەستەبەرکردنی گەورەترین خۆشی بۆ زۆرترین کەس.

بەڵام، دووەم کۆمەڵە تیۆر بەندە بەو ئایدیەی کە ئەندامبوون لە کۆمەڵگەیەک کارێکی سروشتییە، کە لە هەر حاڵەتێکدا پابەندبوونی سیاسی بە ئەرکێکی سروشتی دادەنرێت. سەیرکردنی پابەندبوونی سیاسی بەم شێوەیە واتە لادان لە ئایدیای ڕەفتاری ئارەزوومەندانە. ئەرک بریتییە لە کردارێک کە یەکێک پێیەوە بەندە و دەبێ لە بەر هۆکاری ئەخلاقی ئەنجامی بدات. تەنیا کردارێکی پەسەندکراوی ئەخلاقی نییە. بۆیە قەرزی سوپاسگوزاری debt of gratitude کە لە دیدی سوقراتدا واتە قەرزداری ئەسینا بوو ڕێگەی پێ نەدا بەرەنگاری یاخۆ ڕووبەڕووی یاساکانی بێتەوە، تەنانەت گیانی خۆیشی لە سەر دانا. ئایدیای ئەرکی سروشتی زۆر بە



تایبەتی سەرنجی هزرمەندە پارێزکارەکانی ڕاکێشاوە، کە سوورن لە سەر ئەو پلەیەی کە هەموو گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، بە کۆمەڵگە سیاسییەکانیشەوە، پێکەوە بەستراونەتەوە بە هۆی درککردن بە پابەندبوونی هاوبەش و بەرپرسیاریەتی هاوبەشەوە.

پارێزکارەکان لە رووی نەریتییەوە لە چەند ڕێچکەیەک دوور دەکەونەوە وەک "مافەکانی مرۆڤ"، نەک هەر تەنیا لە بەرئەوەی ئەو مافانە دەرهەست و بێ بەها بن بگرە لە بەرئەوەش کە مامەڵە لەگەڵ تاک دەکەن وەک بوونەوەری پێشەکۆمەڵایەتی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە مرۆڤ دەکرێ بە بوونەوەرێکی دەرەوەی یاخۆ ئەودیوی کۆمەڵگەدا ڕەوچاو بکرێت. بە پێچەوانەوە، پارێزکارەکان وەک شتێکی ئۆرگانی لە کۆمەڵگە دەگەن و هەروەها وا دەزانن کە کۆمەڵگە بە هۆی هێزێکی ناوەکییەوە دروست بووە کە لەو دیو توانای تاکە کۆنترۆڵی بکات. دامەزراوە مرۆییەکان وەک خێزان و کەنیسە و حکوومەت بە پێی ئارەزووەکان و پێداویستییەکانی تاک دروست نەبوونە بگرە بە هۆی هێزەکانی پێوستی سروشتی دروست بوونە کە یارمەتی پشتگیری کۆمەڵگەش دەدەن. کەواتە ئەوە کۆمەڵگەیە پشتگیری تاکەکان دەکات و پەروەردەیان دەکات و دەیانپارێزێت، لە ئەنجامیشدا کۆمەڵێک بەرپرسیاریەتی و ئەرک و پابەندبوونیان دەخاتە ئەستۆ. ئەمانە نەک هەر تەنیا ئەو پابەندبوونە دەگرنەوە بۆ گوێڕایەڵی یاسا و ڕێزگرتن لە ئازادی ئەوانی تر، بگرە ئەرکی کۆمەڵایەتی فراوانتریش دەگرنەوە وەک پشتگیری دامەزراندنی دەسەڵات، گەر بشێت، بەرپرسیاریەتی ئۆفیسی گشتیش بگرنە ئەستۆ. بەم شێوەیە، پارێزکارەکان مشتومڕی ئەوە دەکەن کە پابەندبوونی هاوڵاتیان بە حکوومەت هەمان سیفەتی ئەرک و ڕێزگرتنی هەیە کە مناڵ بەرامبەر دایک و باوکیان هەیانە.

هۆی ئەرکی کۆمەڵایەتی لە لایەن سۆشیالیست و تیۆریستە کۆمەڵایەتی و دیموکراتییەکان پەرەی پێ دراوە. سۆشیالیستەکان جەخت دەکەنە سەر پێداویستی بۆ کۆمەڵگە و هاوکاری، ئەوە دووپات دەکەنەوە کە مرۆڤ لە جەوهەردا مەخلووقێکی کۆمەڵایەتی و فراوانە. کەواتە ئەرکی کۆمەڵایەتی بە دەربڕینێکی پراکتیکی کۆمەڵگە دادەنرێت. ڕەنگدانەوەی بەرپرسیاریەتی هەر مرۆڤێکە بەرامبەر ئەندامەکانی تری

کۆمەڵگە. بۆ نموونە، ئەمە ڕەنگە پاڵ بە سۆشیالیستەکانەوە بنێت بەرپرسیاریەتی قورستر بخەنە سەر شانی هاوڵاتیان کە لیبرالەکان ئامادەن ئەمە بکەن. ئەمانەش ڕەنگە پابەندبوونی کارکردن بۆ کۆمەڵگە بگرنەوە، ڕەنگە لە ڕێگەی جۆرێک لە فەرمانبەریەتی و خزمەتگوزاری گشتی، هەروەها ئەرکی دابینکردنی هاوکاری ئاسوودەگی بۆ ئەوانەی کە ناتوانن چاودێری خۆیان بکەن. کۆمەڵگەیەک کە تیایدا تاکەکان تەنیا خاوەنی مافن و بە هیچ ئەرکێک یاخۆ پابەندبوونێک نازانن، ئەوا ئەو کۆمەڵگەیەیە کە تیایدا بەهێزەکان خۆش دەژین و بێهێزەکانیش با سەر لە دیوار بدەن. ئەم جۆرە مشتومڕە لە نێو کۆمیونیتاریانە فەوزەوییەکانیشدا ڕوو دەدات. هەرچەندە فەوزەوییە کلاسیکەکان وەک پڕاودهۆن و باکۆنین و کرۆپۆتکین قسەکانی دەسەڵاتی سیاسی ڕەت دەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا درک بەوە دەکەن کە کۆمەڵگەیەکی تەندروست داوای ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و هاوکاری و ڕێزدار دەکات لە ئەندامەکانی. ئەمەش دەچێتە نێو تیۆری پابەندبوونی کۆمەڵایەتی کە لە هەندێ ڕووەوە هەمان شتە لەگەڵ بیرۆکە نەریتییەکەی پابەندبوونی سیاسی.

## سنوورەکانی پابەندبوونی سیاسی

پابەندبوونی سیاسی هەر ئەرکی گوێڕایەڵ بوونی یاسایەکی تایبەت نییە بگرە ئەرکێکی هاوڵاتییانە بۆ ڕێزگرتن و گوێڕایەڵی دەوڵەت. کاتێ سنوورەکانی پابەندبوونی سیاسی تێ دەپەڕن، هاوڵاتی هەر تەنیا لە ئەرکی گوێڕایەڵبوونی دەوڵەت ئازاد نابێت، بگرە دەرفەتێکیش وەردەگرێت ئەویش مافی یاخیبوونە. یاخیبوون هەوڵێکە بۆ ڕووخانی هێزی دەوڵەت، هەمیشە پێکهاتووە لە کۆمەڵێک هاوڵاتی، کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا توندوتیژی بەکار دەهێنرێت. هەرچەندە هەر ڕاپەڕینێکی سەرەکی لە دژی حکوومەت بە یاخیبوون وەسف دەکرێت، زاراوەکە زۆرجار لە گرێبەندێک بەکار دەهێنرێت بۆ شۆڕش بۆ وەسفکردنی هەوڵی ڕووخانی حکوومەتێک نەک گۆڕینی تەواوی ڕێژیمێکی سیاسی. دەکرێ یاخیبوون بە چەندین ڕێگای جیاواز بسەلمێنرێت. لە هەندێ حاڵەتدا، کاری یاخیبوون ڕەنگدانەوەی باوەڕێکە کە حکوومەت هەرگیز مومارەسەی دەسەڵاتی شەرعی ناکات. بۆ نموونە، ئەمە بەدی



دەکرێت لە حاڵەتی حوکمی کۆلۆنیالی، کە حکوومەت هیچ نییە جگە لە دەسەڵاتێکی زاڵبوون: حکوومەت بە هۆی هێز دەسەپێنرێت و لە ڕێگەی زۆری لێکردنێکی سیستەماتیکی دەپارێزرێت. یاخیبوون لە هیندستان لە دژی حوکمی بەریتانی، لە ڕاستیدا خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کە لە ئاسیا و ئەفریقیادا ڕووی داوە، بە دوای سەلماندن نەگەڕاوە لە ڕووی پابەندبوونی سیاسییەوە. بێگومان، هیچ ئەرکێک بۆ گوێڕایەڵی حوکمی کۆلۆنیالی دانی پیا نەنراوە، بۆیە هیچ سنوورێک بۆ پابەند بوون نابێ ببەزێنرێت. بەڵام، لە حاڵەتی شۆڕشی ئەمریکی ساڵی ١٧٧٦، یاخیبوونی ١٣ ویلایەتی ئەمریکی کە لە ژێر حوکمی بەرتیانی دابوون بە ئاشکرا سەلمێنرا لە ڕووی مافی یاخیبوون کە ڕەگی هەبوو لە نێو تیۆری پابەندبوونی سیاسی.

شۆڕشگێڕە ئەمریکییەکان زۆر پشتیان دەبەستا بەو ئایدیانەی کە جۆن لۆک پەرەی پێ دابوون لە کتێبەکەی بە ناوی "دوو پەیمان لە سەر حکوومەتی مەدەنی" (کە لە ساڵی ١٦٩٠ و ١٩٦٥ چاپ کراوەتەوە). لۆک جەختی لە سەر ئەوە دەکرد کە پابەندبوونی سیاسی مەرجدارە لە سەر ڕێزگرتن بە مافە سروشتییەکان. لە سەر ئەم بنچینانە لۆک هاوکاری شۆڕشی مەزنی ئینگلیزی کرد کە بووە هۆی ڕووخانی حوکمی ستوارت و بووە هۆی دامەزراندنی نیزامی پاشایەتی دەستووری لەژێر سایەی ویلیەم و ماری. جاڕنامەی سەربەخۆیی ئەمریکی گرێدرابوو بە بنەماکانی گرێبەندی کلاسیکی کۆمەڵایەتی. پێش هەموو شتێ، ئەو جاڕنامەیە دەڵێت حکوومەت دەستکردی مرۆڤە، لە لایەن مرۆڤەوە دروست کراوە بۆ خزمەتکردنی مەبەستەکانیان. کەواتە هێزی حکوومەت سەرچاوەی گرتووە لە ڕازیبوونی گەل. بەڵام، ئەو گرێبەندەی حکوومەتی لە سەر بەندە زۆر تایبەتە: مرۆڤ چەند مافێکی ئاسایی پێ بەخشراوە وەک "مافی ژیان و ئازادی و گەڕان بە دوای خۆشیدا". هەروەها مەبەستی حکوومەت ئەوەیە کە ئەو مافانە مسۆگەر بکات و بیانپارێزێت. ڕوون و ئاشکرایە، پابەندبوونی سیاسی ڕەها نییە، هاوڵاتیان پابەندبوونێکیان هەیە گوێڕایەڵی حکوومەت بن گەر حکوومەت بە بەردەوامی ڕێز لەو مافە بنەڕەتییانەی هاوڵاتیان بگرێت. کاتێ حکوومەت دەبێتە دیکتاتۆرییەکی ڕەها، جاڕنامەی سەربەخۆیی ئەمریکی دەڵێت " گەل مافی هەیە ئەو حکوومەتە بگۆڕێت یاخۆ هەڵوەشێنێتەوە و حکوومەتێکی نوێ

دامەزرێنێت". بە واتایەکی دیکە، سنوورەکانی پابەندبوونی سیاسی گەیشتوون و هاوڵاتیان مافیان هەیە، لە ڕاستیدا ئەرکێکیان هەیە، یاخی بن دژی ئەو جۆرە حکوومەتە و "پاسەوانی نوێ دابنێن بۆ ئەمنییەتی داهاتوویان".

ئەو جۆرە بنەما "لۆک"یانە بە قووڵی ڕەگیان داکوتاوە لە ئایدیا و لێکدانەوە لیبراڵەکان. تیۆرەکانی گرێبەندی کۆمەڵایەتی ئەوە دەگەیەنن کە لەبەرئەوەی دەوڵەت لە لایەن حکوومەتێک دروست کراوە لە نێو تاکە ئاقڵەکانەوە، دەبێ خزمەتی بەرژەوەندییەکانی هەموو هاوڵاتییەک بکات و دەبێ بێ لایەنیش بێت. بە هەمان شێوە، گەر دەوڵەت سەرنەکەوێت لە ئەرکە بنەڕەتییەکەی کە پاراستنی مافەکانی هاوڵاتیانە، ئەوا هەموو هاوڵاتیانی بەرەو نەمان دەبات نەک هەر تەنیا چەند گرووپێک یاخۆ تایفەیەکی دیاریکراو. بە پێچەوانەوە، پارێزکارەکان بەم شێوەیە ئامادە نین دان بەوە دابنێن کە پابەندبوونی سیاسی پابەندبوونێکی مەرجدارە. پارێزکارە دەسەڵاتچییەکان، یاوەرانی هۆبز، هۆشداری ئەوە دەدەن کە هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەک بۆ دامەزراندنی دەسەڵات مەترسی ڕووخانی وجوودی سیستەمی هەنووکەیی لێ دەکەوێتەوە. ئەمە بوو وای لە ڕەخنەگری توندی فەرەنسی کرد "جۆزێف دو مێستغ" پێشنیازی ئەوە بکات کە سیاسەت پشتڕاستە بەو واقیعەی کە تەواو گوێڕایەڵی گەورەکەت بیت. بە پێی ئەم بۆچوونە، بۆچوونی سنوورێک بۆ پابەندبوونی سیاسی زۆر ترسناکە. هەرچەندە پارێزکارە مۆدێرنەکان دیموکراسی و دەستووریەت لە خۆ دەگرن، کەچی زۆرجار دەترسن پرۆتستۆ بکەن و یاخی بن و شۆڕش بەرپا بکەن، هەروەها ئاگادار نین بەو سوودانەی کە حکوومەتی بەهێز دابینی دەکات.

بەڵام، مارکسییەکان و فەوزەوییەکان بۆچوونێکی زۆر جیاوازیان هەیە لە سەر پابەندبوونی سیاسی. مارکسە کلاسیکەکان هەموو ئایدیایەکی گرێبەندی کۆمەڵایەتی ڕەت دەکەنەوە و لە بری ئەوە پێیان وایە کە دەوڵەت ئالیەتێکە بۆ چەوسانەوەی چینەکان. ئەمەش بریتییە لە دەوڵەتێکی بۆرژوازی. کەواتە ئەرکی دەوڵەت پاراستنی مافەکانی هاوڵاتیان نییە بە قەد ئەوەی بەرگری کردن یاخۆ پێشخستنی بەرژەوەندییەکانی چینی حوکمڕانە. لە ڕاستیدا، مارکسەکان لە ڕووی



نەریتییەوە تیۆرەکانی گرێبەندی کۆمەڵایەتی بە ئایدۆلۆژی دادەنێن لە ڕووی ئەوەی کە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی چین دەکات بە هۆی شاردنەوەی ئەو تەناقوزانەی کە سەرمایەگوزاری و هەموو کۆمەڵگە چینایەتییەکان لە سەری بەندن. لەو دیدەوەش، بیرۆکەی پابەندبوونی سیاسی ئەفسانەیەکە یاخۆ وەهمێکە کە مەبەستی تەنیا ئاشتکردنەوەی پرۆلیتارییەکانە لە هەڵقۆزینەوەیان بە بەردەوامی. هەرچەندە فەوزەوییەکان ڕەنگە بیرۆکەی پابەندبوونی کۆمەڵایەتی پەسەند بکەن، ئایدیای پابەندبوونی سیاسی، بە بۆچوونی ئەوان، تەواو دامەزراو نییە. گەر دەوڵەت کیانێکی چەوسێنەر و هەڵقۆزەر و ستەمکار بێت، ئەوا ئەو ئایدیایەی کە تاکەکان ڕەنگە پابەندبوونێکی ئەخلاقیان هەبێت بۆ پەسەندکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت تەواو پووچ و بێ مانایە. بە واتایەکی دیکە، پابەندبوونی سیاسی شتێک زیاتر نییە لە کۆیلایەتی.

## هاوڵاتیبوون Citizenship

هەروەک پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە، چەمکی هاوڵاتیبوون سەرچاوەی گرتووە لە هزری سیاسی یۆنانی کۆن. هەروەها هاوڵاتیبوون یەکێک بووە لە مەبەستە سەرەکییەکانی نەریتی سیاسی کۆماری. لە سادەترین فۆرمیدا، "هاوڵاتی" بریتییە لە ئەندامێکی کۆمەڵگەیەکی سیاسی کە کۆمەڵێک مافی پێ بەخشراوە و لەگەڵ کۆمەڵێک پابەندبوون. کەواتە هاوڵاتیبوون ئەو پەیوەندییە دەنوێنێت لە نێوان تاک و دەوڵەت، کە هەردووکیان بە یەکترییەوە بەستراون بە هۆی ماف و پابەندبوونی دوو لایەنە. (واتە دەوڵەت پابەندبوون و مافی هەیە دەبێ هاوڵاتی ڕێزیان لێ بگرێت، بە پێچەوانەشەوە ڕاستە بۆ هاوڵاتییان). بەڵام، سروشتی ئەم پەیوەندییە مایەی گفتوگۆ و تاوتوێ کردنە. بۆ نموونە، هەندێ وەک بارێکی یاسایی سەیری هاوڵاتیبوون دەکەن کە دەکرێ بابەتییانە پێناس بکرێت، کەچی ئەوانی تر وەک ناسنامەیەک لە هاوڵاتیبوون دەڕوانن، هەستێکی دڵسۆزییە. چەند پرسێکی قورس سەریان هەڵدا بە هۆی پەیوەندی نێوان هاوڵاتیبوون و ناسنامەکانی تری تاک، وەک هەستی نەتەوایەتی و ئەخلاق و ئاین و ئەندامبوونی چینایەتی. بەڵام، گرینگترین پرسیار پەیوەستە بە سروشتی ماف و پابەندبوونەکانی هاوڵاتیان، هەروەها پرسیاری هاوسەنگی

هەردووکیان. هەرچەندە هاوڵاتیبوون زۆرجار وا دەردەکەوێت کە لە سەرووی سیاسەتەوەیە لەو سۆنگەوەی کە هەموو تیۆریستەکان ئامادەن پشتگیری بکەن، لە کردەدا ژمارەیەک چەمک هەن بۆ هاوڵاتیبوون. گرینگترینی ئەو چەمکانە هاوڵاتیبوونی کۆمەڵایەتی و هاوڵاتیبوونی چالاکە.

## کۆماریزم Republicanism

هزری سیاسی کۆماری دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆماری ڕۆمان، سەرتاییترین شێوازی بەرگری سیسەرۆ بوو لە حکوومەتی تێکەڵ کە لە "کۆمار"دا پەرەی پێ دراوە. لە سەردەمی ڕینەیسانسی ئیتاڵیادا بووژایەوە وەک شێوازێک بۆ ڕێکخستنی دەوڵەت–شارەکانی ئیتاڵیا کە تا ڕادەیەک ئازادی مەدەنی هاوسەنگ کرد لە دژی سەقامگیری سیاسی. فۆرمی زیاتری کۆماریزم دەرهاویشتەی شۆڕشی ئینگلیزی و ئەمریکی و فەرەنسی بوون. هەرچەندە ئایدیا کۆمارییەکان لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی لیبرالیزم شکستیان هێنا، کەچی بایەخێکی یەکجار زۆریش دەدرێت بە کۆماریزمی مەدەنی لەوەتەی ساڵانی شەستەکانەوە، بە تایبەتی لە نێو هزرمەندە کۆمیونیتاریانەکاندا.

کۆماریزم تەواو بە پێچەوانەی پاشایەتی پێناسە دەکرێت. بەڵام، زاراوەی کۆمار نەک هەر تەنیا پێشنیازی نەبوونی نیزامی پاشایەتی دەکات بگرە، لەبەرئەوەی ڕەگی وشەیەکی لاتینییە، ئەوە دەگەیەنێت کە حوکمێکی میللی و گشتی هەبێت. بابەتی سەرەکی تیۆری سیاسی کۆماری بریتییە لە فۆرمێکی تایبەتی ئازادی. بە بۆچوونی پیەتیت (١٩٩٧)، ئازادی کۆماری بە مەبەستی پاراستن ئازادی تێکەڵ دەکات، لە دژی حکوومەتی هەڕەمەکی یاخۆ ستەمکار، لەگەڵ بەشداری تەواو و چالاک لە ژیانی گشتی و سیاسیدا. هزرمەندە کۆمارییەکان ئەم بۆچوونەی ئازادییان تاوتوێ کردووە یان ئەوەتا پەیوەست بە باوەڕە ئەخلاقییەکان یاخۆ بە پێکهاتە دامەزراوەییەکان. لایەنی ئەخلاقی کۆماریزم لە باوەڕی مەدەنیدا دەربڕاوە، کە ڕوحانییەتی گشتی و شەرەف و نیشتمانپەروەری دەگرێتەوە. ئەخلاقی کۆماریزم بەستراوەتەوە بە پاڵەپەستۆی چالاکی گشتی بە سەر چالاکیی تایبەت، هەروەک لە سەدەی بیستەمدا لە کارەکەی حەنا ئارندت باس کراوە. تەرکیزی دامەزراوەیی کۆماریزم هەمیشە لەگەڵ حکوومەت باس کراوە کە توخمە پاشایەتی و ئەرستۆکراتی و دیموکراسییەکانی تێکەڵ کردووە، شۆڕشە ئەمریکی و فەرەنسییەکان کۆماریزمیان دروست کرد بە هۆی جێبەجێکردنی لە سەر تەواوی نەتەوەکان نەک هەر تەنیا لە سەر کۆمەڵگە بچووک و دیاریکراوەکان،



هەروەها بە هۆی ڕەچاوکردنی ئەنجامەکانی حکوومەتی دیموکراتی مۆدێرن.

تیۆری سیاسی کۆماری مەبەستی ئەوە بوو کە بەدیلێک پێشکەش بکات بە لیبرالیزمی تاک کەسی. لە پشتگیری کردنی فۆرمی هیومانیزمی مەدەنیدا، هەوڵ دەدات دووبارە زاڵبوونی گشتی دامەزرێنێتەوە وەک سەرچاوەی جێبەجێکردنی کەسی، بۆیە بەرگری تایبەتمەنێدتی و بازاڕی سیاسەت دەکات بە هۆی تیۆری ئیختیاری ئەقڵانی. بەڵام، بێهێزی کۆماریزم ئەوەیە کە ڕەنگە ڕوون نەبێت و تێڕوانینە سیاسییەکانی ڕەنگە تاکید نەبن. تیۆری کۆماری ڕەخنەی لێ گیراوە چونکە وەک تیۆرێکی پۆزەتیڤ ئازادی بەشدار دەکات (ئەمە سیفەتی کۆماریزمی مەدەنییە)، یاخۆ لەبەرئەوەی هەوڵی جیا کردنەوەی ئازادی نێگەتیڤ و پۆزەتیڤ دەدات. لە ڕووی سیاسییەوە، ڕەنگە کۆماریزم لەگەڵ فۆرمی جیا جیای سیاسی جیاواز هەڵبکات، وەک حکوومەتی پەرلەمانی و پاشایەتی دەستووری و دیموکراسی ڕادیکاڵی، حکوومەتی دابەشکراو بە دەست دەهێنرێت لە ڕێگەی فیدراڵیزم و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان.

## فەیلەسووفە سەرەکییەکان

### نیکۆلۆ ماکیاڤیللی

ماکیاڤیللی هەوڵی نوێکردنەوەی ئەو فۆرمەی کۆماریزم دەدا کە دەوەستایە سەر سەرسامی کۆماری ڕۆمان. هەر تەنیا باسی ئەوەی نەدەکرد کە سیستەمی کۆماری باشترین ڕێگایە بۆ ئاشتکردنەوەی گرژییەکان لە نێوان ئەرستۆکراتییەکان و خەڵکدا، بگرە جەختی دەکردە سەر گرینگی هەستی نەتەوایەتی لە پاراستنی سەقامگیری سیاسیدا. ماکیاڤیللی باسی ئازادی دەکرد لەگەڵ خۆ حوکمکردن و پێی وابوو کە بەشداری سەربازی و سیاسی ئالیەتی گرینگن بۆ مسۆگەرکردنی جێبەجێکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤ.

### چارلس لویس دو سیکۆندات مۆنتێسکین (١٦٨٩-١٧٥٥)

فەیلەسووفێکی سیاسی فەرەنسییە. مۆنتێسکین فۆرمێکی لیبرالیزمی پەرلەمانتاری ئاشنا کرد کە پشت ڕاست بوو بە نووسینەکانی لۆک، هەروەها تا ڕادەیەک پشت ڕاست بوو بە خوێندنەوەی خراپی ئەزموونی سیاسی ئینگلیزی. مۆنتێسکین جەختی دەکردە سەر پێداویستی بۆ بەرگری ستەمکاری بە هۆی دابەشکردنی دەسەڵاتی حکوومەت لە ڕێگەی ئالیەتی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان.

جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان ئەوە دەگەیەنێت کە حکوومەت بە سەر سێ لقی جیاوازدا دابەش بێت ئەویش جێبەجێکردن و یاسا دانان و قەزائی. گرینگترین کاری مۆنتێسکێن ڕوحی یاساکانە (١٧٤٨).

## تۆماس پێین (١٧٣٧-١٨٠٩)

شۆڕشگێڕ و نووسەرێکی بەریتانییە. زۆر بە توندی دژی سیستەمی پاشایەتی دەوەستایەوە و زۆریش پشتگیری سیستەمی کۆماری دەکرد. پەرەی بە دیدێکی ڕادیکاڵی دا لە نێو هزری لیبرالدا کە جەختی دەکردە سەر مافەکانی تاک لەگەڵ باوەڕ بوون بە سەروەری میللی. هەروەها هێرشی دەکردە سەر ئاینی دامەزراو و بەشداری دەکرد لە ڕێچکەی یەکسانی کە بووە هۆی شێوازی ئاسوودەگی دەوڵەت و دابەشکردنەوەی سامان. کارە گرینگەکانی ئەمانەن: هەستی گشتی (١٧٧٦)، مافەکانی مرۆڤ (١٧٩١–٢)، سەردەمی ئەقڵ (١٧٩٤).

## بێنجامین کۆنستانت (١٧٦٧-١٨٣٠)

نووسەر و سیاسەتزانێکی فەڕەنسییە. کۆنستانت ناسراوە بەپشتگیریکاری دەستووریەت، هەروەها ناسراوە بە شرۆڤەکەی لە سەر ئازادی. جیاوازی کرد لە نێوان ئازادییە کۆنەکان و ئازادیە مۆدێرنەکان. بە ڕای ئەو، ئازادییە کۆنەکان واتە بەشداری ڕاستەوخۆ و خۆ حوکمکردن، بەڵام ئازادییە مۆدێرنەکان واتە مافە تایبەتییەکان و تەداخول نەکردن. لە کاتێکدا، ڕۆس و جاکۆبینس جەختیان دەکردە سەر ئازادی کۆن، کۆنستانت پێشنیازی هاوسەنگییەکی کرد لە نێوان ئازادییە کۆن و مۆدێرنەکان کە بە دەست دەهێنرێت لە ڕێگەی نوێنەرایەتی کردن و پشکنینی دەستووری. کارە سەرەکییەکەی ئەمەیە: بنەماکانی سیاسەت (١٨١٥).

## جەیمس مادیسۆن

مادیسۆن یەکێکە لە پاڵپشتە گرینگەکانی کۆماریزمی دەستووری. باسە سەرەکییەکەی لە سەر ئەوەبوو کە لە ڕێگەی دامەزراوەکانەوە ململانێ دروست دەبێت و ئازادی سیاسی مسۆگەر دەکرێت. خاسیەتی سەرەکی ئەمە هەوڵێک بوو بۆ مسۆگەرکردنی ئەوەی کە "دەسەڵات ئالیەتێکە بۆ پشکنینی دەسەڵات". لە سەر ئەم بنەمایە، مادیسۆن بەرگرییەکی بەهێزی کرد لە فرە لایەنی و حکوومەتی دابەشکراو، هەمیشە پشتگیری بنەماکانی دەستووری ئەمریکی دەکرد وەک فیدراڵیزم و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان.



# توخمەکانی هاوڵاتیبوون

ئەو پێناسە سادەیەی هاوڵاتی کە دەڵێت "بریتییە لە ئەندامێکی کۆمەڵگەی سیاسی" بە داخەوە زۆر لێڵە. یەکێک لە هەوڵەکان بۆ پاککردنەوەی بیرۆکەی هاوڵاتیبوون بریتییە لە پێناسەکردنی لایەنە یاساییەکەی، هەروەها بە هۆی گەڕانەوە بۆ ماف و پابەندبوونە تایبەتییەکان کە دەوڵەت دەیخاتە ئەستۆی ئەندامانی، پاک دەکرێتەوە. کەواتە هاوڵاتیان دەبێ لە "نامۆکان" جیا بکرێنەوە، بنەڕەتیترین مافی هاوڵاتیبوون بریتییە لە مافی ژیان و کارکردن لە وڵاتێک، کە نامۆکان یاخۆ "هاوڵاتییە بێگانەکان" لەوانەیە ڕێگەیان پێ بدرێت یان نەدرێت کار بکەن تیایدا، لە ژێر هەلومەرجی دیاریکراو و ماوەیەکی سنووردار. هەروەها ڕەنگە هاوڵاتیان ڕێگەیان پێ بدرێت دەنگ بدەن، بچنە هەڵبژاردنەکان و بچنە نێو چەند کارێکی تایبەت، بە تایبەتی خزمەتی سەربازی و حکومی، کە ڕەنگە ئەو بوارانە کراوە نەبن بۆ ئەوانەی کە هاوڵاتی نین. بەڵام، هاوڵاتیبوونی یاسایی تەنیا بە بارێکی فەرمی دەناسرێتەوە، بە بێ ئەمە هاوڵاتیان هەست ناکەن کە ئەندامێکی کۆمەڵگەی سیاسین. لەو سۆنگەوەش، هاوڵاتیبوون دەبێ بەشێکی بابەتی و دەروونی بێت: هاوڵاتی لە چوارچێوەی ئەقڵدا دەناسرێتەوە، بە هەستێکی دڵسۆزی بۆ دەوڵەتەکەی دەناسرێتەوە، تەنانەت ئامادەش بێت بۆ بەرگریکردن. تەنیا خاوەنی مافە یاساییەکان مسۆگەری ئەوە ناکات کە تاکەکان هەست بکەن هاوڵاتی ئەو وڵاتەن. ئەندامانی گرووپەکان هەست دەکەن دوورە پەرێزن لە دەوڵەتەکەیان. ئەمەش لە بەر نەبینینی سوودی کۆمەڵایەتی و جیاکاری ڕەگەزییە، ئەمانە بە هاوڵاتی تەواو دانانرێن، هەرچەندە ڕەنگە مافی زۆر شتیشیان هەبێت. ئەم جۆرە کەسانە خۆیان بە هاوڵاتی پلە دوو دادەنێن، گەر هەندێ جار پلە ٣ ش نەبێت.

بەڵام، بێگومان، هاوڵاتیبوون گرێ دراوە بە توانای مومارەسەکردنی کۆمەڵە مافێک. هەوڵی کلاسیکی بۆ دیراسەی مافەکانی هاوڵاتیبوون لە لایەن تی. هێچ مارشاڵ لە کتێبەکەی بە ناوی (هاوڵاتیبوون و چینی کۆمەڵایەتی" (١٩٦٣) باسی لێوە کراوە. مارشاڵ هاوڵاتیبوونی پێناسە کردووە وەک " ئەندامیەتی تەواوی کۆمەڵگە" و هەوڵی دەرەنجامی پرۆسەکەی داوە کە لە ڕێگەیەوە هاوڵاتیبوون بە

دەست دەهێنرێت. هەرچەندە خووێکی تایبەتی گرتبوو بە ئەزموونی بەریتانی، شرۆڤەکەی مارشاڵ کاریگەری کەمتری هەبوو لە سەر جیاکاری لە نێوان مافە جۆر بە جۆرەکانی هاوڵاتیبوون. بە بۆچوونی مارشاڵ، یەکەم، مافە مەدەنییەکان پێش هەموو مافەکانی تر دێن بۆ پێشخستن، کە بەم شێوەیە پێناسە دەکرێن " مافی پێویست بۆ ئازادی تاک". ئەم مافانەش وەک: ئازادی بیرورِا، کۆبوونەوە و بزووتنەوە و هۆشیاری و مافی یەکسانبوون لە بەردەم یاسا و مافی خاوەنیەتی موڵک و مافی چوونە نێو گرێبەندەکان و تا دوایی. کەواتە مافە مەدەنییەکان لە نێو کۆمەڵگەی مەدەنیدا مومارەسە دەکرێن، هەروەها وجوودیان دەوەستێتە سەر دامەزراندنی حکوومەتی سنووردار، حکوومەتێک کە رێز لە ئۆتۆنۆمکی تاک بگرێت. دووەمیان، مافە سیاسییەکانن کە دەرفەت بۆ تاک دەرەخسێنن بۆ ئەوەی بەشدار بن لە ژیانی سیاسیدا. مافە سیاسییە سەرەکییەکان مافی دەنگدان و هەڵبژاردن و پۆست وەرگرتن دەگرێتەوە. دابینکردنی مافە سیاسییەکان پێویستی بە پێشخستنی مافی دەنگدان هەیە لە هەموو حیهان و پێشخستنی یەکسانی سیاسی و حکوومەتی دیموکراتییە. دواجار، مارشاڵ چەند مافێکی کۆمەڵایەتی ئاشنا کرد کە کەمترین باری کۆمەڵایەتی بۆ هاوڵاتیان مسۆگەر دەکەن. ئەم مافانە پەرت و بڵاون، بەڵام بە رای مارشاڵ، ئەم مافانە دەگرێتەوە: مافی ئاسوودەگی ئابووری و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و مافی ژیانێکی شارستانی بە پێی پێوەرەکانی نێو کۆمەڵگە. ئەو مافەی دواتر زۆر روون و ئاشکرا نییە. دابینکردنی مافە کۆمەڵایەتییەکان پێویستی بە پێشخستنی دەوڵەتێکی ئاسوودە هەیە، پێویستی بە فراوانبوونی بەرپرسیاریەتییەکانی دەوڵەت هەیە لە بەرامبەر ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

هەوڵی مارشاڵ بۆ پۆلێنکردنی هاوڵاتیبوون بۆ سێ کۆمەڵە ماف (مەدەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی) کەوتووەتە بەر هێرشی رەخنەوە. بۆ نموونە، ئایدیای مافە کۆمەڵایەتییەکان زۆر بە توندی رەخنەی لێ گیراوە لە لایەن New Right، پرسێک کە وردتر پەیوەست بە هاوڵاتیبوونی کۆمەڵایەتی باسی لێوە دەکرێت. وێرای ئەمەش، کۆمەڵە مافەکانی تر رەنگە بۆ لیستەکەی مارشاڵ زیاد بکرێن. هەرچەندە مارشاڵ باسی مافی موڵکداریەتی کردووە لە ژێر باڵی مافە مەدەنییەکاندا، بەڵام دانی بە



مافە ئابوورییەکان نەناوە کە بە تایبەتی داوا کراوە لە لایەن بزووتنەوەی یەکیەتی بازرگانان، وەک مافی ئەندامبوون لە یەکیەتییەکە، مافی مانگرتن و خۆپیشاندان، هەروەها مافی مومارەسەکردنی هەندێ فۆرمی کۆنترۆڵکردن لە نێو شوێنی کاردا. تیۆریستە فێمنیستییەکان باس لەوە دەکەن کە هاوڵاتیبوونی تەواو دەبێ رەچاوی نایەکسانی گێندەریش بکات و کۆمەڵێک مافی زیاتر ببەخشێت بە ئافرەتان، بە تایبەتیش، کۆمەڵێک مافی بەرهەمهێنانەوە، مافی وەرگرتنی کارتی کارکردن، مافی لەبارچوون و تا دوایی. وێرای ئەمەش، لەبەرئەوەی کاری مارشاڵ لە چوارچێوەیەکی دەوڵەت–نەتەوەدا پەرەی سەندووە، سەرنەکەوت لە رەچاوکردنی گرینگی گەشەی لایەنی هاوڵاتیبوونی نێودەوڵەتی. یەکێک لە خاسیەتەکانی پەیمانی یەکیەتی ئەورووپا (پەیمانی ماستریخ) ئەوە بوو کە هاوڵاتیبوونی گشتی دامەزراند بۆ خەڵکی لە نێو هەر پانزە وڵاتی ئەندام. مافی ئازادی بزووتنەوەی لە نێو یەکیەتی ئەورووپا دانا، هەروەها مافی دەنگدان و پۆست وەرگرتن لە هەر شوێنێک کە هاوڵاتییەکە لێی دەژیت. بە هەمان شێوە، هەوڵەکانی پیرۆزکردنی مەزهەبی مافەکانی مرۆڤ لە نێو یاسای نێودەوڵەتیدا، وەک ئەوەی لە جاڕنامەکەی یو ئێندا، دەستیان کرد بە دروستکردنی بیرۆکەی هاوڵاتیبوونی جیهانی کە ئایدیایەکی واتابەخش بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا، ناکرێ لە چوارچێوەیەکی تەسکدا لە هاوڵاتیبوون وەک " هاوڵاتیبوونی مافەکان" تێ بگیەین، هەرچەندە رەنگە ئەو مافانەش پێناس بکرێن. هاوڵاتیبوون داواکانی تاک دروست دەکات لە رووی ئەرک و بەرپرسیاریەتییەکان. تا رادەیەک، پابەندبوونەکانی هاوڵاتی دەکرێ یەکسان بێت و یەک بگرێتەوە لەگەڵ مافەکانی هاوڵاتیبوون. بۆ نموونە، مافی هاوڵاتی بۆ پێوەندیکردن بە بازنەی تایبەت و ئۆتۆنۆمی کەسی بە دڵنیاییەوە ئەو پابەندبوونە دەگەیەنێت بۆ رێزگرتن لە تایبەتمەندیەتی هاوڵاتیانی دیکە. بە هەمان شێوە، مافە سیاسییەکانیش هەر تەنیا مافی بەشداریکردن نییە لە ژیانی سیاسی بگرە ئەرکێکە بۆ بەشداریکردن لە ژیانی سیاسیدا. لە یۆنانی کۆندا، ئەمە رەنگدانەوەی خۆشحاڵی هاوڵاتیان بوو بۆ پۆست وەرگرتن گەر لە لایەن زۆرینەوە هەڵبژێردرێن. لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا، رەنگە پابەندبوون خزمەتی قەزائیش بگرێتەوە، لە وڵاتانی وەک ئوستورالیا و بەلجیکا و

ئیتاڵیادا پابەندبوونێکی یاسایی بەدی دەکرێت لە دەنگداندا. دەکرێ بڵێین. لە بەرابەردا، مافە کۆمەڵایەتییەکان ئەو پابەندبوونەی دانی باج دەگەیەنێت کە هاوکاری دارایی دابین دەکات بۆ بواری پەروەردە و چاودێری تەندروستی و مووچەی خانەنشینی و سوودەکانی تر. ئەو ئەرک و پابەندبوونانە دەبێ پشتگیرییان لێ بکرێت وەک ئەوەی دیرێک هیتەر (١٩٩٠) ناویان لێ دەنێت " چاکەی مەدەنی"، واتە هەستی دڵسۆزی بەرامبەر دەوڵەت و خۆشحاڵی پەسەندکردنی ئەو بەرپرسیاریەتییانەی کە لە نێو کۆمەڵگەدا هەیە. لە بەر هەندێ زۆرجار هاوڵاتیبوون بە پەروەردەوە دەبەسترێتەوە: چاکی مەدەنی سروشتی پێش ناکەوێت، بگرە وەک تێگەیشتن لە مافەکانی هاوڵاتیبوون، دەبێ پشتگیری بکرێن و هان بدرێن. لە چەندین وڵاتدا، " پەروەردە بۆ هاوڵاتیبوون" خاسیەتێکی گرینگە بۆ دابینکردنی پەروەردەی گشتی، بەڵام لە وڵاتانی تردا بۆ ڕێکخراوە ئارەزوومەندانەکان بەجێ هێڵراوە. بۆ نموونە، لە بەریتانیا، بەرزکردنەوەی چاکی مەدەنی لە لایەن ڕێکخراوە تایبەتییەکانەوە پەرەی پێ دەدرێت وەک Prince of Wales Trustو speaker's commission of Citizenship.

دواجار، دەبێ بەوە بزانرێت کە هاوڵاتیبوون تەنیا یەکێکە لەو مافانەی کە هاوڵاتی خاوەنیانە. ئەمەیە کە هیتەر ناوی لێ دەنێت " فرە هاوڵاتیبوون"، ئایدیایەک کە دان بەوە دادەنێت هاوڵاتیان مەودایەکی فراوانتری دڵسۆزی و بەرپرسیاریەتیان هەیە لە چاو دەوڵەت –نەتەوەکان. ئەمە دەتوانێت ڕەهەندی جوگرافی هاوڵاتیبوون ڕەچاو بکات، ڕێگە بە هاوڵاتیان دەدات خۆیان بناسێنن بە دەستە نێودەوڵەتییەکان و تەنانەت کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیش، هەروەها لە نێو هەرێمەکەی خۆیان یاخۆ شوێنی نیشتەجێبوونیان. وێڕای ئەمەش، ڕەنگە هاوڵاتیبوون هەمیشە لەگەڵ ناسنامەی نەتەوەیی یەک نەگرێتەوە. ڕەنگە لە وڵاتە فرە نەتەوەکان، وەک بەریتانیا، بشێت هەر لایەنگرێکی نەتەوەیی پشتگیری هەستی دڵسۆزی نەتەوایەتی بکات، بەڵام لە هەمان کاتیشدا پشتگیری ناسنامەیەکی یەکگرتووی مەدەنیش بکرێت بۆ مانەوە. بە هەمان شێوە، گرووپە ڕادیکاڵی و ڕەگەزی و کولتوورییەکان، خاوەنی ناسنامەی خۆیانن و داواکاری تایبەتییان هەیە لە سەر ئەندامان. بە پێی زانینی ئەوەی کە پێوەندی تاک



لەگەڵ دەوڵەت یەکێکە لە ناسنامە واتابەخشەکان، دەکرێ بڵێین دیموکراسییە لیبرڕلییەکان بەشداری بیرۆکەی "هاوڵاتیبوونی سنووردار " دەکەن. بوارەکانی تری ژیان دەبێ دوور لە سیاسەت بمێننەوە. بە پێچەوانەوە، دەوڵەتە تۆتالیتاریانەکان وەک نازی ئەڵمانیا، بەرپرسیاریەتییەکانی تاک بەرامبەر بە دەوڵەت ڕەها و بێ سنوور بوون، دەکرێ بوترێت "هاوڵاتیبوونی تەواو" پیادە دەکرا.

## هاوڵاتیبوونی کۆمەڵایەتی

ئایدیای هاوڵاتیبوونی کۆمەڵایەتی لە نووسینەکان و پێداگرتنی مارشاڵ لە سەر مافە کۆمەڵایەتییەکان سەری هەڵداوە. بە ڕای مارشاڵ، هاوڵاتیبوون سیفەتێکی گەردوونییە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە هەیانە و هەربۆیەشە داوای مافی یەکسانیش دەکەن. بنەمای یەکسانی لە ڕووی مافە سیاسی و مەدەنییەکانەوە دەمێکە پەسەند کراوە. بۆ نموونە، چەند کەسێک هەن نکۆڵی لەوە دەکەن کە هاوڵاتیبوونی ڕاستەقینە پێویستی بە یەکسانی سیاسی هەیە لە چوارچێوەی "یەک کەس یەک دەنگی هەیە و یەک دەنگیش تەنیا یەک بەهای هەیە". بەڵام، خاسیەتی دیاری کارەکەی مارشاڵ سووربوونێک بوو لە سەر پێوەندی نێوان هاوڵاتیبوون و بە دەستهێنانی یەکسانی کۆمەڵایەتی. بە بۆچوونی مارشاڵ، هاوڵاتیبوون بە تەواوی بارێکی کۆمەڵایەتییە. هاوڵاتیان دەبێ ئازاد و بەدەر بن لە هەژاری و پشتگوێ خستن و نائومێدی گەر بەشداری بکەن لە کاروبارەکانی کۆمەڵگەی خۆیان، ئەمەش ئایدیایەکە لە چەمکی مافە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەرجەستە بووە. بۆیە مارشاڵ پێی وابوو کە هاوڵاتیبوون لەگەڵ نایەکسانی چینەکان یەک ناگرێتەوە، ئەو نایەکسانییەی لە نێو سیستەمی سەرمایەگوزاریدا هەیە و بەدی دەکرێت، هاوڵاتیبوون و چینی کۆمەڵایەتی بنەمای دژکارین. ئەمە مانای ئەوە نییە کە مارشاڵ پێی وابووبێت کە هاوڵاتیبوون لەگەڵ هەموو فۆرمەکانی نایەکسانی کۆمەڵایەتی یەک ناگرێتەوە، بگرە تەنیا لەگەڵ ئەوانەی کە ڕاستەوخۆ لە لایەن بازاڕی سەرمایەگوزاریەوە دروست دەکرێن. لە بەر هەندێ ئایدیای هاوڵاتیبوونی کۆمەڵایەتی وابەستە نییە بە هەڵوەشاندنەوەی سەرمایەگوزاری بگرە پێ لە سەر ئەوە دادەگرێت کە نابێت هەژاری و قات و قڕی لە

نێو دەوڵەتێکی خۆشگوزەراندا welfare state هەبێت، بگرە ئەم دەوڵەتە دەبێ بە لایەنی کەم کەمترین مافی کۆمەڵایەتی بۆ هاوڵاتیان مسۆگەر بکات. بە هەقیقەت، مارشاڵ دانی بەوە دانا کە خودی هاوڵاتیبوون کۆمەڵێک نایەکسانی دروست دەکات کاتێک دەسکەوتی گەورەتری هەلی یەکسانی ڕێگە بە جیاوازی مادی دەدات لە نایەکسانییە سروشتییەکانی مرۆڤدا ڕەنگ بداتەوە.

لە سەدەی بیستدا، هاوڵاتیبوونی کۆمەڵایەتی فراوانتر پەسەند کرا و بیرۆکەی مافە کۆمەڵایەتییەکانیش بووە بەشێک لە دراوی مشتومڕ و تاوتوێی سیاسی. بزووتنەوەکانی مافە مەدەنییەکان هیچی تر خۆیان نابەستنەوە بە داواکارییە یاسایی و سیاسییەکان، بگرە ڕاستەوخۆ قسە لە سەر پرسە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن. بۆ نموونە، لە ئەمریکا بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان لە ساڵانی شەستەکاندا هەڵمەتی گێڕا لە پێناو گەشەپێدانی شارستانی و چاککردنی دەرفەتی کار و پەروەردە بۆ ڕەش پێستەکان، هەروەها مافی ڕەش پێستەکان لە ڕووی دەنگدان و وەرگرتنی پۆست باشتر کرد. گرووپەکانی وەک ئافرەتان و ڕەگەزە کەمینەکان و چینی هەژار و بێکارەکان بە گشتی خۆیان بە هاوڵاتی پلە دوو حیساب دەکەن، چونکە نەهامەتییە کۆمەڵایەتی وایان لێ دەکات بەشداری تەواو نەکەن لە ژیانی کۆمەڵگەی خۆیاندا. وێڕای ئەمەش، کاتێ مافە کۆمەڵایەتییەکان خرایە نێو جارنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ لە یو ئێن، ئەم هەوڵە پەرەی بە ئایدیای هاوڵاتیبوونی کۆمەڵایەتی دا و یارمەتی دا بچێتە نێو یاسای نێو دەوڵەتی. بەڵام، گومانێکی کەم هەیە کە ئەو ناوەندە سەرەکییانەی کە لە ڕێگەیانەوە هاوڵاتیبوونی کۆمەڵایەتی دامەزراوە فراوان بێت و پێش بکەوێت لە لایەن دەوڵەتێکی خۆشگوزەرانەوە. بە بۆچوونی مارشاڵ، مافە کۆمەڵایەتییەکان تەواو گرێ دراوە بە دابینکردنی خۆشگوزەرانی و توانای دەوڵەتی خۆشگوزەران بۆ دڵنیاکردنەوەی ئەوەی کە هەموو هاوڵاتیان بەشدار بن لە " ئاسایش و خۆشگوزەرانی ئابووری".

لینکی نێوان هاوڵاتیبوونی کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی خۆشگوزەران هەمیشە ڕوون و ئاشکرا نییە. پێش هەموو شتێک، خەبات لە پێناو مافە کۆمەڵایەتییەکان تاکە هۆکاری دابینکردنی خۆشگوزەرانییە، هۆکاری پێویستی هێزێکی کاری



بەرهەمهێنەر و ڕۆشنبیر و تەندروستە کە زۆر زۆر گرینگە. وێڕای ئەمەش، دەوڵەتی خۆشگوزەران ئالیەتێکە بۆ دروستکردنی مەرجە کۆمەڵایەتییەکان کە وا لە هاوڵاتیان دەکەن بەشدار بن لە ژیانی کۆمەڵگەکەی خۆیان بە شێوەیەکی واتابەخش و کاریگەر. بەم شێوەیە، دەوڵەتی خۆشگوزەران ئالیەتێک نییە تەنیا بۆ بەدەستهێنانی هاوڵاتیبوونی کۆمەڵایەتی، واقیعێکە کە مارشاڵ خۆی دانی پیا ناوە لە ئاماژەکردن بەوەی کە گەشەی یەکیەتی بازرگانی یارمەتی دانانی مافە کۆمەڵایەتییەکانی داوە. دواجار، دەوڵەتی خۆشگوزەران هەندێ جار هێرشی کراوەتە سەر لە سەر ئەوەی کە ئالیەتێکی بەس نییە بۆ دامەزراندنی هاوڵاتیبوونی کۆمەڵایەتی. بۆ نموونە، خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی ڕەنگە تەنیا تۆڕێکی سەلامەتی دابین بکات، بتوانێت خراپترین ڕووداوی بێ بەشبوون و هەژاری چاک بکات، بەڵام ناتوانێت بە جدی گرفتی نایەکسانی ئابووری چارەسەر بکات، یاخود بنەمایەک بۆ بەشداری سیاسی چالاک دابین بکات. بە هەقیقەت، هەندێ پێشنیاز کراوە کە دابینکردنی خۆشگوزەرانی زیاتر لە بەرژەوەندی کەرتە دەوڵەمەند و باشەکاندایە تا هەژار و بێ بەشەکان، واتە خزمەتی نایەکسانی چینەکان دەکات و هاوڵاتی بوون گل دەداتەوە.

پشتیوانە سەرەکییەکانی هاوڵاتیبوونی کۆمەڵایەتی بریتین لە دیموکراتە کۆمەڵایەتییەکان و سۆشیالیستەکان و لیبراڵە مۆدێرنەکان. ئەمانە سوورن لە سەر چەسپاندنی مافە پۆزەتیڤەکان وەک پێویستییەکی ئێجگار گرینگ، کە لە ڕێگای دەست تێوەردانی حکوومەتەوە پێشکەش کراوە، وێڕای مافە نەرێتییە نێگەتیڤەکانی وەک ئازادی قسە کردن و ئازادی کۆبوونەوە. کەیسی مافە کۆمەڵایەتییەکان دەوەستێتە سەر ئەو باوەڕەی کە نایەکسانی ئابووری زیاتر بەرهەمێکی ئابووری سەرمایەگوزاریە نەک ڕەنگدانەوەی جیاوازییە سروشتییەکان بێت لە نێو مرۆڤەکان. بە ڕای لیبراڵە مۆدێرنەکان، نەهامەتییە کۆمەڵایەتییەکان وەک ئاوارەیی و بێکاری و نەخۆشی نەک هەر تەنیا گەشەپێدانی کەسی ئیفلیج دەکەن بگرە هەستی هاوڵاتیبوونیش لە بار دەبەن. کەواتە هاوڵاتیبوونی تەواو پێویستی بە هەلی یەکسانییە، پێویستی بەتوانای هەر هاوڵاتییەکە هەڵبەز و دابەز بکات بە پێی بەهرە و چۆنییەتی کارەکانی.

دیموکراتە کۆمەڵایەتییەکان مافە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان نەک هەر تەنیا بە

مافی شەرعی هاوڵاتیان دەزانن بگرە بە بنەمای سەرەکی ژیانێکی شارستانی ناوزەند دەکەن. ئەو تاکانەی کە خۆراک و پەناگە و شتی مادیان نییە زۆر بە کەمی دەتوانن پیادەی ئازادی بیروڕا و ئازای پەرستنی ئاینی بکەن. دیموکراتە کۆمەڵایەتییەکان سەرنجیان بۆ لای ئایدیای هاوڵاتیبوونی کۆمەڵایەتی دەچێت چونکە بەشێکی واتابەخش بە هەموو هاوڵاتیانی نێو کۆمەڵگە دەبەخشێت. سەرەڕای ئەمەش، بە هۆی مافی کارکردن و مافی چاودێری تەندروستی و مافی خوێندن و تا دوایی، هاوڵاتیبوونی کۆمەڵایەتی هۆکاری یەکسانی مادی پێش دەخەن. لە لایەکی ترەوە، مارکسییەکان لە ڕووی نەریتییەوە سۆزیان بۆ هاوڵاتیبوونی کۆمەڵایەتی دەچێت. مارکسییە کلاسیکییەکان پێیان وایە کە یەکسانی کۆمەڵایەتی پێویستی نەک هەر تەنیا بە گەشەی یەکسانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی هەیە بۆ نەهێشتنی هەژاری و نەهامەتی بگرە پێویستی بە لەباربردنی سیستەمی چینایەتی سەرمایەگوزاری هەیە، ئەمەش ئەنجامێکە کە مارشاڵ بە دڵنیاییەوە پەسەندی نەکرد. بەڵام، مارکسە مۆدێرنەکان یاخۆ مارکسە نوێییەکان نزیکەی بەرەو ئاشتبوونەوە چوونە لەگەڵ هاوڵاتیبوون، ئایدیاکە بە ماف و پابەندبوونە گەردوونییەکان دادەنێن بۆ وتاری گرینگی بنەما یەکسانییەکان.

بەڵام، توندترین ڕەخنەی هاوڵاتیبوونی کۆمەڵایەتی لە سەر مافی سیاسی بووە. ئازادیخوازەکانی باڵی ڕاست ڕکابەری توند بوونە لە سەر ئایدیای مافە کۆمەڵایەتییەکان و پێیان وایە کە خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لە بنەڕەتەوە بە خراپی گەیەنراوە. هەمیشە چەندین هێڵی هێرشبردن لە ڕووی تاک گەرایی و بازاڕی ئازاد و فەلسەفەی لیبرالیزمی کلاسیکییەوە بە کاربراوە. هەندێ مشتومڕیان ئەوە دەکەن کە ڕێچکەی مافەکان، بە تایبەتی مافە کۆمەڵایەتییەکان، هانی هاوڵاتیانی داوە بۆچوونێکی ناواقیعیان هەبێت لە سەر توانای حکوومەت. ئەنجامی ئەوەش زۆربوونی بەرپرسیاریەتییەکانی حکوومەتە، بە هۆی زۆربوونی باج و فراوانکردنی بودجە، کە بە توندی بواری ئابووری وێران کردووە. سەرەڕای ئەمەش، مشتومڕی ئەوەش کراوە کە بیرۆکەی هاوڵاتیبوونی کۆمەڵایەتی دەستپێشخەری تاکە کەسی ئیفلیج کردووە، ئەو ئینتیباعەی دروست کردووە کە دەوڵەت هەمیشە بەرپرسیاریەتی هەڵدەگرێت. دەوڵەتی خۆشگوزەران کولتوورێکی دروست کردووە کە هەمیشە هاوڵاتی پشت بە



شتی تر دەبەستێت. وێڕای ئەمەش، ئەزموونێکی هێرشبەرانە لە لایەن نووسەرانی وەک جۆرج گیڵدەر و چارلس مورێی بە کار دەهێنرا، باس لەوە دەکەن کە دەستپێشخەرییەکانی خۆشگوزەرانی، وەک شەڕی سەرۆک جۆنسن لە سەر هەژاری لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، بووە هۆی هەوڵێکی دژە بەرهەم. جگە لە باشتر کردنی هەژاری و گەشەپێدانی هاوڵاتیبوونی تەواو، ئەم بەرنامانە بوونەتە هۆی نەهامەتی بە هۆی دروستکردنی چینی هەژار بە بەردەوامی. ئەم پرسانە وردتر باسیان لێوە کراوە لە بەشی دەیەم بە پێوەندی لەگەڵ خۆشگوزەرانی.

## هاوڵاتیبوونی چالاک

مشتومڕی هاوڵاتیبوون نەک هەر تەنیا لە چوار دەوری پرسیاری مافە کۆمەڵایەتییەکان خول دەخوات بگرە چەندین لێکدانەوەی لە سەر هاوڵاتیبوون هێناوەتە کایەوە، بە تایبەتی لە سەر ئەوەی پێی دەوترێت " هاوڵاتیبوونی چالاک". ئایدیای هاوڵاتیبوونی چالاک لە ئەنجامی سەرهەڵدانی شێوازی پارێزکاری نوێی هاوڵاتیبوون هاتووەتە کایەوە، یەکەم جار لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا پەیدا بوو، دواتر خێرا لە لایەن سیاسەتمەدارانی بەشەکەی تری ئەتڵەسی پەرەی پێ دراوە. بۆ نموونە، لە زنجیرەیەک وتار لە ساڵانی ١٩٨٨ و ١٩٨٩ وەزیری ناوخۆی بەریتانیا دۆگلاس هێرد باشییەکانی هاوڵاتیبوونی چالاکی ڕاگەیاند و وتیشی کۆمەڵگە دووچاری دوو کێشە بووەتەوە: یەکەمیان، نەبوونی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتییە و دووەمیشیان پشت بەستنی هاوڵاتیانە بە دەوڵەت. هەرچەندە New Right کارەکەی مارشاڵ ڕەت دەکاتەوە و ئیدانەی ئایدیای هاوڵاتیبوونی کۆمەڵایەتی دەکات، بە تەواوی چەمکی هاوڵاتیبوون هەڵناوەشێنێتەوە بگرە دووبارە دایدەڕێژێتەوە. بەڵام، لەبەرئەوەی New Right لە سەر دوو نەریت سەحبی کردەوە : لیبرالیزمی ئابووری و پارێزکاری کۆمەڵایەتی، هاوڵاتیبوون دوو ڕووی هەیە. لە لایەکەوە، لیبرالێکی کلاسیکی دەنوێنێت و جەخت دەکاتە سەر پشت بەخۆبەستن و لە سەر پێ خۆ وەستان، لە لایەکی دیکەوە، جەخت دەکاتە سەر ئەرک و بەرپرسیاریەتی.

New Right ی لیبرال، یاخۆ نیو لیبرالیزم پەیوەستە بە تاک گەرایی، ئامانجە سەرەکییەکەی کەمکردنەوەی سنوورەکانی دەوڵەتە. هەروەکو پێشتر باس کراوە، بە بۆچوونی نیو ڕایت پێوەندی نێوان تاک و دەوڵەت بە شێوەیەکی ترسناک ناهاوسەنگە. تەداخولاتی حکوومەت لە ژیانی ئابووری و کۆمەلایەتیدا ڕێگە بە دەوڵەت دەدات هاوڵاتی کەم بکاتەوە یاخۆ دەست بە سەر هاوڵاتیدا بگرێت، وای لێ دەکات هەموو ئازادی و ڕێزێکی لێ دەسەنێتەوە. جەوهەری هاوڵاتبوونی چالاک، لەم دیدەوە، پرۆژەیەکی گرینگە کاری جدی دەوێت و پشت بە خۆ بەستنە. ئەم میسالیاتەش ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە سەر لیبرالیزمی سەدەی نۆزدەم، بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە لە چەمکی یارمەتی خۆ دان، پشتیوانی نووسەرەکانی هەیە وەک سامویل سمایلز. نیو لیبرالەکان پێیان وایە کە بەرپرسیاریەتی تاک مانای ئەخلاقی و ئابووری دروست دەکات. لە ڕووی ئابوورییەوە، هاوڵاتیبوونی چالاک ئەو بەرپرسیاریەتییە سووک دەکات کە خۆشگوزەرانی کۆمەلایەتی دەیسەپێنێت بە سەر دارایی گشتی و سەر سەرچاوەکانی کۆمەڵگە. پشت بە خۆ بەستن واتە تاک باش خۆی ماندوو دەکات چونکە دەزانێت کە لە کۆتایی و لەو رۆژەی کە هیچ دەوڵەتێکی خۆشگوزەران لە ئارادا نییە بەرپرسیاریەتییەکەی هەڵبگرێت. لە ڕووی ئەخلاقییەوە، هاوڵاتیبوونی چالاک گەشە بە شکۆمەندی و ڕێزی خود دەدات چونکە تاکەکان ناچارن هاوکاری خۆیان و خێزانیان بکەن.

بەڵام، ئەو پرسیارەش هەیە کە ئایا پشت بە خۆ بەستن بە هەر ڕێگایەک بێت دەتوانێت تیۆرێکی هاوڵاتیبوون دروست بکات؟ لە ناخەوە، هاوڵاتیبوون دەوەستێتە سەر ئەندامیەتی و بەشداریکردن لە کۆمەڵگە، ئەمە دەگەڕێتەوە سەر لایەنی سەرەکی ژیانی تاک. بە هۆی هەوڵدانی قەرەبوو کردنەوەی هاوسەنگی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی، نیو ڕایت بایەخ بە فراوانکردنی وجوودی تایبەتی دەدات لە سەر حیسابی بەرپرسیاریەتییە گشتییەکانی دەوڵەت و حکوومەت. ڕەنگە هاوڵاتی باش ئەو هاوڵاتییە بێت کە خۆی ماندوو بکات لە کارکردن و سەربەخۆ بێت و پشت بە خۆی ببەستێت، بەڵام دەکرێ ئەوەش بڵێین کە ئەو سیفەتە جەوهەرییە تایبەتییانە ئەوانەن کە هاوڵاتیبوون لە سەری دەوەستێت؟ تەنانەت کاتێ ئەم شێوازەی



هاوڵاتیبوون پێداویستییەک پەسەند دەکات بۆ چالاکییە گشتییەکان، جەخت دەکاتە سەر لێهاتوویی، کەمی نرخ و وەڵامی موشتەری. لە ڕاستیدا، ئەمە وەک ئەوەیە هاوڵاتی بە موشتەرییەک بچوێنی، وەک ئەوەی یەکێک کاتێ یەکێک کاڵا یان شتێک دەکڕێت، لەم ڕووەوە لە لایەن دەوڵەتەوە، بە هیوای قەناعەتی جەوهەری پێداویستی کەسی. ئەو شوێنەی کە ئەم شێوازەی تیادا سەرناکەوێت بریتییە لەوەی چۆن هاوڵاتی بە ئەندامێکی کۆمەڵگەکەی حیساب دەکرێت.

بەڵام، ڕووەکەی تری نیو ڕایت (نیوڕایتی پارێزکار یاخۆ نیو پارێزکار) بێ هیچ گومانێک پشتگیری پێوەندییەکی نزیکی نێوان دەوڵەت و تاکی هاوڵاتی دەکات. ئەوەی چەمکی نیو پارێزکاری هاوڵاتیبوون جیا دەکاتەوە بریتییە لە دووپات کردنەوەکەی لە سەر پابەندبوونە مەدەنییەکان و ڕەتکردنەوەی ئەو مافانەی پشت ڕاستن بە چەمکەکانی هاوڵاتیبوون. بۆ نموونە، زۆربەی نیو پارێزکارەکان بە خۆشحاڵیەوە پشتگیری وشەکانی جۆن ئیف کەنەدی دەکەن کە لە وتاری کردنەوەی سەرۆکایەتی لە مانگی یەکی ١٩٦١ بەکاری هێنا: "پرسیاری ئەوە مەکە کە وڵاتەکەت دەتوانێت چیت بۆ بکات، بگرە پرسیاری ئەوە بکە تۆ دەتوانیت چی بۆ وڵاتەکەت بکەیت". نیوپارێزکارەکان پێیان وایە کە مافی هاوڵاتیبوونی (مارشاڵ) کۆمەڵگەیەکی دروست کردووە تیایدا تاکەکان تەنیا دەزانن مافەکانیان چییە و تۆزقاڵێک دان بە ئەرک و بەرپرسیاریەتییەکانیان نانێن. ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە مەترسی حەڕام بوون و پارچە بوونی کۆمەلایەتی لێ دەکەوێتەوە. ئازادی بێ سنوور دەبێتە هۆی خۆویستی و چڵێسی و نەبوونی ڕێز بۆ دامەزراوە کۆمەلایەتییەکان و مرۆڤەکانی دەوروبەر. هەروەک نیوپارێزکارەکان پێیان وایە، هەوڵی قەرەبووکردنەوەی ئەم ناهاوسەنگییە دەدەن. بۆ نموونە، لۆرێنس مید (١٩٨٢) پێشنیازی ئەوەی کرد کە هاوڵاتیبوون دەبێ نەک هەر تەنیا مافی کارکردن بگرێتەوە بگرە دەبێ ئەرکی کارکردنیش بگرێتەوە، ئەم باوەڕە ئایدیای "کار لە پێناو ژیان"ی لێ کەوتەوە.

کار لە پێناو ژیان workfare بریتییە لەو سیستەمەی لە ڕێگەیەوە بنبڕبوونی بێکاری دەوەستێتە سەر ئامادەیی لە ئەستۆ گرتنی کارێک لە نێو کۆمەڵگە. بەرپرسیاریەتییەکان دەبێ بخرێنە ئەستۆ. مارگرێت تاچەر پشتگیری لەم بنەما

گرینگە کرد و وتی " هیچ شتێک لە ئارادا نییە بە ناوی ماف یا بەرپرسیاریەتی، تا کەسێک پێش هەموو شتێک هەست بە پابەندبوونێک نەکات". هەر ئەم هۆکارەش بوو پشتگیری لە بیرۆکەی poll tax کرد لە بەریتانیا (واتە هەموو کەسێک دەبێ بە یەکسانی باج بدات)، کە بە پێچەوانەی فۆرمەکانی تری باجی حکوومەتی مەحەلی، ئەو لایەنە باشەی هەبوو کە بەرپرسیاریەتی دەخاتە ئەستۆی هەموو هاوڵاتیان بۆ هاوکاری دارایی خزمەتگوزارییە مەحەلییەکان. سیستەمی قەرز بەخشین بە قوتابیان لە شوێنی ئەو پارەیەی کە لە خوێندیی باڵا دەدرێت بە قوتابیان، ئێستا لە چەندین وڵاتی تردا بە کاردەهێنرێت وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئوستورالیا و بەریتانیا، هەروەها کرێی مامۆستای تایبەتی بووە هۆی بەهێزکردنی پابەندبوونە مەدەنییەکان. هەموو قوتابییەک ئەرکێکی هەیە ئەویش پارە دانە بۆ خوێندنەکەی، گەر پارە نەدەن ناتوانن بە هیچ شێوەیەک بخوێنن.

ئەم دیدەی هاوڵاتیبوونی چالاک بێ بەش نییە لە ڕەخنەگرتن. پێش هەموو شتێ دەکرێ مشتومڕی ئەوە بکرێت کە شتێکی ترسناکە کە ناهاوسەنگی بە ناوهاسەنگیەکی تر چاک بکەیتەوە: جەختکردنە سەر ئەرکی مەدەنی ڕەنگە بایەخ دان بە ماف و بەرپرسیاریەتییەکان ڕەت بکاتەوە. گەر بەرپرسیاریەتی لە ئەستۆی هاوڵاتیان نەبێت وەک مافێک چونکە تەنیا تەرخان کراوە بۆ حکوومەت، دەبێ چ سنوورێک لە سەر پابەندبوونی سیاسی دابنرێت؟ چ پشکنینێک لە سەر دەسەڵاتەکانی دەوڵەت دادەنرێت؟ وێڕای ئەمەش، کاتێ هاوڵاتیبوونی کۆمەڵایەتی دەبەسترێتەوە بە هەوڵی چاککردنی نایەکسانییە چینایەتییەکان، ڕەنگە هاوڵاتیبوونی چالاک بگۆڕێت بۆ فەلسەفەی " پارەی خۆت بدە" کە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی نایەکسانییەکان. بۆ نموونە، کاتێ قوتابیان ناچار دەکرێن پارە بدەن بۆ ئەوەی بچنە خوێندنی باڵا لە ڕێگەی سیستەمی قەرز بەخشینەوە، ڕەنگە ئەمە هەموو ئەو قوتابیانە بێ بەش بکات لە خوێندنی باڵا کە لە خێزانێکی کەم دەرامەت دان یاخۆ هانی قوتابیان نەدات بەلای خوێندنی باڵاوە بچن. بە هەمان شێوە، کار لە پێناو ژیاندا دەبێتە هۆی لەناوبردنی بێکاری چونکە وا لە خەڵکی دەکات کە بەرپرسیار بن لە نەهامەتییەکانیان لەبەرئەوەی ئەوە لە ئەستۆی حکوومەتدا نییە. دەتوانین زیاتر مشتومڕی ئەوە بکەین کە جەختکردنە سەر پابەندبوونە مەدەنییەکان



ئەرکێکی قورستر دەخاتە سەر شانی ئافرەتان تا پیاوان. چونکە ئافرەتان تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت بەرپرسیاریەتی ماڵەوەیان لە سەرە، تا ئیستاشی لەگەڵدا بێت سزا دەدرێن لە سەر بەرپرسیاریەتییان لە ڕەفتاری مناڵەکانیان یاخۆ لە چاودێریکردن و هەر نەخۆشییەک بۆ خێزانەکە پێش بێت.

لە کۆتاییدا، پابەندبوونەکانی هاوڵاتی مەترسی ئەوەی لێ دەکرێت کە ببێتە بەرپرسیاریەتی تایبەتی، ببێتە هەڕەشەیەک بۆ سەر ئازادی تاک. کاتێک بۆچوونە لیبرالەکانی نیو ڕایت وا سەیری تاک دەکەن کە خۆ بەخێوکەر و لە ڕووی ئەخلاقییەوە ئۆتۆنۆمین، بۆچوونە پارێزکارییەکانی نیو ڕایت وەک هاوڵاتییەک سەیری تاک دەکەن بەڵام لەگەڵ کۆڵێک بەرپرسیاریەتییەوە. هەندێ لەو بەرپرسیاریەتییانە، وەک پابەندبوون بە گوێڕایەڵی یاسا و دانی باج، بە شێوەیەکی فراوان پەسەند دەکرێن و هیچ پرسیاریان لە سەر نییە. بەڵام، ڕەنگە ئەوانی تر گفتوگۆی زیاتر هەڵبگرن. ئایا دەبێ تا چ ڕادیەەک ئەرکەکانی هاوڵاتی فراوان بکرێت؟ لە هەندێ حاڵەتدا، پابەندبوونی هاوڵاتی بەرامبەر بە دەوڵەت ڕەنگە دزە بکاتە نێو بوارە تایبەتییەکانی ژیانیش. بۆ نموونە، لە نازی ئەڵمانیادا، هاوڵاتییە تەندروستە ئەڵمانییەکان قایل دەکران مناڵەکانیان ببەنە شوێنی باوباپیرانیان، لەبارچوون و نەهێڵانی مناڵ بوون قەدەغە کرابوو، هەروەها "کاری خراپی جنسی" بۆ پیاوە ئارییەکان بە ئاشکرا هان دەدرا. لە لایەکی ترەوە، حکوومەتی چینی بۆ ماوەی چەند ساڵێک پابەندبوونێکی یاسایی بە سەر دایک و باوکان سەپاند کە تەنیا یەک مناڵیان ببێت.

### کورتەی بەشی حەوتەم

١- پێوەندی نێوان تاک و دەوڵەت (هاوڵاتیبوون) بە گوێرەی ماف و پابەندبوونەکان بۆ هەر یەکێک دامەزراوە. سیاسەتی مۆدێرت جەختێکی تایبەتی دەکاتە سەر ڕێچکەی مافەکانی مرۆڤ، هەروەها مافە بنەڕەتی و گەردوونییەکان، وا مەزەندە دەکرێت، لە سەر هەموو گەلێک و کۆمەڵگەیەک جێبەجێ بکرێت. هەرچەندە گوایە مافەکانی مرۆڤ دابەشبوونە ئایدیۆلۆژییەکان تێ دەپەڕێنێت، مشتومڕێکی بەرچاو هەیە دەربارەی ئەوەی کێ بەرپرسیاریەتی دەخاتە ئەستۆی کێ و مافەکان چین.

٢- پابەندبوونی سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ ئەرکی هاوڵاتیان کە دان بە دەسەڵاتی دەوڵەت

دابنێن و گوێڕایەڵی یاساکانی بن. هەندێ مشتومڕی ئەوە دەکەن کە ئەمە لە ڕێکەوتنێکی یاخۆ گرێبەندێکی ئارەزوومەندانەوە سەر هەڵدەدات کە بە هۆیەوە هاوڵاتیان ئازاد دەکرێن. ئەوانی تر پێیان وایە کە ئەمە ڕەنگدانەوەی ئەو سوودانەیە کە دەوڵەت بەرجەستەی دەکات. هەندێکی تر هەن ئەم ئەرکی گوێ ڕایەڵبوون بە یاساکانی دەوڵەت بە ئەرکێکی سروشتی دەزانن وەک ئەرکی ڕێز گرتنی دایک و باوکان.

٣- هاوڵاتیبوونی کۆمەڵایەتی دەوەستێتە سەر ئەو باوەڕەی کە هاوڵاتیان بەرپرسیاریەتییان هەیە بەرامبەر مافە کۆمەڵایەتییەکان و نەک هەر تەنیا بەرامبەر مافە مەدەنی و سیاسییەکان. کەمترین باری کۆمەڵایەتی وەک بنەمایەک سەیر دەکرێت بۆ بەشداری تەواوی نێو ژیانی کۆمەڵگە. بەڵام، ڕەخنەگران ئاماژە بەوە دەکەن کە ڕەنگە ئەمە بەرپرسیاریەتی تاک ئیفلیج بکات و ببێتە هۆی فراوانکردنی بودجەی کۆمەڵایەتی.

٤- ئایدیای هاوڵاتیبوونی چالاک دوو خاسیەتی هەیە. یەکەم ئەوە دەگەینێت کە هاوڵاتیان، بە پێی توانا، دەبێ پشت بە خۆیان ببەستن و واز لەوە بێنن هەر پشت بە دەوڵەت ببەستن. دووەمیان، جەخت دەکاتە سەر گرینگی پابەندبوونەکان و دەڵێت کە بەرپرسیاریەتییەکان دەبێ بە دەست بهێنرێن. بەڵام، ئەوەی یەکەم مانای ئەوەیە کە هاوڵاتیبوون تایبەت دەکرێت، کەچی دووەمیان دەسەڵاتێکی بێ سنوور بە دەوڵەت دەبەخشێت.

# بەشی هەشتەم

## دیموکراسی، نوێنەرایەتی و بەرژەوەندی گشتی

- پێشەکی
- دیموکراسی
- نوێنەرایەتی
- بەرژەوەندی گشتی
- کورتە

# پێشەکی

لەوەتەی پەیدابوونی هـزری سیاسی، پرسـیاری "کێ دەبێ حـوکم بکات؟" پرسـێکی دووبارە بووەوەی دەمـەتەقێ و مشـتومڕەکانە. بۆ نموونە، هەر لە سـەر ئەم بنەمـایە بوو کە ئەرسـتۆ حکوومەتەکانی پۆلێن کرد بە پێی ئەوەی یەک کەس حوکمی تیا دەکات، گرووپێکی بچووک یاخۆ چەند کەسێک حـوکم دەکات. بەڵام لە سـەدەی بیسـتـەمـدا ئەم پرسـیارە وەڵامـێکی درایەوە کە لە هـەموو جیـهاندا پەسـەند کرا ئەویش: دەبێ گەل حـوکم بکات. تەنانەت هیچ میسالیـەتێکی سیاسیش کۆک نییە لە سەر ئەو ڕەزامـەندییەی کە بەم دواییە پێوەندی بە دیموکراسییەوە کرد. جا چ لیبرال، سۆشیالیست، پارێزکار و کۆمەنیست تەنانەت فاشیش بێت، سیاسـەتمەدارەکان لە هـەموو شوێنێک بە پەرۆشن باوەڕە دیموکراسییەکانیان بخەنە ڕوو و خـۆشیـان پابەند بکەن بە میـسـالیـەتێکی دیموکراسـی. تا ئێسـتـاشی لـەگەڵدا بێت لایەنە میللییەکەی دیموکراسـییـە کە وا دەکات بە زەحـمەت لە چەمکی دیموکراسی بگەین. کاتێ زاراوەیەک بە ڕای هەر یەکێک مانایەک دەبەخشێت ئەوا دواجار مـەترسی بێ مانایی لێ دەکەوێتـەوە. ڕەنگە ئێستا دیموکراسی شتێک زیاتر نەبێت لە " وشـەیەکی دڵخۆشکەر"، بێـشـومـار لـە لایەن سـیـاسـەتمەدارانەوە دووبارە دەکـرێتـەوە، بـەڵام بە دەگمـەن جێبـەجێ دەکرێت!

لە واقیعدا، ژمـارەیەک شێوازی ڕکابەری دیموکراسی لە ماوەی مێژوویی جیا جیا و بەشی جـیـا جـیـای جیـهـانەوە پەرەیان پێ دراوە. ئەو شـێـوازانەش دیموکـراسـی ڕاسـتـەوخـۆ و ناڕاوستەوخۆن، دیوکراسی سیاسی و کۆمەڵایەتین، دیموکراسی فرە لایەنی و تۆتـالیتارین و تا دوایی. ئایا دەبێ چ فـۆرمـێکی حکوومـەت بـە مـاقـووڵـی بە فـۆرمـێکی دیموکـراسـی دابنرێت، بۆچی؟ وێڕای ئەمـەش، بۆچی دیموکراسی ئاوا بە فراوانی بـە گرینگ دادەنرێت و بەهـادارە، ئایا دەکـرێ بە شـتـێکی بێ خـاسـیـەت دابنرێت؟ بـەڵام ئایدیا مـۆدێرنەکـان دیموکراسی بە دەگمەن پشت ڕاستن بە ئایدیای کلاسیکی خۆ حوکمکردنی میللی. بگرە لە سـەر ئەو باوەڕە دامـەزراون کە لە هـەندێ ڕووەوە سـیاسـەتمەداران نوێنەری گـەل دەکـەن و لەجیاتی گەل کار دەکەن. ئەمـەش پرسـیار دروست دەکات دەربارەی مـانای نوێنەرایەتی و چۆنیـەتی بەدەسـتـهـێنانـی. بۆ نموونە، چـی نوێنەرایەتـی دەکـرێت: بۆچوونەکـانی خـەڵک، باشـترین بـەرژەوەندییان، یاخـۆ گرووپی جۆراوجۆر کە دەبێتە هۆی دروسـتکردنی خـەڵک؟ ئایا نوێنەرایەتی خاسیەتێکی پێویستی دیموکراسییە، یاخۆ تەنیا بەدیلی دیموکراسییە؟ لە کۆتاییدا، حکوومەتە دیموکراتییـەکان ڕایدەگەیەنن کە لـە پێناو بەرژەوەندی نەتەوەیی یاخۆ بەرژەوەندی گشتی حوکم دەکەن. گەر هـاوڵاتیانی ئـاسایی هیچی تر خۆیان حوکمی خۆیان نەکەن لە پێناو سوودی خـۆیان، بە لایەنی کەم دەبێ حکوومەت لە بەرژەوەندی ئەواندا بێت.



بەڵام، مـەبەست لە بەرژەوەندی گشتی چییـە؟ دەکرێ بوترێت کە گـەل بەرژەوەندی تاک یان گشتی هـەیە؟ هـەتا گەر ئەو جۆرە بەرژەوەندییە گشتییەش وجوودی هـەبێت، چۆن لە کردەدا پێناسە دەکرێت؟

# فۆرمەکانی دیموکراسی و فەیلەسووفەکانی

هەرچەندە نەریتی سیاسی دیموکراسی دەگەڕێتەوە سەردەمی یۆنانی کۆن، هۆکاری دیموکراسی تا سەدەی نۆزدەمیش بە شێوەیەکی فراوان لە لایەن هزرمەندە سیاسییەکانەوە حیسابی بۆ نەدەکرا. تا ئەو کاتەش، بە شێوەیەکی گشتی دیموکراسی بە واتای حوکمکردن لە لایەن خەڵکی کەمتەرخەم و نەزانەوە ڕەت دەکرایەوە. بەڵام، ئێستا وا پێدەچێت ئێمە هەموو دیموکراسین. لیبرالەکان و پارێزکارەکان و سۆشیالیستەکان و کۆمەنیستەکان و فەوزەوییەکان و تەنانەت فاشیستەکانیش حەز دەکەن لایەنە باشەکانی دیموکراسی ڕابگەیەنن و باوەڕە دیموکراسییەکانیان بخەنە ڕوو.

ئەمە جەخت دەکاتە سەر ئەو واقیعەی کە نەریتی دیموکراسی پەرە بە میسالیەتێکی تاک و چڵێسی حوکمی میللی نادات، بگرە مایەی تاوتوێ کردنە کە تیایدا بیرۆکەی حوکمی میللی و ڕێگاکانی بەدەستهێنانی گفتوگۆ دەکرێن. لەو دیدەوە، هزری سیاسی دیموکراسی سێ پرسیاری سەرەکی دەخاتە ڕوو: یەکەم، خەڵکەکان کێن؟ مادام کەس بەشداری سیاسی ناگشتێنێت بۆ هەموو خەڵکی، پرسیارەکە ئەوەیە: لە سەر چ بنەمایەک ئەو بەشداریکردنە سنووردار دەکرێت، بە پێوەندی لەگەڵ تەمەن و پەروەردە و گێندەر و باکگراوندی کۆمەڵایەتی و تا دوایی؟ دووەمیان، دەبێ خەڵک چۆن حوکم بکەن؟ ئەمە هەر تەنیا پەیوەست نییە بە ئیختیاری نێوان فۆرمە دیموکراسییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکان، بگرە بەو مشتومڕەش پەیوەستە دەربارەی فۆرمەکانی نوێنەرایەتی و سیستەمە هەڵبژێرە جیاوازەکان. سێیەمیان، تا چ ڕادەیەک حوکمی میللی فراوان بکرێت؟ ئایا دەبێ دیموکراسی وابەستە بکرێت بە ژیانی سیاسییەوە، یاخۆ دەبێ دیموکراسی بە سەر خێزانیشدا جێبەجێ بکرێت، لە نێو شوێنی کارکردن و بواری ئابووریدا جێبەجێ بکرێت؟

کەواتە دیموکراسی دیاردەیەکی تاک و شاراوە نییە. لە ڕاستیدا، ژمارەیەک شێواز یاخۆ تیۆری دیموکراسی هەیە، هەریەکەیان بۆچوونی تایبەتی خۆیان هەیە لە سەر



حوکمی میللی. هەر تەنیا ژمارەیەک فۆرم و میکانیزمی دیموکراسی لە ئارادا نین بگرە چەندین هەلومەرج و بنەما هەن کە دەکرێ حوکمی دیموکراسییان پێ بسەلمێنرێت. دیموکراسی کلاسیکی، پشتڕاستە بە شێواز ئەسینایی، بەوە دەناسرێتەوە کە هاوڵاتیان بەشدارییەکی ڕاستەوخۆ و بەردەوام دەکەن لە پرۆسەکانی حکوومەتدا. دیموکراسی پارێزەر protective democracy بریتییە لە فۆرمێکی سنووردار و ناڕاستەوخۆی حوکمی دیموکراسی کە چەند ئالیەتێکی بەرگریکردن بە تاکەکان دەبەخشێت دژی حکوومەت. ئەم جۆرە دیموکراسییە گرێ دراوە بە تیۆری مافە سروشتییەکان و یوتیلیتاریانیزم. دیموکراسی گەشەپێدان De-velopmental Democracy هەوڵ دەدات بۆ فراوانکردنی بەشداری میللی لە سەر بنچینەی ئەوەی کە پەرە بە ئازادی و گەشەی تاک دەدات. ئەم جۆرە ئایدیانە لە لایەن هزرمەندانی نیو لێفتەوە لە ساڵانی شەستەکان و حەوتەکان بە کار دەهێنران لە فۆرمی دیموکراسی ڕادیکاڵی و بەشداریکردنەوە. دواجار، دیموکراسی گەل، ڕەگی داکوتاوە لە مارکسیەتی ئۆرتۆدۆکسی، دیموکراسی وا لێکدەداتەوە کە هەوڵی یەکسانی کۆمەڵایەتی دەدات لە ڕێگەی گشتاندنی سامانەوە. بەم شێوەیە دژی دیموکراسی بورژوازی و سەرمایەگوزاری دەوەستێتەوە.

## فەیلەسووفەکان

### ژان ژاک ڕۆسۆ

ڕۆسۆ دیموکراسی بە گرینگترین ئالیەت ناوزەند دەکرد لە ڕێگەیەوە مرۆڤ دەتوانێت ئازادی یاخۆ ئۆتۆنۆمی بە دەست بهێنێت، لە سۆنگەی گوێڕایەڵبوون بە یاسایەک کە هەرکەسە و وەسفی خودی خۆی دەکات. ڕەخنەگرێکی توندی مومارەسەی هەڵبژاردنەکان بوو و سوور بوو لە سەر ئەوەی کە هاوڵاتییان ئازادن لە بەشداریکردنی دروستکردنی ژیانی کۆمەڵگەکەیان بە شێوەیەکی بەردەوام و ڕاستەوخۆ. بە ڕای ڕۆسۆ، دواجار ئەمە بە مانای گوێڕایەڵی ویستی گشتی دێت general will، هەرچەندە بۆچوونەکەی زۆر ڕوون نییە لە سەر میکانیزمە وردەکان کە لە ڕێگەیانەوە ویستی گشتی دێتە ئاراوە.

## ئەلێکس دو تۆکڤیل (١٨٠٥-٥٩)

سیاسەتمەدار و تیۆریستێکی سیاسی و مێژوویی فەڕەنسییە. تۆکڤیل پەرەی بە شیکردنەوەیەکی زۆر ئاڵۆزی دیموکراسی دا بە پشت بەستن بە ئەزموونی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. دیموکراسی گرێ دەدات لەگەڵ پێشکەوتنی یەکسانی و دانی بە بەهاکەی نا لە پێشخستنی خۆشگوزەرانی خەڵک و لە هاندانی روحی پشت بە خۆ بەستن. هەرچەندە بە باشترین ڕەخنەگری زۆرینەیی ناسراوە، مشتومڕی ئەوەش دەکات کە هەڵبژاردنە میللییەکان ئەوە مسۆگەر ناکەن کە خەڵکی ژیر و بە ئەزموون پۆست وەردەگرێت، هەروەها هۆشداری دژی ستەمکاری ڕای گشتیش دا، کە مەبەستی بۆچوونە سەقەتەکان بوو بەرامبەر بە خەڵکی. ئەم جۆرە ئایدیانە کاریگەری بەرچاوی هەبوو لە سەر هاوڕێکەی بە ناوی جەی ئێس میڵ. کاریگەرترین کاری تۆکڤیل ئەمەیە: دیموکراسی لە ئەمریکا (١٨٣٥–٤٠).

## جۆزیف شەمپیتەر (١٨٨٣-١٩٥٠)

ئابووری ناس و کۆمەڵناسێکی ئەمریکییە و لە مۆراڤیا لە دایک بووە. شرۆڤەیەکی کرد لە سەر سەرمایەگوزاری کە جەختی کردە سەر لایەنە بیرۆکراسییەتەکانی و وێکچووەکانی بە سۆشیالیزم. تیۆرەکەی لە سەر دیموکراسی بەدیلێکی پێشکەش بە ڕێچکەی کلاسیک کرد، کە پشت ڕاست بوو بە ئایدیای بیرۆکەی هاوبەشی بەرژەوەندی گشتی. تیۆرەکە وەسفی پرۆسەی دیموکراسی دەکات وەک ململانێیەک لە نێوان ئەو سیاسەتمەدارانەی کە هەمیشە بە دوای دەسەڵاتدا دەگەڕێن و هەوڵی بردنەوەی دەنگی خەڵکی دەدەن. بۆچوونەکەی لە سەر ئەوەی کە دیموکراسی سیاسی شرۆڤەیەکە بۆ بازاڕی ئابووری و کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبوو لە سەر تیۆرە ئەقڵانییەکانی بەم دواییە. گرینگترین کارە سیاسییەکەی : سەرمایەگوزاری و سۆشیالیزم و دیموکراسی (١٩٤٢).

## کراوفۆرد برۆ ماکفێرسن (١٩١١-٨٧)

تیۆریستێکی سیاسی کەنەدییە. ماکفێرسن فۆرمێکی چەپڕەوی لە سەر لیبرالیزم دانا کە ڕەنگدانەوەی کاریگەری مارکسیزم بوو. وەسفی لیبرالیزمی پێشوو دەکات وەک فۆرمێکی تاک گەرایی خۆیەتی possessive individualism کە لکێنرا بوو بە کۆمەڵگەی بازاڕ. ڕەخنەکەی لە سەر دیموکراسی لیبرال جەخت دەکاتە سەر خاسیەتە پێشە–دیموکراسی لیبرالیزم، دانی بەوەش نا کە ڕەخنەکەی لە بەرژەوەندی سەرمایەگوزاریدایە. لەگەڵ ئەوەشدا، مشتومڕی ئەوە دەکات کە



بنەڕەتی بنەمای دیموکراتی لیبرال لە سەر ئازادی یەکسانی دەبێ دانی پێدا بنرێت، بەڵام تەنیا لە نێو هەلومەرجی دیموکراسی بەشدارکردن و لە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی بێ بازاڕ. کارە سەرەکییەکانی ماکفێرسن ئەمانەن: تیۆری سیاسی تاکگەرایی خۆیەتی (١٩٦٢)، تیۆری دیموکراسی (١٩٧٣)، و ژیان و کاتەکانی دیموکراسی لیبرال (١٩٧٧).

## ڕۆبێرت داهل (١٩١٥- )

پسپۆڕێکی زانستی سیاسی ئەمریکییە. یەکێکە لە پێشەنگی پشتیوانانی تیۆری فرە لایەنی. جیاوازی دەکات لە نێوان سیستەمە دیموکراتییە مۆدێرنەکان و دیموکراسی کلاسیکی یۆنانی کۆن، زاراوەی polyarchy بەکار هێناوە بۆ ئاماژە کردن بە حوکمکردن لە لایەن چەن کەسێکەوە، کە جیاوازە لە حوکمکردن لە لایەن هەموو هاوڵاتیانەوە. دیراسە ئەزموونگەرییەکەی وای لێ کرد بگاتە ئەو قەناعەتەی کە سیستەمی هەڵبژاردنی پێشبڕکێکار لێناگەڕێت نوخبەی بەردەوام سەرهەڵبدەن، هەروەها ناوەندێکی فراوان بە پرۆسەی سیاسی دووپات دەکاتەوە. نووسینەکانی بەم دواییەی ڕەنگدانەوەی هۆشیاری ئەو گرژییە بوو لە نێوان دیموکراسی و دەسەڵاتی هاوکاری سەرەکی سەرمایەگوزاری. کارە سەرەکییەکانی داهل ئەمانە دەگرێتەوە: بەرکوڵێک بۆ تیۆری دیموکراسی (١٩٥٦)، کێ حوکم دەکات (١٩٦٣)، ڕاڕاییەکانی دیموکراسی فرە لایەنی (١٩٨٢) و بەرکوڵێک بۆ دیموکراسی ئابووری (١٩٨٥).

## دیموکراسی Democracy

ڕەگ و ڕیشەی زاراوەی دیموکراسی و مەفهومی کلاسیکی حوکمی دیموکراسی دەچێتەوە سەردەمی یۆنانی کۆن. پاشکۆی "کراسی" لە وشەکانی وەک (ئۆتۆکراسی و ئەریستکراسی و بیرۆکراسی) هەیە، ئەم پاشکۆیە لە وشەی دیموکراسیش هەیە و لە وشەی "کراتۆس"ی یۆنانی کۆن هاتووە بە مانای "دەسەڵات" یاخۆ "حوکمکردن" دێت. کەواتە دیموکراسی واتە "حوکم کردن لە لایەن دیمۆسەوە"، مەبەست لە دیمۆس گەلێکە یاخۆ خەڵکە. بە پێچەوانەی بەکارهێنانە مۆدێرنەکەی، لە بنەڕەتدا زاراوەی دیموکراسی نێگەتیڤ یاخۆ نەخوازراو بوو، بە مەبەستی ئەوە نەهاتووە حوکمکردن لە لایەن هەمووانەوە بێت، یاخۆ حوکمکردن لە لایەن کەسانی بێ موڵک و چینە نەخوێندەوارەکان. کەواتە دیموکراسی بە دوژمنی ئازادی و ژیری ناوزەند دەکرا. کاتێک نووسەرانی وەک ئەرستۆ بە لایەنە

باشەکانی بەشداری میللییان زانیوە، ترسیان لەوەش هەبووە کە دیموکراسییەکی بێ سنوور دەبێتە هۆی فۆرمێکی "حوکمی بەڕەڵایی". بە هەقیقەت، ئەو تێگەیشتنە نەخوازراوانە بەردەوام بە دیموکراسییەوە نووسابوون تا سەدەی بیستەم.

بەڵام سەدە دوای سەدە حکوومەتە دیموکراسییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو جیاواز بوون. بنەڕەتترین جیاوازی بریتییە لە جیاوازی نێوان سیستەمە دیموکراتییەکان، وەک ئەوانەی لە یۆنانی کۆندا، پشت ڕاست بوون بە بەشداری میللی لە حکوومەت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، هەروەها ئەوانەشی کە لە ڕێگەی هەندێ جۆری میکانیزمی نوێنەرایەتییەوە کار دەکەن. ئەمە دووپاتی دوو شێوازی زاڵی دیموکراسی دەکاتەوە: ئەوانیش دیموکراسی ڕاستەوخۆ و دیموکراسی نوێنەرایەتین. وێڕای ئەمەش، تێگەیشتنی مۆدێرن لە دیموکراسی وابەستەیە بە فۆرمی دیموکراسی هەڵبژێردراو کە لە ڕۆژئاوای پیشەسازیدا پەرەی سەند، زۆر جارا پێی دەوترێت دیموکراسی لیبرال. سەرەڕای سەرکەوتنە بێگومانەکەی، دیموکراسی لیبرال تەنیا یەکێکە لە شێوازە دیموکراسییەکان، یەکێکیشە لەوانەی کە باوەڕە دیموکراسییەکان هەندێ جار دەخرێنە ژێر پرسیارەوە. دواجار، ڕەزامەندی گەردوونی کە دیموکراسی بەم دواییە وەری گرتووە نابێ ئەو ڕاستییە بشارێتەوە کە لایەنە باشەکانی دیموکراسی زۆر تاوتوێ و مشتومڕی لە سەر کراوە لە سەدەکانی ڕابردوودا، لە هەندێ ڕووەوە، ئەو مشتوڕانە فراوان بوونە لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا. بە واتایەکی دیکە، دیموکراسی لایەنی باش و خراپیشی هەیە.

## دیموکراسی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ

Direct and indirect democracy

لە وتارەکەی گیەتیسبێرگدا، لە کاتی شەڕی ناوخۆی ئەمریکادا پێشکەش کرا، ئەبڕاهام لینکۆڵن ستایشی لایەنە باشەکانی ئەو شتەی کرد کە پێی وت "حکوومەتی گەل، لە لایەن گەل و بۆ گەل". بە ئەنجامدانی ئەم کارەش، دوو بیرۆکەی دژە بە یەکی دیموکراسی پێناسە کرد. یەکەم، "حکوومەت لە لایەن گەل"، دەوەستێە سەر ئەو ئایدیایەی کە خەڵکی گشتی بەشداری لە حکوومەت دەکەن و لە هەقیقەتدا خۆشیان حوکم دەکەن: خۆ حوکمکردنی میللی. دووەمیان، "حکوومەت بۆ گەل"، گرێ دراوە بە بیرۆکەی بەرژەوەندی گشتی و ئەو ئایدیایەی کە حکوومەت سوود لە گەل



وەردەگرێت، خۆیان حوکم دەکەن یان نا. تێگەیشتنی کلاسیکی لە دیموکراسی، کە بە باشی لە سەدەی نۆزدەدا هەرس کرا، ڕەگی داکوتا بوو لە میسالیەتی بەشداری میللی و جەخت دەکاتە سەر نموونەی دیموکراسی ئەسینایی. بەردی بناغەی دیموکراسی ئەسینایی بەشدارییەکی بەردەوام و ڕاستەوخۆی هەموو هاوڵاتیانە لە ژیانی دەوڵەت _شارەکەیاندا.

هەروەک لە بەشی سێیەم باس کراوە، ئەمە فۆرمێکی حکوومەتە لە لایەن کۆبوونەوەی خەڵک، هەروەها هەر هاوڵاتییەک تەواو گونجاو بوو بۆ وەرگرتنی پۆست گەر هەڵبژێردرێن لە لایەن زۆرینەوە. کەواتە دیموکراسی ئەسینایی سیستەمێکی "دیموکراسی ڕاستەوخۆ" بوو یاخۆ وەک ئەوەی هەندێ جار وەک "دیموکراسی بەشداری کردن" ئاماژەی بۆ دەکرێت. بە هۆی لابردنی چینێکی جیاکراوەی سیاسەتمەدارە پرۆفێشناڵەکان، هاوڵاتیان خۆیان توانییان ڕاستەوخۆ حوکم بکەن، جیاوازی بکەن لە نێوان حکوومەت و گەل و لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی. سیستەمە وێکچووەکانی "دیموکراسی کۆبوونەوەی شار"، بە بەردەوامی لە ئاستی مەحەلیدا لە هەندێ بەشی ئەمریکادا مومارەسە دەکرا، بە تایبەتی لە ئینگلتەرای نوێ، هەروەها لە کۆبوونەوە گشتییەکان کە لە سویسرا بەکارهێنران.

بەڵام کۆبوونەوەی شار تاکە ئالیەتێک نییە لە ڕێگەیەوە دیموکراسی ڕاستەوخۆ بتوانێت کار بکات. ڕوونترین فۆرمی ئەمانەش بریتییە لە ڕاپرسی یا ڕیفراندۆم (واتە: دەنگدانێگی گشتی لە سەر پرسێکی تایبەت کە وا لە دەنگدەران دەکات ڕاستەوخۆ بڕیاری خۆیان بدەن) لە جیاتی هەڵبژاردنی سیاسەتمەداران لە بری ئەوان ئەم کارە ئەنجام بدەن. ڕیفڕاندۆم لە سویسڕا لە هەموو ئاستێکدا بەکار دەهێنرێت، هەروەها لە وڵاتی ئێرلەنداش بەکار دەهێنرێت بۆ پەسەندکردنی هەموارکردنی دەستوور. بەریتانیا ڕیفراندۆمێکی ئەنجامدا لە ساڵی ١٩٧٥ لە سەر ئەندامییەتی لە کۆمەڵگەی ئەوروپی بە بەردەوامی، هەروەها لە ساڵی ١٩٧٩ ڕیفراندۆمێکی دیکەی ئەنجام دا لە سەر ئەنجامدانی ئەنجوومەنی پێشکەوتوو لە سکۆتلەنداو و وێڵز، هەروەها لەوەتەی هەڵبژاردنی تۆنی بلێر لە ساڵی ١٩٩٧، ڕیفراندۆم کراوە لە سەر لامەرکەزیەتی سکۆتلەند و وێڵز، هەروەها لە سەر پەیمانی

ئاشتی ئێرلەندای باکوور و دانانی حاکمی لەندەن. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ڕیفراندۆم بە ڕێژەیەکی زۆر لە نێو سیاسەتە مەحەلییەکاندا بەکار دەهێنرێت لە فۆرمی پێشنیاز کردن یاخۆ دەستپێشخەری میللی. فۆرمێکی دیموکراسی ڕاستەوخۆ لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکانیشدا ماوەتەوە لە پیادەکردنی هەڵبژاردنی دەستەی سوێندخۆران لە سەر بنچینەی زۆرینە، هەروەک چۆن لە سەردەمی ئەسینابییەکاندا دامەزراوە حکومییەکان پڕ دەکرانەوە. پشتیوانانی دیموکراسی ڕاستەوخۆ ئاماژە بەوەش دەکەن کە گەشە سەندنی تەکنەلۆژیای مۆدێرن دەرفەتی فراوانتری کردووەتەوە بۆ بەشداری میللی لە نێو حکوومەتدا. بە تایبەتی، بەکارهێنانی تەلەفیزیۆنی ئینتەراکتیڤ وای لە هاوڵاتیان کردووە هەم سەیری مشتومڕە گشتییەکان بکەن هەمیش دەنگ بدەن بێ ئەوەی لە ماڵەکانیان بێنە دەرەوە. ئەزموونەکانی ئەم جۆرە تەکنەلۆژیایە لە هەندێ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دەمێکە لە هەندێ کۆمەڵگەی مەحەلیدا بەدی دەکرێت.

گەر بڵێین حکوومەتی مۆدێرن کەمێک بە شێوازی ئەسینای دیموکراسی ڕاستەوخۆ دەچێت، ئەوا قسەیەکی بێ سوودە. حکوومەت لە ژێر دەستی سیاسەتمەدارە پرۆفێشناڵەکاندایە و کۆمەڵێک بەرپرسیاریەتیان لە ئەستۆدایە بۆ بڕیاردان لەجیاتی گەل. دیموکراسی نوێنەرایەتی فۆرمێکی سنووردار و دیموکراسی ناڕاستەوخۆیە. سنووردارە لەو ڕوانگەیەی کە ڕێژەی بەشداری میللی زۆر نییە و کورتە، کەم کراوەتەوە بۆ دەنگدان هەر چەند ساڵ جارێک، بە پشت بەستن بە درێژی ماوەی سیاسییەکە. ناڕاستەوخۆشە لەو ڕوانگەیەی کە خەڵکی گشتی لە سەر دەستی حکوومەت دەپارێزرێن: خەڵکی گشتی بەشداری دەکات تەنیا لە ڕێگەی ئیختیاری ئەوەی کێ حکوم دەکات، هەروەها هەرگیز یاخۆ زۆر بە دەگمەن پیادەی دەسەڵات دەکەن. دیموکراسی نوێنەرایەتی ڕەنگە بە فۆرمێکی دیموکراسی دابنرێت لە سەر بنچینەی ئەوەی کە هەرچەندە سنووردارە بەڵام ڕەنگە دەربکەوێت، دەنگدان وەک سەرچاوەیەکی گرینگ بۆ دەسەڵاتی میللی دەمێنێتەوە. خەڵکی گشتی توانای ئەوەیان هەیە گەمژەکان بە دەر نێن، واقیعێک کە بەرپرسیاریەتی گشتی دووپات دەکاتەوە. هەرچەندە دیموکراسی نوێنەرایەتی ڕەنگە بە تەواوی ئامانجی کلاسیکی



"حکوومەت لە لایەن گەل"ەوە نەزانیبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە فۆرمێکی "حکوومەت بۆ گەل" شیاو بکات.

هەندێ لە پشتیوانانی دیموکراسی نوێنەرایەتی دان بە سنوورەکانی دادەنێن، بەڵام مشتومڕی ئەوە دەکەن کە ئەمە فۆرمێکی پراکتیزی دیموکراسییە لە هەلومەرجە مۆدێرنەکاندا. ئاستێکی بەرزی بەشداری میللی گونجاوە بۆ کۆمەڵگە بچووکەکان، وەک دەوڵەت–شارەکانی یۆنان یاخۆ شارە بچووکەکان، چونکە پێوەندی ڕووبەڕوو دەتوانێت ڕووبدات لە نێوان هاوڵاتیاندا. بەڵام، ئایدیای حکوومەت لە لایەن کۆبوونەوەی خەڵکەوە لە نێو دەوڵەتە نەتەوەییە مۆدێرنەکان ئەنجام دەدرێت کە بە دەیان و ملیۆنان هاوڵاتی تیایە. وێڕای ئەمەش، ڕاوێژی کردن بە خەڵکی گشتی بکرێت لە سەر هەر پرسێک، ڕێگە بدرێت بە مشتومڕ و گفتوگۆ کردن، هەڕەشەیە بۆ ئیفلیج کردنی پرۆسەی بڕیاردان و حوکمکردن لە وڵات بە تەواوی تێک بدەن. توندترین ناڕەزایی لە دیموکراسی ڕاستەوخۆ ئەوەیە کە خەڵکی ئاسایی گرفتی کاتیان هەیە و پێگەیشتوو نین و زانیاری تەواویان نییە بۆ ئەوەی لە سەر پێی خۆیان بوەستن و ژیرانە حوکم بکەن. لەم ڕوانگەیەوە، دیموکراسی نوێنەرایەتی سوودەکانی دابەشبوونی کرێکار بۆ سیاسەت تەرخان دەکات: سیاسەتمەدارە پسپۆڕەکان، دەتوانن هەموو کات و وزەی خۆیان تەرخان بکەن بۆ چالاکیی حکوومەت، دەتوانن کارێکی باشتر بکەن لە چاو خەڵکی گشتی. لەگەڵ ئەوەشدا، لەوەتەی ساڵانی شەستەکان بەرژەوەندی لە دیموکراسی کلاسیکدا، بە تایبەتی، لە ئایدیای بەشداربووندا بووژاوەتەوە. ئەمە ڕەنگدانەوەی گەشەی سروشتی بیرۆکراسیەتی حکوومەتی مۆدێرن و کەمکردنەوەی ڕێزە بۆ سیاسەتمەدارە پرۆفێشناڵەکان، کە بە شێوەیەکی فراوان بە پیشەگەری خۆ خزمەتکەر ناسراون. سەرەڕای ئەوەش، زۆرجار دەنگدان بە کارێکی بێ مانا سەیر دەکرێت کە کاریگەری کەمی هەیە لە سەر پرۆسەی سیاسیدا، گوایە گاڵتە بە میسالیەتی دیموکراسی دەکات.

## دیموکراسی لیبرال Liberal Democracy

بێرنارد کریک لە ساڵی ١٩٨٣ ئاماژەی بەوە کرد کە دیموکراسی ئاڵۆزترین و تێکەڵترین زاراوەی سیاسییە. لەو ڕوانگەی کە وشەکە لە لایەن خەڵکی جۆراوجۆرەوە مانای جۆراوجۆری هەیە، دیموکراسی نموونەیەکە لە چەمکە هاودژەکان. هیچ شێوازێکی دیموکراسی نییە جێگیر بێت، جگە لە ژمارەیەک شێوازی جۆربەجۆر نەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، شێوازێکی تایبەت یاخۆ فۆرمێکی تایبەتی دیموکراسی دەستی گرتووە بەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤ بە ڕادەیەک کە گەلێ لە وڵاتانی ڕۆژئاوا مامەڵەی لەگەڵ دەکەن وەک تاکە ڕێگای ئاسانکاری یاخۆ تاکە فۆرمی واتابەخشی دیموکراسی. ئەمەش فۆرمی دیموکراسی لیبراڵە. لە زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگە سەرمایەگوزارییەکاندا بەدی دەکرێت و ئێستا، لە فۆرمێکەوە بۆ فۆرمێکی تر فراوانتر دەبێت و دزەی کردووەتە نێو بەشەکانی پێشووی جیهانی کۆمەنیست و جیهانی پێشکەوتوودا. بە هەقیقەت، لە ژێر ڕۆشنایی ڕووخانی کۆمەنیزم، فرانکیس یوکویاما تیۆریستی نیو ڕایەتی ئەمریکی لە ساڵی ١٩٩٢دا سەرکەوتنی جیهانی دیموکراسی لیبرال ڕاگەیاند، ئەمەی وەک کۆتایی مێژوو وەسف کرد، کە لەمەش مەبەستی ململانێی نێوان ئایدیا سیاسییەکان بوو. بەڵام، ئەم جۆرە سەرکەوتنە نابێت ئەو واقیعە بشارێتەوە کە دیموکراسی لیبرال تاکە شێوازی حکوومەت نییە، وەک هەموو چەمکەکانی دیموکراسی، ڕەخنە و پشتگیری هەیە.

توخمی لیبرال لە دیموکراسی لیبرالدا، لە ڕووی مێژووییەوە، هەندێ پێش ئەو وڵاتانە سەری هەڵدا کە بە دیموکراسییەکی ڕاستەقینە ناوزەند دەکران. بۆ نموونە لە سەدەی نۆزدەدا، لە گەلێک لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا، فۆرمی حکوومەتی دەستووری پەرەی سەند، لە کاتێکدا کە مافی دەنگدان تەنیا بۆ پیاوە موڵکدارەکان بوو. لە ڕاستیدا، ئافرەت لە سویسرا مافی دەنگدانی نەبوو تا ساڵی ,١٩٧١ دەوڵەتێکی لیبرال دەوەستێتە سەر بنەمای حکوومەتی سنووردار، ئایدیایەک کە تاک دەبێ پیادەی هەندێ پێوەری پاراستن بکات لە دەوڵەت. لە تێڕوانینی لیبرالدا، حکوومەت شەیتانێکی پێویستە، هەمیشە ڕێی تێ دەچێت ببێتە ستەمکارێک دژی تاک گەر دەسەڵاتی حکوومەت چێک نەکرێتەوە. ئەمەش چەند ئالیەتێک دروست دەکات بۆ



ئەوەی هاوڵاتی زاڵ بە سەر حکوومەت، وەک دەستوور، بەندی مافەکان، هەروەها دەسەڵاتی قەزائی سەربەخۆ و تۆڕەکانی هاوسەنگی و چێک کردن لە نێو دامەزراوەکانی حکوومەت. وێڕای ئەمەش، دیموکراسییە لیبرالەکان ڕێز لە وجوودی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی تەندروست دەگرن، لە سەر بنچینەی ئەو ڕێزەی بۆ ئازادیە مەدەنییەکان و مافەکانی موڵکداریەتی هەین. کەواتە حوکمی دیموکراتی لیبرال لەگەڵ سیستەمی ئابووری سەرمایەگوزاریدا یەک دەگرێتەوە.

بەڵام، هەرچەندە ڕەنگە ئەم خاسیەتانە پێشە مەرجی پێویست بن بۆ دیموکراسی، بەڵان نابێ هەڵەی تیا بکرێن بۆ خودی دیموکراسی. توخمی دیموکراسی لە دیموکراسی لیبرالدا بریتییە لە ئایدیای ڕازی بوونی میللی، کە لە ڕێگەی دەنگدانەوە دەردەبڕێت. بۆیە دیموکراسی لیبرال بریتییە لە فۆرمی دیموکراسی هەڵبژێراو، لەوەشیاندا هەڵبژاردنی میللی وەک تاکە سەرچاوەی شەرعی دەسەڵاتی سیاسی بەدی دەکرێت. هەرچەندە ئەم جۆرە هەڵبژاردنانە ڕێز لە بنەمای یەکسانی سیاسی دەگرن، دەبێ پشت ڕاست بن بە مافی دەنگدانی جیهانی و ئایدیای " هەر کەسە و دەنگێک". لە بەر هەندێ، هەر سیستەمێک کە لە سەر بنچینەی گێندەر و ڕەگەز و ئاین و بارودۆخی ئابووری مـــــافی دەنگدان لە بار دەبەن، لە تاقـــــیکردنەوەی دیموکراسی دەرناچێت. دواجار، بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکان بە تەواوی دیموکراسی بن دەبێ پێشبڕکێی تیا بێت، دەبێ کراوە و ڕێک لە سەروو هەموو شتێکەوە بن. ناوەڕۆکی پرۆسەی دیموکراسی توانای خەڵکە لە ڕەچاوکردنی سیاسەتمەدارەکان. فرە لایەنی سیاسی و پێشبڕکێی کراوە لە نێوان حیزب و بزووتنەوە و فەلسەفییە سیاسییەکان بریتین لە جەوهەری دیموکراسی.

دیدی دیموکراسی لیبرال بریتییە لە تواناکەی بۆ بەخشینی پێوەرێکی گرینگی بەشداری میللی بە نوخبەی حوکمڕان. حکوومەت لە سەر متمانەی سیاسەتمەدارە پرۆفێشناڵەکاندا وەستاوە، بەڵام ئەو سیاسەتمەدارانە ناچار دەکرێن وەڵامی پاڵەپەستۆیە میللییەکان بدەنەوە بە هۆی ئەو واقیعە سادەیەی کە خەڵکی گشتی ئەوانیان پێش هەموو شتێک لەو پۆستە داناوە، بۆیە دەتوانن دواتر هەر خۆیان لایان بەرن. جۆزیف شەمپیتەر ئەوەی بە کورتی باس کردووە لە کتێبەکەی بە ناوی

(سەرمایەگوزاری و سۆشیالیزم و دیموکراسی (١٩٤٢ و ١٩٧٦ چاپ و بڵاو کراوەتەوە) لە ڕێگەی وەسفکردنی میتۆدی دیموکراسی وەک " ڕێکخستنی دامەزراوەیی بۆ گەیشتن بە بڕیارە سیاسییەکان کە تیایدا تاک هێز وەردەگرێت بۆ بڕیاردان بە هۆی ناوەندەکانی ململانێی پێشبڕکێکار بۆ دەنگی خەڵک". بۆیە باشییەکانی نوخبەی حوکمڕان (حکوومەت لە لایەن شارەزاییەکان و ڕۆشنبیر و ڕووناکبیرەکانەوە) هاوسەنگن لە دژی پێویستی بەرپرسیاریەتی خەڵکی گشتی. بە هەقیقەت، ئەم بۆچوونە ئەوە دەگەیەنێت کە هێزی سیاسی دیموکراسییە لیبراڵەکان لە لایەن دەنگدەرانەوە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بە دیار دەکەوێت. دەنگدەر هەمان هێز پیادە دەکات بۆ بازاڕی سیاسی وەک ئەوەی چۆن موشتەری لە بازاڕی ئابووریدا پیادەی دەکات. ئەم پرۆسەی بەرپرسیاریەتییە بەهێز دەکرێت بە هۆی توانای هاوڵاتیان بۆ ئەوەی کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەبێت لە سەر حکوومەت لە ڕێگەی ڕێکخستنی هۆکاری گرووپەکان و گرووپەکانی بەرژەوەندی. بۆیە دیموکراسییە لیبرالییەکان بە دیموکراسی فرە لایەنی وەسف دەکرێن: لەگەڵ ئەوەشدا هێزی سیاسی بە فراوانی بڵاو بووەتەوە لە نێو ژمارەیەک گرووپ و بەرژەوەندی پێشبڕکێکار، هەریەکەیان پێوەندی هەیە لەگەڵ حکوومەت.

لەگەڵ ئەوەشدا، دیموکراسی لیبرال سەرکردایەتی ڕێز و ڕەزامەندی گەردوونی ناکات. ئەو ڕەخنانەی کە لێی دەگیرێت هەمووی لە لایەن نوخبەوییەکان و مارکسییەکان و دیموکراتە ڕادیکاڵییەکانن. نوخبەوییەکان بە باوەڕەکەیان دەناسرێنەوە کە هێزی سیاسی لە ژێر دەستی چەند کەسێکدایە یان لە ژێر دەستی نوخبەیەکدایە. لە کاتێکدا، نوخبەوییە کلاسیکەکان پێیان وایە کە ئەمە پێویستە و لە گەلێ حاڵەتدا خاسیەتێکی خوازراوی ژیانی سیاسییە، کەچی نوخبەوییە مۆدێرنەکان شرۆڤەیەکی ئەزموونگەرییان پەرە پێ دا و پەشیمان بوونەوە لەو جەختەی کە لەسەر هێزی سیاسییان دەکرد. لە ڕووێکەوە، شەمپیتەر پەرەی بە فۆرمێکی نوخبەی دیموکراسی دا لە پێشنیاز کردنی ئەوەی کە هەرچەندە هێز هەمیشە لە لایەن نوخبەیەکەوە پیادە دەکرێت، پێشبڕکێ لە نێوان ژمارەیەک نوخبە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە دەنگی میللی دەگاتە هەموو شوێنێک. بە بۆچوونی ڕایت میڵس (١٩٥٦) کۆمەڵگە پیشەسازییەکان وەک ویلایەتە یەکگرتووەکان لە لایەن





نوخبەیەکی دەسەڵاتدار دەستی بە سەر داگیراوە، گرووپێکی بچووک سەرکردایەتی " پێکهاتە سەرەکییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگە مۆدێرنەکان " دەکات. ئەم تیۆرە پێشنیازی ئەوە دەکات کە هێز شتێکی دامەزراوەییە و لە دەستە ناهەڵبژێردراوەکانە و لە سیستەمی دەوڵەتدا دانراوە، بە سەربازی و بیرۆکراسیەت و دەسەڵاتی قەزائی و سیاسەتیش دەگرێتەوە. لە واقیعدا، میڵس مشتومڕی ئەوەی کرد کە دەستەکان بۆ پیادەکردنی هێز هەمیشە لە تێڕوانیندا زۆر تەسکن، بنەمای یەکسانی سیاسی و پرۆسەی پێشبڕکێی هەڵبژێراو کە لە سەریدا دیموکراسی لیبرال دامەزراوە شتێک زیاتر نییە لە ڕواڵەت.

ڕەخنەی مارکسی نەریتی لە سەر دیموکراسی لیبرال جەخت دەکاتە سەر گرژی لە نێوان دیموکراسی و سەرمایەداری. بە ڕای پارێزکار و لیبراڵەکان، مافی خاوەنیەتی موڵکێک بریتییە لە بەردی بناغەی حوکمی دیموکراسی چونکە ئازادی تاک مسۆگەر دەکات. دیموکراسی تەنیا ئەو کاتە وجوودی دەبێت کە هاوڵاتیان بتوانن لە سەر خۆیان بوەستن و بڕیاری خۆیان بدەن، بە واتایەکی دیکە، سەرمایەداری پێشەمەرجێکی پێویستە بۆ دیموکراسی. مارکسە ئۆرتۆدۆکسییەکان ناکۆکێکی توند بوون، مشتومڕی ئەوەیان کرد کە گرژییەک هەیە لە نێوان یەکسانی سیاسی (کە دیموکراسی لیبرال ڕایدەگەیەنێت) و نایەکسانی کۆمەڵایەتی کە ئابووری سەرمایەداری بەرهەمی دەهێنێت. دیموکراسە لیبراڵەکان دیموکراسی سەرمایەدار یاخۆ بۆرژوازین، پاوان و کۆنترۆڵ کراون لە لایەن هێزی موڵکی تایبەتی. ئەم جۆرە شرۆڤەیە بووە هۆی کەمکردنەوەی هەستی شۆڕشگێڕی مارکسییەکان وەک لینین و ڕۆزە لوکسمبۆرگ بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو ئایدیایەی کە دەکرێ ڕێگایەکی دیموکراسی هەبێت بۆ سۆشیالیزم. لەگەڵ ئەوەشدا، نەریتێکی بەدیل دان بەوە دادەنێت کە دیموکراسی هەڵبژێراو دەنگێک بە چینی کرێکار دەبەخشێت و ڕەنگیشە ئالیەتێک بێت بۆ گۆڕانێکی ڕیشەیی کۆمەڵایەتی. کارل کۆتسکی (١٨٥٤–١٩٣٨) سەرکردەی سۆشیالیستی ئەڵمانی یەکێک بوو لە پشتیوانانی ئەم بۆچوونە، هەروەک چۆن پشتیوانی کۆمەنیستە مۆدێرنەکانیشی هەبوو. بەڵام، تەنانەت کاتێ سۆشیالیستەکان سندوقی دەنگدان لە ئامێز دەگرن، ڕەخنەیان لە تێگەیشتنی تەسکی یەکسانی سیاسی دەگرت وەک شتێک زیاتر نییە لە مافی یەکسان بۆ

دەنگدان. گەر هێزی سیاسی ڕەنگدانەوەی دابەشکردنی سامان بێت، ئەوا دیموکراسی ڕاستەقینە دێتە ئاراوە تەنیا لە ڕێگەی بەدەستهێنانی یەکسانی کۆمەڵایەتی یاخۆ ئەوەی پێشتر مارکسییەکان ناویان لێ نا "سۆشیەل دیموکراسی".

دواجار، دیموکراتە ڕادیکاڵییەکان هێرشیان کردە سەر دیموکراسی لیبرال لە سەر ئەوەی کە تەنیا لە ڕواڵەتدا فۆرمێکی دیموکراسییە. دیموکراتە لیبرالییەکان گەڕانەوە سەر تێگەیشتنی کلاسیکی دیموکراسی کە دەڵێت دیموکراسی واتە خۆ حوکمکردنی میللی، هەروەها جەختیان کردە سەر پێویستی بۆ بەشداری سیاسی میللی. میسالیەتی دیموکراسی ڕاستەوخۆ یاخۆ بەشداریکردن لە لایەن کارل مارکسەوە پشتگیری کراوە، هەروەها پشتگیری بە دەست هێناوە لە لایەن هزرمەندە فەوزەوییەکان و دەستەبژێریکی (نوخبەیەکی) تیۆریست وەک تۆم بۆتمۆر (١٩٩٣)و (پیتەر باچراچ) (١٩٦٧). جەوهەری ڕەخنەی دیموکراسی ڕادیکاڵی ئەوەیە کە دیموکراسی لیبرال لە بەهای بەشداریکردنی کەم کردەوە بۆ بۆنەیەکی بێ مانا: دەنگدان هەر چەند ساڵ جارێک بۆ ئەو بەرپرسە سیاسییانەی کە تەنیا لە ڕێگەی هەڵبژاردنی کۆمەڵێک بەرپرسی سیاسی خۆ خزمەتکەر جێگەیان دەگیرێتەوە. بە کورتی، گەل هەرگیز حوکم ناکات، هەروەها گەشەی بۆشایی نێوان حکوومەت و گەل ڕەنگدانەوەی بڵاوبوونەوەی کەمتەرخەمی حکوومەت inertia و گوێ پێ نەدانی هاوڵاتی apathy و وێرانبوونی کۆمەڵگەیە. دیموکراتە ڕادیکاڵییەکان، زۆرجار لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ نووسینەکانی ڕۆسۆ و جەی ئێس میڵ، جەخت دەکەنە سەر ئەو سوودانەی کە بەشداری سیاسی دروستی دەکات. لە کاتێکدا هیچ بەدیلێک پێشنیاز ناکەن بۆ دیموکراسی لیبرال، هەمیشە ئامادە کراون بۆ پشتگیریکردنی هەر فۆرمێک لە ڕێگەیەوە ڕیشەی دیموکراسی دروست بێت. ئەمانەش نەک هەر تەنیا بەکارهێنانی ڕیفراندۆمەکان و زانیاری تەکنەلۆژی دەگرێتەوە، کە پێشتر تاوتوێ کراوە، بگرە لا مەرکەزیەتی ڕادیکاڵی هێز و بەکارهێنانی فراوانتری هەڵمەت و چالاکییەکانی گرووپەکانی پاڵەپەستۆیش دەگرێتەوە نەک بیرۆکراسیەت و پێکهاتەی حیزبە سیاسییەکان.



## خاڵە چاک و خراپەکانی دیموکراسی

لە سیاسەتی مۆدێرندا بێ دەنگییەکی نامۆ و ناتەندروست هەیە لە سەر پرسی دیموکراسی. ڕێزێکی زۆر لە دیموکراسی دەگیرێت کە بە دڵنیاییەوە وەک بەخشینێک وەردەگیرێت. لایەنە چاکەکانی زۆر بە دەگمەن پرسیاری لێ دەکرێت و خاڵە خراپەکانیشی زۆر بە دەگمەن دەخرێتە ڕوو. ئەم زۆر جیاوازە لە سەردەمی شۆڕشەکانی ئینگلیزی و ئەمریکی و فەڕەنسی، کە مشتومڕێکی بەردەوام و توندی بە خۆوە بینیوە دەربارەی خاڵە سەرکەوتووەکانی دیموکراسی. بە هەقیقەت، لە سەدەی نۆزدەدا، کاتێ دیموکراسی بە باوەڕێکی شۆڕشگێڕی و یەکسانی و ڕادیکاڵی دادەنرێت، هیچ پرسێک نییە بە شێوەیەکی کاریگەر ڕای سیاسی ئیفلیج بکات. بەڵام، ئەو گشتگیرییەی لە سەر دیموکراسی هەیە ئەو واقیعە دەخاتە ڕوو کە دیموکراتەکان بە گەلێ ڕێگای جیاواز بەرگرییان لە بۆچوونە جیاوازییەکانیان کردووە.

تا سەدەی نۆزدە، دیموکراسی، یا بە لایەنی کەم مافی دەنگدان، وەک ئالیەتێکی پاراستنی تاک دژی حکوومەتی سەروەری ناوزەند دەکرا. هەستە دیموکراسییەکانی پێشوو لە کتێبەکەی ئەرستۆدا باس کراوە بە ناوی " کێ پاسەوانی پاسەوانان دەکات؟" تیۆریستەکانی گرێبەندی کۆمەڵایەتی سەدەی حەڤدەم دیموکراسییان بە ڕێگایەک دانا تیایدا تاک دەتوانێت هێزی حکوومەت بپشکنێت. بۆ نموونە، بە چاوی جۆن لۆک، مافی دەنگدان دەوەستێتە سەر مافە سروشتییەکان، بە تایبەتی، مافی موڵکداریەتی. گەر حکوومەت، لە ڕێگەی باجەوە، خاوەنی هێز بێت بۆ دەست بە سەر داگرتنی موڵک، ئەوا هاوڵاتیان دەبێ خۆیان بپارێزن لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی پێکهاتەی دەستەی باج وەرگرتن. بە واتایەکی دیکە، نابێ هیچ باجێک بە بێ نوێنەرایەتی هەبێت. سنووردارکردنی مافی خاوەن موڵکەکان نابێ بە دیموکراسی دابنرێت بە پێی پێوەرەکانی سەدەی بیستەم. بیرۆکەیەکی ڕادیکاڵتری مافی دەنگدانی جیهانی لە لایەن تیۆریستە یوتیلیتارییەکانەوە پەرەی پێ دراوە وەک جێریمی بێنتام. لە نووسینە بەراییەکانیدا، بێنتام پاڵپشتی سەرکوتکردنی دەکرد، پێی وابوو کە ئەمە دەتوانێت خۆشییەکی زۆر گەورە پێش دێنێت، بەڵام، دواجار هات

پشتگیری لە مافی دەنگدانی گەردوونی کرد لە سەر بنچینەی ئەو باوەڕەی کە بەرژەوەندی هەر تاکێک بەهای یەکسانی هەیە و تەنیا متمانەی پێ دەکرێت کاتێ وێڵ دەبن بە دوای بەرژەوەندی خۆیاندا.

بەڵام کەیسێکی ڕادیکاڵتری دیموکراسی لە لایەن ئەو تیۆریستانەوە باس کراوە کە بەشداری سیاسی بە شتێکی باش لە قەڵەم دەدەن. هەروەک پێشتر باس کراوە، ژان ژاک ڕۆسۆ و جۆن ستوارت میڵ بە پێشەنگی پشتیوانانی ئەم هەڵوێستە دادەنرێن. بە ڕای ڕۆسۆ، دیموکراسی ئالیەتێکە لە ڕێگەیەوە مرۆڤ ئازادی و ئۆتۆنۆمی بە دەست دەهێنێت. بە پێی ئەم بۆچوونە، تاکەکان تەنیا ئەو کاتە ئازادن کە گوێڕایەڵی یاسا بن و ئەو گوێڕایەڵییەش بە ویستی خۆیان دروستیان کردبێت. بۆیە ڕۆسۆ ستایشی خاڵە چاکەکانی بەشداری بەردەوام و چالاک دەکرد لە ژیانی کۆمەڵگەکەیان. بەڵام، ئەم جۆرە ئایدیە زۆر بە باشی دەچێتە ئەو دیو بیرۆکە نەریتییەکەی دیموکراسی هەڵبژێراو و پشتگیری میسالیەتێکی ڕادیکاڵتری دیموکراسی ڕاستەوخۆ دەکات. بۆ نموونە، ڕۆسۆ ئەزموونی ئینگلتەڕا وەردەگرێت لە پیادەکردنی هەڵبژاردنەکان، تاوتوێی ئەوە دەکات کە " گەلی ئینگلتەڕا تەنیا ئەو کاتە ئازادن کە ئەندام پەرلەمانی خۆیان هەڵدەبژێرن، هەر کە هەڵیشبژێردران، خەڵکەکە دەبن بە بەندە و کۆیلە، حیسابی هیچیان بۆ ناکرێت". هەرچەندە میڵ زۆر دوور ناڕوات، هەر وەک پشتیوانی دیموکراسی هەڵبژێراو دەمێنێتەوە، بەڵام پێی وابوو کە بەشداری سیاسی سوودبەخش بوو هەم بۆ تاک هەم بۆ کۆمەڵگەش. میڵ پێشنیازی ئەوەی کرد کە ئافرەت دەبێ دەنگ بدات و پێشنیازی فراوانکردنی مافی دەنگدانی کرد بە ڕادەیەک کە هەموو توێژێک بگرێتەوە جگە لە نەخوێندەوارەکان لە سەر بنچینەی پەروەردەیی، پێی وابوو کە ئەمە پەرە بە گەشەی ڕۆشنبیری تاک و لایەنی چاکە و تێگەیشتنی کردەیی دەدات. ئەمە لە بەرابەردا کۆمەڵگەیەکی هاوسەنگتر و گونجاوتر دروست دەکات و پەرە بە "پێشکەوتنی ئەقڵی گشتی کۆمەڵگە" دەدات.

مشتومڕەکانی تر لە بەرژەوەندی دیموکراسی ڕوونتر دەوەستێتە سەر ئەوەی کە سوودی زیاتر هەیە بۆ کۆمەڵگە نەک تاک. بۆ نموونە، دیموکراسی دەتوانێت هەستی هەرەوزی کۆمەڵایەتی دروست دەکات لە ڕێگەی بەخشینی بەشێک بە هەموو



ئەندامەکانی کۆمەڵگە، ئەویش مافی دەنگدانیان هەبێت لە پرۆسەی بڕیارداندا. ڕۆسۆ باسی ئەو ئایدیایەی کرد کە حکوومەت دەبێ دروست بێت بە ویستی گشتی، یاخۆ چاکەی گشتی، نەک بە ویستی تایبەتی و خۆویستی هەر هاوڵاتییەک. بۆیە بەشداری سیاسی ئەو هەستە زۆر دەکات لە نێو هاوڵاتیان کە دەگەڕێنەوە بۆ کۆمەڵگە. تێڕوانینی هاوشێوەی ئەمە وای لە سۆشیالیست و مارکسییەکان کرد پشتگیری دیموکراسی بکەن، بە هەمان شێوە لە فۆرمی سۆشیەل دیموکرات نەک هەر تەنیا دیموکراسی سیاسی. لەم تێڕوانینەوەش، دەکرێ دیموکراسی بە هێزێکی یەکسان بەدی بکرێت کە دژی هەر فۆرمێکی ئیمتیاز یاخۆ هەڕەمەکی بوەستێتەوە. دیموکراسی نوێنەرایەتی کۆمەڵگە دەکات نەک تاک، لە بەرژەوەندی گشتی نەک بەرژەوەندی تاک.

تەنانەت کاتێ شەڕی دیموکراسی بەرپا بوو، دەنگ و ڕای بەرز لە دژی بەرز کرایەوە. توندترین مشتومڕ لە دژی دیموکراسی ئەوەیە کە ئەندامانی ئاسایی و گشتی ناتوانن لە سەر پێی خۆیان ژیرانە حوکم بکەن. شێوازی پێشتری ئەم مشتومڕە لە لایەن ئەفلاتوونەوە کە پەرەی بەو ئایدیایە دا کە کەسانی چاک حوکم بکەن، حکوومەت لە لایەن چینێکی شایە فەیلەسووفەکانەوە بەڕێوە بچێت، واتە لە لایەن ڕابەرەکانەوە. بە پێچەوانەیەکی توندی تیۆریستە دیموکراسییەکانەوە، ئەفلاتوون باوەڕی بە فۆرمێکی ڕادیکاڵی نایەکسانی سروشتی هەبوو: مرۆڤ بە ڕوحی زێڕین و زیو و مسەوە لە دایک بوونە، بۆیە هەریەکە و بە لایەکدا دەچێت و لە لایەک جێگیر دەبێت. لە کاتێکدا ئەفلاتوون پێشنیازی ئەوەی کرد کە دیموکراسی حکوومەتێکی خراپ دابین دەکات. نوخبە کلاسیکەکان وەک پاریتۆ (١٨٤٨–١٩٢٣) و مۆسکا (١٨٥٧–١٩٤١) و مایکڵز (١٨٧٦–١٩٣٦)، مشتومڕی ئەوەیانە کە دیموکراسی هەرگیز حکوومەتێکی خراپ دابین ناکات. دیموکراسی شتێک نییە زیاتر لە وەهمێکی گەمژانە چونکە هێزی سیاسی هەمیشە پیادە دەکرێت لە لایەن چەند کەسێکی بە ئیمتیاز یا لە لایەن نوخبەیەک. مۆسکا لە کتێبەکەی بە ناوی "چینی حوکمڕان" ڕایگەیاند کە لە هەموو کۆمەڵگەییەکاندا " دوو چینی خەڵک هەن، چینێکیان حوکم دەکەن و چینەکەی دیکەش حوکم دەکرێن". بە بۆچوونی ئەو، ئەو

سەرچاوانەی کە پێویستن بۆ حوکمکردن هەمیشە بە نایەکسانی دابەش دەکرێن، گەر دوورتر بڕۆین، کەمینەیەکی یەکگرتووە هەمیشە دەتوانێت خەڵکی پاوان و کۆنترۆڵ بکات، تەنانەت لە دیموکراسییەکی پەرلەمانتاریشدا. پاریتۆ پێشنیازی ئەوە کرد کە ئەو شتانەی پێویستن بۆ حوکمکردن خۆیان لە دوو جۆری دەروونیدا دەبیننەوە: "ڕێوییەکان" کە بە فڕوفێل حوکم دەکەن و دەتوانن ڕازیبوونی خەڵک قۆرخ بکەن، هەروەها "شێرەکان" کە زاڵبوونەکەیان دەوەستێتە سەر توندوتیژی و زۆری لێکردن. مایکلز پێشنیازی ئەوەی کرد کە حوکمی نوخبە بە دوای ئەو شتە کەوت کە خۆی ناوی لێ نا " یاسای ئاسنینی ئۆلیگارشی". ئەمەش ئەوە دەخاتە ڕوو کە لە سروشتی هەموو ڕێکخراوێکدایە، هەرچەند دیموکراتی بن،ڕاستییەکەیان هەر دەردەکەوێت، چونکە هێز بۆ تەرکیزکردن لە دەستی چەند کەسێکی زاڵدایە لە گرووپی بچووکدا، کە دەتوانن بڕیار ڕێکبخەن و بیدەن، نەک لە دەستی ئەوانەی کە لە پۆستی بەرز دان و هیچ گوێ بە شتەکان نادەن.

مشتومڕێکی تر دژی دیموکراسی وای دەبینێت کە ئەمە دوژمنی ئازادی تاکە. ئەم ترسە لەو واقیعەوە سەر هەڵدەدات کە "گەل" کیانێکی تاک نییە بگرە کۆمەڵێک تاک و گرووپی تیایە، چەندین ڕای جیا جیا هەن و بەرژەوەندی دژیش لە ئارادان. ڕێگەچارەی دیموکراسی بۆ ململانێیەکە سەرچاوەیەکی ژمارەکان و پێشکەشکردنی حوکمی زۆرینە، واتە زۆرینە یاخۆ ژمارەی زۆرتر حوکم دەکات و دەبێ زاڵ بە سەر کەمینە. بە واتایەکی دیکە، دیموکراسی دێتە خوار بۆ ئاستی حوکمڕانی سەدا ٥١، ئەم تێڕوانینەش لە لایەن ئەلێکسیس تۆکڤیلەوە بە "ستەمکاری زۆرینە" وەسف کراوە. ئازادی تاک و مافەکانی کەمینە هەردووکیان دەتوانرێت بە ناوی گەلەوە لە ناو ببرێن. شرۆڤەیەکی هاوشێوەی ئەمە لە لایەن جەی ئێس میڵ پەرەی پێ دراوە. میڵ پێی وابوو نەک هەر تەنیا هەڵبژاردنی دیموکراسی بریتییە لە ڕاستییەکان مەحاڵ دەکات، ژیری لە ڕێگەی نیشاندانی دەستەکانەوە بە دیار ناکەوێت، بگرە زۆرینەش ژیانی ڕۆشنبیری وێران دەکات لە ڕێگەی برەودان بە هەماهەنگی و ڕێکەوتنی گەمژانە. بۆچوونێکی هاوشێوەی ئەمە لە لایەن جەیمس مادیسۆنەوە لە ڕێکەوتنی دەستووری ئەمریکی لە فلادەلفیا لە ساڵی ۱۷۸۷ باس کراوە. مادیسۆن مشتومڕی



ئەوەی کرد کە باشترین بەرگری دژی ئەم ستەمکارییە تۆڕێک بوو بۆ پشکنین و هاوسەنگی، سیستەمێکی پارچە پارچە کراوی حکوومەت دروست دەکات، زۆر جار پێی دەوترێت "سیستەمی مادیسۆنی".

لە حاڵەتەکانی تردا، ترسی دیموکراسی زۆر لە مەترسی حوکمی زۆرینە سەرچاوەی نەگرتووە بە قەد ئەوەی لە سروشتی زۆرینەوە سەرچاوەی گرتووە، گەر هەموو کۆمەڵگەکان نەبێت. بە ڕەچاویکردنی ئەزموونە کۆنەکان دەربارەی حوکمی میللی، ئەم تیۆریستانە دەڵێن کە دیموکراسی هێز دەخاتە ژێر دەستی ئەوانەی کە شایەنی حوکمکردن نین: خەڵکی ناڕۆشنبیر، وەک ئەوانەی کە حوکم دەکرێن لە ڕێگەی سۆزەوە نەک ژیری. بۆ نموونە، ئۆرتێگا گاسێت لە کتێبەکەی بە ناوی (the re-volt of masses 1930 ۱۹۳۰و ۱۹٦۱(هۆشداری ئەوەی دا کە گەشتنی دیموکراسی بە خەڵک بووە هۆی لابردنی کۆمەڵگەی شارستانی و سیستەمی ئەخلاقی، ڕێگەی خۆش کرد بۆ حوکمڕانە دەسەڵاتدارەکان بێنە سەر تەختی دەسەڵات و ببنە بنەڕەتی غەریزەکانی خەڵک. لە کاتێکدا، دیموکراتەکان بانگەشەی بنەمای یەکسان دەکەن لە هەموو بوارێکدا، ڕەخنە گرانی وەک گاسێت بیرۆکەی پارێزکاری پێکهاتەی سروشتی لە باوەش دەگرن. بە ڕای گەلێک هزرمەند، ئەم ڕەخنەیە تایبەتە بە فۆرمە بەشداری خوازەکانی دیموکراسی کە هیچ پشکنینێکی تیا نییە بۆ ئەوانەی حوکم دەکەن. بۆ نموونە، جەی ئێل تالمۆن(۱۹٥۲) مشتومڕی ئەوە دەکات لە شۆڕشی فەڕەنسیدا تیۆرە ڕادیکاڵییە دیموکراسییەکانی ڕۆسۆ دڕندەیی بێ سنووری تیرۆری ئاسایی کرد، ئەمەش دیاردەیەک بوو تالمۆن پێی وت "دیموکراسی تۆتالیتاریەن". زۆر کەس هەن وانەی هەمان شێوەیان بەدی کردووە لە فۆرمە ڕاپرسییەکانی دیموکراسی کە گەشەی کرد لە وڵاتانی فاشیستی سەدەی بیستەم، کە بووە هۆی دامەزراندنی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان سەرکردە و گەل لە ڕێگەی کۆبوونەوە و ڕێپێوان و خۆپیشاندان و فۆرمەکانی تری هەڵمەتی سیاسی.

**جەیمس مادیسۆن (۱۷٥۱-۱۸۳٦)**

تیۆریستێکی سیاسی و ژێدەرێکی ئەمریکییە. مادیسۆن خەڵکی ویلایەتی ڤێرجینیا بوو. پاڵپشتی ناشنالیزمی ئەمریکی دەکرد لە کۆنگرێسی کیشوەری لە

سالآنی ١٧٧٤ و ,١٧٧٥ یارمەتی دانانی ڕێکەوتنی دەستووری لە ساڵی ١٧٧٨، هەروەها ڕۆڵێکی بەرچاوی بینی لە نووسینی دەستوور. مادیسۆن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بوو لە ١٨٠١ و ١٨٠٩، هەروەها چوارەم سەرۆکی ئەمریکا بوو لە سالآنی ١٨٠٩ و ,١٨١٧

ناسراوترین نووسینەکانی مادیسۆن بەشدارییەکانیەتی بۆ کتێبی (فێدرالیست) (١٧٨٨-٧ ,١٧٨)، کە هەڵمەتی بۆ پەسەندکردنی دەستوور دەگێڕا. یەکێک بوو لە پێشەنگی پشتیوانانی فرە لایەنی و حکوومەتی دابەشبوو، پێی وابوو کە " بەرزخوازی (الطموح) دەبێ بە شێوەیەک دروست بکرێت ڕووبەڕووی بەرزخوازی تر بێتەوە". بۆیە زۆر پەلەی کرد لە بەکارهێنانی فیدڕالیزم و فرە لایەنی و جودابوونەوەی دەسەڵاتەکان. مادیسۆنیزم زۆر جەخت دەکاتە سەر پشکنین و هاوسەنگی وەک ئالیەتێکی سەرەکی نەهێشتنی ستەمکاری. لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێ لە پۆستدا بوو، مادیسۆن خەریکی بەهێزکردنی دەسەڵاتەکانی حکوومەتی نەتەوەیی بوو. بۆچوونەکانی لە سەر دیموکراسی، زۆرجار پێی دەوترێت "دیموکراسی مادیسۆنی"، جەختی کردە سەر پێویستی بەرگریکردن لە زۆرینەیی بە هۆی دان پیانان بە وجوودی فرە لایەنی لە نێو کۆمەڵگەدا، هەروەها جەختی کردە سەر پێویستی بۆ نوخبەیەکی سەربەخۆی دوور لە پێشبڕکێکردنیان لەگەڵ تاک و بەرژەوەندییە تایفییەکان. ئایدیاکانی مادیسۆن کاریگەری لە سەر هزری لیبرال و کۆماری و فرە لایەنی هەبوو.

## نوێنەرایەتی Representation

تیۆرە دیموکراتییە مۆدێرنەکان زۆر وابەستەن بە ئایدیای نوێنەرایەتی. وەک پێشتر باس کراوە، کاتێ هاوڵاتیان هیچی تر ڕاستەوخۆ حوکم ناکەن، دیموکراسی دەوەستێتە سەر ئەو قسەیەی کە بەرپرسە سیاسییەکان وەک نوێنەری گەل خزمەت دەکەن. بەڵام، ئایا مانای چییە کاتێ دەڵێین یەکێک نوێنەرایەتی یەکێکی تر دەکات؟ بە زمانی ئاسایی، نواندنی شتێک بۆ وەسفکردن یاخۆ شتێک ئامادە بکەیت، هەروەک کاتێ دەوترێت وێنەیەک کەسێک یاخۆ دیمەنێک دەنوێنێت. لە سیاسەتدا، نوێنەرایەتی واتە تاکێک یاخۆ گرووپێک لە جیاتی کۆمەڵێک خەڵک کار دەکات. کەواتە نوێنەرایەتی سیاسی دان بەو لینکە دادەنێت لە نێوان دوو کیانی جیاواز ئەوانیش حکوومەت و حوکمکراو (حکوومەت و گەل)، هەروەها ئەوەش دەگەیەنێت کە



لە ڕێگەی ئەم لینکەوە بۆچوونی خەڵک دەبیسترێت یا بەرژەوەندییەکانیان مسۆگەر دەکرێت. سروشتی تەواوی ئەم لینکە بووەتە هۆی ناکۆکییەکی قووڵ، هەروەک توانای نوێنەرایەتی بۆ مسۆگەرکردنی حکوومەتێکی دیموکراسی.

لە کردەدا، هیچ شێوازێکی تاک و جێگیری نوێنەرایەتی نییە هەموو لە سەری کۆک بن بگرە ژمارەیەک تیۆری پێشبڕکێکار لە ئارادایە، هەریەکەیان دەوەستێتە سەر لێکدانەوەی دەروونی و سیاسی تایبەت. هەندێ نوێنەر وەک ئەو کەسانە سەیر دەکرێن کە شتی باشتر دەزانن لەوانی تر، بۆیە دەتوانن ژیرانە کار بکەن بۆ بەرژەوەندی ئەوانی تر. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەرپرسە سیاسییەکان نابێ بە مەندووب یا نوێنەرەکان ببەسترێنەوە بە بۆچوونی لایەنگرانیان، بگرە دەبێ توانای ئەوەیان هەبێت بیر بکەنەوە بۆ خۆیان و حوکمی کەسی بەکار بێنن. بەڵام، بە لای گەلێ کەسەوە هەڵبژاردنەکان بنچینەی میکانیزمی نوێنەرایەتین. بەرپرسی سیاسی هەڵبژێردراو دەتوانن بە خۆیان بڵێن نوێنەر لە سەر بنچینەی ئەوەی کە لە لایەن خەڵکەوە دەستنیشان کراون. باشە ئەی ئەو دەستنیشانکردنە چی دەگەیەنێت و چۆن دەسەڵات بە بەرپرسی سیاسی دەدات کار بکەن، ئەمە مایەی تاوتوێ و گفتوگۆیە. لە کۆتاییدا، ئایدیەکی جیاوازتر هەیە کە نوێنەر ئەو کەسە نییە لە جیاتی ئەوانی تردا کار بکات بگرە ئەو کەسەیە کە سیفەتێکی نموونەیی هەیە لە نێو گرووپێک یاخۆ کۆمەڵگەیەکدا. بەرپرسە سیاسییەکان نوێنەرن، گەر بە کۆمەڵگەکەیان بچن لە ڕووی تەمەن و گێندەر و چینی کۆمەڵایەتی و باکگراوندی تایفی و تا دوایی. سووربوون لە سەر ئەوەی کە بەرپرسە سیاسییەکان مایکرۆسۆمی کۆمەڵگەن بانگەشە کردنە بۆ گۆڕانی ڕادیکاڵی لە کارمەندانی حکوومەت لە هەموو وڵاتێکی ئەم جیهانەدا.

## نوێنەرەکان یاخۆ مەندوبەکان Representatives or delegates

لە وتارە بەناوبانگەکەی بۆ دەنگدەرەکانی بریستل لە ساڵی ١٧٧٤دا، ئیدمۆند بێرک بە لایەنگرەکانی وت " نوێنەری ئێوە قەرزداری ئێوەیە نەک هەر تەنیا قەرزداری کۆمپانیاکەیەتی بگرە هی حوکمکردنەکەشیەتی. نوێنەرەکە لە بری خزمەتکردنی ئێوە

خیانەتیان لەگەڵ دەکات، گەر بیکاتە قوربانی ڕای ئێوە". بە ڕای بێرک، جەوهەری نوێنەرایەتی خزمەتکردنی لایەنگرانی بوو لە ڕێگەی پیادە کردنی حوکمێکی پێگەیشتوو و هۆشیاری پابەندبوون. بە کورتی، نوێنەرایەتی بریتییە لە ئەرکێکی ئەخلاقی: ئەوانەی کە بارودۆخیان باشە و خاوەنی تێگەیشتن و پەروەردەن دەبێ کار بکەن لە پێناو بەرژەوەندییەکانی ئەوانەی لە بارێکی باشدا نین. بە بۆچوونی بێرک، ئەم هەڵوێستە سەلمێنرا بە هۆی ئەو ترسەی کە گەر ئەندام پەرلەمانەکان وەک باڵیۆزەکان کاریان بکردایە کە ڕاستەوخۆ ڕێنمایی لە لایەنگرانیان وەردەگرن، پەرلەمان دەبووە گۆڕەپانێکی شەڕ بۆ پێشبڕکێی بەرژەوەندی مەحەلی، نەیدەهێلا هیچ یەکێک قسە لە جیاتی نەتەوەکەی بکات. بێرک دووپاتی کردەوە پەرلەمان ئەنجوومەنی نەتەوەیەک کار بۆ یەک بەرژەوەندی دەکات ئەویش بەرژەوەندی هەمووانە.

هەڵوێستێکی وێکچووی ئەمە لە سەدەی نۆزدە لە لایەن جەی ئێس میڵ بەکار برا کە ئایدییەکانی بنەڕەتی تیۆری لیبرالی نوێنەرایەتی پێک دەهێنێت. هەرچەندە بە توندی باوەڕی بەفراوانکردنی مافی دەنگدان هەبوو بۆ چینی کرێکاریش، هەروەها پاڵپشتی مافی دەنگدانی ئافرەتا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا میڵ ئەو ئایدیەی ڕەت کردەوە کە هەموو ڕایە سیاسییەکان بەهای یەکسانیان هەیە. بە تایبەتی، باوەڕی بەوە هەبوو کە ڕای ڕووناکبیران بەهادارترە لە ڕای ئەوانەی کە نەخوێندەوار و ناڕۆشنبیرن. ئەمەش هانی دا پێشنیازی سیستەمێکی دەنگدان بە تێکڕایی بکات، تەرخانکردنی چوار تا پێنج دەنگ بۆ ئەوانەی کە بڕوانامەی دیبلۆم و پلەیان هەیە، دوو یا سێ دەنگ بۆ کرێکاری بە بەهرەو توانا، دەنگێک بۆ کرێکاری ئاسایی و هیچ دەنگیش بۆ ئەوانەی کە نەخوێندەوارن. سەرەڕای ئەوەش، وەک بێرک، سوور بوو لە سەر ئەوەی کە هەرکاتێک نوێنەر هەڵدەبژێردرێت، بیر لە خۆیان دەکەنەوە نەک حوکمەکانیان بکەنە قوربانی بۆ لایەنگرانیان. بە هەقیقەت، مشتومڕی ئەوەی کرد کە دەنگدەرە ئاقڵەکان دەنگ بەو کاندیدە دەدەن کە لە خۆیان زیرەکترە، ئەوانەی کە زانیاری تایبەتیان هەیە و پەروەردەیەکی فراوان و ئەزموونێکی زۆریان هەیە. سیاسەتمەداریان دەوێت ژیرانە کار بکات لە جیاتی ئەوان، نەک ئەوانەی کە تەنیا بە بۆچوونی خۆیان کار دەکەن.



هەرچەندە لە سەر بنەمای ئایدیۆلۆژی جیا جیا پەرەی سەند، لینین برەوی بەو ئایدیەش دا کە بەرپرسە سیاسییەکان دەبێ وەک نوێنەر کار بکەن نەک وەک مەندووب. وەک شۆڕشگێڕێکی مارکسی، لینین پەرۆش بوو بۆ ئەوەی کە خەڵکی هەڵقۆزراو، پرۆلیتارییەکان، هۆشیاری چینایەتییان بە دەسەت بێنن و درک بە چارەنووسی شۆڕشگێڕیان بکەن. بەڵام، هۆشداری ئەوەی دا کە، لە لایەن ئایدیا و تیۆرە بۆرژوازییەکان دەسخەرۆیان دابوو، پرۆلیتارییەکان ڕەنگە، بە کۆششی خۆیان، هەرگیز بە واقیعی هەڵقۆزینەکەیان نەزانن: ڕەنگە هەرگیز نەبن بە چینێکی شۆڕشگێڕ. بۆیە لینین ئاماژەی بە پێوستی حیزبی شۆڕشگێڕی کرد، حیزبی بەرەی پێشەوە، کە پێکهاتووە لە توخمەکانی چینی هۆشیار لە نێو پرۆلیتاریەت. بە هەقیقەت، حیزبی شۆڕشگێڕی دەبێ ڕێبەر و ڕابەری چینی پرۆلیتار بکات، یارمەتییان بدات لە پێزانینی چارەنووسی شۆڕشگێڕی. وێڕای ئەمەش، لینین دانی بەوە نا کە حیزبی بەرەی پێشەوە لە پرۆلیتارییەکان جیا دەکرێتەوە بە هۆی ئاستی پەروەردەیی و بە هۆی وجوودەکەی لە نێو حیزبی ژمارەیەک ڕۆشنبیر و بۆرژوازی، وەک خودی لینین.

ئەم تیۆرەی نوێنەرایەتییە وەسفی بەرپرسە سیاسییە پرۆفێشناڵەکان دەکات وەک نوێنەر چونکە ئەوان نوخبەیەکی ڕۆشنبیرن. ئەم تیۆرە پشتڕاستە بەو باوەڕەی کە زانیاری و تێگەیشتن بە شێوەیەکی نایەکسان لە نێو کۆمەڵگەدا دابەش دەکرێن، لەو سۆنگەیەی کە هەموو هاوڵاتییەک ناتوانێت لە بەرژەوەندییەکانی بگات. کەواتە گەر بەرپرسە سیاسییەکان وەک مەندووب کار دەکەن، کە وەک باڵیۆزەکان ڕێنمایی وەردەگرن لە دەسەڵاتی بەرزتر لە خۆیان بە بێ پرسیارکردن. لە لایەکی دیکەوە، پاڵپشت کردنی نوێنەرایەتی بە پەیوەست لەگەڵ شاند ڕەخنەی جدی لە سەرە. پێش هەموو شتێک، بنەمای بنەڕەتی ئەم تیۆرە تێڕوانینی دژە دیموکراسی هەیە: گەر بەرپرسە سیاسییەکان بیر لە خۆیان بکەنەوە نەک ڕەنگدانەوەی بۆچوونی نوێنەرایەتی چونکە خەڵکی گشتی پشت گوێ خراوە، بە خراپی پەروەردە کراون یاخۆ هەڵخەڵەتاون، بێگومان هەڵەیە ڕێگەیان پێ بدەن نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن پێش هەموو شتێک. بە هەقیقەت، گەر پەروەردە بنەمای نوێنەرایەتی بێت، دەکرێ

مشتومڕی ئەوە بکرێت کە حکوومەت دەبێ متمانەی پێ بکرێت بۆ پسپۆری هەڵنەبژێردراو، هەڵبژێرردراون، وەک مەندارییەکانی چینی ئیمپڕاتۆر، لە سەر بنچینەی تاقیکردنەوە سەرکەوتن. لە ڕاستیدا، میڵ پەسنی پێویستی دەسەڵاتێکی قەزائی هەڵنەبژێردراوی کرد. وێڕای ئەمەش، لینکی نێوان نوێنەرایەتی و پەروەردە پرسیاری لە سەرە. لە کاتێکدا، پەروەردە پێویست بێت بۆ هاوکاری تێگەیشتنی پرسە ئابووری و سیاسییەکان، زۆر ڕوون نییە کە یارمەتی بەرپرسە سیاسییەکان دەدات حوکمی ئەخلاقی بدەن دەربارەی بەرژەوەندییەکانی ئەوانی تر. بۆ نموونە بەڵگەیەکی کەم هەیە، بۆ پشتگیری کردنی ئەو باوەڕە کە پشتگیری تیۆری میلی کرد، هەروەها بە هۆی ئەنجامەکانی بێرک و لینین، کە پەروەردە هەستێکی فراوانتری بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی دەبەخشێت بە خەڵک و ئامادەییەکی گەورەتر بۆ کارکردن بە شێوەیەکی خۆویستانە.

جدیترین ڕەخنەی تیۆری نوێنەرایەتی ئەوەیە کە دەسەڵاتێکی بەرچاو دەبەخشێت بە نوێنەران لە کۆنترۆڵکردنی ژیانی ئەوانی تر. بە تایبەتی، مەترسییەک هەیە کە تا ڕادەیەک بەرپرسە سیاسییەکان هان دەدرێن بۆ بیر کردنەوە لە خۆیان ڕەنگە پەراوێز بخرێن لە پاڵەپەستۆیە میللییەکان و کۆتایی بەکارکردن بهێنن بۆ بەرژەوەندییە خۆویستییەکانیان. بەم شێوەیە، نوێنەرایەتی دەکرێ ببێتە بەدیلێک بۆ دیموکراسی. ئەم ترسە لە ڕووی نەریتییەوە لە لایەن دیموکراتە لیبراڵەکان دەردەبڕێت وەک تۆم پێین. وەک پاڵپشتێکی بەهێزی ڕێچکەی دیموکراسی سەروەری میللی، "پێین" چالاکانە خۆی گلاندە نێو هەردوو شۆڕشی ئەمریکی و ئەمریکی. بە پێچەوانەی ڕۆسۆ، درکی بە پێویستی هەندێ نوێنەرایەتی کرد. لەگەڵ ئەوەشدا، لە کتێبەکەی بە ناوی " Common Sense، 1776، 1987 ،" پاڵپشتی تیۆری نوێنەرایەتی دەکات و زۆر نزیکی دەکاتەوە لە میسالیەتی شاند. پێین پێشنیازی کارلێکی گۆڕانگاری کرد لە نێوان نوێنەرەکان و لایەنگرەکانی لە فۆرمی هەڵبژاردنی ڕێک بۆ دووپاتکردنەوەی ئەوەی کە هەڵبژێردراو ڕەنگە هەرگیز بەرژەوەندییەکی جیا لە هەڵبژێرەر دروست نەکات. سەرەڕای هەڵبژاردنی زۆر، دیموکراتە ڕادیکاڵییەکان پشتگیری ئایدیەی دەستپێشخەری میللیان کرد، سیستەمێک لە ڕێگەیەوە خەڵکی



گشتی دەتوانن پێشنیازی شەرعی بکەن، هەروەها مافی بیرهاتنەوە، کە دەسەڵات دەبەخشێت بە دەنگدەر گەر ڕایان لە هەڵبژێردراو نەبوو دەتوانن لایبەرن. لەو ڕوانگەوەش، میسالیەتی دیموکراتی درکی پێ دەکرێت تەنیا گەر نوێنەرەکان زۆر نزیک و وابەستە بن بە بۆچوونی ئەو کەسانەی کە نوێنەرایەتییان دەکەن.

## هەڵبژاردنەکان و ئینتیدابەکان Elections and Mandates

بە ڕای زۆربەی خەڵک، نوێنەرایەتی بە توندی وابەستەیە بە هەڵبژاردنەکان، بە ڕادەیەک کە بەرپرسە سیاسییەکان بە گشتی ئاماژەیان بۆ دەکرێت وەک نوێنەر چونکە هەڵبژێردراون. بەڵام، ئەمە ئەوە شی ناکاتەوە چۆن هەڵبژاردنەکان وەک میکانیزمی نوێنەرایەتی خزمەت دەکەن، یاخۆ چۆن هەڵبژێردراوەکان گرێ دەدەن بە بۆچوونی هەڵبژێرەرەکانەوە. هەڵبژاردن ئالیەتێکە بۆ پڕکردنەوەی نووسینگە گشتییەکان بە هۆی ئاماژە پێکردن بە ئارەزووە میللییەکان. ئەوە وتراوە، سیستەمە هەڵبژێرەرەکان بە گشتی جیاوازن، هەندێکیان دیموکراتیتر و نوێنەرتر دەبینرێن لە چاو ئەوانی تر. بۆ نموونە زەحمەتە مشتومڕی ئەوە بکەیت کە هەڵبژاردنی بێ پێشبڕکێ، تیایدا تەنیا یەک کاندید لە بەردەمی هەڵبژێرەرە دادەنرێت، دەکرێ بە دیموکراسی دابنرێت چونکە هیچ ئیختیارێکی تر نییە و هیچ دەرفەتی گۆڕینی بەرپرسەکەش لە ئارادا نییە. بەڵام، جیاوازی هەیە لە نێو سیستەمە هەڵبژاردنە پیشبڕکێکارییەکان. لە وڵاتانی وەک بەریتانیا و ئەمریکا و نیوزلەندا و هیندستان، سیستەم گەلێک وجوودیان هەیە، لە سەر بنچینەی حوکمی " هەڵبژێردراوی یەکەم جارێکی تر هەڵنابژێردرێتەوە"، کاندیدی سەرکەوتوو پێویستی تەنیا بە دەنگی زیاتر هەیە لە چاو هەر پێشبڕکێیەکی تر. ئەم سیستەمانە ویڵ نین بە دوای یەکسان کردنی ژمارەیەک کورسی براوە لە لایەن هەر حیزبێک لەگەڵ ژمارەیەک دەنگی بە دەستهاتوو لە هەڵبژاردنەکاندا. سیستەمی فرە لایەنی نوێنەری حیزبی گەورە و نوێنەری حیزبی بچووک. بۆ نموونە، لە ساڵی ١٩٨٣دا، هەڵبژاردنی گشتی بەریتانیا هاوپەیمان سەدای ٢٦ی دەنگەکانی بەدەستهێنا بەڵام تەنیا لە سەدا ٣,٤ کورسییەکانی ئەنجوومەنی گشتی بەریتانی بردەوە. بە پێچەوانەوە، سیستەمە

هەڵبژاردنییە ڕێژەیییەکان، لە تەواوی کیشوەری ئەورووپا بەکارهێنراوە. چەندین ئالیەت بەکار دەهێنن بۆ مسۆگەرکردنی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ، بە لایەنی کەم نزیکتر، لە نێوان دەنگی هەر حیزبێک و ئەو کورسیانەی دواجار بە دەست دەهێنرێن.

جگە لەو سیستەمەی بە کار دەهێنرێت، لە هەر فۆرمێکی هەڵبژاردن وەک بنەمای نوێنەرایەتی گیروگرفت هەیە. هەڵبژاردن تەنیا ئەو کاتە نوێنەرایەتییە گەر ئەنجامەکانی وەک بەخشینی دەسەڵاتێکی میللی لێک بدرێتەوە بۆ فۆرمە تایبەتییەکانی کاری حکوومەت. بە واتایەکی دیکە، هەڵبژاردن دەبێ واتایەکی هەبێت. گشتیترین ڕێگاش بۆ سەپاندنی واتایەک بە سەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردنێک بریتییە لە لێکدانەوەی ئەنجامەکان وەک دابینکردنی "ئینتیدابێک" بۆ کاندید یا حیزبی براوە، ئایدیەکە کە پەرەی سەندووە بۆ نێو تیۆری نوێنەرایەتی، پێی دەوترێت مەزهەبی ئینتیداب. ئینتیداب بریتییە لە فەرمان یاخۆ ڕێنماییییەکی دەسەڵاتدار. پێش هەموو شتێک، مەزهەبی ئینتیداب پشتڕاستە بە ئامادەیی حیزب یا کاندیدەکان کاتێ پرۆپۆزەلی سیاسەتەکانیان لە ڕێگەی وتار یاخۆ لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی مانیفێستۆ بخەنە ڕوو. لە ڕاستیدا، ئەو پرۆپۆزەلانە بریتین لەو بەڵێنانەی کە گەر حیزب یا کاندیدەکە بردیەوە دەبێ بە ئەنجامیان بگەیەنێت. بۆیە کرداری دەنگدان دەکرێ بە دەربڕینی حەزەکان ناوزەند بکرێت لە نێو بەرنامەی جۆراوجۆر کە لە لایەن کاندیدەکانەوە دەخرێنە ڕوو. بۆیە سەرکەوتن لە هەڵبژاردن بریتییە لە ڕەنگدانەوەی زۆری جەماوەری پرۆپۆزەلەکە یا بەرنامەی حیزبەکە لە چاو بەرنامەی ڕکابەرەکەی. لەو دیدەوەش، مشتومڕی ئەوە دەکرێت کە کاندید یا حیزبی براوە نەک هەر تەنیا ئینتیدابێکی میللی دەبێت بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکان بگرە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی ئەرکێکی سەر شانیەتی. کرداری نوێنەرایەتی وا لە بەرپرسە سیاسییەکان دەکات دڵسۆز و پابەند بن بەرامبەر بەو سیاسەتانەی کە پێی هەڵبژێردراون، کە لە بەرابەردا دیسپلینی حیزبەکە بە ڕوونی دەسەلمێنێت.

گەورەترین سوودی مەزهەبی ئینتیداب ئەوەیە کە جۆرە واتایەک دەسەپێنێت بە سەر هەڵبژاردن، هەروەها ڕێبەرێکی میللی دابین دەکات بۆ ئەوانەی کە پیادەی



هێزی حکوومەت دەکەن. بەڵام خودی ئەم مەزهەبەش بە دەر نییە لە کەموکوڕی. بۆ نموونە، ئەم مەزهەبە وەک وەستێنەرێک straitjacket کار دەکات، سیاسەتەکانی حکوومەت سنووردار دەکات بۆ ئەو مەنسەب و پرۆپۆزەلانەی کە حیزبەکە لە کاتی هەڵبژاردندا پشتیانی پێ بەستووە، وا لە بەرپرسە سیاسییەکان دەکات کە هیچ توانایەکیان نەبێت بۆ هەموارکردنی سیاسەتەکانیان گەر بێت و بارودۆخەکە گۆڕانکاری بەسەردا بێت. بۆیە مەزهەبەکە هیچ بەهای نییە بە پێوەندی لەگەڵ ڕووداوەکان وەک تەنگژە نێودەوڵەتی و ئابوورییەکان کە لە ناکاو دێنە پێش. لە ئەنجامدا، بیرۆکەی "ئینتیداب حوکم بکات" هەندێ جار لە بری سیاسەتی ئینتیداب پەرەی پێ دەدرێت. بەڵام ئایدیەی ئینتیداب حوکم بکات لێڵە و دەسەڵاتێکی بێ سنوور بە بەرپرسە سیاسییەکان دەبەخشێت تەنیا لەبەرئەوەی کە لە هەڵبژاردنەکان بردوویانەتەوە.

وێڕای ئەمەش، پێشنیاز کراوە کە مەزهەبی ئینتیداب دەوەستێتە سەر شێوازی بەرپرسیاری ڕەفتاری هەڵبژێرەر بە تایبەتی، وەسفی دەنگدەر وەک مەخلوقێکی ئەقڵانی دەکات، کە حەزە سیاسییەکانیان لە ڕێگەی پرس و پرۆپۆزەلەکانی سیاسەتەوە دابین دەکرێت. لە واقیعدا، بەڵگە هەیە کە دەنگدەر شتێکی وای پێ ناگوترێت دەربارەی پرسە سیاسییەکان و زانیاری کەمە لە سەر ڕازیبوونی مانیفێستۆکان. تا ڕادەیەک، هۆکاری نائەقڵانی کاریگەری هەیە لە سەر دەنگدەران، وەک کەسایەتی سەرکردەی حیزبەکە، وێنەی حیزبەکە، یاخۆ لەو دڵسۆزییەی کە لە بواری کۆمەڵایەتیدا دروست بووە. بە هەقیقەت، هەڵمەتە مۆدێرنەکان بۆ هەڵبژاردن کە زۆربەیان لە سەر تەلەفیزۆنە ئەم جۆرە حەزانەی بەهێز کردووە لە ڕێگەی جەختکردنە سەر کەسایەتییەکان نەک سیاسەتەکان، هەروەها جەخت کرنە سەر وێنەکان نەک پرسەکان. بۆیە، بە هیچ شێوەیەک دەنگێک بۆ حیزبێک بە پشتگیری ناوەڕۆکی مانیفێستۆ یان هەر سیاسەتێکی حیزبەکە دانانرێت. وێڕای ئەمەش، تەنانەت گەر دەنگدەر کاریگەری سیاسەتەکانی لە سەر بێت، ئەوا چاوەڕێی پابەندبوون دەکات لە حیزبەکە بە مانیفێستۆکە، بەڵام ڕەنگە کەمتر حەز یا دژی لایەنی تر بوەستێتەوە. بۆیە دەنگ بۆ حیزبێک ناتوانرێت بە پشتگیری بۆ تەواوی مانیفێستۆی حیزبەکە ناوزەند بکرێت. جگە لەو بۆنە دەگمەنانەی کە تەواوی

هەڵمەتی هەڵبژاردن تەنیا بۆ یەک تاکە کەسە، هەڵبژاردنەکان بە تەواوی لێڵن و هیچ ڕێبەرێکی پشت پێ بەستوو دابین ناکات دەربارەی ئەوەی کە سیاسەتەکان وا لە حیزبێک بکات بباتەوە و حیزبەکەی تریش بدوڕێنێت.

لە کۆتاییدا، ئەو وڵاتانەی کە سیستەمی هەڵبژاردنی فرەیان هەیە کێشەی زیاتریان هەیە کە حکوومەت لە سەر بنچینەی فرە لایەنی دەنگەکان دروست دەبێت نەک زۆرینەی دەنگ. بۆ نموونە، بن کلینتۆن بە سەرۆکی ئەمریکا هەڵبژێردرا لە ساڵی ١٩٩٢ لە سەر بنچینەی سەدا ٤٣ ی دەنگی میللی، هەروەها لە ساڵی ١٩٩٧ حکوومەتی تۆنی بلێر لە بەریتانیا لە کۆی ١٧٩ کورسی، زۆرینەی کورسییەکانی لە ئەنجوومەنی نوێنەران بە دەست هێنا کە سەدا ٤٤ی دەنگەکانی بە دەست هێنا. دەنگدەری زیاتر دژی حکوومەت یا ئیدارەی هەڵبژێردراو دەوەستێتەوە تا پشتگیری کردنی. ڕاشکاوانە شتێکی زۆر نامۆیە بڵێین کە حکوومەتەکە ئینتیدابێکی دەبێت لە خەڵکەکە. لە لایەکی دیکەوە، سیستەمە ڕێژەییەکان، کە دەبێتە هۆی دروستکردنی حکوومەتە هاوپەیمانەکان، دەچێتە قاڵبی دیموکراسییەتێکی ئینتیدابی. لەم حاڵەتانەشدا، سیاسەتەکانی حکوومەت زۆرجار سەرکوت دەکرێن بە هۆی ڕێکەوتنەکانی دوای هەڵبژاردن کە لە لایەن هاوپەیمانەکانەوە مۆر دەکرێت. لە پرۆسەکەدا، ئەو سیاسەت و بەرنامەیەی کە یەکەم جار سەرنجی دەنگدەرانی ڕاکێشاوە، ڕەنگە دواتر ببێتە هۆی لە ناوبردنی یاخۆ لادانی براوەکە لە لایەن جەماوەرەوە. بۆیە ناکرێ وا مەزندە بکەیت کە ئەوانەی دەنگ دەدەن بۆ حیزبە هاوپەیمانەکان دواتر قایل دەبن بە بەرنامەی حکوومەتەکە. بە هەقیقەت، دەکرێ مشتومڕی ئەوە بکرێت کە ئەم لادانە هیچ ئینتیدابێکی نابێت چونکە هیچ دەنگدەرێک داوای لێ نەکراوە و ئامادەش نییە پشتگیری بکات.

## نوێنەرایەتی خاسیەتدار Characteristic representation

دوا تیۆری نوێنەرایەتی دەوەستێتە سەر ئەو شێوازەی کە تیایدا نوێنەرەکان هەڵدەبژێردرێن لە سەر بنچینەی ئەوەی کە ئایا ئەمانە لە لایەن جەماوەرەکەوە پەسنن یاخۆ نا. ئەم بیرۆکەیەی نوێنەرایەتییە لە ئایدیای "نوێنەری نموونەیی section–cross





representative" بەرجەستە دەکرێت، کە لە لایەن توێژەرانی بازاڕ و ڕووپێوەکانەوە بەکار دەهێنرێت. لەم سۆنگەوە، گەر ببیت بە نوێنەر دەبێ لە نێو گرووپەکە دەستنیشان بکرێیت و خاسیەتی هاوبەشت لەگەڵیانا هەبێت. بۆیە حکوومەتێکی نوێنەر دەبێتە مایکرۆسۆمی کۆمەڵگەیەکی فراوانتر، ئەندامەکانی پێک هاتوون لە هەموو گرووپ و کەرتەکانی کۆمەڵگە، لە ڕووی چینی کۆمەڵایەتی و گێندەر و ئاین و تایفی و تەمەن و تا دوایی. هەروەها ئەندامەکانی ئەم کۆمەڵگەیە ژمارەیەکی ڕێژەیین، بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵگەکەیان بە هێز کردووە.

ئەم تیۆری نوێنەرایەتییە پشتگیرییەکی باشی هەیە لە لایەن تیۆریست و چالاکە سیاسییەکان. بۆ نموونە، لە لایەن گەلێ سۆشیالیستەوە پەسەند کراوە کە باوەڕیان وایە کە باوەڕ و ڕا و بەهاکانی تاک بە هۆی باکگراوندی کۆمەڵایەتییەوە دروست دەبێت. بۆیە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بۆچوونی خەڵک دەچێتەوە سەر ئەسڵی چینەکانیان و کار و پەروەردە و بارودۆخەکانی خێزان. لە بەر هەندێ سۆشیالیستەکان دەمێکە پێیان وایە بەربەستێک بۆ دیموکراسی وجوودی هەیە لەو واقیعەی کە نوخبەی سیاسی (وەزیر و فەرمانبەر و حاکم و پۆلیس و سەرکردە سەربازییەکان) سەرچاوەیان گرتووە لە پلە ئیمتیاز و باشەکاندا. لەبەرئەوەی چینی کرێکار و هەژار و بەشخوراوەکان لە پەراوێزی هێزدا لە خوار نوێنەراتییەوەن (واتە نوێنەرایەتیان ناکرێت)، بەرژەوەندییەکانیان دەخرێتە پەراوێزەوە یاخۆ بە تەواوی پشت گوێ دەخرێن. تیۆریستە فێمنیستەکانیش لەگەڵ ئەم بیرۆکەی نوێنەرایەتییەن، دەڵێن پیاوسالاری، کە ڕەگەزی نێر زاڵە، بوونی هەیە چونکە ئافرەت لە پلە کاریگەر و بەهێزەکان دوور خراوەتەوە لەهەموو بوارەکانی ژیان. گرووپەکانی وەک ڕێکخراوی نەتەوەیی ئافرەتان NOW لە ئەمریکا هەڵمەتیان گێڕا بۆ زیادکردنی ژمارەی ئافرەتان لە ژیانی سیاسی و پرۆفێشناڵدا. هەڵمەتگێڕانی دژە ڕەگەزپەرستی بە هەمان شێوە مشتومڕی ئەوە دەکەن کە هەستی موتەعەسیبی و شۆفینیزمی بەردەوام دەبێت بە هۆی نوێنەرایەتی نەکردنی ڕەگەزە کەمبەکان لە نێو حکوومەت و هەموو شوێنێکدا. گرووپەکانی مافە مەدەنییەکان، بە تایبەتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، نوێنەرایەتی کەمبەکانیان زیاد کرد لە ژیانی گشتیدا.

تیۆری نوێنەرایەتی دەوەستێتە سەر ئەو باوەڕەی کە تەنیا ئەو خەڵکانەی کە لە گرووپێکی تایبەتییەوە هاتوون دەتوانن بە ڕاستی بەرژەوەندییەکانی دروست بکات. نوێنەرایەتیکردن واتە قسەکردن لە جیاتی ئەوانی تر، گەر نوێنەر زانیاری تەواوی نەبێت لە سەر ئەو کەسانەی کە نوێنەرایەتییان دەکات ئەوا مەحاڵە نوێنەرێکی سەرکەوتوو بێت. لە سادەترین فۆرمیدا، ئەم مشتومڕە پێشنیازی ئەوە دەکات کە خەڵک لە سەر بنچینەی باکگراوندیان کار دەکەن و ناتوانن یان حەز ناکەن لە بۆچوونی ئەو خەڵکانە بگەن کە جیاوازن لە خۆیان. لە فۆرمە ئاڵۆزەکەیدا، جیاوازییەک دەکێشێت لە نێوان توانای دووپاتکردنەوەی " یەکێک لە جیاتی یەکێکی تر دابنێیت" لە ڕێگەی کارێکی خەیاڵیدا، هەروەها لە لایەکی ترەوە، ئەزموونی ڕاستەوخۆ و کەسی ئەو خەڵکە پیایدا تێپەڕ دەبێت، شتێکە کە ئاستێکی قووڵتری وەڵامی سۆزداری گەرەکە. بۆ نموونە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە هەرچەندە فێمنیستەکان یاخۆ NEW" MAW ڕەنگە کۆک بن لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئافرەت و پشتگیری بنەمای یەکسانی جنسی بکەن، پیاو هەرگیز ناتوانێت کێشەی ئافرەت بە قەد خودی ئافرەتان بە جدی وەرگرێت. بۆیە پیاوان تاوانی دەستدرێژی سێکسی بە قەد ئافرەتان بە جدی وەرناگرن، چونکە خۆیان هەرگیز نابنە قوربانی ئەم دەستدرێژییە و ئەو ئازارە ناچێژن. بە هەمان شێوە، ڕەنگە لیبرالە سپییەکان زۆر خەمی گرفتی ڕەگەزە کەمبەکانیان نەبێت، بەڵام هەرگیز ئەزموونی ڕەگەزپەرستییان نەدیوە، ڕا و هەستی ئەوان بە قەد ئەندامێکی کۆمەڵگە کەمبەکان نییە و زۆریش پێیەوە پابەند نین. بە هەمان شێوە، ئەوانەی کە لە باکگراوندێکی چاک و زامنەوە هاتوون ڕەنگە هەرگیز نەزانن هەژاری و کەم دەرامەتی مانای چییە.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو باوەڕەی کە نوێنەرەکان دەبێ لە ئاست ئەو کەسانە بن کە نوێنەرایەتییان دەکەن، هەروەها ئەو باوەڕەی کە حکوومەت دەبێ مایکرۆسۆمی گەل بێت، بێ سێی و دوو لە تەواوی جیهاندا پەسەند دەکرێت. بە هەقیقەت، زۆر کەس هەیە ئەو باوەڕە بە هەڕەشەیەکی پۆزەتیڤ دەزانێت بۆ دیموکراسی نەک وەک پێشەمەرجێکی پێویست. یەکەم، دەبێ باسی ئەوە بکرێت کە خەڵک نایانەوێت حوکم بکرێن لە لایەن کەسێکی وەک خۆیان. لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانەدا، حکوومەت



ناتوانێت ببێتە نوێنەری نموونەیی گەل، بە تایبەتیش لەو وڵاتانەی کە نزیکترین لەم میسالیەتە، ڕێژیمە ئۆرتۆدۆکسییە کۆمەنیستەکان، کە وڵاتی یەک لایەنەن. وێڕای ئەمەش، گەر بەرپرسە سیاسییەکان هەڵبژێردرێن لە سەر بنچینەی ئەوەی کە نموونەیین و سیفەتی بەهێزیان هەیە لە نێو کۆمەڵگە، ڕەنگە خودی حکوومەت ڕەنگدانەوەی سنوورەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بێت. بۆ نموونە، سوودی چییە کاتێک حکوومەت بە کۆمەڵگە دەچێت کاتێ زۆرینەی دانیشتوان کەمتەرخەمن، خراپ تێ گەیەنراون و ئاستی ڕۆشنبرییان نزمە؟ ڕەخنەگرانی ئەم ئایدیەی نوێنەرایەتییە، وەک جەی ئێس میڵ، ئاماژە بەوە دەکەن کە حکوومەتی باش پێویستی بە بەرپرسی وا هەیە کە لە ئاستی ڕۆشنبیری بەرزدابن و بتوانن سەرکەوتوو بن.

مەترسییەکی تر ئەوەیە کە ئەم تیۆرە زۆر بە تایبەت یاخۆ لە پانتاییەکی تەسکەوە سەیری نوێنەرایەتی دەکات. تەنیا ئافرەت دەتوانێت نوێنەرایەتی ئافرەتان بکات. تەنیا ڕەش پێستێک دەتوانێت نوێنەرایەتی ڕەشەکانی تر بکات. تەنیا ئەندامێکی چینی کرێکار دەتوانێت نوێنەرایەتی چینی کرێکار بکات، ئیتر تادوایی. گەر نوێنەرەکان هەمیشە لە خەمی ئەوەدا بن بەرژەوەندییەکانی ئەو گرووپە پێش بخەن کە لێیەوە هاتوون، ئەوا کێ ئامادەیە بەرگری لە چاکەی گشتی بکات یاخۆ کێ بەرژەوەندی نەتەوەیی پێش دەخات؟ بە هەقیقەت، ڕەنگە ئەم فۆرمەی نوێنەرایەتییە ڕێبەرێک بێت بۆ ململانێ و دابەشکردنی کۆمەڵایەتی. سەرەڕای ئەوەش، نوێنەرایەتی خاسیەتدار دەبێ ڕووبەڕووی ئەو کێشەیە بێتەوە چۆن ئامانجەکەی بە دەست دەهێنێت. گەر ئامانجەکە وا لە حکوومەت بکات ببێتە مایکرۆسۆمی گەل، ئەوا تاکە ڕێگە بۆ بەدەست هێنانی ئەم ئامانجە سەپاندنی پێودانگی بە هێزە بە سەر ئیختیاری دەنگدەر و ئازادی تاک. بۆ نموونە، ڕەنگە حیزبە سیاسییەکان ناچار بن بەشێک هەڵبژێرن لە ئافرەتان یاخۆ کاندیدی کەمبەکان. یان لەوانەیە چەند لایەنگرێک کاندید بکرێن لە چەند باکگراوندێکی تایبەت، یاخۆ ڕەنگە دەنگدەر دابەش بکرێت لە سەر بنچینەی چین و گێندەر و ڕەگەز و تا دوایی، کە ڕێگەیان پێ دراوە تەنیا دەنگ بۆ ئەو کاندیدە بدەن کە لە گرووپەکەی خۆیانە.

## بەرژەوەندی گشتی

کاتێ دەرفەت بۆ بەشداری میللی ڕاستەوخۆ سنووردار دەکرێت، هەروەک لە هەر سیستەمێکی نوێنەرایەتیدا سنووردار دەکرێت، بانگەشەی حوکمکردن بە شێوەیەکی دیموکراسی دەوەستێتە سەر ئەو ئایدیەی کە حکوومەت خزمەتی خەڵک دەکات یاخۆ کار لە پێناو بەرژەوەندییەکانیان دەکات. بەرپرسە سیاسییەکان لە زۆربەی هەرە زۆری سیستەمە سیاسییەکاندا بە پەرۆشن ڕایبگەیەنن کە کار دەکەن بۆ چاکەی گشتی، یاخۆ بۆ بەرژەوەندی گشتی. بە هەقیقەت، بەردەوام دووبارە کردنەوەی ئەو دەستەواژەیە لە بەهای بەرپرسەکانی کەم کردووەتەوە، ئەوەندە دووبارە دەکرێتەوە دەستەواژەکە و خودی خۆشیان بێ واتا کەوتوونەتەوە. زۆر جار بیرۆکەی بەرژەوەندی گشتی جۆرە ئەخلاقێکی ڕێزگرتن دەبەخشێت بە کار یا بۆچوونەکانی بەرپرسی سیاسی. لەگەڵ ئەوەشدا، بیرۆکەی بەرژەوەندی گشتی ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە لە تیۆری سیاسیدا، هەروەها گۆڕەپانێکی سەرەکی دروست کردووە بۆ میسالیەتی دیموکراسی، لە فۆرمی " حکوومەت بۆ گەل" دا. بەڵام، ئایدیەی بەرژەوەندی گشتی زۆرجار مایەی چاو لێ داگرتن و لێکۆڵینەوەیەکی دژکارییە، بە تایبەتی لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا. بۆ نموونە، ئاماژەی پێکراوە کە زەحمەتە تەنانەت مەحاڵیشە جیاوازی بکەیت لە نێوان بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی هەر هاوڵاتییەک و ئەوەشی پێی دەوترێت بەرژەوەندی گشتی. بە پێی بۆچوونی هەندێ ژێدەر، خودی چەمکەکە لێڵە و سەرێکی هەیە و هەزار سەودا. وێڕای ئەمەش، زۆر سەرنج دراوەتە ئەوەی چۆن بەرژەوەندیە گشتییەکان لە کردەدا پێناس دەکرێن. ئەمەش بووەتە هۆی مشتومڕ دەربارەی ئەو شتەی پێی دەوترێت "ڕاڕایی دیموکراسی" dilemma of democracy، هەروەها بووەتە هۆی پێشنیازکردنی ئەوەی کە، لە ڕێگەی حوکمی دیموکراسییەوە ڕەنگە خوازراو بێت، هیچ میکانیزمێکی دەستووری و هەڵبژاردن وجوودی نییە تا لە ڕێگەیەوە بیری لێ بکەیتەوە.



## بەرژەوەندییە گشتی و تایبەتییەکان

زۆرجار مشتومڕی سیاسی دەوەستێتە سەر ئەوەی ئایا کردارێک یا سیاسەتێکی تایبەت مەزندەی ئەوەی لێ دەکرێت لە بەرژەوەندی یەکێکی تر ئەنجام بدرێت یا پیادە بکرێت، لەگەڵ ئەوەی هیچ بایەخێک بەوە نەدراوە کە بەرژەوەندییەک ڕەنگە چی بێت، یاخۆ بۆچی دەبێ وەک شتێکی گرینگ ڕەچاو بکرێت. لە واتا فراوانەکەیدا، بەرژەوەندی واتە جۆرێک لە سوود یا دەسکەوت: کەواتە بەرژەوەندی گشتی واتە ئەوەی باشە بۆ هەموو خەڵکی. بەڵام، ئەم "باش"یە لە چی پێک دێت و کێ دەتوانێت پێناسەی بکات؟ ڕەنگە بەرژەوەندییەکان شتێک زیاتر نەبن لە حەز و ئارەزوو، کە هەر تاکێک بە پێی خودی خۆی پێناسەی دەکات. گەر وا بێت، بەرژەوەندییەکان دەبێ لە فۆرمێکی ڕەفتاردا دانیان پێ دابنرێت. بۆ نموونە دەروونزانەکان بەرژەوەندی پێناسە دەکەن وەک " خواستە ئاشکرا"کانی تاک. لە لایەکی دیکەوە، دەکرێ بەرژەوەندی بە پێویستییەک یا داواکارییەک ناوزەند بکرێت، کە ڕەنگە تاک تەواو لێی ئاگادار نەبێت. ئەمەش پێشنیازی ئەو جیاوازییە دەکات، لە بەشی پێنجەم باس کراوە، لە نێوان بەرژەوەندی "هەست پێکراو" یاخۆ خودی و بەرژەوەندی "ڕاستەقینە" کە هەندێ بنچینەی بابەتی تیایە.

کێشەی پێناسەکردنی بەرژەوەندییەکان گفتوگۆی بێ شومارە لە سەر بەرژەوەندی گشتی، کە پرسەکە دەخەنە نێو ناکۆکی و مشتومڕێکی ئایدیۆلۆژی. ئەوانەی سوورن لە سەر ئەوەی کە بەرژەوەندییەکان "هەست پێکراون" یاخۆ خواستی ئاشکرا کراون، پێیان وایە کە تاکەکان باشترین حاکمن لە بڕیاردان لە سەر ئەوەی چی "باش"ە بۆ ئەوان. بە پێچەوانەوە، ئەو تیۆریستانەی کە دان بە بیرۆکەی بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکان دادەنێن ڕەنگە مشتومڕی ئەوە بکەن کە خەڵکی گشتی ناتوانێت باشترین بەرژەوەندییەکانی خۆیان دیاری بکەن چونکە خەڵکی گشتی کەمتەرخەمن، لە خەیاڵ پڵاودا دەژین، یاخۆ بە تەواوی قۆرخ کراون. بەڵام، بڕایەن باری لە کتێبەکەی بە ناوی (مشتومڕی سیاسی) (لە ساڵی ١٩٩٠ چاپ و بڵاو کراوەتەوە) هەوڵی پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییەی دا لە نێوان ئەو دوو چەمکە لە ڕێگەی پێناسە کردنی بەرژەوەندی کەسێک بەم شێوەیە: " بەرژەوەندی کەسێک بریتییە لەو

دەرفەتانەی بۆ بەدەستهێنانی ئەو شتەی کە کەسەکە دەیەوێت". ئەمەش پەسەندی ئەوە دەکات کە بەرژەوەندییەکان " خوازراون" و تەنیا خودی تاکەکە دەتوانێت پێناسەی بکات، بەڵام پێشنیازی ئەوەش دەکات کە ئەو تاکانەی سەرناکەون لە هەڵبژاردنی ئالیەتی ئەقڵانی و گونجاو بۆ بەدەستهێنانی خواستەکانیان، هەرگیز نازانن باشترین بەرژەوەندی ئەوان چییە و لە چی دایە.

ئەوەی پێی دەوترێت بەرژەوەندییە تایبەتییەکان وەک بەرژەوەندی خۆویست و مادی تاک یا گرووپێکی تایبەت بە دیار دەکەوێت. ئەم ئایدیە دەوەستێتە سەر باوەڕە چەسپیوەکانی لیبرالەکان دەربارەی سروشتی مرۆڤ: تاکەکان بریکاری جیا و سەربەخۆن، هەریەکەیان هەوڵی پێشخستن و دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەدات. بە کورتی، تاکەکان خۆپەرست و تەنیا بەرژەوەندی خودی خۆیان دەوێت. ئەم بیرۆکەیەی بەرژەوەندی تایبەت بە تەواوی دەبەسترێتەوە بە ململانێیاخۆ پێشبڕکێ. گەر تاکە تایبەتەکان ئاقڵانە کار بکەن، چاوەڕێی ئەوەیان لێ دەکرێت کە بەرژەوەندی خۆیان لە پێش ئەوانی تردا بنێن، پێش هەموو شتێک هەوڵی باشبوونی خۆیان دەدەن. بەڵام، سۆشیالیستەکان ئەم جۆرە بیرۆکەیە ڕەت دەکەنەوە. جگە لە بوونی خۆپەرستێکی تەسک بین، سۆشیالیستەکان پێیان وایە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و خۆبەخشە، هەموویان پێکەوە بەندن بە هۆی مرۆڤایەتی گشتییەوە. ئەو باوەڕەی کە سروشتی مرۆڤ لە جەوهەردا کۆمەڵایەتییە ئەنجامی قووڵی لێ دەکەوێتەوە بۆ هەر بیرۆکەیەکی بەرژەوەندی تایبەتی. کاتێ تاکەکان لە خەمی باشەی یاوەرانیانن، بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان جیانەکراوە دەبێت لە بەرژەوەندیە گشتییەکانیان. بە واتایەکی دیکە، سۆشیالیستەکان بەرەنگاری ئەو جیاوازییە دەبنەوە لە نێوان بەرژەوەندییە گشتی و تایبەتییەکان، هەڵوێستێکە کە بەرەو باوەڕی سازانی کۆمەڵایەتی و سروشتیان دەبات نەک ململانێ و پێشبڕکێ.

بەڵام، زۆربەی تیۆریستە سیاسییەکان پەسنی ئەوە دەکەن کە جیاوازی دەکرێت لە نێوان بەرژەوەندییە گشتی و تایبەتییەکان. پێش هەموو شتێ، هەر بیرۆکەیەکی بەرژەوەندی گشتی دەبێ پشت ڕاست بێت بە تێگەیشتنێکی ڕوون لە سەر ئالیەتە گشتییەکان. "گشتی" واتە بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە، نەک هەر تەنیا بۆ زۆرینەکان. لە کاتێکدا بەرژەوەندییە تایبەتییەکان پێشبڕکێ دەکەن و لێک جیا



دەبنەوە، بەرژەوەندییە گشتییەکان لێک جیا ناکرێنەوە، واتە سوودەکان بۆ هەموو ئەندامانە، بۆ گشت خەڵکییە. سەرەڕای ئەوەش، دوو مەفهومی هەیە ڕەنگە بەرژەوەندی گشتی پێک بهێنن، یەکەمیان دەوەستێتە سەر ئایدیەی بەرژەوەندی گشتی و هاوبەش. لەو ڕوانگەوەش، دەکرێ بڵێین تاکەکان هاوبەشن لە بەرژەوەندییەک گەر وا تێ بگەن کە هەمان کار یا سیاسەت سوود بە هەریەکەیان دەگەیەنێت، بەو مانایەی کە بەرژەوەندییەکانیان تێک دەکاتەوە. بۆیە بەرژەوەندی گشتی ئەو بەرژەوەندییە تایبەتیانە پێک دێنێت کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە هاوبەشن تیایدا. نموونەیەکی ڕوون لە سەر ئەمە بریتییە لە بەرگریکردن لە دژی دوژمنانی دەرەوە، ئەمە ئامانجێکە هەموو هاوڵاتیان دان بەوە دادەنێن کە بەرگریکردن لەم حاڵەتە سوود بە هەمووان دەگەیەنێت.

بیرۆکەیەکی بەدیل و ڕادیکاڵتری بەرژەوەندی گشتی زۆر پشت ڕاست نییە بە بەرژەوەندی تایبەتی هاوبەش بگرە پشت ڕاستترە بە بەرژەوەندی گشتی بۆ هەموو خەڵکی. لە بری تێگەیشتن لە خەڵکی گشتی وەک کۆمەڵێک تاک کە لەوانەیە بەرژەوەندییەکانیان یەک نەکاتەوە، ئەم بۆچوونە وەسفی خەڵکی گشتی دەکات وەک کیانێکی بە کۆمەڵ کە بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە. پشتیوانی کلاسیکی ئەم ئادیایە ڕۆسۆ بوو، کە لە فۆرمی ویستی گشتی پەرەی پێ دا. لە کتێبەکەی بە ناوی (گرێبەندی کۆمەڵایەتی، کە لە ساڵی ١٧٦٢ و ١٩٦٩ چاپ و بڵاو کراوەتەوە)، ڕۆسۆ ویستی گشتی بەم شێوەیە پێناسە دەکات" ویستی گشتی بریتییە لە پاراستن و خۆشگوزەرانی هەمووان". بۆیە ویستی گشتی بریتییە لە بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگە، سوود بە هەموو هاوڵاتیان دەگەیەنێت نەک تەنیا بە تاکە تایبەتییەکان. بۆیە ڕۆسۆ جیاوازییەکی ڕوون دەخاتە ڕوو لە نێوان ویستی گشتی و خۆویستی، ویستی تایبەتی هەر هاوڵاتییەک. لە ڕاستیدا، ویستی گشتی بریتییە لەو شتەی کە خەڵک دەیخوازێت گەر خۆویستانە کار بکەن. کێشەی ئەم بیرۆکەیەی بەرژەوەندی گشتی ئەوەیە کە ناتوانرێت دروست بکرێت لە سەر بنچینەی خواستە ئاشکرا کراوەکانی هاوڵاتیان. بە واتایەکی دیکە، شتێکی ئاساییە کە هاوڵاتییان بە ویستی گشتی بە هی خۆیان نەزانن، هەرچەندە ڕۆسۆ بە ڕوونی پێی وابوو کە ئەمە ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندی بەرزتری هەر ئەندامێکی کۆمەڵگەیە.

### ژان ژاک ڕۆسۆ (١٧١٢-٧٨)

فەیلەسووفێکی ئەخلاقی و سیاسی فەڕەنسییە و لە ژنێڤ لە دایک بووە. کاریگەرییەکی سەرەکی هەبوو لە سەر شۆڕشی فەڕەنسی لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە. ڕۆسۆ خۆی خۆی پێگەیاند. لە ساڵی ١٧٤٢ چووە پاریس، بووە ئەندامێکی کارا و کاریگەری بزووتنەوەی فەڕەنسی، بە تایبەتی Diderot. ژیاننامەکەی بە ناوی "دان پیانانەکان، Confessions" تەواوی ژیانی خۆی دەخاتە ڕوو. زۆر ڕاشکاوانە هەڵە و خاڵە لاوازەکانی باس دەکات.

نووسینەکانی ڕۆسۆ هەموو بوارێک دەگرتەوە: پەروەردە و هونەر و زانست و ئەدەب و فەلسەفە. باوەڕێکی قووڵ لە باشی مرۆڤی سروشتی و گەندەڵی مرۆڤ لە نووسینەکانی ڕەنگ دەداتەوە. واتە فەلسەفییەکانی لە "(1762) "Emile دا کورت کراوەتەوە، لە گرێبەندی کۆمەڵایەتی (١٧٦٢) پەرەی پێ دراوە. ڕۆسۆ پشتگیری فۆرمێکی ڕادیکاڵی دیموکراسی دەکات کە کاریگەری لە سەر سۆشیالیست و لیبراڵ و فەوزەوییەکان هەبوو. باس و خواسی ئەوەش هەیە کە زۆر کاریگەری لە سەر هزری فاشیستیش هەبووە. ڕۆسۆ خۆی جیا دەکاتەوە لە تیۆرەکانی گرێبەندی کۆمەڵایەتی پێشوو کە ئامادە نەبوو تاکە ئازادەکان لە پرۆسەی حکوومەت جیا بکاتەوە. مەبەستی دروستکردنی فۆرمێکی دەسەڵات بوو کە خەڵک بتوانێت پێیەوە پابەند بن بێ ئەوەی ئازادی خۆشیان لە دەست بدەن. پێشنیازی ئەوەی کرد کە حکوومەت پشت ڕاست بێت بە ویستی گشتی، ڕەنگدانەوەی کاڵای گشتی کۆمەڵگەیە و دژی تایبەتی و خۆویستی دەوەستێتەوە بۆ هەر هاوڵاتییەک. ڕۆسۆ پێی وابوو کە ئازادی پێکهاتووە لە بەشداری سیاسی و گوێڕایەڵی بە ویستی گشتی، ئەمەش واتە مشتومڕی ئەوەی دەکرد کە تاکەکان دەتوانن ناچار بکرێن ئازاد بن. ڕۆسۆ ئەم جۆرە سیستەمەی گشتاند بۆ کۆمەڵگە یەکسان و بچووکەکانیش کە یەککگرتوون بە هۆی ئاینێکی هاوبەشی مەدەنی.

## ئایا بەرژەوەندی گشتی هەیە؟

سەرەڕای میللی بوونی بەردەوامی زاراوەکانی وەک "بەرژەوەندی گشتی" و "بەرژەوەندی نەتەوەیی"، ئایدیەی بەرژەوەندی گشتی کەوتە بەر هێرشی ڕەخنە. ڕەخنەگران پێیان وایە کە نەک هەر تەنیا بەرپرسە سیاسییەکان بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕی ئەم زاراوانە بەکاردێنن بگرە بگرە خودی چەمکەکەش وا بە سادەیی



ناوەستێت: ڕەنگە خەڵک، بە شێوەیەکی گشتی، بەرژەوەندی گشتییان پێکەوە نەبێت. پشتیوانی سەرەکی ئەم بۆچوونە زیاتر بە لای باوەڕە تاکگەرایی و لیبرالە کلاسیکەکانەوە دەچن. بۆ نموونە، جێریمی بێنتام پەرەی بە فەلسەفەی ئەخلاقی و سیاسی دا لە سەر بنچینەی ئەوەی کە تاکەکان هەوڵی تێپەڕاندنی ئەو شتە دەدەن کە پێی دەوترێت " سوود وەرگرتن"، کە لە ڕووی بڕی خۆشی بە سەر ئەو ئازارانەدا بەدی دەکرێت کە هەر تاکێک دەیچێژێت. بە واتایەکی دیکە، تەنیا تاک بەرژەوەندی هەیە، هەروەها هەر تاکێک بە تەنیا دەتوانێت شی بکاتەوە ئەو بەرژەوەندییە مانای چییە. بە پێی ئەم دیدەش، هەر بیرۆکەیەکی بەرژەوەندی هەڵەیەکی گەورەیە. بێنتام بەم شێوەیە باسی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە دەکات " بریتین لە بەرژەوەندییەکانی ئەو ئەندامانەی کە بەرژەوەندی کۆمەڵگە پێک دێنن". بیرۆکەی بەرژەوەندی گشتی، وەک بەرژەوەندی تایبەتی هاوبەش، واتایەکی وا نادات بە دەستەوە چونکە هەر ئەندامێکی کۆمەڵگە هەوڵی شتێکی جیا دەدات: کۆمەڵێک بەرژەوەندی تایبەت هیچ ناخاتە سەر بەرژەوەندییە گشتییەکان.

تاکناسەکان پێیان وایە کە ئەو پرسانەی زۆربەی یاخۆ هەموو هاوڵاتیان لە سەری کۆکن چەند پرسێکن، ئەو پرسانەش وەک پێویستی سەقامگیری گشتی و بەرگریکردن لە دژی دوژمنانی دەرەوە. تەنانەت کاتێ ڕێکەوتنێکی گشتی هەبێت لە سەر ئامانجێکی فراوانتر، وەک پاراستنی سەقامگیری ناوخۆ، جیاوازی زۆر قووڵ سەر هەڵدەدات دەربارەی چۆنیەتی بەدەستهێنانی ئەو ئامانجە بە باشترین شێوە. بۆ نموونە، ئایا سەقامگیری بەهۆی یەکسانی کۆمەڵایەتی و ڕێز بۆ ئازادی مەدەنی پێش دەکەوێت، یاخۆ بە هۆی سزای توند و سیاسەتی بە تین؟ بۆچوونەکانی بێنتام هاودژ دێتەوە لەگەڵ بیرۆکەی بەدیلی ڕۆسۆ لە سەر بەرژەوەندی گشتی وەک بەرژەوەندییە بە کۆمەڵەکانی کۆمەڵگە. ئایدیەی ویستی گشتی هیچ واتایەک نابەخشێت چونکە کیانە بە کۆمەڵییەکان وەک "کۆمەڵگە"، کۆمەڵگە و خەڵکی گشتی وجوودیان نابێت. بێنتام لە بیرۆکەکەی لە سەر سوود وەرگرتنی گشتی دانی بە بەرژەوەندی گشتی نا و بەم شێوەیە پێناسەی کرد " زۆرترین خۆشی بۆ زۆرترین خەڵک". بەڵام، ئەم هاوکێشەیە پەسنی ئەوە دەکات کە سیاسەتی گشتی دەبێ وا

دابنرێت زۆرترین کەس قایل بکات بۆ بەرژەوەندییە تایەتییەکان، نەک پەسنی ئەوە بکات کە هەرگیز خزمەتی بەرژەوەندییەکانی یەکە بە یەکەی خەڵکی گشتی نەکات.

چەند ئایدیەکی لەم چەشنە لە لایەن تیۆریستە مۆدێرنەکانی فرە لایەن پەرەی پێ دراوە، کە وەک ململانێیەک لە نێوان گرووپ و بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەکان سەیری سیاسەت دەکەن. سەرهەڵدانی گرووپی ڕێکخراو شی دەکرێتەوە لە لایەن تیۆریستەکانی "ئیختیاری ئەقڵانی، rational choice" یاخۆ " ئیختیاری گشتی، public choice" لە ڕووی ڕەفتاری ئەقڵانی و خۆپەرستییەوە. تاکەکان بێ هێز دەبن گەر بە جیا کار بکەن، دەتوانن کاریگەری خۆیان هەبێت بە هۆی کارکردن بە کۆمەڵ لەگەڵ ئەوانی تر کە هەمان بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە. بۆ نموونە، ئەم شرۆڤەیە دەتوانێت سەرهەڵدانی یەکیەتی بازرگانی شی بکاتەوە: هەڕەشەی مانگرتن لە لایەن تاکە کرێکارێک زۆر بە ئاسانی لە لایەن بەڕێوەبەرەوە سەرکوت و ڕەت دەکرێتەوە، بەڵام گەر هەموو کرێکارەکان پێکەوە مان بگرن نەک هێزی بەڕێوەبەر بگرە هیچ هێزێک نییە پێشی لێ بگرێت. ئەم لێکدانەوەیە دان بە وجوودی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و گرینگی کاری بە کۆمەڵ دادەنێت. بەڵام، ئەم لێکدانەوەیە بەرەنگاری ئایدیە کۆنەکەی بەرژەوەندی گشتی دەبێتەوە. گرووپە تایبەتییەکان بریتین لە گرووپی پاڵەپەستۆی کەرتی، نوێنەرایەتی کەرتێک یاخۆ بەشێکی کۆمەڵگە دەکەن. گرووپە تایفی یا ئاینییەکان، یەکیەتی بازرگانی و کۆمەڵە پرۆفێشناڵەکان و گرووپەکانی بەڕێوەبەران و تا دوایی. هەر گرووپێکی کەرتی بەرژەوەندییەکی تایبەتی هەیە، کە هەوڵی پەرەسەندن دەدات لە ڕێگەی پرۆسەیەکی هەڵمەتگێڕان و چالاکییەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە هیچ ژوورێک بۆ بەرژەوەندی گشتی جێ ناهێڵێت: هەر گرووپێک بەرژەوەندی خۆی لە پێش بەرژەوەندی هەموو کۆمەڵگە دادەنێت. بە هەقیقەت، بۆچوونی فرە لایەنی کۆمەڵگە وەک کۆمەڵەیەک بەرژەوەندی پێشبڕکێکار ڕێگە بە خودی کۆمەڵگەش نادات هیچ بەرژەوەندییەکی گشتی هەبێت.

سەرەڕای زۆری ڕەخنەکان، چەمکی بەرژەوەندی گشتی بە یەکجاری ڕەت نەکراوەتەوە لە لایەن هەموو تیۆریستەکانەوە. بەرگرییەکەی یەک دوو فۆرم وەردەگرێت. یەکەمیان لێکدانەوە فەلسەفییەکان ڕەت دەکاتەوە کە هێرشی تاک



ناسەکان پشتی بەو لێکدانەوانە بەستووە. بە تایبەتی، ئەمە پرسیار لە وێنەی مرۆڤ دەکات وەک بوونەوەرێکی خۆپەرست. بۆ نموونە، ڕوون و ئاشکرایە کە ڕۆسۆ خۆویستی بە ناچارییەکی سروشتی دانانێت بگرە بە بەڵگەیەکی گەندەڵی کۆمەڵایەتی دەزانێت. بە بۆچوونی ڕۆسۆ، مرۆڤ لە جەوهەریدا بوونەوەرێکی بە ئەخلاق و ڕێک و سەنگینە، کە سیفەتی ڕاستەقینەی تەنیا ئەو کاتە ئاشکرا دەبێت کە کار دەکەن وەک ئەندامانی کۆمەڵگە. سۆشیالیستەکان پاڵپشتی ئایدیەی بەرژەوەندی گشتی دەکەن لە سەر هەمان بنچینە. چەمکی بەرژەوەندی گشتی، لە تێڕوانینی سۆشیالیستەکانەوە، ئەو واقیعە دەردەبڕێت کە تاکەکان بوونەوەری لێک جیانەکراوە و دوورە پەرێز نین و دژایەتی یەکتر ناکەن، بگرە ئاژەڵی کۆمەڵایەتین کە بە ڕاستی لە خەمی یەکتردان و هەموو بە یەکەوە بەستراونەتەوە بە هۆی پێداویستییە مرۆییەکانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، شتێکی ئاساییە بەرگری لە چەمکی بەرژەوەندی گشتی بکەیت لە تێڕوانینی تیۆری ئیختیاری ئەقڵانییەوە، بە بێ پشت بەستن بە لێکدانەوە سۆشیالیستەکان دەربارەی سروشتی مرۆڤ.

تەنیا ئەو کاتە بیرۆکەی بەرژەوەندی گشتی پێکەوە دەبەسترێتەوە گەر هۆیەک هەبێت باوەڕ بکەیت کە خۆویستی بە ڕاستی کار دەکات بۆ سوودی بە لایەنی کەم زۆرترین کەسی نێو کۆمەڵگە. لە واقیعدا، هۆکاری قایلکەر هەن بۆ باوەڕکردن بەوەی کە گەڕانی بێ سنوور بە دوای خۆویستی دەبێتە بەرگری لە خۆکردن، هەروەها کۆمەڵگەیەک ڕێبەری دەکرێت بە هۆی بەرژەوەندییە تایبەتییەکان کە بە تەنیا بووەتە هۆی نائومێدی و خەمباری. دەکرێ ئەمەش شی بکرێتەوە بە هۆی گەڕانەوە بۆ ئەوەی ئابووریناسەکان ناوی لێ دەنێن "کالا گشتییەکان"، کالاکان یا خزمەتگوزارییەکان کە تاکەکان سوودی لێ وەردەگرن بەڵام هیچ کامیان پاڵنەری بەرهەمهێنانی نییە. بۆچوونە ژینگەییەکان وەک پاراستنی وزە و پیس نەبوونی ژینگە زۆر بە ڕوونی وجوودی بەرژەوەندی گشتی دەخەنە ڕوو. نەهێشتنی پیس بوونی ژینگە و پاراستنی دەرامەتی سەرچاوەکانی وزە بێ شک چاکەی گشتین بۆیە زۆر گرینگ و پێویستن بۆ تەندروستی هەموو مرۆڤێک، دەبنە هۆی مانەوەی ڕەگەزەکانی مرۆڤ بۆ ماوەیەکی درێژ. لەگەڵ ئەوەشدا، مرۆڤی خۆپەرست ڕەنگە بە

ئەنقەست ژینگە وێران بکەن یاخۆ سەرچاوە گرینگەکان بە فیڕۆ بدەن. بۆ نموونە، کۆمپانیا تایبەتییەکان ڕەنگە بە ئەنقەست ژەهر لە نێو ڕووبار و دەریاکان بکەن لە سەر بنچینەی ئەوەی کە نرخی ڕێکخستنەوە و پاککردنەوەی ئاوەکە زۆر گران دەبێت، هەروەها لەبەرئەوەی هەر کۆمپانیایەک وا لێک دەداتەوە کە تەنیا زیانی خۆی دەبێ ببێتە هۆکارێکی جدی وێران بوون. ئاشکرایە، گەر هەموو کۆمپانیاکان بە هەمان ڕێگە و بۆ هەمان هۆ کار بکەن، ئەوا ئەنجامی ئەمە وێرانبوونی ژینگەییی لێ دەکەوێتەوە: ڕووبار و دەریاکان دەمرن، نەخۆشی بە هەموو لایەکدا بڵاودەبێتەوە و هەموو کەسێکیش ئازار دەچێژێت.

ئایدیەی کاڵا گشتییەکان جەخت دەکەنە سەر وجوودی بەرژەوەندیە گشتییەکان کە جیاوازن لە بەرژەوەندیە تایەتییەکانی تاک و گرووپەکان. دەکرێ مشتومڕی ئەوە بکرێت کە ئەمانە بەرژەوەندی ڕاستەقینەی تاک دروست دەکەن نەک بەرژەوەندی هەست پێکراو. بەڵام، بە پێی بۆچوونی باری، ئەمە وەک حاڵەتێکی تاکەکان و گرووپەکان بەدی دەکرێت نیشانی ئەوە دەدەن کە درک بە باشترین بەرژەوەندییەکانیان ناکەن. هەموو کەسێک دان بە پێویستی ژینگەیەکی پاک و تەندروست دادەنێت. لەم بارودۆخەشدا، بەرژەوەندی گشتی دەتوانرێت لە ڕێگەی دەستێوەردانی حکوومەتەوە بپارێزرێن، دروست کراون بۆ کۆنترۆڵکردنی گەڕان بە دوای بەرژەوەندییە تایبەتییەکان بۆ سوودی گشتی تەواوی کۆمەڵگە.

تیۆری ئیختیاری ئەقڵانی، بە لق و پۆپە جۆر بە جۆرەکانی، وەک تیۆری ئیختیاری گشتی، تیۆری ئیختیاری کۆمەڵایەتی و تیۆری یاری، سەری هەڵدا وەک ئالیەتێکی شرۆڤەی سیاسی لە ساڵانی پەنجاکان و لە حەوتاکان بەو لاوە زیاتر دەرکەوت. هەندێ جار پێی دەوترا تیۆری سیاسی ڕەسمی، زیاتر لە نموونەی تیۆری ئابووری دەکات لە بونیاتنانی ئەو شێوازانەی پشت ئەستوورن بە حوکمە ئیجرائییەکان، عادەتەن دەربارەی ڕەفتاری ئەقڵانی خۆپەرستی تاکەکان. زۆر بە توندی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دامەزرا، زیاتر پەیوەست بوو بە قوتابخانەی ڤێرجینیا، تیۆری ئیختیاری ئەقڵانی بەکار دەهێنرا بۆ دابینکردنی چاودێری کارەکانی دەنگدەران و چالاکەکان و بیرۆکراتەکان و بەرپرسە سیاسییەکان. کاریگەری



ئەوتۆی هەبوو لە سەر شرۆڤەی سیاسی لە فۆرمی ئەوەی پێی دەوترا تیۆری ئیختیاری گشتی دامەزراوەیی.

بە بەکارهێنانی میتۆدێک کە دەگەڕێتەوە بۆ هۆبز و لە تیۆری یوتیلیتاریەن بەکار دێت، تیۆریستەکانی ئیختیاری ئەقڵانی پێیان وایە کە ئەکتەرە سیاسییەکان باشترین ناوەند هەڵدەبژێرن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە جۆراوجۆرەکانیان. لە فۆرمی تیۆری ئیختیاری گشتی، زیاتر وابەستەیە بە دابینکردنی کاڵا گشتییەکان، ئەو کاڵایانەی کە لە لایەن حکوومەتەوە دابین دەکرێت نەک بازاڕ، چونکە وەک هەوای پاک سوودەکانیان لەو تاکانە جیا ناکرێتەوە کە بەشداری ئەو دابینکردنە ناکەن. لە فۆرمی تیۆری یاریدا، ئەم تیۆرە زیاتر لە بواری ماتماتیکەوە پەرەی پێ داروە نەک لە لێکدانەوە ئابوورییە نیوکلاسیکەکان، هەروەها پێویستی بە بەکارهێنانی بنەما بەرایییەکان هەیە بۆ شرۆڤەکردنی ئەم مەتەڵە دەربارەی ڕەفتاری تاک. باشترین نموونەی تیۆری یاری " ڕاڕایی زیندانیانە"، ئەوە دەخاتە ڕوو کە ڕەفتاری ئەقڵانی خۆپەرستی بە شێوەیەکی گشتی سوودێکی ئەوتۆی نییە.

پشتیوانانی تیۆری ئیختیاری ئەقڵانی باسی ئەوە دەکەن کە ئەم تیۆرە گفتوگۆی زۆر توندی لە سەر دیاردەی سیاسی دروست کردووە، بە هۆی ڕێگە پێدانی شیکارە سیاسییەکان گەشە بە شێوازی شیکردنەوە بدەن لە شێوازی تیۆری ئابووری. بەڵام، بە هیچ شێوەیەک ئیختیاری ئەقڵانی نییە هەوڵی شرۆڤەی سیاسی بدات کە لە تەواوی جیهاندا پەسەند بکرێت. ڕەخنە لەوە گیراوە کە ئەقڵانییەتی مرۆڤ زیادە ڕۆیی کراوە، واتە ئەو واقیعە پشت گوێ دەخات کە خەڵک خاوەنی چەند ئامانجێکی خوازراوی هەیە و بە دەگمەن بڕیار دەدەن لە ژێر ڕۆشنایی مەعریفەی تەواو و ورد. وێڕای ئەمەش، شێوازی دەرهەستی تیۆری ئیختیاری کۆمەڵایەتی و تاکی و ئەقڵانی کەم سەرنج دەداتە هۆکارە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان، سەرنەکەوت لە درککردن بەوەی کە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و غەریزی نییە. لە کۆتاییدا، تیۆری ئیختیاری ئەقڵانی هەندێ جار بەهایەکی پارێزکاری بێ لایەنی هەیە، سەرچاوەی گرتووە لە لێکدانەوە سەرەتایییەکانی ڕەفتاری مرۆڤ.

### جەیمس بوچانا (١٩١٩- )

ئابووریناسێکی ئەمریکییە. تیۆری ئیختیاری ئەقلانی بەکارهێنا بۆ بەرگریکردن لە بازاڕی ئازاد و مشتومڕ لە بەرژەوەندی ولاتدا. ئایدیەی ئابوری دەستووری دانا بۆ شـیکردنەوەی ئەوەی چۆن ڕێکخستنە دەستوورییەکان دەتوانن کار لە گەشەسەندنی کۆمەلایەتی و ئابووری نەتەوەیەک بکەن. ئەمەش بووە هۆی شرۆڤەیەکی کەم و کوڕی و چەواشەی ئابووری دیموکراسی کە جەختی کردە سەر توانای گرووپە تایبەتییەکان لە بە دەسنە هێنانی دەسکەوت لە سەر حیسابی کۆمەڵگەیەکی فراوانتر. بوچانا پشتگیری سنوورە دەستوورییەکان دەکات بۆ پاراستنی بازاڕ لە ژێر کۆنترۆڵ و نەهێلانی فراوانبوونی هێزەکانی دەوڵەت. کارە سەرەکییەکانی بوچانا ئەمانەن: تیۆری ئابووری و ئابووری سیاسی (١٩٦٠)، the calculus pf consent (1962، ئازادی، بازاڕ و دەوڵەت (١٩٨٥).

### ئەنتۆی داونس (١٩٣٩- )

شرۆڤەکارێکی سیاسی و ئابووریناسێکی ئەمریکییە. تیۆری دیموکراسی دانا بە پشت بەستن بە لێکدانەوەکانی تیۆری ئابووری. "شێوازی شوێنی" ڕەفتاری سیاسی، کە لقێکە لە تیۆری ئیختیاری ئەقلانی، وا دادەنێت کە لە ڕێگەی شوێنی سیاسەتەوە ئەکتەرە سیاسییەکان و کاندید و دەنگدەرەکان دەتوانن بزانن لە کوێوە وەستاون پەیوەست لەگەڵ ئەکتەرە سیاسییەکانی تر. داونس کاریگەری شەمپیتەری لە سەر بوو، وەسفی حیزبەکانی بە ئالیەتێکی ڕاوەدوونانی دەنگی وەسف دەکرد، بە پەرۆش بوو بۆ دانانی هەر سیاسەتێک کە باشترین شت پێشکەش بە هێزی براوە بکات. لە سەر ئەم بنەمایە، ڕەفتاری سیاسی حیزبەکان و سیفەتەکانی سیستەمە تایبەتییەکانی حیزبی شی کردەوە. کارە سەرەکییە سیاسییەکانی داونس ئەمەیە: تیۆرێکی ئابووری دیموکراسی (١٩٥٧).

### مانکر ئۆڵسن (١٩٣٢-١٩٩٨)

پسپۆرێکی زانستی سیاسی ئەمریکییە. ئۆڵسن تیۆری ئیختیاری ئەقلانی بەکار هێنا بۆ شیکردنەوەی ڕەفتاری گرووپەکان. دەیگوت کە خەڵک پێوەندی بە گرووپی تایبەت دەکات تەنیا بۆ مسۆگەر کردنی کالا گشتییەکان. هەرکە تاکەکان دەتوانن ببن "سواری بەلاش" free rider بە هۆی دوورینەوەی سوودەکانی کاری گرووپ بە



بێ بەدەستهێنانی نرخی ئەندامیەتی. ئۆڵسن پرسیاری لە لێکدانەوەکانی فرە لایەنی دەکرد دەربارەی دابەشکردنی هێزی گرووپ، هەروەها وتی کە تۆڕە بەهێزەکانی گرووپە تایبەتییەکان دەتوانن هەڕەشە لە کاری ئابووری نەتەوەیەک بکەن. باشترین کارەکانی ئەمانەن: مەنتقی کاری بە کۆمەڵ (١٩٦٨)، هەڵبەز و دابەزی نەتەوەکان (١٩٨٢).

## ڕاپییەکانی دیموکراسی

کەم و کوڕی هەر چەمکێکی بەرژەوەندی گشتی لە بیرۆکەیەکی دەرهەستەوە هاتووە وەک ویستی گشتی کە بە هۆی دوورخستنەوەی حکوومەت لە خواستە ئاشکرا کراوەکانی هاولاتیان، ڕێگە بە بەرپرسە سیاسییەکان دەدات پێناسەی بەرژەوەندی گشتی بکەن بە هەر ڕێگایەک خۆیان پێیان خۆش بێت. ئەم مەترسییە لە لایەن دیموکراسییە تۆتالیتارییەکانەوە خراوەتە ڕوو کە لە ژێر سایەی دیکتاتۆرە فاشیستەکانەوە پەرەی پێ دراوە وەک ماسۆلینی و هیتلەر، کە تیایدا باوەڕە دیموکراتییەکانی ڕێژیم پشت ڕاست بوون بەو بانگەشەی کە سەرکردە بە تەنیا، بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی خەڵک دروست دەکات. بەم شێوەیە، سەرکردە فاشیستەکان پێناسی دیموکراسییەکی ڕاستیان کرد وەک دیکتاتۆرییەکی ڕەها. بەلام، لە واقیعدا، هیچ فۆرمێکی باوەڕپێکراوی حوکمی دیموکراسی ناتوانێت پشت ببەستێت بەو بانگەشەیەی کە بەرژەوەندی گشتی دروست بکات، ئەو بانگەشەیە دەبێ موعەرەز بێت بۆ هەندێ فۆرمی بەرپرسیاریەتی گشتی. بە کورتی، هیچ پێناسەیەکی بەرژەوەندی گشتی واتا بەخش نییە تاوەکو بە ڕێگایەک وابەستە نەبێت بە خواستە ئاشکرا کراوەکانی خەڵکی گشتی. ئەم وابەستە بوونەش دەکرێ دڵنیا بکرێتەوە تەنیا لە ڕێگەی میکانیزمی هەڵبژاردنە میللییەکانەوە.

یەکێک لە هەوڵە هەرە کاریگەرەکان بۆ شیکردنەوەی چۆنیەتی پرۆسەی هەڵبژاردن کە دووپاتی حکوومەت دەکاتەوە لەمەڕ بەرژەوەندی گشتی، لە لایەن ئەنتۆنی داونس دراوە لە کتێبەکەی بە ناوی "تیۆرێکی ئابووری دیموکراسی (١٩٥٧). داونس شرۆڤەی پرۆسەی دیموکراسی دەکات بە پشت بەستن بە ئایدیاکانی تیۆری ئابووری. پێی وابوو کە لە واقیعدا پێشبڕکێی هەڵبژاردن بازاڕێکی سیاسی دروست

دەکات، کە تیایدا بەرپرسە سیاسییەکان وەک بازرگان کار دەکەن بە هۆی هەڵقۆزینەوەی ئەو هێزەی کە لە حکوومەتەوە پێیان دراوە، تاکە کەسی دەنگدەریش وەک موشتەری ڕەفتار دەکەن، دەنگ بەو حیزبە دەدەن کە سیاسەتەکانی ڕەنگدانەوەی خواستەکانی دەنگدەرانە. داونس پێی وابوو کە سیستەمێکی کراوەی پێشبڕکێی هەڵبژاردن لە خزمەت مسۆگەرکردنی حوکمی دیموکراسییە چونکە حکوومەت دەخاتە ژێر دەستی ئەو حیزبەی کە فەلسەفە و بەها و سیاسەتەکانی خزمەتی خواستەکانی گەورەترین گرووپی دەنگدەر دەکات. وێڕای ئەمەش، پێشبڕکێی دیموکراسییانە پاڵنەرێکی بە هێز دروست دەکات بۆ سەرهەڵدانی سیاسەتی ڕازی بوون و ڕێکەوتن، واتە حیزبەکان هان دەدرێن بۆ گۆڕینی سیاسەتەکانیان و ڕاپێچ کردنیان بەرەو "چەقی گۆڕەپانەکە"_ بە هیوای سەرنج ڕاکێشانی زۆرترین ژمارەی هەڵبژێرەران. هەرچەندە "تیۆری ئابووری دیموکراسی" چەمکێکی ڕوونی بەرژەوەندی گشتی تیا نییە، لەگەڵ ئەوەشدا، هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی چۆن پێشبڕکێی هەڵبژاردن دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە حکوومەت سەرنجێکی ڕێک دەدات بە خواستەکانی زۆرینەی دانیشتوانی دەنگدەر. بە هەقیقەت، ئەمە ڕەنگە شتێکی ڕێژەیی بێت لە سەر بەرژەوەندی گشتی.

مەبەستی شێوازی داونس بۆ سیاسەتە دیموکراسییەکان وەسفێکی تەواوی جیهانی ڕاستەقینە نەبوو، بگرە وەک تیۆرە ئابوورییەکان، ڕێژەیەکی نزیک بوو بۆ یارمەتیدانی تێگەیشتن لە چۆنیەتی کارکردنی ئەم سیستەمە. لەگەڵ ئەوەشدا، سنووری خۆی هەیە. پێش هەموو شتێک، جەخت لە حیزبەکان دەکات سیاسەتێکی میانڕەو پەرە پێ بدەن تا سەرنجی زۆرترین دەنگدەر ڕابکێشن. شتێکی ڕوون و ئاشکرایە، لەو کۆمەڵگەیانەی کە دابەش بوون بە سەر هێڵە ئاینی و ڕەگەزییەکاندا، یاخود بە هۆی نایەکسانی کۆمەڵایەتییەوە، پێشبڕکێی حیزبی سیاسی لەو بیرۆکەیە دوور دەخاتەوە کە بەرژەوەندی گشتی وا لە حیزبەکان دەکات سیاسەتەکانیان بە جۆرێک بسازێنن لەگەڵ بەرژەوەندییە تایبەتی و تایفییەکانی دەنگدەر نەک بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان بگونجێنن. بۆ نموونە، حیزبەکان حەز ناکەن بە هیچ شێوەیەک پێشنیازی زیادکردنی باج بکەن کە بەکارهێنانی سووتەمەنییەکان سست





دەکات، یاخۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی وەک هۆشداری جیهانی و پیس بوونی چینی ئۆزۆن، چونکە ئەو جۆرە سیاسەتانە لە هەڵبژاردنی داهاتوو نابنە هۆی بردنەوەی دەنگ.

ڕەنگە شێوازی داونس پشت ببەستێت بە لێکدانەوەکان دەربارەی ئەقڵانییەتی هەڵبژاردن و سروشتی پرگماتیکی سیاسەتەکانی هەڵبژاردن. هەروەک پێشتر باس کراوە، ڕەنگە دەنگدەر زۆر بە خراپی تێ گەیەنراون دەربارەی پرسە سیاسییەکان و خواستەکانی هەڵبژاردنیان دروست دەبێت لە سەر بنچینەی هۆکاری بە نا ئەنقەست وەک داوونەریت و هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و وێنەی حیزبەکەی و کەسایەتی سەرکردەکە. بە هەمان شێوە، حیزبەکان هەمیشە ئامادە نین سیاسەت دروست بکەن لە سەر بنچینەی داواکارییەکانی هەڵبژاردن. تا ڕادەیەک، هەوڵی دروستکردنی ئەگێندەی سیاسی دەدەن کار لە بەها و خواستەکانی دەنگدەری ئاسایی بکەن. بۆ نموونە، کارەکانی بازاڕی سیاسی لە ڕێگەی پڕوپاگەندەی حیزبەوە چەواشە دەکرێت هەروەک چۆن بازاڕی ئابووری بە هۆی ڕێکلامەکانەوە چەواش دەکرێت. دواجار، بەرسڤی بازاڕی سیاسی بۆ خواستەکانی دەنگدەر دەوەستێتە سەر ئاستی پێشبڕکێی حیزبەکە. لە وڵاتانی وەک ژاپۆن و بەریتانیا تاکە حیزبێک بۆ ماوەیەکی درێژ هێز و دەسەڵاتی بە دەستە، بازاڕی سیاسی لە ڕێگەی خواستی بە هێزی قۆرخکردنەوە چەواشە دەکرێت. سیستەمی دوو حیزبی، وەک ئەوەی لە ئەمریکا و کەنەدا و نیوزلەندا و ئوستوڕالیا، دەکرێ بە سیستەمی سیاسی دوو لایەنە du-opolistic وەسف بکرێت. تەنانەت سیستەمە فرە حیزبییەکان کە لە کیشوەری ئەوروپا بەدی دەکرێت بە oligopolistic وەسف دەکرێن، چونکە هاوبەشە هاوپەیمانەکان وەک گرووپی تایبەت کار دەکەن، هەوڵی تەسک کردنەوەی پێشبڕکێ دەدەن و دەرگای بازاڕەکە دادەخەن.

هەندێ مشتومڕی کێشەیەکی تر دەکەن کە هیچ میکانیزمێکی دەستووری یا هەڵبژاردن نییە بتوانێت بە متمانەوە بەرژەوەندی گشتی یا بە کۆمەڵ دەربڕێت. تێڕوانینی ئابووری داونس بۆ سیاسەتە دیموکراسییەکان لە سەر ئەو لێکدانەوەیە کار دەکات کە دەنگدەران تەنیا تاکە خواستێکیان هەیە چونکە سیستەمە

نەریتییەکانی هەڵبژاردن یەک دەنگیان پێ دەبەخشێت. بەڵام، لە بواری ئاڵۆزی سیاسەتی حکوومەتدا، کە ڕای سیاسی زۆر فراوان و ئاڵۆز هەیە، ئاساییە وا دابنێیت کە دەنگدەران ڕا و بۆچوونی تایبەتیان هەیە کە ڕەنگە دیاری بکرێت لە ڕێگەی سیستەمێکی دەنگدانی خوازراو. گرینگی ئەم خواستەش یەکەم جار لە بواری خۆشگوزەرانی ئابووریدا باس کراوە لە لایەن کێنیس ئارۆ، کە لە کتێبەکەی بە ناوی "ئیختیاری کۆمەڵایەتی و بەهای تاکە کەس (١٩٦٣)" باسی کێشەی transitiv-ity دەکات. ئەمەش پێشنیازی ئەوە دەکات کە کاتێ دەنگدەران دەتوانن ژمارەیەک خواست دەربڕن، ڕەنگە مەحاڵ بێت ڕایەکی ڕاستەقینە بدەن بە پشتگیری گشتی. بۆ نموونە، لە هەڵبژاردنێک کاندیدی (١) سەدا ٤٠ی دەنگەکان بە دەست دێنێت، کاندیدی (٢) سەدای ٣٤ ی دەنگەکان بە دەست دێنێت، کاندیدی (٣) سەدا ٢٦ بە دەست دێنێت. لەم حاڵەتەدا، مشتومڕی ئەوە دەکرێت کە هیچ حیزبێک ناتوانێت نوێنەرایەتی بەرژەوەندی گشتی بکات چونکە هیچ کامیان زۆرینەی دەنگەکانی بە دەست نەهێناوە، هەرچەندە کاندیدی ژمارە یەک باڵەکەی بەهێزە و قسەی هەیە بڵێت من نوێنەرایەتی بەرژەوەندی گشتی دەکەم لە سەر بنچینەی ئەوەی کە زۆرتری بە دەست هێناوە لە چاو کاندیدە ڕکابەرەکانی. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەنگە حاڵەتەکە ئاڵۆزتر بێت کاتێ خواستی دووەم ڕەچاو دەکرێت.

با وا دابنێین خواستەکانی دووەم second preferences ی پشتیوانانی کاندیدی ژمارە یەک بچن بە لای کاندیدی ژمارە سێیەم، خواستەکانی دووەمی کاندیدی ژمارە دوو بچن بە لای کاندیدی ژمارە یەک، هەروەها خواستەکانی دووەمی کاندیدی ژمارە سێ بچن بە لای ژمارە دوو. ئەمە حاڵەتێک دروست دەکات تیایدا هەر کاندیدێک ڕایدەگەیەنێت کە زۆربەی دەنگەکان دەباتەوە. کۆی خواستەکانی یەکەم و دووەم بۆ کاندیدی ژمارە یەک بۆ سەدا ٧٤ زیاد دەبێت (سەدا ٤٠ هی خۆیەتی و لەگەڵ سەدا ٣٤ ی ژمارە دوو)، کاندیدی ژمارە دوو سەدا ٦٠ ی دەنگەکانی بەر دەکەوێت (سەدا ٣٤ هی خۆیەتی و لەگەڵ سەدا ٢٦ی کاندیدی ژمارە سێ)، هەروەها کاندیدی ژمارە سێ سەدا ٦٦ی دەنگەکان ڕادەگەیەنێت (سەدا ٢٦ هی خۆیەتی و لەگەڵ سەدای ٤٠ی کاندیدی ژمارە یەک). بە واتایەکی دیکە، تاقیکردنەوەیەکی خواستە دووەم و



یەک بە دوای یەکەکانی دەنگدەر دەبێتە هۆی کێشەی "سووڕێکی زۆرینە، cyclical ma-jorities" کە تیایدا زەحمەتە، تەنانەت مەحاڵیشە، بگەیت بە ئیختیارێکی گشتی کە بە بەرژەوەندی گشتی وەسف بکرێت. هەرچەندە ڕاگەیاندنی کاندیدی ژمارە یەک هەر بەهێزە دەسەڵات بگرێتە دەست، کەچی زۆر بە توندی پێک دەهێنرێت لە لایەن زۆرینەکانی کاندیدی ژمارە یەک و سێ. ئارۆ ئەمە بە "تیۆرێکی مەحاڵبوون" وەسف دەکات. پێشنیازی ئەوە دەکات کە تەنانەت گەر چەمگی بەرژەوەندی گشتی واتا بەخش و ماقووڵ بێت، ڕەنگە مەحاڵ بێت پێناسەی ئەو بەرژەوەندییە بکەیت لە کردەدا لە ڕێگەی هەر وجوودێکی ڕێکخستنی هەڵبژاردن و دەستووری.

ئەنجامەکانی کاری ئارۆ بۆ تیۆری دیموکراتی زۆر قووڵ و بێ ئومێدە. گەر هیچ لینکێکی باوەڕپێکراو دروست نەکرێت لە نێوان خواستەکانی تاک و ئیختیارە گشتییەکان، ئەوا دوو ئەگەر هەیە. ئەگەری یەکەم، پێشنیاز کراوە لە لایەن جەیمس بوچانا و گۆردن تەلۆچ لە کتێبی the calculus of consent 1962، ئەوەیە کە ئەو زنجیرە پرسانەی لە لایەن ئیختیاری گشتییەوە بڕیار دەدرێن دەبێ زۆر سنووردار بێت، کە تا ڕادەیەکی زۆر لە ژێر دەستی تاکە ئازادەکانە. بوچانا و تەلۆچ پێشنیازی ئەوە دەکەن کە بڕیارە گشتییەکان تەنیا ئەو کاتە گونجاون کە سیاسەتەکان ڕێکەوتنێکی بێ شومار دەکەن، بە لایەنی کەم لە نێو نوێنەرە هەڵبژێرەرەکان. بەدیلی ئەوەش پەسەندکردنی ئەوەیە (لەبەرئەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ناتوانن قسە بۆ خۆیان بکەن) کە ئەو بەرپرسە سیاسییانەی زاراوەی بەرژەوەندی گشتی بەکار دێنن تا ڕادەیەک هەڕەمەکی بیر دەکەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم بۆچوونە سنووردار نییە چونکە ئەگەری ئەوە هەیە هەمان بەرپرسی سیاسی بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو بانگ بکرێتەوە. لەبەر ئەم تێڕوانینە، پرۆسەی دیموکراسی ڕەنگە ئالیەتێک بێت بۆ کەمکردنەوەی توخمی هەڕەمەکی لە ڕێگەی دڵنیاکردنەوەی ئەوەی کە بەرپرسە سیاسییەکان ڕادەگەیەنن قسە بۆ خەڵکی گشتی دەکەن دەبێ لە لایەن هەمان ئەو خەڵکە حوکم بکرێن.

## کورتەی بەشی هەشتەم

١- دەکرێ ژمارەیەک شێوازی دیموکراسی دیاری بکرێت. جیاوازییەکی سەرەکی هەیە لە نێوان میسالیەتی کلاسیکی دیموکراسی ڕاستەوخۆ، تیایدا خەڵک خۆیان حوکمی خۆیان دەکەن (حکوومەت لە لایەن گەلەوە) هەروەها فۆرمی مۆدێرنتری دیموکراسی نوێنەرایەتی، تیایدا بەرپرسە سیاسییە پرۆفێشناڵەکان لەجیاتی خەڵک حوکم دەکەن (حوکم بۆ گەل).

٢- سەرکەوتووترین فۆرمی دیموکراسی بریتییە لە دیموکراسی لیبرال، لە سەر بنچینەی دوو بنەمای حکوومەتی سنووردار و ڕازی بوونی میللی دامەزراوە کە لە کاتی هەڵبژاردن دەردەبڕدرێت. هێزی دیموکراسی لیبرال ئەوەیە کە بە هۆی پشتگیری کردنی ئازادی تاک و ئاسایی کردنی پلەیەکی بەرزی نوێنەرایەتی میللی، دەتوانێت سەقامگیری سیاسی بپارێزێت.

٣- بە گشتی، نوێنەرایەتی واتە کارکردن لەجیاتی ئەوانی تر، بەڵام ڕای جیاواز هەیە دەربارەی ئەوەی چۆن بە باشترین شێوە بەردەستە دەکرێت. هەندێ مشتومڕی ئەوە دەکەن کە نوێنەرەکان دەبێ بیر لە خۆیان بکەنەوە، پیادەی ژیری یا حوکمی خۆیان بکەن. ئەوانی تر پێیان وایە کە نوێنەرەکان ئینتیدابێکیان هەیە لە دەنگدەرانەوە بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکان کاتی هەڵبژاردن. هێشتا هەندێکی تر پێیان وایە کە نوێنەر دەبێ لەو گرووپە هەڵێنجرێت کە نوێنەرایەتی گرووپەکە دەکات.

٤- هەموو بیرۆکەکانی دیموکراسی، تا ڕادەیەک، دەوەستێتە سەر ئەو ئایدیەی کە حکوومەت دەتوانێت کار بۆ بەرژەوەندی گشتی بکات، واتە بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگە. بەڵام، تاکەکان و پسپۆڕەکانی فرە لایەن پرسیاری ئەوە دەکەن ئایا هیچ شتێک هەیە بە ناوی بەرژەوەندی گشتی جیا بێت لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی هاوڵاتییان. ئەوانی تر گومانیان هەیە گەر میکانیزمێکی هەڵبژاردن یان دەستووری هەبێت کە لە ڕێگەیەوە بەرژەوەندی گشتی دەتوانرێت لە کردەدا پێناسە بکرێت.

# بەشی نۆیەم

## سەربەستی، لێبوردن و ئازادی


پێشەکی

سەربەستی

لێبوردن

ئازادی

کورتە

# پێشەکی

بنەمای سەربەستی لە سەر بنچینەی ڕێزگرتن لە لایەن هزرمەندە سیاسییەکان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت کە سنووری هەیە لە نێو باوەڕی ئاینیدا . ئەدەبی سیاسی ڕایدەگەیەنێت مرۆڤ دەبێ ئەو کۆت و زنجیرەی کۆیلایەتی بشکێنێت و بە سەربەستی قسە بکات. ڕۆسۆ بە دڵ گرانییەوە دەیوت "مرۆڤ بە سەربەستی لە دایک بووە بەڵام لە هەموو شوێنێک کۆت و زنجیر کراوە." مارکس گەیشتە مانیفێستۆی کۆمەنیستی بەم شێوەیە " کرێکارانی جیهان یەک گرن، هیچتان نییە بیدۆڕێنن جگە لە زنجیرەکانتان"، هەروەها جاڕنامەی سەربەخۆیی ئەمریکا ڕایدەگەیەنێت کە مرۆڤ " لەگەڵ کۆمەڵێک ماف بە پشتگیری دروستکەرەکەی لە دایک دەبێت " . ئێستاش زۆرجار میللی بوونی سەربەستی ئاڵۆز و تێکەڵ و پێکەڵ دەکرێت لە سەر ئەوەی زاراوەکە مانای چییە، هەروەها بۆچی ئاوا بە فراوانی ڕێزی لێ دەگیرێت. بۆ نموونە، ئایا سەربەستی شتێکی باشی بێ مەرجە یاخۆ کۆمەڵێک تەکالیف و کەم و کوڕی هەیە؟ ئایا دەبێ تا چ ڕادەیەک تاکەکان و گرووپەکان سەربەستییان هەبێت؟ سەرەڕای ئەوەش، لە ناو جەرگەی ئەم پرسیارانەدا مشتومڕێک هەیە لە سەر ئەوەی یەکێک کە سەربەست دەبێت مانای چییە. ئایا سەربەستی ئەوەیە کە واز لە یەکێک بێنیت و هەرچی پێی خۆشە بیکات، یانیش ئەوەتا مانای کارێکە لە جێبەجێکردن و خۆناسین و گەشەسەندنی کەسی؟

زۆرجار ئاڵۆزییەک دروست دەبێت لە سەر زاراوەکە چونکە سەربەستی لەگەڵ کۆمەڵێک زاراوەی تر باس دەکرێت وەک ئازادی و مافەکان و لێبوردن و ڕزگارکردن. زۆربەی خەڵک سەربەستی freedom و ئازادی liberty بە یەک مانا دادەنێن و زۆربەی جار بە هاو واتا لە بری یەکتری بەکاریان دەهێنن. تێکەڵکردنی نێوان سەربەستی و مافەکان سەرچاوەی گرتووە لەو مانایەی کە قسەکردن لە بارەی مافی سەربەستی، وەک مافی ئازادی قسەکردن، مافی ئازادی پەرستن و باوەڕی ئاینی و تا دواییە. لەگەڵ ئەوەشدا ، دەبێ جیاوازییەک بکرێت لە نێوان مافێک کە یەکێک پابەند بێت پێیەوە یان بە شێوەیەکی تایبەت مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، هەروەها ئەو مافەی کە یەکێک پێی دەبەخشرێت ڕەنگە ئەوە بگەڕێتەوە سەر مانای سەربەستی. بەڵام هۆکاری لێبوردن toleration جیایە: یەکێک لە ڕاییەکان دەڵێت لێبوردن بریتییە لە مانیفێستۆی سەربەستی. هەموو ئەو کار و ڕایانەی هەیە ڕەنگە ئێمە لە سەریان کۆک نەبین، لێبوردن دەرفەتێکی فراوانتر بە تاک دەبەخشێت هەرچی پێی خۆشە و هەڵیدەبژێرێت بیکات. بە چاوی گەلێ کەسەوە، لێبوردەیی پێشەمەرجێکی گرینگە بۆ سازان و سەقامگیری کۆمەڵایەتی، مسۆگەری ئەوە دەکات کە ئێمە دەتوانین پێکەوە بژین بە بێ ئەوەی تانە و تەشەر لە ماف و ئازادی یەکتر بدەین.



بەڵام، هەندێکی تر پێیان وایە کە لێبوردەیی زۆر دوورتر بڕ دەکات، هانی خەڵکی دەدات لەوە ببوورن کە لێی نابوورێت و هەڕەشە لە بنەڕەتی وجوودی کۆمەڵایەتی دەکات. دەبێ لێبوردەیی چەند دوور بڕ بکات، سنوورەکانی لێبوردەیی دەبێ لە کوێوە بوەستێت؟ وێڕای ئەمەش، لە سەدەی بیستەمدا ، زمانێکی نوێی سەربەستی سەری هەڵداوە لە گەشەی بزووتنەوەکانی ئازادیدا ، پێویستی ئازادی نەتەوەکان و ئازادی ئافرەتان و ئازادی سێکسی و تا دوایی ڕادەگەیەنێت. ئایدیەی ئازادی زاراوەیەکی قووڵتر و کاملترە لەوەی سەربەستی و ڕزگاری دەیگەیەنێت. بەڵام، بۆچی گرووپە چەوساوەکان چوونەتە پاڵ ئایدیەی ئازادی، ئایا ئایدیەی ئازادی واتای فۆرمێکی جیا لە سەربەستی دەگەیەنێت؟

## سەربەستی Freedom

تاوتوێکردنی زاراوەی سەربەستی کارێکی زەحمەتە چونکە لە لایەن فەیلەسووف و زاستناسە کۆمەڵایەتییەکان و تیۆریستە سیاسییەکانیشەوە بەکارهێنراوە. هەر یەک لەمانە بە جیا باسی سەربەستی دەکەن. لە فەلسەفەدا، سەربەستی بە موڵکی ویست property of the will ناو زەند دەکرێت. ئایا تاکەکان خاوەنی ویستی سەربەستن free will یاخۆ ئایا کارەکانیان بە تەواوی دیاری دەکرێت؟ ڕوون و ئاشکرایە، وەڵامی ئەم پرسیارە دەوەستێتە سەر تێگەیشتن لە سروشتی مرۆڤ، لەوەش گرینگتر، دەوەستێتە سەر ئەقڵی مرۆڤ. لە زانستی ئابووری و کۆمەڵناسیدا، سەربەستی تا ڕادەیەکی زۆر بە پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی دەخوێنرێتەوە. ئایا تا چ ڕادەیەک تاکەکان بریکاری سەربەستن agents free لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، تا چ ڕادەیەک دەتوانن پیادەی ئیختیاری خۆیان بکەن و ئیمتیازاتەکان دەستەبەر بکەن بە پێوەندی لەگەڵ ئەوانی ترەوە؟ بە پێچەوانەوە، تیۆریستە سیاسییەکان زۆرجار مامەڵە لەگەڵ سەربەستی دەکەن وەک میسالیەتێکی ئەخلاقی یا بنەمایەکی پێوەری، کە گرینگترین بنەمایە. بەڵام، لەگەڵێ حاڵەتدا، پێناسەی سەربەستی جیا دەکەنەوە لەو پرسیارانەی کە لە سەر بەهاکەی دەکرێت، پێناسەیەکی زانستی کۆمەڵایەتی دەخەنە پاڵ زاراوەکە. لەگەڵ ئەوەشدا، وەک دروشمێکی سیاسی میللی "سەربەستی" وەک میسالیەتێک کار دەکات، بەڵام میسالیەتێک کە شرۆڤە و ڕوون کردنەوەی زۆر گەرەکە.

باشترین ڕێگە بۆ پێناسکردنی سەربەستی جیاکردنەوەی سەربەستییە لە ناسەربەستی "unfreedom". بۆ نموونە، زۆربەی خەڵک ئامادەن پەسەندی ئەوە بکەن کە دەبێ جیاوازییەک هەبێت چونکە دەبێتە سەرچاوەی هەموو گفتوگۆ ئەوتۆکان. وێڕای ئەمەش، بێ سێ و دوو ڕوون و ئاشکرایە مەبەستمان چییە لە زاراوەی سەربەستی. بۆ نموونە، گەر جەخت لە سەر فۆرمە جۆربەجۆرەکانی سەربەستی بکەینەوە، ئەوا هزرمەندە سیاسییەکان دەمێکە مامەڵەیان لەگەڵ سەربەستی کردووە وەک ئەوەی چەمکێکە لە جەوهەردا هاودژە. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا، لیبرالێکی فەرەنسی، بێنجامین جیاوازی کرد لە نێوان ئەوەی کە خۆی ناوی لێ نا "ئازادی



دێرینەکان the liberty of ancients کە مەبەستی لەوەش بەشدارییەکی بە کۆمەڵ بوو لە ژیانی سیاسیدا، هەروەها "ئازادی مدێرنەکان"، کە ئاماژە بوو بە سەربەخۆیی لە حکوومەت و لە پەیوەست بوون بەوانی ترەوە. کاریگەرترین هەوڵ بۆ ئەنجامدانی ئەمەش لە سەدەی بیستەم لە لایەن عیسا بەرلین دراوە لە وتارەکەی بە ناوی "دوو چەمکەکەی ئازادی، (١٩٥٨و١٩٦٨)". بەرلین دوو چەمکی سەربەستی دیاری کرد: چەمکی پۆزەتیف و نێگەتیڤی سەربەستی. لە زمانی ڕۆژانەدا، ئەو دوو چەمکە هەندێ جار بەو جیاوازییە دەزانرێت لە نێوان یەکێک سەربەست بکرێت لە ئەنجامدانی شتێک، یەکێکیش سەربەست بێت لە شتێک.

بەڵام، ئەم جیاوازییە زۆر ڕەخنەی لێ گیراوە. بۆ نموونە، جیاوازی نێوان (سەربەست بیت بۆ، سەربەست بیت لە) تەنیا گرفتێکی زمانەوانییە: هەر نموونەیەکی سەربەستی دەکرێ بە هەردوو ڕێگە وەسف بکرێت. سەربەست بوون بۆ بەدەستهێنانی خوێندن هەمان شتە لەگەڵ سەربەست بوون لە کەمتەرخەمی. سەربەست بوون لە باجی زۆر مانای سەربەست بوون بۆ سەرفکردنی پارەی یەکێک بە ویستی خۆی. لە کتێبەکەی بە ناوی "سەربەستی نێگەتیڤ و پۆزەتیڤ، ١٩٧٢"دا جی سی ماکالوم دوورتر ڕۆیشت و پێشنیازی چەمکێکی بە دەر لە بەهای کرد بەم شێوەیە: "(أ) سەربەستە لە (ب) بۆ ئەنجامدانی کارێک یان سەربەستە لە (ج)" هاوکێشەی ماکالوم، بە چەند ڕێگایەک یارمەتی شیکردنەوەی ئەو هزرە دەدات دەربارەی سەربەستی. یەکەمیان، پێشنیازی ئەوە دەکات پرسیاری "ئایا ئێمە سەربەستین؟" بێ مانایە، بۆیە دەبێ ئەو پرسیارە لاببرێت ئەوەی لە شوێن دابنرێت "ئێمە لە چی سەربەستین و سەربەستین بۆ ئەنجامدانی چ کارێک؟" بۆ نموونە، هاوکێشەکە باسی ئەو واقیعە دەکات کە کاتێ ئێمە سەربەستین لە بەربەستێک، وەک دەستدرێژی جەستەیی، بەڵام سەربەست نین لە بەربەستەکانی تر وەک یاسا کە دەستدرێژی کردنە سەر یەکێکی تر قەدەغە دەکات. دەتوانین سەربەست بین لە کێشانی تووتنی جگەرە بەڵام یاسا ڕێگەت پێ نادات و سەربەست نیت لە کێشانی ماریوانا marijuana . دووەمیان، یارمەتی شیکردنەوەی ئەوە دەدات کە خەڵکی چۆن ناکۆک دەبن دەربارەی سەربەستی. ئەمە ڕوو دەدات لە سەر ئەوەی چی بە بەربەست

دادەنرێت لە بەردەم سەربەستی. بۆ نموونە، هەندێ مشتومڕی ئەوەیانە کە سەربەستی تەنیا بە هۆی بەربەستی یاسایی و جەستەیییەوە سنووردار دەکرێت، کەچی ئەوانی تر سوورن لە سەر ئەوەی کە نەبوونی سەرچاوە مادییەکان و بێ بەشبوونی کۆمەڵایەتی و کەم و کوڕی لە پەروەردە ڕەنگە هۆکار بن بۆ ناسەربەستی.

## ئازادی و مۆڵەت Liberty and license

زاراوەی سەربەستی زۆر لە نووسین و وتارەکانی بەرپرسە سیاسییەکانەوە بەدەردەکەوێت نەک لە لایەن بنەما سیاسییەکانی تر. بە هەقیقەت، لە هەموو جیهان ئەوە پەسەند دەکرێت کە سەربەستی لە ڕووی ئەخلاقییەوە شتێکی باشە و هاودژەکانیشی بریتین لە چەوسانەوە و گرتن و کۆیلایەتی و ناسەربەستی، کە ئەمانە لە ڕووی ئەخلاقییەوە خراپن و کەس نایەوێن. لە سادەترین واتایدا، سەربەستی واتە یەکێک ئەوەی پێی خۆشە بیکات و هەڵیبژێرێت. بۆ نموونە، بە زمانی ڕۆژانە، سەربەست بوون واتە نەبوونی کۆنترۆڵ و پێوودانگ، هەروەک لە ئازادی قسەکردن: یەکێک هەرچی پێی خۆشە و توانای هەیە بیڵێت و کەسیش لێی نەپێچێتەوە. بەڵام، هەندێ کەس پشتگیری ئەوە دەکەن کە هەموو جۆرە کۆنترۆڵێک و پێوودانگێک لابەرن لە سەر تاک. هەروەک (تاونی) ئاماژەی پێ دەکات " سەربەستی ماسی گەورە، مردنە بۆ ماسی بچووک".

تەنیا فەوزەوییەکان، کە هەموو فۆرمێکی دەسەڵاتی سیاسی بە ناپێویست و نەخوازراو دەزانن و ڕەتی دەکەنەوە، ئامادەن پشتگیری سەربەستی بێ سنوور بکەن. ئەوانی تر سوورن لە سەر جیاوازی نێوان دوو جۆرە کار کە بە ویستی خۆت ئەنجامی دەدەیت، لە نێوان ئازادی و مۆڵەتدا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم جیاوازییەش جۆرێک لە ئاڵۆزی و سەرلێ تێکدان دروست دەکات. بۆ نموونە، ئەوە دەگەیەنێت کە تەنیا ئەو ڕەفتارانەی لە ڕووی ئەخلاقییەوە ڕاستن شانازییان پێوە دەکرێت بە ناونیشانی سەربەستی یا ئازادی. بەڵام، هەروەک تیۆریستە سیاسییەکان بە تێڕوانینێکی زانستی کۆمەڵایەتی یا بەدەر لە بەها دەڕواننە زاراوەکە، تەواو ئامادەن پەسەندی ئەوە بکەن کە چەند سەربەستییەک هەیە وەک سەربەستی کوشتنی یەکێک



دەبێ کۆنترۆڵ بکرێت. لەو ڕوانگەوەش، جیاوازی نێوان ئازادی و مۆڵەت ئەم پرسیارە قووت دەکاتەوە: ئێمە کامە سەربەستیمان قبوڵە، کامەشیانمان بە دڵ نییە و ڕەتی دەکەینەوە؟

"مۆڵەت" واتە هەڕەشە لە سەربەستی، مۆڵەت ئەو ئالیەتەیە سنووری سەربەستی دەبەزێنێت. لە کاتێکدا ئازادی بە شتێکی تەندروست دادەنرێت و لە ڕووی ئەخلاقییەوە خوازراوە، مۆڵەت شتێکی چەوسێنەرە و ناڕەزایی لە سەر هەیە و لە ڕووی ئەخلاقییەوە گەندەڵە. سەرەڕای ئەوەش، دەمەتەقێیەکی قووڵی ئایدیۆلۆژی هەیە دەربارەی ئەو خاڵەی کە ئازادی دەست بەوە دەکات ببێتە مۆڵەت. بۆ نموونە، ئازادییەکان خەریکی زیاترکردنی سەربەستییەکانی تاکن و ئەو کارانەش کەم بکاتەوە کە بە پێی مۆڵەت ئەنجام دەدرێن. هەرچەندە هەندێ جار سۆشیالیستەکان و لیبرالەکان سەرنجیان بۆ لای ئازادی دەچێت، لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا ئازادی زیاتر گرێ دراوە بە بەرگریکردن لە موڵکی تایبەتی و هۆکاری سەرمایەداری بازاڕی ئازاد. باڵی ڕاستی ئازادی وەک ڕۆبێرت نۆزیک و میڵتن فریدمان لە سۆنگەیەکی ئابوورییانەوە لە زاراوەکە دەڕوانن و پاڵپشتی زۆرترین سەربەستی ئیختیاری دەکەن لە نێو بازاڕدا. توانای بەڕێوەبەرێک بۆ دانانی ئاستەکانی مووچە و گۆڕینی مەرجەکانی کارکردن و بڕیار بدات کێ دامەزرێنێت و کێش دانەمەزرێنێت، بە مانیفێستۆی ئازادی دادەنرێت. لە لایەکی ترەوە، زۆرجار سۆشیالیستەکان ئەم جۆرە ڕەفتارە بە مۆڵەت دەزانن، لە سەر بنچینەی ئەوەی کە سەربەستی بەڕێوەبەر ڕەنگە هیچ مانایەکی نەبێت جگە لە نەهامەتی و چەوسانەوە بۆ کرێکارەکانی. سۆشیالیستە بنەڕەتییەکان دوورتریش دەچن وەسفی هەموو فۆرمەکانی موڵکی تایبەت دەکەن وەک مۆڵەت چونکە خاوەنەکان هەژاران و بێ موڵکەکان هەڵدەقۆزنەوە. دەبێ بنچینەی ئەخلاقی ڕوون دامەزرێت بۆ جیاوازی کردن لە نێوان بە چی بوترێت ئازادی و بە چیش بوترێت مۆڵەت.

کێشەی دامەزراندنی جیهانێکی خوازراوی ئازادی ئەوەیە کە ژمارەیەکی زۆر بنچینە هەن کە دەکرێ سەربەستی لە سەر ئەم بنچینانە پشتگیری لێ بکرێت. لە دیدە سیاسییە لیبرالەکانەوە، سەربەستی زۆر وابەستە و نزیکە لە بیرۆکەی

مافەکان. هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکراوە، ئەمە ڕوودەدات چونکە نیازەکە مامەڵە کردنە لەگەڵ سەربەستی وەک مافێک یا پابەندبوونێک. بە هەقیقەت، هەردوو چەمکەکە تێکەڵ کراون، هەروەک کاتێ مافەکان وەک ئازادییەکان باسیان لێوە دەکرێت. یەکێک لە تیۆرە سەرنج ڕاکێشەکانی سەربەستی لە سەر بنچینەی ماف، جا مافی مەدەنی، سروشتی یا مرۆیی بێت، ئەوەیە کە جیاوازییەکی ڕوون دەکات لە نێوان ئازادی و مۆڵەت. بە کورتی، ئازادی واتە کارکردن بە گوێرەی مافەکان، لە کاتێکدا مۆڵەت واتە کار بکەیت لەودیو مافەکانی یەکێکەوە، بە تایبەتی، هەڕەشەکردن لە مافەکانی ئەوانی تر. بۆ نموونە، بەڕێوەبەرەکان پیادەی ئازادی دەکەن کاتێ کار لە سەر حیسابی مافی ئەوانی ترەوە دەکەن، ئەم ڕەفتارەش سەرچاوەی گرتووە لە خاوەنیەتی موڵک یان گرێبەندی دامەزراندنەوە، بەڵام لە نێو جیهانی مۆڵەتدا ون دەبن کاتێ دەست دەکەن بە شکاندنی مافی فەرمانبەرەکانیان.

بەڵام، ئەم جیاوازییە ئاڵۆزتر دەبێت کاتێ لە نزیکەوە تاقی دەکرێتەوە. پێش هەموو شتێک، مافەکان هەمیشە هاوسەنگ دەکرێت لە دژی یەکتر، لەو دیدەی کە زۆربەی کارەکان دەتوانن ئەنجامی دوژمنکارانەی لێ دەکەوێتەوە بۆ خەڵکانی تر. لەم دیدەوە، سەربەستی یارییەکە یەک تیایدا سفر دێنێت: کاتێک بەڕێوەبەرێک سەربەستی زیاتری دەبێت، یەکێکی تر، واتە فەرمانبەر سەربەستی لە دەست دەدات. بۆیە مەحاڵە لەوە دڵنیا بیت مافی هەمووان بپارێزرێت. بەڵام، لەوەش جدیتر بریتییە لە کێشەی دیاریکردنی ئەوەی کێ مافی هەیە و بۆچی. هەروەک لە بەشی حەوتەمدا دووپات کراوەتەوە، مافە تاکە کەسییەکان مایەی دەمەتەقێیەکی قووڵی سیاسی و ئایدیۆلۆژین. بۆ نموونە، کاتێک زۆربەی لیبراڵ و پارێزکارەکان سوورن لە سەر ئەوەی کە مافی موڵکداریەتی مافێکی بنەڕەتی مرۆڤە، گەلێ لە سۆشیالیستەکان و کۆمەنیستەکان ناکۆکن لە سەری. بە هەمان شێوە، سۆشیالیست و لیبراڵە مۆدێرنەکان دووپاتی گرینگی مافە کۆمەڵایەتییەکان دەکەنەوە، وەک مافی چاودێری تەندروستی و پەروەردە، لە کاتێکدا پشتیوانانی (نیو ڕایت) مشتومڕی ئەوەیانە کە تاکەکان بە تەنیا بەرپرسیارن لەو مەسەلانە.

ئالیەتێکی بەدیلی جیاوازیکردن لە نێوان ئازادی و مۆڵەت لە لایەن جەی ئێس میلّ



پێشنیاز کراوە. وەک ئازدای ناسێک پێی وابوو سەربەستی تاک بریتییە لە بنەڕەتی گەشە بەخۆدانی ئەخلاقی، میلّ پێشنیازی کرد کە تاکەکان دەبێ زۆرترین ئازادی شیاویان هەبێت. بەڵام، هەروەک لە بەشی شەشەمدا تانوپۆ کراوە، میلّ درکی بەوە کرد کە ئازادی بێ سنوور چەوسێنەر دەبێت تەنانەت دەبێتە ستەمکاریش. لە کتێبەکەی بە ناوی (لە سەر ئازادی، ١٨٥٩ و ١٩٧٢)، میلّ پێشنیازی جیاوازییەکی ڕوونی کرد لە نێوان کارەکانی "پەیوەست بە خود" و کارەکانی "پەیوەست بەوانی تر"، دەڵێت هەر تاکێک دەبێ پیادەی سەروەری بکات و کۆنترۆڵی جەستە یان ژیانی خۆی بکات. میلّ دەڵێت تاکە شت بۆ سنووردارکردنی تاک بریتییە لە ڕووداوی ئازاردانی ئەوانی تر. لە ڕاستیدا، "بنەمای ئازاردان" ئەو خاڵە دیاری دەکات کە سەربەستی زۆر تێ دەپەڕێنرێت، ئەو خاڵەی کە ئازادی دەبێتە مۆڵەت.

هەرچەندە ئەو جیاوازییە ڕەنگە بە ڕوون و باوەڕپێکراو دەربکەوێت، بیرۆکەی "ئازاردان" کۆنکریتر بووە لە چاو ئایدیەی مافەکان، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر دەمەتەقێ دەوروژێنێت. ئەمە بە شێوەیەکی گشتی جەخت دەکاتە سەر ئەو شتەی پێی دەوترێت "ئازاردان". گەر لە بنەماکە گەیشتین، هەروەک میلّ نیازی وابوو، بۆ ئاماژە کردن بە ئازاری جەستەیی، ڕێگە بە زنجیرەیەکی فراوانی کارەکان دەدات بە ئازادی دابنرێت. میلّ هەمیشە ئامادە بوو سەربەستییەکی ڕەها بە تاکەکان ببەخشێت بۆ بیرکردنەوە و نووسین و وتنی هەر شتێک خۆیان پێیان خۆش بێت، هەروەها ڕێگەیان پێ دەدات کۆنترۆڵی کاری بە ئازار بکەن، گەر کارەکان پەیوەست بن بە خودی خۆیانەوە. بۆیە میلّ لە هیچ فۆرمێکی سانسۆر و پێودانگ نابوورێت کە لە سەر بەکارهێنانی مادە سڕکەرە مەترسییەکان دابنرێت. بەڵام، گەر بیرۆکەی "ئازاردان" فراوانتر بکرێت ئازاری دەروونی و ئەخلاقی و ڕوحی بگرێتەوە، دەکرێ بەکار بهێنرێت بۆ پۆلێنکردنی زنجیرە کارێکی فراوانتر وەک مۆڵەت. بۆ نموونە، وەسفی توندوتیژی و ڕووتەمەنی و کوفر لە سەر تەلەفیزیۆن ڕەنگە بە ئازاری ئەخلاقی دابنرێت لەو ڕوانگەی کە گەندەڵە و بێزارکەرە. هەمان ئاڵۆزی ڕوودەدات کاتێ "ئازار" نەهامەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە. بۆ نموونە، وەستاندنی مووچەی فەرمانبەرێک لە لایەن بەڕێوەبەرەکەیەوە ڕەنگە ئازاری جەستەی فەرمانبەرەکە نەدات بگرە ئازاری بەرژەوەندییەکانی دەدات.

زۆربەی هەوڵەکان بۆ جیاوازیکردن لە نێوان ئازادی و مۆڵەت دەگەڕێتەوە بۆ بنەمای یەکسانی. گەر ئازادی بە بەهایەکی بنەڕەتی دابنرێت، بێگومان هەموو مرۆڤەکان پێیەوە پابەند دەبن. بۆیە، تیۆری سەربەستی لە سەر بنچینەی مافەکان دان بە گرینگی مافە یەکسانەکان دادەنێت. هەروەها میل سوور بوو لە سەر ئەوەی کە بنەمای "ئازار دان" بە یەکسانی بۆ هەمووان جێبەجێ دەبێت. ئەمەش وا دەگەیەنێت کە ڕێگایەکی تری جیاوازیکردن لە نێوان ئازادی و مۆڵەت لە ڕێگەی جێبەجێکردنی بنەمای ئازادی یەکسانەوە دەکرێت. بە واتایەکی دیکە، ئازادی دەبێتە مۆڵەت نەک ئەو کاتەی کە مافەکانی ئەوانی تر پێشێل دەکرێن، یان ئەو کاتەی کە ئەوانی تر ئازار دەدرێن، بەڵکو ئەو کاتە دەبێتە مۆڵەت کە ئازادی بە نایەکسانی لە نێو خەڵکی بەکار دەهێنرێت. جۆن ڕاوڵس ئەمەی دەربڕی لەو بنەمایەی کە هەر کەسێک پابەندە بە زۆرترین ئازادی گونجاو کە یەک دەگرێتەوە لەگەڵ ئازادی هەمووان. لە ڕووکەشدا، زۆربەی دیموکراتە لیبراڵەکان ڕێز لە بنەمای ئازادی یەکسان دەگرن، ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعەیە کە، بە لایەنی کەم لە تیۆردا، مافە سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتییەکان لە گۆڕێدان بۆ هەموو هاوڵاتییەک. بەڵام مەزهەبی ئازادی یەکسان چەواشە کراوە بە کێشەکانی دەربارەی چۆنیەتی پێناسکردنی سەربەستی. گەر سەربەستی پێک بێت لە بوونی کۆمەڵێک مافی فەرمی، ئەرکی پێوانی سەربەستی و دووپاتکردنەوەی ئەوەی بە یەکسانی دابەش دەکرێت کارێکی ئاسانە: پێویستە ئەوە دووپات بکرێتەوە کە تاک یا گرووپ ئیمتیازی تایبەتی هەیە یا بە دەستی سوودوەرنەگرتنەکان دەناڵێنێت. دەکرێ ئەمە بە دەست بهێنرێت بە هۆی دامەزراندنی یەکسانی فەرمی و یەکسانی لە بەردەم یاسا. بەڵام، مەسەلەکە ئاڵۆزتر دەبێت گەر سەربەستی وەک خاوەنی مافە فەرمییەکان دانەنرێت بگرە بەو هەلە دابنرێت بۆ سوود وەرگرتن لەو مافانە. لیبراڵە مۆدێرنەکان و دیموکراتە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ نموونە، مشتومڕی ئەوەیانە کە بنەمای یەکسانی ئازادی ئاماژە دەکات بە پێویستی دابەشکردنی سازان و سەرچاوەکان لە کۆمەڵگە. ئەو جۆرە ناکۆکییانە دەچنە نێو جەرگەی ئەو دەمەتەقێیەی لە بارەی سروشتی سەربەستی و، بە تایبەتی، بۆ جیاوازی نێوان چەمکە نێگەتیڤ و پۆزەتیڤەکانی سەربەستی دەکرێت.



### جۆن ستوارت میل (١٨٠٦-١٨٧٣)

فەیلەسووف و ئابووری ناس و سیاسەتمەدارێکی بەریتانییە. باوکی فێرە پەروەردەیەکی زۆر فراوانی کردووە. باوکی کە ناوی جەیمس میل بووە تیۆریستێکی یوتیلیتاریەن بووە هەروەک خۆی لە ژیاننامەکەی باسی دەکات (١٨٧٣). ئەمە بووە هۆی ڕووخانی ئەقڵی لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا، پاش ئەوەی پەرەی بە فەلسەفەیەکی مرۆیی دا کە کاریگەری لە سەر کۆلەریج و ئایدیالیستە ئەڵمانییەکان هەبوو. ئەندام پەرلەمانی وێستمینیستەر بووە لە ساڵی ١٨٦٥ تا ١٨٦٨، هەروەها London review دامەزراند.

کاری میل زۆر گرینگ بوو بۆ گەشەسەندنی لیبرالیزم چونکە جیاوازی کرد لە نێوان تۆڕە کلاسیک و مۆدێرنەکاندا. لە کتێبەکەی بە ناوی (لە سەر ئازادی، ١٨٥٩) زۆر گرینگی بە بەرگریکردنی سەربەستی دا لە سەر بنچینەی ئەو بنەمایەی کە تاکە ڕێگە بۆ پێوودانگ کردنی سەربەتسی تاک بریتییە لە نەهێشتنی "ئازار دانی ئەوانی تر". موعارەزەکەی بۆ نەریت و ڕێچکە بە کۆمەڵییەکان، بەوانەشی کە لە دیمکراسییە زۆرینەکاندان، ڕەگی داکوتا بوو لە پابەند بوون بە تاکگەرایی. وتارەکەی بە ناوی "یوتیلیتاریانیزم (١٨٦١)، ئەنجامی مانای بنەڕەتی لێ دەکەوێتەوە لە سەر نەریتی یوتیلیتاریانی، بەڵام لێیان جیا بووەوە لە دووپاتکردنەوەی جیاوازی نێوان خۆشی زۆر و کەمدا. لە کتێبەکەی بە ناوی " considerations on representative government، 1861 میل تاوتوێی میکانیزمی نوێنەری و هەڵبژاردن دەکات، پێی وابوو کە هاوسەنگی فراوانتری بەشداریکردن دەکات لە دژی پێویستی بۆ نوخبەی ئەخلاقی و ڕۆشنبیری. "the subjection of women 1869 بە هاوکاری لەگەڵ خێزانەکەی هاریت تێیەلر نووسیویەتی، پێشنیازی کردووە کە ئافرەت دەبێ یەکسان بێت لەگەڵ پیاو لە ڕووی ماف و ئازادییەکانەوە، بە مافی دەنگدانیشەوە.

## سەربەستی نێگەتیڤ Negative freedom

سەربەستی بە دوو مانای جیاوازدا بە نێگەتیڤ وەسف کراوە. یەکەمیان، یاسا بە بەربەستی سەرەکی دادەنرێت لە بەردەم سەربەستی. ئەم بۆچوونە نێگەتیڤە لەو ڕوانگەی کە سەربەستی سنووردار دەکرێت تەنیا بە هۆی ئەوانی تر بە ئەنقەست ناهێڵن ئێمە شت بکەین. بۆ نموونە، تۆماس هۆبز سەربەستی وەک "بێ دەنگی

یاساکان" وەسف دەکات. ئەمە هاودژی سەربەستی پۆزەتیڤە، هەروەک سۆشیالیست و لیبرالە مۆدێرنەکان زاراوەکە بەکار دەهێنن، کە جەخت دەکاتە سەر توانای کارکردن، ئەمە نەبوونی سەرچاوە مەدەنییەکان بە سەرچاوەی ناسەربەستی دادەنێت. لە لایەکی دیکەوە، عیسا بەرلین زاراوەکەی بە ڕێگایەکی جیاواز بە کارهێنا. سەربەستی نێگەتیڤی پێناسە کرد وەک " ئەو بوارەی کە تیایدا مرۆڤ دەتوانێت کار بکات و کەسیش نەڵێت ماڵت لە کوێیە". بۆیە سەربەستی پێک دێت لە جیهانێک پڕە لە کاری بێ لێپێچینەوە. بەڵام، پێناسەکردنی سەربەستی نێگەتیڤ بەم شێوەیە تا سنوورەکانیشی بگرێتەوە، ئەوا ئەمەی سەرەوە بۆچوونی سۆشیالیستەکانە. ئەوەی پرسیاری لە سەرە سروشتی سەربەستی نییە بە قەد ئەوەی بەربەستێکە سەربەستی و یاساکان و بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان دەشارێتەوە. لە ئەنجامدا، بەرلین زاراوەی سەربەستی پۆزەتیڤی بە کار هێنا بۆ ئاماژەکردن بە ئۆتۆنۆمی یا سەروەری خود، ئایدیەک کە لە بەشی داهاتوو تانوپۆ دەکرێت.

هەرچەندە هەندێ کەس مەفهومە نێگەتیڤەکانی سەربەستی بە بەدەر لە بەها وەسف دەکەن، زەحمەتە نکۆڵی لەوە بکرێت کە ئەو مەفهومانە دەرەنجامی ئەخلاقی و ئایدیۆلۆژیشیان هەیە. گەر سەربەستی بگەڕێتەوە بۆ نەبوونی کۆنترۆڵی دەرەکی بە سەر تاک، پابەندبوونێک بە ئازادی ئەوە دەگەیەنێت کە سنووری دیاریکراو لە سەر یاسا و حکوومەتیش دادەنرێت. یاسا، وەک پێناسەیەک، کۆنترۆڵی تاک و گرووپەکان دەکات چونکە، لە ڕێگەی هەڕەشەی سزادانەوە، یاسا ناچاریان دەکات گوێڕایەڵ و پابەند بن پێیەوە. بۆ پاڵپشتکردنی ئەوەی کە سەربەستی دەبێ تاقی بکرێتەوە مانای ئەوە نییە کە یاسا دەبێ هەڵبوەشێتەوە، بگرە مانای ئەوەیە کە یاسا دەبێ سنووردار بێت بۆ پاراستنی ئازادی یەکێک لە دەستێوەردانی ئەوانی تر. ئا ئەمەیە مەبەستی جۆن لۆک کاتێ پێشنیازی ئەوەی کرد کە یاسا پێوودانگ بۆ ئازادی دانانێت بە قەد ئەوەی بەرگری لێ دەکات و فراوانی دەکات. بە هەمان شێوە حکوومەت دەبێ سنووردار بکرێت تا ئاستی کەمترین ڕۆڵ، کاری کردەیی حکوومەت شتێک زیاتر نەبێت لە پاراستنی سەقامگیری ناوخۆ و ئاسایشی کەسی. لە بەر هەندێ،



پشتیوانانی سەربەستی نێگەتیڤ پشتگیری لە دەوڵەت دەکەن بە کەمترین ڕۆڵ و پشتگیری ئابووری سەرمایەداری دەکەن. بەڵام، ئەمە مانای ئەوە نییە دەستێوەردانی دەوڵەت لە فۆرمی هەڵسووڕاندنی ئابووری یا خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی هەرگیز ناسەلمێنرێت، بگرە تەنیا لە ڕووی سەربەستییەوە ناسەلمێنرێت. بە واتایەکی دیکە، ئەو تیۆریستانەی کە سەیری سەربەستی دەکەن بە زاراوەی نێگەتیڤ هەمیشە درک بە بازرگانی دەکەن لە نێوان یەکسانی و دادوەری کۆمەڵایەتی لە لایەک و ئازادی تاک لە لایەکی دیکەوە.

بیرۆکەی سەربەستی نێگەتیڤ زۆرجار لە فۆرمی "سەربەستی ئیختیاری" وەسف دەکرێت. بۆ نموونە، لە کتێبەکەی بە ناوی "سەرمایەداری و سەربەستی (١٩٦٢)" میلتن فریدمان دەڵێت "سەربەستی ئابووری" پێک هاتووە لە سەربەستی ئیختیاری لە نێو بازاڕدا، سەربەستی موشتەری بۆ هەڵبژاردنی ئەو شتەی دەیکڕێت، سەربەستی کرێکار لە هەڵبژاردنی کارێک یان پیشەیەک، سەربەستی بەرهەم هێنەرێک لە هەڵبژاردنی ئەوەی چی دروست دەکات. بە ڕای فریدمان، ئەم سەربەستییە گرینگە تەنیا لە نێو بازاڕی ئازادی ئابووری سەرمایەداری بەدی دەکرێ، کە تیایدا سەربەستی لە کردەدا واتە نەبوونی دەستتێوەردانی حکوومەت. سەرنجی تیۆریستەکان لە سەر "ئیختیار"ی سەربەستی ئەوەیە کە ئیختیار جەخت دەکاتە سەر خاسیەتێکی گرینگی ئازادی تاک. شتێک هەڵبژێرێت ئەوە دەگەیەنێت کە تاک هەڵبژاردنێکی ئارەزوومەندانە یاخۆ ئاشکرا دەکات لە نێو کۆمەڵێک بەدیل یا ئیختیار. لە ئەنجامدا، شتێکی ئاساییە وا دابنێیت کە ئیختیارێک ڕەنگدانەوەی خواستەکان و پێداویستی یا داواکارییەکانی کەسێکن. واتە، تاک هەرچی بیەوێت بە ئەنجامی دەگەیەنێت. بۆ نموونە، کاتێ کرێکاران کارێک هەڵدەبژێرن و یەکێکی تر هەڵنابژێرن، ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەو کارە یەک دەگرێتەوە لەگەڵ حەز و ئارەزووەکان و خواستەکانی ئەو کرێکارە. بەڵام، گەر سەربەستی ڕەنگدانەوەی پیادە کردنی ئیختیار بێت، ئەو ئیختیارەی هەیە بۆ تاک دەبێ ئیختیارێکی ماقوڵ بێت. ئەوەی بە ئیختیارێکی ماقوڵ دادەنرێت ڕەنگە زۆر زەحمەت بێت لە کردەدا بەرجەستەی بکەیت. بۆ نموونە، لە کاتی بێکاری زۆردا، یان کاتێ زۆربەی ئەو

کارانەی کە هەن مووچەیان کەمە، ئایا شتێکی ئاساییە ئیختیاری کرێکارێک بە کارێکی ئارەزوومەندانە و ویستی خودی خۆی دابنرێت؟ بە هەقیقەت، مارکسە کلاسیکەکان مشتومڕی ئەوەیانە کە لەبەرئەوەی کرێکارەکان هیچ ئالیەتێکی تریان نییە بۆ کار دەکرێ وەسف بکرێن بە "کۆیلەی ژێر دەستی مووچە": چونکە بەدیلی کارکردن هەژاری و نەدارییە.

تێگەیشتن لە سەربەستی بە زاراوەی نێگەتیڤ، وەک نەبوونی دەستێوەردانی دەرەکی، سەربەستی گرێ دەدات بە ئایدیەی تایبەتمەندیەتی. تایبەتمەندیەتی بنەمایەکە زۆر ڕێزی لێ دەگیرێت لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا، هەروەها لە لایەن گەلێ کەسەوە بە بەهایەکی گرینگی دیموکرات لیبرالدا دەنرێت. تایبەتمەندیەتی privacy پێشنیازی جیاوازییەک دەکات لە نێوان جیهانی تایبەتی یا کەسی، هەروەها جۆرێک لە جیهانی گشتی. پشتیوانانی سەربەستی نێگەتیڤ زۆرجار ئەم بازنە تایبەتییەی ژیان، پێک هاتووە لە خێزان و پێوەندییە شەخسییەکان، بە جیهانێک دەزانن تیایدا خەڵک وەک خۆیان دەژین. جیهانێکە تیایدا تاک دەبێ بە تەنیا بەجێ بهێڵرێت و بکات و بڵێت و بیر بکاتەوە هەرچییەک خۆی پێی خۆش بێت. بە پێی ئەم دیدە، هەر دەستێوەردانێک لە تایبەتمەندیەتی کەسێک بریتییە لە دەستدرێژی کردنە سەر ئازادی ئەو کەسە. پەسەندکردن سەربەستی نێگەتیڤ گەڕانەوەیە بۆ تایبەتمەندیەتی گشتی، هەوڵدان بۆ فراوانکردنی بواری ئەوەی پێشتر لە سەر حیسابی ئەوەی دواتر. بۆ نموونە، پابەندبوونێک بۆ سەربەستی نێگەتیڤ دەتوانێت ئەو بنەمایە دابین کات بۆ مشتومڕکردن لە سەر پەروەردە و هونەر و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و ژیانی ئابووری دەبێ بە تەواوی تایبەت بن و بۆ تاکەکان خۆیان جێ بهێڵرێن. نەریتێکی جیاوازی هزری سیاسی ژیانی گشتی بە جیهانێکی ئەرک و ناسەربەستی نازانن، بگرە بە ئاقارێک تیایدا هەرەوزی و هاوکاری کۆمەڵایەتی پێش دەخرێن. بە پێی ئەم بۆچوونە، داوا بۆ تایبەتمەندیەتی ڕەنگە ڕەنگدانەوەی گەشتێک بێت لە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتییەوە بۆ دوورەپەرێزی و خۆویستی و دەمارگیری.

کەیسی سەربەستی نێگەتیڤ تەواو دەوەستێتە سەر باوەڕ بە تاکە کەسی، بە تایبەتی، بە ئەقڵانییەتی مرۆڤ. گەر کەس دەست لە کاروباری تاکە کەس وەرنەدات و زۆری لێ نەکات و ڕێبەری نەکات، ئەوا تاک دەتوانێت بڕیاری خۆی بدات و شێوەی ژیانی خۆی دروست بکات. هەروەک بێنتام وای دەبینێت، ئەنجامی ئەمەش گەورەترین خۆشی بۆ زۆرترین کەسی لێ دەکەوێتەوە، چونکە تەنیا تاکەکان متمانەیان پێ دەکرێت بەرژەوەندی خۆیان دیاری بکەن. هەر جۆرە فۆرمێکی باوکایەتی لە ئارادا بێت بەرپرسیاریەتی لە ژیانی تاک دەسەنێتەوە و دواتریش ئازادییەکەی لێ دەدزێت. بێگومان ئەمە مانای ئەوە نییە گەر تاک لە سەر پێی خۆی بوەستێت هیچ هەڵەیەک ناکات لە ڕووی ڕۆشنبیری و ئەخلاقییەوە، بگرە مانای ئەوەیە گەر بێت و هەر کەسە و لە هەڵەی خۆی شت فێر بیت ئەوا وەک مرۆڤێک دەرفەتی باشترە بۆ پێشڤەچوون و گەشەسەندن. بە کورتی، ئەخلاق هەرگیز ناتوانرێت فێری کەس بکرێت و بە سەر کەسیشدا بیسەپێنیت، بگرە تەنیا لە ڕێگەی کاری ئارەزوومەندانەوە پەیدا دەبێت. بەڵام، بە پێچەوانەوە، لایەنە دژەکانی سەربەستی نێگەتیڤ پێیان وایە کە گەر تاک لە سەر پێی خۆی بوەستێت و بەم شێوەیە سەربەست بێت ئەوە مانای ئەوەیە "سەربەستە بۆ ئەوەی لە برسان بمریت". کاتێ تاکەکان بە تەنیا جێ دەهێڵرێن ڕەنگە ڕاوەدووی نەهامەتی ئابووری کەون و دووچاری دادوەری بازاڕ دەبنەوە، ڕەنگە بە هیچ شێوەیەک ئیختیاری بە جێ و ئەقڵانی بکەن. ئەم جۆرە تێڕوانینە بووە هۆی پەیدابوونی مەفهومێکی گرینگ ئەویش پێی وترا سەربەستی پۆزەتیڤ.

## سەربەستی پۆزەتیڤ Positive freedom

هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکراوە، سەربەستی پۆزەتیڤ، کەمتر نییە لە سەربەستی نێگەتیڤ، دەتوانرێت بە دوو ڕێگە لێی تێ بگەین. بە ڕای بەرلین، سەربەستی پۆزەتیڤ پێک دێت لە " یەکێک ببێتە سەرۆکی خۆی". بۆیە سەربەستی پۆزەتیڤ بەرامبەر دیموکراسییە، دەوترێت یەکێک ئازادە گەر خۆی خۆی حوکم بکات، هەروەها ئازاد نییە گەر خۆی حوکم نەکات. بۆیە سەربەستی بایەخ بەم پرسیارە دەدات "من لە لایەن کێ حوکم دەکرێم؟" نەک "تا چەند من حوکم دەکرێم؟". بە هەقیقەت ئەو خەڵکەی چەندین یاسای سنووردار دەسەپێنێت بە سەر خۆیدا

ڕەنگە پۆزەتیڤانە ئازاد بن بەڵام نێگەتیڤانە بە تەواوی ئازاد نین. بەڵام، لە ماناکەی تریدا، سەربەستی پۆزەتیڤ پەیوەستە بە ئایدییەکانی خۆ ناسینەوە و گەشەی کەسی. مرۆڤ حەز دەکات توانای خۆی بەکار بێنێت کار بکات و خۆی خۆی ڕێک بخات، ئەم مەفهومەی سەربەستی زیاتر بەندە بە دابەشکردنی سەرچاوە مادی و ئابوورییەکان. زۆرجار بە دژی سەربەستی نێگەتیڤ دادەنرێت، لە بری سەلماندنی هاودژی دەسەڵاتی دەوڵەت، زیاتر بەندە بە خۆشگوزەرانی و دەستێوەردانی دەوڵەت. بیرۆکەی سەربەستی پۆزەتیڤ زنجیرەیەک تیۆر و بنەما دەگرێتەوە، کە ئەنجامە سیاسییەکانی فرەن و هەندێ جار هاودژی یەکترن. لە کردەدا، ڕەنگە سەربەستی پۆزەتیڤ بێت لەو سۆنگەیەی کە دەوەستێت بۆ دەسەڵاتی کاریگەر و خۆناسین و سەرۆکایەتی خود یا ئۆتۆنۆمی، یا سەربەستی ئەخلاقی و غەریزی.

یەکێک لە ڕەخنە سەرەتاییەکانی سەربەستی نێگەتیڤ لە لایەن لیبراڵە مۆدێرنەکانەوە گیراوە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە کە کۆمەڵێک نادادوەری سەرمایەداری پیشەسازییان دۆزییەوە کە ئەوەندە زۆر بوو کۆنترۆڵ نەدەکرا. سەرمایەداری پابەندە دەربەگایەتییەکان و پێوودانگە یاساییەکانی لە ناو برد بەڵام هێشتا چینی کرێکاری بە جێهێشتووە کە موعەرەزن بۆ هەژاری و بێکاری و دەرد و بەڵاو نەخۆشی. بێگومان، ئەم جۆرە بارودۆخە کۆمەڵایەتییانە بە قەد یاساکان و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی سەربەستی کۆنترۆڵ دەکات. بەڵام، لەودیو ئەو مشتومڕە، مەفهومێکی زۆرجیاوازی سەربەستی هەیە، زۆرجار دەگەڕێنرێتەوە بۆ ئایدییەکانی جەی ئێس میڵ. هەرچەندە میڵ وا دەردەکەوێت پشتگیری مەفهومی نێگەتیڤی سەربەستی دەکرد، کۆنترۆڵی سەروەری تاک بە سەر جەستە و ئەقڵی خۆی، لەگەڵ ئەوەشدا، دووپاتی کردەوە کە مەبەستی سەربەستی هاندانی بەدەستهێنانی تاکگەراییە. "تاکگەرایی" دەگەڕێتەوە بۆ سیفەتی بێ وێنە و جیاوازی هەر تاکێک، واتە سەربەستی لە خزمەتی گەشەی کەسی و پێشخستنی خودی تاک دایە. یەکەمین لیبرالی مۆدێرن زۆر بە کراوەیی مەفهومی سەربەستی پۆزەتیڤی لە باوەش گرت، فەیلەسووفی بەریتانی تی هێچ گرین (١٨٣٦–٨٢) بوو، کە پێناسەی سەربەستی کرد وەک توانای خەڵک بۆ دروستکردنی باشترین شت بۆ خۆیان. ئەم سەربەستییە نەک



هەر تەنیا پێک دێت لەوەی بە تەنیا بە جێت بهێڵن بگرە پێکهاتووە لە هەبوونی دەسەڵاتێکی کاریگەر بۆ کارکردن، گۆڕینی سەرنجەکان بەرەو ئەو دەرفەتانە هەیە بۆ هەر تاکێک. ئەمە فۆرمێکی سەربەستییە کە زۆر بە پەرۆشەوە لە لایەن سۆشیەل دیموکراتەکان وەک بریان کود (١٩٨٥) و ڕۆی هارسلی (١٩٨٥).

لە ژێر دەستی لیبراڵە مۆدێرنەکان و دیموکراتە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەم مەفهومەی سەربەستییە سەلماندنێکی دابین کرد بۆ خوشگوزەرانی کۆمەڵایەتی. بە واتایەکی دیکە، خۆشگوزەرانی دەوڵەت سەربەستی فراوان دەکات بە هۆی بەتواناکردنی تاک و ئازادکردنیان لەو شەڕانگێزە کۆمەڵایەتییانەی کە ژیانیان ناخۆش دەکات و بێکاری و ئاوارەیی و هەژاری و پشتگوێ خستن و نەخۆشی و چەندین شتی تریان بۆ پێش دێنێت. بەڵام، بۆ پێناسەکردنی سەربەستی وەک دەسەڵاتێکی کاریگەر مانای وەلا نانی سەربەستی نێگەتیڤ نییە بە تەواوی.

هەموو لیبراڵەکان، تەنانەت مۆدێرنەکانیش، پەسنی ئەوە دەکەن کە تاکەکان خۆیان بڕیاری خۆیان بدەن و جیهانی بەرپرسیاریەتی خۆیان فراوان بکەن. بۆیە، دەوڵەت تەنیا کار دەکات بۆ فراوانکردنی ئازادی کاتێ "ئازادی یارمەتی تاکەکان دەدات یارمەتی خۆیان بدەن". هەرکە نەهامەتی کۆمەڵایەتی و قاتوقڕی نەمێنن، هاوڵاتیان دەبێ بە تەنیا جێ بهێڵرێن بۆ ئەوەی خۆیان بەرپرسیاریەتی ژیانی خۆیان هەڵگرن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم مەزهەبەی سەربەستی پۆزەتیڤ زۆر ڕەخنەی لێ گیراوە. بۆ نموونە، هەندێ لە ژێدەران پێیان وایە تێکەڵییەک هەیە لە سەربەستی پۆزەتیڤ ئەویش بە هۆی بە کارهێنانی زمانە. تاکگەرایی، گەشەی کەسی و پێشخستنی خود ڕەنگە دەرەنجامی سەربەستی بن، بەڵام خودی خۆیان سەربەست نین. بە واتایەکی دیکە، ئا لێرەدا سەربەستی بە هەڵە کراوە بۆ دەسەڵات یا دەرفەت. وێڕای ئەمەش، ڕەخنەگرەکانی تر، بە تایبەتی ئەوانی نێو نیو ڕایت، مشتومڕی ئەوەیانە کە ئەم مەزهەبە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی فۆرمی نوێی کۆیلایەتی servitude چونکە، بە هۆی سەلماندنی دەسەڵاتی فراوانتری دەوڵەت، تاکی ڕووت کردووەتەوە لە کۆنترۆڵ لە سەر باری ئابووری و کۆمەڵایەتین. ئەم ڕەخنەیە لە بەشی دەیەم بە پەیوەست لەگەڵ خۆشگوزەرانی بە وردی تانوپۆ دەکرێت.

سەربەستی لە فۆرمی خۆناسینەوە یا جێبەجێکردنی خود وەسف کراوە. سەربەستی لەو سۆنگەیەوە پۆزەتیڤە چونکە دەوەستێتە سەر ویستی تێربوون یا جێبەجێکردنی پێداویستییەکان. بۆ نموونە، سۆشیالیستەکان لە ڕووی نەریتییەوە بەم شێوەیە وەسفی سەربەستی دەکەن، وای دەبینن وەک ناسینەوەی ڕاستی سروشتی خۆیان. بۆ نموونە، کارل مارکس جیهانی ڕاستی سەربەستی وەسف دەکات وەک گەشەپێدانی توانای مرۆڤ لە پێناو خۆی. ئەم توانایە درکی پێ دەکرێت، مارکس پێی وابوو، تەنیا بە هۆی ئەزموونی کرێکاری داهێنەر، کار پێکەوە دەکەن لەگەڵ ئەوانی تر بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانمان. بە پێی ئەم بۆچوونە، ڕۆبنسن کرۆسۆ، گەورەترین پێوەری سەربەستی نێگەتیڤی هەیە چونکە هیچ کەسی تر لە سەر دوورگەکەی نییە لێی بپێچێتەوە یاخۆ کۆنترۆڵی بکات، ڕۆبنسن کرۆسۆ تاکێکی دوورەپەرێز و سەربەست نییە چونکە بێ بەشە لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە لە ڕێگەیەوە مرۆڤ جێبەجێکردن بە دەست دێنێت. ئەم بیرۆکەیەی سەربەستی بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە لە چەمکی "دوورەپەرێزی" مارکس. لە ژێر سەرمایەداریدا، کرێکار کەم دەکرێتەوە تا ئاستی تەنیا خزمەتکار، کۆنترۆڵ کراوە لە لایەن هێزەکانی بازاڕەوە. بە بۆچوونی مارکس، کرێکارەکانی سەرمایەداری لە دوورەپەرێزی دەناڵێنن، واتە جودا کراونەتەوە لە سروشتە جەوهەری و ڕاستەقینەکەی: دوور خراونەتەوە لە بەرهەمهێنانی کرێکارەکانی، دوورخراونەتەوە لە پرۆسەی خودی کرێکار، دوورخراونەتەوە لە مرۆڤەکانی تر، هەروەها لە کۆتاییدا دوور خراونەتەوە لە خودی ڕاستەقینەی خۆیان. بۆیە سەربەستی بەندە بە جێبەجێکردنی کەسی کە تەنیا نادوورە پەرێزی دروستی دەکات.

بەڵام، هیچ لینکێکی پێویست نییە لەنێوان مەفهومی سەربەستی پۆزەتیڤ و بەرپرسیاریەتییە فراوانەکانی دەوڵەت. بە هەقیقەت، ئەم فۆرمەی سەربەستی بە تەواوی یەک دەگرێتەوە لەگەڵ هەندێ فۆرمی سەربەستی نێگەتیڤ: نەبوونی کۆنترۆڵی دەرەکی ڕەنگە مەرجێکی پێویست بێت بۆ بەدەستهێنانی خود ناسینەوە. بۆ نموونە، لە کەیسی فەوزەوییەتدا، بانگەشەی هەڵوەشاندنەوەی هەموو فۆرمەکانی دەسەڵاتی سیاسی باسی سەربەستی دەکات بە زاراوەی نێگەتیڤ، بگرە ئەو باوەڕەی کە هاوکاری و هەرەوزی کۆمەڵایەتی سیفەتێکی پۆزەتیڤ دەبەخشێت. بە



بۆچوونی مارکس، کرێکاری نادوورەپەرێز بوونی دەبێت تەنیا لە کۆمەڵگەیەکی بێ چین و کۆمەنیست کە تیایدا دەوڵەت وشک بووە. یاوەرانی سەربەستی نێگەتیڤ، لەگەڵ ئەوەشدا، بە توندی ئەمە و مەفهومەکانی سەربەستی پۆزەتیڤ ڕەت دەکەنەوە. بە هۆی سەپاندنی شێوازێکی سروشتی مرۆڤ لە سەر تاک، لەم کەیسەدا، ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و هاوکاری، ئەم جۆرە ئایدیانە ڕێگە بە خەڵک نادەن بە دوای جێبەجێکردن بگەڕێن هەرچییەکی خۆیان پێیان خۆش بێت.

دوا مەفهومی سەربەستی پۆزەتیڤ ئایدیەی ئازادی دەبەستێتەوە بە بیرۆکەی ئۆتۆنۆمی کەسی و دیموکراسی. ئەمە بە ڕوونی لە نووسینەکانی ڕۆسۆدا ڕەنگ دەداتەوە، کە لە "گرێبەندی کۆمەڵایەتی، ١٧٦٢، ١٩٦٩" وەسفی ئازادی دەکات وەک گوێڕایەڵی بۆ یاسایەک یەکێک بۆ یەکێکی تر". بە بۆچوونی ڕۆسۆ، سەربەستی واتە چارەی خۆ نووسین، تاوانی کۆنترۆڵکردنی و دروستکردنی چارەنووسی یەکێک. بە واتایەکی دیکە، هاوڵاتیان تەنیا ئەو کاتە ئازادن کە ڕاستەوخۆ و بە بەردەوامی بەشداری بکات لە دروستکردنی ژیانی کۆمەڵگەکەیان. ئەمە جەوهەری ئەو شتەیە کە بەرلین ناوی لێ دەنێت سەربەستی پۆزەتیڤ و بۆی دەگەڕێتەوە وەک "ئازادی گەلە دێرینەکان". بەڵام، هەردووکیان مشتومڕی ئەوەیان کرد کە ئەم مەفهومەی سەربەستییە هەڕەشەیەکی جددیە بۆ سەربەخۆیی کەسی و ئازادی مەدەنی لە هەستێکی مۆدێرن تەنانەت نێگەتیڤیش، هەرچەندە هەندێ تیۆریستە کۆمارییەکان هەوڵی هاوسەنگکردنی بانگەشەکانی سەربەستی نێگەتیڤ دژی ئەوانەی سەربەستی پۆزەتیڤ دەدەن. بە بۆچوونی ڕۆسۆ، دواجار سەربەستی مانای گوێڕایەڵییە بۆ ویستی گشتی، لە کردەدا، چاکەی گشتی کۆمەڵگە. بە پێی ئەو دیدەش، ڕۆسۆ پێی وابوو کە ویستی گشتی دەبێ ویستێکی ڕاستەقینەی هەر هاوڵاتییەکی تاک بێت، بە پێچەوانەی ویستی تایبەتی یان خۆویستیان. بە هۆی گوێڕایەڵی ویستی گشتی، هاوڵاتیان شتێک ناکەن زیاتر لە گوێڕایەڵبوونی سروشتە ڕاستەقینەکەیان. بۆیە دوای ئەوە دەکەوێت کە ئەوانەی ڕەتی گوێڕایەڵی ویستی گشتی دەکەنەوە، بە هەمان شێوە نکوڵی لە ویستی ڕاستەقینەش دەکەن، دەبێ بە ناچاری ئەوە بکەن بە هۆی کۆمەڵگەوە، بە ڕای ڕۆسۆ ئەمانە دەبێ بە زۆری ئازاد بکرێن. بۆیە ڕۆسۆ جیاوازی

کرد لە نێوان خودی بەرز و نزم، هەروەها سەربەستی ناساند بە ئازادی ئەخلاقی یا غەریزی: سەربەستییەک لە کۆنترۆڵە ناوەکییەکان وەک پشتگوێ خستن و خۆویستی و چڵێسی و تا دوایی.

هەمان شێوەی سەربەستی لەو ئایدیە ئاینییە بەدی دەکرێت کە "سەربەستی کامڵ" واتە ویستی خوا جێبەجێ بکەیت، ملکەچی سروشتی ئەخلاقیمان بین، نەک وابەستە بین بە سۆز و ئارەزووە نائەخلاقییەکان. بەڵام، ئەم جۆرە مەفهومەی سەربەستی ڕەنگە یەک بگرێتەوە لەگەڵ پێشێلکردنی ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی بە ئازادی سیاسی دادەنرێت. گەر هاوڵاتیان ناچار بکرێن ئازاد بن، هیچی تر ناتوانن لە خودی خۆیان دڵنیا بن کە سەربەستن یان نا. مەترسی هەر بیرۆکەیەکی سەربەستی بەرزتر یا غەریزی ئەوەیە کە پێناسەی سەربەستی دەخاتە ژێر دەستی ئەوانی تر. یەکێک لە مانیفێستۆکانی ئەم مەفهومەی سەربەستی لە تیۆری فاشیستدا بەدی دەکرێت، تیایدا کۆمەڵ" بە کۆمەڵێکی ئۆرگانی شاراوە" وەسف دەکرێت، بەرژەوەندییەکانی لە لایەن سەرکردەیەکی بە هێز دروست کراوە. لەم جۆرە بارودۆخانەدا، سەربەستی ڕاستەقینە مانای ملکەچبوونی ڕەهایە بۆ ویستی سەرکردە.

## لێبوردن Tolerance

مشتومڕ دەربارەی جیهانی واقیعی سەربەستی تاک زۆرجار دەوەستێتە سەر ئایدیەی لێبوردەیی. تا چ ڕادەیەک ئێمە دەبێ لە کارەکانی دراوسێکانمان ببوورین، گەر نەبوورین، ئایا ڕێگەمان پێ دراوە کۆنترۆڵی کار و بیرکردنەوە و قسەیان بکەین؟ بە هەمان شێوە، ئایا دەبێ کۆمەڵگە لەگەڵ چ جۆرە ڕەفتار و بیروڕا و باوەڕێک هەڵ بکات؟ لێبوردەیی میسالیەتێکی ئەخلاقی و بنەمایەکی کۆمەڵایەتییە. لە لایەک، لێبوردەیی نوێنەرایەتی ئامانجی ئۆتۆنۆمی کەسی دەکات، بەڵام لە لایەکی ترەوە کۆمەڵێک یاسا دادەنێت دەربارەی ئەوەی چۆن مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر تێکەڵ بن. بەڵام، لە هیچ حاڵەتێکیاندا لێبوردەیی مانای ئەوە نییە ڕێگە بە خەڵکی بدەیت هەرچییەکی پێیان خۆش بێت ئەنجامی بدەن. لێبوردەیی بنەمایەکی ئاڵۆزە، کە



واتاکەی زۆرجار تێکەڵ دەکرێت لەگەڵ لێخۆش بوون و گوێ پێ نەدان. بەڵام، وەک سەربەستی، بەهای لێبوردەیی بە بەخشین وەردەگیرێت، بە شتێکی باش دادەنرێت. ئایا کەیسی لێبوردەیی چییە، ئایا چ سوود و قازانجێک بۆ کۆمەڵگە یا تاک پێش دەهێنێت؟ لەگەڵ ئەوەشدا، لێبوردەیی بە دەگمەن بە میسالیەتێکی ڕەها دادەنرێت: هەندێ جار دەبێ هێلێک بکێشرێت لە نێوان کردارەکان و بۆچوونەکان کە پەسەندن و ئەوانەشی کە لێبوردنیان مەحاڵە. ئایا سنوورەکانی لێبوردەیی چییە؟ ئاخۆ دەبێ ئەو هێڵە لە کوێ بکێشرێت؟

## لێبوردن و ڕێگەپێدان Tolerance and permissiveness

لە زمانی ڕۆژانەدا، لێبوردەیی، سیفەتی لێبوردن، زۆرجار وا دەزانرێت بە واتای ئامادەیی دێت بۆ "جێهێشتن بە تەنیا" یاخۆ "لێگەڕێ با بژی"، کەمێکیش ڕەنگدانەوەی هەیە لە سەر ئەو پاڵنەرانەی کە لە پاڵ ئەو جۆرە هەڵوێستە هەن. بە هەقیقەت، بەپێی ئەم بۆچوونە، لێبوردەیی واتە کاریگەری و چالاکی، واتە ڕەتکردنەوەی دەست تێوەردان لە شتێک. بەڵام، لێبوردەیی دەگەڕێتەوە بۆ فۆرمێکی تایبەتی کاریگەری و چالاکی، دەوەستێتە سەر هۆکاری ئەخلاقی و کۆمەڵێک هەلومەرجی تایبەتی. بە تایبەتی، لێبوردەیی دەبێ لە ڕێگەپێدان و گوێ پێ نەدانی کوێرانە و خۆ تێهەڵقورتان جیا بکرێتەوە. بۆ نموونە، کاتێ دایک و باوکێک ڕفتارە بەدەکانی منالەکانیان پشت گوێ دەخەن، یاخۆ کاتێ یەکێک بە لای دزێکەوە تێپەڕ دەبێت و نایگرێت، ئەمانە مانای لێبوردەیی نییە.

ڕێگەپێدان دەگەڕێتەوە بۆ بۆچوونێکی کۆمەڵایەتی تیایدا ڕێگە بە خەڵکی دەدرێت کار بکات بە باشترین ڕێگە کە خۆی پێی باشە. ڕێگە پێدان واتە واز لێهێنان، لەو سۆنگەوەش کارێکی بێ لایەنە چونکە هیچ حوکمێک نەکراوە دەربارەی ئەو ڕەفتارەی پرسیاری لە سەرە. بۆ نموونە، ڕێگە بدەیت بە وتارێک بخوێندرێتەوە، یان ڕێگە بە کۆبوونەوەیەک بدەیت بکرێت یان خۆپیشاندانێک ڕووبدات، نە مانای ڕەزامەندییە و نە مانای ڕەتکردنەوەیە لە سەر ئەو شتەی کە دەوترێت ئەنجام بدرێت، واتە وتارەکە و کۆبوونەوەکە و خۆپیشاندانەکەش نە باشن نە خراپ. هەڵوێستێکی

ڕێگەپێدان سەرچاوەی گرتووە لە یەک دوو تەوەر. یەکەم بریتییە لە باوەڕبوون بە ڕێژەیی ئەخلاقی، ئەو ئایدیەی کە هیچ بەها و پێوەرێکی ڕەها نییە، ئەوە دەگەیەنێت کە ئەخلاق پرسێکە پێوەندی بە حوکمی کەسی هەر مرۆڤێکەوە هەیە و بە کەسی ترەوە نییە. بە پێی ئەم بۆچوونەش، بۆ نموونە، سێکسی نێرینەیی (پیاو لەگەڵ پیاو) دەکرێ لە ڕووی ئەخلاقییەوە بە ڕاست دابنرێت چونکە ڕەفتارێکە لە لایەن خودی کەسەکەوە دەکرێت. بەڵام، هەڵوێستی بەدیلی ئەوەیە کە بوارە فراوانەکانی ژیان وەک گوێ پێ نەدان وەسف دەکات. لەم حاڵەتەشدا، بۆچوونی ڕێگە پێدان بۆ سێکسی نێرینەیی ڕەنگە ڕەنگدانەوەی ئەو باوەڕە بێت کە هیچ شتێک نییە لە ڕووی ئەخلاقەوە هەڵە بێت، واتە مەسەلەکە دەربارەی ئەوە نییە کە چ حوکمێکی ئەخلاقی دەدرێت.

زۆرجار پێشنیازی ئەوە کراوە کە ئەخلاقی کۆمەڵایەتی ساڵانی شەستەکان بە ڕێگە پێدان ناسراوە. ئەمە ڕوون و ئاشکرا بوو لە گۆڕانی بۆچوونەکان بەرەو فۆرمی جۆراوجۆری ڕەفتار، لە سێکسی پێش زەواج و سێکسی نێرینەیی تا دەگاتە بەکارهێنانی مادە بێ هۆشکەرەکان. لە زۆر حاڵەتدا، دەمەتەقێ لە سەر خاوبوونەوەی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان و کۆدە ئەخلاقییەکان بە ڕوونی ڕێ پێ دراو بوون. بۆ نموونە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سێکسی پیاو لەگەڵ پیاو gay و ئافرەت لەگەڵ ئافرەت lesbian باسی ئەوە دەکەن کە حەزی سێکسی تاکێک مەسەلەیەکە تەنیا پێوەندی بە ئیختیاری کەسیەوە هەیە، نێربازی و مێ بازی یەکسانن لە ڕووی ئەخلاقەوە. کولتووری گەنج لەو ماوەیەدا داوای ئەوەی دەکرد کە مەسەلەی جل و بەرگ و ڕواڵەت و ئەخلاقی تایبەتی دەبێ تەنیا بۆ تاک جێ بهێڵرێت بە هۆی ڕەت کردنەوەی پەسەندکردنی دەسەڵاتی دامەزراندنی بنەمای ئاینی و ئەخلاقییەکان، دەتوانین بڵێین ئەخلاقی ڕێگە پێدان جۆرێک لە ئەخلاقێکی فەوزەوی دروست کردووە. بەڵام، تەنیا فەوزەوییەکان سوورن لە سەر ئەوەی پشتگیری لە ڕێگە پێدان بکەن چونکە تەنیا ئەوانن ئامادەن هەموو بڕیارە ئەخلاقییەکان لە ژێر دەستی خودی تاک جێ بهێڵن. بە ڕای فەوزەوییەکان، ڕێگە پێدان نوێنەرایەتی میسالیەتێکی کەسی و ئۆتۆنۆمییەکی ئەخلاقی دەکات. هزرمەندانی تر بەم شێوەیە ئامادە نین پشتگیری ڕێگە پێدان بکەن بە پێوەندی لەگەڵ ئەو ڕەفتارەی کە بە شێوەیەکی گشتی کار لە



خەڵکی تر یا کۆمەڵگە دەکات. تیۆریستە پارێزکارەکان دەترسن لەوەی کە ئەخلاقی فەوزەوی تاکەکان بێ بەش بکات لە ڕێبەری ئەخلاقی و کۆمەڵگە جێ بهێڵێت بە بێ بەردی بناغەی باوەڕە ئەخلاقییە گشتییەکان.

بە پێچەوانەوە، لێبوردەیی زیاتر بەند کراوە بە نەریتی لیبرال، هەرچەندە پشتگیری دەکرێت لە لایەن سۆشیالیستەکان و هەندێ لە پارێزکارەکان. لێبوردەیی بە ڕێگە پێدان دەچێت لەو سۆنگەیەی کە ڕەتکردنەوەیەک بێت بۆ دەست تێوەردان و کۆنتڕۆڵکردن و پشکنینی کاروباری کەسانی دیکە. بەڵام، لە ڕێگە پێدان جیاوازە لەو سۆنگەیەی کە ئەم گوێ پێ نەدانە وجوودی هەیە سەرەڕای ئەو واقیعەی کە ڕەفتار و باوەڕەکان ڕەت دەکرێنەوە، یان بە سادەیی نەخوازراون. بە واتایەکی دیکە، لێبوردەیی لە ڕووی ئەخلاقەوە بێ لایەن نییە، ڕەنگدانەوەی گوێ پێ نەدانی ئەخلاقی یا ڕێژەی ئەخلاقی نییە. لەو دیدەوەش، لێبوردەیی بریتییە لە فۆرمێکی ئارام و خۆگری forbearance، بوونی هەیە کاتێ توانایەکی ڕوون هەیە بۆ سەپاندنی بۆچوونی یەکێک بە سەر یەکێکی تردا بەڵام ڕەتکردنەوەیەکی بە ئەنقەستە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە. ڕێ کردن لەگەڵ ئەوەی کە ناتوانرێت بگۆڕدرێت مانای لێبوردەیی نییە. بۆ نموونە، گەر بڵێین کۆیلە لە گەورەکەی خۆی دەبوورێت کە کردوویەتی بە کۆیلەی خۆی ئەمە قسەیەکی قۆڕە چونکە ئەوەی هەڵبژاردووە کە یاخی نەبێت نەک لە گەورەکەی بووراوە. بە هەمان شێوە، گەر مێردێک هەمیشە ژنەکەی بچەوسێنێتەوە و تێی هەڵدات و ژنەکەش هەر لە لای بمێنێتەوە ئەوە مانای ئەوە نییە ژنەکە لە ڕەفتاری مێردەکەی بوردووە.

هەرچەندە لێبوردەیی واتە ئارامی و خۆگری، ڕەتکردنەوەی سەپاندنی ویستی یەکێک بە سەر یەکێکی تر، مانای ئەوە نییە کە لێبوردەیی بریتییە لە دەست تێوەرنەدان. ئەو واقیعەی کە حوکمی ئەخلاقی دەرفەتی کراوە دروست دەکات بۆ کاریگەری بە سەر ئەوانی ترەوە، تەنیا لە فۆرمی قایلکردنی ئەقڵانیدا بەدی دەکرێت. بۆ نموونە، جیاوازییەک هەیە لە نێوان ڕێگە بە یەکێک بدەیت جگەرە بکێشێت و لە جگەر کێشانیشی ببووریت. لە حاڵەتی دواتر (لێبووردنی کێشانی جگەرە)، ئەو واقیعەی کە جگەرە کێشان ڕەت دەکرێتەوە یان کارێکی نەخوازراوە، ڕەنگە تۆمار

بکرێت، هەروەها ئەو هەوڵەی دەدرێت بۆ قایلکردنی کەسێک واز لە جگەرە کێشان بهێنێت. بەڵام لێبوردەیی داوای ئەوە دەکات کە فۆرمەکانی قایلکردن persuasion، پێوودانگن بۆ مشتومڕ و دەمەتەقێی ئەقڵانی، بۆیە هەندێ فۆرمی نرخ و سزادان کۆنترۆڵ دەکرێت. بۆ نموونە، زۆر زەحمەتە مشتومڕی ئەوە بکەیت کە جگەرە کێشان لێی دەبووردرێت تەنانەت گەر ببێتە هۆی لە دەستدانی هاوڕێیەتی و وێرانکردنی پیشەش، یان گەر تەنیا ڕوودات لە ناوچەیەکی دیاریکراودا. بە هەقیقەت، ئەمانە نموونەی باشترن لە سەر ئەو ڕەفتارانەی لێیان نابووردرێت.

لێنەبووردن intolerance واتە ڕەتکردنەوەی پەسەندکدنی کار و بیروڕا یا باوەڕەکانی کەسانی دیکە. هەر تەنیا ناڕەزامەندییەکی ئەخلاقی و نەخوازراوێکی سادە نییە، بگرە چەند جۆرێک هەوڵیش لە ئارادان بۆ سەپاندنی کۆنترۆڵ بە سەر ئەوانی ترەوە. زاراوەی لێنەبووردن د ەرەنجامی نێگتیڤیشی لێ دەکەوێتەوە. لە کاتێکدا لێبووردن (سیفەتی بووران لەوانی تر) هەمیشە بە هێمن و تەنانەت پڕشنگدار ناسراوە، کەسێکی لێبوردە ئارام و لەسەرخۆیە و لە کەسانی تر خۆش دەبێت و کەسێکی فەلسەفییە، لێنەبووردن بریتییە لە ناڕەزاییەکی بێ هۆ و بێ سەلماندن بەرامبەر بە بۆچوون و کارەکانی یەکێکی تر، نزیکتر دەبێتەوە لە دەمارگیری و سەرکوتکردن. لێنەبووردن واتە ناڕەزاییەک بۆ ئەو شتەی کە دەبوایە لێی ببووردرێت. بۆیە ئەو یاسایانەی کە جیاکاری دژی خەڵک دەکەن لە سەر حیسابی ڕەگەز و ڕەنگ و ئاین و گێندەر یا حەزە سێکسیەکان، ئەوا بە یاسای لێنەبوردن وەسف دەکرێن. سیستەمی جیاکاری ڕەگەزی کە لە ئەفریقیای باشوور سەری هەڵدا نموونەیەکی ڕوون و ئاشکرایە لە سەر لێنەبووردنی ڕەگەزی. هەروەها سەپاندنی جۆری جلوبەرگ بە سەر ئافرەتان و دوورخستنەوەیان لە ژیانی پیشەیی و گشتی لە وڵاتە ئیسلامییە فەندەمێنتاڵەکان دەکرێ بە لێنەبووردنی سێکسی وەسف بکرێت. لە لایەکی دیکەوە، تێڕوانینێکی تر هەیە کە گوایە لێبووردن بێهێزی یا نەبوونی بوێری ئەخلاقی دەگرێتەوە. گەر شتێک هەڵە بێت، بێگومان دەبێ بوەستێنرێت. ئەم لایەنەی لێبووردن بە زاراوەی "لێنەبووراو" intolerable وەسف دەکرێت، واتە شتێک هیچی تر پەسەند ناکرێت، بە هەقیقەت هیچی تر ناتوانرێت پەسەند بکرێت. هیچ بنەمایەک نییە بۆ



لێبووردنی ئەو شتەی کە لێی نابووردرێت. لە گەڵێ بارودۆخدا، لەوانەیە لێنەبووردن تەنیا کارێکی بەرگریکەر بێت، یان ڕەنگە ئەرکێکی ئەخلاقی بێت.

## هەلومەرجی لێبووردن

لێبوردەیی یەکێکە لە بەها جەوهەرییەکانی کولتووری ڕۆژئاوایی و ڕەنگە بەهایەکی ناسراویش بێت. بە هەقیقەت، بە شێوەیەکی گشتی وا باوە کە پێشڤەچوونی کۆمەڵایەتی و مرۆیی دەبەسترێتەوە بە پێشکەوتنی لێبوردەیی، بۆیە لێنەبوردن جۆرێکە لە هەنگاو نان بەرەو دواوە. بۆ نموونە، زۆر مشتومڕی ئەوە دەکرێت کە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان پێوودانگیان نەهێشتووە لە سەر پەرستنە ئاینییەکان، وایان کردووە ئافرەت ڕۆڵی کۆمەڵایەتی هەبێت، هەروەها هەوڵی ئەوە دەدەن دژی جیاکاری ڕەگەزی و چەوسانەوە بوەستن، لە بەر هەندێ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پێشکەوتوون. هەرکە کەش و هەوای لێبووردن بڵاو دەبێتەوە لە ژیانی ئاینییەوە بۆ ژیانی ئەخلاقی و سیاسی، ئەوا جیهانی ئەو شتەی فراوان کردووە کە پێی دەوترێت ئازادی تاک individual liberty. ئازادییە مەدەنییە بەهادارەکان، کە پشتگیری سیستەمە سیاسییە دیموکرات لیبرالەکان و ئازادی ڕا دەربڕین، کۆمەڵ بوون و پەرستنی ئاینی و تا دوایی، هەموو ئەمانە لە واقیعدا شتە مسۆگەرەکانی لێبوردنن. وێڕای ئەمەش، هەرچەندە لەوانەیە دەمارگیری و ستەماکاری مەحاڵ بێت، چونکە یاسا هەمیشە بەکارهێنراوە بۆ بڵاوکردنەوەی لێبووردن نەک کۆنترۆڵکردنی، لە حاڵەتی قەدەغە کردنی جیاکاری بە پێی یاسا لە سەر بنەمای ڕەگەز و گێندەر و ئاین و حەزە سێکسییەکان. بەڵام ئەوەی کە ئەمە نایخاتە ڕوو، ئەوەیە کە بۆچی لێبوردەیی لە پێش هەموو شتێکی تر زۆر حیسابی بۆ دەکرێت.

حاڵەتی لێبوردەیی یەکەم جار لە کاتی پرۆسەی چاکسازی سەدەی شازدە و حەڤدە سەری هەڵدا، ئەو کاتەی کە سەرهەڵدانی تایفە پرۆتێستانتییەکان بەرەنگاری دەسەڵاتی پاپا و کەنیسەی کاسۆلیکی بوونەوە. بانگەشەکردن بۆ مەزهەبێکی نوێ و ڕادیکاڵی ڕزگاریخوازی تاک، پرۆتێستانیزم نەریتێکی بەهێزی ئاینی دروست کرد، لە کارەکانی نووسەرانی وەک جۆن میلتن (١٦٠٨–٧٤) و جۆن لۆک ڕەنگ دەداتەوە.

له "نامەیەک دەربارەی لێبوردەیی، ١٦٨٩– ١٩٦٣چاپ و بڵاو کراوەتەوە"، لۆک پەرەی بە چەند مشتومڕێک دا لە پێناو لێبوردەیی. بۆ نموونە، پێشنیازی ئەوەی کرد کە ئەرکی دیاری دەوڵەت پاراستنی ژیان و ئازادی و خۆشییە، هیچ مافێکی نییە دەست بخاتە نێو کاروباری خەڵکەوە. بەڵام، قسەی سەرەکی لۆک پشتڕاست بوو بە باوەڕبوون بە ئەقڵیەتی مرۆڤ. "ڕاستی" تەنیا لە ئەنجامی پێشبڕکێیەکی ئازاد پەیدا دەبێت لە نێو ئەو ئایدیە و باوەڕانەی کە دەبێ جێ بهێڵرێن بۆ گۆڕانی ڕاستی. ڕاستی ئاینی بەدی دەکرێت تەنیا ئەو کاتەی تاک بۆ خۆی بیەوێت ڕاستییەکە بزانێت، ئەو ڕاستییە فێرە کەس ناکرێت، نابێش لە لایەن حکوومەتیشەوە بسەپێنرێت. بە هەقیقەت، لۆک ئاماژەی بەوە دا کە تەنانەت گەر بتوانرێت ڕاستییە ئاینییەکان بزانرێن، نابێ بە هیچ شێوەیەک بە سەر بێ باوەڕان بسەپێنرێت چونکە دوا جار باوەڕی ئاینی مەسەلەیەکی ئیمانی شەخسییە.

مشتومڕی لۆک دووپاتی حاڵەتێک دەکاتەوە بۆ تایبەتمەندیەتیش، کە بە فراوانی پەسەندکراوە لە دیموکراسییە لیبراڵەکان بە هۆیەوە جیاوازی لە نێوان ژیانی گشتی و تایبەتی بە کارێکی گرینگ دادەنرێت. لێبوردەیی دەبێ بۆ هەموو مەسەلەکان فراوان بکرێت کە بە تایبەتی دادەنرێن لە سەر بنچینەی ئەوەی کە، وەک ئاین، دەکەونە نێو جیهانی ئیمانی شەخسی نەک ڕاستی ئاشکراکراو. بۆیە زۆر کەس هەن مشتومڕی ئەوە دەکەن کە مەسەلەکان دەبێ بۆ تاک جێ بهێڵرێن بۆ بڕیاردان چونکە هیچ حکوومەتێک لەو ئاستە نییە پێناسەی "ڕاستی" بکات، هەروەها تەنانەت هیچ مافێکی نییە بۆ سەپاندنی ڕاستییەکە بە سەر هاوڵاتیاندا. بەڵام، لە کاروبارە گشتییەکاندا، کە بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە یەکسانە، حاڵەتێکی ڕوون هەیە بۆ سنووردار کردنی لێبوردەیی. بۆ نموونە، لۆک ئامادە نەبوو بنەمای لێبوردەیی فراوان بکات بۆ کاسۆلیکە ڕۆمەکان، کە بە بۆچوونی ئەو، هەڕەشەیەکی گەورە بوون بۆ سەروەری نەتەوەیی چونکە دڵسۆز و وەفایان بەخشی بە پاپایەکی بێگانە.

بەناوبانگترین بەرگری لە لێبوردەیی کراوە لە سەدەی نۆزدە لە لایەن جۆن ستوارت میڵ لە کتێبەکەی بە ناوی (لە سەر ئازادی، ١٩٧٢،١٨٥٩). بە ڕای میڵ، لێبوردەیی گرینگییەکی بنەڕەتی هەبوو بۆ تاک و بۆ کۆمەڵگەش. لە کاتێکدا لۆک گەیشتە





ئەنجامی کەیسێکی جیاکراوە بۆ خودی لێبوردەیی، میڵ لێبوردەیی بە ڕووێکی ئازادی تاک وەسف کرد. لە نێو جەرگەی کەیسەکەی میڵ بۆ لێبوردەیی باوەڕێک هەیە بە تاک وەک بریکاری ئۆتۆنۆمی، تاکەکان ئازادن لە پیادەکردنی سەروەری کۆنترۆڵ بە سەر ژیانی خۆیان و بارودۆخەکانیان. بە بۆچوونی ئەو، ئۆتۆنۆمی مەرجێکی جەوهەرییە بۆ هەر فۆرمێکی کەسی یا گەشەیەکی ئەخلاقی. بۆیە دوای ئەوە دەکەوێت کە لێنەبوردن دەتوانێت تەنیا تاک گەندەڵ بکات لە ڕێڕەوی لا بدات. لە بەر هەندێ میڵ ترسی هەبوو لەو مامەڵەیەی لەگەڵ ئۆتۆنۆمی دەکرا لە ڕێگەی بڵاوبوونەوەی دیموکراسی و ستەمکاری داوونەریت. گەورەترین هەڕەشە بۆ ئازادی تاک لەو پێوودانگە نییە دەسەپێنرێت بە هۆی یاسا فەرمییەکان بگرە لە کاریگەری بیروڕا هەیە لە تەمەنی زۆرینەدا. میڵ لەوە دەترسا کە بڵاوبوونەوەی ژێری نەریتی پەرە بە پابەند بوون دەدات و هانی تاک دەدات هەڵە ئەقڵانییەکانیان ملکەچی سەرکوتکردنە میللییەکانی تەمەن بکەن. لە ئەنجامدا، ستایشی لایەنە باشەکانی تاکگەرایی و تەنانەت سەروو نۆرماڵیشی کرد eccentricity.

بە بۆچوونی میڵ، لێبوردەیی هەر تەنیا گرینگ نییە بۆ تاک بگرە مەرجێکی سەرەکیشە بۆ سازان و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی. لێبوردەیی پشتگیرییەکی پێویست دابین دەکات بۆ هەر کۆمەڵگەیەکی هاوسەنگ و تەندروست. سەبارەت بە لیبراڵەکانی تر، میڵ بەشداری تیۆرێکی ئەزمونگەر دەکات لە سەر مەعریفە، کە پێشنیازی ئەوە دەکات "ڕاستی" لە ئەنجامی مشتومڕ و دەمەتەقێ و تاوتوێی بەردەوام پەیدا نابێت. گەر کۆمەڵگە بیەوێت پێش بکەوێت، ئایدیە باشەکان دەبێ جێگای خراپەکان بگرنەوە، دەبێ ڕاستی شوێنی جیهانی چەوت و هەڵە بگرێتەوە. ئەمە باشەی فرە لایەنی سیاسی و کولتوورییە: دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە هەموو تیۆرەکان لە پێشبڕکێیەکی ئازاد تاقی دەکرێنەوە دژی ئایدیە و مەزهەبە ڕکابەرەکان. وێڕای ئەمەش، ئەم پرۆسەیە دەبێ چڕ بکرێتەوە و بەردەوام بێت چونکە هیچ ڕاستییەکی ڕەها ناتوانێت بۆ هەمیشە بوونی هەبێت. تەنانەت هەڵبژاردنە دیموکراسییەکانیش هیچ ئالیەتێکی باوەڕپێکراو دابین ناکەن بۆ دامەزراندنی ڕاستی چونکە، هەروەک میڵ دەڵێت، ڕەنگە زۆرینە هەڵە بن. گەشەی ڕۆشنبیری و تەندروستی ئەخلاقی

کۆمەڵگە داوای پاراستنی بەردەوامی لێبوردەیی دەکات. میل باسی ئەوەی کرد و سوور بوو لە سەر ئەوەی کە گەر تەواوی کۆمەڵگە هەمان بیروڕایان هەبێت و تاکە کەسێکیش بە تەنیا بیروڕایەکی جیاوازی هەبێت، هیچ مافێکیان نییە بۆچوونەکانیان بسەپێنن بە سەر ئەو تاکە کەسە و ئەویش مافی نییە بۆچوونەکانی خۆی بسەپێنێت بەسەر کۆمەڵگە.

### جۆن لۆک (١٦٣٢-١٧٠٤)

فەیلەسووف و سیاسەتزانێکی ئینگلیزییە. لە سەمەرسێت لە دایک بووە. لە زانکۆی ئۆکسفۆرد لە کۆلێژی پزیشکی خوێندووە پێش ئەوەی ببێتە سکرتێری ئەنتۆنی ئاشلی کووپەر. بۆچوونە سیاسییەکانی پەرەی پێ درا لە دژی باکگراوندی شۆڕشی ئینگلیزی.

لۆک دوژمنێکی گەورەی ڕەهاگەری absolutism بوو و زۆرجار بە فەیلەسووفی شۆڕشی مەزنی ساڵی ١٦٨٨ وەسف دەکرێت، کە سیستەمێکی پاشایەتی دەستووری لە ئینگلتەرا دامەزراند. بە هزرمەندی سەرەکی لیبرالیزمی پێشوو دادەنرێت. دوو پەیمانەکەی لە سەر حکوومەتی مەدەنی (١٦٩٠) تیۆری گرێبەندی کۆمەڵایەتی بەکار هێنا بۆ جەختکردنە سەر گرینگی مافە سروشتییەکان، کە بە مافی ژیان و ئازادی و موڵک دادەنرێن. مادام مەبەستی حکوومەت پاراستنی ئەو مافانەیە، حکوومەت دەبێ سنووردار و نوێنەر بێت، بەڵام، پێی وابوو کە مافە موڵکدارییەکان ڕێگەی لێ گرتووە پشتگیری لە یەکسانی سیاسی و دیموکراسی بکات لە مانا مۆدێرنەکەیدا. نامەکەی دەربارەی لێبوردەیی (١٦٨٩) بەرگری لە سەربەستی هۆشمەندی ئاینی دەکات لە سەر بنچینەی ئەو یاسایانەی هەمیشە بە شکن لە واتای ڕاستی ئاین، بەڵام ڕێگەی بەوە دا کە دەکرێ ئاین کۆنترۆڵ بکرێت گەر هەڕەشەی لە سیتسەم کرد، ئەمەش واتە گەر بووە هۆی فراوان نەکردنی لێبوردەیی بۆ مولحیدەکان یا کاسۆلیکە ڕۆمەکان.

## سنوورەکانی لێبوردن

هەرچەندە بە شێوەیەکی گشتی لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا بە سیفەتێکی ڕۆشنکەر ناسراوە، لێبوردەیی بە دەگمەن بە باشەیەکی ڕەها دادەنرێت. لێبوردەیی دەبێ سنووردار بکرێت چونکە گەر وا نەبێت سنوور دەبەزێنێت. ئەمە زۆر ڕوونە بە



پێوەندی لەگەڵ ئەو کارانەی کە دەبنە هۆی تێکدان و وێرانکردن. بۆ نموونە، کەس پاڵپشتی ئەو کارانە ناکات، بە پێی قسەکانی میل، و لێشیان نابوورێت گەر ئازاری ئەوانی تر بدەن. بەڵام، ئەوەی خەڵک باوەڕی پێیە و دەیڵێن و لە بارەیەوە دەینووسن، پرسیاری قورستر قووت دەکاتەوە. تەوەرێکی مشتومڕەکە، پەیوەستە بە نەریتە لیبرالەکان، پێشنیازی ئەوە دەکات کە ئەوەی خەڵک بیری لێ دەکاتەوە و ئەو وشانەشی بەکاری دەهێنن تەواوی کار و گرفتی خۆیانە. بەڵام ئەو وشانەی کەبە هیچ شێوەیەک ئازاریان نەبێت. دەست خستنە نێو ئازادی هۆشمەندی و ئازادی دەربڕین واتە پێشێلکردنی ئۆتۆنۆمی کەسی. لە لایەکی دیکەوە، دەشێ مشتومڕی ئەوە بکرێت کە تاک و کۆمەڵگە ڕەنگە مەترسی ئەوەیان لێ بکرێت کە سەرنەکەون لە سنووردانان لە بەردەم ئەوەی خەڵک دەیڵێت و باوەڕی پێیەتی. بۆ نموونە، خودی لێبوردەیی ڕەنگە پێویستی بە پاراستن هەبێت لە ئایدیە و بۆچوونە نالێبوردەییەکان. سەرەڕای ئەوەش، شتێکی ئاساییە کە وشەکان خۆیان ڕەنگە ئازاردەر بن، ڕەنگە ڕاڕاییەک دروست بکەن یان ئاگادار کەرەوەی ئازارێک بن، یاخۆ لە ڕووی ئەوەی کە ڕەنگە فۆرمی دوژمنکارانە و وێرانکردنی ڕەفتار وەربگرن.

لێبوردنی سیاسی بە مەرجێکی جەوهەری دادەنرێت بۆ ئازادی و دیموکراسی. فرە لایەنی سیاسی، دەربڕینی بێ سنووری هەموو فەلسەفە سیاسییەکان، ئایدیۆلۆژی و بەهاکان دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە تاکەکان دەتوانن بۆچوونەکانیان پێش بخەن لە نێو بازاڕێکی ئازادی ئایدییەکاندا، هەروەها دووپاتی ئەوەش دەکاتەوە کە حیزبە سیاسییەکان پێشبڕکێ دەکەن بۆ هێز لە سەر ئاستی مەیدانیدا. بەڵام، ئایا دەبێ لێبوردن فراوان بکرێت بۆ نالێبوردن؟ ئایا دەبێ ئەو حیزبانەی کە فرە لایەنی سیاسی ڕەت دەکەنەوە و ئەگەر بۆ دەسەڵاتیش هەڵبژێردرێن حیزبەکانی تر قەدەغە دەکەن و مشتومڕی کراوە سەرکوت دەکەن، ڕێگەیان پێ بدرێت کار بکەن بە شێوەیەکی یاسایی؟ بنەمای قەدەغەکردنی ئەم حیزبانە بێگومان ئەوەیە کە لێبوردن تۆماتیکی بە کەس نابەخشرێت، بگرە دەبێ بە دەست بهێنرێت. لەو ڕوانگەوەش، هەموو بەها ئەخلاقییەکان دوو لایەنن: تەنیا لێبوردە شایەنی لێبوردنە، تەنیا ئەو حیزبە سیاسییانەی کە پەسەندی یاساکانی گەمەی دیموکراسی دەکەن مافی

بەشداریکردنیان هەیە. مەترسی سەرنەکەوتنی تەقدیرکردنی ئەم خاڵە بە تەواوی دووپات کرایەوە بە هۆی نموونەی وەک هیتلەر و نازییە ئەڵمانەکان. کۆماری وایمەر، لە ساڵی ١٩١٨ دروست کرا، ئەڵمانیای بونیات نایەوە لە سەر بنچینەی دیموکرات لیبرال، کۆمارەکە سیستەمێکی هەڵبژاردنی ڕێژەیی ئاشنا کرد و ڕێگەی بە پێشبڕکێی بێ سنووری سیاسی دا. سەرەڕای ڕووخانی میونیخ پەچ Munich putch ساڵی ١٩٢٣، کە سیفەتی دژە دەستووری نازییەکانی خستە ڕوو، هەر زوو هیتلەر توانی جارێکی تر وەسفی خۆی بکات وەک سیاسییەکی بەڕێز و دیموکرات. بەڵام، ئەم ڕووکەشییە لە چەند هەفتەی یەکەمی دەسەڵاتی هیتلەر لە ساڵی ١٩٣٣دا خرایە ڕوو، هەر زوو دەستی کرد بە قەدەغەکردنی حیزبەکانی تر، هەڵبژاردنەکانی پاوان کرد و لە ئەنجامدا تاکە حیزبێکی باڵای نازی دیکتاتۆری دروست کرد. بە پێچەوانەوە، کۆماری فیدراڵی ئەڵمانیا، پاشی جەنگ لە دایک بوو، هەنگاوی گرتە بەر بۆ پاراستنی خۆی لە لێبوردنی سنوور بەزێن، دەسەڵاتی گرتە دەست بۆ قەدەغە کردنی حیزبەکانی دژە دەستوور و بێ بەشکردنی حیزبەکان و کەمتر لە سەدا پێنجی پشتگیری نوێنەرایەتییان پێ درابوو لە بەندێستاگ.

لە لایەکی دیکەوە، قەدەغەکردنی حیزبە سیاسییەکان یاخۆ سەرکوتکردنی دەربڕینی بۆچوونە سیاسییەکان، تەنانەت لە بەرگری لێبوردن، ڕەنگە بەشداری بکات لە خودی نەخۆشییەکە. لێنەبوردن بە ناوی لێبوردن زۆر لێڵ و مەحاڵە. پێش هەموو شتێ، هەر جۆرە لێنەبوردنێکی سیاسی دەبێتە هۆی ترس و گومان و ڕاڕایی. بۆ نموونە، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا لە ساڵانی پەنجاکان، سیناتۆر جۆزیف ماکارسی لیژنەیەکی پێک هێنا بە ناوی (لیژنەی چالاکییەکانی غەیرە ئەمریکییەکان) بە مەبەستی بنبڕکردنی کۆمەنیستەکان، کە دڵسۆزییە سیاسییەکانی بۆ مۆسکۆ نەک واشینگتۆن، کە بنەماکانی مارکس لینین وای لێ کردن بەرەو حوکمێکی تاکە حیزبی شێوازی سۆڤیەتی بچن. بەڵام، پێناسەی ئەو شتەی پێی دەوترێت "غەیرە ئەمریکی" فراوان کرا بۆ گرتنە خۆی سۆشیالیستە دیموکراتەکان و لیبراڵە چەپەکان و هەموو جۆرەکانی پێشکەوتنخوازەکان. هەروەها ماکارسی هاتە سەر جۆری لێنەبوردنی سیاسی کە دروست کرابوو بۆ جەنگ. لە کردەدا،



پێناسەکردنی زاراوەکانی وەک توندڕەوەکان، نادیموکراسییەکان و دژە دەستوور و تا دوایی، زۆر زەحمەتە. وێڕای ئەمەش، زۆرجار مشتومڕی ئەوە دەکرێت کە قەدەغەکردنی حیزبەکان بۆ دەربڕینی دەمارگیرەکان و بۆچوونە هەڕەشەکار و بێزارکەرەکان کەمێک ڕووبەڕوو بوونەوەیان دەکرێت، بەڵام بە هۆی لێخوڕینی بۆ خوارەوە، ڕەنگە یارمەتیان بدات بۆ ئەوەی بەهێزتر گەشە بکەن. ناتوانرێت شەڕ لە دژی لێنەبوردن بکرێت بە هۆی لێنەبوردنەوە، باشترین ڕێگە بۆ چارەسەرکردنی بریتییە لە دەرخستنی ڕەخنە و لایەنە دۆڕاوەکانی. لە نێو جەرگەی ئەم جۆرە مشتومڕەدا دڵسۆزی دەخاتە ژێر دەستی هێزی ئەقڵی مرۆڤ: گەر پێشبڕکێکە عادل بێت، ئایدیە باشەکان خراپەکان وەدەر دەنێن. بەڵام، کێشەکە ئەوەیە، هەروەک لە مێژووی ئەڵمانیای وایمەر باس کراوە، کە لە کاتەکانی تەنگژە ئابوورییەکان و ناسەقامگیری سیاسی ئایدیا خراپەکان دەتوانن خاوەنی هێزێکی ئەوتۆ بن.

پرسی هاوڵاتیبوون پرسیاری هاوشێوە دروست دەکات دەربارەی سنوورەکانی لێبوردن. هەڵوێستی لیبراڵە نەریتییەکان ئەوەیە کە ئەوەی کەسێک سەیری دەکات و دەیخوێنێتەوە، هەروەها چۆن کەسێک ژیانی کەسی خۆی و پێوەندییە سێکسییەکانی ئەنجام دەدات، بە تەواوی مەسەلەی ئیختیاری تاکە. هیچ ئازارێک بە کەس نەگەیەنراوە، تەنانەت بە کۆمەڵگەش نەگەیەنراوە. بەڵام، ئەوانی تر پێیان وایە کە لێبوردن شتێک زیاتر نییە لە مافی ڕێگەپێدان بەوەی کە چ هەڵەیە. ناڕەزایی نائەخلاقی بە هیچ شێوەیەک شەڕ لەگەڵ خراپەکان ناکات. بۆ نموونە، ئەم بۆچوونە لە ساڵانی هەشتاکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا پەرەی پێ درا لە لایەن گرووپەکانی وەک زۆرینەی ئەخلاقی و بە هۆی گەشەی ژمارەی ڕەخنەگرە نیوپارێزکارەکاندا، کە هۆشداری ئەوەیان دا ئەو کۆمەڵگەیەی پێکەوە نەبەستراوەتەوە بە هۆی کولتوورێکی گشتی و باوەڕی هاوبەشەوە دووچاری بۆگەن بوون و لێکترازان دەبێتەوە. بەڵام، ئەم هەڵوێستە دەوەستێتە سەر ئەو لێکدانەوەی کە سیستەمێکی ئەخلاقی دەسەڵاتگەری هەیە، عادەتەن مەسیحییەتی فەندەمێتاڵیست، کە توانای جیا کردنەوەی هەیە لە نێوان ڕاست و چەوت. لە نەبوونی پێناسەیەکی ناڕازی بوونی شەڕانگێز، کۆمەڵگە لە هیچ هەڵوێستێک نییە بۆ ڕزگارکردنی تاکەکان

لە گەندەڵە ئەخلاقییەکاندا. لە کۆمەڵگە فرە کولتوور و ئاینییەکاندا گومان هەیە لەوەی کە هەر کۆمەڵە بەهایەک دەتوانرێت بە دەسەڵاتگەرێک دابنرێت. پێناسەکردنی چەند بەهایەک وەک بەهای دامەزراو و نەریت و زۆرینە ڕەنگە هەوڵێک بێت بۆ سەپاندنی سیستەمی ئەخلاقی تایبەتی لە سەر تەواوی کۆمەڵگە.

هەندێ جار بنەمایەکی تایبەتی بۆ هاوڵاتیبوون پێشنیاز دەکرێت لە بیرۆکەی جارِس کردندا. بۆ نموونە، وەسف و وێنەی سێکس و توندوتیژی لە نێو ئەدەبدا، هەندێ جار تەلەفیزیۆن و سینەما بە مێشک تێکدەر و ئاژاوەچی دادەنرێن لەو ڕوانگەیەی کە پێوەرە تووڕە و پیسە پەسەند کراوە ئەخلاقییەکان دەوروژێنێت. بەڵام، "کاروباری ڕوشدی" گرینگییەکی تایبەتی جارِسی ئاینی دووپات دەکاتەوە، پرسیاری قووت کردەوە کە تێگەیشتنی نەریتی لێبوردن لە ناو دەبات. لە ساڵی ١٩٨٩دا سەرکردەی ئاینی ئێران، ئایەتوڵا خومەینی فەتوای لە سێدارەدانی نووسەری بەریتانی سەلمان ڕوشدی دا لە بەر بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی بە ناوی "دێرە شەیتانییەکان" satanic verses. لە تێڕوانینی لیبراڵە نەریتییەکانەوە، ئەم کردارە پێشێلکردنی مافەکانی ڕوشدیە وەک تاکە کەسێک و هەروەها پێشێلکردنی بنەمای لێبوردنە. ڕەخنەگرتن لە ئایدیە ئاینییەکان بەرگریکەر نییە بگرە سەپاندنی بۆچوونە ئاینییەکانە بە سەر ئەوانی تردا.

بەڵام، هەرچەندە لیبراڵەکان بە توندی باوەڕیان بەوەیە کە قەدەغەکردنی کتابێک، وتارێک یا ئایدیەک لە سەر بنچینەی ئەوەی کە هەڵەیە و پەسەند نەکراوە، لەگەڵ ئەوەشدا نابێ بێ هەست بن بەرامبەر ئەو سەرپێچییەی کراوە. بۆ نموونە، کەمێک گومان لەم هەستە هەیە کە بە دەر لە ناوەڕۆکەکانی، کتێبەکە لەلایەن گەلێ موسڵمانانی جیهاندا بە هەڕەشەیەک بۆ سەر ڕێز و کولتووری ئیسلامدا دەزانن. لە ئەنجامدا، هەندێ پێشنیازیان کردووە کە کاتێ سەرپێچییەک دەچێتە ناوەڕاستی ناسنامەی کۆمەڵگە، ئەوا ڕەنگە بناغەیەک دابین بکات بۆ سنووردارکردنی لێبوردن. بێگومان، لە هەمان کاتدا چ شتێکە ئیسلامە ئوسوڵییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن بۆ سەرپێچی کردن دژی فەندەمێنتاڵیترین بنەمای کولتووری ڕۆژئاوا. ئەوەی ئەو ململانێیە دووپاتی دەکاتەوە، یەک نەگرتنەوەی بنەمای لیبراڵ دیموکراتی لێبوردنە



لەگەڵ هەر فۆرمێکی فەندەمێنتاڵیزمی ئاینی.

دوا مشتومڕ لە بەرژەوەندی سانسۆر دەوەستێتە سەر ئەو باوەڕەی خەڵک دەیخوێنێتەوە و گوێ بیست دەبێت و بیر دەکاتەوە بۆ دروستکردنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی. بۆ نموونە، لە حاڵەتی ڕووتەمەنیدا pornography، هاوپەیمانییەکی نەخوازراو ساختە کراوە لە نێوان گرووپە فێمنیستییەکان بایەخ بە توندوتیژ دەدەن دژی ئافرەتان، هەروەها نیوپارێزکارەکان کە پشتگیری ئەو شتە دەکەن کە پێی دەڵێن "پیوریتانیزمی نوێ". هەردوو گرووپ پێیان وایە کە وەسفی بێ بنەما و سووکی ئافرەتان لە ڕۆژنامەکان و لە سەر تەلەفیزیۆن و لە نێو سینەمادا بووەتە هۆی زۆربوونی ژمارەی دەستدرێژی سێکسی و تاوانەکانی تری دژی ئافرەتان. ئەم لینکە لە نێوان دەربڕینی بۆچوونەکان و ڕفتارە کۆمەڵایەتییەکان دەمێکە پەسەند کراون لە حاڵەتی ڕەگەزپەرستیدا. وروژاندنی ڕقی ڕەگەزپەرستی بە نایاسایی دروست کراوە لە بەریتانایا و گەلێ وڵاتی دیموکراسی لیبراڵ لە سەر بنەمای ئەوەی کە هانی بە لایەنی کەم هێرشە ڕەگەزپەرستییەکاندا شەرعی دەکات و کەش و هەوایەکی ڕاستەقینەی قینە لە نێو کۆمەڵگە کەمینەکان دروست دەکات. بەڵام، بە پێچەوانەی ئەدەبی ڕەگەزپەرستی کە ڕەنگە بە کراوەیی بانگەشەی هێرشەکان بکات بۆ سەر گرووپە کەمینەکان، لینکە نێوان وەسفی ئافرەتان لە نێو میدیا، لە ڕێکلامەکان لە ڕێگەی کولتووری میللییەوە، هەروەها ڕەفتارە تاوانییەکان و هەڕەشەکارەکانی پیاوان، زۆر زەحمەتە ئەو لینەک دامەزرێت. پرۆسەکانی حاڵەتی دواتر مەترسیدارتر و بێ ئاگاترن، وەها بە ئاسانی ناشێن بۆ ئەزموونی لێکۆڵینەوە.

## ئازادی Liberation

لەوەتەی ساڵانی شەستەکان، زاراوەی "ئازادی" زۆر بەکار دەهێنرێت بۆ وەسفکردنی بزووتنەوە سیاسییەکان و ئامانجەکانیان کە کۆششی بۆ دەکەن. شەڕی دژی ژێردەستەیی لە جیهانی پیشکەوتوودا زۆرجار وەک خەباتێک بۆ ئازادی نەتەوەیی وەسف دەکرێت. بزووتنەوەی فێمنیستی لە دایک بووەوە وەک بزووتنەوەی ئازادی، هەروەها ئامانجی ئازادی سێکسی لە باوەش دەگرێت. قەشە ڕادیکاڵییەکان لە

ئەمریکای لاتین نایەکسانی کۆمەڵایەتی و چەوساندنەوەی سیاسی ئیدانە دەکەن، ئازادی ئاینییان لە باوەش دەگرن. یەکەم جار، ئازادی تەنیا بریتی بوو لە هاو واتای سەربەستی، وێڕای ئەمەش یەکێک ئازاد بێت واتە یەکێک سەربەست بێت یا ڕا بکات. بەڵام، زاراوەکە زۆر زیاترە لەوەی تەنیا دروشمێک بێت. فۆرمێکی تایبەتی ئازادی سیاسی و شێوازێکی جیاکراوەی بزووتنەوەی سیاسی دیاری دەکات. ئازادی هەر تەنیا لابردنی کۆنترۆڵەکان نییە لە سەر تاک یان تەنانەت پێشخستنی گەشەی تاک، بگرە دوورخستنەوەی تاکە لە هەموو شێوازەکانی چەوسانەوە. ئازادی شتێک کەمتر نییە لە دابڕانی مێژوویی لەگەڵ ڕابردوو: ڕابردوو واتە چەوسێنەر و ناسەربەستی، بەڵام داهاتوو واتە تێرکردنی مرۆڤ لە هەموو ڕووێکەوە. زاراوەی ئازادی دەگەڕێتەوە بۆ نەتەوەیەکی چەوساوە و گرووپی تایفی و گێندەر یان کیانێکی کۆمەڵگە، تێڕوانینێک دەبەخشێت بە ژیانی مرۆڤ وەک کیانێکی قایلکەر و جێبەجێکردنی ویستەکان.

هەرچەندە بزووتنەوە ئازادیخوازەکان، ئەگەری ڕزگاری یەکجارەکی لە ژێر دەستی سیستەمی قۆزتنەوەی گشتگیر ڕادەگەیەنن، بە پێشکەوتنی مۆدێرن دادەنرێن، ڕەگ و ڕیشەی ئەم ئایدیە سەرچاوەی گرتووە لە نەریتێکی کۆنتری هەزارەی سیاسی. لە ڕووی فەرهەنگییەوە ئەمە مانای باوەڕبوونە بە هەزارە، دامەزراندنی لە سەر باوەڕی شانشینی بۆ ماوەی هەزارساڵ. بزووتنەوە هەزارەییەکان، وەک Diggersی شەڕی ناوخۆی ئینگلیز و shakers and Mormos لە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سەدەی نۆزدە، زۆر جار باوەڕی سیاسی و بەها سیاسییەکانیان و مەزهەبە ئاینییەکانیان بەکار بردووە و پشتگیرییان لێ کردوون. بە واتایەکی دیکە، وێڵبوون بە دوای دامەزراندنی سیستەمێکی نوێی ژیان. بۆ نموونە، لە ژێر سەرۆکایەتی گیرارد وینستانلی diggers دایگەرز نەک هەر تەنیا مشتومڕی لابردنی ئیمتیازی پیاوانی ئاینییان دەکرد بگرە مشتومڕی جۆرە دڕدۆنگەکەی کۆمەنیزمیشیان دەکرد. هەرچەندە بزووتنەوە ئازادیە مۆدێرنەکان، ڕەنگە باوەڕە هەزارەییەکان لە باوەش نەگرن، جگە لە سیستەمی ئازادی ئاینی کە بە کراوەیی پشتگیری مەزهەبە ئاینییەکان دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا شێوازێکی ئەخلاقی سیاسەت پیادە دەکەن، بوونی کۆمەڵگە ڕەت دەکرێتەوە چونکە



لە بنەڕەتدا گەندەڵە، هەروەها داهاتوویێکی یوتۆپیایی بە پەرۆشەوە پێشنیاز دەکرێت. لە بەر هەندێ گەلێ لە پارێزکارەکان و هەندێ لیبرالەکان پۆزەتیڤانە دەڕواننە ئازادییە سیاسییەکان، پێیان وایە کە بنەمای ئەقڵانی سەربەستی تاک دەگۆڕێت بۆ مەزهەبێکی نیمچە ئەفسانەیی.

## ئازادی نەتەوەیی National liberation

بزووتنەوە ناشنالیستەکان لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە وجوودیان هەیە. لە ڕووی نەریتییەوە، ئامانجی ناشنالیزم دامەزراندنی نەتەوەیەکە مافی چارەی خۆنووسینی هەبێت، یان ئەوەتا لە ڕێگەی یەکگرتن یا بە هۆی لابردنی حوکمی بێگانە ئەم نەتەوەیە بە دەست دەهێنرێت. ئامانجی ئازادی نەتەوەیی بنەچەیەکی مۆدێرنتری هەیە و ڕەنگدانەوەی سەرهەڵدانی شێوازێکی نوێ و ڕادیکاڵتری سیاسەتی ناشنالیست بوو لە لایەن بەرەکانی ئازادی لە باوەش گیراو گرێ درا بە ئایدییەکانی دژە ژێردەستەیی anticolonialism. بۆ نموونە، لە ساڵی ١٩٥٤دا، لە ژێر سەرکردایەتی ئەحمەد بن بیلا، بەرەیەکی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی جەزائیر دامەزرا لە پێناو خەبات و شەڕ دژی فەرەنسییەکان. بەرەیەکی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی ڤێتنام لە ساڵی ١٩٦٠ دامەزرا لە لایەن گرووپەکانی دژی، بە پلە یەک، حوکمی فەرەنسی و دواتریش دژی دەستێوەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. هەروەها لە ساڵی ١٩٦٤دا ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەڵەستین PLO دامەزرا، ڕێکخراوێکی چەتری بوو دەستی کرد بە هەڵمەت گێڕان دژی ئیسرائیل بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی فەڵەستینی عەلمانی. بە هۆی پێداگرتن لە سەر ئامانجی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی ئەم گرووپانە خۆیان پێگەیاند دوور لە فۆرمە نەریتییەکانی ناشنالیزم، کە بیر تەسک و چاو لە ڕابردوو بوون، هەروەها ناشنالیزمی ئازادی بوون کە هەڵمەتیان دەگێڕا بۆ ئامانجە سنووردارەکانی سەربەخۆیی و یەکگرتنی نەتەوەیی. بە پێچەوانەوە، ئازادی نەتەوەیی ئامانجە ناشنالیستی و سۆشیالیستەکانی تێکەڵ بە یەکتر کرد: ئازادی هەر تەنیا بۆ سەربەخۆیی خەباتی نەکرد بگرە بۆ ڕزگاری ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتیش. بە هەقیقەت، ئامانجی ئازادی نەتەوەیی ناشنالیزمی بردە ئەودیو ڕەوشە سیاسییە

نەریتییەکەی، پێکهێنانی نەتەوە دەوڵەت، لە ڕێگە پشتگیری کردنی بیرۆکەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و نوێبوونەوەی کولتووری و تەنانەت بووژانەوەی دەروونیش.

بزووتنەوە ڕزگاریخوازە نەتەوەییـیەکان چەند فۆرمێکی تایبەتی سۆشیالیزمی شۆڕشگێڕی گرتە خۆ، بە تایبەتی مارکسیزم. لە ڕووکەشدا، ناشنالیزم و مارکسیزم گەلێ خاڵی هاوبەشیان نییە جگە لە وەی کە دوژمنەکانیان یەکە. بۆ نموونە، مارکسیزم پشتگیری فۆرمێکی ئینتەرناشنالیزم دەکات، ناشنالیزم بە لقێک دەزانێت لە خەباتی چینایەتی، گەر بە فۆرمێکی ئایدیۆلۆژی بۆرژوازی دانەنێت. لەگەڵ ئەوەشدا، مارکسیزم داواکارییەکی بەهێزی هەبوو لە جیهانی سێیەمدا، چونکە شرۆڤەی چەوساندنەوە و قۆستنەوەی کرد، ئەمەش یارمەتی واتای ئەزموونی ژێردەستەیی دا، هەروەها لەبەرئەوەی پشتگیری دیدی گۆڕانی کۆمەڵایەتی کرد لە بنەڕەتەوە. ئەو فۆرمەی مارکسیزم بەکاربرا بریتیی بوو لە فۆرمی مارکسیزم-لینینیزم، کە لە ڕووی تیۆری و کردەییـیەوە قسە و باسی هەڵگرت. لە ڕووی تیۆرییەوە، پابەندبوونی توندی لینین بە ڕێگای شۆڕشگێڕی بۆ سۆشیالیزم یەکی گرتەوە لەگەڵ باوەڕی گەلێ لە ناشنالیستەکانی جیهانی سێیەم کە داگیر کەر تەنیا بە هۆی ڕاپەڕینێکی توندتوتیژ وەدەر دەنرێت، واتە لە ڕێگەی خەباتی چەکدارانە. وێڕای ئەمەش، لینین یەکەم هزرمەندی مارکسی بووە بایەخی بە ڕەگە ئابوورییەکانی داگیرکەری داوە. لە کتێبەکەی بە ناوی "ئیمپریالیزم، بەرزترین قۆناغی سەرمایەدارییە، لە ١٩١٦ و ١٩٧٠ چاپ و بڵاو کراوەتەوە"، لینین وەسفی ئیمپریالیزم دەکات وەک فۆرمێکی قۆستنەوەی ئابووری لە ڕێگەیەوە وڵاتە سەرمایەدارییەکان سوود وەردەگرن بە بەردەوامی لە ڕێگەی ناردنە دەرەوەی سەرمایە بۆ وڵاتانی پێشکەوتوو و لە ڕێگەی بەدەستهێنانی سوود لە کرێکاری هەرزان (مووچە کەم) و کەرستەی خاو. لە ڕووی کردەییدا، بەکاربردنی بنەماکانی مارکسیزم-لینینیزم لە ساڵانی شەست و حەوتاکاندا لە لایەن پاڵنەری دارایی و پشتگیری سەربازی یەکیەتیی سۆڤیەتەوە هان درا. بۆیە ئازادی نەتەوەیی واتاکەی قووڵتر بوو لە چاو ئەوەی تەنیا لابردنی حوکمی داگیرکەر بێت: بەڵێنی دا کۆتایی بە هەموو فۆرمەکانی چەوساندنەوە بێنێت، فۆرمی چەوساندنەوەی ژێردەستەیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری،



بۆیە پشتگیری کرد لە دیدی ڕزگاریخوازی ئابووری و سیاسی.

ئایدیەی ئازادی نەتەوەیی ڕەهەندێکی کولتووری گرینگیشی هەیە. داگیرکەری چەوسێنەر زۆرجار لە ڕێگەی بیروباوەڕ و بەها کەلتورییەکانەوە کار دەکات وەک لە ڕێگەی کۆنترۆڵی سیاسی و هێزی سەربازی و ڕزگاری ئابووری. زۆر زەحمەتە ڕەگ و ڕیشەی داگیرکاری دیاری بکەیت، چونکە خۆماڵی کراوە، خەڵکی داگیرکراو بەوەیان زانی کە زۆر زەحمەتە بەرەنگاری بنەوە یاخۆ حوکمی داگیرکەر لابەرن چونکە مێشکیان شۆراوەتەوە بە هۆی کولتووری هەست بە کەمی کردن و ژێر دەستەیی و تۆقین. ئەم جۆرە شرۆڤەیە زۆر ڕوونە لە نێو بزووتنەوەی ئازادی ڕەش لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و شوێنەکانی تر. بۆ نموونە، ستۆکلی کامیکایل (١٩٦٨)، یەکێک بوو لە سەرکردەی هێزی ڕەشەکان لە ساڵانی شەستەکان، ڕایگەیاند کە لە ئەمریکا لە ڕێگەی جیهانی سێهەمەوە خەبات دەکات دژی (سیستەمێکی نێودەوڵەتی باڵای سپی لەگەڵ سەرمایەداری نێودەوڵەتی لێکی داوە". بەڵام، ڕەگی ئەم سیستەمە میکایل ناوی لێ نا " سەپاندنی کولتووری)"، پرۆسەیەک بوو لە ڕێگەیەوە وایان لە خەڵکی چەوساوە دەکرد کە چەوساندنەوەکەیان بە سروشتی و بێ بەرگری و ئاسایی بزانن. یەکەم هەنگاو بۆ یاخیبوون دژی ئەم چەوساندنەوە گشتگیرە ڕەتکردنەوەیەک بوو لە نێو ناخەوە، فۆرمێکی نوێکردنەوەی کولتوور بوو. لە ئەنجامدا، بزووتنەوەی ئازادی ڕەش زۆرجار جەختی دەکردە سەر پێویستی بەرزبوونەوە ئاستی هۆشیاری و دۆزینەوەی شکۆمەندی لە نێو ڕەشەکان یان ڕەگە ئەفریقییە کارییەکاندا. ئەم ئایدیانە وایان لە هزرمەند و چالاکیی سیاسی جامایکی مارکوس گارڤی کرد کەنیسەیەکی ئۆرتۆدۆکسی ئەفریقی دامەزرێنێت لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ڕەشەکان، هەروەها لە ساڵانی شەستەکان بووە هۆی گەشەی بزووتنەوەی موسڵمانە ڕەشەکان لە ژێر سەرکردایەتی مارکۆلم ئێکس.

ڕەهەندی ناخ یان دەروونی ئازادی نەتەوەیی لە لایەن فرانتز فاونون دووپات کراوەیە کە دەروونشیکارێک و شۆڕشگێڕێکی جەزائیری بوو. لە کتێبەکەی بە ناوی " the wretched of the earth"، 1962 ، بۆ ڕۆشنایی خەباتی ڕزگاریخوازی جەزائیر نووسی،

فانون ڕەخنەیەکی توندی گرت لە کاریگەری دەروونی داگیرکەر. بە بۆچوونی فانون، داگیرکاری کولتوورێکی چەوسانەوەیان دروست کردووە کە وا لە خەڵکی داگیرکراو دەکەن لە ڕووی سیاسییەوە بێ توانا و ناچالاک بن بە هیچ شێوەیەک یاخی نەبن. باسی ئەوەی دەکرد کە تاکە ڕێگە بۆ شکاندنی ئەو بێ توانایی و بێ دەسەڵاتییە بریتییە لە گێڕانەوەی ئەزموونی توندوتیژی: تەنیا بە هۆی کوشتن یا هێرشکردنی سەرۆکی داگیرکەر کۆیلەکان دەتوانن هەستی شکۆمەندی و هێز و مەبەست بۆ خۆیان بگێڕنەوە. بەم شێوەیە، دواجار ئازادی نەتەوەیی بانگەشەی پێویستی شۆڕشی ئەقڵ و دەروونی مرۆڤ دەکات.

## ئازادی سێکسی Sexual liberation

وەک بزووتنەوە ناشنالیستییەکان، بزووتنەوەی فێمنیستی یان ئافرەتان لە سەدەی نۆزدەدا سەری هەڵدا. لەو ماوەیەدا و لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا، ئەو بزووتنەوانە بایەخیان بە بەها ئازادییەکان و مافە یەکسانییەکان دەدا لەگەڵ ئامانجی ڕزگاری سیاسی، بە تایبەتی داواکاری بۆ مافی دەنگدانی ئافرەتان. ئەمە بە یەکەم شەپۆلی فێمنیزم دادەنرێت. بەڵام لە ساڵانی شەستەکان باڵێکی ڕادیکاڵتر و جەنگاوەرتری بزووتنەوەی فێمنیستی سەری هەڵدا، شێوازی بزووتنەوەی ئازادی ئافرەتانی بە خۆوە گرت. لە ڕوویێکەوە، ئایدیەی ئازادی ئافرەتان بەوە دەزانرا کە هەرکارێک ئافرەت دەیکات و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ئافرەت بەرەو پێش دەبات. بەڵام، لە هەمان کاتدا بەکارهێنانی زاراوەی ئازادی شرۆڤەیەی ڕادیکاڵتر و شۆڕشگێڕتری دیاری کرد لە سەر چەوساندنەوەی ئافرەتان و گەشەپێدانی شێوازێکی نوێی سیاسەت. ئەمە ئەو تیۆرە ڕادیکاڵیانەیە کە سیفەتێکی جیاکراوەی بەخشیوە بە فێمنیزمی مۆدێرن یان شەپۆلی دووەمی فێمنیزم.

فێمنیستە ڕادیکاڵییەکان جیاوازن لەوانەی پێش خۆیان لەو باوەڕەی کە ئافرەتان بە تەنیا بێ بەش نەبووینە بە هۆی نەبوونی مافەکان یان هەل و دەرفەتەکان، یان بە هۆی نایەکسانی ئابووری، بگرە بەرەنگاری دەکرێنەوە بە هۆی سیستەمێکی چەوساندنەوەی سێکسی کە تەواوی بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە: بواری سیاسی و



ئابووری و کۆمەڵایەتی و شەخسی و سێکسی. ئەم سیستەمە چەوسێنەرە زۆرجار بە باوکسالاری وەسف دەکرێت، لە ڕووی فەرهەنگییەوە واتە " حوکمی باوک"، بە زاڵبوونی پیاو و پەراوێز خستنی ئافرەت بە شێوەیەکی گشتی لە نێو کۆمەڵگە وەسف دەکرێت. بە بۆچوونی فێمنیستە ڕادیکاڵییەکان وەک کەیت میلێت، باوکسالار کۆنترۆڵێکی کۆمەڵایەتییە، لە هەموو کۆمەڵگەیە هاوچەرخ و مێژووییەکاندا بەدی دەکرێت. وێڕای ئەمەش، باوکسالاری فۆرمێکی هەرە گشتگیر و بنەڕەتی چەوساندنەوەی سیاسی و نایەکسانی گێندەرییە کە قووڵترە لە قۆستنەوەی چینەکان و جیاکاری ڕەگەزی و تا دوایی. بۆیە داواکردنی ئازادی ئافرەتان نەک هەر تەنیا پێویستی بە چاکسازی سیاسی هەیە بگرە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و کولتووری و کەسی پێویستە: لە ناو بردنی باوکسالاری.

فێمنیستە ڕادیکاڵییەکان جەخت دەکەن سەر ئەو خاڵەی کە باوکسالاری ڕەگی داکوتاوە لە پرۆسەی زاڵبوونی کولتووری. لە کتێبەکەی بە ناوی PATRIARCHAL IN ATTITUDE، ١٩٧٠و ١٩٨٧ چاپ و بڵاو کراوەتەوە، ئێڤە فیگس سەرنجی داوەتە زۆری بەهاکانی باوکسالاری و باوەڕەکان بە ئاین و ئەخلاق و فەلسەفە و کولتووری مۆدێرن. کتێبەکەی کەیت میلێت بە ناوی "سیاسەتە سێکسییەکان، ١٩٧٠ و ١٩٩٠ چاپ و بڵاو کراوەتەوە"، جەخت دەکاتە سەر سیفەتی سێکسی ئەدەبی مۆدێرن و شرۆڤەی پرۆسەی مەرج دانان دەکات لە ڕێگەیەوە کچ و کوڕ هەر لە سەرەتای تەمەنیانەوە هان دەدرێن ناسنامەی گێندەری خۆیان بە تایبەت بزانن و جیای بکەنەوە. بە بۆچوونی میلێت، زاڵبوونی نێر دووبارە بەرهەم دەهێنرێتەوە لە لایەن جیلی هەر خێزانێک، ناوی لێ دەنرێت " سەرۆکایەتی پەیمانگەی باوکسالاری"، کە بە شێوەیەکی سیستەماتیکی کوڕ ئامادە دەکات و هانی دەدات جڵەوی زاڵبوون بگرێتە دەست و کچیش ناچار دەکەن سەرکوتکردن و ژێر دەستەیی پەسەند بکات. لە بەر هەندێ فێمنیستە مۆدێرنەکان پێ دادەگرن لە سەر ئەوەی کە "شەخسی واتە سیاسی"، لە نێو جەرگەی ئەمە، ئامانجی ئازادی واتە دووبارە تاقیکردنەوەی ڕۆڵەکانی خێزانی نەریتی و دووبارە دابەشکردنەوەی بەرپرسیاریەتییەکانی منداڵ. بە ڕای هەندێ فێمنیستی ڕادیکاڵی، ڕەنگە داواکاری هەڵوەشانەوەی خێزان بکەن و هەوڵی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی گشتگیر بدەن. بەڵام، ئەم شۆڕشە نەک هەر تەنیا

هەوڵی وروژاندنی پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان دەدات بگرە دیدێک دەدات بۆ گەشەپێدانی شەخسی و لە سەرووی هەمووشیانەوە خواستە سێکسییەکان.

ئایدیەی ئازادی سێکسی لە نووسینەکانی سیگمۆند فرۆید زیاتر پەرەی پێ دراوە (فرۆید دەروونشیکاری نەمسایی و دامەزرێنەری قوتابخانەی دەروونشیکارییە (١٨٥٦–١٩٣٩). لە نێو نووسینەکانی تردا، سەرنج دراوەتە نووسینەکانی فرۆید چونکە جەخت دەکاتە سەر ڕۆڵی سێکس و ئەوەی خۆی ناوی لێنا "بنەڕەتی خۆشی". بە بۆچوونی ئەو، حەزی تێربوونی سێکسی بەهێزترین حەزی مرۆڤ لە چاو کارەکانی تری وەک کارکردن و وەرزش، هەروەها لێکۆڵینەوەی ڕۆشنبیری بووەتە ئەنجامی گۆڕینی ئاڕاستەی وزەی سێکسی. بە ڕای خودی فرۆید، گۆڕانی ئاڕاستە بریتییە لە بەردی بناغەی کۆمەڵگەیەکی شارستانی و ڕێک: بە بێ وزەی سێکسی مرۆڤ ناتوانێت حەزە سێکسەکانی تێر بکات، هەموو لایەنەکانی تر دەخاتە لایەکەوە. بەڵام، هزرمەندانی بەم دواییییە ئەنجامی ڕادیکاڵتر لە کاری فرۆید دەستەبەر دەکەن.

یەکێک لە یاوەرانی فرۆید، ویلهێلم ڕیچ (١٨٩٧–١٩٥٧)، زاراوەی سیاسەتی سێکسی داهێنا بۆ وەسفکردنی خەباتێک لەنێو کۆمەڵگە لە نێوان ئازادی و دەسەڵات. ڕیچ مشتومڕی ئەوەی دەکرد کە بە هۆی خراپی ئاڕاستەی وزەی سێکسی، بە بۆچوونی ئەو هێزی خودی ژیان، ئەو پێکهاتە دەسەڵاتگرانەی کە بە کۆمەڵگەی مۆدێرندا تێپەڕ دەبن بووەتە هۆی وێرانکردنی ئەقڵ و خەمباری کەسی. لە کتێبەکەی بە ناوی "THE FUNCTION OF ORGASM، ١٩٤٨و ١٩٧٣ چاپ و بڵاو کراوەتەوە، ڕیچ پاڵپشتی ئازادی بێ سنووری سێکسی دەکات، بەرەو ئەو کۆتاییییە چوو کە ئامێرێکی هەیە دەتوانێت هێزی سێکسی بە سەر یەکدا کەڵەکە بکات و لەوێوە مرۆڤ دەگاتە لووتکەی خۆشی، کە ناوی لێ نا "ئۆرگۆن" ORGONE. ئایدیەی ئازادی سێکسی زیاتر پەرەی پێ درا لە لایەن هێربەرت مارکۆز. کتێبەکەی مارکۆز بە ناوی "EROS AND CIVIISATION، ١٩٥٥و ١٩٦٩ چاپ و بڵاو کراوەتەوە، پەرەی بە هێرشێک دا لە سەر کۆمەڵگەی هاوچەرخ. مارکۆز، کۆمەڵگەی پیشەسازی مۆدێرن پێناسە دەکات بە "چەوسانەوەی سێکسی"، بە هۆی پێویستی سیستەمی کۆمەڵایەتییەوە دروست نەکراوە بگرە لە لایەن ئارەزووی سەرمایەداری بۆ هێزێکی کاری گوێڕایەڵ و کاریگەر. مارکۆز مشتومڕی ئەوەی کرد کە بنەمایەکی بایۆلۆژی هەیە بۆ سۆشیالیزم لە فۆرمی پێویستی بۆ ئازاد کردنی غەریزەی سێکس لە سەرمایەداری چەوسێنەر. دواجار، ئازادی سێکسی دووبارە داڕشتنی سێکسی تەواوی جەستە و ئەو دۆزینەوەیە دەخاتە ڕوو کە فرۆید ناوی لێ نا " قۆناغە سەختەکانی پێشکەوتن، POLYMORPHOUS PERVERSITY".

ئەو ئایدیانە کاریگەری ئەوتۆیان هەبووە لە سەر ئەو کەرتانەی بزووتنەوەی ئافرەتان کە باوکاسالاری بە سیستەمێکی گشتگیری سەرکوتکردن و چەوسانەوەی ئافرەتان ناو زەند دەکەن. بە واتایەکی دیکە، باوکسالاری هەر تەنیا ڕەنگدانەوەی ڕووخانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئافرەتان نییە بگرە ڕەنگدانەوەی چەوساندنەوەی سێکسی ئافرەتانیشە. لە کتێبەکەی بە ناوی "THE FEMALE EUNUCH، ١٩٧٠و ١٩٨٥ چاپ و بڵاو کراوەتەوە" گێرماین گریر پێشنیازی کرد کە زاڵبوونی نێر کاریگەرییەکی وێرانکەرانەی هەبووە لە سەر یەکسانی شەخسی ژیانی ئافرەتان. ئافرەت بە شێوەیەکی کاریگەر بە هۆی کولتووری ئەفسانەیی ناخی مێینەیی لە بار براوە، کە ئافرەتی بێ دەسەڵات و سەرکوت کردووە و کردوونیەتی بە مەخلوقی بێ سێکس. لە ئەنجامدا، ئازادی ئافرەتان بە دەست دەهێنرێت بە هۆی ڕزگارکردنی شەخسیەت و سێکسیان واتە یەکەم جار دەبێ تێر بکرێن وەک مرۆڤێکی چالاک و ئۆتۆنۆمی. هەمان ئایدیە پەرەی پێ دراوە لە لایەن بزووتنەوەی سێکسی پیاو لەگەڵ پیاوGAY "گێی" و ئافرەت لەگەڵ ئافرەت LESBIAN "لێزبیەن. بۆ نموونە، لێزبیەنە ڕادیکاڵییەکان هەندێ جار ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەوەی لە مێشکی ئەوانە بریتییە لە پێوەندییە ناتەواوە سێکسییەکان. مشتومڕی ئەوە دەکەن کە سێکس کردن لەگەڵ ڕەگەزی دژی ڕەگەزی خۆت (ئافرەت لەگەڵ پیاو) کارێکی چەوسێنەرانەیە چونکە دزەکردنی تۆو سیمبولێکی زاڵبوونی پیاوە. سروشتی سێکسی ئافرەت بووەتە سەرچاوەی دەمەتەقێ و شرۆڤە و لێکۆڵینەوە. بۆ نموونە، لە وتارەکەی بە ناوی "THE MYTH OF VAGINAL ORGASM، ١٩٧٣ چاپ و بڵاو کراوەتەوە"، ئان کۆدێت جەخت لە

سەر بیرۆکەکەی فرۆید دەکاتەوە کە ئافرەت تەنیا لە ڕێگەی سێکس لەگەڵ پیاودا دەگاتە لووتکەی ڕەحەت بوون، نەک تێرکردنی حەزی ئافرەت لە ڕێگەی سێکسی ئافرەت لەگەڵ ئافرەت.

## سیاسەتی ئازادی POLITICS OF LIBERATION

لە سالآنی شەستەکاندا، ئازادی داواکارییەک بوو نەک هەر تەنیا لە بری گرووپی تایبەتی و گەلانی داگیرکراو و ئافرەتان و گێی و لێزبیەنەکان داوا نەدەکرا بگرە لە بری تەواوی کۆمەڵگە داوا دەکرا. داواکاری بۆ ئازادی بە شێوەیەکی گشتی بۆ هەموو گرووپ و لایەنەکان بوو کە پۆلێن کرابوون وەک نیو لێفت NEW LEFT. هەرچەندە نیو لێفت یەکگرتنی ڕێکخراوەیی و تیۆری نەبوو، بزووتنەوەی وەک فێمنیزم و ژینگە گەرایی و چالاکیی قوتابیان و نارەزایی دژی شەڕی ڤێتنام، دەناسرایەوە بە ڕەتکردنەوەی بەدیلەکانی ئۆڵد لێفت "OLD LEFT". سۆشیالیزمی ولاتانی،شێوازی سۆڤیەت، ئەوروپای ڕۆژهەلات بە چەوسێنەر و دەسەلاتدار دادەنرێت، دیموکراسی کۆمەلایەتی ڕۆژئاوایی هەم تێروانین و هەم بنەماشی نەبوو. بە پێچەوانەوە، نیو لێفت شێوازێکی ڕادیکاڵی چالاکیی سیاسی بە کار برد کە ستایشی باشەکانی بەشداری تایبەتی و کرداری ڕاستەوخۆی دەکرد. سیفەتی شۆڕشگێڕی ئەم شێوازە نوێیە سیاسییە لە ڕووداوەکانی مانگی ٥ ی ساڵی ١٠٦٨ لە فەرەنسا ئاشکراتر بوو، یاخیبوونی مانگێک لە لایەن قوتابیان و کرێکارە گەنجەکاندا.

گەلێ لە نیو لێفت بە سیفەتی شۆڕشگێڕی هزری مارکسی سەرسام بوون، بەلام کۆششی خۆیان خستە گەڕ بۆ دووبارە دارشتنەوەی و وایان لێ کرد پەسەند کرا بۆ کۆمەڵگە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان کە ئاستێکی بەرزی مادیان بە دەست هێنابوو. لە کاتێکدا، مارکسە ئۆرتۆدۆکسییەکان ڕەخنەیەکی ئابووری سەرمایەداریان پێش خست، جەختیان کردە سەر گرینگی قۆستنەوە و نایەکسانی ئابووری و شەڕی چینایەتی، نیو لێفت کاریگەری تیۆری ڕەخنەیی و ئایدیا فەوزەوییەکانی لە سەر بوو، جەختیان لەو ڕێگایە کردەوە تیایدا سەرمایەداری





سیستەمێکی ئایدیۆلۆژی و زاڵبوونی کولتووری بەرهەم هێنا. بۆیە دوژمنەکە هیچی تر سیستەمی چینایەتی یا دەولەتێکی چەوسێنەر نەبوو بگرە خودی سیستەمەکە بوو، پرۆسەیەکی گشتگیری چەوساندنەوە کە لە ڕێگەی خێزان و سیستەمی پەروەردەیی و کولتووری نەریتی و کار و سیاسەت و تا دوایی کار دەکرد. لەم بارەشەوە، ئازادی سیاسی شتێک کەمتر نەبوو لە نەرێی بوونی کۆمەڵگە، شکاندنێکی ڕادیکاڵی یا وەک مارکۆز وەسفی کرد، بازدانێک بۆ جیهانی سەربەستی- پارچەبوونی یەکجارەکی. جارێکی دیکە، ئازادی پشتگیری دیدی کولتووری و شەخسی و شۆڕشی دەروونی دەکات نەک تەنیا گۆڕانی سیاسی، لە هەمان کاتدا وێنەی کۆمەڵگەیەکی دروست کرد کە پڕیەتی لە قایلبوونی جێبەجێکردنی کەسی.

هێربەرت مارکۆز کاریگەرترین هزرمەند بوو لە نێو بزووتنەوەی نیو لێفتدا NEW LEFT. مارکۆز هەر تەنیا برەوی بە ڕەخنەی بایۆلۆژی سەرمایەداری نەدا لە ڕووی چەوساندنەوەی سێکسی بگرە هەوڵی شیکردنەوەی ئەوەی دا چۆن کۆمەڵگە نەریتییەکان کاریگەرانە ڕەخنە و پرسیار کردنیان بە خۆوە بینی. لە کتێبەکەی بە ناوی IN ONE DIMENSIONAL MAN مارکۆز باسی ئەوە دەکات کە شارستانییەتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان سیفەتێکی تۆتالیتاریان هەیە. توانای سەرمایەداری پێشکەوتوو بۆ "پێشکەشکردنی باشەکان" لە ڕێگەی پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیاوە مرۆڤی کردووەتە بوونەوەرێکی بێ پرسیار و بیر نەکەرەوە، کۆمەڵگەیەکی بێ ئۆپۆزیسیۆنی دروست کردووە. بە ڕای مارکۆز، ئازادی مانای ئازادی بوو لە کۆیلایەتییەکی ڕاحەت"ی کۆمەڵگەیەکی دەولەمەندا، نەک لە ڕێگەی پاشەکشەیەک بۆ جۆرە جوانییەکی جیهانی نێو ناخ بگرە لە ڕێگەی ئاشکراکردنی پێداویستی و ویستە ڕاستەقینەکانی مرۆڤ. مارکۆز تانەی لە سەربەستییەکانی دیموکراتی لیبرالەکانیش دەدا کە لە نێو کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا هەبوو. بە بۆچوونی ئەو، ئازادی و مافەکانی تاکی کۆمەڵگە لیبرالەکان زۆر شانازی بە خۆیانەوە دەکەن کە شتێک زیاتر نییە لە لێبوردنێکی چەوسێنەر. بە هۆی بەخشینی ئینتیباعی ئیختیار و سەربەستی تاک بە بێ بەخشینی دیدێکی جێبەجێکردنی ڕاستەقینە بە مرۆڤ، کۆمەڵگە ڕۆئاواییەکان تەنیا فۆرمێکی بەرزەفڕی

چەوساندنەوە دروست دەکەن.

گەر کۆمەڵگەی نەریتی بە سیستەمێکی چەوسێنەر دابنرێت، ئازاد بوون لەو کۆمەڵگەیە پێویستی بە دروستکردنی کولتوورێکی نوێ و بەدیلی ژیانە، (کولتوورێکی دژ)ی کولتووری ئەو کۆمەڵگەیە. یەکێک لە خاسیەتە دیارەکانی نیو لێفت پشتگیری و پاڵپشتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانە کە لە بنەڕەتدا کۆمەڵگەی تەکنۆکراتی چەوسێنەر ڕەت دەکاتەوە. ئەمە ڕوون بوو لە سەرهەڵدانی فێمنیزمی ڕادیکاڵی و گەشەی ئیکۆلۆجیزم. بە هەمان شێوە، بایەخێکی زۆرتر بە بەها و کۆمەڵگە غەیرە ڕۆژئاواییەکان درا. لە هەندێ حاڵەتدا ئەمە گرێ درابوو بە پشتگیری بۆ خەباتەکانی ئازادی نەتەوەیی لە جیهانی پێشکەوتوودا، لە حاڵەتەکانی تردا، بووە هۆی بایەخدان بە ئەفسانەکانی ڕۆژئاوایی لە فۆرمی هیندۆیزم و بوزیەت و تۆیزم و زێندا. بە هەمان شێوە، بۆچوونێکی وا هەیە بۆ بەکار هێنانی مادە سڕکەرەکان بۆ فراوانکردنی هۆشمەندی، پشتگیری لێ کرا لە لایەن نووسەرانی وەک ئالدوس هەکسلی (١٨٩٤–١٩٣٦) و تیمۆسی لێری. لە چوارچێوەی کولتووری دژ لە ساڵانی شەستەکاندا ئەخلاقێکی ڕێپێ دراو حوکمی کرد، جیای دەکردەوە لە لێبوردنی لیبرال کە سەرکەوت بە سەر کۆمەڵگە نەریتییەکاندا. هەرچەندە ئەم بزووتنەوانە کۆمەڵایەتی و کولتووری و تەنانەت ئاینیش بوون، گەلێکیان لە نیو لێفتدا بە سیاسی لە قەڵەم دران، فۆرمێکی بەرگە گرتنیان دروست کرد بۆ شارستانییەتی چەوسێنەر. بەو شێوەیە، بۆچوونەکان و بزووتنەوەکانی کولتووری دژ بنەمای دابین کرد بۆ کۆمەڵگەی ئازادی داهاتوو.

هەروەک لەگەڵ فۆرمەکانی تری ئازادیدا، ئازادی سیاسی ڕەهەندێکی دەروونی گرینگی هەبوو. ئەمە زۆر بە ڕوونی باس کرا لە کاری دەروونشیکاری وەک ئار. دی. لێینگ (١٩٢٧–٨٩) و دەیڤد کووپەر، کە کارەکانیان شێوازی دژە دەروونشیکاری وەرگرت، لە ساڵانی شەستەکان و سەرەتای حەوتاکان زۆر کاریگەر بوون، بایەخیان بە بەرەنگاری تێگەیشتنی نەریتی نەخۆشییە ئەقڵییەکاندا دەدا. بە بۆچوونی ئەوان، کۆمەڵگە شێتە نەک تاک، واتە چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی و کەسی و سێکسی بووە شتێکی ئاسایی. ئەو خەڵکانەی بە نەخۆشی ئەقڵی دادەنران شێت نەبوون، بگرە ئەو



خەڵکانە خەباتیان دەکرد بۆ دەربڕینی ڕاستییەکان لە جیهانێکی شیەتیدا. لەو ڕوانگەوەش، دەروونشیکاری نەریتی (بایەخی بە چاککردنەوەی نەخۆشی ئەقڵی دەدا و نەخۆشی ئامادە دەکرد بگەڕێتەوە کۆمەڵگە نەریتییەکە) بە چەوسێنەرێکی پۆزەتیڤ دادەنرێت. بە بۆچوونی دژە دەروونشیکاری وەک دەیڤد کووپەر خێزان لە نێو جەرگەی ئەم سیستەمە چەوسێنەرەیە، بۆیە پابەندی و گوێڕایەڵی دەسەپێنێت بە سەر منالان، بۆیە ئامادەیان دەکەن بۆ داواکارییەکانی جیهانێکی شێتانە. لەم دیدەی دژە دەروونشیکاریدا، ئازادی واتە دامەزراندنی ئۆتۆنۆمی شەخسی، ئامانجێکە کە دەتوانرێت بە دەست بهێنرێت کاتێ خێزان (پێکەوە لەگەڵ دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگەی نەریتی) لە کۆتاییدا هەڵبوەشێنرێتەوە.

### تیۆری ڕەخنەیی

تیۆری ڕەخنەیی دەگەڕێتەوە بۆ قوتابخانەی فرانکفۆرت، پەیمانگەی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی کە لە فرانکفۆرت دامەزرا لە ساڵی ١٩٢٣، لە ساڵانی سییەکان لە ولایەتە یەکگرتووەکان سەری هەڵدایەوە، هەروەها لە سەرەتای ساڵانی پەنجاکان لە فرانکفۆرت دووبارە دامەزرایەوە. پەیمانگەکە لە ساڵی ١٩٦٩ هەڵوەشایەوە. دوو قۆناغ هەیە لە گەشەسەندنی تیۆری ڕەخنەیی. یەکەمیان پەیوەست بوو بەو تیۆریستانەی کە سەرکردایەتی کاری پەیمانگەکەیان دەکرد لە پێش جەنگ و سەرەتای ماوەی دوای جەنگ، بە تایبەتیش هۆرکهایمەر و ئادۆرنۆ و مارکۆز. قۆناغی دووەم دەست پێ دەکات لە کاری هابێرماس کە پشتیوانێکی سەرەکی تیۆری ڕەخنەیی بوو لە دوای جەنگ.

تیۆری ڕەخنەیی هەرگیز دەستەیەکی کارکردنی یەکگرتووی نەبووە. بەڵام، چەند بابەتێکی سەرەکی هزرمەندانی فرانکفۆرت وەک قوتابخانەیەک جیا دەکاتەوە. وەهمی بنەڕەتی ڕۆشنبیری و سیاسی بۆ تیۆری ڕەخنەیی مارکسیزم بوو. بەڵام تیۆریستە ڕەخنەییەکان لە لایەن ستالینیزمەوە کاریگەرتر بوو، ڕەخنەی لە بوارە زانستییەکان گرت و مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکسی گرت، هەروەها بێ وەهم مایەوە بە هۆی سەرنەکەوتنی ئەنجامە مارکسییەکان دەربارەی ڕووخانی سەرمایەداری. بۆیە هزرمەندانی فرانکفۆرت فۆرمێکی نیو مارکسیزمیان پەرە پێ دا کە جەختی زیاتر کردە سەر شرۆڤەی ئایدیۆلۆژی نەک لە سەر ئابووری و هیچی تر مامەڵە لەگەڵ چینی پرۆلیتار ناکەن وەک بریکاری شۆڕشگێڕی. هەروەها دیدەکانی مارکسیان بەهێز کرد بە ئایدییەکانی هزرمەندانی وەک کانت و هیگڵ و وێبەر و

فرۆید. تیۆری رەخنەیی دەناسرێتەوە بە هەوڵی فراوانکردنی بیرۆکەی رەخنەی هەموو پیادە کۆمەڵایەتییەکان بە هۆی گرێدانی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی بە فەلسەفە. بە ئەنجامدانی ئەم کارەش، تەنیا ناڕوانێتە ئەودیوی بنەما کلاسیکییەکان و میتۆدی مارکسیزم بگرە دەچێتە نێو زنجیرەی دیسپلینە نەریتییە جیاکراوەکان.

بەڵام، تیۆری رەخنەیی خۆی رەخنەی لێ گیراوە. جیلی یەکەمی هزرمەندانی فرانکفۆرت بە تایبەتی رەخنەیان لێ گیرا بۆ پێشخستنی تیۆرێکی گواستنەوەی کۆمەڵایەتی کە زۆرجار لە خەباتە کۆمەڵایەتییەکاندا بەردەوام لێکترازان هەبوو لە نێویاندا. وێڕای ئەمەش، تۆمەتبار دەکرێن بە زۆر جەختکردن لە سەر توانای سەرمایەداری بۆ ورووژاندەی هێزە موعارەزەکان، توانای تێگەیشتنی دەربارەی کۆمەڵگەی سەرمایەدار. لە لایەکی دیکەوە، تیۆری رەخنەیی بووە هۆی دیدێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە رێگەی دابەشکردنی نێوان مارکسیزم و تیۆری کۆمەڵایەتی نەریتی. تێڕوانینێکی خەیاڵی دابین کردووە کە لێیەوە کێشە و هاودژەکانی بوونی کۆمەڵایەتی دەکرێ لێیان بکۆڵرێتەوە.

## فەیلەسووفە سەرەکییەکان

### ماکس هۆرکهایمەر (١٨٩٥-١٩٧٣)

فەیلەسووفێکی ئەڵمانییە و دەروونناسێکی کۆمەڵایەتییە. پێشەنگی هەوڵی دیسپلینەکانی سیفەتی تیۆری رەخنەییە. بایەخە سەرەکییەکەی بۆ شیکردنەوەی میکانیزمە ئایدیۆلۆژی و ئەقڵییەکان بووە لە رێگەیەوە کۆمەڵگە چینایەتییەکان ململانێی تیایە. لە رووی دەروونی و رەگەزی و رەهەندە سیاسییەکانی سەرمایەداری لیبرال تۆتالیتاریانیزمی شی کردەوە، مشتومڕی ئەوەی کرد کە سەرەتای کۆمەڵگە و دامەزراندنی پیشەسازی کولتووری دابەشبوونی ئایدیۆلۆژی کۆنی دروست کرد و هەڕەشەی لە سەربەستی تاک کرد. کارە سەرەکییەکانی هۆرکهایمەر ئەمانەن: دەسەڵات و خێزان (١٩٣٦)،(١٩٤٤) DIALECTIC OF EN-LIGHTENMENT، THE ECLIPSE OF REASON (1974).

### هێربەرت مارکۆز (١٨٩٨-١٩٧٩)

فەیلەسووفێکی سیاسی و تیۆریستێکی کۆمەڵایەتی ئەڵمانییە. کۆمەڵگەی پێشکەوتووی پیشەسازی بە سیستەمێکی چەوساندنەوەی تەواوی بوارەکان دانا، کە بووەتە هۆی مایەی مشتومڕ و دەمەتەقێ و هەموو فۆرمەکانی ئۆپۆزیسیۆنی تێوە گلاندووە. لە دژی ئەم کۆمەڵگە یەک رەهەندییە، راشکاوانە دیدێکی یوتۆپیای ئازادی کەسی و سێکسی باس کرد، بە شێوەیەکی نەریتی سەیری چینی کارکردن نەدەکرد وەک هێزێکی شۆڕشگێڕ بگرە وەک گرووپەکانی وەک قوتابیان و کەمبە تایفییەکان و ئافرەتان و کرێکاران و جیهانی سێهەم. مارکۆز کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبوو لە سەر نیو لێفتی ساڵانی شەستەکان. کارە هەرە گرینگەکانی ئەمانەن: ئەقڵ و شۆڕش (١٩٤١)، (١٩٥٨) EROS AND CIVILISATION، ON DIMENSIONAL MAN (١٩٦٤).

### تیۆدۆر ئادۆرنۆ (١٩٠٣-٦٩)

فەیلەسووف و دەروونزانی ئەڵمانی بوو، هەروەها پسپۆر بوو لە دیراسەی مێژوو و تیۆری مۆسیقا. رەخنەی زۆر دەگرت لە کولتووری کۆمەڵ. لەگەڵ هۆرکهایمەر، تیۆرێکی نوێی کولتووری و کۆمەڵایەتی دانا کە جەختی کردە سەر پێشکەوتنی "ئەقڵی ئالیەتی" نەک ئایدیەی خەباتی چینایەتی مارکس. ئادۆرنۆ کولتوور و پێوەندی بە کۆمەڵی بە ئالیەتی سیاسی دەزانی کە لە رێگەیانەوە ئایدۆلۆژویە زاڵەکان بە سەر کۆمەڵگە دەسەپێنرێن، هزر و رەفتاری تاکێکی ئیفلیج و پابەند دروست دەکات. هەروەها بنەما تیۆرییەکانی دانا بۆ تیۆرێکی دەروونزانی دەسەڵاتگەری. باشترین نووسینەکانی ئادۆرنۆ ئەمانەن: THE AUTHORITAR-IAN PERSONALITY (1950)، MINIMA MORALIA (1951)، NEGATIVE DI-ALECTS (1966).

### جێرگن هابرماس (١٩٢٩- )

فەیلەسووف و تیۆرستێکی کۆمەڵایەتی ئەڵمانییە. پێشەنگی پشتیوانانی جیلی دووەمی قوتابخانەی فرانکفۆرتە. کارەکانی جەخت دەکەنە سەر ئەپستمۆلۆژیا و داینامیکی سەرمایەداری پێشکەوتوو، سروشتی ئەقلانییەت، هەروەها پێوەندی نێوان زانستی کۆمەڵایەتی و فەلسەفە. جەختی دەکردە سەر ئارەزووی تەنگژەکان لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری کە سەرچاوەی گرتووە لە گرژییەکانی نێوان کۆمەڵەی سەرمایە و دیموکراسی. شرۆڤەکەی بۆ ئەقلانییەت پەرەی بە تیۆری رەخنەیی دا بۆ ئەو شتەی کە بووە تیۆری "کرداری پەیوەندار". کارە سەرەکییەکانی هابرماس ئەمانەن: بەرەو کۆمەڵگەیەکی ئەقلانی (١٩٧٠)، شەرعیەتی تەنگژە (١٩٧٣)، تیۆری پیشبڕکێی پەیوەندار (١٩٨٤).

## کورتەی بەشی نۆیەم

١– لە سادەترین مانایدا، سەربەستی واتە نەبوونی کۆنترۆڵ و پێوودانگەکان. بەڵام هەندێکیش پێیان وایە کە سەربەستی دەبێ ڕەها بێت. درکیان بە جیاوازی نێوان ئازادی و مۆڵەت کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا، تا ئێستا ڕوون نییە ئایا ئازادی دەبێتە مۆڵەت کاتێ هەڕەشە لە مافەکان دەکات، کاتێ ئازاری ئەوانی تر دەدات یان کاتێ سەربەستی بە نایەکسانی دابەش دەبێت یان نا.

٢– هەرچەندە پێناسەیەکی فەرمی و بێ لایەنی سەربەستی شیاوە، مەفهومە نێگەتیڤ و پۆزەتیڤەکانی سەربەستی بە شێوەیەکی گشتی پەرەیان پێ دراوە. سەربەستی نێگەتیڤ واتە دەست تێوەرنەدان لە کاروباری خەڵکی و نەبوونی کۆنترۆڵە دەرەکییەکانی وەک یاسا یان کۆنترۆڵی جەستەیی. سەربەستی پۆزەتیڤ بە ڕێگای جیا جیا بە ئۆتۆنۆمی و سەرۆکی خود دەزانرێت، وەک گەشەی کەسی و جۆرە فۆرمێکی ئەخلاقی یا سەربەستی ناخ.

٣– لێبوردن دەگەڕێتەوە بۆ ئارامی و خۆگری، ئامادەبوون لەگەڵ ئەو کار و بۆچوونانە هەڵبکەیت کە ئێمە ناکۆکین لە سەریان. دەکرێ بەرگری لێ بکرێت لە سەر بنچینەی تایبەتمەندیەتی و گەشەی کەسی و ئەو باوەڕەی کە سازانی کۆمەڵایەتی گەشەسەندن بەرەو پێشەوە دەبات. بەڵام، ڕەنگە سنوور لە سەر لێبوردن دابنرێت کاتێ هەڕەشە لە یەکگرتنی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی گرووپی تایبەت دەکات یاخۆ بەرنامە بۆ توندڕەوی سیاسی دابین دەکات.

٤– ئازادی بیرۆکەیەکی ڕادیکاڵی سەربەستی دروست دەکات: ڕووخانی هەموو سیستەمە چەوسێنەرەکان، دیدی تێربوونی مرۆڤ پێشکەش دەکات. لە سەدەی بیستەمدا، بزووتنەوە ئازادییەکان خەباتیان کرد دژی حوکمی داگیرکاری و دژی چەوساندنەوەی سێکسی و ڕەگەزی و هەروەها دژی قۆرخکردنی گشتگیر کە لە کۆمەڵگە پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا بوونی هەیە.

# بەشی دەیەم

## یەکسانی، دادوەری کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی

پێشەکی
یەکسانی
خۆشگوزەرانی
کورتە

# پێشەکی

ئایدیەی یەکسانی خاسیەتێکی دیاریکراوی هزری سیاسی مۆدێرنە. هزرمەندە کلاسیکەکان و ئەوانەی چەرخی ناوەڕاست دووپاتی دەکەنەوە کە هەڕەمەکی شتێکی سروشتی یا حەتمییە، لە کاتێکدا هزرمەندە مۆدێرنەکان لەو لێکدانەوە دەستیان پێ کرد کە هەموو مرۆڤێک لە ڕووی ئەخلاقەوە یەکسانن. لەگەڵ ئەوەشدا، چەند بنەمایەکی سیاسی بە قەد یەکسانی مشتومڕ و دەمەتەقێ هەڵدەگرن، یاخۆ چەندین بیرو ڕای کاریگەر لە خۆ دەگرن. بۆ نموونە، زۆر کەس هەیە خودی بواری سیاسی، جیاوازی نێوان ڕاست و چەوت، بە ڕەنگدانەوەی بیروڕا جیاوازەکانی یەکسانی دەزانن. بە شێوەیەکی گشتی باڵە چەپەکان پابەندن بە یەکسانی، لە کاتێکدا باڵە ڕاستەکان گومانیان لە یەکسانی هەیە و تەنانەت دەبنە دوژمنیشی. کەچی هەر خاڵێک هەیە تیایدا ئێمە هەموو یەکسانین. برەودان بە یەکسانی زۆر زەحمەت بووە، چەند هزرمەندێکی مۆدێرن ئامادە نین بەشداری بکەن لە هەندێ فۆرمی یەکسانی، بە پێوەندی لەگەڵ مافە یاساییەکان و بەشداری سیاسی و هەل و دەرفەتەکانی ژیان، یان هەر چییەکی تر. شەڕی مۆدێرن دەربارەی یەکسانی لە نێوان ئەوانە نییە کە یەکسانی پەسەند دەکەن و ئەوانەشی کە ڕەتی دەکەنەوە، بگرە لە نێوان بۆچوونە جیاوازەکانە دەربارەی ئەوەی لە کوێ و چۆن یەکسانی جێبەجێ بکرێت. بۆ نموونە، ئایا دەبێ یاسا مامەڵە لەگەڵ هەموو هاوڵاتیان بکات بە یەکسانی، یاخۆ ئایا هیچ بنەمایەک هەیە بۆ دابینکردنی شتی تایبەتی؟ ئایا هەموو بۆچوونە سیاسییەکان دەربارەی بەهای یەکسانن، یاخۆ ئایا دەبێ بیروڕاکانی چەند کەسێک کێشی زیاتر هەڵبگرێت؟ ئایا دەبێ خەڵک بە سادەیی هەلی یەکسانیان هەبێت یاخۆ هەڵبەز و دابەزن لە کۆمەڵگە، یا دەبێ هەلی ئابووری و کۆمەڵایەتی یەکسانیان هەبێت؟

پرسی یەکسانی دەمەتەقێیەکی چڕوپڕی وروژاندووە لە ڕووی جێبەجێکردنی یەکسانی لە دابەشکردنی سامان یا داهات لە کۆمەڵگە، چی شتێک هەیە پێی بوترێت "دادوەری کۆمەڵایەتی". دەبێ چۆن کێکی سەرچاوەکانی کۆمەڵگە ببڕدرێت؟ کامە دابەشکردنی مادی بە یەکسان یان بەرگریکەر دادەنرێت؟ هەندێ کەس پێ دادەگرن لە سەر ئەوەی کە دابەشکردنێکی یەکسانی پاداشت و سوودەکان خواستراوە، لە کاتێکدا ئەوانی تر مشتومڕی ئەوە دەکەن کە دادوەری داوای ئەوە دەکات جیاوازییە سروشتییەکان لە نێو مرۆڤ دەبێ ڕەنگدانەوەی ئەو ڕێگایە بێت کە کۆمەڵگە مامەڵەیان لەگەڵ دەکات. بەڵام، پرسیارەکانی دەربارەی دادوەری کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی حەتمی گرێ دراون بە پرسی خۆشگوزەرانی. لە زۆربەی بەشەکانی جیهاندا هۆکاری یەکسانی و دادوەری کۆمەڵایەتی



تێکەڵ دەکرێن لەگەڵ بانگەشەی گەشەی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی، بانگەشە بۆ فراوانکردنی بەرپرسیاریەتییەکانی دەوڵەت بۆ ئەوەی هاوڵاتییەکانی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە خۆش بژین. لە سەدەی بیستەمدا، ڕایەکی گشتی خۆشگوزەرانی سەری هەڵدا، سۆشیالیستەکان و لیبرالەکان و پارێزکارەکانی لە خۆ گرت، کە دابینکردنی خۆشگوزەرانی وەک بەردی بناغەی کۆمەڵگەیەکی سەقامیگری و سازاو بینی. بەڵام، لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا، ئەم ڕایە گشتییە ڕوو لە کاڵبوونەوە بوو، خۆشگوزەرانی لە جەرگەی مشتومڕێکی ئایدیۆلۆژی جێ هێشت کە، لە گەلێ ڕووەوە، سەدای شەڕە سیاسییەکانی پێشووە لە سەر یەکسانی. سەرنجەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی چین؟ ئایا بنەمای خۆشگوزەرانی وا بە توندی ڕەخنەی لێ دەگیرێت؟

## یەکسانی Equality

پێشتر، بەکارهێنانی زاراوەی "یەکسان"، ئێستاش لە زمانی ڕۆژانەدا زۆر بەکار دێت، ئاماژەکردن بوو بە سیفەتە جەستەییە ناسراوەکان. لەو ڕوانگەوە، دەکرێ بڵێین برە ئاوەکەی نێو ئەو دوو کوپە یەکسانە، یاریزانێکی ڕاکردن یەکسانە بە تۆماری جیهانی ١٠٠ مەتری، هەروەها نرخی بوتڵێک شەڕابی گرانبەها یەکسانە بە نرخی سێتێک تەلەفیزیۆن. بەڵام، لە تیۆری سیاسیدا، جیاوازییەکی ڕوون دەکرێت لە نێوان یەکسانی و ئایدیەی وەک "وێک گونجاو، "uniformity" ناسنامە، "identity"، "وێکچوو، sameness". هەرچەندە هەندێ جار ڕەخنەگرانی یەکسانی هەوڵیان داوە ئەرکەکەیان ئاسان بکەن لە ڕێگەی کەمکردنەوەی یەکسانی بۆ وێک گونجانی سادە، یەکسانی دەبەستنەوە بە نیزامی و ئەندازەی کۆمەڵایەتی، هیچ هزرمەندێکی جدی تا ئێستا پشتگیری یەکسانی ڕەهای لە هەموو شتەکان نەکردووە. یەکسانی دوژمنی فرە لایەنی مرۆڤ نییە، ئامانجیشی ئەوە نییە هەموو کەسێک وەک یەک لێ بکات. بە هەقیقەت، یەکساننناسەکان egalitarians (لە وشەی فەڕەنسی agalite ) هاتووە ڕەنگە پەسنی بێ وێنەیی هەر تاکێکی مرۆڤ بکەن، هەروەها دان بەوەش دادەنێن کە خەڵک لە دایک بوون لەگەڵ بەهرە و توانا و ڕای جیاواز. هەرچەندە، ئەم ئامانجە بۆ دامەزراندنی بارە یاسایی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانە تیایدا خەڵک بتوانن ژیانی یەکسان و شایەن بە خۆیانیان هەبێت. بە واتایەکی دیکە، یەکسانی دەربارەی وێک گونجان نییە، بگرە دەربارەی یەک ڕاست کردنی هەلومەرجەکانی بوونی کۆمەڵایەتییە کە زۆر گرینگن بۆ مرۆڤی ئاسوودە. بەڵام، یەکسانی لە مەترسیدایە ببێتە دروشمێکی سیاسی گەر وەڵامی ئەو پرسیارە نەدرێتەوە " یەکسانی چی؟". لە چ شتێکدا خەڵک دەبێیەکسان بن، کەی، چۆن لە کوێ و بۆچی دەبێ یەکسان بن؟

یەکسانی چەمکێکی ئێجگار ئاڵۆزە بە قەد ئەو ڕێگایانەی هەن بۆ بەراوردکردنی بارودۆخەکانی وجوودی مرۆڤ. بۆ نموونە، ئاساییە قسە لە بارەی یەکسانی ئەخلاقی و یەکسانی یاسایی و یەکسانی سیاسی بکەین، قسە لە سەر یەکسانی کۆمەڵایەتی و یەکسانی سێکسی و یەکسانی ڕەگەزی و تا دوایی بکەین. وێڕای ئەمەش، بنەمای یەکسانی ژمارەیەک فۆرمی لە خۆ گرتووە، گرینگترینیان یەکسانی



فەرمییە، یەکسانی هەل و یەکسانی دەرەنجامە. هەرچەندە ئایدییەکانی هەلە یەکسانەکان و دەرەنجامە یەکسانەکان پەرەیان پێ درا لە ئەنجامی پابەندبوونێکی بنەڕەتی بە یەکسانی فەرمی، هەندێ جار هەیە هەریەکە و بە ئاڕاستەیەکی جیادا ڕێ دەکات. بۆ نموونە، ڕەنگە یاوەرانی یەکسانی یاسایی ئیدانەی یەکسانی هەلەکان بکەن کاتێ ئەمە جیاکاری دەکات لە بەرژەوەندی هەژاران یا بێ بەش بووەکان. بە هەمان شێوە، پاڵپشتکەرانی یەکسانی کۆمەڵایەتی ڕەنگە هێرش بکەنە سەر بیرۆکەی هەلی یەکسان لە سەر بنچینەی ئەوەی کە شت دەخاتە سەر مافی یەکسان. یەکسانیزم egalitarianism فەزایەکی فراوانی بۆچوون لە خۆ دەگرێت، هەروەها سیفەتە سیاسییەکەی ناکۆکییەکی قووڵی ناوەتەوە.

## یەکسانی فەرمی Formal equality

سەرەتاییترین بیرۆکەی یەکسانی کاریگەری هەبووبێت لە سەر هزری سیاسی پێی دەوترێت "یەکسانی دامەزراوەیی، FOUNDATIONAL EQUALITY"، ئەم بیرۆکەیە پێشنیازلای ئەوە دەکات کە هەموو خەڵک بە هۆی باشەی هاوبەشی جەوهەری مرۆڤ ییەکانەن. ئەم ئایدیە سەرچاوەی گرتووە لە تیۆرەکانی مافە سروشتییەکان کە دەستی گرت بە سەر هزری سیاسی لە سەدەی حەڤدە و هەژدەدا. بۆ نموونە، جاڕنامەی سەربەخۆیی ئەمریکی بە سادەیی ڕایدەگەیەنێت کە " هەموو مرۆڤێک بە یەکسانی دروست کراون"، هەروەها جاڕنامەی فەڕەنسی بۆ مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتیان دەڵێت " مرۆڤ بە سەربەستی و یەکسانی لە دایک بووە و دەمێنێتەوە، یەکسانیشە لە مافەکان". بەڵام، ئەم جاڕنامە بڵندگۆیانە پشتگیری چۆن جۆرە فۆرمێکی یەکسانی دەکەن؟ بێگومان ڕستەی وەسفیان نەنووسیوە دەربارەی هەلومەرجی مرۆڤ، سەدەی هەژدەیەم بریتییە لە سەردەمی دامەزراندنی ئیمتیازە کۆمەڵایەتییەکان و نایەکسانی توندی ئابووری. بگرە ئەو جاڕنامانە باسی پێوەری بوون دەکات دەربارەی بەهای ئەخلاقی ژیانی هەر مرۆڤێک. مرۆڤەکان یەکسانن بە شێوەیەکی سادە لەبەرئەوەی هەموو مرۆڤن. لە دایک بوونە یان دروست کراون بە یەکسانی، لە بەر چاوی خوداش یەکسانن". بەڵام ئەم جۆرە فۆرمەی یەکسانی لە

کردەدا چی دەگەیەنێت؟

لە سەرەتای سەردەمی مۆدێرندا، یەکسانی دامەزراوەیی وابەستە نەبوو بە ئایدیەی هەلە یەکسانەکان EQUAL OPPORTUNITIES، کەمێک پەیوەست بوو بە بیرۆکەی یەکسانی سامان و پێگەی کۆمەڵایەتی. نووسەرانی وەک جۆن لۆک هیچ هاودژیەکیان بەدی نەکرد لە پشتگیری کردنی ئەو ئایدیەی کە " هەموو مرۆڤێک بە یەکسانی دروست کراوە" لە هەمان کاتدا وەک بەرگرییەکی ڕەهایان نەبینی لە مافەکانی موڵکداریەتی و پێوودانگی دەنگدانی خاوەن موڵکەکان هیچ نەڵێیت و بێ دەنگ بیت لە بەدەر نانی ڕەگەزی مێ بە تەواوی لە پۆلێنی بوونەوەری مرۆڤدا. مرۆڤ هەمووی یەکسانن تەنیا لەو مانایەی کە هەمویان مرۆڤن و هەمان مافی سروشتییان هەیە، ئەمانە ڕەنگە پێناس بکرێن. ئەو ئایدیەی کە هەموو مرۆڤێک خاوەنی مافی یەکسانن بنەمای ئەو شتەیە پێی دەوترێت "یەکسانی فەرمی". یەکسانی فەرمی ئەوە دەگەیەنێت کە، بە هۆی باشەی مرۆڤایەتییان، حوکمەکانی پیادەی کۆمەڵایەتی دەبێ مامەڵە لەگەڵ هەموو کەسێک بکات بە یەکسانی. بەم شێوەیە، ئەو حوکمە حوکمێکی ئیجراییە کە سەربەستییەکی یەکسان بە هەر کەسکێک دەبەخشێت بۆ کارکردن بەڵام ڕەنگە هەڵبژێرن و ژیانیان بە پێی توانای خۆیان بگوزەرێنن، بێ ڕەچاوکردنی هەلەکان و سەرچاوەکان و سامان.

ڕوونترین و گرینگترین مانیفێستۆی یەکسانی فەرمی بنەمایی یەکسانی یاساییە یاخۆ یەکسانی لە بەردەم یاسادا. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە یاسا دەبێ مامەڵە وەک تاکێک لەگەڵ هەر کەسێکدا بکات، بێ ڕەچاو کردن وگوێدان بە باکگراوندی کۆمەڵایەتی و ئاین و ڕەگەز و ڕەنگ و گێندەر و تا دوایی. لەم ڕوانگەوە، دادوەری دەبێ "کوێر" بێت بەرامبەر هەموو هۆکارەکان جگە لەوانەی پەیوەستن بە کەیسەکە لە بەردەم دادگادا، بە تایبەتی ئەو بەڵگەیەی پێشکەش دەکرێت. یەکسانی یاسایی بریتییە لە بەردی بناغەی حوکمی یاسا RULE OF LAW، کە لە بەشی شەشەمدا تاوتوێ کراوە. حوکمی یاسا وێڵە بە دوای دڵنیاکردنی ئەوەی کە هەموو ڕەفتارێک، هاوڵاتییە تایبەتەکان و بەرپرسەکانی دەوڵەتیش، دەبێ گونجاو بن تەنیا لە چوارچێوەی یاسادا. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، ئەمە ڕەنگدانەوەی بنەما



دەستووری پاراستنی یەکسانە، کە بە گوێرەی ئەمە لە بارودۆخی وێکچووی ئەمەدا خەڵک دەبێ بە هەمان شێوە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. ئەم بنەمایە بەکار هێنراوە بۆ برەودان بە هۆکاری مافە مەدەنییەکان، بە تایبەتی لە دادگای باڵادا لە کەیسی براون بەرامبەر دەستەی پەروەوەردە لە ساڵی ١٩٥٤دا، ڕایگەیاند کە جیاکاری ڕەگەزی لە قوتابخانەکانی ئەمریکادا دەستووری نییە.

بنەمای یەکسانی فەرمی لە جەوهەردا نێگەتیڤە: بە شێوەیەکی فراوان پەیوەستە بە ئەرکی نەهێشتنی ئیمتیازە تایبەتییەکان. ئەمە ڕوون بوو لەو واقیعەی کە بانگەشەی یەکسانی فەرمی دەکات، یەکەم جار کرا بە هیوای شکاندنی هەڕەمەکی لە پلە و فەرمانەکان کە پاشماوەی سەردەمی دەرەبەگایەتی بوو، دوژمنەکەی ئیمتیازێکی ئەرستۆکراتی بوو. هەروەها ئەوەش شی دەکاتەوە بۆچی یەکسانی فەرمی ڕەزامەندی جیهانی بە دەست دێنێت و پشتگیری دەکرێت لە لایەن پاێزکارەکان و لیبرالەکان کە هیچیان کەمترنییە لە پشتگیری سۆشیالیستەکان. بە هەقیقەت، ئەمە یەک فۆرمی یەکسانییە بە دەگمەن بیر لەوە کراوەتەوە پێویستی بە سەلماندن بێت: ئیمتیازەکان بە چینێک دراون لە سەر بنچینەی " ڕووداوی لە دایک بوون" وەک گێندەر و ڕەنگ و باوەڕ و ئاین، ئێستا بە شێوەیەکی فراوان بە دەمارگیری و ستەمکاری نائەقڵانی دەدانرێن. ئەمە ڕوون و ئاشکرا بوو لە ئیدانەی جیهانی سیستەمی زۆرداری لە ئەفریقیای باشوور. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆر کەس هەن یەکسانی فەرمی بە بیرۆکەیەکی سنووردار دەزانن، بیرۆکەیەک، گەر لە سەر پێی خۆی وازی لێ بهێنرێت، ڕەنگە نەتوانێت یەکسانییەکی ڕاستەقینە دەستەبەر بکات. بۆ نموونە، یەکسانی یاسایی مافی یەکسان دەبەخشێت بە هەر کەسێک نان بخۆن گەورەترین چێشتخانە، کە نابێ هیچ کەس بە دەر بێت لەو مافە لە سەر بنچینەی ڕەگەز و ڕەنگ و باوەڕ و گێندەر و هەرچییەکی تر، بەڵام بە تەواوی سەرناکەوێت لە ڕاگەیاندنی تواناکانیان بۆ پیادەکردنی ئەم مافە، ئەویش پارەکەیانە. ئەمە بوو مەبەستی ڕۆمان نووسی فەڕەنسی ئەناتۆڵ فرانس کاتیچ لە کتێبەکەی بە ناوی THE REL LILY گاڵتەی بە یەکسانی ئەفسانەیی یاسا کرد کە دەوڵەمەند و هەژاران وەک یەک قەدەغە دەکات نان بدزن و لە ژێر پردەکاندا بخەون".

ئەم سنوورانە لە یەکسانی سێکسی و ڕەگەزیدا بەدی دەکرێن. یەکسانی فەرمی داوای ئەوە دەکات کە نابێ کەس بێ بەش بێت لە سەر بنچینەی ڕەگەز و گێندەر، هەروەها کەس پشتی بەو یاسایانە ئستوور نەبێت کە قەدەغەی ئەم جیاکارییانە دەکات. بەڵام، تەنیا قەدەغەکردنی جیاکاری ڕەگەزی نابێتە دژی ڕگەزپەرستییەکی پتەو و تۆکمە، نە چارەسەری نەهامەتییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیش دەکات کە کەمبە ڕەگەزییەکان بە دەستییەوە دەناڵێنن. کارل مارکس هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم گرفتەی دا لە وتارەکەی بە ناوی " لە سەر پرسی جووەکان، ١٨٤٤ و ١٩٦٧ بڵاوکراوەتەوە". مارکس هەموو هەوڵەکانی ڕزگارکردنی سیاسی جووەکان لە ڕێگەی دەستەبەرکردنی ئازادی و مافە مەدەنییە یەکسانە ڕەت کردەوە، لە بری ئەوە، پاڵپشتی ڕزگارکردنی مرۆڤی کرد، نەک هەر تەنیا ڕزگارکردنی جووەکان بگرە هەموو خەڵک لە ستەم و چەوساندنەوەی چینەکان. مارکسییەکان پەسەندی ئەوە دەکەن کە سەرمایەداری فۆرمێکی یەکسانی دروست کردووە، لەوەشیاندا، بازاڕ بە پێی پلەی کۆمەڵایەتی یان هەر خاسیەتێکی تاک حوکمی خەڵک ناکات، بگرە بە پێی بەهای بازاڕەکەیان حوکمی خەڵک دەکات. بەڵام، بوونی موڵکی تایبەت دەبێتە هۆی پەیدابوونی جیاوازی لە نێوان چینەکان کە ئەوە دووپات دەکاتەوە تاکەکان بەهای بازاڕی جیاوازیان هەیە. لە بەر هەندێ مارکسییەکان یەکسانی یاسایی بە یەکسانی بازاڕ یا بۆرژوازی وەسف دەکەن، هەروەها مشتومڕی ئەوە دەکەن کە یەکسانی یاسایی شتێک زیاتر نییە لە ڕووکەش، هەمیشە لە خزمەتی قۆستنەوە و نایەکانسی ئابووریدایە.

خەبات لە پێناو یەکسانی ڕەگەزی گلاوەتە نێو بانگەشەی یەکسانی یاسایی یان مافە یەکسانەکان. فێمنیستە سەرەتاییەکانی وەک ماری وۆڵستۆنکرافت و جۆن ستورات میڵ پەرەیان بە مشتومڕەکانیان دا لە سەر تاکگەرایی لیبرال: بە بۆچوونی ئەوان گێندەر هیچ پێوەندی نییە بە ژیانی گشتی چونکە هەموو کەسێک هەمان مافی یەکسانییان هەیە بۆ خوێندن و پەروەردە و یاسا و سیاسەت و تا دوایی. بۆ نموونە، وۆڵستۆنکرافت مشتومڕی ئەوە دەکات کە ئافرەت دەبێ وەک مرۆڤ حوکم بکرێت، بێ ڕەچاوکردن و گوێدان بە جیاوازی ڕەگەز. بەڵام، هەرچەندە لە گەلێ کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا ئافرەتان بە ڕێگایەکی درێژدا تێپەڕ بوون بۆ دەستەبەرکردنی یەکسانی





فەرمی لەگەڵ پیاودا، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا نایەکسانی کولتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی هەر هەیە. لە ئەنجامدا، گەلێ لە فێمنیستە مۆدێرنەکان چوونەتە ئەودیو ئایدیەی لیبرالی مافە یەکسانەکان بۆ پشتگیری کردن لە بیرۆکە ڕادیکاڵترەکەی یەکسانی. بۆ نموونە، فێمنیستە کۆمەڵایەتییەکان هەوڵی پێشخستنی یەکسانی کۆمەڵایەتی دەدەن. جەخت دەکەنە سەر نایەکسانییە ئابوورییەکان کە وا لە پیاو دەکەن نان پەیدا بکەن و ئافرەتیش یان ئەوەتا بێ مووچە و ماڵوێران بن بە ژنی ماڵەوە یاخۆ بە مووچەیەکی زۆر کەم و لە بارێکی زۆر خراپدا کار بکەن. بە بۆچوونی فێمنیستە ڕادیکاڵییەکان یەکسانی فەرمی بە پێی پێویست نییە چونکە بە سەر ژیانی گشتیدا جێبەجێ دەبێت و ئەو واقیعە پێش گوێ دەخات کە باوکسالاری، حوکمی پیاو، ڕەگی داکوتاوە لە پێکهاتەی نایەکسانی ژیانی کەسی و خێزاندا. بۆیە یەکسانی ڕەگەزی واتادار داوای ئەوە دەکات کە ئافرەت نەک هەر تەنیا مافی یاسایی یەکسانی هەیە بگرە لەگەڵ پیاو یەکسانە لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ناو ماڵدا.

### ماری وۆڵستۆنکرافت (١٧٥٩-٩٧)

تیۆریستی کۆمەڵایەتی و فێمنیستێکی بەریتانییە. چووەتە نێو سیاسەتی ڕادیکاڵی بە هۆی کاریگەری شۆڕشی فەڕەنسییەوە. وۆڵستۆنکرافت بەشێک بووە لەو بازنە داهێنەر و ڕۆشنبیرییەی کە مێردەکەی و ویلیەم گۆدوین پسپۆڕ لە بواری فەوزای تیا بوو. لە کاتی بوونی کچەکەی بە ناوی ماری گیانی لە دەست دا کە دواتر مێردی بە شاعیری ناودار شێلی کرد و فرانکنشتاینی نووسی.

وۆڵستۆنکرافت نزیکەی ٥٠ ساڵێک پێش سەرهەڵدانی بزووتنەوەی مافی دەنگی ئافرەتان پەرەی بە ڕەخنەی فێمنیستی سیستەماتیک دا. فێمنیزمییەکەی، کە کاریگەری لیبرالیزمی لۆک و ڕادیکاڵیزمی دیموکراسی ڕۆسۆی لە سەر بوو، دەناسرێتەوە بە باوەڕ بوون بە ئەقڵ و پابەندی ڕادیکاڵی مرۆیی بە یەکسانی. لە کتێبەکەی بە ناوی "A vindication of the rights of men 1970"ڕەخنە لە پێکهاتە و پیادەکانی حکوومەتی بەریتانی دەگرێت لەو ڕوانگەی کە ناوی لێ نا "مافەکانی مرۆڤایەتی".

لە باشترین کاریدا بە ناوی " a vindication of the rights of women" جەختی کردە سەر مافە یەکسانەکانی ئافرەتان لە سەر بنەمای بیرۆکەی کەسایەتی.

ڕایگەیاند کە جیاکاری ڕەگەزی شتێکی ئەوەندە گرینگ نابێت لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا گەر ئافرەتان مافی پەروەردە و خوێندنیان هەبێت و بە مافی خۆیان بە مەخلوقی ئەقڵانی دابنرێن. بەڵام، کاری وۆڵستۆنکرافت تەنیا جەختی نەکردە سەر مافە مەدەنی و سیاسییەکان بگرە شرۆڤەیەکی ئاڵۆزتری ئافرەتانی پەرە پێ دا وەک بابەت و خودی ئارەزوو، هەروەها بازنەیەکی ناو ماڵی پێشکەش کرد وەک شێوازێکی کۆمەڵگە و سیستەمی کۆمەڵایەتی.

## یەکسانی هەل Equality of opportunity

زۆرجار وا دەزانرێت بیرۆکەیەکی ڕادیکاڵتری هەلە یەکسانەکان لە ئایدیەی یەکسانی فەرمییەوە هاتووە. سەرەڕای لینکی نێوان یەکسانی فەرمی و یەکسانی هەل، تێڕوانینی زۆر جیاوازیان هەیە، دواتر زیاتر ڕوون دەکرێتەوە، جێبەجێکردنی یەکسانی هەل ڕەنگە مەترسی پێشێلکردنی بنەمای یەکسانی فەرمی تیا بێت. ئایدیەی هەلە یەکسانەکان لە نووسینەکانی ئەفلاتوون بەدی دەکرێت، ئەفلاتوون پێشنیازی ئەوەی کرد کە پێگەی کۆمەڵایەتی دەبێ لە سەر کۆشش و توانای تاک دامەزرێت، هەروەها سیستەمی پەروەردەیی دەبێ دەرفەتی یەکسان بە هەموو منداڵەکان ببەخشێت بۆ ئەوەی بە بەهرەی خۆیان بزانن. چەمکەکە پشتگیرییەکی زۆری لێ کراوە لە لایەن ئایدیۆلۆژییە مۆدێرنەکان و لە ئامێز گیرا وەک بنەمای بنەڕەتی حیزبە سیاسییەکان. سۆشیەل دیموکراتەکان و لیبرالە مۆدێرنەکان پێیان وایە کە هەلی یەکسان بریتییە لە بەردی بناغەی دادوەری کۆمەڵایەتی، دواتریش پارێزکارە مۆدێرنەکان ڕایان گۆڕی و ئێستا ستایشی ئەو شتە باشە دەکەن کە بانگەشەی کۆمەڵگەیەکی بێ چین دەکات، واتە کۆمەڵگەیەک پشت ڕاست بێت بە کۆششی تاک، نەک، وەک مارکس ئەم زاراوەی بە کار هێنا، پشت ڕاست بێت بە خاوەنیەتی بە کۆمەڵ.

یەکسانی فەرمی گرینگی دەدات بەوەی خەڵک بە چاوی یاسا وەک مرۆڤ سەیر بکرێن، باسی هەلەکانیان ناکات، ئەو بارودۆخانەی تیایدا دەژین و ئەو هەل و دەرفەتانەشی بۆ ئەوان بوونی هەیە. یەکسانی هەل بە مەرجە سەرەتاییەکانی بایەخی پێ دەدرێت، لەگەڵ خاڵی دەستپێکردنی ژیان. زۆر جار مێتافۆری وەرزش



بەکار دەبرێت بۆ گواستنەوەی ئەم مانایە، ئەم جۆرە " دەستپێکردنە یەکسانە" لە ژیان، یاخۆ ژیان دەبێ یاری پێ بکرێت لە سەر یاریگایەکی تەخت و ڕاست. لکاندنی یەکسانی بە بارودۆخە سەرەتاییەکانی ژیان، بە شێوەیەکی ڕادیکاڵی دەرەنجامی نایەکسانی لێ دەکەوێتەوە. پشتیوانانی هەلە یەکسانەکان پێشبینی ئەوە ناکەن هەمو ڕاکەرەکان پێکەوە بگەنە شوێنی مەبەست تەنیا لەبەرئەوەی هەموویان لە خاڵێکی یەکسان و هەمان کات دەستیان بە ڕاکردن کردووە. بە هەقیقەت، بە چاوی گەلێ کەسەوە، لەبەرئەوەی هەموویان لە خاڵێکی یەکساندا دەستیان بە پێشبڕکێکە کردووە بۆیە دەرەنجامی نایەکسانی لێ کەوتووەتەوە، خاڵی یەکسان بۆ دەستپێکردن بووەتە هۆی جیاوازی نێوان براوە و دۆڕاو. دەکرێ نمایشی نایەکسان ڕەوچا بکرێت بۆ جیاوازییەکانی توانای سروشتی. لە کردەدا، بنەمای هەلە یەکسانەکان دێتە ئاست " هەلی یەکسان بۆ ئەوەی نایەکسان بیت". ئەمە لەبەرئەوەی چەمکەکە جیاوازی دەکات لە نێوان هەردوو فۆرمەکەی یەکسانی، یەکێکیان پەسەند کرا و ئەوی تر پەسەند نەکراوە. نایەکسانییە سروشتییەکان سەرچاوەیان گرتووە لە بەهرە و توانا و کۆششی کەسی، بە حەتمی یا مافی ئەخلاقی دادەنرێن. بە قسەی مارگرێت تاچەر مافێک هەیە بۆ نایەکسانی. بەڵام، ئاوارەیی یا بێکاری لە ڕووی ئەخلاقەوە هەڵەن، چونکە ڕێگە بە هەندێ دەدەن دەست بکەن بە پێشبڕکێ لە نیوەی مەیدانەکە لە کاتێکدا پێشبڕکێ کارەکانی تر ڕەنگە هێشتا نەگەیشتبنە ناو یاریگاش.

یەکسانی هەل ئاماژە بە میسالییەتێکی نایەکسان دەکات، بەڵام میسالییەتێکی زۆر تایبەت: کۆمەڵگەیەکی مێریتۆکراتی meritocratic. مێریتۆکراسی meritocracy واتە حوکمکردن لە لایەن نوخبەیەکی ڕۆشنبیر و بەهرەدار، "مێریت" merit لە هاوکێشەکەی مایکڵ یەنگدا پێناسە کراوە وەک IQ+ کۆشش IQ+ effort. لە کۆمەڵگەی مێرۆتۆکراسیدا، سەرکەوتن و ژێرکەوتن دەسکەوتی شەخسین، ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە سادەیە کە کاتێک هەندێ بە بەهرەوە لە دایک دەبن و حەزیان لە کۆشش و کارکردنە، هەندێکی تر بە بێ بەهرە یان تەمبەڵ لە دایک دەبن. ئەو جۆرە نایەکسانییە نەک هەر تەنیا لە ڕووی ئەخلاقییەوە سەلمێنراوە بگرە پاڵنەرێکی

بەهێزیش دابین دەکات بۆ کۆششی تاک بە هۆی هاندانی خەڵک درک بەوە بکەن خاوەنی چ بەهرەیەکن. بەڵام، ئایدیەی مێریتۆکراسی پشتڕاستە بە توانای جیاوازیکردن لە نێوان هۆکارە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکانی نایەکسانی. دەروونزانەکانی وەک هانز ئاسێنک (١٩٧٣) و ئارەسەر جێنسن (١٩٨٠) پێشەنگی هۆکاری نایەکسانی سروشتی بوون و پشتگیری تاقیکردنەوەی IQ کرد کە ڕایانگەیاند ئەو تێستە دەتوانێت هەواڵگری ناوەوە بپێوێت. بۆ نموونە، ئەم ئایدیانە لە پشت پێناسەی دەستنیشان کردنن لە قوتابخانە بەریتانییەکان لە ڕێگەی بەکار هێنانی ئەو شتەی پێی دەوترێت تاقیکردنەوەی "eleven plus". بەڵام، لە کردەدا نمایشی ئەو جۆرە تێست و تاقیکردنەوانە کاریان تێ دەکرێت بە هۆی فەزایەکی فراوانی هۆکارە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان کە هەموو مەزندەیەکی توانای سروشتی پیس دەکەن. بۆ نموونە، دەستنیشانکردن لە قوتابخانە بەریتانییەکاندا تەحیوزێکی ڕوونی هێناوەتە ئاراوە لە بەرژەوەندی منالانی پۆلی ناوەندی ماڵەوە، کە باوانیان خۆیان لە قوتابخانەدا زۆر کارا بوونە. کێشەکە ئەوەیە کە گەر بەهرەی سروشتی جیا نەکرێتەوە لە کاریگەرە کۆمەڵایەتییەکان، ڕەنگە ئایدیەی نایەکسانی سروشتی نەهێڵرێت. وێڕای ئەمەش، گەر سامان و پێگەی کۆمەڵایەتی بە سادەیی نەتوانرێت بە دەسکەوتی شەخسی دابنرێت، بیرۆکەی هەلە یەکسانەکان ڕەنگە ڕێگە ببەخشن بە چەمکێکی ڕادیکاڵتری یەکسانی.

لەگەڵ ئەوەشدا، سەرنجی یەکسانی هەل زۆر بەهێزە. بە تایبەتی، ئەوپەڕی ئازادییەکی یەکسان دەبەخشێت بە هەمووان. هەلە یەکسانەکان واتە لابردنی ئەو بەربەستانەی کە دێنە بەر دەمی گەشەی کەسی و خۆناسینەوە، مافێک دەبێ هەموو هاوڵاتییەک هەیبێت. گەلێ لە ئەنجامەکانی ئەم بنەمایە هیچی تر گفتوگۆ هەڵناگرێت. بە شێوەیەکی گشتی پەسەند کراوە کە پیشەکان دەبێ لە سەر بنچینەی بەهرە بن و پلە بەرزکردنەوەش دەبێ لە سەر بنچینەی توانا بێت. بەڵام، هەندێ مشتومڕی ئەوە دەکەن کە جێبەجێکردنێکی بەردەوام و توندی بنەماکە ڕەنگە ببێتە هۆی دەستێوەردانی دەوڵەت لە ژیانی کەسی و کۆمەڵایەتی، هەڕەشە لە ئازادی تاک بکات و تەنانەت بنەمای یەکسانی فەرمیش پێشێل بکات. بۆ نموونە، دەکرێ خێزان



بە یەکێک لە بەربەستە هەرە سەرەکییەکان دابنرێت لە بەر دەم بەدەستهێنانی هەلە یەکسانەکان. لە ڕێگەی دەستەبەرکردنی سامان و دابینکردنی ئاستی جیاجیای هاندانی باوان، دەستەبەرکردنی سەقامگیری کۆمەڵایەتی و دەوڵەمەندبوونی مادی، خێزان ئەوە دڵنیا دەکاتەوە کە خەڵک دەستپێکێکی یەکسانیان نییە لە ژیان. یەکسانی هەل لەو پەڕی توندیدا مانای قەدەغەکردنی میرات دێت و ڕێکخستنی خێزان لە ڕێگەی بەرنامەیەکی چڕوپڕی قەرەبوو کردنەوە. لەم سۆنگەوەش، ڕەنگە بازرگانییەک هەبێت لە نێوان یەکسانی و سەربەستی، لەگەڵ پێویستی هاوسەنگییەک لە نێوان داوای یەکسان کردنی هەلەکان لە لایەک، هەروەها پێویستی پاراستنی ماف و ئازادییەکانی تاک لە لایەکی ترەوە.

یەکێک لە پرسە زەحمەتەکان کە بنەمای هەلە یەکسانەکان ڕابەری دەکات پرسی جیاکاری پۆزەتیڤە. ئەمە سیاسەتەکەیە، لە فۆرمی سەرەتاییدا بە کردارێکی ئەرێ دادەنرێت لە سەر پرسەکانی ڕەگەز لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، کە جیاکاری دەکات لە بەرژەوەندی گرووپە بەش خوراوەکان بە هیوای قەرەبووکردنەوەی نادادوەرییەکانی ڕابردوو. ئەم جۆرە سیاسەتە بە ڕوونی دەسەلێنرێت لە ڕووی هەلە یەکسانەکان. بۆ نموونە، کاتێ کەمبە ڕەگەزییەکان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە هیچ ئیمتیازێکیان نییە، تەنیا یەکسانی فەرمیان پێ ببەخشرێت هەلێکی واتابەخشیان بۆ نارەخسێت بۆ بەدەستهێنانی خوێندن و پەروەردە و بە دوای کارێکدا بگەڕێن یا بچنە نێو ژیانی سیاسییەوە. بۆ نموونە، ئەمە دانی پیانراوە لە دادگای باڵای ئەمریکی لە کەیسی زانکۆی کالیفۆرنیا بەرامبەر باکی (١٩٧٨)، کە پشتگیری بنەمای جیاکاری پۆزەتیڤ کرد لە بوارە پەروەردەییەکاندا. لەو سۆنگەوەش، جیاکاری پۆزەتیڤ وەک سیستەمێکی پەککەوتە کار دەکات بۆ دڵنیاکردنەوەی پێشبڕکێی یەکسان و عادیلانە لە نێوان حیزبە نایەکسانەکان. هەندێ مشتومڕی ئەوە دەکەن کە ئەم جێبەجێکردنەی بنەماکە مامەڵەی جیا بەڵام یەکسان دروست دەکات و پابەند دەبێت بە پێکهاتەکانی یەکسانی فەرمی. ئەوانی تر پێشنیازی ئەوە دەکەن کە مامەڵەی نایەکسان، پێویستی بە هەوڵی قەرەبووکردنەوەی ئەو شتانەی لە ڕابردوو لە دەست دراون، بنەمای مافە یەکسانەکان پێشێل دەکات. بۆ نموونە لە کەیسی باکی دا،

قوتابییەک مەقعەدێکی لە زانکۆ پێ نادرێت، لە کاتێکدا تۆمارە پەروەردەییەکانی زۆر لە کاندیدەکانی تر باشترە.

## یەکسانی دەرەنجام Equality of outcome

ئایدیەی یەکسانی دەرەنجام ڕادیکاڵترین و گفتوگۆهەڵگرترین ڕووی یەکسانیزمە egalitarianism. هەلە یەکسانەکان پێویستی بە هەنگاوی گرینگە بگیرێتە بەر بۆ بە دەستهێنانی یەکسانی کۆمەڵایەتی و ئابووری، لە کاتێکدا گۆڕانی کاریگەرتر و خێراتر پێویستە گەر بمانەوێت دەرەنجامەکان یەکسان بکەین. ئەمە ئامانجێکە پەردە لە سەر دابەشبوونێکی بنەڕەتی ئایدیۆلۆژی هەڵدەماڵێت: سۆشیالیستەکان و کۆمەنیستەکان و هەندێ لە فەوزەوییەکان ئاستێکی بەرزی یەکسانی کۆمەڵایەتی بە ئامانجێکی بنەڕەتی دەزانن، لە کاتێکدا پارێزکارەکان و لیبراڵەکان پێیان وایە ئەو ئاستە بەرزە نەمرە یا سروشتی نییە.

بایەخدانی زیاتر بە دەرەنجامەکان تا هەلەکان بۆچوونەکە دەگۆڕێت لە خاڵی دەست پێکردنی ژیان بۆ ئەنجامەکانی خاڵی کۆتایی ژیان، لە دەرفەتەکانەوە بۆ پاداشتەکان. یەکسانی دەرەنجامەکان ئەوە دەگەیەنێت کە هەموو ڕاکەرەکان لە یاری پێشبڕکێدا پێکەوە دەگەنە خاڵی مەبەست (هەموویان پێکەوە دەبەنەوە)، بێ ڕەچاو کردنی خاڵی دەست پێکردنیان و خێرایی ڕاکردنیان. بەم شێوەیە، یەکسانی دەرەنجامەکان نەک هەر تەنیا جیاوازە لە یەکسانی فەرمی و یەکسانی هەلەکان بگرە ڕەنگە پۆزەتیڤانە دژیان دەوەستێتەوە. هەرچەندە هەندێ جار ڕوون نییە ئایا دەرەنجام ئاماژەیە بە سەرچاوەکان یاخۆ ئاستەکانی خۆشگوزەرانی یا تێربوون، داوای یەکسانی دەرەنجامەکان بە شێوەیەکی گشتی بەستراوەتەوە بە ئایدیەی یەکسانی مادی، یەکسانی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان و هەلومەرجی ژیان و تەنانەت مووچەش. بەڵام، بە ڕای گەلێ کەس، یەکسانی مادی یەکێکە لە ئامانجە خواستراوەکان، هەروەها بازرگانییەک دەبێ دانووسانی لە سەر بکرێت لە نێوان یەکسانی کۆمەڵایەتی و پرسەکانی وەک ئازادی تاک و پاڵنەرە ئابوورییەکان. زۆرجار ژان ژاک ڕۆسۆ بە سەرۆکی هزری ئەم قوتابخانەیە دادەنرێت. هەرچەندە بە



کۆمەڵناس دانانرێت لە ڕووی ئەوەی کە زۆر پتشگیری موڵکی تایبەتی دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆسۆ درکی بە مەترسییەکانی نایەکسانی کۆمەڵایەتی کرد و پێشنیازی کرد کە " نابێ هیچ هاولاتییەک ئەوەندە دەوڵەمەند بێت یەکێکی تر بکڕێت و هیچ هەژارێکیش نابێت لە ناچارییان خۆی بفرۆشێت". ئەم بنەمایە یەک دەگرێتەوە لەگەڵ ئایدیەی مۆدێرنی دابەشکردنەوەی سامان لە دەوڵەمەندەوە بۆ هەژار، کە تەواو پەیوەستە بە کەمکردنەوەی نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان تا بەدەستهێنانی هەر ئامانجێکی ئەبستراکتی یەکسانی کۆمەڵایەتی. لەو ڕوانگەیەوە، کاتێ سۆشیەل دیموکراتە مۆدێرنەکان پشتگیری یەکسانی دەکەن دەگەڕێنەوە بۆ میانڕەوترین ئایدیەی یەکسانی دابەشکردن نەک ئامانجی ڕادیکاڵی یەکسانی ڕەها. هەرچەندە درک بە یەکسانی مادی دەکەن خواستراو بێت، دان بەو پێویستییە دادەنێن بۆ هەندێ پێوەری نایەکسانی، بۆ نموونە بۆ دابینکردنی، پاڵنەرێک بۆ کارکردن.

بەڵام، سۆشیالیستە فەندەمێنتالیستییەکان باوەڕیان بە پلەیەکی بەرزتری یەکسانی کۆمەڵایەتییە کە شیاو و خواستراو بێت. بۆ نموونە، مارکس گاڵتەی بە ئایدیەی یەکسانی کرد، بە مافێکی بۆرژوازی دەزانی، مافێک بۆ نایەکسانی. بۆیە جیاوازییەکی ڕوونی کرد لە نێوان خاوەنیەتی مۆڵک بە یەکسانی و خاوەنیەتی گشتی سەرچاوە بەرهەم هێنەرەکان کە ئەمەیان ئامانجی خۆی بوو. بۆ پشتگیری کردن لە هەڵوەشاندنەوەی هەموو فۆرمکانی موڵکی تایبەت، هەرچەند بە یەکسانی دابەش کرا بن، دەبێ پشتیگیری ئایدیەی ڕەهای یەکسانی کۆمەڵایەتی بکەین. بەناوبانگترین ئەزموون لە یەکسانیزمی ڕادیکاڵیدا لە چین ڕووی دا، لە ژێر ڕۆشنایی شۆڕشی کولتووری لە ساڵی (١٩٦٥–٨). لەو ماوەیەدا، نەک هەر تەنیا جەنگاوەرەکانی "پاسەوانە سوورەکان" red guards سەرکۆنەی جیاوازییەکانیان کرد لە مووچە و هەموو فۆرمەکانی ئیمتیاز و کارە هەڕەمەکییەکان، بگرە تەنانەت پێشبڕکێ وەرزشییەکانی وەک تۆپی پێ قەدەغە کرابوون.

یاوەرانی یەکسانی دەرەنجام، جا چ لە مانا میانڕەوەکەی یا ڕادیکاڵییەکەیدا بێت، مشتومڕی ئەوە دەکەن کە گرینگترین فۆرمی یەکسانییە، چونکە بە بێ ئەم فۆرمە فۆرمەکانی تری یەکسانی بێ سوودن. بۆ نموونە، یەکسانی یاسایی و مافە

مەدەنییەکان کەمێک سوود دەگەیەنن بەو هاوڵاتییانەی کە خاوەنی کارێکی مسۆگەر نین و مووچەیەکی شایستە و پەناگەیەکیان نییە. وێڕای ئەمەش، مەزهەبی یەکسانی هەلەکان بە شێوەیەکی گشتی بەکار دەهێنرێت بۆ بەرگریکردن لە نایەکسانییە مادییەکان بە هۆی دروستکردنی ئەفسانەیەک کە ئەو نایەکسانییە مادیانە ڕەنگدانەوەی سروشتین نەک هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان. هەرچەندە بەرگریکەرانی یەکسانی کۆمەڵایەتی بە دەگمەن باسی چەمکی یەکسانی سروشتی دەکەن، بە شێوەیەگی گشتی باسی جیاوازییەکان دەکەن لە نێو مرۆڤەکان کە زۆرجار لە ئەنجامی مامەڵەی نایەکسان لە لایەن کۆمەڵگەوە دروست دەبن نەک لە نایەکسانییە سروشتییەکانەوە. بۆ نموونە، تێستەکانی IQ و فۆرمەکانی تری هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی بە قەد ئاماژەکردن بە توانای سروشتی ڕەنگدانەوەی باکگراوندی کۆمەڵایەتی و سیستەمی باش و کارای فێرکردنن.

هەروەها دەکرێ یەکسانی دەرەنجام لە سەر ئەو بنەمایە بسەلمێنرێت کە پێشە داواکارییەکە بۆ مسۆگەرکردنی ئازادی تاک. بە لای تاکەکانەوە، ئاستێکی خۆشی مادی گرینگە گەر خەڵک بەرەو ژیانێکی شایستە و تێر سەر هەڵبگرن، بێگومان هەر یەک لە ئێمە چاوەڕێی ئەو شتە دەکەین. ڕۆسۆ ترسی لەوە هەبوو کە نایەکسانی مادی دەبێتە هۆی کۆیلایەتی هەژاران و بێ بەشیان دەکات لە ئۆتۆنۆمی ڕۆشنبیری و ئەخلاقی. لە هەمان کاتدا، نایەکسانی دەوڵەمەندان گەندەڵ دەکات، وایان لێ دەکات خۆپەرست و بێ کەڵک بن. سەرەڕای ئەوەش، ئاستێکی بەرزی یەکسانی کۆمەڵایەتی هەندێ جار بە گرینگ دادەنرێت بۆ سازان و سەقامگیری کۆمەڵایەتی. لە کتێبەکەی بە ناوی "یەکسانی، ١٩٣١ و ١٩٦٩ چاپ و بڵاو کراوەتەوە" ئارِ هێچ تاونی باسی ئەوە دەکات کە یەکسانی کۆمەڵایەتی بناغەیەکی کردەیی دروست دەکات بۆ کولتووری گشتی، بناغەیەک بونیات بنرێت لە سەر بنچینەی یەکگرتنی هێزی هاوڵاتیان. بە پێچەوانەوە، تاونی ڕەخنەی لە یەکسانی هەل گرت گوایە "بەچکە فەلسەفەیەکە" : tadpolephilosophy هەموو لە هەمان پێگە دەست پێ دەکەن بەڵام جێ دەهێڵرێن بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی لە بازاڕ ڕوودەدەن. هەندێ سەردەکەون و گەلێکیشیان ژێر دەکەون. جیلەکانی هزرمەندە سۆشیالیستەکان یەکسانی کۆمەڵایەتی بە بنەمای هاوکاری ڕاستەوخۆ و کۆمەڵگەیەکی ڕاستەقینە دەزانن.

بەڵام، ڕەخنەگران ئاماژە بەوە دەکەن کە یەکسانی دەرەنجام دەبێتە هۆی نادادوەری و دواکەوتن و دواجار زوڵم و ستەم. دواکەوتن ئەنجامی ئەو واقیعەیە کە فەزایە کۆمەڵایەتییەکان لە خزمەتی ئارەزووەکان و خەیاڵەکان دان و ئەو پاڵنەرە بۆ پڕۆژە و هەوڵ و کۆشش لە ناو دەبەن. تا ئەو ڕادەیەی کە کۆمەڵگە هەنگاو دەنێت بۆ ئامانجی یەکسانی کۆمەڵایەتی، دەبێ نرخێکی زۆریش بدات لە ڕووی نەزۆکی و هەست بە کەمی کردن. نرخی ئابووری یەکسانی کەمتر دەوەستێنرێت تا نرخی ئەخلاقی کە دەبێ بدرێت. ئەمە وانەیەکە (هزرمەندانی نیو ڕایت وەک فرێدریک هایک و کیس جۆزیف) زۆر دەیان وتەوە. بە بۆچوونی ئەوان، بنەمای سۆشیالیستی یەکسانی دەوەستێتە سەر شتێک زیاتر لە ئیرەیی کۆمەڵایەتی، ئەو خواستەی کە دەوڵەمەند دەمێکە هەیەتی. ئەو سیاسەتەی مەبەستی پێشخستنی یەکسانییە بە هۆی دابەشکردنەوەی سامان دەوڵەمەندان دەڕووتێنێتەوە تا پارە بدەن بە هەژاران. هایک دەڵێ واقیعە سادەکە ئەوەیە کە خەڵک زۆر جیاوازن، ئارەزوو و بەهرە و پێگەی جیاوازیان هەیە، بۆیە مامەڵەکردن لەگەڵیان بە یەکسانی دەبێ ئەنجامەکەی نایەکسانی بێت. ئەوە بوو کە جۆزیف بەو هاودژییە وەسفی کرد کە دەکەوێتە نێو جەرگەی چەمکی یەکسانی. هەروەک ئەرستۆ دەڵێت، نادادوەری هەر تەنیا سەرهەڵنادات کاتێ یەکسانەکان بە نایەکسانی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت بگرە کاتێ کە نایەکسانەکانیش بە یەکسانی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.

ڕەنگە واقیعێکی تاڵ بێت، بەڵام هەموو کەسێک ناتوانێت بە هەمان خێرایی ڕا بکات، هەندێ خێراترن و هەندێکیش بەهێزترن و هەندێکی دیکەش لە داهاتوو وزەیان زۆرتر دەبێت. یەکسانی دەرەنجام بە ئەنجامێکی ناسروشتی بەدی دەکرێت کە تەنیا بە هۆی دەستێوەردان و پێشێلکردنی هەر بیرۆکەیەکی پێشبڕکێی یەکسان بە دەست دەهێنرێت. ڕاکەرە خێراترەکان دەبێ پەکیان بکەوێت، دوورتر ڕا بکەن لە چاو ڕاکەرە هێواشەکان، لە پاش ئەوان دەست پێ بکەن و یانیش ناچار بکرێن بە سەر چەندین بەربەستدا باز بدەن. بە کورتی، بەهرە سزا دەدرێت و ئەنجامێکی یەکسان بە دەست دەهێنرێت بە هۆی پرۆسەی تەختکردنی بەهرەکان. بە شێوەیەکی

گشتی بەدەستهێنانی یەکسانی دەرەنجام پێویستی بە سیستەمێکی بەهێزی قۆرخکردن هەیە، زۆرجار پێی دەوترێت ئەندازەی کۆمەڵایەتی. بۆیە یەکسانی جێبەجێ دەکرێت لە سەر حیسابی ئازادی تاک. لە بەر هەندێ نیو ڕایت بەو هەڕەشەیە وەسفی یەکسانیزم دەکات، مشتومڕی ئەوە دەکات کە یەکسانی هەمیشە زۆری دابەشبوون و جیاکاری و زۆری لێکردنی لەگەڵە. بە بۆچوونی ئەوان، بۆ نموونە، شتێکی ڕێکەوت نییە کە جەنگاوەرانی یەکسانیزمی شۆڕشی کولتووری بووە هۆی ئاژاوە و سەقەت بوونی کۆمەڵگە و مردنی ٤٠٠٠٠٠ کەس.

## دادوەری کۆمەڵایەتی Social justice

زاراوەی "دادوەری کۆمەڵایەتی" کەوتووەتە ژێر گفتوگۆو و دەمەتەقێی سیاسی. بە ڕای هەندێک، زاراوەکە بەستراوەتەوە بە یەکسانیزم و وەک کۆدێک کار دەکات بۆ یەکسانی. لە ئەنجامدا، مافی سیاسی پاشەکشە دەکات لە بەکارهێنانی زاراوەکە، جگە لە بە کارهێنانێکی نێگەتیڤ یا پڕ لە گومان. بۆ نموونە، هایک دادوەری کۆمەڵایەتی بە وشەیەکی بە منگە منگ دەزانێت WEASEL WORD، زاراوەیەکە بە ئەنقەست بەکاردەهێنرێت بۆ دەسخەرۆ کردن و شاردنەوەی مانای ڕاستەقینەی شتێک. بە بۆچوونی ئەوان، دادوەری کۆمەڵایەتی وەک سەعاتێک وایە بۆ گەشەی کۆنترۆڵی دەوڵەت و دەستێوەردانی حکوومەت. لە لایەکی دیکەوە، هزرمەندە سۆشیەل دیموکراتەکان و لیبراڵە مۆدێرنەکان باشتر مامەڵە لەگەڵ دادوەری کۆمەڵایەتی دەکەن، پێیان وایە زاراوەکە دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵدان بۆ بووژاندنەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی بە گوێرەی بنەما ئەخلاقییەکان، هەوڵی ڕاستکردنەوەی دادوەری کۆمەڵایەتی. بەڵام، هیچ لینکێکی پێویست نییە، چ سیاسی چ لۆژیکی، لە نێوان دادوەری کۆمەڵایەتی و ئایدییەکانی یەکسانی و کۆنترۆڵی دەوڵەت. هەروەک دواتر ڕوونتر دەبێتەوە، هەموو تیۆرەکانی دادوەری کۆمەڵایەتی دەتوانرێت بەکار بهێنرێت بۆ سەلماندنی یەکسانی، هەروەها هەندێ بە قووڵی نایەکسانن.

چەمکێکی جیاکراوەی دادوەری کۆمەڵایەتی، دژی میسالیەتە کۆنەکەی دادوەری دەوەستێتەوە، یەکەم جار سەری هەڵدا لە سەرەتای سەدەی نۆزدە. زاراوەکە



کۆمەڵایەتییە لەو ڕوانگەی وابەستە نییە بە سزا یاساییەکان. بۆیە دادوەری کۆمەڵایەتی وەستاوە بۆ دابەشکردنێکی ئەخلاقی سوود و پاداشتەکان لە نێو کۆمەڵگە، هەڵدەسەنگێنرێت لە ڕووی مووچە و قازانج و نیشتەجێبوون و چاودێری پزیشکی و سوودەکانی خۆشگوزەرانی و تا دوایی. بۆیە دادوەری کۆمەڵایەتی لە سەر ئەوەیە " کێ دەبێ چی بە دەست بێنێت؟". بۆ نموونە، کەی جیاوازییەکان لە دەرامەت ئەوەندە زۆر دەبن، بگاتە ئەو ئاستەی وەک نادادوەرانە سەرکۆنە بکرێت؟ یاخۆ، لە سەر ئاستێکی جیهانی، هیچ بنەمایەک هەیە بۆ مشتومڕکردنی ئەوەی کە دابەشبوونێکی نایەکسانی سامان لە نێوان سەرکەوتن و پیشەسازی باکوور و پێشکەوتنی باشوور شتێکی نەمرە؟ بەڵام، بە بۆچوونی هەندێ ژێدەر، بیرۆکەی دادوەری کۆمەڵایەتی بە هەڵەدا چووە.مشتومڕی ئەوە دەکەن کە دابەشکردنی سوودە مادییەکان هیچ پێوەندییەکی بە بنەما ئەخلاقییەکان نییە وەک دادوەری، بەڵام دەکرێ هەڵبسەنگێنرێت لە ڕووی پێوەری ئابووری وەک لێهاتوویی و گەشەسەندن. ڕای هایک دژی زاراوەکە دەکرێ شی بکرێتەوە بە هۆی باوەڕەکەی کە دادوەری تەنیا لە ڕووی ڕەچاوکردنی تاکەوە هەڵدەسەنگێنرێت، لە هەر حاڵەتێکدا بنەما گشتییەکانی کۆمەڵایەتی هیچ مانایان نییە.

لەگەڵ ئەوەشدا، زۆربەی خەڵک ئامادە نین دابەشبوونی مادی کەم بکەنەوە بۆ ئابووری، لە ڕاستیشدا گەلێ مشتومڕی ئەوە دەکەن کە ئەمە گرینگترین بوارە تیایدا دەبێ دادوەری بە ئەنجامدراوی بەدی بکرێت. بەڵام، کێشەکە ئەوەیە کە هزرمەندە سیاسییەکان بە دەگمەن کۆکن لە سەر ئەوەی چ دابەشکردنێکی پاداشتە مادییەکان دادوەرانەیە. وەک خودی دادوەری، دادوەری کۆمەڵایەتی چەمکێکی هاودژە (پڕە لە تەناقوز) هیچ بیرۆکەیەک نییە لە تەواوی جیهاندا لە سەری کۆک بن لە سەر دادوەری کۆمەڵایەتی. لە کتێبەکەی بە ناوی "دادوەری کۆمەڵایەتی، ١٩٧٦" دەیڤد میلەر پەسەندی ئەوە دەکات کە چەمکەکە پڕە لە تەناقوزات و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ڕێژەییە، بەڵام هەوڵی ناساندنی ژمارەیەک بنەمای هاودژی دادوەری داوە. ئەم سێ شتە هەیە: هەریەکە و بە گوێرەی پێداویستییەکەی، هەریەکە و بە گوێرەی مافەکەی، هەریەکە و بە گوێرەی شایەنیەتی.

## بەپێی پێداویستییەکان According to needs

ئەو ئایدیەی کە سوودە مادییەکان دەبێ لە سەر بنچینەی پێداویستی دابەش بکرێن بە شێوییەکی گشتی لە لایەن هزرمەندە کۆمەڵایەتییەکانەوە پێشنیاز کراوە، هەروەها هەندێ جار بە تیۆری کۆمەڵایەتی دادوەری دادەنرێت. بە ناوبانگترین دەربڕینەکەی لە کتێبەکەی مارکس بەدی دەکرێت بە ناوی " ڕەخنەی بەرنامەی گۆتا، ١٨٧٥و ١٩٦٨ چاپ و بڵاو کراوەتەوە"، تیایدا کارل مارکس ڕایدەگەیەنێت کە: کۆمەڵگەیەکی پڕ لە پابەندبوون ئەم هاوکێشەیە لە سەر ئاڵاکەی دەنەخشێنێت " هەریەکە بە پێی توانای خۆی، هەریەکە و بە پێی پێداویستی خۆی". بەڵام، هەڵەیەکی گەورەیە مەفهومە سۆشیالیستەکانی دادوەری کۆمەڵایەتی بۆ تیۆرێکی سادەی تێربوونی پێداویستییەکان کورت بکەینەوە. بۆ نموونە، مارکس خۆی جیاوازی کرد لە نێوان ئەو بنەما دابەشکارییەی کە گونجاوە بۆ کۆمەنیزم و ئەوەشی کە دەبێ لە کۆمەڵگەی کاتی سۆشیالیست بە کار ببرێت. مارکس پەسەندی ئەوەی کرد کە پیادە سەرمایەدارییەکان ناتوانرێت بە شەوێک لە ناو ببرێن، بۆیە گەلێکیان، وەک پاڵنەرە مادییەکان، لە کۆمەڵگەی سۆشیالیستدا لەنگەریان گرتووە. بۆیە درکی بەوە کرد کە لە ژێر سۆشیالیزمدا کرێکار پارەی پێ دەدرێت بە گوێرەی کارکردنی خودی کرێکارەکە و دەشگۆڕێت بە پێی توانای ئەقڵی و جەستەیی کرێکارەکە. لە کردەدا، بە بۆچوونی مارکس، بنەمای سۆشیالیستی دادوەری دەچێتە پاڵ "هەریەکە و بە پێی کارەکەی". دەکرێ بڵێین پێوەری پێداویستی بنەمای دادوەری کۆمەنیستە چونکە، بە ڕای مارکس، پێوەری پێداویستی گونجاوە تەنیا بۆ کۆمەڵگەیەکی ئایندەیی و ئەو کۆمەڵگە مادیانەش کە پرسیار لە دابەشکردنی سامان دەکەن.

پێداویستییەکان needs جیاوازن لە ویست wants و خواستەکان preferences. پێداویستی واتە پێویستییەک داوای تێربوون دەکات، خۆزگەیەک یان خەیاڵێک نییە. لە بەر هەندێ، زۆرجار پێداویستییەکان بە بنەڕەتی مرۆڤ دادەنرێن، تێربوون و قایل بوونی مرۆڤەکان بەردی بناغەی ژیانێکی تەواوی مرۆڤە. ویستەکان wants مەسەلەیەکە وابەستەیە بە حوکم و بڕیاری شەخسییەوە، بە هۆی هۆکارە کولتووری و کۆمەلایەتییەکان دروست نابن، لە کاتێکدا پێداویستییەکانی مرۆڤ مەسەلەیەکی



جیهانی و بابەتین، بۆ هەموو خەڵکێک وەک یەکە بێ ڕەچاو کردنی گێندەر و نەتەوایەتی و ئاین و باکگراوندی کۆمەڵایەتی و تا دوایی. سەرنجی تیۆری پێداویستییەکانی دادوەری کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە باسی بنەڕەتیترین داواکارییەکانی مرۆڤ دەکات. ئەم جۆرە تیۆرە وەک فەرمانێکی ئەخلاقی پەسەند دەکرێت کە هەموو خەڵک دەبێ لە ڕووی پێداویستییەکانەوە تێر بن، چونکە بە بێ ئەو پێداویستییانە وجوودی مرۆڤ مەحاڵ دەبێت. بۆ نموونە، هەوڵەکان بۆ ناساندنی مافەکانی مرۆڤ زۆرجار پشت ڕاستن بە بیرۆکەی پێداویستییە بنەڕەتییەکان. یەکێک لە هەوڵە هەرە کاریگەرەکان بۆ ناساندنی ئەو پێداویستییانە لە لایەن دەروونزان ئەبراهام ماسلۆ (١٩٠٨–٧٠) دراوە، پێشنیازی کرد " هەرەمەکییەک لە "پێداویستییەکاندا" هەیە. بنەڕەتیترین پێداویستییەکان دەروونین وەک برسیەتی و نوستن، پاش ئەمانە پێداویستی سەلامەتی و خۆشەویستی و دوای ئەمانەش پێداویستی شکۆمەندی خود دێت، دواجاریش پێدوایستییەکە کە ماسلۆ ناوی لێ دەنێت " ڕاستەقینەیی خود، "self-actualization". لە کتێبەکەی بە ناوی " تیۆری پێداویستی مرۆڤ، ١٩٩١" لین دۆیال و ئیان گاف تەندروستی جەستەیی و ئۆتۆنۆمی بە پێداویستی بابەتی و گەردوونی دەزانن، دەڵێن ئەمانە پێشە مەرجی جەوهەرین بۆ بەشداریکردن لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا.

هەر تیۆرێکی پێداویستی دادوەری کۆمەڵایەتی دەرەنجامی یەکسانی لێ دەکەوێتەوە. گەر پێدوایستییەکان لە سەرانسەری جیهاندا وەک یەک بن، ئەوا سەرچاوە مادییەکان دەبێ دابەش بکرێن بۆ تێرکردنی، بە لایەنی کەم، پێداویستییە بنەڕەتییەکانی هەر کەسێک. بێگومان، ئەمەش مانای ئەوەیە کە هەر کەسێک دەبێ خواردن و ئاو و پەناگەیەک و تەندروستی باش و ئاسایشی کەسی هەر هەبێت. سەرچاوەکان بێ کۆتان و لە هەژمار نایەن، ئەی بۆچی خەڵکی لە هەر کوێیەکی ئەم جیهانە دەژین برسی و تێنوو و ئاوارە و نەخۆش دەبن یا بە ترسەوە دەژین. پێوەری پێداویستی ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوانەی بە خۆشی دەژین لە ڕۆژئاوا پابەندبوونێکی ئەخلاقییان هەیە بۆ ڕزگارکردنی خەڵکی تر لە بەشەکانی تری جیهان لە ئازار و قات و قڕی و برسیەتی. بە هەقیقەت، ئەمە پێشنیازی خاڵێکی ڕوون دەکات بۆ

دابەشکردنەوەی سامان لە هەموو جیهاندا. بە هەمان شێوە، کارێکی نادادوەرانەیە چاودێری دوو نەخۆش بکەیت بە نایەکسانی. دابەشکردن بە پێی پێداویستی ئاماژە بە دابینکردنی گشتی خزمەتەکانی خۆشگوزەرانی دەکات، ئازادە لە خاڵی پێشکەشکردن، نەک ئاماژە بە هەر سیستەمێکی دابینکردنی تایبەت بکات کە ئەو توانایە دەخاتە بەرچاو بۆ پارە دان. لەگەڵ ئەوەشدا، تیۆری پێداویستی دادوەری لە هەموو کەیسەکاندا نابێتە هۆی دابەشکردنێکی یەکسانی سەرچاوەکان چونکە خودی پێداویستییەکان هەندێ جار نایەکسانن. بۆ نموونە، گەر پێداویستی پێوەرێک بێت، تاکە بنەڕت بۆ دابەشکردنی چاودێری تەندروستی تەندروستێکی خراپە. نەخۆشەکان دەبێ ڕێژەیەکی زۆرتر وەرگرن لە سەرچاوە نەتەوەییەکان لە چاو یەکێکی تەندروست باش، تەنیا لە بەرئەوەی نەخۆشن.

بەڵام، دابەشکردن بە گوێرەی پێداویستییەکانی مرۆڤ دووچاری هێرشێکی توند دەبنەوە، چونکە پێداویستییەکان وا بە ئاسانی پێناسە ناکرێن. هزرمەندە پارێزکار و هەندێ جار لیبرالەکانیش ڕەخنە لە چەمکی "پێداویستییەکان" دەگرن لە سەر بنچینەی ئەوەی کە پۆلینێکی ئەبستراکت و میتافیزیکیە، بە دەرن لە ئارەزوو و ڕەفتارەکانی خەڵکی ڕاستەقینە. مشتومڕی ئەوە دەکەن کە تەرخانکردنی سەرچاوەکان دەبێ وەڵامی خواستەکان بدەنەوە کە تاکەکان لە ڕێگەی ڕەفتاری بازاڕەوە دەری دەبڕن. هەروەها ئاماژەش بەوە کراوە گەر پێداویستییەکان بوونیان هەبێت ئەوا،بە هەقیقەت، مەرجدار کراون بە هۆی دەقی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و کولتووری کە لێیەوە هەڵقولاون. گەر ئەمە ڕاست بێت، بیرۆکەی پێداویستییە گەردوونییەکانی مرۆڤ وەک ئایدیەی مافە گەردوونییەکانی مرۆڤ قسەی قۆڕ و بێ مانان. خەڵکی لە بەشی جیا جیای ئەم جیهانەدا، خەڵک لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی جیا جیادا پێگەیشتوون، ڕەنگە پێداویستی ئەو خەڵکانە جیا بن. لە کۆتاییدا، ئەو ئایدیەی کە پێداویستییەکانی کەسێک فەرمانێکی ئەخلاقی بە سەر ئەوی تردا دەسەپێنێت، هانی دەدات سوودە مادییەکان بقۆزێتەوە، دەوەستێتە سەر لێکدانەوە تایبەتە فەلسەفی و ئەخلاقییەکان. ڕوونترین ئەو لێکدانەوانەش ئەوەیە کە مرۆڤ بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی هەیە بۆ یەکتر، باوەڕێکە ئاسایی دەبەسترێتەوە بە



بیرۆکەی مرۆڤایەتی گشتی. ئەمە باوەڕێکی بنەڕەتییە بۆ سۆشیالیزم و لەوانەشە بۆ ئاینە سەرەکییەکانی جیهانیش بن، شتێکی نامۆیە بە ڕای گەلێ پارێزکارەکان و لیبرالە کلاسیکەکان، کە مرۆڤ بە بوونەوەرێک دەزانن تەنیا خۆی هەوڵ و کۆشش دەدات بۆ خودی خۆی.

هەرچەندە ئایدییەکانی پێداویستی و یەکسانی زۆرجار دەست بۆ دەست گوازراونەتەوە، تیۆرەکانی یەکسانی مۆدێرن هەندێ جار فەزایەکی فراوانتر بۆ مشتومڕ والا دەکەن. کاریگەرترینیان کتێبەکەی ڕاوڵزە بە ناوی "تیۆری کۆمەڵایەتی، ١٩٧١" یارمەتی دروستکردنی چەمکە دیموکرات سۆشیالەکان و لیبرالە مۆدێرنەکانی دادوەری کۆمەڵایەتی دەدەن. هەرچەندە تیۆریستێکی بواری پێداوستی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕاوڵز باسی بیرۆکەیەکی ئالیەتی پێداویستییەکان دەکات لە ئایدیەکەی لە سەر کالا سەرەکییەکان. بە ئالیەتی جیهانی ناو زەند دەکرێن بۆ پاراستنی مرۆڤ. پرسیاری دادوەری کۆمەڵایەتی بایەخ بەوە دەدات چۆن ئەو کالا سەرەکییانە، یاخۆ بڵێین پێداویستی و سەرچاوەکان دابەش دەکرێن. ڕاوڵز پێشنیازی تیۆری "دادوەری وەک یەکسانی" دەکات. ئەمەش دەوەستێتە سەر بوونی دوو بنەما:

١– هەر تاکە کەسێک مافی یەکسانی هەیە بە پێی ئەوپەڕی ئەو ئازادییەی کە سازاوە لەگەڵ هەمان ئازادی بۆ ئەوانی تر.

٢– نایەکسانییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان ڕێک دەخرێن بە گوێرەی:

– زۆرترین سوود بۆ کەمترین سوودمەند.

– بە پێی وابەستە بوون بە مەنسەب و ئۆفیسەکان کە کراوەن بۆ هەمووان لە ژێر هەلومەرجی هەلی یەکساندا.

یەکەم بنەما ڕەنگدانەوەی پابەندبوونێکی لیبرالی نەریتییە بۆ یەکسانی فەرمی، دووەمیان پێی دەوترێت بنەمای جیاوازی ئاماژەیە بە پێوەری گرینگی یەکسانی کۆمەڵایەتی. بەڵام، ئەمە بە هیچ شێوەیەک یەکسانی ڕەهای کۆمەڵایەتی ناسەلمێنێت. ڕاوڵز بە تەواوی درکی بە گرینگی نایەکسانی مادی کردووە وەک پاڵنەرێکی ئابووری. لەگەڵ ئەوەشدا، لێکدانەوەیەکی گرینگ دەکات لە بەرژەوەندی یەکسانی،

تیایدا سوور دەبێت لە سەر ئەوەی کە نایەکسانییە مادییەکان تەنیا ئەو کاتە دەسەلمێنرێن کە کەمتر کار دەکەن بۆ دەوڵەمەندان. ئەمە پێگەیەکە دەسازێت لەگەڵ ئابووری بازاڕ تیایدا سامان دابەش دەکرێت لە ڕێگەی سیستەمی باج و خۆشگوزەرانی تا ئەو خاڵەی کە ئەمە دەبێتە سستییەک بۆ پڕۆژە و ناسوودمەندەکان تەنانەت هەژارانیش. بەڵام، یەکسانیزمی ڕاوڵ دەوەستێتە سەر جۆرێک لە تیۆری گرێبەندی کۆمەڵایەتی نەک هەڵسەنگاندنی پێداویستییە بابەتییەکانی مرۆڤ. دۆخێکی فەرەزی دێنێتە پێش چاو تیایدا خەڵک، بێ بەشن لە مەعریفە سەرەڕای بەهرەو توانای خۆیان، ڕووبەڕووی ئیختیارێک دەبنەوە لە نێوان بژین لە نێو کۆمەڵگەیەکی یەکساندا یاخۆ لە کۆمەڵگەیەکی نایەکساندا. بە بۆچوونی ڕاوڵز، خەڵکی هەمیشە ئیختیاریان هەیە بۆ شێوەی ژیانیان یان لە نێو کۆمەڵگەیەکی یەکساندا بژین چونکە، هەرچەند هەلی دەوڵەمەند بوون زەحمەت بێت، هەرگیز دژی ئەو ترسە ناوەستێتەوە خەڵک هەیەتی لە هەژار بوون یان نەهامەتی. بۆیە ڕاوڵز بە لێکدانەوەی لیبرالی نەریتی دەست پێ دەکات دەربارەی سروشتی مرۆڤ، پێی وایە تاکەکان بە شێوەیەکی ئەقلانی بەرژەوەندی خۆیان دەوێت، بەڵام دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە خەڵک دابەشکردنێکی فراوانی سامان بە یەکسانی بە کارێکی عادلانە دەزانن.

### جۆن ڕاوڵز (١٩٢١- )

فەیلەسووفێکی ئەکادیمی سیاسی ئەمریکییە. کارە سەرەکییەکەی "تیۆری دادوەری، ١٩٧١"، لەوەتەی جەنگی جیهانی دووەمەوە بە گرینگترین کار دادەنرێت لە سەر فەلسەفەی سیاسی بە ئینگلیزی نووسرا بێت. کاریگەری هەبوو لە سەر لیبرالە مۆدێرنەکان و سۆشیەل دیموکراتەکان، هەروەها هەندێ جار وا حیسابی بۆ دەکرێت کە تیۆری پێوەری سیاسی دووبارە داڕشتووەتەوە.

ڕاوڵز گرێبەندی کۆمەڵایەتی وەک ئالیەتێک بەکار هێنا بۆ پێشخستنی تیۆرێکی ئەخلاقی کە بەدیلێک دەنوێنێت بۆ یوتیلیتاریانیزم. تیۆرەکەی "دادوەری وەک یەکسانی" دەوەستێتە سەر ئەو بنەمایانەی کە پێی وابوو خەڵک پشتگیری دەکەن گەر پشتگوێ خستن ئەوان نەگرێتەوە کە بێ بەشیان دەکات لە مەعریفەی دۆخ و پێگەی کۆمەڵایەتییان. پێشنیازی ئەوەی کرد کە نایەکسانی کۆمەڵایەتی تەنیا ئەو



کاتە دەسەلمێنرێت گەر کار بکات بۆ سوودی کەمترین دەوڵەمەند (واتە بۆ سوودی زۆرترین هەژار). لێکدانەوەی یەکسانی ڕەگی داکوتاوە لەو باوەڕەی کە خەڵکی هاریکاری یەکتر دەکەن بۆ سوود و قازانجی هاوبەش، بۆیە خەڵک دەبێ یەک قسەی یەکسانیان هەبێت بۆ بەرهەمەکانی هاریکارییەکەیان و نابێ لە ئەنجامی هۆکارەکان سزا بدرێن وەک گێندەر و ڕەگەز و میراتی جینی کە بە سەر ئەو شتانەوە هیچ کۆنترۆڵێکیان نییە. دووبارە دابەشکردنەوە و خۆشگوزەرانی یەکسانن چونکە بە تەواوی پابەندن بەو شتەی کە پێی دەوترێت یەکسان. ڕاوڵز گەشەی بە هەمان سەلماندن دا بۆ بنەماکانی ئازادی یەکسان و یەکسانی هەل. لە کتێبەکەی بە ناوی " لیبرالیزمی سیاسی، ١٩٩٣" لێکدانەوە و تێڕامانی پێچەوانەی گەردوونی لە سەر کارەکەی گۆڕی.

## بەگوێرەی مافەکان

کۆتایی سەدەی بیستەم بەرسڤی باڵی ڕاستی بە خۆوە بینی دژی ئەو لێشاوی چوونە بەرەو یەکسانیزم و خۆشگوزەرانی و دەستێوەردانی دەوڵەت. تیۆرەکانی نیو ڕایت، وەک ئەوانەی لە لایەن ڕۆبێرت نۆزیک خراوەتە ڕوو لە کتێبەکەی بە ناوی "ئاژاوە و دەوڵەت و یوتۆپیا، ١٩٧٤"، بنەما پێداویستییەکانی دادوەری و هەر لێکدانەوەیەک لە پێناو یەکسانی ڕەت کردەوە. لە بری ئەوە، پێشەنگی بنەمایەکی دادوەریان کرد کە پشتڕاست بوو بە ئایدیەی مافەکان و پابەندبوونەکان. بە ئەنجامدانی ئەم کارەش، نیو ڕایت پشت ئەستوور بوو بە نەریتی هزری دابەشکردن کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەفلاتوون و ئەرستۆ، پێشنیازی ئەوە دەکات سوودە مادییەکان دەبێ وابەستە بن بە شایەنی کەسی. ئەمەش بەردی بناغەی چەمکی لیبرالی کلاسیکی دادوەری کۆمەڵایەتی بوو، پشتگیری لێ کرا لە لایەن نووسەرانی وەک جۆن لۆک و دەیڤد هەم. دادوەری وەک چەمکی پێداویستییەکان بناغەیەک دابین دەکات بۆ بنەمایەکی سۆشیالیستی دادوەری، وەک مافەکان خزمەتی کردووە وەک بنەمایەک بۆ بنەمای لیبرالی دادوەری.

مافەکان پابەندبوونی ئەخلاقین بۆ کارکردن یان مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت بە ڕێگایەکی تایبەتی. بەڵام، لە تیۆری دابەشکردندا مافەکان بەو پابەندبوونانە دادەنرێن کە بە جۆرێک لە ڕێگەی کۆششی زۆر و پیادەکردنی بەهرە و تواناکانەوە بە



گۆران سەباح (٣١)

دەست دەهێنرێن. بۆ نموونە ئەمە دەکرێ لە باوەڕی لیبرالی کلاسیکدا بەدی بکرێت کە مافی خاوەنیەتی موڵک دەوەستێتە سەر مەسرەفی کرێکارەکە. ئەوانەی کە زۆر کار دەکەن بەرپرسیارن لە دەوڵەمەند بوون و ئەو سامانەی بە دەستی دێنن. لەو ڕووەشەوە، تیۆری مافەکان زۆر بایەخ نادەن بە دەرەنجامەکان، چونکە دەڵێن چۆن ئەو دەرەنجامە بە دەست دەهێنرێت. تیۆرەکانی ماف دەوەستنە سەر تیۆری دادوەری بەرجەستە چونکە جەخت دەکەنە سەر دەرەنجامەکان، نەک لە سەر ئەوەی چۆن ئەو دەرەنجامانە بە دەست دەهێنرێن. تیۆرەکانی ماف تا ڕادەیەک بە نەبوونی یەکسانی دادەنرێت تا نایەکسانی: نە پشتگیری یەکسانی نە نایەکسانیش دەکەن. بە پێی ئەم بۆچوونە، نایەکسانی مادی تەنیا بە دەست دەهێنرێت گەر بەهرە و ئامادەیی بۆ کارکردن بە نایەکسانی دابەش بکرێن لە نێو مرۆڤدا. ئەمە دژی تیۆری دادوەری ڕاوڵز دوەستێتەوە، کە دەرەنجامی فراوانی یەکسانی تیایە بۆ چوونە بنج و بنەوانی بنەما سەرەکییەکان.

کاریگەرترین تیۆری مۆدێرنی دادوەری لە سەر مافەکان تیۆرەکەی (ڕۆبێرت نۆزیک)ە، زۆرجار بە وەڵامێک دادەنرێت بۆ تیۆرەکانی ڕاوڵز. نۆزیک جیاوازی کرد لە نێوان بنەما مێژوییەکانی دادوەری و بنەما دۆخە کۆتاییەکاندا. بنەما مێژووییەکان پەیوەستە بە دۆخەکانی ڕابردوو یان ئەو کردارە مێژووییانەی کە بەرپرسیاریەتی جیا جیایان دروست کردووە. بە بۆچوونی ئەو، بنەما دۆخە کۆتاییەکان وەک یەکسانی کۆمەڵایەتی و پێداویستییەکانی مرۆڤ هیچ پێوەندی بە دابەشکردنی پاداشتەوە نییە. ئامانجی نۆزیک ناساندنی کۆمەڵێک بنەمای مێژووییە لە ڕێگەیانەوە دەتوانین سووربین گەر دابەشکردنێکی تایبەتی سامان دادوەرانەیە یان نا. پێشنیازی سێیاسای کرد بۆ پاراستنی دادوەری. یەکەمیان، پێش هەموو شتێک سامان دەبێ دادوەرانە بە دەست بهێنرێت، واتە، نابێ لە ڕێگەی دزییەوە پەیدا بکرێت و ناشبێ مافی ئەوانی تر بخرێتە پەراوێزەوە، واتە لە سەر حیسابی ئەوانی تر نەبێت. دووەمیان، سامان دەبێ دادوەرانە لە یەکێکی بەرپرسەوە بگوازرێتەوە بۆ یەکێکی تر. سێیەمیان، گەر سامان بە ناعادیلانە و دادوەرانە بە دەست بهێنرێت و بگوازرێتەوە، ئەوا دەبێ ئەو نادادوەرییە ڕاست بکرێتەوە.



ئەم یاسایەنە دەکرێ بەڕوونی بەکار بهێنرێن بۆ سەلماندنی نایەکسانییەکان لە دابەشکردنی سامان و پاداشتەکان. نۆزیک بە تەواوی ئەو ئایدیە ڕەت دەکاتەوە کە بنەمایەکی ئەخلاقی هەیە بۆ دابەشکردنەوەی سامان بە ناوی یەکسانی یاخۆ دادوەری کۆمەڵایەتی، زاراوەیەکە بە گشتی پڕە لە گومان. گەر سامان لە دەوڵەمەندەوە بگوازرێتەوە بۆ هەژاران، چ لە نێو کۆمەڵگەیەک یان لە نێو چەند کۆمەڵگەیەکەوە، ئەوا تەنیا کارێکی خێرخوازییە، لە لایەن ئیختیارێکی شەخسییەوە ئەنجام دەدرێت نەک پابەندبوونێکی ئەخلاقی. لە لایەکی دیکەوە، سێیەم بنەمای نۆزیک، پێی دەوترێت بنەمای ڕاستکردنەوە، دەیتوانی بە شێوەیەکی کاریگەر دەرەنجامی یەکسانی لێ بکەوێتەوە، بە تایبەتی گەر بنەڕەتی سامانی شەخسی سەرچاوەی لە دزی و گەندەڵییەوە گرتبێت. بۆ نموونە، دابەشکردنی سامانی جیهانیش دەخاتە ژێر پرسیارەوە بە هۆی تیشک خستنە سەر ئەو بەشە سامانەی ڕۆژئاوای پیشەسازی کە لە داگیرکردن و تالان و کۆیلایەتییەوە سەرچاوەی گرتووە لە ئەفریقیا و ئاسیا و ئەمریکای لاتین.

لەگەڵ ئەوەشدا، ژمارەیەک نارەزایی هەیە بۆ تیۆری مافەکان. بۆ نموونە، هەر تیۆرێکی ئیجرائی دادوەری ناچار کراوە حیساب بۆ مەرجە دۆخە کۆتاییەکان نەکات. لە کردەدا، ڕەنگە ئەمە مانای ئەوە بێت کە ئەو بارودۆخانەی مرۆڤ تیایدا دەناڵێنێت بە دادوەرانە و عادیلانە دابنرێن. کۆمەڵگەیەکی دادوەرانە ڕەنگە ئەو کۆمەڵگەیە بێت تیایدا خەڵکێکی زۆر بێکار وماڵوێران و لە برسان مردوو بن، کەمێکیش لە ژیانێکی ئەوپەڕی خۆشیدا بژین، بێگومان ئەو سامانە بە دادوەرانە دەستەبەر کراوە و گوازراوەتەوە. وێڕای ئەمەش، هەر تیۆرێکی مێژوویی دادوەری، وەک ئەوەی نۆزیک، دەبێ شرۆڤەی ئەوە بکات چۆن مافەکان بە دەست دەهێنرێن. یەکەم هەنگاوی گرینگ لە هەوڵەکەی نۆزیک دووپاتکردنەوەی ئەوەیە کە تاکەکان بتوانن مافەکانیان بە دەست بێنن لە ڕووی سەرچاوە سروشتییەکانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا سەرناکەوێت لە خستنە ڕووی چۆنییەتی ڕوودانی ئەم کارە. نارەزاییەکی تر بۆ تیۆرەکانی مافەکانی دادوەری ئەوەیە کە ڕەگیان داکوتاوە لەو شتەی کە سی بی ماکفێرسۆن ناوی لێ نا "تاکگەرایی خۆیەتی". تاکەکان بە تاکە خاوەنی بەهرە و

تواناکانیان دادەنرێن، لە سەر ئەم بنەمایە لە ڕووی ئەخلاقییەوە پابەندن بە هەر بەرهەمێکی دروستی دەکەن لە ڕێگەی بەهرەکانیانەوە. خاڵی لاوازی ئەو بیرۆکەیە ئەوەیە کە تاک دەترازێنێت لە پێشبڕکێ کۆمەڵایەتییەکەی، بەم شێوەیە ئەو بەشدارییە پشتگوێ دەخات کە کۆمەڵگە دروستی کردووە بۆ بەهرەو تواناکانی تاک. هەندێ بەردەوام دەبن و زیاتر مشتومڕی ئەوە دەکەن کە پاشەکشەکردنی تاک بەم ڕێگایە واتە پاداشت کردنیان بە خۆپەرستی و برەودان بە ڕەفتارە خۆپەرستییەکەیان.

## بەپێی شایەنیەتی (پاداشت و سزا)

بە شێوەیەکی گشتی دوو نەریتی سەرەکی دادوەری کۆمەڵایەتی هەیە، یەکێکیان دەوەستێتە سەر پێداویستییەکان و چوون بەرەو یەکسانی، ئەوەی تریان دەوەستێتە سەر ڕەچاوکردنی سوود و چوون بەرەو لێبوردنی نایەکسانی. بەڵام، لە کردەدا تیۆرەکانی سوود وەرگرتن هەموو وەک یەک نین. ئایدیەی دابەشکردنی سوودەکان بە گوێرەی مافەکان، لە پارچەی کۆتایی ئەم بەشەدا تانوپۆ کراوە، دابەشکردن وابەستە دەکات بەو پابەندبوونانەی کە سەرچاوەی گرتووە لە کارە مێژووییەکانی وەک "کارکردن" و لە هەندێ حاڵەتدا لە نێو یاسادا دامەزراون. بێ شک لە چەندین ڕێگەوە تیۆرەکانی شایەنیەتی بە تیۆرەکانی ماف دەچن، بە تایبەتی لە ڕەتکردنەوەی هەر لێکدانەوەیەک لە بەرژەوەندی یەکسانی. لەگەڵ ئەوەشدا، ئایدیەی شایەنیەتی پێشنیازی بنەمایەکی جیاواز دەکات بۆ دابەشکردنی مادی. بیرۆکەی پێداویستییەکان بە بنەمایەکی سۆشیالیستی ناسراوە، هەروەها مافەکانیش زۆر جار لکێنراون بە تیۆرە لیبرالییەکان، لە کاتێکدا ئایدیەی شایەنیەتی بە شێوەیەکی گشتی بەکار هێنراوە لە لایەن هزرمەندە پارێزکارەکان بە مەبەستی سەلماندنی چەمکێکی ئەبستراکتی دادوەری کۆمەڵایەتی نا بگرە سەلماندنی ئەوەی بە ئایدیەکی کۆنکریتی دادوەری سروشتی دادەنێن. بەڵام، وانە ئایدیۆلۆژییەکانی تیۆرەکانی شایەنیەتی زەحمەتن بۆ شرۆڤەکردن لە بەر سروشتێکی فراوانتری خودی چەمکەکە.

شایەنیەتی بریتییە لە سزا و پاداشتی دادوەرانە، ڕەنگدانەوەی ئەوەیە کەسێک



شایەنی چییە. لەم بۆچوونە فراوانەدا، دەکرێ بوترێت، هەموو بنەماکانی دادوەری دەوەستنە سەر شایەنیەتی، خودی دادوەری شتێک زیاتر نییە لەوەی هەر کەسێک شایەنی شتێک بێت پێی بدات. بۆیە ئاساییە بیرۆکەی شایەنیەتی دادوەرانە تیۆری پێداویستییەکان و مافەکان بگرێتە خۆ. بۆ نموونە، دەکرێ بوترێت ئەوەی برسی بێت شایەنی خواردنە، بۆیە کرێکارێک شایەنی مووچەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئاساییە چەمکێکی تەسکتری شایەنیەتی باس بکرێت. ئەمە پەیوەستە بە ئایدیەی شایەنی ئەخلاقی و غەریزی، کە خەڵک دەبێ مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت بە گوێرەی سیفەتەکانی ناخی خۆیان. بۆ نموونە، ئەو تیۆرەی کە سزادان بە فۆرمێکی تۆڵە سەندنەوە دەزانێت دەوەستێتە سەر ئایدیەی شایەنیەتی چونکە تاوانبار شایەنی سزادانە نەک هەر تەنیا لە بەر کردارەکانی بگرە لەبەرئەوەی سیفەتێکی شەڕانگێزی و پیس هەیە لە نێو ناخی تاوانبارەکەدا. پارێزکارەکان سەرنجیان ڕاکێشراوە بۆ بیرۆکەی شایەنیەتی لەبەرئەوەی دادوەری دەخاتە نێو سیستەمی سروشتی شتەکان نەک ئەو بنەمایانەی خەونیان پێوە بینراوە لە لایەن فەیلەسووفان یا تیۆریستە کۆمەڵایەتییەکانەوە. پشتگیری کردنی ئەوەی دادوەری ڕەگی داکوتاوە لە سروشت، یاخۆ لە لایەن خوداوە بەخشراوەتە مرۆڤ، باوەڕکردنە بەوەی کە بنەماکانی دادوەری حەتمی و نەگۆڕن.

چەمکی دادوەری سروشتی پێشەنگی هەوڵەکانی پارێزکارییە بۆ بەرگریکردن لە بازاڕی ئازادی سەرمایەداری. ئەو تیۆریستانەی لە سەر نەریتی لیبرالدا دەنووسن، وەک لۆک و نۆزیک، چەند گفتوگۆیەکیان لیست کردووە دەربارەی مافەکانی موڵکداریەتی بۆ سەلماندنی دابەشکردنی سامان لە ڕووی ئابوورییەوە. بە پێچەوانەوە، هزرمەندە پارێزکارەکان زۆرجار دوای ئیدمۆند بێرک کەوتوون لەو خاڵەی کە سیستەمی بازاڕ بە شتێک زیاتر لە یاساکانی سروشت یاخۆ یاساکانی خوا حیساب دەکەن. هەرچەندە بێرک پێشنیازی ئەوەی کرد کە دەست لە نێو بازاڕ وەردان نەهامەتی لێ دەکەوێتەوە، هەروەها پێی وابوو کە سیستەمی حکوومەت بۆ مەرجەکانی کارکردن یا هاوکاریکردنی هەژاران دەستوەردانە لە سیستەمی دابینکردنی ئیلاهی. بەڵام گەر دابەشکردنی سامان بە سەرکەوتوویی، هەرچەند

نایەکسانیش بێت، بتوانرێت بە ڕەهەندی سروشتی شتەکان دابنرێت، ئەوا بە بۆچوونی بێرک ئەو دابەشکردنە دادوەرانەیە. هێربەرت سپێنسەر (١٨٢٩–١٩٠٤) فەیلەسووفێکی کۆمەڵایەتی بەریتانییە، تیۆرێکی دادوەری دابەشکردنی دانا کە پشت ئەستوورە بە هۆکارە سروشتییەکان. سپێنسەر بایەخی بە پێشخستنی فەلسەفەیەکی نوێی کۆمەڵایەتیدا بە هۆی پشت بەستن بەو ئایدیانەی گەشەیان پێ درا لە زانستە سروشتییەکان لە لایەن چارڵس داروینەوە (١٨٠٩–٨٢). بە بۆچوونی سپێنسەر، خەڵک، وەک ئاژەڵان، لە ڕووی بایەلۆژییەوە بەرنامە کراون لەگەڵ کۆمەڵێک توانا و بەهرە تا بزانن چی بکەن لە ژیانی خۆیاندا. لە کتێبەکەی بە ناوی " بنەمای ئەخلاقی، ١٨٩٢–١٩٨٢ چاپ و بڵاو کراوەتەوە"، سپێنسەر دەڵێت " هەر تاکێک سوود و زیانی خۆی وەردەگرێت لە سروشتی خۆی و ئەنجامی ڕەفتارکردنی"، هاوکێشەیەکە پشتگیری لە باوەڕەکەی کرد کە دەڵێت "ئەوەی گونجاوترین بێت ئەو دەمێنێتەوە". بە واتایەکی دیکە، هەوڵێکی کەم هەیە بۆ پێناسەکردنی دادوەری لە ڕووی چەمکە ئەبستراکتەکانەوە وەک "پێداویستییەکان و مافەکان" کاتێ سوودە مادییەکان ڕەنگدانەوەی بەخشینی سروشتی هەر تاکێکن.

کاتێ دابەشکردنی مادی ڕەنگدانەوەی کارەکانی سروشت دەبێت، ئەوا مرۆڤ ڕۆڵێکی زۆر کەمی هەیە لەو ناوەدا بیگێڕێت،، تەنانەت گەر ئەمە مانای لێبوردنی لە برسان مردن و هەژاری و فۆرمەکانی تری نەهامەتی و ئازاری مرۆڤ بێت. هەندێ ئەم مشتومڕەیان بە کار بردووە لە ڕەخنەگرتن لە هەوڵەکانی بنبڕکردنی قات و قڕی یان چارەسەرکردنی کارەساتەکان. هەرچەندە باشترین شت ئەوەیە کە مرۆڤ هەست بە چارەسەرکردنی ئازاری ئەوانی تر بکەن، گەر ئەنجامدانی ئەم کارەش لە دژی خودی سروشت بێت ئەوا دوا جار هەوڵ و کۆششەکانیان هیچ سوودێکیان نابێت و ڕەنگە دژی بەرهەمهێنانیش بوەستنەوە. یەکێک لە یاوەرانی ئەو بۆچوونە ئابووریناسی بەریتانی تۆماس مالتۆس بوو (١٧٦٦–١٨٣٤)، هۆشداری ئەوەی دا کە هەموو هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی هەژاری بێ هوودە بوون. لە کتێبەکەی بە ناوی وتارێک بۆ بنەماکانی دانیشتوان (١٧٩٨ نووسراوە و ١٩٧١ چاپ کراوەتەوە)، باسی ئەوە دەکات کە هەموو هەوڵێک بۆ چاککردنی مەرجەکانی ژیان دەبێتە هۆی



زۆرکردنی قەبارەی دانیشتوان کە دواتر بە خێرایی سەرچاوەکان کەم دەبن و ئیتر بەشیان ناکات. زۆر پێویستە حیساب بۆ جەنگ و قاتوقڕی و نەخۆشی بکرێت کاتێ قەبارەی دانیشتوان زیاد دەبێت، هەر هەوڵێک لە لایەن حکوومەت بۆ چارەسەرکردنی هەژاری دەبێتە هۆی کارەسات گەر حیساب بۆ ئەو شتانە نەکات.

ئەو ئایدیەی کە دادوەری دێنێتە ئاست شایەنیەتی، تووشی ڕەخنەیەکی زۆر توند بووەتەوە. دەکرێ ئەمە بە بنەمایەکی لێنەبوردە و توندی دادوەری دابنرێت، کە هەندێ جار پێی دەوترێت "دادوەری ڕەق". دۆخە مادییەکان وەک ڕۆڵی زاری سروشت وەهان: واقیعێک هەیە کە هەندێ وڵات لە چاو وڵاتانی تر خاوەنی سەرچاوەی سروشتی زیاترن و کەش و هەوایەکی باشتریان هەیە، هەڵەی کەسیش نییە لە بوونی ئەم واقیعە و ناتوانرێت هیچ شتێکیش بکرێت بەرامبەر ئەو واقیعە. واقیعی سادە ئەوەیە کە هەندێ بە بەختن و هەندێکی دیکەش بەختیان ڕەشە. بەڵام، زۆر هەن مشتومڕی ئەمە دەکەن و دەڵێن بە شێوەیەکی گشتی تیۆری ئەخلاقی نییە، بگرە ڕێگایەکە بۆ نەهێشتنی حوکمە ئەخلاقییەکان. هیچ ژوورێک نییە بۆ دادوەری لە نێو سروشتدا، هەروەها بونیاتنانی بنەما ئەخلاقییەکان لە سەر کارەکانی سروشت کارێکی بێ مانایە. بە هەقیقەت، ئەنجامدانی ئەم کارە چەواشەکردنی تێگەیشتنمانە لە دادوەری و سروشت. وەسفکردنی شتێک وەک شتێکی سروشتی واتە پێشنیازی کردنی ئەوەیە کە ئەم شتە بە هۆی ئەو هۆکارانەوە دروست بووە کە لەودیو کۆنترۆڵ و تێگەیشتنی مرۆڤە. بە واتایەکی دیکە، پێشنیاز کردنی ئەوەی کە دابەشکردن تایبەتی سوودەکان بریتییە لە گەیاندنی ئەوەی کە ئەم دابەشکردنە نەگۆڕ و حەتمییە نەک مافێکی ئەخلاقی. وێڕای ئەمەش، ئەوەی لە ڕابردوو بە نەگۆڕ دانراوە ڕەنگە هیچی تر وا نەبێت، ئێستا شت نییە نەگۆڕێت. بێگومان، کۆمەڵگە مۆدێرن و پێشکەوتووەکان لە ڕووی تەکنەلۆژیاوە خاوەنی توانایەکی گەورەترن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی وەک هەژاری و بێکاری و قاتوقڕی، کە بێرک و مالتۆس ئەو کێشانەیان بە سروشتی دادەنا. وەسفکردنی دابەشکردنی سەرکەوتووی سەرچاوە مادییەکان بە شایەنیەتی سروشتی ڕەنگە هیچی تر ئەو هەوڵە نەبێت بۆ سەلماندنی پشت گوێ خستنی ئازارەکانی ئەوانی تر.

## خۆشگوزەرانی WELFARE

لە سەدەی بیستەمدا، زۆرجار دەمەتەقێ و مشتومڕ دەربارەی یەکسانی دادوەری کۆمەڵایەتی جەختیان کردووەتە سەر پرسی خۆشگوزەرانی. لە سادەترین فۆرمیدا، خۆشگوزەرانی واتە دڵخۆشی و ئاسوودەیی و بە شێوەیەکی گشتی حاڵەتی خۆشی دەگرێتەوە. هەر تەنیا مانەوەی جەستەیی ناگەیەنێت بگرە هەندێ پێوەری تەندروستی و تێربوونیش دەگرێتەوە. بەم شێوەیە، باشی گوزەران بە گشتی بە میسالیەتێکی سیاسی گەردوونی پەسەند دەکرێت: چەند حیزبێکی سیاسی حەز دەکەن بەشێک بن لە تێڕوانینی هەژاری و بێ بەش بوون. هەرچەندە بەڕوونی ژوورێک هەیە بۆ دەمەتەقێ کردنی ئەوەی کە چ خۆشگوزەرانی و خۆشی و ئاسوودەیی دروست دەکات، ئەوەی سیفەتی ڕاستەقینە دەبەخشێت بە خۆشگوزەرانی ئەوەیە کە دەلکێنرێت بە ئالیەتە تایبەتییەکانی بەدەستهێنانی خۆشی بۆ هەمووان: دابینکردنی خۆشگوزەرانی بۆ هەمووان، لە لایەن حکوومەتەوە جێبەجێ دەکرێت کە پێی دەوترێت دەوڵەتی خۆشگوزەران. دەوڵەتی خۆشگوزەران دەبەسترێتەوە بە ئایدیەی یەکسانی، لە دیدێکی فراوانتردا، مەبەستی مسۆگەر کردنی ئاستە بنەڕەتییەکانی یەکسانی خۆشییە بۆ هەموو هاوڵاتییەک. لە گەڵێ حاڵەتدا بە یەکێک لە داواکارییە بنەڕەتییەکانی دادوەری کۆمەڵایەتی دادەنرێت، بە لایەنی کەم لە تێڕوانینی تیۆریستەکانی بواری پێداویستییەکاندا. لەگەڵ ئەوەشدا، دیدێکی تر هەیە تیایدا خۆشگوزەرانی چەمکێکی تەسکترە لە یەکسانی یان دادوەری کۆمەڵایەتی. تیۆرەکانی دادوەری کۆمەڵایەتی وابەستەن بەوەی چۆن کێکی هەموو سەرچاوەکانی کۆمەڵگە دابەش دەکرێت، لە کاتێکدا بیرۆکەی خۆشگوزەرانی زیاتر بایەخ بەدابینکردنی کەمترین جۆر دەدا لە ژیانی هەمووواندا، ئەوە پەسەند دەکات کە سامان و داهات لە ڕێگەی بازاڕەوە دابەش دەکرێن.

لە مشتومڕی سیاسیدا، خۆشگوزەرانی شتێکە بۆ هەمووانە، بەو باوەڕەوە بەندە کە حکوومەت بەرپرسیاریەتی هەیە بۆ دابینکردنی ژیانێکی کۆمەڵایەتی خۆش بۆ هاوڵاتیانی. هەندێ جار ئەم بنەمایەی خۆشگوزەرانی پێی دەوترێت "خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی". بەڵام، دوو بنەمای تری خۆشگوزەرانی بەکار براوە، هەر یەکەیان بە



بەردەوامی وابەستەن بە مشتومڕی ئایدیۆلۆژی. یەکەمیان بریتییە لە تیۆری تاک گەرایی خۆشگوزەرانی، پشتگیری ئەوە دەکات کە خۆشی گشتی لە ئەنجامی بەرژەوەندییەکانی تاک بە دەست دەهێنرێت، لە لایەن بازاڕەوە ڕێک دەخرێت، لە سیستەمێکی دابینکردنی گشتییەوە دەستەبەر ناکرێت. ئەم بیرۆکەیەی "خۆشگوزەرانی تاکگەرایی، "welfare individualism ڕەگی داکوتاوە لە نێو زانستی ئابووری کلاسیکی ئادەم سمیس، بەڵام داڕێژراوەتەوە لە لایەن هزرمەندانی نیوڕایت وەک هایک و فریدمان. دووەمیان، ئایدیەک هەیە کە خۆشگوزەرانی گشتی دەبێ دابین بکرێت تەنیا لە ڕێگەی سیستەمێکی تایبەتی خێرخوازی. ئەم تیۆرە دان بەوە دادەنێت کە خۆشگوزەرانی ناتوانرێت لە ژێر دەستی تاکەکاندا بەجێ بهێڵرێت، بگرە لە ژێر دەستی زۆری پێویستی دابینکردن دەبێت. ئایدیەی خۆشگوزەرانی خێرخوازی، لە لایەن پارێزکارە نەریتییەکان و هەندێ لیبراڵە کلاسیکەکان پشتگیری لێ دەکرێت، بە توندی جەخت دەکاتە سەر ئەرکی کۆمەڵایەتی و هاریکاری یەکتری.

## خۆشگوزەرانی و هەژاری

زاراوەی دەوڵەتی خۆشگوزەران لە سەدەی بیستەمدا هاتە کایەوە بۆ وەسفکردنی بەرپرسیاریەتییە کۆمەڵایەتییە فراوانترەکانی حکوومەت. بەڵام، زاراوەکە بە لایەنی کەم لە دوو توێی هاودژدا بەکار دەهێنرێت، یەکێکیان فراوانە و ئەوەکەی تریان تەسک. مانا فراوانەکەی، لە فۆرمی دەوڵەتی خۆشگوزەراندا، جەخت دەکاتە سەر دابینکردنی خۆشگوزەرانی وەک ئەرکێکی سەرەکی دەوڵەت. یەکەم جار ویلیەم تێمپڵ، گەورە قەشەی یۆرک، ئەم زاراوەی بە ئینگلیزی لە ساڵی ١٩٤١ بە کار هێنا بۆ جیاکردنەوەی دەوڵەتە خۆشگوزەرانەکانی ڕۆژئاوا، بە مەبەستی برەودان بە خۆشی کۆمەڵایەتی، ویلیەم ئەو وڵاتانەی کرد بە دوو بەشەوە: ویلایەتە بەهێزەکانی نازی ئەڵمانیا و ڕووسیای ستالین. هەروەها ئەو مانایەش دەدات تیایدا دەوڵەتە خۆشگوزەرانە مۆدێرنەکان دژی دەوڵەتەکانی سەدی نۆزدە دەوەستنەوە، کە ئەرکە ناوخۆکانیان بە تەواوی وابەستەیە بە پاراستنی سیستەمی خۆشگوزەرانی ناوخۆ. بەڵام، بە شێوەیەکی گشتی زاراوەکە لە فۆرمی دەوڵەت و خۆشگوزەراندا بەکار

دەهێنرێت بۆ وەسفکردنی سیاسەتەکان و بەتایبەتی دامەزراوەکان لە ڕێگەیەوە ئامانجی خۆشگوزەرانی دەستەبەر دەکرێت. بۆیە دامەزراوەکانی وەک سیستەمی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و خزمەتی تەندروستی و پەروەردەی گشتی زۆرجار وەک دەوڵەتێکی خۆشگوزەران ئاماژەیان بۆ دەکرێت. ئەو مانایە ئەوەش دەگرێتەوە کە ئاماژەکردن بە دەوڵەتی خۆشگوزەران ئاساییە فراوان بکرێت یا کەم بکرێتەوە چونکە حکوومەت یان ئەوەتا بەرپرسیاریەتێکی کۆمەڵایەتی فراوان لە ئەستۆ دەگرێت یانییش دەستیان لێ هەڵدەگرێت.

بەڵام، هەندێ جار زەحمەتە ئەوە دیاری بکەیت کامە دامەزراو یا سیاسەت بە بەشێک لە دەوڵەتی خۆشگوزەران لە مانا تەسکەکەیدا دادەنرێت، چونکە دەکرێ بڵێین زنجیرەیەکی فراوانی سیاسەتە گشتییەکان ئامانجێکی خۆشگوزەرانی هەبێت. گشتیترین وێنەی دەوڵەتی خۆشگوزەران وێنەی دابینکردنی خۆشگوزەرانی پۆزەتیڤە، پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی وەک مووچەی خانەنشینی و سوودەکان و نیشتەجێکردن و تەندروستی و پەروەردە، کە بازاڕ یان ئەوەتا دابینی ناکات یانیش بە نیوەچڵی دابینی دەکات. لەو مانایەشدا، دەوڵەتی خۆشگوزەران هەوڵێکە بۆ جێگرتنەوەی سیستەمی دابینکردنی ئەهلی. ئەمە فۆرمەی دەوڵەتی خۆشگوزەران بوو لە ماوەی دوای جەنگ لە بەریتانیادا پەیدا بوو، لە سەر ڕاپۆرتی beveridge لە ساڵی ١٩٤٢ داڕێژراوە، دواتر لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوا بە کار برا. ئەم جۆرە سیستەمەی دابینکردنی خۆشگوزەرانی پۆزەتیڤ لە وڵاتانی وەک سوید و ئەڵمانیا لە سەرەتای ماوەی دوای جەنگ پەرەی پێ درا. بەڵام، دابینکردنی خۆشگوزەرانی بۆی هەیە نێگەتیڤ بێت، لەو مانایەی کە هەوڵ دەدات بۆ برەودان بە خۆشی کۆمەڵایەتی نەک بە هۆی دابینکردنی خزمەت گوزارییەکان بگرە لە ڕێگەی ڕێکخستنی ڕەفتاری بازاڕەوە. بۆ نموونە، هەر هەوڵێک لە لایەن حکوومەت بۆ کارتێکردن لە مەرجەکانی کارکردن، پاراستنی یاسایی بۆ یەکیەتییە بازرگانییەکان لە کرداری پیشەسازیدا، یاسای کەمترین مووچە و یاساکان دەربارەی تەندروستی و سەلامەتی، دەکرێ بڵێین لە خزمەتی مەبەستی خۆشگوزەرانیدان.

ڕەوشی پەروەردە و پێوەندی بە خۆشگوزەرانی بووەتە هۆی سەر لێ تێکدان. هەندێ جار باسی ئەوە دەکرێت کە پەروەردە ڕاستەوخۆ پەیوەست نییە بە خۆشی



مادی، پەروەردە جیاوازە لە خزمەتەکانی تر وەک مووچەی خانەنشینی و سوودەکان و تەندروستی، بۆیە بەشێک نییە لە دەوڵەتی خۆشگوزەران. لەگەڵ ئەوەشدا، بێگومان لینکێکی ناڕاستەوخۆ هەیە لە نێوان پەروەردە و ئاسوودەیی، هەر هاوڵاتییەک پلەی خوێندنی باشتر بێت دەتوانێت مووچەی باشتر بە دەست بێنێت و ئاسایشی کۆمەڵایەتی زیاتری هەبێت لە چاو ئەوانەی کە پلەیان کەمترە. وێڕای ئەمەش، گەر خۆشگوزەرانی پەیوەست بێت بە ئامانجە فراوانترەکان وەک زۆربوونی دڵخۆشی، ئەوا بەڕوونی بایەخ بە دابینکردنی مادی نادات. لە بەر ئەو هۆیە جیا جیایانە، زۆر جار زەحمەتە بزانی ئایا دەوڵەت خۆشگوزەرانە یان نا. ئەم گرفتە بەڕوونی هەیە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. لە لایەک، ویلایەتە یەکگرتووەکان بەڕوونی خاوەنی دامەزراوەی وا پێشکەوتوو نییە کە لە هەندێ وڵاتی ئەورووپیدا هەن، لە لایەکی دیکەوە، سوودێکی ئێجگار زۆر هەیە لە فۆرمی دڵنیایی کۆمەڵایەتی، پشتڕاستە بە یاسای ئاسایشی کۆمەڵایەتی ساڵی ١٩٣٥، چاودێری پزیشکی و هاوکاری پزیشکی و بەرنامەی خۆراک و تا دوایی. بە هەقیقەت، بە پێی قسەکانی گۆستا ئیسپینگ ئاندەرسۆن (١٩٩٠)، سێ فۆرمی جیاوازی دابینکردنی خۆشگوزەرانی هەیە کە لە وڵاتە پێشکەوتووە پیشەسازییەکانەوە بەدی دەکرێن. سیستەمە ئەمریکی و کەنەدی و ئوستوڕاڵییەکان بە خۆشگوزەری لیبرال (سنووردار) وەسف دەکرێن چونکە مەبەستیان دابینکردنی تۆڕێکی سەلامەتییە بۆ ئەوانەی پێوستییان پێیە. لە وڵاتێکی وەک ئەڵمانیادا، ویلایەتی خۆشگوزەرانی پارێزکار خزمەتگوزاری زیاتر دابین دەکات بەڵام پشت ئەستوورە بە پارەدان، سوودەکان وابەستە دەکەن بە کارکردنەوە. بە پێچەوانەوە، دەوڵەتە خۆشگوزەرانییە سۆشیال دیموکراتەکان وەک سویدی کلاسیک و سیستەمی بنەڕەتی بەریتانی دەوەستنە سەر سوودە گەردوونییەکان و پاراستنی تەواوی کارکردن.

هەموو سیستەمەکانی خۆشگوزەرانی بایەخ بە پرسی هەژاری دەدەن. هەرچەندە دەوڵەتە خۆشگوزەرانەکان ئامانجی بەرزتر و فراوانتر ڕابگەیەنن، نەهێشتنی هەژاری بنەڕەتیترین ئامانجیانە. بەڵام، ئەی هەژاری چییە؟ لە ڕواڵەتدا، هەژاری واتە بێ بەش بوون لە پێویستییەکانی ژیان، خواردنی پێویست، سووتەمەنی و جلوبەرگ بۆ بەردەوامبوونی توانای جەستەیی. لە مانا بنەڕەتییەکەیدا، ئەمە بە

پێوەرێکی ڕەها بەدی دەکرێت، لە خوار ئەو شتانەدا پشتگیری کردن لە بوونی مرۆڤ زەحمەتە. بە پێی ئەم بۆچوونە، هەژاری بە دەگمەن بوونی هەیە لە وڵاتە پێشکەوتووە پیشەسازییەکانی وەک ئەمریکا و کەنەدا و بەریتانیا و ئوستوڕاڵیا، تەنانەت هەژار لەو وڵاتانەدا باشتر دەژین لە زۆربەی دانیشتوانی ئەم جیهانەدا. بەڵام، تەنیا ئەو کەسانە بە هەژار دابنرێت کە لە برسان دەمرن ئەوا پشتگوێ خستنی ئەو واقیعەیە کە هەژاری بێ بەش بوون لەو پێوەر و مەرج و خۆشیانەیە کە لە لایەن زۆربەی خەڵکی کۆمەڵگەوە پیادە دەکرێن. ئەمە بیرۆکەی هەژاری ڕێژەیییە، پێناسە کرا لە لایەن پیتەر تاونسین ١٩٧٤ وەک "نەبوونی دۆخەکانی ژیان کە خوازراون، بە لایەنی کەم ڕەزامەندی گشتی لە سەر هەیە و هان دەدرێت، لەو کۆمەڵگەیەی کە ئەوان تیایدا دەژین. لەو دیدەوەش، هەژار "دەوڵەمەند نییە بە پێی پێویست" نەک پێویست (محتاج). بۆ نموونە، بە گوێرەی ئەو پێوەرە حکوومەتی ئەمریکی لە خەمڵاندنی ساڵی ١٩٨١ دەرکەوت سەدا ١٤ ی هاوڵاتی ئەمریکی (لە کۆی ٣٠٠ ملیۆن کەس) لە ژێر هێڵی هەژارییەوە دەژین. بەڵام، چەمکی هەژاری ڕێژەیی پرسیاری سیاسی گرینگ دەخاتە ڕوو چونکە لینکێک دروست دەکات لە نێوان هەژاری و نایەکسانی، ئەنجامدانی ئەم کارەش پێشنیازی ئەوە دەکات کە ئەرکی دەوڵەتی خۆشگوزەران نەهێشتنی هەژارییە، ئەمەش تەنیا لە ڕێگەی دووبارە دابەشکردنەوەی سامان و برەودان بە یەکسانی کۆمەڵایەتی بە دەست دەهێنرێت. پێناسەی هەژاری یەکێکە لە پرسە ئاڵۆزەکان لە ڕووی دابینکردنی خۆشگوزەرانییەوە.

لە هەموو وڵاتە سۆشیالیستەکاندا خۆشگوزەرانی گشتی شان بە شانی سیستەمی بەردەوامی خۆشگوزەرانی تایبەتی (کە لە ڕێگەی بازاڕەوە دابین دەکرێت) بوونی هەبووە. چاودێری تایبەتی تەندروستی و پەروەردە و مووچەی خانەنشینی بوونیان هەیە تەنانەت لە سیستەمە کۆمەڵایەتییە هەرە پێشکەوتووەکانیشدا. جگە لە ئازادیخوازەکانی باڵی ڕاست وەک نۆزیک، کە هەموو فۆرمەکانی خۆشگوزەرانی ڕەت دەکاتەوە، هەروەها بە دەر لە سۆشیالیستە فەندێمێنتالیستییەکان کە دابینکردنی تایبەتی ڕەت دەکەنەوە، بە گشتی ئەوە پەسەند دەکرێت کە دەبێ هاوسەنگییەک هەبێت لە نێوان دابینکردنی گشتی و تایبەتیدا. گرینگترین پرسی خۆشگوزەرانی ئەو شوێنەیە کە دەبێ هاوسەنگی هەبێت: ئایا دەبێ خەڵکی توانای



چی هەبێت ئەنجامی بدات بە پشت بەستن بە دەوڵەت، خەڵکی دەبی چاوەڕێی چییان لێ بکرێت بۆ خۆیان بیکەن؟ بەڵام، ژمارەیەک پرسی تر هەن دەربارەی ئەوەی چۆن هەر سیستەمێکی خۆشگوزەرانی دەبێ کار بکات. ئایا دەبێ سوود و خزمەتەکانی خۆشگوزەرانی جیهانی بن، بۆ هەموو هاوڵاتییەک لە ئارادا بن بێ گوێدانە جیاوازییەکان، یاخۆ دەبێ کەمتر بۆ دەوڵەمەندان و زیاتر بۆ هەژاران و پێویستەکان بن؟ ئایا دەبێ خۆشگوزەرانی هاوکاری دارایی بکرێت، لە ڕێگەی سیستەمێکی دڵنیایی و بەرپرسیاریەتییەکانەوە، یاخۆ دەبێ کەس بەشداری نەکات؟ ئایا دەبێ خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی دابین بکرێت یا لە ڕێگەی سیستەمێکی پارەدانی نەقدی کە خەڵکی دەتوانن بەکاری بێنن هەرکە بزانن گونجاوە؟ لە کۆتاییدا، ئایا دەبێ دەوڵەتی خۆشگوزەران وەک تۆڕێکی سەلامەتی کار بکات کە بایەخ بەوە دەدات تەنیا کەمترین پێوەر مسۆگەر بکات و خراپترین حاڵەتی هەژاری بە دەر بخات، یان دەبێ مەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجی فراوانتر بێت، وەک دووبارە دابەشکردنی سامان و برەودان بە هەلە یەکسانەکان؟

## لە ستایشی خۆشگوزەرانیدا

خۆشگوزەرانیزم welfarism، ئەو باوەڕەیە کە خۆشی کۆمەڵایەتی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵگەیە و ئەم بەرپرسیاریەتییەش دەبێ لە ئەستۆی حکوومەتدا بێت. لە ماوەی دوای جەنگدا ڕایەکی گشتی خۆشگوزەرانی پەرەی پێ درا لە زۆربەی وڵاتە دیموکراسییە لیبرالیەیکاندا، کە حیزبە چەپ و ڕاست و میانڕەوەکان پێشبڕکێ دەکەن بۆ دامەزراندنی متمانەی خۆشگوزەرانی، تەنیا لەگەڵ یەک ناکۆک دەبن لە سەر مەسەلەی قووڵی وەک هاوکاری مادی و پێکهاتە و ڕێکخستن. بێ شک، ئەم ڕێکەوتنە گشتییە پشتگیری لێ کرا لە لایەن هۆکارە بەهێزەکانی هەڵبژاردن، هەرکە دەستەیەکی فراوانی دەنگدەران درک بەوە دەکەن کە دەوڵەتی خۆشگوزەران پاسەوانی کۆمەڵایەتی دابین دەکەن کە هەرگیز بازاڕی ئازادی سەرمایەداری پێی ناگات. لەگەڵ ئەوەشدا، خۆشگوزەرانیزم بە هیچ شێوەیەک فەلسەفەیەکی یەکگرتوو نییە. هەرچەندە لیبرال و پارێزکار و سۆشیالیستەکان درک بە سەرنجەکانی دەکەن،

زۆرجار سەرنجیان بۆ لای خۆشگوزەرانی چووە بە هۆی ڕەچاوکردنی جیاواز، هەروەها پشتگیری سیستەمە جیاوازەکانی دابینکردنی خۆشگوزەرانییان کردووە.

یەکێک لە هۆکارە سەرەتاییەکان بۆ بایەخدان بە خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی زیاتر پێوەندی بە توانای نەتەوەیی هەیە نەک بە بنەماکانی وەک دادوەری و یەکسانی. کاتێ هێزی کاری وڵاتێک بێ هێز و بوودەڵەیە ئەوا بە هیچ جۆرێک ناتوانێت ئابوورییەکی ئاسوودە بونیات بنێت، کەمتریش گەشە بە سوپایەکی کاریگەر دەدەن. بۆیە هیچ ڕێکەوتێک لەوەدا نییە کە لە وڵاتانی وەک ئەڵمانیا و بەریتانیا بناغەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی دروست دەکرێت لە کاتی ماوەی نێودەوڵەتی فراوانبوونی داگیرکاری، ئەو ماوەی بووە هۆی تەقینەوەی جەنگی جیهانی یەکەم. یەکەم دەوڵەتی مۆدێرنی خۆشگوزەران لە ئەڵمانیا پەرەی پێ درا لە ساڵانی ١٨٨٠ لە ژێر ڕاوێژکاری بیسمارک، سیستەمێکی پزیشکی و دڵنیایی ڕێکەوت و مووچەی نەخۆش و خانەنشینی دروست کرد. وەڵامی بەریتانیا، لە ژێر حکوومەتی لیبرالی دوای ساڵی ١٩٠٦، لە لایەن گەشەی هێزی ئەڵمان لە بار برا، دووپات کرایەوە بە هۆی درککردن بە کاتی جەنگی Boer (١٨٩٩– ١٩٠٢) کە ڕێژەیەکی زۆری چینی کارکردن سازاو نەبوو بۆ خزمەتی سەربازی. هەرچەندە ئەو پاڵنەرانە پێوەندییەکی زۆری بە سۆز و خۆنەویستی نییە، مشتومڕی ئەوە دەکرێت کە لە ماوەیەکی درێژدا هێزی کاری بەرهەمهێنەر و تەندروست بە سوودە بۆ تەواوی کۆمەڵگە. بە هەقیقەت، زۆرجار پێشنیازی ئەوە دەکرێت کە گەشەی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی دەبەسترێتەوە بە قۆناغێکی تایبەتی گەشەپێدانی ئابووری. پیشەسازی پێشتر سوودی لەو هێزە کارە وەردەگرت کە بێ بەهرە و بێ بیرکردنەوە بوون، لە کاتێکدا پێشخستنی پیشەسازی کرێکاری پەروەردەیی و ڕاهێنراو دەوێت، کە دەتوانن لە تەکنەلۆژیای مۆدێرن تێبگەن. ئەمە ئەرکی دەوڵەتی خۆشگوزەرانە ئەو هێزی کارە بێنێتە وجوود.

خۆشگوزەرانی بە دیدی یەککگرتووی کۆمەڵایەتی و یەککگرتنی نەتەوەییش بەستراوەتەوە. ئەم مەسەلەیە بە دڵی هزرمەندە پارێزکارەکان بوو، کە ترسیان هەبوو لەوەی هەژاری و بێ بەشبوونی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی پەیدابوونی ئاژاوەی مەدەنی و دواجاریش بەرپابوونی شۆڕش. بیرکردنەوە بەم شێوەیە بووە هۆی برەودان بە



چاکسازی کۆمەڵایەتی لە بەریتانیا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم، زۆرجار لە قسەکانی پارێزکار بێنجامین دیزرایل دەردەکەوت. دیزرایل ئاگادار بوو بەوەی کە پێشکەوتنی پیشەسازی مەترسی ناخۆشی و تاڵی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خۆی هێناوە، ئەم نموونەی بەریتانیا بە سەر دوو نەتەوەدا دابەش بووە: دەوڵەمەند و هەژار. هەرکە سەرۆک وەزیران دیزرایل بەرنامەی چاکسازی کۆمەڵایەتی خستە ڕوو، بواری نیشتەجێبوون و پاک وخاوێنیشی گرتەوە، کە بە توندی دژی پیادەکانی سەربەستی دارایی وەستایەوە کە هێشتا لە لایەن حیزبی لیبرالەوە پاڵپشتی لێ دەکرا. پاڵنەری هاوشێوەی ئەمانە کاریگەری هەبوو لە سەر برەودان بە دابینکردنی خۆشگوزەرانی لە ئەڵمانیا. بۆ نموونە، بیسمارک پێی وابوو ڕووبەڕووی "هەڕەشەی سوور" دەبێتەوە، هەروەها بە هەوڵێکی بە ئەنقەست پشتگیری خۆشگوزەرانی کرد بۆ ئەوەی خەڵکی لە سۆشیالیزم دوور بخاتەوە بە هۆی چاککردنی ژیانیان و مەرجەکانی کارکردن. ئەم نەریتەی خۆشگوزەرانی پارێزکار دەوەستێتە سەر چاودێری و باوکسالاری. بێگومان ئەم نەریتە بایەخی بە لادانی کارکردنی مادی دەدا، بەڵام تەنیا بۆ ئەو خاڵەی کە چینی کارکردن هیچی تر هەڕەشە نەکەنە سەر کەمبەکان. وێڕای ئەمەش، ئەم فۆرمەی خۆشگوزەرانی بە تەواوی لەگەڵ مانەوەی هەڕەمەکی یەک دەگرێتەوە، دەکرێ بە هەوڵێک دابنرێت بۆ پشتگیریکردن لە نایەکسانی کۆمەڵایەتی نەک نەهێشتنی ئەو نایەکسانییە. خۆشگوزەرانی لە ڕێگەی باوکسالارییەوە پشتڕاستە بە بنەماکانی دەرەبەگایەتی وەک شکۆمەندی و زۆری لەوانی تر کردن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەرکی دەوڵەمەند و خۆش ژیانەکانە چاودێری لێ قەوماوان و نەدارانە، نەک بەو ڕادەیەش بیانهێننە ئاستی خۆیان.

بە پێچەوانەوە کەیسی لیبرال بۆ خۆشگوزەرانی، بە شێوەیەکی گشتی دەوەستێتە سەر بنەما سیاسییەکان، بە تایبەتیش لەو باوەڕەی کە خۆشگوزەرانی جیهانی سەربەستی فراوانتر دەکات. هەرچەندە لیبرالەکانی پێشوو دەترسان لەوەی کە چاکسازی کۆمەڵایەتی ببێتە هۆی نەمانی هەوڵ و کۆشش و دەسپێشخەری بۆ کارکردن، لیبرالە مۆدێرنەکان بە بنەمایەکی جەوهەری دەزانن بۆ گەشەسەندنی خودی تاک. ئەم تیۆرە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە پەرەی پێ درا لە لایەن لیبرالە نوێییەکانی وەک "تی ئێچ گرین (١٨٣٦–٨٢)، لیۆنارد هۆبهاوس (١٨٦٤–١٩٢٩) و

جەی ئەی هۆبسن (١٨٥٨–١٩٤٠)، بۆچوونەکانیان کەش و هەوایەکی ڕۆشنبیری دروست کرد کە بوونە هۆی شیاو کردنی پرۆسەی چاکسازییەکانی asquith. ئایدیەی سەرەکی خۆشگوزەرانی لیبرال پاسەوانی کردنی تاکەکانە لە خراپەکارییە کۆمەڵایەتییەکان کە ژیانیان لێ تاڵ دەکەن، خراپەکارییەکانیش وەک بێ بەشبوون، بێکاری و نەخۆشی تا دوایی. ڕاپۆرتی beverageی ساڵی ١٩٤٢، خاڵی وەرچەرخانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی مۆدێرن بوو لە بەریتانیا، مەبەستەکانی بەم شێوەیە وەسف کرد: پاراستنی هاوڵاتیان لە پێنج نەهامەتییە زەبەلاحەکە: نەخۆشی، پشتگوێ خستن، پیسی و بێکاری، تا ڕادەیەک ئەم پاراستنە لە لانکەوە تا گۆڕ.

هەمان ئەو پاڵنەرانە کاریان کردە سەر ناساندنی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لە ساڵانی سییەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ژێر "پەیمانی نوێ"ی سەرۆک فرانکلین ڕۆزڤێڵتدا. بەرزترین خاڵی لیبرالیزمی پەیمانی نوێ بە دیار کەوت لە ساڵانی شەستەکان لەگەڵ جەنگی لیندۆن جۆنسن لە سەر هەژاری و بەرنامەیەکی پەروەردەیی بەسوود، ڕاهێنانی کار و پرۆژەکانی نوێکردنەوەی شارستانی. لە کاتێکدا زۆر ئاگاداری ئەو سوودانە بوو کە خۆشگوزەرانی بۆ کۆمەڵگەی پێش دێنێت، خۆشگوزەرانی لیبرال ڕەگی داکوتا بوو لە پابەند بوون بە تاکگەرایی و یەکسانی هەل. ئەمە ڕەنگدانەوەی ئەو پشتگیرییە بۆ سیستەمی بەشداریکردنی دابینکردنی خۆشگوزەرانی کە پێوەرێکی بەرپرسیاریەتییەکانی تاکی پاراست و لە دژی "پشت بە خۆ نەبەستان" وەستایەوە. بۆ نموونە، جەنگ لە سەر هەژاری هەوڵی وروژاندنی کۆمەڵگەکانی دا بۆ وەگەڕخستنی سەرچاوەکانیان و هەژارانیش بخزێنە نێو کاری پرۆژەکانیان. بە پێی ئەم بۆچوونە، ئامانجی هەرە گەورەی خۆشگوزەرانی بە توانا کردنی تاکە بۆ ئەوەی لە سەر پێی خۆیان بڕیار لە سەر چارەنووسی خۆیان بدەن، ئامانجی خۆشگوزەرانی یارمەتیدانی تاکە بۆ ئەوەی خۆیان یارمەتی خۆیان بدەن. کاتێ بێ بەش بوون لە ناوچوو، لیبرالەکان بە هیوای ئەوە بوون کە تاکەکان جارێکی تر بتوانن بەرپرسیاریەتی دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتییان بخەنەوە سەر شانی خۆیان و لە سەر هەردوو پێی خۆیان بوەستن.

کەیسی سۆشیالیستەکان و سۆشیەل دیموکراتەکان بۆ خۆشگوزەرانی قووڵتر دەبێتەوە. هەرچەندە سیاسەتزانە سۆشیەل دیموکراتەکان زۆربەی جار زمانی



خۆشگوزەرانی لیبرال بەکار دەهێنن لە قسە و باسی ئازادی، لە ڕووی نەریتییەوە پشتگیرییەکەیان بۆ خۆشگوزەرانی پشتڕاستە بە دوو بنەمای ڕادیکاڵتر، ئەوانیش: کۆمیونیتاریانیزم و یەکسانی. بۆ نموونە، سۆشیەل دیموکراتەکان دەوڵەتی خۆشگوزەران بە داوایەکی کردەیی بەها کۆمیونیتاریەانەکان دەزانن، پێیان وایە کە ئەرکەکەی برەودانە بەو سۆز و خۆشەویستییەی کە کۆمەڵگەی ڕاستەقینە پێک دەهێنن. بە واتایەکی دیکە، دەوڵەتی خۆشگوزەران نابێ پابەند بێت بە ملمڵانێ یان چارەسەرکردنی ئاستەنگەکانی تاک، بگرە دەبێ چالاکانە هەستی بەرپرسیاریەتی بە هێز بکەن لە نێو مرۆڤەکاندا. بۆ نموونە، لە کتێبەکەی بە ناوی "the gift relationship" 1970، ڕیچارد تیتمۆس پێشنیازی ئەوە دەکات کە دەوڵەتی خۆشگوزەران لەجەوهەردا سیستەمێکی ئەخلاقییە، پشتڕاستە بە پابەندبوونە هاوبەشەکان. خەڵک دەبێ خۆشگوزەرانی وەرگرن وەک ئەوەی خەلاتێکە لە نامۆیەکەوە، وەک دەربڕینێکی سۆزی مرۆڤ و خۆشەویستی دوو لایەنە و هاوبەش. دوا مەبەستی خۆشگوزەرانی بەهێزکردنی هاریکاری کۆمەڵایەتییە. تیتمۆس ئاماژەی بە سیستەمە سەرکەوتووەکانی بەخشینی خوێنی کرد بە خێر بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی خوێن دەکڕن و دەفرۆشن. لەم ڕێگەیەوە تیتمۆس بنەمای خۆشگوزەرانی بە بنەمایەکی ئەخلاقی دانا لە نێو کۆمەڵگە.

تیۆریستە سۆشیەل دیموکراتەکان خۆشگوزەرانی دەبەستنەوە بە ئامانجی یەکسانی، پێیان وایە کە خۆشگوزەرانی پێویستە بۆ وەستان لە دژی نایەکسانی و نامرۆڤایەتی بازاڕی سەرمایەداری. بە هەقیقەت، سۆشیالیزمی مۆدێرن بە شێوەیەکی گشتی پشتڕاستە بە چاکەکانی خۆشگوزەرانی. بۆ نموونە، لە کتێبەکەی بە ناوی "داهاتووی سۆشیالیزم، ١٩٥٦"، ئەنتۆنی گرۆسلاند سۆشیالیزمی بە پێشکەوتنێک دانا بەرەو یەکسانی نەک بەرەو ئامانجە فەندەمێنتالیستەکانی خاوەنداریەتی گشتی. بە پێی ئەم بۆچوونە سۆشیالیستە، دەوڵەتی خۆشگوزەران میکانیزمێکی دابەشکردنەوەیە: سامان لە دەوڵەمەندەوە بۆ هەژار دەگوازێتەوە لە ڕێگەی سیستەمی خزمەتە گشتییەکان و سوودەکانی خۆشگوزەرانی، کە هاوکاری مادی دەکرێت لە لایەن سیستەمی پێشکەوتووی باج. لایەنی باشی ئەو جۆرە سیستەمە ئەوەیە کە بەڕوونی کێشەکانی هەژاری ڕێژەیی دەخاتە ڕوو، هەروەها وێڵە

بە دوای لابردنی ئەو شەرمەی نووساوە بە خۆشگوزەرانی بە هۆی سووربوون لە سەر ئەوەی کە سوودە گشتییەکان جیهانین و ئالیەتی تاقیکراوە نین. لەگەڵ ئەوەشدا، شتێکی ئاشکرایە کە دەوڵەتی خۆشگوزەران هەرگیز ناتوانێت یەکسانییەکی کۆمەڵایەتی ڕەها بە دەست بێنێت، بگرە ئامانجەکەی بە مرۆڤکردنی سەرمایەدارییە لە ڕێگەی کەمکردنەوە دابەشکردنی سامان بە نایەکسانی. بەم شێوەیە، خۆشگوزەرانی سۆشیال دیموکرات هەر تەنیا تەرخان نەکراوە بۆ دروستکردنی هەلە یەکسانەکان بگرە بۆ هێنانە کایەی پێوەرێکی گەورەتری یەکسانی ئەنجامەکانیش تەرخان کراوە.

## خۆشگوزەرانی لە ژێر هێرشدا

ڕێکەوتنی گشتی لە سەر خۆشگوزەرانی کە پشتگیری زۆری بودجەی کۆمەڵایەتی کرد پاڵەپەستۆیێکی زۆری لە سەرە لەوەتەی ساڵانی حەوتاکان. شیکردنەوەی دابینکردنی خۆشگوزەرانی کە لە ساڵانی پەنجاکان و شەستەکان ڕوویان دا شیاو کراوە بە هۆی ماوەیەکی بەردەوامی گەشەی ئابووری، کە پێی دەوترێت گەشە سەندنی درێژ خایەن". دەست پێکردنی سستی بازاڕ لە ساڵانی حەوتاکان، بووە هۆی سەرهەڵدانی تەنگژەی دارایی لە دەوڵەتی خۆشگوزەراندا. هەرکە ئاستەکانی گەشەی ئابووری ڕوو لە کەمبوونەوە بوو، حکوومەتەکانی هەموو دونیا دووچاری کێشەی ئەوە بوونەوە چۆن برەو بە بەرنامەکانی خۆشگوزەرانی بدەن لەو کاتانەی کە باجی دەرامەت بەرەو سست بوون دەچێت. ئەمە بووە هۆی دەرکەوتنی دوو ئیختیار: یەکێکیان بەرزکردنەوەی باج و ئەوی تریان بڕینی بودجەی خۆشگوزەرانی. دژی ئەم باکگراوندە، تیۆرەکانی نیو ڕایت سەریان هەڵدا و پێشنیازی ئەوەیان کرد کە خۆشگوزەرانی هەر تەنیا بەرپرسیار نەبووە لە ئاستە پەسەند نەکراوەکانی باج بگرە جارس بوونێکە بۆ تاکگەرایی و بەرپرسیاریەتی شەخسی. لەگەڵ ئەوەشدا، دژە خۆشگوزەرانی لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە وەک خۆشگوزەرانی سەرێکی هەیە و هەزار سەودا. سەرەڕای سۆشیالیستەکان کە هۆشداری ئەوە دەدەن کە دەوڵەتی خۆشگوزەران بە دەگمەن یارمەتی ئەوانە دەدەن سوودەکانی بۆ ئەوان دروست



کراوە، ڕەخنەیەکی درێژدادڕی مارکس هەیە لە سەر خۆشگوزەرانی کە وەک قاچێکی سیستەمی سەرمایەداری ناوزەندی دەکات.

ڕەخنەکانی نیوڕایت لە سەر خۆشگوزەرانی دەوەستێتە سەر ڕەوشە ئابووری و سیاسی و ئەخلاقییەکان. پڕۆژەی ڕەخنەی ئازادیخوازانەی نیوڕایت بریتییە لەو ئایدیەی کە دەوڵەتی خۆشگوزەران هەژاران دەکاتە کۆیلە بە هۆی دروستکردنی پشت بە خۆ نەبەستان و بەرەو "خۆشگوزەرانی خراپ و بێ بەها" ڕایان دەپێچێت. ئەمە لە ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکادا فۆرمی بەرسڤدانەوەی وەرگرت لە دژی چاکسازییەکانی خۆشگوزەرانی ساڵانی شەستەکان. کتێبەکەی جۆرج ویڵدەر بە ناوی (سامان و هەژاری، ١٩٨٢) و کتێبەکەی چارڵس مورێی بە ناوی losing ground، 1984 لە هەرە هەوڵە کاریگەرەکان بوون بۆ وەسفکردنی خۆشگوزەرانی وەک ئالیەتێکی دژە بەرهەمهێنەر. بۆ نموونە، بەرنامەکانی دروستکردنی کار تەنیا بووە هۆی زۆرکردنی بێکاری بە هۆی بێ هێزکردنی دەستپێشخەری و حەزی تاک بۆ کارکردن، هەروەها خەڵکی پۆلێن کرد بە سەر "بێکاری و پەککەوتە و بێ کەڵک" و بەوە قایلی کردبوون کە ئەوان قوربانی بارودۆخەکانن. بەم شێوەیە، چینێکی پشت بە خۆ نەبەستووی خۆشگوزەر پەیدا بوو، ئەخلاقی کارکردن و ڕێزگرتن لە خود و پێکهاتەی پشتیگری ژیانی خێزانی نەریتیان نەبوو. چارەسەرەکەی مورێی بۆ ئەم کێشەیە ئەوە بوو کە بەرپرسیاریەتییەکان دەبێ لە حکوومەتی مەرکەزییەوە بگوازرێتەوە بۆ کۆمەڵگە مەحەلییەکان، دووپاتیشی کردەوە کە ئەوە دەستپێشخەری تاک و کۆمەڵگەی گەرەکە.

بە هۆی پێشنیازکردنی ئەوەی کە خەڵکی کەم دەرامەت دەبێ بەرپرسیار بن لە ژیانی خۆیان، نیوڕایت ئایدیەی "هەژاری ناشایەنی" نوێ کردەوە. لە فۆرمە توندەکەیدا، ئەوە دەگەیەنێت کە هەژار تەمبەڵ و بێ ئاستە، هەژار ئەوانەن کە حەز دەکەن لە سەر ڕوحی خێرخوازی ئەوانی تردا بژین نەک کارێک بۆ خۆیان بکەن. بەڵام، لە فۆرمە ئاڵۆزترەکەیدا، ئەوە دەگەیەنێت کە جگە لە هۆکاری هەژاری، تەنیا تاک خۆی دەتوانێت خودی خۆی لە هەژاری ڕزگار بکات، کۆمەڵگە لە هەژاربوونی بەرپرسیار نییە. بۆیە خۆشگوزەرانی دەبێ دابین بکرێت بە ڕێگایەک وەک پلە بەرزکردنەوە و پاداشتی بەرپرسیاریەتی تاک. بۆ نموونە، دەوڵەتی خۆشگوزەران

دەبێ شتێک زیاتر نەبێت لە تۆڕێکی سەلامەتی، دروست بووە بۆ چارەسەرکردنی هەژاری ڕەها، هەروەها سوودەکان دەبێ جەختیان بکرێتە سەر لە کاتی بێ بەشبوونی ڕاستەقینەدا. کاتێ خۆشگوزەرانی بووە سیستەمێکی مافەکان و پابەندبوونەکان، خەڵکی بەرەو هەڵدێری پشت بە خۆ بەستان چوون نەک هاندان بۆ ئەوەی لێی ڕزگار بن. لە ئەنجامدا نیوڕایت جەختێکی زۆری کردە سەر پابەندبوونە مەدەنییەکان، پێیان وابوو کە خۆشگوزەرانی بە ڕێگایەک دەبێ بە دەست بهێنرێن. لە بەر هەندێ گەلێک لە نیوڕایت سەرسامبوونە بە ئایدیەی "کار بکە تا بژی workfare، وا لەوانەی کە لە سەر حکوومەت دەژین دەکات کە دەبێ کار بکەن بۆ سوودی خۆیان. ئەو ئایدیانە لە چاکسازییەکانی " خۆشگوزەرانی بۆ کارکردن" باس کراون کە سەر بە حکوومەتی بلێر بوون لە بەریتانیا. پێشنیازێکی قووڵتر، لە سەر دەستی ئابووری ناسی ئەمریکی میلتن فریدمان سەری هەڵدا، ئەوەیە کە هەموو فۆرمەکانی خۆشگوزەرانی بە "باجی دەرامەتی نێگەتیڤ" بگۆڕدرێن. ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە هەموو ئەوانەی لە ژێر دەرامەت دان پارە لە دەسەلاتەکانی باج وەردەرگرن لە جیاتی ئەوەی باج بدەن (وەک ئەوانەی لە سەرووی ئەو ئاستەشن دەبێ ئەم کارە ئەنجام بدەن). بە هەمان شێوە، فریدمان پشتگیری ئەو ئایدیەی کرد کە خێزانە هەژارەکان دەبێ وەسڵێکیان پێ بدرێت کە بە کار بهێنرێت بۆ کڕینی هەموو پێداویستییەکانی قوتابخانە بۆ منداڵەکانیان.

نیوڕایت نارەزایی دەردەبڕێت دژی خۆشگوزەرانی لە سەر چەند بنەمایەکی جیا جیا. بۆ نموونە، دەوڵەتی خۆشگوزەران گازاندەیان لێ کراوە لە بەر کەمکردنەوەی ئاستەکانی گەشەی ئابووری و بەرزبوونەوەی نرخ. پاڵەپەستۆیەکانی هەڵبژاردن ڕێگەی بە تێچووی خۆشگوزەرانی دا کۆنترۆڵ لە دەست بدەن، بووە هۆی دروستکردنی کێشەی پاڵەپەستۆ و کەڵەکە بوون بە سەر حکوومەتەوە. بەڵام، ئەمە ئەوانەی سزا دا کە لە کار یان بازرگانیدان، کە نزیکەی لە ناو چوو بوون بە هۆی باجی زۆر. سوودەکان خۆیان پاڵنەرێک دروست دەکەن بۆ بێکاری، لە کاتێکدا باجەکان پێویستییان بەوە بوو هاوکاری داراییان بکەن و پاڵنەرێک دروست نەکەن بۆ پڕۆژە. بۆ خراپترکردنی مەسەلەکان، بەرزکردنەوەی ئاستەکانی سەرفکردنی پارەی حکوومەت و پارەی زیاتر لە ئابووری، بەرزکردنەوەی نرخەکانە.



بۆیە نیو ڕایت نیازی گوشینی بودجەی خۆشگوزەرانی هەبوو بە هۆی بڕینی سوودەکان و هاندانی گۆڕانێک بەرەو دابینکردنی خۆشگوزەرانی تایبەتی. لەبەر هۆی ئابووری و ئایدیۆلۆژی، نیوڕایت بە تایبەتکردنی خۆشگوزەرانی پێ باشترە لە ڕووی پەروەردە و چاودێری و تەندروستی و مووچەی خانەنشینی و تا دوایی. هەر کاتێک بە تایبەت کردن چووە دەرەوەی کۆنترۆڵەکانی هەڵبژاردنەوە، لەگەڵ چاکسازی جەختیان لە سەر دەکرێتەوە بۆ ئەوەی دابینکردنی دەوڵەت لەگەڵ بنەماکانی بازاڕ یەک بگرێتەوە. ئەمە بە باشترین شێوە لە بازاڕە نێودەوڵەتییەکاندا بەدی دەکرێت کە ئێستا کار دەکات لە ڕەوشی پەروەردە و تەندروستی لە بەریتانیا. لە بەرابەردا، نیوڕایت پێی وایە کە خواستی ئابووری بە هۆی بەتایبەتکردن و چاکسازییەوە بە دەست دەهێنرێت و سوودی بۆ هەموو گرووپەکانی کۆمەڵگە دەبێت، بە هەژارانیشەوە. ئەمەش پێی دەوترێت "بڵاو بوونەوەی پارە لە دەوڵەمەندەوە بۆ هەژار" trickle down لە ڕێگەی سیستەمی ئابووری دەوڵەتەوە. لەوانەیە خۆشگوزەرانی نایەکسانییەکان بنبڕ بکات بەڵام بە هۆی برەودان بە کولتووری پڕۆژەکان دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە کێکی ئابووری فراوان دەبێت و پێوەرە گشتییەکانی ژیان بەرز دەکاتەوە. هێرشێکی جیاواز بۆ سەر دەوڵەتی خۆشگوزەران لەو سۆشیالیستانەوە دێت کە بنەما یەکسانییەکان پەسەند دەکەن لە نێو خۆشگوزەرانی هەیە بەڵام مشتومڕی ئەوە دەکەن کە لە کردەدا زۆر بە دەگمەن درکیان پێ کراوە. لە کتێبەکەی بە ناوی "ستراتیژیەتی یەکسانی، ١٩٨٢"، جولیەن لی گراند لێکدانەوەیەکی کرد لە سەر خزمەتەکانی خۆشگوزەرانی بە هۆی گرووپە کۆمەڵایەتییە جۆربەجۆرەکان و ئەوەی دۆزییەوە کە دەوڵەمەند و ژیان خۆشەکان زۆرجار مەسرەفیان زیاترە تا هەژار و پێویستەکان. لە بواری وەک چاودێری تەندروستی و سوودەکانی باج بۆ خاوەن خانووەکان و قوتابخانەکان و خوێندنی باڵا و زۆر جار لە ئاستێکی باشتردان بۆ سوود وەرگرتن لە چاو چینی کرێکار چونکە ئاستی پەروەردەییان باشترە و هەلی ئەوەیان هەیە سوود لە خزمەتەکان وەرگرن. بۆیە لی گراند گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە لە هەندێ حاڵەتدا خۆشگوزەرانی نایەکسانی کۆمەڵایەتی قووڵ دەکاتەوە نەک بنبڕی بکات. ئابووریناس جەیمس کۆنۆر ئاماژەی بەوە کردووە کە سیستەمی خۆشگوزەرانی پشتگیری نایەکسانییە ئابوورییەکان دەکات. لە کتێبەکەی بە ناوی

"تەنگژە داراییەکانی دەوڵەت، ۱۹۷۳"، پێشنیازی ئەوە دەکات بەرنامەکانی خۆشگوزەرانی یان ئەوەتا لە سەرمایەی کۆمەڵایەتی یان خەرجییە کۆمەڵایەتییەکان پێک دێت. سەرمایەی کۆمەڵایەتی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ خزمەتی بەرژەوەندییەکانی دەستە تایبەتییەکان دەکات بە هۆی بەکار هێنانی پارەی باج بۆ دابینکردنی سوودەکان و دڵنیایی بۆ کرێکاران، بەمەش تێچووی کرێکاران دێنێتە خوارەوە و بەرهەم زیاتر دەکات. خەرجییە کۆمەڵایەتییەکان ئەو سوودانە دەگرێتەوە بۆ بێکارەکان، کە ڕاستەوخۆ پەیوەست نین بە بەرهەمهێنان بگرە سوودەکان سەرمایەداری دڵخۆش دەکەن بە هۆی دڵنیاکردنەوەی سەقامگیری کۆمەڵایەتی.

مارکسە ئۆرتۆدۆکسییەکان لە شرۆڤەکەی سۆشیالیستەکان قووڵتر بوونەوە و ڕەتی تەواوی ئایدیەی بە مرۆڤکردنی سەرمایەداری دەکەنەوە لە ڕێگەی فراوانکردنی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی. بە پێی ئەم بۆچوونە، سەرمایەداری سیستەمێکە بۆ قۆستنەوەی چینەکان، ناتوانرێت چاکسازی تیا بکرێت، تەنیا دەتوانرێت هەڵبوەشێنرێتەوە. ڕۆڵی خۆشگوزەرانی لەم پرۆسەیەدا سەقامگیرکردنی سەرمایەدارییە بە لایەنی کەم بە دوو ڕێگا. یەکەمیان، بە تەنگ پێداویستییە بەرهەم هێنەرکانی سیستەمی ئابوورییەوە دەچێت، وەک: کرێکاری بەهێز و تەندروست و باش ڕاهێنراو. لەو سۆنگەوەش، مارکسییەکان پێیان وایە کە بەرژەوەندیە درێژ خایەنەکانی سەرمایەداری زاڵ بوونە بە سەر حەزی کورتخایەتی کارکردن و پیشەسازگەرەکان بۆ برینی خۆشگوزەرانی تاوەکو باج ببڕن. دووەمیان، بە هۆی پشتگیری کردنی کاریگەرییەکانی سیستەمی سەرمایەداری و لابردنی خراپترین حاڵەتی هەژاری، دەوڵەتی خۆشگوزەران چینی پرۆلیتاری لە بەدەستهێنانی چینێکی هۆشیار و شۆڕشگێڕ دوور خستووەتەوە. چینی کرێکار هێور کراونەتەوە، ڕزگار نەکراون. بۆیە دەوڵەتی خۆشگوزەران وەک بریکارێکی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی کار دەکات چونکە ڕێگە بە ئایدیۆلۆژیای سەرمایەداری خۆشگوزەرانی دەدات بۆ شاردنەوەی واقیعی چەوساندنەوەی چینەکان. بە هەقیقەت، زۆرێک لە مارکسییەکان ئایدیەی خۆشگوزەرانی بە تەڵەیەک دادەنێن، هانی خەڵک دەدەن بیر لە گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی بکەنەوە لە چوارچێوەیەکی تەسکدا لە ڕووی چارەسەرکردنی هەژاری و نەدارییەوە. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش دەبێ مامەڵە



لەگەڵ هەژاری بکرێت وەک کێشەیەکی گۆشەگیر و بە دەری بخەیت لە سیستەمی ئابووری کە بە بۆچوونی مارکسییەکان خودی ئەو سیستەمە هۆکاری ڕاستەقینەی کێشەکانە.

### دیموکراسی کۆمەڵایەتی Social democracy

زاراوەی دیموکراسی کۆمەڵایەتی بە ژمارەیەک ڕێگای جیاواز پێناسە دەکرێت. لە بنەڕەتدا لە لایەن مارکسییەکانەوە بە کار هێنراوە بۆ جیاکردنەوەی لە نێوان ئامانجی تەسکی دیموکراسی سیاسی و ئامانجە بنەڕەتییەکانی سۆشیالیزم. دیموکراسی کۆمەڵایەتی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا پەیدا بوو، کە زیاتر پەیوەست بوو بە چاکسازی نەک ڕێگای شۆڕشگێڕی بۆ سۆشیالیزم. بەڵام، بەکارهێنانی مۆدێرنی زاراوەکە لە لایەن حەزەکانی حیزبە سۆشیالیستە دیموکراتەکان دروست کراوە بۆ وازهێنان لە ئامانجی هەڵوەشاندنەوەی سەرمایەداری و لە خۆگرتنی ئامانجی میانڕەوتری چاکسازی و بە مرۆڤی کردنی سەرمایەداری. دیموکراسی کۆمەڵایەتی بۆ هاوسەنگییەکە لە نێوان بازاڕ و دەوڵەت، هاوسەنگییەک لە نێوان تاک و کۆمەڵگە. ئەرکی سەرەکی تیۆری دیموکراسی کۆمەڵایەتی دروستکردنی دانووسانێکە لە نێوان، لە لایەک پەسەندکردنی سەرمایەداری وەک تاکە میکانیزمی باوەڕپێکراو بۆ بەرهەمهێنانی سامان، لە لایەکی دیکەوە حەزی دابەشکردنی سامان بە گوێرەی بنەما ئەخلاقییەکان نەک بازاڕییەکان.

جەختکردنە سەر سیفەتی هزری دیموکراسی کۆمەڵایەتی بایەخێکە بە کۆمەڵگە بێهێزەکان، بێهێز و دەستەوسان. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەمە وەک گەشەسەندنێکی نەریتی کۆمەڵایەتی بەدی دەکرێت، یان ئەوەتا لە لایەن ئەو هەولانەوە دروست بووە بۆ نوێکردنەوەی مارکسیزم یان بۆ سەرهەڵدانی سۆشیالیزمێکی یوتۆپیایی یان ئەخلاقی دروست بووە. ئەم جۆرە گەشەسەندنانە تاقیکردەوەی سەرمایەداری و ڕەتکردنی باوەڕی مارکسی دەگرێتەوە کە بە شێوازی سەرمایەداری بەرهەمهێنان دەناسرێتەوە بە هۆی سیستەمی چەوساندنەوەی چینەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، دیموکراسی کۆمەڵایەتی تیۆری یەکگرتنی مارکسیزمی نییە و بە تەواویش ڕەگی دەنەکوتاوە لە سۆشیالیزم. بە تایبەتی، سۆشیەل دیموکراتەکان جەخت دەکەنە سەر ئایدیەکانی لیبراڵە مۆدێرنەکان وەک سەربەستی پۆزەتیڤ و یەکسانی هەل کە پێیان وایە زۆر زەحمەتە جیاوازی بکەیت لە نێوان دیموکراسی کۆمەڵایەتی و لیبرالیزم. ئەمە لە

کارتێکردنەکەی ڕاوڵز بەدی دەکرێت لە سەر هزری دیموکراسی کۆمەڵایەتی. گەشەسەندنی بەم دواییانە لە نێو دیموکراسی کۆمەڵایەتی چەند بنەمایەکی لەگەڵ خۆ تێوە گلاندووە وەک کۆمەڵگە و شەراکەتی کۆمەڵایەتی و بەرپرسیاریەتی ئەخلاقی، ڕەنگدانەوەی هاوتەریبەکانە لە نێوان دیموکراسی کۆمەڵایەتی مۆدێرن و کۆمیونیاریانیزم.

سەرنجی دیموکراسی کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە نەریتی مرۆڤایەتی بە زیندوویی هێشتووەتەوە لە نێو هزری سۆشیالیستیدا، بەدیلێک پێشکەش دەکات بۆ دۆگماتیزم و ئابووری بەر تەکسی مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکسی. هەوڵەکانی بۆ هاوسەنگکردنی لێهاتوویی و یەکسانی بناغەیەکە زۆربەی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان جەختی لە سەر دەکەنەوە، بێ گوێدان بەوەی ئایا حکوومەتە سۆشیالیست و لیبرال و پارێزکارەکان لە سەر دەسەڵات یان نا. لە تێڕوانینی مارکسیدا، دیموکراسی کۆمەڵایەتی ناپاکییەکە بەرامبەر بنەما کۆمەڵایەتییەکان، هەوڵێکە بۆ پشتگیری کردنی سیستەمی سەرمایەداری بەرگریکەر بە ناوی ئایدیە سۆشیالیستەکانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، خاڵی لاوازی دیموکراسی کۆمەڵایەتی نەبوونی ڕەگی توندی تیۆرەکانە. هەرچەندە سۆشیەل دیموکراتەکان پابەندبوونیان هەیە بە یەکسانی و دادوەری کۆمەڵایەتی، ئەو جۆرە یەکسانییەی ئەوان پشتگیری لێ دەکەن و ئەو مانا تایبەتییەشی ئەوان بە دادوەری کۆمەڵایەتییان داوە بە بەردەوامی دووبارە دەکرێتەوە. بۆ نموونە، تا ئەو ڕادەیەی کە دیموکراسی کۆمەڵایەتی بە بەرگرییەکی کۆمەڵگە دادەنرێت، دەکرێ بڵێین لە جەوهەردا سیفەتێکی پارێزکاری هەیە. لە بری ئەوەی سەیارەک بێت بۆ گواستنەوەی کۆمەڵایەتی، پەرەی پێ دراوە بۆ نێو ئەرک و بەرپرسیاریەتی بەرگری کردن، بۆیە پشتگیری دامەزراندنی دامەزراوەکان دەکات لە خزمەتی ڕێگای ژیان دایە.

## فەیلەسووفە سەرەکییەکان

### ئیدوەرد بێرنستێین (١٨٥٠-١٩٣٢)

تیۆریستێکی کۆمەڵایەتی و سیاسەتزانێکی ئەڵمانییە. بەرپرسیار بوو لە یەکەم پێداچوونەوەی سیستەماتیکی مارکسیزم. سەرنجی دا بە ژێرکەوتنی بۆچوونە مارکسییەکان دەربارەی ڕووخانی سەرمایەداری، ئاماژەی بەوە کرد کە تەنگژە ئابوورییەکان کەمتر بوون نەک زۆرتر. بیرۆکەی شۆڕشی ڕەت کردەوە و بانگەشەی هاوپەیمانیەتی کرد لەگەڵ چینی ناوەندی لیبرال و جووتیاران، دووپاتی



ئەگەری گواستنەوەی ئاشتییانەی کرد بەرەو سۆشیالیزم. دواتر هەموو ئینتیباعەکانی مارکسیزمی ڕەت کردەوە و پەرەی بە فۆرمێکی سۆشیالیزمی ئەخلاقی دا بە پشت بەستن بە نیو کانتیانیزم. گرینگترین کاری بێرنستێین ئەمەیە: سۆشیالیزمی شۆڕشگێڕی (١٨٩٨).

### ڕیچارد هێنری تاونی (١٨٨٠-١٩٦٢)

فەیلەسووفێکی کۆمەڵایەتی و مێژوونووسێکی بەریتانییە. ڕابەری فۆرمێکی سۆشیالیزم بوو بە توندی ڕەگی داکوتا بوو لە ئەخلاقی کۆمەڵایەتی مەسیحییەت و پەیوەست نەبوو بە شرۆڤەی چینایەتی مارکسییەکان. شپرزەیی و شێواوی سەرمایەداری، بە ڕای ئەو، سەرچاوەی گرتووە لە نەبوونی میسالیەتێکی ئەخلاقی، کە بووەتە هۆی نایەکسانییەکی بەربڵاوی مادی. پرۆژەی سۆشیالیزم بۆ بونیاتنانی کولتوورێکی گشتییە کە بنەماکانی هاریکاری و یەکگرتنی کۆمەڵایەتی دابین دەکات. کارە سەرەکییەکانی تاونی the acquisitive society، 1921 ، یەکسانی (١٩٣١) و نەریتی ڕادیکاڵی , ١٩٦٤

### ئەنتۆنی گرۆسلاند (١٩١٨-٧٧)

تیۆریستێکی کۆمەڵایەتی و سیاسەتزانێکی بەریتانییە. پشتڕاست بوو بە بێرنستێین بۆ هەوڵی دابینکردنی بنەما تیۆرییەکانی دیموکراسی کۆمەڵایەتی. پێی وابوو کە هیچی تر پێویست ناکات باسی هەڵوەشاندنەوەی سەرمایەداری بکرێت چونکە خاوەنداریەتی سامان لە ژێر کۆنترۆڵی ئەودا نەماوە، هەروەها بڕیارە ئابوورییە سەرەکییەکان دەدرێت لە لایەن بەڕێوەبەرە مووچە خۆرەکان نەک لە لایەن بۆرژوازییەکانەوە. ئەرکی سۆشیالیزم بڕەودانە بە یەکسانی، مەبەستی گرۆسلاند لەمە نایەکسانی و دابەشکردنی تەسک بوو نەک داڕشتنەوەی سیستەمی خاوەنداریەتی. باشترین کارەکانی گرۆسلاند ئەمانەن: داهاتووی سۆشیالیزم (١٩٥٦) و socialism (١٩٧٤).

## کورتەی بەشی دەیەم

١– پابەندبوون بە یەکسانی ڕەنگە یەکێک لە فۆرمە هاودژەکان وەرگرێت. یەکسانی فەرمی یان دامەزراوەیی دەڵێت کە هەموو مرۆڤێک لە بەهای ئەخلاقیدا یەکسانن و ڕەنگدانەوەی پابەندبوونێکن بە یەکسانی یاسایی و سیاسی. یەکسانی هەل بایەخ بە یەکسانکردنی خاڵی دەستپێکردنی ژیان دەدات تاوەکو ڕێگە بە نایەکسانییە

سروشتییەکان بدات گەشە بکەن. یەکسانی دەرەنجامەکان بایەخ بە بەدەستهێنانی دۆخە یەکسانەکانی ژیان و یەکسانی کۆمەڵایەتی دەدات. ٢- دادوەری کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە بۆ دابەشکردنێکی دادوەرانەی پاداشتە مادییەکان. جیاوازییە بنەڕەتی هەیە لە نێوان ئەوانەی پێیان وایە کە دابەشکردن دەبێ بە شێوەیەکی گشتی یەکسان بێت چونکە مەبەستی تێرکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤە. ئەوانەشی کە دەڵێن دەبێ ڕەنگدانەوەی ئەو مافانەی تاک بێت کە پشتڕاستن بە بەهرە و ئارەزووی کارکردن، هەروەها ئەوانەشی پێشنیازی ئەوە دەکەن کە دابەشکردن دیاری بکرێت بە هۆی هۆکارە نەگۆڕ و غەریزییەکان و شایەنی سروشتی تاک و گرووپەکان.

٣- خۆشگوزەرانی ئایدیەی بنەڕەتی یەکسانی خۆشی هەموو هاوڵاتییانە، کەمترین یەکسانی بۆ ژیانی هەمووان. هەرچەندە هەندێک پێیان وایە کە ئەم ئامانجە دەکرێ بە دەست بهێنرێت لە ڕێگەی پشت بە خۆ بەستنی تاک و هەوڵ و تەقەلای تاک یان بە هۆی سیستەمێکی تایبەتی خێرخوازی، لە کردەدا بە دەست دەهێنرێت لە ڕێگەی خزمەتی خۆشگوزەرانی بۆ هەمووان لە لایەن حکوومەتەوە، دەوڵەتی خۆشگوزەران. هەروەها فۆرمەکانی خۆشگوزەران زۆر جۆری هەیە.

٤- بنەمای خۆشگوزەرانی پشتگیری لێ کراوە لە لایەن ڕێکەوتنێکی گشتی ئایدیۆلۆژی فراوان، کە لە پارێزکارەکانەوە تا سۆشیالیستە پەرلەمانتارییەکان دەگرێتەوە. خاڵە باشەکانی ئەم بنەمایە برەودانە بە لێهاتوویی سروشتی و خێرا کردنی یەکگرتنی کۆمەڵایەتی و یارمەتی تاک دەدات توانای خۆیان بەرەو پێشەوە ببەن، هەروەها نیازی تەسک کردنەوەی نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان هەیە. بەڵام، ڕەخنەگرەکان هێرشیان کردووەتە سەر خۆشگوزەرانی، لە لایەک، چونکە خۆشگوزەرانی پشت بە خۆ نەبەستان دروست دەکات و برەو بە تەمبەڵی دەدات، لە لایەکی تریشەوە، چونکە لە بری بنبڕکردنی نییەکسانی، پتەوتری دەکات.

# بەشی یازدەیەم

## موڵک و پلاندانان و بازاڕ

پێشەکی
موڵک
پلاندانان
بازاڕ
کورتە

## پێشەکی

لە زۆربەی ئاستەکاندا، سیاسەت لەگەڵ ئابووری تێک هەڵدەکێشرێن. زۆربەی جار ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بە هۆی هۆکارە ئابوورییەکانەوە یەکلایی دەکرێتەوە: لە کاتەکانی ئاسوودەییدا، لەوانەیە حکوومەت دووبارە هەڵبژێردرێتەوە، بەڵام لە کاتی سست بوونی ئابووری دووچاری شکست دێت. بۆیە زۆر سەرسامی نییە کە حیزبە سیاسییەکان لە ژێر ڕکێف و کاریگەری و دەسەڵاتی پرسە ئابوورییەکاندان. حیزبەکان پێشبڕکێی دژی یەک دەکەن لە سەر بنچینەی بەڵێن دان بە گەشەی زۆرتری ئابووری، زۆرترکردنی خۆشی و ئاسوودەیی و دابەزاندنی نرخی کاڵا و تا دوایی. کاریگەری ئابووری هیچی کەمتر نییە لە کاریگەری تیۆری سیاسی. نزیکەی دوو سەد ساڵ لەمەوبەر، مشتومڕی ئایدیۆلۆژی لە شەڕی نێوان سۆشیالیزم و سەرمایەداریدا هاتە کایەوە، ململانێیەک لە نێوان فەلسەفە ئابوورییەکاندا سەری هەڵدا. ئەم ململانێیە بە ململانێیەکی بنەڕەتی دادەنرێت بۆ خودی ڕەوشی سیاسی، ئایدییەکانی باڵی چەپ بە گشتی سۆشیالیستین، ئایدییەکانی باڵی ڕاست سۆز دەنوێنن بەرامبەر سەرمایەداری. لە کردەدا، ئەم ڕەوتە سیاسەتی ڕاپێچی نێو مشتومڕێک کرد دەربارەی خاوەندارییەتی موڵک و حەزی سیستەمێکی ئابووری بە سەر یەکێکی ترەوە. ئایا دەبێ موڵک هی تاکێکی تایبەت بێت و بەکار بهێنرێت بۆ تێر بەرژەوەندییە شەخسییەکان؟ یاخۆ دەبێ گشت (هەموو خەڵک) خاوەنی موڵک بن، کۆمەڵگە یان دەوڵەت خاوەنی موڵک بێت، بە بەرژەوەندی گشتی ببەسترێتەوە؟

پرسیارەکان لە بارەی موڵک پەیوەستن بە ململانێی شێوازەکانی ڕێکخستنی ئابووری، بە تایبەتی سیستەمە ئابوورییە ڕکابەرەکان کە دەستیان گرتووە بە سەر تەواوی مێژووی سەدەی بیستەمدا: پلان دانانی سەرەکی و سەرمایەداری بازاڕ لەو سیستەمانەن. هەندێ جار، سیاسەت سادە دەکرێتەوە بۆ ئیختیارێک لە نێوان پلاندانان و بازاڕ. فۆرمەکانی پلاندانان لە چەندین وڵات بە گشتی بەکار هێنراوە، بەڵام بنەماکە لە وڵاتە کۆمەنیستە ئۆرتۆدۆکسییەکان جێبەجێ دەکرێت. خاڵە بە هێزەکانی سەرنجەکانی پرۆسەی پلاندانان چییە؟ بەڵام بۆچی زۆرجار پلاندانان سەرکەوتوو نابێت یان بە توندی ڕەت دەکرێنەوە؟ لە گەلێ ڕووەوە، ئایدیەی بازاڕ لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا پەیدا بوو، پێشەنگی ئەم ئایدیە نەک هەر تەنیا هزرمەندە لیبراڵەکان و پارێزکارەکانن بگرە لە لایەن ژمارەیەکی زۆری سۆشیالیستەکانیشەوە ڕابەری دەکرێت. ئەو شتە چییە سیستەمی بازاڕی پشت بەستوو بە ڕێکخستنی ئابووری سەرکەوتوو دەکات؟ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆچی حکوومەت بە بەردەوامی دەست دەخاتە نێو ژیانی ئابووری و دەبێتە پاشکۆیەک یان بۆچی بە بەردەوامی بازاڕ ڕێک دەخات.



## موڵک Property

بە گشتی ئەو بە هەڵە تێگەیشتنەی لە گفتوگۆکانی دەربارەی موڵک هەیە بەکار هێنانی زاراوەیەکە بە زمانی ڕۆژانە کە ئاماژە بە شتە بێ گیانەکان دەکات. لە ڕاستیدا موڵک دامەزراوێکی کۆمەڵایەتییە، بە داوونەریت و لە زۆربەی حاڵەتەکانیش بە یاسا پێناسە دەکرێت. وەسفکردنی شتێک بە "موڵک" درککردنە بە پێوەندی بوونی خاوەنداریەتی لە نێوان شتەکە و ئەو کەسەی یان گرووپەی خاوەنی شتەکەیە. لەو دیدەوە، جیاوازییەکی ڕوون هەیە لە نێوان موڵک و سوود وەرگرتن لە شتێک وەک خاوەنیەتی یان هەبوون. بۆ نموونە، هەڵگرتنەوەی بەردێکی بە نرخ لە کەنار دەریا، بە کارهێنانی قەڵەمێک یان وەرگرتنی سەیارەی یەکێکی تر و لێی بخوڕیت، ئەمانە مانای خاوەنیەتی ناگەیەنن. بۆیە موڵک شتێکی تۆکمە و دامەزراو و بانگەشەی هەبوون و خاوەنیەتییە، کەواتە موڵک مافێکە نەک شتێک. خاوەنیەتی موڵک ڕەنگدانەوەی بوونی ماف و دەسەڵاتەکانە بە سەر شتێک و پەسەندکردنی ئەرک و بەرپرسیاریەتییەکانە بەرامبەر ئەو شتە. بە پێی ئەم بۆچوونە، موڵک توانایەک بە خاوەنەکە دەبەخشێت بۆ بەکارهێنان و ڕێکخستنی شتێک، سەرەڕای ئەوەش بەرپرسیاریەتییەک دەخاتە پاڵ خاوەنەکە بۆ ئەوەی شتەکە بپارێزێت و چاکیشی بکاتەوە.

دانانی شتەکان بە موڵک زۆر قسە و باس هەڵدەگرێت و جیاوازە. کۆمەڵگە سەرەتاییەکان، وەک ئەوانەی ئەمریکییە زگماکەکان، ڕەنگە هیچ مەفهوومێکیان نەبووبێت بۆ موڵک. لەو جۆرە کۆمەڵگەیانەدا، شتە بێ گیانەکان، بە تایبەتیش زەوی، بە هی سروشت دادەنران، مرۆڤ خاوەنی ئەو موڵکانە نەبوون، بگرە مرۆڤ پاسەوان و ئەمینداری ئەو زەوییانە بوون. بیرۆکەی مۆدێرنی موڵک لە سەدەی حەڤدە و هەژدەدا دەست پێدەکات و لە گەشەسەندنی کۆمەڵگە ئابووری و بازرگانییەکانی ڕۆژئاوا هەڵقولاوە. کاتێ شتە مادییەکان وردە وردە بە سەرچاوە ئابوورییەکان دانران، هەرکە ئالیەتەکانی بەرهەمهێنان یان کەلوپەلەکان کڕین و فرۆشتنیان کەوتە سەر، ئەوا پرسی خاوەنداریەتی گرینگییەکەی بێ وێنەی بە خۆوە بینی. جیهانی

سروشتی گۆڕا بۆ موڵک و بۆ سوودەکانی مرۆڤ هەڵقۆزرایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، موڵک هەر تەنیا وابەستە نەبوو بە شتە مادییەکان، بگرە بۆ نموونە مرۆڤیش بە موڵک دادەنرا، ئەویش لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی هەروەها لە سیستمە یاساییەکانیشدا ژنەکان بە خزمەتکار و موڵکی مێردەکانیان دادەنران. بەڵام، دواتر فۆرمی جیا جیای موڵک سەری هەڵدا، کێ خاوەنی چییە و چیش هی کێیە: موڵکی تایبەت و موڵکی گشتی و موڵکی دەوڵەت لەو فۆرمە جیاوازانەن. هەر فۆرمێکی موڵک مانای جیا جیای هەیە لە ڕێکخستنی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، هەروەها هەر یەکەیان دەسەلمێنرێن بە بنەمای تایبەتی ئەخلاقی و ئابووری.

## موڵکی تایبەت Private property

بیرۆکەی موڵکی تایبەت بە قووڵی ڕەگی داکوتاوە لە کولتووری ڕۆژئاوا کە شتێکی ماقووڵ نییە هەموو موڵکێک بە موڵکی تایبەتی بزانرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، موڵکی تایبەت فۆرمێکی جیاکراوەی موڵکە، لە لایەن سی بی ماکفێرسن (١٩٧٣) پێناسە کراوە وەک مافی تاکێک یان دامەزراوێک بۆ وەدەرنانی ئەوانی تر لە بەکارهێنانی یان سوودوەرگرتن لە شتێک. مافی وەدەرنان مانای ئەوە نییە نکۆڵی لە دەست لێدانی شتی یەکێک بکات. یەکێکی تر دەتوانێت سەیارەکەی من بەکار بێنێت بەڵام تەنیا بە ڕەزامەندی من. بیرۆکەی موڵک وەک "تایبەت" لە ماوە سەرەتاییەکانی سەردەمی مۆدێرندا هاتە کایەوە و چوارچێوەیەکی یاسایی وەرگرت تیایدا چالاکیی بازرگانی دەتوانێت ڕووبدات. بۆیە موڵکی تایبەت بووە بەردی بناغەی گەشەی بازاڕ یان سیستەمی ئابووری سەرمایەداری.

تیۆریستە لیبرال و پارێزکارەکان پابەندترین بەرگریکەرن لە موڵکی تایبەتی، بەڵام سەلماندنی موڵکی تایبەتی ژمارەیەک فۆرمی بە خۆوە گرتووە. یەکێک لە دەمەتەقێیە سەرەکییەکان بۆ بەرژەوەندی موڵکی تایبەت لە سەدەی حەڤدە پەرەی پێ درا لە لایەن تیۆریستەکانی مافە سروشتییەکان وەک جۆن لۆک. هەمان هەڵوێست لە سەدەی بیستەم بەکار برا لە لایەن پسپۆرانی ئازادی باڵی ڕاست وەک ڕۆبێرت نۆزیک. بنەمای ئەم دەمەتەقێیە باوەڕبوونە بە "خاوەنداریەتی خود"، کە هەر تاکێک مافی





هەیە خاوەنی خودی کەسی یا جەستەی خۆی بێت. هەروەک جۆن لۆک دەڵێت، گەر هەر کەسێک مافی تایبەتی هەبێت بە سەر خودی خۆیدا، ئەوا ئەوە دەگەیەنێت کە مافێکی تایبەتییان دەبێت بۆ بەرهەمهێنانی کاری خۆیان، خاوەنی ئەو شتە دەبن کە خۆیان بەرهەمی دێنن و دروستی دەکەن و ئەنجامی دەدەن. بۆیە مافەکانی موڵکداریەتی پشتڕاستن بەو ئایدیەی کە شتە بێ گیانەکان لەگەڵ کرێکارەکان تێکەڵ دەکرێن و بوونەتە موڵکی تایبەتی کرێکارەکە. ئەم مشتومڕە هەر تەنیا مافەکانی موڵکی تایبەت ناسەلمێنێت بگرە مافە بێ سنوورەکانیش دەسەلمێنێت، تاکەکان مافێکی ڕەهایان هەیە بۆ بەکارهێنان یان ڕێکخستنی موڵک بە هەر شێوەیەک خۆیان پێیان خۆش بێت. ئەمە بەڕوونی بەدی دەکرێت لە تیۆرەکەی نۆزیک لە سەر دابەشکردن، کە لە بەشی دەیەم تانوپۆ کراوە. بە ڕای نۆزیک، دابینکردنی موڵکدادوەرانە گوازراوەتەوە، هیچ سەلماندنێک نییە بۆ بێ حورمەتکردنی مافەکانی موڵکداریەیتی، جا لە حاڵەتی دادوەری کۆمەڵایەتی یان لە بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەیەکی فراوانتردا بێت. بۆ نموونە، ئەم هەڵوێستە سنووری ڕوون دادەنێت لە سەر تواناکانی حکوومەت بۆ ڕێکخستنی ژیانی ئابووری یان تەنانەت باج وەرگرتن لە هاوڵاتیانی.

سەلماندنی موڵکی تایبەت وەک پاڵنەرێک بۆ کارکردن بە ئایدیەی مافە سروشتییەکان دەبەسترێتەوە. ئەم بەرگریکردنە لە موڵکی تایبەت لە ئەرستۆ بەدی دەکرێت و لە لایەن تیۆرە ئابووری و یوتیلیتارییەکانیش پەرەی پێ درا، ئەم بەرگریکردنە زیاتر پشتڕاستە بە بەڵێندانی ئابووری تا بنەما ئەخلاقییەکان. بە کورتی، ئەوە تەنیا ئەگەری بەدەست هێنان و خواردنی سامانە، لە فۆرمی موڵکی تایبەتیدا، هانی خەڵک دەدات بۆ کار و ڕەنجکێشان و پێشخستنی ئەو بەهرە و تواناییانەی کە لەگەڵیان لە دایک بووە. وێڕای ئەمەش، ئابووریناسەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە ڕێگەی میکانیزمی پێشبڕکێی تایبەتی موڵکی تایبەت دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە سەرچاوە ئابوورییەکان پابەندن بە بەکارهێنانەکانیان بە باشترین شێوە، دڵنیای ئابوورییەکی بەرهەمهێنەر و گەشەسەندوو دەکاتەوە. ئەم جۆرە مشتومڕە دەوەستێتە سەر ئەو باوەڕەی کە مرۆڤ تەنیا بە دوای خۆیدا دەگەڕێت و

هەروەها "کار" بە ئالیەتێکی جەوهەری دادەنرێت. بە واتایەکی دیکە، کار ئالیەتێکە بۆ بە دەستهێنانی ئەنجامێک. هێز لە پاڵ چالاکیی بەرهەمهێنەر بۆ بەکارهێنانی شتە مادییەکانە. تاکەکان تەنیا بەوە هان دەدرێن بۆ تەرخانکردنی کات و وزەیان بۆ کارکردن گەر قەرەبووی سامانە مادییە دەستەبەرکراوەکان بکەنەوە.

موڵکی تایبەت دەبەسترێتەوە بە برەودان بە گرینگی بەها سیاسییەکانەوە، بە تایبەتی ئازادی تاک. خاوەنداریەتی موڵک پلەیەکی سەربەخۆیی و پشت بە خۆ بەستان بە هاوڵاتیان دەبەخشێت، وایان لێ دەکات لە سەر هەردوو پێی خۆیان بوەستن. بە پێچەوانەوە، ئەوانەی بێ موڵکن بە ئاسانی قۆرخ و کۆنترۆڵ دەکرێن، جا چ لە لایەن دەوڵەمەندەکانەوە یان لە لایەن حکومەتەوە بێت. تەنانەت ئەو تیۆریستە سیاسییانەی کە ترسیان هەیە لە سەرهەڵدانی نایەکسانی ئابووری، وەک ژان ژاک رۆسۆ، پسپۆر لە بواری فەوزەوی پیەر جۆزیف پراودهۆن و سۆشیەل دیموکراتە مۆدێرنەکان ئامادە نەبوون بیر لە هەڵوەشاندنەوەی موڵکی تایبەت بکەن. بەڵام، ئەم مشتومڕە (لە سەر هەڵوەشاندنەوەی موڵک تایبەت) بە تایبەتی ئەنجام دراوە لە لایەن ئابووریناسەکانی بازاڕی ئازاد، وەک فریدریک هایک. لە کتێبەکەی بە ناوی the road to serfdom، 1944 و ١٩٧٦ هایک وەسفی خاوەنداریەتی موڵک دەکات وەک بنەڕەتیترین ئازادی مەدەنی، هەروەها مشتومڕی ئەوە دەکات کە سەربەستی کەسی تەنیا دەتوانرێت لە نێو سیستەمی ئابووری سەرمایەداری حوکم بکرێت. بە ڕای ئەو، دەستێوەردانی حکومەت لە ژیانی ئابووریدا تا ئەو ڕادەیە زۆرە کە بوارەکانی بوونی کۆمەڵایەتی دەهێنێتە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەت. لە ڕاستیدا، هەر دەستێوەردانێک لە موڵکی تایبەت تۆوی سیستەمی چەوسێنەری تۆتیلیتاریەتی تیایە.

سەرەڕای سوودە ئابووری و سیاسییەکان، موڵکی تایبەتی سوودی کەسی و کۆمەڵایەتیش دروست دەکات. بۆ نموونە، موڵکی تایبەت برەو بە بەها گرینگە کۆمەڵایەتییەکان دەدات. خاوەن موڵکەکان بەرپرسیاریەتییان هەیە لە نێو کۆمەڵگە، پاڵنەرێک بۆ پاراستنی سیستەم، دەبێ پابەند بن بە یاسا و بە ڕێزەوە ڕەفتار بکەن. لە ئەنجامدا، پارێزکارەکان ستایشی بیرۆکەی خاوەن موڵکی دیموکراسی دەکەن. بەدواداچوونی ئەم ئامانجە، لە ساڵانی هەشتا و نەوەدەکان، حکومەتەکان لە



بەریتانیا خاوەنیەتی هاوبەشیان فراوان کرد بە هۆی تایبەتکردنی پیشەسازییە نەتەوەییەکان. بەڵام، ئەم مشتومڕە میانڕەوانە ئەنجامی یەکسانی لێ کەوتەوە. بۆ نموونە، ڕەنگە باجی قورستر بسەلمێنێت بە سەر دەوڵەمەنداندا تاوەکو موڵکەکانیان ببەشنەوە بۆ نەداران و هەژاران، گەر وا نەبێت ئەوا وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر سەقامگیری کۆمەڵایەتی دەمێننەوە. دوا سەلماندن بۆ موڵکی تایبەت، موڵک وەک سەرچاوەیەکی ئابووری سەیر ناکات بگرە وەک سامانێکی بەکارهێنراو و سەرچاوەیەکی ئاسایشی کەسی سەیر دەکات. موڵک بە سەرچاوەیەکی ئاسایشی کەسی و چڕکردنەوەی کەسایەتی تاک دادەنرێت. موڵک ئاسایش دابین دەکات چونکە شتێک بە خەڵک دەبەخشێت پشتی پێ ببەستێت. بەڵام، ئەو چێژ و تێربوونەی خاوەنیەتی موڵک دابینی دەکات واقیعێکی دەروونی و ئابوورییە. بۆ نموونە، هەستێک هەیە تیایدا خەڵک درک بە خۆیان بکەن، خۆیان بەدی بکەن و بدۆزنەوە لەو شتانەی هەیانە وەک سەیارە و خانوو و کتێب و تا دوایی.

تێڕوانینەکانی دژی موڵکی تایبەت لە لایەن سۆشیالیستەکانەوە پەرەی پێ دراوە، لە کاتێکدا لیبراڵە مۆدێرنەکان و پارێزکارەکان هەندێ جار درک بە پێویستی مافە سنووردارەکانی موڵک دەکەن. بە شێوەیەکی گشتی هەوڵ بۆ موڵکی تایبەتی دراوە بەڵام نەک وەک بەردی بناغە بۆ ئازادی، نەک وەک هەڕەشەیەکی بنەڕەتی بۆ سەر خودی موڵکی تایبەت. تێڕوانینێکی ئەم مشتومڕە هۆشداری ئەوە دەدات کە مافەکانی موڵکی تایبەتی پەرت و بڵاو دەکات و دەبێتە هۆی دابەشکردنێکی نایەکسانی سامان، ڕێگە بە موڵک دەدات تا ببێتە ئالیەتێک بۆ کۆنترۆڵکردن تەنانەت کۆیلەکردنی ئەوانی تر. ئەم ئایدیە لە قسە بەناوبانگەکەی پراودهۆنەوە بە دیار دەکەوێت کاتێ دەڵێت "موڵک واتە دزی". پراودهۆن مەبەستی لەمە ئەوە نەبوو کە تاکەکان مافیان نییە موڵکیان هەبێت بگرە کەڵەکەکردنی سامان لە ژێر دەستی چەند کەسێک و دەوڵەمەندەکان دەتوانێت هەژاران بچەوسێنێتەوە. بەڵام، مشتومڕی مارکسی لەو ڕوانگەیەوە ڕادیکاڵترە. مارکس بەهای تیۆر کرێکاری بەکار بردووە، کە پشتڕاست بوون بە نووسینەکانی لۆک. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە بەهای باشە ڕەنگدانەوەی کرێکاریە لە نێو کارگەوە هەڵێنجراوە. لە کاتێکدا لۆک پێی وایە کە

مافەکانی موڵک دەچێتە سەر کردارێکی سەرەتایی کارکردن، مارکس جیاوازییەکی بەدی کرد لە نێوان ئەوانەی کە سامانیان هەیە (بۆرژوازییەکان) و ئەوانەشی کە کرێکارن بەرپرسیارن لە دروستکردنی،چینی پرۆلیتار. لە پرۆسەی کەڵەکەکردنی سامان بە سەر یەکتریدا، بۆرژوازییەکان بەها گرینگەکان لە چینی پرۆلیتار دەسەننەوە (دەدزن، بە ڕای پراودهۆن). بە واتایەکی دیکە، موڵکی تایبەت دەبێتە هۆی قۆستنەوە و چەوساندنەوەی چینەکانی تر بە تایبەتیش چینی بێ موڵک. لە مانیفێستۆی کۆمەنیستدا، مارکس توانی تیۆری کۆمەنیزم لە یەک دەستەواژەدا کۆ بکاتەوە، دەستەواژەکەش ئەمەیە: "هەڵوەشاندنەوەی موڵکی تایبەت".

بۆچوونێکی تری مارکسی دژی موڵکی تایبەت دەبەسترێتەوە بە ئایدیەی دوورەپەرێزییەوە. مارکس بە شێوەیەکی گشتی هاوڕایە لەگەڵ سۆشیالیستەکان و پێی وایە کە کرێکاری بەهایەکی جەوهەری ناو خودی مرۆڤە نەک هەر تەنیا ئالیەتێک بێت: خودی "کار" گرینگە، نەک هەر تەنیا لە بەر ئەو شتەی کە بەرهەمی دێنێت. کار کۆششێکی ڕاستەقینە و ئەزموونێکی داهێنەرانەیە. کار دەتوانێت بەهرەو توانا و هەستەکانی تاک بەرەو پێشەوە ببات، سەرەڕای بەهێزکردنی هاریکاری و هەرەوزی کۆمەڵایەتی بە هۆی هاندانی هەوڵ و هاوکاری بە کۆمەڵ. بەڵام، موڵکی تایبەت کرێکار دەخاتە پەراوێزەوە. هەروەک لە بەشی نۆیەمدا شی کراوەتەوە، کرێکار لە بەرهەمی کرێکارییەکەشی دوور دەخرێتەوە، لە پرۆسەی کرێکاریشدا دوور دەخرێتەوە، تەنانەت لە هاوەڵە کرێکارەکان و خودی خۆشی دوور دەخرێتەوە. بەم شێوەیە، مارکس جەخت دەکاتە سەر باوەڕی بنەڕەتی سۆشیالیستی کە موڵکی تایبەتی گەندەڵە و کارێکی نامرۆڤانەیە. لە برەودان بە خۆپەرستی و چڵێسی، موڵکی تایبەت بەربەستێکە لە بەردەم ناسینەوەی هەستی مرۆڤایەتیمان. فەوزەوییە کلاسیکەکانی وەک باکونین و کرۆپۆتکین کاریان لە سەر ئەم شرۆڤەیە کردووە.

هەرچەندە پارێزکارەکان بە توندی بەرگری لە موڵکی تایبەت دەکەن، کەچی بە هیچ شێوەیەک پشتگیری مافە ڕەهاکانی موڵک ناکەن. بە تایبەتی، بیرمەندە پارێزکارەکان پەسەندی ئەوە دەکەن کە مافەکانی موڵکداریەتی ڕەنگە کۆنترۆڵ بکرێن لە بەر سەقامگیری و بەردەوامبوونی ژیان. لە نەریتی ئیدمۆند بێرکدا، موڵک



هەر تەنیا ڕەنگدانەوەی کرێکارانی جیلی ئێستا نییە بگرە ڕەنگدانەوەی وزە و هەوڵ و تەقەلای چەندین جیلی پێش ئێستایە، کە لە ڕێگەی سیستەمی میراتەوە بۆ ئێمە ماوەتەوە. لەو دیدەوەش، موڵک جیلێک بە جیلێکی تر دەبەستێتەوە، هەستێکی ئارامی و ئاسایش دابین دەکات و هەمیشە بەردەوامی دەبەخشێت. ئەو مشتومڕە ئەوە دەگەیەنێت کە هەرگیز موڵک بە مافێکی ڕەها و تایبەتی تاک بەدی ناکرێت. بگرە، خاوەن موڵکەکان هەمووی چاودێرن، ئەرکی پاراستن و تەنانەت فراوانکردنی سامانیان لە سەرە بۆ سوودی جیلی زیاتری داهاتوو. ئەوە ئەو هەستەیە تیایدا لۆرد ستۆکتن و هارۆلد ماکمیلان ڕەخنەیان لە سیاسەتی بەتایبەتکردن گرت بەوەی کە "زێڕ و زیوی خێزان دەفرۆشێت". وێڕای ئەمەش، ئەم قسەو باسانە هەر تەنیا جەخت لەوە ناکەنەوە کە خاوەن موڵکەکان مافیان هەیە موڵکیان هەبێت بگرە ئەرک و بەرپرسیاریەتیشیان دەخەنە پاڵ. بە پێی ئەم بۆچوونە، موڵک بە ئیمتیازێکی جەوهەری دادەنرێت، بە ڕەنج و کۆششی تاک دەستەبەر ناکرێت بگرە لە ڕێگەی ڕێکەوتی لە دایکبوونەوە بە دەست دەهێنرێت. لە ئەنجامدا، خاوەنداریەتی موڵک کۆمەڵێک ئەرک و پابەندبوون دەخاتە سەر شانی دەوڵەمەندەکان، باری هەژاران و بێ موڵکەکانیش سووک دەکات.

## ڕۆبێرت نۆزیک (١٩٣٨- )

فەیلەسووفێکی سیاسی و ئەکادیمییەکی ئەمریکییە. کارە سەرەکییەکەی نۆزیک بە ناوی "ئاژاوە و دەوڵەت و یوتۆپیا (١٩٧٤) بە یەکێک لە هەرە گرینگترین کارە هاوچەرخەکانی فەلسەفەی سیاسی دادەنرێت، هەروەها کاریگەرییەکی قووڵیشی هەیە لە سەر تیۆر و باوەڕەکانی نیوڕایت.

زۆرجار کاری نۆزیک بە وەڵامێک وەسف دەکرێت بۆ ئایدییەکانی جۆن ڕاوڵز، هەروەها بە بەرسڤێکی باڵی چەپ دادەنرێت لە دژی گەشەی وڵاتە زلهێزەکانی دوای جەنگ. نۆزیک پەرەی بە فۆرمێکی ئازادیخوازی دا کە پشتڕاستە بە ئایدییەکانی لۆک و کاریگەری هەبوو لە سەر تاکناسە ئەمریکییەکانی سەدەی نۆزدەم وەک سپوونەر و تەکەر. لە نێو جەرگەی ئەم فۆرمەدا تیۆرێکی پابەندبوونی دادوەری هەیە دووپاتی دەکاتەوە کە هەندێ ماف نابێ پێشێل بکرێن، هەروەها ڕەتی ئەو بیرۆکەیە دەکاتەوە کە دەسکەوتەکانی دادوەری کۆمەڵایەتی و سامان و داهاتی کۆمەڵگەیەک بە گوێرەی شێوازێکی تایبەتی دابەش بکرێن. نۆزیک بە

تایبەتی گفتوگۆی ئەوە دەکات کە مافەکانی موڵک دەبێ پشتگیری لێ بکرێت، دووپاتی ئەوەی کردەوە کە سامان دادوەرانە بە دەست هێنراوە و گوازراوەتەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر. بە کورتی، "هەرشتێک لە حاڵەتێکی عادیلانە بە هۆی هەنگاوی عادیلانە بێتە کایەوە ئەوا ئەو شتە عادیلانەیە". لە سەر ئەم بنچینەیە، هەموو فۆرمەکانی خۆشگوزەرانی و دابەشکردنەوە ڕەت دەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا نۆزیک پشتگیری دەوڵەتێک دەکات کە پەرە بە فۆرمێکی دەوڵەتی سروشت بدات. هەندێ لە دەرەنجامەکانی کتێبی "ئاژاوە و دەوڵەت و یوتۆپیا لە کتێبی " ژیانی تاقی کراوە، ١٩٨٩"دا نوێ کراوەتەوە.

## مولکی گشتی Common property

سەرەڕای مەفهومێکی هەڵەی موڵک وەک موڵکی تایبەت، خاوەندارێتی گشتی یان بە کۆمەڵی سامان مێژوویێکی درێژی هەیە کە دەگەڕێتەوە پێش هزری مۆدێرنی سۆشیالیستی. ئەفلاتوون پێشنیازی ئەوەی کرد لە نێو پادشا فەیلەسووفەکاندا کە دەبێ متمانەیان پێ بکرێت تا حوکم بکەن، موڵک دەبێ خاوەندارێتی بکرێت لە لایەن هەموانەوە. هەروەها کتێبەکەی تۆماس مۆر بە ناوی " یوتۆپیا، ١٥١٦ و ١٩٦٥" بە بێ موڵکی تایبەت وەسفی کۆمەڵگە دەکات، لە هەندێ ڕووەوە ئەم ئایدیانە دواتر لە مانیفێستۆی کۆمەنیستدا پەرەیان پێ دراوە. لە کاتێکدا موڵکی تایبەت پشتڕاستە بە مافی وەدەرنان و دوورخستنەوەی ئەوانی تر لە بەرکاهێنانی موڵکەکە، موڵکی گشتی دەکرێ پێناسە بکرێت، بە پێی وشەکانی ماکفێرسن وەک " مافی وەدەرنەنان و دوورنەخستنەوەی ئەوانی تر". بە واتایەکی دیکە، مافی گەیشتن بە موڵک مافێکی هاوبەشە لە نێو ئەندامانی دەستەیەک، هیچ ئەندامێکیش بۆی نییە بەشێک وەلا نێت و ئەوانی تر لە بەرکار هێنانی دوور بخاتەوە و دەسەڵاتێکی تایبەتی بە سەر ئەو بەشەدا هەبێت. بەڵام، ئەمە مانای ئەوە نییە کە هیچ کەس بە دەر نییە لە موڵکی گشتی. مافی خاوەندارێتی گشتی ڕەنگە سنووردار بکرێت بۆ ئەندامانی کرێکارە هاوکارەکان و دەستەکان. بۆ نموونە، گەیشتن بە زەوییەکی گشتی تەنیا بۆ ئەوانەیە کە گشتین و تایبەتییەکانیش (ئەوەی لە نێو کۆمەڵگەدا نییە) لێی بە دەرن، وەک بەکارهێنانی کتێبخانەی گشتی و مۆزەخانە و قوتابخانە بە خۆڕایی، ئەمانە ڕەنگە بۆ ئەوانە نەبن کە هاوڵاتی نین. لە حاڵەتەکانی تردا، خاوەندارێتی گشتی ڕەنگە



جیهانی بێت لەو سۆنگەیەی کە هیچ مرۆڤێک ناتوانرێت بەدەر بێت و دوور بخرێتەوە لە بەکارهێنان، هەروەک هەندێ جار لە حاڵەتی زەویدا پاڵپشتی دەکرێت. هەرچەندە دەستەیەکی مۆدێرن یان کۆمپانیایەکی گشتی بە یەکێک لە سیفەتەکانی موڵکی گشتی دادەنرێت، چونکە چەند کەسێک هاوبەشن لەو کۆمپانیایە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە باشترە بە نموونەی موڵکی دامەزراوەیی تایبەت دابنرێت. لەبەرئەوەی بەشەکان کڕین و فرۆشتنیان لە سەرە، یەکێکیان دەتوانێت بەشی خۆی لەوانی تر جیا بکاتەوە، ئەمەش شتێکە موڵکی گشتی ڕێگەی پێ نادات.

کەیسی موڵکی بە کۆمەڵ لە لایەن سۆشیالیستەکان و کۆمەنیستەکان و فەوزەوییەکانیش پەرەی پێ دراوە. لە نێو جەرگەی ئەمەدا تیۆری کرێکاری هەیە، تیۆرێک زۆر جیا لەوەی لۆک. لۆک پێی وابوو مافی موڵکی تایبەت دەکرێ بخرێتە قاڵبی کرێکاری سەربەخۆ و تاکێکی تایبەت. یاوەرانی موڵکی گشتی، لە لایەکی دیکەوە، "کار"یان بە چالاکییەکی کۆمەڵایەتی و بە کۆمەڵ داناوە، کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا پشتڕاستە بە هەرەوزی گرووپ و نەک ڕەنج و کۆششی سەربەخۆ. ئەمەش ئەوەی بە دوادا دێت کە ئەو سامانەی بەرهەم دەهێنرێت دەبێ خاوەندارێتی بکرێت لە لایەن هەموانەوە، هەروەها دەبێ بەکاریش بهێنرێت بۆ برەودان بە باشە و بەرژەوەندی هەمووان. هەر سیستەمێکی موڵکی تایبەت دزین دەخاتە قاڵبێکی دامەزراوەییەوە. موڵکی گشتی سەلمێنراوە لە سەر بنچینەی یەکگرتن و هاوکاری کۆمەڵایەتی. کاتێ گشت خاوەنی موڵک دەبن، غەریزە دژە کۆمەڵایەتییەکانی وەک خۆپەرستی و چڵێسی و پێشبڕکێ قەدەغە دەکرێن و ناتوانن کاریگەری خراپیان هەبێت، لە کاتێکدا سازانی کۆمەڵایەتی و هەستی ناسنامەی بە کۆمەڵ بەهێز دەکرێت. بۆ نموونە، ئەفلاتوون پێی وابوو موڵکی گشتی شتێکی جەوهەری و گرینگە چونکە ئەوە دڵنیا دەکاتەوە کە چینی حوکمڕانەکان بە یەکگرتوویی و بێ پۆز کار دەکەن. سۆشیالیستەکان موڵکی گشتی بە ڕێگایەکی دووپاتکردنەوەی ئەوە دەزانن کە هەموو هاوڵاتییەکان ئەندامی تەواوی کۆمەڵگەن، لە هەر حاڵەتێکدا وزە بە کۆمەڵەکانی کۆمەڵگە کۆنترۆڵ دەکات نەک ڕەوتە تەسک و خۆپەرستەکانی تاک.

موڵکی گشتیش زۆر بە توندی ڕەخنەی لێ گیراوە. ڕەخنەگرەکان ئیدیعای ئەوە دەکەن کە وەسفکردنی تاک بە دەسەڵاتێکی تایبەتی خاوەنیەتی کەسی، خاوەنیەتی

گشتی ژینگەیەکی گشتی و ناسەقامگیری کۆمەڵایەتی دروست دەکات. هەندێ لە سۆشیالیستەکان بەڕوونی دانیان بەو کێشەیە داناوە لە کێشانی جیاوازی نێوان موڵکی بەرهەمهێنەر، ئالیەتەکانی بەرهەمهێنان، کە پێیان وایە دەبێ هەموو خاوەنی ئەو ئالیەتانە بن، هەروەها موڵکی گشتی، ئالیەتەکانی سەرفکردن، کە هەر لە ژێر دەستە تایبەتەکاندا دەمێنێتەوە. ئەوانی تر پێیان وایە کە موڵکی گشتی وا بە کەڵک نییە چونکە پاڵنەری مادی بۆ تاک دروست ناکات بۆ کارکردن و ناسینەوەی بەهرەکانیان. دوا کێشەی موڵکی گشتی ئەوەیە کە هیچ میکانزمێک بەرجەستە ناکات بۆ سنووردارکردنی ئالیەتەکانی گەیشتن بە سەرچاوەکان، جگە لە پشت بەستن بە هاریکاری و باشەی سروشتی. ئەمە هەندێ جار شی دەکرێتەوە لە قاڵبی ئەو شتەی پێی دەوترێت "تراژیدیای گشتەکان (خەڵکی بە گشتی). پێش دانانی پێوودانگ بۆ زەوی، گشت مافی بێ سنووریان هەبوو بۆ گەیشتن بە زەوی، دەیانتوانی بە ئارەزووی خۆیان، بە پێی توانا، ئاژەڵ ڕاو بکەن. کێشەکە ئەوەیە کە لە گەڵێ حاڵەتدا زەوی دەستی بە سەردا گیرا بوو و نەزۆک ببوو، تراژیدیایەک کاری کردە سەر گشت. سیستەمەکانی خاوەنیەتی موڵکی تایبەت ڕووبەڕووی ئەم کێشەیە دەبێتەوە بە هۆی ڕێگە دان بە بازاڕ بۆ ڕێژەیی کردنی سەرچاوە نایابەکان لە ڕێگەی میکانیزمی نرخەوە. کاتێک سیستەمەکانی خاوەنیەتی گشتی ئاشنا کرا، گەیشتن بە سەرچاوە نایابەکان پێوودانگی بۆ دانرا بە هۆی سەپاندنی هەندێ فۆرمی دەسەڵاتی سیاسی. بۆیە خاوەنیەتی گشتی زۆرجار لە پراکتیکدا فۆرمی خاوەنیەتی دەوڵەت وەردەگرێت.

## موڵکی دەوڵەت State property

زۆرجار بیرۆکەکانی موڵکی گشتی و موڵکی دەوڵەت تێک دەگیرێن. زاراوەکانی وەک "خاوەنداریەتی گشتی" و " خاوەنداریەتی کۆمەڵایەتی" ئەو مانایە دەگەیەنن کە هەموو هاوڵاتییەک پێکەوە دەبن بە خاوەنی موڵک، بەڵام لە پراکتیکدا موڵک بەوە وەسف دەکرێت کە دەوڵەت خاوەنیەتی و کۆنترۆڵی دەکات. بە هەمان شێوە ناشناڵایزەیشن خاوەنداریەتی نەتەوەیەک دەگەیەنێت بەڵام لە ڕێگەی سیستەمێکی



کۆنترۆڵی دەوڵەت. لەگەڵ ئەوەشدا، موڵکی دەوڵەت فۆرمێکی موڵک دوروست دەکات جیا لە هەردوو فۆرمی تایبەتی و گشتی و موڵک، هەرچەندە بە تێکگیراوی سیفەتەکانی هەر یەکێک دەخاتە ڕوو. وێکچوونی نێوان موڵکی دەوڵەت و موڵکی گشتی بە هۆی ئەو واقیعە لە دایک دەبێت کە بە پێچەوانەی دەستە تایبەتییەکان، دەوڵەت بە ناوی گەل و بۆ بەرژەوەندی گشتی کار دەکات. هەندێ جار جیاوازییەک دەکرێت لە نێوان خاوەنداریەتی و کۆنترۆڵی موڵکی دەوڵەت: خاوەنداریەتی لە ژێر دەستی "گەل"دایە، کۆنترۆڵیش دەچێتە ژێر باڵی حکوومەت. بەڵام، لە ڕوانگەی ترەوە، موڵکی دەوڵەت زۆر خاڵی وێکچووی هەیە لەگەڵ موڵکی تایبەت. بۆ نموونە، هاوڵاتی ئاسایی مافی ئەوەیان نییە بگەن بە موڵکی دەوڵەت وەک سەیارەکانی پۆلیس، بەڵام دەتوانن بگەن بە هەر سەیارەیەکی تایبەتی تر.

وێڕای ئەمەش دامەزراوەکانی دەوڵەت وەک قوتابخانە و کتێبخانەی گشتی و دام و دەزگاکانی حکوومەت بە قەد دەستە تایبەتەکان پاسەوانی موڵکەکانیان دەکەن. بەڵام، ڕادەی موڵکی دەوڵەت لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازە. هەموو دەوڵەتێک خاوەنی کۆمەڵێک موڵکە بۆ ئەوەی بتوانن ئەرکەکانی لە ڕووی دەسەڵاتی یاسادانان و قەزائی و جێبەجێکردنەوە ئەنجام بدەن، بەڵام لە هەندێ وڵاتدا ڕەنگە موڵکی دەوڵەت فراوانتر بێت و سەرچاوە ئابوورییەکان و تەواوی پیشەسازییەکان بگرێتەوە. لە حاڵەتی دەوڵەتی هەرەوزی، کە لە ڕێژیمە کۆمەنیستە ئۆرتۆدۆکسییەکاندا بەدی دەکرا وەک یەکیەتیی سۆڤیەت، هەموو سەرچاوە ئابوورییەکان و ئالیەتەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردن و ئاڵوگۆڕکردن بە "موڵکی دەوڵەتی سۆشیالیستی" دادەنرێن.

زۆرجار قسە و باسەکان لە سەر موڵکی دەوڵەت لە سەر ئەو شتانەیە کە لە بەرژەوەندی خاوەنداریەتی گشتیش دان. بۆ نموونە، گەر موڵکی دەوڵەت بە موڵکی خەڵکی (گشت) دابنرێت ئەوا ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعەیە کە وزەی گشتی کۆمەڵایەتی لە بەرهەمەکەی سەرف دەکرێت، بە پێچەوانەی موڵکی تایبەت، برەو بە یەکگرتن و هەرەوزی دەدات نەک ململانێ و پێشبڕکێ. بەڵام، ڕەنگە بوترێت کە موڵکی دەوڵەت بخزێتە نێو ئەو سوودانەش کە موڵکی گشتی ناتوانێت بیانگاتێ. بە تایبەتی، دەوڵەت دەتوانێت وەک میکانیزمێک کار بکات لە ڕێگەیەوە بگات بە سەرچاوە نایابەکان و

بەکاریان بهێنێت و کۆنترۆڵیان بکات، هەروەها تراژیدیای گشتەکانیش نەهێڵێت. بەڵام، لە حاڵەتی موڵکی دەوڵەتدا مافی گەیشتن بە سەرچاوە ئابوورییەکان سنووردار دەکرێت نەک لە بەر دەسکەوتی تایبەتی بگرە لە بەر بەرژەوەندییە درێژ خایەنەکانی کۆمەڵگە. وێڕای ئەمەش، بە پێچەوانەی موڵکی گشتی، موڵکی دەوڵەت دەتوانرێت لە هێڵێکی ئەقڵانییەوە ڕێک بخرێت. ئەمە شیاو دەکرێت بە هۆ هەندێ فۆرمی سیستەمی پلاندانان، دەتوانێت ئامانجە ئابوورییەکان دابنێت و سەرچاوەکان تەرخان بکات بۆ دڵنیاکردنەوەی ئەوەی کە ئەو ئامانجە پێکاون یان نا. سروشت و لایەنە باشەکانی پلاندانان لە چەند لاپەڕەیەکی داهاتوودا بە قووڵی تانوپۆ دەکرێن.

بەڵام، موڵکی دەوڵەتیش ڕووبەڕووی چەند ڕەخنەیەکی توند دەبێتەوە. یاوەرانی خاوەندارێتی گشتی ئاماژە بەوە دەکەن کە موڵکی دەوڵەت نە گشتییە و نە کۆمەڵایەتیشە لە دیدێکی واتاداردا. کاتێ سەرچاوەکان کۆنترۆڵ دەکرێن لە لایەن بەرپرسانی دەوڵەتەوە ڕەنگە هەمان ئەو دوورەپەرێزییە دروست بکات کە لە حاڵەتی موڵکی تایبەتدا هەیە. بۆ نموونە، بەڵگەیەکی وا بە دەستەوە نییە کە کرێکاران لە کارگە پیشەسازییەکاندا بە هەر ڕێگایەک بێ هەست بکەن نزیکن لەو خزمەتەی پێشکەشی دەکەن، یان زیاتر لە کۆنترۆڵی پرۆسەی کارکردندان، لە چاو ئەوانەی کە کار بۆ کۆمپانییەکی تایبەت دەکەن. سەرەڕای ئەوەش، زۆرجار موڵکی دەوڵەت بە مەرکەزیەت و بیرۆکراسیەت و لێنەهاتوویی دەبەسترێتەوە. لە کاتێکدا موڵکی دەوڵەت ڕێکخستنی ژیانی ئابووری بۆ بازاڕ جێ دەهێڵێت، هەروەها خاوەندارێتی گشتی پشتڕاستە بە غەریزە هاوکاری و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی ئاسایی، موڵکی دەوڵەت دڵسۆزییەکەی لە سیستەمێکی مەرکەزی و ئەقڵانی پلاندانانی ئابووری دا دەنێت. بەڵام، زۆرجار سیستەمەکانی پلاندانان بێ کەڵک و بێ هێز و مایەی هێنانەدی ئاواتەکان نین. ژمارەیەکی ئێجگار زۆری بەرپرسەکانی دەوڵەت پێویستن بۆ ڕێبەری کردنی ئابووری و ئارەزوویێکی بەهێزیش هەیە ئەوان دەست لە پێداویستییەکانی ئابووری و حەزەکانی کڕیار وەرنەدەن. وێڕای ئەمەش، ئەو مەترسییەش هەیە کە دەوڵەت بەرژەوەندییەکان خۆی پێش بخات جودا لە بەرژەوەندییەکانی خەڵک. لەو حاڵەتانەشدا، موڵکی دەوڵەت دەتوانرێت بەکار بهێنرێت بۆ سووی بەرپرسە بیرۆکراتییەکانی دەوڵەت نەک پێشخستن و برەودان بە بەرژەوەندی گشتی.



## پلاندانان Planning

پێویستی جۆرێک لە ڕێکخستنی ڕەوشی ئابووری لە واقیعی سادەی دانسقە scarcity وە سەری هەڵداوە: پێداویستی و خواستەکانی مرۆڤ بێ کۆتا و بێ شومارن، لە کاتێکدا سەرچاوە مادییەکان ئەوەندە زۆر نین بتوانن ئەو پێدوایستی و خواستانە دابین بکەن. لە جیهانێکی زۆر و زەوەندی سامان و ئاسوودەیی گشتیدا ڕەوشی ئابووری دەکەوێتە دەرەوەی بازنەکەوە، بەڵام لە بارودۆخەکانی کەمی و دانسقەیی ئابووریدا پرسە ئابوورییەکان هەڕەشەی ئەوە دەکات زاڵ بێت بە سەر هەموو پرسەکانی تردا بە پرسی سیاسیشەوە. هەروەک پێشتر ئاماژەی پێ دراوە، جەرگەی پرسی ئابووری لە ڕووی نەریتییەوە خراوەتە ڕوو وەک ئیختیاری نێوان دوو سیستەمی جیاوازی بنەڕەتی ئابووری، ئەوانیش: سۆشیالیزم و سەرمایەداری، هەروەها ئیختیاری نێوان دوو میکانیزم ڕکابەر بۆ تەرخانکردنی سەرچاوەکان لە نێو ئابووریدا، ئەوانیش: پلان یان بازاڕ. بەڵام، زۆرجار ئایدیەی پلاندانان بە خراپی وەردەگیرێت، لە نێو مێشکی زۆربەی خەڵک دەبەسترێتەوە بە پێکهاتەی پلاندانانی سەرەکی کە لە سەردەمی یەکیەتیی سۆڤیەتدا هەبوو. بەڵام ئێستا پلاندانان چەندین فۆرمی جۆراوجۆری بەخۆوە بینیوە، کە لە جیهانی سێیەمدا لە لایەن وڵاتە پێشکەوتووەکان و وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا بەکار دەهێنرێت. وێڕای ئەمەش، هەرچەندە هەندێ مشتومڕی ئەوە دەکەن کە پێشکەوتنە مێژووییەکان بە تەواوی پرۆسەی پلاندانانی لەکەدار و کەم بەها کردووە، زۆر زەحمەتە بەوە بزانی چۆن چالاکیی ئابووری ئیفلیج دەبێت گەر بە بێ هەندێ توخمی پلاندانان جێبەجێ بکرێت.

## پرۆسەی پلاندانان The planning process

دانانی پلان واتە گرتنە بەری میتۆدێک بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو. لە ڕاستیدا، دانانی پلان واتە بیرکردنەوە پێش ئەوەی کارێک ئەنجام بدەیت. هەر فۆرمێکی پلاندانان دەبێ دوو سیفەتی جەوهەری هەبێت. یەکەمیان، پلاندانان

چالاکییەکی مەبەستدارە، پلاندانان پێشبینی بوونی ئامانجی ڕوون و پێناسەکراو دەکات، شتێک دەخوازرێت بە دەست بهێنرێت یان دەستەبەر بکرێت. ڕەنگە ئەو ئامانجانە زۆر دیاریکراو بن، هەروەک لە حاڵەتی پلانی سەرەکی بەرهەمهێنانی یەکیەتیی سۆڤیەت، یان لەوانەشە فراوانتر و گشتیتر بن. بۆ نموونە، پلان بۆ پێشخستنی گەشەی ئابووری، کەمکردنەوەی بێکاری و تا دوایی. دووەمیان، پلاندانان چالاکییەکی ئەقڵانییە. دەوەستێتە سەر ئەو لێکدانەوەیەی کە کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دەتوانرێت چارەسەر بکرێن لە ڕێگەی بوونی ئەقڵ و زیرەکی مرۆڤەوە. لە نێو جەرگەی پلانی ئابووریدا باوەڕێک هەیە کە کێشەی دانسقەیی یان کەمی دەکرێ بە باشترین شێوە چارەسەر بکرێت بە هۆی میکانیزمێکی ئەقڵانی بۆ تەرخانکردنی سەرچاوەکان، میکانیزمێک بۆ دامەزراندنی ئامانجەکانی مرۆڤ. ئەم میکانیزمە ئەقڵانییە بە جۆرێک کۆنترۆڵی ژیانی ئابووری و بەرهەم و دابەشکردن و ئاڵوگۆڕ کردنی کاڵا و خزمەتەکان دەکات. بەڵام، ئالیەت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە و کۆنترۆڵی ڕەوشی ئابووری لە سیستەمێکی پلاندانانەوە جیاوازە تا سیستەمێکی تر.

ئایدیەی پلاندانان لەگەڵ ئابووری سۆشیالیستی تێک هەڵکێشراون، بە تایبەتیش لەگەڵ مارکسیزم. بەڵام، مارکس هەرگیز بەردی بناغەی دانەنا بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی داهاتوو، هەروەها پێی وابوو کە مەحاڵە بە وردی باسی ئەوە بکەیت چۆن کۆمەڵگەیەکی جیاواز لە ڕووی مێژووییەوە کار دەکات، بۆ ئەمەش خۆی بە ژمارەیەک بنەمای فراوان بەند کردبوو. باوەڕە سەرەکییەکەی ئەوەیە کە موڵکی تایبەت دەبێ هەڵبوەشێنرێتەوە و سیستەمێکی خاوەنیەتی بە کۆمەڵی و گشتی لە جێی دابنرێت. بە بۆچوونی مارکس، سەرمایەداری سیستەمێکە بۆ کەڵەکەکردنی بەرهەم، کە تیایدا کاڵا و خزمەتەکان بەرهەم دەهێنرێن بۆ وەڵامی پاڵەپەستۆیەکانی بازاڕ، سیستەمێکی بەرهەمهێنان بۆ ئاڵوگۆڕکردن. بە پێچەوانەوە، ئابووری سۆشیالیستی دەوەستێتە سەر بنەمای بەرهەمهێنان بۆ بەکارهێنان، هەروەها نزیکەی لەگەڵ مامەڵەکانی بازاڕ پەرت دەبێت و بە هەقیقەت دەوەستێتە سەر پێداویستی ئابووری پارە. بە واتایەکی دیکە، لە ژێر سۆشیالیزمدا، ئابووری



خزمەتی پێداویستییە مادییەکانی کۆمەڵگە دەکات، داواکارییەک کە جۆرێک لە ڕێکخستنی پلاندانانی گەرەکە. بە داخەوە، مارکس ئەوەی دیاری نەکرد کە چ شتێک لەو ڕێکخستنە بەرهەم دێت. بەڵام، ئەوەی دڵنیایە ئەوەیە کە نە مارکس و نە ئێنجلز جەخت ناکەنە سەر کۆنترۆڵی سەرەکی و بەرهەمی درێژ خایەن کە پرۆسەی پلاندانان بەوە دەناسرایەوە لە یەکیەتیی سۆڤیەتدا . مارکس بە بەردەوامی پشتگیری لە بەشداری گشتی دەکرد لە هەموو ئاستێکی کۆمەڵگەدا ، هەروەها تێڕوانینەکەی ئەوەیە کە دەوڵەت وشک دەکات کاتێ کۆمەنیزمی تەواو دادەمەزرێت، چونکە دەوڵەت پێشنیازی پشتگیری لە موڵکی گشتی و خۆ بەڕێوەبردن دەکات نەک دەوڵەتێکی هەرەوزی.

کەمێک گومان هەبوو لەوەی کە پرۆسەی پلاندانان گەیشتووەتە بەرزترین قۆناغی پێشکەوتن لە یەکیەتیی سۆڤیەتدا ، شێوازێک دواتر لە لایەن ڕێژیمە سۆشیالیستەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و شوێنی تردا بەکار براوە. لە دەستەواژە بەناوبانگەکەی، لینین بەم شێوەیە وەسفی کۆمەنیزم دەکات " هێزی سۆڤیەت و لەگەڵ گۆڕانی شتێک بە کارەبا کار بکات"، واتە پابەندبوونێکی قووڵتر بە مۆدێرنکردن و ئەرکی هێنانی ئابووری بۆ ژێر کۆنترۆڵی دیموکراتی. لە ساڵانی سەرەتای ڕێژیمی سۆڤیەتدا ، سیاسەتی ئابووری بە هۆی ڕەوچاکردنی ڕەوشە ستراتیژی و سیاسییەکانەوە ڕێک دەخرا . نیمچە ڕووخانی ئابووری لە ماوەی شەڕی ناوخۆدا لە ساڵانی ١٩١٨ و ١٩٢١، پێناسەی جەنگی کۆمەنیزمی خستە ڕوو، کە ناشنەلایەزەیشنی بەر بڵاوی گرتەوە. سیاسەتی نوێی ئابووری، لە ساڵی ١٩٢١ ڕاگەیەنرا ، هانی سەرهەڵدانی ئابوورییەکی تێکەڵی دا وەک لینین پێی وابوو کارێکی باشە بۆ پرۆژەی کشتوکاڵی و پیشەسازی بچووک. بەڵام، ڕاگەیاندنی پلانی پێنج ساڵی یەکەم لە لایەن ستالین لە ساڵی ١٩٢٨، هەرەوزی سۆڤیەت لە بواری کشتوکاڵی ساڵی ئاینده دەستی پێکرد، بووە هۆی داڕشتنی پلان بۆ ڕەوشی ئابووری. جگە لە نەخشە تایبەتییەکانی زەوی، گوایە تەنیا بۆ جووتیارانە، هەموو سەرچاوە ئابوورییەکان چوونە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەت.

لە سەردەمی ستالیندا "ئابووری پێشڕەو" دامەزرا ، کە سیستەمێکی پێک هێنا

پێیان دەوت "پلاندانانی ڕاستەوخۆ"، لە ڕێگەی دامەزراوەکانی حیزب و دەوڵەتەوە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی کاری دەکرد. کۆنترۆڵی تەواوی سیاسەتی ئابووری لە ژێر دەستی ئەندامە بەرزەکانی حیزبی کۆمەنیست و لیژنەی باڵا و سەرکردایەتی بوو. لە سەردەمی گۆسپلاندا تۆڕێکی ئاڵۆزی لیژنە و ئاژانسەکانی پلاندانان هەبوو، لیژنەی پلاندانانی دەوڵەت بەرپرسیار بوو لە دانانی پلانەکانی پێنج ساڵ. ئەو پلانانە ئامانجەکانی بەرهەمهێنان و پرۆسەی تەرخانکردنی سەرچاوەکان بۆ هەر پڕۆژەیەک، بازرگانی و نرخی جێگیر و ئاستەکانی مووچە و باجی کۆنترۆڵ دەکرد. جێبەجێکردنی ئەو پلانانە لە ژێر دەستی وەزیرە باڵا دەستەکانی ئابووری بوو، کە بەرپرسیار بوون لە کەرتی تایبەتی ئابووری و ڕاستەوخۆش کۆنترۆڵی کەرتەکانی سۆڤیەتیان دەکرد وەک بانک و کارگە و دوکان و کێڵگەکانی دەوڵەت. شێوازی پلاندانانی سەرەکی سۆڤیەت باوەڕێکی بە بێ پرسیاری دروست کرد لە بیرۆکەی ئەوەی کە کۆمەڵگە دەبێ لە سەر هێڵە ئەقڵانییەکان ڕێک بخرێت، هەروەها ئامادە کرابوو، هەر کاتێک پێویست بکات، لاسایی سەرمایەداری ئەمریکا بکاتەوە.

بەڵام، لە وڵاتانی تر پلاندانان بە پاشکۆی بازاڕ دادەنرێت نەک شوێنی بازاڕ بگرێتەوە. لەو حاڵەتانەش، سیستەمێکی "پلاندانانی دیاری کەر" پەیدا بوو کە تیایدا پلانەکان ڕاستەوخۆ ڕێبەری پڕۆژەکان ناکەن چی بەرهەم بهێنن و چەند بەرهەم بهێنن، بگرە ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان دەبێت لە سەر بواری ئابووری. هەندێ جار ئابووریناسەکان دەگەڕێنەوە بۆ ئەم فۆرمەی دەستێوەردانی حکوومەت وەک هەڵسووڕاندنی ئابووری بۆ جیاکردنەوەی لە شێوازی پلاندانانی سۆڤیەت، لەگەڵ ئەوەشدا، هەر نیازی بوونی کاریگەرییەکی بەهێز و ئەقڵانی هەیە بە سەر ڕێکخستنی ژیانی ئابووری. پاش ساڵی ١٩٤٥، دەستێوەردانی دەوڵەت زۆر باو بوو لە ڕۆژئاوا هەرکە حکوومەتەکان نیازی فراوانکردنی ئامانجە ئابوورییەکان بوون وەک: پاراستنی ئاستێکی بەرزی گەشەی ئابووری، کۆنترۆڵکردنی بەرزبوونەوەی نرخ و بەهێزکردنی بازرگانی نێودەوڵەتی، دڵنیاکردنەوەی هەلی کار و دامەزراندن و دابەشکردنی سامان بە یەکسانی و تا دوایی. لە وڵاتانی وەک بەریتانیا و فەڕەنسا ئەمە بووە هۆی بە نەتەوەیی کردنی کارگە پیشەسازییە ستراتیژییەکان و پێکهێنانی



ئابوورییەکی تێکەڵ، ڕێگەی بە حکوومەت دا کاریگەری بە سەر ژیانی ئابووری زیاتر بێت.

سیستەمە فەرمییەکانی پلاندانانیش دانران. لە بەریتانیا، بەم ئاڕاستەیە چەند هەنگاوێکی کرچوکاڵ گیرانە بەر بە ناونیشانی پلانی نەتەوەیی، لە ساڵی ١٩٦٦ دانرا لە لایەن وەزارەتی کاروباری ئابووری. بەڵام، لە فەڕەنسا و هۆڵەندا بە تایبەتی، سیستەمی پێشکەوتووتر و سەرکەوتووتر هاتنە کایەوە. فۆرمێکی پلاندانان لە ژاپۆنیش جێبەجێ کرا، بەڕوونی جیا بوو لە شێوازی بازاڕی ئازادی پێشکەوتنی ئابووری لە ویلایەتە یەکگرتووەکان. ژاپۆن "موعجیزەیەکی ئابووری" بەخۆوە بینی لە ساڵانی پەنجا و شەستەکان کە چاودێری دەکرا لە لایەن وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی نێودەوڵەتی، کە ڕێبەری سیاسەتەکانی وەبەرهێنان و پیشەسازی تایبەتی کرد، یارمەتی ناساندنی گەشە پیشەسازییەکانی دا و ئامانجی پێکانی بازاڕی هەناردە بوو. سیستەمێکی هاوشێوەی دەستێوەردانی حکوومەت بەکار برا لە ئاسیای ڕۆژهەڵات بۆ برەودان بە گەشەی هەناردن بە تایبەتی لە هۆنگ کۆنگ و سەنغافوڕا و تایوان و کۆریای باشوور. بەڵام، هیندستان پەرەی بە سیستەمێکی پلاندانان دا کە پشتی بەستبوو بە ئەزموونی سۆڤیەت. هەر دوای سەربەخۆیی لە ساڵی ١٩٤٧، کۆمیسیۆنێکی پلاندانان لە هیندستان بە هاوکاری دامەزراوە بە ئەزموونەکانی وەک وەزارەتی دارایی و سیستەمی بانکی هیندی دامەزرا، پلانێکی پێنج ساڵەیان داڕشت. هەرچەندە ئەو پلانانە کاریگەرییەکی باشی بەخشی بە حکوومەتی هیندی بە سەر وەبەرهێنان و بازرگانی، بەڵام کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆیان نەبوو بە سەر ئابووری کەرتی تایبەتی. وێڕای ئەمەش، هەموو پلانەکان موعەرەز بوون بۆ ڕەزامەندی و هەمواکردن لە پەرلەمانی هیندی، لۆک سەبعە The Lok Sabha.

## بەڵێنی پلاندانان

سەرنجی پلاندانان دەوەستێتە سەر تێڕامانە ئابووری و سیاسی و ئەخلاقییەکان. بەشی سەرەکی ئەو قسە و باسانە ئەو واقیعەیە کە پلاندانان پرۆسەیەکی ئەقڵانییە، ئەوە دەگەیەنێت کە هیچ کێشەیەکی ئابووری نییە ئەقڵ و زیرەکی مرۆڤ نەتوانێت

چارەسەری بکات. بەکورتی، پلاندانان ڕەوشی ئابووری بەتوندی دەخاتە ژێر دەستی مرۆڤ، بەجێی ناهێڵێت بۆ بازاڕ. ئەمە گرینگییەکی تایبەتی هەیە لە دامەزراندنی ئامانجە ئابوورییەکان، چی بەرهەم بهێنێت، هەروەها چەند بەرهەم بهێنێت. لە بەر سەرنجدان بە قازانجکردن، پلان دانەران دەتوانن سیستەمێکی " بەرهەمهێنان بۆ بەکارهێنان" ڕێک بخەن لە پێناو تێرکردنی پێداویستییەکانی مرۆڤ، لە بری سیستەمێکی "بەرهەمهێنان بۆ ئاڵوگۆڕکردن" کە تەنیا وەڵامی هێزەکانی بازاڕ دەداتەوە.

هەرچەندە پێداویستییەکانی مرۆڤ زۆر ئاڵۆز و جۆراوجۆرن، بە تایبەتی لە ڕووی زەوقی موشتەری و مۆدەی میللی، ڕێکەوتنێکی گشتی هەیە دەربارەی ئەوەی چی شتێک پێداویستییە بنەڕەتییەکانی ژیان پێک دەهێنێت. ئەو پێدویستییە بنەڕەتییانە بێگومان پەناگە و خواردن و چاودێری تەندروستی و پەروەردەی بنەڕەتین. بە پێچەوانەی وڵاتە سەرمایەدارییەکان، ڕێژیمە سۆشیالیستەکان ڕەوشی ئابوورییان بۆ تێرکردنی ئەو پێداویستییانە تەرخان کردووە. هەرچەندە سیستەمە سەرەکییەکانی پلاندانان کە لە یەکیەتیی سۆڤیەت و ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا دامەزران سەرنەکەوتن لە هەوڵی بەرهەمهێنانی موشتەری کاڵا بە شێوازی ڕۆژئاوا، لەگەڵ ئەوەشدا سەرکەوتوو بوون لە نەهێشتنی ئاوارەیی و بێ ماڵی و بێکاری و هەژاری ڕەها و کێشەکانی وەک بەردەوام نەخۆشکردنی شارەکانی ناوەوەی وڵاتە سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکان. بۆ نموونە، سەرەڕای دواکەوتوویی ئابووری، کوبا ڕێژەی خوێندەوارانی ٩٨٪ ەو سیستەمێکی چاودێری تەندروستی هەیە کە بەراورد دەکرێت لەگەڵ گەلێ لە وڵاتانی ڕۆژئاوا . ئەو جۆرە دەسکەوتانە نەک هەر تەنیا سەرچاوەی ئابووری پێویستە لە ڕووی بواری پیشەسازی و کشتوکاڵی و دروستکردنی قوتابخانە و نەخۆشخانەکان، بگرە نرخی پێداویستییە بنەڕەتییەکان کەم دەکرێتەوە و کۆنترۆڵ دەکرێت بە هۆی پرۆسەی پلاندانانەوە، کە خواردنی هەرزان و خانووی گونجاو و پەروەردەی بەخۆڕایی و چاودێری تەندروستی پێشکەش دەکات.

"پلاندانان لە پێناو پێداویستی" هەلێکی لێهاتوویی پێشکەش دەکات. لە ڕووی





بوونی بڕیاری ئەوەی چی بەرهەم دێنیت، پلاندانان چارەسەرێکی ئەقڵانی پێشکەش دەکات بۆ کێشەی چۆنیەتی بەرهەمهێنان و دابەشکردن و ئاڵوگۆڕکردنی کاڵا و خزمەتە خوازراوەکان. لەم ڕووەوە، پلاندانان دەوەستێتە سەر ئەزموونی کۆمپانیا سەرمایەدارییەکان کە لە سەر هێڵی ئەقڵانی بەرهەمی باشیان هەیە. هەرچەندە دەستە تایبەتەکان وەڵامی مەرجەکانی بازاڕی دەرەوە دەدەنەوە، ڕێکخستنی ناوخۆیان لە لایەن تیمێکی بەڕێوەبەرە گەورەکانەوە پلانیان بۆ دادەڕێژرێت و ڕێبەری دەکرێن، ئەو بەڕێوەبەرانەی کە ئەرکیان دڵنیاکردنی ئەوەیە کە سەرچاوەکان بە باشی بەکار دەهێنرێن. لە ڕوویێکەوە، پلاندانانی سۆڤیەت هەوڵێک بوو بۆ گواستنەوەی ئەم میکانیزمەی کۆنترۆڵی ئەقڵانییە لە دەستەی تایبەتییەوە بۆ تەواوی بواری ئابووری. ئەمە بەڕوونی دیار بوو لە پەرۆشی پلاندانەرانی سۆڤیەت بۆ جێبەجێکردنی تەکنییەکانی بەڕێوەبردن وەک تەیلۆریزم Taylorism کە لە ڕۆژئاوای سەرمایەداریدا پەرەی سەند. بەم شێوەیە، پلاندانان توانی هەندێ لە نائەقڵانییەکانی سەرمایەداری بازاڕ نەهێڵێت. بۆ نموونە، سیستەمەکانی پلاندانان دەتوانن بێکاری و بەفیڕۆدانی سەرچاوە ئابوورییەکان نەهێڵن. بێکاری مانای ئەوەیە کە سەرچاوە و کار زۆرە لە کاتێکدا پێویستییە کۆمەڵایەتییە گرینگەکانی وەک دروستکردنی خانوو و چاکترکردنی قوتابخانەکان و نەخۆشخانەکان دابین ناکرێن.

بوونی سیستەمێکی پلاندانان مانای ئەوەیە کە ئابووری دەتوانرێت لەگەڵ ئامانجە درێژخایەنەکان ڕێک بخرێت نەک قازانجی کورت خایەن. ئەمە تایبەتییەکی گرینگی هەیە لە ئابوورییە پێشکەوتووەکان کە پاڵەپەستۆیەکانی بازاڕ دەتوانێت بە جدی هەلە ئابوورییەکان چەواشە بکات، هەروەک وڵاتانی جیهانی سێهەم پشت دەبەستن بە پارەی نەقدی دانەوێڵە. پێشکەوتنی ئابووری سۆڤیەت لە ساڵانی سییەکان پشتڕاست بوو بە کاری بەرایی پلان دانەران بۆ بونیاتنانی کارگە پیشەسازییەکان بە تایبەتی کارگەی پۆڵا، پلاندانەران ئەمانەیان بە بنەڕەتی ئاسایشی نەتەوەیی و ئایندەی پێشکەوتنی ئابووری دەزانی. لە ساڵی ١٩٤١دا، سیستەمی سەرەکی پلاندانان بنکەیەکی بەهێزی پیشەسازی دروست کرد کە وای لە یەکیەتیی سۆڤیەت کرد بەرامبەر داگیرکردنی نازییەکان بوەستێتەوە. بە هەمان شێوە، لە ساڵانی پەنجاکان، پلاندانەرانی ژاپۆنی ئالیەتی ئابووریناسەکانیان ڕەت کردەوە بۆ

جەختکردنە سەر سەرچاوەکانی ئەو کارگانەی کرێکاریان زۆر بوو وەک بواری کشتوکاڵی کە ژاپۆن سوودێکی بێ وێنەی لێ وەردەگرتن، بگرە لە بری ئەوە پەرەی بە کارگە سەرمایەدارییەکان دا وەک پۆڵا و سەیارە و کاڵا کارەبایی و ئەلیکترۆنییەکان، کە پێیان وابوو، ئەمانە دەبن بە کارگەی ڕاستەقینەی داهاتوو.

کەیسی سیاسی بۆ پلاندانان بە شێوەیەکی گشتی دەوەستێتە سەر هەڵی هێنانی ئابووری بۆ ژێر کۆنترۆڵی دیموکراسی و سیاسی. سەرمایەداری بازاڕ کار دەکات بۆ جیاکردنەوەی ئابووری لە سیاسەت لەو ڕووەی کە ئابووری بەڕێوە دەچێت لە لایەن هێزە ناوخۆکانی بازاڕ نەک لە لایەن حکوومەتەوە. بۆیە بواری ئابووری بەرپرسیارە لە خاوەنەکانی بازرگانی تایبەت، کە بڕیار بۆ بەرژەوەندی دەدرێت نەک بۆ گشتی. بە پێچەوانەوە، پلاندانان بە ئالیەتی دروستکردنی ئابووری دیموکراسی دادەنرێت. بێ گومان، وێنەی پلاندانان بەستراوەتەوە بە پێکهاتە سیاسییە دەسەڵاتگەرییە ئۆرتۆدۆکسییەکانی کۆمەنیزم. پلاندانان بە هەنگاوێک وەسف دەکرێت بەرەو پێکهێنانی ئابووری پێشڕەوی شێوازی سۆڤیەت. بەڵام، ئەوە بە دیار دەکەوێت کە لینکێکی پێویست هەیە لە نێوان پلاندانان و دەسەڵاتگەری. پلاندانانی دیاریکەر، هەروەک لە وڵاتانی وەک فەڕەنسا و ئەڵمانیا و هۆڵەندە پیادە کراوە، جێبەجێ دەکرێت لە وڵاتە دیموکراسییە سەقامگیرە پەرلەمانتارییەکان تیایدا بڕیارە ئابوورییەکان کراوەن بۆ مشتومڕ و دەمەتەقێ و یاسای گشتی . لەم ڕوانگەوەش، پلاندانان بە ئالیەتێک دەزانرێت لە ڕێگەیەوە ڕەوتە دژە دیموکراسییەکانی بازاڕ خۆماڵی دەکرێت.

دواجار کەیسێکی ئەخلاقی دێتە پێشەوە لە بەرژەوەندی پلاندانان. وەک بەدیلێک بۆ پرۆژەی تایبەتی، پلاندانان لە هەر فۆرمێکیدا بێت هەوڵ دەدات خزمەتی بەرژەوەندییە گشتییەکان بکات نەک بەرژەوەندی تایبەت و خۆپەرستی. ئەو سیستەمە ڕاستەقینانەی پلاندانان لەو ڕووەوە سەرنەکەوتن، بە تایبەتی سیستەمی سەرەکی پلاندانانی سۆڤیەت، ئەمەش ڕەنگە زیاتر پێوەندی بە دۆخە سیاسییەکانەوە هەبێت تا خودی پرۆسەی پلاندانان. گەر میکانیزمی پلاندانان موعەرەز بێت بۆ کرانەوە و بەرپرسیارێتی دیموکراسی و پێداویستییەکانی مرۆڤ باس بکەن، ئەوا بەشێک بە هەموو هاوڵاتیان دەبەخشێت لە ئابووری خۆیاندا. بۆیە پلاندانان



دەتوانێت هەرەوزی کۆمەڵایەتی پێش بخات و بۆندەکانی کۆمەڵگە بەهێز بکات، بە پێچەوانەی سەرمایەداری کە هانی هەوڵی خودی و چڵێسی دەدات. وێڕای ئەمەش، لینکێکی ڕوون هەیە لە نێوان پلاندانان و یەکسانیزم، کە یارمەتی شیکرنەوەی ئەوە دەدات بۆچی پلاندانان ئەوەندە سەرنج ڕاکێش بووە بۆ سۆشیالیستەکان. پلاندانان دەست بە دەست ڕێ دەکات لەگەڵ خاوەنداریەتی گشتی سامان، دڵنیای ئەوە دەکاتەوە کە ئابووری بە پلان بێ هێز ناکرێت بە هۆی ململانێی چینەکان کە بەرژەوەندییەکانی خاوەن موڵکەکان دژی گشتییەکان دەوەستێتەوە. ئابووری بە پلان بە سیستەمێکی دابەشکردنی یەکسانی دەچێت، کاتێ پاداشتە مادییەکان ڕەنگدانەوەی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانن نەک بەرهەمی تاک. لەو ڕووەوە، پلاندانان دەوەستێتە سەر تیۆرێکی هاندانی یاوەرنی سەرمایەداری بازاڕ. لەبەرئەوەی پلاندانان بۆندە کۆمەڵایەتییەکان بەهێز دەکات و دژی خۆپەرستی دەوەستێتەوە، پاڵنەرێکی ئەخلاقی دروست دەکات بۆ کارکردن بە پشت بەستن بە باشتربوونی کۆمەڵگە نەک دەوڵەمەندکردنی تاکی تایبەت.

## مەترسییەکانی پلاندانان Perils of planning

جگە لە لایەنە باشەکانی، بێگومان پلاندانان کۆمەڵێک کەم و کوڕی هەیە. بە هەقیقەت، پلاندانان هەرگیز بە تەنیا نەوەستاوە وەک بنەمایەکی ڕێکخستنی ئابووری، بگرە هەمیشە بە هۆی پۆخڵەواتەکانی بازاڕەوە پاڵپشت و چەواشە دەکرێت. ئەمە بە تەواوی ڕوونە لە ڕۆژئاوای سەرمایەداریدا کاتێ پلان دادەڕێژرێت بۆ پشتگیری کردنی سەرمایەداری بازاڕ بەهۆی قەرەبووکردنەوەی زەرەرەکانی نەک شوێن گرتنەوەی. بەڵام، پۆخڵەواتەکانی بازاڕ لە یەکیەتیی سۆڤیەتیش بوونیان هەبوو. بۆ نموونە، بەرهەمی تایبەتی هەرگیز کۆنترۆڵ نەدەکرا، ڕێگەی بە پێوەرێکی ئیختیاری موشتەری (هاوڵاتی، کڕیار) دەدا بمێنێتەوە، جگە لە کاتی جەنگدا، بازاڕی کرێکاران لێبوردە بوو، بەرهەمی تایبەتی جووتیاران نیوەی پەتاتەی دابین کرد و ١٥٪ سەوزەی لە یەکیەتیی سۆڤیەت دابین کرد، هەروەها بازاڕی ڕەش لە ڕووی کاڵاوە پەرەی پێ درا کە سیستەمی فەرمی سۆڤیەت نەیتوانی ئەو کاڵایانەی

بازاڕی ڕەش دابین بکات. وێڕای ئەمەش، کاتێ پلانەکانی بواری ئابووری چاکسازییان تیادا کرا مانای ئەوە بوو کە حیسابێکی تایبەتی دەکرێت بۆ پێشبڕکێی بازاڕ. ئەمە هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٢١ بەدی کرا لەگەڵ ئاشناکردنی سیاسەتی نوێی ئابووری لە لایەن لینینەوە. لە ماوەی دوای جەنگدا، فۆرمێکی سۆشیالیزمی بازاڕ لە یوگسلاڤیا و هەنگاریا پەرەی پێ درا، کە بووە هۆی لامەرکەزیەتی بڕیاردانی ئابووری و ڕێگە بەپەیدابوونی پڕۆژەی سەرمایەدار بچووکی دا. لە بەرابەردا، ئەزموونی یوگسلاڤی و هەنگاری کاری کردە سەر هەوڵەکانی گۆرباتشۆڤ لە چاکسازی کردن لە بواری کزی ئابووری سۆڤیەت لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکان. لە ژێر دروشمی "بووژاندنەوە، "perestroikaدا، گۆرباتشۆڤ دەستەی تایبەتی و بازرگانی تاکی یاسایی کرد، هەروەها ئەوەی هەڵوەشاندەوە کە پێی دەوترا " ئامێری پێشڕەوی ئیداری" بە هۆی هاندانی پڕۆژەکانی دەوڵەت خۆیان خۆیان بەڕێوە ببەن و دارایی خۆیان دابین بکەن.

ئەو کێشە سەرەکییانەی کە ڕووبەڕووی پلانەکانی ئابووری دەبنەوە، ئیفلیجی بوونی ئابووری و کەمی گەشەی ئابوورییە. کاتێ بۆشایی نێوان یەکیەتیی سۆڤیەت و وڵاتە سەرمایەدارییەکانی ڕۆژئاوا تا ساڵانی پەنجاکان هەر بەردەوام بوو، وای لە خرۆیشکۆڤ کرد پێشبینی ئەوە بکات کە یەکیەتیی سۆڤیەت "ڕۆژئاوا دەخاتە نێو چاڵەوە"، دوای ئەوە لە ساڵانی هەشتاکان ئاستەکانی گەشەکردن تا ئەو ڕادەیە کەم بووەوە ئابووری سۆڤیەت ڕوو لە کاڵبوونەوە بوو. هیچ گومان لەوەدا نییە کە نمایشی هێواش و کوشندەی پلانەکانی ئابووری، بە تایبەتی بە پێچەوانەی خێراییەکەی ڕۆژئاوا، هۆکارێکی سەرەکی بوو لە ڕووخانی کۆمەنیزم لە شۆڕشەکانی ١٩٨٩– ١٩٩١, یەکەمین هەوڵ بۆ ڕەخنەگرتن لە پلاندانان لە لایەن فرێدریک هایکەوە درا لە کتێبەکەی بە ناوی the road to serfdom، 1944،"1976 . لە شرۆڤەیەک کە لە نووسینەکانی دواتری بڵاو بووەوە، هایک پێشنیازی ئەوە دەکات کە پلاندانان بێ هوودە بوو چونکە پلان دانەران تێک دەگیران بە هۆی زۆری و ئاڵۆزی زانیاری کە لەودیو توانای ئەوان بوو بۆ چارەسەرکردن ومامەڵکردن. پلاندانانی مەرکەزی واتە بڕیار دانی بەرهەمهێنان دەربارەی ئەوەی هەر پڕۆژەیەک چی بەرهەم دێنێت، هەروەها



بڕیاردانی تەرخانکردنی سەرچاوەکان بۆ ئەو پرۆژانە تا بەرهەمی باش بهێنن. بەڵام، هەرچەندە ١٢ ملیۆن بەرهەم هەبوو لە ئابووری سۆڤیەت، هەندێکیان بە سەدان و بە هەزاران جۆر بوون، قەبارەی زانیارییەکان لە نێو سیستەمی پلاندانانەکاندا بە ئاشکرا شوێنیان لەق بوو. بۆ نموونە، ئابووریناسەکان ئەوەیان خەمڵاند کە تەنانەت سیستەمێکی بچووکی پلاندانانی مەرکەزی ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئیختیار دەبووەوە کە ژمارەی گەردیلەکانی لە تەواوی جیهاندا تێ دەپەڕاند. بەڵام، پلاندانەرە پابەند و ڕکابەرەکان خزمەتێکی باشیان دەکرا لە لایەن تەکنەلۆژیای مۆدێرنەوە، بۆیە سیستەمی پلاندانانی مەرکەزی ڕووی لە کزی و سستی و بوودەڵەیی کرد.

شیکردنەوەیەکی تری نمایشی خراپی پلانەکانی ئابووری سەرنەکەوتنی ئەو پلانانەیە لە ڕووی پاداشت یان هاندانی پرۆژەکانەوە. سیستەمێکی یەکسانی دابەشکردن ڕەنگە لە ڕووی ئایدیۆلۆژی و ئەخلاقییەوە سەرنج ڕاکێش بێت، بەڵام کارێکی وەها ناکات بۆ برەودان بە بەرژەوەندی ئابووری. هەرچەندە پلانە مەرکەزییەکان کێشەی بێکارییان نەهێشت، کەچی بە دەستی غیاباتەوە یان کارمەندی بن دیوار absenteeism دەیاننالاند، هەروەها کەمی بەرهەم و نەبوونی داهێنان و پرۆژەی تر گرفتی سەرەکییان بوو. بۆ نموونە، هەموو کرێکارانی سۆڤیەت کارێکیان هەبوو، بەڵام زۆر بە دەگمەن لە ڕاستیدا لە مەیدانی کارکردندا کاریان دەکرد. ئەم کێشەیە لە یەکیەتیی سۆڤیەت بەدی دەکرا کە تیایدا جەخت کرایەوە لە سەر پاڵنەرە ئەخلاقییەکان، لە سەر بنچینەی مەدالیا و ئیمتیازە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمەش بووە هۆی سیستەمێکی ئاستی مووچەی جیا جیا و پاداشتی مادی، کە تەواو لە وڵاتە سەرمایەدارییەکان دەچوو. بەڵام، هەندێ قووڵتر دەبنەوە لەم مەسەلەیە و دەڵێن کە بە ڕادەیەک پاڵنەر بوونی هەبوو لە پلانەکانی ئابووریدا کە بووە هۆی ئیفلیج کردنی گەشەی ئابووری نەک بەهێزترکردنی. لەبەرئەوەی ئامانجی سەرەکی لەو جۆرە ئابوورییە جێبەجێکردنی ئامانجەکانی پلانەکەیە، بەڕێوبەرەکانی کارگەکان هاندەدران لە توانای بەرهەمی خۆیان بگەن بە هیوای پێکانی بەرهەمی زیاتر. بە هەمان شێوە، خودی پلاندانەران ئامانجی میانڕەوییان هەبوو چونکە پلە بەرزکردنەوە و ئیمتیازات و پاداشتەکانی تر دەبەبسترێنەوە بە سەرکەوتنی تەواوی

پلانەکە. ئامێری پلاندانان پشتگیری لێ دەکرا بۆ دەسکەوتی شەخسی نەک زۆری گەشەکردن.

سیستەمەکانی پلاندانانیش ڕەخنەیان لێ گیراوە چونکە هیچ حیسابی زەوق و حەزەکانی موشتەری ناکەن. هەرچەندە پلاندانەران ڕووپێو و ڕاپرسییان ئەنجامداوە، بەڵام هیچ کامیان بە قەد پاڵەپەستۆیەکانی موشتەری هەستیار نین بۆ میکانیزمی نرخی سەرمایەداری. بە ڕای ئەڵێک نۆڤس، هەندێ کاڵا هەیە پلانی زیاتر هەیە لە چاو کاڵای تر، هەروەها داواکردنی ئەو کاڵایانە دەبێ بە وردی دابین بکرێت. بۆ نموونە، ئەمە جێبەجێ دەبێت لە حاڵەتی کارەبادا (پلانی زیاتری دەوێت و دەبێ بە وردیش دابین بکرێت). بەڵام، موشتەریە مۆدێرنەکانی کاڵاکان پلانیان کەمترە چونکە کاریگەری گۆڕینی زەوق و سەرهەڵدانی پێویستییەکانیان لە سەرە. ئەمەش وا لە سیستەمەکانی پلاندانان دەکات باس لە پێدوایستییە بنەڕەتییە کۆمەڵایەتییەکان بکەن کاتێ شەهیە ئاڵۆزەکانی موشتەری پشتگوێ دەخرێن. بۆ نموونە، پلانەکانی بواری ئابووری زاڵ بوون بە سەر کێشەی بێ خانوویی، ئەمەیان کرد بە هۆی دابینکردنی شوێنی حەوانەوەی گونجاو. بە هەمان شێوە بواری کشتوکاڵ جەختی کردە سەر بەرهەمی خۆراکی ئامادەکراوی نێو قوتوو، کەمێک گرینگی دا بە خۆراکی ئاسایی. وێڕای ئەمەش، کاتێ تەنیا تەواو بوونی پڕۆژەکان مەبەست بێت و ئەوا هیچ پاڵنەرێک نییە بۆ ڕەچاوکردنی جۆری ئەو کاڵایانەی بەرهەم هێنراون. ئامانجەکانی بەرهەمهێنان بە دەست دەهێنرێن لە ڕێگەی ئەو کاڵایانەی کە هەرگیز نەفرۆشراون و هەرگیز بەکاریش نەهێنراون (واتە کاڵای نوێ بن).

لە کۆتاییدا، پلاندانان لە سەر بنچینە ئەخلاقی و سیاسییەکانەوە هێرشی کراوەتە سەر. بە تایبەتی پلانە ئابوورییەکان لەگەڵ بیرۆکراسییەت و ئیمتیاز و گەندەڵییەوە بەستراوەتەوە. لە نەبوونی پێشبڕکێی بازاڕدا، پلاندانەران دەتوانن بە گشتی خواست و بەهاکانی خۆیان بەهێزتر لە سەر کۆمەڵگە بسەپێنن. ئەمە دەبێتە هۆی "زوڵم و ستەمی پلاندانەران"، چونکە ئەولەویاتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە "سەروو"دا دیاری دەکرێن بە بێ ڕەچاوکردنی حەز و خواستەکانی خەڵکی ئاسایی. پلانە مەرکەزییەکانی بواری ئابووری دەناڵێنن بە دەستی کێشەی بیرۆکراتییەت کاتێ سوپا گەورەکانی دەوڵەت، بە بیست ملیۆن دەخەملێنرێت لە یەکیەتیی سۆڤیەت،



پاداشت و ئیمتیازی وای وەرگرت کە جیایان دەکاتەوە لە دانیشتوان. میلۆڤان دجیلاس (١٩٥٧) کاتی خۆی ڕاوێژکاری تیتۆ بوو لە یوگسلاڤیا بەڵام دواتر دەستگیر کرا، ئەم بیرۆکراسییەتەی دەوڵەتی ناو نا "چینی نوێ"، خاڵی هاوتەریبی کێشا لە نێوان پێگەکەی و ئەو ئیمتیازانەی کە لە چینی سەرمایەداریدا هەبوو لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا. بە لایەنی کەم جەختی هێزی ئابووری لە ژێر دەستی بەرپرسەکانی دەوڵەت و بەڕێوەبەرە پیشەسازییەکان بووە هۆی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی، کێشەیەکی زۆر گەورە بوو لە یەکیەتیی سۆڤیەت. توندترین هێرش بۆ سەر پلاندانان لە لایەن ئابووریناسەکانی بواری بازاڕی ئازاد وەک هایک کراوە، هایک باسی ئەوە دەکات کە پلاندانان پڕیەتی لە تۆوی سیستەمی چەوسێنەری تۆتالیتاری. هەر ژیانی ئابووری ڕێک خرا، هەموو بوارەکانی تری بوونی مرۆڤ دەچێتە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتەوە. بێ شک، ئاشناکردنی پلانی مەرکەزی لە یەکیەتیی سۆڤیەتەوە چەوساندنەوەی سیاسی بە دواوە دێت، بە خەملاندن ٢٠ ملیۆن خەڵک مردن لە ئەنجامی قاتوقڕی و دادگە و لە سێدارەکانی ئەو سەردەمە بوو. بە بۆچوونی هایک، لینکێکی هەڕەمەکی هەیە لە نێوان ئەو ڕووداوانە. لە ڕاستیدا، گۆسپلان بووە هۆی کامپی کرێکاران.

## بازاڕ The Market

بەدیلی هەندێ فۆرمی ڕێکخستنی ئەقڵانی ژیانی ئابووری پشت بەستنە بە کارە نارێک و یەکسەرەکانی بازاڕ. هەموو کەس دەزانێت، بازاڕ شوێنێکە تیایدا کاڵا دەفرۆشرێت و دەکڕدرێت، وەک بازاڕی ماسی یان بازاڕی گۆشت. بەڵام، لە تیۆری ئابووریدا، زاراوەی "بازاڕ" زۆر ناچێتەوە سەر مەوقیعی جوگرافی بە قەد ئەوەی دەچێتەوە سەر چالاکیی بازرگانی کە لە ناویدا ڕوودەدات. لەو دیدەوە، بازاڕ سیستەمێکە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی بازرگانی تیایدا کڕیارەکان کاڵا لە فرۆشیار بکڕن و ئەوانیش شت بۆ ئەوان پێشکەش بکەن. هەرچەندە بەڕوونی مامەڵەکان فۆرمی مامەڵەکردن وەردەگرێن، سیستەمێکی ئاڵۆگۆڕکردنی کاڵا بۆ کاڵا، چالاکیی بازرگانی زیاتر بەکارهێنانی پارە دەگرێتەوە، خزمەت دەکات وەک ئالیەتێکی گونجاو

و ئاڵوگۆڕکردن.

بازاڕ بە سیفەتی سەرەکی ئابووری سەرمایەداری دادەنرێت. بە پێی وشەکانی مارکس سەرمایەداری ئەمەیە " سیستەمێکی گشتگیری بەرهەمهێنانی کاڵاکانە"، کاڵا واتە شتێک یان خزمەتگوزارییەک بۆ ئاڵوگۆڕکردن بەرهەم دەهێنرێت، واتە خاوەنی بەهایەکی بازاڕە. لە بەر هەندێ بازاڕ بنەمایەکی ڕێکخراوەییە کە لە نێو سەرمایەداریدا کار دەکات، تەرخانکردنی سەرچاوەکان، دیاریکردنی ئەوەی چی بەرهەم دەهێنرێت، دانانی نرخ و ئاستەکانی مووچە و تا دوایی. بە هەقیقەت، زۆرێک بازاڕ بە سەرچاوەی سەرکەوتنی سەرمایەداری دادەنێن. ئەم سەرکەوتنە وای لە ژمارەیەکی زۆری سۆشیالیستەکان کردووە کە پاڵپشتی بکەن لە فۆرمی سەرمایەداری یان تەنانەت سیستەمی سۆشیالیزمی بازاڕ. لەگەڵ ئەوەشدا، هەرچەندە بازاڕ لە کۆتایی سەدەی بیستەم بەرچاوییەکی تایبەتی بە دەست هێناوە، بە ڕای هەندێک بازاڕ لە سەرانسەری جیهاندا، سەرەڕای کەم وکوڕییەکانی، پەسەند دەکرێت.

## میکانیزمی بازاڕ

هەوڵە سەرەتاییەکان بۆ شیکردنەوەی کارەکانی بازاڕ لە لایەن ئابووریناسی سکۆتلاندی ئادەم سمیس دراوە لە کتێبەکەی بە ناوی "سامانی نەتەوەکان، ١٧٧٦، ١٩٣٠" . هەرچەندە لە لایەن چەند هزرمەندێکەوە دەستکاری کراوە و شرۆڤەی قووڵی بۆ کراوە، کارەکەی سمیس ئێستاشی لەگەڵدا بێت بنەماکانی تیۆری ئابووری ئەکادیمی دادەنێت. سمیس هێرش دەکاتە سەر ئەو کۆنترۆڵانەی کە لە سەر چالاکیی ئابووری هەن، وەک مانەوەی پاشماوەی دەرەبەگایەتی و پێوودانگەکان لە بازرگانی، باسی ئەوە دەکەن کە بە پێی پێویست بواری ئابووری دەبێ وەک بازاڕێکی خۆ ڕێکخەر کار بکات. سمیس پێی وا بوو کە پێشبڕکێی بازاڕ وەک "دەستێکی نادیار" کار دەکات، وەک بڵێی بە هۆی سحرێکەوە یارمەتی ڕێکخستنی ژیانی ئابووری دەدات بە بێ پێداویستی کۆنترۆڵی دەرەوە. سمیس دەڵێت " لە چاکەی قەسابێک یان نانەوایەک نییە ئێمە چاوەڕێی نانی ئێوارەمان دەکەین، بگرە لە ڕەچاوکردنی حەزی ئەوانە بۆ ئەو کارەیان" . هەرچەندە سمیس بەشداری ئەو بۆچوونە توندە ناکات کە مرۆڤ کوێرانە تەنیا بەرژەوەندی خۆیان دەوێت، هەروەها بە هەقیقەت لە کتێبەکەی بە ناوی the theory of moral sentiment، ١٧٥٩ و ١٩٧٦" تیۆرێکی ئاڵۆزی دانا لە سەر (پاڵنەر)، لەگەڵ ئەوەشدا جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کە بە هۆی کۆتاییەکانی ئێمە، ئێمە بێ ویستی خۆمان ئامانجی فراوانەکانی کۆمەڵایەتی بە دەست دێنین. لەم ڕووەوە، زۆر بە توندی باوەڕی بە ئایدیەی سیستەمی سروشتی هەبوو. ئەم بیرۆکەیەی سیستەمی ناڕێکی کۆمەڵایەتی، لە بەرژەوەندە تایبەتییەکان سەر هەڵدەدات، هەروەها لە لە کتێبەکەی بیرنارد ماندێڤڵ بە ناوی "the fable of the bees، ١٧١٤ و ١٩٢٤" باس کراوە، کە جەخت دەکاتە سەر ئەوەی سەرکەوتنی شانەی هەنگوین پشتڕاستە بەو هەنگوینانەی کە بە سەرۆکەکەیان دەبەخشن، ئەمەش سروشتی سۆزی و خۆپەرستییانە.

سمیس پێشنیازی ئەوە دەکات کە سامان دروست دەکرێت لە ڕێگەی پرۆسەی پێشبڕکێی بازاڕەوە. ئابووریناسەکانی تر پەرەیان بەم ئایدیە دا بۆ نێو شێوازی "پێشبڕکێی کامڵ" . ئەمە ئەوە لێک دەداتەوە کە لە بواری ئابووریدا ژمارەیەکی بێ شوماری بەرهەمهێنەر و موشتەری هەن، هەریەکەیان خاوەن زانیاری تەواون دەربارەی ئەوەی چی هەیە و چی نییە لە هەر بەشێکی ئابووریدا. لەو بارودۆخانەشدا، ئابووری ڕێک دەخرێت بە هۆی میکانیزمی نرخەوە، وەڵام دەداتەوە وەک ئەوەی وەڵامی هێزەکانی بازاڕ دەداتەوە، عادەتەن وەک هێزەکانی داوا (طلب)و بەردەست ئاماژەیان پێ دەکرێت. "داوا، demand" بریتییە لە ئامادەیی و توانای کڕینی کاڵایەک یان خزمەتگوزارییەک بە نرخێکی دیاریکراو. "بەردەست، «Supply» دەگەڕێتەوە بۆ چەندایەتی کاڵا یان خزمەتگوزارییەک کە هەیە لە بازاڕ بۆ کڕین بە نرخێکی دیاریکراو. کەواتە نرخ ڕەنگدانەوەی نێوان داوا و بەردەستە. بۆ نموونە، گەر داوا بۆ سەیارە زۆر بوو، ئەوا کڕینی سەیارە زۆرتر دەبێت لەوەی کە لە بازاڕدا بەردەستە بۆ کڕین. کاتێ داوا لەوەی بەردەستە زۆرتر دەبێت، ئەوا نرخی بازاڕ بەرز دەبێتەوە و هانی بەرهەمهێنەران دەدات بەرهەمیان زیاد بکەن. بە هەمان شێوە، میتۆدی نوێ و هەرزانتری بەرهەمهێنانی تەلەفیزیۆن، تەلەفیزیۆنی بەردەست زیاد

دەکات و وا لە نرخ دەکات بێتە خوارەوە، کە نرخیش دابەزی خەڵکی تەلەفیزیۆنی زیاتر دەکڕن. هەرچەندە بڕیاردان لەو جۆرە ئابوورییە زۆر لامەرکەزییە، لە ژێر دەستی کڕیار و فرۆشیارێکی بێ شومارە، بڕیاری هەڕەمەکی لە ئارادا نییە. هێزێکی نادیار لە بازاڕدا کار دەکات و خزمەتی دڵنیاکردنی سەقامگیری و هاوسەنگی دەکات، ئادەم سمیس ناوی لێ دەنێت " دەستێکی نادیار". دواجار، پیشبڕکێی بازاڕ بەرەو هاوسەنگی دەڕوات چونکە داوا و بەردەست پێکەوە دێنە سەر یەک هێڵی هاوتەریب. بۆ نموونە، نرخی پێڵاو جێگیر دەبێت لە ئاستی ژمارەی ئەو خەڵکەی ئامادەیە و دەتوانێت پێڵاو بکڕێت، هەروەها لە ئاستی ئەو پێڵاوانەشە کە بەردەستە لە بازاڕ بۆ فرۆشتن، تەنیا ئەو کاتە نرخی پێڵاو دەگۆڕێت گەر گۆڕانێک لە داوا یان بەردەست ڕوو بدات.

ئابووری بازاڕ شتێک زیاتر نییە لە تۆڕێکی گەورەی پێوەندییە بازرگانییەکان، تیایدا کڕیار و موشتەری حەزەکانیان دیاری دەکەن لە ڕێگەی میکانیزمی نرخەوە. مانای ڕوونی ئەمە ئەوەیە کە حکوومەت بە دەرە لە ڕێکخستنی یان دانانی پلانێک بۆ چالاکیی ئابووری، بە سادەیی دەکرێت ڕێکخستنی ئابووری بۆ خودی بازاڕ جێ بهێڵرێت. بە هەقیقەت، گەر حکوومەت دەست لە ژیانی ئابووری وەربدات، ئەوا مەترسی دەبێت لە سەر هاوسەنگییە ناسکەکەی بازاڕ. بە کورتی، باری ئابووری لە باشترین کاری خۆیدا دەبێت گەر حکوومەت وازی لێ بهێنێت. لەوپەڕی فۆرمیدا، ئەمە دەبێتە هۆی مەزهەبی ئازادی ڕەها، واتە "لێ گەڕێ با وەک خۆی بێت"، پێشنیازی ئەوە دەکات کە ئابووری دەبێ بە تەواوی ئازاد بێت لە کاریگەری حکوومەت. بەڵام، سەرمایەدارییە فەوزەوییەکان پێیان وایە کە بازاڕ لە هەموو بوارێکدا دەتوانێت شوێنی حکوومەت بگرێتەوە. زۆربەی ئابووریناسەکانی بازاڕی ئازاد دوای ئادەم سیمس دەکەون لە دانپیانان بەوەی کە حکوومەت ڕۆڵێکی کاریگەر و سنوورداری هەیە بیگێڕێت.

ئەمە، لەزۆربەی حاڵەتەکاندا، ئەو پەسەندکردنە دەگرێتەوە کە تەنیا دەوڵەتێکی سەروەر دەتوانێت پێشبڕکێیەکی کۆمەڵایەتی جێگیر دابین بکات کە لە ڕێگەیەوە ئابووری کار دەکات، بە تایبەتی بە هۆی قەدەغەکردنی دەستی دوژمنداری دەرەوە و



پاراستنی سیستەمی گشتی و برەودان بە گرێبەستەکان. لەم ڕووەوە، ئابووری بازاڕی ئازاد پێویستی بە دەوڵەتێکە تەنیا شەوان پاسەوانی بکات و هیچ دەست لە کاروباری بازاڕ وەرنەدات. سەرەڕای ئەوەش، ناحەزانی بازاڕی ئازاد دان بەوە دادەنێن کە حکوومەت ئەرکێکی شەرعی ئابووری هەیە، هەرچەندە تەواو پەیوەستە بە پاراستنی میکانیزمی بازاڕ. بۆ نموونە، حکوومەت دەبێ بە هۆی پۆلیسەوە چاودێری ئابووری بکات و نەهێڵێت پێشبڕکێیەکەی بازاڕ ناعادیلانە بەڕێوە بچێت وەک ڕێکەوتن لە سەر نرخ و سەرهەڵدانی قۆرخکردنی کاڵا لە لایەن چەند بازرگانێکەوە. وێڕای ئەمەش، حکوومەت بەرپرسیارە لە دڵنیاکردنی نرخی جێگیر. ئابووری بازاڕ تەواو پشت دەبەستێت بە پارەی ڕاستەقینە، بە واتایەکی دیکە، بە ئالیەتێکی جێگیری ئاڵوگۆڕکردن. بۆیە حکوومەت کۆنترۆڵی پارەی کاڵای بەردەست دەکات لە نێو ئابووریدا، بەم شێوەیە ناهێڵێت بەرزبوونەوەی نرخ ڕووبدات (inflation).

## موعجیزەی بازاڕ

گوڕ و تینی بازاڕ بە چڕی لە لایەن دەسەڵاتی وڵاتە سەرمایەدارییەکانی ڕۆژئاوا خراوەتە ڕوو. هەرچەندە گەشەی ئابووری لە وڵاتە سەرمایەدارییە پیشەسازییەکان بەردەوامە، ئەوانە تاکە وڵاتن کە نزیک بوونەتەوە لە بەدەستهێنانی ئامانجی ئاسوودەگی گشتی. ئەم وانەیە هەر لە بیر نەکراوە لە سەر وڵاتە کۆمەنیستەکانی پێشووی ئەورووپای ڕۆژهەڵات کە، کاتێ سۆشیالیزم لابرا، بە خێرایی چاکسازی بازاڕ ڕاگەیەنرا. بە هەقیقەت، لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا بازاڕ ڕێچکەیەکی نوێی بە خۆوە بینی و سەرکەوتوو بوو لە گۆڕینی ڕای هەندێ لە ڕەخنەگرانی پێشووی. بۆ نموونە، زۆرێک لە پارێزکارەکان دەستیان هەڵگرت لە بنەما ئابوورییە پراگماتیکە مام ناوەندییەکانیان، لە بری ئەوە قەناعەتیان بە بنەما ئازادییەکانی نیوڕایت هێنا. ژمارەیەکی زۆری سۆشیالیستەکان، کە بنەما بنەڕەتییەکانیان موڵکی تایبەت و پێشبڕکێ ڕەت دەکەنەوە، قەناعەتیان بەوە هات کە بازاڕ بە یەکێک لە میکانیزمە باوەڕ پێکراوەکان دابنێن بۆ دروستکردنی سامان. کاتێ سۆشیالیستەکان خەریکی بەدیهێنانی گوزەرانێکی سۆشیەل دیموکراتی بوون لەگەڵ بازاڕی سەرمایەداری،

ناچار کران بە ئامانجەکانی خۆیاندا بچنەوە و گۆڕانکاری بکەن، لە هەندێ حاڵەتەدا، پەرەیان بە شێوازەکانی ئابووری بازاڕ دا.

سەرنجی سەرەکی بازاڕ ئەوەبوو کە بازاڕ وەک میکانیزمێکە بۆ دروستکردنی سامان. ئەمە ئەرکێکە بە هۆی ڕەنج و کۆششی بێ وچان بۆ پرۆژەکان و داهێنان و گەشەسەندنەوە جێبەجێ دەبێت، هەروەها بە هۆ ئەوەی کە سەرچاوەکان بە باشترین شێوە و بە بێ بەفیرۆ چوون بەکار بهێنرێن. بازاڕ سیستەمێکی ئێجگار ئاڵۆز و زەبەلاحی پێوەندیکردنە، بە بەردەوامی پەیام و "هێما" لە موشتەریەوە بۆ بەرهەمهێنەر، هەروەها لە بەرهەمهێنەرەوە بۆ موشتەری دەگوازێتەوە. لە ڕاستیدا، میکانیزمی بازاڕ وەک سیستەمێکی سەرەکی ئابووری کار دەکات، هێماکان دەگوازێتەوە لە ڕووی جیاوازی و گۆڕانکاری نرخەوە. بۆ نموونە، بەرز بوونەوەی نرخی مەنجەڵ پەیامێک بۆ موشتەری دەنێرێت کە "کەمتر مەنجەڵ بکڕن"، هەروەها بەرهەمهێنەران ئەو پەیامە وەردەگرێت کە "مەنجەڵی زیاتر بەرهەم بهێنن". بۆیە بازاڕ دەتوانێت ئەوە بە دەست بهێنێت کە هیچ سیستەمێکی ئەقڵانی تەرخانکردن ناتوانێت دەستەبەری بکات چونکە بازاڕ شوێنی بڕیاردانی ئابووری دەگرێتەوە کە لە ژێر دەستی بەرهەمهێنەر و موشتەری دایە.

لە ئەنجامدا، ئابووری بازاڕ بە بەردەوامی لە گۆڕاندایە لە ڕووی ڕەفتاری بازرگانی و دۆخە ئابوورییەکاندا. بە تایبەتی، سەرچاوە ئابوورییەکان بە چاکی بەکار دەهێنرێن نەک لەبەرئەوەی شتێک کراوە لە لایەن لیژنەی پلاندانەران، بگرە لەبەرئەوەی کە سەرچاوەکان دروست بوونە تا زۆرترین سوودیان لێ وەربگیرێت. بۆ نموونە، کارگە نوێ و زەبەلاحەکان سەردەکەون و دەبەنەوە دژی کارگە کۆن و پەک کەوتووەکان، هەروەک ئاستە تەندروستەکانی قازانج سەرنجی کرێکار و وەبەرهێنانی سەرمایەداری ڕادەکێشێت بەهۆی هەلی دەستەبەرکردنی مووچەی بەرز. بەم شێوەیە، بەرهەمهێنەران هان دەدرێن حیسابی تێچوو بکەن لە ڕووی "دەرفەتەکانی تێچوو"وە واتە لە ڕووی بەکارهێنانی بەدیلەکان کە بۆ هەر یەکەیان هۆکارێکی بەرهەمهێنان دادەنرێت. بۆیە تەنیا ئابووری بازاڕ دەتوانێت وەڵامی پێوەری باشی ئابووری بداتەوە کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا پێشنیاز کرا لە لایەن ڤیلفرێدۆ پاریتۆ (١٨٤٨–١٩٢٣)، کە سەرچاوەکان بە ڕێگایەک تەرخان دەکرێن



هیچ گۆڕانێک ناتوانێت یەکێک لە یەکێکی تر خراپتر یان باشتر بکات، هەمووی وەک یەک دەبن.

کارامەیی لە ئاستی کۆمپانیای تاکدا کار دەکات، جارێکی تر بە هۆی پاڵنەری قازانجەوە دروست دەبێت. بازاڕ کاریگەرانە هێزی ئابووری دەخاتە قاڵبی لامەرکەزیەت لە ڕێگەی بڕیاردان دەربارەی ئەوەی چی بەرهەم بێت و چەند بەرهەم بێت و بە چ نرخێک بفرۆشرێت، جیا بێت لە هەر بازاڕێکی دیکە. بەڵام، پرۆژە سەرمایەدارییەکان لە ژینگەیەکی بازاڕدا کار دەکەن کە پاداشت بەوانە دەبەخشێت کە کارامەن و ئەوانەش سزا دەدات کە تەمبەڵ و لێنەهاتوون. بۆ ئەوەی پێشبڕکێ بکرێت لە نێو بازاڕدا، کۆمپانیاکان دەبێ نرخیان کەم بێت و بەم شێوەیە ناچار دەبێت تێچووەکەی کەم بکاتەوە. بۆیە دیسپلینەکانی بازاڕ یارمەتی نەهێشتنی بەفیرۆچوون و زۆری و بۆری و کەمی بەرهەم دەدات کە، بە پێچەوانەوە، لە نێو سیستەمێکی پلاندانانەدا لێی دەبوردرێت. گومان لەوەدا نییە کە چەند ڕووێکی بازاڕ دیسپلینی توند دەسەپێنێت، ڕووخانی بازرگانی سەرنەکەوتوو و کەمبوونەوەی کارگەی بێ قازانج، بەڵام لە ماوەی درێژخایەندا ئەمە نرخێکە کە دەبێ بدرێت بۆ ئابوورییەکی ئاسوودە و بە جموجۆڵ. لە بەر هەندێ فۆرمە باوەڕپێکراوەکانی سۆشیالیزمی بازاڕ زۆر زەحمەتن دروست بکرێن. جارێکیان لە یوگسلاڤیا و هەنگاریا پراکتیک کرا، سۆشیالیزمی بازاڕ هەوڵی دا هانی پرۆژەی خۆ-هەڵسووڕێنەر بدات بۆ ئەوەی لە ژینگەی بازاڕ پێشبڕکێ هەبێت. لە تیۆردا، ئەمە باشترین هەردوو جیهانی پێشکەش کرد، ئەوانیش: پێشبڕکێی بازاڕ بۆ برەودان بە کارامەیی و ڕەنج و کۆشش، هەروەها خاوەنداریەتی گشتی بۆ نەهێشتنی قۆستنەوە و نایەکسانی. بەڵام، ئەم پرۆژانە ئامادە بوون پەسەندی دیسپلینەکانی بازاڕ بکەن چونکە خۆ-هەڵسووڕاندن و بەڕێوەبردن ئەوە دەگەینێت کە یەکەم جار بە خێرایی وەڵامی بەرژەوەندییەکانی هێزی کار بداتەوە. لە بەر هەندێ ئابووریناسەکانی بازاڕی ئازاد هەمیشە دەڵێن کە تەنیا بازرگانییە تایبەتییەکان، کە بە هەڕەمەکی ڕێک خراون، دەتوانن بە بەردەوامی وەڵامی گۆڕانکارییەکانی بازاڕ بدەنەوە.

ئابوورییەکانی بازاڕ هەر تەنیا بە کارامەیی و گەشەی زۆر ناناسرێنەوە بگرە بە وەڵامدانەوەی موشتەریش ناسراون. لە بازاڕێکی پڕ لە پێشبڕکێدا، بڕیارە

گرینگەکانی بەرهەمهێنان، چی بەرهەم بهێنرێت، چەندیش بەرهەم بهێنرێت، دەدرێن کاتێ ڕەچاوی ئەوە دەکرێت موشتەری ئامادەیە و دەتوانێت چی بکڕێت. بە واتایەکی دیکە، موشتەری سەروەرە. بۆیە بازاڕ میکانیزمێکی دیموکراسییە، دواجار حوکم دەکرێت بە هۆی بڕیارەکانی کڕین یا دەنگەکانی موشتەری. ئەمە ڕەنگدانەوەی بەرهەمی جۆراوجۆە لە ئابووری سەرمایەداریدا و زنجیرەیەک ئیختیار ڕووبەڕووی کڕیارەکان دەکاتەوە. وێڕای ئەمەش، سەروەری موشتەری کەش و هەوایەکی ئەوتۆ دروست دەکات بۆ داهێنانی تەکنەلۆژیای پێشکەتوو بە هۆی هاندانی کۆمپانیاکان شتی نوێ بەرهەم بهێنن و میتۆدەکانی بەرهەمهێنان بگۆڕن، تاوەکو هەمیشە لە پێش بازاڕ بن. بازاڕ هێزی داینامیکییە لە پشت زۆربەی سەردەمەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لە مێژووی مرۆڤدا، لە سەرهەڵدانی کارگەکانی ئاسن و پۆڵا لە سەدەی نۆزدەوە بگرە تا دەگاتە پێشکەوتنی کالای پلاستیکی و کارەباریی و ئەلیکترۆنییەکان لە سەدەی بیستەم.

هەرچەندە بازاڕ لە سەر بنچینەی ئابووری بەرگری لێ کراوە، تیۆریستەکانی بواری ئازادی سوورن لە سەر ئەوەی کە دەتوانرێت بازاڕ لە بەر هۆی ئەخلاقی و سیاسیش پشتگیری لێ بکرێت. بۆ نموونە، بازاڕ لە ڕووی ئەخلاقییەوە تا ئێستا شتێکی خوازراوە چونکە میکانیزمێک دابین دەکات لە ڕێگەیەوە خەڵک دەتوانێت حەز و خواستەکانی خۆی تێر بکات. لەو سۆنگەیەوە، سەرمایەداری بازاڕ لە ڕووی یوتیلیتاریەنەوە دەسەلمێنرێت: پێناسەی خۆشی و ئازار، واتە باشە و خراپە، لە ژێر دەستی تاکەکاندا جێ دەهێڵێت. ئەمە، لە بەرابەردا، بەڕوونی دەبەسترێتەوە بە ئازادی تاک. لە ناو بازاڕدا، تاکەکان دەتوانن لە ئیختیاردا سەربەست بن: ئەوەی هەڵیدەبژێرن دەیکڕن، هەڵدەبژێرن لە کوێ کار بکەن، لەوانەشە ئەوە هەڵبژێرن بازرگانییەک بکەن، گەر وا بێت، هەڵدەبژێرن چی بەرهەم بهێنن، کێ تەعین بکەن و تا دوایی. زۆر بە سادەیی، بازاڕ ڕێز لە کەس ناگرێت. لە ئابووری بازاڕدا، خەڵکی هەڵدەسەنگێنرێن لە سەر بنچینەی سوودەکانی تاک، لە سەر بنچینەی بەهرە و توانای کارکردنیان، هەموو ئیعتیبارەکانی تری وەک ڕەگەز و ڕەنگ و ئاین و گێندەر و تا دوایی هیچ سوودێکی نییە. سەرەڕای ئەوەش، دەکرێ باسی ئەوە بکرێت کە



دوور لە دوژمنی ئەخلاق، بازاڕ پێوەرە ئەخلاقییەکان بەهێز دەکات، بە هەقیقەت بازاڕ بوونی نابێت لە دەرەوەی بازنەی ئەخلاقدا. بۆ نموونە، پێوەندییەکانی فەرمانبەرێک یان کرێکارێکی سەرکەوتوو داوای متمانە و نەزاهە لە هەردوو لادا دەکات، گەر ڕاستگۆیی و متمانە لە بەینی کڕیار و فرۆشیاردا نەبێت هیچ ڕێکەوتنێک و مامەڵەیەکی بازرگانی ناکرێت.

### ئازادیی کار و بیرکردنەوە

هزری سیاسی لیبەرتاریانی بەو ڕاڤە وردە ناسراوە کە دەدرێتە پاڵ ئازادی (بە زاراوەی نەرێ درکی پێ دەکرێت) بە سەر بەهاکانی تر، وەک: دەسەلات و نەریت و یەکسانی. لەبەر هەندێ، لیبەرتاریانەکان (ئەوانەی باوەڕیان بەهێزە بە ئازادیی کار و بیرکردنەوە) بە دوای ئەوەدا دەگەڕێن کە ئاقاری ئازادیی تاک فراوان و ئاقاری دەسەلاتی گشتیش تەسک بکەنەوە، دەوڵەت بە هەڕەشەیەکی سەرەکی دادەنێن بۆ سەر ئازادی. ئەم ڕاڤەی دژی دەوڵەتە جیاوازە لە ڕێچکە ئاژاوەگێڕییە کلاسیکەکان چونکە پشت ئەستوورە بە تاکڕەوییەکی ڕەها کە کەمێک یان هیچ جەخت ناکاتە سەر لایەنی کۆمەلایەتی یان هاریکاریی مرۆڤ.

هەردوو ڕێچکە دیارەکەی لیبەرتاریانی ڕەگیان لە نێو ئایدیەی مافەکانی تاک و ڕێچکەکانی داهاتی ئابووری تاک داکوتاوە. بەگشتی، تیۆرە لیبەرتاریانەکانی مافەکان پێگیرن بەوەی کە تاک خاوەنی کەسایەتیی خۆیەتی، هەر بۆیەشە، خەڵک پابەندبوونێکی ڕەهایان هەیە بەو مافانەی کە کارەکانیان بەرهەمیان دێنن. تیۆرە ئابوورییە لیبەرتاریانەکان جەخت دەکەنە سەر سروشتی خۆڕێکخستنی میکانیزمی بازاڕ و دەستێوەردانی حکوومەت هەمیشە بە کارێکی ناپێویست و نەزۆک دەزانن. هەرچەندە هەموو لیبەرتاریانەکان هەوڵەکانی حکوومەت ڕەت دەکەنەوە بۆ دابەشکردنەوەی سامان و مسۆگەرکردنی دادپەروەریی کۆمەلایەتی، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ هێڵێک بکێشرێت لە نێوان ئەو لیبەرتاریانەی کە بەشدارن لە سەرمایەداری ئاژاوەگێڕی و دەوڵەت بە شەڕانگێزێکی ناپێویست ناوزەند دەکەن، هەروەها ئەو لیبەرتاریانەشی کە دان دەنێن بە کەمە دەستێوەردانێکی دەوڵەت، هەندێ جار ناو لە خۆیان دەنێن ئاژاوەگێڕی بێ زەڕ. پێوەندی نێوان لیبەرتاریانیزم و لیبراڵیزم پێوەندییەکی هاودژ و ئاڵۆزە. هەندێ پێیان وایە لیبەرتاریانیزم بریتییە لە گەشەسەندنی لیبرالیزمی کلاسیکی. بەڵام زۆربە دەڵێن کە لیبراڵیزم، تەنانەت لە فۆرمە کلاسیکییەکەشیدا، ڕەتی ئەوە دەکاتەوە کە ئازادی

بە سەر سیستەمدا فەرز بکرێت و بۆیەشە لیبڕالیزم دوژمنایەتی بەرامبەر بە دەوڵەت نییە کە کۆڵەگەی بیری لیبەرتاریانیزمە. لە لایەکی دیکەوە، بیری نیوڕایت لە نێو پارێزکاریزمدا پڕە لە ڕاڤەی بێ هەڵە و پەڵەی لیبەرتاریانی.

تیۆرە لیبەرتاریانەکان بە تۆکمەیی لە سەر باوەڕی تاک و ئازادییەکان داڕێژراون. باشی ئەو تیۆرانە لەوەدایە کە هەمیشە کاری چەوسێنەرانە لە نێو کارەکانی حکوومەت بیر دەخەنەوە و دێننە بەرچاو. وێڕای ئەمانەش، ئەو ڕەخنانەی لە لیبەرتاریانیزم گیراون بە سەر دوو پۆلدا دابەش دەبن: یەکێکیان، هەر ڕەتکردنەوەیەکی خۆشگوزەرانی و دابەشکردنەوە بە نموونەیەکی ئایدیۆلۆژیای کاپیتالیستی سەیر دەکەن، کە بەندە بە بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگای بازرگانی و سامانی تایبەت. ئەوی تریان، پێ دادەگرێت لە ناهاوسەنگی لە نێو فەلەسەفەی لیبەرتاریانی کە ڕێگەی پێ دەدات جەخت بکاتە سەر مافەکان بەڵام بەرپرسیارێتییەکان پشتگوێ دەخات و کۆشش و توانای تاک بەهادار دەکات بەڵام سەرناکەوێت لە لەبەرچاو خستنی ئەو ڕاستییەی کە ئەمانە بەرهەمی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتین.

## فەیلەسووفە سەرەکییەکان

### ئادەم سمیس (١٧٢٣- ١٧٩٠)

(فەیلەسووف و ئابووریناسێکی سکۆتلەندییە. پەرەی بە تیۆرەکانی ئابووری بازاڕی ئازاد دا کە لیبەرتاریانیزم لە سەری وەستاوە. لە بری لیبەرتاریەن لیبرالێکی کلاسیکییە، تیۆری پاڵنەری سمیس هەوڵی بەستانەوەی بەرژەوەندی خودی مرۆڤی دا بە سیستەمی نارێکی کۆمەڵایەتی. ڕەخنەگرێکی توندی ڕێچکەی بازرگانی بوو و یەکەم هەوڵی سیستەماتیکی دا بۆ شیکردنەوەی بواری ئابووری بە زاراوە بازاڕییەکان، جەختیشی لە سەر ڕۆڵی "دەستی نادیار"ی ململانێی بازاڕ دەکردەوە. سەرەڕای ئەوەش، سمیس تەواو ئاگاداری سنوورەکانی داهاتی تاک بوو. کارە هەرە گرینگەکانی ئەمانەن: تیۆری بنەما مۆدێرنەکان (١٧٥٩)، سامانی نەتەوەکان (١٧٧٦).

### ویلیەم گۆدوین (١٧٥٦- ١٨٣٦)

ڕۆمانووس و فەیلەسووفێکی بەریتانییە. بە تێروتەسەلی پەرەی بە ڕەخنەی دەسەڵاتگەری دا کە یەکەم شرۆڤەی ڕەخنەیی باوەڕە ئاژاوەگێڕییەکان بوو.





تونترین فۆرمی ئەقلانییەتی لیبراڵی ویلیەم جەخت دەکاتە سەر تیۆری گرێبەندی کۆمەڵایەتی نەریتی لە وەسفکردنی حکوومەت وەک سەرچاوەیەکی ئاژاوە و داڕمانی سیستەمی کۆمەڵگا. ویلیەم پشتی بەست بە تیۆری کامڵ بوونی مرۆڤ لە سەر بنچینەی پەروەردە و مەرجە کۆمەڵایەتییەکان. هەرچەندە تاکناسێکیش بوو، پێی وابوو کە مرۆڤەکان دەتوانن بەرژەوەندی یەکتر لە بار ببەن. کارە سەرەکییەکەی گۆدوین: لە بارەی دادپەروەری سیاسی (١٧٧٣).

### ماکس ستێرنە: (١٨٠٦- ١٨٥٦)

فەیلەسووفێکی ئەڵمانییە. پەرەی بە توونترین فۆرمی تاکڕەوی دا لە سەر بنچینەی خۆپەرستی. ستێرنە وەک فەلسەفەیەک لە خۆپەرستی دەڕوانی کە خودی تاک دەکاتە چەقی گەردوونێکی ئەخلاقی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کارەکانی تاک نابێ بکەونە ژێر کۆنترۆڵی یاسا و کۆتی کۆمەڵایەتی یان بنەما ئاینی و ئەخلاقییەکان. ئەم خاڵە بەڕوونی باس کراوە لە باوەڕ بە خوا نەبوون و ئاژاوەگێڕیی تاک، هەرچەندە ستێرنە زۆر کەم بایەخی دەدا بە سروشتی کۆمەڵگایەکی بێ دەوڵەت. گرینگترین کارە سیاسییەکەی بریتییە لە: خۆ پەرستی و خاوەنداریەتی ئەو (١٨٤٥).

### فرێدریک هایک: (١٨٩٩- ١٩٩٢)

فەیلەسووفێکی سیاسی و ئابووریناسێکی نەمساوییە. هایک کاریگەرترین تیۆریستی بازاڕی ئازادی مۆدێرنە. یەکێک بوو لە پشتگیریکەرانی قوتابخانەی فەلسەفی نەمسا. باوەڕێکی بەهێزی هەبوو بە تاکڕەوی و سیستەمی بازاڕ و ڕەخنەگرێکی گەورەی سۆشیالیزم بوو. بازاڕی بە تاکە ناوەند وەسف دەکرد بۆ دڵنیاکردنەوەی لێهاتوویی ئابووری، بە توندی هێرشی دەکردە سەر دەستێوەردانی حکوومەت وەک کردارێکی تەواو تۆتالیتاریانە. هایک لە بری لیبەرتاریانێکی نەریتی لیبراڵێکی کلاسیکی بوو، پشتگیری لە فۆرمێکی هەموارکراوی نەریتیزم دەکرد و پاڵپشتی ڕێچکەی ئەمریکی و ئینگلیزەکان دەکرد لە دەستوورییەت. باشترین و ناسراوترین کارەکانی ئەمانەن: ڕێگا بەرەو سەرفرازی (١٩٤٨)، دەستووری ئازادی (١٩٦٠)، یاسا، یاسا دانان و ئازادی (١٩٧٩).

**ڕۆبێرت نۆزیک**

یەکێکە لە هەرە فەیلەسووفە گرینگەکانی بواری لیبەرتاریانی مۆدێرن. تیۆرەکەی لە سەر دادوەری کە وەڵامێک بوو بۆ ئایدیەکانی جۆن ڕاوڵز، هەموو سیاسەتەکانی خۆشگوزەرانی و دابەشکردنەوە ڕەت دەکاتەوە و پاڵپشتی بە تاوان نەکردنی "تاوانە بێ زەرەکان" دەکات وەک لەشفرۆشی و بەکارهێنانی مادده سڕکەر و بێ هۆشکەرەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، بیرۆکە ئاژاوەگێڕییەکان ڕەت دەکاتەوە لە سەر بنچینەی ئەوەی کە ململانێی نێوان ئاژانسە تایبەتییەکانی پاراستن دەبێتە هۆی دامەزراندنەوەی هەندێ فۆرمی دەوڵەت کە کەمترین دەستێوەردانی هەبێت.

**مورێی ڕۆسبارد: (۱۹۲٦- ۱۹۹٥)**

چالاکێکی سیاسی و ئابووریناسێکی ئەمریکییە. پێشەنگە تیۆریستی سەرمایەداری ئاژاوەگێڕی مۆدێرنە. سیستەمی بێ سنووری داهاتی تاک لە سەرمایەداری گرێ دا بە بنەما بنەڕەتییەکانی لیبەرتاریانی مافی خەڵک و موڵکدارێتی. لە سەر ئەم بنەمایە ڕەتی ئەوە دەکاتەوە دەوڵەت ببێتە توخمی پاراستن. لە کۆمەڵگا لیبەرتاریانی داهاتووی ڕۆسبارد، هیچ ئەگەرێکی یاسایی شەڕانگێز نییە دژی هەر کەسێک یان موڵکی هەر کەسێک. نووسینە سەرەکییەکانی ئەمانەن: هێز و بازاڕ (۱۹۷۰)، بۆ ئازادییەکی نوێ (۱۹۷۳) و ئاکارەکانی ئازادی (۱۹۸۲).

## خاڵە سەرنەکەوتووەکانی بازاڕ

سەرنەکەوتنی بازاڕ وەک سیستەمێک بۆ دروستکردنی سامان بە گشتی پەسەند کراوە، تەنانەت لەلایەن کارل مارکسیش کە لە مانیفێستۆی کۆمەنیستدا دان بەوە دادەنێت کە سەرمایەداری پێشکەوتنی تەکنەلۆژی نەکردووەتە خەونێک. لەگەڵ ئەوەشدا، سیستەمی بازاڕ بە توندی ڕەخنەی لێ گیراوە. هەندێ ڕەخنەگر، وەک مارکس خۆی، پێیان وایە کە بازاڕ لە بنەڕەتدا بیرۆکەیەکی هەڵەیە و دەبێ هەڵبوەشێتەوە. بەڵام، ئەوانی تر درکیان بە هێزەکانی بازاڕ کردووە بەڵام دژی ئەوە دەوەستنەوە بازاڕ بە خراپی بەکار بهێنرێت. بە کورتی، پێیان وایە کە بازاڕ خزمەتکارێکی باشە بەڵام سەرۆکێکی خراپە.



بێگومان هیچ سیستەمێکی پلاندانان نییە "پاک" بێت، پۆخڵەوات لە هەموو بازاڕەکاندا هەیە. ئەمە ڕوونە لە کۆمپانیاکانی تاک کە، هەرچەندە وەڵامی مەرجەکانی بازاڕی دەرەکی دەدەنەوە، بەرهەمی خۆیان ڕێک دەخەن لە سەر بنەمای ئەقڵانی و پلان بۆ داڕێژراو. ئەم توخمەی پلاندانان زۆر گرینگە کاتێ قەبارەی مۆدێرن، دەستە فرە ڕەگەزەکان دەخرێتە بەر چاو، کە هەندێکیان داهاتی ساڵانەیان زۆر زیاترە لە داهاتی کۆمەڵێک وڵاتی بچووک. ڕوونترین پۆخڵەوات فۆرمی حکوومەتێک وەردەگرێت کە دەست لە کاروباری ئابووری وەردەدات، تا ڕادەیەک لە هەموو بازاڕەکاندا بەدی دەکرێت. بە هەقیقەت، لە زۆربەی سەدەی بیستەمدا، ڕێچکەی ئابووری دەسەڵاتدار لە ڕۆژئاوای سەرمایەداریدا لە پێناو نەهێشتنی ئازادی ڕەهایە لە کاتێکدا حکوومەت بەرپرسیاریەتی تەواوی لە ئەستۆ گرت لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا. دەوڵەتی خۆشگوزەران دامەزرا، کاریگەری کردە سەر کارەکانی کرێکاری بازاڕ بە هۆی دابینکردنی "مووچەیەکی کۆمەڵایەتی"، حکوومەتەکان ئابووری خۆیان هەڵسوڕاند لە ڕێگەی سیاسەتی دارایی و سیستەمی پارەوە، هەروەها لە گەلێ حاڵەتدا، حکوومەت کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر ئابووری هەبوو بە هۆی ئەوەی کارگەکانی کرد بە خاوەنداریەتی گشتی. هەندێ دوور ڕۆیشتن و وتیان کە حکوومەت هەمیشە ئامادە بووە دەست لە کاروباری ئابووری وەردات و کۆنترۆڵی بکات، نەک بەجێی بهێڵێت بۆ ژێر دەستی بازاڕ، ئەمە ئەو ئاسوودەگییە بەربڵاوە شی دەکاتەوە کە لە وڵاتە سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکاندا هەیە.

خاڵێکی سەرەکی سەرنەکەوتنی بازاڕ ئەوەیە کە ناتوانێت وەڵامی چەند دۆخێکی ئابووری بداتەوە. بۆ نموونە، بازاڕ ناتوانێت ڕەچاوی ئەو شتە بکات کە ئابووریناسەکان پێی دەڵێن هۆکارە دەرەکییەکان یان "خەرجییە کۆمەڵایەتییەکان". ئەمانە خەرجی چالاکیی بەرهەمهێنانن کە بەگشت کار لە کۆمەڵگە دەکات بەڵام حیسابیان بۆ ناکرێت لە لایەن ئەو کۆمپانیایانەی کە دروستیان دەکەن چونکە دەرەکین. نموونەیەکی ڕوونی خەرجی کۆمەڵایەتی پیسکردنی ژینگەیە. هێزەکانی بازاڕ ڕەنگە هانی بازرگانی تایبەت بدەن بۆ پیسبوون هەرچەندە ئەمە ژینگە وێران

دەکات، هەڕەشە لە کارگەکانی تر دەکات و تەندروستی کۆمەڵگە دراوسێکانیش دەخاتە مەترسییەوە. تەنیا دەستێوەردانی حکوومەت دەتوانێت زۆری لە بازرگانەکان بکات خەرجییە کۆمەڵایەتییەکان بخەنە بەرچاو، لەم حاڵەتەدا یان ئەوەتا بە هۆی قەدەغەکردنی پیسبوون یان بە هۆی دڵنیاکردنەوەی ئەوەی کە پیسکەران دەبێ پارە بدەن بەرامبەر وێرانبوونی ژینگە چونکە خۆیان هۆکاری ئەو وێرانبوونەن. بە هەمان شێوە، بازاڕ سەرکەوتوو نییە لە پێشکەشکردنی ئەو شتەی ئابووریناسەکان ناوی لێ دەنێن "کاڵا گشتییەکان". هەندێ کاڵا هەن هەموو کەس حەزی لێیە هەیبێت بەڵام، لەبەرئەوەی زەحمەتە یان مەحاڵە خەڵکی لە سوودی کاڵا گشتییەکان بێ بەش بکەیت، لە لایەن بازاڕەوە دابین ناکرێن. گڵۆپی نێو ماڵەکان نموونەیەکی ڕوونی کاڵا یان خزمەتگوزارییەکی گشتییە هەموو کەس پێویستی پێیەتی. بۆیە کەس ناتوانێت بە هیچ شێوەیەک خۆی لە گێلی بدات و پارەی ئەو کارەبایە نەدات کە وەری دەگرێت، لەبەرئەوەی خزمەتگوزارییەکە بۆ هەمووان وەک یەکە. مادام بازاڕ ناتوانێت وەڵام بداتەوە، کاڵا گشتییەکان دەبێ لە لایەن حکوومەتەوە دابین بکرێن. بە هەقیقەت، ئەم مشتومڕە ڕەنگە زۆری دەستێوەردانی حکوومەت بسەلمێنێت چونکە چاودێری تەندروستی و گواستنەوە و پەروەردە و سوودە گشتییەکان هەمووی بە کاڵای گشتی دادەنرێن.

ڕەخنە لە ئاستی وەڵامدانەوەی موشتەری بازاڕیش هەیە، بە تایبەتی، توانای بۆ دەرخستنی پێداویستییە ڕاستەقینەکانی مرۆڤ. ئەمە ڕوو دەدات لە بەر ئارەزووی بەهێزی قۆرخکردن. بە پێچەوانەی مەزندە ئاساییەکان، لۆژیکی ناوخۆی بازاڕ پاداشتی ڕەفتاری هەرەوزی دەکات و پێشبڕکێ سزا دەدات. لە بەرئەوەی کرێکاری تاک بە هۆی کارکردن بە یەکەوە هێز بە دەست دێنن دژی بەرێوەبەرەکانیان، بازرگانی تایبەت پاڵنەرێکی دەبێت هاوپەیمانییەتی دروست بکات، بازرگانەکان لە دژی ئەو هێزە ڕێک دەکەون لە سەر نرخ و پێشبڕکێ و ڕکابەرەکان وەدەر دەنێن. بۆیە زۆربەی ئابووری بازاڕ لە لایەن چەند دەستەیەکی سەرەکی دەستبەسەر کراوە. ئەمە هەر تەنیا ئیختیاری موشتەری سنووردار ناکات، بگرە لە ڕێگەی ڕێکلامەکانەوە دەست دەگرن بە سەر حەز و شەهیەی موشتەریش. ئابووریناسەکانی



وەک جەی. کەی. گالبریس (١٩٦٢) هۆشداری ئەوە دەدەن کە ڕەنگە سەروەری موشتەری وەک وەهمێک وا بێت. وێڕای ئەمەش، شتێکی ڕوونە کە بازاڕ وەڵامی پێداویستییەکانی مرۆڤ ناداتەوە بەڵام وەڵامی داوای کاریگەر دەداتەوە، ئەو داوایەی پشتی هەیە بە هۆی توانای پارە دان (هەر کەسێک پارە بدات هەرچی بوێت لە بازاڕ دەستی دەکەوێت). بازاڕ ئەوە شی دەکاتەوە کە سەرچاوە ئابوورییەکان هەن بۆ ئەوەی قازانجیان لێ بکرێت. ڕەنگە ئەمە مانای ئەوە بێت کە سەرچاوە گرینگەکان تەرخان دەکرێن بۆ بەرهەمی سەیارەی گرانبەها، جل و بەرگ و شتی ڕاقی تەنیا بۆ دەوڵەمەندەکان، نەک دابینکردنی شوێنی نیشتەجێی شایستە و خۆراک بۆ زۆربەی کۆمەڵگە. زۆر بە سادەیی، هەژار هێزێکی کەمی هەیە لە بازاڕ.

سەرەڕای باوەڕی ئادەم سمیس بە سیستەمی سروشتی، ڕەنگە بازاڕ نەتوانێت خۆی ڕێک بخات. لە جەوهەردا، ئەمە وانەی ئابووریناسی بەریتانی جۆن مەینارد کینسە (١٨٨٣و١٩٤٦)، لە کتێبەکەی بە ناوی the general theory of employment interest and money، ١٩٣٦و ١٩٦٥". لە دژی باکگراوندی گرانییە گەورەکە، کینس باسی ئەوە دەکات کە چەند دۆخێک هەن تیایدا بازاڕی سەرمایەداری ڕۆدەچێت و دەبێتە هۆی بێکاری، هیچ شتێکیش ناتوانرێت بکرێت بۆ وەستاندنی. کینس پێشنیازی ئەوەی کرد کە ئاستی چالاکیی ئابووری بۆ داوای بە کۆمەڵە، ئاستی تەواوی داوا لە نێو ئابووریدایە. کاتێ بێکاری زۆر دەبێت، هێزەکانی بازاڕ فەرمان بە بڕینی مووچە دەکەن، کینس ئاماژەی پێ کردووە، ئەمە داوا کەم دەکاتەوە و دەبێتە هۆی زیاتر لە دەستدانی ئەو کارانەی کە ئێستا هەن. بە هیچ شێوەیەک کینس لە ڕەگەوە ڕەتی بازاڕ ناکاتەوە، بەڵام سوور بوو لە سەر ئەوەی کە دەبێ ئابووری بازاڕی سەرکەوتوو لە لایەن حکوومەتەوە ڕێک بخرێت. بە تایبەتی، حکوومەت دەبێ ئاستی داوا ڕێک بخات، کاتێ چالاکیی ئابووری دادەبەزێت حکوومەت داوا بەرز دەکاتەوە بە هۆی زیاتر سەرفکردنی گشتی، کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی بێکاری، بەڵام کەمی دەکاتەوە کاتێ ڕەوشی ئابووری لە مەترسیدا بێت. یەکێک لە هەوڵە سەرەتاییەکان بۆ جێبەجێکردنی تەکنیکەکانی کینس لە لایەن فرێدریک ڕۆزڤێڵتەوە درا لە سیاسەتەکانی New Deal لە ساڵانی سییەکان. بەرنامەکانی کارە حکومییەکان بۆ نۆژەنکردنەوەی ڕووبار و بونیاتنانی ڕێگاکان و بە دەستهێنانی زەوی و تا دوایی

بوو، کە بەناوبانگترینیان سەرسام بوو بە هۆی دەسەڵاتی تێنیس ڤالی TVA. لە ماوەی سەرەتای دوای جەنگدا، سیاسەتەکانی کینیسی بە شێوەیەکی فراوان لە حکوومەتەکانی ڕۆژئاوا بەکار برا و بە کلیلی بەهێزبوونی ئابووری ساڵانی پەنجا و شەستەکان دانرا.

دواجار، کەیسێکی ئەخلاقی و سیاسی هاتە پێشەوە لە دژی بازاڕ. بۆ نموونە، نیوپارێزکارەکان و سۆشیالیستەکان مشتومڕی ئەوەیان بوو کە بازاڕ وێرانکەری بەها کۆمەڵایەتییەکانە. بە هۆی پاداشتکردنی خۆپەرستی و چڵێسی، بازاڕ تاکێکی نەزۆک و دوورە پەرێز دروست دەکات، تاکێک پاڵنەری کەمی هەیە بۆ جێبەجێکردنی بەرپرسیاریەتییە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی. بەڵام، سەرکۆنەی ئەخلاقی بازاڕ جەخت دەکاتە سەر پێوەندی بازاڕ بە نایەکسانییەکی قووڵی کۆمەڵایەتی. سۆشیالیستە بنەڕەتییەکان ئەمە بە موڵکی تایبەتی دەبەستنەوە و هەروەها بە لینکێکی دادەنێن لە نێوان هێزی نابیەکانی ئەوانەی کە سامانیان هەیە و ئەوانەشی کە حەشتەبایان نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ نموونە، هەڵەیە گەر باوەڕ بەوە بکەین کە بازاڕ مەیدانێکی تەختە و هەریەکە و بە پێی سوودی خودی خۆی حوکم دەکرێت. بگرە، دابەشکردنی سامان و داهات کاریگەری هۆکارەکانی وەک میرات و پەروەردە و باکگراوندی کۆمەڵایەتی لە سەرە. وێڕای ئەمەش، پاداشتەکان ڕەنگدانەوەی بەهاکانی بازاڕن نەک هەر سوودێک بۆ کۆمەڵگەیەکی فراوانتر. بۆ نموونە، ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەستێرەکانی وەرزش و کەسایەتییەکانی میدیا مووچەیان باشترە لە پەرستار و دکتۆر و مامۆستا. هەر سیستەمێکی ئابووری کە پشت دەبەستێت بە پاڵنەرە مادییەکان نایەکسانی پەیدا دەکات. زۆرێک لەوانەی ستایشی بازاڕ دەکەن وەک ئالیەتێکی دروستکردنی سامان هەرگیز ئامادە نین پشتگیری لێ بکەن وەک میکانیزمێک بۆ دابەشکردنی سامان. کەواتە چارەسەرەکە ئەوەیە کە بازاڕ ببێتە پاشکۆی هەندێ سیستەمی دابینکردنی خۆشگوزەرانی، هەروەک لە بەشی دەیەمدا باس کراوە.

سەرەڕای ئەوەش، بازاڕ بە هەڕەشەیەک بۆ سەر دیموکراسی دادەنرێت. بە تایبەتی سۆشیالیستەکان باسی ئەوە دەکەن کە بوونی دیموکراسی ڕاستەقینە لە نێو نایەکسانی ئابووریدا مەحاڵە، ئەم بۆچوونەش ئەوەمان پێ دەڵێت کە، جگە لە



دووری پرۆسەی سیاسی، بازاڕ ژیانی سیاسی بە ڕێگایەکی هەستیار دروست دەکات. بۆ نموونە، پێشبڕکێی حیزبەکان ناهاوسەنگە بە هۆی ئەو واقیعەی کە ئەو حیزبانەی کە شوێن بازرگانی دەکەون فەندیان باشترە لەو چاو ئەو حیزبانەی کە شوێن کرێکارەکان دەکەون. لەوەش زیاتر، دەتوانن پشت ببەستن بە مامەڵەیەکی هەست و سۆزەوە لە لایەن خاوەن میدیا تایبەتییەکانەوە. ئەم جۆرە تەحویزاتانە دەگاتە نێو قووڵایی سیستەمی دەوڵەتیش. وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی وەبەرهێنان و دامەزراندن (تەعین) لە نێو ئابووریدا، دەستە تایبەتییەکان (کۆمپانیاکان) کاریگەرییەکی ئەوتۆیان دەبێت لە سەر حکوومەت، بە بێ ڕەچاو کردنی مانیفێسۆتی پابەندبوونەکان یان کاریگەرە ئایدیۆلۆژییەکان. لە کۆتاییدا، حکوومەتەکان لە لایەن بەرپرسانی دەوڵەتەوە ئامۆژگاری دەکرێن کە، لە بەر باکگراوندی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییان، زیاتر بە لای سەرمایەداری و بەرژەوەندییەکانی موڵکی تایبەتدا دەچن. بەو ڕێگە جیاوازانەدا، بازاڕ خزمەت دەکات بۆ جەختکردنە سەر هێزی سیاسی لە ژێر دەستی چەند کەسێک و دژی پاڵەپەستۆیە دیموکراسییەکان بوەستێتەوە.

## کورتەی بەشی یازدەم

١- موڵک مافێکی لەجێ و حەتمییە بۆ شتێک یان خاوەندارییەتێک. پرسیارەکانی دەربارەی خاوەنداریەتی موڵک بوونەتە بنچینەی مشتومڕی ئایدیۆلۆژی، مشتومڕێک لە نێوان لیبرال و پارێزکارەکان کە بەرگری دەکەن لە موڵکی تایبەت لە لایەک، سۆشیالیست و کۆمەنیستەکانیش کە پشتگیری لە موڵکی گشتی یان دەوڵەت دەکەن لە لایەکی ترەوە.

٢- پلاندانان دەگەڕێتەوە بۆ سیستەمێکی ئەقلانی تەرخانکردنی سەرچاوەکان لە نێو بواری ئابووریدا، کە لەوانەیە بە کار بهێنرێت بۆ پاشکۆی بازاڕ، یاخۆ لە حاڵەتی پلانی ناوەندیدا شوێنی بازاڕ بگرێتەوە. لە کاتێکدا یاوەرانی بازاڕ جەخت دەکەنە سەر ئەوەی کە پلاندانان دەتوانێت پێداویستییە ڕاستەقینەکان بە دیار بخات و گرینگی بە ئامانجی درێژ خایەن بدات، کەچی پەیوەست بە ناکارامەیی و بیرۆکراسییەت و مەرکەزییەت کراوە.

٣- بازاڕ سیستەمێکی ئاڵوگۆڕکردنی بازرگانییە لە لایەن دەستێکی نادیارەوە ڕێک دەخرێت، هێزە ناشەخسییەکانی داوای کاڵا و کاڵای بەردەست. تیۆریستەکانی

بازاڕ جەخت دەكەنە سەر ئەوەی كە بازاڕ لە باشترین شێوەیدا كار دەكات گەر حكوومەت بە تەنیا وازی لێ بهێنێت.

٤- یاوەرانی بازاڕ، بازاڕ بە تاكە میكانیزمی باوەڕپێكراو دادەنێن بۆ دروستكردنی سامان. لایەنە باشەكانی بازاڕ ئەمانەن: پەرە بە كارامەیی دەدات و وەڵامی حەز و خواستەكانی موشتەری دەداتەوە و سەربەستی ئیختیار و ئازادی سیاسی دەپارێزێت. بەڵام، نەیارانی بازاڕ ئاماژە بەوە دەكەن كە بازاڕ دەبێ ڕێك بخرێت چونكە دەبێتە هۆی پەیدابوونی زیانە كۆمەڵایەتییەكان، سەرناكەوێت لە دابینكردنی كاڵا گشتییەكان، نایەكسانی قووڵی كۆمەڵایەتی دروست دەكات، دواجار لەوانەشە پرۆسەی دیموكراسی گەندەڵ بكات.

# بەشی دوازدەیەم

## کاردانەوە و چاکسازی و شۆڕش

پێشەکی

کاردانەوە

چاکسازی

شۆڕش

کورتە

## پێشەکی

هەرگیز ناتوانرێت دەمەتەقێ و مشتومڕی سیاسی لە دیراسە ئەکادیمیەکان جودا بکرێنەوە چونکە تیۆرە سیاسییەکان وابەستەن بە دروستکردنەوە و دامەزراندنەوەی خودی جیهان. گۆڕان دەکەوێتە نێو جەرگەی سیاسەت. بۆ نموونە، زۆرێک لەگەڵ باسەکەی مارکس دێنەوە بە ناوی theses on Feuerbach، ١٨٤٥ و ١٩٦٨ کە دەڵێت " فەیلەسووفەکان بە چەندین ڕێگە لێکدانەوەیان بۆ جیهان کردووە، مەبەستی سەرەکی ئەو لێکدانەوانە بریتییە لە گۆڕینی جیهان". ئەم بەشە دەرەنجامییە تانوپۆی ئەو پرسیارە قورسانە دەکات کە لە ئەنجامی پرسی گۆڕاندا دروست دەبن، هەروەها لە ئەنجامی لینکێکی حەتمی سیاسەت لە نێوان تیۆر و پراکتیکدا دروست بوونە. بەڵام، خواستی گۆڕینی جیهان ژمارەیەک پرسیاری قورس قووت دەکاتەوە.

پێش هەموو شتێک، ئایا گۆڕان خوازراوە؟ ئایا گۆڕان گەشە یان پووکانەوە، پێشکەوتن یان دواکەوتن دەگرێتەوە، ئایا دەبێ پێشوازی لێ بکرێت یان بەرگەی لێ بگرێت؟ هەندێ بە توندی ڕووی خۆیان وەردەگێڕن لە دژی گۆڕان و حەز دەکەن بگەڕێنەوە سەر سەردەمە سادە و ساکارەکەی جاران. بەڵام، ئەم بۆچوونە کاردانەوەییە هیچی تر باوی نەما کاتێ ئایدیەی مۆدێرنی پێشکەوتن ڕەگی داکوتا. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە مێژووی مرۆڤ دروست دەکرێت بە هۆی پێشکەوتن لە مەعریفە و بەدەستهێنانی ئاستە بەرزترەکانی شارستانییەت: هەموو گۆڕانێک لە پێناو بەرژەوەندی دایە. باشە ئەی ئەگەر گۆڕان پێشوازی لێ بکرێت، دەبێ چ فۆرمێک وەرگرێت؟ ئەمە دەخرێتە ڕوو وەک ئیختیاری نێوان دوو بیرۆکەی پێچەوانەی گۆڕان: چاکسازی یان شۆڕش. لە لایەکەوە، چاکسازی واتە پرۆسەیەک بەرەو گۆڕان کە دۆخەکانی ژیان هەموار دەکات بە بێ گۆڕینی سروشتی کۆمەڵگە لە بنەڕەتەوە. لە لایەکی دیکەوە، شۆڕش دەگەڕێتەوە بۆ پیادەیەکی دراماتیکی و قووڵ، گواستنەوەی خودی کۆمەڵگە. ئایا سوودەکانی چاکسازی چین، هەروەها بۆچی ئەوەندە سەرنجی هزرمەندان و بزووتنەوەکانی ڕاکێشاوە؟ لەگەڵ ئەوەشدا، بۆچی ئەوانی تر ئایدیەی شۆڕش لە باوەش دەگرن، بە تاکە فۆرمی واتاداری گۆڕانی سیاسی دەزانن؟



## کاردانەوە Reaction

کاردانەوە، وەک وشەیەک، واتە وەڵامدانەوەی کارێک، واتە کارێک بەرامبەری کارێکی تر ئەنجام بدەیت. لە نێو سیاسەتدا، کاردانەوە بۆچوونێکی نێگەتیڤی هەیە بۆ گۆڕان، زۆرجار بە سیفەتی سەرەکی هزری پارێزکاری دادەنرێت. لەو سۆنگەوەش، پارێزکاریزم زۆر بە توندی کار دەکات بۆ حەزی پاراستن و بەرگەگرتنی گۆڕان. بەڵام، ئەم هەڵوێستە، بە لایەنی کەم سێ فۆرمی جیاواز وەردەگرێت. یەکەمیان، کاردانەوە لە پێناو داواکارییە بۆ بەردەوامبوون لەگەڵ ڕابردوو. بە واتایەکی دیکە، کاردانەوە بۆ نەهێشتنی گۆڕانگارییە، بە تایبەتی بە ناوی داوونەریت. دووەمیان، کاردانەوە هەوڵێکە بۆ هەڵدانەوەی پەڕەکانی مێژوو، لە ڕاستیدا، بۆ "گەڕاندنەوەی میلی سەعاتەکەیە بۆ دواوە". ئەم هەڵوێستەش پشتگیری گۆڕان دەکات، کاردانەوە نیگایەکە بۆ دواوە یان گەڕانەوە بۆ دواوە، ئامانجێک زۆر جار لە بیرۆکەی "سەردەمی زێڕین، Golden age"دا هەیە. سێیەمیان، کاردانەوە درک بەو پێویستییە دەکات بۆ گۆڕانکاری وەک ئالیەتێک بۆ پاراستن، ناو لەو فەلسەفەیە دەنێن " گۆڕان لە پێناو پاراستن". ئەمەش باوەڕ بوون دەگەیەنێت بە گۆڕانی سروشتی. گەر چەند گۆڕانێک حەتمی بن، هەر هەوڵێک بۆ بەرگەگرتنیان دەبێتە هۆی مەحاڵبوونی گۆڕان و یان گۆڕانێکی وێرانکەر.

## بەرگریکردن لە گۆڕانکارییە هەنووکەییەکان "Status quo

حەزی پاراستن ڕووێکی میانڕەوی سیاسەتی کاردانەوەییە. لە بری پاڵشتکردنی نیگایەک بۆ رابردوو، هانی ئەو پێویستییە دەدات بۆ پاراستن، پێویستییەک بۆ بەردەوامبوون لەگەڵ ڕابردوو. لە جەوهەردا، ئەمە بەرگریکردن دەنوێنێت بۆ status quo، واتە گۆڕانکارییە هەنووکەییەکان. بە ڕای هەندێک، ئەم حەزەی بەرگەگرتن یان نەهێڵانی گۆڕان ڕەگی قووڵی داکوتاوە لە نێو دەروونی مرۆڤدا، لە وتارەکەی بە ناوی " ئەقڵانییەت لە سیاسەتدا، ١٩٦٢ و ١٩٩١"، مایکل ئۆکشۆت باسی ئەوە دەکات کە بوون بە پارێزکار واتە " ناسراو بە نەناسراو و هەوڵدراو بە هەوڵنەدراو و واقیع بە

ئەفسانە و ڕاستی بە ئەگەر و سنوودار بە بێ سنوور و نزیک بە دوور و پێکەنینی ئێستا بە خۆشی یوتۆپیایی بگۆڕیتەوە". لەو دیدەوەش، ئۆکشۆت پێشنیازی ئەوە ناکات کە "ئێستا" بە هەر ڕێگایەک بێت کاملّە یان تەنانەت باشترە لە هەر دۆخێکی تر کە ڕەنگە بوونی هەبێت. بگرە، ئێستا بەهای هەیە لە سەر بنچینەی ئاشنابوونەکەی، ئاشنابوونێک کە هەستی دڵنیابوون و سەقامگیری و ئاسایش دەبەخشێت. لە لایەکی دیکەوە، گۆڕان هەمیشە هەڕەشە دەکات و دڵنیایی لە ناو دەبات: گەشتێکە بەرەو نەناسین. لە بەر هەندێ تیۆریستە پارێزکارییەکان زۆر جەخت دەکەنە سەر گرینگی داوونەریت.

نەریتەکان ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵیان هەیە و دەمێکە پیادە دەکرێن. لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا کە پێکهاتەی فەرمی یاساییان نییە، زۆرجار نەریت خزمەت دەکات وەک بنەمایەک بۆ سیستەم و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی. لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا، هەندێ جار نەریت لەگەڵ خودی یاسا یەک دەگرێتەوە لەو فۆرمەی پێی دەگوترێت یاسای گشتی. بۆ نموونە، لە نەریتێکی ئینگلیزی یاسای گشتیدا، نەریتەکان واتە هەبوونی دەسەلاتێکی یاسایی گەر سالانە یادیان بکرێتەوە، لە تیۆردا لەوەتەی ساڵی ١١٨٩ هەن بەلام لە کردەدا دەگەڕێتەوە ئەو کاتەی کە سەری هەڵداوە. ئەو هۆیەی کە داوونەریت دەسەلاتی ئەخلاقی و یاسایی بەرجەستە دەکات ئەوەیە کە داوونەریت ڕەنگدانەوەی ڕازیبوونی خەڵکە: خەڵک شتێک پەسەند دەکەن وەک مافێک چونکە هەمیشە بەو ڕێگایەدا ڕۆیشتوون. داوونەریت حەز و پێشبینییەکان دروست دەکات و یارمەتی دیاریکردنی ئەوە دەدات کە خەڵکی بە ماقوڵ و پەسەندی دەزانن: ئاشنابوون خۆراکی شەرعیەتە. لە بەر هەندێ هەستی خەڵکی لە سەر یەکسانی سروشتی چارەس دەکرێت کاتێ ڕەگە درێژدادڕەکانی ڕەفتار لێک دەترازێن. خەڵکی داوای داب و پیادە دەکەن، هەست بەوە دەکەن کە مافێکیان هەیە بۆ پێشبینی کردنی ئەو شتانە و بۆ هێشتنەوەی ئەو ڕێگایەی کە لە سەری ڕۆیشتوون. بەلام، زۆربەی بەرگریکردنی داوونەریت وابەستەن بە باشییەکانی نەریت.

ئێدوەرد شیلز لە ساڵی ١٩٨١دا بەم شێوەیە باسی نەریت دەکات " هەر شتێک لە ڕابردووەوە بگوازرێتەوە بۆ ئێستا پێی دەوترێت نەریت". کەواتە، هەر شتێک لە پیادە



و دابە کۆنەکانەوە بگرە تا دامەزراوە و سیستەمی کۆمەلایەتی یان سیاسی، یان دەستەی باوەڕەکان، بە نەریت دادەنرێن. بەلام، ڕەنگە زۆر زەحمەت بێت بە وردی ئەوە دیار بکەیت، ماوەی چەند ئەو باوەڕە یا ئەو یادەیە یان ئەو دامەزراوەیە بژیت پێش ئەوەی بە نەریت دابنرێت. نەریتەکان بۆ ئەوە تەرخان کراون بەردەوامی ببەخشن بە جیلەکان، ئەو شتانەی کە لە جیلێکەوە بۆ جیلێکی تر دەگوزارێتەوە، بەلام هێڵی نێوان نەریت و نوێگەری زۆرجار ڕوون نییە. بۆ نموونە، بێگومان ئاینی مەسیحییەت نەریتێکە، بۆ ماوەی دوو هەزار ساڵە ماوەتەوە، ئایا دەکرێ بڵێین سەرمایەداری پیشەسازیش نەریتێکە چونکە دەگەڕێتەوە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم، یان دەوڵەتی خۆشگوزەران کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم سەری هەڵداوە؟ بۆ نموونە، لە خاڵێکدا، ئایا مافی دەنگدانی جیهانی بوو بە نەریتێک؟ بەلام، سەرەڕای ئەو ئاستەنگانەش دەستەیەکی سەرنجڕاکێشی هزری پارێزکار هەیە کە جەخت دەکاتە سەر گرینگی پیادە و باوەڕە نەریتییەکان.

باسکردنی کلاسیکی ئەم هەڵوێستە لە نووسینەکانی ئیدمەند بێرکدا دۆزراوەتەوە، بە تایبەتیش لە کتێبەکەی بە ناوی "شۆڕش لە فەڕەنسا، ١٧٩٠ و ١٩٦٨". بێرک دانی بەوە ناوە کە کۆمەڵگە لە سەر بنچینەی گرێبەندێک دامەزراوە، جگە لەوانەی کە لە ئێستادا دەژین، کەس ئەو گرێبەندەی دروست نەکردووە. بە ڕای بێرک، کۆمەڵگە شەراکەتێکە لە نێوان ئەوانەی تیایدا دەژین و ئەوانەی کە دەمرن و ئەوانەشی کە لە دایک دەبن. کەواتە نەریت ڕەنگدانەوەی ژیرییەکی کەڵەکەبووی ڕابردووە، ئەو باوەڕ و پیادانەی کە بە هۆی تێپەڕبوونی کاتەوە بەکار هێنراون و سەلمێنراون لە کارکردندا. ئەمە "گی. کەی. چێستێرتۆن" پێی دەڵێت دیموکراسی مردووەکان. گەر ئەوانەی کە تەنیا تێدا بسووڕێنەوە پشتیان وەسووڕێنن لە نەریت ئەوا لە جیلەکانی پێشوو دادەبڕێن، واتە لە زۆرینە، ئەوانەی کە تێگەیشتن و بەشداریکردنیان پشت گوێ دەخرێت. هەروەک بێرک ناوی لێ دەنێت ئەقڵی کۆکراوەی سەردەمەکان، نەریت تاکە ڕێبەرێکی باوەڕپێکراوە بۆ ڕەفتاری ئێستا و گرانبەهاترین میراتە دەگوازرێتەوە بۆ جیلی داهاتوو. بە بۆچوونی ئۆکشۆت، نەریت تەنیا ڕەنگدانەوەی هاوپێچبوونمانە بە ئاشنابوون، بەلام ئەوەش دووپات دەکاتەوە کە دامەزراوە کۆمەلایەتییەکان باشتر کار

دەکەن چونکە کار لە چوارچێوەی پیادە و حوکمی پتەو تۆکمە دەکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەخنەگران بە چەشنێکی زۆر جیاواز لە داوونەریت دەڕوانن. تۆماس پێین بەشێک لە کتێبەکەی بە ناوی "مافەکانی مرۆڤ، ١٧٩١ و ١٩٨٧" وەڵامدانەوەیەکە بۆ بێرک. پێین باسی ئەوە دەکات کە بێرک ئەمەی وتووە " دەسەڵاتی مردووان بە سەر مافەکان و ئازادییەکانی زیندووان". بە واتایەکی دیکە، ڕێزگرتن لە نەریت لە سەر بنچینەی ئەوەی کە دەمێکە هەیە و دەبێ جیلی ئێستا بۆ ڕابردوو بەند بکەیت، سەر کۆنەی جیلی ئێستا بکەیت بۆ پەسەندکردنی شەڕانگێزەکانی ڕابردوو سەرەڕای پەسەندکردنی باشییەکانی. بە بۆچوونی ئەو، ڕێزی بێ ڕەخنە بۆ ڕابردوو بەڕوونی بنەماکانی دیموکراسی مۆدێرن پێشێل دەکەن، خاڵی سەرەکی کە مافی هەر جیلێکە بۆ دروستکردن و دروستکردنەوەی جیهان بەو شێوەیەی خۆیان دەیبینن. ئەم هەڵوێستەش ئەوە دەگەیەنێت کە کاتێک جیلی ئێستا ئازادە بۆ فێربوون لە ڕابردوو، نابێ زۆری لێ بکرێت دەستی لێ هەڵبگرێت.

وێڕای ئەمەش، ئەو دووپاتکردنەوەی کە بەها و پیادە و دامەزراوەکان تەنیا دەمێننەوە چونکە کاریان کردووە زۆر پرسیاری لە سەرە. ئەم بۆچوونە لە مێژووی مرۆڤدا پرۆسەی هەڵبژاردنی سروشتی دەبینێت: ئەو دامەزراو و پیادانە کە سوودی بۆ مرۆڤ هەبوو پارێزراون، لە کاتێکدا ئەوانەی کە سوودی کەمیان هەیە یان هیچ بەهایەکیان نییە ڕوو لە کاڵبوونەوە بوون یان نەمان. ئەمە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو باوەڕەی کە دەڵێت " ئەوەی گونجاوترین بێت ئەو دەمێنێتەوە". بەڵام، بەڕوونی دامەزراو و باوەڕەکان لەوانەیە لە بەر هۆی جیا جیا بمێننەوە. بۆ نموونە، ڕەنگە پارێزراو بن چونکە سوودیان هەبووە بۆ نوخبەیەکی دەسەڵاتدار یان چینی حوکمڕان. ئەمە لە بەریتانیاش بەدی دەکرێت لە کەیسی پاشایەتی و ئەنجومەنی پیران. بە هەقیقەت، بۆ پشتگیری کردن لە ڕێزگرتنی مێژوو و نەریت ڕەنگە ئالیەتێک بێت بۆ دروستکردنی شەرعیەت و دووپاتکردنەوەی ئەوەی کە جەماوەر بێ دەنگ و بە ئاسانی فریو دەدرێن. سەرەڕای ئەوەش، داوونەریت ڕەنگە هەڕەشە بن بۆ سەر مشتومڕی ئەقڵانی و دانیشتنی ڕۆشنبیری. بۆ ڕێزگرتن لە هەر شتێک لەبەرئەوەی بەردەوامی لەگەڵ ڕابردوو دروست دەکات ئەو مشتومڕە دادەخات لە سەر ئەوەی



ڕێزگرتن چۆن بێت. لەو ڕوانگەیەوە، نەریت دەبێتە هۆی پەسەندبوونێکی بێ ڕەخنە و بێ هۆکار و بێ پرسیاری گۆڕانکارییە هەنووکەییەکان و مێشکی مرۆ لە سەر ڕابردوو جێ دەهێڵێ. جۆن ستوارت میل وەک "زوڵم و ستەمی داوونەریت" ئاماژەی بەم مەترسییە کرد.

## گەڕانەوە بۆ ڕابردوو

فۆرمێکی ڕادیکاڵتری سیاسەتە کاردانەوەییەکان چاو نابڕێتە بەردەوامی و پاراستن، بەڵام ئایدیەی گۆڕان بۆ دواوە لە خۆ دەگرێت. ئەم جۆرە شێوازەی سیاسەت لە ڕاستیدا کەمێک پێوەندی هەیە بە نەریت چونکە نەریت وابەستەیە بە پاراستنی گۆڕانکارییە هەنووکەییەکان کاتێک ئەم کاردانەوە ڕادیکاڵیانە جەخت دەکەنە سەر وێرانکردن. دوور لە پشتگیری کردنی گرینگی ئاشنابوون و سەقامگیری، ئەم فۆرمەی کاردانەوە هەندێ جار دەتوانێت سیفەتێکی شۆڕشگێڕی هەبێت. بۆ نموونە، شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ بە شۆڕشێکی کاردانەوەیی دادەنرێت، لەو شۆڕشەدا ئێستا لە ڕابرووود ترازا، ئەم شۆڕشە بەرپا بوو بۆ ئامادەکردنی ڕێگایەک بۆ دامەزراندنەوەی بنەما کۆنەکانی ئیسلام. فۆرمی کاردانەوە دەوەستێتە سەر وێنەیەکی ڕوونی مێژووی مرۆڤ. لە کاتێکدا، نەریتیزم سەرە داوەکانی بەردەوامی لە نێو مێژوودا دەبینێت، جیلێک بە جیلێکی دوای خۆی دەبەستێتەوە، کاردانەوەی ڕادیکاڵی پرۆسەیەکی گەندەڵ و بۆگەن بوون بەدی دەکات. کەواتە لە جەرگەیدا، وێنەیەکی پێشووی لە مێژوودا هەیە، پێ دەوترێت، سەردەمی زێڕین، کە لێیەوە کۆمەڵگەی مرۆیی بە تەواوی کەم بووەتەوە.

بانگەشە بۆ گۆڕان بەرەو دواوە، سەرەڕای نەبوونی متمانە بە داهاتوو، ڕەنگدانەوەی ناقایل بوونە بە ئێستا. ئەم شێوازەی سیاسەت، کە سەرکۆنەی بوونی کاروبارەکانی ئێستا دەکات بە هۆی بەراوردکردنی لەگەڵ ڕابردوویکی میسالی لە زۆربەی ماوە مێژووییەکاندا بەدی دەکرێت. بۆ نموونە، لە تەواوی سەدەی نۆزدەم و بیستەمدا پارێزکاریزم لە کیشوەری ئەوروپا سیفەتێکی بەهێزی کاردانەوەیی نیشان دا. لە وڵاتانی وەک فەڕەنسا و ئەڵمانیا و ڕووسیادا، پارێزکارەکان دڵسۆزی خۆیان

پاراستووە بۆ بنەما ئۆتۆکراتی و ئەرستۆکراتییەکان، بەڵام دوای ماوەیەک ئەمانە شوێنیان گیراوە بە فۆرمە دەستووری و نوێنەرایەتییەکانی حکوومەت. ئەمە بە باشی ڕەنگی دایەوە لە نووسینەکانی جۆزیف دو مێسێ و لە کارەکەی میەتینیچ، کە هەردووکیان هەموو بەربەستێکیان ڕەت کردەوە لە بەردەم پاڵەپەستۆیەکانی چاکسازی و کاریان کرد لە پێناو دامەزراندنەوەی ڕێژیمی کۆن. لە سەدەی بیستەمدا، مەزهەبە فاشیستییەکانیش بۆ نموونە، مۆسۆلینی و فاشیستە ئیتاڵییەکان، هێزی سەربازی و دیسپلینی سیاسی ئیمپڕاتۆری ڕۆمیان ستایش دەکرد. لە حاڵەتی هیتلەر و نازییەکاندا، ئەمە لە میسالیەتی first Reich، ئیمپڕاتۆری پیرۆزی ڕۆمانی چارلێماگن ڕەنگی دایەوە. بە هەمان شێوە، مەیلە کاردانەوەییەکان لە سەردەمی مۆدێرنیش بەدی دەکرێت لە ڕادیکالیزمی نیو ڕایتدا. لە لەخۆگرتنی بیرۆکەی بەرەی ئایدیۆلۆژی لە ساڵانی هەشتاکان، ڕۆناڵد ڕێگان گەڕایەوە سەر داگیرکردنی ڕۆژئاوای ئەمریکا و باشییەکانی پشت بە خۆ بەستان و کار و کۆشش و ئەو سەرکەشییانەی کە ڕۆناڵد پێی وابوو ڕوونی دەکاتەوە. لە بەریتانیا، لە هەمان کاتدا، مارگرێت تاچەر ستایشی گرینگی بەها ڤیکتۆرییەکانی کرد وەک شارستانییەت و پرۆژە و یارمەتی خۆ دان، ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەم بە جۆرێک لە سەردەمی زێڕین دادەنرێت.

حەزی گەڕاندنەوەی سەعاتەکە دەوەستێتە سەر بەراوردێکی مێژوویی لە نێوان ڕابردوو و ئێستا. چاکسازی بەرەو دواوە واتە مارشێک بەرەو داهاتووێکی نەزانراو، لەگەڵ هەموو دوودڵی و نائارامییەک کە دەبێ پرۆسەی چاکسازی بیری لێ بکاتەوە. وەک بەراوردێک، ڕابردوو زانراوە و هەموو کەس تێی دەگات بۆیە بناغەیەکی تودتر دابین دەکات بۆ داڕشتنەوەی ئێستا. بەڵام، ئەمە ڕێزگرتنێکی گۆڕان ناگەیەنێت بۆ مێژوو یان سووربوونێک بۆ پاراستنی دامەزراوەکان و پیادەکان چونکە زیندوو ماونەتەوە. بە پێچەوانەوە، ترازان لەگەڵ نەریتیزم، کاردانەوە ڕادیکاڵییەکان دەتوانن پرسیار و ڕەخنەی زیاتر بگرن لە ڕابردوو، ئەوەی بەهادارە بۆ ئێستا وەری دەگرێت و ئەوەی تریشیان بە جێ دێڵێت بۆ نموونە، نیو ڕایت پێشنیازی دووبارە دامەزراندنەوەی بنەما ئازادەکانی ئابووری دەکات، نەک لە سەر بنچینەی ئەوەی کە



پیرۆز کراون لە لایەن مێژووەوە بگرە چونک کاتێ لە سەدەی نۆزدەیەم جێبەجێ کران برەویان بە گەشە و داهێنان و بەرپرسیاریەتی تاک دا. بە هەمان شێوە، گەر ڕێزگرتن بۆ خێزان و بۆ بەها نەریتییەکان جارێک یارمەتی دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی یەککگرتوو و سەقامیگر دابێت، ئەوا دەنگێک هەیە بۆ ڕاگەیاندنی ئەخلاقی ڕێ پێ دراوی ئێستا لە پێناو گەڕاندنەوەی بەهاکانی ڕابردوو. بەڵام، ڕەهەندی گۆڕان بۆ دواوە دەرەنجامی کەمی لێ دەکەوێتەوە. بۆ نموونە، حەزی گەڕاندنەوەی سەعاتەکە بۆ دواوە ڕەنگە بوەستێتە سەر شتێک زیاتر لە " سۆزی ڕابردوو" nostalgia، حەزی ڕابردووێکی ئەفسانەیی سەقامگیری و ئاسایش. زۆرجار ئەم فۆرمەی کاردانەوە وێنەیەکی ساویلکە و ڕۆمانسی ڕابردوو بەخۆوە دەگرێت، کە لە دژی ئێستا گەندەڵ و بێ حورمەت و بێ بەهایە. سەردەمی زێڕین، لە باشترین حاڵەتدا، وەسفێکی دیاریکراوی ڕابردووە و لە خراپترین حاڵەتیشدا وێنەیەکی چەواشەکراوی ئەوەیە کە ژیان بە ڕاستی چۆنە. داگیرکردنی ڕۆژئاوای ئەمریکا، بۆ نموونە، بە ئاسانی دەبەسترێتەوە بە گینۆسایدی نەتەوەیی ئەمریکی. بە یەکسانی، بەها ڤیکتۆرییەکان کار دەکەن لە پێناو جێگرتنەوەی هەژاری و کاری ناو ماڵ و لەشفرۆشی منداڵ بە ڕێز و شایستەیی و ئامادەبوون بۆ کارکردن.

ئایدیەی سەردەمی زێڕین، یوتۆپیایەک لە ڕابردوو، ڕەنگدانەوەی حەزی ڕاکردنە لە کێشەکانی ئێستا بە هۆی گەڕان بە دوای مورتاح بوون لە ئەفسانەکانی مێژوودا. هەروەک هزرمەندە مۆدێرنەکان ستایشی باشییەکانی سەردەمی ڤیکتۆریا دەکەن، ڤیکتۆرییەکان شینیان گێڕا بۆ بەسەرچوونی سەدەی بیستەم. لەو سۆنگەوە، هەرگیز شتێک نەبوو بە ناوی سەردەمی زێڕین. وێڕای ئەمەش، تەنانەت گەر وانە واتابەخشەکان لە رابڕدوو وترابنەوە، پرسیار هەیە لە سەر ئەوەی ئایا ئەم وانانە لە ئێستادا جێبەجێ دەکرێن؟. دۆخە مێژووییەکان بەرهەمی تۆڕێکی ئاڵۆزی هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری و سیاسییەکانن. ناساندنی خاسیەتێکی تایبەتی ڕابردوو بە باشی مانای ئەوە نییە هەمان سیفەتی ئێستای هەبێت، تەنانەت گەر بتوانرێت لە فۆرمە بنەڕەتییەکانیشدا بەرهەم بهێنرێتەوە. هەموو دامەزراوەکان و ئایدییەکان ڕەنگە تایبەت بن لەو ماوەیەی کە تیایدا سەر هەڵدەدەن. بۆ نموونە،

هەرچەندە سیاسەتەکانی ئابووری ئازاد برەویان بە گەشە و پڕۆژە و داهێنان دابێت لە سەدەی بیستەمدا، ماوەیەکی زووتری پیشەسازی، هیچ گومانێک نییە کە هەمان ئەنجامی دەبوو گەر جێبەجێ بێت بۆ ئابوورییەکی پێشکەووتوو.

## گۆڕان لە پێناو پاراستن

دوا ڕووی کاردانەوە ڕوو لە ئاسۆیە، چاوی لە هەنگاونانە بەرەو پێشەوە. پسپۆرانی بواری کاردانەوە هەمیشە ڕووی خۆیان بە توندی وەرنەگێڕاوە لە گۆڕان، یان تەنیا پشتگیری گۆڕان بکەن کاتێ سیفەتێکی پێشڤەچوونی هەبێت. لە هەندێ حاڵەتدا، پسپۆرانی کاردانەوە پەسەندی ئەوە دەکەن کە مارشی پێشەوەچوونی مێژوو شتێکە کەس بەرگەی ناگرێت. دروستکردنی بەربەست لە بەردەم گۆڕان بە قەد کارەکەی شا کانوتس بێ مانایە کاتێ هەوڵی وەستاندنی لێشاوی هەڵبەزین و دابەزینی دەریای کرد. لەوەش جدیتر، ئەو کاردانەوەیە درک بەوە ناکات کە هەندێ جار گۆڕان سروشتی و حەتمییە و دەبێتە هۆی مەترسی پیادەیەکی کاریگەر. دروشمی ئەم فۆرمەی پارێزکاریزمی پێشڤەچوونە ئەوەیە کە چاکسازی پێویستی بە شۆڕشە. ئەمە فۆرمێکی بەهێزکردنی کاردانەوەیە درک بەوە دەکات کە، هەرچەندە ڕەنگە خوازراو بێت بۆ پاراستنی گۆڕانە هەنووکەییەکان، بەرگرییەکی کاریگەر بۆ گۆڕان وەک خۆ دۆڕاندنە. دار چنار بیت باشترە کە پێش گەردەلول دەچەمێتەوە نەک دار بەڕووێکی شکۆمەند کە مەترسی ئەوەی لێ دەکرێت لە ڕەگەوە بێتە دەرەوە و وێران بێت.

ئەم فۆرمی پێشڤەچوونەی پارێزکاریزم دەبەسترێتەوە بە ئایدییەکانی ئیدمۆند بێرک. بە پێچەوانەی پارێزکاری کاردانەوەیی بە فراوانی بەدی دەکرێت لە کیشوەری ئەوروپا، بێرک مشتومڕی ئەوە دەکات کە کەللە ڕەقی پاشایەتی فەڕەنسا و پابەندبوون بە ڕەهاگەری ئاگری بەرپابوونی شۆڕش بوون. بێرک دەڵێت " دەوڵەتێک بە بێ ئالیەتی گۆڕانکاری وەک ئەو دەوڵەتە وایە کە هیچ ئالیەتێکی نییە بۆ خۆ پاراستن" ئەم وانەیە لەگەڵ پاشایەتی ئینگلیز لە دایک بوو کە بە تەواوی زیندوو مایەوە چونکە ئامادە کرا بوو بۆ پەسەندکردنی کۆنترۆڵەکانی دەستوور بە سەر



دەسەڵاتیدا. شۆڕشی مەزنی ساڵی ١٦٨٨، کە شۆڕشی ئینگلیزی بە کۆتا هێنا لەگەڵ دامەزراندنی پاشایەتییەکی دەستووری لە ژێر دەسەڵاتی ویلیەم و هاری، ئەمە نموونەیەکی کلاسیکی چاکسازی پارێزکار بوو. وانەی هاوشێوەی ئەمە لە شۆڕشی ڕووسی ساڵی ١٩١٧ دەوترایەوە. تا ڕادەیەک، ڕێژیمی قەیسەر بە ئەندازیاری ڕووخانی خۆی دادەنرێت لە بەر ڕەتکردنەوەی دروستکردنی بزووتنەوەی گەشەپێدانی چاکسازی کۆمەڵایەتی و سیاسی. قەیسەر نیکۆلاسی دووەم جەختی لە سەر ڕەتکردنەوەی دەرخستنی کێشەکان کردەوە، بەڵام شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥ یارمەتی دروستکردنی مەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دا کە لینین و بۆلشێڤیکس توانییان لە ساڵی ١٩١٧دا بیقۆزنەوە. بە هەقیقەت، کاتێک زۆرجار پارێزکاریزمی کاردانەوەیی سەرنەکەوت بمێنێتەوە لە سەدەی نۆزدەم و دواجاریش ڕووخا بە هۆی وابەستەبوونی بە فاشیزم لە سەدەی بیستەم، نەریتی ئەمریکییە ئینگلیزییەکانی پارێزکاریزمی بورکیان زۆر سەرکەوتووتر بوو. فەلسەفەی گۆڕان لە پێناو پاراستن، وای لە پارێزکارەکان کرد بچن بەرەو دەستووریەت و دیموکراسی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و دەستێوەردانی ئابووری.

کاردانەوەی کاریگەر دەوەستێتە سەر بۆچوونی مێژوو کە جیاوازە لە نەریتیزم و کاردانەوەی بەرەو دواوە. نەریتیزم جەخت دەکاتە سەر سەقامگیری و سروشتی نەگۆڕی مێژووی مرۆڤ، جەخت دەکاتە سەر بەردەوامی لەگەڵ ڕابردوو، کاردانەوەی بەرەو دوا بۆچوونێکی ڕەشبینی قووڵی مێژوویی هەیە، بەو باوەڕە پشتگیری دەکرێت کە "شتەکان خراپتر دەبن".

بە پێچەوانەی دووەکەی تر، کاردانەوەی زەق پشتڕاستە بە ئایدیەی گۆڕانێکی حەتمی کە لە بەرئەوەی سروشتییە نە خۆشییە و نە پەشیمانییە، بگرە تەنیا پەسەند دەکرێت. ئەمە پێشنیازی بۆچوونێکی مێژوویی دەکات کە بە گشتی لەودیو کۆنترۆڵی مرۆڤە، لە لایەن بێرک شی کراوەتەوە و پێی دەوترێت "شێوازی سروشت". بە ڕای بێرک، ئەم بۆچوونە وابەستەیە بەو باوەڕەی کە کاروبارەکانی مرۆڤ بە ویستی خودا دروست دەبن، بۆیەشە لەودیو توانای مرۆڤە لەو کاروبارانە تێ بگات. بە هەمان شێوە، پرۆسەی مێژوو ڕەنگە بۆ مێشکی مرۆڤ زۆر ئاڵۆز و سەخت بێت، مرۆڤ

وەها بە ئاسانی تێیان نەگات و کۆنترۆڵیان نەکات. بە واتایەکی دیکە، کاتێ هەڵبەز دابەزی مێژوو لێشاو دەکات، ژێری ئەوە دەسەلمێنێت کە مرۆڤ بە شەپۆڵی ئەو مەلە دەکات نەک بە پێچەوانەی ئەو هەڵبەز و دابەزە مەلە بکات.

ئەم هەڵوێستە لە چەندین خاڵدا لە مێژوو گیراوەتە بەر. بۆ نموونە، لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، ژێدەرانی وەک لویس هارتز وتیان ناتوانرێت هیچ نەریتێکی ڕاستەقینەی پارێزکاری پێناس بکرێت. کولتووری سیاسی ئەمریکی دروست بوو بە هۆی ئەو خەباتەی لە پێناو سەربەخۆیی کردیان، هەروەها ئەو کولتوورە تەواو پابەندە بە پێشکەوتن، خەونی ئایندەیەکی بێ سنوور. لەو جۆرە بارودۆخانەدا، زۆرجار پارێزکارەکان لە چاو هاوتا ئەوروپییەکانیان لێبوردەتر و کەم گومانترن دەربارەی گۆڕان، هەروەها ڕابردوویەکی دەرەبەگایەتی یان ڕێژیمێکی کۆنیان نییە بیگێڕنەوە، وەها بە ئاسانی نەبوونە نێچیری خەیاڵەکانی سەردەمی زێڕین. بە هەقیقەت، لەوەتەی سالانی شەستەکان زاراوەی پارێزکار بە فراوانی لە نێو پارتە سیاسییەکانی ئەمریکادا بەکار دەهێنرێت. لە کەنەدا، حیزبی پارێزکار ناونیشانی "پارێزکاری پێشکەوتنخواز"یان بە وردی بەکار هێنا تا متمانەکانی چاکسازی خۆیان نیشان بدەن و خۆیان دوور بخەنەوە لە وێنەی کاردانەوەیەکی بێ بیر کردنەوە. نەریتی بەریتانی پارێزکاریزمی پێشکەوتنخواز دەگەڕێتەوە سەردەمی دیزرایلی لە سەدەی نۆزدە، ئەوەی پێی دەوترێت " نەریتی یەک نەتەوە". ئەمە لە سالانی پەنجاکان دەگاتە لووتکە کاتێ حیزبی پارێزکار چاکسازییە سۆشیەل دیموکراتەکانی حکوومەتی ئاتلییان Attlee پەسەند کرد. لەوەتەی ساڵی ١٩٤٥ لە کیشوەری ئەوروپا، هەڵوێستێکی چاکسازی لە لایەن حیزبە دیموکراتە مەسیحییەکان بەکار براوە کە هەوڵی هاوسەنگکردنی پابەندبوونی دا بە پرۆژەی ئازاد لە دژی پێویستی بۆ خۆشگوزەرانی و دادوەری کۆمەڵایەتی.

بەڵام، تەنانەت کاتێ گۆڕان بە نیازی پاراستنە، گۆڕان دەتوانێت ئاستەنگ دروست بکات بۆ پارێزکاران. پێش هەموو شتێ، کێشەی جیاکردنەوە هەیە لە نێوان گۆڕانە سروشتییەکان (کە گەر پێشوازی لێ نەکرێت بە لایەنی کەم دەبێ پەسەند بکرێت) و فۆرمەکانی تری گۆڕان (کە دەبێ هەر بەرگەی بگیرێت). هەروەک بێرک وای کرد،



جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە زۆر ئاسانترە لەگەڵ سوودی پێشبینی کردن. زۆر ئاسانترە، دەستنیشانکردنی ئەوەی کە سەرنەکەوتن لە ناساندنی چاکسازی هەشیار دەبێتە هۆی شۆڕشێکی توندوتیژ پاش ئەوەی کە شۆڕش ڕووی داوە. بەڕوونی، هەندێ جار زۆر زەحمەتترە بزانی کامە گۆڕان زیاتر داوادەکرێت و بەرگەی دەگیرێت و کامەشیان بەرگەی ناگیرێت. کێشەیەکی تر ئەوەیە کە دوور لە برەودان بە سەقامگیری و ڕازی بوون، ڕەنگە چاکسازی زەمینە خۆش بکات بۆ گۆڕانێکی ڕادیکاڵتر. لە هەندێ ڕووەوە، نارەزایی دەربڕین بەرامبەر هەژاری واتە دروستکردنی دەست هەڵگرتن و کەمتەرخەمی نەک دروستکردنی هەستی شۆڕشگێڕی. لە لایەکی ترەوە، چاککردنی مەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ڕەنگە پێشبینییەکان زیاتر بکەن و هەستەکان زیاتر بورووژێنن بۆ گۆڕان. ئەمە بوو ڕووی دا لە یەکیەتیی سۆڤیەت لە سالانی هەشتاکان، کاتێ چاکسازییەکانی گۆرباتشۆڤ سەرکەوتوو بوو لە خێرا بە کۆتا هێنانی خودی ڕێژیمەکە. ئەو ئایدیەی کە شۆڕشەکان زۆرجار دەبەسترێنەوە بە زۆربوونی پێشبینییەکان چڕوپڕتر لە کۆتایی ئەم بەشەدا پێکەوە لەگەڵ تیۆرەکانی تری شۆڕش تانوپۆ دەکرێن.

## چاکسازی Reform

واتای پێشتری چاکسازی بە دووبارە داڕشتنەوە دەهات، هەروەک چۆن سەربازەکان هێڵەکانی خۆیان ڕاست دەکەنەوە. ئەم واتایەی چاکسازی سیفەتێکی کاردانەوەیی هەیە چونکە دووبارە گرتنەوەی ڕابردوو دەگەیەنێت، گێڕانەوەی شتێک بۆ سیستەمە بنەڕەتییەکەی. ئەم سیفەتەی چاکسازی (ڕوانین لە دواوە) ئاشکرا بوو لە بەکار هێنانی زاراوەی "reformation" بۆ وەسفکردنی دامەزراندنەوەی کەنیسەی پرۆتێستانت لە سەدەی شانزەهەم، چونکە پشتیوانانیان بە بزووتنەوەکیان زانی بۆ گێڕانەوەی فۆرمێکی کۆنتر و پاکتری ئەزموونی ڕوحانی پێشتر. بەڵام، بەکار هێنانە مۆدێرنەکەی، چاکسازی زیاتر بە مەبەستی نۆژەنکردنەوە بەکار دێت نەک گێڕانەوە، واتە دروستکردن و داهێنانی فۆرمێکی نوێ، لە دژی فۆرمە کۆنەکە بوەستێتەوە. ئێستا چاکسازی بەند کراوە بە ئایدییەکانی پێشکەوتن. بۆ نموونە، چاککردنی

ڕێگاکانت واتە هەموارکردنی ڕێگاکانت. سیفەتی چاککراو کەسێکە کە وازی لە خووە خراپەکان هێناوە، ئەو شوێنەشی چاکسازی تیا ڕوودەدات یارمەتی ڕاستکردنەوەی ڕەفتارە دژە کۆمەڵایەتییەکانە. لە بەر هەندێ، زاراوەی چاکسازی هەمیشە مانای پۆزەتیڤ لە خۆدەگرێت، واتە باشتر بوون و چاکبوون دەگەیەنێت. وردتر بدوێین، دژی سەرکۆنە و ڕەخنەگرتنە لەو شتەی کە دانی پیا دەنرێت ڕیفۆرم بێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، چاکسازی (ڕیفۆرم، reform) جۆرێکی تایبەتییە لە چاکبوون. چاکسازی گۆڕانگارییەکانی نێو خودی کەسێک یان دامەزراوەیەک یان سیستەمێک دەگەیەنێت کە سیفەتە نەویستراوەکانیان لابردووە بەڵام سیفەتی بنەڕەتی خۆیان ناگۆڕن: لە جەوهەردا، هەمان ئەو کەسە یان دامەزراوە یا سیستەمە دەمێنێتەوە. بۆ نموونە، داوای ئەوە بکەیت چاکسازی لە دامەزراوەیەک بکرێت واتە داوای دووبارە ڕێکخستنەوەی پێکهاتەکەی دەکەیت، گۆڕانێک لە دەسەڵاتەکەی یان گۆڕانێک لە کارەکانی، بەڵام مانای ئەوە نییە کە خودی دامەزاروەکە هەڵبوەشێتەوە یان یەکێکی نوێ شوێنی بگرێتەوە. لەو سۆنگەوە، چاکسازی بەڕوونی دژی شۆڕش دەوەستێتەوە: گۆڕان دەنوێنێت لە نێو بەردەوامیدا. بە هەقیقەت، بۆ ئەوەی پاڵپشتی چاکسازی بکەیت پێویستە باوەڕت بەوە هەبێت کە کەسەکە یان دامەزراوەکە یان سیستەمەکە کە لەژێر پرسیاردایە توانای ئەوەی هەیە ڕزگار بکرێت یان چاک بکرێتەوە. کەواتە چاکسازی سیاسی لە پێناو گۆڕانەکاندایە وەک فراوانکردنی مافی دەنگدان و دەسەڵاتە دەستوورییەکان کە لە نێو پێکهاتەیەکی دەستووری ڕوو دەدات. بە هەمان شێوە، چاکسازی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە بۆ چاککردن لە بواری تەندروستی گشتی و نیشتەجێبوون و مەرجەکانی گوزەران کە یارمەتی چاککردنی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان دەدەن نەک لە بنەڕەتەوە بیانگۆڕن. بۆیە چاکسازی واتە پشتگیرییەکی باش لە گۆڕانە هەنوکەیییەکان، پێشنیازی ئەوە دەکات کە بتوانرێت جۆرێکی نوێ شوێنی دامەزراوە هەنووکەیییان و پێکهاتە و سیستەمەکان بگرێتەوە. لە بەر هەندێ، چاکسازی هەوڵ دەدات بۆ چاکبوونەوەیەکی حەتمی نەک هەڵوەشانەوەیەکی کاریگەر، واتە پێشکەوتنی وردە وردە نەک جێهێشتنی ڕادیکاڵی، گەشە سەند نەک شۆڕش.



## پێشکەوتن و ئەقڵ

ئایدیەی پێشکەوتن خاڵێکی بنەڕەتی هەر جۆرێکی چاکسازییە. گەر چاکسازی بە واتای چاککردن بێت ئەوا پێشنیازی بۆچوونێکی گەشبین و پێشکەوتنخوازی دەکات بەرەو ئەو گۆڕانەی کە لە ئایدییەکانی نەریتیزم و کاردانەوە جودا دەبێتەوە. پێشکەوتن وەک وشەیەک واتە هەنگاوێک بەرەو پێشەوە. ئەو ئایدیەی کە مێژووی مرۆڤ بە هۆی پێشکەوتنەوە دروست بووە دەگەڕێتەوە سەدەی حەڤدە و ڕەنگدانەوەی گەشەی هزری ئەقڵانی و زانستییە. باوەڕ بوون بە پێشکەوتن، مارشی بەرەو پێشەوەی مێژوو، وردە وردە بووە یەکێک لە پەناگە بنەڕەتییەکانی نەریتی ڕۆشنبیری ڕۆژئاوا. بۆ نموونە، هزرمەندە لیبراڵەکان پێیان وایە کە مرۆڤ پێشکەوتووانە خۆی لە زنجیرەکانی هەژاری و پشتگوێ خستن و ئەفسانەکان ڕزگار کردووە. لە بەریتانیا ئەمە لە سەرهەڵدانی "لێکدانەوەی ویگ Whig بۆ مێژوو" ڕوون بوو، کە مێژوو بە پرۆسەیەکی گەشەپێدانی ڕۆشنبیری و مادی وەسف دەکات. بۆ نموونە، لە ساڵی ١٨٤٨دا تۆماس ماکوالێی لە بەشی یەکەمی کتێبە مەزنەکەی بە ناوی "مێژووی ئینگلتەڕا:" توانی بەم شێوەیە بنووسێت " مێژووی وڵاتەکەمان لە ماوەی سەد و شەست ساڵی ڕابردوودا بە گشتی مێژووی چاک کردنی جەستەیی و ئەخلاقی و ڕۆشنبیری بووە". ئەو گەشبینییەی هەیە لە ئایدیەی پێشکەوتن کاریگەری هەبووە لە سەر ئەو سۆشیالیستانەش کە پێیان وایە کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی لە ئەنجامی بەردی بناغەی سەرمایەداری لیبراڵ سەر هەڵدەدات. زۆرجار ئیمان بە پێشکەوتن بووەتە فۆرمێکی مێژوویی، وەسفی مێژووی مرۆڤ دەکات وەک پرۆسەیەکی حەتمی، مرۆڤ لە ئاستە نزمەکانی شارستانییەت بەرەو ئاستە بەرزەکان ڕاپێچ دەکات. بە دەگمەن ئەمە ڕەنگدانەوەی بەکارهێنانی میتافۆرە بایۆلۆژییەکان بوو وەک گەشە و گەشەسەندن بۆ وەسفکردنی پرۆسەی گۆڕانە مێژووییەکان. بەڵام، ئایا لە سەر چ بنەمایەک شیاوە وەسفی مێژوو بکرێت بە پێشکەوتنێکی بێ پەشیمانی و بەرگەنەگرتوو؟

ئایدیەی پێشکەوتن بەرهەمێکی شۆڕشی زانستییە و دەست بە دەست لەگەڵ گەشەی ئەقڵانییەت ڕۆیشتووە. زانست فۆرمێکی باوەڕپێکراو و ئەقڵانی

لێپرسینەوەی دابین کرد لە ڕێگەیەوە مرۆڤ دەتوانێت ئامانجی مەعریفی جیهانی چوار دەوری خۆی بە دەست بهێنێت. ئەمە مرۆڤی لە مەزهەب و دۆگما ئایینییەکان ڕزگار کرد کە پێشتر لێکۆڵینەوەی ڕۆشنبیرییان کۆت و زنجیر کردبوو و برەویان بە عەلمانییەتی هزری ڕۆژئاوا دا. مرۆڤ بە خۆی و بە چەکەکەی کە ئەقڵیەتی دەتوانێت بۆ یەکەم جار نەک هەر تەنیا جیهانی سروشتی شی بکاتەوە بگرە دەتوانێت لەو کۆمەڵگەیە بگات تیایدا دەژیت و پرۆسەی مێژووی خۆی شرۆڤە بکات. هێزی ئەقڵ توانای بەخشی بە مرۆڤ بەرپرسیاریەتی ژیانی خۆیان بگرنە ئەستۆ و خۆیان بڕیاری چارەنووسی خۆیان بدەن. کاتێک کێشەیەک دەبێت، دەتوانرێت چارەسەر بدۆزرێتەوە، کاتێ بەربەست دەبنە ڕێگر لە بەردەم پێشکەوتنی مرۆڤ دەتوانرێت زاڵ بین بە سەر ئەو بەربەستانە، کاتێ نەخۆشییەکان دەستنیشان دەکرێن، چارەسەر بوونی دەبێت. کەواتە ئەقلانییەت مرۆڤ ڕزگار دەکات لە لەزگەی ڕابردوو و کێشی داوونەریت. لە بری ئەوە، ئاساییە لە ڕابردوو فێر ببیت، لە سەرکەوتن و ژێرکەوتنی فێر ببیت، دواجار پێش بکەویت. پرۆسەی مێژوو دروست دەبێت بە هۆی کەڵەکە بوونی زانیاری مرۆڤ و قووڵبوونەوەی ژیری. هەر جیلێکی نوێ دەتوانێت پێش جیلی پێشە خۆی بکەوێت.

باوەڕ بوون بە پێشکەوتنی حەتمی ڕەنگدانەوەی ئارەزووی شرۆڤەکردنی گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانە لە ڕووی بە مۆدێرنکردن و گەشەپێدان. ئەو نائارامی سیاسی و کۆمەڵایەتییەی بە هۆیانەوە کۆمەڵگە پێشکەوتووە پیشسازییەکان هاتنە وجوود بە پرۆسەی بە مۆدێرنکردن modernization وەسف دەکرێن. بوون بە مۆدێرن هەر تەنیا مانای هاوچەرخ بوون نییە، یان مانای بوونێک بیت لە ئێستا، بگرە پێشکەوتنێک دەگەیەنێت پەیوەست بە ڕابردوو، بزووتنەوەیەک دوور لە شێوازی کۆن یان بەسەرچوو، ئەو شتەی باوی نەمابێت. بە مۆدێرن کردنی سیاسی خۆی لە سەرهەڵدانی حکوومەتی دەستووری و پاراستنی ئازادییە مەدەنییەکان و فراوان کردنی مافە دیموکراتییەکان دەدات. بە کورتی، سیستەمێکی سیاسی مۆدێرن سیستەمێکی دیموکرات لیبراڵە. لە بەرابەردا، بە مۆدێرن کردنی کۆمەڵایەتی تەواو دەبەسترێتەوە بە بڵاو بوونەوەی پیشەسازی گەری و شارستانییەت. کۆمەڵگە



مۆدێرنەکان خاوەن ئابوورییەکی پیشەسازی بە هێزن و کاریگەری مادیان لە ئاستێکی بەرزدایە. بە هەمان شێوە، کۆمەڵگە پیشەسازییە ڕۆژئاواییەکان زۆرجار بە پێشکەوتوو وەسف دەکرێن بە بەراود لەگەڵ جیهانی پێشنەکەوتووی سێهەم. ئەم زاراوانە بەڕوونی ئەوە دەگەیەنن کە سیستەمە دیموکرات لیبراڵەکان و ئابوورییە پیشەسازییەکان کە لە ڕۆژئاوا سەریان هەڵدا ئاستێکی بەرزتری شارستانییان هەیە بە بەراورد لەگەڵ پێکهاتە نەریتییەکانی بەشەکانی ئەفریقیا و ئاسیا و ئەمریکای لاتین. لەو جۆرە حاڵەتانەدا، نەریتی واتە دواکەوتوویی. وێڕای ئەمەش، وەسفکردنی پرۆسەی بە مۆدێرنکردن لە ڕۆژئاوا وەک "پێشکەوتن" پێشنیازی ئەوە دەکات کە ئەو پرۆسەیە ئەو ڕێگایەیە کە کۆمەڵگە غەیرە ڕۆژئاواییەکانیش هەنگاو بۆ پێشەوە داوێن. کەواتە مێژووی مرۆڤ بە مارشێکی بەرەو ئاسۆ وەسف دەکرێت کە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان لە بەرەی پێشەوەدان. کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان ڕێگایەک دەگرنە بەر کە کۆمەڵگەکانی تر چارەنووسیان لەوەدایە بە دوو ئەو ڕێگایەدا بکەون.

ئیمان بە ئایدیەی پێشکەوتن ئیمانێکی جیهانی نییە. بۆ نموونە، زۆرێک لە جیهانی پێشکەوتوودا ئاماژە بەوە دەکەن کە شرۆڤەکردنی پێشکەوتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەرناکەوێت لە نرخاندنی کولتوور و نەریتی کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکان و ئەو ئەگەرە پشتگوێ دەخات کە ڕەنگە شێوازی تری پێشکەوتن هەبن. ئایدیەی پێشکەوتن کەوتووەتە ژێر پرسیارەوە. زۆرجار ئەو هەڵوێستە لە لایەن تیۆریستە پارێزکارەکانەوە بەکار براوە، پێشنیازی ئەوە دەکات کە ئیمان زۆرجار لە شوێنی خۆی بە کار نایەت. هەروەک بێرک پێشنیازی کرد، جیهان زۆر قەبە و ئاڵۆزە بۆ مێشکی مرۆڤ، مرۆڤ وەها بە ئاسانی هەمووی هەرس ناکات. گەر ئەمە ڕاست بێت، سیستەمەکانی هزر، کە لە لایەن تیۆریستە لیبراڵ و سۆشیالیستەکانەوە پەرەیان پێ دراوە، بێ شک ئەو واقیعەی ئەوان شرۆڤەی دەکەن سادە دەکەنەوە یان چەواشە دەکەن. هیچ شتێک لە ئارادا نییە کە وا لە مرۆڤ بکات چاکسازی لە جیهانی خۆیاندا بکەن و دووبارە دایڕێژنەوە. کاتێک ئەو هەوڵانەی دراون بۆ چاککردنی دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان چ لە ڕێگەی چاکسازی یان شۆڕشەوە بێت، زۆرجار پارێزکارەکان هۆشداری ئەوە دەدەن، بە پێی قسەکانی ئۆکشۆت،

چاکبوونەوە ڕەنگە خراپتر بێت لە خودی نەخۆشییەکە. بۆیە ژێری باسی ئەوە دەکات کە مرۆڤ دەبێ واز لە وەهمی پێشکەوتن بهێنن و کارەکانیان لە سەر بنچینەیەکی توندتری ئەزموون و مێژوو نەریتەوە ئەنجام بدەن.

## چاکسازی بەرامبەر شۆڕش

بۆ پاڵپشت کردنی چاکسازی دەبێ گۆڕانی گەشەسەندن بدەیت بە گۆڕانی شۆڕشگێری. لە بواری بایۆلۆژیدا، گەشەسەندن دەگەڕێتەوە بۆ پرۆسەی گۆڕانی جینی کە لە نێو هەر ڕەگەزێک ڕوودەدات ئەویش یان ئەوەتا شیاوە بۆ ڕەگەزەکان بۆ مانەوە و بگونجێن لەگەڵ ژینگەکەیان یانیش ئەوەتا ناشێت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، لە هەر کام حاڵەت بێت ڕەگەزەکان هەر دەمرن. ئەمە چارڵس داروین (١٨٠٩–١٨٨٢)ئاماژەی بۆ دەکات وەک "هەڵبژاردنی سروشتی". بەم شێوەیە، ڕەگەزە ئاڵۆز و بەرزەکان، وەک مرۆڤ، گەشەیان سەندووە لە ڕەگەزە سادە و نزمەکانی وەک مەیمونەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە پرۆسەیەکی هێواشە، هەزاران و ملیۆنەها ساڵی پێویستە. بەڵام، ئەمە گۆڕانێکی هێواشی سروشتی و گەشەسەندنە کە هانی لیبرالەکان و سۆشیالیستە پەرلەمانتارییەکانی دا پاڵپشتی چاکسازی بکەن نەک شۆڕش.

زۆرجار چاکسازی لیبرال دەبەسترێتەوە بە یوتیلیتاریانیزمی جێریمی بێنتام. ئەمە بنەمایەکی دابین کرد بۆ ئەو شتەی پێی وترا "ڕادیکاڵیزمی فەلسەفی"، کە یارمەتی دروستکردنی گەلێ چاکسازییەکانی دا لە بەریتانیای سەدەی نۆزدەیەم. لە سەر لێکدانەوەی یوتیلیتاریەنی دامەزراوە کە تاکەکان هەوڵی زۆرترین خۆشی دەدەن، ئامانجی سوودی گشتی بپێکن، زۆرترین خۆشی بۆ زۆرترین کەس"، ڕادیکاڵە فەلسەفییەکان پاڵپشتی مەودایەکی فراوانتری چاکسازی یاسایی و ئابووری و سیاسی دەکەن. بێنتام پێشنیازی ئەوە دەکات کە یاساکان دەبێ بە قووڵی کۆدیان هەبێت و سیستەمی یاساییش لە سەر بنچینەیەکی ئەقلانی دابنرێت، یەک شوێن چییە نەمێنێتەوە بۆ ئایدییە نەریتییەکانی وەک یاسای گشتی و یان بیرۆکە میتافیزیکییەکان، وەک یاسای سروشتی و مافە سروشتییەکان. لە ژیانی



ئابووریدا، ڕادیکاڵە فەلسەفییەکان پاڵپشتی ئەوتۆ بوون بۆ ئابووری کلاسیکی سیاسی ئادەم سمیس و دەیڤد ڕیکاردۆ، هەروەها ڕەخنەیان لە هەر هەوڵێک گرت بۆ زاڵبوون بە سەر کارەکانی بازاڕ لە ڕێگەی قۆرخکردن یان پاراستن و گلدانەوە. بەرنامەکەیان بۆ چاکسازی سیاسی جەخت دەکەنە سەر داوا بۆ دیموکراسی زیاتر، پابەندبوونیش دەگرێتەوە بە هەڵبژاردنەکان و سندوقی نهێنی دەنگدان و مافی دەنگدانی جیهانی. بە هەقیقەت، پەرۆشی ئەو چاکسازە لیبراڵانە دووپاتی ئەوەی کردەوە کە بەریتانیای سەدەی نۆزدەیەم لە کۆمەڵگەیەکی ئەرستۆکراتی و هەرەمەکییەوە گوێزرایەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی مۆدێرنی دیموکراسی و پەرلەمانتاری.

چاکسازی کۆمەڵایەتی، کە لە کۆتایی سەدەکەدا سەری هەڵدا، بە هەشیاری لە سەر دامەزراوە لیبرالییەکان دروست بوو. بۆ نموونە، کۆمەڵگەی فابیەن لە ساڵی ١٨٨٤ دامەزرا و ناوەکەی لە پاش مردنی ژەنیراڵی ڕۆمانی فابیوس ماکسیمس هات، کە بەناوبانگ بوو لە ئارامی و خۆگری و جێبەجێکردنی تاکتیکەکان کە بە هۆیەوە سەرکەوت بە سەر هانیبال، ئیمانی بە هێزتر کرد لە "کارکردن بە هێواشی و لە سەرەخۆ". فابیانەکان بە کراوەیی ڕەتی ئایدییەکانی سۆشیالیزمی شۆڕشگێڕیان کردەوە، کە لە لایەن مارکسیزم خرابووە ڕوو، لە بری ئەوە پێشنیازی ئەوەیان کرد کە کۆمەڵگەی سۆشیالیستی وردە وردە لە ئەنجامی سەرمایەداری لیبرال سەر هەڵدەدات لە ڕێگەی پرۆسەیەکی چاکسازی حەتمی و بێ پێچ و پەنا. ئەو ئایدیانە بە گشتی وەرگیران لە لایەن سۆشیالیستە پەرلەمانتارییەکان لە ئەوروپا و شوێنەکانی تر. لە ئەڵمانیا، کتێبەکەی ئیدوارد بێرنستین بە ناوی سۆشیالیزمی گەشەسەندن (١٨٩٨ و ١٩٦٢) یەکەم ڕەخنەی سەرەکی گرت لە مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکسی، هەروەها پێشەنگی ئایدیەی گۆڕانی بە ئاشتی و هێواشی کرد لە سەرمایەدارییەوە بۆ سۆشیالیزم. ئەم نەریتەی چاکسازی سۆشیالیستی بنەماکانی دیموکراسی کۆمەڵایەتی ڕۆژئاوای مۆدێرن پێک دەهێنێت. لە کتێبەکەی بە ناوی " داهاتووی سۆشیالیزم (١٩٥٦)، ئەنتۆنی گرۆسلاند نەیوت سۆشیالیزم بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی سەرمایەداری و شوێنی بگرێتەوە بە هۆی سیستەمی خاوەندارەتی گشتی، بگرە وتی سۆشیالیزم واتە پێشکەوتنێکی بەردەوام بەرەو ئامانجی

یەکسانی، بەرەو دابەشکردنی یەکسانتری پاداشت و ئیمتیازەکان لە نێو کۆمەڵگەدا. گرۆسلاند باسی ئەوە دەکات کە ئەمە ڕوودەدات بە هۆی پرۆسەیەکی هێواشی چاکسازی کۆمەڵایەتی، بە تایبەتی فراوانکردنی دەوڵەتی خۆشگوزەران و چاککردنی ڕەوشی پەروەردەیی.

چاکسازی وەک پرۆسەیەکی گۆڕانی گەشەسەندن ژمارەیەک سوودی هەیە بە بەراورد لەگەڵ شۆڕش. یەکەم، بە هۆی دروستکردنی گۆڕان بە بەردەوامی، دەکرێ چاکسازی بکرێت بە هێواشی و بە بێ ترازاندنی شیرازەی کۆمەڵایەتی. تەنانەت کاتێ کاریگەری زۆری چاکسازی قورسایی دەخاتە سەر گۆڕانی بنەڕەتی، لەبەرئەوەی بە شێوەیەکی لەسەرەخۆ و پەیتا پەیتا و بە ماوەیەکی درێژ دروست دەبێت، زیاتر پەسەند دەکرێت، تەنانەت ئەوانەشی کە یەکەم جار کەیفیان پێ نەدەهات پەسەندی دەکەن. ئەمە ڕوون بوو لە دامەزراندنی دیموکراسی سیاسی لە زۆربەی کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا لە ڕێگەی وردە وردە فراوانکردنی مافی دەنگدان، یەکەم جار بۆ چینی کرێکاری پیاوان، دواجاریش بۆ ئافرەتان. بە پێچەوانەوە، شۆڕش ڕەنگدانەوەی هەوڵێکی بە زۆرییە بۆ سەپاندنی گۆڕان بە سەر کۆمەڵگەدا. بەم شێوەیە، بە شێوەیەکی گشتی بیروڕاییەکان تێک دەدات و دابەشبوون زیاتر دەکات، زۆرجاریش توندوتیژی بە دواوەیە، کە ڕەنگە لە ڕووی ئەخلاقییەوە پەسەند نەکرێت. دووەم مشتومڕ لە بەرژەوەندی چاکسازی ئەوەیە کە چاکسازی بکرێت لە سەر ئەو شتەی کە پێشتر بوونی هەیە، نەک بە تەواوی بنبڕ بکرێت. بەم شێوەیە، چاکسازی داوای شێوازێکی پراگماتیکی سیاسەت دەکات تیایدا سیاسەت تەرخان بکرێت بە هۆی دۆخە پراکتیکەکانەوە نەک بە هۆی تیۆری دەرهەستەوە. تا ڕادەیەک، چاکسازی پەسەندی ئەو شتە دەکات کە پارێزکارەکان لە ڕووی نەریتییەوە فێری بوونە: زۆر کەس پێی وایە کە هەموو تیۆر و سیستەمەکان جۆرێک لە خەوش و کەم و کوڕیان تیایە. دابڕان بە تەواوی لە ڕابردوو بە هۆی دروستکردنی گۆڕانی شۆڕشگێڕی وەک ئەوە وایە بچیتە نێو ناوچەیەکی نەزانراو بە بێ نەخشەیەکی باوەڕپێکراو بۆ ڕێبەریکردن.

سێیەمیان، چاکسازی داوای باشترین نەریتە ئەزموونییەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی دەکات. چاکسازی پرۆسەیەکە بە هۆی زنجیرەیەک هەنگاوی بچووک



بچووک پێش دەکەوێت. بۆ نموونە، وڵاتە خۆشگوزەرانە مۆدێرنەکان بە شەو و ڕۆژێک دروست نەبوونە، دوای ماوەیەکی زۆری چاکسازی پێشکەوتوون کە وردە وردە سیستەمی ئاسایشی کۆمەڵایەتی فراوان کرد، دابینکردنی تەندروستی و پەروەردەیی زیاتر دەبوو و تا دوایی. لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، بەرنامەی خۆشگوزەرانی سالآنی شەستەکان بەردی بناغەکەی دانرابوو لە لایەن ڕۆزڤێڵتەوە لە سالآنی سییەکان. بە هەمان شێوە، چاکسازییەکانی ئاتلی لە بەریتانیا لە سالآنی چلەکاندا بەرنامەکانی فراوەتر کرد کە ئاشناکرا بوون پێش جەنگی جیهانی یەکەم لە لایەن ئاسکویتەوە. هەرکە چاکسازی باسی لێوە کرا کاریگەرییەکانی بە دەردەکەون و دەتوانرێت چاکسازی زیاتر بکرێت. گەر پێشکەوتن بە ئیمانی ئەقلانییەت بێتە کایەوە، ئەوا چاکسازی ڕێگایەکی هێنانە کایەی پێشکەوتنە لە ڕێگەی ئەزموون و سەرنجە بەردەوامەکانەوە. گۆڕانی گەشەسەندن ئالیەتێکە بۆ فراوانکردن و پاکتاوکردنی مەعریفەی مرۆڤ. پشت بەستن بە چاکسازی نەک بە شۆڕش بریتییە لە دووپاتکردنەوەی ئەوەی کە حەزەکانمان بۆ گۆڕینی جیهان مەعریفەمان زیاتر ناکات دەربارەی ئەوەی چۆن ئەو گۆڕانە ڕوو دەدات.

بە پێچەوانەوە، حاڵەتی پشتگیری کردنی شۆڕش ئەوەیە کە چاکسازی شتێکە زیاتر لە ڕواڵەتدایە. لە کردەدا، چاکسازی بۆ ئەوەیە هەرچی بەدەربکەوێت سەرکۆنەی بکات. ئەمە شرۆڤەی جیلەکانی سۆشیالیستە شۆڕشگێڕییەکان بووە، کە چاکسازییان وەک ئالیەتێک بەدی نەکردووە بۆ بەدەستهێنانی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بگرە وەک پشتێک بۆ سیستەمی سەرمایەداری سەیریان کردووە. بۆ نموونە، لە کتێبەکەی بە ناوی " چاکسازی کۆمەڵایەتی یان شۆڕش، ١٨٩٩ و ١٩٣٧"، ڕۆزە لۆکسمبۆرگ هێرشی کردە سەر چاکسازی سۆشیالیزمی ئەڵمانی بە هۆی وەسفکردنی دیموکراسییە پەرلەمانتاری وەک فۆرمێکی گەمژەی پەرلەمانتاری، کە لە بری خزمەت، خیانەت لە چینی پرۆلیتار دەکات. گرینگترین ڕەخنە لە چاکسازی، لینین باسی لێوە دەکات لە کتێبەکەی بە ناوی "دەوڵەت و شۆڕش، ١٩١٧ و ١٩٧٣" کە هەڵبژاردنە پەرلەمانتارییەکان شتێک زیاتر نین لە بڕیاردانی ئەوەی هەرچەند ساڵێک یەکێک لە ئەندامانی چینی حوکمڕانی گەل لە ڕێگەی پەرلەمانەوە سەرکوت و وێران دەکات.

بە بۆچوونی شۆڕشگێڕەکانی وەک لۆکسمبۆرگ و لینین، چاکسازی لە سەر دوو شت سەرکۆنە بکرێت. یەکەمیان، چاکسازی ئامانجەکە لە دەست دەدات: چارەسەری کێشە تایبەتییەکان دەکات نەک بنەڕەتییەکان. سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان باسی ئەوە دەکەن کە قۆستنەوە و سەرکوتکردن لە نێو دامەزراوەی موڵکی تایبەت و سیستەمی سەرمایەداری ڕەگی داکوتاوە. لە لایەکی دیکەوە، چاکسازەکان سەرنجیان داوەتە پرسەکانی تری وەک ئاسایشی ئابووری و مافەکانی خۆشگوزەرانی و خەبات لە پێناو دیموکراسی سیاسیدا. تەنانەت کاتێ چاکسازییەکان مەرجی ژیان و کارکردنیان باشتر کرد، سەرناکەون لە هێنانە کایەی گۆڕانی ڕیشەیی چونکە سیستەمی چینی سەرمایەدار بە سەلامەتی بە جێ دەمێنێت. دووەمیان، لەوانەیە چاکسازی نەک هەر تەنیا سەرنەکەوێت لە چارەسەرکردنی کێشە بنەڕەتییەکان، بگرە خودی خۆی بەشێک بێت لە کێشەکە. شۆڕشگێڕەگان ئیدیعای ئەوە دەکەن کە چاکسازی دەبێتە هۆی بەهێزکردنی سەرمایەداری، بە هەقیقەت ئەو گومانەی سەرمایەداری بووەتە نهێنی مانەوەی سەرمایەداری بە زیندوویی. لەو سۆنگەوەش، پێشکەوتنی دیموکراسی سیاسی و ناساندنی دەوڵەتی خۆشگوزەران لە خزمەتی ئاشتکردنەوەی چینەکانی کرێکارانن لەگەڵ قۆستنەوەکەیان و قەناعەتیان پێ دەکەن کە کۆمەڵگەی ئەوان دادپەروەر و یەکسانە. لەو ڕوانگەوە، هەموو چاکسازییەکان سیفەتێکی پارێزکاریان هەیە: لە خزمەتی دروستکردنی گۆڕاندان بەڵام لە نێو چوارچێوەیەکی دەستووری یان کۆمەڵایەتی ئابووری. ئەم هێڵەی بیر کردنەوەیە بەڕوونی داوای ئەوە دەکات کە ئەمە هۆی سەرهەڵدانی مەزهەبەکانی شۆڕشگێڕی وەک ئاژاوەگێڕی و ناشنالیزم و فێمنیزم.

## یوتیلیتاریانیزم

تیۆری یوتیلیتاریانیزم لە کۆتایی سەدەی هەژدەدا وەک بەدیلێکی زانستی بۆ تیۆری مافە سروشتییەکان سەری هەڵدا. لە سەدەی نۆزدەدا، یوتیلیتاریانیزم، لە بەریتانیا، بوو بە بنەمایەکی سەرەکی بۆ فراوان کردنی ئاقاری چاکسازی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و یاسیاییەوە. ئەم تیۆرە لە لایەن قوتابخانەی فەلسەفە ڕادیکاڵییەکانەوە پەرەی زیاتری پێ درا. یوتیلیتاریانیزم یەکێکە لە





کۆڵەگەکانی لیبڕالیزمی کلاسیکی و گرنگترین لقی فەلسەفەی ئەخلاقیشە لە ڕووی کاریگەرییەکەی بە سەر پرسە سیاسییەکاندا.

یوتیلیتاریانیزم پێشنیاری ئەوە دەکات کە "دروستی" کردارێک، سیاسەتێک یان دامەزارووەیەک دەوەستێتە سەر نیازەکەی بۆ برەودان بە خۆشی. ئەمەش دەوەستێتە سەر ئەو لێکدانەوەیەی کە تاکەکەن کاریگەری بەرژەوەندی خودیان لە سەرە و ئەو بەرژەوەندییانەش دەکرێ بە ئارەزووی خۆشی و خۆزگەیەک بۆ نەهێشتنی ئازار پێناس بکرێن. بۆیە تاکەکان حیسابی بڕی خۆشی و ئازار دەکەن کە کارەکە مسۆگەریان دەکات. هەروەها تاکەکان ئەو کارە پەسن دەکەن کە گەورەترین خۆشییان پێ دەبەخشێت و کەمترین ئازاریان پێ دەگەیەنێت. بیرمەندە یوتیلیتاریانەکان پێیان وایە کە کارێکی ئاساییە گەر بڕی خۆشی و ئازار دیاری بکرێت لە ڕووی چێژ و ماوە و زۆرییانەوە. کەواتە مرۆڤ بوونەوەرێکە وێڵە بە دوای زۆرترین خۆشی و کەمترین ئازار یان ناخۆشی. بنەمای چێژ بە شێوەیەکی گشتی لە سەر کۆمەڵگاش جێبەجێ دەبێت بە پشت بەستن بە هاوکێشەی کلاسیکی سەدەی نۆزدە: " زۆرترین خۆشی بۆ زۆرترین کەس".

لەگەڵ ئەوەشدا، یوتیلیتاریانیزم کۆمەڵێک تیۆر لە خۆ دەگرێت. یوتیلیتاریانیزمی کلاسیکی بریتییە لە کرداری یوتیلیتاریانیزم، واتە بڕیار دەدات، گەر کارێک ئاکامی خۆشی لێ بکەوێتەوە و ئازاری کەم بێت یان هەر نەبێت، ئەوا کارێکی دروستە. یوتیلیتاریانیزمی حوکمکردن، واتە گەر کارێک پابەند بێت بە حوکم و یاسا ئەوا دەرەنجامی باش و خۆشی لێ دەکەوێتەوە، کارێکی دروستیشە. ئەوەی پێی دەوترێت گشتاندنی یوتیلیتاریانی کارەکان هەڵدەسەنگێنێت لە ڕووی بنەمای ئاکام و دەرەنجامەکانیان نەک لە ڕووی تەنیا دەرەنجامەکانیان. یوتیلیتاریانیزمی پاڵنەری جەخت دەکاتە سەر نیازەکانی بکەر نەک سەر دەرەنجامی کارەکە.

خاڵی جەوهەری یوتیلیتاریانیزم بریتییە لە تواناکەی بۆ دامەزراندنی بنەمای بابەتی کە بە هۆیەوە حوکمی ئەخلاقی دەتوانرێت دەستەبەر بکرێت، نەک سەپاندنی بەهاکان بە سەر کۆمەڵگاوە. یوتیلیتاریانیزم ڕێگە بە تاک دەدات ئیختیارە ئەخلاقییەکانی خۆی هەڵبژێرێت چونکە هەر تاکێک بە تەنیا دەتوانێت ئەوە دیاری بکات کە چی بۆ ئەو خۆشییە و چییش ئازاری پێ دەگەیەنێت. تیۆری یوتیلیتاریانی پشتگیری لە فرە لایەنی و ئازادی دەکات، داوای ئەوە دەکات کە ئێمە ڕێز لە حەز و خۆشیی بوونەوەرەکانی تر بگرین. خەوش و کەم و کوڕییەکانی ئەم تیۆرە ئەخلاقی و فەلسەفین. لە ڕووی فەلسەفییەوە، یوتیلیتاریانیزم دەوستێتە سەر بۆچوونی تاک لە سەر سروشتی مرۆڤ کە تاک بەرەو نەبوونی مێژوو و

دوورەپەرێزی دەبات. بۆ نموونە، گومان لەوە دانییە کە ڕەفتاری بەرژەوەندی خود خاسیەتێکی گەردوونی کۆمەڵگای مرۆڤە. لە ڕووی ئەخلاقییەوە، یوتیلیتاریانیزم شتێک زیاتر نییە لە چێژی سەروو، ئەمە بۆچوونێکە جۆن ستوورات میل لە بەیاننامەکەی ڕای گەیاندووە کە خودی خۆی دەبێتە سوکراتێکی ناقایل و ناکۆک نەک قایلێکی گەمژە و دەبەنگ (هەرچەندە میل خۆیشی بەشداری کردووە لە هەموار کردنی فۆرمی یوتیلیتاریانیزم). یوتیلیتاریانیزم ڕەخنەشی لێ گیراوە لە ڕووی ئەوەی کە پشتگیری ئەو کارانە دەکات کە بە شێوەیەکی گشتی بە هەڵە دادەنرێن، وەک پێشێل کردنی مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ، گەر خزمەتی گەورەکردنی چێژی گشتی کۆمەڵگا نەکەن.

## فەیلەسووفە سەرەکییەکان

### جێرێمی بێنتام (١٧٤٨ - ١٨٣٢)

چاکسازێکی یاسایی و فەیلەسووفێکی بەریتانییە. بێنتام دامەزرێنەری یوتیلیتاریانیزمە و بنەمای ڕادیکاڵیزمی فەلسەفی تێک شکاند. سیستەمە فەلسەفی و ئەخلاقییەکەی، وەک بەدیلێک بۆ تیۆری مافە سروشتییەکان پەرەی پێ درا، پشت ئەستوور بوو بەو باوەڕەی کە مرۆڤ بوونەوەرێکە تەنیا بۆ بەرژەوەندی خۆی هەوڵ دەدات و هەمیشە حیسابی خۆشی و ئازاری خۆی دەکات لە ڕووی چێژ وەرگرتنەوە. بە بەکارهێنانی بنەمای " زۆرترین خۆشی" پەرەی بە سەلماندنی ئابووی داهاتی تاک دا، پشتگیری دیموکراسی سیاسی کرد لە فۆرمی کۆدەنگی مرۆڤایەتی لە سەرانسەی گەردوون. کارە سەرەکییەکانی بێنتام ئەمانەن: پارچەیەک لەسەر حکوومەت (١٧٧٦)، بنەماکانی ئەخلاق و یاسادانان (١٧٨٩).

### جەیمس میلْ (١٧٧٣ - ١٨٣٦)

فەیەلسووف و مێژوونووس و ئابووریناسێکی سکۆتلەندییە. میلْ هەوڵی دا یوتیلیتاریانیزم بگۆڕێت بۆ نێو بزووتنەوەی چاکسازی ڕادیکاڵی. بە بەکارهێنانی فەلسەفەی بێنتامی، میلْ هێرشی کردە سەر بازرگانی و کەنیسە، سیستەمێکی یاسایی دامەزراند، بە تایبەتی سیستەمی حکوومەتی ئەرستۆکراتی. میلْ پشتگیری لە دیموکراسی پاک و بێ خەوش دەکرد وەک تاکە ناوەند بۆ بەدەستهێنانی حکوومەتێکی باش، حکوومەتێک کە لە خزمەتی گەلدا بێت، یان بە لایەنی کەم لە بەرژەوەندی زۆرترین کەسدا بێت. لە سەر ئەم بنەمایە، پێشنیاری



فراوانکردنی مافی دەنگدانی کرد، هەروەها پێشنیاری هەڵبژاردن و سندووقی نهێنی کرد. باشترین و دیارترین کاری میلْ بریتییە لە: وتارێک لە سەر حکوومەت (١٨٢٠).

### پیتەر سینگە (١٩٤٥ - )

فەیلەسووفێکی ئوستورالییە. یوتیلیتاریانیزمی بەکار برد بۆ تێڕامان لە پرسە سیاسییەکان. مشتومڕەکانی لە بەرژەوەندی خۆشگوزەرانیی ئاژەڵانە لەسەر ئەو بنەمایەی کە پاراستنی بەرژەوەندی ڕەگەزەکانی تر لەو ڕاستییە سەرچاوەی گرتووە کە ئەوانیش هەستیان هەیە و ئازار دەچێژن. ئاژەڵان وەک مرۆڤ حەز دەکەن ئازار بە جەستەیان نەگات، بۆیە سینگە سەرکۆنەی هەر هەوڵێکی دەکرد کە بەرژەوەندی مرۆڤ زاڵ بکرێت بە سەر بەرژەوەندییەکانی ئاژەڵان و ڕەگەزەکانی دیکە. لەگەڵ ئەوەشدا، پەسنی ئەوە دەکات کە خۆنەویستی مانای ئەوە نییە کە مامەڵەی یەکسان هەبێت لە نێوان ڕەگەزەکاندا، کۆک نەبوو لە سەر مافی ئاژەڵان. هەروەها سینگە یوتیلیتاریانیزمی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی هانی وڵاتە دەوڵەمەندەکان بدات هاوکاری وڵاتە هەژار و نەدارەکان بکەن. کارە سەرەکییەکانی سینگە ئەمانەن: ئازادی ئاژەڵ ١٩٧٥، ئاکاری پراکتیکی ١٩٧٩، ئێمە چۆن دەژین؟ ١٩٩٣.

## ئایا مارشی مێژوو وەستاوە؟

هەوڵی چاکسازی لە سیاسەت پشتڕاستە بە لێکدانەوەیەکی گەشبینانە، ئەویش: شتەکان باشتر دەبن. لە بری ئەوەی بڵێین ژیری وەک میرات لە جیلی پێشتر بۆ ئێمە ماوەتەوە، دەبێ بڵێین شتێکی ئاساییە ئێمەلە سەر ڕابردوو خۆمان بونیات بنێین و لە هەڵەکانی ڕابردوو فێر ببین. مەعریفە و ژیری ساڵ دوای ساڵ بە سەر یەکدا کەڵەکە دەبن، هەروەها مێژووی مرۆڤ بە بەردەوامی پێش دەکەوێت. هەرچەند ئەو جۆرە پێشکەوتنە لەوانەیە پێشبینی نەکراو بێت، هەروەک کاتێ سووڕی کار لەوپەڕی خێراییەوە هێواش دەبێتەوە و دووبارە بۆ خێرایی دەگەڕێتەوە، ئاڕاستەی حەتمی کە مێژووی مرۆڤ بۆی دەچێت گومانی لە سەر نییە. بە هەقیقەت، چاکسازە لیبرال و سۆشیالیستەکان بواری زۆر ڕوونیان ناساندووە کە مرۆڤ لە ئاستە نزمەکانی شارستانییەتەوە تێپەڕ دەکات بۆ ئاستە بەرزەکان. ئەمانەش بەدەستهێنانی

ڕەفاهیەتی گشتی و بڵاوبوونەوەی سامان و سەقامگیری کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە کە دابەشکردنێکی یەکسان و دادوەرانەی سامان و سەرچاوەکان دروستی دەکەن، هەروەها فراوانکردنی ئازادی تاک بۆ برەودان بە ئۆتۆنۆمی گەورەتر و گەشەی کەسی. بە بۆچوونی لیبرال مۆدێرنەکان و سۆشیەل دیموکراتەکان، ئەو سوودانە ئەنجامی زنجیرەیەک چاکسازی بوونە، کە لە ڕێگەیەوە دەسەڵاتی سیاسی پەرت و بڵاو دەبێت و حکوومەتیش بەرپرسیاریەتی گەورەتر دەگرێتە ئەستۆ بۆ پێشکەشکردنی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنی ژیانی ئابووری.

هەندێ هزرمەند زۆر ڕۆیشتوونە و پێشنیازی ئەوە دەکەن کە مارشی مێژوو بۆ پێشەوە پرۆسەیەکی حەتمییە، بە هۆی لۆژیکێکی تۆماتیکی خودی مێژوو بەڕێوە دەچێت. لە کاتێکدا، مارکسییەکان پێیان وایە کە مێژوو بە هۆی ململانێی چینەکانەوە دەچێتە پێشەوە و ئەو ململانێیەش دەبێتە هۆی شۆڕش، پسپۆڕانی بواری کاری بە هێواش و لە سەرە خۆ پێشنیازی ئەوە دەکەن کە چاکسازی بە هۆی فاکتەری حەتمیش پەرەی پێ دەدرێت. ئەم بۆچوونە یەک دەگرێتەوە لەگەڵ کۆمەڵگەی فابیەن و ئیمانەکەی بە کاری بە هێواش لەسەرەخۆ. بە گەلێ ڕێگا، فابیانیزم خاڵێکی بەرزی گەشبینی ئەقڵانی دەنوێنێت، بونیات دەنرێت لە سەر چاکسازی زانستی بێنتام و یوتیلیتارییەکان. فابیانەکان پێیان وایە کە ئایدیە سۆشیالیستەکان وردە وردە دزە دەکەنە نێو بازنە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان کاتێک کە باشییەکانی ڕێکخستنێکی ئەقڵانی و شیاوی کۆمەڵگە ڕوون دەبێت. پێیان وایە کە نوخبەیەکی سیاسی وەک سیاسەتمەداران و فەرمانبەر و پێشەنگە ئەکادیمییەکان، دەبنە هۆی کۆمەڵگەیەکی دادوەرانە و ئاسوودەتر. بەڵام، ئەو شتەی ئەم پرۆسەیەی حەتمی کردووە بەدەستهێنانی مافی دەنگدانی جیهانییە. باوەڕی ئەوان بوو کە چینی کرێکاری دەنگدەر، زۆرینەی دەنگدەرەکان لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا درک بەوە دەکەن کە سۆشیالیزم لە بەرژەوەندی ئەواندایە و لە بەر هەندێش دەنگ دەدەن بۆ ئەوەی حیزبە سۆشیالیستەکان بێنە سەر تەختی دەسەڵات. لە ڕاستیدا، مارشی مێژوو بەرەو دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی یەکسان و دادوەرانە بە هۆی سندوقی دەنگدانەوە ڕاستە ڕێ بوو.



ئیمان بە چاکسازی هێواش و لەسەرەخۆ لە ساڵانی شەستەکان گەیشتە لووتکە، کە سەردەمی بەرزبوونەوەی پێوەرەکانی ژیان بوو، سەردەمی دابینکردنی خۆشگوزەرانی زیاتر و ئازادی کەسی بوو. هۆکاری چاکسازی سەری هەڵدا لە لایەن ڕۆژئاوای پیشەسازی و لە لایەن ڕێژەیەکی زۆری هێزە سیاسییەکان پشتگیری لێ کرا وەک سۆشیالیزمی پەرلەمانتاری و لیبرالیزمی مۆدێرن و پارێزکاری پێشکەوتنخواز. بۆ نموونە، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، پەرۆشی بۆ چاکسازی ڕەنگدانەوەی بەرنامەی لیندۆن جۆنسۆن بوو بە ناوی "کۆمەڵگەی مەزن"، کە برەوی بە نوێبوونەوەی شارستانییەت و چاودێری تەندروستی و پرۆژەی خوێندەواری دا. لە بەریتانیا، پەروەردەی ئاست بەرز ئاشنا کرا و خوێندنی باڵاش خێرا پەرەی سەند. لە کەنەدا و ئوسترالیا و نیوزلەندا و شوێنەکانی تری ئەورووپای ڕۆژئاوا، مەسرەفی خۆشگوزەرانی ئاستی نوێی بە خۆوە بینی. بەڵام، لەو کاتە بە دواوە، بەڵگە هەبووە کە مارشی مێژوو بۆ پێشەوە گەر نەگۆڕابێت بە لایەنی کەم لە فلتەر دراوە.

یەکەم بەدیارکەوتنی گۆڕان لە ئەولەویات و ئامانجەکان لە ساڵانی حەوتاکان شان بە شانی سەرهەڵدانی نیوڕایت New Right بوو. نیوڕایت کەیسی ئابووری بازاڕی ئازاد و بەرپرسیاریەتی تاکی نوێ کردەوە، هەروەها نوێکردنەوەی ئەو هۆکارانەی کە دەمێکە بە کۆن دانراون. پێشکەوتنی ئەو جۆرە ئایدیانە لە زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوا ڕوون بوو بەڵام لە بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زیاتر ڕاگەیەنرا کە ساڵانی هەشتاکان هەردوو ئیدارەی تاچەر و ڕێگان هەوڵیان دا دەوڵەت بەرەو پێش ببەن بە هۆی برینی باج و کەمکردنەوەی دەستتێوەردان لە بواری ئابووری و گرتنە ئەستۆی مەسرەفی خۆشگوزەرانی. لە بەرابەردا، حیزبە سۆشیەل دیموکرات و لیبراڵە مۆدێرنەکان و پاڵپشتانی سەرەکی چاکسازی لە گەلێ کەیسدا بە سەر پابەندبوونیان بە سیاسەت داچوونەوە. بۆ نموونە، حیزبی کرێکارانی بەریتانیا و حیزبی دیموکراتی ئەمریکا زۆر ئازاریان بینی لە ڕژاندنی باج و سەرفکردنی پارە بە هۆی بەکار بردنی سیاسەتەکانی بازاڕ لە بەینی موشتەری و بازاڕدا. گۆڕانی گشتی چەپڕەوەکان لە سیاسەتی حکوومەتدا لە ماوەی زووی دوای جەنگ، لە ڕووی

بەڕێوەبردنی ئابووری و خۆشگوزەرانی و دادوەری کۆمەڵایەتی ڕێگای بەخشی بە گۆڕانی ڕاسترەوەکان بەرەو بەرپرسیاریەتی تاک و پشت بە خۆ بەستان. دوای بەهێزبوونی بە هۆی ڕووخانی کۆمەنیزم لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات، تیۆریستی نیوڕایتی ئەمریکی بە ناوی فرانکیس فوکویاما (١٩٩٢)، پێشنیازی ئەوەی کرد کە دامەزراندنی سەرمایەداری لیبرال کۆتایی مێژوو دەخاتە ڕوو. لە سەر بنچینەی باوەڕی هیگڵی کە مێژوو پێشکەوتنی خستە ڕوو بەرەو خاڵێکی کۆتایی پێناسە کراو، فوکویاما باسی ئەوە دەکات کە خاڵی کۆتایی لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکان بوو. بە بۆچوونی ئەو، مێژوو کۆتایی هاتووە چونکە مرۆڤ لە سەرانسەری جیهانەوە درکیان بەوە کردووە کە تەنیا سیستەمێکی ئابووری بازاڕ دەتوانێت ئاسوودەیی گشتی پێشکەش بکات و تەنیا سیستەمێکی سیاسی دیموکرات لیبرال دەتوانێت ئازادی تاک بپارێزێت.

ئەو پێشکەوتنانە بەڕوونی پرسیار قووت دەکەنەوە دەربارەی بیرۆکەی مێژووی مرۆڤ وەک پێشکەوتنێکی بێ کۆتا. دوا دەییەکانی سەدەی بیستەم ڕەنگە واقیعێکی پەسەند نەکراو بن، جودابوونەوەیەک بوون لە مێژوو کە دەبێ ئەوە هەمیشە دووپات بکرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، زنجیرەیەک بەربەستی ئابووری و سیاسی و ئیکۆلۆجی دەوەستن لە بەردەم زیاتر پێشکەوتنی چاکسازی. بۆ نموونە، بەرپرسیاریەتی چاکسازییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ماوەی دوای جەنگ لە ئەستۆ گیرا بە هۆی گەشەی ئابووری پشتگیری کراو، کە پێی دەوترێت گەشەی ئابووری درێژخایەن، ئەو سەرچاوانەی پەیدا کرد کە دەتوانرێت بە کار بهێنرێت لە کاری گشتی و خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا. کۆتایی هاتنی گەشەی درێژخایەنی ئابووری لە ساڵانی حەوتاکان، نمایشی پێشبینی نەکراوی ئابووری، وەگەڕخستنی گشتی زەحمەت کرد لە ڕووی پشتگیری کردنی دارایی، هەروەها جەختی کردە سەر ئەو خاڵەی کە چاکسازییەکانی داهاتوو پشت دەبەستن بە دۆخە ئابوورییەکان. سەرهەڵدانی سیستەمی سەرمایەداری جیهانی هاوکاری ئەو گۆڕانە دەکات بە هۆی تەسک کردنەوەی بواری پێشخستنی ئەو کارانەی لە ئارادان بۆ حکوومەتی نەتەوەیی. وێڕای ئەمەش، گەشەی دارایی ساڵانی پەنجا و شەستەکان، دژی



ئەنجامدانی چاکسازی زیاتر بوون بە هۆی ئەوەی کە زۆرینەی خەڵک ئاسوودەن و بۆیە دەبێ ببن بە پارێزکار. ئەم وانەیە لە لایەن گابرێس باس کراوە لە کتێبەکەی بە ناوی "the culture o f contentment"، 1992 . کاتێ زۆربەی دەنگدەران چینی کرێکار و کەم دەرامەتەکان بن، هەروەک فابیانەکان وای بۆ دەچن، دیموکراسی دەست بە دەست لەگەڵ چاکسازی ڕێ دەکات، بەڵام لە بەر سەرهەڵدانی زۆرینەی ڕازی بوو، حیزبەکان دەبوایە بەرژەوەندی زیاتر نیشان بدەن لە بڕینی باج نەک خەرجی خۆشگوزەرانی. لە کۆتاییدا، تەنگژە ژینگەییەکان ئەوە دەخەنە ڕووو کە ڕەنگە سنووری ئیکۆلۆجی هەبن لە بەردەم گەشەسەندن. پێشکەوتنی پیشەسازی هاتە کایەوە لە ئەنجامی زۆر بوونی دانیشتوان و پیسبوونی ژینگە و کاریگەری پاشماوەی سەرچاوەکانی وزە. گەر هیچی تر پشتگیری گەشەی ئابووری نەکرێت، ئەوا ڕەنگە خەونی پێشکەوتن بەرەو ئاسوودەگی و کۆمەڵگەیەکی یەکسان بە هەوادا بچن.

## شۆڕش Revolution

شۆڕش نوێنەرایەتی فۆرمێکی کاریگەرتر و دوورتری گۆڕان دەکات. لە مانا گشتییەکەیدا، شۆڕش دەگەڕێتەوە بۆ زاڵبوون و شوێن گرتنەوەی سیستەمێکی حکوومەت، تەواو جودا بێت لە چاکسازی یان گەشەسەندن کە چاکسازی تیایدا لە چوارچێوەیەکی دەستووری ڕوو دەدات. بەڵام، فیکرە زووەکانی شۆڕش، لە سەدەی چواردەیەمەوە پەرەی پێ دراوە، گۆڕانی بنەڕەتی نەکردووە وەک گێڕانەوەی سیستەمی سیاسی، هەمیشە بە سیستەمی سروشتی دادەنرێت. ئەمە ئایدیەی شۆڕشی دروست کرد وەک گۆڕانی بنەڕەتی. بۆیە، لە کەیسی شۆڕشی مەزنی بەریتانی لە ساڵی ١٦٨٨ و کە سیستەمێکی پاشایەتی دەستووری دامەزراند و شۆڕشی ئەمریکی کە لە ڕێگەیەوە ژێردەستە ئەمریکیسسییەکان سەربەخۆییان بە دەست هێنا، شۆڕشگێڕەکان خۆیان پێیان وا بوو کە سیستەمێکی ونبووی ئەخلاقی بونیات دەنێنەوە نەک دروستکردنی یەکێکی نوێی مێژوویی.

لەگەڵ ئەوەشدا، تێکەڵبوونی نێوان شۆڕش و گۆڕانە بنەڕەتییەکان مێژوویێکی کۆنیان هەیە. شۆڕشی ئینگلیزی ساڵانی ١٦٤٠ و ١٦٥٠، کە بە بەرپابوونی

شۆڕشی مەزن کۆتایی هات، زاڵبوونی پاشایەتی و دامەزراندنەوەی کۆمۆنوێڵسی لە ژێر حوکمڕانی ئۆلیڤەر کرۆنویڵ لێ کەوتەوە. شۆڕشی ئەمریکی هەر تەنیا سەربەخۆیی بە دەست نەهێنا بگرە بووە هۆی دروستبوونی دەوڵەتێکی کۆماری دەستووری، ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا. بەڵام، چەمکی مۆدێرنی شۆڕش زیاتر کاریگەری شۆڕشی فەڕەنسی ساڵی ١٧٨٩ ی لە سەرە، کە بە کراوەیی و بە ئەنقەست بەرپا کرا بۆ وێرانکردنی ڕێژیمی کۆن یان سیستەمی کۆن. شۆڕشی فەڕەنسی بووە شێوازێکی نموونەیی بۆ شۆڕشەکانی ئەوڕوپا کە لە سەدەی نۆزدەیەمەوە دەستی پێ کرد، وەک ئەوانەی ساڵانی ١٨٣٠ و ١٨٤٨، هەروەها بە توندی کاری لە تیۆرەکانی تیۆریستە شۆڕشگێڕەکان کرد وەک مارکس. بە هەمان شێوە، شۆڕشی ڕووسی ساڵی ١٩١٧، یەکەم شۆڕشی سۆشیالیستی، زاڵ بوو بە سەر تیۆر و پراکتیکی شۆڕشگێڕی زۆربەی سەدەی بیستەم، نموونەیەک بوو هانی شۆڕشەکانی تری دا وەک شۆڕشی چینی لە ساڵی ١٩٤٩، شۆڕشی کوبا ساڵی ١٩٥٩، شۆڕشی ڤێتنامییەکان ساڵی ١٩٧٢ و شۆڕشی نیکاراگو لە ساڵی ١٩٧٩.

تیۆرە ڕکابەرەکانی شۆڕش بە توندی جەخت دەکەنە سەر شۆڕشە تایبەتەکان بۆ دووپات کردنەوەی سیفەتە تایبەتییەکانی شێوازەکانی خۆیان. حەنا ئارندت لە کتێبەکەی بە ناوی "لە سەر شۆڕش، ١٩٦٣" جەخت دەکاتە سەر شۆڕشی ئینگلیزی و ئەمریکی لە پێشکەوتنی بۆچوونی لیبرال کە شۆڕشەکان ڕەنگدانەوەی داوایەکن بۆ ئازادی، بۆیە سەرنەکەوتنەکانی سیستەمی سیاسی دەخەنە ڕوو. لە لایەکی دیکەوە مارکس سەیری نموونەی شۆڕشی فەڕەنسی دەکات، شۆڕشی بە قۆناغێکی حەتمی مارشی مێژوو دانا، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو هاودژانەیە کە لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا بوونیان هەیە. بەڵام، لە واقیعدا، هیچ دوو شۆڕشێک وەک یەک نین، هەر یەکەیان دیاردەیەکی مێژوویی زۆر ئاڵۆزن، خاسیەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییان تیایە، کە ئەمەش بێ وێنەیە. بۆ نموونە، شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران لە ساڵی ١٩٧٩بزووتنەوەیەکی ڕوو لە دواوە بوو هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئاینی ڕەهای کرد، کە تەواو پێچەوانەی ئایدیەی ڕۆژئاواییە بۆ شۆڕش وەک گۆڕانێکی پێشکەوتوو. شۆڕشەکانی ئەوڕوپای ڕۆژهەڵات (١٩٨٩–١٩١٩)، کە ڕووخانی



ڕێژیمەکانی کۆمەنیستی ئۆرتۆدۆکسیان بە خۆوە بینی لە یەکیەتیی سۆڤیەت و شوێنەکانی تر، وێنەیەکی شۆڕشی سۆشیالیستی دروست کرد کە خۆی بە هۆی شۆڕشێکەوە لە ناو چوو کە تا ڕادەیەک نیازی زیندووکردنەوەی بنەما سۆشیالیستەکانی پێشوو بوو. لە نێو شتەکانی تردا، ئەمە گومان دەچێنێت لە سەر بیرۆکەی نەریتی پێشکەوتنی مێژوویی.

ڕەنگە شۆڕش نموونەیەکی تری ئەو چەمکانە بێت کە لە جەوهەردا دژی خۆیان دەوەستنەوە. ڕەنگە مەحاڵ بێت بڕیاری ئەوە بدەیت شۆڕشێک بەرپا بکەیت کاتێک هیچ پێناسەیەک بۆ شۆڕش یەکلایی نەکرابێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، دیاریکردنی ژمارەیەک خاسیەت مەحاڵە کە سیفەتی زۆربەی شۆڕشەکانن. یەکەم، شۆڕشەکانی ماوەی گۆڕانی کتوپڕ و کاریگەرن. شۆڕشەکان لە کاتێکی دیاریکراودا ڕوودەدەن. کاتێ زاراوەی شۆڕش بە کار دەهێنرێت بۆ وەسفکردنی گۆڕانێکی قووڵ کە بە هۆی ماوەیەکی درێژەوە ڕوو دەدات، وەک ئەوەی شۆڕشی ئیسلامی، کە بە میتافۆر بەکار دەهێنرێت. لە هەندێ حاڵەتدا، گۆڕانێکی کتوپڕ و سەرەتایی ڕەنگە زەمینە خۆش بکات بۆ پرۆسەیەکی شۆڕشگێڕی درێژتری گۆڕان. لەو سۆنگەوە، شۆڕشی ڕووسی لە ساڵی ١٩١٧ دەستی پێ کرد و بەردەوام بوو تا ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٩١، ئامانجەکەی کە بونیاتنانی کۆمەنیزم بوو ئێستاش تەواو نەبووە. دووەمیان، عادەتەن شۆڕشەکان توندوتیژییان لەگەڵە. بە هۆی ڕووبەڕووبوو نەوەی ڕێژیمی هەنووکەیی، شۆڕشگێڕەکان ناچارن کار لە دەرەوەی چوارچێوەی دەستوور بکەن، واتە گێڕانەوەی خەباتێکی چەکداری یان شەڕی ناوخۆ. لەگەڵ ئەوەشدا، نموونەی چەندین شۆڕش هەن کە خوێنیان زۆر کەم تیادا ڕژاوە. بۆ نموونە، تەنیا سێ کەس مردن لە مانگی هەشتی ساڵی ١٩٩١ کاتێ دەبابەکان هێرشیان کردە سەر سەربازگەکان لە چوار دەوری کۆشکی سپی، باڵەخانەی پەرلەمانی ڕووسی، لە کاتی سەرنەکەوتنی کودەتای سەربازی، کە لە مانگی دوانزە، بووە هۆی ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤیەت.

سێیەمیان، بە گشتی هەموو شۆڕشێک ڕاپەڕینێکی جەماوەرییە، عادەتەن خۆپیشاندان و مانگرتن و دەمارگیری و هەندێ فۆرمی دیکەی بەشداری جەماوەری

دەگرێتەوە. دەیڤد بیسام لە ساڵی ١٩٩١ پێشنیازی ئەوەی کرد کە سیفەتی دیاریکراوی شۆڕش کارێکی جەماوەری لەودیو یاسایە بە هۆی نەمانی شەرعیەت بەرپا دەبێت. بەڵام، زۆرجار ئاستی تێوەگلانی جەماوەری زۆر زەحمەتە دەستنیشان بکرێت. بۆ نموونە، لە ڕووێکەوە شۆڕشی ڕووسیا لە یازدەی ساڵی ١٩١٧ زیاتر سیفەتی کودەتای بەخۆوە بینی تا شۆڕشی جەماوەری، لەو ڕووداوەدا دەسەڵات بە دەستی باندێکی تۆکمەی باڵی شۆڕشگێڕەکانی بۆڵشەڤیک بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە ئەو خاڵە لە دەست دەدات کە جڵەوی دەسەڵاتی بۆڵشەڤیک داوای کرداری پرۆسەیەک بوو کە لە مانگی سێی ڕابردوو لەگەڵ ڕووخانی ڕێژیمی قەیسەر شان بە شانی شەپۆڵێکی خۆپیشاندانی جەماوەری دەستی پێ کرد. چوارەم و کۆتایی، شۆڕش گۆڕانێکی بنەڕەتی دروست دەکات، نەک هەر تەنیا شوێن گرتنەوەی نوخبە یان چینێکی حوکمڕان بێت بە یەکێکی تر. کەواتە شۆڕشێک پێکهاتووە لە گۆڕانێک لە سیستەمی سیاسی و لە بناغەی کۆمەڵگە. بەڵام، سروشتی ئەم گۆڕانە زۆرجار ڕوون نییە. بە ڕای هەندێ، شۆڕشەکان لە جەوهەردا بریتین لە ڕووداوی سیاسی، بەڵام هەندێکی تر پێیان وایە کە هەر گۆڕانێکی سیاسی ڕەنگدانەوەی گۆڕانێکی قووڵتر و واتادارتری کۆمەڵایەتییە، هەروەها هەندێکی تریش سوورن لە سەر ئەوەی کە توخمی سەرەکی لە شۆڕش جۆرێکە لە نوێبوونەوەی کولتووری بگرە بگرە نوێبوونەوەیەکی دەروونییە.

## هەنا ئارێنت (١٩٠٦- ١٩٧٥)

(فەیلەسووف و تیۆریستێکی سیاسی ئەڵمانییە. ئارێنت لە خێزانێکی جوولەکەی چین ناوەند پەروەردە کراوە. ئافرەتێکی بە توانا بوو. لە ساڵی ١٩٣٣ لە ترسی نازییەکان ئەڵمانیای جێ هێشت و دواجار لە ئەمریکا گیرسایەوە و هەر لەوێش کارە سەرەکییەکانی بەرهەم هێنا.

ئارێنت لە نووسینەکانیدا کاریگەریی وجوودییەتی هایدگەر و جێپەرزی لە سەرە. بەم شێوەیە باسی نووسینەکانی دەکات: نووسینەکانم بیرکردنەوەن بەبێ بەربەست. لە کتێبەکەی بە ناوی ئەسڵ و فەسڵی تۆتالیتاریانیزم(١٩٥١)، کە هەوڵێکە بۆ شیکردنەوەی سروشتی نازیزم و ستالینیزم، ڕەخنە لە کۆمەڵگای زۆروبۆری مۆدێرن دەگرێت، ئاماژە بە لینکێک دەکات لە نێوان ئارەزووی کۆمەڵگا



بە دوورەپەرێزی و نامۆبوون و سەرهەڵدانی بزووتنەوە تۆتالیتاریانەکان. کارە فەلسەفییە هەرە گرنگەکەی،(١٩٥٨) پەرە بە بیرۆکەکانی ئەرستۆ دەدات لە ڕووی ئەوەی کە کرداری سیاسی بەشێکی سەرەکی ژیانی مرۆڤ داگیر دەکات. بازنەی گشتی بە جیهانێک وەسف دەکات کە تیایدا ئازادی و ئۆتۆنۆمی بەرجەستە بێت، واتا بەکارە تایبەتییەکان ببەخشرێت. لە کتێبەکەی بەناوی (لەسەر شۆڕشەکان،١٩٦٣) هەردوو شۆڕشی ئەمریکی و فەرەنسی شی دەکاتەوە. باسی ئەوە دەکات کە هەر یەکەیان پەیڕەوی نەریتی شۆڕشگێڕییان نەکرد، ئەوەی یەکەمیان بە هۆی هەڵاتنی هاوڵاتییەکی زۆر بۆ دەرەوەی بواری سیاسی، دواترییان بەهۆی جەخت کردنەوە لەسەر نەهێشتنی هەژاری. لە کتێبەکەی بە ناوی (هەر مرۆڤێک لە قودس،١٩٦٣) ئارێنت چارەنووسی جەنگی نازییەکانی بەکارهێناوە وەک بنەمای گفتوگۆکردنی سەرچاوە شەڕانگێزییەکان.

## شۆڕشی سیاسی Political revolution

هەموو شۆڕشێک سیفەتێکی سیاسی هەیە. هەرچەندە، ڕەنگە شۆڕش گۆڕانێکی قووڵی کۆمەڵایەتی و کولتووری بکات، ئەمە هەمیشە دەبەسترێتەوە بە گۆڕانی بنەڕەتی ژیانی سیاسی. ئەو گۆڕانە سیاسییەی کە شۆڕش دروستی دەکات گۆڕانێکی ریشەیی و لقییە. لەو سۆنگەوە، دەتوانرێت شۆڕشەکان جیا بکرێنەوە لە یاخیبوون و کودەتا. یاخیبوون لە سێ خاڵدا بە شۆڕش دەچێت ئەوانیش: ڕاپەڕین و توندوتیژی و ئەنجام دەدرێت لە دژی دەسەڵاتێکی دامەزراوی دەوڵەت. بەڵام، پێچەوانەی شۆڕشە لە ڕووی ئامانجەوە، یاخیبوون ئامانجی تەسکتر و سنووردارتری هەیە لە چاو شۆڕش. یاخیبووان وێڵن بە دوای شوێن گرتنەوەی کۆمەڵێک سەرکردە لە لایەن کۆمەڵێکی ترەوە، زۆرجار ئەو کۆمەڵە لە هەمان چین سەر هەڵدەدات. ڕاپەڕینی چەکداری کە گرووپێکی سەرکردەی سەربازی شوێنی گرووپێکی تر دەگرنەوە، بریتییە لە یاخیبوون نەک شۆڕش. کودەتا، وەک وشە واتە دەست بەسەرداگرتن یان لادانی دەوڵەت، گرتنە دەستی دەسەڵات نەک بە هۆی جۆرێک لە یاخیبوونی جەماوەری بگرە لە لایەن باندێکی بچووکی پیلانگێڕ. کەواتە، کودەتا کردارێکی نهێنییە، بە نهێنی و داخراوی ئەنجام دەدرێت، لە کاتێکدا شۆڕشێکی سیاسی بە مەبەستی دارشتنەوەی سیستەمی سیاسییە، وێرانکردن و

شوێن گرتنەوەی چوارچێوەیەکی دەستوورییە کە لە نێویدا سیاسەتی نوێ کار دەکات، کودەتا وێڵە بە دوای لادانی نوخبە یان چینی حوکمڕان.

شۆڕش بە دەگمەن ئەنجام دەدرێت بەڵام ڕووداوێکی زۆر گرینگە. هۆکارەکانی بەرپابوونی شۆڕش و دەرەنجامەکانی شۆڕش بوونەتە مەسەلە و ناکۆکی ئەکادیمی. یەکێک لە هەرە تیۆرە کاریگەرەکانی شۆڕش لە ئەنجامی سیستەمەکانی سیاسەتدا پەرەیان پێ دراوە کە لە بەشی سێهەمی ئەم کتێبەدا باس کراوە. ئەمە وەک میکانیزمێکی خۆ ڕێکخەر سەیری سیستەمی سیاسی دەکات کە وەڵامی داوا و یاوەرانی کۆمەڵگەیەکی گەورەتر دەداتەوە بە هۆی تانوپۆ کردنی بڕیارە سەرکوتکەرەکان. ئەم هەوڵەش ئەوە دەگەیەنێت کە سیستەمی سیاسی نیازی سەقامگیری درێژخایەنی هەیە کاتێ بڕیارەکانی حکوومەت لەگەڵ پاڵپەستۆیەکانی گەل لە سەر حکوومەت یەک دەگرنەوە. بەڵام، دەتوانرێت بەکاریش بهێنرێت بۆ شیکردنەوەی شۆڕشەکان وەک فۆرمی ناهاوسەنگی سیستەمی سیاسی، کە دروست دەبێت بە هۆی گۆڕانە کۆمەڵایەتی و کولتووری و نێودەوڵەتییەکانەوە کە سیستەمی سیاسی ناتوانێت وەڵامیان بداتەوە. بۆ نموونە، لە کتێبەکەی بە ناوی " گۆڕانی شۆڕشگێڕی، ١٩٦٦" چالمەرز جۆنسن باسی ئەوە دەکات کە شۆڕش لە ئەنجامی "پاشگەردانییەکی بێ سنوور" ڕوو دەدات کاتێ سیستەمی سیاسی لە ژێر پاڵەپەستۆی داواکارییەکانی گۆڕان تێکوپێک دەشکێت. ڕێژیمی ئۆتۆکراتی قەیسەر سەلماندی کە ناتوانێت وەڵامی ئەو پاڵەپەستۆیە تێکەڵانە بداتەوە کە دروست دەبن بە هۆی پیشەسازی پێشوو، هەروەها بە هۆی ئەو بێ شوێنی و کاولبوونەی دوای جەنگی جیهانی یەکەم دروست بوو. بە هەمان شێوە، دەکرێ باسی ئەوە بکرێت کە لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا ڕێژیمە کۆمەنیستە ئۆرتۆدۆکسییەکان لە یەکیەتیی سۆڤیەت و ئەوروپای ڕۆژهەڵات نەیانتوانی مامەڵە بکەن لەگەڵ ئەو پاڵەپەستۆانەی دروست بوون لە لایەن دانیشتوانێکی ئاڵۆزتر و ڕۆشنبیرتر. بەڵام، شرۆڤەی سیستەمەکان هۆکارە دەروونی و خودییەکانی پشتگوێ خستووە کە یارمەتی خێرا بەرپابوونی شۆڕش دەدەن.

تیۆرێکی بەدیلی شۆڕش لە وانەکانی دەروونزانی کۆمەڵایەتییەوە هەڵقوڵاوە، یەکەم



جار لە لایەن ئەلێکسیس دو تۆکڤیل بەکار هێنرا لە هەوڵی شیکردنەوەی بەرپا بوونی شۆڕشی فەڕەنسی. ئەو ئایدیانە پەرەیان پێ درا بۆ نێو شێوازێکی "شۆڕشی زیادبوونی پێشبینییەکان". لە کتێبەکەی بە ناوی " ڕێژیمی کۆن و شۆڕشی فەڕەنسی، ١٨٥٦ و ١٩٤٧"، تۆکڤیل ئاماژە بەوە دەکات کە شۆڕش بە دەگمەن ڕوو دەدات لە ئەنجامی هەژاری ڕەها و بێ بەش بوونی جەماوەری و ئەو مەرجانەی کە بە گشتی بەستراونەتەوە بە بێ ئومێدی و دەست لە کار کێشانەوە و کەمی هەستی سیاسی. بگرە، شۆڕش بەرپا دەبێت کاتێ حکوومەت لێی پاڵ دەداتەوە پاش ئەوەی بۆ ماوەیەکی درێژ گەل دەچەوسێنێتەوە. هەروەک تۆکڤیل دەڵێت " ترسناکترین سات بۆ حکوومەتی خراپ ئەو ساتەیە کاتێ هەوڵی هەمووارکردنی ڕێگاکانی دەدات". بۆ نموونە، ئەمە ڕوویدا لە فەڕەنسا کاتێ لویسی شانزەهەم بانگی ژەنیراڵەکانی کرد لە ساڵی ,١٧٨٨ لە بری تێرکردنی داواکارییەکان بۆ گۆڕانی سیاسی، ئەم کردارە پێشبینی جەماوەری زیاتر کرد کە لە ساڵی داهاتوودا هەستێکی شۆڕشگێڕی بە دەست هێنا.

تێدگەر بە وردی باسی ئەم تیۆرە دەکات لە کتێبەکەی بە ناوی "بۆچی مرۆڤ یاخی دەبێت، ١٩٧٠". بە بۆچوونی (گەر)، یاخی بوون ئەنجامی "بێ بەشبوونێکی ڕێژەییە"، بە هۆی ئەو بۆشاییە دروست دەبێت لە نێوان ئەوەی خەڵک پێشبینی دەکات وەری بگرێت (پێشبینی بەها) و ئەوەی کە بە ڕاستی وەری دەگرن (توانای بەها). گەورەترین ئیحتمالی بەرپابوونی شۆڕش دێتە ئاراوە کاتێ ماوەیەکی پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی، بەرهەمهێنانی زیادبوونی پێشبینییەکان، بە توندی پێچەوانە دەکرێتەوە. ئەمە بۆشاییەکی شۆڕشگێڕی دروست دەکات لە نێوان پێشبینییەکان و تواناکان. لە کتێبەکەی بە ناوی " مرۆڤ کەی شۆڕش بەرپا دەکات و بۆچیش، ١٩٧١"، جەیمس داڤیس ئەمەی شی کردەوە لە ڕووی تیۆری چەماوەی پیتی (J) ئینگلیزی لە سەر شۆڕش. شێوەی پیتی (J) ماوەی زیادبوونی پێشبینی دەنوێنێت کە لە ناکاو وەستێنرا. بیرۆکەی بێ بەشبوونی ڕێژەیی گرینگە چونکە سەرنجی ئەو واقیعە دەدات کە تێگەیشتنی خەڵک لە پێگەی خۆیان گرینگترە لە دۆخە بابەتەکانیان. ئەوەی گرینگە ئەوەیە چۆن خەڵک حاڵەتی خۆیان هەڵدەسەنگێنن،

حاڵەتێک پەیوەست بە ڕابردوویێکی نزیک یان بەوەی کە خەڵک هەیەتی. بۆ نموونە، ئەم بەراوردەی دواتر گرینگ بوو لە ئەوڕوپای ڕۆژهەڵات لە ساڵی ١٩٨٩، کاریگەری سەرمایەداری ڕۆژئاوا بێ شک یەکێک بوو لەو هۆکارانەی کە نارازی بوون و ناسەقامگیری لە تەواوی کەرتی کۆمەنیستدا خێرا دروست کرد.

سێیەم تیۆری شۆڕش جەخت ناکاتە سەر ئەو پاڵەپەستۆانەی لە نێو سیستەمێکی سیاسیدا دان بگرە جەخت دەکاتە سەر خاڵە بەهێز و لاوازەکانی خودی دەوڵەت. حاڵەتێک هەیە تیایدا دەوڵەت، سەرەڕای بەکارهێنانی ویستی سیاسی، دەتوانێت دژی هەر پاڵەپەستۆیێکی ناوەکی بوەستێتەوە گەر دەسەڵاتێکی زۆرداری هەبێت بۆ پاراستنی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی. دەکرێ ئەمە لە کەیسی ڕێژیمەکانی وەک هیتلەر و یەکیەتیی سۆڤیەت لە ژێر دەستی ستالین و سەدام حوسێن لە عێراق بەدی بکرێت، کە هەریەک لەو ڕێژیمانە باڵی ئۆپۆزیسیۆنیان سەرکوت کرد لە ڕێگەی پیادەکردنی تیرۆری تۆتالیتاریەن. لەو ڕێژیمانەدا، گۆڕانی سیاسی دەبێ دەرەنجامی یاخیبوون بێت لە نێو نوخبەی سیاسی و سەربازی نەک شۆڕشی جەماوەری. لە شرۆڤەیەکی بەراوردکاری شۆڕشی فەرەنسی و ڕووسی و چینیدا، (تێدا سکۆپۆل) پەرەی بە شیکردنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەیی شۆڕش دا کە جەخت دەکاتە سەر لاوازی نێودەوڵەتی و کاریگەر نەبوونی ناوخۆیی ڕێژیمەکان کە دوا جار دەبێتە هۆی لە ناوچوونیان. بۆ نموونە، شەڕ و داگیرکردن زۆرجار هۆکاری یەکلاییکەرەوە بوونە لە بەرپابوونی حاڵەتە شۆڕشگێڕییەکان، ئەمە ڕووی دا لە چین لە ساڵانی ١٩١١ و ١٩٤٩، هەروەها لە ڕووسیا لە ساڵانی ١٩٠٥ و ١٩١٧ ڕووی دا. ڕووبەڕوو بوونەوە، جا چ ڕاستی یان بەهێز بێت، لە نێوان دەوڵەت و بواری سەربازی پێشکەوتوو دەتوانێت ڕێژیمەکە بەرەو ئەوە ببات بە شۆڕشێک لە ناو بچێت.

لە سیاسەتی ناوخۆدا، دەوڵەت شۆڕشی تیادا دەبێت کاتێ هیچی تر نەتوانێت بژیت لە سەر دڵسۆزی هێزە چەکدارەکانی یان هیچی تر خاوەنی ئەو دەسەڵاتە بەربلاوە نییە بۆ سەرکوتکردن. ساتی گرینگی هەر شۆڕشێک ئەو ساتەیە کە توخمەکان لە نێو سەربازیدا وردە وردە پەکیان دەکەوێت. بۆ نموونە، کارێکی زۆر گرینگە گەر بەراوردێک بکرێت لە نێوان سەرکوتکردنە سەرکەوتووە دڕندانەکەی



یاخیبوونی قوتابیانی چین لە گۆڕەپانی تینانمێن لە مانگی شەشی ساڵی ١٩٨٩ لەگەڵ ڕووخانە بێ خوێن و خێرایەکەی ڕووخانی ڕێژیمە کۆمەنیستەکان لە ئەوڕپای ڕۆژهەڵات لە هەمان ساڵ. لە کەیسی دواتردا، حکوومەتە کۆمەنیستەکان ئەوەیان هەڵبژارد دەست بە چەوساندنەوەی جەماوەری نەکەن، یان ئەوەتا لەبەرئەوەی گومانیان لە دڵسۆزی و پشتی سەربازەکانیان بوو یان هیچی تر خاوەنی ویستی سیاسی نەبوون پتشگیری لە توندوتیژی بکەن. هۆکاری یەکلاییکەرەوە لەم ڕووەوە ئامادە نەبوونی یەکیەتیی سۆڤیەت بوو لە ژێر گۆرباتشۆڤ دەست بکەن بە سەرکوتکردنی شۆڕشە پڕ هیواکان، هەروەک پێشتر وا کرا لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات لە ساڵی ١٩٤٩، لە هەنگاریا (١٩٥٦) و لە چیکۆسلۆڤاکیان (١٩٦٨).

## شۆڕشی کۆمەڵایەتی Social revolution

ئەو گۆڕانە ڕیشەییانەی شۆڕش بەدی دەهێنێت هەندێ جار بە بازنەی سیاسی دەبەسترێتەوە، فۆرمی ڕێژیمێکی نوێیان سیستەمێکی دەستووری وەردەگرێت. بۆ نموونە، شۆڕشی ئەمریکی سەربەخۆیی بە دەست هێنا بۆ ئەو ویلایەتانەی لە ژێر دەستی بەریتانیا بوون و بووە هۆی دروستبوونی کۆماری دەستووری، بەڵام سیستەمی خاوەنداریەتی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی وەک خۆی بە جێ هێشت. لە کەیسەکانی تردا، شۆڕش سەرەڕای گۆڕانی سیاسی، گۆڕانی کۆمەڵایەتی قووڵ دروست کردووە. لە ڕاستیدا، مارکسییەکان زیاتر ڕۆیشتوون و وەسفی شۆڕش دەکەن وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، باسی ئەوە دەکەن کە ڕووداوە سیاسییەکان وەک لادان و شوێن گرتنەوەی سیستەمی دەستووری بە باشترین شێوە لێک دەدرێنەوە وەک ڕەنگدانەوەی زیاتری گۆڕانی کۆمەڵایەتی. ئەم تیۆرەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی شایەنی سەرنجێکی تایبەتە چونکە شێوازێکی زۆر کاریگەری شۆڕشە لە سەدەی بیستدا.

بە بۆچوونی مارکس، شۆڕش "مەکینەی مێژوو"ە. شۆڕش گۆڕان دەخاتە ڕوو لە قۆناغێکی مێژووەوە بۆ قۆناغێکی تر، بۆیە ڕەنگدانەوەی هەنگاوێکی سەرەکییە لە پێشکەوتنی مرۆڤدا. بە بۆچوونی مارکسی، کلیلی شۆڕش لە نێو گۆڕانەکانی ئاستی

سیاسیدا نییە _ گۆڕانێک لە حکوومەت یان دامەزراندنەوەی ڕێژیمێکی نوێ، بگرە لە گۆڕانی بنەڕەتی کۆمەڵایەتیدایە، دامەزراندنی سیستەمی ئابووری نوێیان شێوازی نوێی بەرهەمهێنان. مارکس و شاگردانی مارکس وەک شێوازێکی نموونەیی دەڕواننە شۆڕشی فەڕەنسی لەو باوەڕەی کە ئەو شۆڕشە گۆڕانێکی هێنا کایەوە لە شێوازی دەرەبەگایەتییەوە بۆ سیستەمێکی سەرمایەداری، هەروەها لە بەرابەردا چاویان بڕییە شۆڕشی سۆشیالیستی، کە بە بڕوای ئەوان، دەتوانێت سیستەمی سەرمایەداری لە ناو ببات. بە هەقیقەت، مارکس هەندێ جار دڵنیا نەبوو دەربارەی ئەو فۆرمەی کە هەر شۆڕشێکی سیاسی ڕەنگە وەری گرێت، تەنانەت لە کۆتایی ژیانیشیدا لە ئەگەری گۆڕانێکی ئاشتییانەی دەکۆڵییەوە بۆ سۆشیالیزم لە ڕێگەی کردارێکی پەرلەمانتارییەوە.

لە تیۆری مارکسیدا، شۆڕش بەرپا دەبێت لە ئەنجامی ئەو هاودژیانەی کە بوونیان هەیە لە ئاستی کۆمەڵایەتی ئابووریدا. لە ناخەوەدا، شۆڕش ڕەنگدانەوەی ململانێیەکە لە نێوان قۆزەر (ئەوانەی خەڵکی دەقۆزنەوە) و قۆستراو، بۆیە هەموو چینەکانی کۆمەڵگە لە مەترسیدا دان. مارکس پێی وایە کە شۆڕش ئەو خاڵە دیاری دەکات کە چینی خەباتگێڕ پێش دەکەوێت بۆ نێو ململانێیەکی کراوە، پێشەنگی چینێک دەکات بۆ لادان و نەهێشتنی چینێکی تر. کەواتە شۆڕشی فەڕەنسی وەک شۆڕشی بۆرژوازی لێک دەدرێتەوە، پرۆسەیەک لە ڕێگەیەوە بۆرژوازییەکان ڕاپەڕین دژی ئەرستۆکراتییەکان دەکەن و لایاندەدەن. بە هەمان شێوە، شۆڕشی ڕووسی شۆڕشێکی پرۆلیتاری بوو، پرۆسەیەک بوو کە کۆتایی بە بناغەی هەموو کۆمیونیزم هێنا. بە بۆچوونی مارکس، سەدای شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەستی پێ کرد کاتێ سیستەمی چینایەتی، پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان، بوونە کۆتێک بە سەر پێشکەوتنی داهێنان و تەکنیکی بەرهەم هێنەر، ئەوەی پێی دەوترێت هێزەکانی بەرهەمهێنان. ئەمەش ئەنتاگۆنیزمی چینایەتی زیاتر دەکات، وا لە چینی قۆستراو، چینی پرۆلیتار دەکات ئاگادار بێت بە چینایەتی. هەرکە چینی پرۆلیتاریش درک بە واقیعی قۆستنەوەی خۆی دەکات، دەبێتە هێزێکی شۆڕشگێڕی و یەکسەر هەڵدەستێت و شۆڕش دەکات. شۆڕشی پرۆلیتاری زەمینە خۆش دەکات بۆ ماوەی





ئینتیقالی، کە مارکس وەک سۆشیالیزم ئاماژەی پێ دەکات بە پێچەوانەی ئامانجی کۆمیونیزم. ئەم قۆناغە بە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریەت دەناسرێت، جەماوەری کارکردن دەوڵەتێکی پرۆلیتاری پێک دەهێنن بۆ بەرگریکردن لە شۆڕش دژی بۆرژوازیە بێ خاوەنەکان. بەڵام، هەرکە ئەنتاگۆنیزمی چینایەتی کەم دەبێتەوە، کۆمەڵگەیەکی کۆمەنیستی بێ چین بوونی دەبێت، دەوڵەتی پرۆلیتار وشک دەکات. بە کۆتا هێنانی خەباتی چینایەتی، بەدەستهێنانی کۆمیونیزمی سەرتاسەری کۆتا هێنانە بە خودی مێژوو، یان ئەوەی مارکس ناوی لێ دەنێت " پێشەمێژووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی".

گومانێکی کەم هەیە دەربارەی ئەوەی کە شۆڕشەکان بەو شێوازەی مارکس پێشبینی دەکردن ڕوویان دابێت. شۆڕش ڕووی نەداوە، وەک ئەوەی ئەو پێشبینی دەکرد، لە وڵاتە سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکانی ڕۆژئاوا و ئەوروپای ناوەڕاست. بە هەقیقەت، باوەڕەکەی کە سیستەمی چینایەتی لە هەندێ خاڵدا دەبێتە کۆتێک و زاڵ دەبێت بە سەر پێشکەوتنی زیاتری هێزەکانی بەرهەمهێنان سەلمێنراوە کە تەواو هەڵەیە، لە بری ئەوە، شەهسەی دوانەهاتووی سەرمایەداری بۆ داهێنانی تەکنەلۆژی ڕۆڵێکی کاریگەری گێڕاوە لە چاککردنی پێوەرەکانی ژیان و چینی پرۆلیتاری لە ڕووی سیاسیەوە سست کردووە. تیۆری مارکسی لە سەر شۆڕش کاریگەری ئەوتۆی هەبووە لە سەدەی بیستەمدا، هەرچەندە ئەوە ڕوون نییە چۆن لە کوێ مارکس مەبەستی هەبووە. شۆڕشی ڕووسی کە لە لایەن لینین و بۆڵشەڤیک ئەنجام دراوە پەرەی بە تیۆری مارکسی دا لە دووتوێی زۆر گرینگدا. یەکەمیان، کاتێک مارکسە کلاسیکەکان وەسفی شۆڕش دەکەن وەک نەهێشتنی حەتمی چینەکانی کۆمەڵگە کە ڕوو دەدات کاتێ مەرجە بابەتییەکان پێ دەگەن، لینین جەخت دەکاتە ئەو خاڵەی کە شۆڕشەکان دەبێ بەرپا بکرێن. بۆڵشەڤیک لە مانگی یازدەی ساڵی ١٩١٧دا دەسەڵاتی گرتە دەست، هەرچەندە شۆڕشی بە ناو بۆرژوازی تەنیا لە مانگی سێ ڕووی دا، چینی پرۆلیتار هێشتا بچووک بوو و لە ڕووی سیاسیشەوە ئاڵۆز نەبوو. دووەمیان، لینین درکی بەوە کرد کە پێویستی بۆ سەرکردایەتییەکی سیاسی، بە لایەنی کەم بۆ ڕێبەریکردنی چینەکانی کارکردن بەرەو هۆشیاری چینەکانی شۆڕشگێڕی. سەرکرداتییە دابین کرا لە لایەن حیزبی شۆڕشگێڕی، بۆڵشەڤیک،

دواتر ناوی لێ نرا حیزبی کۆمەنیست.

شۆڕشەکانی لینینی و مارکسی لە سەدەی بیستەمدا سیفەتی کودەتایان هەبوو. ڕەنگە پشتگیرییەکی بەربڵاوی جەماوەریان هەبووبێت بەڵام ئەنجام دران لە لایەن چەند گرووپێکی تەرخانکراو پابەند بە شۆڕش، کە ئامادە کرا بوون بۆ قۆستنەوەی سیستەمی لاوازی دامەزراو. پێشکەوتنێکی تری سەدەی بیستەم لە تیۆری مارکسی لە سەر شۆڕش ئەوەیە کە شۆڕشەکان وێڵ بوون بە دوای پشتگیری نەک بۆ پرۆلیتارییەکان بگرە بۆ جووتیارە شۆڕشگێڕەکان. ئەمە بەڕوونی دامەزرا لە لایەن شۆڕشی چینی، لە ژێر سەرکردایەتی ماو زیدۆنگ، کە شتی خستە سەر شۆڕشی جووتیاری جێبەجێ کرا لە دەوروبەری شاردا نەک نێو ناوچە گەورە شارستانییەکان. لە بری بوون بە فەلسەفەیەکی شۆڕشی کۆمەڵایەتی، مەزهەبی لینین و مارکسی وەک ئایدیۆلۆژیایەکی بە مۆدێرنکردن و بە پیشەسازیکردن بە کار دەبرێت، بە تایبەتی لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا . وێڕای ئەمەش، شۆڕشەکانی جیهانی سێهەم بە شێوەیەکی تایبەت بوونە هۆی تەقینەوەی داواکارییەکان بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و خەبات لە پێناو ئازادی نەتەوەیی کە مارکس و لینین پێشبینییان نەدەکرد. بۆ نموونە، دژە داگیرکاری هێزێکی ئەوتۆ بوو لە بەرپابوونی شۆڕشەکان لە وڵاتانی وەک چین و جەزایر و ڤێتنام، هەروەها لەو وڵاتانەشی کە شۆڕشەکان بە هیچ ڕێگایەک نەدەچوونەوە سەر مارکسیزم و لینینیزم، نموونەی ئەم شۆڕشەش، شۆڕشی وڵاتی ئێرانە.

### کارل مارکس (١٨١٨-٨٣)

فەیلەسووفێکی ئەڵمانییە. بیرمەندێکی سیاسی و ئابووری ناودارە. هەمیشە بە باوکی کۆمیونیزمی سەدەی بیستەم وەسف دەکرێت. پاش پیشەی مامۆستایەتی لە زانکۆ بۆ ماوەیەکی کەم، مارکس بواری ڕۆژنامەوانی هەڵبژارد و وردە وردە خۆی لە بزووتنەوەی سۆشیالیستی دا . لەساڵی ١٨٤٣ چووە پاریس، دواتر سێ ساڵی بە سەر برد لە بڕەسڵز، دواجار لە ساڵی ١٨٤٩ لە لەندەن گیرسایەوە. ئیتر تەواوی ژیانی وەک نووسەر و شۆڕشگێڕێک کاری کرد، هاوکاری کرا لە لایەن هاوڕێ و شرۆڤەکارەکەی فرێدریک ئنگڵز.

کاری مارکس بنەمای نەریتی سیاسی مارکسی دابین دەکات. کارەکەی سەرچاوەی گرتبوو لە شرۆڤەکانی فەلسەفەی هیگڵی و ئابووری سیاسی بەریتانی و سۆشیالیزمی فەڕەنسی. نووسینە بەراییەکانی ناسراوە بە "نووسینە فەلسەفی و ئابوورییەکان (١٨٤٤)"، کە تیایدا گەیشتە ئەنجامی تێگەیشتنی مرۆڤ لە کۆمیونیزم پشتڕاست بە بواری کرێکاری و مەرجەکانی بەرهەمی هەرەوزی و ئازاد. ئایدییەکانی ماتریالیزمی مێژوویی شێوەی ئایدیۆلۆژی ئەڵمانی وەرگرت (١٨٤٦) هەروەها زیاتر باس کران لە کتێبەکەی بە ناوی " بەشدارییەک لە ڕەخنەی ئابووری سیاسی (١٨٥٩). کارە بەناوبانگەکەی مارکس بریتییە لە (مانیفێستۆی کۆمەنیست، ١٨٤٨)، کە ڕەخنەکانی لە سەر سەرمایەدار کورت دەکاتەوە و جەخت دەکات سەر سروشتی ئینتیقالی سەرمایەداری لە سەر بنچینەی نایەکسانی و ناسەقامگیرییەکی سیستەماتیکی. کارە کلاسیکەکەی مارکس بریتییە لە سێ بەرگ لە سەر سەرمایە (١٨٦٧، ١٨٨٥ و ١٨٩٤)، کە شرۆڤەی پرۆسەی بەرهەمی سەرمایەداری دەکات.

## شۆڕشی کولتووری Cultural Revolution

هەموو شۆڕشێک بە نیازی، نەک هەر تەنیا گۆڕانی کۆمەڵایەتی و سیاسی، بگرە گۆڕانی کولتووریش بەرپا دەبن. شۆڕشەکان هەوڵی بنبڕکردنی ئەو بەها و مەزهەب و باوەڕانە دەدەن کە پشتگیریی سیستەمی کۆن دەکەن و لە شوێنی ئەوان هی نوێ دابنێن. بۆ نموونە، شۆڕشی ئەمریکی هەوڵی بنبڕکردنی بەها و بنەما پاشایەتییەکانی دا و لە بری ئەوان کۆمەڵێک بەها و بنەمای لیبرال کۆماری سەپاند، کە لە جاڕنامەی سەربەخۆیی و دەستووری ئەمریکیدا باس کراوە. بەڵام، لە کەیسەکانی تردا ، پرۆسەی گۆڕانی کولتووری بە ئەنقەستتر و فەرمی ترە، یەکێک لە ئامانجەکانی خودی شۆڕشەکە پێک دێنێت.

ئەمە زۆر ڕوونە لە شۆڕشەکانی مارکسی کە "ئایدیۆلۆژی بۆرژوازی" بە یەکێک لە بناغەکانی سیستەمی سەرمایەداری دادەنرێت، مەبەستەکەی سەرکوتکردنی چینی پرۆلیتارە، وای لێ بکات سست بێت لە ڕووی سیاسییەوە. کەواتە شۆڕشێکی سۆشیالیستی سەرکەوتوو دەبێت تەنیا گەر بەها بۆرژوازییەکان بنبڕ بکرێن و بەهای پرۆلیتاری لە شوێنیان دابنرێت، پرۆسەیەک کە ڕەنگە سەرکوتکردنی حیزبە سیاسیە بۆرژوازییەکانی پێویست بێت و برەو بە کولتوورێکی سۆشیالیستی بەدیل

بدرێت لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و سیستەمی پەروەردەیی و هەڵمەت و پروپاگەندەی بەردەوام هەیە. بۆ نموونە، لە یەکێتیی سۆڤیەتدا، ئەمە وەک ئامانجێکی دروستکردنی مرۆڤی سۆشیالیست بەدی دەکرا، ئەو هاوڵاتییانەی کە بنەما سۆشیالیستەکانیان فراوان دەکەن لە نێو کۆمەڵگە، هاوکاری و هەرەوزی یەکتر بکەن، ئامادەن بەرژەوەندی گشتی لە پێش بەرژەوەندییە خۆپەرستەکانی خۆیان دابنێن. لە دوا شرۆڤەکاندا، دەرکەوتووە کە چارەنووسی خودی شۆڕش دەوەستێتە سەر گۆڕانێکی کولتووری چونکە ئەم گۆڕانە بە تەنیا دووپاتی شەرعیەتی ڕێژیمێکی نوێ دەکاتەوە. ئەو سەرسامییەی کە بە هۆیەوە ڕێژیمە کۆمەنیستییەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات رووخان لە نێوان ساڵانی ١٩٨٩ و ١٩٩١ ڕەنگدانەوەی سەرنەکەوتنیان بوو لە ڕەچاوکردنی کولتوورێکی سۆشیالیستی ڕاستەقینە. خێرا سەرهەڵدانەوەی ناشنالیزم و ڕەگەزپەرستی و ئاین ئەوە دەخەنە ڕوو کە بەها ناسۆشیالیستەکان و پێش شۆڕشگێڕی هەر تەنیا کاتی بوون و هەمیشە سەرکوت دەکران.

نازییەکان لە ساڵی ١٩٣٣ دەسەڵاتیان گرتە دەست، ئەمە نموونەیەکی زۆر باش دەدات بە دەستەوە لە سەر گۆڕانی کولتووری. لە ڕوانگەیەکی مارکسییەوە، کودەتای نازییەکان بە دژی شۆڕش وەسف دەکرێت نەک شۆڕش: مەبەستی ئەو کودەتایە، مارکس باسی دەکات، بۆ بەرگریکردن بوو لە سەرمایەداری دژی شۆڕشی چینی پرۆلیتار. لەگەڵ ئەوەشدا، هەرچەندە لەگەڵ بێ وێنەیی کۆمەڵگەی جووەکان پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە ئەڵمانیا کەمێک کاری لێ کرا لە لایەن حوکمی نازییەکانەوە، بێ شک گۆڕانکاری قووڵی سیاسی ڕوویان دا. سەرەڕای ئەوەی کارەکانی دەسەڵاتی هیتلەر شەرعیەتێکی دەسکردی پێوە دیار بوو، هەڕەشەی جەستەیی و توندوتیژی کراوە بە فراوانی بەکار هێنرا لە دژی یەکێتییەکانی بازرگانی و سۆشیالیستی و کۆمەنیستییەکان. بە کەمتر لە ساڵێک، هیتلەر شۆڕشێکی سیاسی کرد لە ڕێگەیەوە دیموکراسی دەستووری کۆماری وایمەر وێران کرا و لە شوێنی ئەودا حیزبێکی نازی دیکتاتۆری باڵا دەست سەپێنرا. بەڵام، ئەو شۆڕشەی کە نازییەکان بە نیازی بوون زیاتر سیفەتی شۆڕشی کولتووری نەک



سیاسی بە خۆوە بینی. ئامانجەکانیان شتێک کەمتر نەبوو لە شۆڕشی مێشکی مرۆڤ، دروستکردنی جۆرێکی نوێی بوونەوەری مرۆڤ، کە زۆرجار بە "مرۆڤی نوێ" یان " مرۆڤی فاشیست" وەسف دەکرێت. ئەو بەهایانەی کە دیموکراسی و سۆشیالیزم و مەسیحییەت گرتیانە بەر و شوێنیان گیراوە بە کولتووری نازی پشتڕاست بوون بە ئەرک و ڕاستگۆیی و قوربانی بە خۆ دان. مەراسیمی سووتاندنی کتێب لە ساڵی ١٩٣٣، کە زیاتر لە ٢٠٠٠٠ کاریان سووتاند کە لە لایەن نووسەرە جوولەکە و لیبرال و سۆشیالیستەکان نووسرابوون، سیمبولی شۆڕشی نازییەکان بوو. ڕێژیمی نازییەکان یەکێک بوو لەو ڕێژیمانەی کە درکی بەوە کرد دەبێ پێوەندییەکانی جەماوەری مۆدێرن بقۆزنەوە لە ڕێگەی شۆڕشی ئایدیۆلۆژی. لە کاتێکدا، ئایدیە غەیرە ئەڵمانییەکان بە شێوەیەکی درندانە سەرکوت کران، دەنگی سیاسی بەها و تیۆرە سۆشایالیستە نەتەوەییەکان بڵاو کرانەوە لە لایەن جۆزێف گۆبڵز و ئالیەتی پروپاگەندەی نازییەکان.

بەڵام، هیچ گفتوگۆیەکی دەرەنجامە کولتوورییەکانی شۆڕش تەواو ناکرێت بە بێ ڕەچاوکردنی شۆڕشی کولتووری مەزنی چینی پرۆلیتاری لە چین. ئەوەی پێی دەوترێت شۆڕشی کولتووری، لە ساڵی ١٩٦٥ دەستی پێکرد، ڕادیکاڵییەکی شۆڕشی خستە ڕوو کە لە ساڵی ١٩٤٩ سەری هەڵدا. بە گشتی لەگەڵ بەکارهێنانەکانی تری زاراوەی شۆڕش، شۆڕشی کولتووری بانگەشەی گەڕانەوەیەک دەکات بۆ بنەما ئەسڵی و بنەڕەتییەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی چینی و ڕەخنەی لە ڕوانگە لیبرال و "کرەشێزیەن" گرت لە نێو حیزبی کۆمەنیستی چینی. هەرچەندە ماوەی نێوان ١٩٦٥ و ١٩٦٩ دەتوانرێت لێک بدرێتەوە وەک خەباتی دەسەڵات لە ڕێگەیەوە ماو زیدۆنگ توخمە ڕاستڕەوەکانی پەراوێز خست وەک سەرۆک لیو شاکی و دێنگ خیاپینگ، هەروەها ئاژاوەیەکی کولتووری و ئایدیۆلۆژی قووڵی بە خۆوە بینی. ئالیەتی سەرەکی (ماو) پاسەوانە سوورەکان بوون، دەستە دەمارگیرییەکانی قوتابیان بوون کە پڕ چەک بوون بە هۆی ئەو کتێبە سوورەی لە دەستیان کە پڕ بوو لە هزرەکانی سەرۆک ماو. دوژمنیان لە دەرەوە و ناوەوە پێداچوونەوەی بۆرژوازی بوو. ڕۆشنبیران و سەرکردەی حیزبەکان و بەرپرسانی دەوڵەت وەک ڕێگای

سەرمایەداری هێرشیان کرایە سەر، کە گوایە خیانەتیان کردبوو لە بنەما یەکسانییەکانی کۆمیونیزم. ژیانی ڕێکخراو لە چین زۆر بە کاریگەری ڕووخا لە رووی سەرهەڵدانی حەزی شۆڕشگێڕیی. سیفەتی دیاری ئەم پرۆسەیە بەم شێوەیە وەسف کرا " سیاسەت بە بەرپرسیار و فەرماندە دابنرێت"، جێبەجێکردنی پێوەرەکانی ڕاستی ئایدیۆلۆژی بۆ هەموو بوارەکانی بوونی مرۆڤ، بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەسی و پیشەیی و تا دوایی بوو. ئەوانەی کە ڕەفتارەکانیان پابەند نەبوو بە بنەما شۆڕشگێڕییەکان تاوانبار بوون بە تاوانە سیاسییەکان و موعەرەز بوون بۆ پرۆسەیەکی دووبارە بوونەوەی پەروەردەی سیاسی، کە مەبەستە ئاشکراکەیان بنبڕ کردنی بەها کۆنەکان و چاندنی هی نوێیە لە شوێنیان.

چڵێسترین و باشترین بەرنامەی ئەندازیاری کولتووری لە کەمبۆدیا داڕێژرا لە نێوان ساڵانی ١٩٧٥ و ١٩٧٩، ناوی لێ نرایەوە "کەمبۆدیای دیموکراسی". لە ژێر سەرکردایەتیی پۆل پۆت و خمێر ڕووژ، هەوڵێک درا بۆ نەهێشتنی هەموو پاشماوەکانی ڕێژیمی کۆن. دەوترێت مێژوو دووبارە لە ساڵی "سفرەوە" دەستی پێ کردەوە، پارە و هەموو فۆرمەکانی چالاکیی بازرگانی هەڵوەشێنرایەوە، شار و شارۆچکەکان چۆڵ کرابوون چونکە دانیشتوانەکان بە زۆری لە نێو گوندا نیشتەجێ کرابوون، هەر یەکێکیش موعاریز بوایە لە سەریان دەدا. ئەم جۆرە سیاسەتانە بووە هۆی مردنی یەک تا سێ ملیۆن کەس لە ڕێگەی قاتوقڕی و نەخۆشی و چەوساندنەوە، لە وڵاتێکدا حەوت ملیۆن ژمارەی دانیشتوانەکەیەتی. پۆل پۆت و خمێر ڕووژ دواجار ڕووخێنران لە ساڵی ١٩٧٩ لە لایەن داگیرکردنی ڤێتنامییەکان، کە حکوومەتێکی تریان لە شوێندا دامەزراند.

## کورتەی بەشی دوازدەیەم

١- کاردانەوە ئاماژەیە بە حەزی بەرگەگرتن یان پێچەوانە کردنەوەی گۆڕانی مێژوویی. کاردانەوە دەتوانێت یەکێک لەو سێ فۆرمە جیاوازە وەرگرێت: نەریتیزم یان حەزی بەردەوام بوون لەگەڵ ڕابردوو. ڕادیکاڵیزمی کاردانەوەیی، خۆزگەی گەڕاندنەوەی سەعات بۆ دواوە، کە بانگەشەی چاخێکی زێڕینی ڕابردوو دەکات. پارێزکاریزمی درەوشاوە، ئەو باوەڕەی کە بۆچوونی گۆڕان دەتوانێت یارمەتی پاراستنی سیستەمی دامەزراوەیی و کۆمەڵایەتی بدات.



٢- زۆربەی هزری سیاسیی ڕۆژئاوایی پشتڕاستە بە ئایدیەی پێشکەوتن و باوەڕ بە پێشکەوتن و گەشەی مرۆڤ، ڕەنگدانەوەی بڵاوبوونەوەی کاریگەریی مادی و گەشەی ئازادیی کەسییە. پێشکەوتنخوازی پشتڕاستە بە باوەڕبوون بە ئەقڵ، توانای مرۆڤ بۆ تێگەیشتن لە جیهان خۆیان و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. بەڵام، پارێزکاریزم لە ڕووی نەریتییەوە پێی وایە کە ئەو باوەڕە تەواو نییە.

٣- چاکسازی و شۆڕش دوو ئالیەتی دروستکردنی گۆڕانن دژی یەکتریشن. چاکسازی واتە پرۆسەیەکی گەشەپێدان و گۆڕان، پشتگیریی گۆڕان دەکات لە ڕێگەی ڕازیبوون و ڕێزگرتن لە باشییەکانی هۆشیاری و پراگماتیزم. لە لایەکی دیکەوە، شۆڕش واتە توندوتیژییەکی لە ناکاو و تایبەت لە ڕابردوو دادەبڕێت، باشییەکەی ئەوەیە کە توانای هێنانە کایەی گۆڕانی بنەڕەتی و ڕیشەییی هەیە.

٤- شۆڕشە سیاسییەکان دەبنە هۆی لادانی سیستەمی یان ڕێژیمی حکوومەت، نەک هەر تەنیا گۆڕانی حکوومەت یان گۆڕان لە نێو نوخبەی حوکمڕان. شۆڕشی کۆمەڵایەتی واتە گۆڕانی سیستەمی خاوەنداریەتی یان شێوازی بەرهەمهێنان، ئەوە دەگەیەنێت کە ڕووداوە سیاسییەکان ڕەنگدانەوەی گەشەی کۆمەڵایەتی قووڵن. مەبەستی شۆڕشە کولتوورییەکان دروستکردنی تاکە، بنبڕکردنی ئەو بەها و باوەڕانەیە کە پشتگیری سیستەمی کۆن دەکەن، سەپاندنی بەها و باوەڕی نوێ کە پشتگیری سیستەمی نوێ بکەن.

تەواو